# مێژووی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان
## (سەردەمی زێرینی نەتەوایەتی)

## بەرگی ٢

نووسینی: قاسم قازی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مێژووی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

(سەردەمی زێڕینی نەتەوایەتی)

بەرگی ٢

نووسینی: قاسم قازی

هەڵەگر: موعتەسەمی نوورانی

دیزاین: شاروخ ئەرژەنگی

چاپی یەکەم سوید ٢٠١٩

چاپی چوارم سوید ٢٠٢٥

چاپ و بڵاو کراوەی 49books

www.49plusbooks.com

ISBN: 978-91-89734-33-3

ISBN vol 2: 978-91-89734-35-7

مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە.

# ناوەرۆک


بەشی ٢٩ ........ ٩
کارەکانی دەوڵەتی کۆماری کوردستان ........ ٩
کاری فەرهەنگی ........ ١١
چاپ و بڵاوکراوەکانی کۆمار ........ ١٣
گۆڤاری کوردستان ........ ١٥
رۆژنامەی کوردستان ........ ١٥
روانگەی نەتەوەیی و نیشتمانی لە رۆژنامەی کوردستان ........ ٢٠
هاواری نیشتیمان ........ ٢٣
گۆڤاری هەڵاڵە ........ ٢٤
گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد ........ ٢٥
گۆڤاری زانست ........ ٢٥
خوێندن ........ ٢٦
خوێندن بۆ نەتەوەکانی دیکە ........ ٣٣
دامەزرانی قوتابخانە ........ ٣٣
وانەکانی قوتابخانە ........ ٣٥
مامۆستای قوتابخانەکان ........ ٣٧
وشەی رەسەنی ئەلف و بێی کوردی ........ ٤٠
کتێب و کتێبخانە ........ ٤٢
زانکۆ لە کۆمار دا ........ ٤٤
رادیۆ مەهاباد ........ ٤٨
سینەمای کوردستان ........ ٥١
بواری نەخۆشی و دەرمانی ........ ٥٢
ئەرتەشی کوردستان ........ ٥٥
خوێندن لە زانکۆی ئەفسەریی باکۆ ........ ٧٢
خوێندن لە زانکۆی ئەفسەریی تەورێز ........ ٧٤
دانشکەدەی ئەفسەری ........ ٧٧
ئابووری ........ ٧٧
ماڵیات ........ ٨١
بازرگانی ........ ٨٣
کشتوکاڵ ........ ٨٦
شارەداری ........ ٨٨
دانانی یاسا و بەشی قەزایی ........ ٨٩
سیمای واقیعی کۆمار ........ ١٠٢
بەشی ٣٠ ........ ١٠٤
قەوام و پرسی ئازەربایجان و کوردستان ........ ١٠٤




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەوام بوو بە سەرۆکی وەزیران................................................................ ١٠٤
فەرمانی ستالین، درزی تێکەوت ............................................................... ١١٠
کۆتایی مەجلیسی ١٤.............................................................................. ١١٢
چوونە دەری هێزەکانی رووس.................................................................. ١١٢
شەرتی شوورەوی بۆ بەجێهێشتنی ئێران..................................................... ١١٤
هەڕەشەی ئەتۆمی ئەمریکا...................................................................... ١١٥
لە پەراوێزی چوونە دەری هێزەکانی رووس لە ئازەربایجان دا............................. ١١٨
کاریگەری چوونە دەری رووس لە سەر کورد ................................................ ١٢٣
بەشی ٣١............................................................................................. ١٣١
ئازاد بوونی زەبیحی و دڵشاد رەسووڵی و قاسم قادری .................................... ١٣١
بەشی ٣٢............................................................................................. ١٣٤
جێژنی نەورۆزی ساڵی ١٣٢٥ ................................................................... ١٣٤
بەشی ٣٣............................................................................................. ١٣٩
هیوای نیشتمانی بۆ ئازادی جنووبی کوردستان.............................................. ١٣٩
بەشی ٣٤............................................................................................. ١٤٨
پەیوەندی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان...................................... ١٤٨
کێشەی کورد و ئازەری بە دوای دامەزرانی کۆمارەکاندا.................................. ١٥١
پەیمانی یەکێتی کورد و ئازەری............................................................... ١٦٣
رێکەوتنی نیزامیی کورد و ئازەر .............................................................. ١٦٨
بەشی ٣٥............................................................................................. ١٧١
جێژنی کرێکاران و رۆژی لە دایک بوونی پێشەوا قازی..................................... ١٧١
بەشی ٣٦............................................................................................. ١٧٥
شەڕ و وتوێژەکانی کورد و ئازەر و دەوڵەت ................................................ ١٧٥
شەڕ و وتووێژ ...................................................................................... ١٧٥
رادەی هێز و دۆخی بەرەی شەڕی کوردستان............................................... ١٧٩
یەکەم وتووێژی هاوبەشی کورد و ئازەری لەگەڵ دەوڵەت................................ ١٨٢
گەڕانەوەی محەممەد حوسێن خانی سەیف لە یەکەم وتووێژدا.......................... ١٨٦
یەکەم شەڕ لە کێوی ساڵح ئاوا................................................................. ١٩٤
بەرەی عەشایری دژ بە کۆمار.................................................................. ١٩٩
گیروگرفتی خەڵک لە بەرەی سەرا لەگەڵ عەشایر ......................................... ٢١٣
ستالین ئامۆژگاری پیشەوەری دەکا........................................................... ٢١٤
دووهەم دەوری شەڕ، لە بەرەی سەردەشت................................................. ٢١٨
وتووێژی بەشی لەشکری لە سەقز............................................................. ٢١٩
بەشداریی بەشی سیاسی لە وتووێژەکانی سەقز ............................................ ٢٢٢
دیسان پەلاماری دوژمن لە بەرەی سەقز (نەسرئاوا)........................................ ٢٢٣
وتووێژی بەشی لەشکری لە تاران.............................................................. ٢٢٦
رێکەوتنی رواڵەتی هەیئەتی تاران و کورد و تورک لە تەورێز............................ ٢٢٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاریگەری ڕێککەوتنی تەوریز لەسەر مەهاباد.......................................................... ٢٣٧
دەست لە کار کێشانەوی پیشەوەری.................................................................. ٢٣٨
شەڕی مامەشا...................................................................................... ٢٤٠
کاریگەری ڕەوانی شەڕی مامەشا و هێرش بۆ جنووب.................................................... ٢٥٧
ڕێککەوتنی پێشەوا و ڕەزمئارا..................................................................... ٢٦٢
ناردنی چەک و چۆڵ بە جێی ئازووقە................................................................. ٢٦٥
شەهید بوونی سەرهەنگ محەممەدی نانەوازادە........................................................ ٢٦٨
دامەزرانی حیزبی دیموکراتی ئێران و پێکهێنانی بەرە............................................... ٢٧٣
شەڕی قاراوا....................................................................................... ٢٧٦
ئاخرین وتوویژی و هەڵسوکەوتی دزێوی هێندێک لە کوردانی تاران...................................... ٢٧٧
دیداری پێشەوا و ئیحسان نووری پاشا............................................................... ٢٩٢
وتوویژی پێشەوا لەگەڵ ڕۆژنامەی "ڕەهبەر"........................................................... ٢٩٢
کێشەکانی بەرەی شەڕی سەقز و سەردەشت............................................................. ٢٩٦
پەیوەندی ڕێژیمی ئێران و حەمە ڕەشیدخانی بانە..................................................... ٣٠٥
دەست لە کار کێشانەوە و گەڕانەوەی حەمە ڕەشید خان بۆ عێراق........................................ ٣٠٧
پەیوەندی ڕێژیمی ئێران و عەشایری بانە بە دوای چوونەوەی حەمە ڕەشید خان بۆ عێراق.................. ٣١٤
تەعلیماتی پێشمەرگە............................................................................... ٣١٦
بەردەوامی وتوویژی تاران و تەوریز................................................................. ٣١٧
وەزیرانی حیزبی تودە............................................................................... ٣٢٠
بەشی ٣٧........................................................................................... ٣٢١
سەفەری پێشەوا قازی محەممەد بۆ شیمالی کوردستان.................................................. ٣٢١
بەشی ٣٨........................................................................................... ٣٢٧
کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی خودموختاری دا مانۆڕ دەدا........................................... ٣٢٧
بەشی ٣٩........................................................................................... ٣٢٩
دامەزرانی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی عێراق........................................................ ٣٢٩
بەشی ٤٠........................................................................................... ٣٣٣
چارەنووسی نادیاری کۆماری کوردستان و ئازەربایجان................................................ ٣٣٣
مێتینگی گەورەی دە هەزار نەفەری لە شاری مەهاباد.................................................. ٣٣٣
بەرەی سەردەشت..................................................................................... ٣٣٤
ئامادەکاری بۆ رووخانی کۆماری ئازەربایجان و کوردستان............................................ ٣٣٦
پەرەدان بە ناکۆکی نیوان دوو حکومەتی کورد و ئازەری............................................... ٣٣٧
توانایی نیزامی دەوڵەت ئێران و ئازەربایجان....................................................... ٣٤٢
ناردنی هێز بۆ سەر ئازەربایجان لە لای کوردستانەوە................................................ ٣٤٤
عەشایر پشت لە کۆمار دەکەن......................................................................... ٣٤٦
بەرەی سەقز لە کۆتایەکانی رووخانی کۆمار دا......................................................... ٣٥٨
بیانووی هەڵبژاردنی پارلمان بۆ هێرش بۆ سەر کۆمارەکان.............................................. ٣٥٩
رووس ئاخرین ئۆمیدی ئازەربایجان.................................................................. ٣٦١




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەیمانی نیزامی کورد و ئازەر لە ئاوایی خواجە میر.......................................... ٣٦٣
بەشی ٤١................................................................................................. ٣٦٥
هێرش بۆ سەر ئازەربایجان و گرتنەوەی تەورێز................................................ ٣٦٥
رۆژی ٢١ سەرماوەز........................................................................................ ٣٧٦
هۆیەکانی شکانی فیرقە .................................................................................. ٣٨٠
کاریگەری رووخانی ئازەربایجان لەسەر کوردستان............................................. ٣٨٣
بەشی ٤٢................................................................................................. ٣٨٥
هێرش بۆ سەر کوردستان................................................................................. ٣٨٥
شووڕای شەڕی کوردستان ................................................................................ ٣٨٥
کۆماری کوردستان گەمارۆ درا............................................................................ ٣٨٩
پاشەکشە لەبەرەی سەقز و سەردەشت ................................................................ ٣٩١
پێشڕەوی هێزی جاش و دەوڵەت لە بۆکان را بەرەو مەهاباد ..................................... ٣٩٩
کۆبوونەوەی مزگەوتی هەباساغا و خۆ بە دستەوەدان............................................... ٤٠٣
ئاخرین چاوپێکەوتنی پێشەوا و بارزانی و ئەسپاردنی ئاڵا........................................ ٤١٥
داگیرکردنەوەی مەهاباد .................................................................................... ٤٢٢
بەشی ٤٣................................................................................................. ٤٢٧
چارەنووسی ئەندامانی بەڕێوەبەری کۆمار ............................................................. ٤٢٧
دەستبەسەر کردنی بەڕێوەبەرانی کۆمار................................................................. ٤٣١
دەستبەسەرکردنی سەدری قازی............................................................................. ٤٣٨
کەسایەتی و چارەنووسی حاجی بابە شێخ، سەرۆکی وەزیران .................................... ٤٤٣
پشکنیین و گەڕانی ماڵە پێشەوا ........................................................................... ٤٤٩
وەزع و شوێنی راگیر کردنی قازییەکان ................................................................. ٤٥١
هۆیەکانی تێکچوون و کاردانەوەی رووخانی کۆمار .................................................. ٤٥٣
بەشی ٤٤................................................................................................. ٤٥٩
هەڵسوکەوتی دەوڵەتی شووڕەوی لەگەڵ فیرقە بەدوای شکست دا ................................. ٤٥٩
چارەنووسی پیشەوەری ...................................................................................... ٤٦١
بەشی ٤٥................................................................................................. ٤٦٥
چوونی مەلا مستەفا بۆ تاران.................................................................................. ٤٦٥
گەڕانەوەی خوێندکارانی کورد لە باکۆ...................................................................... ٤٧٢
هەوڵدان بۆ نەجات دانی پێشەوا و هاوڕێیانی............................................................ ٤٧٥
بەشی ٤٦................................................................................................. ٤٨٠
رەوتی محاکمەی رێبەرانی کۆمار............................................................................ ٤٨٠
یەکەم دادگای قازییەکان ...................................................................................... ٤٨٠
سەڵاحییەتی دادگا و تاوانەکانی پێشەوا..................................................................... ٤٨٤
تاوانەکانی محەمەد حوسێن خانی سەیف قازی ........................................................ ٤٨٩
تۆمەتەکانی سەدری قازی...................................................................................... ٤٩٠
بڕیاری ئێعدام لە دادگای یەکەمدا ............................................................................ ٤٩٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەهیدانی سەقز........................................................................................ ٤٩٤
محاکەمەی علی جوانمردی رئیسی عەشیرەتی گەورکی میرەدێ................................ ٤٩٥
محاکمەی عەلی جەوانمەردی............................................................................. ٤٩٦
محەکەمەی رسوڵ ئاغای مەحموودی گەورک........................................................ ٤٩٧
مەحکەمەی شێخ سەدیقی ئەسعەدی سەقزی......................................................... ٤٩٨
مەحاکەمەی حەسەن خانی کانی نیاز فەیزۆڵلابەگی................................................ ٤٩٩
محاکەمەی عەلی خانی فاتیحی قەلەندەر فەیزۆڵلابەگی.......................................... ٤٩٩
محاکەمەی ئەحمەد خانی فاڕوقی رەئیس عەشیرەتی فەیزۆڵلا بەگی ........................ ٥٠٠
مەحکەمەی  ئەحمەد خانی شەجیعی فەیزۆڵلابەگی................................................. ٥٠٢
مەحکەمەی حەمەئەمین بەگی بابەخان بەگی فەیزۆڵلابەگی..................................... ٥٠٢
١- ئێعدام کردنی عەلی جوانمەردی و رەسوڵی مەحمودی (٢) ................................. ٥٠٣
ئێعدامی ئەحمەدخانی فاڕوقی ژمارە (٣) رەئیسی عەشیرەتی فەیزوڵلابەگی.................. ٥٠٤
عەبدوڵا خانی مەتین فەیزوڵلابەگی ژمارە(٤)........................................................ ٥٠٥
حەمەخانی دانیشوەر فەیزوڵلابەگی ژمارە (٥)........................................................ ٥٠٥
ئەحمەدخانی رەشیدخانی شەجیعی فەیزوڵلابەگی ژمارە (...................................... ٥١٣
محەممەدبەگی بابەخان فەیزوڵلابەگی (٧)............................................................ ٥١٤
عەلیخانی سەرتیپی قەلەندەر مولەقەب بە کوڕی فەیزوڵابەیگی (٨)............................ ٥١٤
حەسەن خانی جەلالی بەگ فەیزوڵابیگی (٩)........................................................ ٥١٥
شێخ سەدیق ئەسعەدی (١٠) یازیبلاغی سەقز......................................................... ٥١٥
شیخ ئەمین ئەسعەدی کەس نەزانی سەرشیو ........................................................ ٥١٦
شەهید عەلی بەگی شێرزاد ............................................................................. ٥١٧
عەلی شێرزادی............................................................................................ ٥١٨
بەشی ٤٧................................................................................................... ٥٢٢
شا خائینان خەڵات دەکا .................................................................................. ٥٢٢
هەوڵ و تەقەلای خائینان بۆ ئێعدامی قازییەکان..................................................... ٥٢٤
دادگای دووهەمی قازییەکان و لە پەڕاوێزی ئەو دادگایە دا...................................... ٥٣٦
دادگایی محەمەد حوسێنی سەیفی قازی ............................................................... ٥٤٧
دادگایی قاسم سەدری قازی ............................................................................. ٥٤٨
هەر لە چوارچێوەی ئاخرین دادگای قازییەکان دا ................................................. ٥٤٩
بڕیاری ئێعدام.............................................................................................. ٥٥٠
بەشی ٤٨ ................................................................................................... ٥٥٤
وەسیەتنامەی سیاسیی پێشەوا............................................................................ ٥٥٤
دەقی فارسی وەسیەتنامەی پێشەوا...................................................................... ٥٥٩
بەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدامی قازییەکان............................................................... ٥٦٤
سەیفی قازی و سەدری قازی لە ژێر داری ئێعدامدا ................................................. ٥٦٨
راگەیەندراوی ئەرتەش لەمەڕ ئێعدامی قازییەکان.................................................... ٥٧١
عەزای نیشتمانیی.......................................................................................... ٥٧٤

هەر لە چوارچێوەی کەسایەتی پێشەوا دا........................................................................ ٥٨١
کتێبخانەێ پێشەوا........................................................................................................ ٥٩٣
منداڵەکانی پێشەوا....................................................................................................... ٥٩٤
کەسایەتی حەمەحوسێن‌خانی سەیفی قازی ........................................................................ ٥٩٦
کەسایەتی ئەبولقاسم سەدری قازی ................................................................................ ٥٩٧
ئێعدامی چوار ئەفسەری کوردی خەڵکی مەهاباد لە مەهاباد............................................... ٥٩٨
محاکەمەی رەسوڵی نەغەدەی ژمارە (٦) ......................................................................... ٦٠٠
محاکەمەی کبتان حامیدی مازوچی ژمارە (٧) ................................................................... ٦٠٠
محاکەمەی رۆشن بیر عەبدوڵا خدر میرانی ژمارە (٨)........................................................ ٦٠١
شەهیدانی نەغەدە......................................................................................................... ٦٠٢
ئێعدامی سەربازانی بەرەی شەڕ ...................................................................................... ٦٠٢
ئێعدامی ئەفسەرانی کوردی باشوور، لە عێراق................................................................... ٦٠٢
بەشی ٤٩ .................................................................................................................. ٦٠٧
پاداشی خەیانەتی عەشایر ............................................................................................. ٦٠٧
بەشی ٥٠ .................................................................................................................. ٦١١
وەزعییەتی بارزانییەکان بە دوای رووخانی کۆماردا........................................................... ٦١١
کوشتنی ئاغایانی مامەش.............................................................................................. ٦١٤
بەشی ٥١ .................................................................................................................. ٦١٩
چارەنووسی ئەندامانی شۆڕشگێری حیزبی دێموکرات............................................................ ٦١٩
چارەنووسی ئەفسەرانی ئێرانی (خوراسان) و ئازەری(فیرقە)................................................. ٦٢١
بەشی ٥٢ .................................................................................................................. ٦٢٣
قوناخی یەکەمی پاشەکشەی عەشیرەتی بارزانی.................................................................. ٦٢٣
قۆناخی دووهەمی پاشەکشەی عەشیرەتی بارزانی ................................................................ ٦٣٩
چەند بەڵگە و وێنەیەک ................................................................................................. ٦٤٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٢٩
## کارەکانی دەوڵەتی کۆماری کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان کردەوەیەکی گەورە و بوێرانەی تاقمێک کەسایەتی شۆڕشگێڕی لە خۆبردوویی نیشتمانپەروەر بوو، کە لە هەلومەرجی نێوخۆیی و ناتەبایی زلهێزەکان کەڵکیان وەرگرت و حکومەتی نەتەوەیی کوردیان دامەزراند. دامەزراندنی ئەو حکومەتە بە بەراوەرد کردن لەگەڵ هەلومەرجی ناوخۆ و دەرەوە و هێز و توانایی و ئیمکاناتی خەڵک، کارێکی نەگونجاو و لە توانا بەدەر بوو. کۆماری کوردستان دامەزراوەیەکی نیشتیمانی پێشکەوتووی شۆڕشگێڕ بوو کە درێژەدەری دەوڵەتی خودموختاری کوردستان بوو و زۆربەی کارە سەرکییەکان، وەک هێزی پێشمەرگە، ئەرتەش و ئاڵا و قوتابخانە و مالیات و دیاری کردنی سەرانە و چاپخانە و چاپی رۆژنامە و گۆڤار، تێیدا جێبەجێ کرابوو.

کۆماری کوردستان چڵەپۆپە و رەمزی هەرە بەرزی هیوای نەتەوەیی بوو و ئێسا دەبوو ئەو دەزگایە کاراتر بکرێ و شێلگیرتر لە دەوڵەتی خودموختار ئەرکەکان بەڕێوە ببا. بۆ ئەو مەبەستە زیاتر هەوڵ درا تا بەڕێوەبردنی تەواوی کارە سەرەکییەکانی کۆمار، لەژێر چاوەدێری راستەوخۆی پێشەوا بە کەسانی شایستە و لێهاتوو و پسپۆر بسپێردرێ کە لە لای خەڵک خۆشەویست و جێی مەتمانە بوون.

منیرخانم، کچی پێشەوا لە چاوپێکەوتن لە گەڵ تۆفیق رەفیعی، لە ژمارەی ٣٠٥ی حەوتەنامەی سیروان، ساڵی ١٣٨٣ دا باسی شوێنی کاری پێشەوا دەکا و دەڵێ : باوکم فەقەت بۆ کاروباری زۆر زەرووری دەچووە ستاد. ستاد لە شارەوانی ئەلان بوو. ئەلانیش دیوەکەی باوکم لەوێڕا دیارە. ئەو زەمانەی کە کۆماری مەهاباد بوو بەیانان دەچوۆ ئەوێ زۆر جاریش نان و چای بەیانی نەدەخوارد و تونگەیەک شیریان بۆ دەبرد.

سەعیدی هومایون و رەحیم جەوانمەردی قازی و رەحیم لەشکری، لە دەفتەری پێشەوا دا کاریان دەکرد و سەعیدی هومایون بۆ زوربەی سەفەرەکانی پێشەوا، بۆ لای تەورێز و تاران و ورمێ و خۆی و سەلماس لەگەلّی بووە. سەعیدی هومایون بەڕێوەبردنی بڕیارات و نوسراوەکانی پیشەوا بوو و زۆر جار پەیوەندی زارەکی و ئاڵوگۆری نامە هێنان و بردن بۆ لای پێشەوەری و عەلی شەبستەری، هەر بە ئەستۆی ئەو بووە.

ئەحمەدی قازی لە باس لە سەر بنەماڵەی قازی ئاوا باسی سەعید هومایون، خوشکەزای پێشەوا دەکا: کچی گەورەی قازی عەلی بە ناوی خەدیجە خانم دەبێتە هاوسەری خوالێخۆشبوو حەمەدەمین بەگی هومایوون لە بەگزادەکانی یەکشەوە و بەرهەمی ئەم تێکەڵاوییە چەند کچ و، کوڕێک بە ناوی سەعیدخان بوو. سەعیدخانی هومایوون لە هەموو رووداوەکانی کۆمەڵایەتی و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسی‌دا دەگەڵ خاڵی خۆی پێشەوا قازی محەممەد بووە و لە گەڕیانی ڕووداوەکانی کۆماری کوردستان‌دا ئاجودانی پێشەوا بوو. سەعید خان باسی کۆماری کوردستان و کەسایەتی پێشەوا و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی لە کتێبێک دا بەناوی ”پێشەوای بێداری” (ئەو کتێبە بە هەوڵی هاشم سەلیمی ئامادە و لە ساڵی ٢٠٠٦ لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە هەولێر بە زمانی فارسی بڵاوکراوە.) نووسیبوو کە پاش مەرگی ئەو لە چاپ دراو و بڵاو کرایەوە.

سەعید همایون لەسەر چەشنی ئەوکارانە کە لە دەوڵەتی کۆماری کوردستان دا بەڕێوەبردران، لە لاپەڕەی ١٦٠ی کتیبی "پێشەوای بیداری" دا دەنووسێ:

١ ـ ڕاگەیاندنی زبانی کوردی وەک زبانی ڕەسمی قوتابخانە و ئیدارەکان.

٢ ـ خوێندنی بە زۆری و خۆڕایی منداڵان و ئامادەکردنی لیباسی زستانی و بەهاری بۆ قوتابیانی مەدرەسەکان.

٣ ـ پێکهێنانی کلاسی (سواد آموزی) شەوانەی گەورەساڵان و هەوڵ دان بۆ نەمانی بێسەوادی.

٤ ـ دامەزراندنی چاپخانە بە مەبەستی چاپی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە.

٥ ـ بڵاوکردنەوەی چەند ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی وەک ڕۆژنامەی کوردستان، گۆڤاری هەڵاڵە، هاواری نیشتیمان، گروگاڵی منداڵانی کورد و چەندین گۆڤاری دیکە و چاپی کتێبی دەرسی سەرەتایی.

٦ ـ پێکهێنانی هێزی بە نەزمی نیزامی پێشمەرگە، بۆ دابینکردنی ئەمنییەتی نیوخۆ و پارێزگاری لە حکومەتی نەتەوەی.

٧ ـ دامەزراندنی کومیتەی ژنان و ڕاگەیاندنی بەرابەری ژن و پیاو لە تەواوی یاساکانی حکومەتی و کردەوەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی دا.

٨ ـ پێکهێنانی ئەمنییەت و ئارامیشی بێ وێنە گشتی لە تەوای ناوچە ئازاد کراوەکان دا.

٩ ـ پێکهێنانی پەیوەندی بازرگانی لە گەڵ ناوچەکانی دەوروبەر بە مەبەستی بوژانەوەی پەرەستاندنی بواری ئابووری و کشتوکاڵی.

١٠ ـ پەرەدان بە بواری کلتوری و فەرهەنگی و ناردنی قوتابی و خوێندکاری زانکۆ بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن و شارەزابوون بە ئاخری دەستکەوتەکانی زانستی لە دەرەوەی وڵات.

١١ ـ ڕاگەیاندنی ماف و داوخوازییەکان و ناساندنی نەتەوەی کورد لە کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی، یەک لەوان لە کۆنفرانسی پۆتسدام دا.

جوڵانەوەی کورد لەو قۆناغەدا لەگەڵ تەواوی شۆرشەکانی دیکە جیاوازە و ئەگەر ڕاپەڕینەکانی دیکە ڕەنگی عەشایر و ناوچەگەری ڕاوڕوت و تاڵان و بڕۆیان هەبوو، ئەو جوڵانەوەیە ڕاپەڕینی گشتی هەموو ئازادیخوازان و ئۆگرانی ڕەزگاری نەتەوەیی لە چوارچێوەی دامەزراوەی میللی دا بوو. ئەو حکومەتە لە هەموو بوارێکەوە پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕ و نیشتمانی بوو. زوڵم و زۆری و شەڕ و کیشە نەبوو و کەس بە تاوانی دەربڕین راوبۆچونی خۆی زیندانی نەکرا. لێرەدا بە شێوەیەکی سەرەتایی ئاماژە بەو کارانە دەکرێ کە لەسەردەمی کۆمار دا بەڕێوەبردران.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**کاری فەرهەنگی**



گۆڕانکاری فەرهەنگی و کولتووری لە کۆماری کوردستان دا لە ئاستێکی بەرز دابوو و بایخێکی تایبەت بە ناوەندەکانی زانستی و هونەری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی درا و شۆڕشێکی فەرهەنگی گەورە لە کۆمەڵگای نەتەوەیی کورد دا پێکهات. قازی محەممەد کە بۆخۆی فەرهەنگدۆست بوو، هەڵمەتێکی فەرهەنگی گشتگیر و هونەری هەمەلایەنەی لە گشت بوارەکانی فەرهەنگی دا بەرپا کرد. بۆ وێنە هەر لە سەرەتا دا نازناوی شاعیری میللی دا بە دوو کەسایەتی گەورەی شاعیر، مامۆستا هێمن و مامۆستا هەژار کە لە زۆربەی مەراسیم و بیرەوەرییەکان دا، شێعریان دەخویندەوە.

بە گوێرەی لاپەڕەی ٣ی چێشتی مجێور، لە جەلەسەیەک دا کە هەژار شێعر دەڵی، پێشەوا ئافەرینی پێدەڵێ و ١٠٠ تمەنی بەخشش دەداتێ، بەڵام هەژار داوا دەکا کە ئەو پارەیە بدرێ بە دەفتەر و قەڵەم بۆ منداڵە فەقیرەکانی مەدرەسە. دواتر ئەو دوو شاعیرە و چەند کەسێکی دیکە لە لوتکەی هەرە بەرزی ئەدەبی کورد دا جێیان گرت.

جیا لەوانە لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١ دا لەسەر کۆکردنەوەی سواڵکەر و خوێندنی ئیجباری و یەکدەستکردنی لیباس و گوڕینی ناوی تابلۆکان بۆ کوردی، ئاوا هاتووە:

کۆبوونەوەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان ژمارە ٣٢

رۆژی چوار شەموویە ٢٤/١٠/١٢ جەلەسەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان ساتی دووی پێش نیوەڕۆ گیرا لە بابەت مەکتەبی و دانانی دوو پشکنێر بۆ مەکتەبەکان گفتگۆی لازم کرا. ١- ئاغایان عەلی خوسرەوی و رەحیم لەشکری بۆ پشکنێر هەلبژێردران حوکمیان سادر کرا و قەرار درا ئەو منداڵانەی کە بێکەسن و بە سواڵ مەشغوڵن، کۆ بکرێنەوە لە ناو میللەت دا بەش بکرێن و رۆژانە لە مەکتەبی گەلاوێژ بخوینن و بۆ خڕ کردنەوەی ئەم هەژار و بێکەسانە بە شارەوانی ئەمر درا کە خڕیان کاتەوە بیانداتە دەست ئاغایانی حوسێنی فروهەر و منافی کەریمی و ئەوانیش بە نێو مییلەت دابەشیان کەن. ٢ - بە ئەکسەرییەتی ئارا پەسەند کرا ئاغایانی فروهەر و کەریمی خەڵکی بێسەواد حازرکەن کە شەوانە لە مەکتەب دا بە زمانی کوردی بخوینن. ٣ - پەسەند کرا هەموو نیشانەی(تابلۆ) ئیداران و مەکتەب و تەجارەتخانان و عمارەتان بگۆڕن و بە کوردی بنووسرێ. ٤ -

پەسەند کرا کە ئەو منداڵانەی کۆ دەکرینەوە تەمەنیان لە شەش تا چاردە ساڵان زیاتر نەبێ. ٥ - لە ئاخری جەلەسەدا پەسەند کرا کە جەلەسەی دیکە جوری لیباسی شاگرد و مەکتەبەکان مەعلوم کرا.

عیشق و خۆشەویستی بە نیشتمان و سەروەری میللی لە کۆمار دا بوو بە هەوێنی ئیمانیکی قووڵ بە کۆمار و فیداکاری لە پێناو ئامانجەکانی دا. لە رۆژنامەی کوردستان دا زۆر بابەتی وا بەدی دەکرێ کە قوتابی و مامۆستا حازر بە گیان فیدایی لە رێی نیشتمان دا بوون. لە ژمارەی ١١ ی رۆژنامەی کوردستان دا لەو بارەوە هاتووە:

**قوربانی**

ئەمن چەند ساڵ لەوەیپێش عەهدم کرد لە کاتیک دا کورد سەربەخۆ بن خۆم و دوو کوڕم خۆمان بکەین بە قوربانی. ئێستاش ئاواتم بە جێهاتووە. ئامادەین دەگەڵ ٥٠ نەفەر شاگردی داوتەڵەب بە ئیزنی باوک و دایکیان رۆژی ١٣٢٤/١١/٢٦ لە پێش عیمارەتی دوکتور یوناتان وەفا بە عەهد بکەین.

**مەلای داودی**



رێگای خۆبەخت کردن لە رێگای نیشتمان دا، تەوەری بارهێنان و پەروەردە کردنی قوتابی بوو و لە سەر نەزەری پێشەوا هەوڵدرا کە مامۆستاکان بەجورێک ئامادە بکەن تا لە رۆژی پێویست لە مەیدانی شەڕدا ئامادەی گیان فیدایی بن. ژێرخانی ئەو ئامانجە نیشتمانییە، لەسەر درۆ و خوڕانان و فریو نەبوو، بەڵکوو لەسەر باوەڕ بە سەربەستی و رەزگاریی نەتەوەیی بوو. لەو بوارەدا وەزارەتی فەرهەنگ بە یەکدەستکردنی لیباسی قوتابییەکان، کتێبی دەرسی، خوێندن و نووسین، چاپی کتێب، دامەزراندنی رادیو، شانۆ و سینەما خزمەتی گەورە بە پەرەسەندنی فەرهەنگ و کەلەپووری نیشتیمانی کرد و بەستێنێکی گەورەی بۆ فێربوونی ژن و پیاو و پیر و لاو پێکهێنا.

لە کۆماردا هەوڵ درا، زمان و نووسین و فێربوونی کوردی کە سەرەکیترین بنەماکانی ناسنامەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەتەویین پەرە بستێنێ. کاریگەری دەستەڵاتی نەتەوەیی لە پەرستاندنی زمان، لە نووسراوی نەشیروان مستەفا کە لە لاپەڕەی ١٤٩ی کتێبی حکومەتی کوردستان دا هاتووە، دەردەکەوێ:

زمانی هیچ نەتەوەیەك بێ هەبونی دەسەڵاتی سیاسی ناتوانێ وەکو پێویست لە بوارەکانی قانون، سیاسەت، ئابوری، دیپلۆماسی ... دا گەشە بکات و دەوڵەمەن بێ. کوردیش لەم قانونە بەدەر نیە. چونکە دەوڵەتی تایبەتی خۆی نەبوە، زمانەکەشی نەیتوانیوە پێویستی‌یە زۆرەکانی مەیدانە جیاوازەکانی ژیان بە ئاسانی بەدەستەوە بدات...

حکومەتی کوردستان، لە کاروباری رۆژانەی خۆی دا وازی لە زمانی فارسی هێنا و هەر لە سەرەتاوە هەنگاوێکی ئازایانەی هاویشت بۆ دانانی بناغەی ئەو زمانە پێویستە. کۆمیتەی مەرکەزی، کە بە کردەوە، ئەرکی دانانی قانون و هەیئەتی ڕەئیسەی میللی و وەزارەتەکانیش یاخود وەکو خۆیان ناویان بردون: ئیدارەکان کە ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانە و جێبەجێ کردنی بڕیارەکان ئەبینێ بە کوردی کارەکانیان ئەنجام دا. لەوەش دا سەرکەوتو بوون و بە شێنەیی خەریك بوو زمانی کوردی ئەبو بە زمانی دەوڵەت و حوکمڕانی.

کاربەدەستانی کۆمار لە بە ئەنجام گەیاندنی کارەکان دا، بەردەوام خەریکی سەردان و بەسەرکردنەوەی بنکەکانی فەرهەنگی بوون و لەوبارەوە لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٥٣ دا لە ژێر ناوی "جێژنی یەک ساڵەی دامەزراندنی دەبستانی گەلاوێژ" دا هاتووە کە بە بۆنەی تێپەڕبوونی یەک ساڵ بە سەر تەمەنی قوتابخانەی گەلاوێژ لە رۆژی ١٣٢٥/٣/٥ مەڕاسیمێکی بەشکۆ بە بەشداری پێشەوا و حاجی سەید باباشێخ و ژنراڵ بارزانی و زۆر کەس لە بەرپرسانی دیکەی حیزب بەڕێوە چوو. لەو رێوڕەسمەدا چەندین وتار و سروودی نیشتیمانی بە راوێژی موکریانی و بارزانی(بادینی) خوێندراوە و هەروەها مامۆستا هەژار و مامۆستا قانع شێعریان خوێندەوە و لە لایەن پێشەوا قازی محەمەد بە ٦ کەس لە قوتابێکان جایزە درا.

## چاپ و بڵاوکراوەکانی کۆمار

رێبەری کۆماری کوردستان گرێنگی زۆری بە نووسین و بڵاوکراوەی رۆژنامەگەری دا و هەوڵی دا قەرەبووی هەموو سەردەمی رابردوو بکاتەوە. بۆ بایخدان بەو مەبەستە، سەرەتا هەوڵ درا تا چاپخانە دابمەزرێ و وەک پێشەوا لە وەسیەتەکەی دا دەڵێ "چاپخانەشم بۆخۆم کڕیوە" و لە وتاری دووی رێبەندانی دا، کە لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارەکانی ١٠ و ١١ دا بڵاو کراوەتەوە، مەبەستی دانانی چاپخانە بە روونی ئاشکرا دەکا:

... بۆ ناساندنی لیاقەت میللی و دەرخستنی حەیاتی ئەدەبی و فەرەنگی کورد و بۆ راگەیاندنی هاواری خۆمان بە گوێی دنیای بەشەریەت و عیدالەت موحتاجی وەسیلەی چاپ و بڵاوکردنەوە بووین. چاپخانەی زۆر چاک تەئسیس کراو دامەزرا. لە شاری خۆمان دا بە زمانی خۆمان بە چاپخانەی خۆمان گووار و رۆژنامە دەردەچێ و بیروفکر و داوخوازی ئیمە لە دنیا دا بڵاو دەکاتەوە.

دڵشاد رەسووڵی لەسەر بڵاو کراوەکانی ئەو سەردەم لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤١دا لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وتاری "کورد شایانی شانازییە" دەنووسێ: ئێمە دوو ساڵ پێش لە کۆمەڵەدا گوواری "نیشتمان" مان وەدەردەخست کە هەتا هەتایە گەنجینەیەکی تێدایە سوودی لێوەردەگیرێ. بەڵێ "نیشتمان" بڵێسەیەک بوو تا وڵاتی کوردەواری رووناک نەکردەوە نەکوژاوە.

لە دوای ئەو گووارە هاوار لە سابڵاغ وەدەرکەوت. زۆری پێنەچوو "ئاوات" ئازەر هاتە وجوود. وابوو "گوواری کوردستان" وەک گەلاوێژی ئاسمان لە وڵاتە جوانەکەی خۆمان دەستی کرد بە بڵێسە دان. دڵێ دانیشتوانی وڵاتی شاد و ئی بەدکارانی بە لەرزە هێنا.

خۆ رۆژنامەی "کوردستان"یش هەر مەپرسە، گیانێکی لە پیاو ستاند و یەکی دیکەی پێ بەخشی. بەڵێ گیانی دیلی و کزوڵی لێ ئەساتاندین و گیانێکی سەرکەش و ئازادی پێ‌بەخشین.

گووراری هەڵاڵەش لە بۆکان وەک هەڵاڵەیە لە نێو گوڵان. دارێکی زۆر بۆن خۆشە لە سەر هەر لکێکی بولبولێک دەخوێنێ و لە هەر خوێندنەی هەزاران دەرسی تێدایە و هەر دەرسەی چاوساغێکە بۆ رێگای سەربەرزی وڵات

خۆ "گروگاڵی منداڵانی کورد" کە لە لایەن کارگەرانی چاپخانەی کوردستان وەدەردەکەوێ بە راستی جێگای سەر بڵێندیە.

برا خۆشەویستەکانی کارگەری چاپخانە لە سەر ئەو هەموو دەردی سەرییە کە دەیبینن و لە سەر ئەو هەموو نارەحەتییەێ کە لە رێگای هەڵسوڕاندنی کاروباری چاپخانە دەچێژن دیسان گیانی ئازاد و بەکاریان ماندوو نییە و بە مەردانە هاتونە پێش و خەریکی ئەوەن منداڵە کوردەکامان بە گورانی ئازادی ئاشنادەکەن. ئەو منداڵانەی کە ئومێدی ژیان و کۆڵەکەی خانووی ئازادی دووا رۆژن...

ئەگەر گۆڤاری نیشتمان زمان حاڵی کۆمەڵەی (ژ.ک) بووە، بە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات تا رووخانی کۆمار، گۆڤارەکانی هاواری کورد، کوردستان، ئاوات، هەڵاڵە، گڕوگاڵی منداڵان، هاواری نیشتمان و رۆژنامەی کوردستان، لە چاپ دران و بڵاو کرانەوە.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٢٠ بەشی یەکەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..."دا بە خراپی و رەشبینییەوە باسی بڵاوکراوەکانی کۆمار دەکا و دەنووسێ:

زیاتر ئەو رۆژنامە خەریکی مەدحی رووس و شکانی ئامریکا و ئینگلیس و ئاغا و دەوڵەمەند وکۆنەپەرەست بوو. نووسەرەکانیان پتر مەلای وشکە سۆفی موتەعەلیقی دینی بوون. زیاتر نووسینەکانیان لەسەر ئەو پێتانە ئەبراوە. ئیمپریالیزم - ئێقتاعی رەجعی - ئینگلیس و ئامریکا موستەبێدن- خاین ئەبێ بکوژرێ، بژی ئاستالین، بژی ئوردووی سوور.

پێنووس و زانایی زمان - لەناو ئەو حکومەتەدا ئازاد نەبوو. ژیانی ئەوێش وەکوو ژیانی ئێرە وابوو. ئەبوو (خووری خۆت بە تەشی) خەڵکی بریسی.

خوێندەوار نەیدەتوانی بە تەواوی مەبەستی ئازادیخوایەتی خۆی دەرببڕێ. لەویش هەر ئەبوو لە ژێر پەردەی درۆ و ریاییدا شت بڵاوبکەیەوە لە غەیری رۆژنامەی کوردستان گۆڤاری ئاڵەکۆک - هەڵالەش هەبوون مانگێ جارێک دەرئەچوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## گۆڤاری کوردستان

ژمارەی یەکەمی گۆڤاری "کوردستان" کە بڵاوکراوەی بیری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان" و گۆڤارێکی ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، سیاسیی چکولە بوو، لە ١٥ ی سەرماوەرزی ١٣٢٤ بەرامبەر ٦ ی دیسامبەری ١٩٤٥دا لە چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد بڵاو بووە. ئەو گۆڤارە هەر پازدە رۆژ جارێك بڵاوکراوەتەوە و سەید محەممەدی حەمیدی سەرنوسەری بوو.

هەرچەند رادەی ژمارەکانی گۆڤاری "کوردستان" نادیارە، بەڵام وەک عەبدوڵا سەمەدی لە سایتی ئینترنیتی دا دەنووسی دەبێ٩ ژمارەی لێ بڵاوبووبێتەوە. مامۆستا عەلائەدینی سەجادی باسی ١٨ ژمارە و جەمال خەزنەدار لە رابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، وەرگێڕانی ئەحمەدی شەریفی، باسی ١٦ و ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، وەرگێڕانی سمایلی فەتاحی قازی، باسی ١٦ و نەوشیروان مستەفا باس لە سێ ژمارە دەکەن.

گۆڤاری کوردستان لە ژمارەی یەکەم دا، بە ناونیشانی "خوێندەوارانی بەڕێز" ئامانجەکانی خۆی بەم جۆرە رون کردۆتەوە: ... کوردستان گۆڤارێکی ئەدەبی، تاریخی، کۆمەڵایەتی (اجتماعی) مانگیی کوردیە یەکەمین ئارمانی بژار و ژیانەوەی زمان و ئەدەبیاتی کوردیە و زیندوکردنەوەی کورد و کوردستانە بە پێی شارستانێتی ئەمڕۆ و بۆ ژیانەوەی نێو و ئاساری زانایانی کورد تەقەلا دەدا لە بەر ئەوە تکا لە خوێندەوارانی خۆشەویست دەکەین هەر کەس بەیت و حکایات و سەرگوزەشتەی پیاوێکی مەزن وە یا عەشیرەتێکی کوردی لە کن بێ و یان نوسراوێکی لەلا بێ یا لەبەر بێ: کوردی، فارسی، عەرەبی... مادامێك هی زانایانی کورد بێ و لە چاپ نەدرابێ بۆمان بنێرن کە بە یارمەتی خودا لە چاپی بدەین کە بە سەرهاتی رۆژگار لە نێوی نەبا.

هاوکات لەگەڵ لە چاپ دانی ژمارە ١ و ٢ ئەو گۆڤارە، هەر لەو چاپخانەیە دا، ئامادەکاری کرا بۆ چاپی رۆژنامەی "کوردستان" کە بڵاوکراوەیەکی بێ وێنە بوو لە ئەدبی رۆژنامەگەری کورد دا.

## رۆژنامەی کوردستان

رۆژنامەی "کوردستان" گرینگترین بڵاوکراوەی سەردەمی کۆمار بوو کە یەکەم ژمارەی لە ٢٠ی بەفرانباری١٣٢٤ (١٩٤٥/١٢/١١) واتا ١٢ رۆژ بەر لە راگەیاندنی کۆماری کوردستان، لە چاپخانەی "کوردستان" لە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی خودموختار دا، لە مەهاباد بڵاو کراوە. بریاری دەرکردنی ئەو رۆژنامەیە، دەبێ لە کۆنگرەی یەکەمی حیزب درابێ و لە کاتی دەست بەکار بوونی چاپخانەی کوردستان، نوێنەری پێشەوا و گەورە پیاوانی ناوچە بەشدار بوون.

رۆژنامەی کوردستان بیری حیزبی دێموکرات و رێنیشاندەری یەکگرتوویی و یەکێتی ریزەکانی کورد و هێما و پرسی نەتەوەیی و نیشتیمانی کوردستان بوو و هەوڵی دا تا ئاواتی لەمێژینەی دەستەڵاتی نەتەوەیی، کورد وەدەست بێ. ئەو رۆژنامەیە سامانی مێژویی بیر و روانگەی نەتەویی و تەوەری هەموو بابەتەکانی کۆمەڵ و ئامۆژگاری و فێربوون، بە گشتی هەوڵ دان بۆ پێکهێنانی قەڵایەکی پۆڵایین و پتەو لە یەکێتی و برایەتی لە نێو کورد دا بوو. مامۆستا هێدی لە لاپەڕەی ٧٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ی کتێبی "ئاوێنە شکاو" دا باس لە مەبەستی ڕۆژنامەی کوردستان دەکا و دەنووسێ: ... کوردستانیش ئەو دەم بڕێک درەنگ وەخۆ کەوت کە دەستی شاعیر و نووسەرەکان بگرێ لە چاپ کردن و بلاوکردنەوەی نووسینەکانیاندا و نەهێڵێ لە ناو بچن و بیانکاتە بەڵگە و کەلەپور بۆ دوا رۆژیش. هەر چەند لە دواییدا بەو ئەرکە هەستا و بوو بە یەکەم و پەڕەتووک و سەرچاوەی هەواڵ گەیاندن و لێکۆڵینەوەی رووداو و دەنگۆباس و شوێنی چاپ کردنی هەڵبەستی هەڵبژاردە و لەو تەمەنە کورتەی خۆیدا وردە وردە ئەگەر ناتەواوییەک لە نووسین و کاکڵ و ناوەرۆکی لاپەرەکانیدا هەبوو، لای برد و رادەی ئەدەبیی خۆی بەرز کردەوە و رۆژ بە رۆژ هەست بە پێشکەوتن و رێک و پێکتر بوونی دەکرا لە چاو ژمارەکانی پێشووی خۆی کە سەرەتای دەرچوونی هێز و پیزی پێویستی نەبوو.

جیا لە وتار و شێعرە نیشتیمانی و مێژوویی، ڕۆژنامەی کوردستان رەنگدانەوەی مێژوو و سیاسەت و دیپلۆماسی و شەڕ و وتووێژ و ئەدب و هونەر و زۆر بابەتی گرینگی دیکەی پەیوەندیدار بە گرفتی رۆژانەی خەڵک، وەک ئاگاداری و مزگێنی شکایەت و بەگشتی کانگایەکی گەورە بۆ فیربوون لە هەموو بوارێک دا بوو.

سەرجەم ١١٧ کەس لە رۆژنامەی کوردستان دا وتار و شێعریان نووسیوە کە بۆ ئەوکات، رادەیەکی بەرچاو بووە. بەرپرسی رۆژنامەی کوردستان، سەید محەمەد حەمیدی بوو بەڵام روون نییە کە دەستەی نووسەران کێ بوون و تەنیا باس لە هاشم خەلیل زادە کراوە. زۆرترین بابەتەکان بە هۆی سەید محەممەد حەمیدی، هێمن، هەژار، حەسەن قزلجی، ئیبراهیم نادری، دلشاد رەسولی، ئەحمەد ئیلاهی، مامۆستا قانع، محەممەد مەحموود(قودسی)، محەممەد مەجدی، ئەنوەر دلسۆز، عەبدولرەحمانی زەبیحی، محەممەد تۆفیق وردی، قادر مودەریسی، عەلی خوسرەوی، عەبدولقادر ئەحمەد، محەممەد شاپەسەند ... نووسراون و دەبێ بەشێک لەوانە لە دەستەی نووسەرانی رۆژنامە دا بوو بن.

دیارە ئەو کەسانەی خوارەوەش وتاری جوراجۆر بە پێزیان نووسیوە، قادر مودەڕیسی، محەممەد مەجدی، مەلا محەممەد ئەیوبی، عەبدولقادر دەباغی، محەممەد یاهو، عەلی خوسرەوی، عەزیز مەولەوی، ئەحمەد ئیلاهی، عەبدوڕەحمان سالار، عەبدوڕەحمان ئیمامی، سەید محەممەد تەهازادە، سەید عەبدولقادر سیادەت، قاسم ئوتەمیشی، محەممەد قادری.

بەشێک لەو نووسەرانە خەڵکی باشووری کوردستان بوون کە دەستی باڵایان لە دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەوکات دا هەبوو. جێگای رامانە کە لە سەردەمی دواکەوتووی ئەوکات دا، ژنانیش بەشداری چالاکانەیان لە نووسین دا هەبوو و بە رادەیەکی زۆر وتار یان نووسراوەی عێشرەت عەزیمی، روقیا شنۆیی، مەریەمی ئەحمەدی، وێلمەی سەیادیان، کوبراعەزیمی، خەدیجەی حەیدەری، سەڵتەنەت داودزادە، شا سوڵتان خانمی فەتاحی قازی، فەریدە زەندی، ئێرانی بلووری، حەلەب سمایلی فەرەجی، لە رۆژنامەی کوردستان دا بەدی دەکرێ.

لەو رۆژنامەیەدا بە سەدان شێعر و پەخشان و هەستی بە سۆزی لە کەسانی ناودار و نەناسراو کە رەنگدانەوەی ئاوات و ئارزو و خەون و خەیاڵ گەلی کورد بوو، بە چاپ گەییشت و شێعری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شاعیرانی گەورەی کورد وەک هێمن، هەژار، خالید ئاغا حیسامی، سەید کامیل، بێکەس، خاڵە مین و یایی حەڵەبی سمایل فەرەجی و قانع، موفتی، نووری و مەلا شێخ جەلال حوسێنی، خاتەمی(بەیان) و مریەم ئەحمەدی و قەدری جان و جووتیر و ... هاتووە کە زۆربەیان لە هێنانەدی کۆماری کوردستان دا، راستەوخۆ بەشدار بوون.

لە سەر رادەی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان محەممەد شاپەسەند کە لە چاپخانەدا کاری دەکرد، دەڵی کە ١١٣ ژمارە دەرچووە. ئەحمەد شەریفی باس لە ١١٢ و عەلائەدین سەجادی و جەمال خەزنەدار باس لە ١١٣ ژمارە دەکەن. ئەحمەد شەریفی باس لە ١١٢ و دەنووسێ کە عوبەیدوڵای ئەییووبیان دەڵی ١١٠ ژمارەی هەبوو و دەنووسێ کە ئەو رۆژە کە دەبوو ژمارە ١١١ چاپ بکرێ، سەردانی چاپخانەی کوردستانی کردوە و دیتویەتی کە لە جێی رۆژنامەی کوردستان، پەڕێک ئێعلان بە ناوی پێشوازی لە ئەرتەشی شاهەنشاهی ئێران چاپکراوە.

رۆژنامەی کوردستان هەر بە ٢ تا ٣ رۆژ، یەک ژمارەی لێ دەرچووە. پێوانە، واتا ئەندازەی ئەو رۆژنامەیە یەک شێوە نەبوو ٢٧ لە ٤٦ یان ٢٨ لە ٤٢ یان ٣٤ لە ٤٨ یان ٣٤ لە ٥٥ سانیمیتر دابوو.

لە ساڵی ٢٠٠٧ دا بەڕێوەبەرانی دەزگای چاپی ئاراس و بنکەی ژین، تا ژمارەی ٨٨ یان، وەک سێری بە دوای یەک دا، لەگەڵ ژمارەی ٩٢ ، لە یەک بەرگ دا بڵاو کردەوە کە بە هۆی مافناسی نیشتمانپەروەر مامۆستا رەشید باجەڵانی پاراسترا بوو.

ئاخر ژمارەی کوردستانی چاپکراو، ژمارەی ٩٢ یە کە لە ١١ رەزبەری ١٣٢٥ی هەتاوی(١٩٤٦/١٠/٢ ) لە چاپ دراوە. جێی ئاماژەیە کە بە تازەگی حەسەن قازی لە سایتی ئینترنێتی دا، رایگەیاند کە لە مەهاباد لەماڵێک ئاوێنەیەک بەربۆتەوە و شکاوە کە دوو ژمارەی رۆژنامەی کوردستانی لە پشتی دا قایم کرابوو و دەنووسێ: لە ساڵی ٢٠١٣ی زایینی واتە ٦٧ ساڵ دوای ڕووخانی جمهووری کوردستان لە مەهاباد ئاوێنەیەکی گەورە کە بە دیواری ماڵێکەوە هەلوەسرابوو بەر دەبێتەوە و دەشکێ و لە پشت ئاوێنەکە دوو ژمارەی ڕۆژنامەی ″کوردستان″ ی سەردەمی حکوومەتی نیشتمانیی کوردستان بە ساخی دەردەکەون، هەر چەند تێپەڕینی زەمان کاغەزی ڕۆژنامەکانی زەرد هەڵگێڕاوە...

حەسەن قازی دەنووسێ کە ئەو دوو ژمارەیە دراوە بە نەمر ئەحمەد شەریفی و ئەو تەنیا ژمارەی ١٠١ بە دەستەوەیە. ژمارەی ١٠١ "کوردستان" لە رۆژی یەکشەمۆ ٢٦ ی خەزەڵوەری ١٣٢٥ ی هەتاوی ( ١٧ی نۆڤامبری ١٩٤٦ ) واتا یەک مانگ بەر لە رووخانی کۆماری کوردستان لە چوار لاپەڕە دا بڵاو بووەتەوە.

بێشک تا ٢٠ سەرماوەز رۆژی روخانی کۆماری ئازەربایجان کە دەبێتە ٢٤ رۆژ، رۆژنامەی کوردستان بڵاوبۆتەوە. ئەگەر هەر ٢ تا ٣ رۆژ یەک ژمارەی لە چاپ درابێ، رادەی رۆژنامەی کوردستان دەبێ خۆ لە ١١٠ ژمارە بدا.

حیزبی دێموکرات بەرپرسی بەڕێوەبردن و خەرج و دیاری کردنی بابەت و ناوەرۆکی رۆژنامە بوو و بۆ خەرجی رۆژنامە زۆرجار داوا لە خەڵک دەکرا کە یارمەتی بەدن و یەکێک لە داهاتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژنامە بڵاو کردنەوەی ئاگاداری بوو. نرخی ئاگاداری لە لاپەڕەی یەکەم تا لاپەڕەی ئاخر لە گۆڕان دابووە و لە ٣ ریاڵ تا ١ ریاڵ بووە.

نرخی ڕۆژانەی ڕۆژنامەی کوردستان یەک قران و نرخی ئابوونەی یەک ساڵ ٣٠٠ ریاڵ و بۆ ٦ مانگ ١٦٠ ریاڵ بوو. دواتر ئەو ڕادەیە بە ١٥٠ قران و ٨٠ قران گۆڕاو هەروەها ٤٠ ریاڵ بۆ ٣ مانگ دیاری کرا.

ڕۆژنامەی کوردستان لە کاتی خۆی دا هەوڵی دا تا ڕواڵەتێکی گشتگیر و بەربڵاو بە خۆوە بگرێ و لە هەموو جێیەک هەواڵنێری هەبێ. لەو بارەوە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٣ دا هاتووە:

نوێنەر. خەبەرنیگار

ئیدارەی ڕۆژنامە و گۆواری کوردستان لە هەموو نوقاتی کوردستان و هەندەران نوێنەر و وڵامدەر و خەبەرنیگاری پێ دەوێ. کەسانێ ئامادەن ئەم کارانە بە جێبیەنن بە ناردنی وێنە و نێوبانگ و جێگای دانیشتنیان خۆ بە ئیدارەی ڕۆژنامەی بناسێنن.

ناوەندی هەواڵ و دەنگوباس و سەرچاوەی بابەتەکانی ڕۆژنامەی کوردستان، بریتی بوون لە نووسەرانی و هەواڵنێرەکانی شارەکان و ڕۆژنامەکانی فارسی، عەرەبی، تورکی و هەواڵی ڕادیوکانی دەرەوە، وەک لەندەن، ئانکارا، مەسکۆ، تاران، بیروت، تەورێز و دێهلی.

ئەگەرچی ڕۆژنامەی کوردستان، لە لایەن حیزبی دێموکرات بڵاو دەبووە بەڵام چاوخشاندن بە سەر بابەت و نووسراوەکانی ئەو ڕۆژنامەیە سەربەخۆ بوونی ئەو بڵاوکراوەیە بە تەواوی دەردەخا. سەید محەممەد حەمیدی نوسراوەی مێژووی ڕەفیق حێلمی لە عەرەبی ڕا کرد بە کوردی و لە زنجیرەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستان دا، لە ٣٠ ژمارەدا بڵاوی کردەوە. سەید محەمەد دوایە بەسەرهاتی ئاڕاراتی لە فارسی ڕا کرد بە کوردی و لە ٢٥ ژمارەدا بڵاوی کردەوە و بەمشێوەیە دەریایەک زانیاری نەتەوەیی بەکەڵکی کوردی، پێشکێش بە خوێنەرانی کورد کرد.

جیا لە وتار و شێعرە نیشتیمانی و مێژوویی، زۆر بابەتی گرینگی پەیوەندیدار بە گرفتی ڕۆژانەی خەڵک، وەک ئاگاداری و مزگێنی شکایەت و ... ناوەرۆکی ڕۆژنامەی کوردستانی لە خۆ دەگرت کە جارجار لە ژمارەکانی دوایی دا دووپات دەنەوە. یەکێک لە بابەتەکانی ناو ڕۆژنامەی کوردستان "ئاگاداری" بوو. بە هۆی ئەو بابەتە کۆماری کوردستان خەڵکی لە کار و بەرنامەکانی ئاگادار دەکرد. ئەو ئاگادارییانە هەر لە دیاری کردنی ڕۆژی خوێندنی منداڵان ڕا تا قەدەغە کردنی هەڵگرتنی چەک و چۆڵ و دار کڕین و فرۆشتن و دیاری کردنی نرخی گۆشت، بەرتیل وەرگرتن، وەدوادانی ماڵیات، شێوەی سەرەخۆشی و ئەوەی کە نابی خەرجەکەی زۆر بێ و دەبێ ماوەکەی لە ڕۆژێک زیاتر نەبێ، لە خۆ دەگرت. هەروەها ڕەدواکەوتنی ژن، یان هەڵگرتنی ژن قەدەغەیە و سەزای ئێعدامە و ئاگاداری بابەتەکانی دیکە وەک پسولەی کارەبا، سەزای گومرگ نەدان، حەقی ئەندامانی حیزب و حەقی قەپاندار و دەلالانی توتن، بابەتەکانی دیکەی ئاگادارییەکان بوون. وەرگرتنی بەش لە شرکەتی کوتاڵ، ئیجارەدانی بازار، یارمەتی ماڵی خەڵک بە جووڵانەوە، ئامادەیی گشتی خەڵک، ئاگاداری لە سەر کاروباری پۆست، ئامادە بوون بۆ پێشمەرگایەتی و سجیل و شناسنامە و ئیجارە دانی خوێ و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دامەزرانی هێڵی تەلەیفون نیوان مەهاباد و میاندواو و سەبتی زەوی و موڵک و ماڵ و چاک کردنەوەی رێگاوبان بە مەرجی تێکنەدانی جوانی شار، ناوەرۆکی هێندێک لە ئاگادارییەکانی دیکە بوون. هێندێک ئاگاداری دیکە باسی لە قەدەغە بوونی تریاک و هێنانی نەوت و بێنزینی ... و گازولی چاک لە شوورەوی دەکرد. رۆژنامەی کوردستان لە هەر بابەت و لە هەر رووداوێک وەک دامەزراندن لە ئیدارەی پۆست، دەرزی کوتانی منداڵان، دانانی دەورەی ٢ مانگە بۆ مامۆستایی قوتابخانەکان، دەرمان بۆ نەخۆشی هەژار، نامەی تەمر دار، گەڕانەوەی ئەرمەنییەکان بۆ وڵاتی خۆیان، وەرگرتنی نەخۆش لە ئێواران دا، دانانی مەدرەسەی تێکەڵی عبری و کوردی، بەرپرسانی سەغیران، دروست کردنی مزگەوتی کوردان لە میاندوا، ئاگاداری و روون کردنەوەی دەدا.

هێندێک لەو ئاگادارییانە وەک بەرتیل و رشوە وەرگرتن بە هۆیی گرینگیان چەند جار و لە چەند ژمارەدا بڵاوکراونەوە و رادەی سەزا بۆ ئەو تاوانە لە ١٠ ساڵ تا ئێعدام دیاری کرا. هاوکات لە گەڵ بابەتی ئاگاداری، بەشێک بە ناوی بۆ زانیین کە ئەویش رواڵەتی ئاگادار کردنەوەی هەبوو، وەک ئەوەی بە کوردی پەتی بنووسن، بڵاو دەبووە. هەر لە پەیوەندی لە گەڵ ئاگادار کردنەوەی خەڵک، بەشێکی دیکەش بە ناوی مزگێنی بڵاو دەبووە.

رۆژنامەی "کوردستان" بۆ بە هێز کردنی پەیوەندی پتەو و راستەقینە لەگەڵ دانیشتوانی کوردستان، راوبۆچوونی خوێنەرانی وەردەگرت و داوای لێ دەکردن کە بۆ باشتر بوون رۆژنامەکە، بیروڕای خۆیان باس بکەن. بە پێی کورستانی ژمارە ٨ چەند پرسیار بە شێوەی خوارەوە ئاڕاستەی خوێنەران کراوە: رۆژنامەی کوردستانت چۆن دەوێت؟

چ باسێکت پێ خۆشە؟

چ ناتەواویکی تێیا دەبینیت؟

چۆنی بەباش دەزانی بومانی بنووسە؟

ئەو داوایە بە شێوەیەکی دیکە دەزگاکانی حیزبی و حکوومەتیشێ دەگرتەوە و لەوبارەوە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٥ لە بابەتێک دا بە ناوی "تکا" دەنووسێ:

حیزبی دێموکراتی کوردستان

دارایی. شارەوانی. هێز. شارەداری و ... بیخوێننەوە.

رەجامان وایە بۆ ئەوەی میللەت لە کاری هەموان ئاگاداری هەبێت، هەموو رۆژی نەتیجەی کاری رۆژانەی خۆیان: ئینتسابات، ئینتێقالات، بوودجە، مجازات و دەستگیر کردنی خائینان و هەر کاری کە بۆ نوسین لە رۆژنامەی کوردستاندا بگونجی بە وەسیلەی مەئموڕێک کە دەیکەنە باوەڕپێکراوی ئەم کارە بە ئیدارەی رۆژنامەی کوردستان وەڵام بدەن کە بۆ ئاگاداری هەموو کەس دە رۆژنامە دا بلاوبکرێتەوە و دەپاڕێنەوە کە دەم کارەدا زۆر تەوەجووە بفەرموون.

جیا لەوانە، نە تەنیا شێوەی نووسین، بەڵکوو جوان نووسینیش ویست و داوای بەڕێوەبەرانی چاپخانەی کوردستان بوو. لە رۆژنامەی کوردستان دا زۆرجار تکا کراوە کە نووسەران بە خەتی جوان وشەی کوردی و بێ هەڵە وتارەکانیان بنووسن و هەوڵ بدەن بێ رێزی بە کەس نەکەن و قسەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناشایست نەنووسن دەنا لە غەیرە ئەوەدا بابەتەکە چاپ ناکرێ.

بەڕێوەبەرانی کۆمار ئاگاداری رادەی کاریگەری رۆژنامەگەری لە سەر کۆمەڵگا بوون و بەرپرسانە هەوڵیان دا تا شتێک نەنووسرێ کە زیان بە پەیوەندی نێوان خەڵک بگەیەنێ و لە لایەن هەیئەتێکەوە هەموو بابەتەکان کۆنترۆڵ دەکران. لە سەر چوارچێوە و پرنسیپ و بەرپرسایەتی رۆژنامەی کوردستان، مامۆستا وردی لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٥٣ دا لە وڵامی گلێیی چەند مامۆستایەک کە رەخنەیان لێگرت بوو، باسی چوارچێوەی هێندێک لە رۆژنامەکان دەکا و دەنووسێ:

...٥ – هاواری نیشتیمان و کوردستان دوو رۆژنامەی رەسمین هیچ شتێک نانوسن کە تەسویب نەکرابێ. ئەو مەقالەی منیش جەنابی ″مەعاوینی وەزیری فەرهەنگ″ دیتی ئەوجا توانیم بینووسم...

رۆژنامەی کوردستان بۆ راگەیەنرە گشتیەکانی نێوخۆیی و دەرەوە دەناردرا و بە ئاگاداری بە زمانی کوردی و فارسی، ئەو بابەتانە لە رۆژنامەی کوردستان دا راگەیەندراون و نووسراون. تەنانەت داوا کراوە کە ئەگەر ناشیانەوێ، بیگەڕیننەوە.

پیویستە کە ئەوەش بگوترێ کە لە ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیەدا سەرجەم ١٠ دانە وێنە، لە پێشەوا و ستالین و هێمن و هەژار و رۆژانی جێژنی هەڵکردنی ئاڵا و جێژنی قوتابیانی کچ و سەیفی قازی و خەلیل خوسرەوی و سەمەند سیامەندۆڤ چاپ کراوە.

بە گشتی رۆژنامەی کوردستان پەنجرەیەکی کراوە بە دنیای سیاسەت و کار و تێکۆشان و لەخۆبردوویی گەلێک بوو کە بە هەموو تواناوە بۆ ئازادی و سەربەستی تێکۆشا. ئەو رۆژنامەیە رەنگدانەوەی مێژوو و سیاسەت و دیپلۆماسی و شەڕ و وتووێژ و ئەدب و هونەر بوو و کانگایەکی گەورە بوو بۆ فیربوون و زانیاری لەسەر هەموو ئەو بابەتانە.

## روانگەی نەتەوەیی و نیشتمانی لە رۆژنامەی کوردستان

گرینگی کاری رۆژنامەگەری و کاریگەری لە سەر بواری ژیان و گوزەرانی میللەت بە تایبەتی گرێ دانی بە پرسی نیشتیمان و دەستەڵاتی نەتەوەیی، تەوەری سەرەکی زۆربەی بابەتە چاپکراوەکانی رۆژنامەی کوردستان بوون. ئەو رۆژنامەیە رێنیشاندەری یەکگرتوویی و یەکێتی ریزەکانی کورد و هێمای نەتەوەیی و نیشتیمانی کوردستان بوو. لە زۆربەی ژمارەکانی "کوردستان" دا بایخی تایبەتی بە یەکریزی و یەکگرتوویی نەتەوەیی درا و بۆ ئەو مەبەستە هەوڵێکی زۆر درا تا رایی گشتی کۆمەڵگا لەو رەهەندە پیروزە، هەترە نەبێ و نەترازێ. لە کوردستانی ژمارە ٥٧دا لە لایەن وەزارەتی تەبیلیغاتەوە لەو چوارچیوەیەدا هاتووە: لە ماوەی سەد ساڵ ئیستیعمار و ژێردەستەیی، میللەتی کوردی نەجیب هەستی بەوە کرد کە پیرۆزترین رێگا بۆ رەزگاربوون، بۆ تامکردنی میوەی ئازادی، بۆ تەئمین کردنی ئاسودەگی پشتاوپشتی نەتەوەی کورد ئەو کۆبوونەوە بە شەڕەفەیە، ئەو پشتی یەکتری گرتنەیە کە ئەوڕۆ هەموو فەردێکی میللەتی کوردی سەردار عەشیرەت و ئاغایان، مەلا و شێخانی با شەهامەت، شارستانی و دێهاتی بازوئاسنین بە بێ جیاوازی پەیمانی یەک دڵی و مەحوو بوونەوەیان داوە بۆ پاراستنی ئاڵای موقەدەسی کوردستان، دەوڵەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردی تازە لە دایک بوو.

هەروەها محەممەد عەتری گلۆلانی لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارەی ٤٤ دا، لەسەر یەکریزی دەنووسێ: ... هەوەڵین وەسیلەی پێشکەوتنی کۆمەڵ جورکردنی ئیختلافاتی تەبیعی و ئیختلافی عارزی وەکوو بیر، مەرام، عەقیدە، عادەت، چوونکە ئەوانەش وەکو ئەسڵەکان هەر یەکی قەزاوەتێکی مەخسوس دەکەن کە زیاتریان دەبنە مانعی یەکیتی کۆمەڵ و هەر کۆمەڵێک کە چاوی لە سەر کەوتن بێ دەبێ بیر و مەڕام و عەقیدە و عادەتیان بێننە سەر یەک شوێن و رەوشت. کە تەئمینی عەقاید کرا و ئیسلاحی مەڕام جێبەجێ بوو دەستەجەمع و یەک مەڕام وەپێشیان دەخا. یەعنی کارێکی کە بە دەستەجەمعی دەکری بە بۆمی ئەتۆم ئەنجام نادرێ...

سەعید ئەدهەمی فەیزوڵابەیگی لە کوردستانی ژمارە ٥١ دا، لە سەر یەکێتی و یەکگرتوویی دەنووسێ: ... مەگەر ئێمە قابیلی ژیان و سەربەستی نیین؟ مەگەر ئێمە بۆیە خەلق بووین هەتا هەین باری بێگانە بە پشت هەڵگرین؟ برا کوردە خۆشەویستەکانم نەگبەت و زەلیلی و رۆژ رەشی لە ماڵ و نیشتیمانی خۆمان دا ئیتر بەسە. وەرن هیمەت بکەین و حیس و غیرەتی میللی خۆمان بێنینە جۆش، حەسودی و من و تۆیی فڕێ دەینە کەنار. دەستووری پیاوە عاقڵەکانی کورد بگرینە گوێ کە بە فارسی فەرموویانە (دو دل یک شود بشکند کوه را). هەموومان دەستی برایەتی و یەکیتی وێکدەین و یەک سەدا هاوار کەین نابی میللەتی کورد لەوە زیاتر ئەسیر بێ و لە سەربەستی بێ بەش بێ. وەک شێر و پڵینگ لەدەوری ئەو چرا رەوشنە زیندووکەرەوەی میللەتی کورد(رەئیس جەمهوری موعەزمی دەوڵەتی کوردستان) وەکۆبین. بە دڵ و بە گیان ماڵەکەمان رەوشەنتر کەین...

محەممەد مەحموود لە کوردستانی ژمارە ٦٠ دا، بابەتی میللەت و خوێندن و رەوشەنفکری، بە شێوەیەکی جوان شی دەکاتەوە و ناوبراو دوای ئەوە دەنووسێ کە ئەو نایەوی فەلاحی کورد، ئایینی داروین و تێبینی ئەنشتەین بزانێ و یان مامۆستای کورد ئوسولی زبانی هیروگلیف فێر بێ و توجاڕی کورد شارەزایی ئاوازی بێتهۆوێن بێ، بەڵکو ئەو دەیهەوێ کە کۆمەڵگای کورد بە خوێندنی میللی و سیاسی و کۆمەڵایەتی فێر بکرێ و لە درێژەدا دەنووسێ: ... یەعنی ئەگەر جامعە کەڵکی سەربەخۆیی زانی، لە رێگای تێکۆشین بۆ سەربەخۆیی شارەزایی پەیدا کرد و لای یەقین بوو کە یەکیتی بۆ سەربەخۆیی پیویستە و زانی کە دوژمنانی سەربەخۆیی ئەوانەن کە دەیانەوێ میللەت لە کەنارەگیری دایرەی بزوتنەوەی میللی دا بمیننەوە بۆ ئەوەی لە پیت و بەرەکەتی سەربەخۆییان بێ بەش کەن و یا خود ئەوانەی کە دەیانەوێ سەربەخۆییمان لاواز بێت، ئەگەر جامعە هەستی بەوانە کرد و زانینی، ئەودەمە دەزانێ و دەتوانێ کە چۆن سەربەخۆیی بپارێزێ و لە گرانترین و ناخۆشترین وەخت دا، چۆن دەتوانی دیفاعی لێبکا.

ئەگەرچی زۆرجار بیستومانە کە سیاسەت بازی ماڵ وێرانی وڵاتە، بەڵام لە حەقیقەت دا نەزانین و تێنەگەیشتنی سیاسەت لە لایەن جامیعەوە ماڵوێرانییە نەک سیاسەت بازی.

بەمشێوەیە محەممەد مەحموود سەرنجی خوێنەران بۆ بابەتە ئەساسییەکانی نەتەوەیی رادەکێشی و لەو پێیەدا داستانێک لە "دێموستین" لە دنیایی کۆنی یونان دەگێڕێتەوە کە ناوبراو لە

مەیدانێک دا، لە بابەتی میللی قسەی بۆ خەڵک دەکرد و دەڵێ کە خەڵک زۆریان گوێ نەدایە و لە قسەکانی ماندوو و جاڕز بوون. دێموستین بۆ ئەوەی وەڕەزیان بشکێنێ و وریایان بکاتەوە، حەکایەتێکیان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ، جارێک گەریدەیەک کەرێکی لە کەسێکی بەکرێ گرت و بە یەکەوە بەرەو شارێک وەڕێکەوتن. پاش ماوەیەک گەڕیدەکە لە کەرەکە هاتە خوار و لە بەر سێبەری کەرەکە پشووی دا و دەستی بە نانخواردن کرد. ساحەبی گوێدرێژەکە گوتی ئەتۆ حەقت نیّیە لە بەر سیبەرەکەی دانیشی، ئەمن سێبەری کەرەکەم بە کرێ نەداوێی. گەڕیدەکە گوتی من کەرەکەم لێ بەکرێ گرتووی و سێبەرەکەشی بەشێکە لە کەرەکە.

دوای ئەو قسانە "دیموستین" حەکایەتەکەی تەواو نەکرد و لە مینبەرەکە هاتە خوار. خەڵک کەوتنە دەنگە دەنگ و دەستیان بە پرتەوبۆڵە کرد و داوایان لێکرد کە داستانەکەیان بۆ تەواو کا. تا بزانن کێشەی سێبەر کەر بە کوێ گەیشت؟

دێموستین دووبارە چووە سەر مینبەر و گوتی: میلەتێک کە ئەوەندە ئەهمییەت بداتە مەسئەلەی سێبەری کەر زیاتر لەوەی کە ئەهمییەت بداتە ئُموری میللی خۆی، ئەو میللەتە حەقی ژیانی نییە.

محەمەد مەحموود لە دریژە دا دەنووسێ:

جا وەرن ئەی کورد، مەبنە یونانییەکانی ئەو رۆژە. خۆتان بە هیندێک شتەوە خەریک مەکەن کە لە سێبەری کەر بێقیمەتترە...

هەر لە چوارچێوەی یەکریزی دا، سەید محەممەد حەمیدی لە رۆژنامەی ژمارە یەکی کوردستان دا لە وتارێک دا، دوای باسی هەوڵ و تەقەلای نەتەوەکانی دیکە بۆ سەربەستی و ئازادی، دەنووسی کە کورد کێشە و ناکۆکیان هەبوو و لە بیری یەک دا نەبوون. ناوبراو دوایە باسی ئەوە دەکا کە چۆن حیزبی دێموکرات دامەزرا و هەوڵی دا بەرهەڵستی خائینانی ببێ و خەڵک بۆ یەکێتی و یەکگرتوویی هان بدا و ئەخلاقی خراپ بە ئەخلاقی باش بگۆڕێ. سەید محەممەد ئامانجەکانی رۆژنامەی کوردستان ئاوا دیارە دەکا: ئەم نامەیە کە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بڵاو دەبێتەوە، دەیەوێ قەڵایەکی ئاسنیین لە ئیتحاد و برایەتی بێنێتە بەرهەم کە بناغەکەی بە زانست و هونەر و لەشساغی داندرابێ و بتوانێ دەگەڵ سێڵاوی دووبەرەکی و بێدینی و هەموو جورە رەوشتێک کە بۆ سەربەستی زەرەر بێت بەربەرەکانی بکا...

رۆژنامەی کوردستان سامانێکی مێژوییە بۆ بیری نەتەویی و تەوەری هەموو بابەتەکانی، ئامۆژگاری و فێربوونە، بۆ پتەوکردنی پرسی نیشتمانی کوردستانی گەورە. مامۆستا وردی کە لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٥٣ دا، لە وڵامی گلێیی چەند مامۆستایەک دا، ناوەرۆکی نەتەوەیی کۆماری کوردستان بە روونی دەردەخا و دەنووسێ: ٦ - بە هیچ جورێک نابێ وا تێبگەن کە فەرق هەیە لە بەینی کوردی (سابلاخ، عێراق، تورکیا، سوریا، رووسیا، ئەفغان، ئەمریکا، میسر). گەر بێتو وابزانین کە یەک لە یەکی موعتەبەرتر و موهیمترە، تا ماوین دەستی بێگانە و ناکۆکی و دیلی یەخەمان بەرنادا. کورد هەر کوردە، غەریبی لە کوردستان دا نییە( پشتەپ و قوڕیتان و دیاربەکر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموو هەر یەک ڕەنگە. نیشتمانی کورد هەمووی لە یەک دایکوبابن. هەرچەندە کە لەگەڵ یەک ناکۆکیان بێ لە دواڕۆژ هەر بران، لە یەک ناشوڕێن. بەیداخی موقەدەسی کوردستان بە کوششی دوازدە میلیون کورد بە خوێن ڕشتنی جەوانانی کوردستانی گەورە، بە کوێرەوەری هەموو کوردێک هەڵکراوە. حکومەتی کوردستان چاوی لە هەموو کوردێکە، هەموومان بە یەک چاو تەماشا دەکا...

لە کۆتایی دا دەبێ بگوترێ کە هەرچەندە ڕیبەرانی کۆمار موسوڵمان بوون، بەڵام بە لای ئەوان دا دەبوو مەزهەب و ئاین لە خزمەت بە هیماکانی نەتەوەیی و نیشتمانی دابێ. لەو پێیەدا لە چوارچێوەی پەرەدان بە خوێندن بە زمانی زگماکی، لە کۆماری کوردستان دا، بڕیار درا، خوتبەی مزگەوتەکان بە زمانی کوردی بێ. لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٠دا لەو بارەوە دەنووسێ:

هەوەل جارە کە خوتبەی جومعەی بە کوردی دەخوێندرێتەوە.

وەکو برایان هەموو دەزانن ساڵێکی تەواوە کە لەلایەن حیزبەوە دەستوور بە ئیمامی جومعە درابو کە خوتبەی جومعە بە کوردی بخوێندریتەوە و ئیمام لە پێش دا خوتبەکەی بە کوردی دەخوێندەوە و پاشان بە عەرەبی. بەڵام دوێنێ ١٢" ١١" ١٣٢٤ ئیمام پاش بسملە، حمدلە، تسلیە. ئایە خوتبەکەی بە کوردی خویندەوە و دڵی هەموو کوردێکی پێ‌ڕوون بوو و بە تەواوی لێی‌حاڵی بوون و شوکرانەی خودایان کرد کە ئەوڕۆ بە زبانی خۆیان گوێیان لە خوتبەیە و لێی حاڵی دەبن و ئەمە لە کوردستان دا بێ سابقەیە و بەرانبەرە دەگەڵ شەریعەتی خاوێنی ئیسلام. بە ئەمری پێشەوا و ڕەئیس جمهوری بەرزی کوردستان لەلایەن حیزبەوە بە جەنابی ماموستا مەلا حسین مەجدی ئیمام جومعە و سید محمد حمیدی ئەمر دراوە کە خوتبەی جومعە لەسەر دەستووری ژێرو تەنزیم بکری: موبارەزە دەگەڵ خڕافات و ئیحترامی قانوون دین. بیهداری و ئیجادی بیمارستان. تەئسیری ئەمنییەت لە سەرکەوتنی نیشتماندا. تەمەدونی کوردستانی قەدیم، ئیعتیماد بە نەفس و ئەهەمیەتی سەربازی وەزیفە بوونی وی. ژن دەبێ دە جامعەدا چلۆن بێ، ڕێگا و مەنفەعەتی وی. تەهیەی کودەکستان. چلۆن دەبێ پێش بە تەراخوم بگیرێ. ڕوحی سەلەحشووری. وەحدەتی میللی. عەواقیبی تەبهکاری، سوخەن چینی و دوزبانی و دەستوور دراوە. جەنابی ئیمام جومعەش ئەمانە ڕەچاو بکرێ و خوتەبای دێهاتیش لەم دەستوورە پشتیوانی بکەن.

## هاواری نیشتیمان

"هاواری نیشتمان گۆڤارێکی ئەدەبی سیاسی کۆمەڵایەتی و ئۆڕگانی یەکێتی جەوانانی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمی کۆمار دا بوو. ژمارە یەکی ئەو بڵاوکراوەیە لە ڕێکەوتی ١٩ی بانەمەڕی ١٣٢٥دا بە چاپ گەیی. سەرجەم پێنج ژمارەی "هاواری نیشتمان" لە پاشکۆی جڵد کراوی ڕۆژنامەی کوردستانی ڕەشید باجەلانی دا چاپ کراوە. تەنیا یەکەم ژمارەی ئەو بڵاوکراوە بە شێوەیە گۆڤار بوو و دوایە بە فوڕمی یەک لاپەڕی ئەمدیو و ئەودیوە و لە بێچم و ئەندازەی ڕۆژنامەی کوردستان دا، بڵاو کراوە. نرخی یەک ژمارە ئەو بڵاوکراوەیە ١٠ شایی بوو.

مودیری مەسئولی "هاواری نیشتیمان" سەدیق ئەنجیری ئازەر بوو و لە یەکەم ژمارەی دا، ڕووی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قسەی لە گەڵ "قەوامە" و باسی ئەو بەڵایانە دەکا کە بە سەر کوردستان دا هاتووە. سەدیق ئەنجیری دەڵێ کە لە سەرانسەری کوردستان دا دەبیرستانێکی تەواوی لی نییە و دەنووسێ: ... بیمارستانێکی تێدا نییە و بە ئومێدی هەیئەتی حاکمە نەخۆشی کوردستانی لەبەر دەستی پڕوپیرێژناندا، بە دوعا و ودم بە تەنیی دەستی خۆیان لە گڵ دەخەن.

بیری چینایەتی لە "هاواری نیشتیمان" بە هێزە بوو و لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارە ٥ ی ئەو ڕۆژنامەیەدا، لە رادیو مەسکۆ هەواڵێکی وەرگێڕدراوەتەوە کە تێیدا هاتووە:

ئاخری خەبەر

نەتەوەکانی ئێرانی دەزانن کە بەشکردنی ئەملاکی دەوڵەتی لە بەینی زەحمەتکێشان سەرئامەدێکە بۆ لەبەین بردنی تاوەن و فەجایعی تەبەقەی خوێن خۆر.

## گۆڤاری هەڵاڵە




یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەڵاڵە بە سەرپەرەشتی مامۆستا حەسەن قزڵجی لە شاری بۆکان لە ٦ مانگی رەشەمەی ١٣٢٤ لە ٣٠ لاپەرەدا لە چاپ درا. رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦ بە راگەیاندنی بابەتی "مزگێنێکی خۆش" دوای باس لە سەر گرینگی عیلم و زانست دەنووسێ:

... ئەوا لە پاش چەند رۆژێکیتر لکی دێموکراتی بۆکان مجەلەیەک بە نیوی (هەڵاڵە) کە لە چاترین مجەلەکانی دونیای ئەورۆ بۆ ئیمەیە چاپ و دەردەکەوێ. هۆمیدم وایە کە هەموو کەس بۆ کڕینی قەبزی ئابوونمانی پێش بڵاو کردنەوە کە شەش تمەن لە پاش بڵاوکردنەوە هەرزانترە، پێشدەستی بکات وەئیلا پەشیمانی دوایە قازانجێکی نییە.

### هاشم خەلیلزادە

رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤٨ لە باسی چاپی ژمارە دووی گۆڤاری هەڵاڵەدا بە مودیرییەتی زانا ح . قزڵجی دەنووسێ: ... رەنگی جوانی غەم رەوێنە. بۆنی خۆشی دڵڕفێنە، بیگرە و بیخوێنەوە و جەزمی یەکەم لە دیوانی قانعیش هەر لەوێ لە چاپ هاتە دەر...

## گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد



عەلی قازی(کوڕی ڕەش)

گۆڤاری "گڕوگاڵی منداڵانی کورد" بڵاوکراوەیەکی مانگانە بوو کە بە هۆی کرێکارانی چاپچانەی کوردستان لە مەهاباد دا دەرچوو. قادری مدرسی بەرپرس و هەژار، هێمن، قادر مودەریسی، دڵشاد رەسووڵی، سەدیق بەکری، ووردی، سەعید زەرگەیی(هومێد)، محەممەدی عەتری گلۆڵانی، م- س- قزڵجی، محەممەد ئازەر، حوسێن فەقێزادە و وەهاب بلوریان، نووسەری ئەو گۆڤارە بوون.

ئەم بڵاوکراوەیە یەکەمین گۆڤاری تایبەت بە منداڵان، بە زمانی کوردی بوو کە ژمارە یەکی لە ١ بانەمەڕی ١٣٢٥ (١٩٤٦/٤/٢١) لە مەهاباد لە چاپ درا و پێشکێش بە "کوڕی رەش"، کوڕی پێشەوا قازی محەممەد کراوە و لە لاپەرەی دووهەمی دا ئاوا هاتووە: "پیشکێش بە: تاقە گوڵی هیوای کوردستان، پێشڕەوی منالآنی کورد بۆ ڕێی زانستی و هونەر ئاغای ″عەلی قازی″ رۆڵەی شیرینی حەزرەتی پێشەوای بەرزی کوردستان″.

## گۆڤاری زانست

جیا لەو گۆڤار و بڵاو کراوانە، یەکێک لە بەرنامەکانی دیکەی کۆمار لە بواری چاپەمەنی دا، هەوڵدان بۆ چاپی گۆڤاری  زانست بوو. لە بواری بابەتی زانستی دا، زۆر وتار لە بلاو کراوەکانی کۆمار دا بە چاپ گەیی. لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٧٥ دا لە بابەتی "ژیانی میللەت بە زانستە" دا، ق . م ئاوا دەنووسێ: ... زانست و سەنعەت بۆ ئازادی چاکترین پشتیوانن. میللەتی نەزان جگە لە مردن چارەیەکی نییە. ژیان هەر لایقی میللەتی زیندو زانایە. وەخت عەزیزە و بەهاری جەوانی رادەبڕێ. جەفەنگ و گاڵتە و وەخت رابواردن پەیمانی لە دوایە. لە بەیانی ئەوڕۆدا دەبێ بیری ئیوارێ بکرێ. بە رۆژ دەبێ چرای شەو سازکەین. پێش خینکان مەلە بەکار دێ. پووش و پەلاش غەریقی نەجات نادا. بۆ شەڕ تانک و تۆپ و تفەنگ و بۆ لەشساغی بێهداری پێویستە و بۆ زانست و فەرهەنگ مەداریس و دانیشگا لازمە. عیلم و عەمەل پایە و بناغەی هەموو جورە پێشکەوتنێکن.

گرینگیدان بە زانست و شەوقی فێربوونی عیلم بە رادەیەک بوو کە سەرۆکی وەزیران، حاج سەید باباشێخ لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٧ دا، لە ئاگاداریی کەشفی فۆرمۆڵ، رابگەیەنێ:

کەشفی فۆرمۆڵ

کەشفی فۆرمۆڵ جەزری ئیسم لە حیکمەتی ریازی دا لە مەقولەی کەمی موتەسل بەرابەری دەکا بە کەشفی ئەسراری بۆمبی ئەتۆمی فیزیک و شیمی دا. داعی حازرم کە ئەو مەسەلە موهیمە با ئیقامەی بۆرهان بە موتەخەسسینی فەرهەنگ تەقدیم بکەم. بە ئیفتیخار و شەڕافەتی کانگای مەعارفی مەهاباد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەلحەقیر حاج سەید باباشێخ

بە دوای بڵاوبوونەوەی ئەو بابەتە بە ڕێکەوتی ٢٥/٥/٩ موهەندیس پاپاسیان لە نامەیەک لە تەورێز را کە لە کوردستانی ٧٦ دا بڵاو بۆتەوە، دوای ئاماژە کردنی بە دۆستایەتی خۆی لەگەڵ پێشەوا، داوا لە حاج سەید باباشێخ دەکا کە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی یان ئاڵوگۆڕی نامەی لەگەڵ بکا یان لە تەورێز چاویان پێک بکەوێ.

کۆی گشتی باسی عیلم و زانست لە بلاوکراوەکانی کۆمار دا، ئەو پێویستیەی پێکهێنابوو کە بڵاوکراوەیەکی تایبەت بەو بابەتە ئامادە بکرێ. لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦١دا، ئاگاداریەک لە ژێر ناوی بۆ زانیین بڵاوکراوەتەوە و دەنووسێ:

بۆ زانیین

زانست Zanist

گۆواری زانست گۆوارێکی زانستی، کۆمەڵایەتی، تەربییەتی، ئەدبییە. لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٢٥ وە مانگێ ژمارەیەک وەدەردەکەوێ. لە نووسەرانی بەرزی کوردستان تکا دەکەین مقالاتی ئەدەبی، زانستی، کۆمەڵایەتی، تەربییەتی، بە نیشانی ( وەزارەتی فەرهەنگ دەفتەری گۆواری زانست) بۆمان بنێرن تا لە گۆواری زانست دا دەرج بکرێ.

مودیری مەسئول و خاوەن ئیمتیاز

دڵشاد رەسووڵی

## خوێندن

لە کۆماری کوردستان دا هەوڵ درا تا بناغەی دارێشتراوی خوێندن سەردەمی دەستەڵاتی خودموختاری زیاتر پەرە پی بدرێ و، بۆ بردنە سەری پلەی فێر بوون لە هەموو تواناکان کەڵک وەرگیرێ. بایخ دان بە خوێندن و نووسینی زمانی زگماکی یەکێک لە گرینگترین کارەکانی کۆماری کوردستان بوو. دامەزرانی قوتابخانە و دیاری کردنی مامۆستا و ئیجباریکردنی خوێندن و یەکدەستکردنی بەرگ و پێڵاوی قوتابیانی سەرەتایی، هەروەها دامەزراندنی قوتابخانەی شەوانە بۆ گەورەساڵان، چاپی کتێب و دیاری کردنی وانەکانی دەرس و شێوەی رێزمان و خەت نووسین و ... لە رادەیەکی چاوەروان نەکراو دا، کاری بۆکرا.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٤٦ ی بەشی یەکی کتێبەکەی دا باسی تەرزی نووسین و دەفتەرداری لە کۆمار دا دەکا و دەنووسێ:

**تەرزی نووسین و دەفتەرداری**

لەو وزارەتانەی کە دامەزرابوون تەنیا نموونەی وزارەتی فەرهەنگ - دادگستری - جەنگ - کیشوەری - دارایی دیار بوو. وزارەتەکانی تر هەر شتێک بوون وەکو پەیکەرێکی بێ جوڵە. مودیری ئیدارە ونووسەرەکانیان تا ئەندازەیەک سەلیقەیان بە نووسینی شێوەی دەفتەرداری ئەشکا.

چاپی نووسینیان بە زۆری پەیدا کردبوو. دابەشی لق و پەلیان لە دائیرەکانا کردبوو. قاقەز و



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

دەفتەرێکی زۆریان لە میراتی ئێرانییەکان بۆ بەجێمابوو. وە رووسەکانیش ٢٠ تۆن قاقەزییان دابوونێ. سەری کلێشەی نووسین و سەری پاکەتەکەیان بە کلێشەوە دروشمی ئەو دایرەیە بە چاپ چاپ کردبوو.

نووسینیان پتر بە مەرکەبی جەوهەر بوو. پێنووسی کۆپیە کەمتر بە کار ئەهێنرا. نووسەرێک رۆژێ هەر ئەیتوانی دوو سێ قاقەز بنووسێ. چونکە بە دەست خەتەوە لە نووسینەوەی نووسراو شتێکی زۆر بە ئەرک بوو. وە کوردی خوێندنەوەیان زۆر بەلاوە زەحمەت بوو. مودیری تەحریرات سەرەکی نووسرانی بارەگای قازی محەممەد (یاهو) ناوێکی سابلاغی بوو. کە لە میرزا چاکی دا ناوی دەرکردبوو، ئەبوو بە چەند جار پەڕاو- تەسوید- ئەمجا نووسراوێکی بۆ رێک ئەخرا.

پیتەکانیان سەر شێوەی فارسی ئەنووسی کە پێیان ئەووت شێوەی ( شکستە). ئەو نووسینە بۆ عێراقی یەکان نەئەخوێندرایەوە و دەست خەتی عێراقی یەکانیش بە ئەرک بۆ ئەوان ئەخوێنرایەوە.

ماموستا بە تەواوی رێزی لێدەگیرا و بە هەموو تواناوە یارمەتی دەکرا تا بە دڵگەرمی ئەرکەکەی بەریوەبەرێ. مەریمی قازی لە وتوویژ لەگەڵ زارا مەنگوڕی، ماموستای کچان لە مەهاباد، کە لە روزنامەی "پەیامی کوردستان" ژمارە ١٩ مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٨٤ (٣١ی دیسامبر ٢٠٠٥ ) بڵاوبوتەوە، دەنووسێ: ... مانگانە چوار تمەنیان دەداینی کە زۆر کەم بوو، هەتا روژیک لە رێورەسمێک دا کە پێیان دەگوت" گاردن پارتی" و لە سەربازخانە بەڕێوە دەچوو. ماموستاکان شانۆیەکیان بەڕیوە برد کە لە سەر حاڵ و رۆژی ماموستاکان ساز کرابوو و لە ئاخری دا ئەم رستەیەشیان خوێندەوە کە زۆر خوش و سرنج راکێش بوو:

کارمەندی فەرهەنگم، شوغلم دەبیرە
خوراکی هەرە باشم نان و پەنیرە
بەو هەمووە دەرد سەر و حەول و تەقلایە
حقوقم زور کەمترە لە خات زلەخایە

هەر ئەوەش بوو بە هۆی وەی کە پێشەوا دەستوور بدا کە لە چوار تمەن را حقوقمان ببێتە سەت تمەن و ئیدی زۆر باش بوو دەتوانم بڵێم قەت شار نە ئەوەندەی نەزم و ئینسجام هەبووە و نە ئەوەندە گەورە و چکولە و تەبایی هەبوو. کەس کاری بە کەس نەبوو، دزی نەبوو، چەتە و رێگر نەمابوون و ئەوجار دەگەڵ فارسی کوردیشمان دەگوت. لە سەروە را کە دڵمان زۆر بە کارەکەمان خۆش بوو دوو سەرە دەرسمان دەگوت و کەس نەیدەتوانێ لە خوڕا غایب بێ یان قوتابخانەی بشوێنی و تەحتیلی کا...

ورد بوونەوە لەو کارانە دەردەخا کە بەڕێوەبەرانی کۆمار چ شۆڕشێکی گەورەی فەرهەنگییان لەو ماوە کەمە دا، لە کۆمەڵگای کوردستان وەڕێخست. کۆی گشتی کار و تێکۆشانی فەرهەنگی لە بواری خوێندن و نووسین و بردنەسەری زانستی خەڵک، لە قسەکانی پێشەوا قازی محەممەددا دەردەکەوێ و ئەو باشتر لە هەموو کەس ئاگاداری کاریگەری خوێندن لە سەر کۆمەڵگا بوو. لەو بارەوە ئەیوب زادە لە سایتی ئینتیرنێتی دا ئاماژە بە وتوویژی هەواڵنێری دەنگوباسی تاس


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له گەڵ پێشەوا، کە ئەفراسیاب هەورامی لە لاپەڕەی ٤١ی کتێبی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بەڵگەنامەی سوڤیەتدا، تۆماری کردوە دەکا و دەنووسێ: ئێمە وەک گەلێک یەکمان گرتەوە و بەهێزتر بووین و بە یەکجاری بۆ گەیشتن بە مافی خۆمان دەستمان بەخەبات کردوە و ئیستا ئێمە لەم بارەوە دەسکەوتی زۆرمان بەدەست هیناوە ئەگەر لە رابردوودا نووسین و ئاخافتن بە زمانی کوردی ریگای پی نەدەدرا، ئیستا ئێمە رۆژنامەی ″کوردستان″مان هەیە. لە کوردستان دا نزیکەی سێ هەزار زارۆک بە زمانی خۆیان دەخوێنن، چەند رۆژ لەمەوبەر دەستووری بەزۆرەملیی خوێندنی سەرەتایی بۆ هەمو کەس بە بێ پارە، دراوە. قوتابیە هەژارەکان لە باری جلوبەرگ و کتێبەوە، هەروەها خواردنی بەیانیان لە قوتابخانەدا یارمەتی دەدرێن. مەهاباد کۆمەڵە (کەلکتیو)ی لی هەیە، ژنان بەشداری تێدا دەکەن″.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٤٤ ی بەشی یەکی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." باسی تەرزی فەرهەنگ و خوێندن لە کۆمار دا دەکا و دەنووسێ:

**فەرهەنگ - خوێندن لە مەهاباد!**

لەبەر ئەوەی کە لە وەختی خۆیا ئێرانییەکان ئەهمیەتێکی وەهایان بە خوێندەواری کوردەکان نەدابوو، خوێندەواری بەرز و خاوەن شەهادە و گەواهی لە سابڵاغا نەبوو.

زۆربەی خوێندەوارەکانیان لە کلاسی ٣ ناونجی (موتەوەستە) تێپەر نەبوون.

بەڵام لەبەر ئەوەی کە چەند مامۆستایەکی باشیان لە عێراقەوە بە فیداکارانە بۆ هاتبوو، خوێندەواری حکومەتی قازی محەممەدیان خستبوە سەر بارێکی رێکوپێک.

معاوینی وەزیری معارف (دڵشاد رەسوڵی) ناوی باوک ئێرانی بوو کە لە وەختی خۆیا باوکی هاتبوو کۆیە. وە دڵشاس لە کۆیە خوێندنی مامۆستایەتی تەواو کردبوو. بەڵام زۆر زانا و خۆ پێشخەر بوو.

بە هۆی تێکەڵاویەتی سابلاغی و خزمایەتیەکەی ئەو مەنسەبەیان رەوا دیبوو. ئەگەر بە ئیستحقاوق بوایە بۆ ئەو مەنسەبە زۆر کەسی خوێندەوارتر هەبوو کە لە عێراقەوە هاتبوون. لەسابڵاغا ٨ مەدرەسەی کور و کچیان کردبۆوە. لە شارەکانی بۆکان، سندوس، نەغەدە ،شنۆ – دیسان خوێندنگایان دانابوو. نیسبەت بە ئیدارەجاتی حکومەتی قازی محەممەد – چینی خوێندەواران لە هەموو دایرەیەکی تر پێشکەوتوو تر بوون.

مەوجودی شاگردی مەدرەسەکانی سابڵاغ بە کور و کچەوە گەیشتبوو ١٦٠٠ شاگرد. کچانی مەدرەسەی زۆر بە سفوور و جلی ئاڵە فەرەنگە و سەربەستی ئەژیان. جلی مەدرەسەی کچ وکور لەسەر فۆرمێکی تازە بوو بە جلی رەشوکی و ناوخۆیەتیەوە. شاگردی کوڕ و کچ لە مەدرەسە وەرنەئەگیران.

کچ وکور چۆن یەک ئەچوونە ناو بەزم و ئاهەنگ و نومایشی مەدەنی و سیاسیانەوە. هەر وەکو کوڕ بە کچیش سەربەستی تەواو درابوو. کچان دەوری خوتبە و شێعر خوێندنەوە و نووسین و مقالاتیان، زۆر بە سەربەستی ئەگیرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قازی محەممەد حەزی بە سفوری و لینگ و قۆڵی رووتی ئەکرد. زۆر بە خەیالاتی بەرزی خوێندنی کچانەوە سەرگەرم بوو. (کودەلەی سەیدەلیان و مریەم خان – ناوانی مودیری مەدرەسەی کچان بوون.

هەتا جارێک متینگێک لە سابڵاغ گیرا. هەموو کجە مەدرەسەیەکانی سابڵاغی بە جلی سفورەوە هاتبوونە ناو ئەو متینگە. قازی محەممەد هەستایە سەر پێ و وتی: من کە خاوەنی ئەو هەموو کچە جوانە رووح پاکانە بم هەرگیز ناروخێم.

مەلامستەفای بارزانی لە زۆر جێگا تەنقیدی ئەو فەرمودەی قازی محەممەدی ئەکرد و ئەیوت: حەق وابوو قازی محەممەد وتبای من کە خاوەنی ئەو چوار ژنێراڵ و لەشکرە بم هەرگیز ناروخێم. چونکە رووخاندن بە هۆی چەک و پالەوانانی مەیدان پارێزگاری ئەکرێ نەک لینگ و قۆڵی رووتی کچان.

هەتا رۆژی ١٣٢٥/٤/١٠ ( ١ی تەمووزی ١٩٤٦) مودیری گۆڤاری (خواندنیها) لە تاران چاوی بە قازی محەممەد کەوتبوو لە بارەی خوێندنەوە لێی پرسیبوو، قازی محەممەد وڵامی دابۆوە کە لە نیازمانە دەبوستانی سابڵاغ  بکەم بە دەبیرەستان و دانیشکەدە.

لەو سەردەمەدا بۆ دابین کردنی پێداویستی منداڵی فەقیر و بۆ نەمانی جیاوازی و یەک دەست کردنی قوتابخانەکان، بڕیار درا ساڵی دوو دەست لیباسی یەک رەنگ بۆ قوتابییەکان دابین بکرێ. ئەحمەد قازی لە دەست نووسێک دا لەسەر لیباسی قوتابی لە کۆماری کوردستان دا دەنووسێ: ... هەموو قوتابییەکان لیباسی یەک دەستیان(یونیفورم)یان دەبەر دەکرد کە لە لایەن دەوڵەتەوە دەدرا بە قوتابی. فەقیر و دەوڵەمەند دیاری نەدەکرد. لیباسەکەش لە پارچەیەکی قایم وەک ئەوەی جلوبەرگی نیزامی لێ دەدروون دروست دەکرا.

بەڕێوەبەرانی کۆمار باش لە مەترسی و کاریگەری زیانباری نەخوێندەواری گەیشت بوون و چارەی ئەو دەردەیان لە خاشەبڕکردنی بی‌سەوادی دا دەدیت. بۆیە گرینگی و بایخ دان بە زانیاری و فیربوون و بارهێنانی کۆمەڵی شارەزا و پسپۆڕ، تەوەری سەرەکی گشت باس و بەرنامەکانی کۆمار بوو. لەو بارەوە پێویستە ئاماژە بە بەشێک لە نوتقی پێشەوا لە کاتی سەفەر بۆ ورمێ کە لە کوردستانی ژمارەی ٧٦ی ساڵی ١٣٢٥دا، هاتووە بکرێ: برایانی خۆشەویست: ئەمن لە ئێوەم دەوێ کە تەنیا شەڕکەر نەبن بەشکو چەکێکی وا هەڵبگرن کە بتوانن بەرامبەری دەگەڵ لەشکری میللەتانی تر بکەن، ئەو چەکەش (عیلم و زانستە)... ئەمن لە ئێوەم دەوێ کە بە زانست بەربەرەکانی دوژمنان بکەن. چەک، بێ عەقڵ دوژمنان نابڕێ. بەڵام داخەکەم ئاغاکان ئامادە نین کە لە میوەی خوێندن بەهرەوەر بن. ئەگەر بڵێم کورەکانتان، برایەکانتان بهێنن بیان‌نێرم بۆ جەبهە باکیان نییە، بەڵام ئەگەر بڵێم بۆ خوێندنیان دەنێرم رووی خۆیان گرژ دەکەن و عوزری ناموەجە دێننەوە، ئەگەر پێیان بڵێم مەدرەسەیەک لە دێیەکانتان بکەنەوە مات دەبن...

هەر لەوبارەوە رەحمانی قازی لە کتێبی "رۆژگاری ون بوو" دا دەنووسێ: ... دوای راگەیاندنی کۆماری کوردستان ، خوێندن بۆ هەمو کەس بو بە یاسا. دەبوایە هەمو کەس بە هەر تەمەنێکەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڕۆن بۆ قوتابخانە و دەرس بخوێنن...

ڕەحمانی قازی لە درێژەدا دەنووسێ: ڕۆژێک جەنابی پێشەوا دەڕوا بەرەو دەفتەری کارەکەی کە سۆفیەکی بە تەمەن پێشی پێ دەگرێ و دەڵێ قوربان کێشەیەکم هەیە و هەر بە تۆ چارەی دەکرێ. گرفتەکەم ئەوەیە کوڕەکەیان بە زۆری بردومە قوتابخانە و دە بەر خوێندیان ناوە. جەنابی پێشەوا بزەیەکی دێ و دەفەرموێ: سۆفی بڕۆ تەشتێک قوڕ بێنە با هەر دومان وەسەری کەین. منیش هەر وەک تۆ تاقە کوڕێکم هەیە و لێیان ئەستاندوم بۆ خوێندن. جا کوڕی تۆ باشە لێرەیە و شەوانە دەیبینی، کوڕی منیان ناردۆتە تەورێز و بە مانگ نایبینم.

بەستێنی کار و تێکۆشان بۆ قەرەبوو کردنەوەی دواکەوتوویی و پەرەدان بە خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی لە کۆمار دا بەرفراوان بوو و بایخی زۆری پێدرا و هەنگاوی زۆر گەورە هاویشتران. پۆستەکانی وەزیری فەرهەنگ و وەزیری تەبلیغات، هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان دامەزران. بە پێی کوردستانی ژمارە ١٠ لە ڕێکەوتی ١٣٢٤/١٠/٢٠ لە لایەن بەڕیوەبەرایەتی وەزاڕەتی فەرهەنگ ڕاگەیاندرا: ئەو مندالآنەی بێ کەسن و بە سواڵ مەشغوولن کۆ بکرێنەوە و لەناو میللەت دا دابەش بکرێن و ڕۆژانە لە مکتبی گەلاوێژ بخوێنن. بە ئەکسەریەتی ئارا پەسەند کرا ئاغایانی فروهەرو کەریمی خەڵکی بێ‌سەواد حازر کەن کە شەوانە لە مەکتەب دا بە زمانی کوردی بخوێنن.

لە درێژەی ئەو بابەتە دا عەبدوڵڵای قازی لە لاپەڕەی ٧٠ی کتێبی "وڵاتی من" دا ئاوا دەنووسێ:

لەنێو مندالآنی مەدرەسەدا، ئی وا بوو زۆر فەقیر بوو و بەپێخواسی دەچووە مەدرەسەی و بەرگ و پێڵاوی نەبوو. بۆیە دەستوور درا کە تەواوی مندالآنی مەدرەسە لیباسی یەک فورم و یەک ڕەنگیان هەبێ. ئەو لیباسانە لە قەوارەی جۆراوجۆردا دروابوون و زەلام و چکۆڵە، درا بە هەموو کەس. دیارە عیددەیەک لە دەوڵەمەندەکان گوتبویان منداڵی ئێمە ئەوانەیان پیوسیت نییە و نایانهەوێ. پێشەوا قەبوولی نەکردبوو گوتبووی نابێ فەرق و جیاوازی هەبێ و دەبێ هەمو یەک فۆرم و یەک لیباس بن. پێشەوا ئەو کات ١٠٠ تمەنی مانگانە یارمەتی لە دەوڵەتی کوردستان وەردەگرت. ئەویش تەواوی ئەو پوڵەی تەرخان کردبوو بۆ مەدرەسەکان و هەر مانگەی دەدرا بە قوتابخانەیەک.



قوتابخانەی گەلاوێژ

مەریەمی قازی لە وتووێژ لەگەڵ زارا مەنگوری، مامۆستای قوتابخانەی کچان لە مەهاباد، کە لە

ڕوژنامەی "پەیامی کوردستان" ژمارە ١٩ مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٨٤ (٣١ی دیسامبر ٢٠٠٥ ) بڵاوبوتەوە، لەسەر شێوی لێباسی کچان و ژنان دەنووسێ: ... هەوەڵێ کوردیمان لە بەر دەکرد و لیباسی عەجەمیمان وەلانابووە. جارێک لە مێتینگ بووین و لیباسی کوردی و لەسەر ویش چارشێومان بە سەرەوە بوو. ئەویش هەر ئەمن قسەم دەکرد و خەدیجەی باباسوری لە بن چارشێوەکەی لە قاقای پێکەنینی دەدا و حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی لە نێو جەماعەتەکە دا دەهات و دەچوو و فەرمووی ئەوە بە چی پێدەکەنی هێندە خەجەرەش؟ ئەویش کوتی هیچ. حەمە حوسێن خان فەرموویان: با ئەو مێتینگە تەواو بێ بە سەری پێشەوای لیباسی رەسمیتان بۆ دادەنێمەوە و ئیدی ناتوانن لە پشت ئەو چارشێوە ئاوا بیکەنە بەزمی خوتان و گوێ نەدەنە هیچ! ئەمەش گوتمان وەڵلا دەنا لە خودامان دەوێ. هەوەڵێ پێمانوابوو جەفەنگە بەڵام سبینێ ناردیان لە دوومان بە ماشین بردیانین بو ئەوەێ لە ئەنباری سەربازخانە رەنگی لیباسی رەسمی قوتابخانە هەڵبژێرین. ئێمەش هەڵمان بژارد و بۆ هەموو ماموستاکان بۆیان داین بە قادری سوڵتانی کە خەیاتێکی زۆر لێهاتوو بوو و لیباسی ئەفسەری ژنانەیان بو دروین کە زور رێکوپێک و جوان بوو و ئەوەش دەستووری حەمە حوسێن خان بوو. کۆتێک و دامەنێک بوو کە لە سەر کۆتەکە دوو ریزی دوگمە لێدروابوو و پڕ بە بەرمان بوو.

جیا لە قوتابخانە بە هۆی رۆژنامەی کوردستانیش بۆ فێربوونی زمانی کوردی هەوڵ درا و لە ژمارەی ٣٢ ی رۆژنامەی کوردستان دا ئاماژە بە بڕیارێکی گرینگ کراوە کە بریتی بوو لە چاپ کردنی وانەی کوردی لە هەر ژمارەیەکی رۆژنامە دا. ئەو بابەتە بە ناوی مزگێنی بە مشێوەیە بە ئاگاداری خەڵک گەیندرا:

مزگینی !!!

لە سەر ئەمری حەزرەتی پێشەوای کوردستان لە ژمارەی ٣٢ ی رۆژنامەی کوردستان را دەرسی زمانی کوردی بۆ ئەو کەسانەی کە تازە دەست بە خوێندن دەکەن (پۆلی ئەوەڵ) چاپ دەکرێ. پێویستە برایان و خوشکان کە دەیانەوێ کوردی نووسین و خوێندنەوە فێر بن لەم نیعمەتە گەورە ئیستیفادە بکەن.

ئەو وانەیە لە چوارچێوەیەکی بچووک دا بوو و ئەو بەشە بە دوو پاتە کردنەوەی پیتەکان لە چەند وشەدا، کوردی نووسین و خوێندنی فێری بێسەوادان دەکرا. ئەو دەرسانە هەم بە شێوەی ناساندنی پیتەکان هەم بە شێوەی رستە بوو. وانەکان بە بابەتی وردە حەکایەت رازاندرابوونەوە. یەکێک لەو داستانانە کە لە چەند ژمارەی رۆژنامەدا هاتووە حەکایەتی رێوییەکە کە خەریکی فێڵییە، بەڵام بۆی سەرناگرێ و کلکی لەسەر دادەنێ. لە کوردستانی ژمارە ٦٥دا لە ژێر سەردێڕی دەرسی زمانی کوردی دا هاتووە:

رێوی چوو لای بزن
وتی بزن شیر دا بۆ داپیر
داپیر کلکە کولێم بداتەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بزن وتی بچۆ بۆ لای دار
گەڵام بۆ بێنە ئینجا شیرت دەدەمێ
ڕێوی چووە لای دار
ووتی دار گەڵا دا بۆ بزن
بزن شیر دا بۆ داپیرە ...

ئەو چیرۆکە درێژەی هەیە و ئاخرین بەشی داستانەکە کە لە کوردستانی ژمارە٦٧ دایە بەمجورەیە:

ڕێوی چووە سەر خەرمانێک
وتی خەرمان بەرەکەت
وتیان خێروبەرەکەت
گەنمیان دایە بردی بۆ مریشک
مریشک هێلکەی دایە بردی بۆ وەستا
وەستا کۆشی دایە بۆ کیژ
کیژ چۆپی کرد لە کانی
کانی ئاوی دا بۆ دار
دار گەڵای دا بۆ بزن
بزن شیری دا بۆ داپیرە
داپیرە کلکەکۆڵی دایەوە
ڕێوی کلکەکۆڵی وەرگرتەوە
بە قیل پێکییەوە نووسان
کە چووە ناو هاوڕێیەکانی
هەموو پێیان زانی
دەیانوت بڕۆ بۆنی قیلت لێدێ
تۆ پیسیت ئیتر هاوڕێیت ناکەین
لە نێو خۆیان دەریان کرد

بڕیاری فێربوونی دەرسی کوردی لە سەر باشتر بوونی قوتابیان کاریگەری خێرای هەبوو لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارەی٣٤دا، دەستەیەک قوتابی ئاوا دەنووسن:

**ڕۆژنامەی کوردستان**

ئێمە قوتابیانی پۆلی ٥ و ٦ مەدرەسەی کوردستان لە خوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامە بەرزەی کە چاومان بە لاپەڕەی چواری دەرسی یەکەم زمانی کوردی کەوت زۆر زۆر خۆشحاڵ و کەیف خۆش بووین. لەبەر ئەوەی کە تەواوی نەخویندەواران لەماوەیەکی کەمدا بە هۆی ئەو دەرسانە کە مورەتەبەن لە ڕۆژنامەدا بڵاو دەکرێتەوە، دەتوانن زوو فیری خوێندن بن. ئێمە لە تەواوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاربەدەستان و کارگەرانی رۆژنامەی کوردستان تەشەکور و سپاس دەکەین. لە لایەن قوتابیانی پۆلی ٥ و ٦ مەدرەسەی کوردستان. ١ - سەید عەبدولقادر گەیلانی ٢- خەلیل سەدیقی ٣ - ئیسماعیلی ئەیوبی ٤ - عەبدوڵا مەولەوی.

## خوێندن بۆ نەتەوەکانی دیکە

بابەتی خوێندن تەنیا خەڵکی کوردی نەگرتەوە بەڵکوو بۆ نەتەوەکانی دیکەش هەوڵ درا تا لەو نیعمەتە بێ بەری نەبن و لە ژێر بەڕێوبەرایەتی ئاغای داودزادە خوێندنگەیەک بۆ یەهوودییەکانی شاری مهاباد کراوە تا بە زمانی خۆیان وانە بخوێنن. مەناف کەریمی وەزیری پەروەردەی کۆماری کوردستان لەوبارەوە لە وتووێژ لەگەڵ گۆڤاری روانگە دا دەڵێ:

لە مهاباد نزیکەی ٦٠ بنەماڵەی جولەکە دەژیان و خەریکی کار و کاسبی وەک زێڕینگەری، ئارەق فرۆشی، وردەواڵە فرۆشی، عەتتاری و پارچە فرۆشی بوون. بە ڕاگەیاندنی حکوومەتی کۆماری کوردستان ئەوانیش وەکوو خەڵکی مهاباد لە جەژن و شادمانی دا بەشداریان کرد و وەزارەتی فەرهەنگی کۆمار هەر بەم جۆرەی کە خەریکی ڕێکوپێک کردنی مەدرەسەکان و ئامادە کردنی کتێبی شاگردان و کارەکانی دیکەی فەرهەنگی بوو، جوولەکە هاوشارییەکانیشی لەبیر نەکرد و لە ئاگادارییەک دا پێمان ڕاگەیاندن ئەوانیش وەک برا کوردەکان دەتوانن خوێندنگەی تایبەتی خۆیان هەبێ و دەرس خوێندن بە زمانی خۆیان ئازادە و مەدرەسەکانی ئەوانیش وەکوو خوێندنگەکانی کوردستان یارمەتی پێویستیان پێ دەکرێت و خوێندنگەیەکمان کردەوە کە ئاغای داودزادە کە "بۆخۆی جوولەکە بوو" بەڕێوەی دەبرد و ئەوانیش وەکوو کۆمەڵی یەهوودی مهاباد بە شادی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان جێژنێکی زۆر جوانیان گێڕا کە شەو و ڕۆژێک بەردەوام بوو.

بە پێی کوردستانی ژمارە ٧٥ لەگەڵ ئەوە کە کەلیمییەکان لە مەهاباد قوتابخانەیان هەبوو، قوتابخانەیەکی تێکەڵی کەلیمی و کورد داندرا.

ئاغای داودزادە بوو بە بەرپرسی قوتابخانە و هەوڵی دا تا بە زبانی عبری کتێبی دەرسی پەیدا بکا. دیارە پێویستە ئەوەش بگوترێ کە بە گوێرەی لاپەڕەی ٩٨ی "پیشەوای بیداری" پەیوەندی ماڵم (ڕێبەری ئایینی جووەکان) لە گەڵ پێشەوا لە ڕادەیەکی بەرز دابوو، پێشەوای کەلیمێیەکان هەروەخت پێیخۆش با دەیتوانی چاوی بە پێشەوا قازی بکەوێ و ئەگەر گیروگرفتێک هەبا چارەسەری کردبا.

## دامەزرانی قوتابخانە

بە دوای جێگیر بوونی هێزەکانی رەزاخان لە مەهاباد، سەیفی قازی و قازی محەممەد هەوڵیان دا تا بە کاری فەرهەنگی خزمەت بە وڵات بکەن. بە پێی لاپەڕەی ٦٧ی کتێبی بزوتنەوەی ... لە نووسینی رەحیمی قازی، سەیف لە ساڵی ١٩٢٢دا یەکەمین قوتابخانەی رەسمی کوڕانە بە ناوی سەعادەت کردەوە و قازی محەممەد، وانەکانی مێژوو و زمانی دەگوتەوە. سەیفی تا ساڵی ١٩٢٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرۆکی دایرەی فەرهەنگی مەهاباد بوو و لەو کاتەڕا تا ساڵی ١٩٣١ قازی محەممەد بوو بە سەرۆکی دایرەی فەرهەنگ و ٥ قوتابخانەی دیکەی دامەزراند، کە یەکیان کچانە بوو بە ناوی "پرماس" کە یەکەم قوتابخانەی کچانە بوو لە سەرانسەری کوردستان دا.

ئەو کارەی قازی محەممەد لە لایەن کۆنەپەرەستانەوە دژایەتی زۆری کرا و بە دژایەتی کردن لەگەڵ دین و ئایین بە ئەژمار هات و کەس کچی خۆی بۆ خویندن نەنارد و بە ناچار قازی محەمەد دوو خوشک و چەند خزمی خۆی نارده قوتابخانه.

هەڵمەتی خوێندن لە کۆماری کوردستان دا رواڵەتی گشتی و بە خۆیەوە گرت و هەر ناوەندەی لە لایەک را، بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە نیشتمانییە بەستۆوە گرت. بە پێی رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٧٩ یەکێتی جەوانانی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەندامانی بێسەواد، سێ کلاسی شەوانەی خوێندنی زمانی رووسی،  دەرسی کۆمەڵایەتی و ئابووری کردەوە.

لەگەڵ پەرەستاندنی خوێندن ناوی قوتابخانەکانیش بوون بە کوردی. دەرسخانەی شاپوور لە بۆکان و پەهلەوی لە مەهاباد کران بە دەرسخانەی کۆڕانی پێشەوای کوردستان و کرمانجی. جێا لەوانەش قوتابخانەکانی گەلاوێژ و پەروین(پەروانە) و سەعادەت و خوسرەوی لە مەهاباد هەبوون. ئەو قوتابخانانە هەر تەرخان نەکرابوون بۆ قوتابییەکان، بەڵکوو کچان و ژنانی نەخوێندەوار و شەوانەش گەورە سالان، لێیان دەخوێند و پاشنیوەرۆیانیش بۆ وتار و کۆبوونەوە و نوتق کەڵکیان لێوەردەگیرا.

گرینگی دان بە خوێندن و دامەزرانی قوتانخانە، رەوتێکی گشتگیر و هەمە لایەنە بوو و هەر منداڵانی نەدەگرتەوە بەڵکوو گەورە ساڵ و بە تەمەن چووانی ژن و پیاویشی دەگرتەوە و لەو سەردەمەدا، لە کۆمەڵگایەک دا کە ژن هیچ مافێکی نەبوو، رێگەی بۆ خۆش کرا تا وەک پیاو لە نیعمەتی خوێندن و نووسین بەهرە وەرگرێ. لەمبارەوە لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٣٢دا بەمشێوەیە هاتووە:

مەدرەسەی ئەکابیری یایان

بە ئەمری پێشەوای بەرزی کوردستان لە هەوەڵی ساڵی تازە ١٣٢٥/١/١ مەدرەسەی ئەکابیری یایان لە جێگای مەدرەسەی کچان دامەزراوە و تا ئێستا لە حدوودی چل کەس لە کچان و ژنان بۆ خوێندن لەو مەدرەسە دا نێونووسیان کردوە و هەموو رۆژێ ساتی ٣ بۆ رۆژئاوا لە جێگای نێوبراو کۆ دەبنەوە و خەریکی خوێندن دەبن. لەسەر هەموو کچ و ژنێکی نەخوێندەوار پێویستە لەو نیعمتە گەورە ئیستیفادە بکەن و بۆ خویندن و فێربوونی زانست لەو مەدرەسەدا لە غایەتی شەوق و رەغبت دا حازر بن.

ئاموزگاری مەدرسەی کچان: کبرای عەزیمی.

رۆژنامەی کوردستای ژمارە ٢٩  باس لە شێوەی هەڵسوکەوتی توند و پێداگری ئیجباری خوێندن دەکا و لە ئاگادارییەک دا دەنووسێ:

... بنا بە ئەمری موبارەکی پێشەوای بەرز و قەراری کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستان لە هەوەڵی ساڵی تازە ١٣٢٥/١/١ چەند پۆل لە مەدرەسەی کوردستان شەوانە بۆ خویندکارەکان کراوەتەوە. بە هۆی ئەو نووسراوە پێوڕادەگەیەندرێت کە شەوانە موڕەتەب حازر بن تا لە مدەیەکی کەم دا زمانی دایکی خۆو فێر بن. هیوادارم کە لە بوونی ئەو نێعمەتە پێش دەستی بکەن و ئەگەر خودای نەخواستە بە پێچەوانەی ئەو دەستورە رەفتار بکرێت، فەهەنگ مەجبوور دەبێ کە بە وەسیلەی شارەوانی نەخوێندەواران بۆ خوێندن جەلب کات.

پشکنی فەرهەنگی کوردستان- عەلی خوسرەوی

لە کۆماری کوردستان دا هەوڵدرا تا لە شارەکانی دیکەش خوێندنگە دابمەزرێ و یەکێک لەوانە خوێندنگەی کچان لە شاری شنۆ بوو کە بە هۆی حەسەن کازمی بەڕێوە دەچوو. بە پێی رۆژنامەی ژمارە ٢٤ قوتابخانەی کچان لە شاری شنۆ بە هۆی قازی محەممەد خزری شنۆ، سەدری کومیتەی حیزبی دێموکرات دامەزرا. هەروەها دوو خوێندنگەش لە نەغەدە و بۆکان کرانەوە.

## وانەکانی قوتابخانە

لە کۆماری کوردستان دا گرینگییەکی تایبەتی درا بە وانە و شێوەی خوێندن. لە سەرەتادا هەوڵ درا زۆربەی وانەکانی خوێندن بە زمانی کوردی بن و ئەگەر مادەیەکی دەرسی بە کوردی وەگیر نەکەوتبا، بە خیرایی کار بۆ ئامادەکردنی دەکرا.

برایمی نادری لە کوردستانی ژمارە ٨٧ دا زور بە وردی و بە دەروون ناسی پێشکەوتووانە، مامۆستای قوتابخانەکانی بۆ هەلسوکەوتی جوان لە گەڵ قوتابییەکان، هان دەدا و دەنووسێ: ... منداڵەکان بە ئەخلاقێکی شایستەوە تەربیەتێکی چاک بڕازێننەوە و نیشتیمانی خۆیان خۆش بوێت و میللەتپەرەست بن، دوودڵی و نفاق و کینەوەرزی لەگەڵ یەکتر بە خراپ و نارێک بزانن...

برایمی نادری ئامۆژگاری دەکا کە رادەی خوێندن و نووسین بۆ قوتابییەکان بە شێوەی پێویست بێ، بابەتەکان سادە بن، وانەکان لە جێی خۆیان دابن  و وانەبێ مێشکی قوتابییەکان تێک بدا. ناوبراو دەڵێ دەبێ قوتابییەکان فێر بکرێن پاک و خاوێن بن، تەندوروستی خۆیان بپارێزن. تەنانەت شێوەی دانیشتنی قوتابی و رادەی فاسیلەی نێوان چاو و کتێب و رووناکایی ژوور کە لە چ لایەک را بکەوێتە سەر کتێبەکە و هەروەها دەنگ و لەحن و بەیانی وشەکان، دەخاتە بەرچاوی مامۆستاکان.

لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٥ دا ئاغای عەبدولڕەحمانی تەیبولموفتی لە نامەیەک دا بۆ بەرپرسی رۆژنامەی کوردستان بە شێوەیەکی زۆر زانستی دەڵێ کە دەبێ راوێژ و تەلەفوزی دەنگ و پیت و ئەلف و بێ، بۆ نووسینی کوردی وەبەرچاو بگیرێ. ناوبرا دەڵێ بە هۆی ئەوە زۆر پیت لە عەڕەبی دا هەیە(ذ ظ ض ط ع غ ح ص ث) بەڵام لە کوردی دانییە و زۆر پیتیش لە کوردی دا هەیە (چ ژ گ پ) لە عەرەبی دانییە، بۆیە پیتی ئەلف و بێ عەڕەبی بۆنووسینی کوردی بە باش نازانێ. ناوبراو دەڵی لە کوردی دا سەر و ژێر و بۆر و زەمە نییە و ئەوانە بە وشە دەنووسرێن و بەو ئاکامە دەگا کە کوردی بە لاتینی بنوسرێ باشترە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**وانەی ریازیات (حیساب و هەندەسە)**

لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ۹۲دا برایم نادری ئاماژە بە پێویست بوونی گوتنی دەرسی ریازیات بۆ مەدرەسە سەرەتاییەکان دەکا. تەنانەت لەو ژمارەیەدا شێوە و چۆنیەتی دیقەت کردنی خوێندنی کتێب باس دەکا.

**وانەی رووسی**

یەکێک لە وانە گرینگەکانی سەردەمی کۆمار، دیاری کردنی وانەی رووسی بوو. لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ۳٤دا، لە سەر دامەزرانی کلاسی ئەکابیری شەوانە لە ئاگادارییەک دا ئاوا نووسراوە:

**ئاگاداری**

لە سەر ئەمری موبارەکی پێشەوای بەرزی کوردستان، لە بروارى شەوی ۲٥/۱۰/۱٦ ، ٥ پۆلی شەوانە بۆ ئەکابر و خوێندەواران لە مەدرەسەی کوردستان کراوەتەوە کە شەوانە لە ساتی ۸ تا ۱۰(۱٥۰) نەفەر لە ژێر تەعلیماتی ماموٚستایانی بە تەجروبە مەشغوڵ خوێندنی زمانی کوردی و رووسی بن. هێوادارین کە ئەهالی موحتەرەمیش لەو نیعمەتەدا بێبەش نەبن و دە هاتنی خۆیان دا پێشقەدەمی بفەرموون.

مودیری مەدرەسەی کوردستان موبەلغی

هەروەها لە کوردستانی ژمارە۷۱ دا، موژدە بۆ دامەزراندنی دەرسی رووسی لە قوتابخانەی گەلاوێژ لە کاتی شەو دا دراوە و داوا لە خەڵک کراوە کە ئەگەر پێیانخۆش بێ دەتوانن بەشداری بکەن.

**وانەی وەرزیش**

لە کۆماری کوردستان دا، بابەتێکی دیکە کە وەک وانەیەکی خوێندن گرینگی پێدرا وەرزش بوو و هەوڵێکی زۆر درا تا قوتابیان گرینگی بدەن بە بواری لەشساغی و یاری و وەرزش کردن.

لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە٦٥ دا، لە لایەن رەئیسی فەرهەنگی مەهاباد ئاگادارییەک بۆ خوێندن و وەرزشی ئیجباری بە چەشنی خوارەوە بڵاو کراوەتەوە:

ئاگاداری

بە عمومی ئەولیای شاگردانی مەدرەسەکان مەرکەزی رادەگەیەندری کە بە مەحزی دیتنی ئەو ئاگەهیە منداڵی خۆی مەجبوور و وادار بکا کە لە مەدرەسە حازر و موڕەتەب مەشغوڵی خوێندن و وەرزش بێت وەئیلا بە وەسیلەی پاسەوان بە ئیجباری دەیانهێنینەوە و موجازاتیش دەکرێن

لە لایەن رەئیسی فەرهەنگ مەهاباد- سەدەقی

هەر لەو چوارچیوەیەدا لە کوردستانی ژمارە ۷۱ دا لە ئاگادارییەک دا بە مەبەستی پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ساخ و سڵامەت ئاوا هاتووە:

ئاگاداری

بە عمووم ئاغایان شاگردانی مەدارس لە کلاسی دووهەم را هەتا کلاسی شەش رادەگەیندرێت کە لە رۆژی هەوەڵی رەمەزانێوە لە سەر دەستووری کەتبی حەزرەتی پێشەوای موعەزەم کوردستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له سەعات دەی سبەینێوە هەتا یەک سەعات پاش نوێژ، مەدرەسە دایر دەبێ هەموویان له مەدرەسە حازر و سەری زەنگ مورەتەب مەشغووڵی خوێندن و وەرزش بن و هەرکەس تەمەڕودی کرد ئیدارە بە وەسیلەی پاسەبان حازریان دەکا و جەزایان لێدەستێنێ و ئەولیای وانیش جەریمە دەکرێ.

معاونی فەرهەنگ کوردستان دڵشاد رەسووڵی

ئیدارەی فەرهەنگی حکومەت  کۆمار بۆ رەخساندنی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو هەوڵی دا تا کلوبی وەرزشی بۆ لاوان پێک بێنێ. لەوبارەوە رۆژنامەی "کوردستان" ی ژمارەی ٧٤ له ژێر سەردێڕی بۆ زانین دەنووسێ:

بۆ زانین

ئیدارەی فەرهەنگی کوردستان بۆ تەربییەتی بەدەنی لاوانی وڵات کلوبێکی وەرزشی کردوەتەوە. گەنجانێکی کە مایلن لە وەرزشی بەدەنی دا وەپێش بکەون و لەشێکی ساغیان هەبێت خۆیان بە ئاغای ئەحمەدی مەنگوڕی مەعەرەفی بفەرموون تا نێویان بنووسرێت و بە ئەعزای کلوبی وەرزشی بناسرێن.

معاونی رەئیس فەرهەنگ کوردستان.

دڵشاد رەسووڵی

## مامۆستای قوتابخانەکان

مامۆستای قوتابخانەکانی سەردەمی کۆمار، یان خەڵکی خۆجێی، یان ئاوارەکانی کوردستانی باشوور بوون کە بەوپەڕی دڵسۆزی دەرسیان دەگوت. محەممەدی شاپەسەند لە لاپەڕەی ٦ی کتێبی بیروەرییەکانی دا باسی مامۆستایانی قوتابخانەی سەعادەت دەکا و دەڵێ کە بریتی بوون لە مەلا قادر مودەڕەیسی، حەسەنی مودەڕەیسی، میرزا ئیبراهیم قازی، مامۆستا فازیلی، مامۆستا محەممەدی ئەسحابی، مامۆستا عەلی مەحموودی، مامۆستا قاسم قادری، مامۆستا موبەلغی.

میرزا مەناف کەریمی لە یادداشتەکانی دا کە لە لاپەرەی ١٥٦ی "پیشوای بیداری" سەعیدی همایون دا هاتووە، باس لە گیروگرفی کارەکانی خۆی دەکا و دەڵێ کە کاتێک ئیدارە مەعارفی کوردستانی بە دەستەوە گرت بە سەر وێرانەیەک دا کەوت، لەوە نیگەران بوو کە نەتوانێ کارەکەی راپەڕێنێ. ئەو باسی مامۆستا عوسمان دانش و محەممەد وردی و عەبدولقادر ئەحمەد و جەمیل بەهائەدین دەکا کە بە دڵخوازی خۆیان بۆ گوتنی وانەکان لە قوتابخانەکان دا هاتنە مەهاباد. میرزا مەناف دەڵێ بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکەی، لە ماوەکی کەم دا کارەکان بە باشی راپەڕێندران و لە ماوەی یەک مانگ دا، قوتابییەکان تا رادەیەک فێری کوردی نووسین و خوێندنەوە بوون. میرزا مەناف لە درێژەدا باسی لێهاتوویی و کارامەیی برایمی نادری خەڵکی کرماشان دەکا، کە لیسانسی ئەدەبیات هەبوو و بە جێگری فەرهەنگ دیاری کرا و لەوپەڕی توانایی و بە دڵسۆزییەوە کارەکانی راپەڕاند.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەحمەد قازی کە قوتابی سەردەمی کۆمار بوو لە دەستنووسێک دا لەسەر مامۆستایانی کۆمار دەنووسێ:

هەموو مامۆستاکانمان کورد بوون. لەوانە ئەوەی لە بیرم مابن بەرێز عوسمان دانیش، بەرێز تۆفیق وردی شاعێر و مامۆستا کەریم زەند لە کوردەکانی عێراق بوون کە دەگەڵ بارزانی نەمر هاتبوونە ئێران...

بێجگە لەو بەڕیزانە خوالێخۆش بوو عەلی مەحموودی، فارووقی مەحموودی، ئەحمەد ئاکۆیی و مەلاحوسێنی گلۆلانی و ئەحمەدی مەنگوری و سەیفولا نانەوازادە و ... بوون کە هەریەکە و بابەتێکیان پێ فێر دەکردین.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٤٦ ی بەشی یەکی کتێبەکەی دا باسی مامۆستایان دەکا و دەنووسێ:

قازی محەممەد ریزێکی تەواوی لە مامۆستایان نابوو و لە خەزێنەی دەوڵەتی یارمەتی باش ئەدران.

مووچەی موعەلیم و موعەلیمات لە ١٠٠ تمەنەوە هەبوو هەتا ٢٥٠ تمەن کە ئەم مووچە بەرامبەر بەم رۆژە زۆر بوو.

لە مەدرەسەکان هەر کتێبی کوردی عێراقی ئەخوێنرا. چونکە جارێ پێڕا نەگەیشتبوون کە کتێب چاپ بکەن.

وشەو پیتی کوردیان لە رۆژنامەکانا بڵاوئەکردەوە بۆ ئەو خوێندەوارانەی کە ئەیانویست فێری نووسینی کوردی بن.

جلی مامۆستایەکان وەکو جلی ئەفسەری وابوو. ساڵیانە پارەی جلی مامۆستایانیان لە گەنجینە تەرخان ئەکرا.

محمد وێردی – عەبدولقادر- قانیع – عوسمان دانیش – مەحمود کەریم زەند ناوان لە عێراقەوە چووبوون بۆ مەهاباد بۆ دەرس وتنەوە.

ئەو مامۆستایانە کەسانی بە توانا و شارەزا بوون و محەممەد شاپەسەند لە لاپەڕە ٦ی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە ئەوانە ئەوەند بە توانابوون و قوتابییەکانیان وا بارهێنابوو کە لە پۆلی ٥ و ٦ دا، شێعرە فەلسەفییەکانی خەیام و حافز و سەعدی بەلایانەوە ئاسایی بێ.

سەرەڕای ئەوانە بۆ بردنە سەری پلەی زانیاری مامۆستایان، دەورەی تایبەتیان بۆ داندرا. لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٥ دا، باسی دەورەیەکی ٢ مانگە بۆ مامۆستایانی قوتابخانەکان دەکا کە ئەگەر لە ئیمتحانەکان سەرکەوتوو بوون دەرەجەیان دەدرێتێ. وانەکانی ئەو دەورەیە بەمچەشنە بوو:

١ – شوعبەی- ریازیات- حیساب- هەندەسە – جەبر.

٢ – ئەدەبیات- شێعر و ئەدەبیاتی کوردی و فارسی- تاریخ و جوغرافیا.

٣ – تەبیعیات- فیزیک- شیمی- زەمینشناسی- گیاشناسیی- حەیوانشناسی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤ – ئیجتماعیات- تەربییەت- وەرزش- گۆرانی کوردی- بێهداشت

پێویستە ئەوەش بگوترێ کە مامۆستایانی قوتابخانەکان هەم لە لایەن کۆمەڵگا و هەم لە لایەن قوتابیان ڕێزیان لێدەگیرا و حورمەتیان دەپارێزترا. لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٩دا، لەوبارەوە هاتووە:

سوپاس

ئاغای محەمەد وردی - عەبدولقادر ئەحمەد – عوسمان دانیش – جەمیل بەهائەدین. ئیدارەی فەرهەنگ کوردستان لە تەرزی ئەخلاق و رەفتار و سەعی و کوششی تۆ کە لە مودەتی خزمەت لە فەرهەنگ دا کردت سپاست لێ دەکا هومێد وایە جدییەتی تۆ ڕۆژ بە ڕۆژ بۆ پێش کەوتنی شاگردان و تەڕەقی فەرهەنگی کوردستان زیاتر بێ.

لە لایەن رەئیس فەرەهەنگی مەهاباد - سدقی

توانایی مامۆستاکان کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر فێربوونی قوتابییەکان دانا و چەند لاو لە قوتابیانی قوتابخانەی گەلاوێژ لە کوردستانی ژمارە ٧١ دا، لە ئاگادارییەکدا بۆ ڕۆژنامەی کوردستان، ڕایانگەیاند کە ٣ مانگ بەر لە ئێستا هیچیان نەدەزانی بەڵام لەو ماوەیەدا زۆر چاک دەتوانن بە زمانی کوردی بنووسن.

لە قوتابخانەکانی کۆمار دا، هەموو لایەنی ڕەوانی و دەرونی قوتابی وەبەرچاو دەگیرا و ڕێز بۆ کەسایەتییان دادەندرا. ئەحمەدی قازی لە سەر باری ڕەوانی قوتابی دەنووسێ:

حاڵەتی ترس لە مەدرەسە schoolhobia لە هیچ قوتابییەک نەدەبیندرا. هەموومان کلاسەکەمان پێخۆش بوو. مامۆستاکان بە گیانێکی کوردانەی پڕ لە دڵسۆزی دەرس و مەشقیان دەدایێ.

دیارە هەم مامۆستا و هەم قوتابیانی کوردستان لەوپەڕی بێدەرەتانی و فەقیری دابوون و بێشک وەزعێکی ئەوتۆ کاریگەری زۆری لەسەر پەیوەندی مامۆستا و قوتابی دا هەبوو و جارجار نێوان و مامۆستا و قوتابی هاڵۆزی و ناکۆکی لێ پەیدا دەبوو. ڕەحمانی قازی لە کتێبی "ڕۆژگاری ون بوو" دا باسی مان گرتنی قوتابییان بە دژی مامۆستا مەجدی دەکا و دەڵێ کە سکاڵاکە گەیشتە لای پێشەوا و ئەو بەڕێوانی کرد و کێشەکەی چارەسەر کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## وشەی ڕەسەنی ئەلف و بێی کوردی

گرینگترین کاری حکومەتی خودموختار و کۆماری کوردستان لە بواری زمانەوانی، جێگیر کردنی پیت و وشەی ڕەسەنی کوردی بوو. ئەو کارە بە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ ئەسپێردرا و ڕێگا نەدرا هەر کەس لە گۆترە وشە داتاشێ. لەوبارەوە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٥دا لە ئاگادارییەک دا هاتووە: ئاگاداری

بە تەواوی زانایانی بەرزی کورد ڕادەگەیەندرێت بۆ وەکارهێنانی وشەی کوردی تا ئەو ڕۆ وەکار نەهێندراوە دەبێ لە پێشدا بە هەیئەتی فەرهەنگی پێشنەهاد بکرێ و لەوێدا تەسویب و ئیجازەی وەکار هێنانی بدرێ و کەس حەقی نییە وشە ڕۆنێ و دەکارێ بێنێ.

دانان و جێگیرکردنی وشەی ڕەسەنی کوردی، بەشی نیزامیشی گرتەوە و بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٧ و ١٩بە ئەمری پێشەوا لیستێکی گەورە لە ناوی شیاوی کوردی بە جێگای ناوی فارسی و عەڕەبی بۆ هێزی پێشمەرگە دیاری کرا. دیارە جارجار دەستەی بەڕێوەبەری وشەی شیاو و گونجاو لە دانان و جێگیرکردنی وشەی ڕەسەن دەمانەوە. لەوبارەوە قسەیەکی خۆش هەیە. بۆ وێنە، هەیئەت، بۆ ناوی خانم، وشەی "یایی" یان دۆزێوە بەڵام بۆ وشەی ئاغا، دەمێننەوە و نازانن چ بکەن. حاجی باییزائاغای ئێلخانی دەڵێ:

عجالەتەن بە ئێمەش بڵێن یایی تا ناوێکمان بۆ دەبیننەوە.

لە سەر کەڵک وەرگرتن لە کلیمە و لەقەب و نازناو، هەوڵ درا فەرهەنگ و کولتووری وڵات لەبەرچاو بگیردرێ و نەهێڵن بێڕێزی بە کەس بکرێ کە زیان بە یەکگرتوویی و یەکریزی خەڵک بگەیەنێ. لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٦ دا سەید قادری سیادەت لە سەر پێشنیارێک ئاغای وەتەمیشی دەنووسێ:

(خەیرلئمور ئەوسەتەها)

برای خۆشەویست قاسمی وەتەمیشی کە پێشنەهادی کردوە کەلیماتی زیادی وەکوو سۆفی و حاجی و شێخ و مەلا لە سەر نێوان هەڵگیرێ پێموایە لەم قسەدا زۆر توند ڕوویشتووە و نابێ ئەم مەوزوعە وا سەخت بگیرێ بەڵکوو من دەڵێم: (خەیرلئمور ئەوسەتەها). ئەو کەسانەی کە ئیستحقاقی کەلیماتی شێخ و مەلا و ... یان هەیە دەبێ لەقەب و نێویان ڕاگیرێ و هەمیشە بە ئیحتڕامێکی زۆرەوە نێو ببرێن. بەڵام دەکار هێنانی ئەم کەلیماتانە و هێندێ کەلیماتی دی کە لە دین و عورف دا ئەساسنامەیەکیان نییە و فەقەت بۆ تەمەلوق و چاوپلووسی دەکار دەهێندرێ، دەبێ بە کوللی لە نێوان هەڵگیرێن.

سەید قادر سیادەت

لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٧ دا، مامۆستا هێمن لە نامەیەکی سەرئاوڵا بۆ یەکێک لە دۆستەکانی بە ناوی "مەجدی" زۆر بە توندی هێرش دەکاتە سەری و ئامۆژگاری دەکا کە بۆ لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٥ دا بابەتەکەی تێکەڵ پێکەڵ کردوە و بە کوردی پەتی نەنووسیوە.

لە سەر کەڵک وەرگرتن زاراوەی ڕەسەنی کوردی بۆ ستاندارد و یەک دەست کردنی زبانی کوردی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەلێک بابەتی گرینگ و ڕێنموونی شێوەی نووسینی کوردی لە ژمارەکانی کوردستان دا بەدی دەکرێ. یەکێک لەو وتارانەدا بە ناوی برێک لە دەستووری کوردی نووسین کە لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤٢ دا، هاتووە و بە قەڵەمی م.م. مەنگوڕییە هاتووە کە دەنووسێ: ... (میزەرسون) لە کتابەکەی خۆیان گوتوویەتی راوێژی موکوریانی لە هەموو وێنە راوێژکی کوردی بۆ نووسین باشتر دەست ئەدا. بەڵام خۆ راوێژی موکوریانی تەنها هەر ناوچەی (مەحاڵ و شارویران) نییە بەڵکوو موکوریان عیبارەتە لە ناوچەی ساباڵغ و سەردەشت و سەقز و بانە و میاندواو و لێواری سولیمانیە و هەلێر و هێندێک لە لیوای کەرکوک...

وشەی کوردی بە (ئەلفبای) زەردەشت پەروەردە کراوە و هەر وشەیەکی کە حەرفی( ث . ح . ف. ص. ض. ط . ع . ذ) تێدابێ موتلەقەن ئەم کەلیمەیە وشەی کوردی نییە و کەلیمەی عەڕبیە.

مەنگوڕی لە درێژەدا دەنووسێ: ... کوردی نووسین ئەبێ شێوەی بچیتەوە سەر شێوەی (چاپ) نابێ شێوەی بچێتە سەرشێوەی شکستەی فارس. هێندێک لە برا خوێندەوارە فارسی زانەکانم ئەگەر پێیان بڵێی نووسینی کوردی ئاوا نابی، لە پیاو ئەتۆرێن و تورە ئەبن. لایان وایە ئەبێ ( ی. ش. ک. ع) هەروەک مارماسی درێژ بێ و ( ه) هێش ئەبێ وەکو سەرە ( قەننەی ) جافەکان هەڵگەڕاوە بێ...

عەبدوڵڵا سەمەدی لایەنی زمانەوانی گۆڤاری "گڕوگاڵی منداڵانی کورد" کە ژمارە یەکی لە ١ بانەمەڕی ١٣٢٥ (١٩٤٦/٤/٢١) لە چاپ درا، تاوتوێ دەکا و دەنووسێ کە ڕێنووسی "گڕوگاڵی منداڵانی کورد" زۆر لە پەسندکراوی ئەلفوبێی عەڕەبی ئەمڕۆمان نزیکە، بەڵام هەم بەپێی سەردەم و هەم بەپێی چۆنیەتی کەرەستە و گونجانی ئامێرەکانی چاپی، هەندێ جیاوازی و تایبەتمەندی پێوە دیارە. بەم جۆرە: "ئا" بە "آ" نووسراوە، وەک: آڵا، آموزگاری. "ئێـ" و "ئیـ" زۆرتر بە "ایـ" نووسراون، وەک: ایتر، ایمە. بەڵام بە دەگمەن بە "ئیـ"ش نووسراون، وەک: ئیران. "ئە" بە هەر دوو شێوەی "ئە" و "ا" نووسراوە، وەک: (ئەوە، ئەستۆ)، (اەو کورە، احمد، امانت). "ئۆ" و "ئو" هەر بە "او" نووسراون، وەک: اومید، اوخەی. شەش پیتی "ث – ژ – ص – ض – ط – ظ " لە نووسیندا بەکار چوون و کەڵکیان لێوەرگیراوە، بەڵام لە دەرسی یەکەمی دەستوری زمانی کوردی کە لە ژمارە ١ دا بڵاوکراوەتەوە، لە ئەلفوبێی زمانی کوردی دەرهاویژراون و بە شەش پیتی تایبەتی زمانی عەڕەبی ناسێندراون. نیشانەی"حەوت" بە پێی ئەوە کە لە چاپخانەدا نەیانتوانیوە بۆی دابڕێژن، بە کاریان نەهێناوە، بەڵام وەک باوەڕ لە سێیەمین وانەی دەستوری زمانی کوردی، کە لە ژمارە ٣ دا بڵاوکراوەتەوە، نووسراوە: (واوی بەهیز دەبی حەوتێکی لە سەر بکری)، (گەر لام خفیف بێ هیچی پێناوێ، گەر قەلەو بی دەبی هەشتێکی لە سەر بکەین) وەک دەبینین، نیشانەی "حەوت" تەنیا بۆ "و" و نیشانەی "^" تەنیا بۆ "ل" وەبەرچاو گیراوە، ئیدی هیچ ئاماژەیەک بە "ێ" و "ڕ" نەکراوە و لە سەرجەمی نووسراوەکانی هەر سێ ژمارەشدا ئەم دوو پیتە بە هیچ چەشنێک نیشانە نەکراون، تەنانەت بۆ "ر"ی قەڵەو "رر"ش بەکار نەچووە کە نزیکەی پازدەساڵ بەر لە گڕوگاڵی منداڵانی کورد، واتە لە ساڵانی (٣٠)ەوە، " ڕ" یا "رر"یان بۆ دەکار هێناوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له باسی ڕێزمانیی ژماره ٣ دا، باسی ئەوە کراوە کە "گیره(تەشدید)" لە کوردیدا نییە و لە جیاتی گیره دەبێ پیتەکە دوو جار بنووسرێ. لە نووسراوەکانی هەر سێ ژمارەشدا لە هەندێ جێ ئەوە وەبەرچاوگیراوە و لە هەندێ جێی تر، گیره بەکار چووە، وەک: (ڕەززاق).

"و"ی کورت و درێژ لە سەرجەمی نووسراوەکاندا وەبەرچاو گیراوە، بەڵام نەک بە پوختی. یانی لە زۆر شوێن کە یەک "و" پێویست بووە، بە "وو" نووسراوە، وەک: (هەلاوەسراوون) و بە پێچەوانەش لە هێندێ شوێن کە "وو" پێویست بووە، بە "و" نووسراوە، وەک: (گەردون، بون، دو، جەغەتو). گەلێک وشەش هەن کە لە سەرەتاوە بە "وو" نووسراون، وەک: (ووطاغ، وورمێ، ووشە، ووردی).

لە ڕێزمانی ژمارە ٢دا، لە باسی (بزوینەکان) دا نووسراوە: (بزوینەکان "اعراب" چوارن: "سەر. ژێر. بور. زەنە").

دیالێکتی گڕوگاڵی منداڵانی کورد هەرچەند کە موکریانییە، بەڵام نووسەران بە ئاگاداریی لە کتێب و بڵاوکراوە کوردییەکانی دەرەوە، بە تایبەت باشووری کوردستان، هەوڵیان داوە بۆ لای زمانێکی ئەدەبی و گشتی بڕۆن، وەک ئەم نموونانەی خواروو:

- لە جێی دوو ڕاناوی (مە- ئەمە) و (ئەنگۆ) ی موکریانی،(ئێمە و ئێوە) یان بەکار بردووە.
- لە هەندێ جێگە، (دە) ی موکریانی بە (ئە)نووسراوە، وەک: (ئەبێ، ئەکرێ).
- گەلێک ڕستەی شێوەزاری موکریانی، وەک: "گوناحێکی دیکەم نێ"، بە شێوەی (گوناهێکی ترم نیە) نووسراون.

## کتێب و کتێبخانە

لەسەردەمی کۆمار دا، بە هۆی کەمی خوێندەوار کتێبخانەی ئەوتۆ نەبوو و کەسانی خوێندەوار و مەلا زۆرتر لە تەورێز و تاران کتێبی فارسی و لە کوردستان باشوور را کتێبی عەڕەبی و کوردیان پەیدا دەکرد. کوڕی ڕەش(کوڕی قازی محەمەد) لە چاوپێکەوتن لەگەڵ تلویزۆنی مێد تڤێ دا دەڵێ ئەو لە کاتی کۆماردا لە تەورێز دەیخوێند و هەر لە تەمەنی ٦ تا ٧ ساڵی دا بابی بۆ سەفەری تاران و باکۆیە لەگەڵ خۆی دەبرد و لە سەفەری تاران و تەورێز دا، یەکەم کاری بابی ئەوە بوو کە سەردانی کتێبخانەکانی دەکرد و کتێبی زۆر دەکڕی. هەروەها پێشەوا کتێبی ئەو بنەماڵە، یان مەلایانەی دەکڕییەوە کە بە هۆی فەقیری یان هەر هۆیەکی دیکە دەیانفرۆشت.

دوکتور ئاسۆ لە لاپەڕەی ٧٦ی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ لە نیزیک کاروانسەرای سەید عەلی دوکانێک هەبوو بە ناوی کتێبخانەی ئاغای عیسا زادە. کەسانی خوێندەوار و زانا و تێگەیشتوو بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار یان بو بەسەر بردنی کات لەوێ کۆدەبوونەوە و پارەیەکی کەمیشیان دەدا. عیسازادە پیاوێکی روناکبیری تەمەن چل ساڵ باڵای مامناوەندی، قسە خۆشی جەفەنگی بوو. کەمێک دەلەنگا و گۆچانی بە دەستەوە دەگرت. ئەو خەڵکی هان دەدا کە کتێب بخوێننەوە.

لەو قۆناغەدا کتێبی کوردی زۆر بە کەمی وەدەست دەکەوت، تاق و لۆق ئەو کتێبانە هەبوون



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە لە کوردستانی باشوور چاپ کرابوون، بە زەحمەت هێنابوویانە کوردستانی ڕۆژهەڵات. هەر نە تەنیا بە دەستهێنانی کتێب زەحمەت بوو بەڵکوو نرخی گران بوو.

لە کۆمار کوردستان دا هەوڵ درا تا کتێب چاپ بکرێ و کتێبخانە دابمەزرێ. میرزا مەناف کەریمی لە یادداشتەکانی لە لاپەرەی ١٥٦ی "پێشوای بیداری" سەعیدی هومایونی دا، دەڵێ کە لە کوردستانی عێراق کتێبیان هێنا و بە هێندێک دەستکاری لە چاپخانەی مەهاباد، لە چاپیان داوە.

بێشک، بۆ هەر قوتابییەک خوێندن بە بێ کتێب ئەرکێکی سەخت و دژوارە و لەو قوناغەدا، قوتابیان مەجبوور بوون زۆرتر لە کتێبی چاپ کراوی کوردستانی باشوور کەڵک وەرگرن کە بە زەحمەت دەست دەکەوت. ڕێبەریی کۆمار بۆ چارەسەری ئەو گرفتە هەوڵیان دا تا کتێبی کوردی بنووسن و چاپی بکەن. مامۆستا هێمن لە لاپەرەی ٢٤ی کتێبی تاریک و روون دا دەنووسێ: ... لە دەستەیەک دا کە بۆ دانانی کتێبی کوردی بۆ فێرگەکانی کوردستان کاریان دەکرد، ئەندام بووم. ئەندامە ئەسڵیەکانی ئەو لیژنەیە وەک لەبیرم مابێ، زەبیحی و هەژار و برایمی نادری و دڵشادی رەسوڵی و من بووین. پێشەوا بۆخۆی و چەند مامۆستای شارەزاش یارمەتیان دەداین. هەرچەند هیچمان لەو کارە دا پسپۆڕ نەبووین، بەڵام چوونکە زۆر دڵسۆزیەوە کارمان دەکرد پێموایە کتیبەکان کە بەداخەوە چاپ نەکران خراب نەبوون.

بە پێێ ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٣ یەکەم بەرهەمی کتێب، لە چاپخانەی بۆکان لە چاپ درا و لەوبارەوە هاتووە:

**هەوەڵ دەرکەوتی چاپخانەی بۆکان**

ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٢٤ هەوەڵ دەرکەوتی چاپخانەی بۆکان (سلسلەی مەشایخی نەقشبەندی) مان وەدەس کەوت کە بوو بە مایەی چاورونی و کوردستان لە خودا دەخوازین، موئەسسین و کارگەرانی چاپخانەی بۆکان سەربەرز و لەخزمەتی میللی دا مۆفەق بن.

لە کوردستانی ژمارە ٤٠ دا، مزگێنی دراوە کە ڕۆژئەژمێری باغەڵی دەوڵەتی جەمهووریی کوردستان چاپ بووە و ڕاگەیەندراوە کە، هەرچی زووتر بۆ کرینی هەوڵ بدرێ دەنا لە کیسیان دەچێ.

لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٢ ی ساڵی ١٩٤٦ ئاماژە بە کتێبی کەسێک دەکا بە ناوی شوان کە کتێبێکی لە سەر دێموکراسی نووسیوە و بەڕێوەبەری ڕۆژنامە بڕیاری داوە لە هەر ژمارەیەک دا، بەشێکی بخرێتە بەرچاوی بینەران.

هاوکات لەگەڵ چاپی کتێب، دامەزرانی کتێبخانە و ناوەندێک بۆ کتێب کارێکی گرینگی دیکەی کۆمار بوو. ئاماژە کردن بە ڕۆژنامەی ژمارە ١١ کوردستان، ئەو ڕاستییە دەردەخا و لەو بوارەش دا هەنگاوی گەورە هەڵگیراوە و لەو سەرچاوەیەدا هاتووە:

بۆ ئاگاداری

بە ئەمری ریاسەتی بەرزی جەمهووری کوردستان رەچاو گیراوە کتێبخانەیەک بۆ ئیستیفادەی هەموو بە تایبەتی نووسەرانی ڕۆژنامە و گۆواری کوردستان لە ئیدارەی ڕۆژنامەدا دابمەزرێنن. لەبەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوە بەو کەسانەی کە کتیبی قەرائەتخانەی عیسازادە و کتێبخانەی فەرهەنگیان لە لایە رادەگەیەندرێت کە بێ‌وچان هەر کتێبێکی لە لا هەیە بە ئیدارەی رۆژنامەی کوردستانی تەسلیم بکا و رەسید وەرگرێ دەنا پاش تەحقیق کتێبەکانی لێوەردەگیرێ و بە سەزاش دەگا.

هەر لەوچوارچێوەدا لە رۆژنامەی ژمارە ٢٥ رۆژنامەی کوردستان دا، هاتووە کە کتێبخانەی میللی دامەزراوە:

**دامەزرانی کتێبخانەی میللی**

لەبەر ئەوەی پێداویستییەکی زۆر بە بوونی کتێبخانەیەکی میللی لە شاری مەهاباد هەست دەکرێ، حەزرەتی پێشەوای کوردستان دەستوری فەرموو کە بە زوویەکی زوو دەست بە کۆ کردنەوەی کتێبەکانی قەرائەتخانەی عیسازادە و فەرهەنگ بکری و یەکجێ لە سالۆنی تەنیشتی چاپخانەی کوردستان دابندرێن و کتێبخانەی میللی و عمومی ساز کری...

لە کوردستانی ژمارە ٦٣ ی ساڵی ١٩٤٦ لە بابەتی "مزگینی" دا، خەڵک ئاگادار کراوە کە "کتێبخانەی فەرەهنگ" لە نیزیک مەدرەسەی گەلاوێژ دامەزراوە و بە خۆڕاییە و داوا لە خەڵک کراوە کە بە کتێب و سەندەڵی یارمەتی ئەو شوێنە بکەن.

هەر لە سەر کتێبخانەی فەرهەنگ لە رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠ دا، بەمشێوەیە هاتووە:

کتێبخانەی فەرهەنگ کە تازە دامەزراوە لە ماوەیەکی کەمدا ٦١ سەد جڵد کتێبی کوردی، فارسی، عربی، تورکی، فەرانسە، ئینگلیسی، رووسی کۆ کردۆتەوە. هەموو جورە کتێبێک بە خۆڕایی دەئیختیار داوخوازان دەنێ. پێویستە لاوان و گەنجانی خوێندەوار بۆ ئیستیفادە لەم کتێبخانە پڕ پیتە و حازربوون دەوێدا، دەرفەت لە دەست خۆیان نەدەن.

## زانکۆ لە کۆمار دا

دانانی دانشگای ئیسلامی

لە ئاستی بەرز کردنەدوەی پلەی باڵای خوێندن، رێبەری کۆمار هەوڵی دا تا لە بواری جۆراجۆر دا زانکۆ بکاتەوە. تا ئەوکات قوتابیانی کورد بۆ خوێندنی باڵا و زانکۆ دەبوو بچن بۆ تەورێز و تاران. ئەوە کێشەیەکی گەورە و گرفتی زۆری بۆ درێژەدانی خوێندنی قوتابیانی کورد پێکدێنا. رێبەرانی کۆماری کوردستان پلانی دانانی چەند زانکۆیان دارشت و چەند لێژنەیەک بۆ ئەو مەبەستە دیاری کران. لە رۆژنامەی کوردستان ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٤٦دا، لەم بارەیەوە هاتووە:

بو خویندنەوە

لەم روژانەدا بە ئەمری پیشەوای بەرزی کوردستان بو پیراگەیشتن بە کارەکانی فەرهەنگ اوقاف، دانانی دانشکدەی معقول و منقول و... چەن هەیئەتیک دیاری کراون رجا دەکەین ئەو هەیئەتە محترمانە نتیجەی اقداماتی خویان بو ادارەی روژنامەی کوردستان بنیرن تا بە پیش چاوی هەمو کەس بگا.

هەرچەند کۆماری کوردستان دامەزراوەیەکی ئیسلامی نەبوو و دین لە دەوڵەت جیا بوو بەڵام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێبەری کۆمار، بە تایبەتی پێشەوا بەوپەڕی تواناوە، ڕێزی لە ئاییینی ئیسلام دەگرت. لە کوردستانی ژمارە ١٥ دا هاتووە کە لە لایەن کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکرات، قورئانێک وەک دیاری پێشکێش بە پێشەوا کرا. سەید عەبدولقادر سیادەت لە ژێر سەردێڕی "بە مناسبەتی هەدیەی قورئان بە جەنابی پێشەوا" ناوەرۆک و چەشنی باوەڕی بەڕێوەبەرانی کۆمار لەو رستەدا "حوڕییەت و مساوات دە حقوق دا بۆ هەموو" بەیان دەکا و دەنووسێ: ... لە لایەن کومیتەی مەرکەزی بە پێشەوای مەحبووب کە نێوی محەمەدە بە خەلات درا. هومێدی هەموو کوردێک وایە کە حوڕییەت و مساوات دە حقوق دا بۆ هەموو فەردێک لە تەواوی پلەکانی کۆمەڵایەتیدا، بە پێی قورئان تەئمین بکرێ. قورئان ئیمامی ئێمەیە، بە تۆ ئەی جەنابی پیشەوا پێشکەشمان کرد و هەموو ئامادەین لە پشت سەری ئیمامی خۆمان موتیعانە راوەستین و بە ئەمری جەنابت کە بە پێی قورئان سادر دەبێ، دیفاع لە حقوقی کورد و کوردستان بکەین.

بە پێێ کوردستانی ژمارە ١٤ ئاغای حەیدەری لە ڕێوڕەسمێکی تایبەت دا، بە بەشداری کومیتەی ناوەندی، ئەو قورئانەی پێشکێش بە پێشەوا کرد.

**رادیۆی تەورێز**

بەر لە دامەزرانی رادیۆ لە مەهاباد، ڕۆژی ١٣٢٥/٢/٦- ١٩٤٦/٤/٢٦ بە هاوکاریی رووسان دەزگای ڕادیۆ لە تەورێز دامەزرا. لەو ڕۆژەدا زۆربەی ڕێبەرانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و پێشەوا قازی محەممەد بەشداری ئاهەنگی دامەزرانی رادیۆیان کرد. پیشەوەری بە هۆی ناسازی لە مەراسیمی کردنەوەی رادیۆ دا بەشدار نەبوو. بە جێگای ئەو شەبستەری رەئیسی مەجلیسی میللی ئازەربایجان رادیۆی کردەوە و وتارێک بە چوار زمانی کوردی و فارسی و رووسی و فەڕانسەیی خوێندراوە. لەو مەراسیمەدا پێشەوا قازی محەممەد وتارێکی پێشکەش کرد. ڕۆژنامەی ئازەربایجان دەقی وتاری پێشەوا قازی بڵاوکردەوە و نوسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان وتارەکەیان بۆ زمانی کوردیی وەرگێڕایەوە. بە پێی رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤٤ پێشەوا لە وتارەکەی دا لەسەر یەکێتی و هاوکاری دوو گەلی کورد و ئازەری پێی داگرت و ئەوانی بۆ برایەتی هان دا. دەقی نووسراوی رۆژنامەی کوردستان هەم باسی ئەو رۆژە دەکا و هەم ئاماژە بە قسەکانی پێشەوا دەکا و دەنووسێ:

کردنەوەی ایستاسیونی رادیوی حکومتی ملی آذربایجان

لە روژنامەی آذربایجان

روژی هەینی ٦-٢-١٣٢٥ ساتی ٥ و نیو ایستاسیونی حکومتی ملی آذربایجان بە رسمی کرایەوە و بە شانازی ئەم موفقیتە برایانی آذربایجانی هەستیکی لە ئەندازە بەدەریان نواند. چونکو جەنابی آغای پیشەوەری سەروزیری حکومتی ملی آذربایجان کەسالەتی هەبو، رادیو توسطی جەنابی آغای شبستری رئیسی مجلسی ملی افتتاح کرا و نطقیکیان ایراد فەرمو کە بە چوار زمانی (کوردی، فارسی، روسی، فرانسە) بە هەموو دنیا راگەیاندرا و بەرنامەی جیژن لەنیو هەست نواندن و هورا کێشانێکی لە ئەندازە بەدەر لە ساتی ٨ دوایی هات.

حضرتی محمد قازی پیشوای بەرزی کوردستان کە دە جیژنی ئەو برا خوشەویستانەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئازربایجانیدا شرکتی فەرموو بوو بە هوی کردنەوەی رادیو ئازربایجان نطقیکی ایراد فەرموو کە وەرگەراوی ئەو نطقە لە ژیرەوە بە عەرضی خویندەوارانی خوشەویست دەگا:

ایستا کە ایستاسیونی رادیوی حکومت ملی ئازربایجان بە رەسمی دەکریتەوە لە قولایی دلمەوە پیروزە و مبارکبادی بە گشت ملتی رشید و ئازادی خواهی ئازربایجان عەرز دەکەم و چونکو وەخت دیاری کراوە کە لە لایەن کوردستانیشەوە قسە بکەم بە پیویستم زانی کە ئەم کردنەوەیە بە ملتی کوردیش تبریک بکەم.

هومید دەدەم کە روژ بە روژ یەکەتی و دوستایەتی محکمتر و قایم تر دەبیت لە سایەی یەکەتی و برایەتیدا بو وەچنگ هینانی ئازادی و راگرتن و پاریزگاری بدین و پیکەوە پیاوانە هەول دەدەین کوتایی نەکەین، باقی نواقصاتی اجتماعی و مدنی بە یارمەتی یەکتر لە نیوان هەلدەگرین و زوو بە تالوکە بو لایەن کانونی سعادت و خوشبەختی دەچینە پیش وەها سعی و کوشش بە خەرج دەدەین کە لە ملتە سەرکەوتوەکانی دنیا نەمینینەوە. هەژاری و فقیری یەک کە لەبەر بی خاوەنی داوین گری ایمە ببوو بەهوی علم و صنعت لای بەرین. بە پوختی، ئەو دو ملتە بو هاوکاری و برایەتی بانگ دەکەین و لە موقع استفادە دەکەم ئەو مسئلە وەبیر دینمەوە کە دنیای ئەورو لە سایەی زانست و معرفتدا زەوی و ئاسمانیان تسخیر کردوە و ایستا بە دوزینەوەی اسراری ئەستیران خەریکن کە وابوو ریگای رزگاری ایوە (کورد و ئازربایجانی) فیربوونی علم و معرفتە لەم صورتەدا هەرچی هەتانە لە ریگای وەچنگ هینانی علم و معارف و باسواد کردنی خوتاندا خەرجی بکەن و دلنیا بن کە بە ئارەزووی کونی خوتان دەگەن. و دەمەوی ملتی کورد لەم مسئلە خبردار بکەم: لە ماوەی ئەو چەند روژەدا کە هاتوومە تەوریز دەگەل سەرانی ئازربایجان پیشمەرگەخانە و مدرسان و کارخانانم چاوپیکەوتووە، ملتی ئازربایجان لە ریگای بەرزبونەوە و خوشبەختی خویاندا هەنگاوی گەورەیان هەلیناوە و دیتم کە بو بەشداربوون لەم ترقیاتە لیاقەتیان هەیە. لە تەوریز و باقی گوندەکانی ئازربایجان بو لابردنی نوقصانی مادی و معنوی و بالابردنی سطحی اجتماعی و اقتصادی جولانەوەی گەورە دەبیندری.

کۆماری ئازەربایجان بە پێشنیاری رووسان ڕێگەیان دابوو کە ڕۆژانە بۆ ماوەی ٤٥ خولەک، بەرنامەی کوردیی لە رادیوی تەورێز بڵاوبێتەوە. رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤٠ لەوبارەوە دەنووسێ:

ایستگای رادیوی تەوریز

ایستگای رادیوی تەوریز هەموو شەو ساتی ٤٥ - ٩ دقیقە بە وەختی مسکو بە زمانی کوردی قسە دەکا.

بە گوێرەی ژێرنووسی لاپەڕەی ٣٥ کتێبی"رۆژنامەوانی کوردی" لە نووسینی دوکتور هیمدادی حوسێن، لە زمانی د. عیزەدین مستەفا هاتووە کە تا رووخانی کۆمار، سوڵتانی وەتەمیشی وێژەری کوردی ئەو رادیۆیە بووە.

دیارە لە کتێبی "پەیمودن با تفەنگ". باس لە کردنەوەی رادیۆ تەورێز بە وتاری پیشەوەری لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ریکەوتی ١٨ خاکەلێوە دەکا و دەنووسێ کە ئەو رادیۆیە بە هێزی ١٠٠ وات (رادیۆ تاران ١٦ وات بوو) لە شەپۆلی ناوەڕاستی ٣١٠میتر بڵاودەبووە. بە گوێرەی ئەو کتێبە، ئەو رادیۆیە بە زمانی ئازەربایجانی و رووسی و فارسی و فەڕانسەوی و ئینگلیسی و عەرەبی، کوردی، ئەرمەنی و ئاسووری بەرنامەی بڵاو دەکردەوە.

لەو رادیۆیە دا، رەنگدانەوەی سیاسەتی ئازەربایجان لە حاست کوردستان دا، بە پێی هەلومەرج و توانایی و هێز بوو. جاری وابوو باش بوو جاری وابوو خراپ. بە پێی کوردستانی ژمارە ٤١ رادیۆ تەوریز لە شەوی ١٣٢٥/٢/٣ بە زبانی کوردی دەڵێ:

کوردستان دنیایە بانگ دەکا هاواری خۆی بە گوێ هەموان دەگەیەنێ. ئەی دنیا بزانە کە کوردیش بەشەرە و دەیەوێ بەشەری دی چۆن دەژی ئەویش وابژی. کورد دەیەوێ لەو خانوانەی کە لە ئەشکەوتەکانی دەرەی بەرد(حەجەر) تەنگ و تاریک و پیسترە بێتە دەرێ. کورد دەیەوێ لەو ژیانە نگریسەکە دەستی ئیستیعمار رایگرتووە نەجات بدا.

رادیو تەوریز لە درێژە دا دەڵێ: کورد دەیەوی فەلاحەتی موتوڕی و میکانیکی بکا ، بە حەوا دا بڕوا، بخوێنێ، سڕێ ئیختڕاعات و کارخانان بزانێ. داوای یارمەتی لە میلەتان دەکایان کە ئەگەر دەستی ناگرن لانی کەم کێشەی بۆ ساز نەکەن و بە ئیستیقلال و سەربەخۆیەکەیان نەگوتری گێرەشێوێنی و ئاژاوەیی ...

سەرجەم ئەو رادیۆیە کێشەی زۆر بوو و بەڕێوەبەری بەشی کوردیی رادیۆی تەوریز کە مامۆستا هەژار بوو، لە لاپەڕەی ٧٩ی کتێبی چێشتی مجێوەر دا ئاماژە بە کێشەی کاری ئەو رادیۆیە دەکا و دەنووسێ:

لە تەوریز ڕادیۆی پیشەوەری هەبوو. بڕیاردرابوو ڕۆژێ نیوسەعات ئێمەش قسەی لەسەر بکەین و بەرنامەی تایبەتی خۆمان هەبێ. من بۆ ئەو کارە چومە تەوریز. وەتاغێکم لە ماڵی شازدە خانمی میرپەنج بەکرێ گرت. شەوانە تا نیوەشەو، ڕۆژانە هەر لە بەیانەوە تا نوێژی شێوان بەتەنیا خەریکی بەرنامە نیو سەعاتەکە دەبووم و دەچوم دەم خوێندەوە. پازدە ڕۆژ ئەو کارەم کرد. ڕۆژێک هاتن بە ترومبێلێکەوە و بردیانمە لای ئالاقاپو "نشیمەنی پیشەوەری" کە چوم پیشەوەری لەوێ بو. پیشەوەری گوتی: ئێمە نازانین تۆ چ دەخوێنیەوە، پێویستە بەرنامەکەت تەرجەمە بکەی و ئێمە ببینین.

گوتم: من وەمزانی بەرنامەی خۆمانە، ئەگەر بەرنامەی ئێوە بێ من کاری لێ ناکەم.

گوتی: ئاخر نازانی هەر چارەگە سەعاتەی سێ تمەن حقوقی گویەندەیە؟!

گوتم: من لە موعامەلەی خۆم زۆر پەیدا دەکەم، ئەو کارە بە کەسێکی تر بسپێرن. ئیتر تازە نەچومەوە رادیۆ تەوریز.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## رادیۆ مەهاباد

بە هۆی نەبوونی سەروەری و دەستەڵاتی کوردی، دەوڵەتانی زاڵ بە سەر کوردستان دا، لە دەزگای رادیۆ کە یەکێک لە گرینگترین کەرەسەکانی ئاگادارکردنەوە و هوشیاری و ئامۆژگاری خەڵکی هەر وڵاتێکە، بۆ مەرامی چەپەڵی خۆیان و سەرکوتی جووڵانەوەی کورد کەڵکیان وەرگرتووە. ئەوان لە بەڕێوەبردنی بەرنامەی کوردی دا، زیاتر گرینگیان داوە بە هێندێک گۆرانی و بابەتی کولتووری نارەسەن و تەنیا مەبەستیان چەواشەکاری و شێواندنی کێشەی کورد بووە.

لە شەڕی دووهەمی جیهانی دا، دەوڵەتی بەریتانیا و فەرانسە وەک وڵاتانی هاوپەیمان، رایەڵەیەکی بە هێزی تەبلیغاتی بە تایبەتی لە چوارچێوەی رادیۆیی دا، بە دژی ئاڵمان وەڕێخست. لە لایەک رادیۆی بەغداد بۆ ماوەی ١٥ دەقیقەی بەرنامەی کوردی بڵاو دەکردەوە، لە لایەکی دیکە رادیۆی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە شاری "یافا" دا بەرنامەی کوردی هەبوو. نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەی ١٦٠ی کتێبی "کۆمار لە گەمەی سۆڤییەت دا" دەنووسێ:

ساڵی ١٩٤٣ بەریتانیاش ٣ کەس لە ئەدیب و هونەرمەندانی کورد، گۆران، رەفیق چالاك، رەمزی قەزازی بانگ کرد بۆ شاری یافا لە فەلەستین بۆ رێکخستنی بەشی کوردی رادیۆی عەرەبی "ڕۆژهەڵاتی نزيك". هەرچەندە ئەم ڕادیۆیە تەرخان کرابوو بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی جەنگ و پڕوپاگەندە بۆ بەریتان یا و هاوپەیمانەکانی، بەڵام سرودی نەتەوەیی و گۆرانی و بەرنامەی کوردی خۆشی پێشکەش ئەکرد. گۆڤاری "گەلاویژ" لە کوردستانی عێراق و گۆڤاری "نیشتمان" لە کوردستانی ئێران بە خۆشی‌یەکی زۆرەوە هەواڵی دامەزراندنی ئەم رادیۆیەیان بڵاوکردۆتەوە.

لە حاڵێکدا دەزگای رادیۆ بۆ زۆربەی کۆمەلانی خەڵکی کورد، نامۆ و ئامرازێکی سەرسووڕەێنەر و زۆر بە کەمی و تەنیا لە هێندێک لە ماڵە دەوڵەمەندکان دا هەبوو، رێبەرانی کۆمار زۆر زوو هەستیان بە گاریگەری دەنگی رادیۆ لەسەر گەشە پێدانی هەست و بیر و یەکگرتوویی زمان لە کۆمەڵگای کورد دا کرد و خێرا هەوڵیان دا تا دەزگای رادیۆ دامەزرێنن. عەبدوڵڵای قازی لە لاپەڕەی ٧١ی کتێبی وڵاتی من دا دەنووسێ:

ئەوکات لە مەهاباد بلێنگۆ نەبوو، جاڕچی هەواڵەکانیان جاڕ دەدا، رەسوڵ شاڵی یەکێك لەو جاڕچیانە بوو. بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بلێندگۆیان هێناو لە بەرانبەر مەحکەمەی قازی، لەولاو لەولا، لە دارتێلانیان قایم کردبوو، ئاوازو گۆرانی یان هەواڵ و قسەی رێبەران، یان قورئانی لەسەر بڵاو دەبووە. دیارە رادیۆش دانرابوو بەڵام زۆر کزبوو و لە دەرەوەی شاری نەدەگیرا.

ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٥٨ کتێبی کۆماری کوردستان دەنووسێ کە ئەو رادیۆیە لە ساعەت ٤ (دەبێ ئێوارە بێ) تا ١٠ شەو بەرنامەی بڵاو دەکردەوە. بەڵام دەنگی قەوی نەبوو و نەدەگەیشتە گوێ کوردەکانی عێراق و تورکییە. پێشنیار بە رووسان کرا کە بەهێز بکرێ بەڵام وڵام نەبوو.

چەند رۆژ دوای دامەزرانی رادیۆ تەورێز، رادیۆی مەهاباد دەست بە کار بوو. مەودای شەپۆلی رادیۆکە کورت بوو، نەدەگەیشتە شارەکانی تری کوردستان. ئەو رادیۆیە رۆژانە ٦ ساعەت بەرنامەی بڵاو دەکردەوە و بە پێچەوانەی ئازەربایجان، گوێ راگرتن لە رادێوی دیکە بە تەواوی ئازاد بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەلی مرادی مەراغەیی لە لاپەڕەی ١٦٠ کتێبی "ئینکار و مقاومەت" دەنووسێ کە رادیۆ مەهاباد ٥ بڵیندگۆی هەبوو کە لە ٥ شوێنی شار چەقا بوون. بەر لە دامەزرانی رادیۆ لە مەهاباد، کۆماری ئازەربایجان بە پێشنیاری رووسان ڕێگەیان دابوو کە ڕۆژانە بۆ ماوەی ٤٥ خولەک بەرنامەی کوردیی لە رادیۆی ئەوانەوە بە زمانی کوردی بڵاوبێتەوە.

بە پێی ژێرنووسی کتێبی "پیمودن با تفەنگ" پێشەوەری قسەی رۆژنامەی ئێران ما کە دەڵێ لە مەهاباد رادیۆ داندراوە، وەدرۆی دەخاتەوە و دەڵێ ئێمە لە مەهاباد تەقوییەتی رادیۆمان داناوە و کوردەکان لە بەرنامەی کوردی رادیۆ تەوریز کەڵک وەردەگرن و بڵاوی دەکەنەوە.

دیارە ئەو قسەیە راست نەبوو چونکە لە ژمارەی ٤٣ی کوردستان لە وتارێک دا لە ژێر ناوی "کوردستان قسە دەکا" ناڕاستی ئەو قسانە دەردەکەوێ و باسی دامەزراندنی رادیۆ دەکا و دەردەکەوێ کە دەزگای رادیۆ و بڵیندگۆ لە مایۆر عەلیزادە نوێنەری رووس وەرگیراوە و لەوبارە لەو ژمارەیەی کوردستان دا هاتووە:

رۆژی سێ شەممو ١٠ ی بانەمەڕی ١٣٢٥ ئیستاسیۆنی رادیۆی مەهاباد پایتەختی حکومەتی میللی کوردستان دەگەل ٥ دەستگا بڵیندگۆ کە (١. لە حەوشی کانگای حیزبی دیمۆکرات ٢. لە پێشمەرگەخانە ٣. ڕوبەڕوی شارەوانی ٤. ڕوبەڕوی خانوی حەزرەتی پێشەوا ٥. ڕوبەڕوی مزگەوتی عەباس ئاغا نەسب کران) دانرا و رەسمەن کرایەوە و جێژنێکی جوان گیرا بو. لەم جێژنەدا جەنابی حاجی سەید بابا شێخ ڕەئیسی هەیئەتی ڕەئیسەی میللی کوردستان و ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی و کاربەدەستانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لە ئاغایانی دەرەوە و ریجال و موحتەرەمینی شاری مەهاباد حزوریان بو. لە ساتی چواری پاش نیوەڕۆ ئاغای سەید محەمەد تەهازادە معاونی حیزبی دیمۆکرات جەلەسەی دەست پێ کرد و لە تەرەقیات و پێشکەوتنی ... لە ئیتیحادی جەماهیری شورەوی دا بەیاناتیکی چاکی کرد.

پاش ئەو جەنابی سەید بابا شێخ لە لایەن هەیئەتی ڕەئیسەی میللی، ئاغای محەمەد ئەفەندی لە لایەن ژەنەراڵ مەلا مستەفای بارزانی، جەنابی قازی محەمەد لە لایەن کۆمیتەی لکی بۆکان، ئاغای سەلاح لە لایەن هێزی کوردستان، ئاغای عەلی خوسرەوی لە لایەن ئیتیحادیەی جەوانان، ئاغای دڵشادی رەسوڵی لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی، ئاغای ئەحمەدی ئیلاهی لە لایەن زەحمەتکێشان و جوتیارانی کوردستان، ئاغای کوڕی کورد لە لایەن مەدرەسەی کوڕان، ئاغای حەسەن داودی لە لایەن بازرگانان، ئاغای مایور عەلی زادە هێنەری چتەکان لە لایەن دەوڵەتی با شەهامەتی ئیتیحادی شورەوی، ئەیەزەن ئاغای دڵشادی ڕەسوڵی لە لایەن وەزارەتی فەرهەنگ لە بەرانبەر میکرۆفۆن وتاری زۆر بە تینیان خوێندەوە و مەراتیبی سوپاسگوزاری خۆیان نیسبەت بە ئیتیحادی جەماهیری شورەوی کە ئیستاسیۆنی رادیۆی دەگەڵ پێداویستی‌یەکانی و دەگەڵ یەك دەستگا ماشینی سینەمایی سەیاریان بە نێوی ئەنجومەنی رەوابیتی فەرهەنگی بە کوردستان بەخشیوە، بە جێ هێنا.

پاشان ئاغای سەید محەمەد تەهازادە دەستگاکانی لە ئاغای مایور عەلی زادە تەحویل وەرگرت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و دیسان مەراتیبی سوپاسگوزاری لەلایەن میللەتی کوردستانەوە نیسبەت بە ئیتیحادی جەماهیری شورەوی نواند و بە تایبەتی لە زەحەماتی ئاغای مایور عەلی زادە کە زەحمەتی هێنانی ئەو چتانەی قبوڵ کرد بو، زۆری تەشەکور کرد و هەردوکیان دەستیان لە نێو دەستی یەکتر ناو، میهری موتەقابیلیان دەرحەق بە یەکتر ئیزهار کرد و جێژن لە ساتی ٦ ی پاش نیوەڕۆ دوایی هات.

وریا ماملی لە لاپەڕەی ٤٧٢ کتێبی "کورد بوون" بە نەقڵ لە کوڕی ڕەش و محەممەد ماملی و یایی خۆرشید خێزانی حەمەدی مەولوودی دەنووسی کە زۆر جاران دەنگی محەممەد ماملی بە تایبەتی سروودی "خوایە وەتەن ئاواکە" لەسەر ئەو رادیۆ بڵاو دەبۆوە و بڵیندگۆ لەسەر ماشێنان دادەندران و بە کوچە وکۆڵانان دا دەگەڕان هەواڵی شەڕیان بڵاو دەکردەوە. وریا ماملی لە لاپەڕەی٤٧٣ ئەو سەرچاوەیە بە نەقڵ لە کتێبی شانێک بە بەر شانی نیشتمانەوە لە نووسینی "ژینواری عیزەت سولێمان بەگ" دەرگەڵەیی لەو بارەوە دەنووسێ: ئاسوودەیی خەڵکەکەش لە ژیانی ئاسایی ڕەنگی دەدایەوە، من هەرچەند بە تەمەن هەرەزەکار بووم، بەڵام سەلیقەی پڕ جۆشی مەهابادییەکانی ئەو زەمەنم لەبەر چاو هەرگیز ون نابێ. بۆ دەربڕینی زەوقی ئاهەنگ و خۆشیان، زۆربەی ئێواران کچ و کوڕانی جوانی مەهاباد، بە پێ بەرەو بەری مەحموودکان و لای باغی میکاییل ڕێچکەیان دەبەست و شادی و شاییان دونیای پڕ دەکرد. لەبەر تەپڵ و نایە و دەنگی شایەرەکان هەڵدەپەڕین. هەروەها ئێوارانیش هونەرمەندی گۆڕانیبێژی گەورە محەممەدی مامڵێ، ڕاستەوخۆ لەسەر بڵیندگۆڵانەوە، بە دەنگە خۆشەکەی مەهابادی دەهێنایە زەوق و سەفا، چ خەونێک بوو ئەو ڕۆژانە خودایە، هێندە کورت و لەبیر نەکراون

پێشەوا لە کاتی دامەزرانی رادیۆ لە مەهاباد نەبوو، بەڵام بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤٤ دواتر پێشەوا لە ریکەوتی ١٣٢٥/٢/١٢ لە ساعەت ٦ی ئێوارێ لە سەر رادیۆ کە بە هۆی بڵیندگۆ بڵاو دەبۆوە، پەیامێکی بە چەشنی خوارەوە پێشکێش بە خەڵکی مەهاباد کرد:

نطقی حضرەتی پیشوای کوردستان لە پیش رادیو

رۆژی ١٢-٢-١٣٢٥ سات ٦ پاش نیوەرو حضرەتی محمد قاضی پیشوای معظمی کوردستان نطقی ژیروی بە هوی رادیو بە گوی دانیشتوانی کوردستان گەیاند و بە بلیندگو بلاوکرایەوە:

برایانی خۆشەویست: لە دامەزراندنی دەستگای رادیو و ئەم موفەقیەتەی کە دەستتان خستووە تەبریکتان لێدەکەم. چوونکوو لە وەختی کردنەوەی دەستگای رادیو لێرە نەبووم، ئێستا ئێحساساتی خۆم نیسبەت بە پێشکەوتنی ئێوە ئیزهار دەکەم. ئۆمیدەوارم کە لێرە بەدووا رۆژ بە رۆژ بتوانیین لە مەساییلی مەدەنی دا پتر تەڕەقی بکەین.

لە هەموو شتێک چاتر بۆ ئێمە ئەوەیە کە بتوانین قسەی خۆمان بە گوێ دونیا بگەیەنین و تەسدیق دەفەرموون کە هەموو شتێک وردە وردە تەڕەقی پێدەدرێ. دیسان دەتوانین بە هۆی ئەم دەستگایە دەرسی ئەخلاقی فەلاحەتی و ... بە برا یانی خۆشەویست بلێین و لە ئایەندەش دا بەرنامەیەکی باش بۆ رادیوکەمان دیاری دەکەین. ئەوەش بزانن کە ئێمە ئاغای محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی و ئاغای سەدر قازیمان بە نوێنەری کوردستان دەگەڵ نوێنەرانی ئازەربایجان بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاران ناردوە و گفتگۆ دەوامی هەیە. تا لە تەورێز بووم رۆژ بە رۆژ خەبەرم دەزانی و مومکینە بۆ ئەوەی لە موزاکرات بێخەبەر نەبم ئەم رۆژانە بچمەوە تەورێز، چونکو هێندێ خەبەرم لە وڵاتی خۆمانەوە بۆ هاتبوو بۆ خەبەردار بوون لە چلونێتی ئەوزاع هاتمەوە.

حکومەتی کوردستان ئەورۆ زۆر بە هێزە. ئەو کەسانەی کە دیانەوێ دەگەڵ دوژمنانی کورد ببنە یەک، کوردستان دەتوانێ زۆر چاکیان چارە بکا بەڵام ئەمن تا مومکین بێت رێگای مسالمەت بەر نادەم ئەگەر هیچ چارەش نەما حکومەتی کوردستان بە هێزی خۆی سەری وان رە هەردی دەخا.

چەشنی بەرێوەبردنی رادیۆ مەهاباد و تەورێز، رەنگدانەوەی شێوەی بووچوونی دوو دەوڵەتی جیاواز بوو و ئەو سیاسەتە لە رادیۆ دا بە روونی دەردەکەوت. ئارچی ڕۆزوێلت لە چاوپێکەوتن لەگەڵ پێشەوا لە مهاباد لە وڵامی پێشەوا دا دەنووسێ: من وەڵامم دایەوە و گوتم: من بە چاوی خۆم ئەوەم دیوە. لە ئازەربایجانی دیموکراتدا، خەڵک تەنیا دەتوانن گوێ لە رادیۆ تەورێز و ڕادیۆ مۆسکۆ بگرن، کەچی دوێنێ شەو من لە شەقامەکانی مهاباددا دەنگی رادیۆ لەندەن و ڕادیۆ ئەنقەرەم بیست...

لەگەڵ دامەزرانی رادیۆ گرووپی موسیقاش دامەزرا. عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٧١ "وڵاتی من" دا لەسەر کۆڕی موزیک دەنووسێ: ئەوجار بە مەبەستی گەشانەوەی مۆسیقای کوردی ٣٦ پارچە مۆزیکاڵی وەرشەوی سپییان هێنابوو کە دەوڵەتی ئێران نەیبووو کاتێك کۆمار تێکچوو ئەوانەیان بردەوە دەرباری شای...

ئەوجار هونەرمەندانی تەپڵ و مووسیقاژنی سەردەمی کۆمار، بریتی بوون لە: مستەفا جەننەتی، ئەسکەندەر، خەلیلی و مینەی رەحیمی.

## سینەمای کوردستان

لە کۆماری کوردستان دا، رەوتی گۆڕانکاری و چاکسازی فەرهەنگی، بواری سینەماشی گرتەوە و هەوڵ درا لەو دەزگایە بۆ وشیارکردنەوە و خۆشی خەڵک، کەڵک وەرگیرێ و لە گۆشەیەکی بچووکی دنیایی پشکەوتوو، ئاگادار بکرێنەوە. بە پێی رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٢ هەر لە سەرەتای دامەزرانی کۆمار هەوڵ درا لە کوردستان سینەما دابمەزرێ و جەعفەر ئاغای کەریمی یەکەم پێشنیاری دانانی سینەمای لە مەهاباد کرد و پێشەوا پێشوازیی لێکرد. لەم ژمارەیە، لە ئاگادارییەکدا ئاوا هاتووە:

سینەمای کوردستان: برای خۆشەویست ئاغای جەعفەری کەریمی لە حیزبی دێموکرات کوردستان داوای کردوە کە ئیمتیازی سینەمایەکی بە نێوی سینەمای کوردستان بدرێتێ. داوخوازی وی مەوریدی تەوەجوهی پێشەوای موعەزەمی کوردستان قەراری گرتوە. فەوری بە ژمارەی٩١-٢٤.١٤،١١ ئیمتیازی دراوەتێ و زۆر تەقدیری لێکراوە و لە سەر ئەمری ریاسەت موعەزەمی جەمهور یانەی قەپانی توتن کێشان کە لە ئیدارەی توتنی دامەزراوە بۆ کانگای سینەما هەڵبژێردراوە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستور دراوە ئاغای حەسەن ئەرجومەندی مودیری سینەمای کوردستان خەریکی سازکردنی ئەسباب و بە جێهێنانی وەزیفە بێت.

لە سەر دامەزران و هێنانی سینەما (هونەری حەوتەم) سەید محەممەد حمیدی لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤٣ دا، دەنووسێ: ... دەوڵەتی بەرزی شورەوی بۆ ئیتمامی‌حوجەتی دۆستی خۆی لە سەر ئێمە یەک دەستگای ئێستاسیونی رادیو دەگەڵ بڵیندگۆ و یەک دەستگای سینەمای سەیاری بە کوردستانی ئازاد بەخشش فەرموو...

لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٢ی ساڵی ١٣٢٥دا، باس لە بڵاو کردنەوەی فیلم کراوە و تێیدا هاتووە:

سەحنەی سینەمای کوردستان کە چەندێ لەوەی پێش لە لایەن وەزارەتی بەرزی تەبلیغاتەوە دەست بە سازکردنی کرا بوو ، دوایی هات و فیلمی نوێی زۆر ئەعلای ئەخلاقی کە ئەندازەی لە خۆبووردن و نیشتمانی پەرستی قارەمانی جەماهیری شورەوی نیشان دەدا و دەنوێنێ کە ئەم میللەتە ئازایە بۆ پاراستنی نیشتمانی خۆشەویستیان چ فیداکارییەکیان بە خەرج داوە واریدی کراوە و دەستی بەکار کردوە. پێویستە برایانی نیشتەجێی مەهاباد و دەوروبەر ئیستیفادەی لێ بکەن و بە تایبەتی لەلایەن وەزارەتی تەبلیغاتەوە راگەیەندراوە کە لەکاتی چوون بۆ سینەما و لە وەختی وارید بوون و دانیشتن دا موراعاتی ئینزیبات بفەرمون.

لە کوردستانی ژمارە ٧١ دا ح قزڵجی بە شێوەی ئەدەبی لە ژێر سەردێڕی "فیلمی ئاسمان لە سینەمای کوردستان" دا، باسی دیمەنی فیلم و هەڵسوکەوتی بینەران دەکا.

## بواری نەخۆشی و دەرمانی

یەکێک لە کارە سەرەکی و تایبەتییەکانی کۆماری کوردستان، گرینگی دان بە بواری لەشساغی و تەندروستی و بە پێی ئیمکان دابین کردنی دوکتور و دەرمان، بۆ هەمووان بە تایبەت بۆ خەڵکی هەژار و کەم داهاتی کورد بوو. لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٨دا، لەو بارەوە ئاوا هاتووە:

لەلایەن وەزیری بێهداری کوردستانەوە راگەیەنرا کە ئەوانەی فەقیر و دەستنەڕۆیو بن نامەی ئیدارەی شارەداری لەمەڕ هەژاریی خۆیان وەرگرن بە خۆڕایی معالجە دەکرێن و دەرمانیان دەدرێتێ.

کارێکی ئەوتۆ بۆ دەوڵەتێکی تازە دامەزراوی کەم داهات، زۆر دژوار بوو و کۆماری کوردستان لەگەڵ یەک دنیا گیروگرفت رووبەڕوو بوو. بەڵام ئەوان بە ئیرادەیەکی پۆڵایین لەو بەشەش دا خزمەتی زۆریان کرد. لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٥٧ دا، هاتووە کە ئەوان سەرەتا ناوی نەخۆشخانەیان گۆڕی و لەوبارەوە دەنووسێ:

**بیمارستانی گوڵی سوور**

بەرانبەر بە تەسمیمی هەیئەتی رەئیسەی بیمارستان، نێوی (شێروخورشید سرخ) بە (بیمارستانی گوڵی سوور ) گوڕدراوەتەوە لەمەودووا بە نێوی تازە نێو دەبرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به دوای گۆڕینی ناوی نەخۆشخانە، بەڕێوەبەرێکی لێوەشاوە بۆ ئیدارەی نەخۆشخانە هەڵبژێردرا. هەیئەتی بەرێوەبەرایەتی نەخۆشخانە بە پێی هەلبژاردن بوو و بە پێی ئەو سەرچاوەیە، هەیئەتی رەئیسە ٩ کەسی هەڵبژاردن کە بریتی بوون لە حەزرەتی پێشەوای موعەزەم، ئاغای مەلا عەبدوڵا مودەرسی، غەنی خوسرەوی، سەید عەلی حوسێنی، سەید عەبدوڵا سەیدی، مەلا سەدیق سەدەقی، شێخ حەسەن شەمس بورهانی، رەحمەت شافعی، سەدیق حەیدەری.

هەروەها بە پێی ئاگاداریی رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٨ لە تەواوی ئەوکەسانەی کە فەقیرن و بۆ چارەسەر نەخوشی و دەرمان وەرگرتن، توانای ماڵییان نییە، داوا کراوە نامە لە شارەداری وەربگرن دەنا چارەسەر ناکرێن.

رێبەری کۆمار لە پێناو هان دانی دوکتوران بۆ گەڕانەوە و خزمەت بە نەخۆش و بریندارەکانی کوردستان، لە ئاگادارییەک دا، داوای لێکردن کە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان. لە کوردستانی ژمارە ٧٩ دا، پیام بۆ دوکتور و دەواسازەکان بڵاو کراوە و تێیدا هاتووە:

پەیام بە دوکتور و دەواسازەکان

بە تەواوی دوکتور و دەواسازەکانی کورد لە هەر ناوچەیەکی کوردستان بن پەیام دەدرێت کە لە سەر دەستووری حەزرەتی پیشەوای بەرزی کوردستان هەر کەسێک لەوان مایل بن یارمەتی ئێمە قبووڵکەن و هاوکاریمان دەگەڵ بکەن تەشریف بێنن بۆ مەهاباد. زۆر بە موحیبەت پێشوازیان لێدەکرێ و قبووڵ دەکرێن و هەرکەس بە پێی مەعلوماتی خۆی کاری دەدرێتێ.

دەفتەری پێشەوای کوردستان

جێی ئاماژەیە کە نەخۆشخانەی کۆنی مەهاباد بەهۆی دامودەزگای نۆبل دروست کرابوو و جارجارەش دوکتورانی خارجی دەهاتن و چەند مانگ یان بە ساڵ دەمانەوە و دەڕۆیشتنەوە. دوکتور ساڵکی ئاڵمانی یەک لەوان بوو.

رەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٠ی کتێبی بزوتنەوەی کورد ... دا، دەنووسێ کە پێشەوا لە کاتی سەرۆکایەتی نەخۆشخانەی شێروخورەشید مەهاباد:

یارمەتییەکی گەورەی کردووە بە پەرەستەندنی تەندوروستی و دەرمانخانە و نەخۆشخانەی نوێی دامەزراندووە و لە تارانەوە حەکیمی هیناوە بۆ مەهاباد و بە بێ پارە دەرمانی بڵاوکردووەتەوە بە نێو هەژاراندا.

سەرەڕای ئەو کارانە، نەهامەت و بێدەرەتانی مادی و کلتوری کوردستان، شتێک نەبوو کە بە ئاسانی جێبەجێ بێت. لە رۆژنامەی ژمارە ٥٩ کوردستان دا وتارێکی محەمەد مەحموودی تێدایە کە بۆ وەزارەتی بێهداری نووسیوە. ناوبراو زۆر بە وردی باسی خراپی وەزعی نەخوش و چونییەتی پێڕاگەیشتن و نەبوونی داو دەرمان و هەڵسوکەوتی خراپی دوکتوران، ئەوەی کە چۆن بۆ ١٥ نەخۆشی جوارجور، تەنیا یەک شوشەی ئاو هەبوو، دەکا. ناوبراو لە نووسراوەکەی سپاسی کەسانی وەک دوکتور عەزیمی دەکا کە لە بەرانبەر بە نەخۆشان دا، لە هیچ شتێک خۆی نەبواردووە.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٤٨ ی بەشی یەکی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..."



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باسی نەخۆشخانەی مەهاباد دەکا و دەنووسێ:

**نەخۆشخانەی مەهاباد**

هەرچەندە کە حکومەتەکەی قازی محەممەد رێك نەخرابوو، بەڵام دەرمانێکی زۆریان لە ئازەربایجانەوە وەرگرتبوو. هەندێ دوکتور و برینپێچی کوڕ و کچیان لە عێراقەوە بۆ هاتبوو کە لە دایرەی (شیر و خورشیدا - سەلیبی ئەحمەر) ئیشیان ئەکرد بەرجەستە و بەناوبانگیان دوکتور سلام بخش و کمال الدین و مندید و محمد ناوێ برینپێچ بوون.

لەگەڵ ئەوەشا جراح - برین تیمارکەرەکانی لادێیەکانیان هێنابوو ناو خەستەخانەکانەوە شان بە شانی برین پێچەکانی فەننی ئیشیان ئەکرد و هەندێ جار ئەشیان ناردن بۆ جبهه بەڵام ئازەربایجانییەکان دوکتوری باشیان هەبوو. وە بە تایبەتی خەستەخایەکی گەورەی رووس لە تەورێزا کرابۆوە، دوکتوری تایبەتی هەموو نەخۆشێکی تیا دانرابوو.

ئاشکرایە سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵ دانە بۆ جێبەجێ کردنی دەرمان و دوکتور و دامەزراندنی نەخۆشخانە، پێداویستیکانی نەخۆشی خەڵکی کوردستان لە توانای دەوڵەتی کۆماری کوردستان دا نەبوو و یەکێک لەو شوێنە گرینگانەی کە دەوڵەتی کوردستان پەنای بۆ دەبرد، نەخۆشخانەی شووڕەوی بوو.

**نەخۆشخانەی شوڕەوی**

لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٧٦ دا، محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی دوای باس لە خزمەتی دەوڵەتی سوسیالیستی شوورەوی بە نەخۆشان، باس لە دامەزرانی نەخۆشخانەی شوڕەوی لە تەورێز دەکا کە زیاتر لە ٣ ساڵ بوو دامەزرابوو و خزمەتیکی زۆری بە نەخۆشە هەژارەکان کردبوو. سەردێری ئەو بابەتە لە رۆژنامەی کوردستان دا بەمشێوەیە"بیمارستانی شووڕەوی یا شەفاخانەی کوردان، دوکتور سەمەدۆف و خانمەکەی، یا دایک و بابی بێماران".

چونکە کوردستان لە بواری نەخوشخانە گرفتی هەبوو، زۆربەی نەخۆشەکانی دەبردرانە تەورێز و لەوێ چارەسەر دەکران. محەمەد حوسێنخان بە وردی باسی زەحمەتی لە رادەبەری دوکتور سەمەدۆف کە بەرپرسی نەخۆشخانە و خیزانی کە چۆن بە بێ فەرق و جیاوازی و بە بێ ئەوەی پارەی زۆر لە پێشمەرگە بستێنن، دەکا.

لە رۆژنامەی کوردستانی ٧٥ دا باسی ئەوی تێدایە کە چۆن دەنگۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تیفوس لە مەهاباد بڵاوبۆتەوە و خەڵک نیگەران بوون و دوکتور سەمەدۆف لە ریکەوتی١ بانەمەر بە تیمێکی پزشکی هاتوتە مەهاباد و بەرگری لە پەرستاندنی نەخۆشێکە کردوە. بەو هۆیەوە لە لایەن خەڵک و کاربەدەستانی نەخۆشخانە، وەک نوێنەرایەتی خەڵکی مەهاباد سپاسی لێکرا. مودیری دەرمانخانەی شەفا، ئاغای محەمەد ساڵح زادە بوو. ئەو لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٧٣ دا ئامادەگی خۆی بۆ دانی دەرمان بە نەخۆشەکان لە هەرکات و ساتێک دا دەربڕیوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**نەخۆشخانەی ئەمریکایی**

لە تەورێز نەخۆشخانەیەکی گەورەی ئەمریکایی لێ بوو کە بە باشی بەڕێوە دەبردرا. رووسەکان دژی بوون و ئەوە ببوو هۆی ئەوە کە حکومەتی ئازەربایجان رووی خۆش نەدا بە بەڕێوەبەرانی ئەو بنکەیە.

جیا لەوانە کارێکی دیکە کە سیمایەکی زۆر پێشکەوتوانە و شارستانی دەدا بە کۆمار و بۆ بەڕیوەبردنی ئەوکات جێگای سەرسوڕمان بوو، کۆنترۆلی و پشکنین شوێنی خواردنگە و خواردنەوە و دوکاندارەکان بوو. رۆژنامەی ژمارە ٧٦ ی کوردستانی ١٣٢٥ لەوبارەوە دەنووسێ:

بەهۆی ئەو ئاگاداریە بە تەواوی تەبەقەی سلمانی، کبابچی، قەساب ئاشپەزخانەچی، قاوەچی شاری مەهاباد و تەواوی ئەو کەسانەی کە لە ئەماکنی عمومی دخالەتیان هەیە، رادەگەیەندریت کە لەو تاریخەوە تا پێنج رۆژی دی بە ئیدارەی بێهداری موراجعە و لە پاش معاینەی لزوم تەسدیقی سلامتی مزاج لە بێهداری وەرگرن و ئیدارەی شارەداری پێشکەش کەن...

هەر لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەدا، لە ژمارەی ٧٥ رۆژنامەی کوردستانی ١٣٢٥ دا ئاوا هاتووە:

لە برواری نەشری ئەو ئاگادارییەوە بە تەواوی قەسابان رادەگەیندرێت کە پیویستە هەر حیوانێکی دەکوژریتەوە بە دستوری دامپزشکی و لە معاینە دەرچێت و هەر کەسیک حیوانات لە هەر قبیل بە عنوانی تەجارەت لە مهاباد بۆ خاریج سادر بکات پیویستە ئەویش تحت نەزری دامپزشکی کوردستان ئەنجام بدریت ...

سەرۆکی کەشاوەرزی کوردستان. وەلیزادە

## ئەرتەشی کوردستان

چەك كردنی عەشایەر و رێکخستنی هێزێکی گەورەی لەشکری لە سەرانسەری ئێران، یەکێک لە سەرەکیترین کارەکانی رەزاشا بوو. بە دوای نەمانی ئەو دیسان چەک کەوتەوە دەست عەشایر و خەڵکی کورد چەکدار بوونەوە. بە نەمانی دەوڵەت، بۆ پارێزگاری لە خەڵکی شار، قازی محەمەد بە کەڵک وەرگرتن لە توانایی و پرستیژ و ئیعتیباری خۆی، هێزی چەکداری خەڵکی دامەزراند. ئەو هێزە راستەوخۆ و هێزی عەشایری سەربەخۆ، ناڕاستەوخۆ دەستەڵاتداری سەرەکی پاراستنی ئەمنی شاریان بە دەستەوە بوو.

بە دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەندمانی حیزب لە چوارچیوەی عەشیرەیی و تاکەکەسی دا بە چەک و قورخانەی خۆیان هاتنە ناو ریزەکانی حیزب و هێندێکیان لە دەوڵەتی خودموختاری کوردستان دا لە بەشی نیزامی سازمان دران. بەڵام هێزی عەشایر زۆرتر لەژێر ئەمری سەرۆکی عەشیرەت و راڕا و هەستیار و نەحاواوە و سەر بە رێژیم بوون. بە چوکترین پێشهاتە روانگەکانیان دەگۆڕا و هەڵوێستی دیکەیان دەبوو. رەحمانی قازی لە کتێبی "رۆژگاری ون بوو" دا دەنووسێ:

بۆ لێک نزیک بونەوە و هەروەها هەڵسەنگاندنی توانای سەربازی ناوچەکە، جەنابی قازی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

محەمەد هەمو سەرۆک عەشیرەت و خێڵەکانی ناوچەی بانگهێشت کرد کە چەکدارەکانیان بهێنن و بێن بۆ مەهاباد و لە مانۆڕێکی هاوبەش دا بەشداری بکەن . لە دور و نزیکەوە عەشیرە و خێڵ و هۆزەکانی کە لە خۆیان رادی بو بەشداریان کرد وەک جەلالی و هەرکی و شکاک و زەرزا و پیران و مامەش و مەنگوڕ و گەورک و بەگزادە و دێبۆکری و تەنانەت پشدەری و سوێسنی خۆیان گەیاندبو بۆ بەشداری.

کاتێک مەنگوڕەکان دەگەنە مێرگی قەرەپەپاغان لەوێ دەمێننەوە و عەولای بایزئاغا کە سەرۆکیان بو پیاوێک دەنێرێتە خزمەت قازی محەمەد کە ئێمە لێرە دەمێنینەوە تا کاتێک فەرمان بکا و بێین بۆ ناو شار. دیارە ئەو مانەوەیە بە هۆی ئەوەی بووە کە عەولای بایزئاغا زانیوێتی لە نێو شار دا تەویلە و تفاق بۆ ئەسپەکانیان پەیدا نابێ و هەروەها بۆ ئەوەی خەڵک مەترسیان نەبێ.

لەو بەینە کابرایەکی ئاژاوەگێر بە ناوی مارف حەتەم دەچێتە نێو شار و بە خەڵک دەڵێ ئەوە مەنگوڕ هاتونەتە مێرگی قەرەپەپاغان و من دەچم دانگەیان بۆ داوێم. ئەو قسەیە جێ بە جێ بە گوێی عەولائاغا دەگاتەوە. زۆر پێ تێک دەچێ و پیاوێکی زانا و قسەزان کە لەگەڵی دەبێ دەنێرێتە خزمەت قازی محەمەد و رایدەسپێرێ کە ئەو قسانە بکا. دەڵێ جەنابی قازی ئەتۆ پیاوێکی بەڕێز و تێگەیشتوی و بۆخۆت هیچ رەخنەت لێ ناگیرێ بەڵام ئەو تودەیی و کۆمۆنیستانەی دەورەیان گرتوی روخساری مەهابادیان ناشیرین کردووە . بەردەوام بەرد داوێنە سەر رێگات و دڵی خەڵک و عەشیرەت پێوە ناهێڵن. دڵنیا بە هەر ئەوانەش بە کوشتنت دەدەن چون چاوی دیتنی تۆیان نییە. کەسێکی وەک مارف حەتەم کە لە ژیانی دا بە سواڵ و سەدەقە بەڕێ چووە و نانی دەرکی خەڵکی خواردووە چۆن دەتوانێ بێ و دانگە بۆ هەشت سەد سواری مانگوڕ باوێ. من ئەوە دەگەڕێمەوە لە دانگەی کاک مارف نالەوەڕم. تەنیا داواکاریم ئەوەیە پیاوی وەک مارف حەتەم و خەڵکی خوێڕی و کۆمۆنیست لە دەوری خۆی دور کاتەوە چون دەبن بە هۆی روخان و شکست هێنانی.

بەو قسانە جەنابی قازی زۆر تێک دەچێ و دەنێرێ لە دوای مارف حەتەم و زۆری لۆمە دەکا بەڵام تازە کار لە کار ترازاوە و عەولا ئاغا و مەنگوڕەکان بە دڵ شکاوی گەڕاونەوە شوێنی خۆیان ...

بە دامەزرانی دەوڵەتی خودموختار و کۆماری کوردستان ستراتیژی سیاسی پێشمەرگایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان گۆڕدرا و هێزێکی تەیار رێک و پێک و بە دسیپلین و بە بەرنامەی نوێ دامەزرا. ئەو هێزە دەبوو ئەرتەشێکی نیشتمانی بێ و هێزی سەردەمی رەزا شا نەبێ کە سەید محەمەد حەمیدی لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٢ دا بەو شیوەیە باسی دەکا:

دەگەڵ بوونی ئیدارەی شارەوانی و ئەمنیە و هەنگ کە رووی هەم نیزیکەی چوارهەزار نەفەر خاوەن ئەسلەحە کە گشت تەنیا بۆ راگرتنی ئەمنییەت و پاسەوانی میللەت راگیرابوون دیسان نەیاندەتوانی دە خودی شاریدا پێش بە دزی و ماڵبڕین بگرن. چونکوو خوووڕەشیان بە جارێ فاسد بوو و باوەڕیان بە تەواوتی لە سەر دزین و تریاک کێشان و ئارەق خواردنەوە بوو و شەڕافەت و دین و ئینسانییەت لەم بێشەڕەفانەدا بە جارێ باری کرد بوو.

بە پێکهاتنی ئەو هێزە فەرماندەرانی نیزامی خێرا دەست بە کار بوون. سازمان دان و رێکخستن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بار هێنان و ئامادەکردنی کەل پەلی هێزی ئەرتەشی کوردستان، خیرا دەستی پێکرد و لە ٢٨ مانگی سەرماوەز، لەبەرانبەر بە پێشەوا قازی محەمەد دا ڕێژەیان دا.

لە کۆماری کوردستان هەوڵدان بۆ پێکهێنانی دەستەی بە نەزم و دیسیپلینی هێزی پێشمەرگە، واتا ئەرتەشی کوردستان زیاتر کاری بۆ کرا و ئاڵوگۆڕی قوڵ لە هێزێ نیزامی دا پێکهات. دامودەزگا و بنکەی وەزارەت دیاری کرا و بەشی پێشمەرگە لە مەراسیم و بۆنە فەرمییەکاندا، بە ناوەکانی هێزی میللی کوردستان، وەزارەتی جەنگ، وەزارەتی هێزی دیمۆکراتی کوردستان، وەزارەتی هێزی میللی کوردستان، وەزارەتی بەرگری(پێشمەرگە) کوردستان، ناونران. پێشمەرگە بە بەرگ و لیباسی تایبەتی لە پادگانی مەهاباد لە لایەن ئەفسەرانی کوردی باشوور و رۆژهەڵات ئاموزش دران و مەشقیان پێ کرا.

هەروەک لە رۆژنامەی کوردستان دا هاتووە "هێزی بە هێزی دێموکرات بە ساز و بەرگ و ئەسلەحەوە ... " لە دووی رێبەندان دا رێژەی دا و محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی " فەرماندەی هێزی کوردستان" بە نوێنەری لە لایەن هێزی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانەوە." و محەممەدی نانەوازادە "فەرماندەی هێزی مەرکەزی حیزبی دیمۆکرات" وتاریان خوێندەوە.

لە هەواڵەکانی رۆژنامەی کوردستانی ژمارە٦٥ دا، بڕیارێک لە سەر قەراری رێبەری حیزب بۆ فێربوونی مەشقی سەربازی لە رۆژانی جومعە لە پادگانی مەهاباد بە چەشنی خوارەوە دەرچووە:

ئەو رۆژانە بە پێی تەسمیمی هەیئەتی حیزب دێموکرات کوردستان قەرار دانراوە کە رۆژانی جومعان تەواوی خەڵکی شاری و سەرۆک مەئموورەکانی وزارەتخانەکان لە پێشمەرگەخانە بۆ فێربوونی فنوونی پێشمەرگەیی حازر بن.

هاتنی بارزانییەکان بۆ ناو کۆماری کوردستان، کاریگەری زۆری لەسەر هاتنی سەرۆک هۆزەکانی بۆ ژێر فەرمانی ئاڵای کوردستان هەبوو و ئەوانی لە ڕاڕابوون ڕزگار کرد. بە پێی لاپەڕەی ٩١ کتێبی ویلیام ئیگڵتن جۆنز، رێبەرانی کۆمار لەشکرێکیان پێکهێنا کە ژمارەی ١٢٧٥٠ کەس بوو. لەو ژمارەیە تەنیا بارزانییەکان و ٧٠٠ پێشمەرگەی هەرکیی بە سەرکردایەتی زیرۆ بەگ پیادە بوون، باقی ٩٩٥٠ پێشمەرگەکان کە دەرەبەگەکان سەرۆکایەتییان دەکردن، سوارە بوون:

بارزانیی بە سەرکردایەتی مەلا مصطفی١٢٠٠ پیادە

بارزانیی بە سەرکردایەتی شیخ ئەحمەد ٩٠٠ پیادە

جەلالیی و میلانیی ٤٠٠ سوارە

شوکاک بە سەرکردایەتی عومەر خان ٨٠٠ سوارە

شوکاک بە سەرکردایەتی طاهر خانی سمکۆ ٥٠٠ سوارە

هەرکی بە سەرکردایەتی رشید بەگ و بەگزادە بە سەرکردایەتی نوری بەگ ١٠٠٠ سوارە

هەرکی بە سەرکردایەتی زیرو بەگ ٧٠٠ پیادە

بنەماڵەی سید عبداللە گەیلانی بە سەرکردایەتی سید فهیم ٢٠٠ سوارە

زەرزا بە سەرکردایەتی موسی خان٣٠٠ سوارە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەرە پاپاخ "تورک" بە سەرکردایەتی  پاشاخان و خسروخان ٥٠٠ سوار
مامەشی تیرەی کاک عبدالله قادری ٤٠٠ سوارە
مامەش بە سەرکردایەتی کاک هەمزەینەلوسی امیر عشائیری٥٠٠ سوارە
پیران بە سەرکردایەتی محمد امین آغا و قرەنی آغا ٣٠٠ سوارە
مەنگور بە سەرکردایەتی عبدالله بایزیدی ٣٠٠ سوارە
مەنگور بە سەرکردایەتی سەلیم آغای ئوجاغ ٢٠٠ سوارە
مەنگور بە سەرکردایەتی علی خان و ابراهیم سالار ٤٠٠ سوارە
گەورکی سردشت بە سەرکردایەتی کاکەللا ٢٠٠ سوارە
گەورکی مهاباد بە سەرکردایەتی بایزی عزیز آغا ٣٠٠ سوارە
گەورکی سەقز بە سەرکردایەتی علی جوانمردی و محمد آغا و حاجی ابراهیم آغا ٤٠٠ سوارە
تیکەلاو لە خیلەکانی سەردشت ٥٠٠ سوارە
تیرە سوسنی١٠٠ سوارە
دیبوکری مهاباد بە سەرکردایەتی جعفر کریمی٤٠٠ سوارە
دیبوکری بوکان بە سەرکردایەتی
ئاغایانی ایلخانی ٥٠٠ سوارە
فیزوللا بەگی بوکان و سقز      ٨٠٠ سوارە
بنەمالەیبداغی سقز٢٠٠ سوارە
تیکەلاو لە تیرەکانی مهاباد و شاهیندژ ٣٠٠ سوارە
حەمە رشید خانی بانە٣٠٠ سوارە
پیشمەرگەی جوانرو و هەورامان١٥٠ سوارە
کۆی پیشمەرگەکان ١٢٧٥٠

پەیوەست بوونی هیزی بارزانی بە هێزی کۆمار بوو بە هۆی دڵخۆشی و پشتگەرمی عەشایر و ئەوانیش هان دران تا بێنە ریزی هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان.

مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٨٠ی کتێبەکەی دا، لەگەڵ تەئیید کردنی ئەو لیستەیە، رادەی هێزی هێندێک لە عەشایر بە بێ بارزانییەکان بە رادەیەکی تر ئەژماردەدەکا:

هەرکی سەر بە رشید بەگ ٥٠٠
بەگزادە سەر بە نوری بەگ  ٥٠٠
هەرکی بە سەرکردایەتی زێرۆ بەگ٧٠٠
...
تێکرایی ئەم هیزانە دەگاتە ٨٨٠٠ پێادە و ١٧٠٠ سوارە.

بە پێی لاپەڕەی ١٥٥ کتێبی "ئینکار و مقاومەت" ئەنگوس وارد راوێژکاری سفارەتی ئەمریکا و لەگەڵ ژنەکەی و دۆسێنت سۆزان راوێژکاری سفارەتی فەرانسە لە ٢٠ پووشپەڕی ١٣٢٥ سەردانی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەهابادیان کرد. ئەوان رادەی هیزی رێکوپێکی نیزامی کورد بە ٦٠٠٠ کەس مەزەندە دەکەن کە یۆنیفۆرمی نیزامیان لەبەر دابووە و ئی عەشایرانیشیان بۆ ناروون بوو.

هەروەها "ئەرفەع" دوای ئەوە دەنووسێ کە هێزی نیزامی کۆمار نامەعلووم بوو دەڵی لە کوردستانی شیمالی ٤٠٠٠ کەس و لە لای خوارەوە ١٢ هەزار کەس بوون.

ئەوجار محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٢٢ بەشی یەکەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." بەمشێوەیە باسی رێکخستن و بەڕێوەبەرایەتی بەرەی شەڕ و فەرماندەی بەرەکان دەکا و دەنووسێ:

**تەشکیلاتی جبهە و قەتەعات!**

ناوچەی عەسکریان دابەشکردبوو بە ٣ قۆڵ. بە ناوچەی مياندواو – ساينقەلا- تیکان تەپە – مەحموود جغ – یان ئەووت پۆلی (١) کە مەرکەزەکەی مياندواو بوو.

بۆکان- سەقز بانە سنە و ساحەب، هەتا مەرزی (دیواندەرە پێی ئەوترا پۆلی (٢) کە مەرکەزەکەی (سەرا) بوو. سەردەشت و نەغەدە سندووس ماکۆ مەربووتی پۆلی ٣ ناوەندی بوو کە مەرکەزەکەی سابڵاغ بوو لە ناوچەی مەهابادا نموونەی چوار لەشکر دامەزرابوو.

وە سەرلەشکرەکانیان بە روتبەی ژنێراڵ مایۆری کرابوون بە مەسئولی ئیدارەی لەشکرەکان.

١- ژنێراڵ مایور حەمە حوسێن خانی سەیف

٢- ژنێرال مایور  عومەر خانی شکاک

٣- مەلا مستەفای بارزانی

٤- حەمەرەشیدخانی بانە – دانیشتووی داڕوخانی عێراق

بۆ هەر چوار لەشکر تا ئەندازەیتەک ریزی سەربازی پێک هێنرا بوو.

١-  حەمەحسین خانی سەیف – بە عەلاوەی وەزیفەی وەزیری جەنگییەتی فەرماندەی لکی ١و٢ بوو کە مەرکەزەکەی سابڵاغ بوو.

٢- عومەر خانی شکاک- فەرماندەی لەشکری شکاک و جەلالی و عەشایری ناوچەی ماکۆ بوو.

٣-  مەلا مستەفا فەرماندەی هێزی بارزانی و ئەو نەفەراتە فەراریانە بوو کە لە عیراقەوە چووبوون بۆ ناو مەهاباد.

٤- حەمە رەشیدخان فەرماندەی هیزی بۆکان و ناوچەی سەقز کە بارەگای لەشکرەکەی (سەرا و سەرچاوە) بوو. لەشکرەکەی بریتی بوو لە بانەی، فەیزۆڵلابەگی، هەندێ عەشایری جاف و سەرشیوی. بەڵام لە عەینی کاتا، حەمەرەشیدخان فەرماندەی مەسئول گشتی بوو و ئەو بە قائیدی گشتی تەماشا ئەکرا.١

لە قیادەی لەشکری حەمە رەشیدخانا چوار معاوین یارمەتیدەری بۆ تەعین کرابوو.

١- مەنگووری بە رەئیسی ستادی لەشکر تەعین کرابوو

٢- ئەحمەدخانی فاروقی بە معاوینی جەنگی نیشان درابوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣- معاوینی سیاسی و ماڵی هەر جارێ هەر لە عۆهدەی خۆیا مابووە لەبەر تەواو نەکرانی لەشکرەکەی و بێجگە لەم چوار یارمەتیدەرانش. تەشکیلاتی هەیئەتێکی ئەرکانی جەنگیان بۆ قیادە کردبووە کە بریتی بوون لە چوار ئەندام:
١- میرحاج پات پولکونیک  فەرماندەی لکی (٢)
٢- پات پولکونیک فەرماندەی لکی ٤ بەکر کەریم حەویزی
٣- پات پولکونیک فەرماندەی لکی (١) مستەفا
٤-  مایور نووری ئەحمەد تەها فەرماندەی لکی (٣)
٥-  وە رەئیس حیزبی یەک شەوە لکی (٥) عەلی بەگی شیرزادی کە بە ئەندامی ئیحتیات بۆ ئەو فەرمانە دیاری کرابوو. لەبەر ئەوەی کە ئەو تەشکیلاتی سەربازییە بە تەواوی پەرەی نەساندبوو  هەروا بە جلی عەشایرێوە پێشمەرگە و دەرەجەدارەکان فەرمانیان ئەدی. بەڵام ژنێراڵەکان لە گەڵ هەندێ لە ئەفسەرەکانی عیراقی و سابڵاغی جلی رەسمی عەسکریان دروست کردبوو.

لیباسی عەسکەری لەبەر کردن پەیوەندی بە دەست رۆیشتن خاوەن دەرەجەکەوە هەبوو. ئەوەی کە دەرەجەدار بوایە هیچ بێ نیزامێکی تێا نەبوو کە جلی (یۆنیفۆرم) بپۆشێ. بۆ دروست کردنی لەشکرێکی رێک و پێک چەند جار قازی محەممەد داوای لە حەمەرەشیدخان کرد، کە ناوی دەرەجەداران و ئەفسەران بدا بە مەهاباد بۆ ئەوەی کە فەرمانی هەڵگرتنی دەرەجەیان بۆ روون بکاتەوە. بەڵام حەمەرەشیدخان لە وڵاما ئەیووت هەتا سەقز نەگرم نامەوێ دەرەجات ئاشکرا بکرێ و لەسەر هەوا نەخشە ناکێشم. حەمەرەشیدخان لەوباوەڕە دابوو کە لە پێش گیرانی سەقز و بانە و سەردەشت دەرەجات بڵاوکردنەوە لە عەیبداری زیاتر هیچ سوودێک تەعمین ناکات. وە بە دەرەجە بڵاوکردنەوەش سیاسەتی لەشکرەکەی پێ تێک ئەچوو وە ئاژاوەیەک ئەکەوتە ناو خەلکەوە. لەشکرەکەی حەمە رەشیدخان هەمووی لە ئاغوات و خان و بەگ پێکهاتبوو. هەموویان چاویان لە دەرەجاتی گەورە بوو و دەرەجاتی گەورەش لە لەشکرێکا هەر ٤ سەرهەنگ و ٤ نایب سەرهەنگ و٤ مایور و ٤ معاوینی ژنێراڵی تێئەکەوت و١٥٠ نەفەرێکیش بە دەرەجاتی ١ و ٢ و ٣ ئەستێرە  دەرەجاتیان وەرئەگرت.

بەم نیسبەتەش تەقریبەن ٢٠٠ نەفەرێک لە ئاغایانی دەستەی حەمە رەشیدخان بە بێ مەنسەب ئەمانەوە. کە لە عەینی وەختا نیزیکەی ١٠٠ ئاغا خۆی بۆ سەرهەنگی و پولکونیکی و مایوری هەڵگرتبوو.

ئەگەر لە پێش گرتنی سەقزا دەرەجات دیاری کرابایە، نیوەی لەشکرەکەی بە تۆراوی جبهەیان چۆل ئەکرد و ئەگەڕانەوە. بۆچی و لەسەرچی؟ لەسەر دەرەجە بەرنەکەوتن. لەسەر رەنجدانی بێ سەمەر. حەمەرەشیدخان نەی ئەویست خۆشی جلی رەسمی لەبەر بکات هەتا سەقز نەگیرێت. بەڵام هەندێ تەنقیدات و رەخنەی بێجێ ببوو بە هۆی ئەوەی کە لە پێش لەشکرەکەیا جلی رەسمی عەسکەری لەبەر کات. جا لەبەر ئەو دوورئەندیشی و لێکدانەوەیە، هەتا تێک چوونی کۆمەڵە، نە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەقز گیرا وە نە لەشکر و دەرەجەداریش دیاری کران.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٢٤ بەشی یەکەمی کتێبەکەی دا باسی ڕەویشت و ئاکاری هێزەکانی شکاک و حەمەڕەشیدخانی بانە و بارزانی و مەهاباد دەکا و دەنووسێ:

وێڵی لەشکری شکاک

هیزی شکاک زۆر بێ نیزام و ریز بوون. خوێندەواریان تیا نەبوو، هەر لە سەر رەوشتی عەشایری و راو ورووت ئەیانەویست بجوولێنەوە.

ناوبانگی لەشکری دیمۆکرات و مەدەنییەتیان سووک کردبوو. ئەو خۆراکەی کە قازی محەممەد بۆی دانابوون ئەیان فرۆشت وە خۆیان بە خەلکی ئەو دێهاتانە بە خێو ئەکرد کە لەشکر بەزیان تیا گرتبوو.

زۆر کەسیان وڵاخی یەدەگ لەگەڵ خۆیان هێنابوو جبهە بۆچی، بۆ تاڵان لێبارکردن لە کاتی گرتنی شارێک. لایان وابوو هەر زەمانی سمایل ئاغای سمکۆیە کە تاڵان و راووڕووت لێ نەپرسێتەوە، ئاژاوەیەکی زۆر ناشیرینیان لەو ناوەیە نابووە. بە هیوای دەرەجە و مەنسەب لەوپەڕی وڵاتەوە هاتبوونە ناو لەشکری دیمۆکرات. لەشکری شکاک تەخمین ئەکرا بە ٢ هەزار سوار، چەند ئەفسەرێکیان بە دەرەجەی سەرهەنگ و سەرگورد نیشان کرابوون.

لە کاتێکا کە حەمەرەشیدخان داوا کرابوو بۆ سابلاغ فەرماندەی گشتی سەقز بە وەکالەتەوە بەسەر شانی منەوە بوو، ژنێک خەڵکی (ئایچی) لای سەقز هاتە سەرا و وتی ئەو سوارە شکاکە ماینێکی لێساندوین ئەوا لەگەڵ خۆیا ئەیباتەوە بۆ وڵاتی خۆیان بۆم وەربگرەوە، چوونکە هەتیوبار و فەقیرم. منیش زۆر بە سادەیی و ئاسانی بە عەبدوڵا ناوی ئامۆزام وت لەگەڵ ئەو ژنە بچۆ ماینەکەی بۆ لەو پێشمەرگە شکاکە وەربگرەوە و بیدەرەوە با بروا. هەرکە داوای پیرە ماینەکە لە کابرای شکاک ئەکاتەوە، کابرای شکاک لێی راست و چەپ ئەبێ کە عەبدوڵا ناو بکوژێ. هەتا ئیشەکەمان وەک خۆی لێکردەوە زۆری پێوە ماندوو بووین. ماینەکەش هەر لای کابرای شکاک مایەوە. کە حەمەرەشیدخان هاتەوە ئەو باسەیان بۆ گێرابۆوە. زۆر تووڕە ببوو کە وا داوای حەقی پیرەژنەمان لە کابرای شکاک کردوە و وتبووی من دڵی ٣ هەزار نەفەری شکاک بە دڵی پیرەژنێک نادەم. ئەو قانوونی دادگریە جاری بە مەنگووری تەتبیق ناکرێ.

لەشکری بانە

لەشکری بانەی فەیزۆڵلابەگی سەرشیوی گەورکی - دۆڵی میرەدێ کە دەستەی حەمەرەشیدخان بوون. ئەوانیش وەکوو لەشکری شکاک بێ ئینتیزام بوون، بەڵام ئەوان وەکوو لەشکری شکاک دزیان نەئەکرد. تا ئەندازەیەکیش گیانی ئیتاعەتیان تیا هەبوو. حەمەرەشید خان چەند گەنجێکی کردبوو بە سەرپەل و سەرلق و ئامیرهێز کە ئەوانە تا ئەندازەیەک سەلیقەی خوێندەواری و فەرمانبەرێوەبردنیان هەبوو. هەستیان بە مەسئولییەت و شەرمەزاری ئەکرد. بەڵام لە مەرکەزی سەرا لە قیادەی فەرمان بەرایەتیدا رەسمیات و دەفتەرداری و شێوەی نووسین و موخابراتیان زۆر تەواو بوو. بە هۆی رێکوپێکی دەفتەرداری و موخابراتیانەوە کەم ئیش بە غەڵەت ئەکرا کە لێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەپرسرێتەوە.

لەشکری بارزانی!

تەشکیلاتی لەشکری بارزانی زۆر پێشکەوتوو بوو. چونکە ئەفسەرەکانیان لەو ئەفسەرانە پێکهاتبوو کە لە لەشکری عێراقا وەرزیشی ئاداب و رەوشتی سەربازیان وەرگرتبوو و بە هۆی ئەو ئەفسەرانە زۆر ئیشی رێکوپێک لە ناو لەشکری بارزانیدا بە ئەنجام ئەگەیشت و لە زۆر کاتا تەعلیمی سەربازیان بە هێزی بارزان ئەکرد. ئەو ئەفسەرانەش بریتی بوون لە ئاغایانی:

١-میرحاج ٢- مستەفا ٣- بەکر حەوێزی ٤- عیزەت عەزیز٥- محەممەد مەحمود٦- خێرۆڵلا ٧- عبدالرحمن مفتی٨- حەمەسالح ژاژەڵەیی٩- جەلالی ئەمین بەگ ١٠- شەوکەت عەزیز و زۆر نایب زابیت و عەریف و نایب عەریف و باشچاوەشی تریشی تیا بوون.

لەشکری بارزانی کرابوو بە چوار لک کە تەمسیلی چوار فەوجی ئەکرد. هەر لکەی لە ٢٥٠ نەفەرێک پێکهاتبوو. هەندێ جار ئەگەیشتە ٣٠٠ نەفەر.

فەرماندەی لکی ١ مستەفا

فەرماندەی لکی ٢ میرحاج

فەرماندەی لکی ٣ نووری ئەحمەد تەها

فەرماندەی لکی ٤ بەکر ئاغای حەویزی

لە هەموولکێکا تەرز و شێوەی سەربازی بە تەواوی پێکهاتبوو، بە پێی پێویست (گروبان و سەرجوخە – لە لەشکری بارزانیدا دیاری کرابوو. لە دوایەدا لەشکری بارزانی بە تەواوی جلی سەربازیان لەبەرکرد بوو. دوکتور و دەرمانان و خواردنیشیان زۆر باش بوو.

ئەفسەر و نەفەرەکانی لەشکری بارزانی زۆر شەرکەر و شارەزای پلان و نەخشەی جەنگ بوون.

لە غەیرەز ئەفسەرەکانی عێراقی ئەفسەری تریشیان لە هۆزی بارزانی دروست کردبوو و جلی ئەفسەریان لەبەرکردبوو کە لە کاتی خۆیا باسیان ئەکەین.

نەفەراتی بارزانی زۆر هێمن و قانع بوون بە ئازار و جەفای برسیایەتی وەکوو نەفەراتی لەشکرەکانی دیکە نەئەکەوتنە شین و شیواویەوە. بارزانیەکان زۆر ەحزیان بە تێکەڵاوی غەیری خەڵکی خۆیان نەئەکرد. گیانێکی ئارام و نەترسینەریان تیا مەوجود بوو. ئەگەر کردەوەی هەندێ زابیتەکان نەبوایە هەتا دوایی میللەتی بارزان هەر بە خۆشەویست تەماشا ئەکران لەناو میللەتی ئێرانا.

بەرامبەر بە مەلا مستەفا ئەو عەشیرەتە – روحێکی عیبادەت و پەرەستنیان تیا هەبوو. نە وەکو بە ناوی ئاغا و کرمانجی مەلا مستەفایان خۆش ویستبێ. رووحەن حەزیان لە بنەماڵەی شێخانی بارزانی ئەکرد. وە ئەو باوەر و ئیمانەیان هەر لە کۆنەوە بە میرات بۆ بە جێمابوو.

رەنجانی شێخانی بارزان لە ئەفرادی ئەو عەشیرەتە شتێک بوو کە هەر لە بیر نەچووبایەوە. وە بۆ خۆشەویستن و رەزامەندیشیان هەر وابوو جا بە هۆی یەک بیر و باوەری و یەک رووحی میللەتی بارزان، ئیشی مەلا مستەفا لە هەموو جەهەتێکەوە پێشکەوتووتر بوو لە ئیشی فەرماندەکانی‌تر.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوانە بۆ نەفەرێکی بارزانی رۆژێ بە دوو نانی وشک رایبواردبایە، بەڵام نەفەرێکی عەشایرەکانی تر ئەبوو چێشتی برنجی سەدری بۆ لێنرێ بە مەرجی کە گۆشتی مەریشکیشی بە سەرەوە بوویایە.

لەشکری مهاباد

پێشمەرگەی مەهابادیش بە نیسبەت لەشکری شکاک و بانەی موتەمەدنتر بوون. رەوشتی سەربازیان ئەزانی. چونکە گەنجەکانیان هەموویان لە لەشکری ئێرانا چووبوونە ناو کۆڕی سەبازییەوە.

بەڵام لەشکری سابڵاغی بە قەت شکاک و بانەی ئازا نەبوون. چونکە نەفەرات و ئەفسەرەکانی سابڵاغی هەموویان لە سایەی پەروەردەوە خەڵکی ناوشار و ناز ئالودەی بوون. زیاتر نەفەراتەکانیان حەزیان لە خۆ جوان کردن و پاک و خاوێنی ئەکرد. بە کەڵکی ئەوە نەئەشیان کە لە شارەکان دوور بخرێنەوە بخرینە باو چڵکو موریانی جبهە و ئوردوگا.

ئەفسەر و نەفەراتەکانیان بە زۆری خوێندەوار بوون زۆربەیان کلاسی ٦ سەرەتایی و ١ و ٢ ٣ موتەوەستەیان تەواو کرد بوو. چونکە لە سابڵاغ هەر هەتا کلاسی ٣ موتەوەستە ناوەنجی خوێندن هەبوو.

چەک و خواردن و جل و بەرگ وە خەرجیان لە لەشکرەکانی تر باشتر بوو. لەو لەشکرانەدا تەنیا هەر پێشمەرگەی سابڵاغی مووچەی ئەدرایە. لەشکری سابڵاغ بە ١٠٠٠ کەس تەخمین ئەکرا. لەشکری سابلاغ لە ناوچەی سەردەشت چووبوونە ناو پێشمەرگەی شەرەکەرەوە، حەمە حوسێن خانی سەیف خۆی مەسئولی سەرپەرەشتی لەشکری سابلاغ بوو. بەڵام زیروی بەهادری هەرکی – لە جیاتی حەمەحوسین خان تەماشای ئیدارە و سەرپەرشتی لەشکری سابڵاغی ئەکرد لە ناوچەی سەردەشتا بە روتبەی سەرهەنگی.

دەرەجاتی سابلاغی لەسەر حیساب و پێویست نەبوو. بە پێی ئارەزووی خۆیان دەرەجاتیان هەڵگرت. لەو چوار لەشکرەدا تەنیا بارزانی و سابڵاغی جلی سەربازیان لەبەر کرد بوو. لەشکرەکانی تر هەر بە جلی شارستانی و عەشایرەوە وەزیفەیان بە ئەنجام ئەدا.

فەرماندە و ئەفسەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر شارەزا و پسپۆڕ نەبوون، چوونکە ئەفسەرانی کورد لە نیزامی رەزاشا دا، بە زەحمەت رێگای خوێندن لە زانکۆی ئەفسەری و وەرگرتنی پلە و پایەی ئەرتەشییان پێدەدرا. بەڵام بەشێک لە ئەفسەرانی کوردی باشوور لە زانکۆکانی عێراق خوێندبوویان و هەندێکیان زانستگاکانی ئەوروپایان دیبوو و ئەوانە  لە نەزم دان بە ئەرتەشی کوردستان دا، دەستی باڵایان هەبوو. بەمشێوەیە بە هەموو تواناوە بۆ دامەزرانی هێزێکی نیشتیمانی هەوڵ درا. دیارە یەکەم بناغەی هێزی بە نەزمی نیزامی کە هەر ئەو قۆڵ سوورانە بوون کە پێشینەی دەگەراوە بۆ شووڕای شار و لە ژێر چاوەدیری پێشەوا دا پارێزگاری شاریان دەکرد. ئەو هێزە لە سەردەمی دێموکرات دا لە بەشەکانی: لیزگە، قۆڵ، دەستە، چڵ، لک، پۆل، هێز سازمان درا و دوایە لە سەردەمی کۆمار دا، بە پلە و پایەی نیزامی، وەک مایور (میجەر)، پات، کۆلۆنیل، کاپیتان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ... ڕێکخران.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٢١ بەشی یەکەمی کتێبەکەی دا باسی چۆنێتی پێکهاتەی وەزاڕەتی جەنگ دەکا و دەنووسێ:

وەزارەتی جەنگ

بە هۆی ئەوەی کە چەند ئەفسەرێکی عێراقی بە فەراری چووبوونە ناو تەشکیلاتی سەربازی کوردستانی مەهاباد. ڕێز و ڕێک و پێکی دایرەی عەسکەریان زۆر لە دایرەکانی تر پێشکەوتووتر بوو. لە وەزارەتی جەنگا ٤ یارمەتیدەر مەعاوینی وەزیری جەنگ بۆ وەزیری جەنگ دروست کرابوو. سەلاحەدین کازم ئوفی رووسیان بە ناوی کاک ئاغاوە کرد بوو بە موشیری دیوانی حەرب.

٢- نانەوازادە بە مەعاوینی سیاسی هێز

٣- جەعفەری کەریمی مەعاوینی سیاسی

٤- جەعفەری ئیلخانیزادە بە مەعاوینی مالییەی جەنگ و غەیری ئەو هەیئەتەش لقێکی تر لە وەزارەتی جەنگ جیاکرابووە ناویان لێنابوو پۆلی ٣ ناوەندی ئەو دایرە لە هەموو وێنە سەزا و فەرمانی چاک و خراپی لەشکر مەسئول بوو.

ئیبراهیم سەلاح – کە پێیان ئەووت برایم خانی ساروقامیشە (بە پێی لاپەڕەی ١٦٩ کتێبی هۆزی فەیزوڵابەگی لە نووسینی عەزیزی کەیخوسرەوی، ئیبراهیم خان سەلاح، کوڕی ئەحمەد خان و لە عەشیرەتی فیزوڵابەگی بوو کە لە ساڵی ١٢٧٤ هەتاوی لە گووندی ساروقامیشی ناوچەی فەیزوڵابەگی بۆکان لە دایک بوو. هەر لە منداڵییەوە لە کتێبخانەی بابی هەوڵی خوێندنی داوە. دوایە لە لای مەلا کەریم و مەلا ئەحمەدی لاسوور، سەرف و نەحوی عەرەبی و فارسی خوێندووە. هەموو زمانەکانی ئینگلیسی، فەڕانسەوی، ڕووسی، ئەڵمانی، تورکی، ئازەری و ئیستامبولی و عەرەبی و عیبری و فارسی زانیوە. زۆر شارەزای ئایینەکان و ریازی و نجووم بووە و بە کەڵک وەرگرتن لە کتێبانە، نەخۆشی چارەسەر کردووە. مامۆستا سەلاح چەند بەرهەمی نووسینی هەیە وەک کتێبی ڕێزمانی کورد کە چاپ نەکراوە. ئەو لە ساڵی ١٣٤١ لە ئاوایی ساروقامیش وەفاتی کرد. حەسەن سەلاح سۆرانی کوڕی ئیبراهیم خان، کە شاعیر و نووسەرێکی گەورەیە و بە دەیان نووسراوی هەیە، لەسەر بابی دەڵی کە لە سەردەمی قاجاڕەکان دا، پڕتەقاڵییەکان راوێژکاری حکومەت بوون. رایانئەسپارد دەوڵەت کە واباشە فەوجێک هەم وەک بارمتەو و هەم وەک دڵدانەوە لە کوڕی سەرۆک هۆزەکانی ئێران پێک بێ بۆ ئێسکۆڕتی شا و برایم خان یەک لەو کەسانە بوو کە تا هاتنە سەرکاری رەزاشا لە تاران بوو. دوایە چوو بۆ مەدرەسەی نیزامی و بوو بە سیتوان سێ. ئەو بۆ خزمەت کردن بۆ سیستان دوور خراوە و لە کاتی رووخانی رەزا شا دا گەڕاوە بۆ کوردستان و دواتر بە دەرەجەی سەرهەنگی بوو بە جێگرێ محەممەدی نانەوازادە.

دوای رووخانی کۆمار ئیبراهیم خان هەوڵ دا باتری دروست بکا و بۆ ماوەی دە ساڵ کاری لەسەر کرد کە شتەکانی خۆماڵێ بوون و حەسەن سەلاح سۆران دەڵێ: لە باتی چەسپی دێکسترین پێترۆشیمیک لە کەتیرە کەڵکی وەردەگرت، لە باتی زووخاڵی کۆک، لە چەقاله سووتاوی میوەی کۆخ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەهرەی وەردەگرت و بۆ قاڵ و حاجەتی باترییەکە لەئیستکانی گڵی هەو رەگەی کوردی و بۆ بەستەبەندی لە قوتووی داری دروستکراوی دارتاشە کوردەکان کەڵکی وەردەگرت".

حەسەن سەلاح سۆران دەڵی دوای ١٠ ساڵ ئەو باترییە دروست بوو و لە ماڵێ و گڵۆپیان پێداگیرساندووە و بۆ زۆر شتی کارەبایی دیکە کەڵکیان لێوەرگرتووە) بە دەرەجەی مایۆری ئەو دایرەی سەرپەرەشتی ئەکرد. ئەو برایم خانە بە بێ خوێندنی مەکتەب، زمانی رووسی، ئینگلیسی، فەرانسەوی، ئەڵمانی، تورکی، عەرەبی، فارسی و کوردی فێر ببوو. بە هەموو تەرکیب و قاعیدەیەکەوە.

بەڵام ئەو فدەرماندەیە زۆر زوو لە وەزیفەکەی دەرکرا بە تاوانی ئەوەی کە گۆیا فەرماندەیەکی توورەیە. لەجێگای ئەو مستەفا بە (رووتبەی پات پولکونیکی) کرا بە فەرماندەی پۆلی ٣ ناوەندی هەتا تێکچوونی دەوڵەتی کوردستان.

گشت ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و فەرماندەرانی گەورەی هێزی بارزانی و جەعفەر کەریمی و ئیبراهیم سەلاح و محەممەد ئەمینی شەرەفی پلەی مایوریان هەبوو. محەممەد نانەوازادە بە پلەی پات کۆلۆنیک و عەزیز سەدیقی بە پلەی کاپیتان دیاری کران. ئەوانە زۆربەی هەرە زۆریان هیچ زانکۆیەکی شەڕیان نەدی بوو و بە نیشانی لەشکری رووس فۆڕمی لیباسی جل و بەرگیان بۆ دیاری کرا. لە دیاری کردنی هێندێک لەوانە کە نە هیچ دەورەیەکی نیزامیان دیبوو و نە ئەزموونی شەڕیان هەبوو، پلە و پایە و بێشک دڵسۆزیی بۆ حکومەتی کوردستان و ڕادەی نفوزی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناو ئێل و ناوچەدا کاریگەری هەبوو. لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە٦٦دا، لە ژێر سەردێڕی "تەعلیماتی پێشمەرگەیی" ئاوا هاتووە:

تەعلیماتی پێشمەرگەیی

بە پێی دەستورێ کە لە لایەن کۆمیتەی مەرکەزیەوە درابوو رۆژی ١٣٢٥/١٤/١٤ تەواوی رووئەسا و کاربەدەستانی ئیدارات و ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی سەعات ٧ ی بەیانی لە پێشمەرگەخانە حازربوون.

لە پێش دا لە لایەن ئاغایان حاجی رەحمان ئاغای ئێلخانی زادە، کاپیتان میزانی(سەرکردەیەکی ئازەربایجانی)، عیزەت عەبدولعەزیز، محەمەد مەحموود، ئیبراهیمی نادری، محەمەد ئەمین قادری، جەعفەری کەریمی معاونی وەزارەتی هێز، سدیقی حەیدەری، ئیبراهیم سەلاح فەرماندەی هێزی ناوەندی، لە بابەت فێربوونی تەعلیماتی پێشمەرگەیی و خۆشەویستی و پارێزگاری لە نیشتمان و فەریزەی فەردی و ئیجتیماعی هەر کەسێك نوتق کرا. پاشان حازرین ڕیزیان بەست و تەعلیمات دەستی پێ کرا و تا سەعات ١١ ئیدامەی هەبوو.

قازی محەمەد فەرماندەی تەواوی هێزی چەکداری کوردستان بوو و چوار کەس لە وەزارەتی بەرگری(پێشمەرگە) کوردستان، دەرەجەی ژێنرالیان پێبەخشرا کە بریتی بوون لە:

١ـ حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی، وەزیری هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

٢ ـ مەلامستەفای بارزانی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣ ـ محەمەد رەشیدخانی قادرخان زادە(حەمەرەشیدخان) لە بەگزادەکانی بانە.
٤ ـ عومەرخانی شکاک(شەریفی)، رەئیسی ئێلی شکاک.

رادەی هێوا و هۆمێد و چاوەڕوانی خەڵکی کوردستان لە هێزی پێشمەرگە و ئامانجی گشتی ئەو هێزە لە نوتقی وەزیری جەنگ دا بە روونی دەردەکەوێ. محەممەد حوسێنخانی سەیفی قازی لە رۆژی ١٣٢٥/٤/٢٠ لە کاتی گەڕانەوەی پێشمەرگەکانی هێزی ناوەندی کە بۆ عەمەلیات چووبوونە دەرەوەی شاری مەهاباد، لەبەرانبەر خەڵکێکی زور دا قسەی کرد و گوتی:

برایان، پێشمەرگەکان، سەرکردان، ئەهالی موحتەڕەم، شوکری خودا تەواو ناکەم کە شانازی و ئیفتیخاری ئازادی کورد وەچەنگ مەهاباد و میللەتی تێگەیشتوی ئەم شارە کەوت. ئێوە هەرچەندە لە مادییات دا زۆرتان زیان کێشاوە بەڵام لە مەعنەوییات دا زۆر وە پێش کەوتون.

برایان ئێوە جێگای هومێد و چرا و ئاڵا هەڵگری هەموو کورد و ئازادی کوردستانی مەزنن. ئێوە دەبێ رۆژبەڕۆژ هێزی کارکردنتان زیادتر و ئینزیبات و دیسیپلینتان قایمتر بێت. برایان مزگێنیتان دەدەمێ بە کوێرایی چاوی دوژمنانی ئازادی، کورد ئازادی دەست کەوتووە. هەر ئازادیش دەبێ و هیچ هێزێك ناتوانێ هەستی ئازادیخوایی ئێمە بکوژێنێتەوە و ئازادیخوازانی دنیاش هەموو پشتیوانی ئێمەن و بە هەر ئیسم و رەسمێك بێت کورد ئازادە و ئازادی خۆی وە گیر هێناوە. بەڵام گەورەترین وەزیفەیەك کە ئەورۆ لە سەر ئێوە ئەنجامی پێویستە، فیداکاری‌یە لە رێگای راگرتنی ئازادی دا. ئەورۆ نزیکەی ملیۆنێك کورد لە ژێر ئاڵای موقەدەسی کوردستانی ئازاددا زۆر بە خۆشی دەژین و دڵیان پڕ لە هەستی نیشتمانپەرستی‌یە.

ئەورۆ چلوپێنج هەزار فیدایی کورد لە ژێر ئیختیاری من دایە و گشت ئامادەن بە چکۆلەتر ئیشارەیەك خوێنی پاکی خۆیان لە رێگای پاراستنی نیشتمانی موقەدەس دا بڕێژن. ئاغایان ئەوا رەسمەن بە هەموو کەس رادەگەیەنم لەمەودوا هەرکەس بێتو کارێك بە پێچەوانەی ئازادی کورد بکا وە یا زەڕەیەك لە دەستورات لا بدا مەحو و نابوودی دەکەم و حکومەتی میللی و هەیئەتی دەوڵەت دەستەڵاتی هەیە. دوژمنانی ئازادی کورد بە موجازاتی سەخت بگەیەنێ. لەوە پتر زەحەمەتو نادەم و بە خوداو دەسپێرم.

لە کوردستانی ژمارە ٥٧ دا، لە لایەن وەزارەتی تەبلیغات، لەسەر وەزعییەت هێزی پێشمەرگە، بابەتێک بڵاو کراوەتەوە بەمشێوەیە: ... کوردستانی ئازاد بۆ رەزگارکردنی برایانی کوردی دەست و پێ زنجیرکراوی ئیستعمار و دیکتاتوری توانی کە تا ١٥٠٠٠ سوارچابوکی با شەهامەتی کورد بە هەموو ئەسبابێکی جەنگی خۆیانەوە کۆ بکاتەوە و بەرامبەر دوژمنی خوێنخۆر راوەستن و بە گیانی ئاسنینەوە دیفاع لە شەڕەفی کوردستان بکەن...

... لەگەڵ ئەوەشدا ئەڕۆ دەوڵەتی کوردستان مەخارجی ئەو هەموو برا با شەهامەتانەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی...

هەر لە درێژەی رێکخستن و سازمان دانی هێزی پێشمەرگە دەبوو جێگا و شوێنی گونجاو بۆ ئەو هێزە دیاری بکرێ. بۆیە رێبەرانی کۆمار زۆر زوو بڕیاریان دا کە پادگانی مەهاباد بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جێگیرکردنی هێزی پێشمەرگە دروست بکەنەوە. لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٣١ دا، هاشم خەلیل زاد لە رۆژی ٢٥/١/٩ لە راپۆرتێک دا باسی ئەوە دەکا کە خەڵکی شار هەموو لە سەعاتی ٨ ی بەیانی رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٥/١/٩ لە کاتێکدا باران دەباری لە شەقامەکاندا کۆبوونەوە تا رێژەی هاتنی پێشمەرگەکان بە چاو ببینن. هەروەها هەر بۆ ئەو رۆژە گشت جەوانان بۆ پادگان بانگ کرابوون تا گوێیان لە وتاری پێشەوا بێ. پێشەوا لە نێو ئاپۆرای گەورەی خەڵک دا ئەم فەرمایشاتانەی فەموو:

برایانی خۆشەویست لە دیتنی ئێوە بەو جورە زۆر خۆشحاڵم، چوونکوو ئیوە نمونەیەکی بەهێزی کوردستانی مەزنن کە لە ژێر رووحی یەکیتی دا کۆمەڵ و بەستووە بۆ دونیایەکی ئایەندە کە بتوانێ نەتەوەی کورد بە تەواوی مەعنا بە دنیا بناسێنێ، خۆتان ئامادە کردووە. بەڵام لە دیتنی ئەو مەنزەرەیە(ئیشارە بە ساختومانی سەربازخانە) زۆر دڵتەنگ و پەرێشانم. پێموایە بە بێ شووبهە ئێوە لەمن پەریشانترن. چوونکو ئێوە و ئەترافیانی ئێوە ئاغایانی عەشایر کە وێستا زوریان لێرە حازرن ئەو رۆژانەی کە سێ چوار ساڵ لەمەوبەر عەرزم دەکردن: ئاگاداری لە سەربازخانە بکەن، تێکی مەدەن، دەرک و پەنجەرەی هەڵمەوەشێنن، ئەو تەنەکانە مەکەنە ئەفتاوە و کەندووی نانی و تەشتی ئاو ...... رۆژێک دێت زۆرمان بە کار دێ و بۆی پەشیمان دەبینەوە. ئەو دەمەش پەشیمانی فایدەیەکی نییە. ئەورۆ بەو رۆژە گەیشتین کە موحتاجی سەربازخانەین. بەڵام سەربازخانە وێران کراوە دەبا ئەو سەرباخانەیە کە هەر بەردی، بە ئێسکێکی ئێمە و هەر پارچە قورێکیشی بە خوێنی کوردان گیراوەتەوە و لە سەر یەک داندراوە، ئیستیفادەمان لێکردبایە و خراپمان نەکردبایە کە ئەورۆ بۆی پەشیمان نەبوباینەوە. وە ێستاش کار لە کارگوزەراوە. پێویستە وەک کارەکانی ترمان کە بە دڵیکی هێزدار و باسێکی یەکێتی جێبەجێمان کردوە، لەمەو دووا هەموو رۆژی هەینیان کە دوکان و بازار تەعتیلە بێنە ئەو جێگا موقەدەسە( سەربازخانە) وەک خراپمان کردوە، چاکیشی بکەینەوە هەتا بتوانین تۆڵەی کارێکی خراپی کە لە رابردودا، دە نەتیجەی بێفکری کردومانە بیکەینەوە.

ئەوەش بزانن کە کردەی ئەوکارە دوو قازانجی زۆر گەورەی هەیە. هەوەڵی ئەوەیە کە هەمووتان دەزانن حکومەتی کوردستان ئەورۆ جەوان و تازەکارە، ئەگەر بیەوێ بۆ هەموو کارێکی پووڵ سەرف کات مومکینە جارێ لە عوهدەی نەیەتە دەرێ. چوونکوو کاری لەوانە گەورەترە لە پیشن کە پێویستە جێبەجێ بکرێ. کە وابوو چاتر ئەوەیە ئەوەی بۆخۆمان لە دەستمان دێت و لزومی بە پووڵ نییە، بە دەستی خۆمان بۆ خۆمانی رەنێو بینین. دووەمی ئەوەیە کە کار بۆخۆی وەرزشێکی گەورەیە و وەرزش بۆ بەدەن قازانجی زۆرە. لەجیاتی ئەوەی لە دەوروبەری شاری بە بێکاری و تەنبەڵی رایبوێرن بێین لەم سەربازخانەیە چەند ساتێک کار بکەین کە کار لێرەدا هەم وەرزش و سیاحەتە بۆخۆمان و هەم تجارەتە بۆ میللەت و لە ئەهمییەتی ورزش و تجارەتیش ئاگادارن و پێویستی بەیان نییە . براکانم دەسی بە کار ...

بەووتەیە دووایی فەرمایشی هێنا. کۆمەڵیش بە دەوڵەمەند و هەژار پیرو جەعێل هەتا ساتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکی پاش نیوەڕۆ کارێکی جوان و بە دڵیان کرد و دوایە بۆ بەجێهێنانی نوێژی جومعە هاتنەوە شاری.

لە لایەکی دیکە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، نەزم و دیسیپلین لە نێو هێزی نیزامی دا رۆژ بە رۆژ زیاتر و وەرگرتنی هێزی پێشمەرگە بە بەرنامە و مەرجدارتر دەبوو. لە کوردستانی ژمارە ٥٦ دا لە ئاگادارییەک دا مەرجەکانی وەرگرتنی پێشمەرگە بەمشێوەیە دیاری کراوە:

ئاگاداری

بە دوای ئاگاداری ژمارە ٣٠٨ - ٢٥/١/١١ پۆلی ٣ هێزی ناوەندی جەمهورییەتی کوردستان بە هەموو برا خۆشەویستەکان رادەگەیەنێ کە پۆل بەم شەرتانەی ژێرەوە پێشمەرگە رادەگرێت: ئەلف - هەتا مومکینە سەڵت و بێ ژن و منداڵ بێت. ب - تەمەنی نابێ لە ١٨ کەمتر و لە ٣٠ زیاتر بێ. ج - خاوەنی ئەخلاقی چاک و بەدەنی ساغ بێ. وەسائیلی زیندەگی و بەخێوکردنی پێشمەرگان کە لە تەڕەف دەوڵەتی جەهورییەتی کوردستانەوە تەعین کراوە بەو جورەیە. ئەلف - نان و چێشت و مەنزڵ و بەرگ و قەند و چایی و توتن و کاغەزی سیغار وە تەواوی وەسائیلی زندەگی کە پێشمەرگەی دەوڵەتێکی ئابڕومەند پێویست بێ فەراهەم و حازرە. ب - مواجبی مانگانەی پیادە ١٥ تمەن. سوار ئەگەر ئەسپ و زینی شەخسی ببێ ٢٥ تمەن. لە هەموو سەری مانگێ دا موڕەتەبەن وەری دەگرن. ج - دوای خاتیمەی خزمەتی ٤ مانگە و فێربوونی تەعلیمات پێشمەرگەیی ئەگەر چوو بۆ مەئموورییەت غەیرەز جیرەی دەوڵەت رۆژێ تمەنێکیشی فەوقولعادە دەدرێتێ.

کەسانێک خاوەنی ئەو شەرتانەی سەرەوەن پێویستە خۆیان بە پۆلی ٣ هێزی ناوەندی مەعەرەفی و بناسێنن تا بە خزمەت موقەدەس و مەڕام پێشمەرگەیی کە یەگانە مەڕام میللییە موفتەخەر بکرێ.

فەرماندەی پۆلی ٣ هێزی ناوەندی سەلاح

لە کوردستان ژمارەی ٣٢ دا، ئاگادارییەک بۆ ئەو کەسانەی کە خوازیاری پێشمەرگایەتی بوون بە شێوەی خوارەوە بڵاو بۆتەوە:

ئاگاداری

بە بۆنەی ئەو ئیعلامیە هێزی ناوەندی دێموکراتی کوردستان لە ئەشخاسی داوتەلەب (پێشمەرگە) کە ساحەبی ئەسبی شەخسین و سابقەن نێویان لە هێز دا نووسراوە و یاداشتیان دراوەتێ و یا ئەشخاسێکی خەیاڵ و نەزەریان ئەوەیە داخڵ بە خزمەتی پێشمەرگەیی بن پێویستە بە ئینتشار و بڵاوکردنەوەی ئەو ئیعلامیە خۆیان بە هێزی ناوەندی کوردستان مەعەرەفی و بناسینن تا مەحەل و جێی وان لە هێز دابندرێ و تەکلیفیان کە تا ئەمڕۆ مونتەزیر بوون مەعلووم بکرێ.

سەرۆکی ستادی هێزی مەرکەزی دێموکراتی کوردستان: سەلاح

لە کوردستانی ژمارە ٤٠دا، لە سەر هاتنی پێشمەرگە، ئاوا هاتووە:

هاتنی پێشمەرگە و لە(خۆبوردوان)

بەم رۆژانە بێووچان پێشمەرگە و لەخۆبوردوانی کوردستان بێووچان وارد دەبن و بۆ پاریزگاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ سنووری کوردستان دەڕۆن.

لەگەڵ پالپشتی کردنی هێندێک لە عەشایر لە کۆمار، حەمەرەشیدخانی بانەش لە بەهاری ساڵی ١٣٢٥دا، هاتە مەهاباد. ئەو پێشتر لە رومادیە را هاتبۆوە بۆ کوردستان و لە سەقز جێگیر ببوو. پێشەوا، میرحاج و مامۆستا هەژاری ناردە لای کە بچێ بۆ مەهاباد. هەروەک لە لاپەڕەی ٧٨ی چێشتی مجێوەر دا هاتووە ئەو دەشڵەژێ و لە هەژار دەپرسێ:

نازانی بۆچیم بانگ دەکەن؟

دیارە هەر لەو لاپەڕەیەدا بە قسەی مامۆستا هەژار گوایە حەمەرەشیدخان لە لای روسان ئیعترافی کردووە کە ئینگلیس ناردویانە تا کاری شۆڕش تێک بدا و قەولی دابوو کە بە قسەیان نەکا.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٢١٥ ی بەشی یەکی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." لەسەر دەست بەکار بوونی حەمە رەشیدخانی بانە لە کۆامار دا دەنووسێ: ئەمجا حەمەحوسێن خانی سەیف بە برواری ١٩٤٦/١/٢٦ هاتە دێی (گوڵ) چاوی بە حەمەرەشیدخان کەوت و تەئمیناتی تەواوی دایەوە. لە رۆژی ٢٤ سووباتی ١٩٤٦ دا حەمەسەعید خانی هومایون کە خوارزای قازی مەحەممد بوو بۆ رەفعی هەندێ گومان و ئیشکالات هاتە دێی (تورکومان کەندی - وە بە برواری ٣ مارتی ١٩٤٦ میرزا خەلیلی خوسرەوی نازر خەرجی هێزی مەهاباد موژدەی تەواوبوونی کاری بۆ حەمەرەشیدخان هێنا.

حەمە رەشید خان دواتر وەک یەکێک لە ژێنرالەکانی هێزی پێشمەرگەی کورد لە ناوچەی سەرا دا دەستی بە کار کرد. بە پێی لاپەرەی ١٠٦ "قاضی محمد و جمهوری در آینە اسناد" جەعفەری کەریمی فەرماندەی ستادی هێزی گشتی کوردستان لە نامەیەک دا بۆ حەمە رەشیدخانی بانە بە ریکەوتی ١٣٢٥/٢/١٣ ریزلێنان و پێدانی دەرەجەی ژێنراڵی لە لایەن پێشەواوە پێڕاگەیاند.

خەلیل فەتاحی قازی لە سەر حەمەرەشید خان بانە لە لاپەڕەی ١٣١دا، دەڵێ کە دوای ئەوە کە پێشەوا چەکی دایە، کۆماری بەجێهێشت و دەنووسێ:

بەڵام ناوبراو دوای وەرگرتنی چەکەکان گەڕاوە بۆ عێراق کەمترین هاوکاری لە گەڵ قازی نەکرد.

لەسەر کەسایەتی حەمەرەشید خانی بانە، مامۆستا هەژار باسی ئەوکاتەی کە لە سەقز بووە دەکا کە تفەنگێکی خراپی هەبووە و زۆری پێخۆش بووە تفەنگێکی برنۆی چاکی هەبی. بۆیە دەستە شێعرێکی داناوە و بە حەمە رەشیدخانی بانەی هەڵا گووتوە و پێوابووە کە تفەنگێکی جایزە دەداتێ، بەڵام دەڵێ کە کەس شێعرەکەی هەر نەخوێندەوە.

ئارچی رۆزڤێلت لە لاپەرەی ٣٢ی کتێبی" کۆماری کورد لە مەهاباد"دا، لەسەر حەمە رەشیدخان دەنووسێ: ... حەمە رەشیدخان و پیاوەکانی هەروەها عەشایری چووکەی کورد کە هەمیشە ئامادەی شەڕ و تاڵان کردن بوون. ئەو هێزانە بە گشتی لە تەپک و بەرزاییانەدا سەقامگیر بوون کە بە سەر ئەرتەشەکەی ژێنراڵ هومایونی دا دەیڕوانی.

هەواڵی هاتنی حەمەرەشیدخانی بانە بۆ مەهاباد لە کوردستانی ژمارە ٣٢ دا، ئاوا ئاماژەی پێکراوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**هاتن**

رۆژی ١٣٢٥/١/١٦ جەنابی حەمە ڕەشیدخان سەرکردە و قائیدی بەرزی کوردستان کە ٢٥ ساڵە لە ڕێی ئازادی کوردستاندا بەربەرەکانی دەکا و لەم ڕیگایەدا زۆری مەینەت کێشاوە واریدی مەهاباد بوو. لە وەختی وارید بوونیدا لە لایەن کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشوازی لێکراو دەگەڵ ئیحتیڕامی سەلامی نیزامی لە کانگای حیزب دابەزی. بەخێرهاتنی عەرز دەکەین و سەرکەوتنی وی لە خودا دەخوازین.

دیارە جێگیرکردنی نەزم و یاسای نیزامی لە کوردستانی ئەوکات دا زۆر زەحمەت بوو و جاروبار لە کاتی حەستەم دا، ناحاڵی بوون و کێشە لە بەجێگەیاندنی دیسیپلین دا دەهاتە گۆڕێ. بەڵام ئەگەر دێموکراسی لە کۆمەڵگای کوردستاندا هەموو بنەماکانی وڵاتی گرتەوە، چوارچێوە و دیسیپلین و نەزمێکی توندیش، لە نێو هێزی کوردستاندا جێگیر کرا. بە گوێرەی لاپەڕەی ٢٣٧ی کتێبی قازی محەممەد و کۆمار لە ئاوێنەی بەڵگەنامەکا دا، لە یەکێک لە ڕۆژەکانی ناوەڕاستی مانگی مای ساڵی ١٩٤٦، پێشمەرگەکانی بازگەی مامەشە ئوتۆمبیلی سەدری قازی(یان) ڕاگرت، سەدر دەڵێت:

من برای پێشەوا قازیم و لێیان دەپرسێت: ئەگەر منتان بناسیایە، هەر سەیری ئوتۆمبیلەکەمتان دەکرد؟ پێشمەرگەکان دەڵین بەڵێ! چونکە ئێمە دەبێت بە توندیی دەستوری فەرماندەکەمان جێبەجێبکەین. سەدر بە بیستنی ئەو قسەیە، بە خۆشحاڵییەوە ناوی فەرماندەکەیان دەپرسێت. ئەوانیش دەڵێن فەرماندەی ئێمە بەکر عەبدولکەریمە. سەدری قازی سوپاسیان دەکات و ئەم نامەیەی خوارەوە دەنوسێت و دەیدات بە یەکێک لە پێشمەرگەکان کە بگەیەنێت بە فەرماندەکەیان: پێشمەرگەکانی کوردستانم بینی. لە خۆشیان لە پێستی خۆمدا نەدەگونجام، باوەڕ بکە بیست ساڵ جوانتر بوومەوە. نازانم چۆن و بە چ شێوەیەک سوپاسی خۆمتان ئاراستە بکەم. دیسیپلین و ئەرک شناسیی پێشمەرگەکانی کوردستان جێی سوپاس و پێزانینە. پێمخۆشبوو لە نزیکەوە بە خزمەتتان بگەم، بەڵام چونکە دەبێ بچمە بۆکان و مەهاباد، هەلی ئەوەم بۆ ناڕەخسێت. ئوتۆمبیلەکەم دەنێرمە لاتان، دیتنی ئێوە بۆ من زۆر جێی خۆشحاڵییە.

هەر لە چوارچێوەی جێگیر کردنی نەزم و نیزامی ئەرتەشی، مامۆستا هێدی لە لاپەڕەی ١٢٤ی کتێبی ئاوێنە شکاو دا باس دەکا کە کاربەدەستانی کۆمار دەستیان بەسەرماڵ و دارایی مارفاغای شاوەلێ داگرتبوو کە لە ئاغایانی مامەش بوو و گوایە دژی کۆمار بووە. لە گەڵ ئەو شتانەی کە دەستی بە سەر داگیرابوو ماینێکیش بوو کە ئاغا زۆری دڵ پێوە بوو. ئاغا داوای لە مەلامستەفا کرد بوو کە لوتفی لەگەڵ بکا و ماینەکەی بۆ بستێنێتەوە. مەلا مستەفا نارد بووی کە ئەو ماینە بدەنەوە بە ساحەبەکەی کە لە ژێر دەستی ئەفسەرێکی کورد بە ناوی خەلیل... دا بوو. خەلیل ماینەکەی نەدابوو گوتبووی دەبێ حیزب دەستوور بدا. مەلا مستەفا تووڕە بوو و دەستووری دابوو کە دەبێ ئەفسەرەکە بۆخۆی هەوساری ماینەکە بگرێ و بیهێنێ بۆ لای ئەو. بەمشێوەیە ئەفسەرەکە ماینەکەی هێناوە و تەسلیمی ساحەبی کراوە.

هەر لە چوارچێوی جێگیر کردنی نەزمی نیزامیی دا، فەرماندەرانی گشتی هێزی کوردستان،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێزیان لە توانایی هێزی پێشمەرگە گرت و کەسانی ئازا و نەترسیان تەشویق دەکرد. لەوبارەوە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٦دا، لە بەشی دەنگ و باسی نێوخۆ دا ئاوا هاتووە:

**ئیعتای پایەی سەروانی**

لە نەتیجەی فیداکارییەک کە ئاغای محەمەد قادری لە شەڕی ٢٥/٣/٢٤ لە جەبهە دەگەڵ برایانی بارزانی نواندبووی لە لایەن جەنابی وەزیری هێزەوە بە دەرەجەی سەروانی سەربەرز کرا.

یەکێک لە گرینگترین کارەکانی ئەو سەردەمە، هەوڵدان بۆ دروست کردنی کەرەسەکانی پێویستی پێشمەرگە لە نێوخۆدا بوو. لە هەواڵەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە٦٥ دا، هەواڵێک لە سەر پۆتین دروست کردن لە ڕادیۆی مەهاباد بڵاوبۆتەوە و تێیدا هاتووە:

بە پێی خەبەرێکی کە بە ئێمە گەیوە لە لایەن هێزی ناوەندییەوە عدەیەک وەستای زۆر چاک بۆ پۆتین درون ئیستیخدام کراون و ڕۆژانە نیزیکەی ٣٠ جووت پۆتینی زۆر باش تەواو دەکەن و تەحویل دەدەن.

لە کۆماری کوردستان دا، لیستی کڕینی ئەرزاقی پێشمەرگە بە شێوەی ڕکابەری دەدرا بە فرۆشیاران و بە کەمترین نرخ ئامادە دەکرا. لە کوردستانی ژمارە ٥٩ لە ئاگادارییەکدا، چونییەتی ئەوکارە ئاوا باس دەکرێ:

**ئاگاداری**

لە دوای ئاگاداری ژمارە ٤٧ و ٦٩٢ -٢٥/٣/١١ ئیدارەی تەخشایی وەزارەتی هێزی کوردستان مەسرەفی ئەرزاق و حبوبات و غەیرە پۆلی ٣ هێزی ناوەندی بە شەرحی ژێرەوە کۆنترات دەکا.

| | | |
|---|---|---|
| ١ – برینجی گردە | ١٨٣٠٠ | کیلۆ |
| ٢ – نۆک | ٤١٢٥ | // |
| ٣ – لوبیا | ٣٠٠٠ | // |
| ٤ – لەپە | ٤١٠٠ | // |
| ٥ – ڕۆن | ٣٣٢٠ | // |
| ٦ – کەشک | ١٥٠٠ | // |
| ٧ – خوێ | ٢٦٠٠ | // |
| ٨ – یاڕەماسی | ٨٢٥٠ | // |
| ٩ – ئەدوییە | ٢٤٠ | // |
| ١٠ – پیواز | ٢٤٠٠ | // |
| ١١ – برنجی سەدری چاک | ٨١٦٠ | // |
| ١٢ – کشمیش | ١٣٠٠ | // |
| ١٣ – سابوون | ٤٥٧٥ | // |
| ١٤ – گۆشت | ١٩٢٠٠ | // |

بە مناقسە دەکرێ. بە برایانی ساحەب جنس نێوبراوانی سەرەوە ڕادەگەیندرێت کە پێشنهادی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆیان مونتەها تا ئاخری رۆژی ٢٥/٣/٢٠ بە دەفتەری سەرۆکی ئیدارەی تەخشایی وەزارەتی جەنگ تەقدیم بکەن و لە سەری پاکەت ئەو جوومله بنووسن (راجع بە کۆنتراتی ئەرزاق). حزوری برایانی پێشنهاد دەهەندەگان لە مەجلیسی مناقسەی پاش نیوەڕۆی رۆژی ٢٥/٣/٢٤ کە لە وەتاغی معاوینی تەخشایی وەزارەتی هێز تەشکیل دەبێ مەجازە.

سەرۆکی ئیدارەی تەخشایی وەزارەتی جەنگ کوردستان، شەرەفی

هەر لەو چوارچێوەیە دا محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١١١ بەرگی یەکەمی کتێبەکەی دا دەنووسێ: خواردنی نەفەرێک پێشمەرگە بۆ دە رۆژ بریتی بوو لەو زەخیرانەی خوارەوە کە لە لایەن مەعمووری تەخشاییەوە تەسلیم بە فەرماندەکانی جبهە ئەکرا:

گرام

٩٥٠ برینج

٢٥٠ رۆن

١٥٠ چا

٥٠٠ شەکر

١٥٠٠ گۆشت

١٠ کیلۆ گەنم

٢ دەستە پەرە سیغار

٢ دانە شقارتە

١ قالب سابوون

٣٥٠ غەرام تووتن

رۆژێ یەک قران بە نەقدی ئەدرایە دەست فەرماندەکان بۆ هێلکە و ماست و شیر...

## خوێندن لە زانکۆی ئەفسەریی باکۆ

لە سەفەری دووهەمی هەیئەتی کورد بۆ باکۆ، باقرۆف بەڵێنی بە پێشەوا دا تا قوتابیانی کورد لە زانکۆی باکۆ و تەورێز وەربگیرێن. مەناف کەریمی وەزیری فەرهەنگ سەبارەت رادەی قوتابیانی ئەفسەری لە گۆڤاری "روانگە" دا دەنووسێ: موافەقەت کرا ٦٠ کەس لە لاوانی خوێندەوار بۆ پەروەردەی سەرکردەیی "ئەفسەریی" و زانکۆی جۆربەجۆری تر بنێرینە باکۆیە و ٤٠ کەسیشمان بە خوێندنگە نیزامییەکانی ئازەربایجانی ئێران کە لە لایەن دەوڵەتی شورەوییەوە بۆ ئازەربایجانی ئێران ساز کرابوون، ناساند و لە ماوەی ٣ رۆژان دا ناردنی خوێندکارەکان دەستپێکرد.

هەر بە دوای دامەزارنی کۆماری کوردستان دا دەستەی خوێندنی نیزامیی کوردستان لە تەورێز کۆ بوونەوە و دوای معاینە بەشەمەندەفەر بۆ باکۆ بەڕێ کران. پەنجا خوێندکاری کورد و ٣٥٠ ئازەری بۆ بەشەکانی خوێندن، بە دەستەی ٣٠ کەسی دابەش کران. بۆ بەشی فڕۆکەوانی، کورد دیاری نەکران بەڵام چەند کەسی ئازەری هەڵبژێردران. ماوەی خوێندن بۆ خۆێندکارانی رووس ٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ساڵ بوو بەڵام بۆ کورد و ئازەرییەکان ١ ساڵ دیاری کرا و ئەو بۆشاییە بە چڕ کردنی بابەتەکان و زورتر خوێندن پڕ دەکراوە. عەلی مرادی مراغەیی لە لاپەڕەی ١٥٩ دا دەنووسێ کە ژێنراڵ ماڵچانۆفی رووسی بەرپرسی ئەو زانکۆیە بوو و سەرهەنگ حوسێنی حاجی ئۆف بەسەر کوردەکان رادەگەیشت. بە قسەی غەنی بلوریان کوردەکان زۆر بە باشی خوێندیان و هەموویان دەرچوون و دەرەجەی ستوان دوویی ئەفسەریان وەرگرت. ئەوان هیوادار بوون کە رۆژێک بگەڕێنەوە بۆ کوردستان و خزمەت بە وڵاتەکەیان بکەن.

عەبدوڵڵا ئەحمەد رەسوڵ پشدەری کە بۆخۆی یەکێک لە فەرماندەرانی نیزامیی کۆمار لە بەرەی سەردەشت بوو لە لاپەڕەی ٣٩ی کتێبی یادداشتەکانم لە کۆماری کوردستان دا، دەنووسێ کە لە بەهاری ساڵی ١٩٤٦ دا، لە سەر داوای رووس قازی محەممەد کۆمەڵێک لاوی تەمەن ١٨ تا ٢٢ ساڵ کە پلەی خوێندەواریان دەبوو کلاسی ٦ بایە، ئامادە کرد تا بۆ ماوەی ٢ ساڵ بۆ دەورەی ئاکادیمی سیاسی و عەسکەری خوێندن بچنە باکۆ.

ڕەحمانی قازی لە کتێبی رۆژگاری ون بوودا دەنووسێ کە لە کۆتایی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٥ی زایینی) دا بڕیار درا چەند کەس وەک خوێندکار بۆ دەرەوەی وڵات بەڕێ بکرێن. ئەو لە پۆلی چواری دەبیرستان (ساڵی کۆتایی دوا ناوەندی) خەریکی خوێندن بووە کە رۆژێک پێشەوا و مەلا مستەفا بارزانی چوونە قوتابخانە و چەند کەسیان ناو نووس کرد و هەڵیانبژاردن تا بۆ دەرەوەی وڵات بەڕێ بکرێن. قوتابییەکان هەڵدەبژێرن و سێ رۆژیان مۆڵەت دەدەنێ تا ئامادە بن. کۆی گشتی ئەواونە پەنجا کەس بوون کە لە خەڵکی مەهاباد و بۆکان و سەقز و نەقەدە و چەند کەس شکاک پێک هاتبون. ئەوان چوونە تەورێز و لەگەڵ ٢٥٠ کەسی خەڵکی تەورێز بە سواری قەتار بەڕێ کران بۆ سۆڤییەت. لە باکۆ یەکسەر بردیاننە زانکۆی ئەفسەری (پیخودنی ئوچنیش) و جل و بەرگیان لێوەرگرتن و بەرگی تایبەت بە زانکۆیان دانێ و رۆژی سێهەم بە سەر پۆلی سی کەسی دا دابەشیان کردن و لەبەر خوێندنیانان.

دڵسۆزەکان وەشاند و پێوەیان دان.

ڕەحمانی حەلەوی کە پێشتر بۆ خوێندن چوو بوو بۆ باکۆ لە لاپەڕەی ٩١ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" باسی خوێندکارانی کورد لە باکۆ دەکا و دەنووسێ: لەبیرم نەبوو باسی ئەوەش بکەم، کە ئەودەمی ئەو لاوە کوردانە هێنران بۆ فێرگەی سەربازی، بەڕێز سوڵتانی وەتەمیشیشیان لەگەڵ بوو. بەڵام ئەو نەچووە سەربازگە، بەڵکوو هێنایانە پانسیۆنەکەی ئێمە و بەوەوە بووینە دە کەس. هەڵبەت لەو هاوڕێیانە، تەنیا ئەو سێ کەسەمان من و زولفەقاری و شەڵماشی، پاسپۆرتمان هەبوو. ئەوانی دیکە چونکە لەلایەن حیزبی دیموکراتەوە نێردرابوونە بادکوبە، پاسپۆرتیان نەبوو. ئینجا ئێمە خوێندکاری پزیشکی بووین، ئەوانی دی یان لە دواناوەندی دەیانخوێند، یان لەبەر بێ بڕوانامەیی، لە پۆلی خوارەوە بوون. ئەی خۆزگە بەهرە و توانای ئەوەشیان هەبوایە فەلسەفەی ماتریالیسی و وانەکانی مارکس و ئینگلس و لێنین فێر بن، نەك دەرسی پاشقولدان.

دیاری کردنی پلەی خوێندنی خوێندکارانی باکۆ بەسترابووە بە رادەی خوێندەواری قوتابی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوانەی زیاتریان خوێند بوو لە بەشی خۆمپارو و تۆپخانە داندران و ئەوانی دیکەش کە زانیاریان کەم بوو لە دەستەی موسەلسەل و پیادە داندران. سەرجەم قوتابییەکان دوای تەواو بوونی ئەو دەورە یەک ساڵیە دەبوو بۆ بەڕێوەبەری ئەرتەشی کوردستان و ئازەربایجان بگەڕێنەوە. مامۆستایانی ئەفسەری زانکۆ هەموو ئازەری بە ئەزموون و باسەواد بوون.

کوڕی ڕێبەرانی فرقە زیاتر حورمەتیان لیدەگیرا و لە نێو قوتابیانی کورد دا رەحیمی قازی و سەید عەزیز کوڕی سەید عەبدوڵای گیلانی دەرەجەی سەروانی و حوسێنی فەتاحی قازی دەرەجەی ستوانی هەبوو و ئەوانە ژیانیان باشتر بوو.

جێی ئاماژەیە کە ئەو عەشایرانەی کە پەیوەندیان بە رێژیمەوە هەبوو لە ناردنی کوڕەکانیان بۆ خوێندن لە رووسیە خۆیان پاراست. بە پێی کتێبی "اسرار محکمه قازی محمد و یارانش" وەزیری شەڕ بۆ سەرۆکی وەزیران بە رێکەوتی ٢٤/٩/٨ نووسی کە کەسێک بە ناوی ئیسحاقی کە بەرپرسی ستادی کورد لە میاندواو چووتە لای گەورەکانی دێبۆکری و لەوانی ویستووە کوڕەکانی خۆیان بنێرنە مەهاباد تا بنێردرێنە باکۆ. بەڵام گەورەکانی دێبوکری لەو کارە خۆیان بواردووە و بۆ ئەوەی کێشەیان بۆ پێک نەیە ژن و منداڵ و کەسانی خۆیان ناردۆتە قەرەگوێز. گەورەکانی دێبۆکری هەروەها لە نامە بە لەشکری ٤ نووسیویانە کە محەممەد حوسێنی سەیفی قازی کە خۆی بە وەزیری شەڕ دەزانی و بە نوێنەرایەتی کوردان ئێستا لە تارانە، رەنگە لە لایەن عەشایر قسەهایەک بکا، لە حاڵێکدا دێبۆکرییەکان جیا لە نیشتمانپەروەری و پاراستنی خاک و سەربەخۆیی ئێران باوەڕیان بە هیچ شتێکی دیکە نییە و خۆیان بە ملکەچی یاسای ئێران دەزانن. بە لەشکری ٤ فەرمان دراوە کە رێزیان لێبگرن.

## خوێندن لە زانکۆی ئەفسەریی تەورێز

لەسەر خوێندنی خوێندکارانی کورد لە زانکۆی ئەفسەریی تەورێز، نووسراوەی ئەوتۆ بەدی ناکرێ و روون نییە لە چ کاتێک دا بڕیاری خوێندن لە زانکۆی تەورێزدا دراوە و وێدەچێ بە دوای بەستنی پەیمانی هاوکاریی نیزامی نێوان کۆماری کوردستان و ئازەربایجان ئەو بڕیارە درابێ. مەناف کەریمی، وەزیری فەرهەنگ، رادەی قوتابیانی ئەفسەری بۆ زانکۆی تەورێز بە ٤٠ کەس دەقەبڵێنێ.

عەبدوڵای قازی کە یەکێک لە خوێندکارانی ئەو زانکۆیە بووە و تا رووخانی کۆمار لەوێ ماوەتەوە، لە لاپەڕەی ٧٥ی کتێبی "وڵاتی من" دا، زۆر بە وردی باسی ئەو زانکۆیە دەکا و دەنووسێ: کۆماری کوردستان بۆ بەهێزکردنی ئەرتەشی خۆی دوو دەستە دانشجوی ناردە تەورێز و باکۆیە. ئەمن بۆ تەورێز و کاکە رەحمانیشم بۆ باکۆیە بەڕێ کراین. دەستەی ئێمە کە ٣٣ کەس بووین هەموو کورد بووین. ئەو دانشکەدەیە لە فڕۆکەخانەی تەورێز دانرابوو.

دانشکەدەی نیزام دەستوری دابوو کە دەبێ بە ماوەی ٦ مانگ ئێمە بە تەواوی فێری هەموو پسپۆڕییەکانی نیزامی بکەن. هەریەکە تەختە خەوێکیان بۆ دیاری کردین بە مەلافەو دۆشەکی زۆر عالی و پەتۆکانی ٣ قامك ئەستور بوون. دیارە ئەو شتانە تایبەت بە ئێمە بوون و جێگاوبانی تەورێزێکان زۆر خراپ بوو، دۆشەکی ئەوان یان گەڵا هەرزنی تێدابوو یان کا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوجار لەو شوێنەی ئێمە زیاتر لە ٣٠ ژن هەر چێشتیان ئامادە دەکرد یان شیوو کوڵیان بۆ دەکردین. خواردنی ئێمە تایبەتی بوو لەسەر میز بۆیان دەچنین و وەك ئەوانی دیکە نەبوو کە سەفیان دەگرت و بۆخۆیان وەریان دەگرت. غەزای ئێمە نەدەدرا بە سەربازان و مەنجەڵی ئەوان بە جوێ بوو ئەگەر پلاوگۆشتیان دابا بە ئێمە ئی ئەوان شوولە بوو. دیارە ئەمن بەوە زۆر نارەحەت بووم و هەر ئەوکات بۆم دەرکەوت کە کۆمۆنیستیش بەرابەری تێدا نییە.

لە دەورەی ئەو پادگانەی ئێمەدا، دەبوایە دائیم دوو ئەسپ سوار کە شیریان بە قەدییەوە بوو، بێ برانەوە کێشك بکێشن. لەولاتریشەوە مەقەڕێکی گەورەی تۆپخانەی ڕوسانی لێبوو.

ئێمە سەرجەم ٣ مانگ لەوێ بووین. عروس و تورکی قەفقازی دەرسیان پێ دەگوتین. دەکتورێکی ڕەشی ناحەزی ناقۆڵای لێ بوو، تورکی قەفقازێ بوو، تورکی تەورێزیش، لێی حاڵی نەدەبوو، دەرسی برینپێچی فێری ئێمە دەکرد و دەیگوت ئەوەڵین کارێکی کە دەبێ ئێوە فێری بن برین پێچییە، بۆ ئەوەی بتوانن برینداران لە مەرگ نەجات بدەن و بیگەیەننە شوێنی خۆی. ڕۆژێك دەرسی دەگووت هەر دەیگووت: "سیچرمێش ئێرە، دیچرمێش ئێرە"، ئێمەش نەماندەزانی ئەوە مانای چییە. بە دەنگی بەرز هەمووومان وێکرا دەمانگوتەوە (سیچرمێش ئێرە، دیچرمێش ئێرە) و ببووە بە گۆرانییەکی تەواو. ئەوە ئەویش پێی وابوو ئێمە زۆر چاك حاڵی بووین، هەر پێدەکەنی ئیدی نەیدەزانی کە ئێمە یەك کەلیمەش حاڵی نەبووین. تا ڕۆژێك داوایەکمان نووسی کە ئێمە کوردین و تورکی نازانین. لەسەر ئەو داوایە دەرسەکەیان بۆ گۆڕین و کردیانە فارسی. گروهبانێکی ئەرتەشی شای دواتر پێی گووتین کە (سیچرمێش) برینی سەرنێزەیە و (دیچرمێش) برینی گوللەیە و ئەو کێشەیەی بۆ حەل کردین.

ئەفسەرانی ئەو دەورەیەی ئێمە زۆربەیان فارس بوون و لە تارانێ را هەڵاتبوون. ئەوانە زۆرتر دەهاتنە لای ئێمە و تورکەکانیان، بەکەر دەزانی و خۆشیان نەدەویستن. لە نێو ئەوانەدا ئەفسەرێك بوو بە نێوی سوڵتان بیگدلی کە زۆرمان خۆش دەویست.

ئەو شوێنەی ئێمە ٣ تەیارەی فانتێری لێ بوو، ڕۆژێکیش ئەفسەرێکی ئێرانی بە نێوی سوڵتان ڕەزا، لە فەوجی یەکی ژمارە ٢٦ تارانێ، تەیارەیەکی ڕەشی ڕفاندو هێنایە ئەو شوێنە. ئەوجار فڕۆکەوانەکانی ئەو تەیارانەش حەقیان نەبوو لە کێوێ سورخابی زیاتر تێپەڕن، چوونکە پێیان وابوو هەڵدێنەوە بۆ تارانێ. ڕۆژێك سوڵتان ڕەزا، گۆرانی بێژێکی تەورێزی هێنابوو بۆ ئەوەی لەسەر شاری بیگێڕێ، کە تەیارەکە هەستا لە نەکاو لە ژێر کۆنترۆڵی بورجی چاوەدێرا نەماو لەسەر تەورێزی وون بوو. فەرماندەیەکی هێزی ئاسمانی کە ئەرمەنییەکی چاوشین بوو بە ماشێنێك کە موسەلسەلی لەسەر دابەسترابوو، خۆی گەیاندە تەیارەیەکی هانتێرو لە حاستە خۆی بە پەلە بلێندبوو. دوایە بە فەوری نیشتەوەو هاتە لای ئێمەو گوتی کوردەکان سواری دوو ماشێنان بن و بچنە لای مەیدانی سەعاتی لەوێ تەیارەکە کەوتووە بیهێننەوە. ئەگەر چووین کەلاکەکەیان تازە لابردبوو، مێشکی بە عەرزییەوە نوسابوو. ئێمە لەتو پەتی تەیارەکەمان کۆ کردەوە و هێنامانەوە. زیاتر لە حەوتوویەکی ئێمە هەر دەچووین چاومان لە نێو زگی تەیارەکەی دەکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژێك ئێمەیان بردە نێو شاری، لەوێ هەر شوێنە ونکەیان پێ‌دەکردین و دیاربوو نەیاندەویست خەڵك بزانن کە ئێمە بۆ چ ماڵێکی دەبەن. لە ئاخری دا بردیانینە خانووبەرەیەکی زۆر کۆنی گەورە کە حەوزخانەو ژێرخانی زۆر گەورەی تێدابوو. لە ژێرخانەکانی دا هەر جۆرە تفەنگێکی ڕوسی قەدیم، وەك سێ تیرو ٥ تیر، یان هەر چەشنە تاپر و ساچمەزەن و ڕەشوکی و سەرپڕت، ویستبا لێی بوو. لە دیوێکی دیکە هەر تفەنگی تازە داندرابوو. لە نێو ئەوان دا ٣٠ دانە تیربار کە لە ١٥ سندوقان دا بەستەبەندی کرابوو بە فیشەکێکی زۆرەوە پێیان هەڵگرتین و هێنامانەوە و بە بێنزین هەموویان پێ خاوێن کردینەوە. دوایە لەسەر سەکۆیان دانان و تەقەیان لە پۆڵایەکی ئەستور دەکرد بۆ ئەوەی بزانن بڕشتیان چۆنە و چۆن کار دەکەن. ئەوجار تیربارێکیان دا بە ئێمەو گووتیان هەر تەیارەیەکی ئێرانی کە لە سورخابی را وەدەرکەوت تەقەی لێبکەن. دیارە تەیارەی شاهەنشاهی جارجار هێرشیان دەکرد و ئێمەش خوداخودامان بوو کە لە شوێنێکی وەدەر کەون و تەقەیان لێبەکین، بەڵام هەر نەماندیتن. ئەوان هەر لە دوور تەقەیەکیان دەکرد و رایان دەگەیاند کە تەورێزیان بۆمباران کردووە، بەڵام قەت نەیانوێرا خۆ نیشانی تەورێزی بدەن.

لەو ماوەیەدا ئێمە تفەنگی بڕنەویان دابوینێ کە لەسەر قۆنداغەکەی نێوی خۆمان هەڵقەندبوو هەروەها بە هەر ١٠ کەسان تیربارێكو یەك تێر فیشەکیان داینێ. دیارە فەرماندەری دەستەکان ئافتاماتیان پێ بوو.

لەو سەروبەندە دا گروهبانێك بە نێوی گروهبان قازی کە لە ئەرتەشی شاهەنشاهی رای کردبووو لەوێ کردبویانە سەرهەنگ، لە شەڕی قافلانکۆیەدا کوژرا. ئێمەیان نارد تەرمەکەمان هێناوە و لە قەبرستانی سەید هەمزە، دوای نوتقێکی زۆر ناشتیان.

پاش ماوەیەکی دیکە یەك دوو ئەفسەری ڕوسان هاتن و دەستوریان دا کە دەبێ ئەو فرۆکەخانە کۆنەی کە لە نیزیك ئەو شوێنەی ئێمە هەڵکەوتبوو و مەیدانەکەی بە خشتی لەسەر پەنجە سازکرابوو و زۆر گەورە بوو، چاك بکرێتەوە و ئەو گژوگیایەی کە تێیدا بوو دەبوو خاوێنی بکەینەوەو فڕێی بدەین. ئەوان دەیانگوت کە قەرارە ١٠٠ تەیارەی ڕوس بێتە ئێرەو دەبێ جێیان بۆ بکرێتەوە.

ئەوجار شەوێکی ٧٠٠ کەسیان بردین و لە دەوری پادگانێ بە قوڵایی ٢/٥و بە پانایی یەك میتر خەندەکیان پێ هەڵقەندین. دوایەش هەر بەو شەوەی تەمرینی ئەوەیان پێ دەکردین کە بە دوو دەقیقە خۆ لەو خەندەکە باوێین. ئەوە مەشقی شەوانەمان بووو لەبەر بۆمبارانێ وایان دەکرد.

شەوێك خەندەکمان هەڵقەند، مانگ گیرا و تاریك بوو. گروهبانێکمان هەبوو گووتی: "کوڕینە دەزانن بۆ مانگ گیراوە". ئێمەش گوتمان: "مانگەو دەگیرێ". گوتی: "ئەوە نەحسە، ئێران وای لێدێ کە خوێن سەران بەرێ".

ئەوجار وەزعی پادگان بە تەواوی گۆڕدرا و نەیاندەهێشت هاتووچۆی شاری تەورێز بکەین‌و زۆر توندیان گرتبووو تەنانەت چەند سەربازیش نەیاندەوێرا لێك کۆببنەوە ئەوەندە خەفەقان بوو. ئەگەر کیلۆمیترێکیش قەرەیەخەیەك بەلای مەیدانی فرۆکەخانەی دا بەرەو تەورێز تێپەڕی با،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەیانگێراوە .....

عەبدوڵای قازی لە بیرەوریيەکەی دا بە وردی رووداوەکانی ئەوکات باس دەکا و لە لاپەڕەی ٧٨ دا دەنووسێ: ئەوکات زۆرجار تەیارەیەکی زەلامی مسافری لە نێوان تەورێز و تاران را هاتووچۆی دەکرد. رۆژێك تورکێك پێی گوتین کە پێشەوا لە فرۆکەخانەیە، ئەمەش بەغار خۆمان گەیاندە فڕۆکەخانە. پێشەوا لەوێ بوو، پیشەوەری و سەدری قازی لەگەڵ بوو، کۆت و شاڵوارێکی سورمەیی لەبەر دابوو، کڕاواتی بەست بوو. پێشەوا کە زانی ئێمە لەوێین، کۆی کردینەوە و قسەی بۆ کردین و گوتی: ئازاو بە غیرەت بن، لێرە خۆتان بە فەقیر مەزانن، ئێوە کەم نین، ئێوە نموونەی میللەتێکن و کورد هەموو چاوی لە ئێوەیە.

## دانشکەدەی ئەفسەری

جیا لە کەڵک وەرگرتن لە دانشگای ئەفسەری باکۆ و تەورێز، بۆ پەروەردەکردنی هێزی پێشمەرگە بەڕێوەبەرایەتی کۆمار هەوڵی دا تا لە کوردستانیش دانشکەدەی ئەفسەری بکاتەوە. لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە٦٥ ی ساڵی ١٩٤٦دا، ئاماژە بە ئەخباری رادیۆ مەهاباد دەکا کە لەو دا باسی دامەزرانی دانشکەدەی ئەفسەری دەکا:

ئەو رۆژانە لە لایەن وەزارەتی هێزی کوردستانەوە بە بۆنەی دامەزراندنی دانشکەدەی ئەفسەری خەریکی ساز کردن و جێبەجێ کردنی گاردن پارتێکی زۆر گەورەن.

## ئابووری

لە کوردستانی ژێر دەستی کۆمار دا کارگا یا ناوەندێکی سەنعەتی یان بە واتایەکی دیکە بناغەی ئابووری پێشکەوتوو نەبوو و شتێک نەبوو کە دروست بکرێ و رەوانەی بازاڕی نێوخۆ و دەرەوە بکرێ. ئەوەی هەبوو ئابووریی کشتوکاڵ و فرۆشتنی مەڕ وماڵات و ئاڵوێری شتومەک بوو. ئەوە لە حاڵێکدابوو کە لە زوربەی ژمارەکانی رۆژنامەی کوردستان، لە بابەتی مێژوویی "کوردان از بدو تاریخ" کە بە هۆی سەید محەممەد حەمیدی وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی فارسی، بە وردی باسی ئابووری و دروست کردنی کەرەسەی دەستکردی خەڵکی کورد دەکا. لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارەی ٢٢ دا، لە باسی مێژووی ئابووری کوردستان هاتووە کە سەنعەتی قوماش و دەباغی و سازکردنی شمشیر و خەنجەر و ئەسلەحە و نەجاری و رەنگرێزی و ... پێشینەیەکی کۆنیان لە نێو کوردان هەبوو، بەڵام ژێرخانی ئابووری کوردستان لەسەردەمی رەزا شا دا وێران کرا. بۆیە کۆماری کوردستان داهاتی ئەوتۆی نەبوو. بواری کشتوکاڵ و سەنعەت و بازرگانی خراپ بوو. خەڵک فەقیر و نەدار بوون و کۆمار دۆستێکی وای نەبوو کە یارمەتی پێبکا. تەنیا داهاتی حکومەت کوردستان هێندێک بازرگانی و وەرگرتنی ئەوماڵیاتە بوو کە لە سەردەمی دەوڵەتی خودموختار دا پەسەند کرا بوو.

عەبدوڵای قازی لە بواری بازرگانی دا دەنووسێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە بواری ئابووری دا مام ئەحمەدی ئیلاهی ئیقتساد دانێکی گەورە بوو و توتنی کوردستانی بە دەوڵەتی شووڕەوی دەفرۆشت و لە بری پووڵەکەی، بلوریاتیان وەردەگرت بە تاجری تەورێز و تارانیان دەفرۆشتەوە. ئەمن جارێك وەبیرم دێ کە تاجری تارانی هاتن لەو بلوریاتە بایی ٢٠٠ هەزار تمەنیان کڕی.

سەرەڕای ئەوانە گەورەترین یارمەتیدەری کۆمار، خەڵکی کورد بە هەموو چین و توێژەکانەوە بوو کە ئەویش لە بەر فەقیری و نەداری کۆمەڵگا، شتێکی ئەوتۆ نەبوو. ئەو یارمەتییانە هەموو شتێکی لە خۆ دەگرت، هەم پارە هەم شتومەک بوو.

لیستی یارمەتی و ناوی ئەو کەسانە کە لە تمەنیک تا قالبە سابوونێکیان داوە بە دەزگاکانی حکومەتی کوردستان، وەک هێزی پێشمەرگە، نەخۆشخانە، چاپخانەی کوردستان و قوتابیان و زیندانیانی نیشتیمانی و .... لە زۆربەی ژمارەکانی رۆژنامەی کوردستاندا هاتووە. ئەو یارمەتیانە بە پێی توانایی ماڵی لە چەند هەزار ریاڵ تا قالبە سابوونێک و یان کەشەف و ئیستیکانی چای لە خۆ دەگرت.

لە کوردستانی ژمارە ٥٨دا، لە لیستەی یارمەتی بە پێشمەرگەدا، ناوی کەسانی هاتووە کە چەند پوت ئارد، چەند قالب سابوون و چەند دەستە کاغەزی سیغار، یان چەند جووت گۆرەویان پێشکێش بە هێزی پێشمەرگە کردوە. تەنانەت لە لیستی ئەو یارمەتیانە دا وەک لە کوردستانی ژمارە ٥٩ دا هاتووە ئاماژە بە جووتێک کەوش کراوە.

لە هێندێک لە ژمارەکانی کوردستان وەک ١٥ و ١٦...... خەڵکێکی زۆر لە دەوڵەمەندان یارمەتیان کۆ کردۆتەوە بۆ "مەحبووسینی رێی نیشتمان. ئەو یارمەتییە هەر لە ١٠٠ ریاڵ تا ١٠٠٠ ریاڵی لە خۆ گرتووە. رادەی ئەو کەسانەی کە راستەوخۆ یارمەتیان داوە ٥٣ کەس و لیستی ئەو کەسانەش کە بەڵێنیان داوە یارمەتی بکەن ١٩ کەسە و سەرجەمی پارەکە ٥٨٠٠٠ ریاڵە.

لە کوردستانی ژمارە ٢٩ دا، لیستەیەکی ٤١ کەسی لە ناوی ژنان هاتووە کە لە جێژنی سەربەخۆیی قوتابخانەی کچان بەشداریان کرد بوو و لە ٥٠٠ ریاڵ تا ٥٠ ریاڵ یارمەتیان بە حیزب کردبوو. ئەو یارمەتیانە هەر کەسانی دەوڵەمەندی لە خۆوە نەگرتووە بەڵکوو لە لیستی ئەو یارمەتیانەدا خەڵکی فەقیر و نەداری بە هیمەت، لەو هەڵمەتە نیشتمانییەدا بەشدار بوون. دیارە لە کۆماری کوردستان دا کەسانی فەرمانبەری وا هەبوون کە لە بڕی کارەکەیان، هیچ مانگانەیەکیان وەرنەدەگرت و هەموویان دەکرد بە یارمەتی و دەیاندا بە حکومەتی کوردستان.

بە گوێرەی لاپەڕەی ٢٠١ی کتێبی رەحیمی قازی، پێشەوا زۆربەی سامانی خوێ بۆ کۆمار خەرج کرد. ناوبراو بە نەقڵ لە لاپەڕەی ٨٧ی کتێبی ئیگلتۆن دا، دەنووسێ کە ٣٠٠٠ هەزار تمەنیان وەک مانگانە بۆ قازی محەممەد بڕیبۆوە، بەڵام وەرینەگرت و پێشکیش بە قوتابخانەی گەلاوێژی کرد. دیارە ئەندامانی کومیتەی ناوەندیش پارەی زۆر کەمیان وەردەگرت.

لە کوردستانی ژمارە ٦٧ دا، کەسێک نامەیەکی بۆ رۆژنامەی کوردستان نووسیوە، کە ئەو هیچ چەشنە مانگانەیەکی لە بری کار لە ئیدارەکانی دەوڵەتی داوا نەکردوە. کاتێکیش کە یارمەتی چەند



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مانگان کە بۆتە ٢٨٠ تمەن لە سەر یەک داوەتێ، ئەو تەنیا ١٠ تمەنی وەک مدفەڕک هەڵگرتووە، باقی گەڕاندۆتەوە بۆ راپەڕاندنی کارەکانی حکومەتی کوردستان.

سەرەڕای ئەوانەی باس کران محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٠٨ بەرگی یەکەمی کتێبەکەی دا، رواڵەتێکی دیکە لە داهاتی کۆمار دەخاتە بەرباس و دەنووسێ:

تەشکیلاتی حکومەتی قازی محەممەد لە مەهاباد!

**گەنجینەی کوردستانی ئازاد**

لە هەوەڵی شۆرشی شەهریوەری ١٩٤١-١٣٢٠ مانگی ئەیلوول لە کاتێکا لە ئێرانییەکان سابڵاغیان چۆل کرد، خواردەمەنێکی باشیان بجێهێشت. لەگەڵ تووتنێکی زۆردا.

کاتێ کە ئاژاوەی ئازەربایجان دەست پێکرا، قازی محەممەد تووتنەکانی بە رووس فرۆشت بە ٦ملیۆن تمەن و لە موقابیلی ئەو پارەیە چەکی لە رووس وەرگرت بە پێی ئێعترافی قازی محەممەد. بەڵام ئەو پارەیە بەشی ئەو هەموو خەرج و چەک و شتەی نەئەکرد ئەگەر رووسەکان بە هۆی ئازەربایجانیەکانەوە دەستی یارمەتیان بۆ کوردەکان درێژ نەکردایە. بۆ نموونەی میسال حەمەحوسێن خانی سەیف وەزیری چەنگی مەهاباد- لە رۆژی ١٠ی تەمووزی ١٩٤٦ دا هاتە (سەرا) بە ژنێراڵ مایۆر حەمەرەشیدخانی ووت پێویستە خۆت لەمەولا سەرپەرەشتی خواردەمەنی لەشکر بکەیت چونکە باری ئیقتیسادیاتمان زۆر خراپە. هەتا لەو رۆژانە چووم بۆ تەورێز هیچ دایرە و جێگایەکی مەبەست نەماوە کە سەری پیانەکەم هەتا ٧٠ هەزار تمەنم چەنگ کەوتوە.

ئازەربایجانییەکان فکریان وایە کە لە مەولا چیتر کۆمەگی پارەمان نەکەن.

واریداتی کوردستانی قازی محەممەد.

١- لە ١٩٤٠ دا دەوڵەتی ئێران قانوونی مالیات بەر دەرامەدی - زەریبەلعقار و زەریبەلدەخلی دانا. بەڵام بەسەر تەتبیق وە ئەنجام هێنانە دی رانەگەیشت. قازی محەممەد- ئەو رەسمیاتەی وەرئەگرت و تا ئەندازەیەک ئەو رسووماتانە یارمەتی گەنجینەی قازی محەممەدی ئەدا.

٢- لە ئەوەڵی دامەزراندنی بناغەی شۆڕش تەعسووب دڵگەرمیەوە خۆشەویستی زۆر بوو. لەترسی ئەوەی کە دووبارە دەوری زۆرداری دەوڵەتی ئێران نەگەڕێتەوە، کوردەکان ئامادەبوون بە هەموو وێنە یارمەتێک. ئاغای وا هەبوو دەستی لە دێهاتەکانی خۆی هەڵئەگرت بۆ خەزێنە. زۆر کەسی وا هەبوو پیلی ژن و مناڵەکانی هەڵئەگرت و هەرچی دارایەکی هەیبوو بۆ قازی محەممەد و گەنجینەی مەهابادی ئەبەخشی. هەندێ کەسی واهەبوو کورەکەی لە ژێر پێی قازی محەممەد درێژ ئەکرد ئەیویست بیکا بە قوربانی کوردستان.

بەڵام داخی گرانم هەتا حاسڵات و نەخشەی تازە پێگەیشت، ئەو تەعسووب و خوێن گەرمییە ساردبووە. بەڵکوو ئیشەکە وایلێهات بە زۆری پۆلیسیش - رسووماتی بڕیار لەسەر دراویان نەئەدا بە گەنجینە. چونکە هەندێ مەعامیلەی ناشیاوی پێشمەرگەوە ئەو ئەفسەرە تازە پێیان کەوتووەکان، ببوو بە هۆی ئەوەی کە هەزاران جار پەشیمان بوینەوە بۆ دەوری ( ئەمنیە خوێن خۆرەکانی) زەمانی رەزاشا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردەوەی هەندێ مووچەخۆری یەکشەوەی مەهاباد- ببوو بە هۆی ئەوە کە ئاغا و کرمانج و بەردەست لە یەکتر راست ببنەوە و پەلاماری یەکتر بدەن.

ئاژاوە و بڵاوەیەکی زۆر خراب نێوانی فەللاح و مالیک. ئەو دڵسۆز و موخلیسانەی کە گیانی خۆی و منداڵەکانیان بە گەنجینە ئەبەخشی ئەگەر بۆیان بکرایە هەر گەنجینەکەی قازی محەممەدیان ئەدا بە کۆڵا و ئەیانفڕاند.

٣- گەنجینە سوودی لە هەندێ دیهاتی ئاغوات کردبوو. حەمەئاغای عەبباسی لە ناوچەی بۆکان ٧ دێی هەبوو بۆ دەوڵەتی قازی محەممەد بە جێمابوو، خۆی ببوو بە لایەنگری دەوڵەتی و چوو بوو بۆ تاران وە غەیری ئەوەش نیزیکەی ١٠ هەزار پووت گەنمی بۆ شۆرش بەجێ مابوو.

٤- حسامی داشکستان – کە دانیشتووی مەنتیقەی هەوشار بوو لە ترسی دیمۆکراتی ساینقەڵا- فەرارەن چووبوو بۆ ناو ئەشکەوتێک کە ناسراوە بە تەختی سلیمان. قازی محەممەد بە دیلی هێنایە سابڵاغ نیزیکەی ٢٠٠ تۆن گەنمی گیرا لە گەڵ هەموو کەل و پەلێکی ناو ماڵی کە تەقدیر ئەکرا بە میلیۆنێک تمەن.

٥- ئەمین لەشکر - کەسێکی زرە کورد بوو لە ناوچەی هەوشار دائەنیشت جنسییەتی ئازەربایجانی بۆ خۆی وەرگرتبوو. وە زۆر کابرایەکی دەوڵەت پەرست و رەزیل بوو(١٥٠)دێی هەبوو لە ناوچەی سنە و تیکان تەپە و مياندواو و میانە- وە زۆر دەوڵەمەند بوو لە شیوەی راجەکانی هیندوستان وە یا لۆردەکانی ئینگلترادا بوو. وە یا لە شێوەی سەرۆکی تایفەی ئیسماعیلی – هندوستان ئاغا خان ناو بوو.

فەرماندەی هێزی ساینقەڵا (ئارامی) رمەنی – ماڵەکەی تاڵان کرد ٩٠٠ سینی نان خواردنیان لە ماڵەکەیا بە تاڵان برد.

ئەو شەخسە خۆی و ژنەکەی بە پەلەپڕوزە رزگاریان بوو. بە رووتی چوون بۆ تاران. لەو دێهاتانە ٧دێ بەر ناوچەی مەهاباد کەوتبوو. وە لە لایەن ئەحمەد خانی خەلیل خانەوە-سەرپەرەشتی ئەو ٧ دێیەی ئەکرا بۆ گەنجینە.

٦- لە رسوومات وەرگرتن دەستێکی باڵایان هەبوو. هەتا میرزا رەحمتی شافەعی کە یەکێک بوو لە بازەرگانە ناودارەکانی سابڵاغ، بە ناوی ماڵیات بەردەرامەد و لە ژێریشەوە بە کینەی ئێران پەرەستی ١٥٠ هەزار تمەنیان لێستاند بۆ گەنجینە.

٧- ئەو کەسانەی کە بە دۆستی دەوڵەتی ئێران ئەزانران، لە ناوچەی کوردستان دوور خرانەوە ملّک و ئەساسییەی کە هەیانبوو بۆ گەنجینە ئەمایەوە.

عەزیزخانی زەندی – سەید محمد نەغەدەیی – لەتیفی قاچاقچی – لەسابڵاغ مام بایزی قەرەنی ئاغای مامەش. عبدالەخانی بایزپاشای مەنگور – ئەمانە لەو وێنە فەراری و دوورخراوانە بوون کە مڵکەکانیان بۆ گەنجینە مابووە.

٨- پارەی کات - واریداتێکی باش بوو. ئەبوو هەر کەسی کە داخیلی حیزبی دیمۆکرات ببوایە حەقی دەخولییە وە پارەی کارتی بدایە بە مەسئولانی حیزب.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جا واریداتی دەوڵەتی قازی محەممەد لەو شتانە پێکهات. هەر شتی کە لە دەوری حکومەتی وەربگیرایە، لە دەوری قازی محەممەدیشا وەرئەگیرا. بەڵام مەسرووفات زۆر لە واریدات بەرە ژورتر بوو. ئەگەر یارمەتی دەوڵەتی ئازەربایجان وە یا جەهەتێکی تر نەبوایە، واریداتەکەیان بەشی هیچ مەسروفاتێکی نەئەکرد.

لەگەڵ ئەوەشا لە واریدات کۆکردنەوە و دەفتەری سەفیاتا، دەستی دزین زۆر بوو. دەست پیسی چەپەڵی دزەکانی دەوڵەتی ئێران لەناو ئەو حکومەتە تازە بچکۆڵانەیەشا کەوتبوو ئیش.

هەیئەتی بازرەسی و لێکۆکینەوەشیان هەر وەکوو ئەو کەسانە وابوون کە بە پشکنینی دزی ناوزەرد کرابوون.

بۆ نموونەی میسال- مەعمووری گومرکی بۆکان، ئاغای ئیسحاقی ناو لە واریداتی ساڵێکی بۆکان (٥) هەزار تمەن واریدات نیشان دابوو. کەچی لەعەینی کاتا واریداتی تەنهای بەشی گومرک ساڵێک ٧٠ هەزار تمەن بووە لە ساڵی پێشوودا. لەسەر ئەم ناشیرینییە مەعمووری ناوبراو برایە سابلاغ لە دوای پێنج رۆژ بەندی بەرەڵڵا کرا. وە کردیان بە مەعمووری دابەشکردنی زەخیرەی جبهەکانی لەشکر لە سابڵاغا کە ئەم وەزیفە تازەیەی زۆر لە ئیشە کۆنەکەی چەورتر و بێقڕەتر بوو. دزی ناو لەشکریشا بە ئەندازەیەکی تەواو پێگەیشتوو و سکاڵای پێشمەرگە بۆ ئەو بارە زۆرە بوو. بەڵام لەبەر تەشویش نەکردنی ناوبانگی لەشکر لەو کاتەدا چاوپۆشی لەو وێنە پرسینەوەیە کرابوو...

محەممە ئەمینی مەنگوڕی لە درێژەدا لە لاپەڕەی ١١٢ بەرگی یەکەمی کتێبەکەی دا دەنووسێ: جا ئەگەر یارمەتی ئازەربایجان نەبوایە قازی محەممەد نەیئەتوانی بە واردیداتی داخڵی ناوخۆی هیچ مەبەستێکی پێک بێنێ. وە ئازەربایجانییەکانیش کە چووبوونە ژێر ئەو ئەرک و مخاریجەیە بۆ دوو ئامانج بوو. یا بە هیوای ئەوە بوون کە مەهاباد جوزئی ئازەربایجان بێ وە لە سەر نەخشەی ئوستانێک لەناو قالبی ئازەربایجانا قاڵ بکرێتەوە. وە یا رووسیا بە دەستووراتی نەهێنی ئازەربایجانی ناچارکردبوو بۆ تەئمینی ئەو داخوازانەی قازی محەممەد. بە پێی ئەو ئتیفاق نامەیە کە لە وەختی خۆیا پێی گرتبوون.

## ماڵیات

کۆماری کوردستان بۆ چارەسەری وەزعی ئابووری و راپەڕاندنی کارەکانی، خەڵکی هان دا تا ماڵیاتی دیاری کراو کە لە دەولەتی خودموختار دا بڕیاری لەسەر درا بوو، بە رێکوپێکی بدەن. لە کوردستانی ژمارە ١٥ دا بە ئەمری پێشەوا بڕیار درا ماڵیاتی دوو ساڵی رابردوو وەربگیرێ و لەوبارەدا لە سەر وەرگرتنی ماڵیات نووسڕاوە: ... لە تەواوی کوردستان یەک نەفەر بە ئارزوی خۆی ماڵیاتی بە دەوڵەتی ئێران نەداوە. چوونکە لە رووی عیدالەتەوە نەبوو. مەسەلەن ماڵیاتی یەک نەفەر ئەگەر دە تمەن بایە جەنابی ئاغایی کەربەلایی وەرەقەی هەزار تمەنی بۆ دەنارد و پازدە رۆژی وەعدە بۆ دادەنا. ئەو وەعدەیە لەبەر چی بوو. ئەڵبەتە بۆ ئەوە بوو کاسبە بێچارەیە بچێتە لای کەربەلایی و بپاڕێتەوە بە هەزار زەحمەت سەد تمەنی بەرتیل بداتێ ماڵیاتەکەی ئەگەر ١٠ تمەن بوو بۆی بکاتە پێنج تمەن ...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر لەوبارەوە لە رۆژنامەی ژمارە ٧ کوردستان دا هاتووە: بەرحەسبی ئەمرییەی موبارەک حەزرەتی رەئیس جەمهووری کوردستان لە نەزەر گیراوە وەکوو بۆخۆتان ئاگادارن کە مالیات بەر عایدات لە دێهات وسووڵ بکرێ. لەبەر ئەوە بۆ ئیجرای ئەو ئەمرە پێویستی بە قەیدی فەورییە لە تاریخی دیتنی ئەو کاغەزەرا تا ٢٤ سەعات نمایەندەی خۆتان لە تەرەف مەحاڵ موعەرفی بکەن و ئەگەر لە تەعینی نمایەندە تەئخیر بکەن کومیسیون بۆخۆی تەشخیسی مالیات دەدا و ئەو مالیاتە قەتعییە و قابیل ئیعتراز نییە و کردنەوەی کومیسیونی رەسمی مالیات بەر عایدات ئەلنەهایەت تەریخ رۆژی شەممە ١٣٢٤/١١/١٦ لە عمارەتی هەیئەتی میللی چوار سەعات لە دەستە بچێ تەشکیل دەبێ.

رەئیس مالییە    عیلمی

پلان و بەرنامەی مالیات بە شێوەیەک دیاری کرا بوو کە کەسانی نیشتمانپەروەر، بە گیان و بەدڵ ئامادە بوون ئەو رادەیەی کە بۆیان دەست نیشان کراوە بیدەن. لەو چوارچێوەیەدا لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٠ دا هاتووە:

نابێ لە مالیات مەعاف بکرێم

ئاغای حەبیب سەلیمی (حەبیبە زەرد) هاتوتە ئیدارەی رۆژنامەی کوردستان گلەیی دەکا ئاهوونالە هەڵدەکێشی کە ئیدارەی مالییە بۆچی باوجوودی تەوانایی لە قەدەر خۆم بۆ دانی مالیات بەردرامەد لە بیریان کردووم و لە دانی مالیات مەعاف کردووم ...

ئەو کەسانەی کە بە وەخت مالیاتیان داوە سوپاسیان کراوە و لە رۆژنامەی  کوردستانی ژمارە ٤٤دا، سوپاس لە ئاغای عەلیخان حەیدەری کراوە کە مالیاتی ٢ ساڵی خۆی بە تەکمیلی داوە.

د. دیشنەر لە نووسراوەی "کۆماری یازدە مانگە" کە بە هۆی حەمەکەریم عارف وەرگێڕدراوە، لە سەر کاریگەری وەرگرتنی مالیات لە سەر کۆماری کوردستان دا دەنووسێ:

مەهاباد لەو کاتەدا بۆ یەکەم جار بوژانەوەیەکی ئابوری و ئازادییەکی سیاسی ئەوتۆی بەخۆوە بینی کە ئەم گەلە لە هیچ قۆناغێکی مێژووی دوور و درێژی خۆیدا بەخۆیانەوە نەبینیبوو. حکوومەت خەرجی و مەسرەفی خۆی لە باج و خەراج کۆ دەکردەوە، حیزب ئابونەی ئەندامانی خۆی وەردەگرت و خیزانە دەوڵەمەندەکانیش پیتاکیان دەدایە. سەرەک خێڵەکانیش بۆ ئەوەی گوێرایەڵی خۆیان بە حیزب بسەلمێنن پیتاکیان دەدا.

دیارە کەسانی ئەوتۆش هەبوون کە بۆ دانی مالیات دڵ بچووک و رەزیل بوون. رەحمانی قازی لە کتێبی "رۆژگاری ون بوو" دا دەنووسێ:

لە پێش پێک هاتنی کۆماری کوردستان دا پارەیەک بە ناوی ”سەرانە” لە خەڵک وەردەگیرا کە موچە و تێچونی شارەوانی و شارەداری لێ دابین دەکرا و گەر زیاتر با کاری خزمەتگوزاری شاری پێ جێ بە جێ دەکرا .

هەر سەبارەت بەو پارەی سەرانەیە رۆژێک حاجییەکی دەوڵەمەند دەچێتە لای جەنابی پێشەوا و دەڵێ قوربان سەرانەی منیان پێنج تمەن نوسیوە، ئەوە بۆ من زۆرە و پێم نادرێ پێشەوا دەفەرموێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حاجی چەندت پێ دەدرێ؟ دەڵێ دو تمەن. جەنابی پێشەوا دەفەرموێ باشە لەو مانگە را دو تمەن بدە. حاجی دەڕوا و ئەوانەی لەوێ دەبن دەڵێن جەنابی پێشەوا ئەو حاجییە زۆر دەوڵەمەندە و دەتوانێ مانگێ سەد تمەن بدا بێ ئەوەی هەستی پێ بکا. لە وڵامیان دا دەفەرموێ: ئەو حاجییە کوردێکی دو تمەنییە و هەر بۆیە دو تمەن بدا باشترە.

## بازرگانی

شیرکەتی تەرەقی

بۆ چارەسەری بنەڕەتی ئابووری و بۆ ئەوە کە تەنیا داهاتی دەوڵەت نەبەسترێتەوە بە پارە وەرگرتن لە خەڵک، دەوڵەت هەوڵی دا تا بازرگانی پەرە پێبدا. دیارە ڕژێمی ئێران دوای ڕاگەیاندنی کۆمار، گەمارۆی خستە سەر کوردستان و لە کڕینی توتنی توتنکارانی کوردستان خۆی پاراست. کۆماری کوردستان، بۆ شکاندنی ئەو گەمارۆ ئابوورییە هەوڵی دا تا لە بڕی دابین کردنی پێویستییەکانی، تووتن و بەشێکی لە بەرهەمە زیادەکانی، بە دەوڵەتی رووس بفرۆشێ. بۆ ئەو مەبەستە کۆمپانیایەکی گەورەی ئابووری بازرگانی بە ناوی شیرکەتی تەڕەقی کوردستان دامەزراند.

لە سەر چۆنییەت و دامەزراندنی ئەو کۆمپانیایە لە ژمارەی ١٦ی رۆژنامەی کوردستان دا، لە ئاگادارییەک دا هاتووە:

لە نەتیجەی جەلەسەی رۆژی جومعەی ١٩ی ڕێبەندانی٢٤ وا قەرار درا سەرمایەی ئەسڵی شیرکەت بە یەک ملیون تمەن دانراوە کە سوڵسێکی نەغدە و دوو سوڵسی دیکەی قەبزی سپەردەی دوخانییە. لە کەسانێکی پولی نەغدیان نەبێ قبوڵ دەکرێ بەڵام قازانجیان بۆ حساب ناکرێ هەتا وسولی پولی ئەو قەبزانە و شیرکەتی تەرەقی مجاز کرا سەرمایەی خۆی بە دوو موقابیلی مەبلەغی ئەسلی زیاد بکا. کەسانێکی تا ویستا کە سەهمیان نەکڕیوە ئەوانیش دەتوانن بە قەبزی سپەردەی دووخانییە هەر چەند سەهمێک مایل بن بکڕن. هەر سەهمی شیرکەت عیبارەتە لەیەک هەزار تمەن. لە برواری ئەو نووسراوە قەبزی سپەردەی دوخانییە قبول دەکرێ. هەتا ئاخر مانگی رەشەمەی ١٣٢٤ هەر کەس مایلە قەبزی خۆیان بەنێوی شیرکەتی تەرقی کوردستان ئینتقال بدەن.

مودیری شرکەتی تەڕەقی کوردستان

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١١٣ بەشی یەکەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." هەوڵدانی قازی محەممەد بۆ پڕ کردنی خەزێنەی کۆمار بە خەیاڵپڵاو و لاساکردنەوە لە ئاڵمانییەکان دادەنێ کە بۆ نەجات بوون لە دەست ناپلئۆن، لە ساڵی ١٨٠٧ ژنەکانیان خشڵ و زێڕەکانیان دەدا بە دەوڵەت و دەنووسێ:

قازی محمدیش هەر بەم وەزعەش خەیاڵ پڵاوی کردوە. هەر کەسێک خشلی ژنان و چەک و سەعات و شتی نایابی هەبێ لە مەسنەوە یا موجەهەرات بیخاتە بەردەستی گەنجینەی کوردستان، بەرامبەر بە مۆر و سەند. بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێ ئەو مجوەراتانە بخاتە رەهنی بانکەکانی عالەمێوە. وە لە موقابیلا پارەی کاغەز دەربێنێ لە ئاکاما خەزێنە بە (سگرتوکراوی) ئەو شتانە بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاوەنەکانیان ڕەت ئەکاتەوە.

٢- ئەمجا قازی محەممەد هاتە سەر ئەو بیرە کە تەحدیدی دارایی خەڵک بکات و زیادەکەی لە خەڵک وەربگرێ بیکات بە دەست مایەی بانک وە سکە لێدان. لە دوایشا ئەو پارەیە بە فائیزی نیزامیەوە بۆ خاوەنەکانی ڕەت بکاتەوە و لە مەشا سەرنەکەوت.

٣- ئەمجا قازی محەممەد هاتە سەر ئەو بیرە کە شەریکەیەک لە سابلاغ بکاتەوە. هەموو وێنە حاسڵاتێک وەربگرێ وە هەموو شتێکی دەرەوەش بکڕێ. ئەو شەریکە شت دابەش بکا بەسەر فرۆشیارەکانی ناوخۆیی دا.

هەموو پارەدارێک بە پێی توانا سەهمی لەو شەریکەیەدا هەبێ. نیوەی واریداتی ئەو شەریکەیە دابەش بکرێ بە سەر هەموو بەشدارێک بە پێی نیسبەت وماڵیات و نیوەکەی تریشی بۆ دەوڵەتی قازی محەممەد بێ. دیسان لەم فکرەشا سەرنەکەوت و کەس بە دەنگێیەوە نەهات.

٤- ئەمجا هاتە سەر ئەو بیرە کە شیرکەتێکی مەحدود لە خەڵکی سابلاغ دروست بکات و ئیمتیازی شت کرینیان بۆ لە دەوڵەتی رووس وەربگرێ. وە بە ناوی ئەو شەریکەوە چ پێوستێکی دیمۆکراتییان بوو بە هۆی ئەو شەریکەیەوە وەری بگرن. بەعزەن بە قەرز و هەندێکیشی بە نەخت کاری.

لە ئاکاما ئەو شەریکەیە دامەزرا. سەرمایەی گەیشتە (٤) میلیون تمەن. لقی ئەو شەریکەیە لە تەورێز و باقی شارەکان کرایەوە، بەڵام بە پەرۆشەوە بەمە رانەگەیشتن کە شت لە رووسیاوە بگەینە سابلاغ کە بۆمبای تێکچوونی ئازەربایجان تەقی و ئەو شەریکەی کوردستانێ لەناو برد.

بە پێی بەڵگەی ژمارەی ٢٣ی رۆژنامەی کوردستان، پێشەوا لە جێژنی بونیادنانی "شیرکەتی تەرەقی کوردستان" دا کە بە هۆی بەزازانەوە، بەبۆنەی سەربەخۆیی کوردستان پێکهاتبوو، دەڵێ:

لازمە کە ئەمە رێگایەکی ئیقتیسادی بۆ خۆمان بکەینەوە. شیرکەتی تەرەقی دەبێ تەوسیعەی پێ بدرێ و رەوابیتی تەجارەتی لە هەموو کوردستاندا بەرقەرار بکرێ. حکوومەتی کوردستان ئیحتیاجاتی زۆر دەبێ وەزعی خۆی وەکوو دنیای ئەوڕۆ تەغییر بدا. مەسەلەن، فەرهەنگ، فەلاحەت، کارخانەجات کە دەبێ وە تەوسیعە و تەرەقی و ئیجادی ئەوانە دا سەعی و جیددیەت بکرێ.

لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٣ دا، هەر لە درێژە بەرنامەی شیرکەتی تەڕەقی کوردستان کە بە بەشداری رێبەرانی حیزب و کەسایەتییە گەورەکان و بەزازان و چین و تویژەکانی مەهاباد بەڕێوە چوو، ئاغای عەلی خوسرەوی مەڕاسیمەکەی کردەوە و مامۆستا هێمن و مامۆستا هەژاریش شێعریان خوێندەوە. دوایە ئاغای حوسێنی داودی سەبارەت بە پێکهاتنی شیرکەتەکە قسەی کرد. دوایە پێشەوا لە وتارێک دا گوتی:

یەگانە حەملەی دوژمنان حەملەی ئیقتیسادییە و هەمیشە خەریک دەبن کە لەو رێگایەوە ئینقلاب دەخەنە نیو میللەتی. مەسەلەن مسئەلەی توتن کە دەوڵەتی ئێرانی خەریک بوو وەسائیلی نیفاق و دووبەرەکی لە نێو کوردان دا پێکبێنێ. لازمە کە ئەمە رێگایەکی ئیقتیسادی بۆخۆمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکەینەوە. شیرکەتی تەڕەقی دەبێ تەوسعەی پێبدری ڕەوابیتی تیجارەتی لە هەموو کوردستان دا بەرقەرار بکرێ. حکومەتی کوردستان ئیحتیاجاتی زۆرە و دەبێ وەزعی خۆی وەکوو دنیای ئەوڕۆ تەگیر بدا. مەسەلەن فەرهەنگ فەلاحەت، کارخانەجات کە دەبێ تەوسعە و تەڕەقی و ئیجادی ئەوانەدا سەعی و جدییەت بکرێ.

لە درێژەی ئەو بەرنامەدا، ئاغای قاسم ئێلخانیزادە، دوای باس کردن لەسەر شادی و خۆشی کوردان رادەی ١٠٠ تمەنی باربووی قوتابخانە کرد. دوایە حەزرەتی حاجی باباشێخ رێزی لە هاوکاری خەڵک گرت. ئەوجار ئاغای ئەحمەدی ئیلخانی زادە لە لایەن ئەفسەر و دەرەجەدارانەوە پیرۆزبایی ئەو جێژنەی کرد. دوایە پیرۆت ئاغای ئەمیر عەشایری داوای ئازادی بۆ سێ نەفەر لە کادرە بە وەجەکانی کوردستان کرد کە لە دەست دەژمنان دا ئەسیر بوون.

شیرکەتی تەڕەقی پاش ماوەیەک پەرەی ئەستاند و لە کوردستانی ژمارە ٥٩دا، باس لە کارە باشەکانی ئەم شیرکەتە لەمەڕ پشتگرتن لە ئابووری وڵات دەکا و دەنووسێ: ... شرکەتی تەڕەقی، گۆڕینی حاسڵاتی کوردستان بەو شتانەی کە ئیحتیاجمان پێی هەیە دەرعۆدەی خۆی وەرگرتوە. دەبێ ئەم کارە نایابە بە هەموو لایەکمان تەشجیع بکرێ.

هەر لەو سەرچاوەدا لەسەر ئیسلاحی ئابووری هاتووە: ... هەموو شتێکمان پێویستی ئیسلاحە، ئەنجا تەماشای کردەوەی چوار مانگی ئەو کوردستانە ئازاد و سەربەستە بکەن چوونکە ئیقتسادیاتی خۆی بۆخۆی بە کار دێنێ دەگەڵ تازەیی و گچکەیی لە زۆر رێگاوە زۆر ئیسلاحاتی ئەنجام داوە.

یەک لە داهاتی سەرەکی کشتوکاڵی کە لە بازرگانی کوردستان دا رۆڵی بەرچاوی هەبوو، توتن بوو. لە کوردستانی ژمارە ٥٧دا، لە سەر فرۆشتنی توتن ئاوا هاتووە: لە لای هەمووان ئاشکرایە کە حەزرەتی پێشەوای موعەزم و ڕەهبەری خۆشەویستی کوردستان چ هەوڵ و کۆششێکی لە رێگای فرۆشتنی ئەو توتنەدا کرد. هەتا بە هیزی فکری حەکیمانەی خۆیی توانی کە بە هۆی فرۆشتنی ئەو توتنەوە هێندێک پووڵ بۆ ئەو دەوڵەتە، بۆ ئەو میلەتە پەیدا بکا.

هەر لە چوارچێوەی بازرگانی توتن دا، دوکتور قاسملوو لە لاپەڕەی ٣٥ ی چل ساڵ خەبات دا دەنووسێ:

کۆماری کوردستان دەستی بە بازرگانیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی کرد و بەتایبەتی فرۆشتنی توتن بە یەکیەتی سۆڤیەتی و کڕینی زۆر کەرەستە لەم دەوڵەتە گەشەیەکی تایبەتی بە بازرگانی دابوو و ریگای بۆ باشتربوونی وەزعی ئابووری خۆش کردبوو.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٥٧ بەشی دووهەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." دا بەراوەردی کاری حەمە ڕەشیدخانی بانە و قازی محەممەد دەکا و دەنووسێ: قازی محمد باشتر لە حەمەرەشیدخان تەقدیری موقیفی ئیقتیسادی ئەکرد. حەمە ڕەشیدخان لە شاری سەقزا ١٤ هەزار تەنەکەی نەوتی حکومەتی چەنگ کەوت، بەپەلە تەنەکەی بە دوو تمەن فرۆشت و هەر لە دوای ٣ مانگ تەنەکەی نەتیان بە ١٠ تمەن ئەکرێوە.

دە هەزار فەردە تووتنی لە ئیدارەی دوخانیاتی سەقز چەنگ کەوت لە جیاتی مووچە و خەڵات



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە سەر ئاغاوەت و لەشکەرچییەکانیا بڵاوی کردەوە، ئەوانیش فەردەیان لەو توتنە جوانە ئەدا بە ٧ تمەن. کە بلعەکس لە نەتیجەدا فەردەی گەیشتە ١٠٠ تمەن. ئەو هەمووە تاڵانەی حکومەتی یە نەبوو حەمەرەشیدخان و نەبوو تەبعەکەی قازانجێکی وەهای تەعمین نەکرد،

کەچی لەعەینی وەختا قازی محمد ئەو توتنەی کە لە دوخانیاتی سابڵاغا چەنگی کەوتبوو محافیزەی کرد هەتا لە دوایدا بە رووسەکانی فرۆشت بە ٦ میلیۆن تمەن و ئەکسەری کاروباری جەنگی بە پووڵی ئەو توتنانە پێکهێنا.

## کشتوکاڵ

راکێشانی کۆمەڵگای عەشایری کورد بۆ بەشداری لە کۆدەنگی نیشتیمانی لەسەر دابەشکردنی زەوی و زار نەبوو، بەڵام پێکهاتە و هەڵس و کەوتی کۆمار کاریگەری گەورەی لە پێکهێنانی هێندێک ریفۆرم لە بەشی زەوی دا هەبوو و تا رادەیەک یارمەتی بە باشتر بوونی وەزعی ئابووری کوردستان کرد. رەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٦١ دا لە سەر پێگەی کۆمەڵایەتی کۆمار دەنووسێ:

کوردستانی ئەو سەردەمە ٣ جۆر خاوەن زەوییەتی هەبوو: زەویی دەوڵەتی (خاڵیسە)، زەویی مەوقووفە وە زەویی خاوەن موڵک. لەسەریەک لە سەدا ٩٥ ی زەوییەکانی کوردستان هی خاوەن موڵکەکانە وە لە سەدا ٩٠ ی خاوەن موڵکەکانیش ئەندامی عەشیرەتەکانی جیاوازن. ئەم خاوەن موڵکانە جیا لە داب و رێوشوێنی خاوەن موڵکی، هەریەکەی بۆخۆی خاوەنی هێزێکی دیاری چەکدار بوو وە بە گوێرەی رێوشوێنی عەشیرەتی بە دوای سەرۆک عەشیرەتدا دەڕۆیشت. سوارەی چەکداری ئەم خاوەن موڵکانە (عەشیرەتانە) دەورێکی زۆر گەورەی هەبوو لە بەهێزکردنی جووڵانەوەدا وە وەکی لە پاشان دیتمان بەشی زۆری هێزی پێشمەرگە هەر لە سوارەی ئەم عەشیرەتانە پێک هاتبوو. لەبەر بێ هێزبوونی هەستی سیاسی و نیشتمانی لە نێو ئەم بەشەی لادێییەکاندا ئەوان بۆ خۆیان راستەوڕاست لە جوڵانەوەدا بەشداریان نەدەکرد و بە گوێرەی ئەمرو ئەسپاردەی ئاغا و سەرۆک عەشیرەت دەبزووتنەوە. هەر لەبەر ئەمەش بوو کە رەکێشکردن و هێنانی عەشیرەتەکان بۆ بەشداربوون لە جوڵانەوەدا پێویستێکی نیشتمانی بوو دەبایە ئەم کارە کرابایە. هەر لێرەشەوە هەڵبژێردرانی ژمارەیەک سەرۆک عەشیرەت و پیاوی دینی و خاوەن موڵکی گەورە بە ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی ح. د. ك سەرچاوە دەگرێ. وە بێشک ئەمانەش بەرهەڵست و کۆسپیان پێکهێنا لەسەر رێگەی دانانی مەسەلەی دابەشکرانی زەویدا.

هەر لەسەر جێگیرکردنی هەڵسوکەوتی ئینسانی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئاغا و رەعییەت دا، رەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٦٤ دەنووسێ: ... جیا لەمانە کەم کردنەوەی دەستەڵاتی ئاغاوەت لە سەر چەوەندەر و توتن و نەهێشتنی باج ئەستاندن لە رەعییەتان، بەربەست کردنی سەلەم خۆری و... ئەرکی دیکەی کۆمار کوردستان بوو. تا ئەوکات چەوەندەر کێڵ و توتنەوان هەر حاسڵاتێکی رەعەمەل دێنا دەبوو بدری بە دەوڵەت و دواتر ئاغاوت پارەکەی وەربگرن و بە پێی ئینسافی خۆیان بەشیکیان هەڵدەگرت ئەوی دیکەشیان دەداوە بە رەعییەتەکان. ئاغای وا هەبووە کە سەدی

حەفتای ئەو داهاتەیان بۆخۆیان هەڵدەگرتو هیچیان بەو رەعییەتەکان نەدەهێشتەوە.

لە زۆر بابەتی رۆژنامەی کوردستان دا، باسی کێشەی چینایەتی کوردستان هاتووە و چینی دەربەگەکان بۆ هەڵسوکەوتی ئینسانی و مروڤانە بە نیسبەتی خەڵکی رەعییەت و هەژار، هان دەدرێن. بۆ وێنە عەبدولقادر لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە٧١ دا، داوا لە دەرەبەگەکان دەکا کە بە خۆدابینەوە و بە هەژار و لێقەومان رابگەن.

حکومەتی کۆماری کوردستان رێگای بە پەرەگرتنی سیستیمی دەرەبەگایەتی نەدا و دژی دەرەبەگە نیشتمان فرۆشەکان بوو. بە تایبەت دوای دامەزرانی کۆمار زەختی زیاتر خرا سەر دەرەبەگەکانی سەر بە دەوڵەت و لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا ئەو ئاغاوەتانەی کە بۆ تاران هەڵاتبوون، زەوییەکانیان بە سەر خەڵکدا دابەش کرا. رەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٦٣ دا دەنووسێ:

مەسەلەن تەواوی دێیەکانی حەمەد ئاغای عەباسی، حیسامی داشکستان، یەمین لەشکری هەوشار و هەوروەها دێیەکانی دەوڵەت لە دەوروبەری میاندوئاو لە نێوان لادێیەکاندا دابەش کرا...

کوردستان لە بواری کشت و کاڵییەوە، هەڵکەوتەیەکی باشی هەیە و لە سەردەمی کۆمار دا بایخی زۆر بە باشتر بوون بەرهەمی کشتوکاڵی درا. لە کوردستانی ژمارە٧٥ دا، ئاماژە بە قسەکانی خەلیلی خوسرەوی سەرۆکی کار کراوە کە لە رادیۆ بڵاوبۆتەوە. ئەو دوای ئاماژە بەوەی کە کوردستان ماوەی ٥ ساڵە ئازادە لە سەر پەرەدان بە کشت و کاڵ دەڵێ: ... بەڵام دڵنیابن کە رێوشوێنێکی حسابیمان بۆ فەلاحەت و مەعادن و کشتوکێڵ کێشاوە و ئینشائەڵا لە مدەتێکی کورت دا هەموو چەشنە وەسائیل و ئەسباب و ماشێن ئالاتی دنیای نوێ تەهییە دەکەین و بە هۆی ئەو ماشین ئالاتە و بە دەستی خەڵکی کوردستان، دەشت و زەوی و نەکێڵدراو و مەعادنی بن هەردی دەکێڵین و وەدەری دەخەین.

هەر لەو پێیەدا لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٥٥ دا، سەیدمحەممەد حەمیدی باسی بەرنامەی کۆماری کوردستان بۆ پەرەدان بە کشت و کاڵی و فەلاحەت دەکا و دەنووسێ: ... بەڵام حکومەتی میللی کوردستان کە تا ئەورۆ ١٣٤ رۆژ لە تەمەنی رادەبردرێ نەقشەیەکی زۆر چاکی بۆ فەلاحەت و کشت و کێڵ کێشاوە و دەیەوێ وەسایلی چەرخی کۆن بە ئالات و ئەسبابی دنیای نوێ بگۆڕێتەوە. کوێرەکانیان دەکارخاتەوە، لەو چۆمە زۆرانەی کە دە کوردستان دا هەن و تا ئەڕۆ بێ مەسرەف ماونەوە پێت وەرگرێ نەهێڵی بە خۆڕایی بڕژێنە دەریاوە و کەم و زۆر ئاویان بە خەسار نەچی و دەیەوێ هەردی نەکێڵ و بوورە و مردوی کوردستان بژێنێتەوە داران بچەقێنێ. باغات بونیاد نێ ...

لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٩٢دا، زور بە وردی و بە شێوەی زانستی باس لە سەر پەیدا بوونی دەرمانی ئافەتی زەرعات کراوە.

## شارەداری

ئەرکی شارەداری ئیدارە و بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی کاروباری شارە. لە ڕۆژنامەی کوردستاندا دەردەکەوێ کە لە کۆماری کوردستاندا ئەو ناوەندە چەندە بایخی گەورە بە کاری خزمەتگوزاری خەڵک داوە. لەو بارەوە لە کوردستانی ژمارە ۳۳ ی ساڵی ۱۳۲۵دا، لە ئاگادارییەکدا کە لە لایەن قەسابانی شار و کومیسیۆنی ئەنجومەنی شارەداری دراوە، هاتووە: ... لە تاریخ ۱٦ی خاکەلێوەی ۱۳۲٥ تا ئەوەلی مانگی خەرمانانی ۱۳۲٥ نرخی گۆشت، مەڕ و بزن، سیەی لە قەراری سێ تمەن (کیلۆی پازدە قران) تعیین کراوە.

لەو ئاگادارییەدا داوا لە خەڵک کراوە کە ئەگەر کەسێك لەو میزانەی گرانتر فرۆشت یان حەیوانی لاواز و نەخۆشی کوشتوە، بە شارەداری رابگەیەندرێ تا جریمە بکرێ.

لەسەر گرینگی دان بە جادە و ڕێگاوبان و کۆڵانەکانی شار، لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٤ لە ئاگادارییەک دا، ئاوا هاتووە:

شارەداری

ئەم ڕۆژانە خیزرێژی خەیابانەکان و پاک کردنەوەی کوچەکانی نێو شار لە لایەن شارەدارییڕا خەریکن وەلی وەزعییەتی کوچەکان وێستا زۆر پەریشان و تەئەسووفئاوەرە و چونکو لە لایەن حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە بودجەیەکی باش بۆ شارەداری دیاری کراوە چاوەنورمان هەیە کە ئاغای شارەدار زۆر زیاتر لەوەی بۆ نیزامی عموومی تەوەجوە بفەرموون.

لە کوردستانی ژمارە ۱۱ دا ئاگادارییەک بەمچەشنە لە سەر حەمامەکان بڵاو کراوەتەوە:

(حەمامەکان کران بە شێرە)

باسگێڕەوەی ئێمە، وادەگێڕێتەوە کە لە ئەسەر تێکۆشینی ئاغای خوسرەوی رەئیس شارەداری، حەمامەکان کران بە شێرە، دەرکی خەزێنەیان داخرا. لەو ئیقدامە فەورییەی ئاغای خوسرەوی سپاس دەکەین. هیوامان وایە سایری ئیشەکانی وڵات بە توندی جێبەجێ بکرێن.

جێی ئاماژەیە کە ئەو کردەوە شۆڕشگێڕانەیە لەگەڵ دژایەتی هێندێک کەس بەرەوروو بوو و لە کوردستانی ژمارە ۳۲دا، بە وردی باسی هەڵسوکەوتی حەمامچییەکان دەکا کە چەندە بە جێگیر کردنی نەزمی تازەی نەمانی خەزێنەی ئاو و جێگیر کردنی شێرە توڕەن. لەو ڕاپۆرتە دا باس لەوە دەکا کە شێرە کەم داندراوە و ئاوەکە ساردە بۆ ئەوەی خەڵک هەر داوای نەزمی پێشوو بکەنەوە و هەروها باس لەوە دەکا کە تەنانەت هێندێک حەمام بە دزی لە خەزێنە هەر کەڵک وەردەگرن. دیارە شارەدار، ئاغای غەنی خوسرەوی بە حەماچییەکانی ڕاگەیاندووە کە ئەگەر لاساری بکەن و نەزم نەپارێزن جەریمە دەکرێن. لەو پەیوەندییە دا بۆ چارەسەری گیروگرفتەکە کومیسیونێک کە حەمامچیشی لەگەڵ بن، بۆ دیاری کردنی پووڵ و هەروەها تەرخان کردنی ڕۆژانەی حەمامێک بۆ ژنان، دیاری کراوە.

چارەسەری پاشاوەکان و ئەوەی کە نەهێڵن ئاوەڕۆی ئاوەکان تێکەڵ بە ئاوی چۆمی بێ، یەکێک لە کارە گرینگەکانی شارەداری مەهاباد بوو. لەو بارەوە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤٩ لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاگادارییەک دا دەنووسێ:

چارەجوویی پاشاو

خوێندەوارانی خۆشەویست ئاگادارن کە چەن ساڵە پاشاوی مستەڕاحی شێروخۆرشید، حەمامی شۆر، مستەڕاحی مزگەوتی رۆستەم بەگ و مزگەوتی شادەرویش هەموو بە تەرتیب دەچوونەوە نێو چۆمی و خەلکیش لە لای خوارەوە ئاویان لە چۆمی دەبرد و دەیانخواردەوە. بەڵام ئیدارەی شارەداری ئەم مەوزوعەی خستە ژێر نەزەر و پاش موتالایەکی زۆر بۆ موڕاعاتی بێهداشتی عموومی کەوتە چارەجوویی و بە تازەگی موفەق بووە کە تەواوی ئەو پاشاوانە بخاتەوە سەر یەک و لە بەشی رۆژئاوای خەیابانی گوزەراندووە ئێستا ئەو ئاوە کەسافەتە لە حاستی سێ رێی بەرامبەر بە قاوەخانەی چۆمی دەڕژێتە نێو چۆمی...

لە درێژەی ئەو ئاگادارییەدا، داوا لە خەڵک دەکرێ کە لە لای سەرەوەی چۆمی ئاو هەڵێنجن و هەروەها بەڵێنیش دراوە کە لای خوارەوەی چۆمیش ئیقدامی بۆ بکرێ و پێش لە چوونەوەی ئاوەڕۆکان بۆ نێو چۆمی بگیرێ.

کار و کردەوەی کۆمار بە رادەیەک بەرپرسانە بوو، کە خەڵکیش لە رێنوێنی و بەشداریکردن لە کارەکان دا خۆیان نەپاراست. لە دەوڵەتی کوردستان دا خەڵک بە هەموو شێوەیەک هەوڵیان دا کە یارمەتی دەری حکومەت بن. لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٥ دا م. حەیدری لە نامەیەک دا ئاماژە بەوە دەکا کە سەرەڕای زۆر بوونی دەغڵ و دان بەڵام ئارد گران بوو و داوا لە شارەداری دەکرێ کە پێش بەوکارە بگرن.

**هەواڵی خۆش**

لە ژمارەکانی کوردستان دا جاروبار لە کورتە ئاگاداریان دا هێندێک بابەت بە ناوی خەبەری خۆش بڵاوکراوەتەوە. لە رۆژنامەی کودستانی ژمارە ٢ نووسراوێک بەمشێوەیە هاتووە:

خەبەریکی خۆش

ئەرێ بیستوتانە لە تەواوی کوردستانێ دا کە چەند نەفەرێک تریاکی هەبوو ئەویش بە ئەمری حیزبی دێموکرات حۆقە و ماشەیان لێشکاندن و دەریان دەکەن.

## دانانی یاسا و بەشی قەزایی

لە کۆماری کوردستاندا، باشترین یاساکانی مرۆڤایەتی کە پارێزەری واقعی ماف و پەیوەندی نێو کەسەکانی کۆمەڵگا بوون، داڕشتران و بەڕێوە چوون. هەرچەند لە نووسراوەکان دا بە دەگمەن باسی پارلمان کراوە، بەڵام ئەو دەزگایەش بە بێ ئەوی هەڵبژاردنی گشتی بۆ بکرێ، بە شێوەی مەجلسی پیران، لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات و کەسانی دیکە، پێکهاتبوو کە بە ناوی مەجلیسی میللی، یاسای دادەڕشت و بە حوکمێکی زۆر بەڕێوە دەبردرا.

لەسەر شێوەی کاری بەشی قەزایی لە کۆمار دا، عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٧٢ی کتێبی وڵاتی من دا دەنووسێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو زەمان مەلا کاری شەرع و مەرافعە و ژن مارەکردنی خەڵکیان رادەپەڕاند و لەبڕی ئەو کارانە پووڵێکیشیان وەردەگرت. بۆ وێنە قازی کەریم (بابم) و مەلا حوسێنی مەجدی بۆ هەر ژن مارە کردنێك ١٠ تا ١٥ تمەنیان وەردەگرت. بەڵام مەلای واش هەبوو لەگەڵ ئەوەی حەقی ئەو کارانەیان وەردەگرت، بەرتیل و ڕشوە و شتی واشیان دەخوارد. بۆیە لەگەڵ بڕینەوەی مووچەی مانگانە ٢٧٠ تمەن بۆ هەر مەلایەک، دەستوردرا کە ڕشوە و بەرتیل خواردن بە تەواوی قەدەغە بکرێ. ئیدی ئەوجار ئەگەر بە دزیش پووڵێکیان بۆ لەبن بەرماڵی نابان، نەیاندەوێرا وەریگرن، چوونکە دەماریان دەردێنان.

ئەوجار پارێزگاری لە ناموس و ئەمنییەتی خەڵك، بوو بە ئەرکی هەرە سەرەکی کۆمار و کەس نەیدەوێرا زوڵم لەکەس بکا.

بەڕێوەبەرانی کۆمار بە کەڵک وەرگرتن لە دەزگاکانی یاسایی، هەوڵیان دا تا لە بوارەکانی ماڤ و حەقی ژیان و گوزەرانی خەڵک بریاری پێشکەوتوو بدەن. دامەزرانی بەشی قەزایی و عدلیە سەربەخۆ، بە مەبەستی حەلی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و پاریزگاری لە ماڤی هاووڵاتیان، یەکێکی دیکە لە کارە گرینگەکانی کۆماری کوردستان بوو. لەو پێوەندییە دا لە کوردستانی ژمارە ٨٥ ساڵی ١٣٢٥ لە ئاگادارییەک دا ئاوا هاتووە: ... تیبقی نەزەری حەزرەتی پێشەوای موعەزەمی کوردستان ئیدارەی عەدلییە دانراوە و تشکیلاتی ختابی وی بە تەسویبی جەنابی ژنرال سەیف قازی فەرماندارى موحتەڕەمی مەهاباد گەیشتووە و بە عمومی ئەهالی موحتەڕەم شاری و ئەتڕاف عەرزی ئاگاداری دەکرێ. هەر کەس دە ئموری قەزایی، دادخوازی حقوقی و جەزایی موڕاجەعاتێکی هەبێ دەکەماڵی عەدالەت و شەرعەت و دققەت لە حدودی ئووسولی مەربوتەدا رسیدگی و ئێحقاقی حەق دەکرێ.

دادستان دادسرای مەهاباد. لاهوتی.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٤٣ ی بەشی یەکەمی کتێبەکەی دا باسی هەیئەتی قەزائی و لێژنەی دادگا دەکا و دەنووسێ:

هەیئەتی قەزائی – لێژنەی دادگای دەوڵەتی مەهاباد

هەیئەتێکی شەرعیان بۆ ڕاپەراندنی ڕووداوی جەزایی و حقوقی لە مەلایان دروست کردبوو. وە ئەندامی ئەو لیژنەیە بریتی بوون لە مەلا حوسێن – مەلا محەممد و مەلا ئیبراهیم. ئەو مەلایانە تەنیا لە گرتنی خەڵکا دەستی باڵایان هەبوو. دەنا بەردانی خەڵک و ئیش ئاسان کردنا زۆر رەزیل و چروک بوون.

غەیری ئەو دادگای شەریعەتییە دوو دادگای تر هەبوو. داوایەک کە پەیوەندی لەگەڵ ڕووداوی لەشکر بوایە، ئەدرا بە دادگای زەمانی جەنگ کە سەرۆکی ئەو دادگایە پات پولکونیک مستەفا و ئەندام جەعفەری کەریمی و نووری ئەحمەد تەها و خەلیلی خۆسرەوی ناوان بوون.

دادگای سێهەم هەیئەتی ئەنجومەنی میللی بوو کە بریتی بوون لە ١٤ ئەندامی نەختێ کامڵ و بە ساڵاچوو، کە سەرۆکەکەیان قازی محمد بوو. ئەو هەیئەتە تەماشای هەموو وێنە داوایەکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەملاک و ناخۆشی نێوان زۆر شتی حقوقی یان ئەکرد و بڕیارەکانیشیان قابیلی رەخنە و دووپاتەی نەبوو.

لەو هەموو مەودایەدا ئەو سێ دادگایانە دوو حوکمیان دا بوو. یەکەم حوکمی پیاو کوژێکیان دابوو بە یەک ساڵ بەندی و حوکمی کابرایەکی(دایکی خۆگێش) یاندا بۆ بە مردنی تیرەبارانی – حوکمی تیرەبارانیەکەیان شتێکی زۆر جوان و عەداڵەتانە بوو. چونکە تاوانەکەی لە تاوان نەئەچوو. کوژراوەکە لەگەڵ (زڕدایک – باوەژنەکەی) رێک کەوتبوون بۆ ئیشی خراپ و بێ شەرعی. وە لە سەر ئیتفاق و بریاری باوەژنەکە، کوڕەکە باوکەکەی خۆی کوشتبوو و برابچوکەکەی پێزانی بوو ئاگاداری دادگای کردبوو. کوڕەکە گیرا و ژنەکە خۆی شاردبۆوە. وە رەسمەن کوڕەکەی پێی لە تاوانی خۆی نا.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٣٨ بەشی یەکەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." باسی بەشی قەزایی کۆمار دەکا و بە پێچەوانی داب و نەریتی باو، رەدووکەوتن کە مایەی سەرشۆڕی و شەرمزارییە، بە کردەوەیەکی سەربەست و ئازایانە بۆ ژن و کچ دادەنێ و دەنووسێ:

دادگای کوردستانی قازی محەممەد

لەبەر ئەوەی کە رووداوی ئازادی مەهاباد بە تەواوی روون نەببووە لێژنەی وەزیران نەیتوانی بۆ هیچ وێنە قانونێک دابنێن. تەنیا بە عورف و عادەت رەوشت و شەرع – محاکەماتی مەدەنی حقوقی جەزائی شەرعی ئەکرا.

حاجی بابەشێخ سەرەک وزارەتی کوردستانی قازی محەممەد- لە بابەت ژن و ژن خوازییەوە - وێنە مەرسوومێکی دانابوو و لە رۆژنامەی کوردستانیشا بڵاو کرابووە.

بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەو دەستوورەی حاجی بابەشێخ دایناببوو، لەگەڵ عادەت و عورفی ژن و ژن خوازی پێشووی ئەو ناوچەیە یەکتری نەئەگرتەوە، دانیشتوانی ئەو ناوچەیە ئەو مەرسومەیان بەلاوە شتێکی زۆر ستەم و ناخۆش بوو. چونکە دەستورانەکەی حاجی بابەشێخ رێگای لە سەربەستی دڵداری چاو باشقاڵی و حەز لێکردن شای و رەویش بەڵکو ژن هەڵگرتن بەستبوو. عادەتەن جێگای رابواردن دڵداری نەمابوو. گەنجی کردبوو بە وشکە سۆفیی وە جیهانی دڵداری لێشاردبوونەوە کە ئەم یاسایەش هەرگیز بۆ میللەتی ئێران بە تایبەتی بۆ کوردەکان دەستی نەئەدا. بە پێی نیزامەکەی حاجی بابەشێخ، ژن رەدواکەوتن هەرگیز قەدەغە بوو جا لەبەر ئەوەی کە رەدواکەوتن و هەڵگیران لە ناو عەشایری ئێرانا شتێکی زۆر باو و سادە و ئاسان بوو، ئەو باسە لەناو ژن و پیاوانا ببوو بە جێگای لاسایی و رەخنە. چونکە رەدوا کەوتن چە بۆ ژن و چ بۆ کچ لە ناو عەشایری (مەنگوور- سوێسنی- زەرزا- مامەش- پیران – دێبوکری- گەورک) ئیمتیازێکی شەرەفی هەبوو. ئەگەر ژنێک و یا کچێک بە درێژایی تەمەنی جارێک رەدوا نەکەوتایە لەناو ژنانا ئەو ژنە رێزێکی نەبوو. پێیان ئەووت ئەگەر بەکەڵک هاتبای جحێڵێک بۆ خۆی دەبردی.

دیسان بۆ پیاوانیش ئەو تانە و تەشەرە هەر هەبوو. ئەگەر پیاوێک ژنی هەڵنەگرتایە. پێیان ئەووت تۆ پیاو نی، ئەگەر پیاو بای ژنێکت بۆ خۆ هەڵدەگرت. جا دەستووره تازەکەی حاجی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بابەشێخ غەوغایەکی لەناو گەنجانا هێنابوو روو. چونکە ئەیویست کتوپر ئەو عادەتە کۆنەی چەند هەزار ساڵەی کوردە لەناو بەری کە کوردەکان لە بەختیاری مێژوویی دا تەنها دەستکەوتی دڵداری و عەلاقەی جنسی و ئازادپەرەستییان بۆ بەجێماوە کە لەم فەنەدا لە هەموو ئوروپایەک کۆنتر و پێشکەوتووترن(مەنگوڕی دواتر بە تاوانی هاندانی حەمە رەشیدخانی بانە بۆ بەجێهێشتنی بەرەی شەڕ لە سەردەمی کۆمار دا، ماوەیەک لە مەهاباد گیرا. ناوبراو لە لاپەڕەی ١٤١ ی بەشی یەکەمی کتێبەکەی دا دەنووسێ کە ٥٠ کەس زیندان کرابوون کە ٣٨ کەسیان لەسەر ژن هەڵگرتن بووە).

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٤٣ ی ئەو سەرچاوەیا باسی هەیئەتی قەزائی و لێژنەی دادگا دەکا و دەنووسێ:

هەیئەتی قەزائی - لێژنەی دادگای دەوڵەتی مەهاباد

هەیئەتێکی شەرعیان بۆ راپەراندنی رووداوی جەزایی و حقوقی لە مەلایان دروست کردبوو. وە ئەندامی ئەو لیژنەیە بریتی بوون لە مەلا حوسێن - مەلا محەممد و مەلا ئیبراهیم. ئەو مەلایانە تەنیا لە گرتنی خەڵکا دەستی باڵایان هەبوو. دەنا بەردانی خەڵک و ئیش ئاسان کردنا زۆر رەزیل و چروک بوون.

غەیری ئەو دادگای شەریعەتییە دوو دادگای تر هەبوو. داوایەک کە پەیوەندی لەگەڵ رووداوی لەشکر بوایە، ئەدرا بە دادگای زەمانی جەنگ کە سەرۆکی ئەو دادگایە پات پولکونیک مستەفا و ئەندام جەعفەری کەریمی و نووری ئەحمەد تەها و خەلیلی خۆسرەوی ناوان بوون.

دادگای سێهەم هەیئەتی ئەنجومەنی میللی بوو کە بریتی بوون لە ١٤ ئەندامی نەختێ کامڵ و بە ساڵاچوو، کە سەرۆکەکەیان قازی محمد بوو. ئەو هەیئەتە تەماشای هەموو وێنە داوایەکی ئەملاک و ناخۆشی نێوان زۆر شتی حقوقی یان ئەکرد و برایرەکانیشیان قابیلی رەخنە و دووپاتەی نەبوو.

لەو هەموو مەودایەدا ئەو سێ دادگایانە دوو حوکمیان دا بوو. یەکەم حوکمی پیاو کوژێکیان دابوو بە یەک ساڵ بەندی و حوکمی کابرایەکی(دایکی خۆگێش) یاندا بۆ بە مردنی تیرەبارانی - حوکمی تیرەبارانیەکەیان شتێکی زۆر جوان و عەداڵەتانە بوو. چونکە تاوانەکەی لە تاوان نەئەچوو. کوژراوەکە لەگەڵ ( زڕدایک - باوەژنەکەی) رێک کەوتبوون بۆ ئیشی خراپ و بێ شەرعی. وە لە سەر ئیتفاق و بریاری باوەژنەکە، کوڕەکە باوکەکەی خۆی کوشتبوو و برابچوکەکەی پێزانی بوو ئاگاداری دادگای کردبوو. کوڕەکە گیرا و ژنەکە خۆی شاردبۆوە. وە رەسمەن کورەکەی پێی لە تاوانی خۆی نا.

یەکێک لە گرینگترین پەسەند کراوەکانی بەشی قەزایی کۆماری کوردستان پەسەند کردنی یاسای موجازات بوو. لە کوردستانی ژمارە ٤١دا، بە گشتی کۆی سەزای تاوان بە شێوەی خوارەوە داندراوە:

تەسویبی قانوونی مجازات

بەرابەر بە ئەمرییەی ژمارە ١٦٠٧ - ٢٥/٢/١ ی کۆمیتەی مەرکەزی حیزب، دیوانی حەربی هێزی دیمۆکرات تەشکیل و قانونی موجازاتیش وەك لە خوارەوە نوسراوە تەسویب بوو:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**قانون**

ماده ١ - جاسوسی کە بە یەقین گەیشت جەزای ئەو ئیعدامە. ئەمما ئەگەر دەلیلی تەخفیف لە کاردا بێ تەواوی دارائی ئەو کەسە دەبێتە هی دەوڵەت، یان زیندانی بەکار لە شەش مانگەوە تا مردن.

ماده ٢ - مەستی و هەرزەیی لە دە رۆژەوە تا یەك مانگ زیندانی لە گەڵ کار و لە پەنجا تا دوسەد قەمچی هەر نۆبەی لە پەنجا قەمچی زیاتر نەبێ.

ماده ٣ - دزین یان لە نێو بردنی ماڵی دەوڵەت لە چاو ئەو گوناحە کە کردویە ئیعدام یا هەڵگرتنی دارایی ئەو کەسە بۆ دەوڵەت و یان زیندانی بەکار لە دوو مانگەوە تا مردن و لە هەموو حاڵ دا دەرکردنی لە سەر خزمەت. کەسانێك کە بە تفەنگ و یان ئەسلەحەیەکی شەڕ جەردەیی و ڕێگری و یان دزی بکەن ئەوانیش جەزایان هەروایە.

ماده ٤ - زۆرهێنان بۆ هاوسەر یان بۆ کەسانی دی یەك ساڵ زیندانی بەکار و لێ‌ئەستاندنەوەی ئەوەی کە سەندویە.

ماده ٥ – تریاك کێشان بێ بەش بوون لە تەواوی حقوقی مەدەنی. ئەوانەش کە لەسەر خزمەتن، ئەگەر لە دوایەدا فێری تریاك بن لە دوای یەکساڵ زیندانی بەکار لە سەر خزمەت دەردەکرێن.

ماده ٦ - هەڵاتن لە شەڕدا و ئەسلەحە بە دوژمن دان، جەزای ئیعدامە.

ماده ٧ - خەیانەت بە میللەت یان دەوڵەت یان نیشتمان ئیعدامە ئەمما ئەگەر دەلیلی تەخفیف لە بەین دا بێ وەك لە مادەی ١ دا نوسراوە رەفتار دەکرێ.

ماده ٨ - دەسدرێژی بە ناموسی خەڵك جەزای هەر بەو جۆرەیە کە لە هەیئەتی ڕەئیسەی میللی دا گوزەراوە.

ماده ٩ - بەرتیل وەرگرتنیش هەروەها.

تێبینی ١: تەواوی گرتوان (دوکتۆر، لیسانس، دیپلومە و ناقیس نەبێ) لە ڕۆژی گیرانەوە بە ئەمری ئەو مەقاماتەی کە سەلاحیەتیان هەیە مومکینە کاریان پێ بکرێ. ئەمما ڕۆژی لە ٦ سەعات زیاتر نا و رۆژانی تەعتیلیش هەرنا.

تێبینی ٢: ئەفسەران و نەفەراتی هێزی دیمۆکراتی کوردستان و جاسوسانی خاریج ئەگەر یەکێك لەو گوناحانەیان لێ رووبدا هەر لە دیوانی حەرب پێبڕادەگەن. خەڵکی خاریج لە هێزەوەش بە پیی فەرمانی ریاسەتی موعەزەمی جمهوور ئەم دیوانە حوکمیان دەکات.

ئەوا بۆ ئاگاداری تەواوی دیمۆکراتی کوردستان، ئەم قانونە چوارجار لە دوی یەك لە رۆژنامەدا چاپ و بڵاو دەکرێتەوە، خودا بکات هیچ کەسێك لەو گوناحانەی لێ روونەدات دەنا حەتمەن بەو مجازاتەی کە نوسراوە گرفتار دەبێ.

سەرۆکی دیوانی حەربی هێزی دیمۆکراتی کوردستان: ئیبراهیم سەلاح

بەرپرسان و کاربەدەستانی کۆمار لە دیاری کردنی سەزا، بێ بەری نەبوون و چاوپۆشی لە خەتاکانیان نەدەکرا. لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٥٤دا، باس لە سەزای تاوانبار دەکرێ و ئاوا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاتووه:

**کێشان بۆ محاکمه**

له ئیدارەی کول گومرکاتی کوردستانەوە ئیتلاع دراوە کە ئاغای ئەحمەد بابازادە کە چەندی لەوەی پێش بە سەرۆکی گومرگی خانه(لاهیجان) دانرابوو پاش بەینێک کارکردن مورتەکیبی سادرکردنی چەند جەوازێکی غەیرە رەسمی و جەعلی ببوو و لەبەر ئەوەی تازەکار بوو ئیدارەی گومرک دەیویست چاوپۆشی لێبکا بەلام وەکوو لە کومیتەی مەحەلی پیران بۆ کومیتەی ناوەندی نووسراوە، گوایا ئەو شەخسە دوو ژنی هەیە. دەرحەق بە ژنە کۆنەکەی ستەمی رەوا دیوە و لە ماڵە خۆی دەری کردوە. لە سەر ئەوە، لە لایەن ئیدارەی کوللی گومرکات لە خزمەت بەرکەنار و پێشی راگەیندرا کە بۆ محاکمە لە بابەت سدووری جەوازە جەعلەکانەوە خۆی بە ئیدارەی ناوەندی بناسێنێ.

هەر لەو پێیەدا لە کوردستانی ژمارە ٨٥ دا، ئاماژە بە سەزای بەرپرسێکی ئیدارەی دارائی کراوە و ئاوا هاتووە:

ئاغای محەمەد زەکەوی حسابدار و تەحویل داری دارائی بۆکان

بە ئیستناد تەسویبنامە ژمارە ٢٨ – ٢٥/٥/٩ هیئەتی بازرەسی و تەئییدی ژمارە ٤٢٩ – ٢٥/٥/٢٢ فەرمانداری مەهاباد کە روونووسیان بۆ ئاگاداری بە تۆ ئێبلاغ دەکرێ. چوونکە ئەتۆ لە ئەسەری خەیانەت و غفلەت لە ئەنجامی وەزیفە بە کەسری نیسفی حقوق شەش مانگان و سدووری تەوبیخی کەتبی مەحکووم بووی. ئەوە بە دایرەی حسابداری سندووقی ئەو ئیدارە دەستوور درا کە لە ئەوەڵی موردادمانگێ تا ئاخر دەیمانگی ٢٥ هەموو مانگێ نیسفی حقوقی تۆ بە نێوی جەریمە کەسر بکا و بە هۆی ئەو نووسراوەش تەوبیخ دەکرێ. لازمە مەبلەغی ٦٩٠٧ (شەش هەزار و نۆ سەد و حەوت) ریاڵ و چەندی کە لە سندووق هەڵگرتووە بەو ئیدارە بدەیەوە و حساب مەبلەغی ١٢٣٠٦ ریاڵ عەلەلحساب ئەشخاس دەگەڵ سندوق دارائی تەسفییە بکەی .

سەرۆکی ئیدارەی دارائی کوردستان - علمی

لە سەردەمی کۆمار دا دوو دادگایی بەڕێوە چوو کە یەکیان لە باغی پێشاهەنگی بوو و دادگایی کردنی دوو پێشمەرگەی هێزی نیزامی کودستان بوون، کە بە تاوانی کوشتنی تورکێکی میانداویی محاکمەکران و بە ئیعدام مەحکوم بوون و ئەوی دیکەش کەسێک بوو کە قەتڵی کرد بوو و هەرچەند بنەماڵەی کوژراوەکە، لێی خۆش بوون بەڵام لەبەر چەشنی قەتڵەکە بڕیاری کوشتنی دراوە.

لە پەیوەندی لەگەڵ قەتڵێکی دیکەدا عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٧٢ ی کتێبەکەی دا دەنووسێ: ... رۆژێك پێشەوا لە دیوەکەی خۆی دانیشتبوو، لە دالانی ژووریّ را دەبینێ کە پیرێژنێك لە خەیابانێ را بە قوڕ پێوان دێ بۆ شکایەتێ. پێشەوا بە پەلە خۆی دەگەیەنێتێ و دەڵێ: ″بۆ وادەکەی، چ قەوماوە″. ژنەکەش هەر دەگری و خۆی بەسەر لاقی پێشەوا دا دەکێشێ و دەڵێ: ″کوڕیان کووشتوم″. پێشەوا ژنەکەی راست دەکاتەوە و دەڵێ: ئاخر چۆن کوژراوە، لە کوێ کوژراوە، کێ کوشتویەتی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـ لەگەڵ فلانە قاچاخچی جارێك چوو بووە عێراقێ و چایان هێنا و ئەوجاریش دیسان چۆتەوە، بەڵام نەگەراوەتەوە و وەك دەڵێن کابرا کوشتویەتی، ئەسپەکەشی بردووە.

پێشەوا فەورەن دەستوور دەدا کە دەبێ هەرچی زووتر ئەو قاتڵە بدۆزرێتەوە. لەولاش را مەلا مستەفا ئاگادار دەکرێ و ئەویش بەڵێنی دەدا کە هەرچی زووتر رابسپێرێ و قاتڵەکە ببینێتەوە. سەرەنجام هێزی پێشمەرگە بە هاوکاری عەشیرەتی پشدەر، کە هاوکار و پشتیوانی کۆمار بوون، لە یەکێك لە شارەکانی کوردستانی عێراق، لە دووکانێکی دا قاتڵیان دیتەوە و قۆڵبەستیان کرد و هێنایانەوە مەهابادێ و لەوێ دادگایی کرا.

ئەو کات مەلا حوسێنی مەجدی وەزیری دادگوستەری و قازی کەریم(بابم) قازی شەرع بوو. لە ماوەی ٢ رۆژ دادگایی دا، تاوانبار دانی بە تاوانەکانی نا و حوکمی ئێعدامی درا. دایکی کوڕە کوژراوەکە، قاتڵەکەی عەفوو کرد و بەخشی، بەڵام کوڕەکەی لێی خۆش نەبوو. بابم (قازی کەریم) بە کوڕەکە دەڵێ دایکت قاتڵەکەی عەفوو کردووە ئێمە نایکوژین، بەڵام بڕیاری ئێمە ئەوەیە: تفەنگێکی بڕنوو بە فیشەکێکەوە دەدەین بە تۆو لە دوررا ئەو قاتڵەت بۆ بەرەڵڵا دەکەین، ئەتۆ تەقەی لێ بکەی. ئەگەر هەنگاوتت، ئەوە کوشتوتە و ئەگەر نەیهەنگێوی ئەوە ئازاد دەبێ".

لە رۆژی بەرێوە بردنی ئەو بڕیارەدا، عالەمێکی زۆر لە قەبرستانی مەلا جامی و لە سەربانان کۆببوونەوە. برای کوژراوەکە لە نێو خەڵك دا، تفەنگ بە دەست و ئامادە راوەستابوو قاتڵەکەیان برد لە داوێنی داشا مەجیدی لەبن کێلێکی رایانگرت. دوایە یەکێك بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: "ئەوە بەرمان دا". کوڕە بە کەیفی خۆی سێرەی لە قاتڵەکە گرت و قاتڵەکەش لە باتی ئەوەی کە لەو کێلە گەورانە کەڵك وەرگرێ و بەرەو شاخ هەڵێ، وەك بەنت دەکەپۆی کردبێ، راست بەرە و رووی تفەنگەکە هات. کوڕەش بە کەیفی خۆی تەقەی لێکرد و لە کۆڵەی سینگی دا و گازەرای پشتی هەڵتەکاند.

هەر لەو سەردەمی دا کە هەموو کەس چەکدار بوو کەسێك هەبوو بە نێوی مەحمودە شەل کە لە رێگاوبان و چۆلگە و مۆلگاندا، رێگری دەکرد و پیاوی دەکوشت. بۆ وێنە دەتدیت کابرایەك ئەسپێك، تفەنگێك یان دەمانچەیەکی چاکی پێیە و بە رێگایەکی دا دەڕوا، ئەو دەچوو لە پشتەوەرا تفەنگێکی لێدەدا. ئەوکات عەجەم لە مەراغەی را دەهاتن و کوپەی گڵی زەلامی ترشیاتیان بۆ فرۆشتن دێنا. مەحموودە شەل لەو کوپە فرۆشانە ٧ کەسی کوشتبوو. ئەو کارە نیگەرانی زۆری بۆ کۆمار پێک هێنابوو چوونکە لە لایەك لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان، یەکیان گرتبوو، لە لایەکی دیکەش ئەو کارە ببووە هۆی ئەوەی کە تاجری کورد لە تەورێز و مەراغە و شارەکانی دیکە لە مەترسی بکەون. بۆیە ئەو کابرایە گیراو دوای محاکمە شەوێکی بردیانە قەسابخانەی کە رەهەندی خوێن و کۆنە چاڵاوی لێبوو، لەوێ کوشتیانو لە قوولکەیان هاویشت. بە دوای ئەو رووداوانە ئیدی کەمتر خراپە کران و دنیا ئەمن و ئەمان بوو و کەس نەیدەوێرا زوڵم لەکەس بکا.

هەر لەوچوارچێوەیەدا، رەشەی فەلاحی لە لاپەڕەی ٨٣ کتێبی "دیسان بارزانی" دا باسی مێرمنداڵی خۆی دەکا کە چۆن زوڵمیان لیکردوە بەڵام بەڕێوەبەرانی کۆمار حەقیان بۆ ئەستاندووە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و دەنووسێ:

لە تەمەنی (١٥) ساڵی دا بووم بۆ خۆم کاسبیم ئەکرد لە شاری مهاباد لە زەمانی کۆماری کوردستاندا. رۆژێک پیاوێکی عیراقی لە مەیدانی مەنگوران لە مهاباد فیشەکی ئەکری منیش پێم کوت: فیشەکم هەیە ئەتەوێ بۆت بێنم؟ ووتی: بۆم بێنە وەرە بۆ خانی تاجیرباشی. منیش بۆم برد لەو کاتەدا چەند سوارێکی شکاک پەیدا بوون لە خانی تاجیرباشی پیاوی ئەمرخانی شکاک بوون. هاتبوون ئەچوون بۆ یارمەتی پێشمەرگە بە ناوی نۆبەدار ( هێزی بەرگری). منیش لەکاتەدا فیشەکەکانم ئەبژارد بۆ کابرای عێراقی لەوکاتەدا یەکێک لە نۆبەدارەکان هات و وتی: قەدەغەیە فیشەک فرۆشتن... وە فیشەلەلانی هەڵگرت بردی و کابرای عێراقی پارەی نەدامێ وە ئەویش فیشەکەکانی نەدامەوە. منیش چووم بۆ مەیدانی مەنگوران پیاوێک لەوێ بوو ناوی کاک حسێن بوو بۆم گێرایەوە ووتی: جا چی ئەکەی؟ ووتم : ئەچم بۆ لای پێشەوا شکات ئەکەم. رۆیشتم بۆ ستاد ئەو شوێنە کەوا پێشەوا لێی دادەنیشت کە چووم جەنابی (حمە حسێن خان) وەزیری بەرگری بە تەنیا لە حەوشەکەدا پیاسەی دەکرد. منیش نەچوومە ناو حەوشەکەوە سڵاوم لێکرد جوابی دایەوە ووتی: فەموو رۆڵە چیت دەوێ؟ منیش بە دەنگی بەرز ووتم : قوربان غەدرم لێکراوە. فەمووی غەدری چیت لێکراوە، هات بۆ لای سیاجەکە دووبارە، فەرمووی غەدری چیت لێکراوە؟ ووتم: قوربان کرین و فرۆشتنی چەک ئازادە و هەموو رۆژێ لە مەیدانی مەنگوران کرین وفرۆشتن ئەکرێ... وە جەنابی فەرمووی برۆ فیشەکەکانت وەرگرەوە کورد فیشەک بکرێ و بەناو چوانی منی یەوە بنێ قەدەغە نی یە بە تایبەت کوردی عێراقی... ووتم: قوربان نامدەنەوە، فەرموی: من یەکێکت لە هەڵ دەنێرم.. یەکێکی لە گەڵ ناردم فیشەکەکانم وەرگرتەوە بە هەمووی سەعاتێکی پێنەچوو بەراستی دڵسۆز و دادپەروەر و خەمخۆری فەقیر و هەژار بوو.

رێبەرایەتی کۆمار بە پێی زەمان و سەردەمی ئەوکات بڕیاراتی گەورەیان لە سەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەر کرد و لەو بڕیارانە دا هەم حوکمی شەرعی و هەم حوکمی یاسایی رەچاو دەکرا. سەزای حوکمەکان زۆر توند بوو و ئەوەش نیشاندەری هێز و توانایی کۆمار بوو.

لە کۆمار دا هەموو خەڵکی کوردستان ئازاد بوون کە لە دامودەزگاکانی کۆماری کوردستان یان هەر کەسێکی دیکە، شکایەت بکەن. ئاغای قاسمی مسگەری سکالانامەیەکی داوە بە ئیدارەی رۆژنامەی کوردستان و دەڵی: ستەم و زۆرم لێکراوە و مقاماتی حزبی هێشتا بەدەردم رانەگەیشتوون. رەجا دەکا کە زۆر زوو پێیڕابگەن.

هەر لەو چوارچێوەی ئەو بابەتە دا لە کوردستانی ژمارە ١٢دا، ئاوا هاتووە: ئاغای عەلاوی قاوەچی شکایەتیکی لە محەمەد حەسەن زادە کردوە. تکا دەکەین لە هەیئەتی بەرێزی رەئیسەی میللی کوردستان کە بەو شکایەتە رابگا و متالبی چییە بە گوێرەی قانوون بۆی جێبەجێ بکرێ.

هەروەها لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٥ دا هاتووە:

ئاغای سەعید چەڵەبی نامەیەکی لە کومیتەی حیزبی دێموکرات نووسیوە و روونووسی بۆ ئیدارەی رۆژنامە ناردووە کە رەسووڵی میرەکەر شکایەتی هەیە. رەجا دەکەین هەیئەتی میللی زۆر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زوو پێ ڕابگا و ڕەزامەندی  شاکی بە جێ بێین.
پێشەوا قازی بۆخۆی لە هەموو کەس عادڵتر بوو و ئەوش بەربەستی گەورە بوو بۆ زوڵم و زۆری و ناعدالەتی کەسانی دیکە. عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٧٥ی کتێبی وڵاتی من دا دەنووسێ: ... ئەوکات کە سەرۆك کۆمار بوو ئەو هەمووە دەستی دەڕۆیشت باغێکی ترێ لە نیزیك باغی ساوا هەبوو کە باغەوانەکەی زووڵمی لێدەکرد و کرێی نەدەدایە. دوایە پێشەوا لە لای قازی کەریمی (بابم) لە دادگوستەری کۆمار شکایەتی لە کابرای باغەوان کرد کە باغەکەی لێخواردووە و هیچی ناداتێ. کابراش دەیگووت:"خەرج زۆر لێکردووەو دەری نەهێناوەتەوە". لە ئاخری دا بە موساڵەحە گوزەراو کابرا شتێکی دا بە پێشەوا.
بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٥ لە کۆماری کوردستان دا، چەند کەسێک بە ناوی خائین زیندانی کران و لەو بارەوە هەر لەو ژمارەدا ئاوا هاتووە:
چەند نەفەر خائین زیندانی کران
ڕۆژی ٢٤/١٢/١٩
ئاغایانی بایز عەزیزئاغا و کاکەلاغای گەورک و حمە گورگە پیاوی بایزئاغا، بە ئیتهامی جاسووسی بە پێچەوانەی کورد و کوردستان زیندانی کران.
لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٧دا لە دوو ئاگاداری دا، ئاماژە بەوە کراوە کە لە لایەن حاجی سەید باباشێخ ڕەئیسی هەیئەتی میللی کوردستان، دوو بڕیار دراوە. بڕیاری یەکەم ڕواڵەتی شەرعی دەگرێتەوە و لە سەر پرسە و سەرەخۆشی و مردووەیە کە بەمشێوەی:
ئاگاداری
لە تەرەف هەیئەتی میللی کوردستانەوە قەرار درا کە لێرە بەولاوە سەرەخۆشی کردن دەبێ بە ئەمری شەرعی ئیسلام بێ.
مردودار حەقی نیە بە هیچ جۆرێك زەحمەت و مەخاریج بکێشێ. مەجلیسی سەرەخۆشی بۆ پیاوان دەبێ لە نزیکترین مزگەوتێ دابنرێ و نابێ پەزیرائی لە سەرەخۆشیکەران بکرێ. هەروەکو شەرع دەفەرموێ مەجلیسی سەرەخۆشی ڕەسمەن ڕۆژێکە.
ئەم قەرارادە بۆ هەموو شار و دێهاتی کوردستان حوکمێکی هەیە.
٢٤ ڕێبەندان١٣٢٤ ڕەئیسی هیئەتی ڕەئیسییەی کوردستان حاجی سەید باباشێخ
ئاگادری دووهەم لە سەر ژن هەڵگرتن:
ئاگاداری
**ڕەدوو کەوتنی کچان و ژنان قەدەغەیە**
لە سەر قەراردادی هەیئەتی میللی کوردستان هەر پیاوێك بە زۆر ژنی بە مێرد، گوێزرابێتەوە یا نە گوێزرابێتەوە، ڕاکێشێ دەبێ بکوژرێ. بە زۆر ئەگەر کچێکیش ڕاکێشرێ دەبێ ئەو پیاوە بکوژرێ. ئەمما کچێ خوازبێنی بکا نەیدەنێ و مانیعی شەرعییش نەبێ، بە مێرد نەبێ و کچەکە ڕەزای ببێ جەزای نییە وەگەر نە لە ٣ مانگەوە تا ٣ ساڵ حەبس دەکرێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٤ ڕێبەندان١٣٢٤ ڕەئیسی هیئەتی میللی کوردستان حاجی سەید باباشێخ

**دژایەتی لەگەڵ دیاردەی گەندەڵی**

بەربەست کردنی گەندەڵی و کارە دزێوەکان، یەکێکی دیکە لە کارە هەرە سەرەکییەکانی کۆمار بوو. قازی محەممەد هەر لە تەمەنی جەوانی دا دوژمنی لە ئاشتی نەهاتووی دیاردە چەوتە کۆمەڵایەتییەکان، وەک بەرتیل، تریاک کیشان، ژن بە ژنە، ڕەدووکەوتن و بە زۆر بە مێردانی کچان بوو، و ئەوانەی بە دیاردەی دوژمنان و کۆسپی گەورەی میللەتی کورد دەزانی. ئەو دیاردانە کە کۆسپی سەرەکی پەرەستاندن و بەرەوپێش چوونی هەر وڵاتێکن، لە لایەن کارگێڕانی کۆمار بە توندی دژایەتیان لەگەڵ کرا و هەرچەشنە بەرتیل و رشوەدانێک بە تاوانی گەورە بە حیساب دەهات و سەزای گەورەی بۆ دیاری کرا. بە پێی کوردستانی ژمارە ١٢ لە ئاگادارییەک دا، کە لە لە لایەن کومیتەی ناوەندی بڕیاری لە سەر دراوە، ئاوا هاتووە:

ئاگاداری

بە هۆی ئەو نوسراوە لە سەر قەراری کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە تەواوی مەئمورینی حکومەتی کوردستان و میللەت ڕادەگەیەندرێت هەرکەس لە هەر مەمەڕێکەوە بە هەر نێویێك ئەمەنێك تا چەند ئەمەن بۆ هەڵسوڕاندنی کارێکی (چە قانونی شەرعی و غەیرە) بەرتیل و ریشوە بدات و یا وەربگرێ، لە پاش مەعلوم بوون بە خاینی میللەت و مەملەکەت دەناسرێ و قەراری موجازاتی ئەو کەسانەش لە دە ساڵ حەبسی هەتا کوشتن (ئیعدام) تەسویب و موقەڕەر کراوە.

کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان.

ئەو بڕیارە هەر لە چوارچێوەی قسە و نووسراوەدا نەما بەڵکو بە کردەوە بەرهەڵەستی ئەو رواڵەتە دزێوانە کرا.

ئەوجار وەزارەتی جەنگ لە چوارچێوەی هەڵسوکەوتی پێشمەرگە لەگەڵ خەڵک و وەرگرتنی رشوە، بڕیاری ژیرانە دا و لەوبارەوە لە رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٥٤ی جوزەردانی ١٩٤٦دا هاتووە: لەسەر دەستووری وەزیری بەرزی جەنگ بەتەواوی برایانی کورد و هاونیشتمانانی کوردستان راگەیەندرا کە هەرگاە کاریکی خلافی ئوسوولی دیموکراسی و برایەتی لەلایەن مەئمورانی هێزی کوردستان هەر لە پێشمەرگە یان ئەفسەر نەسبەت بە ئەفرادی نەتەوەی کورد روو بدات و یا داوای رشوە و غیرە بۆ پێکهێنانی کاروبار بکەن پێویستە بە زوویی مقاماتی هێز و ئیدیکە لە حەقیقەتی مەوزووع ئاگادار بفەرموون وەئیلا بە پێچەوانەی ئەو بەخشنامە ئەگەر رەفتار بکرێ قەتعەن مجازاتی هەر دووک لا بە ئەندازەی یەک دەبێ.

**سەلەم خۆری**

یەکێکی دیکە لە کارە گرینگەکانی کۆمار، کۆتایی هاتن بە سەلەم خۆری بوو. رەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٦٣ دا ئاماژە بە قسەکانی ویلیام دووگلاس دەکا کە لە لاپەڕەی ١٦٣ رۆژنامەی "داد" ساڵی ١٩٥١ دا هاتووە و دەنووسێ: بەڕاستی پێویستە بوێژرێت کە قازی محەممەد وە لاگرەکانی بۆ بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێزکردنی دەوڵەتی خۆیان یاسایەکی باشیان دۆزیبووەوە. ئەمەش بری بوو لە یاسای یاساغکردنی سەلەم خۆری. لادێیە کوردەکان کە دەیاندی ئیتر سەلەم خۆرەکان هیچ داوایەکیان لێ ناکەن زۆر دڵخۆش دەبوون، چونکە لادێییە کوردەکان بە شێوەیەکی بێ رەحمانە لە لایەن سەلەم خۆرەکانەوە کە لە هەمان کاتدا خاوەن موڵکەکان بۆخۆیانن، دەڕووتاندرانەوە. کاتی وا هەبوو کە سەلەم خۆرەکان ئیتر بە سەدا ٤٠ رازی نەدەبوون، بگرە لە سەدا ٥٠ وە پتریان لە لادێییە هەژارەکان دەستاند.

بەگشتی ئەگەرچی ژێرخانی دەرەبەگایەتی نەگۆڕدرا بەڵام رێگای زوڵم و زۆری لە عەشایری گەورە بەربەست کرا و ئەوان بە پەند وئامۆژگاری بۆ خزمەت و یارمەتی بە زەحمەتکێشان هان دران و باج وەرگرتن و دەستەڵاتی ئاغا بەسەر حاسڵاتی توتن و چەوەندەر کەم کراوە.

دیاردەیەکی چەوتی دیکە کە پێشی پێگیرا قەحبەخانە بوو کە لە سەردەمی رەزا شا دا بە هۆی ئەفسەرانی ریژیم لە گەڕەکی ئەکبەرئاباد جێگیر کرابوو. لە ساڵی ١٩٤١دا، بەدوای رووخانی رێژیمی رەزا شادا ئەو بنکە فەسادە تێکدرا و خراپەکان دەرکران. فیلچیوفسکی لە کتێبەکەی دا دەنووسێ کە لە تەواوی شارەکانی ئێران تەنیا مەهابادە کە قەحبەخانەی لێنییە.

**جەریمە**

لێپرسینەوەی حکومەتی لە کارەکان راشکا و لێبڕاوانە بوو و هەر کەس نەزم و دیسیپلینی بەڕێوەنەبردبا سەزا دەدرا و جەریمە دەکرا. بە پێی رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٣٣ لە ئاگادارییەک دا چەند کەسێک بە شێوەی خوارو جەریمە کراون:

جەریمە

سێ نەفەر نێوبراوی ژیرەوە:

١ – موتەلیب قەسابی

٢ – مەولودی چاڵاوان

٣ – میرزا نادری سولەیمانی

کە حەیوان و وڵاغیان کردبووە نێو قەبرستان و رەعایەتی مقەرەڕاتیان نەکردبوو لە سەر قەراری رەئی هەیئەتی رەئیسەی میللی بۆ دەفعەی ئەوەڵ نەفەری بە پەنجا ریاڵ جەریمە مەحکوم و لێیان ئەستێندرا.

لە کوردستانی ژمارە ٤٥دا، ئاماژە بە جەریمە کردنی سەید نەجمەی عەلاف بە ١٠ تمەن دەکا بە تاوانی گران فرۆشی.

بە پێی رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٦ چەند تاوانبارێک بە ئەستاندنی پارە جەریمە کران:

جەریمە

ئیدارەی شارەداری کوردستان مەبلەغی دە تمەنی لە ئاغای مەلارەحمان خات مەنیج، دەروێش ئەحمەد کە بێ ئیجازەی ئیستیفادەیان لە ئاوی شارەداری کرد بوو بە نێوی جەریمە ئەستاندووە.

**هەیئەتی پشکنین**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له رۆژنامەی کوردستانی ژمارە٦٥ دا هاتووە کە کۆماری کوردستان بۆ چاوەدێریکردن بە سەر دامودەزگاکان و پێشگیری لە فەساد و گەندڵی هەیئەتێکی چاوەدێری بۆ پشکنیین پێکهێنا:

هیئەتی پشکنین

هەیئەتی حیزب لە کۆبوونەوەی رۆژی ١٣٢٥/٤/١٢ دا ئاغایانی شەمس بورهانی، حاجی کاکەرەحمان، حاجی مستەفا داودی، ئەحمەد علمی، نەجمەدین تەوحیدی، محەمەد ئەمین موعینی بە هیئەتی پشکنیینی ئیداراتی دەوڵەتی دیاری کراوە و بە ئیدارات راگەیندراوە کە هەر کاتێک نێوبراوانی سەرەوە بۆ پێکهێنانی پشکنیین بچنە ئیدارات پیویستە دەفاتر و هۆی پشکنیین دە ئیختیاریان دابندری و لە هەر قسمەتێک دا حەقی پێراگەیشتنیان هەیە.

کاری پشکنین و چاوەدیری، بەسەر دامەزراوەکانی کۆمار دا، گشتگیر و هەمەلایەنە بوو. مەریمی قازی لە وتووێژ لەگەڵ زارا مەنگوری، مامۆستای کچان لە مەهاباد، کە لە روژنامەی "پەیامی کوردستان" ژمارە ١٩ مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٨٤ (٣١ی دیسامبر ٢٠٠٥ ) بڵاوبوتەوە، لەسەر چاوەدێری بە سەر مامۆستاکان دا دەڵێ: کاک هەڵمەت بازرەس بوو و جار و بار پێشەوا تەشریفی دەهات و رادەوەستا بزانی چون دەرس دەڵیینەوە. جارێک لە بیرمە لە دەرسی وەی دابووین کە دەیگوت: ”زارا زیری زورە” کە وامگوت منداڵەکان هەموو سەرێیان هەڵێنا و چاوییان لە من کرد. پێشەوا فەرمووی نێوت زارایە؟ گوتم: بەڵی. فەرمووی خۆ دەنا زێریشت زۆر نییە...

شارەوانی

ئەمنییەت و ئاسایش و پارێزگاری کردن لە گیان و ماڵی خەڵک بە لای بەرێوەبەرانی کۆمار بایخی زۆر بوو و گرینگی ئەو کارە کاتێک دەردەکەوێ کە هەڵسوکەوتی رێژیمی دیکتاتوری پێشوو بێتە بەرچاو. سەید محەممەد حەمیدی لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٢ دا، باسی جیاوازی دەزگای شارەوانی سەردەمی کۆمار و پێش کۆمار دەکا و لە سەر ناوەرۆکی ئەو دەزگایە لە زەمانی رەزا شادا دەنووسێ: ... هەموو وەتاغەکان گەرام. لەم کاتەدا تاڵان و برۆی عەسری پیاوی خوێنخۆر و خوێنمژ خوێنرێژم وەبیرهاتەوە کە دەو دەورەدا کۆمەڵێک لە تریاککێشان و ئارەقخۆران و دز و جەردان کۆببوونەوە و چەند وەتاغ بە ئەنواعی زینەت کە هەمووی خوێنی خەڵکی بوو و داروديواری رەنگاندبوو رازابوونەوە و نائەهلان و رێگران بە نێوی کاربەدەست تێیدا دانیشتبوون و گەلێک لە دەلاڵان و خەڵک ناسانی بوومی کە لەوان زۆر خراپتربوون دەوریان دابوون. لە هەر وەتاغێک دا کاغەز و پەروەندە و پوشە بە تۆن هەڵدرابووە. پۆل پۆل توجار، کەسەبە، رووحانیان، مەزنانی کوردستانیان بۆ ئەو قەسابخانە رادەکێشان و تووشی جەریمە، لێدان، سوکایەتیان دەکردن...

لە سەردەمی کۆمار دا ئاڵوگۆری قوڵ لە دامودەزگای شارەوانی دا پێکهات و هەڵسوکەوتی مرۆڤانە لەگەڵ بەندیی و بەدیل گیراوەکان رەچاو گیرا. پێشەوا جارجار بۆخۆی راستەوخۆ دەزگاکانی حکومی بە سەر دەکردەوە و بە پێی رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٥٩ پێشەوا سەردانی شارەوانی کرد و ژووری زیندانی (دۆستاخانە) بەسەر کردەوە و دەستووری ئازادکردنی ٦ بەندیی دا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی، راوێژکاری سیاسی حەمە رەشیدخانی بانە کە بە تاوانی هان دانی حەمە رەشیدخان بۆ بەجێهێشتنی بەرەی شەڕ لە سەردەمی کۆمار دا ماوەیەک لە مەهاباد زیندانی کرا، لە لاپەڕەی ١٤١ ی بەشی یەکی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." باسی زیندانی کۆمار دەکا و دەنووسێ:

جا ئەو کاتەی کە من چوومە زیندان (٥٠) بەندی لە زیندانیەکەدا بوون. لە تاوانەکانم پرسین ٣٨ کەسیان وڵامیان دایەوە و وتیان ئێمە ژنمان هەڵگرتوە، لەسەر ژن هەڵگرتن گیراوین. چونکە (پێمان لە کلکی گوێرەکە) ناوە. بە مانا یاسا و دەستووری حاجی بابەشێخ مان شکاندوە.

دە نەفەریشیان وتیان لەسەر راپۆرتی (عوسمان دانیش) مودیری مەدرەسەی گەلاوێژ – گیراوین. گوایا هەر کەسێ کە لە عێراقەوە بێتە سابلاغ تەرجەمەی حاڵی ئەو کەسە لە کاک عوسمان دانیشی ئەپرسن، ئەگەر ئەو نەیگوت ئەیان ناسم – پیاوی باشن ئەوا ئەگیرێن و لە زیندان ئەمێننەوە هەتا ئەنووسری بۆ عێراق و لە عێراقەوە راپۆرتی خاوێنییان دێ بۆ سابلاغ ئەو حەلە بەرەڵا ئەکرێن.

جا ئێمە لەو کەسانەین کە کاک عوسمان دانیش ناماننناسێ، ٢ نەفەریشیان لەسەر قەرز بەندی کرابوون.

زۆربەی بەندی یەکان امنەوەیان لە ٤ و ٥ مانگ تێپەری کردبوو داد و داوخوازیان بە هیچ لایێ رانەئەگەیی و لەو مەودایەشدا کەس هیچی لێ نەپرسی بوون.

سەیدە پیرەی مودیری زیندان، رۆژێ نەفەری یەک تمەنی جیرەبەندی ئەدانێ. هەموو خواردن و رابواردنێکیان بریتی بوو لەو تمەنە.(جا بە کاڵی یا بە کوڵاوی) هەر ئەو تمەنە بوو کە ٥٠ فلسی عێراقی ئەگرێتەوە.

زۆرم بەزەیی بەم خەڵکە هەژارانەدا ئەهات کە وەکو ئاژەڵ خراونەتە ئەو زیندانەی پر لە موراینە و دڵگیرییە. نە مزکەرەی تۆفیقی و نە درێژی مودە و نە رۆژی لێپرسین و چوونە دادگا کرانیان وە نە پرسیاری هەوەڵی وە نە حەواڵەی دادگاکرانیان دیاری نەکراوە.

... جا لە مەودای ئەو ١٦ رۆژە دا سکاڵام بۆ ٣٨ نەفەری ژن هەڵگرتوو نووسی. بە زۆر وێنەی قانوون و عورف و دەستوور، سکاڵاکانم ئەرازاندەوە و بە هۆی(سەیدە پیرە) رەوانەی دادگای تایبەتی ئەکران. خۆشبەختانە نەسەقی داواکان ئەکەوتنە بەرچاوی لێپرسەکانی شەرع و دادستێن. هەر ٣٨ کەسیان بەرەڵا کران. بەڵام تا ئەو ماوەیە دەستوورەکەی حاجی بابەشێخیش نەختێ سارد ببۆوە. پتر ئەوە بوو بە هۆی بەربوونیان نەک هەر تەنیا نووسینەکانی من.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە درێژەی ئەو بابەتە دا لە لاپەڕەی ١٤٣ ی بەشی یەکی کتێبەکەیدا دەنووسێ:

زیندانی کاک سەیدە پیرە زۆر پیس و ناخۆش بوو. باوەر ناکرێ کە زیندانی ئێرانییەکان ئەوەندە بە ئەرک و ئازار بووبێ. تەنیا چەند (بەرەیەکی) تاڵانی ماڵی حسامی دا شکستانی تیا راخرابوو، ئەگینا هیچ پێخەو و شتی تری تیا نەبوو. سابوون و حەمام و ریش تاشین قەدەغە بوو. بەڵام لەهەموو شتێک باشتریان ئەوە بوو (تەنوورێکیان) لە ناو حەپسخانەکەدا دروست کردبوو بۆ سیپاڵ

تێوەشاندن.- هەرچەندە کە من لەبەر نەزانین شاقەلی چۆخەکەی خۆم سوتاند – بەڵام لە مەسەلەی رشک و موریان، ئەو تەنوورە شتێکی زۆر بە کەڵک و ئینسانانە بوو.
لەگەڵ ئەوەشا کە زیندان و دادگا و بەندی هەمووی هەر کورد بوون وە بە داخوازی گەلی کورد پێکهاتبوون هەر خۆش بوو.

## سیمای واقیعی کۆمار

کۆماری کوردستان لە کەموکۆڕی و کەند و کۆسپ بە دوور نەبوو،  کێشە و گیروگرفتی هەمەلایەنی چەندین ساڵە، بەسەر یەک دا کەڵکە ببوو و ئەو دەرەتانە نەبوو کە هەموو بە یەکجێ جێبەجێ ببێ، بتوانرێ بە هەموو شتێک رابگەن.
ئەگەر لە لایەک رێبەریی حیزبی دێموکرات بە پاڵپشتی نیشتمانپەروەران هەوڵی دامەزراندنی بناغەی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی دەدا، هیندێک ئاغا و عەشیرەت و خەڵکی دیکەی نیشتمان فرۆش، لە هەوڵی رووخاندنی ئەو دامەزراوەیە دا بوون. بۆیە رووی هێرشی پەیامی کۆمار هەر روو بە دوژمنانی حاکم بە سەر کوردستان دا نەبوو بەڵکوو لە رۆژی ۲ ی رێبەندان دا بە ئاشکرا و بە بەرچاوی هەزارکەس ناوی ئەوکەسانە بردرا کە دژی دەوڵەتی کورد بوون. خەلیل فەتاحی قازی لە لاپەڕەی ۱٤۱ی کتێبی مێژووی تایفەی قازی دا دەنووسێ: ... لە کۆتایی مەراسیمەکەدا ... دەکەس وەک میرزا رەحمەتی شافعی، عەلیاغای ئیلخانی زادە، عەلیخانی نەوزەری مەنگوور کوڕی قادر مرۆت و میرزا غەفوور مەحمودیان بە تاوانی خەیانەت بە میللەتی کورد بە خائین ناسێندران و هەڕەشەیان لێکرا کە ئەگەر لە کردەوەی خۆیان پەشیمان نەبنەوە و سوێندی وەفاداری نەخۆن لە دادگای خەڵک دا محاکمە دەکرێن.
خەڵیل فەتاحی قازی لە لاپەڕەی ۱٤۲ دا دەڵێ عدەیەکیان داوای عەفوو و لێبوردنیان کرد دەنووسێ: عەلیخانی نەوزەری چوو بۆ ملاقاتی قازی مەحەمە دا داوای عەفوو و بەخشینی کرد...
ئاشکرایە لە وەزعی ئەوکات دا و بەو هەموو کەموکوڕییە، رووداوی چاوەڕوان نەکراوی ناخۆشی ناعادلانە بێنە ئاراوە کە کۆمار زۆر لێی بەرپرس نەبوو. مامۆستا "ووردی" شاعیر لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ۷۷ دا، باس لە رووداوێکی دڵتەزێن دەکا کە چۆن جەوانێکی کورد لە باشووری کوردستان بە هەزار هیوا و ئاوات هاتە کۆماری کوردستان، بەڵام کاریان نەدایە و دوایەش بە برسێتی و بە نەخۆشی تیفووس کۆچی دوایی کرد.
سەرەڕای هەمووی ئەوانە کارەکانی کۆماری کوردستان بوو بە هۆی وەرچەرخانێکی گەورە لە هەموو بوارەکانی ئابووری و سیاسی فەرهەنگی لە کۆمەڵگای کوردستان دا و ئەوەی کە خرایە بەر باس گۆشەیەکی بچووک لە گشت ئەو کارانە بوو کە لە رێی ئازادی کوردستان دا بەڕێوە چوو.
کۆماری کوردستان، گەورەترین دەستکەوتی مێژوویی نەتەویی کورد بوو، گرینگترین کاری ئەو دامەزراوەیە، پێکهێنانی یەکێتی و تەبایی و یەکریزی میللی بوو. سەید محەممەد حەمیدی سەرنووسەری رۆژنامەی کوردستان لە کوردستانی ژمارەی۱ دا، لە پێکهاتە و هەڵسوکەوتی کۆمەڵگای کورد لە سەر دەمی کۆمار و کاریگەری ئەو کۆمارە دەنووسێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاش چەندین ساڵ دەربەدەری و سەرکزی و بەند و تێهەڵدانی بێئەژمار و قوڕبەسەری و هەژاری، لە پاش ئەوەی بە اشارەی دوژمنان بەنێوی مەنگور و مامەش و زەرزا و دێبوکری و گەورک و گەڵباغی و... کەوتبووینە گیان و ماڵی یەکتر خوێنی یەکترمان دەمژی و دەڕشت و بۆ قازانجی شەخسی خۆمان هیچ شتێکمان نەدەهاتە بەرچاو و هەر خەریک بووین دوبەرەکی و تەفرەقە بخەینە نێو یەکتر، بە کورتی پاش ئەوەی هیچ وەختێک لەبیری هاونیشتمانی خۆمان دا نەبووین و لە تەپوتۆزی زەمانەدا بە غەیری نەفعی خۆمان بیرێکمان نەبوو.. ئێستا لە کوردستاندا نێوی مەنگور و مامەش و زەرزا و دیبوکری و... هەر پیتی کە بۆنی جودایی لێ بێ ناکوترێ. هەموو یەک دەنگ دەڵێن ئێمە کوردین، کوردمان دەوێ. ئێمە و سەرکزیمان بە سەربلێندی و هەژاریمان بە دەوڵەمەندی و دووبەرەکیمان بە یەکێتی گۆڕیوەتەوە.

لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٧٠ دا مامۆستا قانع لە شێعری پێنج پێنج دا هیما و روخساری واقعی کۆمار بەمشێوەیە نیشان دەدا:

**پێنج پێنجی قانع**

سەیری ئەم پینجە دووایەیە بۆ دڵی کوردی هەژار
ئەفسەر و پێشمەرگە و ئاڵا و تفەنگ و خاروبار
دەک مەبارەک بێ بە هۆزم پێنج خەڵاتی تازەگی
پێشەوا و سەربەستی و ئاسوودەیی و شەئن و وقار
زۆر دەماخم چاخە ئێمڕۆ دیم کە ئەم پێنجەم هەیە
یەکێتی و نووسین و خوێندن و رادیۆ و رووناکی شار
وا لە سایەی پێشەوای بەرزا نەما پێنج چشنی پیس
مەنقەڵ و مافووری بۆگەن ماشە و سوختە و خومار
سەد شوکور ناوی نەما لەم خاکەدا پێنج دەردی دڵ
کوشتن و پوڵ بردن و تاڵان و زەجر و گیرودار
بەرهەڵەستی ژینی کوردی پێنج بەڵای زۆر گەورە بوو
تێنەکۆشین و نەخوێندن تەمەڵی و قین و جەخار
پێنج بەری نیشتمانە وا دوژمنی من کوێر ئەکا
توتن و گەنم و برنج و نەوت و مازووی مازودار
خەتی ماجینۆی تەبیعی کوردسان ئەم پێنجەیە
دەربەن و ئەشکەوتوو شاخ و داخ و بەردی کۆهسار
من بە پێنج بارا ئەخوێنم چەشنی بولبول بۆ دەماخ
لاوک و حەیران و لۆلۆ هۆرەوە چوارگا و قەتار
قانعا ئەمڕۆ نەجاتت بوو لە پێنج دەردی گران
زوڵموو جەهل و نووستنوو پاشکەوتن وگریان و زار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٣٠
## قەوام و پرسی ئازەربایجان و کوردستان
## قەوام بوو بە سەرۆکی وەزیران

لە کێشەی بەڕێوەبەری ئێران لە نێوان ساڵەکانی ١٣٢٢ تا ١٣٢٤ دا، یازدە سەرۆک وەزیر گۆڕدران. ڕۆژی ١٩٤٦/١/٢٦ "حەکیمولمەلک" سەرۆک وەزیرانی ئێران، وازی لە کار هێنا و مەجلیسی شوورای میللیی ئێران دەست لە کار کێشانەوەکەی قبووڵ کرد. دەوڵەتی رووس دژی حەکیم بوو و ڕێگای نەدا کە سەردانی مەسکۆ بکا و لایەنگری لە قەوام دەکرد و بە فراکسیۆنی حیزبی تودەی راسپارد کە لە مەجلیسدا پشتگری لە قەوام بکەن.

قەوام لە دەنگ دانی مەجلیس دا ٥٣ دەنگ و حوسێن پیرنیا(موتمەئێنولمەلک) ٥١ دەنگ و حەکیمی ١ دەنگی هێناوە و ڕۆژی ٦ی ڕێبەندان ١٣٢٤ (٢٧ ژانویەی ١٩٤٦) قەوام بە دوای "حەکیمولمەلک" بوو بە سەرۆکی وەزیرانی ئێران و لە ڕۆژی١٩٤٦/١/٣١دا دەستی بەکار کردو دوای ١٨ رۆژ کابینەی خۆی بە شا ناساند.

قەوام رۆژی هەژدەی فەوریە، لە کاتی راگەیاندنی بەرنامەی کار لە مەجلیس دا، گوتی کە پێوەندیی نێوان ئێران و سۆڤییەت دەبێ باش بکرێ و لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی دوولایەنە دابمەزرێ. ئەو لە یەکەم قسەدا گوتی سەبارەت بە کێشەی ئازەربایجان ئامادەیە راستوخۆ لەگەڵ رووسان وتووێژ بکا.

بە دوای ئەوە کە قەوام لە مەجلیس دا مەتمانەی پێدرا، ستالین بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ نارد و قەوام لە وڵامی بروسکەکەی دا رایگەیاند کە پێیخۆشە سەردانی مەسکۆ بکا، هەر ئەو رۆژە ستالین بانگهێشتنی کرد. قەوام لە بەرنامەکانی خۆی دا کە لە رادیۆ تاران بلاو کراوە، وەک دەوڵەتی حەکیم باسی خەیانەتی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجانی نەکرد و نەیگوت کە هێرش دەکا بۆ سەر ئازەربایجان.

بە پێی لاپەرەی ٩٠ی کتێبی "بوحرانی ئازەربایجان" پێش ئەوە قەوام ببێ بە سەرۆکی وەزیران ئاژانسی "فرانس پرێس" نووسی بووی کە قەوام جێی حەکیم دەگرێتەوە و ئەو قەت رازی بە سەربەخۆیی ئازەربایجان نابێ و دەیەوێ بە شێوەهایەک لەگەڵ رووسان پێک بێ و هەڵبژاردن بکا و ڕێگا بدا نووێنەرانی لایەنگری شوورەوی لە سەرووی ئێران بە دەستەڵات بگەن و بەمشێوەیە هاوسەنگی سیاسی لە نێو رووس و ئینگلیس لە ئێران دا پێک بێنێ. هەروەها ئەوکات رادیۆ تورکیەش رایگەیاند کە قەوام لەگەڵ رووسەکان و لەگەڵ حکومەتی ئازەربایجان وتووێژ دەکا.

قەوام لە ساڵی ١٩٠٨دا، لە کاتی شۆڕشی نیشتمانی ئازەربایجان و کوشتنی ستارخان، وەزیری نێوخۆی ئێران بوو، لە ساڵی ١٩٢٠دا، ئەوکات کە جووڵانەوەی گیلان تێکچوو و "کوچک خان" کوژرا، لە کابینەی دەوڵەت دا بوو.

قەوام برا چووکەی "وسوقولدەولە" بوو کە بە دوای بەستنی پەیمانی ئێران و ئینگلیس وازی لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاست هێنا و نێوەکەشی لە سیاسەت دا بوو بە هێمای خەیانەت و بێریزی. قەوام کەسایەتێکی زیرەک بوو و مانوڕی سیاسی گەورەی دا و قەولی دا بە شووڕەوییەکان کە ئەگەر ئازەربایجان و کوردستان بەجێ بێڵن ئیمتیازی نەفتی شمالیان بداتی.

دەولەتی ئازەربایجان لە کاتی هاتنە سەرکاری قەوام دا، بە بڕشت و بە توانا بوو و بە هاتنی قەوام خۆشحاڵ نەبوو. بۆیە بڕیاری سەربازی ئیجبار درا و لە رۆژی ٢١ی رێبەندان دا لە مەجلیسی ئازەربایجان جێژن گیرا، پیشەوەری هێرشی کردە سەر تاران و نەتەوەی فارس و گوتی کە تاران دەگرێ و حکومەتی دێموکراتیک دادەمەزرینێ. ئەو هەروەها رایگەیاند کە بوخۆی لیباسی شەڕ دەبەر دەکا و گوتی ئەوە راستە کە دەگوترێ، قودرەتی سیاسی لە لوولەی تفەنگ دایە.

**سەفەری قەوام بۆ شووڕەوی**

عەلیرەزا تاهیری، لە زمانی عەباسی مەسعودی دامەزرێنەری رۆژنامەی ئیتلاعات دەگێڕێتەوە کە قەوام بەر لەوە بچێتە شووڕەوی و چاوی بە ستالین بکەوی، رایسپاردە دوکتور موسەدیق کە لە نەبوونی ئەودا گەڵاڵەیەک ئامادە بکا و لە لایەن نوێنەرانی مەجلیس واژۆی بکا کە لە کاتی داگیرکردنی ئێران دا، قەدەغە بێ کە هەر ئیمتیازێک و قەرادادێک لەگەڵ خاریج ببەسترێ.

مەجلیسی ئێران سەفەری قەوامی بە دەستکەوتێکی گەورە دانا و هیوای خواست کە بتوانێ سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی سۆڤییەت لە ئێران بە تەوافوق بگا. قەوام لە سەفەر بۆ شووڕەوی، شەوێک لە باکۆ ماوە و لە لایەن کاربەدەستانی ئازەربایجان زۆری رێز لێگیرا. دوایە چوو بۆ مەسکۆ و ماوەی ١٥ رۆژ لەوێ ماوە و چاوی بە ستالین و مولوتۆف وەزیر دەرەوە و سادچیکۆڤ باڵوێزی رووس لە ئێران و ..... کەوت و باسی ئەوەی کرد کە ئەگەر شووڕەوی هێزەکانی لە ئێران بکێشێتەوە، نەفتی شیمال بدا بە شرکەتێکی تێکەڵی ئێران و شووڕەوی و کێشەی ئازەربایجان بە شێوەی ئاشتیانە چارەسەر بکا.

هەیئەتی ئێران بۆ مەسکۆ بریتی بوون لە عەبدولحوسێن نیکپوور بەڕێوەبەری خانەی بازرگانی، حوسێن پیرنیا، ئەسەدی و کازم سەیاح لە وەزارەتی دەرەوە و رەزازادە شەفەق، جەواد ئەمیری، حەبیبوڵا دری، سەرلەشکر شەفایی.

قەوام لە کاتی سەفەردا، بۆ رەزامەندی مەسکۆ دوو ڕۆژنامەی داخراوی "رهبر" ئۆڕگانی حیزبی تودە و "ظفر" ئۆڕگانی ناوەندیی سەندیکای کریکارانی ئازاد کرد و قفڵی دەرگای بارەگای حیزبی تودە و سەندیکای کرێکارانی کردەوە. بەمشێوەیە بە رواڵەت بناغەی دۆستایەتی دامەزرا و قەوام لە فرۆکەخانەی مۆسکۆ، لە وتارێکی کورت دا گوتی:

زۆر خۆشحاڵم کە وەک دۆستێکی خۆشەویست هاتوومەتە پایتەختی وڵاتی دۆستمان. گومان لەوەدا نیە کە ئێمە لێرە دەتوانین لەگەڵ دراوسێی گەورەمان یەکیەتی سۆڤیەت، پێوەندیی نزیک و دۆستانە دابمەزرێنین.

لەو سەفەرەدا قەوام دوو جار چاوی بە ستالین کەوت، بەڵام وتووێژی بنەڕەتی ئەو لەگەڵ مۆلۆتۆڤ وەزیری دەرەوە بوو، لە هەموو چاوپێکەوتنانەدا، داوای چوونە دەری هێزەکانی سۆڤیەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرد.

لەو چاوپێکەوتنەدا کێشەی ئازەربایجان هاتە بەرباس و ستالین لەسەر ویستی یەکیەتی سۆڤییەت بۆ مانەوەی هێزەکانیان لە ئێران دا گوتی کە ئازەربایجان داوای سەربەخۆیی ناکەن و هەر خودموختارییان دەوێت، بۆچی ئێران زۆری پێ نارەحەتە؟ قەوام گوتی لە دەستووری ئێران، خودموختاریی نەهاتووە و ئەگەر بە ئازەربایجان خودموختاریی بدرێت، ویلایەتەکانی تریش دەیانەوێ.



سادچیکۆف و قەوامولسەڵتەنە

ئەوجار مۆلۆتۆڤ پێشنیازی کرد کە وەزارەتەکانی دەرەوە و شەڕی ئێران، بە ڕەسمیی دان بە ڕێژیمی ئازەربایجان دابنێن. بەڵام قەوام ئەو پێشنیازەی رەد کردەوە و رایگەیاند کە کێشەی ئەنجومەنەکانی ئەیالەتیی لە چوارچێوەی یاسادا جێبەجێ دەکرێ.

بە پێی کتێبی "دەستپێکردنی شەڕی سارد" هاوکات لەگەڵ ئەو دانیشتنانە، باقرۆڤ بۆ ستالین و مۆلۆتۆڤی نووسی:

لە ئازەربایجانی ئێران رای گشتیی لە سەفەری قەوام بۆ مۆسکۆ دەکۆڵرێتەوە. لایەنی کۆنەپەرستەکان هیوادارن قەوام بتوانێت لە وتووێژەکانیدا بۆ کۆتایی هێنان بە بزوتنەوەی دیموکراتیی لە ئازەربایجاندا هاودەنگیی بەدەستبهێنێت. کۆمەڵانی خەڵکی لایەنگری دیموکراسیی دڵنیان کە یەکیەتی سۆڤیەت ئەو دەرەتانە بە قەوام نادات کە بەرژەوەندەکانی ژیانی ئازەربایجان بخاتە مەترسییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەست و بیرکردنەوەی ڕاچڵەکێنەر دەبینرێت. دیموکراتەکان، قەوام بە دوژمنی بزوتنەوەی دیموکراتیی ئێران دەزانن، بە پەرۆشن و دەترسن قەوام متمانەی یەکیەتی سۆڤیەت بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. لە ساڵی ١٩٠٨ دا کە شۆڕشی نەتەوەیی لە ئازەربایجان تێکدرا، قەوام وەزیری ناوخۆی ئێران بوو. هەروەها کاتێک لە ساڵی ١٩٢٠ دا بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی گیلان تێکشکێنرا و میرزا کوچک خانیان کوشت، قەوام ئەندامی حکومەت بوو.

وتووێژەکانی مەسکۆ بەو باسانە کۆتایی هات و سەرکەوتنی یەکجاری بەدەست نەهات. دواتر قەوام گلەیی لە ستالین کرد و ئەو بە زەردەخەنەوە پێیگوت بوو:

ئێستا تۆ باش لە وەزعی من دەگەیت! من بە مرۆڤێکی توند و قسە کەلەشەق" ناسراوم، بەڵام لە نێوان ئێمەدا کەسی هەرە قسە لە کەس وەرنەگرتوو، مۆلۆتۆڤە. دیارە لە دۆخێکی ئاوادا من هەوڵدەدەم لە نێوان ئێوەدا ناوبژیی بکەم. هیوادارم کاتێک باڵیۆزی من دێتە تاران، هەڵگری چەند هەواڵی خۆش بێت بۆتان.

زەنگەنە لە لاپەڕەی ١٤٦ی کتێبەکەی دا، لەسەر سەفەری قەوام بۆ شووڕەوی دا ئاماژە بە

نووسراوەی حەمیدی نووری دەکا کە لە هەیئەتی سەفەر قەوام دا بوو. ناوبراو باسی ٣ چاوپێکەوتن دەکا کە لە شووڕەوی کراوە و دەڵی یەکەم چاوپێکەوتنی قەوام و ستالین بوو کە هەر بە تەنیا بوون و لەو چاوپێکەوتنەدا ستالین ڕەخنەی لە سیاسەتی ئێران هەبوو کە هاوکاری رووس ناکەن و لە پشتەوەڕا خەنجەر لە رووسان دەدەن. چاوپێکەوتنی دووهەم، دیداری تەواوی هەیئەتەکە لەگەڵ مۆلۆتۆف بوو کە ئەویش هەر لە چوارچێوەی ئەو بابەتانەدا بوو کە مەجلیسی ئێران لە ژێر دەستەڵاتی دواکەوتووەکان دایە و نایەڵن پەیوەندی دوو وڵات باش بێ و ئیمتیاز نەوت بە شووڕەوی بدرێ، ماڤی خەڵکی ئازەربایجان بە رەسمی بناسرێ. لەوچاوپێکەوتنەدا مۆلۆتۆڤ گوتی هەرکات ئێران توانی مەتمانەی شووڕەوی بە دەست بێنێ، شووڕەوی هێزەکانی لە ئێران دەکێشێتەوە. چاوپێکەوتنی سیهەم دیداری هەیئەتی ئێرانی لەگەڵ ستالین بوو. هەیئەتی ئێران حازر بوو ئیمتیازی نەفت بدا بە شووڕەوی و دەبوایە دوای ئەو چاوپێکەوتنە گەڕاباوە بۆ ئیران. بە پێی ئەو سەرچاوەیە قەوام رازی نەبوو ئیمتیاز نەوت بدا بە شووڕەوی. حەمیدی نووری پێی دەڵێ کەوابوو بۆ هاتووین؟

قەوام تورە دەبێ و دەڵێ مەگەر نازانی ئەوان نەفتیان لە ئێمە دەوی. دەتهەوێ بەڵێنیان پێ بدەم و ئەگەر چوومەوە موسەدیق بمگرێ و چەند ساڵ لە زیندان دا بمێنمەوە. نووری دەڵێ، دەتوانی بەڵێنی نەوت بدەی و کەسیش تاوانبارت نەکا. یاسای وتوویژ لەسەر نەوت سەبارەت بە ئیمتیازی نەوتە نە بەشداری کردن لە پشکی نەوت دا.

هەر ئەو قسەیە بەس بوو بۆ ئەوەی قەوام چوارچێوەی وتویژەکانی لەگەڵ رووسان درێژە پێبدا. ڕۆژی ١٣٢٤/١٢/١٢- ١٩٤٦/٣/٣ قەوامیش یادداشتێکی بۆ مۆلۆتۆڤ نارد و ئاماژەی بە پەیمانی ڕۆژی ١٩٤٢/١/٢٩ کرد کە لە تاران لە نێوان دەوڵەتانی ئێران، سۆڤییەت، ئینگلیزدا واژۆ کرابوو و دەبوو هێزەکانی سۆڤییەت لە هەموو خاکی ئێران بکشێنەوە. ڕۆژی ١٣٢٤/١٢/١٥ قەوام دوای دەربڕینی روانگەکانی، مۆلۆتۆڤی ئاگادار کرد:

بە ڕای من بە مەرجی پاراستنی سەربەخۆیی و یەکیەتی خاکی ئێران، بە بەڕێوەبردنی ئەم چاکسازییانەی خوارەوە، کێشەی ئازەربایجان چارەسەر دەکرێت:

١ - هەموو ئەو کەسانەی دەستیان هەبوو لە چالاکیی پێکهێنان و خودموختارییدا، لێبوردنی گشتییان بۆ دەردەچێت.

٢ - هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی ئەیالەتیی کە بەو مافانەی خوارەوە دەگەن، بە زوویی بکرێت.

ئا - مافی چاودێرییکردن بەسەر بودجەی ناوچەدا، باجە وەرگیراوەکان و سەرفکردنیان.

ب - مافی دانانی ڕادەی باجەکان بۆ پێویستییەکان و چاکسازیی ناوچەیی وەک دروستکردنی جادە، پەروەردەی گشتیی، تەندروستیی و شتی تر.

پ - مافی چاودێرییکردن بەسەر فرۆشتن، گۆڕینەوە و سپاردنی مولک و سامانە دەوڵەتییەکان بە پارێزگای ئازەربایجان بەگوێرەی ئەو یاسایانەی کە هەن.

ت - مافی دەربڕینی بیروڕا لە کاتی هەڵبژاردنی بەڕێوەبەراندا بۆ دەزگا و پێکهاتە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوڵەتییەکان، وەک شارەوانیی، پەروەردە، تەندروستیی، شارەبانیی، تەنانەت دیارییکردنی پارێزگار.
لە کۆتایی یادداشتەکەیدا، قەوام نووسی:
بە هەر حاڵ، بە ڕای من مەرجی پێویست بۆ زنجیرەیەک چاکسازیی لە سەرانسەری وڵاتدا، پێکهاتنی زەمینەیە. بۆ دەستەبەرکردنی دۆستایەتییەکی راستینە لە نێوان ئێران و سۆڤیەتدا و گەشەپێدان و چارەسەرکردنی کێشەی ئابوری بە کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، بەستراوەتەوە. نەتەوەی ئێران پشتیوانیی لەم سیاسەتە دەکات.
مۆلۆتۆڤ لە وەڵامی دا بە نووسراوە ئاماژەی بە بیروبۆچوونی یەکیەتی سۆڤییەت سەبارەت بە کێشەی ئازەربایجان کرد و نووسی:
١ - لە پارێزگای ئازەربایجاندا خودموختاریی پێکبێت. خودموختاریی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی حکومەتی ئەیالەتیی ئازەربایجان و لە لایەن ئەنجومەنی ئەیالەتییدا لە ویلایەت، بە هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی لە لایەن ئەنجومەنی ویلایەتییەوە دەست بە کار بکات. هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکان لە چوارچێوەی پەیڕەوێکی پەسندکراودا بکرێت کە بۆ هەڵبژاردن لە ئازەربایجان ئامادە دەکرێت. حکومەتی ئەیالەتیی ئازەربایجان بۆ خۆی سەرۆکوەزیران، وەزارەتی کشتوکاڵ، وەزارەتی کار، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی تەندروستیی، هەروەها شارەبانیی، داد و دادوەریی دەبێت.
٢ - مافی کەڵک وەرگرتن لە زمانی دایک لە دەزگا و ئیدارە دەوڵەتییەکان و دادگاکاندا بدرێت بە خەڵکی ئازەربایجان و پەروەردەکردن بە زمانی دایک بێت. لە پێوەندیی نێوان حکومەتی ئەیالەتیی ئازەربایجان و ناوەندا، زمانی فارسی بەکاردەهێنرێت.
٣ - سەرۆکوەزیرانی حکومەتی ئەیالەتیی ئازەربایجان لە هەمان کاتدا لە لایەن دەوڵەتەوە بە ڕەسمیی بە پارێزگاری ئازەربایجان دەناسرێت. فەرماندەکانی دەزگا سەربازییەکانی ئازەربایجان، بە هاودەنگیی حکومەتی ئەیالەتیی، لە لایەن دەوڵەتەوە دیارییدەکرێن، دەزگا سەربازییەکان و گروپە نەتەوەییەکان هاوئاهەنگ دەکرێن.
٤ – ٧٠٪ ی داهاتی ئازەربایجانی ئێران بۆ بودجەی حکومەتی ئەیالەتیی ئازەربایجان دابنرێت.
٥ - دەوڵەتی ئێران چالاکیی ئازادانەی فیرقەی دیموکرات، سەندیکا کارگەرییەکان و رێکخراوە دیموکراتییەکان لە ئازەربایجان دەستەبەر دەکات.
٦ - کاتی هەڵبژاردنی مەجلیسی شورای میللیی، ژمارەی نوێنەرانی ئازەربایجانی ئێران لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی خەڵکی ئازەربایجان، زیاددەکرێن.
دوای ئەوە، مۆلۆتۆڤ دەربارەی کێشەی نەوت دەنووسێت: حکومەتی سۆڤیەت بە لەبەرچاوگرتنی داخوازیی حکومەتی ئێران، پێشنیازی سپاردنی ئیمتیازی نەوتی باکوری ئێران بە یەکیەتی سۆڤیەت وەردەگرێتەوە و لەجیاتی ئەوە پێشنیازدەکات کۆمپانیایەکی تێکەڵاوی سۆڤیەتیی- ئێرانیی بۆ پشکنین و بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوتی باکوری ئێران دابمەزرێت. بەشی سۆڤیەت لەو کۆمپانیایەدا ٥١٪ و بەشی ئێران ٤٩٪ دەبێت.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕای مۆلۆتۆڤ دەربارەی هێزەکانی سۆڤییەت لە ئێراندا، بەم جۆرە بوو:

دەوڵەتی سۆڤیەت دەیەوێت لە دووی مارسی ئەم ساڵدا دەست بکات بە کشاندنەوەی هێزەکانی لە هەندێک ناوچەی ئێران و ئەوانی تر بەگوێرەی پەیماننامەی ٢٦ ی فیوریە ١٩٢١ بە شێوەی کاتی بۆ ماوەیەک لە ئێران دەهێڵێتەوە. کاتێک هەموو هێزەکانی سۆڤیەت، ئێران بەجێدەهێڵێت کە دەوڵەتی ئێران کۆتایی بە دوژمنکارییەکانی دژ بە سۆڤیەت بهێنێت و لە باکوری ئێران ئارامیی پێکبێت و سیاسەتی دۆستانە لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت بگرێتەبەر.

قەوام دوای گەڕانەوەی لە مۆسکۆ لە ڕۆژی ١٣٢٤/١٢/٢٠- ١٩٤٦/٣/١١ لە وتارێکی کورت دا، کۆتایی خولی چاردەهەمی پەرلەمانی ڕاگەیاند و بۆ پێخۆش بوونی رووسەکان سەید زیائەدین تەباتەبایی زیندانیی کرد و سەرلەشکر حەسەن ئەرفەع، سەرۆکی ئەرکانی ئەرتەشی گۆڕی.

هاوکات سادچیکۆف سەفیری تازەی شورەوی لە ئێران هاتە تاران و درێژەی بە وتووێژەکان دا و لە ڕێکەوتی١٣٢٥/١/١٥ لە ٣ خاڵ دا پەیمانێکیان بە چەشنی خوارەوە پەسەند کرا:

١ ـ هێزەکانی رووس لە ماوەی مانگ و نیوێک خاکی ئێران بە جێ بێڵن.

٢ ـ پەیمانی پێکهێنانی شرکەتی هاوبەشی نەفتی ئیران و شوڕەوی تا ٧ مانگی دیکە، بۆ پەسەندی مەجلیسی شوڕای میلی ئێران، ئامادە بکرێ.

٣ ـ چونکە کێشەی ئازربایجان کێشەیەکی ناوخۆییە، بە پیی یاسا و هاوکات بە شێوەی ئاشتی و هێمنانە لە گەڵ خەڵکی ئازەربایجان هەلسوکەوت دەکرێ.

قەوام لە بەستنی ئەو پەیمانەدا، زیرەکانە جووڵاوە و پەسەند کردنی نەهایی ئەو ڕێکەوتنەی بەستەوە بە مەجلیسی داهاتوو.

جێی ئاماژەیە کە قەوام لە شیمالی ئێران مەزرای چای هەبوو و پەیوەندی باشی لەگەڵ دەوڵەتی شووڕەوی هەبوو. ئەو بۆ ئەوەی زیاتر متمانەی شووڕەوی بە دەست بێنێ لە تەرمیمی کابینەدا، ٣ وەزیری دا بە حیزبی تودە کە ئەوکات حیزبێکی بە هێز و لایەنگری توندی شووڕەوی بوو.

قەوام دواتر بە ڕواڵەت بۆ پێکهێنانی بواری ئەمنی و پارێزگاری لە سندووقی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی مەجلیسی ١٥ لە ئازەربایجان، لە نامەیەکدا کە بۆ سەفیری شووڕەوی نووسی کە ئەرتەش بچێتە ئازەربایجان. دیارە ئێران لەسەر چۆل نەکردنی ولاتەکەی لە شووڕای ئەمنیەت شکایەتی لە شووڕەوی کرد.

ساچیکۆڤ سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکان و ئیمتیازی نەوت و کێشەی ئازەربایجان وەک ئەوە کە پیشەوەریی سەرۆک وەزیرانی ئازەربایجان بکرێت بە پارێزگار و مەجلیسی نەتەوەیی بکرێت بە ئەنجومەنی ئەیالەتی و وەزیرەکان بین بە فەرمانبەری پارێزگار، قسەی کرد.

سەرەڕای ئەوانە رووسەکان بەوە ناڕەحەت بوون کە ئێران لەوکاتدا بە هان دانی ئینگلیس و ئەمریکا دەیەویست لە دەوڵەتی رووس لە شووڕای ئەمنیەت شکایەت بکا. ئەوان بە ئێرانیان گوت کە ئەو کارە لەسەریان گران دەکەوێت.

باڵوێزی رووس لە دانیشتن لەگەڵ قەوام بەداخبوونی ستالینی لەمەر ئەوە کە ئێران هیچ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەنگاوێکی بە قازانجی سۆڤییەت، بەتایبەت لە بواری نەوتدا، هەڵنەهێناوەتەوە دەربڕی. قەوام لە وەڵامدا گوتی مەجلیس هەر چەشنە ئیمتیازێکی نەوتی لێ قەدەغە کردوە و ئەو چی لەدەست نایە. ئەگەر رووس زەختی بۆ بێنن مەجبوور دەبێ دەست لە کار بکیشێتەوە کە بە قازانجی رووس نابێ دۆستێک لەدەست بدا.

قەوام دواتر لە رێکەوتن لە گەڵ کاربەدەستانی شوورەوی، بە رواڵەت ئیمتیازی نەوتی شیمالی ئێرانی دا بە رووسان و ئەوانیش لە بەرانبەر دا بڕیاریان دا کە لە رۆژی٤ی خاکەلێوەی ١٣٢٥دا، هێزەکانی خۆیان لە ئێران بەرنە دەر.

محەمەد رەزاشا لە لاپەڕەی ٥٦٦ ی کتێبی "فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان" دا دەڵێ کە قەوام لە شوورەوی بە شەراکەتی هاوبەش، بە رادەی ٥١ بە ٤٩ لەسەد رێککەوت. بەڵام چونکە دەبوو مەجلیس رازی بێ و ئەو بڕیارە واژۆ بکا، ئیعتیباری یاسایی نەبوو.

هێزەکانی رووس دەبوو یەک مانگ و نیو دوای ئەو رێکەوتە لە ئێران نەمێنن بەڵام واژۆکردنی پەیمانی رێکەوتنی نەوت بەسترابوو بە هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی ئێران کە ئەویش بەسترابۆوە بە چوونەدەری هێزی بێگانە. تازە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیس ٧ مانگ دیاری کرابوو. کەوابوو گارانتییەك بۆ واژۆ کردنی ئەو پەیمانە لە گۆڕێ دا نەبوو. ئەو رێکەوتنە بۆ رووسان هیچ قازانجی نەبوو و وادیاربوو ئەوان بۆچوونە دەر لە ئێران کە لە ژێر زەختی توندی ئەمریکاو ئینگلیس دابوون، تەنیا ویستوویانە باری حیسییەتی بدەن بە پاشەکشەکەیان.

دواتر کە رووسەکان ئێرانیان بە جێهێشت، قەوام ئەو بەڵێنیی نەبردە سەر و گوتی دەبێ مەجلیس بڕیارەکان واژۆ بکا کە ئەویش هەر بەهاندانی قەوام رەد کراوەوە و بەمشێوەیە قەوام توانی حکومەتی ئازەربایجان و کورد بێ پشتیوان بهێڵێتەوە. قەوام زیرەکانە ئەو قەراردادەی بەستەوە بە دروست بوونی مەجلیسی دەورەی ١٥ و پەسەند کردنی لە لایەن ئەو مەجلیسە.

قەوام روانگەکانی نەگۆڕی، بۆیە ساچیکۆڤ باڵیۆزی نوێی یەکیەتی سۆڤییەت لە تاران لە ڕۆژی ١٩٤٦/٢/٢٨دا، یادداشتێکی بۆ قەوام نارد و هەموو پێشنیارە ئاشتییخوازەکانی دەوڵەتی سۆڤییەتی هەڵوەشاندەوە. سەرەڕای ئەوانە، بۆ ڕاکێشانی ڕای گشتیی جیهان، دەوڵەتی سۆڤییەت ڕایگەیاند کە رۆژی ١٩٤٦/٣/١ هێزەکانی خۆی لە مەشهەد، شاروود و سمنان دەکێشێتەوە.

**فەرمانی ستالین، درزی تێکەوت**

فەرمانی ستالین لە مانگی پووشپەڕ ساڵی ١٣٢٤دا، وەرچەرخانی گەورەی لە کۆمەڵگای ئازەربایجان و کوردستان دا پێکهێنا و لە ماوەیەکی کەم دا گەلی کورد و ئازەری لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دەستکەوتی زۆر گەورەیان بە دەستهێنا. ئەوە هەر کورد و ئازەر نەبوون کە کەوتنە ژیر بازنەی ئەو فەرمانە، بەڵکو ئەو بڕیارە هەموو گەلانی بەشی سەرووی ئێران وەک خوراسان و گورگان و گیلان دەگرتەوە بەڵام لە شوێنانە کارێکی ئەوتۆ نەکرا چوونکە پێگەی ئەو بیر و روانگەیە زۆر بە هێز نەبوو. میرجەعفەر باقرۆف لە نامەیەک دا بە رێکەوتی ٢٨ی سپتامبر ١٩٤٥ (٦ رەزبەر ١٣٢٤) بۆ ستالین نووسی، کە لەبەر ئەوە هەموو هەوڵەکانیان بۆ دۆزینەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەوت و پرسی ئازەربایجان و کوردستان تەرخان کردبوو نەیانتوانی لە گیلان و مازەندەران و خوراسان عەمەلیاتی جودایی خوازی دەست پێبکەین.

فەرمانی ستالین لە مانگی پووشپەڕی ١٣٢٤ دا، ئاماژە بە سەربەخۆیی نەتەوەکانی سەرووی ئێران دەکا. بەڵام بە تایبەتی بە دوای چوونی قەوام بۆ رووسیە، وەرچەرخانێکی گەورە لە سیاسەتی شووڕەوی دا پێکهات و پرسی نەتەوەیی کورد و ئازەر بووە بە کێشەی نێوخۆیی و دەبوو بە وتووێژ لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی، لە چوارچێوەی داوخوازی خودموختاری دا، چارەسەر بکرێ.

بەمشێوەیە سیاسەتی رووس لە ئازەربایجان و کوردستان، بە تایبەتی لە ئێراندا، توشی کێشە بوو و کۆسپی گەورەی بۆ هاتە پێش. ئینگلیس و ئەمریکا زەختی زۆریان بۆ دەوڵەتی شووڕەوی هێنا کە واز لە ئێران بێنێ و ئەو وڵاتە بەجێبێڵێ. سایتی ئینتیرنێتی رادیو فەردا بە نەقڵ لە جەمیل حەسەنلی، توێژەری ئازەربایجانی لە باکۆ، دەنووسێ کە رێبەری شووڕەوی لە ٨ ی ئۆکتۆبر دا، سەنەدی ٦ی ژانوییەی پشت راست کردەوە و ئامانجی دوایی ئازەربایجانی لە جیابوونەوە را کرد بە خودموختاری. هۆی ئەو ئاڵوگۆڕە، راست دژکردەوەی رووس بە وەزعییەتی نوی نێونەتەوەیی بوو. دەوڵەتی شووڕەوی لە کاتی دەرکردنی بڕیاری پێشوو دا، سەرمەستی سەرکەوتنی شەڕی پێوە دیار بوو و رێبەری شووڕەوی پێیوابوو هەرچی بیهەوێ، هاوپەیمانانی دیدەنێ. بەڵام وردە بۆی دەرکەوت کە ئینگلیس و فەڕانسە بە توندی دژی دابەشکردنی ئیرانن و ئەو ناتوانێ هەرچی پێخۆش بێ بیکا.

گۆڕان لە سیاسەتی رووس دا، بە مانای گۆڕان لە سیاسەتی فیرقە دا بوو. ئەو رێکخراوە، رووس سازی کرد بوو بۆیە لەگەڵ گۆڕانی سیاسەتی رووس، بناغەی کار و تێکۆشانی فیرقەی لەبەر یەک هەڵوەشا و پرسی سەربەخۆیی بوو بە خودموختاری. رێژیمی ئێران لە ژێر رێبەری قەوام و شا دا توانیان سەرەتا ئامانجی خودموختاری پارێزگاکان بکەنە ئامانجی دوو کۆماری سەربەخۆیی ئازەربایجان و کوردستان و دواتریش بە هاوکاری رووسیە درێژدادڕیان بە رەوتی وتووێژەکان دا.



ستالین

بەمشێوەیە، دەرفەت بۆ بەهێز کردنەوەی هێزەکانی رێژیم لە بەرەکانی شەڕی ئاستارا و قەزوێن و سەردەشت سەقز رەخسا و لە کوتایی دا، رووخانی کۆمارەکان مسۆگەر کرا.

لەو قوناغەدا، دەوڵەتی شووڕەوی بە جێگای ئەوە پشتگری لە ماڤە سەرەتایەکانی کورد و تورک بکا، خەریکی کونترۆڵ کردنی تەورێز و مەهاباد بوو کە نەکا کارێک بکرێ کە دڵی کاربەدەستانی ئێران بێشێ و هەموو وتە و نووسراوەکانی پیشەوەریی و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی تەورێز و مهاباد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کونترۆڵ دەکرا.

## کۆتایی مەجلیسی ١٤

ڕۆژی ٢١ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ دەورەی ١٤ی مەجلیسی شووڕای میللی ئێران کۆتایی هات بە هۆی ئەوە دەنگۆی هێرش بۆ سەر نوێنەرانی مەجلیس لە گۆڕێ دابوو، زۆربەی نوێنەران بەشداری کۆتایی کاری مەجلیسیان نەکرد و تەنیا ٦٠ کەس بەشدار بوون. لەو ڕۆژەدا مەجلیس کۆبوونەوەیەکی تایبەتی بەست و قەوام لەسەر چوونی بۆ شووڕەوی قسەی کرد. جێی ئاماژەیە لە مەجلیسی دەورەی ١٤ دا، حیزبی تودە ٩ نوێنەری هەبوو.

لەسەر ڕابردووی دەورەی ١٤ی پارلمان، ئایەتوڵا موجتەهیدی لە لاپەڕەی ١٦٦ی کتێبەکەی دا دەنووسێ کە ئەو مەجلیسە لە نێو بەرژەوەندی دەستەی جیاواز دا، دەستی بە کار کرد و لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا هەمیشە پڕ لە کێشە و گیروگرت و تەنانەت لە لێدان و کوتانیش بێبەری نەبوو. لەو مەجلیسەدا تەنیا دوو یاسا لە بەرژەوەندی وڵات دا پەسەند کرا کە رووسەکان پێی تووڕە بوون. یەکیان یاسای قەدەغە کردنی دانی ئیمتیازی نەوت بە وڵاتانی بێگانە کە موسەدیق پێشنیاری کرد و ئەوی دیکەش بایکۆتی هەڵبژاردن بوو بە بوونی هێزی بێگانە.

## چوونە دەری هێزەکانی رووس

دوای ئەوە رووس و ئینگلیس لە ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠دا، لە سەرو و خوارووی ئێران دا هێرشیان هێنا، یەک حەوتوو دواتر لە قەزوێن بە یەک گەیشتن و ئێرانیان بە تەواوی داگیر کرد. ئەوان ڕایانگەیاند کە مەبەستیان داگیر کردنی ئێران نییە و لە ٩ی ڕێبەندانی ئەو ساڵە، لە ئاگادارییەک دا ئەو مەبەستەیان بە دەوڵەتی ئێران ڕاگەیاند. ئەو پێشنیارە لە لایەن پاڕلمانی ئێران پەسەند کرا و بە ئیمزای ئێران و دەوڵەتانی رووس و ئینگلیس گەیشت. لە بەشی پێنجەمی ئەو پەیمانەدا هاتووە کە ٦ مانگ بە دوای کۆتایی شەڕ و شکستی دەوڵەتی ئاڵمان و هاوپەیمانانی، رووس و ئینگلیس دەبێ هێزەکانی خۆیان لە ئێران بەرنە دەر.

لە ١٧ ی بانەمەڕی ١٣٢٤(٧ مانگی مەی ١٩٤٥) دا، دەوڵەتی ئاڵمان تێکشکا و ڕۆژی ١٨ی بانەمەڕی ١٣٢٤ ( ٨ مانگی مای ١٩٤٥) پەیمانی کۆتایی شەڕ لەگەڵ ئاڵمان لە پاریس بەسترا. ئێران داوای لە زلهێزەکان کرد کە بەڵێنیکەیان بەرنەسەر و لە ئێران بچنە دەر. لە کۆبوونەوەی پوتسدام کە لە ١٧ی پووشپەڕ تا ١١ی گەلاوێژ(١٧ژووئییە تا ٢ ئوت) بەسترا باسی چوونە دەر لە ئێران هاتە گۆڕی بەڵام شووڕەوی بە بیانووی بەردەوامی شەڕ لەگەڵ ژاپوون ئەو داوایەی قبووڵ نەکرد.

دەوڵەتی ژاپۆن لە١١ ی خەرمانان( ٢ سپتامبر) بە دوای بۆمبارانی ئەتۆمی تەسلیم بوو و دەبوو بە پێی ڕێکەوتنی پێشوو، سێ وڵاتی هاوپەیمان، لە ١٢ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ (٢ مارسی١٩٤٦ ) دا، لە ئێران بچنە دەر و لە لەندن وەزیرەکانیان ڕەزامەندی خۆیان بۆ ئەو مەبەستە دەربڕی. ئەمریکا و ئینگلیس لە کاتی خۆی دا هێزەکانیان کێشاوە و بڕیارەکەیان بەڕێوە برد، بەڵام شووڕەوی بەڕێوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەبرد.
مانەوەی شووڕەوی لە ئێران دا و بە هێند نەگرتنی پەیماننامەکان، کێشەی گەورەی بۆ رووسان لە نێوخۆی ئێران و لە رادەی نیونەتەوەیی دا پێکهێنا و پروپاگەندە و بەرهەڵەستی زۆریان بە دژی کرد کە لە مێژوو دا بە سەرەتای دەست پێکردنی شەڕی سارد بە ناوبانگە.
دوای ئەوە قەوام دەستەڵاتی بە دەستەوە گرت لە ٣٠ی رێبەندانی ١٣٢٤دا، چوو بۆ مەسکۆ. یەک حەوتوو لە چوونی قەوام بۆ مەسکۆ تێنەپەڕی بوو کە دەوڵەتی شووڕەوی لە ٦ ی رەشەممە ١٣٢٤ (٢٥ فەورییەی ١٩٤٦) رایگەیاند کە بە هۆی بوونی ئەمنییەت، هێزەکانی لە مەشهەد و سمنان و شاهروود دەکێشێتەوە، بەڵام لە شوێنەکانی دیکەدا دەمێننەوە. لە ١١ رەشەممە هێزەکانی رووس لە سێ خاڵی مەشهەد و شاهرود و سمنان چوونە دەر و  لە شوێنەکانی دیکە مانەوە.
بە پێی ژمارە ٢١ی رۆژنامەی کوردستان و بە نەقڵ لە رادیۆ دیهڵی، لەسەر چوونە دەری یەکەم وەجبە لە هێزەکانی رووس لە ئێران، ئاوا هاتووە:
دەنگوباسی دەرەوە
شەوی ٢٤/١٢/١١
مەسکۆ – لە ٢٥ فەورییە مقاماتی شوڕەوی بە ئاغای قەوام سەرۆکوەزیری ئێرانیان وڵامدا کە بەشێک لە هێزی شوڕەوی لە نەواحی رۆژهەڵاتی ئێران (شاهرود – مەشهەد ...) کە بڕێک ئارامن لە ٢ مارِس دەبرینەوە. لە باقی بەشەکانی ئێراندا تا مەعلووم بوونی وەزعییەت لە ئێراندا دەمێننەوە.
لە رێکەوتی ١٣ و ١٤ رەشەممە ٤ و ٥ مارِسی ١٩٤٦ دەوڵەتانی ئینگلیس و ئەمریکا بە شووڕەویان راگەیاند کە ئێران بەجێ بێلێ و ئەوان ناتووانن لەمەڕ سیاسەتی رووس سەبارەت بە ئێران بێهەڵوێست بن.
بەجێنەهشتن و بەڵێن بەسەرنەبردنی رووسان، بوو بە هۆی ئەوە کە دەوڵەتی ئێران سیاسەتی دیکە بگرێتە بەر. لە نێوخۆ دا لە لایەنگرانی شووڕەوی وەک حیزبی تودە و فیرقە و حیزبی دێموکرات نیزیک بێتەوە و رای وان بۆلای خۆی رابکێشێ و لە لایەکی دیکە، پەنا بۆ هێزی نیونەتەوەیی بۆ زەخت بۆ سەر رووسان بەرێ. لە رێکەوتی ٢٨ی رەشەممەی ١٣٢٤ (١٩مارِس١٩٤٦)دا، دەوڵەتی ئێران لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سکاڵای لە دەوڵەتی شووڕەوی کرد. ئەو سکاڵایە لە شکایەتەکانی سەردەمی سەرۆک وەزیری حەکیم، زیاتر کاریگەر بوو. ئەوکات کۆمەڵگای نیونەتەوەیی داوایان لە رووس و ئێران کرد کە بۆخۆیان کیشەکەیان حەل بکەن، بەڵام ئەوجار پشتی ئێرانیان گرت.
لەو قوناغەدا، لە ژێر کاریگەری سەردانەکەی قەوام. لە ٥ ی خاکەلێوە ١٣٢٥ (٢٥ مارِسی ١٩٤٦) دا، گرومیکۆ ئاماژەی بە رێکەوتنی ئێران و شووڕەوی کرد. رۆژی پێش ئەو رێکەوتە واتا لە ٤ خاکەلێوە سادچیکۆف سەفیری نوێ شووڕەوی لە تاران بە پێشنووسێکی تازە چوو بۆ ئێران. لەو پێشنووسە دا کێشەی ئازەربایجان و ئێران وەک کێشەیەکی نێوخۆیی بە حیساب هات و دەبوو بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر کرابا. شرکەتی هاوبەشی نەوتی شیماڵ دامەزرابا کە لە مەجلیسی ١٥


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دا دەبوو واژۆ کرابا و لە ماوەی ٦ حەوتوو دوای ئەو ڕێکەوتنامەدا، هێزەکانی شووڕەوی ئێرانیان بەجێهێشت با. سەرئەنجام ئەڕتەشی شووڕەوی لە ٩ی بانەمەڕی ١٣٢٥ (٩ مانگی مەی ١٩٤٦ )دا، حەوت مانگ بەر لە رووخانی کۆماری ئازەربایجان و کوردستان، ئێرانیان بەجێهێشت.

دەوڵەتی شووڕەوی دەیتوانی بەڵێنییەکانی لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان لە شوێنی دیکە بشکێنی بەڵام ئەو سیاسەتەی لە ئێران بە هۆی گرینگی و هەستیاری ناوچە و کیشەی نەوت، بۆ نەچووە سەر و لە لایەن ولاتانی زلهێز لێی قبووڵ نەکرا و مەترسی کەڵک وەرگرتنی چەکی ئەتۆمی لە دژی لە ئارا دابوو. بۆیە کاتێک کە رووسەکان زانییان کە ویستی چوونە دەر لە ئیران، داوایەکی جدییە، بە خیرایی و زۆر بە پەلە هێزەکانیان کێشاوە.

### شەڕتی شووڕەوی بۆ بەجێهێشتنی ئێران

دوای گەڕانەوەی قەوام لە مسکۆ، وتووێژی دەوڵەتی ئێران و رووس بۆ ڕێکەوتن لەسەر نەفت و چوونەدەری هێزەکانی رووس لە ئێران و چۆنییەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ بزوتنەوەی ئازەربایجان لە تاران دەستی پێکرد. ڕەوتی ئەو وتووێژانە درێژ خایەن بوو و بۆ ئێران چوونەدەری هێزەکانی رووس لە ئێران و گرتنەوەی ئازەربایجان مەبەستی سەرەکی بوو بۆ رووسانیش بە دەستهێنانی نەوت.

وتووێژی ئێران و سۆڤییەت، لە ڕۆژی ١٣٢٥/١/١٤ لە تاران دەستی پێکردەوە و قەوام بۆ نەهێشتنی گومانی رووسەکان، هەموو پێشنیازەکانی یەکیەتی سۆڤییەتی دەربارەی دامەزراندنی شیرکەتی بەرهەمهێنانی نەوتی تێکەڵاو قبوڵکرد. ڕێکەوتنامەی دوو لایەنە" واژۆ کرا کە تێیدا هاتبوو:

١- یەکەکانی سوپای سور لە ماوەی مانگ و نیوێکدا لە ڕۆژی ١٣٢٥/١/٤- ١٩٤٦/٣/٢٤ وە هەموو خاکی ئێران بەجێدەهێڵن.

٢- پەیمان دەربارەی کۆمپانیای تێکەڵاوی نەوتی ئێران - سۆڤیەت، حەوت مانگ دوای ڕۆژی ١٣٢٥/٢/٤- ١٩٤٦/٤/٢٤، بۆ پەسندکردنی خولی پانزەیەمی مەجلیس دەکرێت.

٣- کێشەی ئازەربایجان وەک کێشەیەکی ناوخۆیی بەگوێرەی یاساکان، بە بۆچوونێکی خێرخوازانە سەبارەت بە خەڵکی ئازەربایجان بۆ بەڕێوەبردنی چاکسازیی، لە نێوان دەوڵەتی ئێران و خەڵکی ئازەربایجاندا، بە ئاشتییانە چارەسەردەکرێت.

پلانی شووڕەوی لە بابەت، گەڕان بە دوای کانگاکانی نەوت لە هەموو شوێنەکانی ئێران قبووڵ کرا جیا لە ناوچەی ئازەربایجانی رۆژئاوا. ئەو پلانە دەبوو ٣ مانگ دوای کرانەوەی مەجلیس پەسەند کرابا. مۆرەیەکی ئیتلاعاتی شووڕەوی لە قەوام پرسێ بۆ نابێ لە ئازەبایجانی رۆژئاوا کە لە سنووری تورکیەیە بە دوای نەوت دا بگەڕێن. قەوام لە وڵام دا دەڵێ کە ئەو نایهەوێ ئینگلیسییەکان ناڕەحەت بکا. چوونکە ئەوان لە پەرەستاندنی نفووزی شووڕەوی لە ناوچەکانی نەفتی موسڵ نیگەرانن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٣٠ دا لە هەواڵێک کە لە رادیو ئانکارا وەرگیراوە، شەرتەکانی شووڕەوی بۆ بەجێهێشتنی بەشێک لە هێزەکانیان لە ئێران دا بەمجۆرە بووە:

دەوڵەتی شوڕەوی ئەم خواستانەی خوارەوەی لە حکومەتی ئێران داوا کردووە:

١ - مانەوەی لەشکری سوور لە هێندێ جێگایانی ئێران کە شایانی ئەهمییەت بێ.

٢ - خودموختاری ئازەربایجان و درانی سەدی ٣٠ داهات بە حکومەتی تاران و مداخلەی کاری داخلّی ئازەربایجان نەکات

٣ - ئیمتیازی نەوت بدریتە کۆمپانیای رووس و ئێران، بە شەرتی لە - ٥١ بۆ سوویەت – ٤٩ بۆ ئێران بێتە.

## هەڕەشەی ئەتۆمی ئەمریکا

ئایەتوڵا موجتەهیدی لە لاپەرەی ٣٠٨ی کتێبی "بحران آزربایجان" لە سەر یەکەمین تاقیکاری بۆمبی ئەتۆمی دەنووسێ کە ئەو تاقی کارییە بە بەشداری نوێنەرانی هێندێک وڵات، لە ١١ی پووشپەڕ، لە دووڕگەی "بێتینی" لە ئوقیانووسی ئارام لە کۆگای ٦٠ کەشتی رووی دا و دوکەڵی ئەو بۆمبە ٨٠٠٠ میتر بەرز بووە. موجتەهیدی لە لاپەرەی ٣٤٣ی کتێبەکەی دا، لە سەر دوهەمین تاقیکاری بۆمبی ئەتۆمی دەنووسێ، لە رۆژی ٢ ی گەلاوێژ لە ژێر ئاوی دوڕگەی "میتینی" بە تاقی کراوە. شەپۆلێک بە بڵیندی ٨٠٠ میتر و بە قورسایی ٢٠٠٠ تۆن بەرەو ئاسمان هەڵکشا. شازدە کەشتی و ٣ دانە ژێر دەریایی لە کار کەوتن.

لە کاتی سەرکۆماری رۆزڤێلت دا، دۆستایەتی ئەو لەگەڵ ستالین بە هێزی بوو بەڵام بە دوای مردنی ئەو دا، ترۆمەن هاتە سەر کار و ئەو بە چەکی ئەتۆمی نەیارانی چاوترسێن کرد. ترۆمەن لە ٢١ی مارسی ١٩٤٦دا، رێکەوتنامەی چوونەدەر لە ئێرانی وەبیر شووڕەوی هێناوە و داوای کرد کە لە ماوەی یەک حەوتوو دا دەست بە کشانەوی هێزەکانی لە ئێران بکا و تا ٦ حەوتووی مۆڵەت دا تا بە تەواوی ئێران چۆل بکا. دەوڵەتی ئەمریکا رایگەیاند کە لە غەیرە ئەو دا، هێزەکانی دەگێڕێتەوە بۆ ئێران.

دەوڵەتی ئێران هیچ زانیاری لە کشانەوەی لە نەکاوی دەوڵەتی رووس نەبوو. ئەو بڕیارە دوای ٧٠ ساڵ هێشتا بۆ کەس روون نییە کە چۆن بوو. بێشک دەبێ ئەو کشانەوەیە لەژێر کاریگەری هەڕەشە و ئولتیماتۆمی "ترۆمەن" بە ستالین دا بووبێ کە لە رۆژی ٢١ و ٢٣ ی مارسی ١٩٤٦ دا، درا.

جێی ئاماژەیە کە شەش ساڵ دوای چوونەدەری رووسەکان لە ئێران، ترۆمەن باسی ئەو ئولتیماتۆمەی کرد کە لە سەروبەندی چوونەدەری ئەرتەشی شووڕەوی بە ئیستالینی دابوو و لە وتووێژێک لەگەڵ هەواڵدەرییەکان ئەو بابەتەی پشت راست کردەوە و گوتی کە وەختی چوونەدەریشی بۆ دیاری کردوە. دەوڵەتی ئەمریکا سەرپۆشی لەسەر ئەو ئولتیماتۆمە دانا و تەنیا ئاماژە بە یادداشتێکی کرد کە بە ریکەوتی ٢٤ی رەشەمە ١٣٢٤ (٥ مارسی ١٩٤٦) دا، بە رووسان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

درابوو. ترۆمەن لە بەشی دووهەمی بیرەوەرییەکانی " ساڵەکانی تاقیکردنەوە و ئۆمێد" دا باس لەوە دەکا کە لە رێکەوتی ٢٤ی مارس بە "برێنز" وەزیری دەرەوەی گوتووە کە پەیامێکی راستەوخۆ و راشکاو بۆ ستالین بنێرێ و بە دوای ئەو پەیامە دا مەسکۆ رایگەیاند کە تەواوی هێزەکانی لە ئێران دەکێشیتەوە.

پەیامی ئولتیماتۆمی ئەتۆمی تەنیا لە قسەکانی ترۆمەن دا رەنگی داوە و نە لە بایەگانی دا هەبوو و نە هیچکام لە سیاسەتمەدارانی ئەمریکایی ئەو بابەتەیان پشت راست کردەوە و وەک رازێک ماوە و کەسانێک وەک ئاتۆیەک بۆ کێبەرکێ هەڵبژاردن بە حیسابیان هێنا.

محەمەد رەزاشا لە لاپەڕەی ٥٦٥ کتێبی "فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان" دا ئاماژە بە ئولتیماتۆمی توندی ترۆمەن لە ریکەوتی ٨ مارسی ١٩٤٦دەکا و کە بۆ مۆلۆتۆفی ناردووە و دەڵی بەرهەمی ئەو کارە بوو بە هۆی چوونەدەری هیزەکانی رووس لە مانگی مەی لە ئێران.

دواتر " کیسینجێر" وەزیری دەرەوەی ئەمریکا باسی لەوە کرد کە هەرکات ئیمکانی پێکهاتنی شەڕی ئەمریکا و رووس پێکهاتبا، ستالین پاشەکشەی دەکرد. هێنری کیسنجێر لەبارەی هەڕەشەی ترۆمەن دەنووسێ:

لە بەهاری ١٩٤٦ دا کە ترومان ″سیاسەتی بەردەوامیی″ خۆی دادەسەپاند، بەجێهێشتنی هەموو ئازەربایجانی دەویست ... ستالین نەیدەویست لەسەر بە ئەنجام گەیاندن یان نەگەیاندنی ئەو هەڕەشەیەی ترومن بکۆڵێتەوە. هەر کاتێک دەرەتانی ڕوو بە ڕوو بوونەوەی چەکدارانە لەگەڵ ئەمریکا سەریهەڵدەدا، ستالین پاشەکشەی دەکرد. ساڵی ١٩٤٦ کە ترومان داوای دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەتی لە ئێران کرد، ستالین پاشەکشەی کرد و لە گەمارۆی بەرلین لە ساڵانی ١٩٤٨-١٩٤٩ دا، پێش ئەوەی کە کێشەکە ڕووبەڕوو بوونەوەی چەکدارانەی لێ بکەوێتەوە، دیسان ستالین پاشەکشەی کرد.

هەرچی بوو رووسەکان دەستیان لە ئازەربایجان و سەروی وڵاتی چین و مەنچوری بەردا، بەڵام حازر نەبوون دەست لە بولگاریا و لیهستان و ئاڵمانی رۆژئاوا هەڵگرن.

بە پێی لاپەرەی ٣٥٤ی کتێبی دەستپێکردنی شەڕی سارد، بە نەقڵ لە لاپەڕەی ٢٧٩ی کتێبی دەستنووسی قازی محەممەد ... لە نووسینی حامید گەوهەری، ڕۆژی ١٣٢٥/١/٤- ١٩٤٦/٣/٢٤ ستالین و "ئا. ئەنتۆنۆڤ" سەرۆکی سەرکردایەتی ئەرتەشی سوور، بە پەلە فەرمانییان بە ماسلنیکۆڤ فەرماندەی هێزەکانی سۆڤییەت لە باکۆ دا کە:

١- دەست بە کشانەوەی هەموو یەکەکان، بەشی ئیداریی و کۆگاکانی سوپای چوارەمی جێگیر لە ئێران بکەن و بیانهێننە سەربازگەی باکۆ.

٢- دەرچوونی هێزەکان ڕۆژی ٢٤ ی مارس پێش کاتژمێر ٢٠:٠٠ دەست پێ بکات و تا ٣١ ی ئاپریل و ڕۆژی ١٠ ی مانگی مای کۆتایی بێت. لە سەرەتادا هێزەکانی قەزوێن، ڕەشت، زەنگان، گورگان و ساریی بێنە دەرەوە و قەزوێن تا ڕۆژی ٥ ی ئاپریل چۆڵ بکرێت. کشانەوەی لەشکری یەکەمی زرەیی لە قۆناغی دواییدا بکرێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣- کشانەوەی هێزەکان بە ئارامیی و بە دیسیپلینەوە بێت. فەرماندەکان و ئۆرگانە سیاسییەکان و یەکەکان کاتی بەجێهێشتنی ئێران لەگەڵ خەڵکەکە کۆببنەوە و بەشێک لە ئازوقەکانیان بەسەر خەڵکەکەدا بەشبکەن.

٤- پرۆگرانی چۆڵکردنی ئێران لە ٢٥ ی مانگی مارسدا ڕەوانەی سەرکردایەتی سوپا بکرێت. هەر ٢٤ کاتژمێرەی جارێک، ڕاپۆرتی چالاکیی کشانەوەی هێزەکان ڕەوانە بکرێت. داواکارییەکان سەبارەت بە گواستنەوەی هێزەکان بە دەریادا، تا ڕۆژی ٢٦ ی مارس بە سەرکردایەتی سوپا بگات.

حامید گەوهەری لە درێژەدا دەنووسێ کە ڕۆژی ١٣٢٥/١/٥- ١٩٤٦/٣/٢٥ هەواڵنێری تاس، ئەم هەواڵەی خوارەوەی سەبارەت بە دەرچوونی هێزەکانی سۆڤییەت لە ئێران بڵاوکردەوە:

کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە مەشهەد، شارود و سمنان کە لە ڕۆژی ٢ ی مارسەوە دەستی پێکرابوو، کۆتاییهات. بەگوێرەی سازشێک کە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران کراوە، یەکیەتی سۆڤیەت لە ڕۆژی ٢٤ ی مارسەوە دەستدەکات بە کشاندنەوەی هێزەکانی لە ئێران. بە ڕای فەرماندەیی سۆڤیەت، ئەگەر ڕووداوێکی چاوەڕان نەکراو ڕوونەدات، چوونە دەرەوەی هێزەکان لە ماوەی پێنج، تا شەش هەفتەدا کۆتایی دێت.

ڕۆژی ٢٥ ی مارس ستالین لە وڵامی هەواڵنێری یونایتدپرێس گوتی:

کێشەی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، بە هۆی سازش لە نێوان دوو دەوڵەتی ئێران و سۆڤیەت، بە شێوەیەکی ئەرێنی چارەسەر کراوە.

لەوبارەوە قەوام گوتبووی کە کێشەی نێوان ڕوسیا و ئێران بە بێ شووڕای ئەمنییەتیش چارەسەر دەکرێ. بە پێی بەشی هەواڵنامەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارە٣٤دا، رادیۆی دێهلی رایگەیاند کە ئێران و شووڕەوی لە سەر چوونە دەری هێزەکانی رووس لە ئێران ڕێککەوتن. ئەو ڕێکەوتنە لە تاران و لە نێوان قەوام و سەفیری شووڕەوی پێکهاتووە و ئاوا نووسراوە: ... بە پێی ئەو پەیمانە تا شەش هەفتان تەواوی هێزی شوڕەوی ئێرانێ چۆڵ دەکات و قەرار درا کە لە مەدەی شەش مانگان دا پێشنهادێ لە بابەت دانی ئیمتیازی کومپانی نەوتی شمال بە مەجلیسی شوڕای ببردری و بە تەسویب بگات. ئەو ئیعلامییە دەڵێ لەبەر ئەوە چلۆنێتی قەزایایی ئازەربایجان قەزییەکی داخلی و بە دەوڵەتێکی دەرەوە مەڕبوت نیە لە بەینی دەوڵەتی ئێرانی و دانیشتوانی ئازەربایجان بە مسالمەت و خێرخواهی حەل و فەسڵ دەکرێ.

بەمشێوەیە هێزەکانی رووس بێ ئەوەی گاڕانتی کەمترین دەستکەوتەکانی دوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان بکەن، ئەو دوو جوڵانەوەیان بەجێهێشت و بێ پەنایان هێشتنەوە. مامۆستا هێدی لە لاپەڕەی ١١٩ کتێبی ئاێنەی شکاو دا دەنووسێ: روسەکان بەو بەڵێنە هیچ و پووچە کە ئەوان نەبێ هەموو کەس دەیزانی درۆ و دۆلابە بۆ پێچانەوەی بارگە و بنەی خۆیان وا وە پەلە کەوتن کە کابرا گوتەنی لە جیاتی سەری وڵاخ کلکیان لغاو دەکرد و ئیتر دۆستە دڵسۆزەکانی کورد و تورک نە دۆستیان لەبیرما نە دوژمن و ئەگەر قاچێکیان هەبوو کردیان بە دوو و تێیان تەقاند بۆ ناو بەهەشتەکەی خۆیان و کوردیان بۆ کارەساتەکانی دوایی بە تەنیا هێشت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**لە پەراوێزی چوونە دەری هێزەکانی رووس لە ئازەربایجان دا**

بڕیاری کشانەوەی سوپای سۆڤییەت، حکومەتی ئازەربایجانی تووشی شۆک و نائومێدی کرد و هەستی باوەڕمەندی و خۆشەویستی بە رووس نەتەنیا لە ئازەربایجان بەڵکوو لەسەرانسەری ئێران لە کەمێی دا.

بۆ دڵدانەوەی ڕێبەرانی فیرقە دێموکرات، ڕۆژی ٧ ی خاکەلێوە ( ٢٨ ی مارس) باقرۆڤ لە جوڵفا چاوی بە پیشەوەری، شەبستەریی و جاوید کەوت و ئەوانی لە وتووێژی سادچیکۆڤ و قەوام ئاگادار کرد و داوای لێکردن زۆر لەسەر ویستە سەرەکییەکانیان مسۆگەر نەبن. ڕێبەرانی ئازەربایجانی رایانگەیاند کە لە پێکهێنانی حکومەتی ئازەربایجان دا، زۆریان بەڵێنی بە خەڵک داوە، ئێستا پاشەکشە لەو بەڵێنیانە بۆیان زۆر دژوار دەبێ. باقرۆڤ باسی جێنشین کردنی سوپای نەتەوەیی ئازەربایجانی بە جێی ئەوانی کرد و پێشتریش داوای لە ستالین کرد بوو کە بۆ راهێنانی هێزەکانی تۆپخانە و زرەیی ئازەربایجان، ئامادەکاری بکرێ.

بەر لە بڕیاری چوونە دەری هێزەکانی رووس، لە تەورێز باس لەوە دەکرا کە قوتابخانە و نەخۆشخانەی شووڕەوی، قوتابی و نەخۆش وەرناگرێ و ئەو خانووانەی کە لە خەڵکیان وەرگرت بوو دەیاندەنەوە. هەروەها دەنگۆی ئەوە هەبوو کە سەربازان رووس خەریکی کڕینی فەڕش و دیاری دیکەن و ئامادە دەبن بۆ گەڕانەوە. هەروەها دەگوترا کە بازاری تەورێز بە نیشانەی ئیعتڕاز بە چوونە دەری رووسان، دادەخرێ.

دیارە رووسەکان بە کوشت و کوشتارەکانی نێوخۆیی وڵات لە ئاخری دەیەکانی ٣٠ و شەڕیی ماڵوێرانکەری دووهەمی جیهانی راهاتبوون و زۆریان گرینگی بە ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆی ئێران کە تووشی چ دەبێ و خەڵک چیان بەسەر دێ، نەدەدا و هیچ پرنسیپێکیان نەپاراست.

سیاسەتی رووسەکان لە کێشانەوەی هێزەکانیان دا ئەوەندە شەرمێونانە بوو کە هەر زۆر زوو بەرۆکی ئەندامان و کاربەدەستانی رووسیشی گرتەوە و خەڵکی سەرەڕۆ و شارلاتانی رێژیم لە چەند دەرفەتان دا زیانیان پیگەیاندن. لە بەڵگەی نەهێنی ژمارە ٣٩ لاپەڕەی ٣٨٤ کتێبی "ئینکار و مقاوەمەت" دا عەلی مرادی مەراغەیی ئاماژە بەوەی دەکا کە باقرۆف بە رێکەوتی ١٤ ی ئاوریلی ١٩٤٦ (٢٥ خاکەلێوە) لە نامەیەک دا بۆ ستالین باسی ئەو توند و تیژیانە دەکا کە خەڵک بە سەر هاووڵاتانی رووسیان هێناوە و دەنووسێ کە لە ١٠ خاکەلێوە ٢ پۆلیس و ٢ کەس لە خەڵکی ئاسایی لە موهەندیس پیکیشنۆفیان داوە کە لە بەشی نیزامی رووس کار دەکا. لە ١٩ خاکەلێوە دا دەستەیەک لە ژێر فەرماندەری ساحەبی قاوەخایەک دا لە تەورێز توندوتیژیان لەگەڵ منداڵانی دەستەیەک لە کرێکاران شووڕەوی کردوە و لە دوانیان داوە کە یەکیان کوڕی ژێنڕاڵی کونسول ماتۆیۆف بوو و ژنێکی جعێلیش کە کچی کاپیتان نوویوکۆف بوو و لەگەڵ ئەوان بوو بە هۆی ٧ کەس تەجاوزی پێکراوە.

دوای کشانەوەی هێزەکانی سۆڤییەت، قەوام ویستی بە پەلە ئەرتەشی ئێران لە شارەکانی ئازەربایجاندا جێگیر بکات و٣ هەزار سەرباز کە لە شارەکانی ئیسفەهان و شیراز و ئەهواز بوون،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ تارانی راگوێزت. ئەو هێزە ڕۆژی ١٣٢٥/١/٢٦ ڕەوانەی قەزوێن کران و بە دوای چوونەدەری هێزەکانی رووس ٣٠ بنەماڵە پەنایان بۆ تەورێز برد.

بە بڕیاری چوونەدەری هێزەکانی رووس، بەرەی کۆنەپەرەستی و دژبەرانی کۆماری ئازەربایجان کە بە پشتیوانی ڕێژیمی ئێران دڵ گەرم بوون، بە توندی دەست بە کار بوون. بە پێی راپۆرتی ژەنراڵ عەزیمی فەرماندەی تیپی مەراغەی فیرقە، لە بروسکەیەکی نهێنیدا کە بۆ "جەعفەر کاویان" وەزیری ئەرتەشی ئازەربایجانی نارد، دەنووسێ:

ڕۆژی ١٣٢٥/١/٢٨- ٤/١٧ ١٩٤٦ گروپێکی ٨٠٠ کەسیی لە هێزەکانی پیادە و سوارەی سوپای ئێران لە جادەی "تیکان تەپە" و "ساینقەڵا"، لە گوندەکانی "ئێنجە" و "قەڵا- بۆرون"هوە پەلاماری هێزەکانی فیداییان داوە. لە شەڕێکدا کە تا ئێوارەی ڕۆژی دوایی بەردەوام بوو، فیداییەکان بە توندیی داکۆکییان لە شوێنەکانی خۆیان کرد. هێزەکانی ئێران پازدە کوژراو و برینداریان لێ بەجێماوە. پیشەوەریی لە هێرشی سوپای ئێران بە خرۆش هاتبوو. بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ئەو، بۆ بەرگرییکردن لە پێشڕەویی سوپای ئێران، حکومەتی ناوەندیی دەستە و گروپی فیدایی و تۆپ و کەرەستەی جەنگی ڕەوانە کرد. کۆنەپەرستانی ئێران دەیانویست لەو شەڕە تێکدەرانەیەدا، وەک بیانوویەک بۆ بەرینکردنەوەی شەڕ دژی ئازەربایجان، کەڵک وەربگرن.

ڕۆژی ١٣٢٥/١/٣١ وەزیری شەڕی ئێران، ڕووداوەکانی تیکانتەپە و ساینقەڵای خستە ئەستۆی دێموکراتەکان و پێشنیازی کرد کە دێموکراتەکان پاشەکشەیان پێبکرێ. باقرۆڤ سەبارەت بەو رووداوە بۆ ستالینی نووسی:

بە ڕای ئێمە، قەوام بەو کارەی ویستی لە لایەک توانای جەنگیی حکومەتی نەتەوەیی تاقی بکاتەوە و لە لایەکی ترەوە هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوخۆی ئازەربایجان بەرەو کاری تێکدەرانە هان بدات. پیشەوەریی دەڵێت ئەگەر هەلومەرج ڕێگە بدات، یەکەکانی سوپای نەتەوەیی لە بەرامبەر هێرشەکانی سوپای ئێراندا درێژە بە بەربەرەکانیی دەدەن.

باقرۆڤ ئیستالین ئاگادار کردەوە کە:

جوتیاران، کارگەران، ڕۆشنبیران و هەموو گروپە دیموکراتەکان پەژارەی خۆیان لە کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران دەردەبڕن. زۆر بە پەرۆشن بۆ چارەنوسی بزوتنەوەی دیموکراتیی ئازەربایجان. لە لایەکی ترەوە کشانەوەی سوپای سۆڤیەت لە نێوان گروپە کۆنەپەرستەکان و لایەنگرانی ئینگلیزەکاندا کاریگەریی پێچەوانەی دروستکردووە. ئەوانە پروپاگەندەی ئەوە دەکەن کە دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران بە هۆی گوشاری ئەمریکا و ئینگلیزەوە دەکرێت و ئەوە بە سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمریکا و ئینگلیز دادەنێن. کشانەوەی هێزەکامنان، دەستە و گروپە کۆنەپەرستەکانی هیوادار کردووە کە ڕێبەرایەتی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و بزوتنەوە ئازادییخوازانە نەتەوەییەکە بە تەواویی لەناوبچن.

لە لایەکیتر ڕێبەرانی حکومەتی ئازەربایجانی بە پەلاماری هێزەکانی ئێران، ئەغیار بوونەوە کە ئاوڕ لە پتەو کردنی دۆستایەتی لەگەڵ کوردان بدەن و بۆ پاراستنی دوو حکومەتی کۆماری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستان و ئازەربایجان بە یەکەوە پەیمان ببستن.
بە دوای چوونەدەری هێزەکانی رووس وتووێژی ئێران و رووسیە بە چڕی و سەعات بە سەعات بەردەوام بوو، لە ١٣ی ئاوریل مۆلۆتۆڤ بە باقرۆڤی گوت کە پیشەوەری بۆ وتوویژ و لەگەڵ ئێرانییەکان و دانی ئیمتیاز بەوان ئامادە بکا. باقرۆڤ لە ڕێکەوتی ١٨ی جوزوردان دا، لە نەخجەوان چاوی بە پیشەوەری و شەبستەری و جاوید و پادگان کەوت و باسی ڕێکەوتنی سادچیکۆف و قەوامی لە سەر مەسەلەی ئازەربایجان کرد. ڕێبەرانی فیرقە رازی بە هەموو بەندەکانی ڕێکەتنەکە بوون تەنیا دژی ئەوە بوون کە زەنجان لە چوارچێوەی ئازەربایجان دا نەمێنێ. قەوامیش دەستی لەوە هەڵنەدەگرت.
هەوڵدان بۆ بە قەناعەت هێنانی ڕێبەرانی فیرقە بە هۆی باقرۆڤ هەر بەردەوام بوو بە پێی لاپەڕەی ١٤٦ی فراز و فرود فیرقە... باقرۆڤ بە دوای ئەو چاوپێکەوتنە لە نامەیەکدا بۆ ستالینی نووسی:
ئەوان باوەڕ بە قەوامولسەڵتەنە ناکەن. دڵنیان بەڵێنەکانی قەوام، تەنانەت ڕێکەوتنە واژۆ کراوەکانیشی سەبارەت بە مافی نەتەوەی ئازەربایجان، دواتر بە بەستنەوەی بە دەستوری هەمیشەییەوە، پوچەڵ دەبێتەوە. ئەوان لە هێزە چەکدارەکانی ئێران ناترسن، بەڵام دڵنیان قەوام بە هاندانی بازرگانان، موڵکداران و پیاوانی ئایینی ئازەربایجان، شەڕی ناوخۆیی هەڵدەگیرسێنێت و لە نێوان کورد و ئازەرییەکاندا ئاگری شەڕی ڕەگەزیی دروستدەکات. لە یەکەم هەنگاودا ئینگلیزەکان لە کارەکانیدا یارمەتی دەدەن. ئەوان بۆ دەستەبەر کردنی بە لایەنی کەمەوە، مافەکانی گەلی ئازەربایجان، داوای ناوبژییکردنی یەکیەتی سۆڤیەت دەکەن.
سەرەرای ئەوانە دوایە باقرۆڤ نامەی بۆ پیشەوەری نووسی و داوای لێکرد کە مۆڵەت بە قەوام بدری و موزاکرەی لە گەڵ بکرێ.
دوای ئەوە شووڕەوی دەستی لە وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتی شیمال هەڵگرت، بۆ دۆزینەوە و هەڵێنجانی نەوت بە ڕیژەی ٥١ لەسەد بۆ شووڕەوی و ٤٩ لەسەد بۆ ئیران، داوای پێکهێنانی شیرکەتێکی تێکەڵی ئێرانی رووسی کرد. بە پێی لاپەڕەی ١٤٥ی فراز و فرود فیرقە، دواتر هیئەتی دوو وڵات پێکەوە دانیشتن و ڕێژەی بەشەکانیان بە ٥٠ بە ٥٠ دانا و تەواوی ناوچەکانی پێشنیارکراوی شووڕەوی بۆ دۆزینەوەی نەوت بە غەیرە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا قبووڵ کرا.
ئینگلیس پێخۆش نەبوو داوخوازەکانی نەوتی شووڕەوی لە ئێران، ئەو شوێنانە بگرێتەوە کە ڕەگەی ژێرزەوییەکەی پەیوەندی بە کانگاکانی ئیالەتی موسڵەوە هەبێ، بۆیە لەگەڵ ئەوە نەبوو کە شووڕەوی لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا هەوڵی دۆزینەوەی نەوت بدا. ئەو بابەتە لە خاڵی ٣ ی ڕێکەوتنی ئێران و شووڕەوی دا هاتووە و محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٦٣ بەشی یەکەمی کتێبەکەی دا باسی ناوچەی دیاری کراوی نەوت دەکا و دەنووسێ: ...
٣- مەرز و سنووری کە بۆ ناوچەی نەوت دیاری کراوە هەر ئەو شوێنانەیە کە لە نەخشەی جەنابی عالیدا لە ٢٤ی مارسی ١٩٤٦ دا وتووێژی لەسەر کراوە. بە ئیستیسنای هیندێ خاکی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کە لە نوقتەی ئێرانەوە مەربوتی مەرزی تورک و شوڕەوێوە دەست پێ ئەکرێ.
لەدواییدا لە قەراغی ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی رەزائیەیەوە هەتا شاری میاندواو- بە ناوچەی نەوت دائەنرێ بە پێی ئەو نەخشەیەی کە لە ٤ی ئاوریل پێکهاتوە.
لەو کۆبوونەوەدا بڕیار درا کە بە هاوکاری دەوڵەتی شووڕەوی، ئاڵوگۆڕێک لە ڕێبەری حیزبی تودە دا پێک بێ و کامبەخش یان کەشاوەرز بین بە ڕێبەری حیزبی تودە و پەیوەندی نێوان فیرقە و حیزبی تودە پەرە بگرێ. هەروەها بڕیار درا تەواوی ئارشیوەکانی فیرقە رەوانەی شووڕەوی بکرێ.
پیشەوەری لە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاتاکیشیف جێگری وەزیری ئەمنیەتی ئازەربایجان شووڕەوی، بەوپەڕی نائومیدی تەواوی کێشە و گیروگرفت و فێڵ و حوقەبازی ئێرانییەکان و قەوامی بۆ بەیان کرد. دیارە ستالین بە هۆی باقرۆف ئاگاداری هەموو ئەو بوچوونانە بوو و هەموو شتێکی دەبیستەوە.
ڕێبەرانی فیرقە داوایان لە باقرۆف کرد کە بۆ ڕزگاربوون لە قەیرانی ئابووری و پێکهێنانی بە پەلەی ئەرتەشی نەتەوەیی، لانی کەم دەبێ دە ملیۆن تمەن، سەد ئوتۆمبیلی بارهەڵگر، دەرمان و کەرەستەیتریان بدرێتێ و بیست ئەفسەری ئازەربایجان بۆ پەروەردەکردنی پاسەوانیی سنوور، بۆ ئازەربایجان بنێردرێن.
دواتر ڕێبەرانی باکۆ داوای پێداویستی زیاتریان لە ستالین بۆ ئازەربایجانی خوارو کرد و داواکرا کە ڕێ بدرێت، کاتی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤییەت ٤٢ ئەفسەر و ٥٩ راهێنەری سەربازیی باکۆ، بۆ پەروەردە کردنی ئەرتەشی نەتەوەیی ئازەربایجان بمێننەوە. چەک و تەقەمەنی پێویست و چەک و چۆلی ٣ مانگی ئەرتەشی ئازەربایجان دابین بکرێ و رادەی ٢٧٠ خوێندکاری لە زانکۆی باکۆ وەربگیردرێن و دەرمان و کەرەستەی پێویستی پزیشکی دابین بکرێ.
سەرەڕای ئەوانە باقرۆف، ڕێبەرانی فیرقەی هان دا تا هەوڵ بدەن لە دۆخێکی تردا خەبات بکەن. چالاکی ئازادانەی سەندیکاکانی کرێکاری و هێزی چەکداری بە توانا پێک بێنن و بە پشتوانی مەعنەویی رووس و خەڵکی ئازەربایجان، شکۆ و هەیبەتی فیرقە، تەنانەت بە بوونی ئەرتەش لە سنوورەکان دا، بەرز رابگردرێ.
باقرۆف تەنانەت شێوەی چاوپێکەوتنی کاربەدەستانی فیرقەی لەگەڵ دەوڵەتی تاران دەستنیشان کرد. پیشەوەریی بەوکارانە توڕە بوو. ئەو باوەڕی بە قەوام نەبوو و لەوبارەوە گوتی:
بە بیستنی ئەو بەڵگەیە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٢٠ی گیلان کەوتنەوە بیرم. ئەو کاتەش دۆستە شۆڕشگێڕەکامان ئێمەیان فریودا و کۆنەپەرستانی ئەو سەردەمەش بەرەبەرە گوشارەکانیان خستە سەر ئێمە و لە ناویان بردین و کەسانێک ڕزگاریان بوو کە توانییان بەرەو وڵاتانی تر کۆچ بکەن. ئێستاش هەمان دۆخ دووپات دەبێتەوە و ...
باقرۆف بۆ ستالینی نووسی کە پیشەوەری هەموو فەرمانەکانی ئەوان بەڕێوە دەبا و نووسی کە بۆچوونی ئەو ئاوایە:
پیشەوەریی دەڵێت ئامانجی قەوامولسەڵتەنە لەناوبردنی بزوتنەوەی دیموکراتی و هەموو ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستکەوتانەیە کە گەلی ئازەربایجان تا ئێستا بەدەستی هێناون.

کوردستان لە بازنەی ئەو قسەوباسانەدا دوور بوو و بە هێند نەگیرا بەڵام لە راستی دا، کێشەکان بۆ هەر دوو کۆمار یەک بوو. پێشەوا قازی ئاگاداری هەموو ئەو گۆڕانکاریانە بوو و رێبەری کۆمار لە سەر ئەو بڕوایە بوو، کە مانەوەی ئازەربایجان، مانەوەی کوردستانە.

تەفرشیان لە لاپەڕەی ٢٧٢دا، دەنووسێ کە رووسەکان کاتێک ئێرانیان بەجێهێشت ئەو چەک و کەلوپەلانەی کە دابوویان بە سوپای ئازەربایجان، بردیاننەوە و تەنیا چوار تۆپی ٧٥ مابووە کە پێشتر ئی سوپای ئازەربایجان بوو. ئەوانەش دوو دانەیان بە فەرماندەری نەقیب هورمزان ناردران بۆ "قافلانکوو" و دوو دانەکەی دیکەش بە فەرماندەری تەفرشیان ناردران بۆ بەرەی سەقز و لە شوێنێک بە سەر شاردا دامەزراندران. هەروەها تەورێز دوو دانە باڵەفڕیان هەبوو کە مورتەزا زەڕبەخت و عەلی جوودی، لە ژێر دروشمی " ئەرکی فڕین بەرەو ئازادی" بە بێ بۆمب بۆ تەورێزیان فڕاند.

هەر لە چوارچێوەی دەست قوچاندن و کەم کردنەوەی یارمەتییەکانی رووس بە کۆماری ئازەربایجان و کوردستان عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٧٩ ی بیرەوەرییەکانی دا لە زانکۆی ئەفسەری تەورێز دەنووسێ:

لەگەڵ خراپتر بوونی وەزعەکە، رۆژێك بە بیانوی ئەوەی کە برا کوردەکان لە بەرەی سەقزی هیچیان نییەو دەیانهەوێ هێرش بکەنە سەر شاری سەقز و تا کرماشان بگرن، یەکی یەك پەتویان لێ ئەستاندین. ئەوە ئەتۆ مەزانە کە رووسەکان دەیانهەویست، وردە وردە بێ ئەوەی کۆماری ئازەربایجان بزانێ، چەك و چۆڵ و شتە باشەکانیان لێ بستێننەوە.

عەلی مرادی مەراغەیی لە بەڵگەی ژمارە ٤٣ ی لاپەڕەی ٣٥٤ کتێبی "ئینکار و مقاوەمەت"دا، نامەی باقرۆڤ بۆ ستالینی هێناوە کە باسی هەڵوێستی خەڵکی ئازەربایجان و کوردستان و باڵوێزەکانی ئەمریکایی و ئینگلیسی و تورکییە دەکا. باقرۆڤ دەنووسی کە چوونە دەری رووس بۆتە هۆی ناڕەحەتی کرێکاران و رووناکبیران و جوتیاران و ئەوانە لە ئەوەڵەوە دەیانزانی کە چوونەدەری هێزەکانی رووس، دەبێتە هۆی ئەوە کە کۆنەپەرستان بە دژی ئازادیخوازان وەخۆ کەون. بەڵام بەو حاڵەش ئەوان لە خەبات و تیکۆشان گومانیان نییە.

لە هەموو ئەو شارانەی کە هیزێ رووسی لێیە و هەروەها لە ناوەندەکانی فەرهەنگی ئیران شووڕەوی رێوڕەسمی بە شکۆێ بەرێکردنی هێزکانی رووس بە وتاری رێزلینان و پێشکێش کردنی دیاری لە لایەن هەموو چین و توێژە پێشکەوتووەکان و هەروەها بە بەشداری ژنان، بە شکۆوە بەڕێوە چووە.

زیاتر لە ١٠٠ کەس لە خەڵکی تەورێز، هێزەکانی ئێمەیان بە شکۆوە بەڕێ کرد و دەیانپرسی بۆ دەڕۆن و بۆ بەجێمان دێڵن. خۆشبەخت بن، لەبیرمان مەکەن. لەو رێوڕەسمانەدا کوردە بەدەستەڵاتەکانی شمالی کوردستان، بەشدار بوون. باقرۆڤ لە راپۆرتەکەی دا دەنووسێ، سفارەتی ئینگلیس لەم کاتانەدا تەواوی ئاکار و کردەوەکانی فرقەی خستۆتە ژێر چاوەدیری و خەریکی کۆ کردنەوەی زانیاری لەسەر یاسا و کردوەکانی فرقەیە و مەتنی هاوکاری ئازەربایجان و کوردستانیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە زمانی خۆیان وەرگێڕاوتەوە و لەسەر داوای دەوڵەتی ئێران کاریان لەسەر مێژووی محەممەدی خەیابانی کردووە و بۆیان ناردون. لە حەوتوو دا چەند جار لە سفارەتی ئینگلیس، باڵوێزەکانی ئەمریکا و ئینگلیس و تورکییە کۆ دەبنەوە و وەزعییەتەکە هەڵدەسەنگێنن و وەک حکومەتان بڕیار دەدەن. باڵوێزی ئینگلیس بۆ بە راوێژکاری سەرەکی باڵوێزەکان و باڵوێزخانەش بۆتە ناوەندی دەعوەتکاری نارازیان و لە بانکی شاری رەشت بەشێک کراوەتەوە کە پارە دەدا بە کەسانی دواکەوتوو کە خەریکی رێکخستن و کاری ئاژاوەن. باقرۆڤ دەنووسێ کە بۆی هێندێک زانیاری مەئمووری نیزامی ئەمریکا لە ئێران دەیهەوی کاپیتان گاگارینی رووسی کوردستان بە جێ بێڵی و باسی چاوپێکەوتنی گاگارین و پێشەوا قازی محەممەد بە رێکەوتی ١٧ بانەمەڕ (١٠مانگی مەی لە تەوریز دەکا کە ئەو پرسیارانەی لیکردووە:

١ - ئایا قازی محەممەد موخالیفی هاتنی ئەو بۆ کوردستان بۆ کۆ کردنەوەی زانیاری لەسەر ژیان و گوزەرانی کوردان نییە؟

٢ - ئایا چەکی ئەمریکایی و ئەو چەکە کەمریانەی کە ئەفسەرانی کورد پێیانە، لە رووسانیان وەرنەگرتووە؟

٣ - ئایا قازی محەممەد نایهەوێ بڕوا بۆ ئەمریکا؟

قازی محەممەد ئاوا وڵامی پرسیارەکانی سەرەوە دەداتەوە.

١ - ئەگەر حکومەتی میللی ئازەربایجان رازی بە هاتنی گاگارین بۆ کوردستان بێ ئێمە رێگری لێناکەین.

٢ - کورد هەر چەکی ئەمریکایی پێ نییە بەڵکوو هەر لە زەمانی رەزاشایەوە چەکی ئینگلیسی و ئاڵمانی و زۆر وڵاتی دیکە لە دەست کوردان دا هەیە.

٣ - رێگای چوون بۆ ئەمریکا ئاوەڵەیە و هەرکات بکرێ دەتوانیین بچین.

باقرۆڤ لە درێژەدا دەنووسێ کە ئەندامانی فرقە رازی بە هەرچەشنە رێکەوتنێک لەگەڵ قەوام نیین. م.ج.باقروڤ

ي.ي.ماسلنیکۆڤ

١٩٤٦/٣/٢٣- ١٣٢٥ بانەمەڕ

## کاریگەری چوونە دەری رووس لە سەر کورد

چوونە دەری هێزەکانی رووس، پشتی کاربەدەستانی هەر دوو کۆمار ئازەربایجان و کوردستانی شکاند و بوو بە هۆی نائومێدی زۆربەی خەڵکی کورستان و ئازەربایجان. رووسەکان لە رێکەوتن لەگەڵ ئێران پرسی ئازەربایجان و کوردستانیان بە کێشەی نێوخۆیی بە حیساب هێنا و رێگای ئیسلاحات لە سەر بنەمای یاسای وڵاتی ئێران، کە بە روحییەی خێرخوازانە نێوان دەوڵەت و خەڵکی ئازربایجان، دەژمێردرا، کردە مەبەست.

بەمشێوەیە ئەو دوو کۆمارە کە هەموو هیوا و هۆمێدیان، دەوڵەتی شووڕاکانی رووسیە بوو،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێ هیوا کران. دیارە کاربەدەستانی کورد بە پێچەوانەی ئازەبایجان ئەو رووداوەیان زۆر وەسەرخۆ نەهینا. رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤٦ لە بابەتی جێژنی مانگی مەی دا، دوای مەبارکبایی لە زەحمەتکێشانی سۆڤییەت، ئاماژە بە رۆیشتی ئەرتەشی شوورەوی دەکا و دەنووسێ:

... موتەسفانە دەوڵەتی موعەزەمی شورەوی یەعنی ئەرتەشی سوور ئەو رۆژانە خوداحافیزیمان لێ دەکا. ئەڵبەتە لەو دووربوونەوەی دۆستی خۆشەویستی خۆمان میللەتی کورد زۆر موتەئەسفە و ئومێدیان هەیە لە گەڵ ئەو میللەتی رەشیدی سوویەت لەوەدوا زیاتر ئیرتیباتمان بەرقەرار بێ و لە هەموو نەوعە یارمەتی ئیقتسادی و غەیرە دریغیمان لە گەڵ نەکەن.

بە پێی لاپەڕەی ٢١٥ی کتێبی رەحیمی قازی، بە نەقل لە ئاڕشیوی حیزب، دەستنووسی ژمارە ٦٨ بە دوای چوونەدەری هێزەکانی شووڕەوی، قازی محەممەد لە نامەیەک دا بۆ سەرکۆماری ئازەربایجان نووسێ کە خزمەتی رووسەکان لە دڵی کوردان دا هەر دەمێنێ و فەرامۆش ناکرێ و ئەوە جێی باوەڕ نییە کە رووسەکان دوای چوونە دەریان روو لە نەتەوە بەش خوراوەکان وەرگێرن.

هەرچەند ئەڕتەشی شووڕەوی راستەوخۆ لە کوردستان دا نەبوو و تەنیا چەند مەئمووری رووس لە پەیوەندی لە کاروباری کوردستان دا بوون، بەڵام بە رۆیشتنی رووسان خەڵک زۆر نائومیدی بوون. دوژمنانی کورد و ئازەری لە نیوخۆدا هەستیان بە خۆشی کرد و بۆ دژایەتی لەگەڵ کۆمارەکان سوورتر و لێبڕاوانە دەست بە کار بوون. ئەڕتەشی رووس بە بێ هیچ چەشنە بەڵێنییەک، خەڵکی ئازەربایجان و کوردی بەجێهێشت و تەنانەت دواتر دەرکەوت کە کونسوولگەرییەکانی شووڕەوی یارمەتیان بە سەقامگیری رێژیم پاشایەتی کردەوە.

هیوا و هۆمێد و چاوەڕوانی گەلی کورد لە ئەڕتەشی سوور، لە شێعری "ئاوەنگی سووری" مامۆستا هێمن دا بە جوانی دەردەکەوێ کە بە بۆنەی رۆیشتنی لەشکری سوور داینا و لە تەورێز لە شەوی شێعر دا خوێندییەوە و لە کوردستانی ژمارە ٤٤ دا، چاپ بوو. چەند بەیتی بە شێوەی خوارەوەیە:

...

فرمێسکی سووری کوردی داماوم
کە لە سوێی ئوردوی قزل رژاوم
ئەنجام و دوایی چاکە ئەوەیە
ئوردوی مێهرەبان دۆستی وای هەیە
لە پاش رۆیشتن لە دووی دەکەن شین
لە چاویان دەتکێ فرمێسکی خوێنین
ئەی لەشکری سوور ئەی ئوردووی زەفەر
ئێستا کە دەڕۆی لێرە دەچیە دەر
خودات دەگەڵ بێ و ئەوەی بزانە
جێی تۆ هەمیشە دڵی کوردانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەی ئەو فرشتەی کوردت کرد ئازاد
لە ژێر پەنجەی دێوی ئیستیبدا
لەوەی بە دواوەش قەت مەیکە لە بیر
حەیفە بە تەنها کورد ببێ یەخسیر

مامۆستا هێدی لە لاپەڕەی ١١٩ کتێبی ئاێنەی شکاو دا دەنووسێ:

روسەکان بەو بەڵێنە هیچ و پووچە کە ئەوان نەبێ هەموو کەس دەیزانی درۆ و دۆڵابە بۆ پێچانەوەی بارگە و بنەی خۆیان وا وە پەلە کەوتن کە کابرا گوتەنی لە جیاتی سەری وڵاخ کلکیان لغاو دەکرد و ئیتر دۆستە دڵسۆزەکانی کورد و تورک نە دۆستیان لەبیرما نە دوژمن و ئەگەر قاچێکیان هەبوو کردیان بە دوو و تێیان تەقاند بۆ ناو بەهەشتەکەی خۆیان و کوردیان بۆ کارەساتەکانی دوایی بە تەنیا هێشت.

هێزی رووس کە تا ئێستا بە لای زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک، بە رزگاریکەر بە حیساب دەهاتن، ئەوجار رێزیان نەما و شایەران و بەندبێژان بە گۆرانی، بێرێزیان پێدەکردن:

دەبڕۆ دەبڕۆ ئەی رووسە
قەول و قەرارت پووچە
خەڵکت هێنایە مەیدان
بە قەول و بە درۆو مەکران
موو زەردی چاوشینەکە
بۆ لێم کەوتییە فێڵەکە
هەڵێ هەڵێ سوورەی قزە
کەلاکت وا لە سەقزە

بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی رووس دڵی عەشایری خائین خۆش کرد، و زۆربەی عەشایری کوردستان پشتیان لە کۆمار کرد. عەبدوڵای ئەحمەد رەسووڵ پشدەری لە لاپەڕەی ٧٠ی کتێبەکەی دا" یادداشتەکانم لە کۆماری کوردستان" دەنووسێ، عەوڵای بایزئاغا سەرۆکی عەشیرەتی مەنگوڕ و عەزیزی قەرەنیاغا مامەش و قاسمی حاجی بایزئاغا و حەمە رەشید خانی بانە و عومەرخانی شکاک لە بنەوە پەیوەندییان بە کاربەدەستانی ئێران و ئەمریکایی گرت. بۆ ئەو مەبەستە سەرتیپ همایونی لە سەقز جێگیر بوو و پەیوەندی بەوانەوە گرت و پووڵ و پارەی بە سەر دابەشین.

عەوڵای بایزئاغا و عەزیزی قەرەنیاغا بە ئاشکرا دەستیان بە دژایەتی لەگەڵ کۆمار کرد و رێبەریی کۆمار هێزی کۆ کردەوە تا لێیان بدا. بەڵام ئەوان هەڵاتن و پەنایان بۆ عەشیرەتی پشدەر لە دەوروبەری قەڵادزێ برد.

رێبەریی کۆمار مەجبوور بوو بۆ کار قایمی و پارێزگاری لە بەرەی شەڕ، پشت بە هێزی عەشایری وەفادار ببستێ و بە پێی رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤٥ ئێلی هەرکی بۆ پارێزگاری لە سنوورەکان هاتنە مەهاباد و دەنووسێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئالا بە پیرەوە بردن: ڕۆژی ٢٥/٢/١٦ ساتی ٦ ی ئێوارە کە پێشمەرگان و لەخۆبوردوانی ئێلی قارەمانی هەرکی گەیشتنە قەراخ شاری ئالای موقەدەسی کوردستانیان بە پیرەوە بردن و لە نێو هەست نواندنێکی لە ئەندازەبەدەر واریدی کران. هەر کە گەیشتنە پێش کانگای حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاغایانی زێرۆبەگ و تەها ئاغای هەرکی دەستگای ئیستاسیۆنی رادیۆیان دیدەن کرد و یەکی سەد تمەنیان باربووی دەستگای ئیستاسیۆن کرد و ئاغای زێرۆبەگ نوتقێکی بەتینی خوێندەوە. لە زیمن دا گوتی: ئێمە تا ئاخر تنۆکی خوێنی خۆمان لە کوردستان قارەمانانە پارێزگاری دەکەین و لە باتی ئەو ئالایە کە بە ئێمەتان پێشکەش کردوە، ئێمەش ئامادەین بە کۆمەگی خودا شارێکی گەورەی کوردستان بۆ ئێوە بگرین و بە تەواوی چەك و موهیماتەوە پێشکەش بە حکومەتی کوردستانی بکەین.

لەو سەردەمەدا مەترسی لە هێرش و پلاماری عەشایر بوو بە رواڵەتێکی گشتگیر و هێزی خائینی عەشایر بۆ بشێوی و هاڵۆزی لە هەموو لایەک را، لە ئامادەیی دا بوون. عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٩٢ی کتێبەکەی دا دەنووسێ:

لە بیرمە رۆژێك پێشەوا لە ماڵ نەبوو و لە تارانێ بوو ئەمن لە سەربانی مەحکەمەی راوەستابووم و دەمڕوانییە دەشتی لای وسووکەند و قەرەبرایمی. خانووەکە بڵیندبوو کەوتبووە پشتی شارەداری و لەوێ را نێو حەساری شارەداریم لێ دیار بوو. سەدیقی حەیدەری ئەفسەری کۆمار و مامە وەهابم کە ئەویش ئەفسەری باربەری بوو، لەگەڵ سەردار سەلیم کە ئەویش لە ماڵە ئێمەدابوو، لە حەساری شارەداری قەدەمیان لێدەدا و دەهاتن و دەچوون و هەر لە منیان دەپرسی: "ئەرێ لەو خوارانە را هیچ دیارنییە؟ ئەمنیش چم لێ دیار نەبوو هەر دەمگووت ناوەڵا. هێندێکی پێچوو لەسەر را کاك سەدیق دەرکەوت و گووتی ئەرێ نەگەیشتنێ، ئەمنیش کە ئەوجار روانیمەوە تەماشام کرد هێزێکی گەورەی سوارە نیزام کە ئالای کوردستانیان هەڵ کردبوو، سێ سێ و چوار چوار لە دوور دەرکەوتن و نیزیك بە ٥٠٠ سوار دەبوون. ئەوجار گووتم: "بەڵێ هاتن ئەوە وەدەرکەوتن، ئەوە گەیشتنە زەوی قەرە برایمی داوێنی خەزایی، هێشتا بنەی نەهاتووە" گووتی: "دەچاکە مزگێنیت کەوت".

زۆرم پێ سەیر بوو بۆچی ئەوانە وابە پەرۆش و تەنگاو بوون، دوایە لە مامە وەهابم پرسی: ئەرێ مامە بۆ کاك سەدیق گووتی مزگێنیت کەوت؟ مەگەر ئێوە نەتاندەزانی کە ئەو هێزە دێ؟

ـ کوڕە ماڵت نەشێوێ ئەگەر ئەوڕۆ ئەو هێزە نەگەیشتبایە، زۆربەی عەشایرەکان خۆیان سازکردبوو کە ئەوشەو بە سابڵاغێ دادەن و چوونکە خەڵك شەڕی دەکرد، قەتڵی عامێکی زۆر دەکرا و وەزعەکەمان بە تەواوی پەرێشان دەبوو. بۆیە هەر چاوەروانی ئەو هێزە بووین و دەنگمان نەدەکرد.

فەرماندەری ئەو هێزە زێڕۆ بەگی هەرکی بوو کە بەو بەری چۆمی دا هاتن و لە پردی سوور پەڕینەوە هاتنە نێو شاری و لە شوێنی دیاری کراودا جێگیر بوون. ئیدی بە هاتنی لەشکری زێڕۆبەگی هەرکی، هێرشەکە فەشەل بووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر لە پەیوەندی لەگەڵ چوونەدەری هێزەکانی رووس، محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٧٨ بەشی یەکەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..."دا دەنووسێ کە رۆژێ ١٩٤٦/٤/١٦ پێنج ئەفسەری رووس چوونە سەرا و چاویان بە محەممەد رەشیدخان کەوت و گوتیان ئێمە ئێران بەجێی دێڵین ئێوە چ دەڵێن. محەممەد رەشیدخان گوتی ئێمە و ئێرانییەکان دوژمنایەتی مێژووییمان هەبوو. لەو ئاخرییەدا کێشەمان نەمابوو ئێوە هاتن زیندووتان کردەوە و ئێستاش بێ ئەوەی چەکوچۆڵێکمان بدنێ تا بەرگری لە خۆمان پێبکەین، بەجێمان دێڵن. بەداخەوە ئەوەی لەسەر رووسان بیستبووم کە پارێزگاری لە نەتەوە چەوساوەکان دەکەن بە درۆ دەرچوو. ئەفسەری رووس گوتی کە دەوڵەتی رووس ٩٠ تانک و ٨ فڕۆکە و چەک و چوڵی زۆری داوە بە تەورێز و ئەگەر لەگەڵ ئەوان نەتان توانی پارێزگاری لە خۆتان بکەن ئەوە ئێمە دەگەڕێنەوە.

بە گشتی بە دوای بڕیاری چوونەدەری هێزەکانی شووڕەوی و دەست پێکردنی وتووێژی ئێران و ئازەربایجان و کوردستان، قوناغێکی نادیار و پڕ لە گرێ و گۆڵ، جمگەکانی سیاسی ناوچەی داگرت. رووس لەگەڵ تاران سازا و هەوڵی دا کورد و تورک بەرژەوەندییەکانی بپاریزن و بچنەوە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی ئیران. زەختی رووسان وای نیشان دەدا کە دەوڵەتی قەوام بە پێچەوانەی بەشی لەشکری، بە دانی وادە و بڵێنی بە درۆ، توانیبووی ئازەربایجان و کوردستان بە قەناعەت بگەیەنێ کە بە ماڤەکانیان دەگەن.

بە گشتی سیاسەتی نوێی رووس لە ئازەربایجان دا، ریزی یەکگرتووی فیرقەی بە دوو بەرەی لایەنگری ئێران و دژبەری ئێران دابەش کرد. لایەنگرانی دەوڵەت بۆ باڵادەستی ئێران لە ئازەربایجان هەوڵیان دەدا و لە دژی کۆماری ئازەربایجان دەجووڵانەوە و کەندوکۆسپیان بۆ پێک دێنا. لە کوردستان ریزی ئەندامانی حیزب یەکگرتوو بوو، بەڵام لە ژێر کاریگەریی سیاسەتی نوێی رووس دا، رۆژ بەرۆژ بەرەی عەشایر بە دژی کۆمار، بە هێزتر دەبوون و یەک ریزی لە نێو کوردانیش دا نەما. مەیدان بۆ دەستتێوەردانی رێژیمی ئێران خۆشتر بوو و ئەو رێژیمە بە دنەدانی هۆزەکانی کورد، توانی ئەوان لە ژێر ئەمری کۆمار دەر بێنێ و وەک ئاتۆیەکی بە هێز، بە دژی دەوڵەتی کوردی کەڵکیان لێوەرگرێ.

لە هەل و مەرجێکی ئەوتۆ دا دەبێ پێشەوا قازی هەوڵی دا بێ کە لە ئەمریکاییەکان نیزیک بێتەوە تا کارێک بکا کە رای ئەوان بۆ لای کێشەی کورد رابکێشێ. حەسەنی قازی لە سایتی ئێنترنێتی دا ئاماژە بە چاوپێکەوتنی پێشەوا لەگەڵ کاربەدەستانی کونسولی ئەمریکا لە تەورێز دەکا و دوای ئەوە تیبینی دەدا و دەنووسێ: لە هاوینی ١٤٠٠- ی زایینی لە ئێران کتێبێک بە ناوی ″ انکار ومقاومت ″ سەبارەت بە دوو بزووتنەوەی کوردستان و ئازەربایجان بە قەڵەمی عەلی مرادی مەراغەیی بڵاو بووەتەوە. لە پاشکۆی ئەم کتێبە دا، نووسەر ٥٣ سەنەدی هێناوە کە وەکوو ″سەنەدی ئەو پەڕ نهێنی ئیتحادی جەماهیری شووڕەوی″ ناوزەدی کردوون. بە پێی قسەی نووسەر ئەو بەڵگانە بە زمانی ماکی ڕووسی و وەرگێڕدراوی ئینگلیسی لەبەر دەستن. ئێمە بە دڵنیاییەوە نازانین وەرگێڕدراوە فارسییەکان تاچ ڕادەیەک بە دەقی ماک وەفادارن. بەڵگەی ژمارە ٤٢ لەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبەدا سەبارەت بە دیداری پێشەوا قازیی محەمەدە لەگەڵ کاربەدەستێکی کۆنسولخانەی ئەمریکا لە تەورێزە...

... نووسەر ئەم شیکردنەوەیەی سەبارەت بەو بەڵگەیە نووسیوە و دیارە لە نووسینی ڕۆژی تاریخی هەتاویدا هەڵەی کردووە، ڕۆژەکە دەبێ ٧-ی بانەمەڕ بێ:

حەسەنی قازی لە درێژەدا دەنووسێ: لە دوای وەدەرکەوتنی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران قازیی محەمەد ڕێبەری کوردەکان لەگەڵ مەئمووری کۆنسولخانەی ئەمریکا لە تەوریز وتوێژی کرد کە ناوەرۆکی ئەم وتوێژە لەلایەن جاسووسە ڕووسەکان لە ئێران کەشف کراوە و میر جەعفەر باقرۆڤ و ماسلنیکڤ دەقی ئەم گفتوگۆیەیان بۆ ستالین ناردووە:

نامەی باقرۆڤ و ماسلنیکۆڤ بۆ ستالین سەبارەت بە دیداری پێشەوا قازیی محەمەد و کاربەدەستێکی کۆنسولخانەی ئەمریکا تەوریز.

بۆ هاوڕێ ستالین

قازیی محەمەد ڕێبەری کوردستانی ئێران لە ٢٥- ی ئاوریلی ١٩٤٦ لە تەوریز دیدار و گفتگۆی هەبووە لەگەڵ مەئموری کاتی کۆنسولخانەی ئەمریکا پۆختەی قسەکانیانتان بۆ دەنێرین:

کۆنسوول: لە ورمێ شارومەندانی ئەمریکایی ئێمە دەژین، بێتو هەر شەڕ و ڕاپەڕینێک لە ورمێ ڕوویدا من تکاتان لێ دەکەم بۆ پاراستنی گیانی ئەوان.

قازیی محەمەد: هیچ جۆرە هەڕەشە و مەترسییەک بۆ سەر ورمێ و شارومەندانی ئەمریکایی لە گۆڕێ دا نییە. لە ورمێ ئازەربایجانییەکان، ئاسووریییەکان، ئەرمەنییەکان و کوردەکان وەک خێزانێکی یەکگرتوو بەیەکەوە دەژین و هیچ خیلافێکیان لە نێواندا نییە. ئەمن بەڵێنیتان پێ دەدەم کە هیچکەس ناتوانێ چەتێک و خیلافێک لە نێو ئێمە دا ساز کا و ئێمە ئیزن نادەین کەسێک سەدەمە بە دۆستایەتیمان بگەیێنێ.

کۆنسوول: بەر لە شەر سەبارەت بەو گیروگرفتانەی دەهاتنە گۆڕێ  نوێنەرانی خۆیان دەنارده ئەمریکا ئەمە چ بووە کە ئێستا نوێنەرانی کورد ڕوو لە ئەمریکا ناکەن؟

قازیی محەمەد: ئێمە نوێنەرانی کوردستانی ئێران تەنیا سەروکارمان لەگەڵ کوردەکانی خۆمانە و کارمان بە کوردانی تورکیا، عێراق و کوردەکانی دیکە نییە. ئەگەر ئێوە وەکوو نوینەری ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بتانەوێ نوێنەری ئێمە بێن ئێمە ئەم بانگهێشتنە قەبووڵ دەکەین وبە گیان و دڵ نۆینەرانی خۆمان دەنێرین بۆ ئەمریکا،

کۆنسوول: ئێوە هەڵبەت دەتوانن نوێنەرانی خۆتان بنێرن بۆ ئەمریکا بەڵام نەک بۆ کاروباری تایبەتی، لەبەر ئەوەی کە کوردستان دەوڵەت نییە. قەواموسەلتەنە هێندێک نوێنەری ناردووە بۆ ئازەربایجان ئایا حکوومەتی تاران بۆ دیدار لەگەڵ کوردەکانیش نوێنەری ناردووە؟

قازیی محەمەد:  ئێمە چاوەڕوانی ناردنی هێچ نوێنەرێک لە تارانەوە ناکەین هەڵبەت حەوجێشمان بەوە نییە. ئازەربایجانییەکان و کوردەکان یەک گەلن و یەک بنەماڵەن و ئازەربایجانییەکان دەتوانن لەگەڵ ئەو نوێنەرانەی کە لە تارانەوە هاتوون ئەگەر بە مەسەڵەحەت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بزانن له مەڕ کاروباری ئێمەش قسه بکەن.

کۆنسوول: بیروڕاتان له مەڕ کارو بار و گفتوگۆکانی نێوان ئازەربایجانییەکان و نوێنەرانی تاران چییه؟

قازیی محەمەد: ئەمن دڵنیام که ئەم گفتوگۆیانه بەر وبووی باشی دەبێ چونکه گەلانی ئازەربایجان و کوردستان شتێکی زۆریان له حکوومەتی ئێران ناوێ و نایانەوێ له ئێران جیاببنەوە. ئێمەش وەکوو گەلەکانی دیکەی ئێران له ڕێژیمی ئێستا ڕازی نین و ئەگەر قەوام به پێی ئەو قسانەی که دەیکا ببزوێتەوە و ئەگەر به ڕاستی ئینسانێکی دێمۆکڕاتیک بێ ئەو دەمی وڵامی ئەرێنی دەداتەوە به داوخوازە قانوونییەکانی ئازەربایجان.

کۆنسوول: ئەمن هیچ ئیعتراز ناکەم  ئێوە سواری ماشێنێکی جیپ بن که له ئەمریکا ساز کراوە بەڵام کوردان سەرەتی دەدەن به کامەیان ماشێنی ئێمه یان سواری ئەسپ؟

قازیی محەمەد: ئەوەی که کوردەکان سەرەتی دەدەن به کامیان به تەواوی ڕوونه ئەمریکا له ڕووی تێکنیکییەوە وڵاتێکی پێشکەوتووە بەڵام ئێوە هەتا ئێستا تەنانەت ماشێنێکیشتان به ئێمه نەبخشیوە ئێوە له پێشدا ماشێنەکەمان بدەنێ جا دوایه پرسیار بکەن.

کۆنسوول: ئەمن پێم وایه ئێوە ئەو ماشێنانەتان له ئەڕتەشی ئێمه که ئێرانیان بەجێهێشتووە کڕیوە.

قازیی محەمەد: ماشێنەکانمان له تاران به پارە کڕیوە. ئێمه دەزانین که ئەمریکا وڵاتێکی دێمۆکڕاتیکە خۆتان لایەنگری دێمۆکڕاسی و بەرژەوەندی گەلانی پچووکن ئینگلیستانیش خۆی به وڵاتێکی دێمۆکڕاتیک دەزانێ بەڵام بۆ ئێمەی کورد ڕوون نییه که بۆچی ئینگلیسییەکان له قسەکانیاندا که له ڕادیۆی لەندەنەوە بڵاو دەبنەوە، بوونی ئێمه به هەڕەشەیەک دادەنێن بۆ سەر ئاشتی و داوخوازیان ئەوەیه داودەسگاکانی ئێمه نابوود بکرێن ئێمه قەت ناتوانین قسەی ئاوا له زمان وڵاتێکەوە که بەخۆی دەڵێ دێمۆکڕات دەرک بکەین ڕەنگه ئێوە بتوانن ئەو مەسەلەیه بۆ ئێمه ڕوون کەنەوە.

کۆنسوول: ئێمەئ ئەمریکایی ناتوانین ئەوەی له ڕادیۆی وڵاته بێگانەکانەوە بڵاو دەبنەوە شیکەینەوە لەوەش دەرچێ، ئێمه ناتوانین دەست له کاروباری ناوخۆیی وڵاتەکانی دیکه وەر دەین.

قازیی محەمەد: ئێمەی کورد هەست ناکەین که وڵاتانی گەورەی وەک ئەمریکا، ڕووسیا و ئینگلستان له ئێمه نزیک بن، ئێمه تکاتان لێ دەکەین یارمەتیمان بدەن تا وەکوو خەڵکی ئەمریکا ئازاد بین و ژیانێکی دێمۆکڕاتیکمان هەبێ ئێمەش دەمانەوێ وەکوو خەڵکی ئەمریکا بێ یەخسیریی بژین. ئێمەش دەمانەوێ گەلی کورد بەرەو پێشکەوتن بەرین له دواکەوتوویی ڕزگاری بێ و وەک وڵاته پێشکەوتووەکان بین.

کۆنسوول: جێی داخه که ئێمەی ئەمریکایی هیچ زانیارییەکمان له وەزعییەتی کوردەکان و ژیانیان نییه ئەگەر ئعترازێکتان نەبێ ئێمه له دوای گەڕانەوەی کۆنسوول له تاران له ماوەی سێ حەوتوو دا بێینه دیدارتان.

قازیی محەمەد: ئێمه هاتنی هیچکەس بۆ کوردستان پاوان ناکەین ئەگەر ئێوە دەتانەوێ بێنه



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەویٚ فەرموون تەشریف بێنن.

م.ج. باقرۆڤ ی.ی. ماسلنیکۆڤ

٢٧-ی ئاوریلی ١٩٤٦/ ٣- ی بانەمەڕی ١٣٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٣١

## ئازاد بوونی زەبیحی و دڵشاد رەسووڵی و قاسم قادری

لە سەردەمی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دا، ئەندامانی رێکخستنی حیزب لە سەرانسەری کوردستانی ژێر دەستی رووس، بۆ راکێشانی خەڵک بۆ نێو تەشکیلاتی حیزب، دەستیان بە چالاکی بەرفراوانی تەشکیلاتی کرد. لەو هەوڵ و تەقەلایەدا ٣ ئەندامی بە وەجی حیزب بە ناوەکانی عەبدولڕەحمان زەبیحی و دڵشاد رەسووڵی و قاسم قادری بە هوی ئەرتەشی ئێران لە ورمێ گیران و بۆ ماوەی چەند مانگ لە تاران زیندانی کران.

نەبوونی ئەو سێ کەسە کە لە بناغەداڕێژەرانی حیزبی دێموکرات بوون، بۆشاییەکی گەورەی لە نێو کاربەدەستانی کۆمار دا پێکهێنا. بۆیە دائیم داوا دەکرا کە رێبەریی کۆمار، کار بۆ ئازادکردنیان بکا. رێبەریی حیزب بە گیرانی ئەوانە زۆر سەخڵەت بوو و زۆر هەوڵی دا تا ئازاد بکرێن. بە پێی رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٣ لە جێژنی شیرکەتی تەڕەقی کە بە بۆنەی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای موعەزەمی کوردستان گیرابوو، پیرۆت ئاغای ئەمیر عەشایری لە سەر گرتنی ئەو سێ کەسە گوتی:

برایانی خۆشەویست کومەک بە مەدرەسەی گەلاوێژ شەرت نییە. ئەمە سێ برامان گیراوە و دەبێ ئەو برایانە خلاسیان بێ و خانەوادەی وان تەمین بکرێ.

پێشەوا لە وڵام دا گوتی: من لە ئێحساسات و وەفاداری ئاغای پیرۆت ئەمیر عەشایری تەقدیر دەکەم. ئەورۆ لە تەواوی خاکی کوردستان دا جێژن و شادمانییە، ئەما سێ نەفەر لە برایانی ئێمە لە ژێر دەستی دیکتاتوران دا ئەسیرن و لە نیعمەت و شادی مەحڕومن. حەقیقەتەن وەزعی وان موحتاجی فکر لیکردنەوەیە. سەرباقی ئەو هەموو غەم و ناخۆشییەی کە تووشی کەس و کاری وان بووە یەک نەفەر بە نێوی باقی حەسەنە شەل تەعەڕوزی بە نامووسی وان کردوە و دەبێ بە جەزای خۆی بگا.

ئەوانە لە مانگی ئووتی ١٩٤٥دا، لە نیزیک ورمێ گیران و ماوەی ٨ مانگ لە تاران لە زیندان دا بوون. تا بە هەوڵ و تەقەلای زۆر لە سەرەتای مانگی ١٢ی ساڵی ١٣٢٤دا، ئازاد بوون.

عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٦٤ی کتێبەکەی دا لە زمانی قاسمی قادری باسی وەزعی زیندانی ئەو دەکا و دەنووسێ:

رۆژێك ئەفسەرێك هات بەزەیی بە حاڵم دا هات. ئاخر نە چایەك نە نانێکی ئەوتۆ نە هیچ شتێکم هەبوو، بە سەربازێکی دا چادانێك چا و کەمێك قەندی بۆ ناردم. پێنج چای رەشی بە تامی تێدا بوو. دوایەش هاتەوەو پرسی کە کێم و چکارەم. ئەمنیش گووتم کە ئەمن خەڵکی مەهابادم، لە تایفەی قازیم. دوایە پرسی کە ئەمن چی سەدری قازیم، ئەمنیش گووتم ئامۆزاین.

دوای سێ رۆژ بانگیان کردم، بردیانمە بەر دەرکەی زیندانێ، ئەگەر تەماشام کرد سەدری قازی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ دەستەیەك لە ئەفسەر و کاربەدەستانی دیکە لەوێ ڕاوەستابوون. خەر کە چاوی بەمن کەوت هات، دەستمان دە ئەستۆی یەکتر کرد و گریاین.

سەدری قازی ئەوانەی نەجات داو ئەوانە کە هاتنەوە مەهابادێ، وەزع بە تەواوی گۆڕدرابوو کۆمار ڕاگەیندرابوو. لەوانە قاسمی قادری و دڵشادی ڕەسووڵی لیباسی ئەفسەریان لەبەر کرد.

مامۆستا هەژار لە کوردستانی ژمارە٢٦ دا، دوای ئەوە، سەرسوڕمانی خۆی لە کەسایەتی پێشەوا دەردەبڕێ و مان و بوونی کورد بەو دەبەستێتەوە، بە هۆی ئازاد بوونی ئەو سێ کەسە دەستە شێعرێکی داناوە  و دەنووسێ:

...

زۆر جوزئیات کێشا تا دەرچوون لە بەند

بە دیداری وان ئێمەت کرد خورسەند

بیژەن کە تۆم دی بروات ببێ پێم

جێژنی ئیستیقلال تازە بووە لێم

دڵشاد هەر شادبی وەک شادت کردم

لە زیندانی خەم ئازادت کردم

پیاوی ئازا و ژیر بەخێر بێتەوە

دوامین گریی دڵ بەو دەکریتەوە

...

ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٣ مزگینی ئازادی ئەو سێ کەسە واتا، عەبدولڕەحمان زەبیحی و دڵشاد ڕەسووڵی و قاسمی قادری بە شێوەی مزگێنی بەمشێوەیە ڕادەگەیەنێ:

مزگێنی

ولام گەیشتوە کە سێ کەسی ئازادیخواهی ئێمە: عەبدولڕەحمان زەبیحی و دڵشاد و قاسم قادری کە هەشت مانگ لەمەوبەر لە لایەن کاربەدەستانی فاشیست مەئابی ئێرانی بە ناحەق بە دیل گیران و یەکسەر بردنیانە تاران لە حەمدی خودا دەگەڵ ئازادی ئێمە ئەوانیش ئازاد کراون و ئەم ڕۆژانە خزم و کەس و برایان بەوان شاد دەبن.

لە ڕۆژنامەی ژمارەی ٦٦ ی "آذربایجان" لە باسی کوردستان دا، ئاماژە بە قاسمی قادری قازی دەکا کە لە بەر نەخۆشی جەرگ و دڵ، سەردانی زۆر دوکتورانی کردوە و چاک نەبووتەوە، بەڵام دوایە لە نەخۆشخانەی شووڕەوی بە هۆی دوکتور سەمەدۆف چاک بوتەوە و ناوبراو سوپاسی ئەو دوکتورەی کردوە.

لە بەشی هەواڵەکانی ژمارە ١٩ی ڕۆژنامەی کوردستان ئاوا باسی ئازاد بوون و گەڕانەوەی ئەوانە بۆ مەهاباد دەکا:

برایان عەبدولڕەحمانی زەبیحی و دڵشاد کە لە پێشدا وەڵامی ئازادبوونی ئەوانمان دابوو بە شانازێکی زۆر شەوی ٣- ١٢ – ١٣٢٤ واریدی ماڵی خۆیان بوون و چاوی برا و ئازادیخوایەکان و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەسوکاریان پێ روون بوو. برا قاسمی قادری لە بەر زەعفی مەزاج چەند رۆژێک لە بیمارستانی شووڕەوی لە تەوریز دەمێنێتەوە. ئەم ڕۆژانە بە هومێدی خودا دەگەڕێتەوە. لە خودا دەخوازین برا و کەسوکاری ئەم خۆشەویستانە هەمیشە بە یەکتر شاد و دڵخۆش بن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی ٣٢

## جێژنی نەورۆزی ساڵی ١٣٢٥

یەکێک لە کارە گرینگەکانی کۆماری کوردستان هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی داب، نەریت، کولتوور و مێژووی نەتەوەیی کورد و جێگیر کردنی خۆشی و شادی و کۆتایی هێنان بە بەدبەختی و چارەڕەشی و خەمۆکی خەڵکی کورد بوو. لە لایەن حکومەتەکانی زاڵ بە سەر کوردستان، بە تایبەت دەوڵەتی رەزا شا، رێ بە یادکردنەوەی بۆنە و جێژنە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکان، وەک رۆژی نەورۆز و ... نەدەدرا.

مێژووی جێژنی نەورۆز، کۆن و تێکەڵ بە ئەفسانە بووە و لە رۆژگاری نوێ دا، گەلانی تری غەیرە کورد و فارس، یادی ئەو رۆژە دەکەنەوە. بەڵام کاتێک کە بەوردی تاوتوێی ئەو جێژنە بکرێ و چەشنی هەڵسوکەتی نەتەوەی کورد لەو رۆژەدا وەبەر چاو بگیردرێ، دەردەکەوێ کە چۆن ئەو جێژنە لە هەناو دەروونی نەتەوەیی کورد دا جێی گرتووە و شوێنی تایبەتی داناوە و بۆتە غەریزە و هێمای نەتەوەیی هەر تاکێکی کورد. بێشک بنەمای ئەو هێما و رەمزە پیرۆزە نیشتیمانییە، ناکرێ پەیوەندی بە بووژانەوەی لە رادەبەدەری بەهاری جوان و دڵڕفێنی سروشتی کوردستانەوە نەبێ. قادر مودەڕیسی لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٧ دا، دوای ئەوە بە شێوەی مێژوویی دەسەلمێنێ کە جێژنی نەورۆز، جێژنی کوردانە و بە "کەیخوسرەوە"ی دەیبەستێتەوە کە پادشایەکی کورد بووە و دەنووسێ: ... جیژنی نەورۆز جیژنی خۆرەسکاو(تەبیعەت)ە. لەو جێژنەدا خۆرەسکاو لە گەڵ بەشەر بەشداری دەکا. کێو و کەژ و دەشت و چولگە، گیاندار و بێ‌گیان دەخۆشی و شادی دەکەون و جلکی رەنگاورەنگی گوڵ دەبەر دەکەن و دێنە هەڵپەڕکێ و سەما. کانیاو دەست بە هەڵقوڵین دەکەن. ئاو لە هەلدێران بە هاڕەهاڕ دێتە خوار. باڵداران لە سەر لکوپۆپی داران دەست بە خوێندن دەکەن. بەهبەها! لەو جێژنە کە خۆڕسکاو لە گەل ئێمە بەشداری دەکا...

سەید محەممەد حەمیدی لە سەر دابونەریت و گەورەیی و چونییەتی جێژنی نەورۆز و زەخت و زۆری دوژمنان لە رابردوودا، لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٧ دا دەنووسێ: ... دەزانیین کە جێژنی نەورۆز و ئاورکردنەوە و دانانی ٧ خواردەمەنی لە شەوی چوارشەمۆی پێش نەورۆزەوە وەدەرکەوتنی سێزدەبەدەر چ جێگا و مقامێکی گەورەی لە نێو کوردان دابووە و هەیەتی. بە تایبەتی شەوی چوارشەمۆ کە هەتەر و مەتەرەیە.

داخەکەم چەند ساڵ بوو لەبەر زوڵم و زۆری دیکتاتوری ئەو جێژنە خۆشەویستە لەبیر چووبوو. خۆشبەختانە ئەو ساڵ کە ئەستێرەی بەختی کورد لە ژێر هەوری چارەرەشی هاتەدەر، ئەو جێژنە تازە کراوە و بە سڵامەتی پێشەوای کوردستان تێکرار و تازە کراوە...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جێژنی نەورۆز ساڵی ١٣٢٥ لە ژێر بەڕێوەبەری کۆمار دا شکۆیەکی تایبەتی هەبوو. بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٧ ڕۆژی ٥ شەمۆ ساعەت ٨ بەیانی خەڵکی مەهاباد بە بەشداری میوانە ئازیزەکان(بارزانییەکان) و کوڕ و کچی قوتابی، کە دەستەیەکیان بە ڕەنگی ئاڵای کوردستان لیباسیان پۆشیبوو و هەروەها پێشمەرگەکانی هێزی کوردستان بە بارزانییەکانەوە، کە لە چەک دا ڕەش هەڵگەڕابوون و دەستەی موزیک لە پێشەوەیان لە نێو چەپڵەرێزان و خۆشی و شادی خەڵک دا، لە شەقامی قازی و وەفایی لای پادگان، بەرەو چوارچرا، بەڕێکەوتن. بە تێکەڵ بوونەوەی گشت ئەو ئاپۆڕا بە شکۆیە، لە مەیدانی چوارچرا، پێشەوا قازی محەممەد تەشریفی گەیشتێ و لە لایەن دەستەی پێشمەرگە، سڵاوی نیزامی لێکرا و ڕێزی لێگیرا و دوایە چووە لای قوتابیانی و بە کچ و کوڕەکانی گوت:

شاد بن کچەکانم، شاد بن کوڕەکانم (خەڵک بە گوێ لێبوونی ئەو دوو وتەیە لەبەر شادی فرمێسکیان دەڕژاند) هەر بەمجورەش بازدید و شادباشی لە پیشمەرگەکانی هێزی کوردستان و بارزان فەرموو دوایی هاتە پشتی تریبون ڕاوەستا و نوتقێکی بە تینی ئیراد فەرموو. پاش پیرۆز و ڕۆژباشی ڕۆژی تاریخی نەورۆزی کورد فەرمووی: ئەم ڕۆژانە تورکیە و ئێران و عێراق خەریکی گۆفتگۆن و دەیانەوی پەیمانی مەنحوسی "سەعد ئاباد" کە مادەیەکی بە زیانی کوردانە ئێستاش بۆ دوژمنایەتی کوردان تازە بکەنەوە و بزانن ئەو معاهدانە وەکو لە پێشدا کاغەز پارەیەک پتر نەبوو ئێستاش کاغەز پارەیەک پتر نیە ... و لە نێو بەیاناتی خۆی فەرمووی: ڕەزاشا، مستەفا کەماڵ، مەلیک فەیسەڵ کە بۆ دوژمنایەتی کوردانیان پەیمان بەست، لە ماوەیەکی کەم دا خودا لە نێوی بردن و ئێستاش هومێدمان لە خودای بەرز ئەوەیە: کە ئەو کەسانەی کە خەریکی بەستنی پەیمان بە دوژمنایەتی کوردابن بە دەستی خۆیان قەبری خۆیان هەڵدەکەنن ... و لە جەنابی مەلا مستەفا زەعیمی بارزان بەخێر هاتن و سوپاسی فەرموو و لە هێزی بارزان و ئەفسەرانی ئەرشەدی ئەو هێزە زۆری قەدردانی کرد.

بە دوای قسەکانی پێشەوا دا مامۆستا مەلا حوسین مەجدی و چەند کەسی دیکە وتاریان خوێندەوە. هاشم خەلیل زادە هەر لەو سەرچاوەیەدا دەقی وتاری مەلا مستەفای هێناوە:

خەتابەی زەعیم جەنابی مەلا مستەفای بارزانی

نمایەندەگانی بەڕێزی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەی سەرکردەکانی هێزی مەرکەزی حکومەتی کوردستان. ئەی هەوڤاڵانم سەرکردەکانی هێزی ئازادی. ئەی پێشمەرگەکان، ئەی گەلی کوردستانی خۆشەویست.

... پیرۆزبایی یەکەم جێژنی میللی سەربەستیتان لێدەکەم کە ئەمڕۆ لە پایتەختی حکومەتی کوردستان دا کە ئاڵای موقەدەسمان نیشانەی ئازادی نیشتمان و میللەتە لە سەر سەرمان دەلەرێتەوە و پێی پیرۆزی دەکەین.

خوێن ڕژاوە ئازادی دەست بەست کراوە، ڕەنج غەسب کراوە، ملی هاوارکەرانی ئازادی کەچ کراوە. ئەم هەموو بەسەرهاتە لە چاخێکی مێژوو دا، بەرامبەر بە کورد کراوە. بەم بەسەرهاتە یەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەدوای یەک دا ئاگری موقەدەسی کوردی داگیرساند و لەو ئاگرو پاک و گەرمە یەدا هەموومانی تواندەوە.

رووناکی کوژاوەی گیانی پاڵەوانانی ئازادی گەلمان لە شەمزینان، بارزان، دەرسیم، دیاربەکر و سلیمانی، ئەو رێگایەمان بۆ رووناک دەکاتەوە کە گیانمان بۆ بەخت کردوە کە بیگەینێ. رووناکی مێژووی شۆڕشمان کە لە سەر ئەو شارە بڵاو بوتەوە، خۆشی ئەم رۆژەی جوانتر کردوە.

با هەنگاوی موجاهیدەکانمان ... بکەین و پێویستی زۆر گەورە بۆ نیشتمان و گەلمان کە پێویستی رەنج و خوێن رشتمانە بهێنینەجێ. داری ئازادی بۆ گەلا کردن و بەردانی، خوێنمانی دەوێت.

پێویستە لە سەرمان کە پیلانی شەو دزانەی کە لە ئانقرە کۆبوونەتەوە تێک بدەین و بە فەزلی رێکخستنی هێزمان وەکۆ کردنەوەی بەرانبەر دوژمنی سەربەخۆئیمان ئەم پلانە تێک دەچێت و دیسان بە پشتیوانی میللەتە ئازادیخواهەکان بۆ ئامانجی عادڵمان گفتی نمایەندەی عێراق لە ئانقەرە، لە بابەت شۆڕشەکانی کورد و لە کەفاحەدا زیاتر گیانیکی پۆڵاییمان دەداتێ. ئەگەرچی هێزی عێراق بەشی کوژاندنەوەی شۆڕشی موقەدەسمان ناکات دەڵێ و رادەگەیەنێ کە سەد هەزار پێشمەرگەی بێگانەی هاریکار هەیە. لەبەر ئەوەیە و پێویستە لەسەر شانمان کە ئێمەش بڵێین کە هێزی رەشی پارێزگاری ئیستیعمار و داگیرکەری بێگانە و کۆنەپەرەستی عێراق هیچ دەمێک ناتوانێ خۆی لەبەر هێزی رووناکی و ئازادی دا رابگرێت، هێزمان لە میللەتێکی رەنجدەر بۆ ئازادی و نان وەرگیراوە. لەبەر ئەو سەرکەوتنمان حەتمییە.

ئەوە شەرەفێکی زۆر گەورەیە کە وەک پێشمەرگەیەک لە شۆڕشی ئازادی دا بەشدار بم و شەرەفێکی زۆر گەورەترم وەرگرت کە هیزی ئازادی کوردستان سەرکردەیی خۆی دامێ بۆ پارێزگاری کوردستان.

ئەی جەوانانی کورد، پەیمانتان دەدەمێ کە هەتا دوا تنۆکی خوێنم بۆ ئازادیتان ببخشم. ئازادی گەلی بەرزی کوردمان. وەک پێشمەرگەیەک ئامادەم بۆ هەموو داوایەکی (پێشەوای کوردستان) بۆ هێنانە جێی ئامانجی مەزنی دیموکراتی.

با هەموو پێکەوە بە یەک دەنگ بڵێین: بژی حکومەتی کوردستان و پێشەوای موعەزەم. بژی شۆڕشی بەربەرەکانی ئیستعمار و کۆنەپەرەستی. بژی یەکێتی سوفیات هەڤالی ئازادی لە عالەم دا.

لەو جیژنەدا مامۆستا هێمن بەشدار نەبوو لە سەفەر بوو، بەڵام بە گوێرەی رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٣٤ دواتر بە شیعری "جێژنە پیروزە" پیرۆزبایی ئەو رۆژەی لە خەڵک کرد و نووسێ:

*بەهار هات و هەوا خۆش بوو نەماوە کاتی سەرما و سۆڵ*
*لە خاک هاتەدەری و شین بوو گوڵاڵەی سوور و گیا و گوڵ*
*بە بەرگی سەوز رازاوە چیا و شاخ و شیوو دۆڵ*
*ئەوا هات مانگی خۆشی خاکەلێوە و جێژنی نەورۆزە*
*دەکەم لێتان برایانی وەتەن من جێژنە پیرۆزە*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چلوی زســتانێ ناخۆش بوو تەزووی ســەرمایە پیاوی سڕ
دەکــرد و کــوچە و کــۆڵان بە بەفــر و لــیتە بــوو پڕ
لەوی دواوە دەغەمڵــێ کــێو و دەشـــت و بەنــدەن لاخڕ
ئەوا هات مانگی خۆشـــی خاکەلێوە و جێژنی نەورۆزە دەکەم
لــێتــان بــرایــانــی وەتــەن مــن جــێــژنــە پــیــرۆزە

ئیتر تێپەڕ بووە ســەرما و کرێوەی مانگی رێبەندان
بە ســوزەی بای بەیان لێوی کراوە غونچەی خەندان
لەســەر چڵ بولبولی شــەیدا لە خۆشـــی گوڵ دەڵێ بەندان
ئــەوا هــات مــانگی خۆشـــی خــاکــەلێوە و جێژنی نــەورۆزە
دەکــەم لــێتــان بــرایانــی وەتــەن مــن جــێژنــە پیرۆزە

رەشـــانگی لێ پێیا بوو کێوی کوێســتــان و بووە خاڵ خاڵ
چــووزەی رێــواســێ هــاتەدەر لە شـــاخ تــیرەگــوو لاپاڵ
لە دەشـــتــا نیشـــتووە هۆبە و دیارە چادر و رەشـــماڵ
ئــەوا هــات مــانگی خۆشـــی خــاکــەلێوە و جێژنی نــەورۆزە
دەکــەم لــێتــان بــرایانــی وەتــەن مــن جــێژنــە پیرۆزە

لە زەویــا بــوتەوە مــاڵات و دیــاری داوە ویشـــک و تەڕ
لە هەر لا دێــتە گــوێ ئەورۆ کە دەنــگــی زاومــاکــی مەڕ
دەکــا کورژن و حیلە ئەســـپ و مــاین گوێچکەی پیاو کەڕ
ئــەوا هــات مــانگی خۆشـــی خــاکــەلێوە و جێژنی نــەورۆزە
دەکــەم لــێتــان بــرایانــی وەتــەن مــن جــێژنــە پیرۆزە

لە خــۆی داوە بەرەڵــبــێــنە کــچە کــابــانــی گەردن کــێل
دەکــا مەســـت پیاو بە بۆنی مێخەک و عەتر و گوڵاوو هێل
بە لارو لەنــجە ئەو شـــۆخە دەکــا لاو و جــحــێلان گــێل
ئــەوا هــات مــانگی خۆشـــی خــاکــەلێوە و جێژنی نــەورۆزە
دەکــەم لــێتــان بــرایانــی وەتــەن مــن جــێژنــە پیرۆزە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەســـاوە پـیـاوی رووت و قـوت و بـێ ئەنـوا و بـێ ئـێـرۆ
ژیـایەوە گـیـانـلەبەر گشـــتـی و هـاتەدەر لە کـون مـێـرو
لەســـەر گوێی ســـوانەی بانی دەخوێنێ چولەکەو ســێرو
ئـەوا هـات مـانگی خۆشـــی خـاکـەلێوە و جێژنی نـەورۆزە
دەکـەم لـێـتـان بـرایـانـی وەتـەن مـن جـێـژنـە پـیـرۆزە

کە هێنای بای بەیانی بۆنی خۆشـــی گوڵ لە لای گوڵشـــەن
دەبـێ عەتـارەکـان ئـێـوە هەمـوو دەرکـی دوکـان داخەن
لەکـن بـۆنـی هەڵاڵە بـۆنـی عەتـرە وەک هەڵاڵ بـۆ گەن
ئەوا هات مانگی خۆشی خاکەلێوە و جێژنی نەورۆزە دەکـەم
لـێـتـان بـرایـانـی وەتـەن مـن جـێـژنـە پـیـرۆزە

لـە دونـیـا دا نیـە هـاوتـای بـەهـاری جوانی کوردســـتـان
ئەویش ئەو ســـاڵ کە ئەلحەملای نەجاتی بوو لە ژێر دەســـتان
لـە خۆشـــی ئـەو وڵاتـە هێمنیش بۆتـە هـەزار دەســـتـان
ئـەوا هـات مـانگی خۆشـــی خـاکـەلێوە و جێژنی نـەورۆزە
دەکـەم لـێـتـان بـرایـانـی وەتـەن مـن جـێـژنـە پـیـرۆزە[١]

---

[١] تێبینی ئەو شێعرە بە هێندێک قرت کردن و دەستکاری، لە لاپەڕەی ٨٦ی کتێبی "تاریک و روون"دا لە ژێر ناوی نەورۆزی رەزگاری چاپ کراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ۳۳

## هیوای نیشتمانی بۆ ئازادی جنووبی کوردستان

کاتێک کە هێزی هاوپەیمانانی ئینگلیس و شووڕەوی ئێرانیان داگیر کرد، کوردستانی رۆژهەڵات بوو بە دوو بەش. بەشێ جنووب واتا لە شاری سەقز ڕا بەرەو خوار کەوتە ژێر دەستەڵاتی ئینگلیس و بەشی سەروش کەوتە ژێر دەستەڵاتی شووڕەوی کە هەر دوو دەوڵەت ناڕاستەخۆ، واتا بە بێ جێگیرکردنی هێزی زۆری نیزامی، چاوەدێریان بەسەردا دەکرد. هێزەکانی رووس بە مەرجی پاراستنی ئەمنیەت و دانی دەغڵ و دان بە رووسیە، چەشنێک دەستەڵاتی ناوچەییان دا بە عەشایری جەلالی و شکاک و هەرکی. بەڵام ئینگلیس لەبەرامبەر بە عەشایری کورد ناوچەکانی ژێردەستەڵاتی، هەڵسوکەوتی دیکەی هەبوو و مەبەستی بە هێزکردنەوەی دەستەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی بوو و ئەو راپەڕینە عەشایریانەش، وەک حەمە رەشیدخانی بانە و ..... کە لە ژێر دەستەڵاتی ئەوان دا بۆ ماوەیەک سەری هەڵدا، زۆرتر بە فیتی ئەوان و بە مەبەستی زەخت خستنە سەر و ملکەچ کردنی رێژیمی ئێران بوو.

هەرچەند حەمەرەشیدخانی بانە لە بۆشایی کاتی روخانی ئەرتەشی رەزا شا کەڵکی وەرگرت و پادگانی سەردەشت و سەقزی گرت، بەڵام لە ئاکام دا نەیتوانی دەستەڵاتی خۆی بەسەر ئەو مەڵبەندە دا بسەپێنێ و ئەو ناوچەیە نەکەوتە ژێر دەستەڵاتی کوردان. هەروەها محمودخانی کانێ سانانیش، دەستەڵاتێکی لاوازی لە مەریوان دامەزراند. بەڵام تا ئاخرییەکانی ۱۹٤٥ پاشماوەی هێزەکانی پاشایەتی ئێرانی بە پشتیوانی ئینگلیس، هەموو ناوچەکان بە تایبەتی سەقزیان بەتەواوی خستەوە ژێر کونترۆڵ و بوون بە ملۆزمی سەرەکی بۆ جێگیر بوونی کۆماری کوردستان. هێزەکانی کۆمار مەجبوور بوون بە سەدان کیلومێتر لە بەرەیەکی دوور و درێژی شەڕ دا، پارێزگاری لە سنووری کۆمار بکەن.

ئینگلیس زۆربەی عەشایری ژێر دەستەڵاتی خۆی دمکوت کرد. بە پێی لاپەرەی ٥ ی کتێبی " کۆماری کورد لە مەهاباد" ئارچی رۆزڤێلت دەڵێ، تەنانەت عەشیرەتەکانی دوروبەری رێگای بەغدا-کرماشان کە رێگای گەیاندنی دەغڵ و دان بە رووسان بوو، بە تەواوی دمکوت و بێدەنگ کران.

بێشک مان و سەقامگیربوونی کۆمار، بە تەوای بەسترابووە بە ئازاد کردنی شارەکانی جنووب. بۆیە گرتنی جنووبی کوردستان خاڵێکی سەرەکی بەرنامەی رێبەرانی کۆمار بوو. بەڵام لە لای ئینگلیس هێرش بۆ سەر جنووبی کوردستان، بە دخالەتی رووس و بە پەرگرتنی نفوزی ئەوان بە حیساب دەهات و ئینگلیس بەوە رازی نەدەبوو. بۆیە رووسەکان رێگایان بە کوردان نەدا کە لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوچەی ژێر دەستەڵاتی ئەوان را هێرش بۆ سەر باشوور، ناوچەی ژێر دەستی ئینگلیس بکرێ. لە لایەکی دیکە هیچ چەشنە پەیوەندییەک لە نێوان کورد و ئینگلیس لە گۆڕێ دا نەبوو و ئەو زلهێزە بە پشتیوانی لە ڕێژیمی عێراق تا ماوەیەک پێشتر، شەڕی زۆر گەورە بەسەر بارزانییەکان دا سەپاند بوو کە ئێستا ببوونە بڕبڕەی پشتی کۆمار. بۆیە هێرش بۆ سەر جنووبی کوردستان بە تایبەتی بە هۆی بارزانییەکان، لەگەڵ دژکردەوەی توندی ئینگلیس بەرەوروو دەبوو و بە مانای کردنەوەی جەبهەی تازە لە لای بارزانییەکان را بە حیساب دەهات.

لە لایەکی دیکە ناتەبایی و ناکۆکی ئینگلیس و ئەمریکا لەگەڵ شووڕەوی، سەرەکی و لە ئاشتی نەهاتوو بوو و هاوپەیمانی ئەوان کاتی و بۆ نەمانی بەرەی یەکگرتووە بوو. ئینگلیس و ئەمریکا پەرەگرتنی نفووزی کمونیسم، یان سەمپاتەکانی ئەوانیان پێخۆش نەبوو. دامەزرانی دەوڵەتی کورد و ئازەری بۆ ئەوان خەتی سوور بوو و ئەوەندی بۆیان کرابا، پێشیان بە پەرەستاندنی نفووزی رووس دەگرت.

بە گشتی گرینگترین کێشەی سەرەکی کۆماری کوردستان، ئازاد نەبوونی شارەکانی دیکەی کوردستان، وەک سەردەشت و سەقز و بانە و سنە ... بوو. ئەو کێشەیە بارگرانییەکی قورسی لە هەموو بوارەکانی ئابووری و نیزامی و سیاسی بۆ کۆمار پێکهێنا بوو. هێزی کۆمار دەبوو لە دەرەوەی شارەکانی سەقز و بانە و سەردەشت، لە حاڵەتی شەڕی جەبهەی و دائیم لە ئامادەباش دا بێ و بەرپەرچی پیلانەکانی دوژمن بداتەوە. ئەو هێزە پێڕاگەیشتن و ئەرازق و خواردەمەنی دەویست و دەبوو ئێمکاناتێکی زۆری ماڵی بۆ تەرخان بکرێ. لە لایەکی دیکە چونکە تەوەری سەرەکی پێکهاتەی هێزەکانی کۆمار عەشایر بوو، زۆر جێگای مەتمانە و باوەڕ نەبوون و هەرکات رەئیس عەشیرەتێک تورا با، هێزکەشی دەتورا و مەیدانی چۆل دەکرد.

بۆیە بە هەموو لێکدانەوەیەک، هیچ ڕێگایەکی سیاسی بۆ ئازادکردنی بەشی جنووب، جیا لە هێرشی نیزامی بەدی نەدەکرا. ئەو ویست و هیوا و ئارەزویەی هەر دوو بەشی خەڵکی لێکدابڕاوی کوردستانی بەشی رۆژهەڵات، بە بەیانی شێعر و پەخشان و پاڕانەوە لە ڕێبەرانی کۆمار، بەیان دەکرا. بە سەدان نووسراوە و شێعر لە رۆژنامەی کوردستان دا بەدی دەکری کە هیوا دەخوازن ناوچەکانی باشووری بەشی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە چەنگ زوڵم و زۆری دوژمن ئازاد بکرێ و بگەڕێتەوە باوەشی نیشتمان.

لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٧ دا دەستە شێعێرێک چاپ کراوە کە رەنگدانەوەی کۆی ئەو داوخوازیانەیە و چەند بڕگەی بەمشێوەیە:

*با بە تۆ بێژم برای شــــیمالی*
*بۆ خۆ نەجات دان ئازا و زۆر عالی*
*لە نێو کوردانە مەســـەلێ باوە*
*راســـە ئەو قســـە ئەلحان رووی داوە*

بانی دوو هەوا مەسەلی راسە
لە نێو کوردانە ئێسە کار واسە
ئەگەر هاوارت دادی کوردییە
فەرقی ئێران و تورکییە چییە
ئەگەر دێموکرات هەر بۆ ئێرانە
خۆ کوردستانیش خاکی کوردانە
گەر خودموختاری تۆ دێموکراتی
بۆ رەزگاری من بۆچی وا ماتی
ئێمەش هەر وەک تۆ نەهادمان چاکە
سەرمان دادەنێین لە رێی ئەو خاکە
هەر بۆخۆت مەکە ئەو دەستوبردە
عەجەم عەجەمە کوردیش هەر کوردە
...
ئەوە زۆر عەیبە کاری خراوە
تۆ خۆت بێدەنگ کەی برات گیراوە
ئەگەر ئەپرسی بۆچ نایە قاوم
وەک جارانی تۆ ئەمن خینکاوم
گورج کە هەڵستە خۆ مەغافڵێنە
برات لە ژێر چەنگ دوژمن دەرێنە
سەقز و بانە کە جیرانتە
بۆ حیفزی وەتەن پشتیوانتە
سەرشییو سەرشێواو لە دەست بێگانە
بۆ سەربەخۆیی جەرگیان بۆریانە
تیلەکۆیەکەت لە دەست نیزامی
بە عەجەم دەڵێن تۆ براومامی
جەرگیان کەبابە بۆ ئەو ئاوانە
دەستیان بەستراوە ناعیلاج ماتە
گەڵباغیەکانت لە گەڵ دوونای
هەموو حازرن بۆ رێی رەزگاری
کوردستان جێگەی گەنج و لاوانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*خاکە پاکەکەی شـــای ئەردەڵانـە*

...

*کـورِی رەشـــیـدت لـە مـەریـوان*

*بـە دەســـتـی دوژمـن وایـە وێـرانـە*

...

*هیمـەتـت ببێ ســـەرێک هـەڵبێنـە*

*بـرا گـیـراوت لـە بـەنـد دەربـێـنـە*

*تـاریـخـی کـوردان لـە هـەورامـانـە*

*شـــاری هەورامان جێی پێشـــوومانە*

...

*ئـەولاتـرەوە کـوردی گـەڕووسـەــ*

*لە تۆ زیاتر موخلیســی وە رووســە*

*کرماشـــانیەکان بێ ســـاحەو ماوە*

*هەر وەک بێســـتوون جەرگیان کەنیاوە*

*ســـەنجاب و پاوەند کوردی حســـاون*

*لـە ژێر چـەپۆکی دووژمن تـاســـاون*

...

*برا بـەســـیـەتی کـار وەدوا مـەخـە*

*هەڵکوتە ســـەری بە دەســـتەویەخە*

*ئـەوکـاتـە ئـەمن گـەیشـــتـمـە کـاکم*

*لێـت حـاڵـی دەبێ چ کوردی پـاکم*

مامۆســتا هێمن لە شــێعری "دایکی نیشــتمان و هێمن" سـۆزی ئازاد نەبوونی ناوچەکانی باشوور، لە ئاخاوتن لە گەڵ نیشتمان ئاوا بەیان دەکا:

***( نیشتمان)***

*دەزانـم رۆڵـە گـیـان خـەڵـکـی مـەهـابـاد*

*نـەجـاتیـان هـاتووە و دڵخۆشـــن و شـــاد*

*بـەڵام رۆڵـە بـرای ئـێـوە لـە ســـەقـز*

*تـەماشـــاتـان دەکـەن خـەمبار و ســـەرکز*

*ئـیـرادە کـاری ئـێـوە پـێـکـەنـیـن بـێ*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەلام کاری ئەوان گریان و شین بێ
ئەگەر پێوخۆشە جلکی رەش دەپۆشم
بکەن ئازاد کوڕانی دیم و خۆشم
( هێمن)

لەبەرخۆت دارنە دایە جلی رەش
دڵت روون بێتەوە کوڵمەت ببێ گەش
هەنیسکان بەس بدە چێدی مەکە شین
ببینە بەیرەقی سوور و سپی و شین
ببینە پێشەوای مەشهووری ئێمە
ببینە لاگر و چاوسووری ئێمە
ببینە لاوەکان و باش بزانە
خودا یاری بدا هەر بەو زوانە
لە ژێردەستی دەکەین رەزگار و ئازاد
تەواوی کوردەواری وەک مەهاباد

مامۆستا هێدی کە لە کۆمار دا ١٧ ساڵ بوو و بە شێواو بە ناوبانگ بوو لە لاپەڕەی ٨٥ ی کتێبی ئاوێنە شکاو دا باسی پێشەوا قازی محەممەد دەکا و لەسەر ئازادکردنی جنوبی کوردستان دەنووسێ:
جێژنی سەربەخۆیی پسانەوەی نەبوو هەر دەهات و گەرمتر دەبوو. لە یەکێ لەو جێژنانەدا کە پێشەوا خۆی حازر بوو پارچە شێعرێکی پێدام فەرمووی: ئەو شێعرانە بخوێنەوە لە لایەن هاووڵاتیەکی لای سنەوە بە ناوی ئێمە هاتوە و داوای کردوە لە خەمی رەزگار کردنی وانیشدا بین. ئەگەر دەتوانی وڵامی بۆ بنووسەوە خوا یار بێ بەهاری داهاتوو لە هەوڵی ئەوە دا دەبین و دەبێ ئەوان بزانن ئێمە لەبیرمان نەکردوون بەڵام هەل و دەرفەتی دەوێ.
لێرەدا ئاماژە بە چەند شێعری ئەو شاعیرە سنەیی دەکرێ کە لە لاپەڕەی ٨٥ ی ئاوێنە شکاو دا هاتووە:

**بۆ پێشەوا**

شوکور بە کوردان ئازادی دریا
ئاڵای سەربەستی بە خێر هەڵکرا
بناغەی لەسەر شەرعی موبینە
ئێژێ زەمانی سەلاحەددینە
ئەلحەمدولیلا مەقسود بوو حاسڵ
تەبریک عەرز ئەکەم بە گیان و بە دڵ

بەم وەزعە خۆشە خاتیرم شادەن
زوبانم گویای موبارەک بادەن
پێشەوای بەرز و هەموو هاوکاران
هەر یەک بۆ کارێ ئینتیخاب کریان

لاوانی وەتەن هەموو لە جۆشن
پەیاپەی شەربەت شادی ئەنۆشن
...
من ئێژم یاران کار ناتەواوە
باقی کوردەکان ئاواتیان ماوە
ئەوان بە سەختی گیرۆدەی دەردن
هەریەک بە دەردی ئاوارە مردن
مەسڵەحەت وایە نەگێرۆن قەرار
تا وانیش وەک خۆ ئەکەن رەستگار
هۆزی کورد تەنیا مەهابادی نین
کوردی ئێرانن هەتا خانەقین
...
ئەو کەسە کوردە غیرەت بنوێنێ
برای خۆی لە چەنگ دوژمن دەرێنێ
با رەستگار بین بە جارێ لە غەم
ئیتر نەبین بچووکی عەجەم
شارێکی وەحدەت لە هەموو واز بێ
دەوڵەتی عالی بۆخۆمان ساز بێ
تا بە رەسمییەت ئێمەش مەشهوور بین
لە قەزا و بەڵا هەمیشە دوور بین
یاری دەخوازن کوردی دوور وڵات
لە رەئیسەکەی حیزبی دێموکرات

مامۆستا هێدی دەنووسی کە پارچە شێعرەکەی لە پێشەوا وەرگرتوو و وڵامی بۆ شاعیری سنەیی نووسیوە و لە جێژنی چینی خەرازاندا خوێندویەتیەوە و دەنووسێ: ... ئەگەر لە خوێندنەوەیان تەواو بووم لە پێش هەموو کەس دا پێشەوا هەسا سەرپێ و تاوێکی چاک هەر چەپڵەی لێدا و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەڵکەکەش هەموو دەگەڵ پێشەوا هەستانە سەر پێ و مەلاسەدیقی سیدقی کە مەلایەکی ناسراو و ریشێکی سپی عارفانەی هەبوو ئەگەر لە پشت تریبۆنەکە هاتمە خوار لەگەڵ چەپلە لێدان پێی گوتم: هەزار ئافەرین فیردووسی کوردان.

پێشەوا بە گەرمی دەستی دامێ و شێعرەکانی لێوەرگرتم و سبەینێ رۆژنامەی کوردستان چاپی کرد.

وڵامی مامۆستا هێدی لە لاپەرەی ٩١ی کتێبی ئاوێنە شکاو دا، بۆ شاعیرە سنەیەکە هاتووە و ئاماژە بە چەند بڕگەیەکی دەکرێ:

بـرای جـنـوبـی پەیـامەکەی تـۆ
گەیشـــت و لە دڵم هەڵســـتا بۆســـۆ
کـاتـێ کە دیـتـم وا بـێ قەراری
لە دەس عەجەمـتە گـریـان و زاری
بە ئـاگری مەیـلـت کـوڵـی دڵەکەم
سـیس بووە دیســان گەڵای گوڵەکەم
...
بۆ رەزگار بوونی زەوی وخاک و ئاو
ورد و یەخســـیرت دەنێینە پێنـاو
...
تۆووی یەک زەوی گوڵی بـاغێکین
جەرگ هەڵقرچاوی شیشە و داغێکین
پەروەردەی داوێن ئەو دایکەمـانیین
کە بۆ رەزگـاری ئەو ســـەرگەردانین
دەڕژێتە بەدەن لە یەک رەگ خوێنمان
سـەرچاوە یەکجێ بۆ رێ و شـوێنمان
ئەمن گەر چـاو بم ئەتۆ بیـنـایی
من مێشـــکی ســـەر بم ئەتۆم زانایی
...
قـاقا بـخـوێـنـین بە دەم یـارەوە
عەتری گوڵ بۆ کەین لە گوڵزارەوە
بە یـاریی خودای بەرز و بێ  هاوتا
بـۆ لای بـراکەی گـیـرا و لە داودا
پێشمەرگە تیپ تیپ پیادە و سوارمان
فەرمانـدە و گەورە و خاوەن کارمان


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

...
گەڵباخی و بانە و مەریوانیەکان
سوارەی تیلەکۆ و هەورامانیەکان
سەنجاب و پاوەند، رۆڵە شێرەکان
پڵنگی ئازا بەبر هەڵدێرەکان

خۆیان ساز بکەن بۆ هاوکاریی من
دوژمن بڵاو کەین وەک تۆوی هەرزن
...
ئاڵای سەربەستی لە هەموو لایە
هەر کوێ بڵیندو بەرز و چیایە
هەڵ دەکەم دەگرم جێژنی ئازادی
با دوژمن بمرێ بە بێ مرادی
سەر (شێواو) یەکەت ببێتە جێژن
دوژمن تاڵاوی مەرگ بچێژن

مەهاباد: ٢٥ رەشەممەی ١٣٢٤ هەتاوی

رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٩٧ لە ژێر سەردێڕی ناڵەی دەرون ... هاواری کوردانی فەیزوڵابەگی و سەقزی بە چاپ گەیاندووە و دەنووسێ: ... ئەی قارەمانانی بەڕێز و بەرزی کوردستان بە دڵێکی پڕ لە بڵێسەو گڕپەی دەردییەوە دەستی برایەتی و بچوکیتان بۆ درێژ ئەکەین و ئەپاڕێنەوە کە بە هێمەتی پیاوانە و هەڵمەتی دەلێرانەی خۆتان بۆ رەزگاری گۆشەیەکی دڵکەش لە خاکی پاکی کوردستان بۆ نەجاتی برایانی ئازادیخواهی خۆتان، بۆ مەحوی کردنەوەی ئیستیبداد و ئیرتیجاع و دیکتاتور زووبن و رەزگارمان بکەن...

ئازاد کردنی جنوبی کوردستان بۆ هێزی کۆمار سەخت نەبوو. پێشتر چەند عەشیرت لە ژێر کەسایەتی حەمە رەشیدخانی بانە دا توانیبوویان ئەو ئامانجە پێک بێنن. تەنانەت بۆ ئەوکارە هەوڵی رێکخراوەیی و سازمان دانیش کرابوو و حیزبی دێموکرات لە نێو سەقز دا تەشکیلاتی پێکهێنا بوو.

جەلال حیجازی و حاجی عەبدوڵای محەممەدی لە ژمارەی ٦١ی رۆژنامەی کوردستان دا لە بابەتی "چلۆن ئامانجی ئازادیخوازی پەیدا بوو" زور بە وردی ئاماژە بە کار و چالاکی بەرفراوانی حیزبی دێموکرات لە شاری سەقز دا دەکەن و دەنووسن:

زۆر خۆمان بە خۆشبەخت دەزانیین کە لە کاتی خۆیدا، خزمەتێ کە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پێمان رجووع کرا بوو بە یارمەتی و ئیشتراکی لاوانی خوێن گەرم و ئازای سەقز بە رێووشوێنێکی چاک ئەنجامماندا و لە ماوەیەکی کەمدا، ژمارەیەکی زۆر لە گەنجەکانمان بە حیزبی دێموکراتی کوردستان مولحەق کرد و بە بۆنەی لەخۆبوردنیکی لە ئەندازەبەدەر هەنگاو هەڵێنانێکی

بڵێند ڕەزایەتی کومیتەی ناوەندی و ئازادیخواکانی مەهاباد و برایانی هاونیشتیمانمان بۆ لای خۆمان کێشا...

بەڵام ئەوانە لە درێژەی بابەتەکەیان دا دەنووسن کە بە داخەوە دوژمن و بەکرێگیراوانی توانیان ئەو فەعالییەتانە بە گرتن و ئەزیەت و ئازار و ئەشکەنجەی خەڵک سەرکوت بکەن. ئەوان لە درێژەدا داوا دەکەن و بە ئاواتەوەن کە هێزی لە خۆبوردوی کوردستان بتوانێ ئەو مەڵبەندە ئازاد بکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٣٤

## پەیوەندی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان

کێشەی مێژوویی نێوان کورد وتورک

کێشەی کورد و ئازەری دیاردەیەکی مێژووییە و کورد هەتا ئێستا لە دەست تورک تووشی زۆر کێشە و بەڵای گەورە بووە و هەموو حکومەتەکانی ئێرانی کە زۆربەیان تورک بوون، هەرچەشنە جموجۆڵێکی کوردانیان بۆ گەیشتن بە ئازادی تێکشکاندووە. سەرەڕای ئەوانە هەمووکات کوردەکان، تورکانیان لە بەڵای گەورەی قاتی و قڕی پاراستووە، بەڵام دوژمنایەتی تورک لەگەڵ کوردان نەبڕاوەتەوە. پێشتر، شوێنی نیشتەجێ بوونی کوردان زۆر بەرفراوان بوو. بەڵام بە درێژایی مێژوو، پانتایی خاکی کوردان لە شەڕ لەگەڵ ئیمپراتورانی وڵاتانی دەوروبەر بە تایبەت تورکەکان دا، لە کەمێی داوە. زۆر هۆز و عەشایری گەورەی کورد بە هۆی بەلەوەز و دیکتاتوران بە هەزار کیلومەتر لە زێدی کوردستان دوورخراونەوە و لەسەر عەرزی کوردستان خەڵکی نەتەوەی باڵا دەست بە تایبەتی تورک جێگیر کراون. ئێستاش شوێنەواری هەوڵدان بۆ توانەوە و پرش و بڵاوی کورد لە بەشێکی زۆر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا هەر بەردەوامە.

لە لاپەڕەی ٧٤ی کتێبی عالەم ئارای عەباسی دا، بەرفراوانی خاکی کوردستان و شێوەی داگیرکردنی، بە جوانی باس کراوە و تێیدا هاتووە:

تا سەردەمی سەفەوییەکان لە داوێنی چیاکانی قەفقاس بەرەوخوار بۆ سەر رووباری ئاراس و لەوێشەوە بەناو مەڵبەندەکانی ماکۆ و خۆی بەرەو خوار تا سەر دەریاچەی ورمێ و بەرەو خوارتر شوێنی ژیانی ئیلاتی کورد بوو. رووداوەکانی سەردەمی فەتحی ئیسلامی و خەلافەتی عەبباسی و کۆچرەویی تورکانی غوز و هێرشەکانی مەغول و کێشە و بەرەی نێوان ئیلە تورکمانەکانی قەرەقونیلو و ئاق قوینلو نەیتوانی بوو بە جۆرێکی بنەڕەتی هەلومەرجی ئەو شوینانە بگۆڕێ. ئەگەرچی هەندێ لە پاشماوەی ئیل و هۆزەکانی تورک، تورکمان، مەغوول لەو ناوچەیە دا جێگیر بوون، بەڵام هەمیشە زۆرایەتیی دانیشتوانی و دەسەڵاتدارەکانی کورد بوون، تەنانەت لە سەردەمی پەیدابوونی سەفەوییەکاندا ئەمارەتە بەهێزەکانی چەمشگەزەک، دونبولی، مەحمودی، برادۆست، هەکاری، موکری ... لە ناوچەکانی سەروو، رۆژئاوا، خواروی دەریاچەی ورمێ دا هەبوون. شا ئیسماعیلی سەفەوی (٩٠٧-٩٠٣) لە سیاسەتی دینی دا تەعسوبێکی زۆری بۆ ئەو ٧ ئیلە ئازەرییەی قزلباش، شاملو، روملو، ئیستاجلو، تکەلو، قاجار، ئەفشار، ذولقەدر هەبوو کە بوون بە هێزی سەرەکی دامەزراندنی دەوڵەتەکەی و لەشکرکێشییەکانی لە ناوچەکەدا.

شا سمایلی سەفەوی بە باوەڕی توندی مەزهەبی شیعە، هێرشی کردە سەر خێڵات و عەشایری کورد و هەرکاتێک ناوچەیەکی کوردی دەگرت کەسێکی قزڵباشی، دەکردە حاکم و دەستەڵاتداری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو ناوچەیە. لەگەڵ ئەوەش شاسمایلی و شاه تەهماسبی کوڕیی و شاعەباس، ئێل و عەشایرە گەورەکانی کوردی، وەکوو قەرامانلوی و کەلهووڕ و زەنگەنە، چگنی، زیگ، چەمشگەزەک ... بە مەودای هەزاران کیلومەتر بە زۆرەملی بۆ خوڕاسان راگوێزت تا لە بەرانبەر بە دەستەڵاتی ئوزبەکان دا پارێزگاری لە سنووری ئێران بکەن. ئەو کۆچە زۆرە ملییە بە دەیان هەزار بنەماڵەی لە خۆوە گرت و بەمشێوەیە ناوچەیەکی گەورە لە خەڵک چوڵ کراو عەشایری تورکی شەڕکەری تێدا جێگیر کرا.

نەوشیروان مستەفا لە لاپەری ٣٣ کتێبی کورد و عەجەم دا دەنووسێ: ... راگوێزانی بەکۆمەڵی دەیان هەزار خێزانی ئێڵە کوردەکانی دەوری ورمێ بۆ خوراسان و دوایی تێشکانی تراژیدی ئێلی برادۆست و موکری و گیرانی قەڵای دمدم و کوشتنی مەزنەکانی کورد، کوشتنی زۆرایەتی لایەنگرەکانی ئەمیر خان و کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی موکریان، بوون بە سەرەتای گۆڕانێکی بنەڕەتی پێکهاتەی دیموگرافی دانیشتووانی ناوچەکە دا. لە ئەنجامی ئەوەش دا گۆڕانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، جەنگی. کورد سەرەڕای ئەوەی بەشێکی گرینگی هیزی مرۆیی و مادی خۆی لەدەسدا و لە تەرازووی هێزەکانی ئەم ناوچەیەدا سەنگی قورسی جارانی نەما، دەسەلاتی حوکمرانیشی لەدەس دەرچو، کە جاران بەدەس گەورە خۆجێییەکانی کوردەوە بوو...

ئەو رەوتە دواتریش لەسەردەمی قاجارەکان دا، بە جێگیرکردنی عەشیرەتی قەرەپاپاق لە ناوچەی سندووس پەرەی پێدرا و لە سەر دۆخی خەڵکی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات کاریگەری زۆر چەوتی دانا. لە سەر شێوەی هاتن و جێگیربوونی ئەو عەشیرەتە لە کوردستانی ژمارە١٠ ی ١٩٤٦دا، ئاوا هاتووە: ... ساڵی ١٢٢٦ حکومەتی قاجاڕ تورکمانی قەرەپەپاقیان لە دەشتی سندووس دامەزراند و هێنایانە ئەو خاکە کوردنشینە. خێلاتی بلّباس بەوە زۆر نارەحەت بوون. لێنگیان دا سەر قەرەپەپاقان و گەلێک کوشتار و تالانیان لێکردن و هەتا چوونە ساینقەڵا بە قاجاڕ کوشتن رۆیشتن و خاکەکەی خۆیان لە بێگانان پاک کردەوە. بوداق خان لە نایبولسەلتەنەی عەباس میرزای نووسی لەشکرێکی قورسی لە ژێر فەرمانی ئەحمەدخانی کوردی موقەدم و عەسکەرخانی هەوشاری دا ناردە سەر بلّباسەکان. لە پاش گەلێک شەڕو کوشتار، بوداق خان بە مامەلەت رێکی خستنەوە. ساڵی ١٢٣١ دووبارە ئێلی بلّباسی بۆ ئەستاندنەوەی سندووسی لە چیاکان چوونە خوار. بوداق خان ویستی پێشیان پێ‌بگرێت. بۆ نایبولسەلتەنەی نووسی کە کۆمەگی بکا ئەویش ئەمیرخانی خاڵی خۆی و جەعفەر تەلی‌خانی مەراغەی بە لەشکروە ناردنە هاوار پێشیان بە خێڵ گرت و شەڕ و کوشتاریان گەرم کرد. لە هەر دوولاوە نیزیکی هەزار کەس کوژران. بلّباس زۆر پیاوانە بزوتنەوە و روو بە چیاکان گەڕانەوە. بەو تەرزە ئێلی قەرەپەپاق لە سندووس جێگیر بوو و ئەو خاکەیان داگیر کرد.

هەر لەوبارەوە نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەی ٣٤ی کتێبی کورد و عەجەم دا دنووسێ: ... بە دوای دەسەڵاتی شاکانی سەفەوی و قاجاردا، رەزاشا بەشێکی بەرچاو لە ناوچە کوردنیشینەکان خرانە ژێر ئیدارەی سەر ناوچەی ئازەرییەکان و کاربەدەستی تورک و فارسی بۆ دیاری کردن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوكات لە گەڵ هێرش و كوشتن و قەڵاچۆ كردنی كورد لە هێرشی بێ بەزەیانەی دوژمن و بە تایبەت عەجم بە دوور نەبوو.

سیاسەتی لێک دابڕانی ناوچەكانی كوردستان لەو ساڵانەی دوایش دا بە شێوەی نوێ درێژەی هەبووە. كەریمی حیسامی بە نەقل لە كتێبی "فرهنگ جغرافيايی ملی تركان ايران زمين" لە نووسینی محەممەد پناهیان لە لاپەرەكانی ۹۲ و ۹۳ كتێبی پیداچوونەوە دا دەنووسێ:

ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات ۱۲۳ گوندی كوردنشینی لە خاكی كوردستانی ئێران جیا كردۆتەوە و داویە بە ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتی تورک نشین. ئازەبایجانی ڕۆژئاوا لە ٦ شاری كوردنشین: مەهاباد، بۆكان، سەردەشت، شنۆ، نەغەدە، خانێ و چوار شاری هاوبەشی كوردو تورک پێكهاتووە، وەک ورمێ، شاپور، خۆی، میاندواو. لە ۲۲٥٥ گوندی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ۱۳۳۸ گوندی كوردنشین و ۳۰ گوندی تێكەڵی كورد و توركی لە خاكی كوردستانی ئێران دابریوە و داویە بە ئازەربایجانی تورک نشین بە ناوی ئازەرەبایجانی ڕۆژئاوا. كاروباری شار و دێهاتی كوردنشین كە هەموویان كوردن، دراوە بە ئۆستانداری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا. لە فەرمانداری هەمەدان ۱۱۷ گوندی كوردنشین لە خاكی كوردستان جیا كراونەتەوە و دراون بە فەرمانداریی هەمەدان.

دەژایەتی عەجەم لەگەڵ كورد هەر لە مەیدانی شەڕدا نەبوو بەڵكوو بواری فەرهەنگیش لە خۆ دەگرێ و نووسەرانی عەجەم، زۆر بە خراپ لەسەر كوردان دواون. نەوشیرەوان مستەفا لە لاپەڕەی ٥٥ی كتێبی كورد و عەجەم دا دەنووسێ: شاهەكانی عەجەم و مێژونووس و نووسەرەكانی بە چاوی سووک سەیری كوردیان كردووە. كوردیان بە دز و جەردە و پیاوكوژ و یاغی لەقەڵەم داوە. نووسەرانی عەجەم لە سەردەمی سەفەوییەكانەوە وەكو "حسن بەگی روملو، اسكندر بەگی توركمان، ملا جلال منجم، نوسەری عالم آرای صفوی، تا نووسەرانی هاوچەرخی وەكو احمدی كسروی تبریزی، رحیمزادەی صفوی، عبدالحسین نوائی، حسین مكی، علی دهقان... هتد، ڕووداوەكانی سەدەكانی رابردوو، تێكهەڵچوونەكانی نێوان كورد و دەسەڵاتدارە زاڵمەكانی ئێران لە باری سەرنجی دەوڵەتەوە ئەگێڕنەوە و هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەكانی كورد لە پێناوی ئازادی دا، بۆ دەركردنی دەسەڵاتی زاڵمانەی بێگانە لە كوردستان دا بە یاخی بوونی ناڕەوا دائەنێن و ناوی طوغیان، فیتنە، شۆڕش، ئاشوب، غائیلە...ی لێ ئەنێن، شەقاوەت نیهاد... ناو ئەبەن و شەڕكەرە داگیركەرە بێبەزەیییەكانی خۆیان بە موسوڵمان، غازی، شێر، دلێر، دلاوەر... باس ئەكەن و پەیمان شكێنی و بێبەڵێنی و پیلانی ناجوامێرانە بۆ لەناوبردنی مەزنەكانی كورد بە شانازییەوە، بە لطائف الحیل، تدبیراتی صائبە، كمندی تدبیر، وسایل و رسائل، زیرەكی و زۆرزانی كاربەدەستانی خۆیان ئەژمێرن.

ئەو هەڵسووكەوتانە كاریگەری خراپی لەسەر هزر و بیری كورد هەبوو. نەوشیروان لە درێژەدا لە لاپەڕەی ٥٦ی كتێبی كورد و عەجەم دا دەنووسێ: دیمەنی عەجەمیش لە ویژدانی كورددا ناشیرینە. عەجەم بە واتای كەسێكی كە لە ژێركەوتن دا كەساس و لە سەركەوتن دا دڕندەیە، بۆ گەیشتن بە مەبەستی خۆی لە هیچ كارێكی ناجوامێرانە ناپرینگێتەوە، بەڵێن ئەدا و نایهێنێتە جێ،



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ دۆست و دوژمن درۆ ئەکا، لە ململانێ و زۆرانبازی دا پەنا ئەباتە بەر هەموو ریگەیەکی نامەردانە بۆ ئەوەی دوژمنەکەی لە ئەرز بدا. فولکلوری کوردی گەلێک بۆچوونی لەو بابەتانەی تێدایە. تەنانەت قسەیەکی کوردەکانی لای ورمێ ئەڵێ: ئەگەر تووشی عەجەم بووی بیکوژە، ئەگەر نەتتوانی بیکوژی لەبەری هەڵێ، ئەگینا کە دەمی پێت گەیشت تەفرەت ئەدا.

بێشک پەیوەندی کورد و ئازەری لەو رستەیەی ریچارد فورد، کونسوولی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٤٣ خۆی دەبینێتەوە: ئەگەر لەسەر کورەی زەوی شتێک هەبێ ببێتە هۆی پەشێوی و نیگەرانی ئازەربایجانییەک زیاتر لە کوردێک دوو کوردە. ئازەربایجانێک قەت نەیتوانیوە یەکەم پرنسیپی بیری کوردی هەڵسەنگێنێ، هەستی پێبکا یان وەکی دی تێیبگا...

لەبەرانبەر دا ئەگەر لە مێژوو دا، سیاسەتی تورک داسەپاندنی دەستەڵاتی خۆیان بە سەر ناوچە کوردنشینەکان دا بوو، کورد بێ ئەوە خاکی نەتەوەکانی دیکە داگیر بکا، بە هەموو تواناوە هەوڵی داوە لە نیشتمانی خۆی پارێزگاری بکا.

**کێشەی کورد و ئازەری بە دوای دامەزرانی کۆمارەکاندا**

رەوتی دژایەتی عەجەم لەگەڵ کورد بە هەموو شێوەیەک و لە هەموو قوناغێک دا بەدرەوام بووە. ئەو دژایەتییە بە دوای رووخانی دەوڵەتی رەزا شا دا کە نیمچە ئازادییەک پێکهات بوو، نەبڕاوە. لە کاتی دامەزرانی حکومەتەکانی کورد و تورک لە تەورێز و مەهاباد، دیسان لە هەموو بوارێکەوە هەوڵ درا، کورد پەراوێز بخرێ و بچێتە ژێر حوکمی تورکان. سیاسەتی تواندنەوەی کورد هەر روانگەی دەوڵەتانی تورکی کۆنەپەرەست نەبوو، بەڵکوو بە رواڵەت کەسایەتییە پێشکەوتووەکانی تورکیش، ماڤێکیان بۆ کورد رەوا نەدەدی.

ڕەحمانی حەلەوی کە لەسەردەمی کۆماری کوردستان دا لە باکۆ خویندکار بوو و لە ساڵی ١٣٢٦ تەسلیم بە ئێران کراوە، لە لاپەڕەی ٢١٠ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" لەسەر هەڵسووکەوتی تورک لەگەڵ کوردان، دەنووسێ: نەماندەزانی بۆچی بەو ڕێگە دوورەدا دەمانێرنەوە ئێران. لە حاڵێکدا ڕێگەی بادکوبە بۆ ئێران زۆر نزیکتر بوو. شەمەندەفەر وەکوو دێوەزمەیەك بە گرم و هۆڕ ڕێی نێوان دەریای خەزەر و زنجیرە چیای ئۆراڵی دەبڕی. هەڵبەت من خۆم زۆر دڵخۆش بووم کە بەو ڕێیەدا ڕادەستی ئێرامان دەکەنەوە نەك بە ئازەربایجاندا. چونکە سەرەڕای نەفرەتێکی لە فیرقەییەکانی ئەو مەڵبەندەم هەبوو، باوەڕم وابوو فارسەکان زیانیان بۆ ئێمەی کورد کەمترە و بێزەڕترن لەچاو ئازەربایجانییەکان. هەڵبەت هۆیەکەشی ئەوەیە کە ژینگەی کۆمەڵایەتیی فارس لە ئێمە دوورە و کەمتر تێکهەڵچوون و بەرەوڕووبوونەوەمان کەمتر بووە. بەڵام کورد و ئازەری هاوکەوشەنن و لە هەموو ئەو بزووتنەوانەدا کە لە ناوچەکەی ئێمە جا چاك یان خراپ سەریان هەڵداوە، لە سۆنگەی دنەدانی حوکمەتەوە تووشی پێکدادان و شەڕ بووین و یەکەم زەبرێکی لە ئێمە درابێ، ئەوان لێیان وەشاندووین و دایمەش حکوومەتەکانی ناوەند ئەو کێشە و ناکۆکییانەیان دروست کردووە و دوژمنایەتییان خستووەتە نێوان ئێمەوە.

سەیر لەوە دایە کە ئەو راستیانە لە سیاسەتی کورد جێی نەگرتووە و کورد زۆرجار تورک بە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاڵپشتی سەرەکی خۆی دەزانێ.

بە پێی لاپەڕەی ١٢١ی فراز و فرود فرقە ... باقرۆف و پیشەوەری لە سەرەتا دا دژی ئەوە بوون کە خودموختاری لە کوردستان رابگەیەندرێ. بە باوەڕی ئەوان باشتر بوو کە لە نێو ئازەربایجان دا، خودموختاری فەرهەنگی بە کورد بدرێ. بەڵام چوونکە رێبەریی کورد لەسەر ماڤی خۆی پێداگر بوو، لە ستراتیژیکی شووڕەوی دا جێی کردەوە و قبووڵ کرا.

بە پێی بەڵگەنامەی رێکەوتی ١٣٢٥/٢/٣١ کتێبی "اسرار محکمە قازی محمد و یارانش" سەفارەتی ئێران لە بەغدا، بابەتێکی "ئیدوار رینتاڵ" هەواڵدەری نیوزویک لە رۆژنامەی "الاخبار" ی بە رێکەوتی ١٣٢٥/٢/٢٩ هێناوە کە دەنووسێ: کوردەکانی ژێر فەرمانی قازی محەمەد لە لایەن پیشەوەری پێیان راگەیندراوە کە ئیستقلای کۆماری کوردستان دەبێ لە ژێر بەڕێوەبەرایەتی ئازەربایجان دابێ و هەموو پرسەکانی پەیوەندی دار بە سنووورەکان دەبێ بە قازانجی ئازەربایجان چارەسەر بکرێ. دەگوترێ کە پیشەوەری رایگەیاندوە کە ئەوە بە پێی سیاسەتی شووڕەوییە. بەڵام پێشەوای کوردان وڵامی داوەتەوە کە ئەویش بۆخۆی پەیوەندی لەگەڵ رووسان هەیە و بە ئەوانی رایانگەیاندووە کە کۆماری کوردستان سەربەخۆیە و لەژێر دەستەڵاتی ئازەربایجان دا نییە. هەم قازی محەمەد و هەم پیشەوەری بە تێلگراف داوایان لە سەرۆکی حیزبی کمونیستی ئازەربایجان کردوە کە بۆ چارەسەری ئەو وەزعە لە نیوانیان دا بەڕیوانی بکا.

بە گوێرەی لاپەڕەی ٢٧ی نووسراوەی "پیشەوای بیداری" پێشەوا لە چاوپێکەوتنی باکۆ دا دژایەتی خۆێ لەگەڵ حوکمی ئازەربایجان بە سەر کوردستان دا رەد دەکاتەوە و بە بیانووی نوێژ کردن کوبوونەوە بە جێ دێڵی و دوای نۆێژ و دەگەڕێتەوە و ئیستراتیژی و بیروڕای خەڵکی کورد بەو شێوەی خوارەوە رادەگەیەنێ:

١ ـ بیرۆکەی یەکێتی ئازەربایجان ئێران و شوروی، قبوڵ ناکرێ.

٢ ـ کێشەی کوردستان لە کێشەی ئازەربایجان جیایە.

٣ ـ حزبی دێمۆکرات لە حیزبی کمونیستی شوڕەوی و حیزبی تودە جیایە.

٤ ـ نەتەوەی کورد کۆمەڵێکی موسوڵمانە و ناچێتە ژێر ئالای راست و چەپ.

پلانی لکاندنی کوردستان بە ئازەربایجان، لە قسەکانی پێشەوا لە جێژنی سەربەخۆیی، کە بە هۆی ئاغای جەعفەری کەریمی پێکهات بوو، رەنگی داوە و پێشەوا لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٣٠ رێکەوتی ١٢ی رێبەنداندا گوتی: ... دوو دەفعە لە لایەن ئازەربایجانەوە بۆ تەورێزیان بانگ کردم کە لە ئازەربایجاندا گرێمان هەبێ. ئەمن پێشنهادی وانم قبووڵ نەکرد. چوون میللەتی کورد چوارساڵە کە خودموختارە و داوای ئیستیقلال و تێکخستنەوە تەواوی خاکی کوردستان دەکا. زۆرم پێ گران بوو کە لەو حەقە دەست هەڵبگیرێ و ئێحساساتی ئێوە مانعی ئەوەی بوو کە ئێمە بە خودموختاری رازی بیین. چوونکوو کە مدەی ئەو چەند رۆژەی کە جێژن گیراوە ئیحساساتێکی ئێوە نوواندوتانە وێنەیەکی حەساس و کاملە و دەبێ دنیا بزانێ کە کورد لیاقەتی ئیستیقلال و سەربەخۆیی هەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر ئەو پێداگرییەی پێشەوا لەو کۆبوونەوانەدا، بوو بە هۆی ئەوە پرسی کورد بە شێوەیەک بکەوێتە ناو بازنەی معادلاتی سیاسەتی رووس و لە فەرمانی ستالین حیسابی بۆ بکرێ.

بە پێی خەریتەی دابەشکراوی جوغرافیای ئێران لە زەمانی رەزا شا دا، ئێران بە ١٠ پارێزگا دابەش ببوو. بەشی ئازەری زمان بە سەر پارێزگارەکانی یەکەم و سێهەم و چوارەم دا دابەش کرا. بەڵام یەک مانگ دوای ئیعلامی خودموختاری ئازەربایجان، پیشەوەری و شەبستەری و سادقی پادگان، محەممەد بیریا و سەلاموڵڵای جاوید، لە ٢٦ی بەفرانباری ١٣٢٤دا، نەخشەیەکیان کێشابووە کە مەهابادیشی تێدا بوو. دیارە ئاماژە بەوە کرابوو کە ئەو بەشە کوردستانی سەرویە و ٨ رۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەو نەخشەیە، حیزبی دێموکرات ئیعلامی دەوڵەتی جەمهوری کرد.

لە کاتی دامەزرانی دوو دەستەڵاتی کورد و ئازەری، زۆر کێشە و ئاڵۆزی لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئەو دوو دەستەڵاتە دا رووی دا. نووسرەتوڵای جەهانشاەلوو ئەفشار جێگری پیشەوەری لە لاپەڕەی ٢٠٨ی کتێبی "ئێمە و بێگانەکان" باس لەوە دەکا کە بە پێشنیاری پیشەوەری لە نێو کورد و ئازەری دا لە سەر کێشەی شارەکانی ورمێ و سەڵماس دا هەروەها کێشەی دارایی، بەڕیوانی کردوە.

دیارە هەرچەند لە هێچ بەڵگەیەک دا باس لە کێشە و هەرای هەڵکردنی ئاڵا لە نێوان کورد و عەجەم نەکراوە بەلام بە پێیی ئاڕشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٠ لاپەڕەی ٨٨  کاتێک لە نەغەدە ئاڵای کوردستان هەڵکرا، نوێنەری ئازەربایجان ئاڵای هێنا خوارێ. رەحیمی قازی لە لاپەڕەی ٢٣٣ دا دەڵی ئەگەر بە وەخت قازی محەممەد و سەدری قازی نەگەیشتبان شەڕێکی گەورە رووی دەدا.

ریچارد ئەی مۆبلی لە لاپەڕەی ١٩ی کتێبی "پەیوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان"دا بە کەڵک وەرگرتن لە تێلگرافەکانی رۆبێرت رۆسۆی کوڕ و جیراڵد دوهێر، لە کاروباری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە تەورێز و تاران و هەروەها سرویسی ستراتیژی هاوبەشی ئەمریکا و ئینگلیس  لاپەڕەی ١٧دا، لە سەر دووبەرەکی کورد و ئازەری دەنووسێ:

بە کورتی هۆی چاک هەیە بۆ سەلماندنی دووبەرەکی نیوان کورد و ئازەری و بەڵگەیەکی زۆر بە دەستەوەیە بۆ داگرتنەوەی بارودۆخێکی ئەوتۆ. بە سانایی ئەوەندە نیشانە هەن کە چ گۆمانێک ناهێڵنەوە لەمەڕ وەزعی ئاڵۆز و بە گیروگرفتی پەیوەدییەکانی نیوان مەهاباد و تەورێز. تەنانەت ئەگەر ئیمە راپۆرتە هەرە بە نێوەرۆکەکانی سەرچاوەی دەوڵەتی لەبەرچاو نەگرین، راپۆرتی رەسمی کە لە سەرچاوەی دیکەش را هاتوون شاهیدی دەدەن لەسەر دژواری و قورتییەکانی نیوان کورد و ئازەری.

ئەوجار بە دوای دامەزرانی کۆمارەکانی کوردستان و ئازەربایجان کێشەی سنووری دوو وڵاتی کورد و ئازەر رواڵەتی دیکە بەخۆوە گرت. ئەیوب ئەیوبزادە لە سایتی ئینتێرنێتی دا دەنووسێ:

کاتێ لە دوای بڕانەوەی شەڕی دووهەمی جیهانی هەلی ساغ کردنەوەی سەروەریی نەتەوەیی بۆ کورد رەخسا، نەتەوەخوازیی ئازەری تەنیا لەسەر بوونی دەسەڵاتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی بۆ کورد، کێشە و گرفتی نەبوو، بەڵکوو لەسەر مەسەلەی خاک و دیاریکردنی سنووری کۆماری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستانیش هەڵگری هەڵوێستێکی دەمارگرژانە و زیادە خوازانە و کردەوە گەلێکی داگیرکەرانە بوو.

کورد، شار و ناوچەکانی گۆمی وان، میاندواو، ورمێ، سەلماس، خۆی، ماکۆی بە بەشێکی جیانەکراوە لە وڵات و نیشتمانی مێژوویی خۆی دەزانێ کە چی ئازەرییەکان ئەو شار و ناوچانەیان بە پارچەیەکی خاکی ئازەربایجان لەقەڵەم دەدا. ئارگومێنتی ئازەرییەکان ئەوە بوو زۆرایەتیی دانیشتوانی ئەو شارانە ئازەریین. کوردەکانیش لە بەرانبەردا دەیانوت: ئەو شارانە بەدرێژایی مێژوو خاکی کورد بووە و دانیشتووان و دەور و پشتی ئەو شارانەش کوردن.

لەو قۆناغەدا کێشەی کورد و ئازەری، هەوڵدان بۆ باڵا دەستیی نیشتیمانی بوو. فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان دەیەویست بە پێی نەخشەی دیاریکراوی جوگرافیایی ئێران، کە لەسەر رووخساری ئیتینکی نەتەوەی ئازەری دامەزرا بوو، هەڵسوکەوت بکا و دەستەلاتی خۆیان بە سەر ئەو بەشانە دا بسەپێنێ کە کورد بوون. بەڵام ئەو پلانە لەگەل دژایەتی کورد بەرەورو بوو. قازی محەممەد دوای دووجار سەردانی باکۆ و چاوپیکەوتن لەگەڵ میر جەعفەر باقرۆف، سەرەڕای دژایەتی و هەڕەشەی زۆر لە رێبەرانی فیرقە، پێشی بە جێبەجێ کردنی ئەو پلانە گرت و مەجبووری کردن کە لەگەل کورد، وەک نەتەوەی جیاواز پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری واژۆ بکەن.

بە پێی نووسراوەی سەعیدخانی هومایون لە کتێبی پیشەوای بیداری دا، قازی محەممەد دوای گەرانەوە لە دووهەم سەفەری باکۆ پەیوەندی زیاتری لەگەڵ رێبەرانی ئازەربایجان گرت و تەنانەت بە پێشنیاری رووسان هیئەتێک بۆ بەشداری لە مەراسیمی پیکهێنانی مەجلیسی نیشتیمانی ئازەربایجان، چوونە تەورێز. هەروەها پێشەوا بۆخۆی چەند جار بۆ وتوویژ و هاوفکریکردن سەردانی تەورێزی کرد و بۆ پێکهێنانی پەیوەندی نیزیک و دۆستانە زۆری هەوڵ لەگەڵ دان.

لە کۆبوونەوەیەک کە لە ئاخری ساڵی ١٣٢٤دا، لە ناوەندی فەرهەنگی ئازەربایجانی شووڕەوی بە ناوی مەدەنییەتی ئیوی(Medeniyet- IWi) لە باغی گوڵستانی تەورێز پێکهات. قازی محەممەد و محەممەد حوسێن خانی سەیف قازی لە کوردستانڕا دەعوەت کرابوون. لەو دانیشتنە کێشەی ئێران و ئازەربایجان و پەیوەندی نێوان ئازەربایجان و کوردستان هاتە گۆڕێ. گەورە بەرپرسانی شووڕەوی لە تەورێز لەو کۆبوونەوەدا بەشدار بوون. ئازەربایجانییەکان داوخوازی یەک لایەنەکردنی کار و وتوویژەکان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی بوون. و راشکاوانە خوازیاری ئەوە بوون کە داوخوازی کوردەکان لە ژێر سێبەری ویستی ئازەربایجان بەیان بکرێ و کوردستان بەشێک بی لە ئازەربایجان. پێشەوا قازی محەممەد بە توندی بەرهەڵستی ئەو بۆچونەی کرد. میر جەعفەر پیشەوەری لەو پەیوەندییەدا چەند قسەیەکی کرد کە لە لایەن قولی ئۆف بەرپرسی کۆنسوولی شووڕەوی پشتیوانی لێکرا. بەڵام قازی محەممەد بە بیانووی نوێژی ئێوارێ کۆبوونەوەکەی بەجێهێشت و دوای نوێژ کردن گەڕاوە و باسێکی گشتی لە سەر ویستەکانی کورد و خەباتی چەندین ساڵەی بۆ بە دەستهێنانی ئازادی و لە دەست چوونی هەزاران شەهید لەو ڕیگایەدا کرد و تێئۆری ئیتاعەتی لە ئازەربایجانی رەد کرد. ئەو هەروەها بە بەڵگە باسی خەباتی میللەتی کورد لە تورکیە و عیراقی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێنایە بەرباس کە لە لایەن ژێنڕاڵی کونسوولی رووس سەر زارەکی تەئیید کرا. دوایە محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی لە پێشەوا ئیجازەی خواست و بە بەیانی مێژووی خەباتی کورد بۆ وەدەستهێنانی داوخوازەکانی نەتەوایەتی، ڕاشکاوانە و بی پەردە، روو بە قوڵیئۆف کونسوولی رووس گوتی" توخودا ئێمە مەدەنە دەستی ئەم و ئەو، لێگەڕێن با ئێمە سەربەخۆ بین و لە سەر پیی خۆمان راوەستین". قوڵی ئۆف و ئازەربایجانییەکان بە بیستنی ئەو رستەیە زۆر نارەحەت بوون. محەممەد بیریا وەزیری فەرهەنگی ئازەربایجان لە وڵام دا گوتی:

ئاغای سەیف، ئازەربایجان، قارەمانانی وەک سەتارخان و باقرخان و شێخ محەممەد خەیابانی هەبوو. ئێمە هەمووکات کوردەکامنان وەک برای خۆمان خۆش ویستووە.

جێی ئاماژەیە کۆبوونەوەی خانووی فەرهەنگی، بە بێ هێچ ئاکامێک کۆتایی هات. ناکۆکی‌یەکانی کورد و تورک رواڵەتی ریشەیی چەند سەد ساڵەی هەبوو و بە سادەیی چارەسەر نەدەکرا. رووداوەکان دەریان خست کە چەندین کۆبونەوەی هاوبەش بە ناوبژی رووسەکانیش کەڵکی نەبوو. جگە لەو ناکۆکی‌یانەی کە لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردودا بە میرات مابونەوە و کەڵەکە ببوون چەند ناکۆکی نوێ قوت بوو بوونەوە.

ئایەتوڵا میرزا عەبدوڵای موجتەهێدی لە لاپەڕەی ٢٤٠ی کتێبی بوحرانی ئازەربایجان، لە رۆژمێری رۆژانەدا باسی ٣ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٢٥ دەکا و دەنووسێ کە هەرچەند حکومەتی میللی ئازەربایجان ئیدارەی ورمێیان بەدەستەوە بوو بەڵام کورد زۆر بە دەستەڵاتن. هەروەها بە پێی لاپەرەی ١٢٦ی ئەو سەرچاوەیە، لە ٢٩ی مانگی رێبەندانی ١٣٢٤دا، شاری ورمێ نائارام بوو و بەشێکی بە دەست کوردانەوە بوو. هەروەها لە شاری میاندواویش دا وەزعی دەوڵەتی ئازەربایجان باش نییە و کێشەی هەیە.

موجتەهێدی دەنووسێ کە قازی محەممەد لەو رێکەوتە دا، لە گراند هوتێلی تاران نیشتەجێ ببوو و لە لاپەڕەی ١٢٨ دا، باسی براکەی دەکا کە چاوی بە قازی محەممەد کەوتووە و بە شۆخی و نیوە شۆخی بە براکەی گوتووە کە لە ئێران جوێ بووینەوە. موجتەهێدی دەڵی براکەی لێیپرسیوە کە میاندواو وەبەر کوێ کەوتووە و قازی وڵامی ناروونی داوەتەوە.

بەگشتی لە هەموو شارەکانی تێکەڵی کورد و ئازەری نشین وەک ورمێ و ماکۆ و شاپوور و خۆی و مياندوا و سائينقەڵا، بە جورێک کێشەی ئەو دوو نەتەوەیە هەبوو. جیا لە دەوڵەتی حاکم بەسەر تاران دا، بەشێک لە کاربەدەستانی سۆڤیەت و دەستەیەک لە کاربەدەستانی حکومەتی ئازەرەربایجان، دژی دەستەڵاتی کۆماری کوردستان بەسەر ئەو شوێنانەدا بوون.

بە پێی هێندیک سەرچاوە پێشەوا قازی محەممەد لە رێبەندانی ١٣٢٤دا، هەموو کارمەندە ئازەرییەکانی لە بەرێوەبەرایەتییەکانی مەهاباد و ناوچەکانی دەوروبەردا وەدەرنا. هەروەها ئەو سەرچاوانە باس لەوە دەکەن، کە کاتێک پیشەوەری چەند کەسی بە سەرۆکایەتیی پوورعەجەم، جێگری بەڕێوەبەرایەتی تووتنی تەورێزی نارد تا بەرهەمی تووتنی ناوچەی کوردستان کۆ بکەنەوە، کوردەکان هاوکارییان نەکرد و بەدەستی بەتاڵ گەڕاوە بۆ تەورێز.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ریچارد ئەی مۆبڵی لە لاپەڕەی ٨٤ی کتێبی "پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان" دا دەنووسێ:

دێمۆکراتەکان یەکەم تامی نارەزایەتی کوردەکانیان چێشکە کرد کاتێک عەشیرەتە کوردەکان دەستیان کرد بە داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەشێوەیەکی لە زیدە بەسەر دێیەکان نزیک کەلاخوی (خۆی) و شاپور دا لە هەمان کاتدا ئەرتەشی مهابادیش میاندواوی داگیر کرد. مانگێک دواتر گرژییەکە ئەوەندەی دیکەش تەشەنەی کرد کاتێک سوارەی عەشیرەتی شکاک و هەرکی بە راستیش چوونە نێو کەلاخوی (خۆی) و کەلاماکی (ماکۆ) و داوای نیوەی شارەکان، نیوەی دێهات و هەروەها بەشداریی لە بەڕێوەبەری نیوە بە نیوەی ئەو شوێنانەیان کرد.

ریچارد ئەی. مۆبلی لە لاپەرەی ٨٥ی کتێبی "پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان" دەنووسێ:

لە هەمان کاتدا، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (KDP) کۆنترۆلی خۆی بەسەر ناوچەکانی دەرەوەی شاران دا پتەوتر کرد و دەستی کرد بە بەڕێوەبردنی بەرنامەیەکی هەرە نائاسایی شێوەی بەهرە وەرگرتن وەک حەولێک بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانی ئەو خاوەن موڵکانەی کە لەو ناوچانەدا دەژیان کە رقەبەرایەتییان لەسەر دەکرا. لە راستیدا کاربەدەستانی حکومەتی مهاباد دەستیان لەوە گێڕایەوە ئەو رێوشوێن و پەسندکراوانە رەچاو بکەن کە تازە سەبارەت بە سیستمی وەرگرتنی بەهرەی مالیکانە لەلایەن دێمۆکراتەکانەوە داندرابوون، ئەوان ئەو پەسندکراوانەی دێمۆکراتەکانیان پووچەڵ کردەوە و رێگەیان دا رێوشوێنەکانی حکومەتی نێوەندی کە پێشوو هەبوون دیسان بە کار بهێندرێن و بڕ بکەن. لەوەش زیاتر کۆمار کێشکچی لەسەر بەرهەمی خەلە و خەرمان دانا بۆ ئەوەی دیموکراتەکان نەتوانن داگیریان بکەن و دەستیان بەسەردابگرن. تەنانەت ئەوکاتەش کە پیشەوەری لەوبارەیەوە دەستەوداوێنی قازی محەمەد بوو، کوردەکان گوێیان نەدایە و سیاسەتەکەی خۆیان نەگۆڕی.

شارۆچکەکان دیسان کەوتنەوە بەر سەرنج و (مەبەست کوردەکانە) کاتێک لە کۆتایی ژووئیە دا پیشەوەری هەڵبژاردنێکی بەپەلەی لە رەزائیە وەڕێ خست. حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هانی خوێندکارانی دا بۆ گازندە و پرۆتێست. هەرچەند ئاکامی هەڵبژاردنەکە پووچەڵ کرایەوە و سەری نەگرت. کۆمار شانی دایە بەر هەڵێنانەوەی هەنگاوی زۆر شەڕانیتر، تا نێوەراستی ئووت رەزائیە بەچری لەلایەن سەربازانی کوردەوە دەورە درابوو.

سەرەرای ئەو جۆرە گوشارانە دێموکراتەکان حەولی زیادتریان دا بۆ ئەوەی بە رێگەی هێمنانەدا بەرەنگاری پەلاماری توندی کورد ببنەوە. فەرمانداری رەزائیە هەستی کرد بەگوێی خۆئاخنین و لادان لە مهاباد بە رێگەی وتووێژی راستەوخۆ لەگەڵ خانە کوردەکان. ئەگەرچی ئەو بەرنامەیە لە سەرەتاوە سەرنەکەوت، کاربەدەستە پایەبەرزەکانی ئازەربایجانیش هەر هەمان حەولیان دا. بۆ نموونە، سەلامولای جاوید، وەزیری نێوخۆ وەکی باس دەکرێ پێشنیاری کرد ئامادەیە کۆنترولی هەموو ناوچەکانی رۆژئاوای رەزائیە و خوارووی شاپوور بداتە دەست ئەمەرخان بەو شەرتەی ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێبازی وەفاداری خۆی بگۆڕی و لەگەڵ دیموکراتەکان هاوکاری بکا. گەورەی شکاکان ئەو پێشنیارەی وەدوایە داوە و ڕایگەیاند ئەو پیی وایە ئەو ناوچەیە دەبێ وەکوو بەشێکی کۆماری مهاباد چاو لێبکرێ و بەرەسمی بناسرێ.

ریچارد ئەی. مۆبلی لە لاپەڕەی٨٦ پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان لەسەر دەژکردەوەی پێشەوا دەنووسێ:

زۆر دژوار بوو دەست لەو هەموو شارۆچکە زۆر دەوڵەمەندانە هەڵگرن و فیدایان کەن. ئەگەر ئاوایان کردبا، دەبوو هۆی خەسار و لەکیس چوونی زۆری دیمۆگرافی و ئابووری لە خۆیان، باجێکی کە ئەوانەی خۆیان بە دامەزرێنەرانی دەوڵەت- نەتەوەیەک دادەنێن بەزەحمەت دەتوانن بیدەن.

مۆبلی لە لاپەرەی ١٦٤ دا ئاماژە بە مەشرووعییەتی کۆمار دەکا و رای جیاوازی تر باس دەکا و لە پرسیارێک کە لە ٣١ی مارسی ١٩٧٩ دا، لە کۆنسوول رۆبرت رۆسۆی کوڕ کردوویەتی، ئاوا باسی وڵامی ئەو دەکا: ئێمە دەکرێ بڵێین کە مەهاباد تەحەموول دەکرا و ئەوەی کە قازی محەمەد مەشرووعییەتی شەخسی هەبوو، بەڵام دەبێ ئەوەش جەخت بکەینەوە کە بەرژەوەندییە عەشیرەتەکان سەرەکی بوون...

لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو بابەتەی سەرەوە دا ریچارد ئەی مۆبلی لە لاپەڕەی ٥١ دا لەسەر هەڵوێستی پیشەوەری دەنووسێ: ... ئەگەرچی پیشەوەری لەگەڵ ئارەزووی کورد بوو بۆ مافی فەرهەنگی، بەڵام کردەوەکانی نیشان دەدا کە ئەو هەستی ئەوەی تێدا بووە کە ئەو جۆرە مافانە کۆنترۆڵ بکرێن.

بێشک ریچارد مۆبلی لەسەر هەڵوێستی توانایی کۆمار زیادەرەوی دەکا و ئەو عەشایرانە ئەوکات تا ئەو رادەیە لە ژێر دەستەڵاتی کۆمار دا نەمابوون. بۆ بە لادا خستنی ئەم شەڕ و کێشانە، حکومەتی مەهاباد چەند جار نوێنەری ناردە ئەو شوێنانە. هەروەها نوێنەرانی سۆڤیەتی دەخالەت و ناوبژیان کرد. لە بەهاری ١٣٢٥ دا، لە کۆنسوولخانەی یەکێتی سۆڤیەت لە ورمێ، نوێنەرانی هەر دوو حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان بۆ گفتوگۆ بە تایبەتی بەلاداخستنی چارەنووسی شاری ورمێ کۆبوونەوە. بەڵام بە ئەنجام نەگەیشتن چونکە هەر دوو لایان لە سەر هەڵوێستی خۆیان سوور بوون.

نووسەری وتاری محاکمەی قازییەکان لە زمانی حاجی بابا شێخ لە دوای رووخانی کۆمار دا، دەنووسێ: ... ئێمە قەت نەمانتوانی لەگەڵ فرقە رێک کەوین چوونکە ئەوان دەیانگوت کە ئێمە دەبێ لە قسەی ئەوان دەرنەچین. ئیمەش ئەوەمان قبووڵ نەدەکرد و دەمانگوت ئەگەر وایە هەر فەرمانبرداری تاران دەبین.

دوکتور قاسملوو لە لاپەرەی ٩٢ی چل ساڵ خەبات دا دەنووسێ کە پێشەوا بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ یەک دوو کەس چووە ورمێ و لەگەڵ نوێنەرانی ناردراوی تەورێز کۆبووە بەڵام بە ئاکام نەگەیشتن. هەندێک لە زەویدارە گەورەکانی ئازەری ورمێ، ئەیانویست ورمێ بخرێنە سەر کوردستان، چونکە لە ئازەربایجان زەویوزاری مالیکەکان دابەش کرابوو بەڵام لە کوردستان دەستی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێ نەدرا بوو.

سەرەڕای پاوانخوازی و باڵادەستی ملهوڕی تورک کە ریشەی مێژوویی هەبوو، ناکۆکی کورد و تورک چەند لایەنی هەبوو:

سروشتی هەر دو حکومەت و حیزب جیاواز بوو. حکومەتی ئازەربایجان و فیرقەی دیمۆکرات ڕەنگی کۆمۆنیستی هەبوو بەڵام حکومەتی کوردستان و حیزبی دیمۆکرات ڕەنگی دیمۆکراتی و نەتەوەیی. ئازەرییەکان ئەیانویست کوردستان بەشێ بێ لەوان، حکومەتی کوردستانیش ئەیویست ئەویش وەکو ئەوان خودموختار بێ. لەمانەش لە هەموی گرینگتر ناکۆکی ئەرزیی لە سەر سنوری دەسەڵاتی هەر دوو حکومەت هەبوو. کورد شار و ناوچەکانی دەوری گۆمی ورمێ، وەک میاندواو، ورمێ، سەڵماس، خوی، ماکۆی، بە بەشێکی لە ئەرزی کوردستان دەزانی، بەڵام ئازەرییەکان بە پارچەیەکی ئەرزی ئازەربایجانیان لە قەڵەم ئەدا و ئامادە نەبوون بخرێتە سەر حکومەتی کوردستان.

دوکتور قاسملوو لە لاپەرەی ٩٠ی کتێبی چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی دا دەنووسێ کە ئازەرییەکان بەهانەیان ئەوە بوو کە زۆرایەتی دانیشتوانی ئەم شارانە ئازەرین. کوردەکانیش بەهانەیان ئەوە بو کە دانیشتوانی دەوروپشتی ئەم شارانە کوردن، ناوچەکەش بە درێژایی مێژوو هی کورد بووە ئەگەرچی لەڕوی ئیدارییەوە سەر بە ولایەتی ئازەربایجان بوو. ئەم ناکۆکییە لە چەند شوێنی دەوروبەری میاندوا و ورمێ بوو بە هۆی پێکادادان و پێشمەرگەکانی کورد، فیداییەکانی ئازەریان دەرکرد.

لە لاپەڕەی ١٢٠ی کتێبی "فرازو فرود فرقه دموکرات"دا بە ئیمزای "پیشەوەری" و"شبستری"و"پادگان" بەڵگەنامەیەک بۆ رای گشتی بڵاوکراوەتە کە لە ماددەی ١١ دا ئاوا باسی سنووری حکومەتی ئازەربایجان دەکا:

ئیمە بە لەبەرچاو گرتنی فاکتورگەلی مێژوویی و جوغرافیایی و ئیتنیکی، ئەو شارانە بە بەشێک لە پێکهاتەی کۆماری میللی- دێمۆکراتی ئازەربایجان دەزانین: تەورێز، ئەردەبیل، ورمێ، میاندواو، مەراغە، سەلماس، خۆی، مرند، میانە، انزلی، ماکۆ، ئەهەر، زنجان، قزوین و همدان″.

ریچارد ئەی مۆبلی لە لاپەڕەی ٦٠ی کتێبی "پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان" دا دەنووسێ:

تەورێز زۆر هەنگاو و تەگبیری لە رووتری بەکارهێنا بۆ پاراستنی ئەو یەکپارچەیی خاکی کە داوای دەکرد. یەکەم، فیداییە ئازەرییەکان دەکار کران بۆ پێشگیرەوەیی لە عەشیرەتەکان (عەشیرەتە کوردەکان) بۆ گرتنی ئەو شارۆچکانەی کە کێشەیان لەسەر بوو. تەورێز هەروەها بەتوندی بەدەستێوەردانی شوورەوی بۆ بەربەست کردنی عەشیرەتەکان پشت ئەستوور بوو. کاتێک ئەو (تاکتیکە)سەرنەکەوت، ئازەربایجان تاکتیکی سێهەمی گرتە پێش و ئەویش خۆ گێل کردن لە مەهاباد و لە پاشملەی وی بەرتیلدان و سمێڵ چەورکردنی رێبەرانی عەشیرتەکان و هەرکامیان بە جوێ بوو.

سەرەڕای هەمووی ئەوانە، بوونی هێزێکی نیزامی رووس لە ورمێ، پێشی بەوە دەگرت کە کورد ئەو شارە گرینگە بگرن، بەڵام هەڵسوکەوتی کورد بوو بە هۆی ئەوە کە قسە لە سەر چارەنووسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم شارە بکرێ. کورد لە مياندواويش دژکردەوەی پێويستی لە خۆ نيشان دا و دەگوتری لەم دواييەدا کاتی دائيرەی قەند و شەکری حکومەتی ئازەربايجان ويستوويەتی لۆرييەکی باری قەند لە کارخانەی قەندی دەوڵەتی مياندواو ببا، کومێتەی خۆ جێيی کورد داويەتە دواوە و بەرواڵەت ئێستا ئاڵای کورد لەسەر کارخانەکە دەشەکێتەوە.

ئەو بابەتە لە بەشی پەيوەستی کتێبی مۆبلی لاپەڕەی ١٧٢دا، لە لايەن چەند کاربەدەستی ئەمريکايی ئاماژەی پێکراوە. لەو سەرچاوەيەدا لە زمانی رۆسۆ دەگێڕدرێتەوە گوشاری کورد بوو بە هۆی ئەوە کە ناردنی قەندی مياندواو بۆ تەورێز راگيرا. هەروەها هاتووە ئەگەر کۆنتڕۆلی کارخانە نەدرێتە دەست کوردان ئەوان چەوەندەر رەعەمەل ناهێنن.

کۆنسوولی ئەمريکا لە مانگی ژانوييەدا هەستی بە کێشەی خاک لە نێو کورد و ئازەری دا کرد و لە راپۆرتی خۆی دا دەڵێ، کوردەکان لە کەلاخۆی(خۆی) و کەلاماکێ(ماکۆ) ئازەرييەکانيان ئاگادار کردەوە کە ئەو شارۆچکانە بە زوويی دەکەونە ژێر دەستەڵاتی کوردان. کۆنسوول دەڵی ئەو پێشنيارە لە مەهابادەوە دەست پێدەکا و بە درێژايی گشت رۆژئاوای دەرياچەی ورمێ تا سەرووی ماکۆ دەگرێتەوە و لە سەرانسەری ساڵی ١٩٤٥دا، دووپات بۆتەوە.

ناکۆکی کورد و ئازەری لە سەر ناوچەی ژيانی هەر دوو نەتەوە، گرفتی سەرەکی هاڵۆزی ناکۆکی دوو نەتەوە بوو. دەوڵەتی کورد، بە تايبەتی عەشايری شکاک مليان بۆ هێژمونی حاکميەتی دەوڵەتی ئازەربايجان بەسەر ئەو ناوچانە دا رانەدەکێشا. هاڵۆزييەکە بە گرتنی شاری ورمێ زياتر پەرەی ئەستاند و دژکردەوەی توندی عەشايری شکاکی لێکەوتەوە. لەوبارەوە ئارچی رۆزڤێلت لە لاپەڕەی ٢٧ی کتێبی "کۆماری کورد لە مەهاباد"دا دەنووسێ:..... ئەمەرخان و عەشيرەتەکانی زۆر دەربەستی دێموکراتە عەجەمەکان نەبوون و بێپسانەوە هێرشيان دەکرد سەر ئەو گوندانە کە حکومەتی تەورێز بە هی خۆيانيان دەزانين.

بوونی دەوڵەتی شووڕەوی و يەک ئامانج و بەرنامەی سەرەکی دوو حکومەتی کورد و ئازەری و بوونی دوژمنی هاوبەش، پێشی بەوە دەگرت کە دوو حکومەت بە يەکەوە بەشەڕ بێن بۆ چارەسەری کێشەکانيان رێگای ئاشتی نەگرنە بەر. مۆبلی لە لاپەڕەی ١٧٤ی کتێبەکەی دا، لە زمانی کونسوولی رووس لە تەورێز، ئاماژە بەوە دەکا کە لە رێکەوتی ٢٨ی مارسی ١٩٤٦دا، واتا بەر لە رێکەوتنی ئيستراتيژێکی کورد و ئازەربايجان لە تەورێزەوە، چەک و تەقەمەنی ناردراوە بۆ مەهاباد. ديارە ئەوە روون نييە لە لايەن ئازەربايجانەوە بوو يان لە لايەن رووسان. بۆ پێکهێنانی ئاشتی نيوان ئەو دوو نەتەوەيە، بەر لە مانگی ئاوريل کونسوولی شووڕەوی لە ورمێ چاوی بە دەستەيەک لە سەرانی عەشايری کورد و کاربەدەستانی مەهاباد کەوت، بۆ ئەوەی بەشداری لە کۆبوونەوەی تەورێز بکەن و لەگەڵ ئازەربايجان رێککەون. کونسوول پێشنيار دەکا کە بۆ جێبەجێ بوونی ئەو ئاشتييە، ورمێ و خۆی و ماکۆ بە دوو قۆڵی ئيدارە بکرێن. ئيگلتۆن لە لاپەڕەی ٨١ی کتێبەکەی دا، دەڵێ کە کاربەدەستانی رووس لە کۆبوونەوەی باکۆ گوتويانە تا يەک نەگرتنی کوردی ئێران و تورکيە و عێراق، کێشە و قڕەی کورد و ئازەری لە سەر خاک جێبەجێ نابێ.



کتێبخانەی ديجيتاڵی
www.rabari.org

کێشەی کۆنی دوو نەتەوەی کورد و عەجم کاریگەری لە سەر پەیوەندی نێوان دوو حکومەتی هاوپەیمان دا هەبوو و دوو لایەن دەبوایە زۆر هەوڵ بدەن تا کێشەکانی نێوانیان کە زۆرتر گرفتی خاک و دەستەڵات بوو بنبڕ بکەن. کات بۆ بنبڕ کردنی کێشەکان زۆر نەبوو و هەردوو لا دەبوو هێزەکانیان روو بە دوژمنی هاوبەش بخنە یەک سەنگەرەوە. هێزی کورد تەیار و ئازا و شەڕکەر و هێزی ئازەربایجان ناکارامە و شەڕ نەدیتوو، چاو لەدەستی بڕیاراتی ئەرتەشی رووس بوو.

ریشەی ناکۆکی کورد و ئازەر لە مێژووی چەند سەدان سالەوە سەرچاوەی دەگرت سروشتی بوو کە وا بە ئاسانی چارەسەر نەکرێ. ئیرادە و توانایی زۆری دەویست تا ئەو کێشەیە بە لایەک دا بکەوێ. تورک لە کاتی دۆستایەتیش دا هەلسوکەوتی دوژمنکارانەیان بە نیسبەت کوردان هەبوو. ئەوجار دەبێ ئەوە وەبەرچاو بگیردرێ کە بەو پیشینەیەی کە باس کرا پێکهاتەی دوو حکومەتی تازە، کێشەی تازەی بەدوای خوێ دا دێنا.

دواتر دەوڵەتی شوورەوی لە پێناوی سیاسەتی نوێ لە کاتی چوونەدەری هێزەکانی لە ئێران دا، سیاسەتێکی کاراتری لەمەر پێکهێنانی هێوری و هێمنی لە نێو کورد و ئازەری دا گێڕا، و هەوڵی دا تا لە نێوان ئەوان دا کێشە پێک نەیە. ئارچی رۆزڤێلت دەنووسێ: ... لە مانگی ئاپریلی ١٩٤٦ دا سۆڤیەت بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو ناکوکێ و گیروگرفتانە، قازی محەمەدی بانگهێشتە تەورێز ... ئاکام و بەرهەمی دانیشتنەکانی سێ قۆڵی، واتە پیشەوەری سەرۆکی دێموکراتەکانی ئازەربایجان و قازی محەمەد و سۆڤیەت ، بوو بە هۆی ئەوە کە لە ٢٣ ئەپریلی ساڵی ١٩٤٦ دا رێکەوتننامەیەک لە نێوانی نوێنەرانی کورد و ئازەربایجانی دا ئیمزا بکرێ...

جیا لەوانەی کە باس کران لە نێوان حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان دا جیاوازی لە ناوەرۆک و پێکهاتە و ئاکار و کردەوەدا زۆر بوو و دەکری ئاماژە بە دەیان نموونە بکرێ. گرینگترین جیاوازی لە شێوەی چاوەدێری بەسەر شێوەی بەڕێوەبری کارەکانی دەوڵەت دا خۆی دەنواند. ئەگەر چاو بە قسەکانی دوکتور جاوید وەزیری داخلەی ئازربایجان دا بخشێنین کە لە ژمارەی ١٧ی رۆژنامەی کوردستان دا، بڵاو بووتەوە و لەگەڵ قسەی پێشەوا بەراوەردی بکەین، بە روونی جیاوازی ئەو دوو حکومەتە دەردەکەوێ. ئەو جیاوازییە لە فۆڕمی دێموکراتێکی بەڕێوەبەری وڵات دا، بەمشێوەیە کە دوکتور جاوید دوای ئەوەی باس لە کەموکۆڕییەکان دەکا و دەڵێ:

لە کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتی کە ئەو جورە قسە و باسانە پیشنهاد و مەترەح دەکرێ و یا تەسویب دەبێ قەتعەن لە دەرەوە تەرح کردنی مومکین نابێت، بەلکو پیویستە لۆمەولەقەم (تەنقید) لە کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتی، لە ناو لکەکان، یا لە تەشکیلاتی بەرزتر لەوان مەترەح بکرێت، مەسەلەن ئەگەر لە فەرماندارێک شکایەتیان هەبێ، پێویستە لە تەشکیلاتی مەحەلی و لە پاشان لە مەقاماتی بەرەوژورتر نەقس و عەیبی بکوترێ وەئیلا لە ناو کۆڵانا و بازار ئەگەر ئەو قسانە بگوترێ و باسی بکرێ دەبێتە خەیانەت.

بە لای دوکتور جاوید هەرچەشنە قسەی سەرزارەکی خەڵک کە بۆنی گلەیی لێبێ بە خەیانەت بە حیساب دێنێ. دوکتور جاوید سەرچاوەی دەسەڵاتی وڵات بە میللەت نازانێ و لە درێژەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قسەکانی دا دەڵی:

دەوڵەت دەکاری خۆیدا چاوەنووری نەزم و دیسیپلینە و وەک لە پێشوو دا گوتم: ئەندامەکانی کۆمەڵ، کارکەری دەوڵەتن و ئەندامەکانی کۆمەڵ پیویستە نیگەهبانی دەوڵەت بن هەر بەوجورەش پێویستە دەوڵەت چاوە دیری بکا...

لە بەرانبەر دا هەر لەو ژمارەیەدا محەممەد نانەوازدە لە زبانی پێشەوا دەنووسێ:

... ئەڵبەتە ئێوەش ئاگا و لەوەی هەیە کە دەوڵەت لە خڕ بوونەوەی میللەت تەشکیل دەبێ و هەر میللەتە کە ئیفتێخاراتی خۆی بە دنیایە دەناسێنی بە هۆی پێشمەرگان.

جیاوازی ئەو دوو پاڕاگرافە دەردەخا کە شەرعییەتی دەستەڵات بە لای حکومەتی کورد، میللەت و خەڵک بە لای دەوڵەتی ئازەربایجان حیزبە. گلەیی و گازەندە لە کاربەدەستی ئازەربایجان دەبیتە خەیانەت، بەڵام لە رۆژنامەکانی کوردستان دا بە راشکاوی دەکرا شکایەت لە کاربەدەستانی دەوڵەتی کورد بکرێ.

هەر لە پەیوەندی جیاوازییەکانی کورد و ئازەری دا، کورد لە پشتیوانی دەوڵەتی بە دوور بوو. کۆماری ئازەربایجان پشتیوانی حکومەتی هەبوو. واتا دەوڵەتی ئازەربایجانی شووڕەوی پشتیوانی بوو و زۆر لە کاربەدەستانی حکومەتی ئازەربایجان، هاووڵاتی ئێرانی بوون و بە ماوەی زۆر لە شووڕەوی ژیابوون و سروشتی بوو کە پشتی کۆماری ئازەربایجان بگرن.

کێشەی کورد و ئازەری لە دەست تێوەردان و کارشکێنی و گێرەشێوێنی تورکەکان دا خۆی دەنوواند. فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان ئەو چاوەڕوانییەی لە حکومەتی کوردستان هەبوو کە ئەو شێوە بەرنامە و کار و کردەوانە بەڕێوە بچێ کە لە تەورێز دەکرا و کوردستان لە هەموو بوارێکەوە وێنەی هەڵسوکەوتی ئەوان بێ.

راستی ئەو بابەتە لەو رووداوە دەردەکەوێ کە مامۆستا هەژار کە ئەوکات لە رادیو تەورێز کاری دەکرد، لە سەر شێوەی بەرنامەی رادیو دەیگێڕێتەوە و دەنووسێ کە رۆژێک کاربەدەستانی ئازەری نامەیەکی بۆ دەنووسن و داوا دەکەن کە دەبێ تەبلێغات بەو جورە بێ کە ئەوان دەیانهەوێ. مامۆستا هەژار هەر لە پشی کاغەزەکە جواب دەداتەوە کە ترکی نازانی و بۆیان دەنێرێتەوە. بەرێوەبەرایەتی فیرقە زۆر تووڕە دەبن و پێشەواش لۆمەی هەژار دەکا. دوایە هەژار دەڵی کە نەیزانیوە کە ئەوان کلکی فیرقە بن؟

دواتر کە پێشەوا ئاگاداری بابەتەکە دەبێ و نامەیەکی توند بۆ فیرقە دەنووسێ و ئەوان لە وڵام دا عوزریان خۆاست بوو کە نەیانزانیوە.

مامۆستا هێدی لە لاپەرەی ٧٣ی کتێبی "ئاوینە شکاو" دا دوای ئەو باسی پارلمان دەکا و دەنووسێ:

چەند مانگێک لە دروست بوونی کۆمار و دامەزرانی ئەو ئەنجومەنە تێپەریبوو دەمدی چەشنە نووسراوێک لە لایەن حکومەتی میللی ئازەربایجانەوە بۆ ئەو ئەنجومەنە دێ کە دەتوانم بڵێم ئەمریان تێدا بوو و رێ و شوێنیان بۆ ئێمە دادەنا و کۆماری مەهابادیان بە بەشیک لە دەسەڵاتەکەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆیان حیساب دەکرد و دەیانکردە بەخشنامە بۆ ئێمەش. دەنگدانەوەی ئەو جۆرە نووسراو و بەخشنامانە ئەگەر لە رادەی لێپرسراوە بەرزەکانیشدا شتێک بوو بێ بۆ ئێمەی بۆرە پیاو هیچ دیار نەبوو. دوایی دەرکەوت کە ئیمە هیچ هەر لە ناو حکومەتەکەی پیشەوەریشدا، هەموویان بەو هەڵوێستە رازی نین و لەسەر ئەوە کێشەیان کەوتوتە بەینێ و هەتا کۆماری مەهاباد تێکچوو پەیوەندی حکومەتی ئازەربایجان لە گەڵ ئێمە هەر بەو شێوە بوو.

فیرقەی دێمۆکرات دەیهەویست وەک ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆی لە ناوچەی کۆماری کوردستان دا دەستدرێژی بکرێتە سەر ئاغاوەت و نەیاران بکوژرێن و قەتڵیعام بکرێن. بۆیە هاشمی خوسرەوی حاکمی شاری بۆکانیان هان دا، تا شەوێک بچێ ماڵەکانی مەحمودئاغا و عەلیاغا و حاجی بایزاغا قەتڵیعام بکەن. هەژار ئەو هەواڵە دەزانی و هەروەک لە لاپەڕەی ٧٨ دا باس دەکا، بە پەلە خۆی گەیاندە پێشەوا و لەو بابەتەی ئاگاداری کرد. پێشەوا بە پەلە چووە تەورێز و لەو بڕیارە پەشیمانی کردنەوە. هاشم خوسرەوی لە سەر کار لابرا و کوتانێکی زور چاکیشی خوارد.

لە ناکۆکی نێوان کورد و تورک دا بازرگانەکانیش بێ کێشە نەبوون. سەعیدی هومایون لە لاپەڕەی ١٧٣ی کتێبی "پێشوای بیداری" دا، دەنووسێ کە چەند رۆژ بوو حکومەتی ئازەربایجان بە هۆی "ئارام ئەرمەنی" "میرزا رەحمەتی شافعیان" لە میاندوا گرت و لە ئاوایی "تەقیاوا" زیندانییان کرد بوو. دەیانگوت کە داوای پوڵی زۆریان لێکردوە و گیانی لە مەترسی دایە. ساعەتی ١٠ ی بەیانی بوو کە بانگیان کردمە دەفتەر. یەکێک لە بەردەستەکانی پێشەوا ئەمنی بۆ ژووری ئەو رێنموونی کرد. ئەو فەرمووی "دەزانی کە ئاغای رەحمەتی شافعی لە میاندواو زیندانی کراوە. وادیارە سەبارەت بە ئەو مەبەستێکی خراپیان هەیە. بە فەوری لەگەڵ دوو ـ سێ ئەندامی حیزب بچنە میاندوا و لە لایەن منەوە بە نماز عەلیۆف بڵێن کە زیندانی کردنی کوردێک بە دەست عەجەمێک لە شارێکی وەک میاندواو کە نیوەی زیاتری خەڵکەکەی کوردە، بێحورمەتییەکی گەهرەیە بە ئێمە. ئەو ئەگەر خەتایەکی کرد بێ، دەبێ لە مەهاباد سەزا بدرێ. دیارە ئەمن بۆچوونی وام سەبارەت بە ئەو نییە و پێموایە دەبێ ئازاد بکرێ تا ئەوەی زیندانی بێ.

هەر ئەو رۆژە لەگەڵ ئاغایان، حاجی مستەفای داودی، محەممەد ئەمینی شەرەفی، دڵشاد رەسووڵی و عەباساغا عەزیزی زاوای ئاغای رەحمەت شافعی بە سواری ماشێن وەڕێکەوتین. لە میاندواو لە پێش قاوەخانەیەک راوەستاین. سەربازێکی شووڕەوی بە دیتنی ئێمە هات بۆ لامان و گوتی فەرماندەکەم ئەتۆی دەوێ. لەگەڵ سەربازەکە چووم. نماز عەلیۆف هۆی چوونی ئێمەی بۆ میاندواو پرسی و ئەمنیش پەیامەکەی قازیم پێگەیاند. عەلیۆف داوای لە من کرد کە بە هاوڕێیانم رابگەیەنم کە لە یەکەم قاوەخانەی دەرەوەی شار چاوەڕوانی گەرانەوەم بن و دوایە گوتی کە بە ماشێنی من بچووە لای ئارام ئەرمەنی و ئاغای شافعی تەحویل وەربگرە. کە گەیشتمە تەقیاوا، وەدوای پێی و شوێنی ئارام ئەرمەنی کەوتم. شوێنی مانەوەیان نیشان دام بەڵام خۆی لەوێ نەبوو. دیار بوو بە هۆی ناسیاوی پێشتر لەگەڵ ئاغای شافعی و ئەمن بە رواڵەت هەستی بە شەرمەزاری دەکرد، بەڵام دەستووری دابوو کە ئاغای شافعی تەحویلی من بدەن. دوای چەند دەقیقە ئاغای شافعییان هێنا بە فەوری گەڕاینەوە بۆ میاندواو و دوای سوپاس کردن لە نماز عەلیۆف سواری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماشێن بووین و گەڕاینەوە بۆ مەهاباد.

هەر لە درێژەی ئەو هاڵوزیانە دا، لە کوردستانی ژمارە ٨٥ دا "مولود کاڕەش" بە هۆی تێلگڕاف، بە وردی دەزگاکانی بەڕێوەبەری کوردستان لە سەر دەست بە سەرداگرتنی ٧٠ بار توتن، بە هۆی شارەوانی تەورێز و زیندانی کردنی بە ماوەی چوار ڕۆژ، ئاگادار دەکا و داوای چارەسەری کیشەکەی دەکا.

جیا لەوانە ئەوجار خەلیل فەتاحی قازی لە لاپەڕەی١٤٣ی کتیبەکەی دا، لە زمانی دۆستێکی کە لە تەورێز لە دانیشتنی پێشەوا و پیشەوەری دابووە لەسەر پێشنیاری کوشتنی خەڵک لە کوردستان، بە پێشنیاری پیشەوەری بە دەستی رووسان، دەنووسێ: پێشەوەری لیستی کەسانێکی دا بە قازی محەمەد و گوتی چونکە ئەو کەسانە خائین و دژی ئازادی ئازەربایجان و کوردستانن، باشترە هەمووی ئەوانە لە پەیوەندی لە گەڵ کاربەدەستانی رووس، ئێعدام بکەی. قازی محەمەد گوتی کە ئەمن ئەوکارە ناکەم. پیشەوەری گوتی بۆ؟ قازی محەمەد لە وڵام دا گوتی ئەمن پیاوێکی موسڵمانم، لە دینی ئیسلام دا کوشتن بە بێ ئیجازە و فەرمانی شەرع گوناحێکی گەورەیە. پیشەوری گوتی کەوابێ ئەتۆ بۆخۆت دەکوژرێی. قازی محەمەد لە وڵام دا گوتی کوژرانی خۆم بە باشتر دەزانم تا ئەوەی کەسێکی بێتاوان کە جورمەکەی سابیت نەبووە بێ بکوژم.

بە گشتی جیا لە یەک دوو راگەیەندراوی هاوپەیمانی نیزامی، کێشە و هاڵۆزی لە نێو کورد و ئازەری دا تا رووخانی کۆمارەکان درێژەی هەبوو. مامۆستا هێدی لە لاپەرەی ٧٣ی کتێبی "ئاوینە شکاو" دا، باس لەسەر هەلسوکەوتی تورکان دەکا و دەنووسێ:

چەند مانگێک لە دروست بوونی کۆمار و دامەزرانی ئەو ئەنجومەنە تێپەڕیبوو دەمدی چەشنە نووسراوێک لە لایەن حکومەتی میللی ئازەربایجانەوە بۆ ئەو ئەنجومەنە دێ کە دەتوانم بڵێم ئەمریان تێدا بوو و رێ و شوێنیان بۆ ئێمە دادەنا و کۆماری مەهابادیان بە بەشیک لە دەسەڵاتەکەی خۆیان حیساب دەکرد و دەیانکردە بەخشنامە بۆ ئێمەش. دەنگدانەوەی ئەو جۆرە نووسراو و بەخشنامانە ئەگەر لە رادەی لێپرساوە بەرزەکانیشدا شتێک بوو بێ بۆ ئێمەی بۆرە پیاو هیچ دیار نەبوو. دوایی دەرکەوت کە ئێمە هیچ هەر لە ناو حکومەتەکەی پیشەوەریشدا، هەموویان بەو هەڵوێستە رازی نین و لەسەر ئەوە کێشەیان کەوتوتە بەینێ و هەتا کۆماری مەهاباد تێکچوو پەیوەندی حکومەتی ئازەربایجان  لە گەڵ ئێمە هەر بەو شێوە بوو.

**پەیمانی یەکێتی کورد و ئازەری**

پەیوەندی کورد و ئازەر بە دوای بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی رووس رواڵەتی دیکەی بە خۆوە گرت و لە نێوان دوو نەتەوە دا چەند پەیمانی هاوکاری و یەکێتی دامەزرا. عەلی خوسرەوی لە ژمارەی ٩ی رۆژنامەی کوردستان دا، ئاماژە بە پەیمانی و ئیتحادی کورد و ئازەری دەکا و دەنووسێ:

... تا چەند ساڵ لەوەو پێش کە وێستا شەپیوری ئازادی لێ نەدرا بوو، هێزی ئەهریمەنی فاشیستی دەدونیادا موسەلەت بوون کورد و ئازەربایجانی لەگەڵ یەك زۆر ناكۆك بوون، دەستی ئیستیعمار بۆ ئیستیفادەی خۆی شەو و رۆژ خەریکی ئیختیلاف لە نێو ئەو دو نەتەوە نەجیبەدا بوون. تا بە بۆنەی ئەوە بتوانێ لە مەنافعی مادی ئەو نەتەوانە بەهرەوەر بن و لە مەنافیعی وان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆشك و باڵەخانەی چەند نهومیان ساز دەکرد و لە تێکبەردانی ئەوان بۆخۆیان لە کۆشکەکانی تارانێ دادەنیشتن و قاقا بە ریشی میللەتی مەزڵوم کە هەڵفریوا بوون پێدەکەنین.

وەلێ بە یارمەتی خودای بێ هاواڵ رۆژی رەشمان رووناك بوو، زنجیری ئەسارەت لە دنیادا پسا و ئاخرین نەفەر لە دەستپەروەردەکانی هیتلەر یەك لە دوای یەك بە جەهەنەم موشەڕەف بوون.

چاومان هەڵێنا دیمان کە دەست و پێوەندی( گۆبلز) لەعنەتی تا وێستا لە دوبەرەکی ئێمە ئیستیفادەیان کردوە و بۆ مەنزور و مەرامی خۆیان کورد و ئازەربایجانیان پێك وەر کردوە.

بەڵێ وەخەبەر هاتین دیمان کە نەتەوەی ئازەربایجانی بۆ شەجاعەت و سەخاوەت و ئینسانییەت لە دنیادا مەشهورن و لە رێی ئازادی و دیمۆکراسی دا کوژراویان زۆر داوە و ئەوانیش هەر وەکوو ئێمە بەش خوراون. بەڵێ بیلئەخەرە بە هیمەتی برایانی بەرزی کوردی و ئازەربایجانی ئیتیحادی مەحکەم لە بەینمان دا بەسترا و دەستی ئیتیحادمان دا دەستی یەك و سوێندمان خوارد تا نەفەرێك لە ماوەی فاشیستەکان بمێنێ دانانیشین و دەبێ لە بەینی بەرین. دوژمنانی مە دەبێ بزانن ئەگەر قەدەمێك لە نیشتمانی ئێمە بێنە پێش بە زۆری باسکی کوڕانی ئازادیخواهی کوردی و ئازەربایجانی مەحو دەبنەوە. ئومێدەوارم کە ئەو ئیتیحاد و برایەتی لە بەینی ئەو دوو نەتەوە بەشخوراوە رۆژ بە رۆژ بە کوێرایی چاوی دوژمنانی دیمۆکراسی مەحکەمتر و بە دەوامتر بێ.

بەرقەرار و پایەدار بێ برایەتی کورد و ئازەربایجانی.

پێشەوا قازی محەممەد بۆ چارەسەری کێشە و گیروگرفتی نێوان تورک و کورد زۆری هەوڵ دا. لەوبارەوە رۆژنامەی "ئازەربایجان" لە زمانی پیشەوەری بە رێکەوتی ٢٩ی ئاوریلی ١٩٤٦ دا دەنووسێ: ... بۆ تەواوی گەلەکانی ئێران جێگای بەختەوەری و شانازییە کە شەخسێکی وەک قازی محەممەد کە یەکێکە لە شەخسییەتەکانی هەرە گەورە و بە دیمەنی وڵاتانی رۆژهەڵات لەم رێگەیەوە بە بێ هەدادان تێدەکۆشێت ... ئەم دوو نەتەوەیە ئەگەر دەیانەوێ بژین دەبێ یەک کەون...

ئایەتوڵڵا میرزا عەبدوڵڵای موجتەهێدی لە لاپەڕەی ١٢٦ی کتێبی بوحڕانی ئازەربایجان باسی نوتقی پیشەوەری بە رێکەوتی ٨ ی بانەمەڕ لە فڕۆکەخانەی تەورێز لە کاتی چوون بۆ تاران دەکا و دەنووسێ کە پیشەوەری تەعریفی قازی محەممەدی کرد و گوتی کە ئەو پێشەوای خۆشەویستی کورد و یەکێک لە زانایانی گەورەی دنیای رۆژهەڵاتە. پیشەوەری دوایە لە قسەکانی دا گوتی کە لە نەبوونی خۆیدا، شەبستەری و قازی کارەکان بەرێوە دەبەن.

بەمشێوەیە هاوکاری کورد و ئازەری پەرەی ئەستاند و رواڵەتی پەیمانی بە خۆوە گرت و لە ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦دا، پەیمانی کورد و ئازەری مۆر کرا. ڕۆژی ٣ ی ٢ ی ١٣٢٥ نوێنەرانی پایەبەرزی هەر دوو حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان لە تەورێز "پەیمانی یەکێتی و برایەتی" یان ئیمزا کرد. لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤٣ لە پاڕاگرافێکی کورت دا، باس لە رێکەتنی ٧ خاڵی پەیمانی دوو لایەنەی کوردستان و ئازەربایجان دەکا. لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤٥ دا دەقی پەیامی دوو حکومەت بەمشێوەیە هاتووە:

مەتنی پیمانیک کە لە نیوان حکومەتی میللی کوردستان و آذربایجان دا بەستراوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چونکو میللەتی ئازربایجان و کوردستان هەموو کاتیک لە قازانج و زیان دا پێکەوە شەریک بوون و لە عینی حالیشدا تا ویستا بە دەست ئیستعمار و ئیستیلاجویانەوە، بۆ ئەو دوو میللەتە بە یەک ئەندازە فشار و لەمە وارد کراوە. میللەتی ئازربایجان بو رزگاری تەواوی دانیشتوانی ئیران لە ژێر ئیستبداد و دیکتاتوری هەوڵی داوە.

هەروەها میللەتی کوردیش لە رێگای ئازادی دا فداکارییکی زوری کردوە و قوربانیکی بێ ئەژماریشی داوە. بەڵام فتنە و دسیسەی دەلالەکانی سیاسی ئیستعماری بۆتە سەبەب و بەرهەڵستی نەگەیشتنی ئەم دوو میللەتە بە ئاواتی خۆیان.

هەتاکوو ئەو شەڕی ئاخری دنیایە دەست پێکرا و بە هێزی بە قەوەتی دوڵەتی عەلمداری ئازادی دەستگای فاشیستی کە ئالەتی دەستی ئیستعمارچیان بوو تێکووپێک چوو و بو ئەو دوو میللتە ئازادی خواهانەش هەل هەڵکەوت لە نیو خۆیاندا بۆ لەبین بردن و مەحوو کردنەوەی فاشیستی و دیکتاتوری، قەدی پیاوەتیان بەرز کردەوە و شانبەشانی یەک بەربەرەکانیان دەست پێکرد و آلای بەراستی دێموکراسی و ئازادیان بڵیند کرد و لەبەر ئەوەی ئەو دوو میللتە برایانە نە هەر بۆ جێکردنەوەی ئازادی خویان بەڵکوو بۆ دامەزراندنی ئازادی لە سەرتاسەری ئێران بو هەموو وەختێکی دەستیان داوەتە دەستی یەکدی.

جا لەبەر ئەوە لە رۆژی سێشەممۆ ٣ ی بانەمەڕ (ئۆردیبەهێشت) ی ١٣٢٥ ساتی ٥ ی تەواوی ئیوارە لە شاری تەوریز لە عمارەتی میللی ئازربایجان بە حزوری سەرانی حکومەتی ملی کوردستان: رەئیسی حکومەتی میللی کوردستان جەنابی ئاغای قازی محەمەد، ئاغای سەید عبداللە گەیلانی عوزوی کومیتەی مەرکەزی حێزبی دێموکراتی کوردستان، ئاغای عومەرخانی شەریفی عوزوی کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان و رئیسی عیلی شکاک، ئاغای محەمەدحوسێنی سەیفی قازی وەزیری هێزی حکومەتی میللی کوردستان، ئاغای رشید بەگی جەهانگیری عوزوی کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکرات کوردستان و رەئیسی عیلی هەرک، ئاغای زێروبەگی بەهادوری عوزوی کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکرات کوردستان، نوینەری کوردی شنۆ ئاغای قازی محەمەدی خزری و بە حزوری سەرانی حکومەتی میللی ئازربایجان: رەئیسی مەجلس میللی ئازربایجان جەنابی ئاغای حاجی میرزا عەلی شەبستەری، سەروک وزیری حکومەتی میللی ئازەربایجان جەنابی ئاغای سید جەعفەری پیشەوەری، معاونی سەدری فرقەی مەرکەزی حیزبی دێموکرات ئازەربایجان ئاغای پادگان، وەزیری داخلەی ئازەربایجان، دوکتور سلاموڵاجاوید وزیری فەرهەنگی ئازەربایجان ئاغای محمد بیریا.

بو قایم و مەحکەم کردنی دوستایەتی کە لە بەینی ئازەربایجان و میللەتی کوردستان دا بووە، بۆ پایەداری سەمیمییەت و دۆستایەتی زیاتر بوون لە بەینی ئەو دو میللەتە دا، ئەو قەرارانەی خوارەوەیان قبوڵ کرد و هەردوکیان لە ئایەندە دا لە گەل ژیانی خویان تەتبیقی دەکەن.

١ - لەو جێگایانەی پێویست بزانری هر دووک حکومەتی میللی نوێنەر دەگۆڕنەوە.

٢ - لە ئازەربایجاندا ئەو جێگایانەی کە دانیشتوانی کورد بن کاری ئیداراتی دەوڵەتی بە کوردان دەبی و هەروەها لە کوردستانیش لەو جێگایانەی کە بەشی زوری دانیشتوان ئازەربایجانی بن

لەتەرەف مەئموورانی حکومتی میللی ئازەربایجان ئیدارە دەکرێ.

٣ - بو حەل بوونی مەوزوعی ئیقتسادی لە بەینی هەر دووک میللەتان کومیسیونیکی تیکەڵاو دادەمەزری و قەراری ئەو کومیسیونەی بە کوششی سەرانی ئەو دو حکومەتی ئێجرا دەکری.

٤ - لە کاتی پێویست دا لە بەینی حکومەتی میللی ئازەربایجان و کوردستان هاوکاری پێشمەرگەیی دەکری و دەبی ئەوی لازم بێ بو کومەگی یەکتری ئەنجام بدرێ.

٥ - هەر کاتێک پێویست بێ لە گەل حکومەتی تاران گوفتارێ بکرێ دەبی بە موافق نەزری حکومەتی میللی ئازەربایجان و کوردستان بێ.

٦ - حکومتی میللی ئازەربایجان بو ئەو کوردانەی کە لە خاکی ئازەربایجاندا دەژین تا ئەو ئەندازەی کە بتوانی بو پێشکەوتنی زمان و تەڕەقی پێدانی فەرهەنگی میللی وان هەول بدا. هەروەها حکومتی میللی کوردیش بو ئەو ئازەربایجانییانەی کە لە خاکی کوردستاندا دەژین بۆ پشکەوتنی زمان و تەڕەقی پێدانی فەرهەنگی میللی وان ئەو ئەندازەی کە بتوانی هەول بدا.

٧ - هەرکەس بو تێکدانی دوستایەتی تاریخی نەتەوەی ئازەربایجان و کورد و لە بین بردنی برایەتی و دێموکراتی میللی و یا لەکەدار کردنی یەکەتی وان هەوڵ بدا هەر دو لا بە یەک دەست ئەو مورتەکیبانە بە جەزای خۆیان دەگەیینن.

ئاغای حاجی میرزا علی شەبستەری رئیس مەجلسی میللی ئازەربایجان.

ئاغای پیشەوری سەرۆک وزیری حکومەتی میللی ئازەربایجان.

ئاغای پادگان معاون سەدری کومیتەی مەرکەزی فەرقەی دێموکرات ئازەربایجان.

ئاغای دوکتور جاوید وەزیر داخلەی حکومەت میللی ئازەربایجان.

ئاغای بیریا وەزیر فەرهەنگ.

ئاغای قازی محەمەد رئیسی حیزبی دێموکرات کوردستان و رئیسی حکومەتی میللی.

ئاغای محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیر هێزی حکومەتی میللی کوردستان.

ئاغای سەید عەبدڵا گەیلانی عوزوی کومیتەی حیزب دێموکرات کوردستان.

ئاغای ئەمر خانی شەریفی عوزوی کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکرات کوردستان رئیسی عێلی شکاک.

ئاغای رشیدبەگی جهانگیری عوزوی کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکرات کوردستان نمایندەی عێلی هەرکی.

ئاغای زیرو بەگ بەهادوری عوزوی کومیتەی مەرکەزی ..... نوێنەری عێلی هەرکی.

سەرلەشکر زەنگەنە لە بیرەوەرییەکانی باسی دەقی ئەو رێکەوتنە بە شێوەی رۆژنامەی کوردستان دەکا. بەڵام ئارچی رۆزڤێڵت لە کتێبی " کۆماری کورد لە مەهاباد"دا، بە روانگەیەکی جیاواز دەڕوانێتە ئەو رێکەوتنە و باس لەوە دەکا کە هەرچەند لە هێندێک لەو وتووێژانەدا، سەدری قازی بەشدار بوو بەڵام کوردەکان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە خاڵە سەرەکییەکانی ویستی ئەوان وەبەر چاو نەگیراوە. و دەنووسێ: ... کوردەکان لە رادەی کەمایەتیکی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی ئێران، هاتنە خوار و ئەوجار بوون بە کەمایەتییەک لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکی ئازەربایجانیدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێکەوتنی دوو حکومتی کوردستان و ئازەربایجان، چەشنی پەیمانی دەوڵەتانی سەربەخۆ بوو بۆیە دەوڵەتی ئێرانی زۆر نیگەران بوو و هەوڵیدا بە هەموو تواناوە پلان لە دژی ئەو ڕێکەوتنە دابڕێژێ. مامۆستا هێمن بە بۆنەی پەیمانی یەکێتی کورد و ئازەری لە ڕۆژی ٢٥/٢/٦ لە شاری تەورێز دەستە شێعرێکی خوێندەوە کە لە کوردستانی ژمارە ٤٨ دا، چاپ بوو و لە بڕگەیەک دا ئاوا هاتووە:

تێپەڕی ئەیامی دیلی ئێستە هەنگامی ژیانە
خۆی مەلاس دا مامە ڕێوی نۆرەی شێری ژیانە
هەرچی پێت دەکرێ بکە ئەی دوژمنی خوێڕی و بزانە
باوی لاوی کوردە و تافی گەنجی ئازەربایجانە
خۆی لە خوێناوا دەبینی هەرکەسی دوژمن بەوانە

...

ئەو کەسەی چەندێک لەوەی پێش لێیدەدا لافی خودایی
نەیدەهێشت ئێمە هەمان بێ قەت دەگەڵ یەکتر برایی
کوانێ لە کوێیە ببینێ پۆلی پێشمەرگە و فیدایی
تێبگا نابێ لە دەس ئەو نەوجەوانانە ڕەهایی
ئەو کوڕی سمکۆی دەلێرە ئەو نەوەی ستارخانە

ئەو پەیمانە لەسەر هاموشۆ و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بازرگانی تەنانەت هاوکاری نیزامی کاریگەری هەبوو و لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ئاماژە بەوە دەکرێ کە چۆن سی بازرگانی مەهابادی بە ناوەکانی حاجی ساڵح خەڕازی و محەممەد مۆرەکی و حاجی ڕەحمان شێربەگی لە تەورێز ماڵیان لێ دزراوە و دەزگاکانی ئاسایشی تەورێز چۆن بە باشی هاوکاریان کردوون و ئەوانیش سوپاسیان کردوون.

هەر لەچوارچێوەی کاریگەری ئەو پەیمانە لە کوردستانی ژمارە ٥٩دا، لە بەخشنامەیەک دا بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕاگەیەندرا کە ئیحترامی ئەفسەرانی ئازەری بگیرێ:

بەخشنامە

لە سەر فەرمانی ژمارە ٢٩٤ - ٢٥/٣/١٨ پێشەوای موعەزەم، بە تەواوی پێشمەرگەکان و ئەفسەرانی هێزی کوردستان ڕادەگەیەنێت کە لەمەودوا ئێحتڕاماتی نیزامی نیسبەت بە ئەفسەرانی ئازەربایجان، وەکوو ئەفسەران و دەرەجەدارانی حکومەتی میللی کوردستان بە عەمەل بهێندرێ و مڕاعات بکرێ. مەعاونی حیزب جەعفەر کەریمی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رێككەوتنی دوو حکومەتی ئازەربایجان و کوردستان لە لایەک دەستکەوتێکی مێژوویی بوو بۆ گەلی کورد و لە نووسراوەکانی کۆماردا بە باشی رەنگی داوە و لە لایەکی دیکەش وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە هزر و بیری تورکان دا. بەڵام ئەو رێکەتنە هەر لەسەر کاغەز مایەوە و نەبوو بە پەیمانێکی ئەوتۆ کە لەمپەر بۆ دوژمنان ساز بکا.



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: پێشەوا، پێشەوەری، سەیفی قازی

**رێکەوتنی نیزامیی کورد و ئازەر**

بە دوای رێکەوتنی سیاسی لە نێوان کورد و ئازەر دا پێویستی رێکەوتنی نیزامییش بۆ بەرپەرچ دانەوەی هێرشی دوژمن لە ئارادا بوو. مەترسی هێرشی ئێران بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان، رێبەرانی هەر دو حکومەتی ناچار کرد بیر لە هاوکاری نیزامییش بکەنەوە.

لە رۆژنامەی کوردستان دا بە جیا باسی دانیشتنی هاوبەشی نیزامیی نیوان کورد و ئازەر نەهاتووە، بەڵام لە خاڵی ٤ی بەندەکانی پەیمانی رێکەوتنی کورد و ئازەردا لە رۆژی ١٣٢٥/٢/٣ لە تەورێز دا، هاتووە:

٤ - لە کاتی پێویست دا لە بەینی حکومەتی میللی ئازەربایجان و کوردستان هاوکاری پێشمەرگەیی دەکری و دەبی ئەوی لازم بێ بو کومەگی یەکتری ئەنجام بدرێ.

لەسەر ئەو ئەساسە بە پێی لاپەرەی ٣٠٨ی کتێبی عەلائەدینی سەجادی لە ١٦ ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٦ دا سەرانی هەر دو حکومەت رێکەوتنێکی نیزامییان واژۆ کرد و کۆمیسیۆنی هاوبەشی دیفاعییان پێك هێنا. خاڵە سەرەکییەکانی ئەو ڕێکەوتنە بریتی بوون لە:

١- پێکهێنانی لەشکرێکی کوردی - ئازەری هاوبەش. ناوەندەکەیان لە تەورێز بێ.

٢- ناردنی هێزی نیزامی ئازەربایجان بۆ بە هێزکردنی جەبهەی سەقز لە کوردستان و ناردنی هێزی نیزامی کوردستان بۆ ئازەربایجان ئەگەر پێویستی کرد.

٣- جەنەراڵ عەزیمی سەرکردەی گشتی هێزەکان بێ لە سەقز و سەردەشت و هەوشار.



پێشەوا و پیشەوەری، نوتقی پێشەوا

٤ - جەنەراڵ بارزانی سەرکردەی گشتی هێزی هاوبەشی کورد و ئازەری جەبهەی سەقز بێ.
٥ - جەنەراڵ سەیفی قازی سەرپەرشتی ناوچەی هەوشار بکا.
٦ - قازی محەمەد فەرماندەی هەرە بەرزی هەمو هێزەکانی کورد و ئازەری بێ لە کوردستان.
٧ - پیشەوەری فەرماندەی هەرەبەرزی هەمو هێزەکانی ئازەری و کورد بێ لە ئازەربایجان.

بە پێی ئەم ڕێکەوتنە حکومەتی ئازەربایجان چەند ئەفسەرێك و چەند تۆپێکیان بۆ بەهێزکردنی خەتی دیفاعی سنوری کوردستان نارده جەبهەی سەقز.

یەکەم ڕەنگدانەوەی ئەو ڕێکەوتنە تێکەڵ بوونی هێزی قەرەپەپاغ بە هێزی کوردستان بوو. لە کوردستانی ژمارە ٤٥ دا ئاماژە بە بەشداری عەشیرەتی قەرەپاپاق دەکا کە بۆ پارێزگاری لە کوردستان تێکەڵ بە هێزی کوردستان بوون:

**لە خۆبوردوانی ئێلی قەرەپاپاق**

ڕۆژی ١٦ ی ٢ ی ١٣٢٥ ساتی ٦/٣٠ ئێوارە لە خۆبوردوان (فیدائییان) ی ئێلی غەیوری قەرەپاپاخ بۆ پارێزگاری کوردستان لە نێو هەست و نواندنێکی لە ئەندازە بەدەری خەڵکی شاری دا وارید و لە لایەن حیزبەوە پەزیراییان لێکرا.

هاوکاری نیزامی دوو هێزی نیشتمانپەروەری کورد و ئازەر زۆرتر ناوچەکانی مياندواو و ساينقەڵا و ورمێ و بەرەی سەقزی دەگرتەوە. ئەو هاوکاریانە بێ کێشە نەبوون و بەربەست بۆ هاوکاری زۆر بوو. بۆ نموونە هێزەکانی کورد و ئازەری بە فەرماندەری جیاواز ساينقەڵايان بەڕێوە دەبرد. حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٢٢٠ بیرەوەرییەکانی دا باسی ئیفتخار و عەلیرەزا چارداوەڕو دوو کەسایەتی ساينقەڵا دەکا کە بە درۆ هاتبوونە لای قازی محەممەد و وەفاداری خۆیان دەربڕی بوو و نیشانی کوردستانیان لە سینگی دابوو بە پۆز و فەیز و ئیفادەوە هەڵسووکەوتیان لەگەڵ خەڵک دەکرد. ئەوان بەڵێنیان دابوو ١٠٠ پێشمەرگەی خۆبەش پێشکێشی دەوڵەتی کوردستان بکەن و بۆ ئەو مەبەستە چەک و چۆڵ و فیشەکیان لە قازی وەردەگرت. حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٢٢١ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: جا ئەوە سەیر بوو کە لە نێو ئێمەدا جاسووس و پیاوخراپ زۆر بوون و لەناو ئازەرییەکانیشدا هەر مەپرسن، وەک خۆڵێ هەبوون. ئێمە تەلەفۆنمان نەبوو، دەبوایە چووباین بۆ ئیدارەی ئازەرییەکان تا تەلەفۆن بکەین بۆ سابڵاغ. ئەوەندە خەراپ بوون کە ئیزنیان نەدەداین. کە ئەو شتانەم دەدیت وردەوردە منیش دڵم لێیان ڕەش بوو. ئیتر وایلیهاتبوو کە ئەوەندەم ڕق لە ڕەزاشای نەبوو، ئەوەندەم ڕق لەوان بوو. ئەوە منیش بێخەبەرم کە هەموو دووژمنان کلکیان لە دژی ئێمە لێکهاڵاندووە، هەتا ڕۆژێکیان وەختابوو لێکراکێشین، تا ئەوان پاشەکشەیان کرد. دەنێو ئێمەدا ئاغاکانی چارداوەڕوو ئێمەیان هان دەدا تا دەگەڵ ئازەرییەکان بیکەین بە کێشە و لە ناو ئازەرییەکانیشدا دووژمنەکانی ئەوان. تا شەوێکی ژێنێراڵ "کەبیری" و "شەبوستەری" هاتن بۆ ساییىنقەلایە. شەو لەدوویان ناردم و منیش چووم. پاشی قسە و باسێکی زۆر گوتیان کە بۆمان سەلماوە ئەو ئاغایانە لە نیوان ئێمە و ئێوەدا ئاژاوە دەگێڕن و لە ڕاستیدا دووژمنی هەردووک لامانن. من کە ئەو قسانەم بیست زانیم کە هەڵە نەبووم و وا دیارە لایەنی ئازەربایجانیش ئەو هەستەی منیان هەیە. بۆم باس کردن کە هەرکات دەچم بۆ تەلەفۆنکردن،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەربەستم بۆ ساز دەکەن. بۆ هەر ئیشێک و ئاتاجێک بچینە لایان، هاوکاریمان ناکەن و کۆسپ دەخەنە سەر ڕێمان و بە ئانقەست لە نێوانماندا نەمامێ دەکەن. پاش ڕاوێژێکی زۆر پێشنیاریان کرد کە بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر ببن دەبێ لە چنگی ئەو ئاغایانە خەڵاسیمان بێت.

حەمەدی مەولوودی لەگەڵ فیدائیانی ئازەری ڕێک دەکەوێ تا ئەو دوو کەسایەتییە "ئیفتخار و عەلیرەزاخانی چارداوەڕو" بە بیانووی چەک پێدان، بۆ شوێنیک راکێشێ و بە هاوکاری ئەوان لە ناویان بەرن. دیارە حەمەدی مەولوودی تەنیا باسی ئەو دوو کەسە دەکا کە تێداچوون بەڵام سەفەری قارەمانی لە لاپەڕەی ٦٥ بیرەوەرییەکانی دا کە عەلی ئەشرەفی دەرویشیان ئامادەی کردووە، دەڵێ ئەوانە کە دەستبەسەر کران ٧٠ کەس بوون کە ڕەوانەی تەورێز کران و ئەو دوو کەسە ئێعدام و ئەوانی دیکە زیندانی درێژخایەنیان بۆ بڕاوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ۳۵

## جێژنی کرێکاران و ڕۆژی لە دایک بوونی پێشەوا قازی

ڕۆژی ۱ی مانگی مەی، ۱۱ بانەمەڕ، ساڵرۆژی جێژنی کرێکارانی جیهانە. تەواوی وڵاتانی بە ناو کمونیست و ڕێکخراو و حیزبە چەپی و سەندیکا کرێکاریی و تاقمە شۆڕشگێڕەکان، هەروەها وەڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا، ئەو ڕۆژە کە یادەوەری خۆپێشاندانی کرێکارانی ئەمریکایی لە ساڵی ۱۸٦۷دا لە شیکاگۆ بوو، ڕێزلێدەنێن و لە کرێکارانی سەرانسەری جێهان پیرۆزبایی دەکەن.

لە کوردستان ڕێکخراو و سەندیکای کرێکاری نەبوو. حیزبی تودە کە خۆی بە نوێنەری هەموو کریکارانی ئێران دەزانی، زیاتر پشتیوانی بێ ئەملاوئەولای دەوڵەتی رووس بوو. ئەو حیزبە لە کوردستان لایەنگری ئەوتۆی نەبوو و لە پەیوەندی لەگەڵ خەباتی کرێکاران دا، تەنیا ڕۆژنامەی"زەفەر" کە سەر بەو حیزبە بوو، لە ۲۸ ی بانەمەڕی ۱۳۲۵دا، باسی خەباتی کرێکارانی نەفتی کرماشانی بە دژی کۆمپانیای نەوتی ئینگلیس - ئێران کرد. کرێکارانی کرمانشا لە خۆپێشاندانێک دا، وێڕای داوای ئابووری، ویستی سیاسیشیان هێنایە گۆڕێ و داوای ئازادی قسە و چاپەمەنی و هەروەها ڕەچاوگرتنی ڕێوشوێنی دێموکراسی لە حاست جووڵانەوەی کورد و ئازەری کرد، بەڵام وەبەر گوللە دران و ٥ کەس کوژران و ۸۰ کەسیش بریندار بوون.

لە کوردستانی ژێر حوکمی کۆمار دا، کارگا و بە مانای واقعی کریکاری سەنعەتی نەبوو. دەستەڵاتی دەرەبەگایەتی بە هیز بوو کە لە لایەن دەوڵەتی ناوەندی پشتگری دەکرا.

کۆماری کوردستان وەک ناوەندی حوکمی دەستەڵاتی نەتەوەیی کوردستان، تا ڕادەیەک کەم بۆی کرا کە پارێزەری بەرژەوەندی چین و توێژەکانی زەحمەتکێشی ڕەعییەت و جووتێر و کرێکار بێ.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ۱۰۱ کە لە ساڵی ۲۰۱۳ی زایینی لە پشتی ئاوێنەیەکی شکاو دۆزراوە، کەسێک بە ناوی ناکام لە ژێر سەردێڕی "کارگەر کێیە و چۆن بەڕێ دەچێ؟" دوای ئەوە ستراتیژی حیزب لەمەر زەحمەتکێش و کرێکاران دا ڕوون دەکاتەوە و جیاوازی نیوان ئەوان بە جوانی ئاشکرا دەکا، داوا لە ئاغا و دەوڵەمەندان دەکا کە لەگەڵ ئەوان باش بن بە شێوەیەکی مرۆڤانە گەڵیان بجوڵێنەوە و دەنووسێ:

ئێستاش کارگەری کورد هەر وایە و هیچ نەگۆڕدراوە. تەماشا بفەرموون جووتیاری لادێ، کۆڵکێش ( حەمباڵ) ی نێو شاری، فەعلەی قوڕەکاری، باغەوان، ئاشەوان، گاوان و چی و چی لە زەمانی باب ئادەمەوە هەتا ئەوڕۆ شێوەییەکی ڕابواردنی ”مەمرە و مەژی” یان گرتۆتە بەر و ملیان بۆ دانواندووە و شوکرانەی خودای بە جێ دێنن. چونکوو دەبینن گا زەرد خودا بۆ جووت کردن و گێرەی داناوە و ئەگەر لە کاریش کەوت، پێستەکەی بۆ کاڵە و گۆشتەکەی بۆ خێزان!! ئەوانیش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خودا دایناون لە تەمەنی پێنج ساڵی ڕا دەست بکەن بە چەوسانەوە...

... هەر وەها خودا "سلەمان ئاغا" و میرزا پیرۆتی داناوە کە ڕۆژ بە ڕۆژ کرێی ڕەنجی شانی وان زۆر بە بێ مبالاتی بهاوێنە گیرفان و بەرگی ڕەنگاوڕەنگ و گوارەی زێڕی بە زریزە و گەلێک شتی وا کە کارگەر هەر لە دوورەوە دەبێ ببینێ و چاوی زەقە زەقە بێ. چونکوو خودا وایکردووە و هەموو قامکی دەستی وەکوو یەک نین، مەسەلەن بار گرانی "سەر" دەبێ لە سەر لەش بێ و "لاق" پێویستە بارگرانی هەموو لەش هەڵگرێ و بە ڕێگای دا بەرێ!! ئەو قسانە هیچ، بەڵکوو سەیرتر ئەوەیە ئەگەر زەحمەتکێشێک ئەوەندەی نەختێک لە داخی خۆی بێنێتە زمان و بلێ ئاخر بۆ وا بێ؟ ئیدی پێویست ناکا سلەمان ئاغا و میرزا پیرۆت لیی وەدەنگ بێن بەڵکوو هەر کارگەرە هاواڵەکانی خۆی لیی دێنە زمان و دەی خنکێنن، چۆن ئەگەر وابێ ئەتۆ بە بەشی خودای ڕازی نی و ناشکوری دەکەی؟

برا کارگەرە لات و هەژارە ڕووت و قووتەکانم،،، نەختێک وورد ببنەوە و بیرێک لە حاڵی خۆتان بکەنەوە بە پێی کتێبی شەرع و حەدیس و بە هەموو ئایینێک دەڵێن بەشەر هەمووی لە یەک دایک و باب پەیدا بووە و بلاو بوونەوە. زۆرچاکە، دیارە ئەودەمی ئاغا و جووتیار و قەرە نەبووە، ئەو چەند منداڵەی کە لە باب ئادەممان وەپاش کەوتوون هەموو وەکوو یەک میراتیان وەبەر کەوتووە و هەر لە پایەیەکدا ژیاون. دەبا بیرێک لەوە بکەینەوە بزانین بۆچی هێندێک لە براکانمان وا ئەستوور بوون و هێندێکمان ئاوا کەوتینە سەر ساجی عەلی؟ ئەگەر ڕاستتان دەوێ ئەوە لە ئازایی و زۆرزانی خۆیانەوە نەبووە بەڵکوو هەرچی چاکتر دزی زانیبێ و توانیبێتی زیاتر براکانی خۆی هەڵخەڵەتێنێ و چاویان ببەستێتەوە و پارووەکانیان لە دەم بگێڕێتەوە، ئەوە ئاغایەتی و میرزایەتی بۆ خۆی و منداڵەکانی خۆی پچڕیوە بۆ لە پاش خۆی کوڕەکەی یا خزمەکانی با زۆر گێل و نەزانیش بووبن دیسان بە خۆشی ڕایان بواردووە هەتا ئێستا وا هاتووە و وا ڕۆیوە بەڵام ئاخر با بەس بێ!! ئەگەر ئێمە برای دایک و بابێکین و بە هەمووومان دەڵێن ئادەمیزاد ئەدی ئەو برا بە دەسەڵات و دەوڵەمەندانەمان چۆن دڵیان قبووڵ دەکا و چۆن وجدانیان ڕازی دەبێ لە کاتێکدا کە ئەوان برنج و گۆشت و ... یان لە بەرچاو بێزراوە و بۆیان ناخورێ برایەکی کارگەری وان "کە دەتوانم سوێند بخۆم ئەویش هەر لە باب ئادەم بووە و بیژوو نییە" بە خۆی و هەشت یا دە سەر خێزانەوە ڕۆژی لای هەرە زۆری سێ یا چوار تمەن پەیدا کا و بەڕێ بچێ.

بەڵام ئەمن زۆر چاک دەزانم ئەو برایانەمان ئەم قسانەیان بە گوێ دا ناچێ. بە هەزار نووسینی وا "سلەمان ئاغا" ڕازی نابێ "حەمەدی قەرە" ش بێتە ڕیزی وی! چاکە ئێمە ناڵێین ڕازی ببێ، ئێمەش نامانەوێ جارێ "سەر" و "لاق" جیگای خۆیان بگۆڕنەوە بەڵام هیچ نەبێ جەنابی ئاغا دە کاتێکدا بێگار بە ڕەعیەتەکانی دەکا و خەرجیان لێ دەستێنێ و دەیان نێرێتە هەرەوەزی بە چاوێکی بەشەری تەماشایان بکا و بە زمانێکی خۆش دەگەڵیان بزوێتەوە. یا جەنابی میرزا فلان کە کۆڵی گۆشت و برنج و خواردەمەنی ڕەنگاوڕەنگ بە حەماڵە پیرە ڕدێن سپییەکە یا منداڵە لاوازە شڕۆڵەکەی نێو بازاڕی هەڵدەگرێ هیچ نەبێ ئەگەر لاقیان هەڵەنگوت "دەت ئەستۆت شکێ" یان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێ نەڵێ و لای وا نەبێ ئەگەر دەستیان بگرێ و هەڵیان ئەستێنێتەوە گڵاو یا کافر دەبێ!

ناکام لە درێژە دا دەنووسێ: تەنها ڕێگەیەک کە ئەوان دەگەیەنێتە سەر شەقامی بەختەوەری و ڕزگاری ئەوەیە کە بە هەموو هێز و توانای خۆیانەوە لە پشت حیزبی ڕەهبەریان حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان ڕاوەستن و ئامادەی گیان بازی و فیداکاری بن...

حیزبی دێموکرات لەو قوناغەدا، تەنیا دەیتوانی ئاواتیکی ئوتوپی و خەیاڵی بۆ کرێکار و زەحمەتکێشان بخوازێ و لە دەستەڵاتدار بپارێتەوە کە زوڵم و زۆریان لێنەکەن. لەژێر ئەو ستراتیژێ دا حیزبی دێموکرات، رۆژی ١ی مانگی مەی، ساڵرۆژی جێژنی کرێکارانی یاد کردەوە و ڕێزی لێگرت.

لە رۆژنامەی کوردستانی ٤٣ دا سەید محەممەد حەمیدی لە سەر یاد کردنەوەی ئەو رۆژە لە ژێر سەردێڕی "هەوەڵ رۆژی مانگی مەی ئەو ساڵ دەگەڵ رۆژی لە دایک بوونی حەزرەتی پێشەوای کوردستان یەک کەوتووە" دەنووسێ: ... ئەورۆ شاری مەهاباد مەرکەزی حکومەتی میللی کوردستان بە وێنەی شاری مسکۆ گشت شارەکانی دیکەی رووسیەی سوسیالیستی و مەیدانی و سێ ڕێی قازی محەمەد لە مەهاباد بە وینەی مەیدانی سوور لە مەسکۆ بە شادی و جێژنی کرێکارانی شووڕەوی سەر دەرک و پەنجەرەی عماڕەتە بەرزەکان و دار و دیواری خەیابانەکان بە شعاری جێژن و شادمانی و بە وینەی رەهبەرانی کوردستان و شووڕەوی رازاوەتەوە و داپۆشراوە. خەڵکی لە خەیابانان دا بە روویەکی خۆش و دڵێکی پڕ لە شادی هەنگاو لیدەدەن...

سەید محەممەد حەمیدی دوای ڕێزلێنانی زۆر لە کرێکارانی کوردستان ئاماژە بە کرێکارانی شووڕەوی دەکا و ئاوات دەخوازێ کە کرێکار و جووتیارانی کوردستانیش لە ریزی هاودەستان و دۆستانی ئەوان دا جێی بگرن . سەید محەممەد لە درێژەی وتارەکەی دا دەنووسێ:

برایانی خۆشەویست رۆژی هەوەڵی مە ١٩٤٦ شانازێکی زلتر و مەزنتری بە مە بەخشیوە و مزگێنێکی زۆر گەورە بە ئێمە دەدا کە ئەم رۆژە تاریخییە لەم ساڵەدا بەرانبەر بووە دەگەڵ ١١ی بانەمەر کە رۆژی لە دایک بوونی مەسعوودی تاقە هەڵکەوتووی گوڵستان و یەگانە قارەمانی کوردستان حەزرەتی محەمەد قازی پێشەوا و رەئیس جەمهوری کوردستانە.

جا برایان رۆژتان باش مبارەکبادیتان عەرز دەکەم. لە خودا دەپارێمەوە ئەم پێشەوا مەزنە بۆ ئێمە هەر پایەدار بێت و دانیشتوانی کوردستان و پێشمەرگان و جەنگاوەرانی کورد هەر سەرکەوتوو و سەربەرزبن.

هەر لە چوارچێوەی ساڵرۆژی لە دایک بوونی پێشەوا قازی محەممەددا، مەلا مارفی کۆکەی لە شێعریکی فارسی دا لەو ژمارەیەی کوردستان دا دەنووسێ:

بە هۆی چل و شەشەمین ساڵی لە دایک بوونی حەزرەتی پێشەوای کوردستان،

تشکر دارم از اخلاق نجل ارشد قاضی  
نمی بینم مگر جمعی ازو باشند نارازی  
بلی جمع مذکر گر نباشد عاقل دانا  
مونث خواند اورا فخر رازی قطب شیرازی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مرکب از وقار و صدق و فضل جوهر و ذاتی
مجسم از حیاء و علم و عقل و نکته پردازی
حسادت گر نباشد در میان الحق و النصاف
سزد خواننده او را موجب فخر سرافرازی
معروف کوکی
صلح خواهی بیا که (قاضی) ماست
زهد حیدر عدالت عمری
کوکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٣٦
## شەڕ و وتوێژەکانی کورد و ئازەر و دەوڵەت

### شەڕ و وتوویژ

هەرچەند لە رێکەوتنی دەوڵەتانی ئێران و رووس دا هاتووە کە پرسی ئازەربایجان بە شێوەی ئاشتیانە چارەسەر بکرێ بەڵام مەبەستی سەرەکی رووس تەنیا کێشەی نەوت بوو و لەوپێیەدا تەنانەت بێ ئەوی پشتگری لە داوخوازەکانی کورد و تورک بکا، زەختی بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان هێنا کە رازی بە بڕیاراتی تاران بن.

حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە هەمووکات ویستوویەتی، بە شێوەی هێمنی و ئاشتییانە، کێشەی کورد چارەسەر بکا و ئەوەندی بۆیی بکرێ، خۆی لە شەڕ و گرژی و هاڵۆزی ببوێرێ. بەڵام دەستەڵاتدارانی حاکم هەردەم ویستویانە بە شەر و کوشت و کوشتار، گەلی کورد لە چووکترین مافی رەوای خۆی بێبەری بکەن.

بەر لە دامەزرانی کۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد چەندجار چاوی بە کاربەدەستانی سەرووی رێژێم کەوت و هەر وەک بۆخۆی دەڵی دووجار لەگەڵ شا دانیشتووە و هەمووجارێ باسی کێشە و گیروگرفتی کوردانی کردووە. هاوکات لەگەڵ ئەو چاوپێکەوتنانە، پێشەوا لە وتوویژ و دیداری حیزب و رێکخراوە مەدەنییەکان دا، بۆ ناساندی پرس و کیشەی کورد کەڵکی وەرگرتووە. سەعیدخانی هومایوون لە لاپەڕەی ١٧٤ی کتێبی "پیشەوای بیداری" دا، باسی بیرەوەرییەکی حاجی قادری ئیسلامیان کە بازرگانێکی خەڵکی مەهاباد بووە و لە مسافرخانەی حەقیقەت لە تاران نیشتەجێ بووە دەکا و بیرەوەرییەکی ئەو لەسەر پێشەوا دەگێڕێتەوە کە لەسەرەتای ساڵی ١٣٢٥دا، لە تاران بوو. حاجی قادر دەڵێ کە لە هەوەڵەکانی ساڵی ١٣٢٥دا، بۆ پارچە کڕین چووتە تارانێ. پێشەوا قازی محەممەد لە تاران و لە گراند هۆتێل بووە و خەبەری بە ئەو و بە هێندێک لە کوردەکان دابوو کە بچینە لای. حاجی و دەستەیەک لە کوردەکان دەچنە گراند هۆتێل. لەو کات دا پێشەوا لەگەڵ هەواڵدەرییەکان خەریکی وتوویژ بووە. کاتێک کە باس لە ئامانجی جووڵانەوەی کورد دەکرێ، پێشەوا دەڵی ئیدی ئەمن قسەیەکم نییە بیکەم و روو لە کوردەکان دەکا و دەڵێ لەوانە بپرسن چێان دەوێ. دوایە پێشەوا روو لە کوردەکان دەکا و دەڵێ بڵێن کە چتان دەوێ، کێشەتان چییە؟

کوردەکان ئامادەگی هیچ شتێکیان نەبووە و دەست و پێیان ون دەکەن و بە پێشەوایان گوت هەتا ئەتۆ لەوێ بی ئێمە قسە ناکەین. دوایە پێشەوا روو لە حاجی قادر کرد و گوتی داوات لێدەکەم قسان بکە و هەر داوایەکی هەتە باسی بکە.

حاجی قادر لەنکاو وەغیرەت کەوت و ترس و دڵەخورپەی وەلانا و دەستی بە قسان کرد و گوتی"ئێمە ساحەب و نێوو نیشان و پێناسەمان دەوێ". دوایە ئاماژەی بە مەسەلێکی کوردی کرد و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوتی کە بزنێکی گروێ لە سەد ئاسکەکێوی باشترە. لە نێو عەشیرەتان دا لە سەر بزنە گرویێەک بێ نرخ شەڕ و کوشتن پەیدا دەبێ، چوونکە مەسەلەی ساحەبی و خاوەندارییە. حاجی قادر درێژەی بە قسان دا و گوتی: "ئەگەر ئێوە بچن سەد ئاسکان لە شاخان راو بکەن کەس چتان پێناڵێ بەڵکوو تەعریفیش و دەکەن. بۆیە جیاوازی لە ئەسڵ و نەسەب خاوەندارییەتە".

حاجی لە درێژەدا گوتی: ... چاو لە بەرگی بەنرخ و جوانی من بکەن. بەژن و باڵام هەلسەنگێنن. هەموو لیباسەکانم کوردی و ئێرانییە. پێموایە لە لیباسی هێندی کە زگ و پشتیان رووتە، بە ئەدبتر و جوانترە. لە لیباسی عەڕەبی هەڵوەشاوە و بەد قەوارەی بە چیفتە و عەگاڵەوە، جوانترە. لە لیباسی فەڕەنگی کە پەڕۆپاڵەی ویدەخەن، نەجیب و جوانترە. بەڵام هەر لەوماوەیە دا کە بۆ کڕینی شتومەک هاتوومە، لەو تارانە زۆرجار خێسم لێدەکەن و تەشەر و لاتاوم پێدادەدەن. بەڵام کەس غیرەتی ئەوەی نییە بە عەڕەبێک یان هێندی یان رووسێک، شتێک بڵێ. چوونکە ساحەبیان هەیە و دەڵەتانی ئەوان لە چووکترین سوکایەتی دەکۆڵنەوە و لە هوورییەت و لیباس و میللەتی خەڵکی خۆیان دیفاع دەکەن. بەڵام ئێمە چوونکە ساحەبمان نییە، دەبێ ئەو بێڕێزی و سوکایەتیانە قبووڵ بکەین. ئاغایان بزانن! ئێمە کە بە رواڵەت رەسەنترین جیل و قەومی ئێرانیین، بە کردەوە بێ ناونیشانترین کەسین. ئێمە بۆخۆمان مێژوو، فەرهەنگ، زمان، دین، ریورەسمی کۆمان هەیە بەلام گوناحی ئێمە ئەوە بوو کە بۆ جێگیر بوونی ئازادی و حەق و عیدالەت و پارێزگاری لە فەرهەنگ و زمانی خۆمان، حازرین گیانمان فیدا بکەین. ئەوەی قازی محەمەد دەیڵێ، قسەی دڵێ کوردانە و ئەو ساحەب و سەروەری ئێمەیە.

بە دوای ئەو قسانە دا، ئارقە تەواوی لەشی حاجی قادری داگرت. سۆرانی سەر دەستەکانی بەربووەوە و ئەو هەستی کرد کە چۆن خەڵک و هەواڵدەرییەکان کەوتنە ژێر کارگەری قسەکانی و چاویان پڕ بووە لە ئاو. ئەو لە درێژەی بیرەوەرییەکەی دا دەڵێ:

ئەو رۆژە هەستم بە سوکباربوونی ئەو بارگرانی کرد و ئەوەی گوتم گۆشەیەک لە قسەی میللەتێک بوو کە ساڵەهای ساڵ لە ئەوکی دا قەتیس مابوو. هەستێک کە لە تەواوی ماوەی ژیانم دا دەرنەدرا بوو. دژکردەوەیەک بوو بە سوکایەتی و ئەو فەرق و جیاوازییانە، کە مەجالی دەربڕینی پێنەدرابوو. قازی محەمەدیش ئەوەی دەگوت: ئازادی و بەرابەری! یەک وشە نە زیاد نە کەم.

بە پێی لاپەڕەی ١٨٨ "کورد و سوڤییەت" لە نووسینی هاوێل، ناوەرۆکی ئەو داوخوازیانەی سەرەوە لە وتووێژی پێشەوا قازی محەممەد بەدی دەکرێ کە لە رێکەوتی ١ی مانگی حوزەیرانی ١٩٤٦ دا، لەگەڵ پەیامنێری ئاژانسی "فرانس پرێس" کردویەتی و لە وەڵامی پرسیارێك دا دەڵێ:

کورد رازی ئەبێ ئەگەر حکومەتی ناوەندی بڕیار بدا قانونی دیمۆکراتی لە هەمو ئێران دا جێبەجێ بکرێ و دان بنێ بەو قانونانەدا کە ئێستا لە کوردستان دا سەبارەت بە خوێندنی کوردی و ئۆتۆنۆمی بەڕێوەبەرایەتی ناوچەیی و لەشکر کاریان پێ ئەکرێ.

هەر لەو سەرچاوەدا پێشەوا لە وەڵامی پرسیارێکی تردا ئەڵێ:

هەلومەرجی کوردستان زۆر جیاوازە لە هی ئازەربایجان. وڵاتەکەی ئێمە هەرگیز لە لایەن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێزەکانی سۆڤێتەوە داگیر نەکراوە و، لەو کاتەوە رەزاشا وازی لە شاهێتی هێناوە، نە ژاندارم و نە هیچ هێزێکی تری ئێران نەهاتۆتە ناو کوردستانەوە. لەبەر ئەوە ئێمە لەو ساوە بە کردەوە بە سەربەخۆیی ژیاوین. ئێمە هەرگیز چاوپۆشی ناکەین لە هیچ جۆرە دەستێوەردانێکی بێگانە لە هەر کوێوە بێ. کێشەی کوردستان بە تەواوی مەسەلەیەکی ناوخۆیی‌یە ئەبێ لە نێوان کورد خۆی و حکومەتی ناوەندی دا لابەلا بکرێ.

ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ پێ دائەگرین لەسەر داوای ئۆتۆنۆمی‌یەکی جوزئی بۆ وڵاتەکەمان، گوناحی حکومەتی ناوەندی‌یە کە هیچی نەکردوە بۆ باشکردنی وەزعی ئێمە. ئێمە بە ڕاستی حەز ئەکەین ڕێگای پێشکەوتن بگرین. ئێمە حەز ناکەین لاسایی ئەمریکا یا ڕوسیا بکەینەوە، بەڵام ئەوەش ڕەت ئەکەینەوە کە وەکو ئاژەڵی وڵاتانی شارستانی بژین.

سیاسەتی نوێ رووسیە، کێشەی ئازەربایجان و کوردستانی دەبەستەوە بە دەستەڵات ناوەند و لەگەڵ پلانی کشانەوەی هێزەکانی رووس، نیگەرانی و مەترسی، خەڵک و بەڕێوەبەرانی کۆماری داگرت. هاوکات لەگەڵ پاشەکشەی رووس، هێزەکانی رێژیمی جەنایەتکاری ئێران دەستیان بە تەیار کردنی هێزەکانیان لە بەرەکانی شەڕ بە تایبەتی لە بەرەی سەقز کرد. پادگانەکانیان پڕ چەک کرد و ورده ورده هێرشیان بۆ سەر مەقەڕەکانی پێشمەرگە لە بەرەی شەڕ دەست پێکرد.

ئەوەی کە جێگای تێڕامانە ئەوەیە کە هۆی چ بووە کە لەو قوناغەدا هەر لەبەرەی کوردستان را هێرش کرا. ئایا رووسەکان هوشداریان دابوو کە نابی لە لای تاران را هێرش بۆ سەر تەورێز بکرێ. ئایا ئینگلیس دوژمنایەتی شەڕی بارزانییەکانی بوژاند بووە؟ هەرچی بوو دەوڵەتی شووڕەوی قەت لەبەرانبەر بەو هەموو هێرشەی کە بۆ سەر کوردستان کرا، هوشداری نەدا بە لەشکرێ ئێران و چەکی نەدا بە کوردان و بە تەواوی خۆی لێ بێدەنگ کرد و هەر لە داڵغەی وەرگرتنی ئیمتیازی نەوت دا بوو.

هاوکات لەگەل ئامادەبوونی هێزەکانی رێژیم بۆ پەلاماری کوردستان، دەوڵەتی ئیران هەوڵی دا تا راستەوخۆ لەگەڵ نوینەرانی کورد و ئازەری وتووێژ بکا و لەو بوارەش دا بە فێڵ بنکۆڵیان بکا. واتا لە لایەک بە هێزی شەڕ، زەخت بۆ سەر هێزەکانی کوردستان بێنی و لە لایەکی دیکە هەوڵ بدا بە ڕێگای وتووێژ و بەڵێنی بەدرۆ و کات بەسەر بردن، بەڕێوەبەرایەتی کۆمارەکانی ئازەربایجان و کوردستان فریو بدا.

بەرنامەی شەڕ و گفتگۆی رێژیم بەتایبەتی لەگەڵ کۆماری کوردستان، بە رادەیەک پەیوەندیان پێکەوە هەیە کە ناکرێ یەکیان بی ئەوی دیکە باس بکرێ. واتا ئەو رۆژە کە نوێنەرانی هەر دوولا بەیەکەوە دانیشتنیان هەبووە، هەر ئەوکاتەش هێزەکانی رێژیم لەبەرەکانی شەڕی کوردستان، هێرشیان کردۆتە سەر سەنگەری پێشمەرگە. واتا شەڕ و وتووێژ تێکەڵاو بە یەک ببوو و کەم دانوستان هەبوو کە هاوکات هێرش نەکرێتە سەر بەرەکانی شەڕی سەقز و سەردەشت.

سەرەتا دەوڵەتی ئێران بە یەک چاو دەیڕوانێ کێشەی کورد و ئازەربایجان بۆیە هەوڵی دا تا بە یەکەوە و لە یەک هەیئەت دا وتووێژیان لەگەڵ بکا. بەڵام دواتر هەوڵ درا بایخ بە لایەک بدرێ،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



یان بە جیاواز قسەیان لەگەڵ بکرێ و پرسەکانیان لێک جیا بکرێتەوە. ڕێبەرایەتی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان، چەندین جار بە فەرمی لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران دانیشتن و هەوڵیان دا تا بە ڕێگای ئاشتی کێشەکانیان چارەسەر بکەن و لەو ڕێیەوە ماڤی نەتەوەیی کورد و ئازەری دەستەبەر بکەن. بەڵام دەوڵەتی ئێران مەبەستی دزێوی دیکەی هەبوو و ئەگەر بە پێی هەلومەجی نێونەتەوەیی ئامادەی دانووستان بوو، بەڵام باوەڕی بە چارەسەری ئاشتیانەی پرسی ئازەر و کورد نەبووە.

وتووێژی سێ قۆڵی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان و ڕێژیمی ئێران، لە سێ شوێنی تاران تەورێز و سەقز بەڕێوە چووە. ئەو دانیشتنانە هەم بە بەشداری نوێنەرانی کورد و ئازەربایجان بووە، هەم بە بێ هەیئەتی کورد. جاری واش بووە کە نوێنەرانی کوردستان بە بێ تەورێز بۆ تاران بانگ کراون. ئەم وتووێژانە هەم لەگەڵ دەوڵەت، هەم لەگەڵ بەشی لەشکری دەوڵەت بووە، کە ئەو دووانە لە ڕکابەری توندی دەستەڵاتداری ئێران، دژی یەک بوون. دیارە ئەو بەو مانایە نییە کە لە نێوان بەشی دەوڵەتی و بەشی لەشکری ئێران دا، لە سەر لەناوبردنی پرسی کورد و ئازەری جیاوازی بۆچوون یان شک و گومان هەبوو بێ. ئەو دوو بەشە لەسەر شێوەی کار و هەڵسوکەوتەکان کێشەیان هەبوو بەڵام هەر دوو بەش لیبڕاوانە بۆ نەمانی دوو حکومەتی کورد و ئازەری هاوکار بوون. ئەوەی کە محەممەد ڕەزاشا لە لاپەڕەی ٥٦٦ ی کتێبی "فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان" دا دەڵێ کە "قەوام دوای گەڕانەوە لە شووڕەوی دەستی بە وتووێژ لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ئازەربایجان کرد و ویستی پلەی ئەفسەرانی ئەوان دوو پلە بەرێتە سەر و باربوویان بکا. بەڵام ئەمن گوتم ئەگەر دەستم بپەڕێنن ئەو کارە ناکەم" جیاوازێک بوو لە شێوەی کار بۆ ڕووخانی کۆمارەکانی ئازەربایجان و کوردستان، نەک شتیکی دیکە.

ئەوجار چاوپێکەوتنەکانی سەقز، بەگشتی ئەوانەی کە ڕەزمئارا تێیدا بەشدار بووە، زورتر دەکەوتنە خانەی لەشکری. ڕەوتی کۆبوونەوەی وتووێژەکان بەسترابووە بە باڵادەستی لایەنەکان لە شەڕ دا و هەلومەرج و کاتی وتووێژ. بۆ وێنە بە دوای شەڕی مامەشا دا کە کورد زۆر باڵادەست بوو، ئەفسەرانی کوردی باشووری کوردستان کە فارسییان نەدەزانی بە دیلمانجەوە بەشداری کۆبوونەوە بوون و ڕەزمئارا مەجبوور بوو کە گوێ بە قسە بە بڕشتەکانیان ڕاگرێ. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە لە تەواوی ئەو دانیشتنانە دا، تا کاتێک کە کۆماری کوردستان بە هێز بووە، هەمووکات لایەنی کوردستانی، وەک دەوڵەتی سەربەخۆ دژکردەوەی لە خۆ نیشان داوە.

ئەو وتووێژانە بێ گێرە و کێشە نەبوون و جاری وابووە نوێنەری دەوڵەت تووڕە و زوێر بوو و کۆبوونەوەیان بەجێهێشتووە. یان بەشی لەشکری دەوڵەت لە تاران بە دژی نوێنەرانی کورد خۆ

پێشاندانیان وەڕێخستووە و لات و چەقۆکێشیانیان هانداوە، کە شەقامەکانی تاران هاڵۆز بکەن کە لەو پێیەدا چەند کەسیش کوژران.

دیارە لە بەرانبەری پلانی هێزەکانی لەشکری رێژیم دا، هێزی پۆلایینی پێشمەرگە بەتایبەتی هێزەکانی قارەمانی بارزانی، لێبڕاوانە پارێزگاریان لە سەنگەری ئازادی کوردستان کرد.

**رادەی هێز و دۆخی بەرەی شەڕی کوردستان**

رادەی هێزی پێشمەرگە و هێزی دوژمن لە هەموو بوارێکەوە لە رادەبەدەر نابەرانبەر بوو. رێژیم ئیمکاناتی ماڵی زۆری لە ئیختیار دابوو و لە هێزی ئینسانی کەمی نەبوو و بە سەربازگیری دەیتوانی هەزاران کەس رەوانەی بەرەکانی شەڕ بکا. ئەوجار دوو دەوڵەتی زلهێزی ئەمریکا و ئینگلیس کە بەرژەوەندی خۆیان لە سەقامگیری دەوڵەتی شا، بۆ دژایەتی لەگەڵ بەرەی سۆڤیەت دەدی، پاڵپشتی بوون.

بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی فەرماندەی جەبهە لە حەفتەی یەکەمی بانەمەڕی ١٣٢٥ دا، رادەی هێزەکانی ئێران، بەمجۆرە بوو:

٣٠٠٠ نەفەر عەجەم لە ناو سەقزدا، ٥٠٠ نەفەر عەجەم لە دۆڵی میرەدێ و تەموتە و کەلیخان، ١٥٠٠ نەفەر لە ناو بانەدا، ١٠٠٠ نەفەر لە سەردەشت.

هاوکات لەگەڵ چوونەدەری هێزەکانی دەوڵەتی شووڕەوی، هێزەکانی رێژیمی ئێران خۆیان تەیارتر و هێزی زیاتریان رەوانەی کوردستان، بەتایبەت بەرەی سەقز کرد.

عیزەت عەبدولعەزی لە لاپەڕەی ٢٥١ی بەرگی دووی کتێبەکەی دا لە سەر هەڵسەنگاندنی "نانەوازادە" سەبارەت بە هێزەکانی رێژیم لە بەرەی سەقز لە حەفتەی یەکەمی پوشپەڕی ١٣٢٥دا، دەنووسێ:

١٨٠٠ سەرباز و ئەفسەر لە ناو سەربازگا. ٤٠٦ کەس لە ناو بورجەکان دا. ٢٢٠٦ کەس کۆی هەمویان.

هەروەها عێزەت لە سەر رادەی چەکوچۆڵ دەنووسێ، ٢ تانکی گەورە و ٢ تانکی بچوك و ٢ زرێپۆش٧ فڕۆکەی ٢ کەسی (فڕۆکەوان و دیدەبان) یەکێکیان شکا بوو و١٥ ئوتومبیلی نیزامی. دیارە بە پێی هێندێک سەرچاوەی دیکە تەنیا لە سەقز، زیاتر لە چوار هەزار کەس سەربازی لێ بوو.

کاربەدەستانی نیزامیی لە هەموو بارێکەوە خەریکی تەیارکردنی هێزەکانیان بوون و جیا لە کەڵک وەرگرتن لە هەموو ئیمکاناتی نیزامی، بەکریگیراو و خائینانی نێوخۆیی، رایەڵەیەکی گەورەشیان لە جاسووس و سیخور پێک هێنا بوو. تەنانەت، هەر وەک مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٧٦ی چێشتی مجێور دا باس دەکا، بۆ وەرگرتنی زانیاری زۆرتر لە کوتری نامەبەر کەڵکیان وەرگرت. لەوبارەوە مامۆستا هەژار باسی ئەوە دەکا کە شەوێک لە لای ئاوایی " قوڵتە" کەسێکی گوماناویان گرتووە. بۆ ئەوەی قسەی لێدەرکێشن، هەڕەشەیان لێکردووە و ویستویانە وەک نیشانە دایکەن و تەقەی لێبکەن. دوایە کابرا ترساوە و هاواری کردووە و گوتوویە:

باوکم مەمکوژن، بە خوا من جاسووسی عەجەمانم. کوتری نامەبەر دەباخەڵم دەنێم، خەبەریان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە کۆتر دا دەنێرمەوە. ناردویانم بزانم ئێوە چەند کەسن و لە کام خانوو دا دەژین.

هەر لە سەر کۆتری نامەبەر لە ژمارەی ٢١ ی رۆژنامەی کوردستان دا لە ژێر سەردێڕی "کۆتری نامەبەر" ئاوا هاتووە:

کۆتری نامەبەر

گۆیا چەند وەخت لەوە پێش ئێرانییەکان لە شەڕا عیدەیەک بۆ سەقز دەنێرن. کە دەگەنە (جافراوا) دەیانەوێ وەزعییەتی خۆیان بە ستادی سنە بلێن و لەبەر بەفر رێگایان نابێ ناچار کۆترێکی نامەبەر کە نامەیەکی بە لاقییەوە بووە بەرهەڵدا دەکەن کە ولامیان بۆ بدا بە سنە. بەڵام خودای کوردستان لە کۆترەکە هەتلە دەکا و دێ لە دێی (باغچە) دەنیشێ و دەگیرێ و چەند رۆژ لەمەوپێش کۆترەکەیان دەگەل نامەکە هێنا بە پێشەوای کوردستانیان پێشکەش کرد و جەنابی پێشەوای بەرز هەزار ریاڵی بە هەڵگری کۆترەکە عەتا فەرموو. ئەم پێشهاتە نیشان دەدا کە حەق پشتیوانی کوردستانە.

لە سەر رادەی هێزەکانی کورد لە بەرەی سەقز، ئێگلتۆن لە لاپەڕەی ٩١ی کتێبەکەی دا بە ٧٥٠ ١٢ کەسیان دەقەبلێنێ. جێی ئاماژەیە ئەو هێزانە عەشایری بوون و جیا لە هێزی بارزان، ئەوانی دیکە شەڕی ئەوتۆیان نەدیبوو و ئەزموونیان نەبوو، جێگای بەقا و مەتمانە نەبوون و سەریان بە شوێنی دیکەوە بەند بوو. هێزی بارزان ئازاترین شەڕکەرانی جێهان بوون، بۆ کارامەیی و فێربوونی چەک و قۆرخانەی پێشکەوتوو هەوڵی راهێنانیان دەدا. تەفرشیان لە لاپەڕەی ٢٨٥دا، دەنووسێ کە لە مانگی گەلاوێژی ١٣٢٥دا، مەلا مستەفا لە ژێر فەرمانی رائید نووری ٦٠ کەس لە بارزانییەکانی هێنا بۆ تەورێز تا فێرێ تۆپهاویشتن بکرێن. ئەوانە ٣ مانگ لەوێ بوون دوایە مەلامستەفا ئەوانی بردەوە بۆ بەرەی سەقز.

لە سەر ژیان و بارودۆخ و هەڵسوکەوتی پێشمەرگە و خەڵک، نوشیروان مستەفا لە کتێبی حکومەتی کوردستان دا دەنووسێ:



بەرەری سەقز، سەیفی قازی و میرحاج

بارەگای سەرەکی سەرکردایەتی جەبهەی سەقز لە گوندی سەرا بو. جەنەراڵ مایور محەمەد رەشیدخان فەرماندەی گشتی جەبهەکە لەوێ بو. بارەگا و شوێنی هێزەکان لە ناو ئاواییەکانی دەوری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەقز و، بانە و سەردەشت دا و لە ناو ماڵی دانیشتوان دا بو. هێشتا هێزی کوردستان، وەکو هەر هێزێکی ڕێك و پێکی سپایی، فێر نەکرا بون سەربازگە بۆ خۆیان لە دەرەوەی ئاوایی دروست بکەن. ئەمەش دەبو بە هۆی تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵك و لە ئەنجام دا دروست بونی گەلێ کێشە و گیروگرفتی ڕۆژانە.

هێزەکان خێڵەکی بون. ڕێکخستنی کەرتەکانی پێشمەرگەی ئێلەکان لە یەکەی دیاری کراودا و دیاریکردنی پلەی پێشمەرگەیی فەرماندە و سەرکردەکانیان نەیتوانی بو دیسیپلینی سپایییان تێدا بچەسپێنێ. زۆر جار گوێیان نەئەدایە سەرۆکەکانیان. شوێنەکانی خۆیان بەر ئەدا. دەستدرێژییان ئەکردە سەر مافی دانیشتوانی بێ دەسەڵات. لێپرسینەوەش بەهۆی هەلومەرجی ئەو کاتەوە کەم بو.

حکومەتی کوردستان نەیتوانی بو وەکو پێویست ئازوقە و خواردەمەنی و جلوبەرگ و داوودەرمان، چەك و تەقەمەنی، بۆ هێزەکانی دابین بکات. لەبەرئەوە ئەرکێکی قورس کەوت بوە سەر دانیشتوان. هەندێ جار پێشمەرگە بە زۆر شتیان لە خەڵك ئەسەند و بێگاریان پێ ئەکردن.

هاوکات لە گەڵ ئەو کیشە و گیروگرفتانە کە بەرۆکی هێزی نیزامیی کوردستانی گرت بوو و هەروەها لەگەڵ چوونەدەری هێزەکانی شووڕەوی و خۆ تەیار کردنی جموجوڵی هێزەکانی ڕێژیم بۆ هێرش بۆ سەر کوردستان، کۆماری کوردستان هەستی بە نیگەرانی زیاتر کرد و هێزی پێشمەرگەی عەشیرەتەکانی شکاك و هەرکی و ... بۆ دیفاع لە ناوچەکانی سەقز و سەردەشت و بانە، ڕەوانە کرد.

قایمترکردنی بەرەی شەڕ، رواڵەتی ئامادەیی گشتی بە خۆوە گرت و پەروەردە و بەرز ڕاگرتنی بیروباوەڕی نیشتیمانی پێشمەرگە، بە پێداچوونەوە و گێڕانەوەی شەڕە حەماسییەکانی رابردووی تەیارتر کرا. لە چوارچێوەی راهینانی هیزی پێشمەرگە لە رۆژنامەی ژمارەی ١٧ی کوردستان دا هاتووە:

**زمانی حاڵ پێشمەرگەکانی کوردستان**

زۆر بە ئیفتخارە عەرز دەکەم لەو مودەتە کەمەدا کە هێزی دێموکراتی کوردستان دامەزراوە فەرد فەرد پێشمەرگەکان هەرچەند سەرمای زۆر مانعی تەعلیماتیان بووە بە چەند نۆبە فێرکردنی ڕێگا و شوێنی پێشمەرگەی زۆر لە سەربازی دوو ساڵەی زەمانی ئیستیبداد قابلتر لایقترن مەخسوسەن لەبەر حەساساتی پاک و موقەدەسێکی کە هەیانە ...

هەر لە چوارچێوەی راهێنان دا، گرینگی دان بە مێژووی شەڕ و کێشەکانی رابردووی کورد، بە لای کاربەدەستانی کۆمار گەلێک پێویست بوو. لە رۆژنامەی کوردستان لە ژێرِ ناوی "تکا" لە پاڕاگرافێک دا ئەو داوایە لە خەلک کراوە:

تکا

ئیدارەی رۆژنامەی کوردستان رەچاوی گرتووە کە لە هەر ژمارەیەک دا، جەنگێک لەو جەنگانەی کە لە کوردستان قەوماوە چ کۆن چ نوێ بە تایبەتی ئەو جەنگانەی کە دەگەل دوژمنانی کورد و بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەزگاری کوردستان لە ژێر نیری دیپلی کراون لە ستونیکی تایبەتی دا بنووسێ. تکا دەکەین هەر کەس ئاگاداری لە بەسەرهاتی هەرجورە شەڕێکی کوردستان هەبێت، چ لە کتێبی مێژووی بنوسێتەوە و یا لە ئەشخاسی موتەلیعی وەرگری بۆمان بنووسێ کە لە رۆژنامەدا بڵاوی بکەینەوە ئەگەر کەسێک کتێبێکی وای لە کنی بێ و بۆخۆی وەختی نەبێ بینووسێتەوە دەگونجێ کتێبەکە بۆ ئێمە بنێرێ پاش چاپ رەوانەی دەکرێتەوە.

پێویستە بگوترێ کە هەر لە چوارچێوەی بە هێز کردنی توانایی بەری شەڕدا، رێبەری حیزب داوای لە حەمە رەشیدخانی بانە کە لەو سەردەمەدا، لە ناوچەی سەقز جێگیر ببوو کرد، کە بێتە ناو ریزەکانی حیزبی دێموکرات و وەک ژێنراڵ لە بەرەکانی شەڕ خزمەت بکا. حەمە رەشیدخان ئەو داوایەی قبووڵ کرد و بە گوێرەی رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٨ ی ساڵی ١٩٤٦، لە ساڵی ١٣٢٥عەبدولرەحمانی قازی، سەدری کومیتەی سەرا، لە وتارێک دا بەخێرهاتنی حەمە رەشید خان و ئاغایانی بانە کرد کە هاتوونە ناو ریزی حیزبی دێموکرات و مەڕامی موقەدەسی دێموکراتی قبووڵ کردووە.

**یەکەم وتووێژی هاوبەشی کورد و ئازەری لەگەڵ دەوڵەت**

دوای ئەوە لە مانگی خاکەلێوەدا بەشێکی زۆر لە هێزەکانی شووڕەوی خاکی ئێرانیان بەجێهێشت و لە مانگی بانەمەر پەیمانی کورد و ئازەری بەسترا، وتووێژی چڕوپڕی نێوان دەوڵەتی ئێران و هەیئەتی نوێنەرانی کوردستان و ئازەربایجان دەستی پیکرد.

هەر بەدوای واژو کردنی پەیمانی ڕۆژی ٣ی ٢ی ٢٥ بە هۆی نوێنەرانی هەر دوو حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان لە ڕۆژی ٨ی ٢ی ٢٥ دەستەی نوێنەرایەتی تێکەڵاوی ئازەربایجان و کوردستان، بە سەرۆکایەتی پێشەوەری بۆ گفتوگۆ چوونە تاران.

قازی محەممەد و چەند کەس لە کاتی بەڕێکردنی ئەو هەیئەتە لە فرۆکەخانەی تەورێز قسەیان کرد. ئایەتوڵلا میرزا عەبدوڵلای موجتەهیدی لە لاپەڕەی ٢٤٥ی کتێبی بوحرانی ئازەربایجان باسی ئەو رۆژە دەکا و ناوی هەیئەتەکە دێنێ و دەنووسێ کە لە فڕۆکەخانەدا، شەبستەری رەئیسی مەجلیسی ئازەربایجان و ولایی و قازی محەممەد قسەیان کرد کە قسەکانی قازی محەممەد لە هەردووکیان باشتر بوو.

ئەو هەیئەتە لە رۆژی ٨ ی بانەمەڕی ١٣٢٥دا، لە تاران لە لایەن خەڵکێکی زۆر پێشوازیان لێکرا بەڵام بە هۆی تەقەی هێزەکانی دژی گەلی رێژیم، دوو کەس کوژران و چەند کەس بریندار بوون. رۆژی دوایی هاوکات لەگەڵ دەست پێکردنی وتووێژ، هێزەکانی رێژیم لە بەرەی سەقز هێرشیان بۆ سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێنا.

هەیئەتی وتووێژی دەوڵەت لەگەڵ کورد و ئازەر، بریتی بوون لە مزەفەر فیروز، مووەرخولدەولە سپێهر، موستەشارولدەولە سادق، فەرمانفەرمائیان و فەتعەلی ئیپکچیان. هیئەتی ئازەربایجان بریتی بوون لە پیشەوەری، سادق پادگان، جاوید، فەریدوونی ئیبراهیمی، سادق دیلمەقانی، نوسرەتولای جەهانشاهلو و تەقی شاهین فەرمانداری کە ئەوەیان وەک مونشی دیاری کرابوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به پێی رۆژنامەی ژمارە ٤٤ی کوردستان هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد بریتی بوون لە محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی، وەزیری هێزی دیمۆکراتی کوردستان و ئەبولقاسم سەدری قازی نوێنەری مەهاباد لە دەورەی چاردەهەمی مەجلیسی شوورای میللی دا.



رۆژی ٩ بانەمەڕ بۆ ماوەی دوو حەوتوو، وتووێژ لە شاری کەرج دەستی پێکرد. بە پێی لاپەڕەی ١٧٥ی کتێبی فراز و فرود فرقە، رۆژێک بەر لە وەڕێکەوتنی هەیئەت بۆ تاران، باقرۆف راپۆرتێکی سەبارەت بە چوونە دەری هێزەکانی رووس و لیستی ئەو چەک و چۆڵانەی کە لە ئازەربایجاندا بە جێهێشتووە بۆ ستالین نارد. رادەی ئەو چەکانە بریتی بوون لە ٦٢ دانە تۆپ بە زیاتر لە سی هەزار گولله و ٤٩ موسەلسەل بە ٤ میلیون فیشەک. ئەو لە نامەکەدا داوا دەکا ٢٠٠ بنەماڵەی دێموکرات رێگایان پێبدرێ کە بچن بۆ شووڕەوی و پێشنیاری کرد کە کارگێڕانی دیپلۆماسی و بازرگانی و نەوت و پاراستنی نەخۆشخانەی شووڕەوی لە تەورێز کەم نەکرێنەوە و پەرە بە خانەی فەرهەنگ بدرێ و...

وتووێژی دوو حەوتوویی شاری کەرج بە هیچ نەگەیی و رەوتی وتوێژەکان رواڵەتی دیکەی بە خۆوە گرت و رووداوی زۆر گرینگ رووی دا. هەر لە یەکەم رۆژی وتووێژەکان دا ئەرتەشی ئێران هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە لە شاری سەقز. بۆ بەیانی رۆژی دوایی پێشەوا بە پەلە چوو بۆ سەقز و پاش بەسەرکردنەوەی بەرەکانی جەنگ و چاوی بە رەزمئارا سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران کەوت و لەسەر ئاگربەس و ناردنی ئازوقە بۆ سەربازانی ئێرانی لە سەردەشت، لە ژێر چاوەدیری هێزی پێشمەرگەدا، رێککەوتن.

پێشەوا قازی محەممەد لە رۆژی ٢٥/٢/١٥ دا، دیسان گەڕاوە بۆ تەورێز و بە پێی رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤٦ لە رۆژی ٢٥/٢/١٥ دا، لە کاتی رۆیشتن بۆ تەورێز لەگەڵ سەرانی عەشایر مەنگوڕ و مامەش و زەرزا و گەورک و دێبۆکری و ئەفسەرانی کوردستان کۆبۆوە. پێشەوا سوپاسی هێزەکانی عەشایری و بارزانی و حەمە رەشیدخانی کرد و لە بەیاناتێک دا سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی شوورەوی و هەڵوێستی خراپکارانەی حکومەتی ناوەندیی و سوور بوونی گەلی کورد لەسەر مافی رەوای، گوتی:

برایانی خۆشەویست، لە کاتێکی دا کە ئوردووی سوور لە نیومان دا بوو دوژمنانی ئێمە هەمیشە وایان بلاو دەکردەوە کە داوا و ئیدعای کوردان هەمووی بە هۆی سیاسەتێکی خارجییە کە مەقسوودیان ئوردووی سوور بوو. بەڵام ئەورۆ بە ئاشکرایی لە هەموو کەس مەعلووم بووە کە کورد

ئازادی دەوێ و دەست لەو مەڕاممە هەڵناگرێ و وجودی ئەو عەشایرانە لەو رووداە کە بە گیان و بە ماڵ ئامادەن ئاخرین دڵۆپی خوێنی خۆیان بۆ ئەو مەڕامە بڕژێنن شاهیدێکی زۆر گەورەیە بۆ ئەوەی کورد ئازادی دەوێ و دەستی لێ‌هەڵناگرێ و بۆ وەچەنگ هێنانی ئازادی ئیعتیمادی هەر بە خۆیە.

ئەمن زۆر سوپاسی برا مەنگوڕەکان دەکەم کە هەر بە بیستنی ئەوەی کە زانیویانە ئوردوی سوور ولاتی تخلیە کردوە و رۆژی کارە، گەورە و چوکیان بۆ پاراستنی وڵات ئامادەی خزمەت بوون، برایانی مامەش هەرکە زانیویانە کە رۆژی ئەوەیە دەبێ ولاتی کوردەواری نفوذی بیگانەی تێدا نەمێنێ و دەستی ئیستعماری لەسەر لابری هەمووی بە گیان و دل حازر بوون. هەروەها برایانی گەورک، دیبوکری، زەرزا و ئاغایانی قەرەپاپاق هەموو ئەورۆ وەک گورد لە مەیدانی دا راوەستاون و چاوەنۆری فەرمانن کە هەموی شاهیدیکی گەورەیە لەو رۆژەدا کە ئوردوی سوور ولاتی تخلیە کردوە، ئەوان واجبی مقدسی خۆیان بەجێ دێنن و بەڵگەییکی زۆر زلە بۆ ئەوەی هەستی نیشتمان پەرەستی و ئازادی لە دلی هەموو کوردێک دا جێگیر بووە و دەست لی هەلگرتنی نیە.

برایانی خۆشەویستی بارزانی کە لە رێگای وەدەست خستنەوەی آزادی کوردستانی مەزن وڵات و ماڵ و منداڵیان لەپیش چاو نیە و هەموویان لە پێناو ئەو مەتڵەبە ناوە، مەردانە لە کوشش دان و جێگەی شانازیە و ئازادی خواهی میللەتی کوردەواری و هەوڵ دەدەن و شارەزایی وان لە عەملیاتی جەنگی و ئازادی و رشیدیان لە سفاتی کوردانە لە شەڕی سالح ئاوادا معلوم بو کە عدەیکی ٧٠٠ نفری ئوردوی فارسەکان دەیەویست بۆلای سەرایە بێت، ئەوان- ١٧٠ نفر پیشیان پێ گرتن و ١١٠ نفریان لێ کوشتن و ٤٠ ئەسیریان لێ گرتن و تەلفاتێکی زۆریان لی دان بەبێ ئەوەی یەک نەفریان خوینی لە کەپۆی بێ.

جەنابی حەمە رشید خان کە چەند وەختە لەو ڕێگایەدا ئیمتحانی خۆی داوە، هەموی ئەوانە بەلگەییکی زۆر گەورەن کە جونبشی ئازادی خواهی کوردستان سەر بە سیاسەتی خارجی نەبوە، بەلکو هیزێکە لە دلی هەمو کوردیک دا موجودە و لە سایەی خودا ئەو هیزەش ئەوەندە بە قووتە کە دەتوانی دەستی زاڵم ببری، بەڵام میللەتی کورد زۆر خاوەنی ئینساف و روحمە و لەسەر ئەو حالەشەوە کە هێزی مەزن و کافیە بۆ ئەستاندنەوەی وڵاتی خۆمان و تۆلە ستاندنەوەمان لەسەر ئەو شەڕە ئەوا خەریکین بە رێگایەکی سوڵح و مسالمەت حقوقی خۆمان وەردەگرینەوە ئەگەر هاتوو هەر بە مسالمەت لەگەڵمان نەهاتن و ئیدعای ئێمەیان قبول نەکرد کە نمایندەی کوردستانی ئازاد بۆ ئەو جامعە لە تاران مشغوولی موزاکرەن ئەو وەختی بە هومیدی خودای بەگشتی عالەم و بە تایبەتی بە دەوڵەتە زاڵمەکانی کە ولاتمان لی داگیر دەکەن نیشان دەدەین کە کورد چەندە بەهێزە و لییان معلوم دەکەین کە تولەستاندنەوە چلۆن دەبێ.

لە کۆتایی دا رۆژنامەی کوردستان دەنووسێ:

لە نیوانی هورا و چەپڵەڕێزانی تەواوی ئاغایان و ئیحساساتی گەرمی دانیشتوانی مەهاباد، فەرمایشاتی پێشەوای موعەزم تەواو بوو و لە لایەن ئاغای عەبدوڵا ئاغای بایەزیدی بە نوێنەری لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لایەن سەرانی ئێلی غیوری مەنگوڕ لە وڵامی حەزرەتی پێشەوا دا نوتقێکی بە تینی ئیراد کرا و قەولیان دا بە گیان و ماڵی تا ئاخر بۆ پارێزگاری کوردستان هەوڵ بدەن و چۆن سەرانی قەبایل گشت عازمی سنوور بوون دەسی حەزرەتی پێشەوایان ماچ کرد و خوداحافیزیان لێکرد.

هەروەها لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤٧ دا، ئاماژە بە پێشەوا و حاجی بابا شێخ کراوە کە لە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٢/٢٠ دا، لە تەوریزێ را گەڕاونەوە بۆ مەهاباد و نووسراوە:

هاتنەوەی حەزرەتی پێشەوای کوردستان

ڕۆژی ١٣٢٥/٢/٢٠ ساتی ٦ پاش نیوەڕۆ حەزرەتی پێشەوای کوردستان و جەنابی ئاغای حاجی سەید بابا شێخ رەئیسی هەیئەتی رەئیسەی میللی کوردستان لە تەورێز گەڕانەوە و لە کانگای حیزبی دێموکرات کوردستان دابەزین. حەزرەتی پێشەوا لە ساڵۆنی ئەنجومەنی فەرهەنگی کاربەدەستانی حیزبی دێموکرات و سەرکردانی کوردستان لە کاتێک دا کە ئاساری خۆشحاڵی و موفەقییەت لە نیو چاوانی حەزرەتی پێشەوادا دەبیندرا شەڕەفیاب بوون و پاش نیوسەعات حەسانەوە نوتقی ژێرەوەی لەبەرانبەر ئیراد فەرموو:

دووژمنانی کورد وایان شۆرەت دەدا کە دەوڵەتی کوردستان ئەساسێکی نییە و بە ڕۆیینی هێزی سوور تیک دەچێ.

درۆ بوونی ئەو ئیدعایە و گۆیە پووچانە زوو هاتە جێ و کورد ئیمتحانی خۆی دا. دەو چەند ڕۆژانەدا کە ئوردووی سوور خاکی ئێرانی چول کرد سەد هێندەی جاران کورد وە جۆش کەوتووە و هەزاران کەس لە لەخوبوردوان لە سنووری کوردستان دا ئامادەن تا ئاخرین تنوکی خوینیان لە ریی کوردستان دا بڕێژن. دەبێ ئەوجار ئەو دووژمنانە بلێن چی؟ دەبێ لێیان مەعلووم بێ ئەگەر زوو حەقی کوردان نەدەن بە زۆری ئەسلەحە دەیئەستێنن. فەقەت راوەستانی ئێمە لەو ڕۆژەدا بۆ ئەوەیە کە حەقی مە بە بێ شەڕ و بە مسالمەت بدرێ و پێمان خۆش نییە دووبارە لە دنیا دا ئاوری شەڕ هەڵکەینەوە. ئەوڕۆ کورد سەهلە دەتوانێ حەقی خۆی لە ئیران بستێنی بەڵکوو دەتوانی حەقی خۆی لە دنیایە بستێنی.

ئەگەرچی پێویست نییە کە ئەمن فداکاری نەتەوەی کورد لە دنیادا باسی بکەم، چۆن جێی ئینکاری دۆست و دوژمن نییە. غیرەت و مەردانەگی و گیان بازی ئەو قەومە نەجیبە لە عالەم دا بە سبووت گەییوە. لەشەڕی پێشوو شێخ سەعید و شێخ عەبدولقادر کە چەند ساڵان دەگەڵ تورکان بۆ وەچەنگ هینانی سەربەخۆیی بەشەڕەاتن، ئەگەر دەستی ئیستعمار یارمەتی تورکیەیان نەدابا کوردان حەقی مەشرووعی خۆیان وەدەست دێنا.

دیسان شەڕی تازەی بارزان ئەگەر دەستی ئیستعمار کۆمەگی بە عێراق نەکردبا هێزی بارزان بە ئاسانی فایق دەبوو و بە مەرامی خۆیان کە سەربەخۆیی کوردستانە دەگەیشتن.

هەروەها قەیامی سمایل ئاغاش ئەگەر دیسان دەستی ئیستعمار یاریدەی ئێرانیان نەدابا هێزی ئیرانی نەیدەتوانی لەبەرانبەر سمایل ئاغا پایەداری بکات. سمایل ئاغا دەیگوت ئەگەر بێتوو فەقەت ئەمن عەشیرەتی جەلالیم دەگەڵ بێ زۆر بە ئاسانی قشوونی ئیرانی تێک دەدەم و نەتەوەی کورد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەزگار دەکەم. دە سووڕەتێک دا ئەوڕۆ یەکەتی کورد لە جەلالی ڕا تا شکاک و هەرکی و زەرزا مامەش و مەنگور و پیران و تەواوی عەشایری دەوروبەری مەهابادی دامەزراوە و عێل ڕەشیدی بارزانیش دەگەڵ مەن و کوردی جنووب کرمانشا و سنەش و بلاخرە تەواوی کوردەواری پشتیوانی مەن و دەگەڵ مە هاودەنگن. ئایا بەو وێنەیە چلۆن بەسەر دوژمنانی خۆماندا فایق نابین.

ئەوڕۆ دەوڵەتی میللی کوردستان زۆر بە هیزە، تا چەند ڕۆژ لەوەی پێش کە قشوونی سوور لە ئێرانێ بوو مەئموورانی ئێرانی دەهاتن لە نێو مەدا برای مەیان دەگرت وەلی نەمان دەتوانی بڵێین بۆچی دەیگری و لەسەر چی حەبسی دەکەن، وەلی بە پێچەوانەی ئەو ڕۆژە نوێنەری کورد لە تاران بەسەربەستی ئیدعای ئازادی کورد دەکا و هیووادارم کە دنیاش چی دی چاوی نەقوچێنێ و حەقی خۆمان بدەنە دەست خۆمان و لەبەر ئەوە کە پێمان خۆش نییە شەڕێ بکەین کە برایانی ئێرانی بە زۆری و مەجبووری هێناویانن لە بەرانبەر مەیان ڕاگرتوون بیانکوژین. ئێستا نوێنەری خۆمان ناردوتە تاران تا بێ شەڕ حەقی خۆمان بدەنە دەست و دەبێ ئەوەی بزانن کە ئەوڕۆ یەکێتی کورد دەگەڵ نەتەوەی نەجیب و فیداکاری ئازەربایجانی زۆر بە هێزە و وە ئەو بەینەی کە ئەمن لە تەورێز بووم لە هەموو کارێک دا ئاگامان لیک بووە و هیچ تەفاوەتێکمان لە بەین دا نییە، هیچ ڕازی نەبوون و نەیاندەهێشت بگەڕێمەوە و حازرن وەک مە کە خۆمان بۆ فیدا کردن دە ڕێگای وان دا ئامادە کردوە ئەوانیش وا بۆ مە حازرن و هەردووکمان خەریکی بەرقەراری ئازادی لەسەرتاسەری ئێرانیین. وەلی لەبەر هێندێک قسە کە بیستبوم و یەکیش بۆ بەخێر هێنانی ئەو برایانەی کە لە ڕێی دووڕا بۆ فیداکاری و گیان بازی ئامادە بوون و تەشریفیان هێناوە گەڕامەوە و ئومێدەوارم کە بە یارمەتی خودای و فیداکاری عەشایر و کوڕانی کورد بە زوویەکی زوو ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان لەسەرتاسەری کوردستان و حەتا تەواوی ئێران بلەرێتەوە.

**گەڕانەوەی محەممەد حوسێن خانی سەیف لە یەکەم وتووێژدا**

دوای دوو حەوتوو محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی، وەک نوێنەری حکومەتی کوردستان گەڕاوە بۆ مەهاباد. ئەو لە ڕۆژی ۱۳۲۵/۲/۲۳دا، لەگەڵ هەیئەتی ئازەربایجان، بە بێ ئەوەی لەگەڵ تاران ڕێکەون گەڕانەوە بۆ تەورێز و بە گوێرەی کوردستانی ژمارە ٤٩، ڕۆژی ۱۳۲۵/۲/۲٦ هاتەوە بۆ مەهاباد و لە کانگای حیزب دابەزی و لە نێو پێشوازی چەپڵەرێزانی خەڵک دا، وتارێکی خوێندەوە و بەڵێنی دا کە دواتر چلونایەتی سەفەرەکەی بە ئاگاداری خەڵک بگەیەنێ.

بە پێی کوردستان ژمارە٥٠ لە ڕۆژی ۱۳۲۵/۲/۳۱ لە مەراسمێکی گەورە دا کە لە " تەواوی سەران و سەرکردەکان و ژێنڕاڵان و مەزنانی کوردستان و چەند هەزار کەس پیاو و ژن و فەلەخۆی و جوتیر " پێکهات بوو سەرەتا پێشەوا لە وتارێکی بەرین دا، ئاماژەی بە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی کۆدەنگی و یەکێتی و برایەتی لە نێو کوردان دا کرد و دوایە ئاماژەی بە شەڕی بەرەی سەقز و سەردەشت و ئازایەتی هێزی پێشمەرگە کرد. ئەوجار پێشەوا باسی فەساد و گەندەڵی دامودەزگای دەوڵەتی و کوشتنی بە فێڵی ڕێبەرانی کورد و ڕاگوێزتنی هەزاران کورد لە مەوتەنی خۆی کرد. دوایە هاتە سەر باسی پێکەوە ژیانی میللەتانی وەک ئەمریکا و ڕووسیە و ئەو یەکێتییەی کە لە نێوان کورد و ئازەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دا پێکهاتووە و هەروەها رادەی بەرەو پێشچوونی وڵاتانی سەنعەتی و باسی وتوویژ و ئەوە کە نوێنەری کورد بە نائومێدی گەڕاوە، کرد و داوای لە خەڵک کرد کە ئامۆژگاریان چییە و گوتی:

برا خۆشەویستەکان! مەعلوم تەسدیقی دەفەرموون کە دەگەڵ ئەو هەموو ئیختیلاف و دوبەرەکی‌یە کە دەنێو کورداندا هەبوو کە نێوان ناخۆشی وای‌لێهات بوو تەئسیری دەخانەوادانیش کردبوو. نێوانی برایانیش تێکچوو بوو و حەتتا باب و کوڕیش پێکەوە یەکنەبوون پێشرەفتی کار و دانانی تەشکیلات چەند موشکیل بوو. وەلێ چونکوو لە مەردان کار عاسێ نابێ و میر بە سەر هەر جورە چەوت و چەڵەمەیەك دا فایەق دەبێ، بە هۆی رەنج و زەحمەت حەول دانی چەند کەسی ساحیب ئیمان و راست تەشکیلاتیش سازکرا و نەزم و تەرتیبیش دە نێو مەملەکەت دا بەرقەرار کرا و دەمودەتێکی کەم دا ئیختیلافات و ناتەباییش دووایی پێ‌درا. تو خوداکەی چە شاهید و دەلیلێك لەوەی گەورەترە؟ هەر ئەوەندە کە خەبەری خەتەرێك لە جەبهەی سەقزێ و سەردەشتێ و تەجاوەزی دوژمن بە خاکی کوردستانی ئازاد بە کوردان گەیشت هەموو پێکەوە و لە دورترین نوقات کوردان خۆیان گەیاندە حدودێ و هەرگاە لە تەڕەف حکومەتی میللی کوردستانەوە ئیجازەیان با وەك شێری ژیان دەیەك ساعەت دا تەواوی دوژمنیان وونجر بە وونجڕ دەکرد و تا شاری کرماشانێ وەك هەژدیهای دەمان هەرچی هاتبا پێشیان هەڵیان دەلووشی. وە ئەگەر ئەو دوو بەرەکییەی جاران مابا چلۆن لەبەر یەکتری دەیانوێرا ماڵە خۆیان بەجێ‌بێڵن و بیست مەنزڵ لە ماڵە خۆیان دوور کەونەوە. دەجا دوژمنان تا کەنگێ دەبێ چاوی خۆیان بقووچێنن و تا کەنگێ لەسەر نەفامی بڕۆن و نەزانێ کە تا ئێستا کورد هەر زیللەت و بەدبەختێکی بە سەریان دا هاتبێ لەبەر ناڕێکی و ناتەبایی بووە دەنا ئەگەر کورد ڕێک‌کەوێ و تەبا بێ کێ پێی دەوێرێ پێموایە دوژمنانی خارجی دەوەی گەیشتون بۆیە وا وە جوڵەجوڵ کەوتون و ملیان لە دووروەری ناوە بەڵا دەستگای دیکتاتۆری تارانی هێندێکیان هێندیان خوێن خواردوە کە بێهۆشییەکی وا دایگرتون ئەلعانیش نازانن دنیا چە باسە.

هێندێکیشیان بە نەشئەی تریاك سەرخۆشن و عیدەیەکیش مەستی عارەق و شەراب لەگەڵ دلبەرانی مەهوەش خەریکی عەیش و نۆشن و دەڵێن:

مارا بجهان خوشتر از این یکدم نیست

کز نیك و بد اندیشه و از کس غم نیست

بەوان چی، غەیری تارانی مەرکەزی فەساد و شەرارەت و جندەبازی ئەویدی هەمووی خراپ بێ هێشتا لەبەر ئەو شتانە کە عەرزم کردن موتەوەجیهی کاری کوردان بە چاکی نەبوون دەنا لە پاش ئەوەی کە ئەمە ئیستیقلالی تام و تەمامی خۆشمان بەدەستهێنا بۆ وەی لە حکوومەتی مەرکەزی مەعلوم بکەین و بە دنیایەش نیشان بدەین کە ئەمە ئەو کارانەمان کردوە لەبەر موخالەفەت لەگەڵ دەستگای دیکتاتۆریە نە ئینکێ کورد لە برایەتی فارسان حاشا بکا یا بە ئێرانیەتی خۆی ئیفتیخاری نەکا بەڵا ئەو دەردەی کە دەستگای حکومەتی تاران چە لە پێش رەزاخان دا و چە لە زەمانی رەزاخانی دا و چە لە پاش رەزاخانی داویە بە کوردان، چەنگیز و مەغۆلیش لە گەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەسی نەکردوە.

کێ نەیبیست بێ کە بە چی فێڵ و نامەردیکی دە زەمانی قەجەران دا، جەعفەر ئاغای شکاك لە تەوریز کوژرا. کوشتنی حەمزە ئاغای مەنگوڕ و هەزاران ئەمسالی وایان نەبیست بێ؟ کێ بێ نەیبیست بێ کە بە چ ناجەوامێردییەکی قشونی ڕەزاخانی پەهلەوی چۆن دەوەختێك دا کە ئاراراتی گەرمی شەڕێ لەگەڵ تورکان بوون چە ناپیاوانە و ناجەوامێردانە وەنێو ژن و منداڵی کوردان کەوتن نەعوزوبیللا چییان بەسەرهێنان. چییان لێکردن. جەلالی چۆن هەموو بارکران و دەگەل هەزاران ماڵی کوردی لاوی وان هەریەکە بۆ نوقتەیەکی ئێرانی بران. ئەلئانیش بەشی زۆریان کەس نەیزانی چی لێهات و چۆن تەلەف بوون. ئەو دەردی دایان بە گەلباغیان کە بە زستانێ باریان کردن. سەدها منداڵیان دە بەفری دا قڕبوون و پیاوان دەست و پێیان سەرما بردی و گەیەندرانە شارانی هەرەدووری ئێرانی و بە ئەشەدی عەزاب بەشی زۆریان تەلەف بوو. هەتکی نامووسی و بێعیفەتیکی کە دەو هەموو کارانە دا بەسەر کوردان هات شەرمێ دەکەم شەرحی بدەم و تا ئەوڕۆ بەشەر نەیکردوە. کاری ئەمنییان چی لێبڵێم سەرتاسەری ئێرانێ، دۆست و دوژمن شاهیدی فەجایع و جینایات و هەتکی نامووسی، وانە حەتتا تەعەڕوزیان بە پیاوان دەکرد. شەهرەبانی و نەزمیەیان سەد لە ئەمنیە خراپترە. عەدلیە مەرکەزی تاڵان و بڕۆ و ڕوتانەوەی خەڵکی بوون. لە پاڵەوانپەنبانی فێراری شەهریوەر مانگێ کە دەشەئنی وان دا هاتووە:

همه سر به سر پشت به دوشمن دهیم

از آن به که خودرا به کوشتن دهیم

هێندە هەوای تەکەبور و عەزەمەت و گەورەییان لەسەر ئێمە لێ دەدا بە دەرەجەی خوداوەندیش ڕازی نەبون و کەسری شانیان دەزانی دەنا ئیدعای ئولوهییەتیان دەکرد و ئەوەی سەرتیپ هۆشمەند بە سەر بانە و هەورامان و مەریوانی هێنا دنیا بیستوویە.

لەبەر ئەوە چاوترساو بووین، حازر بووین هەموو خۆمان بە کوشتن بدەین و ئیتاعەت و فەرمانبەرداری ئەو دەزگایە نەکەین، دەنا ئەگەر بێتو ئازادی لە ئێران دا بەرقەرار بێ چ مانعێك هەیە، ئەوی لە ئێرانێ دا دەژین تێکڕا دەستی برایەتی بدەن بە یەکتری. بزانن شورەوی چل پەنجا دەوڵەت و میللەتن، عەدالەت کردونیە برا. ئەمریکا چل و چەند جمهورین، سویس دووسێیەکن یەك ڕوح و گیان پێکەوە دەژین. بۆ وەی کە ئەمە نیشان بدەین دەوادەی خۆمان دا ڕاستگۆین با وەسفی وەی کە لەگەڵ نەتەوانی دیی ئازەربایجانی هیچ شتێکمان یەك نەبووە چونکە ئەوانیش بوونە ئازادیخوا و دیمۆکرات هەردوو بووینە یەك، بە یەکێتییەك کە ژیان و مردنمان پێکەوەیە (بە وێنەی بادام دو مەغز و یەك پۆست) و بۆ وەی کە لە سایری نەتەوانی دیکەی ئێرانیش مەعلوم بکەین کە برایەتیمان لەگەڵ وانیش تێك نەداوە دوو نەفەر نومایندەمان مەعلوم کرد لەبەر دەرك و ئاستانەی وان حازر بێ و بڵێ خۆتان دەگۆڕن و تەشکیلات و دەکەنە دیمۆکراسی چۆن ئەنگۆ دەڵێن برایەتیو دەکەین هەرگا خۆتان نەگۆڕن و تەشکیلاتیشتان نەکەنە دێموکراسی چۆن ئەنگۆ دەڵێن برایەتیو دەکەین و هەرگا خۆتان نەگۆڕن و تەشکیلاتیشتان نەکەنە دێموکراسی دیسان ئێمە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زدییەتێکمان لە گەل ئەنگۆ نییە و برایەتیمان برایەتی، کیسەمان جدایەتی. ئەمەش ساڵەهای ساڵە بۆ ئازادی هەوڵ دەدەین. پیاوی چابن چی دیکە بە تانک و تۆپ و تەیارە لێمان تێک مەدەن. ئەمەش بەشەرین حەقێکمان دەبەشەرییەت دا هەیە چ میلەتێک لەبری ئێمە دە ئەسارەتدا ماوە؟ چیدیکەمان قیل بە چاوییەوە مەنێن و لۆکەمان دەگوێی ماخنن: ئەوانەی ئەو هەموو کارخانە ساحەب عەزەمەتانەیان دروست کردوە و ئەو هەموو شتە عەجایب و عەجایبانە دەردەخەن، دەمێکی وەک تەیری بە حەوایدا دەفڕن، هەر ئەوەندەی چاو لێکدەی لە مەشرق دەچن بۆ مەغرب جارێک وەک ماسی هەر ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو بە بن دەریایەدا ئەوسەروسەری دونایە دەکەن. کێوانیان هەموو بە تونێلان پەڕەپەڕە کرد و بە ڕێی ئاسن دا سەدها وەتاغ کە شارێکی هەڵدەگرن پێیاندا ئەودیو و ئەودیو دەکەن. ئوتوموبیلی ببینن و تانکی تەماشا کەن و سرنج بدەنە رادیو و لە تێلگراف و تەلیفوونی خورد ببنەوە کە لە هەزاران مەنزڵ ڕێیەوە قسە بە یەکتری دەگەیەنن و چرای بەرقی چاو لێکەن چۆن شەوی کردوتە ڕۆژ.

خولاسە هەر لە ئەلئان را تا ساڵێکی یەك یەك ئیختیراعاتی ئەو شتانە کە لە سایەی خوێندن و سنعەت بە دەست هاتووە شەرحی بدەم تەواو نابێ. بەڵێ ئەوانە ئەو عەجایباتانەیان هێناوەتە سەر دنیایە، ئەوانیش وەك مە بەشەرن بەڵام چونکوو کاری خۆیان بە دەست خۆیانە و غەمی خۆیان بۆ خۆیان دەخۆن، ئەوەی دەیخوێنن تێی دەگەن وا وەپێشکەوتون. لێمانگەڕێن با ئەمەش تەکانێکی بە خۆمان بدەین وەدوای خوێندن و سنعەت کەوین و فەلاحەت و کشتوکاڵی خۆمان وەك خەڵکی لێبکەین و میللەتمانی پێ دەوڵەمەند بکەین و کارخانە بێنین و ئەو هەموو کانگا و مەعدەنانەمان هەیە با وەدەری خەین و بە مەنفەعەتی وانە وڵاتی خۆمانی پێ بڕازێنینەوە.

ئاغای محەمەد حسێن خان نماینەدەی مە نیشانی دا کە کورد هێندە لە براکوژی و ئیختیلافی خۆی دەپارێزێ. کورد کە دە ئێرانێ دا ئەکسەریەتی هەیە بە ئەقەلیەتێکی ئازەربایجانی وەك ئەرمەنی و ئاسوری داندران، دەنگی نەکرد. دیسان حکومەتی تارانێ هێندە لە دیتنی مەنزەرەی کە دایك بۆ کوڕی کوژراویان قوڕ وەسەردەکەن وەکەیف دێن و بە بیستنی ڕۆڕۆی هەتیو و باب کوژراوان وەدەماغ دەکەون و بە بە چاوکەوتنی خانوی وێران و گڕگڕ ئایساو شاددەبن و بە ناڵەناڵی برینداران وەنەشئە دێن و دەخوێن تلانەوەی نەوجەوانان خۆشحاڵیان دەکا، کە بە هەموو گوزەشتەی کوردانی ئەهمیەت نەدا. نماینەدەی مەی بە مەئیووسی ناردەوە. ئێستا تەکلیف چیە و میللەتی کورد چلۆنی پێ مەسڵەحەتە؟ بڵێن بزانم حەقمان نیە بڵێین ئەی تاران ئەو هەموو قەسروقسورەت کە بەماڵی مە دروست کردوە بەست بێ. با ئەمەش فکرێکی بۆ خانولە گڵینەکانمان کە وە غارانی دەورەی سەنگی دەچن بکەین و ئەو هەموو خیابانی ئەسفالت و کوچەی رازاوەت کافیە ئەمەش دە کوچانێك دا لەبەر تۆزی بە وشکانی و لەبەر قوڕ بە تەڕوتوشی ناتوانین پێدا بڕۆین، با ئیسلاحاتێکی بکەین ئەو هەموو تەجەمولە دە هەرخانویەکی تارانێت دا وەخڕ کردوە خەراج و قیمەتی هەموو وڵاتی کوردانە، چ ئیستیفادێکت لێ کردوە کە ئیدیشت دەوێ؟ سنگ و بەرۆکی خانمان و هێندە زێڕو تێکردوە کە دوو ئێرانی دیشی پێ ئاوەدان دەبێ، ئیدی چت دەوێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە کوردی ڕوتاوەوە؟

دیسان دەڵێم، بڵێن سەرانی کورد، بڵێن سەرداران، بڵێن برا جوتیّرەکان و زەحمەتکێشەکان، بڵێن چە بکەین و تەکلیف چیە؟

ڕۆژنامەی کوردستان لە درێژەدا دەنووسێ:

دوای ئەوەی بەیاناتی حەزرەتی پێشەوا لە کاتێکدا تەواوی حازرین پەنجەرەی دڵیان بۆ حاڵی بوون ئاواڵە کرد بوو گوێیان لەو فەرمایشانە راگربوو، لە نێو چەپڵەڕێزان و هوراکێشان و بژی کورد و کوردستان تەواو بوو و تەواوی گەورە و چکۆلەی حازران یەکدەنگ و یەك ئاواز هاتنە جواب لە وەڵامی حەزرەتی پێشەوای مەحبوب دا گوتیان: ئاوری نیشتمانپەرستی و ئازادیخواهی ئێمە کوژاندنەوەی بۆ نییە. ئێمە مەڕامی موقەدەسی (یا مەرگ یا ئازادی) مان وەپێش گرتووە و ئازادی خۆشمان وەچەنگ هێناوە. ئێستاش هاسانە کە ئازادی خۆمان زۆر مەردانە و پیاوانە دەپارێزین و رایدەگرین و ئامادەین ئازادی گشت نەتەوەکانی دانیشتوی ئێرانی تەمین و پایەدارکەین و ئەوان لە ژێر زۆری دیکتاتۆرانی خوێنمژ و خوێنڕێژ دەربێنین و وەك خۆمان لە ئازادی بەشداریان کەین. بژی کورد و کوردستان. بژی ئازادی و دیمۆکراسی بە راستی.

بە پێی کوردستانی ژمارە ٥٠ هەروەک پێشتر محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی بەڵێنی دابوو کە دوایی، خەڵک لە دانیشتنەکەی تاران ئاگادار بکا، لە مێتینگی ڕێکەوتی ٣١ ی ٢ ی ١٣٢٥دا، بە دوای قسەکانی پێشەوا دا، زور بە وردی، ڕەوتی وتووێژەکان و کێشەی باڵی دەستەڵاداری نێودەزگاکانی حکومەت و بۆچوونی کاربەدەستانی سەرووی ئێرانی سەبارەت بە حەقی کورد، بۆ خەڵک بەیان کرد. محەممەد حوسێن خان سەرەتا باسی پێشوازی خەڵکی تاران و ئەوە کە چۆن خەڵک ئومێدەوارن کە وەزعی کوردستان و ئازەربایجان کاریگەری لە سەر تاران و باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران هەبێ و ئەوانیش ئازاد بکرێن، کرد. دوایە ئاماژەی بە تەقەکردن کردن هێزە نیزامییەکان و کوشتنی پێشوازیکەران کرد و دوایە گوتی هەیئەتی کورد و ئازەری لە ٣٣ خاڵ دا داواخوازەکانی خۆیان پێشکێش کرد و سەرەڕای هێندێک بۆچوونی باشی قەوام، بەڵام وەزیرەکان پێشگریان لە ڕێکەوتن کرد و دوایە لە لایەن دەوڵەتەوە لە ١٤ خاڵ دا، هێندێک پێشنیار درا بە هەیئەتی ئازەری و کورد، بەڵام هەر کاربەدەستانی دواکەوتووی ڕەژیم، لەگەڵ ئەوەیش موخالیفەتیان کرد. دەقی قسەکانی محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی بەمجۆرەیە:

هاونیشتمان برایانی خۆشەویست

ئەمن کە بە ئەمری پێشەوای موعەزەم و بە دڵگەرمی و پشتیوانی برایانی خۆشەویست مەئمور بە ئیفتیخاری نومایندەگی بۆ حکومەتی تاران بوم. بە پێویست دەزانم کە شەرحی مەئمورییەتی خۆم ئیجمالەن بە عەرز بگەیەنم.

ڕۆژی یەکشەممو ٨ ی بانەمەڕ سەعاتی ٩ و ٢٠ دەقیقە لە ئیستگای تەورێزەوە دەگەڵ نمایندەگانی ئازەربایجان کە عیبارەت بوون لە ئاغای پیشەوەری، سەرۆکی حکومەتی میللی ئازەربایجان و ڕەئیسی هەیئەتی نمایەندەگی و ئاغای سادق پادگان و ئاغای دکتۆر جیهان شاها و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاغای ئیبراهیمی و ئاغای دیلمقانی و ١٤ نەفەر فیدایی بە ڕیاسەتی یەک نەفەر کاپیتان حەرەکەتمان کرد و لە ساتی ١١ و ٢٠ دەقیقە واریدی ئیستگای میهراباد بوین. لە لایەن ئازادیخواهان و ئەهالی ئازەربایجان ساکنی تاران - با ئینکە کە سەعاتێك پێش وارید بونی مە بە وەسیلەی مەئمورینی دەستگای دیکتاتۆری عیبارەت بو لە ئەفرادی ژاندارمری بێ شەرمانە مومانەعەتێکی موسەلەحانەی بۆ پێشوازی نەکردن لە ئێمە بە عەمەل هات بو و دو نەفەر لەو ئازادیخواهانە کوژرا بون چەند نەفەریشیان بریندار کردن بون - دیسان جەمعیەتێکی یەکجار زۆر کە خۆیان لە چنگی موستەحفیزینی ژاندرم خەلاس کرد بو بە دەسکە گوڵەوە خۆیان گەیاند بوە مەیدانی تەیارەی. شور و شەعەف و ئیحساساتێکی وایان بە خەرج دا کە ڕوحی مەیان وە لەرەزە خست و بە دەنگێکی بڵیند چەپڵەیان لێ دەدا و هاواریان دەکرد: ئەنگۆ ئەمەو نەجات دا. ئەنگۆ خەڵکی ئێرانێو لە ئەسارەت خەلاس کرد. ئەمما وشیار بن ئیشتیباهێ نەکەن ئازادی ئێمە بە حەڕەکاتی ڕاست و بێ خەتای ئێوە پێوەندە. و هوڕایان دەکێشا و لێکڕا دەیان گوت: بژی خەڵکی ئازەربایجان. بژی مەشعەلداری ئازادی ئێمە ئازادیخواهانی کوردستان.

دە واقیع دا ئەو ئیحساساتەی وان ببوە باعیسی سەر بڵیندی ئەهالی کوردستان و ئازەربایجان و ئەوەیان بە تەواوی مەعلوم دەکرد و دەیان گەیاند کە مەعلومە کوردستان و ئازەربایجان خۆیان خەلاس کردوە بەڵکو لیاقەتی ئەوەیان هەیە کە ئازادی تەواوی خەڵکی ئێران وەدەست بێنن و سابیتی بکەن. ئاغای موزەفەر فەیروز معاونی سیاسی نەخست وەزیری ئێران و سەرتیپ سەفاری رەئیسی تەشکیلاتی کوللی شارەوانی لە تەرەف دەوڵەتێوە بۆ ئیستیقبال حازربون و بە شارەزایی وان بۆ قەسری جەوادیە کە لە دوازدە کیلۆمەتری تارانێیەو لە پێش دا بۆ پەزیرایی حازر کرا بو حەڕەکەتمان کرد. وەسایلی پەزیرایی مە لە تەڕەف وەزارەتی ئوموری خاریجەوە بە عەمەل دەهات.

لە رۆژی دوشەممویەوە موزاکەرە دەستی پێ کرا. نومایندانی دەوڵەتی تارانی عیبارەت بون لە ئاغایان: موستەشارودەولە محەمەد وەلی میرزا، فەرمافەرمائیان، لەنگەرانی، ئیپکچیان و ئاغای موئەریخودەولە سپەهر وزیری پیشە و هونەر و موزەفەر فەیروز معاونی سیاسی و پارلەمانی نوخست وەزیر... گفتوگۆیەکی زۆر لە ئەتراف نەهزەتی دیمۆکراسی کوردستان و ئازەربایجان داوخواز و تەقازای ٥ ملیۆن کورد و ئازەربایجانی، کە بە خوێنی هەزاران لاو و پیر و جەوانی میللەتی قارەمانی کورد و ئازەربایجانی، کە ساڵەهای ساڵ لەو ڕێیەدا لە ملە و موبارەزادا بون و بە دەستیان هێناوەو دە موقابیلی ئیبلاغییەی پوچ و بێ مەعنای حەوتگانەی دەوڵەتی تاران، لە بەر ئەوەی کە دونیا بزانێ کە میللەتی قارەمانی کورد و ئازەربایجان حازر بە خوێنڕشتن و براکوژی نین و بۆ لە دەم دانی ئیرتیجاع و خوێمنژە زاڵم و گەورەکانی دنیایە کە دەو ڕێیەدا هەزاران ئیفتیرا و بوختانیان بۆ ساز کرد بوین، بە ٣٣ مادان بە دەوڵەتی تاران پێشنیهاد کرا کە ئەوە بۆ ئاگاداری ئێوە عەرز دەکرێن.

پاش گفتوگۆ کێشە کێشێکی زۆر و چەند رۆژ موزاکەرە بە ئیستینادی درۆ و قسەی پوچی قانونی ئەساسی و بەو نەوعەی کە ئەمن لە نیزیکەوە دیومەو لێم مەعلوم بوە قانونی ئەساسی بە تەعبیری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوڵەتی تاران، عیبارەتە لە پامال کردنی حقوقی میللەت و دەست و پێ بەستنی وان وە بەرەڵا کردن و تێبەردانی عیدەیەکی مەحدود، بە عینوانی جوێ جوێ، مەئمورینی لەشکری و کیشوەری و ژاندارم کە لە پامال کردنی حەق و عەدالەت، کە مەزامینی قانونی ئەساسی حەقیقی، بە تەواوی نەتەوانی ئێرانی قایل بوە و داندراوە درێغیان نەکردوە. هەروەکو بۆ خۆتان دیوتانە لە تەعەڕوز بە گیان و ماڵ و حەیسیەت و ناموسی نەتەوانی ئێرانی مەخسوسەن میللەتی کوردی ... دەکەمالی بێ شەرمی و بێ حەیایی دا لە مودەتی ٢٠ ساڵەی دیکتاتۆری رەزاخان دا موزایەقەیان نەکردوەو ئەوان ئێرانێ فەقەت بە تاران دەزانن و بە غەیری ئیستیفادەی شەخسی و خۆشگوزەرانی و ڕاگرتنی مەقام و جاوجەلالی خۆیان هیچ فیکری دیکەیان نیە. تارانیش چە تاران مەرکەز و بناغەی فەساد، لائوبالی و بێ عەلاقەیی و بێ خەبەری و دە حەقیقەت دا مەرکەزێکی زۆر زۆر کەسیف و قەسرو قسوری زۆر عالی و موجەلەل کە بە خوێن و زەحمەت و ڕەنج و ئارەقی نێوچاوانی هەزاران هەزار بەدبەخت و بێچارەی نەتەوانی زەحمەتکێشی ئێرانی بناغەی داندراوەو ڕازاندراوەتەوە، بە هیچ نەوعێکی شوعلەی روناکایی و ئومێدی رزگاری دەو عەسری تەمەدون و ئەتۆم دا بۆ میللەت و نەتەوانی ئێرانی وە بەر چاو نایەو، هەتاکو ئەو سەفەرە وە دیتنی ئەو دەزگایە، مەعنای کەلیمەی حکومەتانی پوشالیم نەدەزانی، بەڵام لەو موسافەرەتەی تارانێ دا کە بەچاوی خۆم دەستگای هەڵسوڕی خوێنمژ و پوچەڵی حکومەتی تارانم دی لێم حاڵی بو کە حکومەتی پوشالی ئەوەیە کە ئەلعان لە تاران بەرقەرارە. ئەمما ئەوەندە هەیە ئەوڕۆکە ئەوەی جەنبەی مەیدانی سیاسەتی بەینەلمیلەلی پەیدا کردوە و دەستگای ئیرتیجاعی دونیایە بە وەسیلەی کاسەلێسانی خۆیان، بۆ مەنفەعەت بردنی و قازانجی دائیمەن خەریکی دەسیسە و ئانتریك و هەو و جەنجاڵن، ئەمە دوبارە لەبەر ئەوەی کە دونیا بزانێ غەیری حەقی حسابی خۆمان و خوێندن و نوسین بە زمانی دایکی و پەرەپێدانی فەرهەنگ و لەشساغی و هاتنە دەر لە غار و ئەشکەوتی بەدبەختی و خۆگەیاندن بە عەسری تەمەدون هیچ مەنزور و دەسایسێکی خاریجی نیە بۆ گوزەشتێکی زۆر لەو حەقەی کە وە دەستمان هێناوە حازربوین، هەرچەند بە سورەتی زاهیر شەخسی ئاغای قیواموسەڵتەنە موساعید و تا دەرەجەیەکی حازر بوە کە دە موزاکەراتی دوائی دا کە دەست پێ کرابا موافەقەت، پێشنیهادی خۆیان دە تەحتی ١٤ مادەدا تا ئەندازەیەك موافەقەت حاسل بو، بەڵام چەند نەفەر لە وەزیران کەوا مەعلوم نەشەیان گولی کرد بو بە ئیستیناد بە فەرمایشی ئاغای پیشەوەری لە ئەوپەڕی قانونی مەنعی تریاك لە ئازەربایجانێ دا عەسەبانی ببون، نەیانهێشت کە دەوڵەتی ئاغای قیواموسەڵتەنە لەو مەوقیعە ئیستیفادە بکا و ئەو مەسئەلە بە خۆشی تەواو ببێ.

لەبەرئەوە ناچار بوین بە بێ ئەخزی نەتیجەی ڕۆژی دوشەممو ٢٣ ی بانەمەڕ هەیئەتی نوماینەدەگی کوردستان و ئازەربایجان سەعاتی ٧ و ٥ دەقیقە لە تاران گەڕاینەوە و لە پاش گەڕانەوەی مە دەوڵەتی قیواموسەلتەنە ئیعلامیەیەکی لە تاریخی ٢٣ ی ٢ ی ٢٥ دا ئینتیشار دا. ئەوا عەرز دەکرێ. هەروەکو لە تەورێز لە تەرەف هەیئەتی نوماینەدەگی‌یەوە بە وەسیلەی ئاغای پیشەوەری رەئیسی هەیئەت جوابی دراوەتەوە ئەمن نامەوێ دەو مەوزوعەی چی دی بدوێم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

برایانی خۆشەویست! حوسنی تەدبیر و، ئیرادەی پێشەوای بەرز یەکەتی و برایەتی کوردستان و ئازەربایجان و غیرەت و شەهامەت و جانبازی پێشمەرگانی کوردستان و فیدائییانی ئازەربایجان، دەستگای زوڵم و ئیرتیجاعی موتەزەلزیل کرد و لێیان مەعلوم بوە کە ئەو نەهزەتە کە بە پشتیوانی تەواوی تەبەقاتی میللەتی قارەمان و رەشیدی کورد و ئازەربایجان بە وجود هاتوە شۆخی پێ ناکرێ و بە فشە و گاڵتە ناژمێردرێ و ئەو دو میللەتە برا و رەشیدە دە مەیدانی موبارەزە دا خۆیان پێ ناساندون و ئەو حەقەی کە ئەستاندویانە رای دەگرن و لە لیاقەتی ئیدارەکانی خۆیان بە دونیای ئەورۆ سابیت کرد. ئیستاش مەرد و مەردانە تێبکۆشن و ئیتمینان و ببێ حەق بە مەیە و خودای بێهاوتا یاری دەهەندەی مەیە

بژی کورد و کوردستانی گەورە

بژی پێشەوای موعەزەم و مەحبووبی مە

بژی فیرقەی دێموکراتی کوردستان

بەرقەرار بێ یەکیتی و برایەتی کوردستان و ئازەربایجان

بژی و راوەستاو بێ لاوان و جەوانانی رەشیدی کوردستان.

هەرچەند محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی لە باسی وتووێژەکان دا ئاشکرای کرد کە باڵی توندڕەوی رێژیمی ئێران حازر بە دانی هیچ ئیمتیازێک نییە، سەرەڕای ئەوەش رۆژی ٢٢ بانەمەر لە زاری قەوام کە دوایە رەد کراوە راگەیاندرا کە ئەگەر وتووێژی ئازەربایجان و تاران سەر نەگرێ پەنا بۆ هێزی نیزامیی دەبا. بە پێی ژمارە ٢ ی بڵاوکراوەی "هاواری نیشتیمان" بەشی عەرەبی رادیوی لەندەن لە شەوی ٢٥/٢/٢١ دا، لە زمانی قەوامولسەلتەنە گوتی: ئەگەر نمایەندەگانی ئازربایجان ئەو حەوت ماددانەی من قبووڵ نەکەن قووەی جەبریان لەگەڵ ئیستیعمال دەکەم و بە سەلاح پێیان دەسەلمێنم.

لە رێکەوتی ٢٣ بانەمەڕ قەوام لە ئاگادارییەک دا کە لە رادیو تاران بڵاو بۆوە، رایگەیاند کە ٢ خاڵ لە ویستەکانی نوێنەرانی ئازەربایجان لەگەڵ بنەمای یاسای ئەساسی ئێران نایەتەوە. قەوام خاڵێ سێهەمی داوخوازی هەیئەتی ئازەربایجان بەستەوە بە بڕیاری مەجلیسی شوڕای میللی ئێران.

خاڵەکان بریتی بوون لە:

١ - دیاریکردنی واڵی لە لایەن مەجلیسی میللی ئازەربایجان.

٢ – دیاریکردنی فەرماندەی نیزامی و ژاندارمەری لە لایەن مەجلیسی میللی ئازەربایجان.

٣ - دابەش کردنی زەوی خالیسە بە سەر جوتیاران دا.

قەوام لەو ئاگادارییەدا داوای لە ئازەربایجان کرد کە کارێک بکا کە هەڵبژاردن بکرێ، تا ئیمتیازی نەوت کە دراوە بە رووس پێشکێش بە مەجلیس بکرێ. قەوام بەو کارە پشتی ئازەربایجانی شکاند و بەرپرسایەتی سەرنەگرتنی ئیمتیازی نەوتی خستە سەر شانی ئازەربایجان و بەو شێوەیە رووسانی لە بەرانبە بە ئازەربایجان دانا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو قسانەی قەوام کاریگەری خۆی هەبوو و موجتەهیدی لە لاپەڕەی ۲۷۰ی کتێبەکەی دا بە ڕێکەوتی ٥ ی جۆزەردان دەنووسێ، کە رووسەکان هێندێک تێبینیان دا بە ئازەربایجان کە لەگەڵ قەوام سەختی نەگرن و بسازێن، ئەگەر ئەوە نەکەن، ئەوە ئەوان یارمەتی بە ئازەربایجان ناکەن و پشتی ناگرن.



پێشەوا و پیشەوەری لە شاری تەورێز

## یەکەم شەڕ لە کێویساڵح ئاوا

هەروەک باس کرا زۆربەی وتووێژەکانی دەوڵەت و هەیئەتی کورد و ئازەر، هاوکات بوو لەگەڵ پەلاماری هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر بەرەکانی کوردستان لە سەقز و سەردەشت. رۆژی ۱۳۲٥/۲/۹ کاتێک دەستەی نوێنەرایەتی هاوبەشی ئازەربایجان و کوردستان خەریکی وتوویژ لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتی ڕێژیم، لە تاران بوون، هێزەکانی ڕێژیم لە بەرەی سەقز هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە ساڵح ئاوا.

لەوکاتەدا پێشەوا لە تەورێز بوو و چەند رۆژ پێشتر سەرقاڵی بەستنی پەیمانی یەکێتی و برایەتی کورد و ئازەری و بەڕێکردنی هەیئەتی نوێنەرایەتی وتوویژ بۆ تاران بوو. بەمشێوەیە هەر لە رۆژی دەست پیکردنی وتووێژی تاران، شەڕ لە بەرەی کوردستان دەستی پێکرد. رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤۲ بە ڕێکەوتی ۲ شەممۆ ۱۳۲٥/۲/۹ بەمشێوەیە باسی ئەو شەڕە دەکا:

دەنگ و باسی نێوخۆمان

بە قەراری ئیتلاع لە جەبهەی شەڕی سەقز رۆژی۲ شەممۆ ۱۳۲٥/۲/۹ هێزی دیکتاتوری ئێران دەستی بە تەجاوەز کردوە. بە پێێ ئیعلامییەی ژمارەی ۱ ستادی هێزی کوردستان دوژمن بە قەراری ژێرەوە تەلەفاتی داوە:

٤۰ نەفەر ئەسیر

۱۲۰ نەفەر کوژراو

۳۰۰ قەبزە تفەنگ

۳ قەبزە موسەلسەل سەبوک

۳ قەبزە موسەلسەل سەنگین

٤ دەزگا تەلیفونی سەحرایی و جیا لەوەش مقدارێکی زۆر موهیمات بە غەنیمەت گیراوە و دوژمنیان بەرەو دووا گێڕاوەتەوە. لە ژمارەی دوایی دا بە تەواوی شەرح دەدرێ.

لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤٤دا، لەسەر ئەو شەڕە هاتووە کە ڕێژیم لە ڕێکەوتی ۲٥/۲/۱۰

دا، لە بەرەی سەقز، لە سالّح ئاوا دەستی بە هێرشی نیزامیی کرد. رادەی ١٥٠٠ کەس بە هەموو چەشنە چەکێکەوە هێرشیان کردە سەر ٢٠٠ پێشمەرگە. لە سەر دەسکەوتی ئەو شەڕە ئاوا هاتووە:

... لەو ماوەی دوو سەعات دا ١١٠ نەفەریان لێکوژرا و ٢٨ ئەسیریان لێگیرا. جودا لە ٣٠٠ قەبزە تفەنگ و ٣ موسەلسەلی قورس و ٣ موسەلسەلی سوک .....

لە رۆژنامە کوردستانی ژمارە ٤٦ دا، زۆر بە کورتی باسی ئەو شەڕە کراوە و هەروەها دڵشادی رەسوڵی لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤٤ دا، لە ژێر سەردێڕی "ڕۆژی نەنگ و ڕیسوایی دەوڵەتی فارس" دا، سەبارەت بەو شەڕە دەنووسێ: ... بۆ هەوەڵ جار لە تاریخی ٢٥/٢/١٠ لە جەبهەی سەقز – سالح ئاوا هەوەڵ مادەیان بە ئیمتیحان گەیشت و لە سەر ئەو هەموو ئەسلەحە گەورانەی کە ئەوان هەیان بوو عیدەیەکی ١٥٠٠ نەفەری ئەوان لە بەرامبەر ٢٠٠ نفووسی ئێمە بەو نەوعە نەنگ و ڕیسواییە شکاو پەرتوبڵاو کراو هەر لە ماوەی دوو سەعات دا( ١١٠ ) نەفەریان لێ‌کوژرا و (٢٨) ئەسیریان لێ‌گیرا جودا لە( ٣٠٠ ) قەبزە تفەنگ و ( ٣ ) موسەلسەلی قورس و ( ٣ ) موسەلسەلی سووك. لە ڕۆژێکی وادا دەبو ئەو سەرلەشکرە لوت بڵێندانەی فارسان و ئەو مارشاڵە فیراریانەی پڕ غروری ئەرتەشی رەزا خانی لە شەرمەساری واقیعەی ٣ ی شەهریوەری ١٣٢٠ سەری خەجاڵەتی بەردەنەوە و خۆیان بکوژن. بەرعەکس دەبینین وەك ڕێوی‌یان لێ‌هاتووە بۆخۆیان بە تەنها جێگایان نابێتەوە هەژگلێکیش لە دوای خۆیان رادەکێشن. ئیستیقلالی فارسان بە تەواوی لە ژێر نفووزی بێگانان مەحو بۆتەوە تازە ئەو مارشالانە خەریکی داگیر کردنی کوردستانن ...

عێزەت عەبدولعەزیز لە لاپەڕە ٢٢ی بەرگی یەکی کتێبەکەی دا، دەنووسێ:

نامەی ژێنراڵ محەمەد رەشید خان بانە "فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتیقە" کە سەرکردەی جەبهەی سەقز بو لە دو نامە دا بە ڕێکەوتی ١٢ ی ٢ ی ١٣٢٥ بۆ "پێشەوای بەرزی جمهوریەتی کوردستانی موعەزەم" ی نوسیوە، باسی ئەو شەڕە دەکا شەڕەکەی گێڕاوەتەوە و هەم پێشنیارەکەی خۆی بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی دوژمن نوسیوە: سەعات ١١ و ١٥ دەقیقەی ڕۆژی ٩ ی ٢ ی ٣٢٥ هێزێکی ئێرانی کە پێك هات بو لە ٧٠٠ کەس بە تۆپ و ڕەشاش و نارنجۆك بە پشتیوانی ٢ فڕۆکەی جەنگیی لە ناکاو لە چەند لایەکەوە هێرشی کردە سەر پۆستەکانی هێزی دیمۆکرات: لە مەلقەرەنی لە شاخی بێژنگ بەسەر کە لە ژێر سەرپەرشتی بەکر ئاغای حەوێزی و لە کەلی سەرا کە لە ژێر سەرپەرشتی میرحاج و لە کێوی بالومان کە لە ژێر سەرپەرشتی مستەفا دا بو.

لەم شەڕە دا زیاتر لە ١٠٠ کەس لە هێزی ئێرانی کوژرا و ٣٩ کەسیان لێ بەدیل گیرا و هەندێ چەك و تفاقی جەنگی‌یان دەس کەوت. شەڕ ٧ سەعاتی خایاند. لە کۆتاییدا هێزی ئێرانی شکا.

بە قسەی خان:

لەو وەختەی کە دوژمن لە هەمو لایەکەوە خەریکی تەقەدوم و ئاگرباران بو پێشمەرگەکانی هێزی بارزانی یەك بە یەك نیهایەتی حەماسەت و نەشڵەژان گوێیان لە ئەوامیری فەرماندە و قیادەی خۆیان ڕائەگرت بە وێنەی نیزامیی مودەڕەبی دەوڵەتیی و، حەرفیەن تەتبیقی ئەو پرۆگرامەیان ئەکرد کە لە تەرەف قیادە و سەرکردە و ئەفسەران پێیان ئەبێژرا. بە ئەندازەیەك لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیقدام و فنونی جەنگ و نیشان گرتن و هەڵمەت بردن شارەزا بون کە قەڵەم لە تەعریفی عاجزە."بەو بۆنەیەوە کە: میرحاج، بەکر حەوێزی، مستەفا ، وەهاب ئاغا و یارمەتیدەرەکانیان: محەمەد ئەمین میرخان، مامەند مەسیح، ساکو، خۆشەوی خەلیل لەو شەڕەدا قارەمانەتی‌یان نواندوە، حەمە ڕەشید خان تکای لە پێشەوا کردوە کە ٤ ئەفسەرە گەنجەکە بە "تەقدیری عەمەلیات" و "موکافات" یارمەتیدەرەکانیان بە "دەرەجاتی لائیق مەسرور و تەشجیع بفەرمون.

حەمەرەشیدخان لە نامەیەکی دیکە دا دەنووسێ: ... بۆ ئەوەی کە جارێکی تر دوژمن نەتوانێ ئەم ئیرادەی تەجاوزە بکاتەوەو، ئەیەزەن هێزی ئێمە حاکم بێ بەسەر خەتی مواسەلات و هاتوچۆ و ئیتیسالاتی دوژمنان کێوانی ئاڵتون و مل قەرەنی و مەرخوز و سەیداوامان خستۆتە ژێر سەیتەرەی خۆمانەوە. حاڵی حازر هێزی ئێمە لە دو جیهەتەوە تەقریبەن موحاسەرەی مواسەلاتی لە سەقزا کردوە. تا حاڵ ئەو جێگایانەی کە بە قوەتی سیلاح لە دوژمن وەرگیراوە رەدمان نەکردۆتەوە ... هەروەکو بە عەرزی بارەگای بەرزتانم گەیاند هێزی ئێمە لە دو جیهەتەوە قەتعی خەتی مواسەلاتی دوژمنی کردوە و سەقزی خستۆتە شکلێکی خەتەرەوە. بەڵام دوژمنیش بۆ ئەوەی ئەو ئیستیحکاماتانەمان لێ وەربگرێتەوە هەروەها خەریکی تەرتیبات و تەنزیماتی عەسکەری و پڕوپاغاندەی عەشائیری ئەو ناوەیە. جا بۆ ئەوەی کە دوژمن مەیدانی ئەوەی نەبێ ئیتیسال لەگەڵ هێزی بانە و سەردەشت و سەقز و ئاغایانی ئەترافیا پەیدا بکات و نەتوانێ کە زەفەر بە هەدەفی ئەساسی پێشەوا و خیتەی بەرزی کوردستان بەرێ زۆر بە زەروری ئەزانم کە ئیرادە بفەرموی بە تەرتیباتی حەڕەکات بۆ سەر دوژمن...

لە درێژەی گێڕانەوەی لایەنەکانی دیکەی ئەو شەڕەدا، محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٢١٨ ی بەشی یەکی کتێبەکەی دا، لەسەر شەری بەکرئاغا و میرحاج لەگەڵ لەشکری ئێران دەنووسێ: بەڵام لە رۆژی ٢٩ نیسانی ١٩٤٦ دا لە سعات١١/١٥ دەقیقەی پێش نیوەڕۆ ٨٠٠ نەفەری سەربازی ئێرانی بە هەموو وەسائیلێ جەنگییەوە لەژێر فەرماندەی لەشکری سنە سەرتیپ هومایونی و سەرهەنگ خوسرەوی، لەژێر نمایشی دوو فڕۆکەی کەشافیدا بە ناوی مانۆڕ رەتڵ ئەملەسیرەوە لەناکاو لە کێوانی ملقەڕەنی و بێژینگ بەسەرەوە ئۆردوگای سەرایان دا بەر تۆپ. لەبەر ئەوەی کە لە لایەن هێزی دێمۆکراتەوە ئۆمێدی حەڕەکاتێکی وا دزێو و مەحنەتانە نەئەکرا. چوونکە پەیدەرپەی فەرمان بڵاو ئەکرایەوە کە نمایەندەکامنان لە تاران ئەوڕۆ پەیک بە ئاشتی و رێکەوتن ئەو ناخۆشییە چاک ئەکەن. جا خەڵکەکە لە خۆی ئەمین بوبووە و پشتێندی بێ ترسیان لێکرد بووە.

جا لە بیستنی دەنگی تۆپەکان خەڵکەکە شپرزەیەکی بەسەرا هات بەڵام حەمە رەشید خان بە هەوڵ و تەقەلا لە دیوەخان دەرپەڕی و دڵخۆشی لەشکرچیانی دایەوە.

لەگەڵ ئەحمەدخانی فاڕوقی و عەبدوڵاخانی سەرحەدی و حوسێن ئاغای قاجڕ و حەسەنخانی بوداقی، خەریکی ئەوە بوون کە بچن بۆ پێشوازی ئەو جەنگە بەڵام لە هەمان کاتا فەرماندەی هێزی بارزانی لکی ٢ میرحاج، بە چەند نەفەرێکی بارزانییەوە هاتە لای حەمە رەشیدخان و وتی:

خانی بەڕێز تۆ فەرماندەی لەشکری. لەبەر ئیتسالی هێزەکان نابێ مەقەڕی بارەگا چۆل بکەیت. من لەگەڵ هێندێ لە نەفەراتی بارزانی ئەچم بە پیری ئەو شەڕەوە و بە خوێنی سەری خۆم بەڵێنیت ئەدەمێ هەتا دوو سعاتی تر دووژمنت بۆ ئەشکێنم و بە شەڕەفی کوردیش سوێندت بۆ ئەخۆم هەتا گیانم لەبەر دابێ ناهێڵم دوژمن پێ بنێتە کەلی سەرا.

بەڕاستی روحییەی بەرزی میرحاج بوو بە هۆی گەشانەوەی ورەی لەشکری حەمە رەشیدخان و ئاغایان.

میرحاج بە ٣٠ نەفەرەوە چوو بە هاواری ئەو برایانەی کە لەگەڵ نیروی ئێرانا پشتێندی نەبەردیان بەستبوو و لە هەموو لایەکەوە خۆیان خسبووە ناو ئاگری گوللەی سەربازی دەوڵەتی ئێرانەوە.

لە کاتێکی ئاوا گرینگ و سامناکا کە لەشکری سەرا بە هیوای کۆچ و رەو بوون، میرحاج نووسراوێکی بۆ حەمە رەشیدخان نووسیبوو کە چەند نەفەرێک بنێرێ بۆ کەلی سەرا کە خەوگایەکەی کەلی سەرایان بۆ گڵەبان بکەن بۆ ئەوەی ئیشک چییەکان بۆ خۆشی تێیا رابوێرن. بۆ تەقوییەتی گیانی لەشکرچییەکان حەمە رەشیدخان نووسراوەکەی میرحاجی بۆ خەڵکەکەی خوێندەوە.

لەوە سەیرتر ئەوە بوو سێ نەفەری نەخۆشی لە لەشکری بارزان کە (حجری سح) یان بۆ دانابوون و یەکێکیان ناوی عەدۆ بوو کە گوێیان لە تەقەی تۆپەکان ئەبێ لە قورێنتینەکە دەرئەپەڕن. هاتن بۆ لای حەمە رەشیدخان و وتیان دەستورمان پێبدە ئەچین بۆ شەڕ. حەمە رەشیدخان وتی ئێوە نەخۆشن نابێ بچن. ئەمانیش وتیان ئێمە هەر ئەوەندە نەخۆش بووین هەتا گوێمان لە دەنگی تۆپ بووە. ئێستا عەلەممان لێنەماوە. بە بێ دەستووری حەمە رەشیدخان چوون بۆ جەبهە و دەفریای شەڕ کەوتبوون.

مەحموود مەلا عیزەت لە لاپەڕە ١٠٢ی کتێبی "دەوڵەتی جمهوری کوردستان- نامە و دۆکومێنت" دا، ئاماژە بە نامەیەکی دیکەی حەمە ڕەشید خانی بانە دەکا، کە لە رێکەوتی ١٩٤٦/٥/٢دا، بۆ پێشەوای نووسیوە و داوا دەکا رێز لە هێندێک لە فەرماندەرانی هێزی بارزان بگیرێ و دەنووسێ:

بابەت: سوپاس کردن لە قارەمانەتی هێزەکانی بارزانی

١- بە کەمالی رووسوری و سەربەستی و سەربەرزی کردەوەی خارەق العادەی هێزی بارزانی و ئەفسەر و سەرکردەکانتان بە عەرز دەگەیەنم. هەرچەندە بە نوسینی ژمارە ١٤٦- ١٣٢٥/٢/١١- ١٩٤٦/٥/١ موختەسری ئەوم تقدیم بە ستادی کول کردوە بەڵام بۆ ئەوەی پیشەوای بەرزیش لە رشادەتی ئەم برا بەقیمەتانەم ئاگادار بکەم ئەوە نمونەیەکی قابیلتان عەرز دەکەم.

٢- لە ڕۆژی ١٣٢٥/٢/٩ سەعاتی ١١:١٠ پیش نیوەرو دوژمن بۆ جیهەت سەرا لە ناکاو هجومی کردە سەر قاراوا کە لەژێر نظارەتی بەکر ئاغای حەویزی دا بوو و لە جیهەتی سەرا هجومی استحکاماتی سەرای کرد کە لەژێر نظارەتی میرحاج دابوو. جیهەتی تریشیان ڕووی کردبووە ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شانەی کە جناحی ڕاستە کێوی بالوقای پی دەڵێن و لەژێر نظارەتی مستەفا دا واقع بوو. لەو وەختەی کە دوژمن لە هەموو لایەکەوە خەریکی تقدم- پێشرەوی) و ئاگرباران بوو، پێشمەرگەکانی هێزی بارزانی یەک بە یەک بە نهایەتی حەماسەتی و نەشلەژان گوێیان لە اوامری فەرماندە و قیادی خۆیان راگرت و بە وێنەی نظامی مودەربی دەوڵەتی و صرفا تەتبیقی ئەو پروگرامانەیان دەکرد کە لە تەرف قیادە و سەرکردە و افسران دەبێژرا بە اندازەیەک لە ئیقدام و فنونی جەنگ و نیشان گرتن و هەڵمەت بردن شارەزا بوون کە قەڵەم لە نوسینی عاجزە.

٣- سەرکردەی بارزانی، ئاغای میرحاج، ئاغای بەکر ئاغای حەوێزی، ئاغای مستەفا و وەهاب ئاغای ناوە فوق العادە سەربەرزیان کردم حقیقتەن خزمەتی ئەو چوار زابتە گنجە بە هەموو مەعنایەکەوە تقدیر دەکرێ. ئەوە لە شەڕەفیکی سیاسەتی خاوین دین و هەر چواریان شایستەی سوپاس و خەلات کردنن و ڕێوڕەسمی سەربازی حوکم دەکات بە بارەگای مەزنی کۆمار بناسرین و سوپاس لە پالەوانەتیان بکری. لەبەر ئەوە داوا دەکەم چۆنیەتی ئەو عەمەلیاتە سەرکەوتووە لە دۆسیەی پێشمەرگایەتی ئەواندا راگرن. بە پێویستی دەزانم کە جەنابتان بە شێوەی رەسمی ئەم فەرماندانە خەڵات بفەرموون.

٤- جێگرەکانی ئەو فەرماندانە، بەرێزان محمەد ئەمین میرخان، مامەند مەسیح، ساکۆ و خۆشەوی خەلیل کە ئەوپەری نیشتمانپەروەریان پیشاندا، خەڵات کردنیان پیویستە. لەبەر ئەوە داوای دانی پلەی بالا بۆ ئەو پاڵەوانە حەماسە خولقینەرانە دەکەم، کە لە عەمەلیاتی ئەوان سوپاس بکرێ.

٥- لەم بارەیەوە لەگەڵ زەعیمی گەورە مەلا مستەفا قسەم کردوە، بەڕێزیان لەگەڵ ڕای من هاودەنگن.

فەرماندەی هێزی بۆکان و سەرا.



پێشەوا لەکاتی بەسەرکردنەوەی بەرەکانی شەڕ

بە دوای ئەو شەڕە قارەمانانەیە دا ئەفسەرانی هێزی بارزانی و هێزەکانی دیکە، بە وردی ناوچەکەیان خستە ژێرچاوەدێری و پلانیهێرشیان بۆ سەر سەنگەرەکانی دوژمنیان ڕێکخست. بەڵام دەبوو پێشەوا بڕیارێکی ئەوتۆ بدا. بۆیە لە نامەیەکی کورت دا کە روانگەی ئەوی دەردەخست، وڵامی حەمە رەشیدخان ئاوا دەداتەوە:

جەنابی ئاغای محەمەد رەشید خان لەو دیفاعەی کردوتە تەبریك دەکەم. هەر نەوعە ئیحتیاجێکو هەیە فەوری بۆم بنوسن کە خەریك بم رەفعی بکەم. چونکە نومایندانی مە لە تارانێ خەریکی گوفتوگۆیەن بە هیچ وەجە نابێ بچنە سەر دوژمنی. لەو جێ هەن ڕاوەستن و خۆتان

مەحکەم کەن.

محەمەد قازی ١٢ / ٢ / ٢٥

**بەرەی عەشایری دژ بە کۆمار**

بە دوای بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی رووس لە ئێران، رێژیمی ئێران و دەستوپەیوەندییەکانی توانیان زۆربەی عەشایر ناوچەی مەهاباد و بۆکان کە بە جۆرێک لە پەیوەندی لەگەڵ کۆماری کوردستان دابوون، بۆ لای خۆیان رابکێشن و بە دژی کۆمار، بەرەیەکیان لێ پێک بێنن. بۆ ئەو مەبەستە رایەڵەیەکی کاری تەشکیلاتی وەگەر کەوت تا بە هەموو توانا عەشایر لە کۆمار دوور بکەونەوە. ئەحمەدخانی فارووقی جێگری فەرماندەی هێزی بۆکان بە رێکەوتی ١٣٢٥/٢/٢١ لە نامەیەک دا بۆ فەرماندەری گشتی هێزی بۆکان و ناوچە دەنووسێ کە رەحماناغای قوڵغەتەپە بە بیانووی فاتیحەخانی چووتە لای مامەشان و ئێستا ئاشکرا بووە کە لە لایەن ئیلخانیزادەکان مەئموورییەتی پێدراوە. رەسووڵ ئاغا برای رەحماناغاش چووتە ئاوایی "یازی بلاغی" خواروو تا هەواڵ کۆکاتەوە...

بەلاداکەوتنی عەشایر بە لای رێژیم دا بەربڵاو بوو، ئیدی کۆماری کوردستان هەر لە بەرانبەر بە هێزی دوژمن لە بەرەی سەقز و سەردەشت لە سەنگەر دا نەبوو، بەڵکوو دەبوو لە بەرەیەکی نێوخۆیی بەهێزیش دا، کە لە عەشایری خائین پیکهات بوو و زۆر مەترسیدار بوو، سەنگەر بگرێ. چوونکە هێزەکانی کۆمار سەر بە ناوچەی موکوریان نەیاندەتوانی لە دوو بەرەدا، پارێزگاری لە وڵات بکەن، بە ناچار بەڕێوەبەرانی کۆمار مەجبوور بوون لە هیزەکانی شیمالی کوردستان، وەک شکاک و هەرکی و ... کەڵک وەرگرن.

دیارە هێنانی ئەو هێزانە کە بۆ بە هێز کردنی بەرەی شەڕ لەگەڵ ئێران و بۆ چاوترسێن کردنی هێندێک عەشایر خراپ بوو، چارەسەرێکی سەرەکی نەبوو. چوونکە ئەوانیش بە شێوەهایەک لە لایەن رێژیمەوە پەیوەندیان پێوە گیرابووە و بنکۆڵ کرابوون.  لە هێنانی ئەو عەشایرانە دا، رووسەکانیش دەستیان هەبوو و ئەوان بۆ بە ئاکام گەیشتنی مەبەستەکانیان، هەر هەوڵی یەک دەستکردنی هێزەکانی ئازەربایجان و کوردستانیان دەدا و تێدەکۆشان بە جورێک لەبەرانبەر بە ئێران دا رایانگرن.

ئارچی رۆزڤێلت لە لاپەرەی ٣٢ی کتێبی" کۆماری کورد لە مەهاباد" دا، لەسەر هەڵسوکەوتی ئەمەرخانی شکاک دەنووسێ: ... هاوکات کە ژێنراڵ هومایونی خەریکی کشانەوەی چەک و چۆڵ و تێخزاندنی سەرباز و رێکخستنی هێزەکانی لە ناوچەکە دا بوو. قازی محەمەد و سوڤیەت زەخت و گوشاریان بۆ ئەمەرخانی شکاک و عەشیرەتەکانی هاوپەیمانی ئەو و هەرکییەکان دەهێنا کە لە باکوورەوە شۆڕ ببنەوە و بچن بۆ یارمەتی بەرەکانی شەڕ لە دژی ئێران. لە سەرەتاوە ئەمەرخان دەستی کرد بە بیانو هێنانەوە و دەیگوت کە ئەسپەکانیان لە شوێنێکیترن و ناتوانن بە بێ ئەسپ رەوانەی مەیدانی شەڕ بن. بەڵام ئاخر سەر لە سەرەتای مانگی مای دا پیاوەکانی خۆی بە نابەدڵی ناردە بەرەی شەڕ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکەم دەستەی چەکداری دژی کۆمار لە نیوخۆدا، بەشێک لە عەشیرەتی دێبۆکری بوون. بە پێی لاپەڕەی ٨٩ "قاضی محمد و جمهوری در آینه اسناد" محەمەد رەشیدخانی بانە لە نامەیەک دا بۆ پێشەوا بە ریکەوتی١٣٢٥/١/١٤ دەنووسێ کە چەند رۆژێکە کە ئاغایانی دیبۆکری لە ئاوایی "کۆچک" کۆبوونەوە. دوێنێ ئاغایان، قاسماغا و سمایل ئاغای ئیلخانی هاتنە ئێرە و باسی کێشەی نێو ئاغایانی دیبۆکریان کرد.

بۆ دابین کردنی ئەمنییەتی ناوچە پێویستە هەرچی زووتر هێزی شکاک و بارزانییەکان لێرە جێگیر بکرێن.

بابەتی دیکە ئەوەیە کە هۆی هەڵاتنی هێندێک لە ئاغایانی دێبۆکری، نیگەرانی ئەوانە لەو وەزعە. داوا دەکەم چارەسەرێکی بۆ ئەو ناوچەیە بدۆزەوە.

بە پێی لاپەرەی ٩٤ ی ئەو سەرچاوەیە، محەمەد رەشیدخانی بانە لە نامەیەک دا بۆ فەرماندەری لەشکری ٣ ناوەندی کوردستان بە رێکەوتی١٣٣٢٥/٢/٧ دەنووسێ: خاڵی ٢- بە پێی هەواڵی گەیشتوو، ئاغایانی گەورک بە بەجێهێشتنی بەرە، لایەنی دژبەریان هەڵبژارد.

٣- ئاغایانی دیبۆکری و ئاغایانی ئیلخانیزادەش بە تەواوی بەرەیان بە جێهێشت و دەنگی ناڕەزایەتیان هەڵبڕی. وادیارە بەردەوام لەگەڵ عەجەمان لە پەیوەندی دان. ئەمن لە لایەن ئەوانەوە هەست بە مەترسی دەکەم ...

٥- داوا دەکەین هەرچی زووتر فەرمان بدەن هێزی زۆرتری بارزانی بنێردرێنە ناوچە. دوژمن بەردەوام خەریکی کۆ کردنەوەی هێز و قورخانەیە.

لە دەستنووسی کەسێک دا هاتووە کە لە کۆمار کوردستان دا کەسانی وەک قاسماغای ئیلخانیزادە هەبوو کە گەڵەگەت و جوان بوو و لیباسی جوان و چەکمەی لەپێ دەکرد و پێی بە عەرز دادەدا و دەیگوت هەرکەس خەیانەت بە جەمهوری و بە پێشەوا بکا، بەو کەوشانە سەری پان دەکەمەوە، بەڵام دوایە وایلێهات لە نیو کیتەڵەی ماستی دا، نامەی بۆ ئەفسەرانی ئەرتەش لەسەقز دەنارد.

یەکەم هەنگاوی چەکداری عەشایری خائین، هاوکات بوو لەگەڵ هێرشی هێزەکانی رێژیمی ئێران بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە بەرەی سەقز. پلانی هێرشی دوژمن بۆ سەر نەسرئاباد و ساڵح ئاوا لە سەقز، هەر بەو دوو شوێنە کۆتایی نەدەهات و ئەو پلانە بەربڵاو بوو و دەبوو هاوکات لە نێوخۆی ناوچەی کۆماریش دا، هێزی عەشایری دژ بە کۆمار هێرش بکەنە سەر دامودەزگاکانی کۆمار و تێکیبشکێنن و دەستەڵات بەدەستەوە بگرن.

بە پێی لاپەڕەی ١٠٠ ی کتێبی بێهزادی خۆشحاڵی، مرادی فەرماندەی هێزی بۆکان لە نامەیەک دا بۆ فەرماندەری لەشکری ٣ ی ناوەندی کوردستان بە رێکەوتی١٣٢٥/٢/٧ دەنووسێ:

کێشکەکان خەبەریان داوە کە تایفەی ئیلخانی زادە خۆیان تەیار کردوە تا هێرشێکی بەرین دەست پێبکەن. مەلا مستەفا خێرا نامەی بۆ نووسین و لەگەڵ ئەوەی دڵنەوایی داونەوە و ئەرخەیانی کردوون کە دەوڵەتی گەورەی کوردستان بە دڵ فەراوانییەوە لەوان خۆش دەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تایفەی ئیلخانیزادە رایانگەیاند هیچ کارێک ناکەن. ئەو شەوە مەڵامستەفا و دەستەودایرەکەی لە لای ئێمە مانەوە و میوانداری باشمان لێکردن. ئێستا یەک سەعات لە نیوە شەو تێپەڕ بوو و لە خزمەت مەلامستەفا داین. کێشکی پۆستی چاوەدێری هەواڵی هێنا کە ٧ دەستە لە سوارانی ئیلخانی زادە لە رۆژئاوای بۆکان را هاتوونە "کۆسە" و لە پشت گرەبەردان دا مات بوون...

هەر لە لاپەڕەی ١٠١ ئەو سەرچاوەیە دا هاتووە کە ژێنراڵ محەمەد رەشیدخانی بانە لە نامەیەک دا بۆ پێشەوا، بە رێکەوتی ١٣٢٥/٢/١٢ هۆی هێرشی دوژمن لە رۆژی ١٣٢٥/٢/٩دەبەستیتەوە بە هاوکاری ئیلخانیزادەکان و دەنووسێ:

٤- بە گوێرەی هەواڵی گەیشتوو لە لایەن کەسانی جێی باوەڕی دێبۆکری، هۆی پێکهاتنی ئەو جمووجۆڵانە، هاوکاری ئاغایانی ئیلخانیزادە لەگەڵ هێزی عەجەم لە سەقز و هەروەها هاوکاری ئەوان لەگەڵ هێزەکانی دێبۆکری بوو. ئاغایانی ئیلخانیزادە، هێزەکانی دێبۆکریان هان دا تا بەیەکەوە لە دوو بەرەدا هیرش بۆ سەر مەهاباد بەرن . ئاغایانی دێبۆکریش فریوی پلانەکانی ئاغایانی ئیلخانیزادەیان خوارد و هێزیان کۆ کردەوە، بەڵام تیکشکانی قورسی هێزەکانی دوژمن بوو بە هۆی گۆڕینی نەقشەی ئەوان.

مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٧٨ کتێبی "چێشتی مجێور" دا، باسی خەیانەتی ئاغایانی ئەو دەوەرە دەکا و لە زبانی نۆکەرێکی ئەوان دەنووسێ: ئاغایان کۆبونەوەیان کرد بو. منیان دانابو ئاگام لە دەرگا بێ و کەس نەزانێ دەڵێن چی. من لە پشت دەرگاوە گوێم گرت. گوتیان بیست رۆژی تر لەشکری سەقز دین و هجوم دەکەنە سابلاغ. ئێمە دەپێشدا لە بەریان دەڕۆین و دوایە رەگەڵیان دەکەوین...

لەشکریکی هەزار کەسی هات و پێشمەرگە لە قەرەموسالیان پیشی لێ گرت و شکاندی ئاغایان رەوی بون، بەڵام فریای رەگەڵ کەوتن نەکەوتبون.

هەر لەو بارەوە سەعیدی هومایون لە لاپەڕە ١٠٠ی کتێبی "پیشوای بیداری" دا دەنووسێ، ئەگەرچی هێندێک لە عەشایر بە رواڵەت لەگەڵ کۆمار بوون، بەڵام فریوی دەوڵەتییان خوارد بوو و تەماسیان هەبوو و نموونەی بەرچاو بۆ ئەوە، ئەوکاتەبوو کە دەوڵەت بۆ لای بۆکان کەمێک پێشڕەوی کرد، چەند کەس لە عەشیرەتی دێبۆکری بە مەبەستی هاوکاری لەگەڵ ئەرتەش و خراپکاری لە کاری کۆماردا، پردی داری سەرچۆمی بۆکان مەهابادیان ئاور تێبەردا و هەروەها هێندێک نامە سەبارەت بە هاوکاریی ئەوان لەگەڵ دەوڵەت کەوتە دەستی مەئمورانی کورد و خەیانەتی ئەوان ئاشکرا بووە.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٧٨ ی بەشی یەکی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." لەسەر پیلانی بەشێک لە عەشایری دێبۆکری و ئاور تێبەردانی پردی میراوێ دەنووسێ: شەری ١٣٢٥/١/١٠ کە رێکەوتی٣٠ نیسانی ١٩٤٦ ئەکات کە لە (قاراوا)ی سەقز لە نێوانی بەکرئاغای لکی ٤ ی بارزانی و حکومەتی ئێران کرا لەسەر پیلانی حکومەتی ئێران و عەشیرەتی دێبوکری بوو. عەشیرەتی دێبوکری لەگەڵ حکومەتی ئێرانا رێک کەوتبوون. هەرگا حکومەت توانی لە جنوبی

ڕۆژهەڵاتی سەراوە پەلاماری ئۆردوبەزی سەرا بدات، عەشیرەتی دیبوکریش لە شیمال و ڕۆژئاوای سەراوە پەلاماری بارەگای لەشکر ئەدات. وە ئەو هێزە نەخۆس و هەژارانەی بارزانی لە گەڵ حەمەرەشیدخانا لە مەرکەزی سەرادا بە دیل ئەگرن. لەسەر پیلانی ناوبراو دەوڵەتی ئێران لە ساتی خۆیا پەلاماری هیزی بەکرئاغای دا لە (ملقەڕەنی و بێژینگ بەسەر) دێبووکریەکانیش سێ ڕۆژ پێش ئەو پەلاماردانە پردی میراوای بۆکانیان سووتاندبوو. خەتی هاتۆچۆیان لە نێوان سابلاغ و بۆکان بریبوو. ئەمجا حەمەرەشیدخان تێگەیشت کە ئەو پەلاماردانە لەسەر دەسیسەی دێبۆکریەکانە.

مەترسی لەوە پەیا کرد کە نەوەکوو لە پاشدا لەشکری دێبوکری بێنە سەرا. دەستووری دا بە مستەفا کە لە جێگای خۆی نەبزوێ و بە کۆمەگی میرحاج و بەکرئاغا نەچێت. لە کەلی باڵوقای ئەحمەدئاوا ئیستیحکامات بکات.

ئەگەر مستەفا ئەو شاخەی چۆل بکردایە بە ئاسانی دێبوکریەکان ئەیانتوانی بێن بۆ سەرا.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٢١٧ ی بەشی یەکی کتێبەکەی دا لەسەر سوتانی پردی میراوی بە هۆی ئاغایانی دیبۆکری دەنووسێ: لە ڕۆژی ٧مانگی اردیبهشت (بانەمەڕ) ١٣٢٥ کە ڕێکەوتی ٢٧ نیسانی ١٩٤٦ ئەکرد دەستە و دایرەی ئیلخانی زادەکانی دێبۆکری بە ٦٠٠ سوارەوە بۆکانیان خستە محاسەرەوە و پردی (میراوای) نێوان بۆکان و میاندواویان سووتاند.

فەرماندەی هیزی بۆکان – ئاغای ئەسحابی – داوای یارمەتی لە حەمەرەشیدخان کرد. ئەویش سەعیدزادەی فەرماندەی هیزی سابلاغی لەگەڵ وەهاب ئاغای ڕەواندزی و هەندێ نەفەراتی بارزانی نارد بۆ کۆمەگیان.

بەڵام لەبەر ئەوەی کە وەکو ئیتفاقی لە نێوانی ئێران و دێبوکریەکان کرا کە لەهەمان ڕۆژدا ئێرانیەکانیش پەلامار بدەن و لە ڕۆژەدا ئێرانیەکان هیچ خۆنیشاندانێکیان نەکرد، دێبوکریەکانیش ترسیان لێ پەیدا بوو لەشکرەکەیان بە تاڵ کردبۆوە.

تاهیری ئیلخانیزادە لە لاپەڕەی ٩ ی کتێبی "ئاوڕێک لە موکوریان" دا کە تاهیری عەلیار ئامادەی کردووە باسی ئەو ڕووداوانە دەکا و لە سەرەتا دا ئەو کێشانە بە حیسابی شەڕی دەوڵەتی ڕووس و حیزبی تودە، لەگەڵ عەشیرەتی خۆیان دادەنێ. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە ئەوکاتە دەوڵەتی ڕووس هێزی لە کوردستان دا نەمابوو و زۆر دەستی لە کاروباری کورد وەرنەدەدا و لەژێر زەختی ڕۆژئاوا دا خەریک بوو هێزەکانی لە ئێران بکێشێتەوە. کاک تاهیر باسی حیزبی توودە دەکا کە نە لە کوردستان و نە لە ئازەربایجان پێگەی سیاسی و هێزی نەبوو و باوەڕیشی بە شەڕی چەکداری نەبوو.

تاهیری ئیلخانیزادە لە درێژەدا لە لاپەڕەی ١٠ ی کتێبی بیرەوەرییەکانی دا باسی ماشێنێکی پڕ لە سەربازی ڕووس دەکا کە بە مەبەستی گرتنی کوڕانی مەحموودئاغا و حاجی بایزئاغا دەوری قەڵای بۆکانیان داوە تا بیانگرن بەڵام ئەوان تەقەیان لێکردون و بەرەو پردی میراوی هەڵاتوون و ماشێنی ڕووس وەدوایان کەوتوون، بەڵام ڕێگە نەبووە کە بە سیارە وەدوویان بکەون و تەقەشیان لێنەکردوون.

تاهیری ئیلخانیزاده لە لاپەڕەی ١١ ی کتێبەکەی دا لە زمانی حەمەدەمین ئاغا دا دەنووسی کە جارێکی دیکە هێزێکی رووس بەرەو میراوی هاتوون و ئەو لەگەڵ قاسماغا پردەکەیان ئاور تێبەرداوە و دەنووسێ: حەمەدەمین ئاغا لە گێرانەوەی ئەو هێرشەدا دەیکوت: دەگەڵ قاسم ئاغا دە سوارمان دەگەڵ بوو. لە میراوا راوەستاین بزانین چ دەکەن، پیاویشمان لە بۆکان دانابوو کە دیتیان دێن بۆ میراوا پێمان بڵێن. پاش سەعاتێک لە بۆکان را خەبەریان داینێ کە هێزەکە بەرەو میراوا وەرێ کەوتن. چۆم زۆر هاتبوو، سێڵاو دنیای داگرتبوو، جگە لە پردە دارەکەی میراوا رێگەی پەرینەوە نەبوو، کە زانیمان دێنە پێش، بێنزینمان دانابوو پردەکەمان ئاور تێ بەردا. چەند تەختەیەکی سووتا و رێگای پەرینەوە نەما، بۆخۆشمان لە میراوا خۆمان ساز کرد ئەگەر تەقە بکەن جوابیان بدەینەوە. تەقەیان نەکرد و گەرانەوە میاندواو. ئەو جار لە میاندواو را لە پردی حاجی رەسووڵ لە چۆمی پەرینەوە، بە گوێی چۆمی تەتەهوودا بەرەو زوور هاتبوون. سوڵتان ئاغای حاجیلەک خەبەری بۆ ناردبووین بەرەو ژوور هاتبوون. سوڵتان ئاغای حاجیلەک خەبەری بۆ ناردین کە ئەوە دێن بەرەو ژوور، بۆ خۆشی بە ماڵ و منداڵەوە حاجیلەک چۆل دەکەن و دەچنە وەتەمیش ماڵی براکانی. لە حاجیلەک را بەرەو گوندەکانی گۆل و مەڵلالەر دێنە پێش. دێبوکری کە ئەو گوندانە ئی وان بوون لە پێشیان رەویبوون و بەرەو ژوور چووبوون. ئەو هێزە لە زۆر جێگا کوتبوویان بەرەو حەمامیان دەرۆین. ئەو هەواڵانە بە مەحموودئاغا دەگەن، ئەویش بار دەکا و کورانی عەلی ئاغاش دێهاتی وشتەپە و عەمبار و ناچیت و داشبەند چۆل دەکەن و تێگرا بەرەو ئەو گوندانەی ژووروو بار دەکەن و لە کانیەرەش و سەردارئاباد و حوسێن ئاباد و عیلم ئاباد و ئاشی گوڵان کۆ دەبنەوە.

جگە لە ماڵە ئیلخانی، تایفەی سڵەمانی یانی قارەمانیەکان (حاجی برایم ئاغای قارەمانی بۆخۆی و برا و ئامۆزاکانی هەمزە خەلیل و وسێنە زەرد و وە زۆری دیکەی تایفەی سڵەمان) دێنە سەردارئاباد. سوڵتان ئاغای مەعرووفی خۆی و برا و ئامۆزاکانی لەو چەند دێیە دادەمەزرێن.

تاهیری ئیلخانی زادە لە لاپەڕەی ١٢ دا لە زمانی حەمەدەمین ئاغا دەنووسێ، کە ئەوان دژی کۆمار نەبوون بەڵکوو وەبەر غەزەبی رووسیە و حیزبی تودە کەوتن و لە لاپەڕەی ١٣ دا لەسەر هەڵوێستی پێشەوا دەنووسی کە چەند رۆژێک چاوی لە هیرشی رووسان قووچاند و دوایە دوژمنایەتی ماڵە خاڵۆیانی (فەیزوڵابەگییەکان) کە خزمی خۆی بوون دەگەڵ دێبۆکریان ژیاندەوە و عەشیرەتی شکاکی هان دا تا شان بە شانی رووسان بێنە گووندەکانی ماڵە ئیلخانی. تاهیر ئیلخانی زادە لە لاپەڕەی ١٤ دا باس لەوە دەکا کە ژنێک لە ئاوایی بەیرەم را هەواڵی بۆ ئەو ئاغایانە کە پەڕیوەی سەدراباد بوون هینا بوو کە مەنگوڕ هیرشیان دەکەنە سەر و دوایە دەنووسێ کە ئاغایانی قۆڵغەتەپەش ئاگاداریان کردوون کە هێزی شکاکیان لە دەوەری خۆیان دیوە کە بە تەمان هێرش بۆسەر ئاغایانی دێبۆکری بەرن.

لە لاپەڕەی ١٥ ی ئەو سەرچاوەدا هاتووە کە مەحموود ئاغا، جەوانانی دێبۆکری کۆ دەکاتەوە و دوای راوتەدبیر، حاجی بایزئاغا هێرشی عەشایر بۆ سەرخۆیان بە کارێکی شڕەخۆری و تاڵان دادەنی و داوای بەرگری دەکا و دەڵێ کە هێندێک لە ئاغایانی دێبۆکری چوونە لای پێشەوا و ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێرشەیان رسوا کردووە. بە پێی لاپەڕەی ١٧ ی ئەو سەرچاوەیە، ئەوانە دوایە لە نێوخۆیان دا هەیئەتێکی سێ کەسی دیاری دەکەن و تاهیر ئیلخانیزادە دەنووسێ: ئەو سێ کەسەی هەڵبژێردران حەمەدەمین ئاغای کوری مەحموودئاغا، قاسم ئاغا کوری حاجی بایزئاغا، برایم ئاغای کوری عەلی ئاغا، دەگەڵ شەش حەوت سواری ئازا و بە جەرگ بە گوندی عەیزکەند و دەروێشان و تورجان دا چوونە سەقز. لە سەقز بە هۆی حەمەدئاغای عەباسیەوە نوێنەری ئینگلیسیان دیەوە:

کابرای ئینگلیسی کوتی ئاگامان لێیە ئێوە دژی رووس بڵیندترین کێوی ناوچەکەتان گرتوە، پێتان وایە ئەو عەشیرەتانە هێرشتان دەکەنە سەر یا بۆ ترساندن هاتوون؟ کوتمان ئەوانە مەرامی سیاسیان نیە بۆ ترساندنیش نەهاتوون، هەمووی رووت وبرسین، بۆ تالان و شرەخۆری هاتوون. کابرای ئینگلیسی کوتی ئێمە دەگەڵ رووس قسە دەکەین و رێگەیان نادەین لەشکری رووس هێرشتان بۆ بکەن ئەمما بۆ ئەو عەشایرەی هاتوونە دەورەتان چمان بۆ ناکرێ، دەبێ بۆ خۆتان بەرگری لە خۆتان بکەن، چ یارمەتیەک لازمە ئێمە بۆتان دابین بکەین؟ پێمان کوت ئەو عەشایرە دوژمنایەتیەکیان دەگەڵ ئێمە نیە، پێیان وایە ئێمە بێدەسەلات ماینەوە و لە بەر رووسان ناوێرین دەست بکەینەوە، وەک کەلاک هەموو کەس تێمان رۆدێن، بە تەماعی مال و خەزێنە هاتوون، ئەگەر ئێوە پووڵێکیان بدەنێ پێمان وایە دەکشێنەوە، بۆ خۆشمان سەد تفەنگمان دەوێ. کابرا گوتی سبەینێ خەبەرتان دەدەینەوە. سبەینێ دەگەڵ حەمەدئاغای سەرا چووینەوە لای کابرای ئینگلیسی، کوتی ئێرانمان رازی کردوە هەرچەند پووڵ دەدەن بەو عەشایرە بتاندەنێ. ئێمەش تا حەوتوویەک تفەنگتان بۆ دەنێرین، ئێوە بچنەوە و دەگەڵ ئەو عەشایرە قسە بکەن بزانن بۆتان رازی دەبن بە پولێک لێتان بکشێنەوە؟

لە گەرانەوەدا خەبەریان داوە بە مەحموودئاغا. شەوێش رادیۆ بی.بی.سی کوتی مەحموودئاغای ئێلخانی بڵیندترین کێوی ناوچەکەی گرت و دژی لەشکری رووس راوەستاوە. بیستمانەوە لە مەهاباد بوو بە شایعە و دەیانکوت سەدها چەتربازی ئینگلیسی لە شاخی تەرەغە کە ناوەندی ناوچەکەیە دابەزیون.

مامم کوتی رامان سپاردە ئەمەرخانی شکاک، پێمان کوت پێنسەد هەزار تمەنی نەغدی دەدەینێ بۆ خەرجی سوارە و تفەنگچیەکانی، ئەویش ئەو گوندانەی لە دەوری بۆکان گرتوویانە چۆلی کەن و ئەو سوارانەی ناردوویانەتە نێو مەنگوران بیانبەنەوە ولاتی خۆیان. ئەمەرخان زۆری پێ خۆش بوو، هەروەها مەنگورەکانیش بە پووڵێک رازی کران و گەمارۆ کۆتایی هات. کاتێک حیزبی توودە دیتی هیچی بۆ نەکرا ئەوجار قازیش بە هەموو وریاییەی کە بووی کەوتە رێگەی ئاشتی و سازان و کەیخودا راسپاردن. مەلا مستەفای کردە کەیخودا و ناردیە لای مەحموودئاغا بۆ نێونجیگەری.

تاهیر ئیلخانیزادە کە ئەو رووداوای بە بێ بەڵگە دەبەستەوە بە کێشەی رووس و حیزبی تودە لەگەڵ ئەو بەشەی لە بنەماڵەی ئیلخانی، هەودای خەیاڵی چەوتی دەپچڕێ و باسی هێرشی تالانکەرانەی هێزی شکاک بۆ سەر بنەماڵەکەیان دەکا و دەچتە سەر بابەتی سەرەکی و دەنووسێ: رووسیش نە لە بۆکان و نە لە حەمامیان نەیاندەتوانی گیر بن چوونکە دەگەڵ ئینگلیس قەراردادیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەبوو کە بۆکان و مەهاباد ناوچەی بێتەڕەف بن و لەشکری هیچکامیانی تێدا نەبێ.

بەمشێوەیە دەردەکەوێ کە ئەو قسانەی کاک تاهیر دەیکا هەموو خەیاڵات و دوور لە راستین و هەر لە هەوەڵەوە شەری ئەوان لەگەڵ هیزی پێشمەرگە و کۆماری کوردستان و بە تایبەت قازی محەممەد بوو و ئەرتەشی ئیران لە سەقز را فەرماندەری دەکردن. لە درێژەی ئەو بابەتەدا سەرئەنجام مەلامستەفای بارزانی بە هێزێکی پێشمەرگەوە چووە حەمامیان و لەگەڵ مەحموود ئاغا و حاجی بایز ئاغا دانیشت. تاهیر ئیلخانیزادە لە لاپەڕەی ١٩ دا باسی ئەو چاوپێکەوتنە دەکا و بە چاکی مەبەستی ئەوان لە دوژمنایەتی لەگەڵ کۆمار نیشان دەدا و دەنووسێ: پێش ئەوەی چایەک بخورێتەوە مەلا مستەفا روو لە مەحمووددئاغا دەکا و دەڵێ: مەحمووددئاغا تۆ حکوومەتی قازی محەممەدت قوبووڵە یان نا؟ ئەویش دەڵێ ئەگەر کوردایەتی بێ و بۆ حەقی کوردان بێ بەڵی قەبووڵمە بەڵام ئەگەر گوێ لە مستی رووسیە و تورکی ئازەربایجان بن دەگەڵیان نیم و قوبووڵم نیە، بەڵام قازی محەممەدم خۆش دەوێ، بابی مەلای چاک و بەرێز بووە، ساڵها دۆستی خانەوادەی ئێمە بووە بەلام بۆ رەئیس جەمهوور نابێ، مەلا نابێ ببێتە رەئیس جەمهوور. مەلا مستەفا دەڵێ: منیش ئیرادەم زۆرە لەو کار و کردەوانەی مەهاباد بەڵام ئەورۆ رووسیە دەسەڵاتداری ناوچەکەن و ئەوانیش پشتیوانی لەو مهابادیانە دەکەن. من لە زۆربەی کارەکانیان نارازیم. وەک عەرزم کردن ئێستا رووسیە هەمە کارەیە دەبێ ئێمە لە گەڵی بگوزەرێنین بزانین ئاکامی شەری گەورەی دنیایە بە کوێ دەگا، نازانین ئێران چیی بەسەر دێت، ئایا هەروا لە ژێر دەستی ئینگلیس و رووس دا دەبێ یا ئازاد دەبێ؟ ئەگەر ئازاد بێ بە بێ کێشە ئەو وڵاتە بۆ ئێمە بە جێ دێڵن. ئەوانە هەموو پرسیارن بە بێ جواب، بۆیە ئێمە جارێ پێکەوە یەک بگرین. من بە مەسڵەحەتی دەزانم تۆ دەگەڵ قازی محەممەد ئاشت بیەوە، قازی زۆری پێ خۆشە ئاشت بێتەوە و دەیەوێ دەگەڵ ئێوە بە سولح و ئاشتی بگات.

مەحمووددئاغا دەڵێ: من زۆر لەمێژە دەگەڵ بنەماڵەی قازی دۆستایەتیم هەیە، بەتایبەت قازی عەلی بابی قازی محەممەدم زۆر خۆش دەویسست و زۆرمان ریز لێدەگرت. دەشزانم قازی محەممەدیش ئێستا بە دنەی هێندێک لە عەشایر و سەرانی فیرقەی دێموکراتی تەورێز ئەوکارانە دەکا، ئەو کارانەش بۆ حاڵ و باڵی ئەوڕۆی کورد بە زەرەر دەبینم. لەبەر خاتری قازی عەلیی بابی و بۆوەی سەددەمە بە کاری کورد نەگا من گوزەشت لە هەموو ناخۆشیەکە دەکەم و هیچ دوژمنایەتیی خوسووسیم دەگەڵ قازی محەممەد نیە، هەرچیش رووی داوە بە دڵی ناگرم، کە تۆ هاتووی چاو لە هەموو ناکۆکیەک دەبەستم و دەگەڵی دەسازێمەوە، مەلا مستەفا دەڵی مەحمووددئاغا تۆ یارمەتیم بدەی من قازی لە گۆرێ لادەبەم. ئەویش دەڵێ نەخێر قازی کوری قازی عەلیە نابێ سەددەمە ببینێ بەڵام دەسەڵاتی کوردستانی لە ژێر دەست نانێم، تۆ ببە سەرۆک تا ئێمە هەموو قوبووڵت کەین. مەلا مستەفا دەڵی مەحمووددئاغا من عێراقیم باوەر ناکەم هەموو خەڵکەکە قوبووڵیان بێ. من پێم وایە ئێران دێتەوە کوردستان و کەسیش شک نابەم بەرگری لە هاتنەوەی ئێران بکا. ئەگەر ئێران نەهاتەوە و وڵات هەر بە دەست خۆمانەوە بوو ئەودەم بە رای هەمووومان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەگبیرێک دەکەین. دەبێ تۆ بێیە مهاباد و ئاشت ببنەوە. مەحموودئاغا دەڵی بەڵێ زۆر باشە من دێمە مهاباد بەڵام پیشنیارێکم هەیە: دەبێ کاتی چوویەوە مەهاباد میرزا رەحمەتی شافیعی کە دۆستی نزیکی عەلی ئاغایە و کچی عەلی ئاغای بووکە و کچی ئەویش بووکی عەلی ئاغایە و بەو هۆیەوە دەریان کردوە و ملّک و ماڵەکەی داگیر کراوە هەمووی بدرێتەوە و بۆ خۆی بێتەوە مهاباد.

پاش ئەو رێکەوتنە مەلامستەفا دەگەڕێتەوە و مەحموود ئاغا دێتە مەهاباد و چەند دێدار و چاوپێکەوتن دەعوەتکاری لە نێوان پێشەوا و ئەو روو دەدا. تاهیری ئیلخانیزادە لە درێژەی وەهم و خەیاڵاتەکانی کە بە مەبەستی پاکانە بۆ کەسانی دژ بە کۆماری نێو تایفەکەیان داڕژتراوە لە لاپەڕەی ۲۲ دا دەنووسێ کە لە هەموو ئەو دیدارانە دا مەلا مستەفا بە دوای مەحموود ئاغاوە بووە و ئەوە بۆتە هۆی نیگەرانی پێشەوا. بە ناچار بۆ ئەوەی پێشەوا خۆی لە مەحموودئاغا نیزیک کاتەوە، پێشنیار دەکا کە کچێک لە ماڵە مەحموود ئاغا بۆ کوڕی سەدری برای بخوازێ و کچی سەدریش لە نەوەی مەحموود ئاغا مارە بکرێ. مەحموود ئاغا ئەو پێشنیارە قبووڵ دەکا و توبا خانم کچی سەدر لە جەعفەرئاغای کوڕی عەوڵای مەحموودئاغا کە پێشمەرگەی کوردستان بوو مارە کرا. کچی عەوڵای کوڕی مەحموود ئاغاش کە منداڵ بوو لە کەماڵ کوڕی سەدر مارە کرا. (تێبینی توباخانم گوێزراوە و شایەکی شاهانەی بۆ کرا و دوای ماوەیەک تەڵاق درا، بەڵام رابیعا خانم کچی عەولاغا نەگوێزراوە و دوایە میردی بە ماڵە بایەزیدی کرد).



مەحموود ئاغا ئیلخانیزادە

بەمشێوەیە ئەگەرچی لە کتێبی کاک تاهیری ئیلخانیزادە دا کە تاهیر عەلیار ئامادەی کردووە، دوژمنایەتی ئەو بەشە لە بنەماڵەی دێبۆکری کە دژی کۆمار بوون و لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران لە تاران و تەورێز و سەقز لە پەیوەندی دابوون، بە کێشەی خەیاڵی لەگەڵ رووس و حیزبی توودە دەست پێدەکا، بەڵام بە ئاورتێبەردانی پردی بۆکان و کۆکردنەوەی هێز و رشوە و فریو دانی هێزی شکاک و بەهێزکردنی بەرەی خائینان و هێرش بۆ سەر دەستکەوتەکانی نەتەوەیی کورد و سەرئەنجام رووخانی کۆماری کوردستان تەواو بوو.

جیا لەوانە عەشایری دژی گەلی دەوری مەهابادیش، لەو پلانە بەربڵاوەدا تەیار کرابوون تا هاوکات لەگەڵ دەست پێکردنی هێرشی دوژمن لە سەقز، ئەوانیش وەک عەشایری بۆکان، هێرش بۆسەر داموودەزگای کۆمار بەرن. عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ۹۲ کتێبی "وڵاتی من" دا دەنووسێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە چۆن عەشایر ویستوویانە هێرش بۆ سەر مەهاباد بکەن و بەڕێوەبەرانی کۆمار، بە نیگەرانییەوە چاوەڕوانی هاتنی هێزی شکاک بوون تا مەترسیان لەسەر بڕەوێتەوە و عەشایر نەوێرن هێرش بکەن.

بۆ بەرپەرچدانەوەی خەیانەتی عەشایر، لە لایەن ڕێبەری کۆمار، هەڵمەتی تەیار کردنی بەرەکانی شەڕ، لە ژێر ناوی "هاتنی پێشمەرگە و لە خوبووردوان"دەستی پێکرد و هێزەی عەشایری لە سەرانسەری ناوچە ژێردەستەڵاتی کۆمار، بەرەو مەهاباد و بەرەکانی شەڕ، بۆ سەقز و سەردەشت وەڕێکەوتن.

بەمجۆرە بە دوای شەڕی "سالْح ئاوا" دا پلانی ڕێژیم و عەشایری سەر بە دەوڵەت بە تەواوی روون بووە و لە بەرانبەردا فەرماندەری هێزی کوردستان، بە هێنانی هێزی عەشایر شکاک و هەرکی و بەگزادە و ...... لە مەڵبەندی شیمال، لە ژێر فەرماندەرانی وەک عومەرخانی شەریفی شکاك، تاهیرخانی سمکۆ، زێرۆ بەگی هەرکی و نوری بەگی عەباسی، هێڵی شەڕیان لە مەڵبەندی سەقز و سەرەشت و بانە تەیار کرد و ئازایانە ئامادەی بەربەرەکانی بوون. ئەو هێزە دەخۆیڕادەدی کە هێرش بکاتە سەر پادگانەکانی سەقز و سەردەشت و بانە و سنە.

هەڵمەتی تەیار کردنی نێوخۆ و بەرەی شەڕ، لە ژێر ناوی "هاتنی پێشمەرگە و لە خوبووردوان" بەڕیوەبردرا و لە کوردستانی ژمارە ٤٥ دا ئاوا هاتووە:

هاتنی پێشمەرگە و لە خوبووردوان

بەم رۆژانە بێوچان پێشمەرگە و لە خۆبوردوانی کوردستان وارید دەبن و بۆ پارێزگاری بۆ سنوری کوردستان دەڕۆن.

لە سەر هاتنی عەشیرەتی هەرکی رۆژنامەی کوردستان لە ژمارەی ٤٥ دا دەنووسێ:

ئاڵا بە پیرەوە بردن

رۆژی ١٦ / ٢ / ٢٥ ساتی ٦ ی ئێوارە کە پێشمەرگان و لەخۆبوردوانی ئێلی قارەمانی هەرکی گەیشتنە قەراخ شاری. ئاڵای موقەدەسی کوردستانیان بە پیرەوە بردن و لە نێو هەست نواندنێکی لە ئەندازە بەدەر واریدی کران. هەر کە گەیشتنە پێش کانگای حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئاغایانی زێرۆبەگ و تەها ئاغای هەرکی دەستگای ئیستاسیۆنی رادیۆیان دیدەن کرد و یەکی سەد تمەنیان باربوی دەستگای ئیستاسیۆن کرد و ئاغای زێرۆبەگ نوتقێکی بەتینی خوێندەوە، لە زیمن دا گوتی: ئێمە تا ئاخر تنۆکی خوێنی خۆمان لە کوردستان قارەمانانە پارێزگاری دەکەین و لەباتی ئەو ئاڵایە کە بە ئێمەتان پێشکەش کردوە ئێمەش ئامادەین بە کۆمەگی خودا شارێکی گەورەی کوردستان بۆ ئێوە بگرین و بە تەواوی چەك و موهیماتەوە پێشکەش بە حکومەتی کوردستانی بکەین.

هەر لەو ژمارەیەی رۆژنامەی کوردستان، لەسەر هاتنی ئێلی قەرەپاپاق کە ئەوانیش لەژێر فەرماندەری فرقەی ئازەربایجان دا بوون، ئاوا هاتووە:

لە خۆبوردوانی ئێلی قەرەپاپاق

ڕۆژی ١٦ / ٢ / ١٣٢٥ ساتی ٣٠/ ٦ ئێوارە لە خۆبوردوان (فیدائییان) ی ئێلی غەیوری قەرەپاپاخ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ پارێزگاری کوردستان لە نێو هەست و نواندنێکی لە ئەندازە بەدەری خەڵکی شاری دا وارید و لە لایەن حیزبەوە پەزیراییان لێکرا.

سەرەڕای ئەوانە، هێزی عەشایری سەر بە دەوڵەت، لەسەر ملکەچی بۆ دوژمن لیبڕاو بوون و لە ناوچەی ژێردەستەڵاتی خۆیان، چوارچیوەیان بۆ هێزی پێشمەرگە دیاری دەکرد. بە پێی لاپەڕەی ١٠٥ی کتێبی بێهزادی خۆشحاڵی، عەلی مرادی فەرماندەری هێزی بۆکان بە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٢/١٣ بۆ فەرماندەی هێزی بۆکان و سەرا، دەنووسێ: ئاغایانی ئیلخانیزادە بە نووری بەگ و عەلی بەگی شێرزادیان گوتووە کە دەبێ لە "داشبەند" و "ناچیت" بمێننەوە و لە هاتووچۆ بۆ ناوچەی ژێر دەستەڵاتی ئەوان خۆ بپارێزن و "وشتەپە"ش چۆل بکەن. ئەوان هەروەها ڕێگای ناردنی گەنمیان بۆ بۆکان بەستووە و کردەوەکانیان مەترسیدارە.

هەر بە پێی لاپەڕەی ١٠٧ ی ئەو سەرچاوەیە، بە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٢/١٤ مرادی فەرماندەری هێزی بۆکان بۆ حەمەڕەشیدخان دەنووسێ کە ئەوڕۆ نیزیک بە ٣٠٠ سوارەی دێبۆکری لە ئاوایی "نیرایک" کۆبوونەوە. بە پێی هەواڵی پێشوو بڕیار بوو هێرشێکی بەربڵاو بۆ سەر داشبەند و ناچیت و وشتەپە و بۆکان بەرن. بە تایبەتی پۆستەکانی داشبەند و ناچیت و وشتەپە کە هێزی تەواوی بۆ بەرگری کردن لێ نییە لە مەترسی تەواو دان. داوا دەکەم هێزمان بۆ بنێرن تا پیش بە پەلاماری ئەوان بگرین.

هەر بەو ڕێکەوتە، بە پێی نامەیەکی دیکەی مرادی هاتووە کە شەو ئاغایانی ئیلخانی زادە بە تەواوی تواناوە لە بەرانبەری هێزەکانی دیدەبانی دا ڕاوەستاون. ئەمنیش بەردەوام پۆستەکانی دیدەبانیم تەیارتر کرد. ساعەتی یەک و نیوی شەو لە ناکاو تەقەی تفەنگێک بیسترا. کێشکەکان گوتیان ئەو تەقەیە لە لای میراوا بووە و وێدەچی کە ئیلخانی زادەکان ئامادەی هیرش بن. ئێمە بە ئامادەیی ماینەوە. بەیانی زوو ماشێنێکی نیزامی هات و گوتیان کە ٥٠ پێشمەرگەی بارزانی لە پۆستی قەرەمووسالی و ٥٠ دیکەش لە پۆستی "ناچیت" جێگیر کراون.

جێی ئاماژەیە بە پێی لاپەڕەی ١١١ ی ئەو سەرچاوەیە، بە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٢/١٥ حەمەڕەشیدخان لە نامەیەک دا بۆ فەرماندەی هێزی بۆکان دەنووسێ کە هەرچی زووتر هێزی بارزان لە قەرەمووسالان و لە ناچیت بگەڕێتەوە بۆ بۆکان و بە جێی ئەوان ١٠٠ کەس لە هێزەکانی خۆت دابنێ.

لەو قوناغەدا کێشەی عەشایر بە هەوڵ و تێکۆشانی پێشەوا قازی چارەسەر کرا و مەلا مستەفا بارزانی بە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٢/١٨ لە خاڵی یەکی نامەیەک دا بۆ ژێنراڵ حەمە ڕەشیدخانی بانە دەنووسێ کە بە دەستپێشخەری پێشەوا کاری عەشیرەتی دێبۆکری و ئاغایانی ئیلخانی زادە کۆتایی پێهات و ئێستا مەحموودئاغای ئیلخانی زادە و کوڕەکانی و حاجی بایز ئاغا لە بۆکانن و چاوەڕوانی هاتنی پێشەوان تا بە خزمەتی بگەن و ئامادەی پارازتنی کۆماری کوردستان بن.

لە خاڵی دووهەم دا هاتووە کە هێندێک لە عەشیرەتی زەرزا لە ئاوایی ناچیت و وشتەپەن. ئەگەر ئەوانە ویستیان بچنە بەرەی شەڕ، فەرمانی چوونیان پێبدە چوونکە بە چارەسەرکردنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کێشەی دێبۆکری، ئیدی بوونی ئەوان لەو ئاوایانە مانای نامێنێ.
حەمە رەشیدخان لە لاپەڕەی ١١٩ ی ئەو سەرچاوەیەدا، لەسەر نامەی مەلامستەفا، پێشەوا قازی محەمەد ئاگادار دەکاتەوە و دەنووسێ کە مەلا مستەفا زۆری هەوڵ دا تا ئاغایانی ئیلخانیزادە دەست لە پلانی شوومی خۆیان هەڵبگرن. چوونکە مەلا مستەفا کەسێکی سادەیە پێیوایە کە داوای دێبۆکرێکان و گلێی ئاغایانی ئیلخانیزادە راستە و حەقیقەتی هەیە...
حەمە رەشیدخان لە درێژەدا دەنووسێ کە شکی تێدانییە کە ئاغایانی دێبۆکری راست ناکەن. ئەوان دەیانەوێ کات بە دەستبێنن و عەشایری دیکە بۆ لای خۆیان راکێشن. ئەو ئاغایانە نەیانتوانی لایەنگری عەجەم بۆ لای خۆیان راکێشن بۆیە ناکرێ گۆڕینی بووچوونەکانیان ببێتە مینەت بە سەر شانی پێشەوا یان مەلا مستەفا. ئەوانە لە کاتیک دا باسی دۆستایەتی دەکەن کە عەلیاغا و مەحموودئاغای کوری لە تارانن. ئاغایانی ئیلخانیزادە لە کۆنەوە لە دوژمنایەتی دا بە ناوبانگن، چۆن دەکرێ لەو هەلومەرجە حەساسەدا، دوژمنایەتی وەلابنێن و بێن بن بە هاوکاری پێشەوا.
بە تێپەڕ بوونی کات، رۆژبەرۆژ هەڵسوکەوتی عەشایری خائین خراپتر و دەستیان زیاتر لەگەڵ ریژیم تێکەڵ و لەسەر پەرەدان بە خراپە کاری، رژدتر و لیبڕاوتر دەبوون. بە پێی لاپەڕەی ١٧٠ کتێبی بێهزادی خۆشحاڵی لە نامەی مارشاڵ حەمە رەشیدخانی بانە بۆ وەزارەتی بەرگری دا هاتووە کە بە پێی لێکۆڵینەوەی فەرمی هێزەکانی ژێر ئەمری ئاغایانی گەورک، وەک باییزی عەزیز ئاغا و هەروەها هەموو ئاغایان وەک رابردوو پەیوەندی زۆر نیزیکیان لەگەڵ عەجەم هەیە. بە تایبەتی لەو رۆژانەدا بە هاتنی ئاغای عەلی ئاغای ئەمیر ... تەندووری عەجەم پەرەستیان لە هەموو کات گەرمتربووە. بۆیە ئەگەر بە ناوی هاوپەیمانی، لەگەڵ ئاغایانی گەورک هەروا بێدەنگ بین، زیانیکی زۆرمان پێدەگا...
بە پێی لاپەڕەی ١٦٧ ی کتێبی بێهزادی خۆشحاڵی، فەرماندەی ستوونی ٥ گلۆڵان، ئیسماعیل زادە بە رێکەوتی ١٣٢٥/٣/١٠ بۆ مارشاڵ حەمە رەشیدخانی بانە دەنووسێ کە بە پێی هەواڵی گەیشتوو باییزی عەزیز ئاغا و کاکەئەڵاغا، نامەیەکیان بۆ محەمەدئاغا، برازای کاکەڵا ناردووە و داوایان لێکردووە کە ئەمان نەدا بە پێشمەرگەی مەهاباد و بە خێرایی قەتڵیعامیان کا...
ئەوجار رێژیمی ئێران بە مەبەستی سەرخستنی پلانەکانی دژ بە کۆمار، عەشایری خائینی ناوچەی بانەی بە دژی عەشایری لایەنگری کۆمار لە سەردەشت و بانە وەگەڕ خست. لەوبارەوە محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٢٤ ی بەشی دووهەمی کتێبەکەی دا، دەنووسێ:
**کۆمەگی بانە  بە حکومەتی ئێران**
لە وەختێکا کە سەردەشت و رەبەت لە لایەن لەشکری بەکر حەویزی بارزانی لە مەحاسەرەدا بوو و عەشایری ککۆی و دەشتەتاڵ، رێگای بەینی بانە و سەردەشتیان قەتع کردبوو، بۆ ئەوەی کە عەشیرەتی بانە و بارزان و کەلوو و دەشتەتاڵ و هەرکی بن بە دوژمنێکی خوێنین و هەتا نیهایەت بانە نەتوانێ لە حکومەتی ئێران جیا ببیتەوە و لە نوقتەی دووهەما بۆ بەرهەڵستی حکومەتی قازی محەممەد و سمعە شکانی مەدەنی ئەو کوردستانە ئازادە جەنگێکی ئەهلی بنێتەوە و بە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هۆی ئەو جەنگە سێتەرەت بە سەر ڕێگای بەینی سەردەشت و بانەدا پەیا بکاتەوە.

بە ژمارە ١٤١٢٦ و ٧/١٤١٦٨ و ١٣٢٥/٨/٨ ستادی بانە ئیبلاغی ئاغایانی بانەکرا کە بۆ سەرکوبی عەشایری کەڵوێ لە مقابیل خوێنی حەمەبەگی ئەحمەدبەگ بچن بۆ مەنتەقەی سەردەشت و عەشیرەتی کەڵوێ بخەنە ژێر تەسەڕوف، هەتا نیهایەت لەعینی وەختا لە هەر چوار تایفەی بانەی لەشکر کۆکرایەوە. بۆ ئیمدادی حکومەتی ئێران چوون بۆ مەنتیقەی سەردەشت و لە ناوچەی هوزارە، و بناویلە و نەمەشیر لەشکربەزیان کرد. لەعەینی وەختا مام عەزیزی کوڕی قەرەنی ئاغای مامەش بە ٦٠٠ سوارەوە لە قازی محمد هەڵگەرابۆوە و عبدالەخانی رەئیسی مەنگووڕیش لەسەر تەئسیراتی مەلا خەلیلی گۆڕەمەڕێ لە قازی محمد هەڵگەڕابۆوە. رەئیسی عەشیرەتی وجاغ سەلیم ئاغای بایز، ئەویش کلکی عوسیانی خستبووە سەر شان.

لەعەینی وەختا پڕۆگرامی دەوڵەتی وەها بوو کە ئەو عەشایرانە بە هۆی حەڕەکاتی سەربازی دەوڵەتی بە یەک ڕۆژ پەلامار بدەن و خەتی کورتەک هەڵبگرن و لە شیمال و جنووب و غەڕبەوە پەلاماری سابلاغ بدەن. بەڵام خۆشبەختی قازی محەممەد ئەو پڕۆگرامەی تارومار کرد. ئاغای مام عەزیز و عەبدوڵاخان و سەلیم ئاغا بە رووی زەردەوە روویانکردە عێراق و پەناهندەی عەشیرەتی میراودەلی بوون و (مەلا خەلیلیش) لە لایەن مستەفا ە بە بێ قەید و شەرت هێنرایە سابلاغ. بەڵام لەشکری بانە هەتا نیهایەتی حەڕەکات هەر لەو ناوەدا لەگەڵ ئێرانی یەکان دۆست بوو خەریکی مەحافیزی ڕێگاوبانی ئێرانی یەکان بوون و لە تەسلیم بوونی دیمۆکرات لەشکری بانە هەتا (کەلی کورتەک) تەعقیبی لەشکری قازی محەممەدیان کرد و لەدێی کاوڵان و کوران، ملاقاتی سەرتیپ هومایونییان کرد و ئیجازەی گەڕانەوەی دانێ کە بچنەوە بۆ بانە و لزووم بە چوونی سابلاغیان نەکرێ. بەڵام هەتا نیهایەت ئاغای حەمەئەمین خان شەخسی خۆی ئیشتراکی ئەو لەشکرکێشەی نەکردبوو. بەلام حەمەعیزەت بەگ و عبداله بەگی برای هەتا نیهایەت لەگەڵ ئەو لەشکرەدا بوون. لەهەموو شتێک سەیرتر ئەوە بوو لە ئەوەڵ ڕۆژی تەسلیم بوونی سابڵاغ، ئاغای حەمەئەمین خانی قادرخانزادە لە رەغمی ئەو خزمەتگوزارییە کە بۆ ئاغای سەرتیپ ئایروم بە خەرجی دابوو، کێچی کەوتە کەولی نەوێرا یەک سەعاتی کە بەدیار قەندەکەی ئاغای سەرتیپ ئایرومەوە بمینێتەوە. بە پەلە پەل خۆی فرێدایەوە شیوەگوێزانی عێراق.

لەو قوناغەدا هێزی عەشایری لایەنگری کۆمار، کەوتبوونە ژێر کاریگەری عەشایری دژ بە کۆمار و وردە وردە لە بەرەکانی شەڕ، بیانوویان دەێناو و لە شوێنیک جێگیر نەدەبوون و دەتاران و بە گشتی لە کونترۆڵ هاتبوونە دەر و کارشکێنیان دەکرد. بە پێی لاپەڕەی ١٧٥ و کتێبی بێهزادی خۆشحاڵی، عەلی بەگی شێرزاد فەرماندەی هەنگی ٥ ناوەند، لە نامەیەک دا بۆ حەمە رەشیدخانی بانە بە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٣/١٣ دەنووسێ کە لەو ڕێکەوتە دا بۆ گەڕانەوەی هێزەکانی شکاک بۆ شوێنی پێشوویان، چووم بۆ لایان. لە ڕێگایە تووشی دەستەی نووری بەگ بووم زۆرم تکا لێکرد کە بگەڕێتەوە بەڵام فایدەی نەبوو. دوایە چوومە ئاوایی "قەلەندەر" و چاوم بە تاهیرخانی کوڕی سمکۆ و رەشید بەگی هەرکی و تەهائاغای هەرکی و قادرئاغا کەوت و دوای چەند سەعات سەرئەنجام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاغایان حازر بە مانەوە بوون.

دیارە تاهیرخانی شکاک بە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٣/١٤ لە نامەیەک دا بۆ فەرماندەی هێزی بۆکان و سەرا دەنووسی:

ئەوان بەرەیان بە جێنەهێشتووە بەڵکوو دوای چەند شەڕ فیشەکیان تەواو بووە و کەمێک لە بەرە دوور کەوتوونەوە. گوتووتە کە ٢٠٠٠ فیشەک و پێشمەرگە و حەیوانت ناردووە. ئەوانە کوا بەشی ١٨٠٠ نەفەر و ١١ موسەلسەلان دەکا. بە خودا سوێند دەخوم هێندیک لە پێشمەرگەکان یەک بەستە فیشەکیان پێیە.

بە گوێرەی لاپەڕەی ١٧٧ ی ئەو سەرچاوەیە، لەسەر ئەو بابەتە، محەمەد نانەوازادە لە نامە بۆ حەمە ڕەشیدخانی بانە دەنووسێ کە لەو کارە بە گومانەو و کەمی فیشەک ناتوانێ ببێتە بیانوو بۆ ئەو کارەیان.

بە گوێرەی لاپەڕەی ٢٢ ی ئەو سەرچاوەیە، حەمە ڕەشیدخانی بانە لە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٤/٢٥ لە نامەیەک دا بۆ کومیتەی ناوەندی دەنووسێ کە ڕاپۆرتەکان وا دەردەخەن کە زۆربەی ئاغایانی گەورک خائینن. ئەو ئاغایانەی کە هاتوونە مەهاباد هەموویان لە دڵەوە عەجەمیان خۆش دەوێ. تەواوی وتەکانی فەرماندەرانی گەورک دوورن لە ڕاستی. پێویستە کە ئاغایانی گەورک ڕێزیان لێ نەگیرێ و باوەڕیان پێ نەکرێ. چوونکە تەواوی بەڵێننی و کردەوەکانیان بە دژی بەرژەوەندی کوردستانە.

جیا لەو گیروگرفت و ناکوکییانە، هێزی عەشایری لایەنگری کۆماریش، لەگەڵ یەکتر ناتەبا بوون. بە گوێرەی لاپەرەی ١٨٢ ئەو سەرچاوەیە بە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٣/١٦ ڕەشید تەیموری لە نامەیەک دا بۆ حەمە ڕەشیدخانی بانە، باسی کێشەی دەستەکانی هەرکی و شکاک دەکا.

لە وەزعییەتێکی ئەوتۆ دا فەرماندەرانی ڕێژیمی ئێران لە بەرەی شەڕ بە هەموو توانا خەریکی ئاژاوە و دووبەرەکی و لاوازکردن و دڵساردکردنەوەی پێشمەرگەی بەرەکانی شەڕ بوون. ئەوان ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە فەرماندەرانی پێشمەرگەوە دەگرت و خەت و نیشان و چوارچێوەیان بۆ دادەنان و ئامۆژگاریان دەکردن. تەنانەت فەرماندەرانی ئیرانی، دۆستایەتیان بە ڕادەیەک گەیاند بوو کە بێچەک دەهاتنە ناو سەنگەری پێشمەرگە و داوای خواردمەنیان دەکرد.

بە پێی لاپەرەی ٢١٨ ئەو سەرچاوەیە، حەمەرەشیدخانی بە ریکەوتی ١٣٢٥/٤/٢٢ لە نامەیەک دا بۆ وەزارەتی دیفاع دەنووسێ کە مەئمورانی نیزامی سەقز لە هەموو لایەکی را تێدەکۆشن ئاژاوە لە نێو هیزەکانی ئێمەدا ساز بکەن و خەڵک لە پشتیوانی کردن لە پێشەوای خۆشەویست دڵسارد بکەنەوە. سەروان مەنسوور پوور نیردراوەتە تاڵجار و خورخوڕە و سەرشیوو تا چاوی بە ئاغایان بکەوێ و ئەوان هان بدا کە لەگەڵ لەشکری ئێران بکەون.

بە گوێرەی لاپەڕەی ١٩٩ی بێهزادی خۆشحاڵی، سەرهەنگ ٢ شوجاعی فەرماندەری تیپی بانەی ڕێژیم، بە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٤/٤ لە نامەیەک دا بۆ کەریمی نوخبە، دەنووسی کە کاتێک کاروانی ئەرزاق لە سەردەشت وەڕێکەت، لە لایەن چەکدارەکانی تۆ پێشیان پێگیرا و زۆریان بێ ڕێزی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێکرا. بێشک ئەو کارە بە ئاگاداری تۆ بووە. لە حاست وێژدان، خۆم بە بەرپرس دەزانم کە سەبارەت بەو پروپاگەندەیەی کە حاجی باباشێخ پەرەی پێداوە کە گوایا بۆ وەرگرتنی پادگانی سەردەشت و بانە هاتووە، ئاگادارت بکەمەوە.

شوجاعی دوای ئەوە باسی ناردنی کاروانی ئازوقە و دیداری پێشەوا و رەزمئارا دەکا و دەنووسێ کە ئاغایانی بەگزادە دەبێ بزانن کە کۆ کردنەوەی تفەنگ و چەکدار، کار لەسەر پادگان ناکا. ئەگەر ٢٠٠ چەکدار کۆکەنەوە ٤٠٠ چەکداری شکاک دەگەڕێنەوە بۆ ماڵە خۆیان. ئەوان لەو وەزعە ماندوو بوون و چی دیکە فریوی پڕوپاگەندای ئێوە ناخۆن. ئەوان ٣ مانگ بوو فریویان خوارد بوو ئێستا راستیان بۆ دەرکەوتووە. بە باوەڕی من ئەتۆ درەنگت دەست پێکرد و کاتێکیش پەشیمان دەبییەوە کە کار لە کار ترازاوە. بە هۆی ئەوە رێزم بۆت هەیە پێشنیارت پێدەکەم کە تا کۆتایی ئەو وتووێژانە بێدەنگ بێ، هیچ کردەوەیەکت نەبێ. ئەگەر دەتهەوێ راستییەکانت بۆ دەرکەوێ هەموو رۆژێ کەسێکی بنێرە تا ئاگاداری رووداوەکانت بکەم. ئیزن بە چەکدارەکانی خۆت بدە بگەڕێنەوە بۆ ئاوایەکانیان و لەگەڵ من پەیوەندی بگرن. ئەو پەیوەندیانە دەتوانی بە نەهێنی بێ. هەموو خزمەتکاری دەوڵەتین، دزی و تاڵا و بڕۆ، دێموکرات خوازی نییە.

هەر لەو چوارچێوەیە دا، بە گوێرەی لاپەڕەی ٢١٠ ی ئەو سەرچاوەیە، عەبدوڵای سەرحەدی فەرماندەی هێزی بانە لە نامە بۆ محەمەد رەشیدخانی بانە دەنووسێ کە سەرهەنگ غەفاری دەعوەتی لەو کردووە کە بچێتە میرەدێ. سەرهەنگ دەچێتە هەموو جێگایەک و ئەو رۆژە بە بێ چەک هاتە "تەموتە" و هاواری کرد کە هاتووە تەسلیم بێ. ئەو زۆر دۆستانە هەڵسوکەوت دەکا و داوای ماستی کرد، ئەمنیش لە پارەی خۆم بایی ١٥ تمەنم بۆ کڕێ.

بە پێی لاپەڕەی ٢٢٧ ی ئەو سەرچاوەیە، حەمە رەشیدخان لە نامەیەک دا بۆ سەرلەشکر همایونی بە ١٣٢٥/٤/٢٧ دەنووسێ کە دوای ئەوە هێزەکانی شکاکمان لە سەرشیو لابرد و بە جێگای ئەوان هێزی بانەمان دانا، لە هێزەکانی خۆمان بە رادەی بەرچاو کەم کردەوە. بەڵام بەڕێزتان هێزەکانی خۆتان رەوانەی ئەوێ کرد. بۆیە بە نووسینی ئەو نامەیە بەرپرسیارێتی لە ئەستۆی خۆم دادەماڵم، ئەگەر هێزەکانی ئێوە بێنە سەرشیو، ئێمەش هێز لە سەرشیوو دادەمەزرێنین تا بەرهەڵستی هەرچەشنە فێڵ و کەڵەکێک بیین بە دژی خۆمان.

هەر بە پێی لاپەڕەی ٢١٢ ی ئەو سەرچاوەیە، لە نامەیەکی بێ نیشان دا کە بۆ حەمە رەشیدخانی بانە بە رێکەوتی ١٣٢٥/٤/١٨ ناردواە هاتووە کە تا ئێستا چەند نامەی لەسەر ئاغایانی دیکتاتۆری گەورک بۆ کومیتەی ناوەندی حیزب ناردووە بەڵام گوێیان نەداوەتێ. لە حاڵێکدا کە داوا لە ئاغاکان کرا کە خزمەتکاری دەوڵەتی کوردستان بن، بەڵام بە پێچەوانە، ئەوان لە ئاوایی میرەدێ ئازوقەیان بۆ فارسەکان نارد. تا کاتێک ئەوان لەوێ نیشتەجێ بوون هەمووکات لەگەڵ بانە و سەردەشت و حاجی برایم ئاغا، برای بایزئاغا کە ئێستا لەسەقزە لە پەیوەندی دابوون. ئەوان ئەرزاق و قەندوچای ٨٠ کەسیان بۆ ئاغاکان دەنارد و بە کرداری خۆیان هەڵسوکەوتی شکاکەکانیشیان گۆڕیی. ئێستا ١٠ رۆژە هاتوونە "گورگان" و بە پێکهێنانی کۆبوونەوە دەست لە خەیانەت هەڵناگرن و هەموو رۆژێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ ٥ کەس لە ئاغاکانی بایزئاغا، بە ناوەکانی کاک حەسەن ئاغا، محەمەد رەسووڵ ئاغا، حاجی ... ئاغا، رەسووڵ ئاغای قڕووچاوێ و کەسێکی عیراقی کە نوینەری ئینگلیسییەکانە، لە کانێ رەش و سەروئاباد، دەچنە ماڵە ... محەمەد و وتووێژی زۆریان لەگەڵ قەرەنیاغای مامەش هەیە.

**گیروگرفتی خەڵک لە بەرەی سەرا لەگەڵ عەشایر**

جێگیر کردنی عەشایری شیمال لە بەرەی سەقز، غەیرە رواڵەتێکی پڕوپاگەندا و دڵخۆشکەرانەی لە نێو خەڵک دا، قازانجێکی ئەوتۆی نەبوو. ئەوانە بە هەڵسوکەوتی خراپو و دزێو، لە لایەک بوون بە بارگرانی و قورسایی زیاتر بە سەر ژیانی خەڵک دا و لە لایەکی دیکەش دامەزرانی پەیوەندی لەگەڵ عەشایری خائینی خۆجێیی دژ بە کۆمار. بۆیە زۆری نەخایاند کە بێ ئەوەی خیرێکیان هەبێ، گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان. بە پێی لاپەڕەی ١٢٧ی کتێبی "قاضی محمد و جمهوری در آینه اسناد" محە مەد عەلی ئاقازادە لە نامەیەک دا بۆ حەمە رەشید خانی بانە وێنەیەکی ناخۆش لە کێشەی پێشمەرگەوە و خەڵکی لێقەوماوی ئاوایی "ئاڵتوونی سەرو" نیشان دەدا و بە رێکەوتی١٣٢٥/٢/٢١ دەنووسێ کە سەرەورم دەستت ماچ دەکەم. ئەو زوڵمەی کە ئەمن لە خەڵکی ئەو ئاوایە دەکەم قەت عەجەم نەیکردوە. کەوابوو فەرقی من و ژاندارم چییە؟ ئەو ئاوایە ١٠ ماڵە کە چواریان رەشایین. لەو رۆژەوە من هاتوومە ئێرە، خەڵکی ئەو ئاوایە نە ماست و نە دویان نەخواردوە و هەرچی هەیانبووە داویانە بە ئێمە. پیاوەکانیان رۆژێ هەر خەریکن داری دەبڕن و سوتەمەنی ئێمە دابین دەکەن. ژنەکانیان رۆژێ هەر نانمان بۆ دەکەن و چێشتمان بۆ ساز دەکەن. وڵاغەکانیان بەردەوام لە سوغرەی ئێمەدا و کێشەوەیان پێدەکرێ. حەیوانیان نییە و دە دانە مانگایان لێزەوت کراوە. هەر ماڵێک ١٠ پێشمەرگەی بەسەر دا دابەش کراوە و بۆخۆیان جێگایان نییە. عەرزەکانیان لێگیراوە. هێزی ئێمە ١٢٢ کەسین، زۆر هەست بە عزابی ویژدانی دەکەم. بە شەرمەوە غەزا دەخۆم. ژن و پیاو چکولە و گەورە بە هۆی ئێمە لە نارەحەتی دان و ئەو خەڵکە توانایی ئەو هەمەموو زەختەی نییە.

بە پێی لاپەڕەی ١٥٠ی ئەو سەرچاویە، میرحاج ئەحمەد فەرماندەی لکی ٢ی بارزانی لە نامەیەک دا بۆ حەمە رەشید خانی بانە، گۆشەیەکی دیکە لە هەڵسوکەوتی خراپی هێزی عەشایری شکاکی لەشکری کوردستان نیشان دەدا و بە رێکەوتی ١٣٢٥/٣/٣ لە نامەیەک دا دەنووسێ کە خەڵکی فەقیر مەجبوورن پێویستی لەشکری شکاک هەر لە قەند و چا ماڵات و مریشکەوە بگرە هە تا... دابیین بکەن و هێندێک جار لەسەر داگیرکاری زۆرە ملی کێشە ساز بووە. لەشکری شکاک لە حاسڵاتی خەڵک بەشیان دەوێ و بێگاری بە خەڵک دەکەن و هەڵسوکەوتیان وەک دوژمن وایە و هیچ ئەمنییەتێک لە گۆڕێ دانییە و خەڵک لە نیگەرانی دا دەژین و ئەوە دەبێتە هۆی دڵسارد بوونەوەی ئەوان لە دەوڵەتی کوردی.

میرحاج لە درێژەدا دەنووسی کە ئەگەر هێرش بکری بۆ سەر سەقز و ئەوان لەوێ نەمێنن مەیدان بۆ شکاکەکان خۆش دەبێ کە خەڵک تاڵان بکەن. بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە باشترە کە هێزی شکاک بۆ لای چەپ و بۆ لای راست کە دەکەوێتە لای هەوشار و لای بانە و سەقز، جووڵەیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێ بکری. ڕاگرتنی هێزی شکاک لەبەرانبەر بەدوژمن دا و بیری شەڕ، مێشکی ئەوان لە ڕاوڕووت و تاڵانی خەڵک دوور دەکاتەوە و سەرکەوتنی ئەوان بەسەر دوژمن دا مستەوگەر دەکا. بە دیاری کردنی بەرپرسی ماڵی و هێنانی٢٠٠ پێشمەرگەی حیزبی، دەکرێ ئەخلاقی ئەوان بگۆڕدرێ. لەشکر لە شارەکان دووربخرێتەوە تا ئیمکانی زوڵم و زۆری لە خەڵک کەم ببێتەوە.

بە گوێرەی لاپەرەی ١٩١ کتێبی بێهزادی خۆشحاڵی، ڕەشید تەیموری لە نامەیەک دا بە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٣/٢٧بۆ حەمە ڕەشیدخانی بانە باسی هێزی هەرکی و شکاک لە ئاوایی"کیسەڵان" دەکا و دەنووسی کە وەزعی خەڵکی ئەو ئاوایە پەرێشانە، کەس نەیتوانیوە توتن بکا. یەک لە سێ بەشی هێزەکە بە بیانووی نەخۆشی گەڕاونەوە و لەگەڵ ئەوەی کە کۆسپیان بۆ پێک دێنن تەواوی خەرجی ژیان و گوزەرانیشیان بەسەر داسەپاندوون.

### ستالین ئامۆژگاری پیشەوەری دەکا



بە دوای بڕیاری چوونەدەری هێزەکانی رووس لە مانگەکانی مارس و ئاوریل دا، پیشەوەری دەستی کرد بە گازەندە و رەخنەگرتن لە سیاسەتی شووڕەوی و ئاماژە کردن بە سەردەمی جووڵانەوەی ساڵی ١٩٢٠ی گیلان و باسی بێ باوەڕی بە سیاسەتی شووڕەوی و دەیگوت کە رێبەرانی شووڕەوی ئەوانیان فریو داوە. ئەو گلەیی و گازەندانە بە گوێ ستالین گەیشتەوە و لە کاتێک دا پیشەوەری لەگەڵ هەیئەتی کوردستان لە تاران خەریکی وتووێژ بوو، ستالێن بە رێکەوتی(١٨ بانەمەڕی) نامەیەکی تایبەتی بۆ پیشەوەری نارد. هێندێک لە بەشی نامەکە لە لاپەڕەی ١٧٧ی کتێبی "فراز و فرود فرقه" دا، هاتووە. هەروەها ئەفڕاسیابی هەورامی دەقی نامەی ستالینی بۆ پیشەوەری لە ئاڕشیوی وەزاڕەتی دەرەوەی رووسیە فیدراتیودا وەرگێڕاوەتەوە سەر کوردی و لە گزینگی ژمارە ١٣ دا چاپ کراوە.

پیشەوەریی ڕۆژی ١٣٢٥/٢/٢٣- ١٩٤٦/٥/١٣ لەگەڵ هەیئەتی وتووێژی کورد، محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی لە تاران را گەڕانەوە بۆ تەورێز و لە وێ نامەی ستالینی پێگەیشت کە ڕاشکاوانەی ڕەخنە لە پیشەوەریی دەگرێ بە تیئۆری مارکسیسم و لێنینیسم ئامۆژگاری دەکا، دەقی نامەکە بەمجۆرەیە:

نامەی جوزف ستالین بۆ جەعفەر پیشەوەری سەرکۆماری ئازەربایجان بە ریکەوتی ٨ مەی ١٩٤٦(١٨ی گوڵانی ١٣٢٥):

بۆ هاوڕێ پێشەوەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێموایە ئێوە ڕووداوەکانی نێوخۆی ئێران و هەروەها نێونەتەوایەتیشتان ڕاست هەڵنسەنگاندووە.

یەکەم: ئێوە دەتانەوێ ئێستا هەموو داخوازە شۆڕشگێڕییەکانی ئازەربایجان بەدەست بێنن، بەڵام ئەمڕۆ هەلومەرجی ئەمڕۆ بواری گەیشتن و بەدیهێنانی ئەو پڕۆگرامانە نادات. لێنین کاتێک داوا سەرەکییە شۆڕشگێڕییەکانی هێنایە گۆڕێ کە بەکردەوە بە دی بکرێن دەستینیشانی دەکەمەوە لە کردەوەدا بەدی بکرێن، ئەویش کاتێک کە قەیرانێکی بەهێزی شۆڕشگێڕانە لە ناوەوەی وڵات و هەروەها سەرنەکەوتنی سوپای لەگەڵ دوژمنی دەرەوەدا هەبێت. لە ساڵی ١٩٠٥ کاتێ کە شەڕ لەگەڵ ژاپۆن سەری نەگرت، هەرواش بوو لەکاتی شەڕی سەرنەکەوتوو لەگەڵ ئاڵمان لە ١٩١٧دا. ئێوە دەتانەوێ لەم بارەدا لاسایی لێنین بکەنەوە. ئەمە زۆر باشە و جێگەی ڕێزلێنانیشە، بەڵام ڕووداوەکانی ئەمڕۆی ئێران بە پێچەوانەی ئەوەیە. ئێستا لە ئێران قەیرانی قووڵی شۆڕشگێڕانە نییە. جووتیارانی ئێران هەتا ئێستا چالاکییەکی ئەوتۆیان نیشان نەداوە. ئێران ئێستا خەریکی شەڕ لەگەڵ دوژمنی دەرەوە نییە کە بتوانێت دارودەستەی کۆنەپەرستی ئێرانی ئەگەر بێت و لە شەڕدا سەرنەکەوێت، لاواز بکات. دوای ئەمە لە ئێراندا هەلومەرجێکی وا نییە کە بکرێت تاکتیکی لێنینی ساڵەکانی ١٩٠٥ و ١٩١٧ی بۆ بەکاربهێنرێت.

دووەم: بێگومان ئێوە دەتانەوێ بۆ سەرکەوتنی خەباتتان و داخوازە شۆڕشگێڕییەکانی ئازەربایجان هیوادار بوایەن ئەگەر ئەرتەشی سۆڤیەت لە ئێراندا مابایەوە، بەڵام چونکە مانەوەی پتریان لە ئێران سیاسەتی ڕزگاریخوازانەی ئێمەی لە ئاسیا و ئەورووپادا کەمبایەخ دەکرد، ئێمە نەمانتوانی لەوە زیاتر لە ئێران بیانهێڵینەوە. ئەمریکاییەکان و ئینگلیسەکان بە ئێمەیان دەگوت، ئەگەر ئەرتەشی سۆڤیەت بتوانێ لەئێران بمێنێتەوە، بۆ دەبێ ئەرتەشی ئینگلیس نەتوانێ لە میسر، سووریە، ئەندۆنزی و یۆنان و ئەرتەشی ئەمریکاش لە چین، ئیسلەند و دانمارک بمێننەوە. لەبەر ئەوە بڕیارمان دا ئەرتەشەکەمان لە ئێران و چین بکێشینەوە، بۆ ئەوەی ئەم بیانوویە لە دەستی ئەمریکا و ئینگلیسدا نەهێڵین و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکان لە کۆلۆنییەکان فراوان بکەین و بەم چەشنە سیاسەتی ڕزگاریخوازانە مەشرووع و کاریگەرتر بکەین. ئێوە وەک شۆڕشگێڕیک لە ئێمە تێدەگەن کە نەماندەتوانی بە شێوەیەکی دی هەڵسوکەوت بکەین.

سێهەم: بە لەبەرچاو گرتنی گوتراوەکان دەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە لە هەلومەرجی ئێران بگەین. لە ئێران قەیرانی بەهێزی شۆڕشگێڕانە نییە، ئێران لە حاڵەتی شەڕ لەگەڵ دوژمنانی دەرەوەدا نییە کە سەرنەکەوتنی ببێتە هۆی لاواز بوونی کۆنەپەرستی و قوڵبوونەوەی قەیران. تا ئەو کاتەی ئەرتەشی سۆڤیەت لە ئێراندا بوو، ئێوە دەرەتانی درێژەدان بە خەباتتان لە ئازەربایجان هەبوو، دەتانتوانی بزووتنەوەیەکی دیموکڕاتیک بە داخوازییەکی دوورو درێژ و فراوان ڕێکبخەن. بەڵام ئەرتەشی ئێمە دەبوایە لە ئێران بکشێتەوە، کە کشاوە. ئێستاش لە ئێران ئێمە بەرە و ڕووی چین؟ ئێمە کێشەمان دەگەڵ حکوومەتی "قەوام" و لایەنگرانی ئینگلیس هەیە کە کۆنەپەرست ترین دارودەستەن لە ئێراندا. ڕابردووی کۆنەپەرستانەی قەوام هەرچۆنێک بووە، ئێستا ئەو ناچارە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ بەرگری کردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆی و پاراستنی حکوومەتەکەی، هێندێک ریفورمی دیموکڕاتییانە بکات و دوای پاڵپشت لە ناوە هێزە دیموکڕاتەکانی ئێرانیدا بگەڕێت.

تاکتیکی ئێمە لەو کەینوبەینەدا دەبێ چ بێ؟ من وابیر دەکەمەوە کە ئێمە دەبێ لەم تێکهەڵچوونە کەڵک وەرگرین بۆ ئەوەی قەوام لەو بڕیارەی پاشگەز نەبێتەوە. دەبێ پشتی بگیرێ تا لایەنگرانی ئینگلیسی وەلا بخرێن و بەم چەشنە هێندێک بۆ دیموکڕاتیزە کردنی ئێران پێک بێین. هەموو ئامۆژگارییەکانی ئێمە بۆ ئێوە لەو ئەساسەڕا سەرچاوە دەگرێ، بەڵام دەکرێ تاکتیکێکی دی بگرینە پێش: واز لە هەموو شتێک بهێنرێت و پێوەندی لەگەڵ قەوام بپچڕێت و بەم چەشنە سەرکەوتنی لایەنگرە کۆنەپەرستەکانی ئینگلیس مسۆگەر بێت، بەڵام ئەوە تاکتیک نییە بەڵکو نەزانییە. ئەمە لە راستیدا خیانەت بە گەلی ئازەربایجان و دێموکراسی ئێرانە.

چوارەم: ئێوە لەوانەیە بڵێن کە ئێمە لە سەرەتادا ئێوەمان گەیاندە ئاسمان، بەڵام دوایی پشتمان بەردان و ریسوامان کردن. ئەگەر وابێ، جێی سەرسوڕمانە، بەڵام لە راستیدا چ رووی داوە؟ ئێمە لێرە شێوەی دیاریکراوی شۆڕشگێڕانەمان بەکار هێناوە کە لای هەموو شۆڕشگێڕێک روون و ئاشکرایە. بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان لەگەڵ ئەو هەلومەرجەی ئێران بگونجێنین و لانی کەمی داخوازییەکانی بزووتنەوە جێبەجێ بکرێت، پێویستە لە داخوازی کەمەوە دەست پێ بکرێت و پێشڕەوی بکرێت و بۆ حکوومەت مەترسی دروست ببێت و پاشەکشەی پێ بکرێ، بەڵام راکردنتان بۆ پێشەوە، لەبارو دۆخی ئێستای ئێراندا رێگەتان پێ دەگرێ بەو داخوازانە بگەن کە حکوومەتی قەوام ئەمڕۆکە ناچارە جێبەجێیان بکات. ئەمە یاسای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەیە، بەڵام قسەی ریسوا کردنی ئێوە بە هیچ شێوەیەک لە گۆڕێدا نییە. جێی سەرسووڕمانە ئەگەر ئێوە وا بیر بکەنەوە، کە ئێمە ئیتر ئێوەمان ریسوا کردووە. بە پێچەوانەوە ئەگەر ئێوە ژیرانە بجووڵێنەوە، بە پشتیوانیی مەعنەوی ئێمە بەو داخوازانە دەگەن کە ئاماژەم پێ کردن و زۆربەیان لە هەلومەرجی ئازەربایجاندا هەیە. هەم ئازەربایجانییەکان و هەم ئێرانییەکان وەک پێشڕەوانی بزووتنەوەی پێشکەوتوخواز، دیموکڕاتیک لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دوعای خێرتان بۆ دەکەن.

ی. ستالین ٨ ی مای ١٩٤٦

چاوخشاندن بەسەر ناوەرۆکی ئەو نامەیەدا، سیاسەتی رووس بە نیسبەت کۆماری ئازەربایجان و کوردستان بە تەواوی دەردەخا و روون دەبێتەوە کە لێکدانەوەی دەوڵەتی رووس لە حاست ئەو دوو کۆمارە دا چەندە دزێو و خراپ بوو و تەنیا بەرژەوەندی رووس لەبەرچاو گیراوە و لەو پێناوەدا هەموو پرنسیپەکان ژێر پێی خراون.

جێگای ئاماژەیە تەوەری سیاسەتی رووسیە لەمەڕ ئازەربایجان لەسەر ئەو نامەیە دارێژرا و هەموو شتێک دەبوو ببێتە فیدای بەرژەوەندی رووس کە ئەویش لە نەوت دا کۆ دەبووە. بە پێی کتێبی دەستپێکردنی شەڕی سارد، میر جەعفەر باقرۆڤ داوای لە پیشەوەریی کرد کە قەوام نارەحەت نەکا و دەنووسێ: قەوام نارەحەت مەکە. بە بڵاوکراوەکانیش ڕابگەیەنە شتێک نەنوسن کە ببێ بە هۆی پەرۆشکردنی. ئێوە بەیاننامەی هەژدەی مانگی مایتان بیستووە؟ بەشێک لە

ڕۆژنامەکان دەنوسن پێویستە یارمەتی قەوام بدرێ کە بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات. خۆشی چاوەڕوانی یارمەتییەکی لەو جۆرەیە، لە هەموو وڵاتان. ئێمەش دەبێ یارمەتی بدەین. منیش وەک برایەک داوات لێدەکەم کە ئەو کارە بکەیت ... دەبێ تۆ بزانی کە ڕێبەری مەزن و هۆشمەندی ئێمە هەموو ڕۆژێ بۆ خۆی لە دیاردەکان دەکۆڵێتەوە. ئەو شەوەی کە من سەرەڕای نەخۆش بوونم، لەگەڵ تۆ بە تەلەفۆن قسەم کرد، دوو کاتژمێر پێشتر قەوام تەلەفۆنی بۆم کرد و داوای لێم کرد کە بە تۆ بڵێم ئەو مەسەلەیە (سازش لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی) بە ئەنجام بگەیەنێت.

بە پێی کتێبی دەستپێکردنی شەڕی سارد رۆژی ١٣٢٥/٢/٣١- ١٩٤٦/٥/٢١ باقرۆڤ لە پەیوەندی تەلەیفونی لەگەل پیشەوەری، سەبارەت بەو بروسکەیەی کە قەوام بۆی ناردبوو گوتی:

ئەو بروسکانەم خوێندەوە و پەسندم کردن. دەقی بروسکەکان دەیسەلمێنن کە ڕەوتی کارەکان لە تاران بە جۆرێکی ترن. قەوام نایەوێت دەرز بخاتە ناو پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێوە.

هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە، دواتر باقرۆڤ سەبارەت بە قەوام گوتبووی:

رەنگە ئەو بیەوێت سیاسەتێکی دوو لایەنە لەگەڵ ئێمە بکات، واتە کارێک بکات بۆ خۆشحاڵیی ئێمە و "دۆستانی ئێمە"، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کار گەیشتووەتە جێیەک کە نەتوانێ سیاسەتی فریوکارانەی سەربخات، یان دەبێ لەگەڵ ئێمە بێ، یان لەگەڵ ئەوان. دەبێ دەمامک لەسەر رووی خۆی هەڵبگرێت و سیاسەتی ڕاستیی خۆی پێشان بدات.

باقرۆڤ هەر لەسەر قەوام دواتر بە پیشەوەریی گوتبوو:

جەعفەر! گومان لەوەدا نیە کە قەوام پێش هەموو شتێک لە بیری سەرمایەکانی خۆیدایە. سەرمایەکانی خۆی لە ئیمام، پێغمبەر، تۆ و من پتر خۆش دەوێت. ئەو دەیەوێ پارێزگاریی لە سامانی خۆی بکات. تێدەگەیت، یان نا؟ ئەو سۆسیالیستێکی ڕاستین نییە و ناتوانێت ببێت. رەنگە لە دڵی خۆیدا لە ئێمە نزیک بێت. دەیەوێ بە مانەوەی لە پۆستی باڵای دەوڵەتدا، پارێزگاریی لە سەرمایەکانی بکات، بەڵام ئەوەش دەزانێ کە چارەنووسی زۆرێک لەو دیاردانەی بە دراوسێکەیەوە بەستراوەتەوە. لەبەرئەوە ناچارە سازش بکات، بەڵام وا دیارە ئەوانی تر، ئەوەیان ناوێت. ئەوان کەسانی خۆیان هەیە. ئینگلیزەکان بە گشتیی خانمەکەی ئەویان (مەبەست لە شایە و ئاماژەیە بۆ فەوزیە کە لە قاهیرە نیشەجێ بوو) وەک کاڵایەک کە لە گرەوی کەسێکدا بێت، هێشتووەتەوە.

وەک دەردەکەوێ لەوقۆناغەدا چاوەدێری دەزگاکانی شووڕەوی بەسەر ئاکار و کردەوەکانی پیشەوەری دا زیاتر بوو و بە پێی کتێبی "دەستپێکردنی شەڕی سارد لە ئازەربایجان" باقرۆڤ مەجبوور بوو لە ڕۆژی ١٣٢٥/٣/١٥ لە نامەیەکدا، ستالین ئاگادار بکاتەوە و بنووسێ:

دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنامە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران، ئێمە لە وتە و وتارەکانی پیشەوەرییدا هەستمان بە هیچ چەشنە وتەیەکی توند، یان وتەیەکی دوولایەنە نەکردوە، بەڵام فەرمانبەرانی کۆنسوڵخانەی ئێمە، چونکە زمانی ئازەربایجانیی و فارسیی باش نازانن، بە بەردەوامیی ڕەخنەی بێواتە لە وتارەکانی پیشەوەریی دەگرن و ڕاپۆرتی بێواتە و ناڕاست بۆ وەزارەتی دەرەوە دەنێرن. لە ئەنجامدا لە وەزارەتی دەرەوەوە فەرمان دەگات کە پیشەوەریی هۆشیار بکرێتەوە و داوا لە ئێمەش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکەن کە دەربارەی بەشێک لە وتەکانی ڕوونکردنەوە بدەین. ئەو جۆرە کردەوەیە زیان بە پیشەوەریی دەگەیەنێت و کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر ئەو و هاوڕێیانی. ئەوانە لە کاتێکدا دەگوترێن کە ئینگلیزەکان و ئەمریکیەکان لەم دواییانەدا لە ئازەربایجانی ئێران پەرەیان بە دژایەتی کردنی زیانبەخش بە ئێمە داوە و خەریکن بە پشتیوانیی کردن لە گروپ و دەستە کۆنەپەرستەکان، خۆیان بۆ هەڵبژرادنی مەجلیس ئامادە دەکەن. قەوام کە بە وتەی خۆشەویستیی و پێشنیازی باڵیۆزی ئێمە، قازی محەمەدی سەرۆکی کوردستانی بۆ وتووێژ بانگ کرد بۆ تاران، هۆی گومان لە پێوەندیی لەگەڵ ئازەربایجان پێکدەهێنێت. قەوام بە پێدانی بەڵێنی هەمەجۆرە بە قازی محەمەد، هەوڵدەدات کوردەکان لە پەیڕەویی کردن لە تەورێز پەشیمان بکاتەوە. لە هەلومەرجێکی لەم جۆرەدا، ئایا یاساخ کردنی پیشەوەریی ڕێبەری فیرقەی دیموکرات لە قسە کردن سەبارەت بە گرفتەکانی خەبات بۆ بە دیموکراتیی کردنی ئایندەی ئێران دروستە؟

**دووهەم دەوری شەڕ، لە بەرەی سەردەشت**

هێشتا چەند ڕۆژ لە کوتایی وتووێژەکان تێنەپەڕی بوو کە ئەوجار ڕێژیم لە بەرەی سەردەشت را هێرشی هێنا. کۆڵەکەی سەرەکی سەنگەری بەرەکانی شەڕ لە بەرەی سەقز، هێزی بارزانی بوون. لە بەرەی سەردەشتیش، لەگەڵ هێزەکانی بارزانی، هێزی عەشایری و دەستەیەک پێشمەرگەی سابڵاغی جێگیر کرابوون.بۆ پاڵپشتی هێزەکانی ئەو ناوچەیە، مەلا مستەفا و محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی لە سەردانی بەرەی سەقز دا، دەستەیەک لە هێزی بارزانیان ساز دابوو و لە ناوچەی سەردەشت جێگیریان کرد بوو. حامید گەوهەری لەوبارەوە دەنووسێ: دوای ئەو شەڕە، محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری جەنگی کۆمار و ژەنەڕاڵ بارزانیی بڕیاریاندا لە پێشمەرگەکانی ئیحتیاتی هێزی بارزانیی، بەتالیۆنێکی تر پێکبهێنن و ڕەوانەی ناوچەی سەردەشتی بکەن کە دوژمن نەتوانێت لەو ناوچەیەدا زیان بە خەڵک و پێشمەرگەکانی ئەو ناوچەیە بگەیەنێت. ئەو بەتالیۆنە بە فەرماندەیی بەکر عەبدلکەریم حەویزیی لە ناوچەی سەردەشت جێگیرکرا.

دیارە سەرکەوتنی ئازایانەی پێشمەرگە لە شەڕی ساڵح ئاوا، ورەی هێزەکانی عەشایری ناوچەی سەردەشتی زۆر بەرز کرد بووە. حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٢٤٤ بیرەوەرییەکانی دا، باسی شەڕی مەلاشێخ لە ناوچەی سەردەشت دەکا کە ئیران هێرشی کرد بوو و بە ڕادەیەک بە ئازایەتی و لێهاتوویی ساڵحاغای بارزانی سەرسام بووە کە نەبێتەوە و دەگێڕێتەوە کە چۆن ناوبراو ژیرانە فەرماندەری ئەو شەڕەی کرد و هێزی ئێرانی تێکشکاند و دەڵێ کە وێنەی ساڵحاغا لە دنیا دا نییە.

لە درێژەی هێرشی دەوڵەتی ئێران بۆ سەر پێشمەرگە لە بەرەی سەردەشت لە کوردستانی ژمارە ٤٩ دا ئاوا هاتووە:

هیرشی ئیرتجاع

بەرانبەری ڕاپۆرتێکی رۆژی ١٣٢٥/٢/٢٨ گەیشتووە لە بەشی سەردەشت هۆردووی فارسە موڕتەجیعەکان کە عیدەیەک بانەیان دەگەل بوون، هێرشیان بۆ عیدەی حەسەن ئاغای هەنارە و زیرۆبەگ و گەورکەکان هێناوە. لە نەتیجەی دیفاع دا، موڕتەجێعەکان زۆر خراپ شکاون و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەلەفاتێکی زۆریان داوە: ٣٠ کەس لە ... بە دیل گیراون. دوو ئاغا و دوو نۆکەریان کوژراوە ١٤ قەبزە تفەنگ ٤ قەبزە تەپانچە و یەک دوربیین و شەش ئەسپ بە غەنیمەت گیراوە و بە شپرزەیی گەرانەوە دوواوە. بەوەڕا دیارە خودا دەگەڵمانە بکۆشن پیرۆز دەبن.

لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٥٠ دا، لە بەشی دەنگ و باس دا، ئاماژە بە شەڕێکی دیکەی بەری سەردەشت بەمشێوەیە کراوە:

دەنگ و باس لە جەبهەی سەردەشت

خەبەر گەیشتووە کە شەوی چوار شەمموویە پێشمەرگەکانی ئیرتیجاع بە هەورازەی نیزیکی سەردەشت کە پۆستی کوردستانی لێدەبێ پەلاماری دەبن و پۆستەکە دەورە دەدەن و بە خەیاڵی خۆیان بە دەرفەتی دەزانن و پەلامار بۆ ئێلی ئازای گەورک کە کاکەئەڵاغا فەرماندەیان دەبێ دەبەن. لە پاش شەڕێکی زۆر هێزی ئیرتیجاع و کوڕانی



بە زۆر هاتووی ئێرانی ٤٤ کەسیان لێدەکوژرێ و نیزیکی ٤٠ کەسیان بریندار بووە و زۆر بە شپرزەیی دەشکێن و هەڵدێن و لە هێزی کوردستان ٥ کەس بریندارە و سەعید بەگ پیاوی حەمەدی وسێن ئاغا بە دەرەجەی شەهادەت گەیشت و گیانی پاکی دەگەڵ گیانە پاکەکانی شوهەدای ئازادی بوو بە هاودەم...

هەروەها لە کوردستانی ژمارە ٥٢دا، لەژێر بابەتی "دوو ماشین ئازوخە" بەمشێوەیە هاتووە: دوو ماشێن پڕ لە ئازوخە و موهیمات لە قەڵاکۆن سەر رێگای سنە و سەقز وەچەنگ هێزی کوردستان کەوتووە.

مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٧٥ ی چێشتی مجێور دا بێ ئەوە ئاماژە بە رێکەوتی رووداوەکە بکا باسی شەڕی قوڵتە دەکا و دەنووسێ: پایەگای قوڵتەی ٥٠٠ کەس سپای ئێرانی تێدابوو و پێشمەرگە دەوری ئەویان دابوو. شەڕکەرانی کورد جگە لە ٢٠ پێشمەرگە چەکداری سویسنی و گەورکی سەردەشت بوون.

جارێک قەرار بوو ١٥٠ کەس لە لای بانەڕا بێن بۆ رەزگار کردنی قوڵتە، پێشمەرگە شەو لە سەر رێیان کەمینیان داناوە و بەیانی شەر دەست پێکرد و هەموو هێزی دوژمن خۆی بە دەستەوە دا، چەک و چۆڵ لە نێو عەشایر دا بەش کرا.

**وتووێژی بەشی لەشکری لە سەقز**

وتووێژی بەشی ئەرتەش لەگەڵ هێزی پێشمەرگە چەند جار لە بەرەی سەقز و لە تاران، نێوان نوێنەرانی ئەرتەشی ئێران و کۆماری کوردستان دا بەڕێوە چوو. لە رەوتی ئەو وتووێژانەدا جارجار بەشی سیاسیش بەشدار دەبوون. لە تەواوی ئەو چاوپێکەوتنانەدا رەزمئارا رەئیسی ستادی ئەرتەشی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێران بەشدار بوو. ئەو لە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٣٢٥دا، بۆ دانانی نەخشەی هێرش بۆ سەر کۆمار هاتە شاری سەقز. ڕەزمئارا بەر لە هەر شتێک، خەریکی پلان دانانی هێرش و سیخوورِی لە نێو عەشایر و تەیار کردنی بەرەکانی شەڕ و پێکهێنانی ئەمنییەتی ڕێگاکان بۆ پادگانەکانی سەردەشت و بانە، بۆ ناردنی خواردمەنی و ئازووقە و ئاڵوگۆڕی سەرباز و نەخۆش و هەروەها غافڵاندن و سەرلێشێواندنی کوردان بوو.

حەسەن ئەرفەع لە لاپەڕەی ٩١ی کتێبی "کوردەکان" دا لەم بارەوە دەنووسێ:

هەم هێزەکانی حکومەتی ناوەندی و هەم کوردەکان ئەیان ویست کەڵك لەم بەڵگەیە وەربگرن بۆ کات بەسەربردن بۆ ئەوەی هێزەکانیان کۆبکەنەوە. ئێران ئەیویست پاش کۆکردنەوەی هێزی تەواوی، هێرشی گشتی خۆی دەست پێ بکا، کوردەکانیش بە تەما بوون لە دوای گرتنی شارەکانی بانە، سەقز، سەردەشت، بەرەو ئوستانی کوردستان پێشڕەوی بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش لە هەمو شوێنە شاخاوییەکانی دەوروبەر بۆ ڕێگرتن لە بەهێزکردنی پادگانەکانی ئێران پەلاماری هێزە نێردراوەکانیان ئەدا...

جێی ئاماژەیە کە بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٥٢ی ساڵی ١٩٤٦ لە ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٣دا، زەکیل ناپلیۆن پیام نووسی "ئاژانس فڕانس" لە تەورێز را هاتە مەهاباد و لە لایەن خەڵکەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا. ناوبراو لە ماوەی دوو ڕۆژ مانەوەی دا، چاوی بە پێشەوا و سەران و نوێنەرانی کوردستان کەوت و سەردانی دامودەزگاکانی دەوڵەتی و چاپخانەی کوردستانی کرد و لەو زۆر بەداخ بوو کە بۆ دەبێ، کورد ئەو هەموو زوڵمەی لێبکرێ و لە ئازادی بێبەش بێ.

لە درێژەی وتوێژەکانی ڕێژیمی ئێران و نوێنەرانی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان، کاربەدەستانی تاران، هەموو کەلێن و قوژبنەکانیان تاقی کردەوە تا دوای وەدەستهێنانی زانیاری تەواو و هەڵسەنگاندنی هێزی پێشمەرگە، درز بخنە ناو ریزەکانی ڕێبەریی کۆمار. بەو مەبەستە داوایان لە حکومەتی ئازەربایجان و کوردستان کرد کە بۆ چارەسەرکردنی کێشە سەربازییەکان، لەگەڵ نوێنەرانی لەشکری لە سەقز کۆ ببنەوە. ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٥-١٩٤٦/٥/٢٦ بە سەرۆکایەتی جەعفەر ئاغای کەریمی و ئەندامەتی سەرهەنگ دووەم عیزەت عەبدولعەزیز و رائد ئیبراهیم ساڵح لە ماڵی سەرتیپ همایونی کۆبوونەوە.

ڕۆژنامەی کوردستان لە سەر ئەو وتووێژە لە زمانی ئیبراهیم سەلاح، یەکێک لە نوێنەرانی هەیئەتی کوردستان کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٥٣ی ساڵی ١٩٤٦ دا لە ژێر سەردێڕی "نوێنەرەکانی کوردستان و تاران لە سەقز" دا، تۆمار کراوە، زۆر بە وردی باسی ئەو کۆبوونەوە دەکا و دەنووسێ:

ڕۆژی یەکشەممو ٢٥/٣/٥ هەیئەت نمایندەگانی حکومەتی کوردستان گەیینە سەقز. لای ڕۆژئاوا سەرلەشکر رەزمئاراش لە گەڵ سێ نەفەر نمایندەگانی ئازەربایجان: ١- ئاغای جەودەت وەزیری کار ٢- ئاغای عەلیزادە موفەتیشی مەخسوسی جەنابی پیشەوەری ٣- ئاغای ئازەربادگان فەرمانداری مەراغە لە تارانەوە واریدی سەقز بوون. سەعاتێك لە شەو چوو بوو جەلەسە لە مەنزلی سەرتیپ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هومایونی تەشکیل بوو. موزاکەرە تا سێ سەعات و نیو توولی کێشا:

١- سەرهەنگ ٢ عیزەت عەبدولعەزیز بۆ کردنەوەی جەلەسە بە زمانی کوردی بەیاناتێکی زۆر باشی کرد کە جوملە بە جوملە بە زمانی فارسی تەرجومە دەکرا. بینای ئەو بەیاناتە لەسەر ئەوە بوو کە زۆر جێی خۆشوەختییە لە گەڵ برایانی ئازەربایجانی دا دۆستێکی مەحکەم و برایەتییەکی تەواومان بۆ حاسڵ بووە و لەم جەلەسەش دا وادیارە کە برایانی فارس مەیلیان لەسەر حوسنی تەفاهومە کە تەقازایان کردوە ئەمە بێینە سەقز و ئاغای سەرلەشکریش بۆ موزاکەرات لە تارانەوە هاتۆتە ئێرە. تا ئێستا کە دو برای ئازەربایجانی و کورد دەستیان پێك دابوو هەویایان هەیە کە لە گەڵ برایانی فارسیش دا لە سەر ئەسلی برایەتی موافەقەت حاسل ببێ و ببینە سێ برا.

٢. ئاغای سەرلەشکر رەزمئارا لە پاش بەیاناتی برای خۆشەویست سەرهەنگ ٢ کاك عیزەت مەنزوری جەلەسەی بەیان کرد کە: چونکو بەمزوانە دوبارە موزاکەراتی بەینی دەوڵەتی مەرکەزی تاران و نمایندەگانی ئازەربایجان و کوردستان دەست پێ‌دەکرێتەوە لەبەر ئەوە کە موزاکەرە لە سەر ئەسلی حوسنی تەفاهوم قەرار بگرێ، وا بە چاك زانرا کە ئەم مەجلیسە لێرە تەشکیل ببێ و کارێکی وا بکەین لە تەواوی جەبهەدا تا دوایی موزاکەرە ئارامی بەرقەرار بێت.

٣- سەرهەنگ ٢ کاك عیزەت جوابی داوە کە ئەسڵی هاتنی ئێمە لە سەر ئیعتیبارنامەیەکە بە ئێمە دراوە و ئەوەیە کە سابیت بکرێ شەڕی قارەوا بڕواری ٩ ی بانەمەڕ هەوەڵ جار حەملە لە تەرەف کێوە بووە؟ جا لەسەر ئەم ئەسڵە چەندین دەلیلی بەیان کرد. لەوانە یەکێك ئەوە بوو: بە هەموو قاعیدەیەکی حەربی هەمیشە تەلەفات لە عیدەی موهاجیم زیاتر دەبێ. چۆن لە عیدەی نیزامیی ئێران لەو شەڕەدا تەلەفاتێکی زۆر بووە و لە عیدەی ئەمە یەکێك خوێن لە قامکی نەهاتووە، ئەوە خۆی دەلیلە کە عیدەی نیزامیی ئێران حەملەی کردوە بۆیە لێ‌یان تەلەف بووە. ئەمما هی ئێمە چون لە سەنگەری خۆیان دا بوون گوللە نەیگرتوون. دەلیلێکی دی ئەوەیە لە ئەسیرانی خۆتان کە لە مەهاباد و تەورێزن بپرسن تا لێتان مەعلوم بێت کە نیزامیی ئێران حەملەی کردوە. سەرتیپ هومایونی گوتی: من عیدەیەکم بۆ شیمالی سەقز نارد بوو ئەما نە چوو بوونە خاکی مەهابادەوە. لەو سورەتەدا، ئەوە بە حەملە مەحسووب نیە.

سەرهەنگ ٢ کاك عیزەت لە جوابی دا وتی: سەقز و مەهاباد لەیەک جوێ نین هەردووک خاکی کوردستانن هەر کوێ کوردی لێیە ئێمە بە هی کوردی دەزانین. لەو بەینەدا برای خۆشەویست کاپیتان سەعیدزادە لە سەر دووسێ مەتڵەبی دی لە قەبیلی فڕینی تەیارە و هێندێ شتی دی پیلەی بە سەرتیپ هومایونی گرت. چۆن سەرتیپ هومایونی دەلیلی حەقی بە دەستەوە نەبوو ناچار لە مەجلیس وەدەر کەوت ئیدی نەهاتەوە. لە ئاخر دا ئاغای سەرلەشکر رەزمئارا ئێقراری کرد کە لەوەدا عیدەیەک لە سەقزەوە نێردراوە بۆ سەر عیدەی کوردستان هیچ قسەی تێدانییە. مەوزوعی حەملە بەو جورە لە جەلەسەی رەسمی دا مەعلوم بوو کە خەتای نیروی ئێران بووە.

٤- مەوزوعی بەرقەراری ئارامی لە جەبهەدا لە پاش گفتوگۆیەکی و موتالەعەی نەخشەجاتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیزامیی ئێران، به ئیتیفاقی ئارا قەرار کرا تا تەواوبوونی موزاکرە هیچ لایەك حەقیان نییە بچنە پێشەوە. دەبێ هەر کەس لە هەر جێیەك هەیە رابوەستێ و هیچ لاش حەقیان نیە تەقە بکەن. زیمنەن سەرلەشکر رەزمئارا تەقازای کرد کە هێزی کوردستان چوارهەزار گەز لە دەرەوەی سەقز دورەوە کەون و سێ هەزار گەزیش لەسەر جادەی بەینی بانە و سەقز بکشێنەوە و بۆ لای خۆراوا تا نیزامییانی ئێران بتوانن بە ئازادی بۆ عیدەی بانە و میرەدێ ئازوخە بەڕێ بکەن و لە موقابیل دا ئیمزایان دا کە تەیاراتی ئەوان هەر بە سەر جادەدا حەقی حەرەکەتی ببێ و عەلاوە ٣ نەفەر نمایندەی خۆمان هەمیشە لە سەقز و بانە و سەردەشت دا هەبێ و نازری کاری ئەوان بن کە عیدە و موهیمات بۆ ئەو سێ نوختە لە تەرەف دەوڵەتی ئێرانەوە بەڕێ نەکرێ. ئەمما ئەگەر عیدەیان بۆ عەوەز کردنی نەفەراتێك کە وادەی خزمەتیان تەواو بوو بێت مانیع نەبن. ئەم مەوزوعە بە مەقاماتی بەرزی مەرکەزی خۆمان عەرز کرا. لە جواب دا فەرمویان کە لەسەر ئەسڵی ئیحترام دوو تەڕەفی ئێمە هەرچەند بکشێینەوە دواوە نیزامیانی ئێرانیش هەر بەو قەوارە دەبێ بکشێنەوە دواوە. تەنیا غەیرە مومکینە و هەر جێیەک کە ئێشغاڵمان کردوە هەرلە دەست ئێمەدا دەبێ و جادەش بە جێناهێڵین. هەر بەو جۆرە لە جەلەسەی رەسمی دا بە ئاغای سەرلەشکر رەزمئارا جواب دراوە.

٥- لە مودەتی ٣٨ سەعات دا کە ئێمە لە سەقز بووین فەرماندەی نیزامیانی ئێران چەندجار هاواری بۆ ئێمە نارد کە ئەوا لە میرەدێ شەڕە ورن مەهێڵن. ئەوا جادەی بەینی سەقز و سنە هێزی کوردستان داگیری کرد بچن بیانگێڕنەوە. تا وابوو بۆوەی نەهێڵن تەقە بکرێ نوێنەرەکانی کوردستان لە ماشین دا کە بەیداغی شەهامەتی کوردستانی لەسەر دەلەراوە لە سەقزەوە بەسەر جادەی بانەدا، هاتینە حەرەکەت و لە پشت سەر ئەوانەوە ماشینی نیزامیانی ئێران کە یەکێك لە نومایندەکانی و دو سەرهەنگی ئێرانی تێدا بوو، لە ژێر پەناه و حیمایەتی بەیداغی بەرزی کوردستان دا هێواش هێواش بە دوای ئێمە دا دەهات. لە ئایچی، لە تەموغە، لە بەلەجەر و لە ئەغلەبی کێو بە چاوی خۆیان عیدەی مونەزەمی پێشمەرگان و سەرکردانی کوردیان دەدی کە چون لە کەمالی شەهامەت و بێباکی دا ئەو جێیانەیان داگیر کردوە و مونتەزیرن بە مەحزی سادربوونی فەرمان قەلبی دوژمن هەڵدڕن.

یەکێك لە نوێنەرەکان ئیبراهیم سەلاح

**بەشداریی بەشی سیاسی لە وتووێژەکانی سەقز**

چەند رۆژ دوای کۆبوونەوەی بەشی لەشکری لە سەقز، هیئەتێک لە نوێنەرایەتی کوردستان بۆ چارەسەری هێندێک کێشە و گیروگرفت چوونە سەقز. لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٥٢ باسی چوونی ئەو هەیئەتە هاتووە و تێیدا نووسراوە:

نوێنەری کوردستان بۆ سەقز

رۆژی ١٣٢٥/٣/٨ ساتی ٤ پاشنیوەڕۆ جەنابی حاجی سەید بابا شێخ رەئیسی هەیئەتی رەئیسەی میللی کوردستان و ئاغایانی مەناف کەریمی و ئەحمەد ئیلاهی بۆ گفتگۆ دەگەڵ نوێنەرەکانی تاران



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ حەلی هێندی جودایی لە نێوان هەردوو حکومەتدا چوون بۆ سەقز. هومێدمان وایە نوێنەرەکانی کوردستان بە مۆفەقییەت بگەڕێنەوە.

یەکێک لە فەرماندەکانی بانە بە ناوی عەبدوڵڵای سەرحەدی، بە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٣/١٣ لە نامەیەک دا بۆ حەمە رەشیدخان فەرماندەی بۆکان و سەرا دەنووسێ کە حاجی بابا شیخ فەرمانی بە ژێنراڵ عومەرخان کردوە کە پێش بە هاتووچۆی ماشێن بۆ سەردەشت و بانە نەگرێ.

مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٨٠ ی چێشتی مجێور دا، لەوبارەوە دەنووسێ کە جارێک بڕیار درا کە دەوڵەتی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان پێکەوە لەگەڵ رەزمئارا وەک نوێنەری دەوڵەت لە سەقز دانیشتن بکەن. هەیئەتی کوردستان بریتی بوون لە حاجی بابا شێخ و مامۆستا هەژار کە دوایە سەدروئیسلام و زەبیحی‌شیان پێوە زیاد بوو. لە دانیشتنەکە دا بڕیار درا، دەوڵەت شارەکانی بانە و سەردەشت و تکاب چۆل بکا و دەوڵەتی ئازەربایجانیش زەنگان بەجێ بێڵێ. بەلام تا بەڕێوەبردنی ئەو کارە دەبوایە دەوڵەتی کوردستان، لە ژێر چاوەدێری زەبیحی و مامۆستا هەژاردا، رێگا بە ئەرتەشی ئێران بدا ئازوقە بۆ لەشکرەکەیان لە بانە بنێرێ.

بە گشتی ڕووداوەکانی ئەم سەردەمە ناروون و نادیار و پڕ لە گرێ و گۆلن. مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی ٢٣ دا لە باس لەسەر کەسایەتی حاجی باباشێخ، ئاماژە بە دەنگۆی بڵاوەپێکردنی هێزی پێشمەرگە لە بەرەی سەقز و سەردەشت دەکا و دەنووسێ:

لە نووسراوی چەند پیاوی بێخەبەردا دیومە و لە خەڵکی ساکاریشم بیستووە تاوانی خەیانەت وەباڵ حاجی باباشێخ دەدەن. من حاجی باباشێخم خۆش نەدەویست. چوونکە لەگەڵ ئەوەش دا دەیانگوت لە علوومی دینی دا زۆر شارەزایە و ریازیاتی کۆن زۆر باش دەزانێ، پیاوێکی زۆر کۆنەپەرەست و کەللەڕەق و خۆپەرەست و ناشارەزا بوو. بەڵام زۆر راست و پاک و ئازا و بە بیروبڕوا بوو. بە هیچ بارێک تاوانی خەیانەتی پێوە نانووسێ. لە کاتی وتوویژ لە گەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزی دا دوور نییە فریوی خوارد بێ و بە هەڵە چوو بێ. بەڵام لە ڕێگای راست لای نەداوە.

بڵاوە پێدانی گەمارۆی دەوری سەقز و سەردەشت و خوڕخوڕە کە تاوانەکەی دەخەنە سەر حاجی باباشێخ پێوەندی بە مەسەلەیەکی قووڵ و نەهێنی سیاسییەوە هەیە کە لیرەدا جێگای باس کردن نییە و با جارێ دەرخۆنەی لەسەر دابنێین و زۆر دەستەڵاتی حاجی باباشێخ بەرەوژوورتر بوو. حاجی باباشێخ ئەوەندەی دەستەڵات نەبوو فەرماندەکانی دەوروبەری ئەم شارانە بە قسەی بکەن و بکشێنەوە. خۆ ئەو هیچ مەسئولییەتی لەشکری نەبوو، لەشکری کوردستانیش وەک لەشکرێکی رەسمی بە قسەی فەرماندەکانی خۆی دەکرد نە بە قسەی سەرۆک وەزیرێکی بێدەستەڵاتی غەیرە نیزامی. هیوادارم بەم کورتە نووسینە خوێنەرەکانم روون کرد بیتەوە.

**دیسان پەلاماری دوژمن لە بەرەی سەقز (نەسرئاوا)**

هەروەک باس کرا لەگەڵ هەر وتوویژێک، هێزی نیزامی ئێران دەستی بە پەلامار دەکرد و شەڕ و گفتگۆ لەگەڵ کورد سیاسەتی سەرەکی ڕێژیمی ئێران بوو. هەرچەند لەکاتی وتوویژەکان دا، نوێنەرانی ئێران بە پێی ماهییەتی ریاکارانە و فێڵبازانەیان، خۆیان بێ خەتا و بێ گوناح نیشان دەدا،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام هەر ئەوان بوون کە هەموو بەڵێنییەکانیان دەشکاند و پارێزەری قسە و قەولەکانی خۆیان نەبوون. کورد گوتەنی لە پیکیشیان دەدا لە ماپیکیش. لە کوردستانی ژمارە ٦٠ لە بابەتی "دیسان پەلاماری مورتەجعین" دا، دوای ئاماژە بە کردەوەکانی ئەرتەش بە ئاشکرا رەخنە لە قەوام دەگیرێ و بەوە سەرسامە کە لە لایەک نوێنەرانی دەوڵەت لەگەڵ ئازەربایجان و کوردستان وتووێژ دەکەن و لە لایەکی دیکە فەرمان دەدرێ کە لە بەرەی سەقز هێرش بکرێتە سەر پێشمەرگە. لەو نووسراوەدا قەوام ئاگادار دەکرێتەوە کە ئەگەر مەبەستی خافڵاندنی هێزی دێموکراتە ئەو خەیاڵە لە سەر لاببا و ئەگەر بە فەرمانی ئەویش نییە ئەوە بابزانێ کە فەرماندەکان لە ژێر ئەمری ئەو دانیین.

بە پێی هەواڵەکانی رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٥٤ هەر ئەو رۆژە کە هەیئەت لە مەهاباد را بەرەو سەقز وەڕێکەوت هێزەکانی رێژیم لە کێوی نەسرئاوا دەوری پێشمەرگەیان دا کە بە کوژرانی شەش سەرباز و جاشێک تەواو بوو. ئەو سەرچاوەیە بە چەشنی خوارەوە باسی ئەو شەڕە دەکا:

لە کێوی نوسرەت ئابادی پشتی سەقز لە رۆژی ٢٥/٣/٨ کە هێزی کوردستان لە ژێر فەرمانی محەمەد حوسێن هەرکی دادەنیشن لەو رۆژە دا هێزی ئێرانی دەوریان دەدەن کە عدەی کوردستان ئەسیرکەن. وەلی پاش زەدوخوردێکی زۆر چوار سەرباز برێندار و سەربازێکی بێچارەی ئێرانی دەکوژرێ و دوو ئەسپ و تفەنگیان لێ بەجێماوە و هەر لەو رۆژەدا شەش ئەمنیە و کوردێکی لە عێلی بێباکی تیلەکۆ کە بە پووڵ هەڵفریواندبوویان بە وەسیلەی عیدەی کوردستان لە ژێر فەرماندەی نورکو کوژران.

تاهیر خانی شکاک کە بۆ بە هێز کردنی بەرەی سەقز هاتبووە ئەوێ بە رێکەوتی١٣٢٥/٣/٩ لە نامەیەک دا بۆ حەمە رەشید خانی بانە دەنووسێ کە دوژمن لە "ئالبالو" هێرشی هێنا و هێزەکانی ئەوان بەربەرەکانییەکی سەختیان کرد و دوژمنیان شکاند و چەند کەسیان لێکوشتن و دوو کەسیشیان لێگرتن و پشمەرگەیەکیش شەهید و یەکیش برێندار بوو. تاهیرخان دەنووسێ کە لە شوێنەکانی دیکەش شەڕ و بەربەرەکانی رووی داوە.

بە پێی لاپەڕەی ١٦٧ کتیبی بیهزادی خۆشحاڵی، عەلی بەگی شێرزاد لە نامەیەک دا بۆ ژێنراڵ حەمە رەشیدخانی بانە بە رێکەوتی ١٣٢٥/٣/١٠ دەنووسێ کە لە هێرشی رێژیم بۆ سەر "ئەلکۆ" و ئاوایی "مەحموودئاوا" دەستەی تاهیرخان و دەستەی محەمەد حوسێن بەرگریان کردووە و فیشەکیان نەماوە.

هەر بە پێی لاپەڕەی ١٦٥ ئەو سەرچاوەیە، ژێنراڵ حەمە رەشیدخانی بانە لە رێکەوتی ١٣٢٥/٣/٩ لە نامەیەک دا وەزارەتی دیفاع ئاگادار دەکا کە تاهیرخان و نووری عەباس نژاد، فەرماندەرانی عەشیرەتی شکاک و عەشیرەتی بەگزادە ئاگاداریان کردوە کە ٤٠٠ سەربازی دوژمن بە مەبەستی ئەسیرکردنی پێشمەرگە هیرشی کردوە و بەڵام پێشمەرگەکان دەستیان کردوتەوە و چەند کەسیان لێ کوشتوون و چەندیشیان لێ بە ئەسیری گرتوون و دەستیان بەسەر دوو ماشینان داگرتووە. لە هێزی شکاک یەک کەس شەهید و یەکیش برێندار بووە.

لە نامەکانی ئەحمەدی فاروقی و عەلی بەگی شێرزاد، فەرماندەکانی بەرەی شەڕ بۆ فەرماندەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێزی بۆکان و سەرا بە ڕێکەوتەکانی ١٢ و ١٣ و ١٣٢٥/٣/١٤ ئاماژە بە چۆڵ کردنی بەرەی شەڕ و تاڵانی ماڵی خەڵک لە لایەن هێزەکانی شکاکەوە (تاهیرخان و ڕەشید بەگی هەرکی، تەهائاغا هەرکی و قادرئاغا) کراوە و عەلی بەگی شێرزاد دەڵی کە هەوڵیان لەگەڵ دەدرێ کە بەرە بەجێنەهێڵن.

لە بەرانبەر دا تاهیرخانی سمکۆ بە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٣/١٤ بۆ حەمە ڕەشید خانی بانە (فەرماندەی هێزی بۆکان و سەرا) دەنووسێ کە بەرەیان بە جێنەهێشتووە. دوای چەند شەڕی سەخت فیشەکیان پێنەماوە بە ناچار کەمێک هاتوونە دواوە. تاهیرخان دەنووسێ کە دەتانەوەی ٢٠٠٠ فیشەک بۆ ١٦٠٠ کەس بنێرن، بە دەردی چ دەخوا؟

تاهیرخانی سمکۆ بە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٣/١٥ لە نامەیەک دا بۆ حەمە ڕەشید خانی بانە، دوای ئەوە سوێند دەخوا کە بە زۆر هیچ شتێکی لە خەڵک وەرنەگرتووە، دەڵێ کە محەممەد حوسێن بۆتە هۆی ناڕەزایەتی خەڵک، چوونکە نەمهێشتووە ڕەعییەتەکانی بچنە سەقز.

هەر بە ڕێکەوتی١٣٢٥/٣/١٤ محەممەد نانەوازادە، جێگری سیاسی وەزارەتی بەرگری لە نامەیەک دا بۆ حەمە ڕەشید خانی بانە (فەرماندەی هێزی بۆکان و سەرا) دەنووسێ کە بە پێی هەواڵ هێزی شکاک لە بەرەی خۆیان پاشەکشەیان کردەوە و لەوبەری پردێ جێگیر بوون. بۆیە لە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٣/١٣دا، چووم بۆ لێکۆڵینەوە. نووری بەگ لە "بەردە زەرد" و عەبدەڵی لە "یەنگی کەند" و تەها ئاغا و ڕەشید بەگ لە قەڵاگا جێگیر ببوون. هەموویانم لە "یەنگی کەند" کۆکردەوە و هۆی ئەو کارەم پرسی، کوتیان بە هۆی نەبوونی فیشەک ناتوانن بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمن بکەن. فیشەکم دانی و هانم دان کە بگەڕێنەوە جێگای خۆیان بەڵام بەشک بوون و هەر لە قەراغ چۆمی بەرەیەکیان کردەوە و لە دێهاتەکەی جێگیر بوون. ئەوان دەیانگوت کە پێویستە هێزی "زەرزا" و مامەش" بچنە لەگز.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٢٢٩ بەشی یەکی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." ئاماژە بە شەڕی تاهیرخانی شکاک و ... دەکا و دەنووسێ: وردە شەڕێکی تاهیر خانی سمکۆ!

بە برواری ١٩٤٦/٥/٢٧ لەشکری تاهیرخان و نووری بەگی هەرکی هێڵی هاتووچۆی نێوانی سەقز و سنەیان بڕیبوو و دەوڵەتی ئێرانیش بۆ ئازادکردنی خەتی ناوبراو لە ڕۆژی ١٩٤٦/٥/٢٨ دا بە چوارسەد نەفەری سەرباز و ٢ تانک وە چەند ئوتۆمۆبیلی زرەپۆش چووبوونە سەر تاهیر خان لە ڕێگای لەگزی – نیزاوا- کەریم ئاوا- عارەب ئوغلو- سنتە - ساحەب بە یارمەتی٢٠٠ سواری تیلەکۆ و گوڵباخی یەوە.

ئەو لەشکرە لەو شوێنانەدا لەگەڵ لەشکری تاهیرخانا ئەکەونە شەڕەوە ئەو قوڵەشەرە بە کوژرانی نەفەرێکی شکاک و بریندار بوونی نەفەرێکی هەرکی و کوژرانی ئەسپێک و کوژرانی ٨ نەفەر سەربازی ئێرانی و گرتنی دوو ماشێن باری و یەک شەست تیر دوایی هاتبوو. ئەو ڕووداوە بە ژمارە ٣٦٩ و ڕۆژی ١٩٤٦/٥/٣٠ پێشکەش بە وەزارەتی جەنگی دیمۆکرات کرا.

هێزی دەوڵەتی ئێران بۆ وەرگرتنەوەی ماشێنەکە بە دیل گیراوەکان لە ڕۆژی ١٩٤٦/٥/٣٠ دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەلاماری هێزی تاهیر خان و نووری بەگی کە مەشهوور بوو بە عەبباسی نیژاد و حەمەحسین خان و رەشید خانی هەرکی ئەدەن لە ژێر نومایشی دوو تانکدا. دوایی ئەو جەنگە بە کوژرانی ٦ نەفەری سەربازی ئێرانی و بریندار بوونی نەفەرێکی شکاک و وەرگرتنەوەی ماشینەکان هات.

تانکەکان کە ئەزانن لەشکری تاهیرخان چەکی دژی تانکیان پێنییە بەبێ ترس هەڵئەکوتنە سەر لەشکری تاهیرخان وە ماشینەکان رائەکێشنەوە بۆ سەر رێگای گشتی.

بەڵام بێ فیشەکی ئەو رۆژە ورەی شکاکەکانی بەردابوو. لەترسی پەلاماردانەوەی رۆژی دوایی. لەشکری تاهیرخان کشابوونەوە بۆ دواوە لە دێهاتی نەوبار – قەلەندەر ئیستحکاماتیان کردبوو.

حەمەرەشیدخان بەو کشانەوەیان زۆر تووڕە بوو، دوو نووسراوە بە ژمارە ٣٨٩ و ٣٩٤ رۆژی ١٩٤٦/٦/١ بۆ تاهیرخان و نووری بەگ ئەنووسی.

رونووسی نووسراوەکان

مێژووی سەربازی ئەو کردەوەی ئێوە زۆر بە نەننگ ئەزانێ. کەوا بە بەهانەی بێ فیشەکی و نەبوونی چەکی دژی فرۆکە و تانک، هەلتانداوە بە دوژمن و رێگاکانتا بۆ ئازاد کردون. ئەو رووداوە بە تەواوی لەکەیەکی ناشیرین بەسەر مێژووی کورد و ئاڵاکەی دا هێناوە. بە تایبەتی کە عەشیرەتی شکاک کە هەتا ئێستا مێژووی کورد، بەمان جوان و ئارایشت درابوو. زۆر جێگای داخە کە ئەو مێژوو پڕ لە شەڕافەتەی شکاک بە هۆی بێ ورەیی تاهیرخان بسڕێتەوە. جا بۆ ئەوەی کە ئەو لەکەیە بە خوێنی سەربازی شەرافەتمەندی شکاک بشوورێتەوە و ئەو تاریخە پڕ شەرافەتەی ئیسماعیل خان هەر وەکو خۆی بە جێگای شانازی و ستایشی هۆزی کورد بمێنێتەوە.

پێویستە بە گەیشتنی ئەو نووسراوە بگەرێتەوە بۆ جێگای خۆتان و بە هەرزان و گران پردی ساحەب تێکبدەن بۆ ئەوەی تانکەکان نەتوانن لە چەمی ( جەغەتوو) بپەرنەوە.

قادرخان زادە محمد

فەرماندەی هێزی بۆکان و سەقز

بەراستی ئەو نووسراوانە تەئسیرێکی زۆری کردبوو سەر گیانی تاهیرخان و نووری بەگ، هەر دەست بەجێ گەرابوونەوە بۆ جێگای خۆیان و وەکو پێشوو رێگاکانیان ئابلۆقە دابووە.

بەڵام هەتا دوایی پێویست نەیانتوانی بوو پردی ساحەب بروخێنن و خۆیان لە بەڵای تانکی ئێرانی یەکان دوور بخەنەوە.

حەمە رەشید خانی بانە (فەرماندەی هیزی بۆکان و سەرا) لە وەزعییەتێکی ئەوتۆ دا، بە رێکەوتی ١٣٢٥/٣/١٠ لە نامەیەک بۆ قازی محەممەد دەنووسێ کە ئەمیر ئەسعەد و سەیفوڵاخانی ئەردەڵان و سەرهەنگ پزشکیان چوونە سەقز تا ئامادەگی تەواو بۆ پروپاگەندە و ئاژاوە و گێرەشێوێنی لە نێو عەشایر دا پەرە پێبدەن بۆیە داوا دەکەم فەرمانی هێرش بۆ سەر دوژمن بدرێ.

**وتووێژی بەشی لەشکری لە تاران**

هەر لە چوارچێوەی دانیشتنەکانی لەشکری دا، لە کوردستانی ژمارە٥٣ دا لە بەشی دەنگ و باس دا ئاماژە بە دەست پێکردنەوەی وتووێژی نێوان تاران و کوردستان و ئازەربایجان دەکرێ و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوبارەوە ئاوا هاتووە:

ڕۆژی پێنجشەموو هەیئەتێکی نمایەندەگانی تەورێز بۆ موزاکرات دەگەڵ تاران تەشکیل دراوە و قەرار بووە بنابە پێشنەهادی ئاغای قەواموولسەلتەنە لە حکومەتی ئەکرادیش تەعین بکرێ و بەو مناسبەتە جەنابی ئاغای پیشەوەری بە جەنابی ئاغای قازی محەمەد پێشەوای بەرزی کوردستان ئیتلاع داوە و تەقازای کردوە لە تەرەف کوردانەوەش سێ نەفەر نمایەندە تەعین و قەرارە ڕۆژی جومعە لە تارانێ موزاکرات دەست پێبکەن و لە تەرەف دەوڵەتیش ئاغای سەرلەشکر ڕەزمئاڕا و سەرهەنگ پزشکیان و بەعزێک لە گەورە گەوران تەعین کراون دەو مەجلسەدا حازر بن.


قازی محەمەد و مزەفەر فیروز

ڕێکەوتی چاپی ئەو ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان ڕێکەوتی دووشەمە ١٣ ی جوزەردان بوو کەوابوو پێنج شەمە دەبێتە ڕێکەوتی١٣٢٥/٣/١٦. هەر لەو پەیوەندیەدا سەعید خانی هومایون لە لاپەڕەی١٠١ی کتێبی "پیشەوای بیداری" دا، دەنووسێ کە جارێک لە تاران سێ نوێنەری کورد و ئازەربایجان لەگەڵ ڕەزمئارا چاویان پێککەوت و لە سەر ئەوە ڕێککەوتن، کە پێشمەرگە هێرش نەکا و ڕێگا بدرێ کە ماشێنی ئازووقە بۆ پادگانە گەمارۆ دراوەکانی سەردەشت و بانە، بنێردرێ. سەعید خان لە درێژەدا دەنووسێ کە دوایە هەیئەتێک بە بەرپرسایەتی مزەفەر فیروز جێگری سەرۆکی وەزیران "قەواموولسەلتەنە" بۆ درێژەی ئەو وتووێژانە دیاری کرا.

سەعید خان لەو بڕوایە دایە کە دیاری کردنی ئەو هەیئەتە لە ڕاستی دا بۆ خافڵاند و بەدوای دەرفەت گەڕان بۆ هێرشی دەوڵەت بەسەر کۆماری کوردستان بوو. لە ڕاستی دا دەوڵەت لە لایەک خەریکی درێژەدان بە وتووێژ کردن لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان و کوردستان بوو لە لایەکی دیکە خەریکی بە هێز کردنی پادگانەکانی سەقز و بانە و سەردەشت و سنە بوو.

بابەتێکی دیکە کە بە نەهێنی، کاری زۆر لەسەر کرا و کێشەی سەرەکی دوارۆژی کۆمارەکان بوو، ئاژاوە و کێشە سازکردن لە نێو عەشایران دا بوو. لە کوردستانی ژمارە ٥٣ دا لە بەشی دەنگ و باس دا ئاماژە بەشەری نێوان عەشایر و هێزەکانی ئازەربایجان دەکا. بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە کراوە دەرکەوتووە کە: ... ئاغای یەمینلەشکر لە سائینقەڵا و ئەتراف تەحریکات بەرعەلەی دێموکراتی کردوە و سێ نەفەریش لە ئەفرادی ئازەربایجانی کوژراوە. نەتیجەی عەمەلیات دوایی مەعلووم دەکرێ.

هەروەها لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە٥٧دا، برایم نادری لە نووسراوەیەکی فارسی دا بە جوانی ئاماژە بە ئاژاوەکانی ئەرتەش و کۆنەپەرەستانی نێوخۆی دەستەڵاتی ئێران دەکا و دەڵێ کاتێک کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نوێنەرانی کورد لە تاران خەریکی وتوویژ لەگەڵ دەوڵەت بوون، لە نەکاو ئەرتەش لە لای بەرەی سەقز را هێرشی بۆ سەر پێشمەرگەی کوردستان هێنا.



بە گشتی کۆبونەوەنەکانی نیزامی سەقز و تاران زیاتر بواری نیزامی، وەک پاراستنی هێمنی ڕێگاوبان و هێرش نەکردنە سەر یەک و ناردنی ئەرزاق و ئاڵووگۆڕی سەرباز و نەخۆش و هەروەها غافڵاندن و سەرلێشێواندنی کورد بوو و کەمتر پەیوەندی بە باسی سیاسییەوە هەبوو.

**ڕێکەوتنی رواڵەتی هەیئەتی تاران و کورد و تورک لە تەورێز**

ڕۆژی ١٣٢٥/٣/١٨ هەیئەتی نوێنەرایەتی ئێران بە سەرۆکایەتی موزەفەری فەیروز گەیشتە تەورێز. ئەو هەیئەتە بریتی بوون لە موزەفەر فیروز جێگری سەرۆکی وەزیران و ئەبولحەسەنی سادقی جێگری وەزیری ڕێگا و بان و موسەویزادە.

هەر ئەو رۆژە دەوڵەتی رووس چوارچێوە و شێوەی هەڵسوکەوت و چەشنی داواکاریی لە وتوویژەدا، بۆ رێبەرانی فیرقە دەست نیشان کرد. بە پێی کتێبی دەستپێکردنی شەڕی سارد، میر جەعفەر باقرۆڤ دوای هاودەنگی کردنی لەگەڵ مۆلۆتۆڤ دەربارەی دوا پلانی ڕێککەوتنی سادچیکۆڤ - قەوام، لەسەر کێشەی ئازەربایجان، لە ڕۆژی ١٣٢٥/٣/١٨- ١٩٤٦/٦/٨ لە نەخجەوان چاوی بە پیشەوەریی، شەبستەریی، جاوید و پادگان کەوت. نوێنەرانی فیرقە جگە لە خاڵێک نەبێ، هاودەنگیان لەگەڵ ئەو پلانە دەربڕی. ئەوان داوایان دەکرد کە زەنگان لە سنوری ئازەربایجاندا بمێنێتەوە، بەڵام قەوام دژی ئەو داوایە بوو. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا پەرە بە پەیوەندی نێوان دیموکراتەکان و حیزبی تودە بدرێت و بە یارمەتی باڵۆیزخانەی سۆڤیەت لە تاران، لە ڕێبەرایەتی حیزبی تودەدا گۆڕان پێک بێت و کامبەخش یان کەشاوەرز ڕێبەرایەتی حیزبی تودە بە دەستەوە بگرن. لەگەڵ ئەوەشدا بە چاک زانرا کە ئازەربایجانییەکانیش بەشداری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودە بن. هەروەها بڕیاردرا هەموو ئەرشیڤەکانی فیرقەی دیموکرات و حکومەتی نەتەوەیی لە تەورێزەوە بگواسترێنەوە بۆ یەکیەتی سۆڤیەت.

عەلی مرادی مەراغەیی لە لاپەڕەی ١٧٧ کتێبی "ئینکار و مقاوەمەت"دا لەسەر ڕێکەوتنی مزەفەرفیروز لەگەڵ فرقە لە رۆژی ٢٤ جۆزەردان لە تەورێز دەنووسێ مەجلیسی میللی بوو بە مەجلیسی ئیالەتی و دوای دوو رۆژ پیشەوەریش دەستی لە پۆستی سەرۆکی وەزیران کێشاوە و

وەزارەتخانەکان بوون بە ئیدارەکان. دیارە دوکتور جاوید و دوکتور مەهتاش لەسەر رەزایەتی شا بوون بە پاریگار ئازەربایجان و فەرمانداری تەورێز. باقرۆف دژی ئەوە بوو کە جاوید ببێ بە پارێزگاری ئازەربایجان و بە کەسێکی ترسەنۆکی دەزانی و ئەو موافقی سادقی پادگان بوو.

لە هێندێک سەرچاوەدا باس لەوە دەکرێ کە تاران و ئازەربایجان، کوردستانیان قرت کردوە و لە وتوێژەکان دا کورد بەشدار ناکەن و دەنووسن بە نیزیک بوونەوەی تاران و تەورێز، دەوڵەتی ئازەربایجان، سەرەڕای پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ حکومەتی کوردستان، بەڵێنییەکانیان شکاند و کوردستانیان وەک بەشێک لە ئازەربایجان بە حیساب هێنا و بۆ کوردستان حەقی هاوبەش قایل نەبووە. پلانی وەلانانی نوینەرانی کورد هەم لە چوونی هەیئەتی ئازەربایجان (جاوید و شەبستەری و پادگان) بۆ تاران و هەم لە هاتنی موزەفەر فیروز بۆ تەورێز بەرچاو بوو و لەگەڵ کێشەی کورد وەک کێشەیەکی لاوەکی سەر بە دەوڵەتی ئازەربایجان چاوی لێدەکرا.

نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەی ٢٢٧ی کتێبەکەی دا دەنووسێ کە خولی دووەمی گفتوگۆکانی ئازەری - ئێرانی مەسەلەی کوردی بردەوە بۆ دواوە و خستیە ناو سەبەتەی ئازەربایجانەوە. یەکەم، لەم گفتوگۆیانەدا نوێنەری کورد بەشدار نەکران. نوێنەرانی ئازەربایجان لە باتی هەر دوو نەتەوەدا قسەیان لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی ناوەندی ئەکرد.

مۆبلی بە شێوەیەکی دیکە باسی لە دانیشتنی تایبەتی مانگی ژوئەن دەکا و دەڵێ کە ئازەرییەکان بەرژەوەندی هاوبەشی رێکەوتنەکانی پێشووی کورد و خۆیان وەلانا و کۆماری مەهابادیان پشت گوێ خست. ئەو کارە نارەزایەتی پێشەوا قازی محەممەدی لێکەوتەوە. لەوبارەوە لە لاپەرەی ٧٦ی کتێبەکەی دەنووسێ:

دێموکراتەکان کە بە پەلە موافقەتیان کرد بوو بۆ هاوکاری لەگەڵ ئێران، لەگەڵ نارەزایەتی ئاخر دەقیقەی قازی محەمەد رووبەروو بوون لەمەڕ پێکهاتەی دەستەی نوێنەرایەتی کورد- ئازەری و لەبەر پێکێشی وی کوردێکی دیکەشیان لەو دەستە نوێنەرایەتییە زیاد کرد. لە دەستەیەک دا کە ئێستا ئازەرییەکان تەواو تییدا باڵا دەست بوون و هەر دوو ئەندامی کوردی هەبوو.

ئاسایی بوو کە تورک، کوردان پشت گوێ بخەن، بەڵام نەیانتوانیوە یان نەیانکردوە و هیچ بەڵگەیەکی فەرمی باس لە شتێکی ئەوتۆ ناکا و پێشەوا و هەیئەتی ئازەربایجان پێکەوە لەگەڵ مزەفەر فیروز دانیشتنیان هەبووە. نووسرەتولای جەهانشاەلوو ئەفشار، جێگری پیشەوەری لە لاپەرەی ٢٤٤ی کتێبی "ئێمە و بێگانەکان" دوای ئەوە کە دەڵێ کەسێک بە ناوی تیمسار هدایەت لەگەڵ موزەفەری فیروز کە بە بڕوای ئەو دەبێ دەست و پەیوەندی شا بوو بێ، بەشدار بووە، باسی هەڵوێستەکانی قازی محەممەد لەو کۆبوونەوەدا دەکا و دەنووسی، کە هیئەتی ئازەربایجانی بریتی بوون لە ئەفشار بۆخۆی و پیشەوەری و دوکتور جاوید و پێشەوا قازی محەممەد و دەڵێ کە دوای دوو رۆژ دانیشتن و بە هیچ ئاکامێک نەگەیشتن و لە رۆژی سێهەم دا، موزەفەر فیروز تەرحێکێ هێنا کە ئەگەر پەسەند کرابا، دەبوو بە واژۆی مەجلیسی ئێران و شاو و قەوام گەیشت با، جا ئەوکات بەڕێوە دەچوو. لەو تەرحەدا لە سەر کوردستان کە ئەفشار بە تەواوی لەبیری نییە و دەڵێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاوا هاتبووه که دەوڵەتی ئێران، لێبوردنی گشتی دەدا به خەڵکی کورد و بۆ باشتر کردنی وەزعی ئەوان پووڵیان له ئیختیار دەنێ. له بەرانبەردا له هەرچەشنه داوایەکی عەرزی سەبارەت به خاکێ ئێران چاوپۆشی دەکەن.

ئەفشار دەنووسێ که پێشەوا بەو تەرحه خۆشحاڵ بوو و سوپاسی موزەفەری فیروزی کرد. سەیر لەوه دایه که ئەفشار ئەوجار باسی تووڕە بوونی خۆی دەکا که چۆن بەدژی ئەو بەشه راوەستاوه که پەیوەندی به کوردستانەوه هەبوو و بوته کاسەی گەرمتر له ئاش و دەڵێ که کورد دەتوانن چ داوایەکیان له ئێران هەبێ تا دەستی لێبکێشن؟ ئەوه دەبێته بەڵگەیەک بۆ ئەوەی دوژمنان دوایه کەڵکی لێوەرگرن و کورد وەک ئێرانی و کوردستان وەک خاکی ئێران به حیساب نەهێنن. ئەفشار دەنووسێ دوایه موزەفەر فیروز پێی دەڵێ باشه ئەتۆ شتێک بنووسه.

ئەفشار دەڵێ که بەو هەڵوێستەی ئەو، تیمسار هدایەت که له هەموو کۆبوونەوەکان دا قڕوقەپ و مات دادەنیشت، خۆشاڵ بوو و دوایه هدایەت ئافرینی پێگوتووه و دەڵی که قسەکانی بۆ شا دەگێڕێتەوه...

(تێبینی بۆ زانیاری پیویسته بگوتری له پیشەکی ئەو کتێبه دا نووسراوه که ئەفشار به فەرمانی حیزبی توده بۆ چاوەدێری و کۆنترۆڵ و زانیاری ناردرایه نێو فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان. له کاتی دەستەڵاتداری فیرقه دا بەشداری له واژۆکردنی تۆمارێک دا کرد که داوا له ستالین کرابوو که ئازەربایجانی ئێران به ئازەربایجانی شوورەوی ببستێتەوه. ئەفشار دوای رووخانی فیرقه چووه باکۆ و له ساڵی ١٣٥١دا، چووه برلینی رۆژئاوا و دوای ٣٥ ساڵ ئەو کتێبەی نووسی. نووسینەکانی ئەفشار جێگای شک و گومانن. ئەو له سەر مەلا مستەفا قسه دەکا و دەنووسێ که پێشەوا حازر نەبوو ببینێ و هاوکاری بکا و ئەوی به پیاوی دەوڵەتی ئینگلیس زانیوه. ئەو دەنووسێ که راپۆرتیان پێگەیشتووه که هەر دوو حەوتوو جارێک له رێگای نێوان سەڵماس ورمێ دا کونسوولی ئینگلیس و قازی محەممەد چاویان بەیەک کەوتووه).

هەروەها رۆژنامەی رۆیتەر دەنووسێ که لەگەڵ هەواڵدەرییەکانی دەرەوه له تاران سەبارەت به کوردستان پرسیاری له موزەفەری فیروز کردوه و ئەو گوتوویه که له تەورێز چاوی به قازی محەممەد کەوت و بڕیار درا که لەگەڵ رەزمئارا دابنیشێ و کارێک بکەن شەڕ له نێوان دەوڵەت و کورد دا روونەدا.

ئەو وتووێژه چەند رۆژی خایاند و هەیئەتی دەوڵەت دائیم لەگەڵ ناوەند له پەیوەندی دابوو. نەوشیروان مستەفا به ئاماژه به لاپەڕەی ٣٣٣ی کتێبی مهدی نیا دەنووسێ که بەیانی ڕۆژی ٢١ ی ٣ ی ٢٥ هەیئەتێکی حکومەتی ناوەندی له تارانەوه به سەرۆکایەتی موزەفەری فەیروز بۆ گفتوگۆ گەیشته تەورێز. ئەندامانی هەیئەتەکه بریتی بوون له:

سەرتیپ محەمەد عەلەوی موقەدەم، موسا زاده، موهەندیس خوسرەو هیدایەت و، چەند کەسێکی تر. لەلایەن ئوستانداری تەورێز سەلامولا جاوید بەگەرمی پێشوازی لێ کرا.

پڕۆژه ٧ مادەییەکەی حکومەتی ناوەندی بنچینەی گفتوگۆکان بون. هەندێ ئاڵوگۆڕیان تێ دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرد. پاش گفتوگۆ هەردولا گەیشتنە ئەم ڕێکەوتنەی لای خوارو: لە ئەنجامی گفتوگۆی حکومەت و نوێنەرانی ئازەربایجان بە لەبەرچاو گرتنی مەوادی حەوتگانەی ڕاگەیاندنی ٢ ی بانەمەڕی ١٣٢٥ ی حکومەت، کە جێگەی سەیرکردنی نومایندەگانی ناو براو بو، لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕی بیروڕا ڕێکەوتن کە مادەکانی لای خوارو بۆ ڕون کردنەوە و تەواو کردنی ڕیك بخرێ و جێبەجێ بکرێ:

١. سەبارەت بە مادەی ١ ی ڕاگەیاندنەکەی حکومەت، سەرۆکی دارایی بە پێشنیاری ئەنجومەنی ئەیالەتی و پەسەند کردنی حکومەتی ناوەندی دائەنرێ.

٢. ئەنجومەنی ئەیالەتی چەند کەسێ بۆ ئوستانداری ناودێر ئەکات و وەزارەتی کیشوەر یەکێکیان لێ هەڵئەبژێرێ.

٣. حکومەت مەجلیسی میللی ئازەربایجان وەکو ئەنجومەنی ئەیالەتی ئەناسێ. دوای دامەزراندنی مەجلیسی پانزەهەم و دانانی قانونی تازەی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ولایەتی کە لە لایەن حکومەتەوە پێشنیار ئەکرێ، ئەوسا ئەنجومەنی ئەیالەتی ئازەربایجان بە گوێرەی ئەو قانونە هەڵئەبژێردرێ.

٤. هێزەکانی ئازەربایجان بە بەشێ لە ئەرتەشی ئێران دابنرێن. کۆمیسیونێکی تێکەڵاو لە نوێنەرانی حکومەتی ناوەندی و ئەنجومەنی ئەیالەتی پێك ئەهێنرێ بۆ جێبەجێ کردنی.

٥. لە ٧٥٪ ی دەرامەتی ئازەربایجان بۆ خەرجی ناوچەیی و ٢٥٪ ی ئەنێردرێ بۆ ناوەند بۆ خەرجی گشتی ئێران.

تێبینی ١: دەرامەتی پۆست و تەلگراف و گومرگ و ڕێگای ئاسنین و کەشتیڕانی لە دەریاچەی ورمێ دا هەموی بە حکومەتی ناوەندی ئەدرێ.

تێبینی ٢: دروستکردن و چاکردنی شەقامەڕێکان لە ئەستۆی ناوەند و ڕێگا لاوەکی و ناوچەییەکان لە ئەستۆی ئەنجومەنی ئەیالەتی دا ئەبێ.

تێبینی٣: ٢٥٪ی دەرامەتی گومرگی ئازەربایجان بۆ دانیشگای ئازەربایجان تەرخان ئەکرێ.

٦. حکومەت هەوڵ ئەدا ڕێگای ئاسنینی میانە – تەورێز بە زوترین کات دەس پێ بکا و تەواوی بکا.

٧. هێزەکانی فیدائی ئەبن بە ژاندارمری کۆمیسیۆنێکی تێکەڵاو لە نوێنەرانی حکومەتی ناوەندی و ئەنجومەنی ئەیالەتی پێك ئەهێنرێ بۆ جێبەجێ کردنی.

٨. ئەو ئەرزانەی دابەش کراون ئەوی هی دەوڵەتە مانیعی لەسەر نیە ئەوی هی زەویدارەکانە ئەبێ بۆیان ببژێردرێ و، بۆ ئەو مەبەستە کۆمیسیۆنێکی تێکەڵاو لە نوێنەرانی حکومەتی ناوەندی و ئەنجومەنی ئەیالەتی پێك ئەهێنرێ بۆ جێبەجێ کردنی.

٩. حکومەت موافەقەت ئەکا دوای کردنەوەی مەجلیسی پانزەهەم پرۆژەی قانونی هەڵبژاردن لە سەر بنچینەی ئازادی و دیمۆکراسی، هەڵبژاردنی ئازادی نهێنی ڕاستەوخۆی ژن و پیاو دابنێ. ئازەربایجان بە گوێرەی زیادبونی ژمارەی دانیشتوانی ژمارەی نوێنەرەکانی زیاد بکرێ.

١٠. ئەیالەتی ئازەربایجان ئوستانەکانی ٣ و ٤ ئەگرێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١١. حكومەت موافەقەت ئەكا بۆ دابینكردنی باش بەڕێوەچونی كاروباری ئازەربایجان شورای بەڕێوەبەرایەتی لە ئوستاندار و سەرۆكی دائیرەكان و سەرۆكایەتی ئەنجومەنی ئەیالەتی پێك بێ.

١٢. لە قوتابخانەی ناوەنجی و بەرز خوێندن بە دو زمانی فارسی و ئازەربایجانی ئەبێ بە پێی بەرنامەی وەزارەتی فەرهەنگ.

١٣. حكومەت موافەقەت ئەكا كوردەكانی ئازەربایجان لە (مەزایای) ئەم ڕێكەوتنە كەڵك وەربگرن. تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بە زمانی خۆیان بخوێنن. كەمایەتی‌یەكانی دانیشتوی ئازەربایجان وەكو ئاسوری و ئەرمەنی مافیان ئەبێ تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بە زمانی خۆیان بخوێنن.

١٤. لەبەر ئەوەی حكومەت بە تەمایە قانونێكی تازە بۆ هەڵبژاردنی شارداری بۆ هەمو ئێران لە سەر بنچینەكانی دیمۆكراسی، واتە دەنگدانی گشتی، نهێنی، ڕاستەوخۆی وەكویەك پێشنیار بكا بۆ مەجلیسی پانزەهەم، پاش پەسەندكردنی ئەو قانونە هەڵبژاردنی نوێ بۆ ئەنجومەنەكانی شارداری لە هەمو ئێران دا دەس پێ ئەكات. تا ئەو كاتە ئەنجومەنەكانی شارداری ئێستای ئازەربایجان كارەكانی خۆیان ئەنجام ئەدەن.

١٥. ئەم ڕێككەوتنامەیە بە دو روونوس ئامادەكراو گۆڕدرایەوە. پاش پەسەند كردنی لە لایەن حكومەت و ئەنجومەنی ئەیالەتی ئازەربایجانەوە جێبەجێ ئەكرێ.

٢٣ ی خوردادی ١٣٢٥ موزەفەر فەیروز - پیشەوەری

نەوشیروان مستەفا بە نەقڵ لە لاپەڕەی ٣٣١ی مێهدی نیا دەنووسێ كە نوێنەرانی ئازەربایجان ئەیانویست بە حكومەتی ناوەندی بسەلمێنن:

١. كە ئەنجومەنی میللی ئازەربایجان لە باتی ئەنجومەنی ئەیالەتی بە ڕەسمی بناسێ.

٢. ئەنجومەنی ئەیالەتی، ئوستاندار و سەرۆكی دائیرەكان لەوانە سەرۆكی بەڕێوەبەرایەتی دارایی دابنێ.

٣. زمانی توركی ئازەری ببێتە زمانی ڕەسمی خوێندن و دادگا و دائیرەكانی دەوڵەت و ئەرتەش.

٤. ئەو هێزەی پێكیانهێنا بوو وەكو بەشێكی ئەرتەشی ئێران وەربگیرێن و هەمو ئەو پلەو پایە سپایی‌یانەی دابویان بە ئەفسەرانی هێزەكەیان حكومەتی ئێران دانی پێ‌دا بنێ.

نوێنەرایەتی حكومەتی ناوەندی نەی ئەویست هیچ كام لەم خواستانە بسەلمێنێ. داوایان ئەكرد هێزە چەكدارەكانی ئازەربایجان هەڵ بوەشێتەوە، حكومەتی ناوەندی ئوستاندار و سەرۆكەكانی دەزگاكانی دەوڵەت دابنێ و زمانی ڕەسمی هەروەكو جاران فارسی بێ و ئەنجومەنی ئەیالەتی‌یش هەڵ بگیرێ بۆ دوای هەڵبژاردنی خولی ١٥ هەمی مەجلیسی شورای میللی و دانانی قانونێكی تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە.

مەسەلەی مانەوە یا هەڵوەشانەوەی هێزە چەكدارەكانی ئازەربایجان بو بوە گرێكوێرەی گفتوگۆكان. حكومەتی قیوام و سەرۆكی ستاد و شەخسی محەمەد ڕەزاشا بە هیچ جۆرێ ئامادە نەبون مانی ئەم هێزە بسەلمێنن. نوێنەرانی ئازەربایجانیش ئامادە نەبون هەڵی بوەشێننەوە.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نوێنەرایەتی ئازەربایجان بۆ گونجاندنی هێزەکەیان لە گەڵ ئەرتەشی ئێران پرۆژەیەکی ١٤ مادەییان دا بە حکومەت. حکومەتی قیوام موافەقەتی لە سەر نەکرد. بەڵام لە باتی هەمو پرۆژە و خواستەکانی نوێنەرانی ئازەربایجان پرۆژەیەکی ٧ مادەییان بەمجۆرەی لای ژێرو دا بە دەستەی گفتوگۆکەر.

١. سەرۆکەکانی کشتوکاڵ، بازرگانی، پیشەو هونەر(کار)، گوێزانەوە، فەرهەنگ، تەندروستی، دادگا، چاودێریکەرانی دارایی ناوچەیی، لە ڕێی ئەنجومەنی ئەیالەتی‌یەوە هەڵئەبژێردرێن و، بڕیاری دامەزراندنی ڕەسمی‌یان لە لایەن حکومەتەوە لە تاران دەرئەچێ.

٢. ئوستاندار لە لایەن حکومەتی ناوەندی‌یەوە بە لەبەرچاوگرتنی ڕەئی ئەنجومەنی ولایەت دائەنرێت. فەرماندەکانی ئەرتەشی و ژاندارمری لە لایەن حکومەتی ناوەندی‌یەوە دائەنرێن.

٣. زمانی ڕەسمی ئازەربایجان وەکو هەمو شوێنەکانی تری مەملەکەت فارسی ئەبێ، هەمو ئەحکامی ڕەسمی و بەڕێوەبەرایەتی و دادگایی بە زمانی فارسی و ئازەربایجانی (تورکی) ئەبێ. خوێندن تا پۆلی پێنجەم بە زمانی ئازەربایجانی ئەبێ.

٤. لە کاتی دانانی بودجە و دەرامەتی ماڵیات دا، حکومەت پێویستی‌یەکانی ئازەربایجان بۆ چاکردن و ئاواکردنەوەی شارەکان و، باشکردنی کاری فەرهەنگی و تەندروستی و شتی تری ئازەربایجان لە بەرچاو ئەگرێ.

٥. چالاکی ڕێکخراوە دیمۆکراتی‌یەکانی ئازەربایجان و یەکێتی‌یەکان و هی تر وەکو شوێنەکانی تری مەملەکەت ئازاد ئەبێ.

٦. بەرامبەر ئەهالی و بەشدارانی فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان و یەکێتی کرێکاران هیچ کارێ ناکرێ.

٧. ژمارەی نوێنەرانی ئازەربایجان بە گوێرەی ژمارەی ڕاستەقینەی دانیشتوانی ئەو ئەیالەتە زیاد بکرێ، بۆ ئەم مەبەستە لە سەرەتای کردنەوەی خولی ١٥ هەمی مەجلیس دا پێشنیاری پێویست لەم ڕووەوە ئەخرێتە بەردەمی مەجلیس و پاش پەسند کردنی بۆ پڕکردنەوەی ژمارە کەمەکەی ئەم خولە هەڵبژاردن ئەکرێ.

نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەی ٢٢٧ کتێبەکەی دا دوای ئەوە دەنووسی کە نوێنەری کورد بەشداری وتووێژی مزەفەر فیروز نەکرا دەنووسێ:

دوەم، مەسەلەی کورد لە ئێران دا وەکو مەسەلەی تایبەتی نەتەوەیەکی سەربەخۆ کە ئەویش وەکو گەلی ئازەری قەوارەیەکی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی جیاوازی خۆی هەبێ کە خۆی ئەنواند لە مافی پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی ئەیالەتی و ولایەتی‌دا خرابوە پشت گوێ. کوردیش وەکو کەمایەتی‌یەکانی تری دانیشتوی ئازەربایجان: ئاسوری و ئەرمەنی باس کرابو. قازی لە نوتقەکەی ڕۆژی ٣١ ی ٢ ی ٢٥ دا دان بەمەدا ئەنێ. سێیەم، باسی کوردەکانی دەرەوەی ئازەربایجان، وەکو ئوستانەکانی کوردستان، کرماشان، ئیلام، کە زۆرایەتی کوردی ئێرانی بون بە تەواوەتی لە بیر کرابون. ئەگەر کوردەکانی ئازەربایجان لە "مەزایا" ی ڕێککەوتنی پیشەوەری - فەیروز شتێ کەڵکیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەربگرتایە: بۆ نمونە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بیان توانیایە بە زمانی خۆیان بخوێنن، ئەوا کوردی شوێنەکانی تر ئەوەشیان پێ نەئەبڕا.

هەروەک باس کرا لە رەوتی ئەو وتووێژەدا، چاوپێکەوتنی سەربازیش هەبوو و لە ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٢٠- ١٩٤٦/٦/١٠ هەیئەتێکی دیکەی سەربازی کە بریتی بوون لە سەرلەشکر هیدایەت و سەرهەنگ عەلەویی موقەدەم هاتنە تەورێز. جێی ئاماژەیە بە پێی لاپەڕەی ١٨٧ی کتێبی "قاضی محمد و جمهوری در آیینه اسناد" عەبدوڵلا سەرحەدی هەر بەو رێکەوتە لە نامەیەک دا بۆ ژێنڕاڵ محەممەد رەشیدخانی بانە، باسی شەڕی میرەدێ دەکا و دەڵێ کە چوار سەربازی دوژمن کوژراون و ٤ پێشمەرگەش شەهید بوون. هەروەها لە نامەی ئەحمەئاغای عەباسی بۆ محەممەد رەشیدخانی بانە، باسی هێرشی دوژمن بۆ سەر بەرەی پێشمەرگە بە ریکەوتی ١٣٢٥/٣/٢١ دەکا.

لەو وتووێژانەدا جیاوازی لە نێوان بیروبۆچوونی دوو هەیئەتی تاران - تورک و کورد، زۆر بوو بەڵام دواتر موزەفەری فیروز تەرحێکی دیکەی پێشنهاد کرد و دوو هەیئەت لە رۆژی ١٣٢٥/٣/٢٣ لەسەری رێکەوتن و ڕێککەوتننامەکە کە بە دڵی سۆڤیەت نووسرابوو، ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٢٤- ١٩٤٦/٦/١٤ لە لایەن پەرلەمانی نەتەوەیی ئازەربایجانەوە پەسندکرا.

بە پێی رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٥٩ هیئەتی تاران و ئازەربایجان لەسەر چەندین خاڵ رێکەوتن و لەوبارەوە هاتووە:

**حەلی ئیختیلافات لە نێوان نوێنەرانی تاران و ئازەربایجان**

شەوی ١٣٢٥/٣/٢٤ رادیۆ خەبەری دا کە ئیختیلافات لە نێوان حکومەتی تاران و ئازەربایجان دا لە ١٥ مادە دا حەل کرا و پەیمان لە لای ئاغای مزەفەر فیروز معاونی نەخوستوەزیری تاران و ئاغای پیشەوەری سەرۆک وەزیری ئازەربایجان شەوی نێوبراو بە ئیمزا گەیشت و بەم بۆنەیە ئاغای موزەفەر فیروز لە رادیۆ تەورێز نوتقی کرد.

لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٠ لە درێژەدا هەر لەو سەرچاوەیەدا، لە ژێر سەردێڕی دەنگوو باسی حەفتە، ئاماژە بە وەزعییەت و رێکەوتنی تاران و ئازەربایجان کراوە:

ئەحوالی سیاسی لەم حەفتەیەدا وا دەردەکەوێ ... مەسئەلەی ئازەربایجان دو حەفتە بوو لە بێدەنگی دا بوو. رۆژنامە و رادیۆکانی دنیا لەم مەسئەلەیە نەدەدوان. چەند رۆژە ئەم مەسئەلەیە دوبارە کەوتۆتە سەر زبان. هاتنی ئاغای موزەفەر فەیروز معاوینی نخست وەزیری حکومەتی تاران بۆ تەورێز لە مەحافیلی سیاسی دنیا دا شتێکی نوێی نیشان نەداوە. لە ئانی بڕانی موباحساتی تاران لە بەینی ئاغای پیشەوەری و ئاغای قەواموسەڵتەنە لە لایەن هەردو تەڕەفەوە ئیعلامیە درا کە نەگەیشتنە نەتیجەیەك و تەفاهوم حاسڵ نەبوو و لە هەردو لاوە بڵاوکراوە کە نییەتی دوبارە کۆبونەوەیان هەیە لەبەر ئەوە مەسئەلەی موباحساتی تەورێز شتێکی کوتووپڕی نەبو.

موباحساتی تەورێز: هەر وەکو بۆمان دەرکەوت ئاغای موزەفەر فەیروز هەمیشە لە گەڵ ئاغای قەواموسەڵتەنە لە ئیتیسال دا بووە، موباحسات پێش ئەوە لە تەورێزەوە ئیعلان بکرێت لە رادیۆکانی بێگانە ئیعلان کرا و رۆژنامەی "رەهبەر" ی تاران چەند رۆژە ئینتیهای موباحسات و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەفاهومی هەر دوو لای بە ئەهالی گەیاندوە. موخبیرانی رۆژنامەی بێگانان لەم چەند رۆژەدا ئەم خەبەرەیان وەرگرتووە. ئینتیهای موباحسات و تەفاهومی هەر دوو تەرەف لە لایەن ئاغای پیشەوەری و ئاغای موزەفەر فەیروز هەر دوو سەرۆکی نومایندەکانی تەوریز و تاران ئیعلان کران.

گۆیا حکومەتی تهران لە خودموختاری ئازەربایجان موافقە و ئەنجومەنی ئیالەتی و ولایەتی بە ئینتخاب و لە تەرەف ئەوێ ٢٥/٣/٢٤ میللەتی ئازەربایجان تەشکیل دەدرێ و ئازەربایجان مەجلیسی میللی خۆی دەبێ وە بۆخۆی سەرۆکی خۆی تەعین دەکا(...) بە گوێرەی ئەم ئیتفاقییە حکومەتی خودموختاری ئازەربایجان لەشکری میللی خۆی دەبێ بەڵام بە ناوی ئەمنیە بو محافزەی داخڵی دەناسرێت.

بابەتی وتوویژ و کاریگەری گفتگۆ لە سەر وەزعییەتی کورد، لە رۆژنامەی کوردستان دا زۆر رەنگی داوە و لەمبارەوە زۆر وتار بڵاو کرانەوە. رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٠دا، هەر لە بەشی بابەتی دەنگوو باسی حەفتە، لە وتارێک دا وەزعییەتی تایبەتی کوردستان لەوکات دا ئاوا تاوتوێ دەکا:

**مەسئەلەی کورد**

بێینە سەروکاری مەسئەلەی کورد. خوێندەوارە خۆشەویستەکان هەروەکوو دەزانن مەسئەلەی کوردی بەرامبەر سیاسەتی دنیایی شتێکی بە ترسە پێشەوای موعەزەممان لەبەر ئەم قەزییە بە سیاسەتی حەکیمانەی خۆی مەسئەلەی کوردستانی ئێران بە مەسئەلەی ئازەربایجان بەستەوە. وەلەوەش دا ماعەتای قازانج هیچ زەرەرێکمان نەکردوە چونکە میللەتی ئازەربایجان هەر وەکو میللەتی کورد لە ژێر چەنگاڵی ئیستیعمار و چەپۆکی دیکتاتۆری رەزاخان دەناڵێ لە هەرچی ناحیەیەك نوقسانیان بووبێ میللەتی ئازەربایجانیش نوقسانیان هەبووە. لەبەر ئەوە رهبەری دانامان پێشەوای خۆشەویست هیچ مانعێکی نەدیوە بەڵکوو بە زرووری زانیوە ئەمرۆ مەسئەلەی کورد رەبتی مەسئەلەی ئازەربایجان بکرێت دەلیلشم هەروەکوو دەبینن لە رۆژی ئەوەڵی ئازەربایجان هەرچی شتێک بۆ میللەتی ئازەربایجان کرابێ بۆ میللەتی کوردیش کراوە و لە هەر قسمەتێک دەست بە پڕ کردنەوەی نوقسانیان کراوە.

ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە حکومەتی تاران تەتبیقی قانونی ئەساسی ئێران دەرعوهدەی خۆی وەرگرتووە، جا ئەمەش وا نیە تەنیا لە ئازەربایجان بێ بەڵکو لە هەمو ئێران سەراپا. جا ئەگەر بەم چەشمە کە تەماشای مەسەلەی هەموو کوردستانی ئێران بکەین زۆر بە ئاسانی بۆمان دیار دەکەوێ کە کوێرەوەری ئەمەندە ساڵانەمان بە خەسار نەچووە و گەیشتینە مەرام و ئامانجی خۆمان...

نەگبەتی ئێمە تاکو وێستا هەر هەندە بوو ئێمە بە زوبانی خۆمان نەدەخوێند، بێگانە دەهاتن دەبوونە حاکمی ئێمە. ئەمیش لە تەتبیق نەکردنی قانونی ئەساسی بوو دەگەڵ ئوسوڵی دیمۆکراسی، جا ئەگەر لە هەمو ئێران قانونی ئەساسی بە ئەمینی تەتبیق بکرێت مەعنای ئەوەیە کە لە کرماشانیش و لە سنەش بە کوردی دەخوێندرێت و ئەنجومەنانی ئەیالەتی و ولایەتی لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەرەف میللەتەوە بە سورەتێکی دیمۆکراسی ڕاست ئینتیخاب دەکرێت و سەرۆکی خۆیان، خۆیان تەعینی دەکەن. ئەگەر ئەمەش زیاتر تەفسیر بکەم وا دەردەکەوێ: شارەکانی کوردستان چونکە هەمووی بە زبانێك گفتوگۆ دەکات تابیعی یەك مەرکەز دەبن یەعنی پاش ئەوەی لە تەڕەف ئەهالی ئەم شارانە ئەنجومەنانی ولایەتی ئینتیخاب دەکرێت، لە تەرەف ئەم ئەنجومەنانە، ئەنجومەنێکی ئەیالەتی لە یەك مەرکەز ئینتیخاب دەکرێت و لە تەرەف ئەنجومەنانی ئەیالەتی یەك نەفەر یا چەند نەفەرێك بە سەرۆکی ئینتیخاب دەکرێت.

هەر وەکو عەرزم کردن: ئیتیفاقیەی ئازەربایجان و تاران تەنیا مەشمولی میللەتی ئازەربایجان ناکات بەڵکو کوردیش حەتتا ئەرمەنی و ئاسوری لەمەدوا بەشدارن. دەبێ هەمو کوردێك ئەم ڕۆژانەی ڕۆژی شادی و بەم خەبەرە بەختیار بێ...

بۆ تەمام کردنی مەسەلەی کورد کۆسپەیەکمان لەپێش دەمێنێ ئەو کۆسپەش ئەوەیە کە ئەنجومەنانی ولایەتی کوردستان تەماشای یەك ئەنجومەنی ئەیالەتی بکەن بۆ بڕینی ئەم مەسئەلەیەش زۆر ئیحتیمال دەبینم بە ئاسانی تەفاهوم بکەن چونکە بۆ ئاسایشی ئێران ئەگەر ئەمەندە زەحمەتانە ئاسان بکرێت وە حکومەتی مەرکەزی تاران هەموو مەتالیبمان بدات، دەبێ ئەمەشمان دروست بکرێت وە ئیللا هەر وەکو شتێك نەبونی وایە چونکە هەموو کوردستانی ئێران تەماشای سابلاغ دەکات و چرای سابلاغ ڕێگایان بۆ ڕووناك دەکات و هەمو کوردێك ئیمڕۆ دەیەوێ لەژێر سێبەری پێشەوای ڕەهبەرمان بەرقەرار بێ.

مەبەست لەو وتارە، باوەڕەێنان بە دەستەڵاتی ناوەند لە تارانە بۆ چارەسەری کێشەکان و باسی ئەوە دەکا کە ئەگەر یاسای بنەڕەتی ئێران جێبەجێ بێ تەنیا هەر ئازەربایجان سوودی لێوەرناگرێ بەڵکوو کورد و ئەرمەنی و ئاسووریش لێێ بەختەوەر دەبن. ئەگەرچی لەهو وتارە دا چەشنێک رواڵەتی دڵخۆشکەرانەی هەیە بەڵام ئەگەر بە وردی سرنجی بدرێتێ لەبەرانەر بە ئامانجی سەربەخۆیی بۆنی نائومێدی پێوە دیارە.

پێشەوا قازی دوای تەواو بوونی وتووێژی تاران- تەورێز ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٢٦ بە دوای شەڕی مامەشا بۆ چاوەدێری بەسەر بەرەی شەڕ بە پەلە چوو بۆ سەرا و لە ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٣٠ سەبارەت بە وتووێژ و بەرەکانی شەڕ لە مزگەوتی سوور بۆ خەڵک قسەی کرد. ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٢ لەوبارەوە دەنووسێ:

شەوی ١٣٢٥/٣/٣٠ حەزرەتی پێشەوای کوردستان کە لە تەوریز ڕا بۆ پێڕاگەیشتن بە مەلبەندەکانی جەبهە تەشریفی چوو بوو گەڕایەوە و بەیانی ساتی ٨ لە عیمارتی پیشوائی حازر بوو و بە کارەکانی بەردەستی ڕاگەیشت و لە ساتی١ ی دوای نیوەڕۆ بۆ بەجێهێنانی فەریزەی جومعە چوو بۆ مزگەوتی سوور. دوای تشریفی بردە سەر منبەر و نوتقی ئیراد فەرموو. لە پێشدا حەزرەتی پێشەوا لە بابەت پەیمانێکەوە کە لەنێوان ئازربایجان و تاراندا بەسترا گەلێک دووا و پتری مەوادی پەیمانەکەی تەشریح فەرموو و بەتایبەتی ئیشارەی بە مادەی ١٣ی پەیمانەکە کرد کە دەلی: (دولت موافقت دەکا کە کوردەکانی نیشتەجێی ئاذربایجان لە مەزایای ئەم موافقتنامە ئیستفادە بکەن و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به پیی مادەی ٣ ئیبلاغیەی دەوڵەت تا کلاسی ٥ ئیبتدائی بە زمانی خۆمان بخوێنین) و فەرمووی: لەم مادەیەدا ئیقراریان بە حەقانیەت و مەوجودیتی ئێمە کردوە و ئەڵبەتە ئێمە دەمانەوی تەواوی کوردستان لەم مەزایایە و لە ئازادییەکی کە لەسەرتاسەری ئێیران بە دەستی کوردان بە زوی بەرقەرار دەکرێت هەموو براکان بەهرەمەند بن.

## کاریگەری رێککەوتنی تەورێز لەسەر مەهاباد

لە ژێر کاریگەری بە ناو رێککەوتنی تەورێز و قەول و بەڵێنی قەوام، بۆ بە رەسمی ناسینی مافی کورد و تورک، عەشایر و رێبەری حیزبی دیمۆکرات لە مەهاباد، بە ناردنی تیلگڕاف، پشتیوانی خۆیان لەو بڕیاراتە دەربڕی. لە حەوتەنامەی ژمارە ٥٥ "کوهستان" کە بە رێکەوتی ١٣٢٥/٢/٢٣ چاپ بووە، یەک سێری تێلگڕاف بۆ پیشەوەری و قەوام سەرۆک وەزیرانی ئازەربایجان و تاران، هەروەها سەدری قازی و محەمەد حوسێنخانی سەیفی قازی و نوێنەرانی گەورەی ئازەربایجان و رۆژنامەی کوهستان ناردراوە. دوای وەبیرهێنانەوەی ئەوەی کە میلەت و وڵات ساڵەها لەژێر چەنگاڵی مەئموورینی دواکەوتووو و خوێنخۆر دابوو و لەگەڵ کوردان بە شیوەی زۆر خراپ و فاشیستی جوڵاونەوە، ئاماژە بەوە دەکا کە بە ناچار میللەتی ئازا و قارەمانی کورد بۆ ئازادی تێکۆشان و بە باشترین شێوە توانیان وڵاتی خۆیان لە ژێر زوڵم و زۆری و فاشیستی نەجات بدەن و ئاسایش و هێمنی لە سەرانسەری کوردستان جێگیر بکەن و بەرەو تەرەقی و پێشکەوتنی بەرن. بۆیە داوا دەکەین و هیوادارین کە جێگیر بوونی ئەو ئازادیە دائیمی بێ و هەستی پاکی ئەو گەلە چیدی بریندار نەکرێ.

ئەو تێلگڕافە لە لایەن بازرگانی مەهاباد واژۆ کراوە:

محەمەد ساڵحزادە، محەمەد حەکیم زادە، حاجی سەعید کەرباسیان، حەسەن وەلیزادە، حاجی کەریم پەنجەوی رادیان، شێخ عەبدوڵا شەریفی، ئیبراهیم فەهیم، حاجی محەمەد ئەمین، رەحیم ساڵحزادەی خەڕازی، حەمید حەمیدی، عەبدوڵا حوسێنی، رەشیدی شافعی، مستەفا مەحموودزادە، مستەفا بلووری، سەعیدی ساڵحیان، سەدیق بلوریان، حاجی رەحمان شێربەگی، ئەحمەد وەلیزادە، رەحمەت داودی، سەید حاجی جەعفەری، سەعید خوسرەوی، حاجی سەید رەحمان، حوسێن محەمەد رەسووڵ کاکائان زین، قاسم وەتەمیشی، حاجی ئەحمەدی داودی، رەسووڵی سەڵماسی، حوسێنی داودی، کەریم رەشیدی، حەسەن وەلیزادە، غەنی شافعی، حەمید بلووریان، غەفووری رەسووڵی، حەسەن داودی، عەبدوڵا سەیدی، عەبدوڵا کەریمی، سەید مەجید حوسێن.

هەر بەو مەتنە و بەو مانایە، بەڵام بە زیاد کردنی رستەیەک کە داوا دەکرێ، وەک حاڵی حازر هێزی لەشکری و کشوەری و فیدائیانی رەشیدی کورد تا ئەبەد لە کوردستان دا بمێنن، تێلگرافێک لە لایەن بەشێک لە عەشایری مەهاباد بۆ پیشەوەری و قەوام، سەرۆک وەزیرانی ئازەربایجان و تاران، هەروەها سەدری قازی و محمەد حوسێنخانی سەیفی قازی و نوینەرانی گەورەی ئازەربایجان و رۆژنامەی کوهستان ناردراوە:

رەئیسی تایفەی مەنگوڕ، عەلیخانی نەوزەری. رەئیسی تایفەی زەرزا، قەرەنی زەرزا. رەئیسی

تایفەی زەرزا، مووساخانی زەرزا. رەئیسی تایفەی جکانی، سەعید سوڵتانی. مالیکی کیتکە مەنگوڕ، عەلی بیژەنی. رەئیسی عەشایری مەنگوڕ، عەبدوڵای بایەزیدی. مەعرووفی قادری. رەئیسی تایفە و عەشایری مەنگوڕ، هەمزەی کاک عەلی. رەئیسی تایفەی ئێلی مامەش قادری، کاک مامەندی قادری. بایەزید عەزیزی. رەئیسی تایفەی ئێلی گەورک کاکەڵا. رەئیسی تایفەی ئێلی گەورک ئاغا خدری عەزیزی. تالێرەی گەورک حەبیبوڵا بودائی یۆسف یۆسفلو و محەمەد قەدیم شەمسەدین دەروێش. محەمەد شەمسەدین. رەئیسی عەشایری مەنگوڕ، خدری عەزیزی. رەئیسی عەشایری مەنگوڕ، حەسەن عومەری. رەئیسی تایفەی ئێلی مەنگوڕ، ئیبراهیم سالاری. رەئیسی تایفەی ئێلی مەنگوڕ ئیبراهیم بایەزیدی.

دیسان بۆ ئەو دامودەزگا و کەسایەتیانەی سەرەوە و بەو مەتنەو و بە پێداگری لە سەر ئەو ئاسایش و ئەمنییەتەی کە هەیە و دەبێ بپارێزرێ، کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات بەو ناوانەی خوارەوە، لە تێلگرافێک دا دەنووسێ:

مەهاباد هەیئەتی کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان، محەمەد خەلیلی خوسرەوی، عەلی ریحانی، مستەفا سوڵتانیان، مناف کەریمی، کەریمی ئەحمەدی، سەید محەمەد تەهازادە، حاجی مستەفا داودی.

هەر بۆ ئەو ناوەند و داموودەزگایانە و بەو بابەتەی سەرەوە، کومیتەی شاری مەهاباد تێلگرافێکی بۆ تاران بەڕێ کرد:

مەهاباد هەیئەتی کومیتەی شاری حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەهابی بلووریان، ئەحمەدی ئیلاهی، مناف کەریمی، حوسێنی زەرگەری، سەید محەمەد تەهازادە، مەحموود وەلیزادە، سەدیق حەیدەری، محەمەد یاهوو.

ئەو رێکەوتنە لە سەر شوێنەکانی دیکەی کوردستان دا کاریگەری هەبوو. بە پێی حەوتەنامەی ژمارە ٦٢ "کوهستان" هەر لە چوارچێوەی بەڵێنییەکانی قەوام دا، زیاتر لە ٩٠ کەس لە رووناکبیرانی کوردستان (شاری سنە) بە تێلگراف داوایان لە سەرۆک وەزیران کرد کە وەک ئیاڵەتەکانی رۆژئاوای سەروو مافیان پێبدرێ.

**دەست لە کار کێشانەوی پیشەوەری**

بە دوای بڕیاری چوونەدەری هێزەکانی رووس، پیشەوەری نەیتوانی دژایەتی لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانە نەکا، بۆیە بە فەرمانی مەسکۆ تەواوی قسە و نووسراوە و بلاوکراوەکانی لە رۆژنامە و رادیۆ خرانە ژێر کۆنترۆڵ.

چاوەدێری دەزگاکانی شوورەوی بەسەر دامودەزگاکانی ئازەربایجان و بە گشتی و بەسەر ئاکار و کردەوەی پیشەوەری بە تایبەتی، بە رادەیەک بوو و ئەوەندە راپۆرتی بە درۆ بۆ رووسان ناردرا کە باقرۆف مەجبوور بوو ستالین ئاگادار بکاتەوە. بە پێی کتێبی "دەستپێکردنی شەڕی سارد لە ئازەربایجان" باقرۆف رۆژی ١٣٢٥/٣/١٥ لە نامەیەکدا، باسی کێشە و ناخۆشی نێوان پیشەوەری و جاویدی کرد و گوتی ئێمە داوامان لە رێبەرانی فیرقە کردوە کە پێوەندی دۆستانەی خۆیان رابگرن.

باقرۆڤ ستالینی ئاگادار کردەوە کە ئاوا خستنە ژێرچاوەدێریی پیشەوەری و ئەو هەمووە هەواڵە بەدرۆیەی کە لەسەر ئەو دەنووسرێ، باش نییە. ئەو وەبیر ستالینی هێناوە کە ئەوانە لە کاتێک دا دەکرێ کە ئەمریکا و ئینگلیس بە توندی بە دژی بەرژەوەندییەکانی شووڕەوی دەست بە کار بوون و دیانەوێ لە نێوان پێشەوەری و قازی محەممەد دا کێشە ساز کەن.

لەدرێژەی ئەو ڕووداوانەدا، ڕۆژی ٢٤ ی جۆزەردان، پەرلەمانی نەتەوەیی ئازەربایجان، لە چوارچێوەی ئەنجومەنی ئەیالەتییدا دەستی بە کار کرد و ڕۆژی ٢٦ ی جۆزەردان، پیشەوەریی داوای لەو ئەنجومەنە کرد کە ڕازیی بە دەست لە کار کێشانەوەی بن. ئەنجومەنی ئەیالەتی ڕێزی لە خزمەتەکانی پیشەوەری گرت و دەست لە کارکێشانەوەی پەسندکرد و بڕیاریدا لە سەرۆکایەتی فیرقە درێژە بەکار بدا.

بەمشێوەیە حکومەتی ئازەربایجان هەڵوەشاوە و دوکتۆر جاوید کە لە مەسکۆ خوێند بووی و لە قەفقاز موهاجیر بوو و گەڕابووە بۆ ئیران، کرا بە پارێزگاری ئازەربایجان. دوکتۆر جهانشاهلو جێگری وەزیری حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان، بوو بە سەرۆکی زانکۆی تەورێز. دوکتۆر مەهتاش وەزیری کشتوکاڵی ئازەریجان، کرا بە فەرمانداری تەورێز و فەرەیدون ئیبراهیمیی لە دادوەری باڵا مایەوە.

لە یەکەم کۆبوونەوە دا، ئەنجومەنی ئەیالەتیی داوای لە وەزارەتی ناوخۆی ئێران کرد کە ٢٣ میلیۆن ڕیال بدا بە ئازەربایجان و ئەو وەزارەتە بە شێوەی کاتی لەگەڵ ٨ ملیۆن ڕیال موافقەتی کرد.

محەممەد ڕەزا شا ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٢٧- ١٩٤٦/٦/٧ لە کۆشکی سەعد ئاباد پێشوازیی لە دوکتۆر جاوید کرد. شا کە بەبێ هیچ وتووێژێک، هاودەنگی لەگەڵ دانانی دوکتۆر جاوید لە پۆستی پارێزگاردا کردبوو، گوتی:

″من هەمیشە لایەنگری دیموکراسیی و بیری پێشکەوتنخوازانەم.″

لەو دیدارەدا محەممەد ڕەزا شا خۆشحاڵیی خۆی سەبارەت بە بزووتنەوەی دیموکراتی ئازەربایجان دەربڕی و فەرمانی دا، بۆ دابینکردنی ئاو لە شاری تەورێز، یەک ملیۆن تمەن بدرێت بە دوکتۆر جاوید. هەروەها محەممەد ڕەزا شا ئۆتۆمبیلێکی بە دیاریی دا بە پارێزگاری نوێی ئازەربایجان.

پیشەوەری لە ڕۆژی ٥ ی پووشپەڕ لە لایەن حکومەتی ئازەربایجان نازناوی بابی میللەتی (فیدایی لەر ئاتاسی) پێ بەخشرا و لەو ڕۆژەدا بۆ ئاخرین جار مەجلیسی میللی ئازەربایجان بەو ناوە کۆبووە و بە گوێرەی ئەو ڕێکەوتنەی لەگەڵ دەوڵەت کرا، مجلیس بوو بە ئەنجومەنی ئەیالەتی. پیشەوەری وتارێکی دورودرێژی پێشکێش کرد و لە بەشێکی دا گوتی فیرقە نە لایەنگری لە ئاغاوەت و مالیکان کردووە و نە لایەنگری بێ ئەملاوئەولای فەقیر و هەژاران بووە، بەلکو ڕێگایەکی مامناوەندی هەڵبژاردوە.

ئەوجار ئەنجومەنی ئەیاڵەتی درێژەی بە وتووێژەکان دا و دەوڵەتی ئێران بە فێڵ ڕێگای ئاشتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرته بەر و لەگەڵ ڕێبەرانی ئازەربایجان لەسەر ١٥ مادده دا ڕێک کەوتن. بڕیار درا ئیسلاحاتی زەوی و زار بکرێ و  بە زمانی تورکی بخوێندرێ و بە پێی یاسای بنەرەتی وڵات، ئەنجومەنی ئەیالەتی دابمەزرێ و هێزەکانی فیدایی تێکەڵ بە ژاندارمەری بن. دەوڵەتی ئێران رازی بوو کە سەلامولای جاوید پارێزگار و میرزاعەلی شەبستەری سەرۆکی ئەنجومەنی ئەیالەتی ئازەربایجان لە پۆستی خۆیان دا بمێنەوە.

ئەوجار جاوید و شەبستەری و پادگان و ... درێژەیان بە وتووێژەکان دا. بەڵام قەوام بە هێندێک وردە بەڵێنی بە رووسان، لەگەڵ دەستەی سەر بە شا، لەگەڵ هەیئەتی کورد و ئازەربایجان بە رژدی دەدوا. ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە وتووێژی ئەو دەورەیەش بە ئاکام نەگا و هەیئەتی تاران و تەورێز لەسەر وەزعی ئەفسەرانی ئەرتەش و کێشەی مالی بە ئاکام نەگەیشتن.

**شەڕی مامەشا**

شەڕی مامەشا یەکێک لە گەورەترین شەڕە مێژووییەکانی کوردە و ئەو حەماسەیەی کە لەو شەڕەدا رووی دا لە مێژووی شەڕەکانی پارتیزانی دا کەم وێنە بوو. رەزمئارا فەرماندەری هێزەکانی ئێران بە تەواوی توانا، خۆی بۆ ئەو شەڕە ئامادە کرد و ویستی زەبرێکی کوشەندە لە ئەرتەشی کوردستان بدا. عەبدوڵا قازی لە لاپەڕەی ٨٤ ی کتێبی "وڵاتی من" دا، باسی هەڵسوکەوتی رەزمئارا، بەر لەو شەڕە لە نێو شاری سەقز دەکا و دەگێڕێتەوە:

... ئەو زەمان چوونکە پادگانەکان جێگا و رێگای رێك و پێ کیان نەبوو، ئەفسەر و مەئموورانی دەوڵەتی لەماڵی دەوڵەمەندانی شار میوان دەمانەوە. (لە مەهاباد زۆرتر لە ماڵە میرزا رەحمەتی شافعی دەبوون). رەزمئارا لە ماڵە حاجییەکی دەوڵەمەندی سەقزی نیشتەجێ ببوو و لەگەڵ ئەو حاجییەی نێوانیان زۆر خۆش بوو و گوایە جەفەنگیان هەبووە. لەو لایەشەوە هێزەکانی بارزانی بە سەرۆکایەتی میرحاج لە بەرزاییەکانی دەوروبەری شاری سەقز لە سەنگەردا بوون. مستەفا فەرماندەی یەکێك لە دەستەکانی بارزانی کە هەر دەستەی بریتی بوون لە ١٥ تا ٢٠ کەس، لە سەنگەرێکی دابووە. رۆژێك لە نێوشاری سەقزدا هێزەکانی دەوڵەت بە تۆپ و بە تفەنگ، مانۆڕێکی گەورە دەدەن. دوای تەواو بوونی ئەو مانۆڕە، رەزم ئارا دەچێتەوە ماڵە حاجی و دەڵێ: ڕێژەم داوە جا بزانە سبەینێ چ دەکەم!.

حاجی لە وڵام دا دەڵێ:

ئەوە بارزانیین لەو تڕوتۆپانەی تۆ ناترسێن. پێتوایە ئەوە ترسان و هەڵاتن.

ـ سبەینێ دەچم تا مەهابادێ بەند نابم. دەزانم چەند کەسی لێیە، ئەوانە بەرگەی هێزی من ناگرن.

ـ سبەینێ دەبینینەوە و مەعلوم دەکا.

چەند رۆژ بەر لە شەڕی گەورەی مامەشا دوژمن چەند پەلاماری بۆ سەر پێشمەرگەکانی ئەو دەوەرە دەست پێک کرد. محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٢٣٢ بەشی یەکی کتێبەکەدا ئاماژەیان پێدەکا و دەنووسێ: سەرهەنگ غفاری و راپەرینی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژی ١٩٤٦/٦/١٣(١٣٢٥/٣/٢٣) چەند نەفەرێک سەربازی دوژمن بە پشتیوانی دوو تانک بۆ بەرەلاکردنی خەتی گەمارۆدراوی میرەدێ - لە سەقزەوە هەڵئەکوتنە سەر دەستەی میرحاج لە (ئایچی) دا و لەهەمان کاتا سەرهەنگ غفاریش لەگەڵ هێزەکەیا لە پۆستەکەیان دێنە دەرەوە پەلاماری هێزی بانەی و محمدی جەوانمەردی ئەدەن لە ناو دێی میرەدێ دا.

هەتا نیزیکی رۆژئاوا لە نێوانی ئەو دوو هێزەدا شەر بە گەرمی ئەکرێ. لە رۆژئاوادا لەشکری دەوڵەتی بە بێ هیچ سەرکەوتنێک ئەکشیتە دواوە. هێزی میردەدێ ٢٠ نەفەریان ئەکوژرێ و هیزی سەقزیش بە ٧ نەفەر کوژراو مەیدان چۆڵ ئەکەنەوە.

بەڵام لە شەوی ١٩٤٦/٦/١٤ دا بانەیەکان زۆر بە توندی بۆ هیزە گەمارۆ دراوەکەی پۆستی دێ ئەچن و مەجیدخانی حەمەرەشیدخان کە لەو کاتەدا وەکیلی فەرماندەی هیزی بانەی ئەبێ، دەستوورات ئەداتە چەند کەسێک کە لە تاریکی شەوا بە ماتەماتە خۆیان بگەینە بن قوللەی مەخفەرەکە و لەوێ سەنگەر هەڵبقەنن و خۆیان بخەنە کەمینەوە. بە ئەوەی کە رۆژ بووە مەیدان نەدەن سەربازەکانی ئێرانی بچن بۆ ئاوهێنان و نەتوانن لە قەڵاتەکە سەر بێنە دەرەوە. بەڵکوو بە هۆی ئەو فشار و تەنگە پێ هەڵچنینە خۆیان بەدەستەوە بدەن.

پێش ئەوەی کە پێشمەرگەکان لە خەندەق هەڵکەندن ببنەوە. رۆژ رووناک ئەبێ. نەفەرەکان خۆیان لەو شوێنە دا ئەملوسکینن بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئیستحکاماتەکانیان تەواو نابێ لە قۆڵەکە بەدی ئەکرێن.

لوولەی رەشاشی بێ مروەتانەیان بەسەرا شۆڕ ئەکەنەوە ئەو پێشمەرگە ئازایە جوانانەی خوارەوە شەهید ئەکرێن.

١ - رەشیدبەگ- ٢ - شێخ حسین ٣ – مینەبەگی سەلیم بەگ ٤ - فەقێ حسین ٥ – ئەحمەدی دەروێش حەمەمرادی بانەی ٦- محمدی فەقێ عەبدوڵا کەندە سوورەی ٧ – مستەفا بەگی محمدبەگی بانەی.

مەحموود ئاغای کوڕی مستەفاغای کێلەشینی کەلیخانێش بریندار ئەکرێ.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٥ ی بەشی دووهەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." را، لەسەر شەڕەکانی هێزی پێشمەرگە لە بەرەی سەقز دەنووسێ:

خەتی ئایچی و میرحاج

لە عەینی وەختا ٥٠٠ نەفەری سەربازی موجەهەزی شاهەنشاهی بە یارمەتی دوو تانک بۆ هەڵگرتنی خەتی حەساری بەینی سەقز و بانە هجووم ئەکەنە سەر پۆستەکانی میرحاج لە رێگاکانی ئیچی دا.

بەڵام لەبەر ئەوەی کە میرحاج خەندەقی قوڵ و پانی لە سەر رێگای تانکەکان هەڵقەند بوو و چەند نەفەری کە لە تەقاندنی دەمیتی دژی تانک وەستا بوون، خستووینە سەر ئەو چاڵ و خەندەکانە. هەتا نیهایەتی تانکەکان نەیانتوانی بوو لە چاڵەکان بپەڕنەوە و لەدوای شەرێکی زۆر سەخت لە گەڵ ئەو ٥٠٠ نەفەرەدا، میرحاج (انسحاب) دەکات بۆ کێوی کەروێشکە و مرخەز.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەترسی ئەوە نەکا لە مامەشەوە هێزی دوژمن محاسرەی بکات تەقریبەن سەعات و نیوێک لە ڕێگای عام دوور کەوتبووە. چونکە لەو وەختەدا خەبەر وەرئەگرن کە کێوی مامەشا کەوتۆتە دەستی ئێرانیەکان و هێزی مستەفا ئەو تەپۆڵکە ئەهمییەت دارانەیان واز لێ هێناوە.

مەنگوڕی هەر لەو لاپەڕەیەدا دەنووسێ:

**شەری هیجانان ئەحمەد خانی خەلیل خان**

هەر لەعینی ڕۆژ هەڵگرتنی خەتی گەمارۆ کراوی نێوان سەقز و بانە ٥٠٠ نەفەری سەربازی سوارە، پەلاماری هێزی فەیزوڵلابەگی ئەدەن. لە دێی خیدەر، قشڵاخی قاچی، هیجانان بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەحمەد خانی خەلیل خان لە سەر تەڵەبی عومەر خانی شکاک ڕۆژێک پێش حادسە، بە ناوی تەفاهوم و ڕێکی لە گەڵ ئاغایانی سوڵتان پەناە و یەحیا خان و حەمە عەلی خان و ئەمین خانی کەس نزانی گەڵباخی و ئیجلال و حەمەعەلی فەیزە لە روئەسای گەڵباخی و تیلەکۆ، ئیچیتە دێی (تاویشە) لە مەنتەقەی سەرشیو و گەورە قەڵا، درگا سولیمان، تاڵەجەر و وەکالەتی فەرماندەی جەبهە تەسلیم بە ئەحمەدخانی شەجیعی ئەکرێ کە معاوینی فەرماندەی ناوبراو ئەبێ و سەرکردەکانی لەشکری فەیزوڵلا بەگیش لەو وەختەدا بریتی ئەبن لە ئاغایانی عەبدوڵلا خانی سەهام تیکانتەپە، حەمەخان سەهام و حەمەخان سەرتیپی ئاخ جیوان و هەمزەئاغای جەهانگیربەگی، مەجید خانی باخچە و سەعید خانی دادخاە، حەمە ڕەحیم خانی دادخاە و سەلیم خانی قازلیان و کەریم خانی شەجیعی و حەمەخانی دادخاە، عەبباس خانی سەرتیپ ئاخ جەیوان، ئەمیرخانی کوڕی جەهانگیر بەگ، ئاوڕەحمان خان ئەحمەد خان سالار و ئاغاعەباسی مەرزبان، ناوان.

ئەمجا لە کێوانی پشتی خیدەر و بهنام دوژ، سەربازەکانی ئێرانی پێش ئەکەون و لەشکری فەیزوڵلا بەگی زۆر شپرزە دەبن.

بەڵام لە کێوی پشتی خیدەرە کە مەشهوورە بە گوێزان، ئەحمەد خان شەڕێکی زۆرمەردانە و قارەمانانە لە گەڵ هێزی دەوڵەتیدا ئەکات و ئەو لەشکرە زۆرە ڕائەگرێ هەتا ئەحمەد خانی خەلیل خان دەفریا ئەکەوێتەوە.

مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٦ ی ئەو سەرچاوەدا دەنووسێ: شەڕی خەتی سنتە و ساحەب و تاهیر خان

لە عەینی ڕۆژا لەشکری شاهەنشاهی بە دوو تانک و٥٠٠ نەفەرەوە لە ئەتڕافی دێی تیزاوا و لەگزی و کەریم ئاوا) هجومیان کردە سەر لەشکری تاهیرخان و نووری بەگی عەباسی نیژاد و ئەوانیش لەو جەبهەیەدا بەرەنگاری شەڕێکی زۆر بەساميان کردبوو.

**جەنگی میرەدێ و مەجید خان**

لە هەمان ڕۆژدا ئەو لەشکرە گەمارۆ دراوی میرەدێش لە سەر ئەو پرۆگرامە کە ڕۆژی پێشتر بە هۆی فرۆکەوە پێیان ڕاگەیشتبوو. هەر شەو بە ڕێگایەکی چەپەک و نەهێنیگەری دا دێنە دەرەوە. سەربازەکان لە چۆمی میرەدێ بە بێ خشە ئەپەڕنەوە دێنە سەر دابەزگای ئۆردوی بانە لە دێێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تموتەدا. هەر بەو شەوە لە کێوانی چراغ وەیس و تموتە کۆن و کەندە سوورە لەبەردە رەشانی و پشتی ئاوایی تموتە خۆیان دادەمەزرێنن و کەو کوژی بۆ لەشکری ئاغا مجید خان دائەنیشن.
لەو وەختە دا کە ئەو سەربازانە گوێیان لە تەقەی تۆپەکانی بێهنام دوژ ئەبێ، ئەمانیش هەڵئەکوتنە سەر هێزی تموتە و میرەدێ و شەرێکی زۆر سامداریش لەو ناوچە و مەڵبەندەیە دا رووی ئەدات. ئاغای مجید خانی حەمە رەشیدخانزادە لە داخی لۆمە و دڵگرمی و سەرنەکەوتنەکەی جاری پێشوو لە گەڵ ئاغایانی حەسەن خانی بوداقی و عوسمان ئاغا- کەریم ئاغای کوندەڵان و مامەند ئاغا و عەبدوڵلا ئاغا و عەلی ئاغا بلەجر و فارس ئاغای بلەجر و مینە قارەمان و عەلی حاجی عەتار و محەمەد ئاغای شقویز و محەممەد و حەسەن جەوانمەردی، مقاوەمەت و جەنگێکی زۆر مەردانە ئەکەن و لومە و تانوتی جەنگەکەی میرەدێ بە خوێنی ئیرانیەکان ئەشۆنەوە.
نەهایەتی ئەو جەنگە بە شکانی ئیرانییەکان و کوژرانی ٩ نەفەری سەرباز و ٤ نەفەری ئەسیر و گیرانی ١٥ تفەنگی برنەو ٦ هەزار فیشەک و یەک رەشاش و یەک دەزگای هلیوگراف دوایی هاتبوو و گەڕابوونەوە بۆ ناو ئیستحکاماتەکانی خۆیان، لە مەخفرەی ناوبراوی پێشوویانا. بەڵام موتەسفانە ئەمانیش قارەمانی ئەو مەعرەکەیان شەهید کردبوو، کە ناوی (محەممەد ئاغای شقویز) بوو کە یەکێک بوو لە خزمانی ئاغای حەسەن خانی بوداقی.
هەرچەند وەک نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەی ١٩٦ی کتێبی "کۆماری کوردستان" دا دەنووسێ کە "ئەرتەش، پتەوی دیواری دیفاعی پێشمەرگە، بە تایبەتی هێزی بارزانی‌یانی تاقی کرد بووەوە" بەڵام سەرەڕای ئەوانە هێزەکانی رژێم لە رێکەوتی١٣٢٥/٣/٢٥ هێرشێکی بەربڵاوی بۆ سەر سەنگەری پێشمەرگە هێنا. رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٠ لەسەر ئەو شەڕە حماسییە ئاوا دەنووسێ:
قابیل تەوەجوهی ئاغای قەواموسەلتەنە و ئازادیخوایان
دیسان پەلاماری مورتەجعین
بە هۆی دەنگ و باسی کە لە جەبهە گەیشتووە بۆجاری چەندەم رۆژی ١٣٢٥/٣/٢٥ پێشمەرگەکانی مورتەجعین و سەربازانی بلەوەزەکان لە جەبهەی سەقز بە پیادە نیزام و تانک و تۆپەوە پەلامارێکی زۆر سەختیان بۆ هێزی دێموکراتی کوردوستان هێناوە و هێزی کوردستانیش لە بەرانبەر ئەم دەست درێژییەدا پارێزگاری کردوە و جەنگ عاڵەتێکی راستەقینەی بە خۆوە گرتووە. ئەمجار ناچار لە لایەن هێزی کوردستانەوە پەلاماری موقابلە دراوە. دوای جەنگێکی زۆر سەخت هێزی فاشیست بە کوژراو و زیانێکی زۆرەوە لە نەهایەتی رسوایی دا هەڵاتوون و زیانی کە داویانە بە تەرتیبی ژێرەوەیە:
١ - لە میزانی هەزار کەس کوژراو بریندار.
٢ - دوو تانک شکاوە.
٣ - دوو فڕۆکە شکاوە و سوتاوە.
٤ - مێقدارێکی زۆر تفەنگ و فیشەک و موسەلسەل وەچەنگ کەوتووە. لە لایەن هێزی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستانەوە تەنیا ١١ کەس بریندار بوون. ئەم عەدەم تەعادولی زیانە نیشان دەدا کە پەلامار لە پێش دا لە لایەن مورتەجحین بووە.

هەموو دونیا دەزانێ کە ماوەی سێ مانگە هێزی کوردستان لە دەوروبەری سەردەشت و بانە و سەقز بۆ پارێزگاری سنووری دانیشتوون. لەو ماوەدا تا ئەورۆ سەربەخۆ لە لایەن هێزی کوردستانەوە چکولەترین دەستدرێژێک نەکراوە بەڵام ئەو بێشەرمانە دەگەڵ ئەوەش لەم مودەتەدا بێوچان دەگەڵ کوردستان و ئازەربایجان خەریکی گۆفتگۆ و رێکەوتن بوون تا ئەورۆ چەند جاریان پڕ داوەتە هێزی کوردستان. بەڵام دوای شەڕێکی کەم وەک رێوی کلکیان دەنێو گەڵی خۆیان گرتووە و دەگەڵ زیانێکی زۆر بە بێشەرمی و ریسوایی کشاونەتەوە دوایی و خۆیان دەکونەکەیان کێشاوەتەوە.

رۆژنامەی کوردستان ژمارەی ٦٦ بە قەڵەمی عەبدولڕەحمان عەلی لە راپۆرتێک دا بەمجۆرە باسی شەڕی مامەشا دەکا:

شەڕی مامەشا ٣ هەزار سەرباز، هەشت تۆپ، دوو تەیارە، دوو تانک بەرامبەر بە سیونۆ بارزانی.

لە رۆژی بیست و پێنجی مانگی جۆزەردان ساڵی ١٣٢٥ پادگانی سەقز بە سەرکردەیی سەرلەشکر حاجی عەلی رەزمئارا دو ساعەت شەوی مابو دەستی کرد بە ئاگربارانی هێزی ئێمە کە لە دەوری شاربوون بەو هیوایە کە ئەو پۆستانەی ئێمە داماممەزراندون لە سەری رێی سەقز و بانە بگێڕنە دواوە و خاروبار بگەیەنن بە قشونیان لە میرەدێ، بانە و سەردەشت. ئەم شەڕە دوازدە سەعات دەوامی کرد، هەرچی لە توانایان دابو بەکاریان هێنا. ٣ هەزار سەرباز، هەشت تۆپ، دو تەیارە و دو تانك بێوچان شەڕیان دەکرد. شەڕی دەکرد لەگەڵ هێزێك وەکی خۆی ئامادە و پڕ چەك؟ نە!! پۆستێکی ئێمە کە عیبارەت بو لە سیونۆ(٣٩) تفەنگچی بارزانی بە سەرکردەی پوت پۆلکۆنیك ئاغای مستەفا دلێرانە خۆیان بۆ لە سەنگەری خستبوو و بە تەنها سینگی بەرامبەر بەو ئاگرە زۆرە راگرتبوو. هێزی ئێمە لەبەر ئەوەی کە دەستوری شەڕی پێنەدرا بوو ئامادە نەبوو بۆ شەڕ. لە پاش سەعاتێك فیشەکی تەواو بو. بەڵام سەربازەکان بیست سندوقی سەرمۆری فیشەکیان بەجێهێشت بوو لە سەنگەرەکانی پێشەوەیان. ئەو فیشەکانە وەدەست هێزی ئێمە کەوتن. ئەوجار هەر دەبینی سەربازە و بە گوللەی خۆی دەکوژرێت.

شەڕ قایم بوو. تانکێ ڕوی کردە سەنگەری بارزانییان و بە توندی ئاگری دەهاویشت. تۆپەکانیان چاوی نەئەتروکان (لەو شەڕەدا نزیکی پێنج هەزار گوللە تۆپی هاویشت). تەیارە لە خول خواردن نەدەکەوت. موسەلسەل و بۆمبای نەدەویست و بۆمبارانی خۆی دەکرد و هێزی پیادەش بێوچان هێرشی ئەهێنا بەڵام خێرا ڕایان دەکرد و بە پەلەپرۆزێ خۆیان دەگەیاندەوە سەنگەر ئەویش پەرێشان و بریندار بە چەند لاوە. لەو ئاگربارانەدا بارزانیان مێشیان میوان نەبوو. ئاغای مستەفا هاواری دەکردا کوردایەتی خۆتان بنوێنن، میللەتی کورد روسوور کەن. دو تانك بە گوللەی تانکشکێن شکاندەرا. یەکێ لە شۆفێرەکانی کوژرا. ئەوی دی هەڵات. ئاغای مستەفا لە تەقریرەکەیدا دەڵێت: هەر بۆ خۆم بیست گوللەی تانکشکێنم بە تانکەکانەوە نا. یەکێ لە بارزانییان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە تەنها هێرشی بردە سەر تانکەکان. تا گەیشتێ ٥ سەربازی کوشت، سەربازێکی دەیویست لە پشتەوە بەیدەستی بارزانی بکا. بارزانی نیشتە سەری و گرتی، قەمەی سەربازەکەی دەرکێشاو لە ورگی دا. عیددەی سەقز تەلەفاتێکی زۆری بوو، ماندوێتی زۆری بۆ هێنان ئینجا شەڕ دەستی کرد بە کزبوون. بەرەبەرە تۆپەکانیان لە ئاگردان کەوتن و هاڕەی تەیارە بڕا. تانکەکان ئارەزوی هێرش هێنانیان نەما وەختێ کە دیان دوانیان بەو دەردە چوو کە چوو. پوت پۆلکۆنیك ئاغای مستەفا باسی زەرەر و زیانی هێرش هێنەرەکان ئەکا و دەڵێت وەکو بە چاوی خۆمان دیتومانە(٥٠٠) نەفەر سەرباز کوژراوە. خوێن وەکو جۆگە فڕکەی دەکرد. دو تانکمان شکاندوە و شۆفێرێك کوژرا. نزیکەی ٢٥٠ نەفەر ئەسیر بوون. بەڵام مەعەلئەسەف لەبەر ئەوەی کە نەفەراتمان زۆر کەم بوو لەم شەڕەدا نەمانتوانی کۆیان بکەینەوە و نەقڵی خەتی دواوەیان بکەین. تفەنگ بێ حەدوحیساب لە گەڵ موسەلسەلی گەورە و بچوك کەوتبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمرم کردبوو کە مەمنوعە دەستدرێژ کردن بۆ هیچ چەك و سیلاحێك و لەبەر ئەوەی کە لە ئاخردا شیددەتی ئاگر زۆر زیاد بوو نەمانتوانی چەك و سیلاح کۆ بکەینەوە لە کیسمان چوو.

لەم شەڕەدا لە بارزانییان یازدە کەس بریندار بوون. کوژراویان نەبوو. با بپرسین و لێی بکۆڵینەوە چ سڕێکە ئەو لەشکرە زۆرە پڕ چەکەی سەقز ئەو هەموو زیانەی لێ کەوت و کشایەوە دواوە، بەرامبەر بەو هێزە کەمەی بارزانی‌یان؟ بێگومان ئەو ئاگری نیشتمانپەروەری‌یە کە ئاگری تۆپ و تەیارە و تانك و موسەلسەل، هەرچەندە زۆر بەتین بێت، کەم توانا و بێ کەڵکە و هەروەکو پشکۆ، ئاگری ئاوی بە سەردا کەی دەبێتە ڕێژو سارد ئەبێتەوە و نشوستی ئەهێنی. هێزی حکومەتی میللی کوردستان سەربەرز بی، هێزی بارزانی‌یان.

عەبدولرەحمان عەلی

مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٨٤ دا باسی شەڕی مل قەرەنی یان مامەشا دەکا و دەنووسێ کە سەرەتا هێزەکانی ئێرانی لە ساعەت ٥ی بەیانی لە بەری ڕۆژئاوای سەقز هێرشێکی توندیان کردە سەر بەتالیۆنی ٢ی پێشمەرگە. حەمەدەمین میرخان فەرماندەی سیریەی یەکەم بە هانای بەتالیۆنی ٢ چوو و قورسایی هێزی دوژمنی کەم کردەوە و لە لای ڕۆژئاوا گەیشتە لای شار و تۆپخانەی دوژمنی بێدەنگ کرد. ئەوکارە بوو بە هۆی ئەوە کە بەتالیۆنی ٢ بتوانێ شاڵاوی عەجەم تێک بشکێنێ و پەلاماری بدا.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٢٣٥ بەشی یەکی کتێبەکەیدا ئاماژە بە شەڕی مامەشا دەکا و دەنووسێ: جەنگی قارەمانانەی کورد لەگەڵ هیزی ڕەزم ئارادا لە هیجانان – مامەشا - ئایچی میرەدێ و سنتە

لە ڕۆژی ١٩٤٦/٦/١٥ (١٣٢٥/٣/٢٥)

شەوی ١٥ی حوزیرانی ١٩٤٦ لەکاتی ٧/٤٠ دا هیزی دەوڵەتی شاهەنشاهی لەژێر فەرماندەی ڕەزم ئارای ڕەئیسی ستادی ئەرتەشی ئێران بە کۆمەگی ٣ فرۆکەی جەنگی و ٦ تانک و ٣ هەزار نەفەری پر چەکی سوارە و پیادە لە ژێر یارمەتی ٧ تۆپی کوە ئەفکەنی – جەبەلی – لە چوار لاوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێزی دیموکرات خرایه ژێر پەلاماردان و هەڵمەتێکی زۆر بە گوڕ. هەتا کاتی ١١ ڕۆژئاوا ئەو جەنگە بە سام و خوێنینە درێژەی بەست وە لە دوای سەعات ١١ لەشکری ئێران بە بێ هیچ سەرکەوتنێک بە ناچاری ئەکشێتەوە بۆ دواوە.

قۆڵی (١) شەر لە مامەشا دا لە گەڵ مستەفا !

بۆ ئەوەی کە خەتی گەمارۆ لە نێوانی سەقز و بۆکان و میاندواو هەڵبگرێ، هیزی دەوڵەتی بە ١٥٠٠ نەفەرەوە پەلاماری ئیستحکاماتی مستەفا ئەدەن لە مامەشا. کە ئەو قایمگایە هەر ١٠ دەقیقە لە سەقز دوورە.

لەشکری بارزانیش لەوکاتەدا تەخمین ئەکران بە ٢٥٠ نەفەر و ئەو ٢٥٠ کەسە بەسەر چەند بنکەدا بە درێژی ئەو شاخەدا دابەش کرابوون. خۆشەوی و مستەفا بە دەستەیەکی ٥٠ نەفەریەوە کەوتبوو بەر هێرشی ئەو ١٥٠٠ سەربازە. هەرچەند کە لە هەموو لایەکەوە شەڕ گەرم بوو بەڵام مەبەستی تایبەتی لەشکری ئێران گرتنی ئەو کۆسپەی مستەفا و خۆشەوی بوو کە موشەڕەف بوون بە سەر شاری سەقزا.

بە بێ ووچان ئەو هەشت تۆپە قایمگاکانی مامەشای دابوو بەر هێرشی تۆپ، تانکەکانیش بە بێ راوەستان هەڵیان ئەکوتایە سەر سەنگەری ئەو٥٠ کەسەی کە وەکو پۆڵا لەناو سەنگەرەکانیاندا رژابوون.

بەبێ هیچ گونە بەزەیی و مروەت سەبازە پرچەکەکانی ئێرانی هەڵمەتیان ئەبردە سەر کاک مستەفا و کاک کبتان خۆشەوی بۆ هەڵقەندنی هێزی بارزانی لە ملقەڕەنی - ئاڵتون - ئاخکەند - هەموو تەوانایەکی شاهەنشاهی رووی کردبۆوە هێڵی رەئیسی مامەشا، بەڵام لەبەر ئەوەی کە هێزی قارەمانانەی مستەفا و خۆشەوی بەرامبەر بە هێزی شاهەنشاهی هیچ نەشڵەژا بوون. سبات و مەردایەتی سەربازی بارزانی - هیوا و نەخشەی ئێرانییەکانی گۆری بوو. ئەو چەک و هێزە جەهەندەمیان کە بۆ لەشکری بارزان بەکار هێنرا بوو، هیچ مەبەستێکی ئێرانی پێ نەهاتە روو.

ئەوشەڕە لە شەڕەکانی ستالینگراد - خارکوف - روستوفی رووسی ئەکرد کە بەرامبەر بە ئاڵمانیەکان بە ئەنجام ئەگەیندرا. سەرەرای هێزی دەشت و شاخیش فرۆکەکانیان بە بێ پشوودان تیرەبارانی مامەشا و دەوروبەری سەقزیان ئەکرد.

هێزی بەکر ئاغا و نووری شیردڵ و هێزەکانی تریش لە ترسی ئەوەی کە لە هەمان رۆژا تووشی شەر و پەلاماردان بین، نەئەوێران کۆمەگی بۆ مستەفا بنیرن. ئەوانیش هەروا خەریکی خۆ قایم کردن بوون- لە قاراوا و ملقەرەنی ئاڵتون- ئاخکەندا هەتا نیهایەت ئەو دوو هێزە کۆمەگیان بە مستەفا نەکرد و هەتا نیهایەت کاک مستەفا بەو٥٠ نەفەرەی خۆیەوە بەرامبەر بەو لەشکرە زۆردارانەی ئێرانا بەربەرەکانی ئەکات.

هەر لەسەر ئەو شەڕە محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٧ بەشی دووهەمی کتێبەکەی دەنووسێ:

مۆفەقییەتی جەنگی مامەشا و ئیچی و هیجانان و رێگای ساحەبە

له نەتیجەی جەنگی ئەو ڕۆژەدا مستەفا مەجبوور ئەبێ بە ئینسحابی لەشکرەکەی لە کێوی مامەشا و بە کوژرانی ٥٠ سەربازی ئێرانی و بریندارێکی زۆر و شکانی یەک تانک و شکانی یەک گیارە و گیرانی٢٠ سندوق فیشک و گیرانی ٦ ڕەشاشی گەورە و بچووک و١٠ تفەنگ و زەخائیرێکی زۆری جەنگی نەهایەتی جەنگی مامەشاە هێنرا.

بەڵام داخی گرانم کە قارەمان و لیدەری لەشکری بارزان ئاغای (کبتان خۆشەوی) بە گوللەی ڕەشاشی تەیارە شەهید ئەکرێ و ١١ نەفەریکەش لە لەشکری کاک مستەفا بریندار ئەکرێن بە برینێکی سووک و کاک مستەفا خۆشی بریندار ئەبێ و بە خەساراتی ناوبراو گردی مامەشاە کەوتە دەست دەوڵەتی ئێران. بە مسافەی نیوسەعات لەشکری دیمۆکرات لە سەقز دوور کەوتەوە و لە جەبهەی میرحاج و ئایچیشەوە تانکێک پەنچەر ئەکرێ و چوار نەفەری سەرباز ئەکوژرێن.

و لە جەبهەی هیجانانا ئەحمەد خانی شەجیعی مقاوەمەتێکی زۆر پیاوانە لەگەڵ ئێرانییەکان ئەکا. لەشکرە شکاوەکەی ئاغایانی مەجیدخانی باغچە و حەمە ڕەحیم خانی دادخا ئەگێرێتەوە بۆ دواوە و ئەحمەد خانی خەلیل خانیش بە تەقەی تۆپەکانەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ناو لەشکرەکەی خۆی و بە فریای شەڕ ئەوکەوێ و ئێرانییەکان بە کوژرانی ٦ سەرباز ئەشکێنێ و فەزیحەتێکی زۆر سەخت بەسەر فەرماندەی سەرهەنگ موختاری و مزەفەری دێنێ. بەڵام لەو جەبهەیە دا ئێرانییەکانیش دوو ئەسپی لەشکری فەیزوڵلابەگی و مەلا محەممەد ناوێکی ڕێبوار ئەکوژن و لە جەبهەی تاهیرخانیشەوە دوو نەفەری سەرباز ئەکوژرێ بەڵام لە لەشکری دیمۆکرات تەلەفیات نابێ.

جێگای ئاماژەیە لە کاتی ئەو شەڕ و بەربەرەکانیانەدا، ڕێژیمی ئیران توانی بووی دەست بخاتە ناو ریزەکانی عەشایر و بە لای خۆیان دا بشکێنێتەوە و لە بەرەی پارێزگاری کوردستان دووریان بخاتەوە. محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٧ بەشی دووهەمی کتێبەکەی دەنووسێ:

**دەسائیسی عەشایرەکان**

لە گەرمەی ئەو شەرە بە هەیبەتەدا لەشکری عومەرخان و کاک ئەڵا ئاغای حوسێن ئاغا و خدر ئاغای گلۆلان و حەمەی حوسێن ئاغا بە دەسائیسی ئاغا سالح سوڵتان پەنا ئیقناع کرابوون کە لەسەر ڕێگای حەرەکات دوور بکەونەوە و عومەرخانیش وەعدەی ٧٠ هەزار تمەنی لە سەرهەنگ هومایونی وەرگرتبوو. لە ئیچی ملاقاتی یەکتیان کردبوو کە ڕێگای تێپەربوونی لەشکری ئێران بدات و کەنارەگیر بێ. ئەمانیش بەو نیهادە محنەتانەیانەوە ئاغای ئەحمەدخانی خەلیلخانی لاوی سەربەرز و قارەمانی هەموو سەر ڕاستی و دڵپاکیک ئێخفال کردبوو کە بە ناوی ڕێک کەوتنی ئەو ئاغایانەی کە لەمەوپێش عەرز کرا بچێتە مەخفەرەی سەرشیو و خورخورە. فێعلەن لە ڕوویەکی دڵپاکانەوە قبووڵی دەعوەتی عومەرخانی کردبوو. فەلسەفەی چونەکەشی تەنها ئەوە بوو کە ئەو ڕۆژە حەرەکات دەست پێ ئەکرێ ئاغای ئەحمەدخان لەناو لەشکرەکە دا نەبێ. چونکە ئەیانزانی ئەحمەدخان لەو شەخسانە نییە بەرامبەر بەم نەوعە لەشکرانە دابچڵەکێ و لەوانەش نییە بە پارە ئێخفال بێ.

عومەرخان هەر چەندە ئەو ڕۆژە شەڕی نەکرد بە هیوای ئەوەی ٧٠ هەزار تمەنەکەی بدرێتێ،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام ئێرانییەکان لە پاش یەئسی ئەو فکرە موحاسەراتی ڕێگاکان خەیانەتەکەی عومەرخانیان ئاشکرا کرد و هیچ پارەیەکی ئاواشیان نەدابۆیە کە لایق بێ بەو ئیتفاقە.

جێگای رامانە کە مەنگوڕی هاوکاری هێزی شکاک و ڕێژیم بە هاوئاهنگی ڕێژیمی ئێران و قازی محەممەد دادەنێ و لە لاپەڕەی ١٢ بەشی دووهەمی کتێبەکەی دەنووسێ: لە هەموو شتێک سەیرتر ئەوەبوو کە قازی محەممەد لەسەر تەشەبوساتی ئێرانییەکان لەشکری شکاکی ئیزن دایەوە. کەچی هەر لە عەینی ڕۆژا کە موسادفی ٦/٤/١٣٢٥ ئەکات لەشکری دەوڵەتی ئێران لە ژێر فەرماندەی سەروان مەنسوور پوورا، چوو بۆ جێگای لەشکری شکاک لە خوڕخوڕە و سەرشیو و ملەو و ڕۆستەمان. ئەمجا لە وەزاڕەتی جەنگەوە قەرار درا کە جێگای لەشکری شکاک بە لەشکری بارزانی و بانەی پر بکرێتەوە.

هێزی فەیزوڵلابەگی لە هیجانانەوە نێررایە جێگای لەشکری تاهیر خان و نووری بەگی عەباسی نێزاد و محاسرەی ئەتڕافی بانەشی هەڵگرت و لەشکری بانەی هێنایە ئەتڕافی سەقز.

فەرماندانی خوارەوە کە عیبارەت بوون لە مەممەد ئەمین‌خانی قادرخان زادە و مجیدخانی حەمە ڕەشید خانزادە و قادرخانی ئارمەدە و نەسروڵلاخانی ڕۆستەمی و عبدالەبەگی نیجنە و حەمەسەدیق خان سولیمان خان و ئەحمەدخانی فاروقی و محەممەد ئاغای جوانمەردی و ڕەسووڵی مەحموودی و حەمە ڕەشیدبەگی بلەکێ، لە لایەن حەمە ڕەشیدخانەوە ئێحزاری سەرا کران. ئەنجومەنێکی ئیتحادیان تەشکیل کرد. لەو ئەنجومەنەدا فەرماندانی ناوبراو سوێندیان بۆ ئاغای حەمە ڕەشید خان خوارد کە هەتا نەهایەت خەیانەت لەگەڵ و قازی محەممەد و هێزی دێمۆکراتا نەکەن.

منیش بەو موناسەبەتەوە لە ڕۆژنامەی ٦٩ و ٦٨ کوردستان بە تەفسیل خوتبەی ئەو فەرماندانەم نووسیوە و هەر لەعینی وەختا (حمەخانی مەحمودخانی کانی سانانیش) لەسەر ئیعتماد و قەناعەتی حەمە ڕەشیدخان بە دەستەیەکی مناسبەوە ئیلتحاقی بە حەمە ڕەشید خان کرد. بە ئیحتڕامێکی زۆرەوە نێررایە سابلاغ و هەتا نەهایەت لە سابلاغ لەژێر عەتفی قازی محەممەدا مایەوە.

لەسەر کاریگەری و ڕۆڵی حەمە ڕەشیدخانی بانە وەک فەرماندەری بەرەی سەرا و سەقز، محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٩ بەشی دووهەمی کتێبەکەی دەنووسێ:

عەمەلیاتی حەمە ڕەشید خان لەو جەنگەدا

حەمەڕەشید خان لەپاش ئەوەی کە چاوی بە هێزی مستەفا ئەکەوێ کە زۆر لە ژێر زەختی عەدودان، ملاقاتی بەکرئاغا و نووری ئەحمەد تەها ئەکات کە ٢ سوندوقی فیشەکی ئیحتیاتی خۆیان لە گەڵ ١٠٠ نەفەرا بۆ مستەفا بنێرن. بەڵام لە ترسی سووئی عاقیبەتی خۆیان ئەمانیش ناوێرن فیشەک و نەفەرەکاتەکانی خۆیان لە خۆیان دوور بخەنەوە.

ئەمجا لەسەرڕاوە حەمەڕەشیدخان نووسی بۆ بۆکان بۆ فیشەک. فەرماندەی هێزی بۆکانیش هەر ١٥٠٠ فیشەکی لا هەبوو بۆی ناردە سەرا و لە عەینی وەختا حەمەڕەشید خان حاکمی سیاسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جەبهە، ئاغای زەبیحی زۆر بە پەلە ناردەوە بۆ سابلاغ بۆ فیشەک، بەڵام لە پاش ٤٨ سەعات ٣٠ هەزار فیشەک بە هۆی مایور خەیروڵلا ناوی بارزانی گەیشتە سەراو نێردرا بۆ لەشکەر... و غەیرە ئەوەش حەمەرەشید خان تەرتیباتی عەقەبب نیشینی دامەزران لە کێوەکانا.

ئەمجا حەمە رەشیدخان لە نەبوونی فیشەک و وەسائیلی جەنگی لە جەبهەدا، سەرزەنشتێکی دوور و درێژی بۆ قازی محەممەد نووسی بە ژمارە ٦٤٠ و رۆژی ١٣٢٥/٣/٢٥ و لە وەختێکا کە حەمە رەشیدخان راپورتی حەڕەکاتی جەبهەکانی گەیشتێ. لە ئینسحابی میرحاج بۆ کەلی کەروێشکە زۆر موتەئەسر بوو. فەورەن نووسراوەێکی بۆ میرحاج نووسی کە من هیچ وام لە تۆ رانەئەدی کە بەو وێنە شەڕە بچکۆلانانە خەفزی حەمییەت پەیدا بکەی. بە بێ کوشتن ئیستحکاماتی ئایچی بۆ دوژمن بەجێ بێڵی. پێویستە هەر ئێستا بگەڕێتەوە بۆ جێگای پێشووت و فێعلەن میرحاجیش بە گەیشتنی نووسراوەکە ئەگەڕێتەوە بۆ ئایچی بەڵام لە دوای گەڕانەوەی حەمە رەشیدخان بۆ عێراق، میرحاجیش بەو قەزییەی ئینسحابی لەشکرەوە موتەهەم کرابوو. گۆیا ئەویش پارەی لە ئێرانییەکان وەرگرتووە بۆیە تەرکی ئیستحکاماتی ئایچی کردوە.

جا لەسەر ئەو مەوزوعە حکومەتی قازی محەممەد سقەی عەسکەریان لە میرحاجی کرد بووەوە هەتا نەهایەت لە تەورێز کردبویان بە مەئمووری ئیستلامی زەخائیری لەشکری بارزانی.

خەلیل فەتاحی قازی لە لاپەڕەی ١٥٠ی مێژووی بنەماڵەی قازی دا لەسەر چلونێتی تاکتیکی پێشمەرگە لەو سەرکەوتنە مەزنەدا دەنووسێ کە لەو بەشە لە بەرەی سەقز، دوو مەقەری ٢٠ کەسی هێزی بارزان لە نیزیک یەک بوون. چەند رۆژ پێشتر میرحاج فەرماندەی یەکێک لە مەقەڕەکان ئاگادار دەبێ کە هێزەکانی رێژیم خەریکی جموجۆڵ و خۆ تەیارکردن و مەشقی نیزامیین. میرحاج نیگەران دەبێ و رادەسپێرێتە مستەفا خۆشناو دەڵی کە رێژیم بەرنامەی هێرش کردنی هەیە و ئەمن بەو چەند کەسە لە عوهدەی هێرشی ئەوانە کە بە تانک و تۆپ و تەیارە هێرش دێنن، نایەم. باشتر وایە هەرچی زووتر بێی بە هانامەوە. مستەفا خۆشنا دەڵێ کە ئەوان هێرش دەکەنە سەر ئێمە و باشترە ئەتۆ لە جێی خۆت بمێنی. سەرهەنگ ٢ مستەفا خۆشنا ئامادەی بەربەرەکانی دەبێ. ئەو بیر دەکاتەوە کە مەتەریزی پیشمەرگەکانی شناسایی کراوە و گەڕای بۆ تۆپ گیراوە. بۆیە هەوڵ دەدا ژیرانە باشترین تاکتیکی شەڕ بە کار بێنی. ئەو هەر شەوێ بە پێشمەرگەکان فەرمان دەدا کە مەتەرێزەکەیان بگوێزنەوە و لە سەد میتر خوارتر سەنگەران هەڵقەنن و بە باشی داپۆشن. بومەلێڵی روژی دواتر، دوژمن بە تەیارە و بە تۆپی ١٠٥ میلیم سەنگەری پێشووی پێشمەرگەکان بە توندترین شێوە ئاور باران دەکا و دوای ماوەیەک ئەوجار هێزی پیادە بە رێچکە بەرەو سەنگەری پێشمەرگەکان هێرشی دێنێ. پێشمەرگەکان بە بێ ئەوەی سڵ بن و تەکان بخون لە سەنگەرەکان دا مات بوون تا هێزی دوژمن گەیشتە سەد میتری و ئیدی بە رەگباری موسەلسەلان دایانگرتن. هێزی دوژمن بە سەر یەک دا بەردەبنەوە و رادەیەکی زوریان لێکوژرا و ئەوانی دیکەش دەست و پێیان لێ وەن بوو و تەفەنگەکانیان فڕێ دا و دەست لە ئەژنۆ درێژتر بەرەو خوار دایانقەڵاشتە خوار تا خۆیان لە رەگباری پێشمەرگە نەجات بدەن. پێشمەرگەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەوتنە سەریان و زۆریان دەستبەسەر کردن. ئەوان نەیانەویست زیاتر ئەسیر بگرن چوونکوو رادەیان کەم و فیشەکیشیان زۆر پێی نەمابوو. لەو شەڕەدا خەلیل خۆشەوی یەکێک لە فەرماندە و لە نیزیکانی مەلا مستەفا شەهید بوو.

دوای ئەو شەڕە قارەمانانەیە، پێشەوا قازی محەممەد لە تەورێز را بە پەلە گەڕاوە بۆ کوردستان و چوو بۆ بەرەی سەقز. لە کوردستانی ژمارە ٦٠ دا ئاماژە بە چوونی پێشەوا قازی دەکا کە رۆژی ٢٦ ی ٣ ی ١٣٢٥ بە پەلە لە تەورێزەوە چوو بۆ گوندی سەرا کە بارەگای سەرکردایەتی جەبهەی سەقزی لێ بوو. رۆژنامەی کوردستان بەمجۆرە باسی چوونی پێشەوا بۆ سەرا دەکا:

چوونی حەزرەتی پێشەوا بۆ سەرا رۆژی ١٣٢٥/٣/٢٦

رادیۆی کوردستان وەڵامی دا حەزرەتی پێشەوای کوردستان لە تەورێزەوە چۆتە دێی سەرا و دەگەڵ سەرتیپ رەزمئارا گفتوگۆیان بووە و ئێستاکە خەریکە بە جەبهەکان رابگا و دەستوراتی پێویستیان بۆ سادر دەفەرموێ.

سەعید خانی هومایون لە لاپەڕەی ١٠٢ دا دەنووسێ کە لەکاتی ئەو شەڕەدا، پێشەوا لە تەورێز بوو و لەگەڵ نوێنەرانی ئازەربایجان خەریکی هەڵسەنگاندنی چۆنییەتی وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت بوو. هەر کە ئاگاداری ئەو شەڕە بوو بۆ رۆژی ٢٦ / ٣ /٣/ ١٣٢٥ گەڕاوە بۆ کوردستان. مەلا مستەفا و چەند کەس لە فەرماندەران، بۆ پێشوازی چوونە میاندواو و لە وێڕا و وێکرا بەرەو ناوەندەی فەماندەری لە ئاوایی سەرا وەڕێکەوتن. بە پێی قسەکانی سەعید خانی هومایون لە لاپەرەی ١٠٢دا، پێشەوا و مەلا مستەفا لە لای یەک دانیشتن. لە رێگایەدا مەلا مستەفا ناوی بریندارەکانی برد کە یەک لەوان خەلیل خۆشەوی بووە. پێشەوا لە مەلا مستەفای پرسێ:

جەنابی بارزانی نیوی بریندارەکانت هەیە؟

ژێنرال بارزانی گوتی:

نەخیر، بەڵام چونکە پێشمەرگەکان لە نیزیکەوە دەناسم و دەزانم کە چەندە ئازان ئیمانم پێیان هەیە. دەزانم هەموو جەوان و نەترس و رەشیدن، بۆیە دەڵیم دەبێ بریندار بووبن.

پێشەوا و ژێنراڵ بارزانی لە بۆکان چوون سەردانی بریندارەکان و ئەو کەسانەی کە بارزانی ناوی برد بوون، هەموو بریندارببوون و خەلیل خۆشەوی و یەک دوو پێشمەرگەی دیکە لەبەر سەختی برینەکانیان شەهید ببوون.

پێشەوا دوای سەردانی بەرەکانی شەڕ گەڕاوە بۆ مەهاباد و لە نوێژی هەینی ١٣٢٥/٣/٣٠-١٩٤٦/٦/٢٠دا سەبارەت بە ریکەوتنی تەورێز و شەڕی مامەشا و شەهید بوونی خۆشەوی خەلیل و ئازایەتی ئێلی بارزان، قسەی بۆ خەڵک کرد. پێشەوا لە بەشێکی وتارەکەی دا باسێ رادەی سەرباز و کەرەسەی نابەرانبەری شەڕ، وەک تۆپ و تانک و فڕۆکەی دوژمن و ئازایەتی لە رادەبەری هێزی پێشمەرگەی کرد کە توانیان بە رادەیەکی کەم لەبەرانبەر هێزی زۆری دوژمن رابوەستن. هەروەها پێشەوا ڕایگەیاند کە دوژمن لە بەری میرەدێشەوە پەلاماری بۆ سەر پێشمەرگەکان بردوە بەڵام سوارەکانی ئاغای ئەحمەدخانی فاروقی فریای پێشمەرگەکان کەوتن و لە هەر دوو بەرەی شەڕ،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوژمن زیانێکی زۆری لێکەوتووە. لە بەرەی شەڕی میرەدێ، محەمەد ئاغای شقۆیف شەهید بوو. دوایە پێشەوا سوپاس و دەستخۆشیی لە پێشمەرگەکانی هێزی بارزانی کرد و گوتی لە یارمەتیدانی ئابووری ئەو پێشمەرگانە، کۆتایی ناکرێت. دەقی قسەکانی پێشەوا لە کوردستانی ژمارەی ٦٢ دا، بەمجۆرەیە:

نوتقی پیشەوا راجع بە جەنگی مامەشای سەقز

شەوی ١٣٢٥/٣/٣٠ حەزرەتی پێشەوای کوردستان کە لە تەوریز را بۆ پێراگەیشتن بە مەڵبەندەکانی جەبهە تەشریفی چوو بوو گەڕایەوە و بەیانی ساتی ٨ لە عیمارەتی پێشەوائی حازر بوو و بە کارەکانی بەردەستی راگەیشت و لە ساتی (١) دوای نیوەڕۆ بۆ بە جێهێنانی فەرزییەی جومعە چووە مزگەوتی سوور. دوای نوێژ تەشریفی بردە سەر مەنبەر و نوتقی ئیراد فەرموو. لە پێشدا حەزرەتی پێشەوا لە بابەت پەیمانێکەوە کە لە نێوان ئازەربایجان و تاران دا بەستراوە گەلێک دووا و پتری مەوادی پەیمانەکەی تەشریح فەرموو وە بە تایبەتی ئیشارەی بە مادەی ١٣ پەیمان کرد کە دەڵێ: ( دەوڵەت موافقەت دەکا کە کوردانی نیشتەجێی ئازەربایجان لە مەزایای ئەم موافقەتنامە ئیستیفادە بکەن و بە پێی مادەی (٣) ئیبلاغییەی دەوڵەت تا کلاسی ٥ ی ئیبتیدایی بە زمانی خۆیان بخوێنن و فەرمووی: لەم مادەیەدا ئیقراریان بە حەقانییەت و مەوجوودییەتی ئێمە کردووە و ئەڵبەتە ئێمە دەمانەوێ تەواوی کوردستان لەم مەزایایە و لە ئازادییەکی کە لە سەرتاسەری ئێران بە دەستی کوردان بە زوویی بەرقەرار دەکرێت، هەموو براکان بەهرەمەند بن. پاشان ئیشارەی بە شەڕی رۆژی ١٣٢٥/٣/٢٤ جەبهە فەرموو: کە سوئیتەفاهوم ببووە هۆی روودانی ئەم جەنگە چونکو من دەستوری تێلگرافیم دابو کە رێگای بۆ میرەدێ و بانە و سەردەشت بکەنەوە کە خواردەمەنی بۆ سەربازەکانی ئێرانی کە لەو مەڵبەندانە هەن ببرێت، نازانم تێلگرافەکە درەنگ گەیشتبوو یا ئیجرا نەکرابوو. سەرتیپ رەزمئاراش کە ئێستا لە سەقزە تێلگرافی بۆ ئاغای قەواموسەلتەنە نارد بوو و مەوزوعی ڕێگا نەکردنەوەی وەڵام دابوو و قەواموسەلتەنەش دەستوری دا بوو بە هێزی خۆیان ڕێگا ئاوەڵە بکەنەوە. لە نەتیجە دا لە حەدودی ٣ هەزار کەس سەرباز کە بە ٨ تۆپ و دوو تەیارە و دوو تانك پیشتیوانی‌یان لێکراوە پەلامار بۆ گردی مامەشا دێنن و فەرماندەی پۆستی ئێمەش لەوی پەیام بۆ سەرکردەی خۆی مستەفا دەنێرێ کە ئەوا هێزی ئیرتیجاع پەلاماری هێناوە چارە چیە؟ ئەویش دەستور دەدا تا نەیەنە نێو سەنگەری ئێوە دەست مەکەنەوە. ئەوانیش کە جەمعەن بە کۆمەکێکەوە کە لە لایەن سەرکردەی خۆیانەوە پێ‌یان‌دەگا دەبنە ٣٩ کەس، دەنگ ناکەن تا دوژمن دەگاتە نێو سەنگەرەکەیان. ئەمجار لێ‌یان دەردەپەڕن و عیدەیەکیان لێ دەکوژن و پەنجا هەزار فیشەکیان لێ دەگرن و دوژمن دەشکێ. دوای کەمێك دیسان دوژمن پەلامار دێنێ. ئەمجار لە حەدودی ٣٠ کەس لە پۆلی سەرکردە میرحاج ئەحمەد، کۆمەك بۆ کوردەکان دێت و شەڕێکی ڕۆستەمانە و قورسیان دەگەڵ دەکەن و گورهانێکیان لێ‌دیل دەکەن. بەڵام چونکو پێشمەرگەکانی کوردستان گەرمی شەڕ دەبن و ژمارەیان لە ٧٠ کەس پتر نابێت، کەس نابێ ئەم دیلانە لێ خورێ. ئەمجاریش دوای لێ‌گرتنی چەند تفەنگ و کوژراوێکی زۆر دوژمن دەشکێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیسان جاری سێیەم پەلاماریْ دێنن. عیدەی مە کە وەسیلەی هەڵگرتنی بریندارەکانیان بوو، ناچار بۆ خۆیان بریندارەکانیان هەڵدەگرن و دەکشێنەوە و گردی مامەشا بە جێدێڵن و لە سەربازەکان ٥٠٠ کەسیان کوژراو و٢٥٠ کەسیان بریندارە دوو تانك و دوو تەیارەیان سوتاو و شکاوە.

حەزرەتی پێشەوا فەرمووی: مەقاڕنی ئەم پەلامارە لەوبەر چۆمیشڕا لە دێی خەیدرەوە و لە پۆستی میرەدێشڕا پەلاماریان بۆ هێزی کوردستان برد بوو. هەرچەند لە جەبهەی خەیدر پێشمەرگەکانی ئێمە لە بەر کەمی لە هەوەڵەوە پاشەکشەیان کردوە بەڵام سوارانی ئاغای ئەحمەدخانی فاروقی بە هیمدادیانەوە هاتووە بیلنەتیجە لە هەر دو جەبهە دوژمن بڕێك تفەنگ و فیشەکی بەجێهێشتوە و عیدەیەکی کوژراو داوە و هەڵاتوون و لە جەبهەی میرەدێ محەمەد شقوێوڤ شەربەتی شەهادەتی چێشتووە.

ئەمجارە حەزرەتی پێشەوا هاتە سەر تەعریفی ئیلی قارەمانی بارزان و فەرمووی: ئەم ئێلە ئازایە دەگەڵ وەش کە نیشتگای خۆشەویستیان بەجێهێشتوە و هەموو لە ماڵ و منداڵیان دوورن و گەلێ ناڕەحەتی دیکەشیان هەیە زەڕەیەک لە گیانی ئەوانی تەئسیر نەکردوە و رۆژ بە رۆژ لە نیشتمان پەرستی خۆیان دا بەتین ترن. تەنیا داخی کە هەیانە ئەوە بوو خەیاڵیان بوو پەلامار بۆ سقز بەرن و داگیری بکەن بەڵام ئەمن مەنعم کردن. شەڕێک کە ئێلی بارزان کردوویانە لە مێژوودا وێنەی نیە و دەگەڵ ئازایەتی رۆستەم و ئەسفندیار ... بەرجەوند ناکرێ. لەسەر ئێمە هەموومان پێویستە کە بە ماڵ و داراییمانەوە لە کۆمەک بە هەموو ئیلی بارزان بەتایبەتی ئەوانەی کە لە جەبهەی رایدەبوێرن، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە شەڕێدا بریندارببوون نسبت بە خۆیان و ژن و منداڵیان کوتایی نەکەین و بەڵکو ئەوان لە خۆمان و ژن و منداڵی خۆمان لەپیش تر بزانین.

جێگای ئاماژەیە کە بە دوای شەڕی مامەشا دا رووسەکان راستەوخۆ پەیوەندیان بە بارزانییەکانەوە گرت و لە کاروبارەکان دا پرسیان پێدەکردن.

هەر چەند قورسایی گەورەی ئەو شەڕە لەسەر هیزی بارزانی بوو و ئەوان گلێی و گازەدەیەکیان نەبوو بەڵام محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٠ بەشی دووهەمی کتێبەکەی دا لە ژێر عینوانی نوقسانیاتی دێموکرات، بە پشتیوانی لە حەمە رەشیدخانی بانە هێرش دەکاتە سەر قازی محەممەد و دەنووسێ:

نوقسانییەتی دێمۆکرات

ئەگەر لەو وەختەدا بازرانییەکان فیشەک و تەجهیزاتی تەواویان ببوایە و لەژێر قیادەی ئەمیرێکی خۆیان بوونایە. هەر ئەو رۆژە سەقزیان ئەگرت. چونکە ئیرانییەکان شپرزە بوو بوون و لەعەینی وەختیشا ئازادیخواهەکانی سەقز ئێحزاراتی خۆیان کردبوو بۆ سەورە و حەڕەکاتی داخلی، ئاغایانی دەباغی و حاجی عبدولا بانەیی و دەستەی حاجی مەجید و جەلالی و حیجازی لە دەرگای ئینتزار راوەستابوون.

بەلام سەرچاوەی غەڵەتی ئەو حەڕەکاتە هەموو ئامال و مۆفەقییەتێکی کوردی دوور خستەوە. هەتا وەختێ کە حەمە رەشیدخان لە جەبهەی مامەشا ئەگەڕێتەوە لەگەڵ بەکرئاغا و نووری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەحمەد تەها ئیتفاق ئەکات کە هەر ئەو شەوە ئەو دوو لکە بچنە سەقزەوە و ئیحتیلالی سەقز بکەن هەر وەختێک کە زانیان لەشکری ئێران چۆتە ناو شار. بەڵام ئاغایانی ناوبراو لەبەر تەفرەقەی و ناوخۆیان نەیانتوانی بۆ تەتبیقی ئەو پرۆگرامە بکەن.

قازی محەممەد لە جەهەتی تەسلیح نەکردنی لەشکرەکەی و نەناردنی فیشەکی ئیحتیات بۆ جەبهە بە موقەسیر ئەزانرێ. لە رەغمی ئەوەی کەهەموو نەفەرێکی سابلاغی بە دەمانچە و تفەنگ و تماتیر تەجهیز کرابوون. هەتا کچەکانی مەکتەب بلعمووم بە دەمانچە و تماتیر ئاڕایشت کرابوون. کەچی ئەو هەموو لەشکر و عەشائیرانە بە بێ چەکی تازە هاتبوونە کایەوە. قازی محەممەد زۆر بە غەڵەت چووبوو کە وای ئەزانی کچ و کوڕ و پیاوانی سابلاغ بۆ وەرگرتنی ئیستقلال کافین و لای وابوو لە رۆژی لێقەومانا ئەمانە لە شاری سابلاغا حەربی خەندەقی بۆ ئەکەن و عەشایرەکانیش هەڵدێن. قازی محەممەد وای ئەزانی کە کچەکانی سابلاغ وەکوو کچە رووسەکان لە ستالینگراد، ئیختیاری شەڕی پەنجەرە و سەرخان و ژێرخانی بۆ ئەکەن. کەچی بلعەکس لە رۆژی تەسلیم بوونی تەورێز، هەرچی کە قازی محەممەد پێی ئەنازی و بە جێگای رۆژی قەومانی ئەزانی، تفەنگ و دەمانچەکانیان لە مزگەوتان فڕێدا و یا بە سەر قازی محەممەدیان دادایەوە و یا بە پارەیەکی زۆر هەرزان فرۆشتیان و یا تەسلیمیان کردەوە بە حکومەتی ئێران و جەبهەی تاخت و تازیش لەبەر بێ چەکی هیچ مەڕامێکی چەنگ نەئەکەوت.

**شەهید خۆشەوی خەلیل**

جگە لە محەممەد ئاغای شقۆیف کە لە شەڕی میرەدێدا شەهید کرا، لە ناو بریندارەکانی شەڕی مامەشادا، پێشمەرگەیەکی ئازای بارزانی بە ناوی "خۆشەوی خەلیل خۆشەوی" شەهید بوو. لە ژمارە ٥ "هاواری نیشتیمان" ساڵی ١٩٤٦ ئۆڕگانی یەکێتی جەوانانی دێموکرات دا باسی رابردوی ئەو شەهیدە قارەمانە هاتووە و سەرەخۆشی لە ژێنڕاڵ بارزانی کراوە:

مەرگی خۆشەوی خەلیل

خۆشەوی خەلیل لە ساڵی ١٩٢٨ لە دایک بوو. لە وڵاتی مزووری( لە ناوچیای بارزان لە کوردستان مووسەکان). لە ساڵی ١٩٣٥ باوکیان لە لایەن دەوڵەتی عێراق کوژرا و لە لای مامی، ئەسعەد خۆشەوی گەورە بوو. هەتا کلاس ٤ ئیبتیدایی خوێند بوو. بیری سەربەستی کوردستان و زوڵم و ئجحافی ئیستعمار نەیهێشت تەحسیلاتی خۆی ئیدامە پێبدا.

لە ساڵی ١٩٤٢ لە سەوڕەی مەلامستەفا ئشتراکی کرد و لە ساڵی ١٩٤٥ لە شەڕی دووهەمیش دا هەبوو و لەگەڵ عێلی بارزان کشانەوە نێو ئێمە (موکوریان). لە لایەن زەعیم مەلامستەفا بە فەرماندەی چلی ١ لکی ١ تەعین کرا.

لە رۆژی ٢٥/٣/٢٤ لە نەتیجەی حەملەی خائینانە و وەحشیانەی هەواپەیمای هێزی دیکتاتوری جنوب بە گوللەی موسەلسەل بریندار کرا و لە رۆژی ٢٥/٣/٢٩ وەفاتیان کرد ...

رۆژنامەی کوردستان لە ژمارەی ٦٢ دا بە قەڵەمی محەممەد مەحموود بابەتێکی لە سەر ژیانی خۆشەوی خەلیل مزووری بە شێوە خوارەوە بڵاوکردەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قارەمان خۆشەوی خەلیل مزووری

خۆشەوی کوڕی خەلیل خۆشەوی رەئیس عەشیرەتی مزوورییە کە یەکێکە لە هەر چوار عەشیرەتی بارزان. لە ساڵی ١٩٢٨ ی میلادی دا لە کوێستانی مووسەکا لە وڵاتی مزووری لە دایک و بابێکی کورد هاتووتە دنیایە.

باوکی ئەم قارەمانە کە (خەلیل خۆشەوی) یە ژیانی خۆی هەر لەگەڵ بەربەرەکانی دەوڵەتی تورک و دەوڵەتی عەڕەبدا بە سەر بردووە. لە ساڵی ١٩٣٠ میلادی دا، لە وەقتێکدا کە عێلی بارزان لە نەتیجەی فشاری هێزی ئینگلیز و عەڕەب چوونە خاکی تورکیاوە و لە پاش دا لە سەر وەعدی حکوومەتی عێراق گەڕانەوە و لە گەڕانەوەیان دا دەردەست کران و نەفی کران بۆ وڵاتی خوارووی عێراق. لەم وەقتە دا (خەلیل خۆشەوی) لە شاخ مایەوە. نزیکەی شەش ساڵ لە دەوڵەتی عێڕاق عاسی بوو و لە دواییدا لە زستان دا بە هۆی هێزی تورک و عێراق لە سەر سنووری تورکیا و عێڕاق کووژرا. لەم وەقتە دا قارەمان (خۆشەوی خەلیل) منداڵ بوو و لە ماڵی مامی (ئەسعەد خۆشەوی) گەورە بوو و فێری خوێندن و نووسین بوو و لە ئاکرێ تا کلاسی چوارەمی ئیبتیدائی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٤٢ دا کە زەعیم مەلامستەفای بارزانی لە سولیمانییەوە فیراری کردەوە بارزان ( ئەسعەد خۆشەوی) و( خۆشەوی خەلیل) لە دوای داگیرکردنی پۆستی ئەمنییەی (بیرەکەپرە) گەیشتنە مەلامستەفا و دەوامی شەڕی ئازادییان کرد. دیسان ئەم قارەمانە لە ساڵی١٩٤٥ دا، لە شەڕی دووهەمی بارزان دا ئیشتراکی کردووە و لە دوایی دا لە گەڵ عێلی بارزان هاتە خاکی کوردستانی ئێرانەوە.

ئەم قارەمانە لە لایەن زەعیم مەلامستەفای بارزانییەوە بە فەرماندەی (چڵی دوو) لکی یەک دانرا و نێردرا بۆ جەبهەی سەقز.

لە رۆژی ٢٥/٣/٢٥ دا هیزی دیکتاتۆری فاشیستی تاران، لە سەقزەوە حەملەیان هێنا بووە سەر هێزی دێموکرات لە تەڕەفی جەبهەی قارەمان خۆشەوی خەلیل. ئەم قارەمانەش فەوری گوزارشی خۆی دایە فەرماندەی لک مستەفا . لە جواب دا ئەمری پێکرا کە ئەگەر هێزی فاشیزمیان گەیشتە ناو سەنگەرەکان فەرمانی حەملە بدرێت. قارەمان خۆشەوی خەلیل فەرمانی فەرماندەی لکی خۆی بە دیقەت بەجێهێنا وە کە هێزی دیکتاتۆری نزیک بوونەوە بە ٥٠٠ کەس و دوو تانک و سێ تەیارە قارەمان خۆشەوی خەلیل، دەستووری حەملەی دا بە پێشمەرگەکانی کە عیبارەت لە ٤٠ نەفەر بوون و بەرابەر٥٠٠ نەفەر شەڕێکی زۆر سەخت کرا و لە نەتیجەی سێ حەملە دا ئەم هێزە بچووکەی دێموکرات نەهایەتەن هێزی دیکتاتۆریان شکاندن. هەر لەو رۆژە دا قارەمان خۆشەوی خەلیل و ١٠ پێشمەرگەی بریندار کران. لە لایەن فەرماندەی سەراوە نێردران بۆ بۆکان و لەوێشڕا بە دەستووری پێشەوای موعەزەمی کوردستان، قارەمان خۆشەوی خەلیل نێردرا بۆ تەورێز. لە تەورێز لە خەستەخانەی شووڕەوی چوار ڕۆژ لە تەداوی دا بوو وەلی داخەکەم بای ئەجەل هات و لە ناکاو دەفتەری ژینی دڕی. هێشتا غونچە بوو لە باخدا بە ناحەق هەڵوەری. گیانی پاکی بە ئەبەدی سپارد و لەوێ لە لایەن وەزیری هێزی کوردستان جەنابی محەمەد حوسێن سەیفی قازی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جەنازەی بۆ مەهاباد بەڕێ کرا. لە تەشییعی جەنازەی ئەم قارەمانە دا تەواوی هێزی ناوەندی کوردستان و دانیشتووانی مەهاباد و حەزرەتی پێشەوای موعەزەم و ژەنەڕال مستەفای بارزانی و هەیئەتی وەزیرانی دەوڵەت و هەیئەتی عولەما و شێخ و مەلا و هەیئەتی نووسەران و ئەفسەران هەموو حوزووریان بوو. جەنازەی قارەمانی نەمری کوردستانە بە غایەتی ئیحترام بۆ ماڵی ئەبەدی ڕۆیشت.

خۆشەوی خەلیل لە ڕێگای ئازادیی کوردستان دا، لە ڕێگای پارێزگاری ئاڵای موقەدەسی کوردستاند دا، لە ڕێگای شەڕەف و نیشتمان دا لاشەی بە خاک سپارد. بەڵام ئەم قارەمانە ناوی ئەبەدی یە. لە زەمینی ئازادی کوردستان دا نێژرا. گیانی پاکی بە سەر ئاڵای کوردستانەوە لە سووڕانەوە دایە. قارەمان خۆشەوی خەلیل ئەوڕۆ گەیشتە شوهەدای ڕێگای نیشتمان. بنوو ئەی قارەمان! بنوو بە نووستنێکی ئەبەدی! خاکی کوردستانی ئازاد شانازی دەکا کە ئەوڕۆ جەسەدی پاکی هەوەڵین شەهید و قارەمانی ڕیگای ئازادی خۆی لە ناو دڵی خۆی دا جێ کردووەتەوە و دایناوە.

مەهاباد – محەمەد مەحموود

بە بۆنەی شەهید بوونی خۆشەوی خەلیل مامۆستا هێمن شێعری "خونچەی خوێنین" دانا کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارەی ٦٢ دا، چاپ بووە و لە بەشێکی دا ئاوا هاتووە:

دوینی ئێوارێ چومە سەیر و گشت
تا بانگی شەوان گەڕام کێو و دەشت
شەو هات، تاریکی پەیدا بوو کەم کەم
دڵی داگرتم وردە وردە خەم
بە سەر دنیادا کشا پەردەی ڕەش
هەلاتن یەک یەک ئەستێرەی گەش گەش...

**ڕێز لێنان**

هەرچەند ناکرێ بە هیچ قەدر و نرخێک ئازایەتی و لە خۆبردوویی هێزی پێشمەرگەی بارزانی هەڵسەنگێندرێ، بەڵام بەڕێوەبەرانی کۆمار ڕێزیان لە هێندێک لە پێشمەرگە و فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگە گرت کە لە کوردستانی ژمارە ٥١ دا، بەمشێوەیە ئاماژەی پێکراوە:

**ئێعتای دەرەجە**

لە نەتیجەی لەخۆڕابردویی و خۆ فیداکردن بۆ حیفزی ئازادی و نیشتیمان لە مەرحەلەی ئەوەڵ دا و لە پاشانیش لە سەر تەقازای ژێنڕاڵ مستەفا بارزانی بەرامبەر بە ئەمری پێشەوای موعەزەم ئەو برا خۆشەویستە و بەرزانەی بارزانی بەو دەرەجانەی خوارەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاغای عیزەت عەبدولعەزیز، میرحاج ئەحمەد، مستەفا ، بەکر عەبدولکەریم بە دەرەجەی پۆدپۆلکۆنیک یەعنی (نایب سەرهەنگ) و نووری ئەحمەد تەها، خەیروڵا عەبدولکەریم و جەلال



لە ڕاستەوە: عیزەت عبدالعزیز، مستەفا خۆشناو، خیرالله عبدالکەریم، محمد مەحموود قودسی

ئەمین مەحموود بە دەرەجە ی مایوری( یەعنی سەرگورد) عەبدولرەحمان تەیب موفتی و محەمەد مەحموود بە دەرەجەی کاپیتانی یانی(سەروانی ) لە لایەن وەزیری بەرزی هێزی کوردستان بە هۆی ئەحکامات موفتەخەر کران و پێیان ئیبلاغ کرا.

لە هەواڵەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٥ دا کە لە رادیۆ مەهاباد بڵاو بووە، ئاماژە بەو فەرماندە بارزانییانە کراوە کە ڕێزیان لێگیرا و لەوبارەوە هاتووە:

ئەخباری وڵات

(رادیوی مەهاباد)

لە بەرانبەر کردەوەی مەردانە و بەشەڕەفی برایانی پودپولکۆنیک مستەفا پودپولکۆنیک میرحاج، مایور بەکر، عەبدولکەریم مایور نوری شێردڵ کە بە فکری وردی خۆیان بە عیدەیەکی کەم هێزی بێدادی دوژمنیان تێک دا و بە قارەمانی کوردستان ناسران، لە لایەن وەزاڕەتی تەبلیغاتی کوردستان دەگەڵ نووسراوێکی تەقدیر و سوپاس بۆ هەر یەکیان دەستێک لیباس بە تەواوی لەوازمات بە خەڵات ناردرا.

بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٠ لە لایەن پێشەوا قازی محەممەد، بە هەر یازدە پێشمەرگە بریندارى شەڕی مامەشا و بە محەممەدی قادری میدالیای قارەمانەتی درا.

پێشنیار بۆ ڕێزلێنان لە فەرماندەکان زۆرتر لە لایەن بەرپرسی یەکەمی ئەوانەوە بوو و بە گوێرەی لاپەڕەی ١٨٣ی کتێبی بارزانی ..... لە شەڕی قاراوا دا، کاتێک پێشەوا و بارزانی سەردانی بەرەی شەڕیان کرد، سەرهەنگ بەکر عەبدولکەریم لە وتارێک دا دوای باس کردن لە ئازایەتی پێشمەرگە داوای کرد کە:

میدالیای ئازایەتی بدرێ بە هەر سێک فەرماندەی سریەکان و هەروەها بە میرزا ئاغا رەشۆ، عەزیز محەمەد دوڵەمەری، مەلکۆ ژاژۆکی، برایم وێسف، نەبی سەرئاسن، لاکۆ مامەند، مەلکۆ زێڕۆ، حەسەن سولیمان و عومەر هۆستانی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**کاریگەری ڕەوانی شەڕی مامەشا و هێرش بۆ جنووب**

بە دوای شەڕی مامەشا، ورەی خەڵک و هێزی پێشمەرگە لە ڕادەبەدەر بەرز ببوو و ڕواڵەتێکی حماسی ئەوتۆ لە کۆمەڵگای کورد بۆ هێرش کردنە سەر بارەگاکانی دوژمن و ڕامالینی دامودەزگای دیکتاتوری لە جنووبی کوردستان پێکهات بوو، کە وێنەی نەبوو. لە نێو بەڕێوەبەرانی سیاسی و نیزامی کۆمار، بۆ وەسەریەکخستنەوەی دوو بەشی سەرو و خوارووی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بۆچوونی جیاوازی ئەوتۆ نەبوو، بەڵکو شێوە و ڕێکاری جیاواز هەبوو. حەسەن ئەرفەع لەم بارەوە دەنووسی:

هەم هێزەکانی حکومەتی ناوەندی و هەم کوردەکان ئەیان ویست کەڵك لەم بەڵگەیە وەربگرن بۆ کات بەسەربردن بۆ ئەوەی هێزەکانیان کۆبکەنەوە. ئێران ئەیویست پاش کۆکردنەوەی هێزی تەواوی هێرشی گشتی خۆی دەست پێ بکا، کوردەکانیش بە تەما بون لە دوای گرتنی شارەکانی بانە، سەقز، سەردەشت، بەرەو ئوستانی کوردستان پێشڕەوی بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش لە هەمو شوێنە شاخاوییەکانی دەوروبەر بۆ ڕێگرتن لە بەهێزکردنی پادگانەکانی ئێران پەلاماری هێزە نێردراوەکانیان ئەدا...

سەعیدخانی هومایون هەر لە لاپەڕی ٩٩ دا کتێبی "پێشەوای بیداری دا دەڵێ دوای شەڕێ ڕێکەوتی ١٣٢٥/٢/٩ دەوڵەتی کوردستان داوای لە عەشایر کرد کە بۆ بە هێز کردنی بەرەکانی شەر، بچنە جەبهەکان. بە بەدەنگەوە هاتنی عەشایر بۆ ئەو داوایە، هێزێکی وا پێکهات کە ئامادە بوون شاری سەقز بگرن.

بۆ هیرشی بۆسەر چنووبی کوردستان پلان و خەریتەی تەواو کێشرابوو و هێندێک لە فەرماندەرانی نیزامی پێانوابوو کە سەرەتا کارقایمی و تەیارکردنی بەرەی شەڕ بکرێ و دوایە هێرش ئەنجام بدرێ. بە گوێرەی لاپەڕەی ١٩٣ی کتێبی مەحموود مەلا عیزەت، ژێنراڵ محەممەد ڕەشید خان فەرماندەی بەرەی سەقز، لەسەر چۆنییەتی بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمن لە بەرەی سەقز، لە نامەیەك دا بۆ پێشەوا دەنووسێ:

بۆ حەزرەتی پێشەوای بەرزی جمهوریەتی کوردستان

مەوزوع: حیلەی دوژمن، و عەدەم موافەقەت بۆ ئینسیحابی هێزەکانمان

١. گوزارشاتی ڕۆژی ٥ / ٣/ ٣٢٥ م موفەسسەلەن عەرزی وەزارەتی حەربی هێز کردوە بە نوسراوی ژمارە ٣٣٨ – ٥ / ٣/ ٣٢٥ بەڵام لە بەر ئەوەی کە ئاغای کەریمی ئەگەڕێتەوە بۆ خزمەتتان و نەتیجەی موزاکەراتی خۆیانت بە عەرز ئەگەیەنێ، مەجبور مام کە منیش نەزەریەی حەتمی خۆمتان عەرزبکەم. هیچ ئومێد ناکرێ کە دوژمن لەم تەڵەبەی دا مەقسەدێکی ڕاستی و دۆستایەتی و ڕێککەوتنی ببێ لە غەیرەز وەقت و فرسەت زائیع کردنی ئێمە نەبێ. ئەگەر دوژمن بەهانەی تەئمینی زەخیرە و وەسیلەی مەعیشەتی هێزی بانە و میرەدێ و سەقزیەتی، تەئمینتان دەکەم لە هەمو جیهەتێکەوە وەسیلەی مەعیشەتیان تەواوە. ئەتوانن هەتا مودەیەکی زۆر بە ڕەفاهیەت بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زەخائیری حازرەیان ئیدارە بکەن. وە ئەگەر مەتڵەبیش بەهانەیەکە کە سەیتەرەتی هێزی ئێمە سەر مەنتیقەی نفوزی خۆیان دور بخەنەوە. بە سورەتی قەتعی ئیمکانمان نابێ کە یەك بست بکشێینە دواوە. ئەو جێگایانەیان بۆ چۆڵ بکەین کە بە قوەتی سیلاح لێمان گرتون. بەڵام ئەگەر دەوڵەتی عەجەم مەتڵەبی ئاشتی و رێککەوتنە من زامنم کە هەتا نیهایەتی موزاکەرە تەقەدوم و تەجاوزات لە تەرەف هێزی دیمۆکراتەوە واقیع نەبێ. جا بەو موناسەبەتەوە بە واجیبم زانی کە نەزەریەی ئیداری و عەسکەری خۆمتان عەرز بکەم گەڕانەوەمان بۆ پاشەوە زۆر موشکیلە. ئیتر ئیجابی متەوەقیفی ئەمرتانە.

فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتیقەی لە سەرا

هەر بە پێی ئەوسەرچاوەیە حەمەرەشیدخان لە نامەیەکی دیکە دا بۆ پێشەوا دەنووسێ: ... بۆ ئەوەی کە جارێکی تر دوژمن نەتوانێ ئەم ئیرادەی تەجاوزە بکاتەوەو، ئەیەزەن هێزی ئێمە حاکم بێ بەسەر خەتی مواسەلات و هاتوچۆ و ئیتیسالاتی دوژمنان کێوانی ئاڵتون و مل قەرەنی و مەڕخوز و سەیداوامان خستۆتە ژێر سەیتەرەی خۆمانەوە. حاڵی حازر هێزی ئێمە لە دو جیهەتەوە تەقریبەن موحاسەرەی مواسەلاتی لە سەقزا کردوە. تا حاڵ ئەو جێگایانەی کە بە قوەتی سیلاح لە دوژمن وەرگیراوە رەدمان نەکردۆتەوە...

هەروەکو بە عەرزی بارەگای بەرزتانم گەیاند هێزی ئێمە لە دو جیهەتەوە قەتعی خەتی مواسەلاتی دوژمنی کردوە و سەقزی خستۆتە شکلێکی خەتەرەوە. بەڵام دوژمنیش بۆ ئەوەی ئەو ئیستیحکاماتانەمان لێ وەربگرێتەوە هەروەها خەریکی تەرتیبات و تەنزیماتی عەسکەری و پڕوپاغاندەی عەشائیری ئەو ناوەیە. جا بۆ ئەوەی کە دوژمن مەیدانی ئەوەی نەبێ ئیتیسال لەگەڵ هێزی بانە و سەردەشت و سەقز و ئاغایانی ئەتڕافیا پەیدا بکات و نەتوانێ کە زەفەر بە هەدەفی ئەساسی پێشەوا و خیتەی بەرزی کوردستان بەرێ زۆر بە زەروری ئەزانم کە ئیرادە بفەرموی بە تەرتیباتی حەڕەکات بۆ سەر دوژمن.

لە نێو فەرماندەرانی نیزامیی هێزی بارزانیش دا، ئیرادەی هێرش بۆ سەر هێزەکانی دوژمن لە رادەبەدەر بە هێز بوو. بە گوێرەی لاپەڕەی ١٢٢ی کتێبی "قاضی محمد و جمهوری در آینه اسناد" مستەفا فەرماندەی لکی یەکی بارزان، بە رێکەوتی ١٣٢٥/٢/٢١ لە نامەیەک دا بۆ فەرماندەری هێزی بۆکان و سەرا، بە وردی و بە خەریتە باسی پێگەکانی دوژمن و رادەی هێز و توانایی و چەکوچۆڵ و تانک و تۆپ و تەیارە و شێوەی پەلاماردان و گرتنی شاری سەقز دەکا. ئەوەی بە بڕوای ئەو زۆر پێویستی سەرەکی بوو، بوونی هاوەن و تۆپ بوو.

مستەفا لە چەند نامە بۆ حەمەرەشیدخان، دوای ئاماژە بە ورەی بەرزی پێشمەرگە، بۆ هێرش بۆ سەر دوژمن لە بەرەی سەقز، تەنانەت دەپاڕێتەوە. هەوەها بە گوێرەی لاپەڕەی ١٢٩ی کتێبی "قاضی محمد و جمهوری در آینه اسناد" میرحاج لە نامەیەک دا بۆ حەمە رەشیدخانی بانە بە رێکەوتی ١٣٢٥/٢/٢٢ زۆر بە وردی باسی شێوەی گرتنی ساری سەقز دەکا.

بە پێی لاپەڕەی ١٠٦ی کتێبی عیزەت عەبدولعەزیز ئەفسەرەکانی هێزی بارزانی وەک میرحاج،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مستەفا ، وەهاب ئاغا، بە وردی ناوچەکەیان خستبووە ژێر چاوەدێری و پلانی پاکردنەوەیان دارِشت بوو و خستبوویانە بەردەستی فەرماندەی جەبهە.

راستی ئەو بۆچوونە لە نوتقی پێشەوا دەردەکەوی کە لە کوردستانی ژمارە ٦٢ دا هاتووە. پێشەوا لە مزگەوتی سوور لە سەر شەڕ مامەشا باسی عەشیرەتی بارزانی کرد و گوتی: ... ئەم ئێلە ئازایە دەگەڵ وەش کە نیشتیگای خۆشەویستیان بەجێهێشتووە و هەموو لە ماڵ و منداڵیان دوورن و گەلێ نارِەحەتی دیکەشیان هەیە، زەڕەیەک لە گیانی ئەوان تەئسیری نەکردوە و رۆژ بە رۆژ لە نیشتمانپەرەستی خۆیاندا بەتینترن. تەنیا داخێ کە هەیانە ئەوە بوو خەیاڵیان بوو پەلاماری سەقز بەرن و داگیری بکەن بەڵام ئەمن مەنعم کردن. شەرێک کە ئێلی بارزان کردویانە لە مێژوودا وێنەی نییە و دەگەڵ ئازایی رۆستەم و ئەسفەندیار و ... بەرجەوەند ناکرێ...

هەر لە چوارچێوەی ئیرادەی هێرش بۆ سەر هێزەکانی رێژیم، خەلیل فەتاحی قازی لە لاپەڕەی١٤٢ مێژووی تایفەی قازی دا دەنووسێ کە جارێک چوتە خزمەت پێشەوا لەوی ئاغای حاجی باباشێخ سەرۆکی وەزیران لەوێ بوو و بە پێشەوای گوتوە:

حەزرەتی پێشەوا هێزەکانی دەوڵەت لە سەقز و لە سەردەشت لە گەمارۆی هیزەکانی ئێمە دایە، بۆچی ئیجازە نادەی هێزەکانی ئێمە هێرشیان بۆ بەرن و تێکیان بشکێنن و لەوێان وەدەر نێن؟ یان لانی کەم رێگە مەدە ئازوقە و شتومەکیان بۆ بچێ.

لەو قوناغەدا جەوی سیاسی و نیزامی کوردستان بەڕادەیەک بەرز بوو کە مەترسی نیگەرانی هێرش بۆ جنووب کەوتبووە ناو دڵی کاربەدەستانی ریژیم. بەپێی لاپەڕەی ١٠٧ی کتێبی "اسرار محاکمه قاضی محمد ویارانش" شەمسی مەلک ئارا بە رێکەوتی ١٣٢٥/٣/١ لە نامەیەک دا بۆ قەوام دەنووسێ کە حەمە رەشیدخانی بانە و مەلا مستەفا بارزانی، دەوری سەقزیان گەمارۆ داوە و لە شەڕێکی کە ئەو رۆژانە رووی دا سەروانێک کوژرا و عیدەیەکیش بریندار بوون. سەقز لە مەترسی دایە و ئەگەر بگیرێ کوردستان و کرماشان و ئەراک لە مەترسی دەکەوێ. بەو وەزعە چۆن تاوانی تەجاوز بە لەشکری کوردستان دەدرێ. بۆیە بە پاراستنی ئاگربەس، پێویستە کارێک بکرێ کە دوژمن لە نیزیک سەقز بکشێتەوە و چاوەڕوان بیین وتووێژی جەنابتان بە قازانج و بە بەهێز بوونی هێزی کوردستان تەواو بێ.

ئەگەر ئیرادەی گرتنی جنووبی کوردستان لە لای ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و فەرماندەکانی بەرەی شەر دا بە هێز بوو، بەڵام بۆچوونی پێشەوا چارەنووس ساز بوو و ئەو بوو کە قسەی ئاخری دەکرد. رای پێشەوا لە وڵامی ئەو نامەیەدا دەردەکەوێ کە بۆ محەممەد رەشیدخانی بانەی دەنووسێ. بە پێی لاپەڕەی ١٩٤ی کتێبی عیزەت عەبدولعەزیز پێشەوا لە وەڵامی محەممەد رەشید خان دا نووسی:

حیزبی دیمۆکراتی کوردستان

کۆمیتەی مەرکەزی ١٣/ ٣/ ٢٥

ئاغای فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتیقەی سەرا وە جواب نامەی ژمارە ٣٧١ ی ١٠/ ٣/ ٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر کارێکی جوزئی ئەلئان دەبێ لە گەڵ ئەوزاعی بەینەلمیەلی تەتبیق بکرێ چە جای کاری مە کە کوللیە لەبەر ئەوەی ئەمە مەجبورین لەرێی سوڵحەوە تا مومکین بێ ناتوانین بە رێی دی دا بڕۆین ئەو تاخیرە هی وەیە دەنا ئەمن لە تۆ بە پەلەترم. لە هاتنی عائیلە لە لایەك خۆشحاڵم کە بە سەلامەتی نەجاتیان بوە لە لایەك غەمگینم کە تا کەنگێ کورد دەبێ مالیکی جێگای خۆی نەبێ خودا رەحمێکی بکا.

محەمەد قازی

رووسەکان دوای بڕیاری کشانەوەی هێزی سەربازیان لە ئێران، دەستەڵات و حاکمییەتی تەواویان هەر مابوو و لە زوربەی کێشەکانی کورد و ئازەری دا دخالەتیان دەکرد و هەڵوێستیان دەنواند، تەنانەت مۆبلی لە لاپەڕەی ٦٥ی کتێبەکەی دا دەنووسێ:

لەوانەیە تەنانەت یارمەتیشیان کرد بێ بە راگرتن و هەڵوەشاندنەوەی پلانی پەلامار و هێرشێکی کوردی بۆ سەر خوارووی کوردستانی ئێرانیش.

دوای هەموو ئەو گرفتانە، سەرئەنجام بڕیاری شەڕ درا و بۆ گرتنی شارەکانی سەقز و ... هەموو کارقایمێک کرا و بەرنامە دارێژترا و فەرماندەران ئامادەی جێبەجێ کردن بوون. لە نامەی محەممەد رەشید خان بانە بە رێکەوتی ١٣٢٥/٣/٩ بۆ عەلی بەگی شێرزاد هاتووە کە هێزەکەی کۆ کاتەوە و بچێ بۆ لای تاهیرخان لە "قەڵاکۆن" و هاوفکری بکەن و ئەرکی ئێوە بەستنی جادەی سنە - ساحەب- سەقز و تەقاندنی پردی سەر ئەو رێگایەیە بە ئەستۆ بگرن.

هەر لەو پەیوەندییەدا مامۆستا هەژار لە لاپەرەی ٧٧ ی چێشتی مجیوردا دەنووسێ:

لێبڕابووین کە هێرشێکی بەرپان بکەینە سەردەشت و قولتێ و دەگەڵ دوژمن لێکی دەرکەین. بڕیار درا شەو سوێسنی هێرش بەرنە سەردەشت و گەورک خۆ دەگوندی قولتە هاوێن. رۆژێک لە کازیبەی بەیانەوە تا رۆژئاوا بە کەڵەک چەکدرامان لە ″کەلۆێ″ پەڕاندەوە. دەپاش نوێژی شەواندا فەرمان هات کە دەبێ لە دەوری سەردەشت بکشێنەوە. رادیو لەندەن گوتویە کوردەکان سەردەشتیان گرتوە. روسەکان لەو خەبەرە نیگەرانن، نایانەوێ ئینگلیسیان تورە کەن. گوتم: ″من ئەم ئەمرە گوێ نادەمێ و دەست لە هجووم هەڵناگرم″. پاشان حاڵیان کردم کە فەرمان لە عەرزی نادرێ.

قسەکانی مەنافی کەریمی وەزیری مەعارفی کوردستان لە لاپەڕی ١٧٢ی پێشەوای بیداری دا، وتەکانی مامۆستا هەژار پشت راست دەکاتەوە و دەنووسێ:

بەرپرسانی دەوڵەتی ناوەندی، دائیم بە بەهانەی جوراجور لە ئەرک و وەزیفە و بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی خۆیان سەبارەت بە چارەسەری کێشەی خەڵکی سەردەشت خۆیان دەبوارد. ئەمن بە پێی ئەزمونێکی کە لە رابردوودا سەبارەت بەو بەڵێنی بێناوەرۆکانە هەمبوو، دەمزانی کە لە ژێر هەمووی ئەورۆ سبەینی پێکردنی کاربەدەستانی دەوڵەتدا، جیا لە فرو فێڵ و کەڵەک شتیکی دیکە نییە.

ئێوارەی رۆژێکی مەئمورییەتیان دا بە من کە هێرش بۆ سەر شاری سەردەشت بە فەرماندەهانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشمەرگە رابگەیەنم کە هەرچی زووتر سەردەشت و دەوروبەری ئازاد بکرێ. بۆ بەڕێوەبردنی ئەوکارە، لە گەڵ ئاغای مەحمود وەلیزادە و دڵشادی رەسووڵی لە مەهاباد ڕا بەرەو سەردەشت وەڕێکەوتین و سەعات ٩ شەو گەیشتینە کاولانێ. لە نێو رێگایە بۆ شام خواردن و ئیستراحەت لە قاوەخانەیەک لامان دا. لە نیوەشەوێدا ماشێنیک لە بەر دەرکی قاوەخانە لای دا و پیاوێک لە ماشێنی دابەزی. ئەو سەدیقی حەیدەریێ بوو کە بەدوای ئێمەدا هاتبوو پەیامێکی پێ‌بوو.

ئەو گوتی: کە شورەوییەکان لە هێرشی پێشمەرگە بۆ سەر سەردەشت ئاگادار بوون و گوتویان کە ئێستا لە تاران کێشەی ئازەربایجان و کوردستان، چارەسەر دەکەن، نابی بەهانە بدرێ بە دەوڵەتی ناوەندی کە لە چارەسەری کێشەکان لە گەڵ کێشە بەرەوڕوو بێ. دەوڵەتی کوردستانیش بەو فکرە کە رەنگە ئەو وتووێژە چارەسەری کێشەکان بکا و دەوڵەتی ناوەندی بینێتە سەر ئەو باوەڕە کە ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی بدا، لە هیرش بۆ سەر سەردەشت، پاشگەز بۆوە.

ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٩٧ی کتێبەکەی دا ئەو بۆچوونە پشت راست دەکاتەوە و دەڵێ پلانی هێرش بۆسەر جنووب بە گووشاری شووڕەوییەکان هەڵوەشاوە.

دوکتور قاسملوو لە لاپەڕەی ٨٦ کورتە مێژووی حیزبی دێموکرات ... لەسەر دژایەتی رووسان بۆ پەلاماری بۆ سەر جنووب دەنووسێ: ... بەڵام  لێرەدا عامیلێکی دیکە دەخالەتی کرد و بوو بە کۆسپی سەر رێگای پێشرەوی هێزی کۆماری کوردستان بەرەو جنووب. رۆژی ٣٠ جۆزەردانی ١٣٢٥(٢٠ ژوئەنی ١٩٤٦) هاشمۆف، قۆنسۆلی سۆڤییەتی لە ورمێ، چوو بۆ لای پێشەوا قازی لە گوندی سەرا چاوی پێکەوت. داوای هاشمۆڤ ئەوە بوو کە هێزی کۆماری کوردستان هێرش نەکاتە سەر ئەرتەشی ئێران، چونکە رەنگە شەرێکی گەورە ساز ببێ کە یەکێتی سۆڤییەتی پێی باش نییە و ناش توانێ هیچ یارمەتێکی نیزامی بە کۆماری کوردستان بکا.

قسەکانی هاشموف جێی گرت و بەرێوەبەرانی کۆمار وازیان لە هێرش هێنا. ئەوی لەو قوناغەدا بۆ یەکێتی سۆڤێەت گرینگ بوو، پاراستنی بەرژەوندی خۆی بوو بۆیە دەبوو واز لە کورد و ئازەری بێنێ و دمەلاسکی بە تاران بکا. دەبوو حکومەتی قەوام بمێنێ و بە هەڵبژاردن و دەنگی پارلمانی، رێکەوتنی نەفتی واژۆ بکا.

بابەتی هێرش بۆسەر جنووبی کوردستان، هاڵۆز و پڕ لە گرێوگۆڵ و سەرەدەری چەتوون بوو. مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی ٢٣ی "تاریک و روون" دا، لە باس لەسەر کەسایەتی حاجی باباشێخ، ئاماژە بە دەنگۆی بڵاوە پێکردنی هێزی پێشمەرگە لە بەرەی سەقز و سەردەشت دەکا و دەنووسی:

لە نووسراوی چەند پیاوی بێخەبەردا دیومە و لە خەڵکی ساکاریشم بیستووە تاوانی خەیانەت وەباڵ حاجی باباشێخ دەدەن. من حاجی باباشێخم خۆش نەدەویست. چوونکە لەگەڵ ئەوەش دا دەیانگوت لە علوومی دینی دا زۆر شارەزایە و ریازیاتی کۆن زۆر باش دەزانێ، پیاوێکی زۆر کۆنەپەرەست و کەللەڕەق و خۆپەرەست و ناشارەزا بوو. بەڵام زۆر راست و پاک و ئازا و بە بیروبڕوا بوو. بە هیچ بارێک تاوانی خەیانەتی پێوە نانووسێ. لە کاتی وتوویژ لە گەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزی دا دوور نییە فریوی خوارد بێ و بە هەڵە چوو بێ. بەڵام لە رێگای راست لای نەداوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڵاوە پێدانی گەمارۆی دەوری سەقز و سەردەشت و خوڕخوڕە کە تاوانەکەی دەخەنە سەر حاجی باباشێخ پێوەندی بە مەسەلەیەکی قووڵ و نەهێنی سیاسییەوە هەیە کە لیرەدا جێگای باس کردن نییە و با جارێ دەرخۆنەی لەسەر دابنێین و زۆر دەستەڵاتی حاجی باباشێخ بەرەوژوورتر بوو. حاجی باباشێخ ئەوەندەی دەستەڵات نەبوو فەرماندەکانی دەوروبەری ئەم شارانە بە قسەی بکەن و بکشێنەوە. خۆ ئەو هیچ مەسئولییەتی لەشکری نەبوو، لەشکری کوردستانیش وەک لەشکرێکی رەسمی بە قسەی فەرماندەکانی خۆی دەکرد نە بە قسەی سەرۆک وەزیرێکی بێدەستەڵاتی غەیرە نیزامی. هیوادارم بەم کورتە نووسینە خوێنەرەکانم روون کرد بیتەوە.

بڕیاری هێرش، بە هۆی کۆسپی نێونەتەوەی، بە تایبەت سیاسەتی رووسان، لە ئاخرین ساتەکان دا هەڵوەشا و رێبەری کۆمار بەو قەناعەتە گەیشت کە دەست راگرێ و ئەگەر بکرێ ئەو کیشەیە بە رێگای هێمنی چارەسەر بکا.

پێشەوا لە سەفەری تاران دا لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەی "رەهبەر" ئورگانی حیزبی تودە، کە بە هۆی حەسەن قزڵجی کراوە بە کوردی، لە وڵامی پرسیارێک سەبارەت بە پەیوەندی بە فەڕانسە و ئازادی کرماشان دەڵێ:

پرسیار- بۆچی فەرانسەوی ڕاجیع بە مەسەلەی کورد زۆر عەلاقە دەنوێنن و ئایا ئەو خەبەرەی موخبیری فەرانسەوی بە زمانی تووە گوتویە: ”ئێمە هەر وەختێك کە کەیفمان لێبێ کرماشان دە دەست دەگرین“، راستە یا نا؟

وەڵام- من پێموایە فەرانسەوی دەگەڵ کوردان نەزەرێکی خراپیان نییە. لە سووریە ئەوەندەی لە دەستیان هاتبێ کۆمەکیان بە کوردان کردوە. ڕاجیع بە خەبەرێکی موخبیری فرانسە لە زمانی منەوە گوتویە: هەوەڵ ئەوەیە کە ئەم قسەیە بە ئێستا، کە ئێمە لاگیری ئەوەین مەسئەلە بە موسالەمەت حەل بێ، مەربوت نییە. دووەمیش ئەمەیە کە مەنزوور دە دەستگرتنێکی غاسیبانە و ئیمپریالیستی نەبووە بەڵکو مەقسوود ئازادکردنی بەشێك لە هاونیشتمانان و کۆمەکێکی پتر بە ئازادی تەواوی ئێران بووە و دیسانیش دەڵێمەوە کە دەوڵەتی ئێستا ئەو جۆرە نەزەریاتە کە هی زەمانی حکومەتە ئیرتیجاعی‌یەکانی پێشوە لە ناو دەبا.

دابەش بوونی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە ژێر دەستەڵاتی دووبەرەی جیاوازی دژبەری رۆژئاوا و رۆژهەڵات، پێکهێنانی هەرچەشنە پەیوەندی و یەکێتی و یەکگرتوویی لە نێوان کوردانی دەخستە ناو بازنەی پەیوەندی و بەرژەوەندییەکانی ئەو زلهێزانەدا. ئەو دوو بەرەیە خاوەنی یەک سیاسەتی روون بە نیسبەتی کوردان نەبوون و لەوکاتەش دا لەسەر چوونە دەری هێزەکانیان لە ئێران دا، لایەک بە ئاشکرا بە چەکی ناوەکی هەرەشەی ئەتۆمی لە لایەکەیتر دەکرد.

دەوڵەتی رووس بە سیاسەتی چەوتی پشتگیری لە قەوام، توانی کاربەدەستانی کورد و ئازەربایجان، بۆ رێگای هێمنانە رابکێشێ و ئەوان بە دانی وادە و بڵێنی بە درۆیی ماڤی کورد و ئازەری، هەڵخەڵەتێنێ.

**رێککەوتنی پێشەوا و رەزمئارا**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشەوا لە سەردانی ڕێکەوتی ١٣٢٥/٣/٢٦ بەرەی سەقز دا، چاوی بە ڕەزمئارا کەوت. ئەوکات هێزەکانی ڕێژیم لە شارەکانی سەردەشت و بانە لە گەمارۆی هیزی کۆمار دابوون و بە ڕێگای زەوی دا ئازووقەیان بۆ نەدەچوو و دەبوو بە ڕێگای ئاسمان دا بۆیان بنێردرێ. لە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٣/٥دا، لە دانیشتنی لەشکری فەرماندەکانی کورد و ڕەزمئارا لە سەقز، لەسەر هێندێک بابەتی نیزامی کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٥٣ دا، بە قەڵەمی ئیبراهیم سەلاح هاتووە ڕێککەوتبوون کە لەژێر چاوەدێری پێشمەرگەدا، ڕێگا بدرێ ئازووقە بۆ سەردەشت و بانە بنێردرێ و هەوەها ئیزن بدرێ ئاڵوگۆری نەخۆش و بریندارى سەربازان بکرێ و هەر دوو لاش هێرش نەکەنە سەر یەکتر. بە دوای شەڕی مامەشا، لە ڕێکەوتی ١٣٢٥ /٣/٢٥ و چوونی پێشەوا بۆ بەرەی سەقز، سەرلەشکر ڕەزمئارا لە ئاوایی سەرا، چاوی بە پێشەوا کەوت و لەسەر ڕوودانی ئەو شەڕە، بەڕواڵەت ناڕەحەتی خۆی دەربڕی و داوای ئاگربەسی کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا پێشەوا ڕازی بوو کە لە ژێر چاوەدێری هێزی پێشمەرگە دا، تەنیا خوراک و لیباس، بۆ هێزی گەمارۆ دراوی ڕێژیم لە ئاوایی میرەدێ و بانە و سەردەشت بنێردرێ. بە پێی ئەو ڕێکەوتنە، ناردنی چەک و چۆڵ و ئاڵوگۆڕی سەرباز، قەدەغە بوو و تەنیا ڕێگا درا تا نەخۆش و بریندار هەقی هاتوچۆیان پێبدرێ.

بە پێی لاپەرەی ٢٤٨ی کتێبی قازی محەمەد و کۆمار لە ئاوێنەی بەڵگەنامەکاندا، لە نووسینی بەهزاد خۆشحالی، هەردوو لا لە سەر ڕوونەدانی شەڕ و لابردنی مەرجداری گەمارۆدانی ئەرتەش و دانانی چەند نوێنەرێکی کورد لە ناوچەی گەمارۆدراوەکان دا، ڕێکەوتن. خاڵە سەرکی‌یەکانی ئەو ڕێکەوتنە بریتی بوون لە:

١- ڕێگە بە هێزەکانی سوپای ئێران دەدرێت کە لە سەقزەوە بۆ هێزەکانیان لە میرەدێ و بانە و سەردەشت ئازوقە ببەن.

٢- هێزەکانی سوپای ئێران مافیان نیە چەک و تەقەمەنی بۆ ئەو ناوچانە بەرن و ئەفسەر و سەربازی ئەو جێیانەش بگۆڕن، مەگەر بە هۆی نەخۆشیی و بریندار بوونیانەوە.

٣- نوێنەرێک لە حکومەتی کوردستان لەگەڵ ئەو ئازوقانەی حکومەتدا، لە ڕێگاکاندا دەبێت.

٤- ئەگەر سوپا ئەو پەیمانە پێشێل بکات، ئەوە کوردەکان مافیان دەدرێتێ کە پێش بە هەموو هاتوچۆ و ڕاگواستنێکی سوپا بگرن و ڕێگا بگرن.

هەر لە چوارچێوی ئەو ڕێکەوتنەدا، محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١١ بەشی دووهەمی کتێبەکەی دەنووسێ:

ڕەفعی حەساری مەرکەزەکان

لەسەر موافقەت و ئیشاڕاتی تاران ڕۆژی ٢٦/٣/١٣٢٤ قازی محەممەد و حاجی بابەشێخ و مەلا مستەفا و نانەوازادە و کاپیتان سەعیدزادە و وەهابی بلوری وەزیر داخلییە و ڕەئیسی کۆمیتەی مەرکەزی هاتنە سەراو و لە عەینی ڕۆژیشا ڕەئیسی ستادی ئەرتەشی ئێران ڕەزم ئارا واردی سەرا کرا. لەبەینی هەر دوو لا ئیتفاق واقع بوو کە ڕێگاکان ئازاد بکەن بۆ تێپەڕکردنی نیروی ئێران. بە شەرتێ ئەفڕادی موسەلەح و چەک و کەرەستەی جەنگی بەڕێ نەکرێ بەو ڕێگایانەدا و لە لایەن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێزی دێموکراتەوە مەخفەرێک تەفتیشی ئەو ماشێنانەی حکومەت بکرێ.

حاجی عەلی رەزم ئارا دەستووری دا بە حەمە رەشیدخان کە بچێ پۆستی میرەدێ وەربگرێ و نەفەراتەکانی موسەلەحن تەسلیم بە سەقز بکاتەوە. لەسەر ئەو نووسینەی کە رزم ئارا داویە بە فەرماندەی پۆستی میرەدێ حەمەرەشیدخان لەسەر موافقەتی قازی محەممەد رۆژی ١/٤/١٣٢٥ چوو بۆ دێی بلەجر. بۆ تەسلیم کرانی ئەو مەخفەرە موخابرەی لەگەڵ سەرهەنگ غەفاری دا کرد. سەرهەنگ غەففاری وڵامی دابۆوە لەبەر ئەوەی کە من هیچ ئەمرێکم پێ نەکراوە ناتوانم تەسلیم ببم و رەزمئاراش گەڕایەوە بۆ تاران و قازی محمدیش بۆ بنای موزاکرات لەگەڵ ئێرانییەکانا لە رۆژی ٥/٤/١٣٢٥ چوو بۆ تاران و لەهەموو لایەکیشەوە خاروبار بۆ سەربازەکانی ئێرانی تێپەر کرا.


ڕەزمئارا و مەحەمەد ڕەزا پەهلەوی

جێی ئاماژەیە کە هەرچەند زۆر بە روونی ئاماژەی پینەکراوە بەڵام لەو دانیشتنە دا، دوو لایەن هەروەها رێککەوتن کە رێژیم هێزەکانی خۆی لە سەردەشت بانە و تیکاب بکێشێتەوە بۆ ساڵی١٣٢٠ و لەبەرانبەر دا زەنجان بخرێتەوە سەر تاران، بەڵام دەوڵەت بەرێوەی نەبرد. مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٨٠ ی چێشتی مجێور دا لەوبارەوە دەنووسێ کە جارێک بڕیار درا کە دەوڵەتی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان پێکەوە لەگەڵ رەزمئارا وەک نوێنەری دەوڵەت لە سەقز دانیشتن بکەن. هەیئەتی کوردستان بریتی بوون لە حاجی بابا شێخ و مامۆستا هەژار کە دوایە سەدرو‌ئیسلام و زەبیحی‌شیان پێوە زیاد بوو. لە دانیشتنەکە دا بڕیار درا، دەوڵەت شارەکانی بانە و سەردەشت و تکاب چۆل بکا و دەوڵەتی ئازەربایجانیش زەنگان بەجێ بێڵێ. بەلام تا بەرێوەبردنی ئەو کارە دەبوایە دەوڵەتی کوردستان، لە ژێر چاوەدێری زەبیحی و مامۆستا هەژاردا، رێگا بە ئەرتەشی ئێران بدا ئازووقە بۆ لەشکرەکەیان لە بانە بنێرێ.

بە پێی کتێبی "اسرار محاکمه قاضی محمد ویارانش" دواتر قازی محەممەد لە نامەیەک دا بە رێکەوتی ١٣٢٥/٥/٣١ بۆ سەرۆکی وەزیران، لەسەر بەرێوەنەبردنی ئەو رێکەوتنە و گێرەشێوێنی هێزەکانی دەوڵەت دەنووسێ:

بەرێز سەرۆکی وەزیران، روونووس بۆ ستادی ئەرتەش و سەدرقازی نوێنەری کوردستان و نوێنەرانی ئازەربایجان، بە پێی تێلگرافەکانی پێشوو سەقز و سەردەشت و بانە و گەرووس سەر بە ئازەربایجان بوون، ئێستا سەردەشت ئازەربایجانە و دەوڵەت لەوی هێزێکی زۆری لە تانک و تۆپ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و تەیارە جێگیر کردوە و هەر ڕۆژە خەریکی تەیار کردنی خۆیەتی و کێشە و ئاڵۆزی دەخولقێنێ. بە نوێنەرای ئێمەیان گوتووو کە یەک کەس لە هێزەکانی خۆیان کەم ناکەنەوە و ئەو تۆپ و تەیارە هێزەش هەر دەمێنێتەوە. کەوابوو دەوڵەت کە بەڵێنی دابوو کە هێزەکانی خۆی لەو شوێنانە دەکشێنێتەوە بۆ سەردەمی خرمانانی ١٣٢٠ تا لە وتووێژەکان دا بڕیاری لەسەر بدرێ، بۆیە بوو تا کوردەکان هێزەکانی خۆیان پرش و بڵاو بکەن تا ئەرتەشی شاهەنشاهیش بە کەیفی خۆی ئامادەی براکوژی بێ، دەنا بۆ دەبێ بڕیار و بەڵێنییەکان بەڕێوە نەچن. ١٣٢٤- ٢٥/٥/٣١ محمد قازی

## ناردنی چەک و چۆڵ بە جێی ئازووقە

بۆ جێبەجێ کردنی بەندەکانی رێکەوتنامەی پێشەوا و رەزمئارا، چەند کەسێ لە بەرپرسە پایە بەرزەکانی حیزب وەک نوێنەری حکومەتی کوردستان لە شارەکانی سەقز، بانە، سەردەشت، جێگیر کران. مەحموودی مەلا عیزت لە وبارەوە دەنووسێ "وەزیری هیزی میللی کوردستان ژەنەراڵ سەیفی قازی"بە نامەیەکی رەسمی لە ١٨ ی ٤ ی ٢٥ دا "پات پالکوینك محەممەد نانەوازادە، معاونی سیاسی وەزارەتی هێزی کوردستان"ی بۆ ئەم کارە دانا:

هەروەکو حوکمی بازڕەسی تەواوی هێزی میللی کوردستان بە تۆ دراوە ئەلعان کە مەئموریەتت لە سەقز پێویستە دە غیابی مندا بە چاکی موتەوەجیە بی هەر وەختێ حیست کرد کە نوختەیەك لە پۆستەکانی قیوای دیمۆکرات عەمەلێك بەر خیلافی روحی موسالەمەت روی دا فەوری شەخسەن بۆ رەفیعی ئەو عەمەلە بچی و لەو مەوزوعە ئیختیاراتی تەواوت هەیە بەو جۆرە ئیختیاراتی تۆ بە فەرماندەهانی جەبهە راگەیاندرا کە مەسئولیەتی ئەو مەوزوعە متەوەجیە بە تۆیە.

جگە لە نانەوازادە چەندین نوێنەری تر لە شارەکانی سەقز، بانە، سەردەشت، دانران. ئاڵوگۆری نامە و هاتووچۆ لە نێوان نوێنەرانی حکومەتی کوردستان و ئەفسەرانی ئەرتەش دا دەستی پێ کرد. مامۆستا هێدی لە لاپەڕەی ٩٧ی  کتێبی ئاوێنە شکاو دا دەڵێ کە حاجی حەمەد ئاغای بابی و زەبیحی دەستەیەک بوون لەو نوێنەرانە و لەوبارەوە دەنووسێ:

لە بیرم نەماوە ئەو قەرارداده چۆن بەسترا و هۆی ئەوە چ بوو کە حکومەت رێگەی  بە نوێنەری کۆمار دا بوو لە سەقز دانیشن و چاوەدیریی هاتوچۆی قافڵەی عەسکەری حکومەت بکەن لە هێنانی چەک و سەربازیش بۆ خزمەت و راپەڕاندنی کاروباری مەنزڵیان دابنێ ...

سەعیدی هومایون دەڵێ بە پێی ئەو رێکەوتنە پێشمەرگە حەقی پێشڕەویان نەبوو و نەیاندەتوانی بۆ شوێنی ژێرچاوەدێری ئەڕتەش هێرش بکەن. بەڵام پیاوەکانی رێژیم بە پێی ماهییەتی خۆیان کارشکێنیان دەکرد و چەک و چۆڵیان لە نێو ئازووقەدا دەشاردەوە و لە نیازپاکی نوێنەرانی کورد کەڵکیان وەردەگرت و جارجار هێرشیان دەکرد و توانای هێزی پێشمەرگەیان بە تاقی دەکردەوە. لە ئاشکرابوونی ئەو فێڵ و تەڵەکانەدا، جارێک٤ ئەفسەری ئەرتەش کە یەک لەوان سەرگورد مودەرەسی خەڵکی سنە بوو، گیران و بۆ مەهاباد بەڕێکران. ئەوان لە مەهاباد بە بێ ئەوە بێرێزیان پێبکرێ لە ماڵە رەحیمزادە کە یەکێک لە دەزگاکانی دەوڵەتی بوو راگیران. ئەوانە زیندانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەبوون و رۆژانە بە کێشکێکەوە بە شار دا دەگەڕان. دواتر سەرهەنگ فیروزی رەئیسی ستادی ئەرتەش لە سەقز کە دوای رووخانی کۆمار بوو بە دادستانی دادگای قازییەکان، بۆ ئازاد کردنی ئەوانە هاتە مەهاباد و لە لای پێشەوا، داوای بەخشینی بۆ کردن و ئازاد کران.

حەمەدی مەولوودی ۲۲۵ بیرەوەرییەکانی دا باسی بەڕەی سەرایە دەکا کە لە ژێر فەرماندەری حەمە رەشید خانی بانە دابوو و لەسەر پشکنینی سەیارەی خواردەمەنی دەنووسێ کە حەمە رەشیدخان پییگووتووە: برۆ بۆ "تەمووغە"ی و لەوێ بە خۆت و هێزەکەت پۆست بە و هەر ئەمرێکم بۆ ناردی، بیکە. هەر ماشێنێک هات بیگەڕێ. گەر ئەسلەحەی تێدا بوو دەستی بە سەردا بگرە و گەر شمەکی خواردنیش بوو، لێگەڕێ با بڕوات بۆ سەقز و بانە بۆ ئێرانییەکان.

چوومە تەمۆغە و هەر ئەو ڕۆژە دەستێک ماشێن هاتن، سەرهەنگ "غەفاری" و چەند سەرباز و ئەفسەری دەگەڵ بوو. سێ پێشمەرگەی ئێمەش وەک چاوەدێر دەگەڵیان بوون. منیش ماشێنەکانم ڕاگرت و هەموویانم بە باشی پشکنی. لە شتی خواردن بەدەر هیچمان نەدۆزییەوە. چەند قوتوو نالی وەلاخانی تێدابوو، ئەوانم گێڕایەوە. هەرچەند سەرهەنگ غەفاری هات و هاواری کرد نەمدایەوە. گوتم: ئەمریان بە من کردووە کە لە خواردەمەنی زیاتر هیچ شتێک بۆی نییە لەو سنووره دەرباز ببێت.

لەو قسانەدا بووین کە یەک لەو پێشمەرگانەی چاودێریان بوون، ناوی "محەممەد" کوڕی "وەستا قادری بەننا" بوو، هاتە لام و گوتی: سەرهەنگ لە ڕێگایە دەمانچەکەی خۆی داوەتە من تا بۆی هەڵگرم و پاش ئەوەی لە پۆستێ دەرباز بووین، بیدەمەوە!

گوتم کوا دەمانچەکە؟

دەستی بۆ بەر پشتێندی برد و دەریهێنا و منیش لێموەرگرت. سەرهەنگ غەفاری چاوی لێمان بوو و هاتە پێشێ و گوتی: ڕەجا دەکەم بمدەوە، ئاخر تۆ ئێرانی و منیش ئێرانیم و کوا وا دەبێ و...

زۆری نەزیرە بۆ هێنامەوە تا بیدەمەوە، ئیتر نەیدەزانی لەو ڕۆژە دەگەڕام تا پەلپی پێبگرم و حاڵی بکەم کێ ئێرانییە و کێ کوردە. تا توانیم بە سەریدا گوڕاندم و بڕێکم هەڵسووڕاند و ئەزیەتم کرد، ئینجا لێیان گەڕام بڕۆن. سەرهەنگ لە سەرایە چوبوو بۆ لای حەمەڕەشید خان و شکایەتی منی کردبوو. زۆری پێنەچوو دوو پیاوی خانیی هاتن و گوتیان: خان دەڵێ دەبێ دەمانچە و ناڵەکانمان بۆ بنێرێتەوە.

منیش نەمدانەوە و پێمگوتن کە بۆخۆم دێم، دیار بوو پێیان لێ هەڵدینا بەڵام هێدیم دەکردنەوە. بەوحاڵە ئەوانم بەڕێ کردەوە بۆ خانی. زۆری پێنەچوو خانمیرزاکە دەگەڵ پیاوێکی دی هاتنە لام و وادەکەن: خان دەڵێ من فەرماندەی ئەو جەبهەیەم یان تۆ!؟

منیش پێم گوتن: من تازە هاتوومە ئەو جەبهەیە، من ڕەشید خان باش ناناسم بەڵام ئەو کارە هیچ لە بەرژەوەندی کوردوستاندا نییە. بەو بڕیارانەی کە خان دەیدات پیاو نازانێ کە خان پیاوێکی باشە یا خەڕاپە؟ بە ناچار دەمانچەکەم دانێ و ڕۆییشتن.

چەندی پێنەچوو کە "مستەفا خۆشناو" و "میرحاج" هاتنە لام و منیش هەموو نەقڵەکەم بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باس کردن. ئەوانیش سەریان سوورِ مابوو و دیار بوو ئەوان پێشتر لە من خانیان بەو برِیارە سەیر و سەمەرانەیەوە دەناسی بۆیە، پێیان گوتم کە لەوەودوا جوابی خانی مەدەوە و هەر ئەمرێکی بۆی ناردی، توورِی دە.

هەر لەسەر کونترۆڵ کردنی سەیارەکانی رێژیم، حەمەدی مەولوودی لە لاپەرِەی ٢٢٨ بیرەوەرییەکانی دا دەڵێ جارێک ٢٤ ماشین هاتن و لە پۆستەکان گەرِابوویانن و ئیشی ٤ سیارە مابوو کە بیانگەرِێین. لە نەکا سەرهەنگ غەفاری هات و کردییە هەرا کە درەنگە و رێگایان بدەین برِۆن. پیداگرییەکەیان نامۆ بوو و سەربازێکیان لەگەڵ بوو کە پێشمەرگەکانی دەخافڵاند. لۆکەی لە زار دەنا و وەک داوە دزوو دەردیناوە و ئەداو ئەتواری دیکەی دەردێنا کە بۆمن جیگای شک و گومان بوو. حەمەدی مەولوودی لە دریژەدا لە لاپەرِەی ٢٢٩ دا دەنووسێ کە سەرهەنگەکان کە سێ کەس بوون، پەلەیان دەکرد و داوایان دەکرد کە رۆژیان لێ درەنگ نەکەین. لەو بەینەدا یەکێک لە پێشمەرگەکان هاوار دەکا کە ئەو ماشێنە پرِە لە تۆپ و تفەنگ و بێسیم و رەشاش و ١٢ کۆتری ئەمریکایی "نامەبەر". لە سەیارەیەکی دیکەش دا، زین و لغاوی وڵاغانی تێدابوو. حەمەدی مەولوودی دەست بەسەر ماشێنەکان دادگری و لە لاپەرِەی ٢٣٠ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: ئەوان کۆترەکانیان بۆ کاری جاسووسی و سیخورِی کردن لە دژی ئێمە بەکار دەهێنا. رەحیمیش نەیکردە نامەردی هەر زوو بە چەقۆ تیژەکەی سەری هەڵپاچین و ناردی بۆ ئاورِووتکردن.

حەمەدی مەولوودی دوایە بە دوای مستەفا خۆشناو دا دەنێرێ و هەر لەوکات دا مستەفای بلووریانیش کە یەکێک لە کاربەدەستانی گەورەی کۆمار بوو، بۆ چاوخشناندن بەسەر بەرە دا دەگاتە ئەوێ. فەرماندەکان دەست دەکەن بە شکایەت کردن لە حەمەدی مەولوودی و مستەفا بلووریان لەسەریان وەجواب دێ و بە حەمەدی مەولوودی دەڵێ کە بێ قانوونی کردووە و داوا دەکا کە کەرەسە گیراوەکانیان بداتەوە. حەمەدیش ئەوی قسەی ناشایست و خراپە بەو و بە ئەفسەرە گیراوانە دەدا. دوایە، خواردن دێ کە گۆشتی کۆترەکان بووە کە بۆیان لەبن پڵاوی نابوون. کاتێک کە ئەفسەرەکان دەزانن کە ئەوە گۆشتی کۆترکانە، هاوریان لێ بڵیند دەبێ و دەڵێن" جەنابی بلووری ئەوە چ کارێکە؟ ئەو کۆترانە لە ئەمریکایە را دەنکی بە ٥٠٠ تمەن، کرِاون. ئەو کۆترانە ئاسایی نیین و نامە بەرن. عاملاندنی ئەو کۆترانە کارێکی هاسان نییە". ئیدی ئەفسەرەکان لەگەڵ مستەفای بلووریان دم لە پڵاوگۆشت نادن و ئەوان نان و ماست و دۆیان خوارد بوو.

دوایە دیسان مستەفای بلوریان داوا دەکا کە کەرەسەکانیان بدرێتەوە و رێگایان بدرێ برِۆن. بەڵام حەمەدی مەولوودی دیسان تورِە دەبێ و دوایە بە فەرمانی مستەفا خۆشناو، چەکەکان گل دەدرێتەوە و دیانێرن بۆ مەهاباد و کاروانەکەش رێگا دەدرێ کە برِۆن. بە گەیشتنی ئەو چەک و چۆڵانە بۆ مەهاباد، بە رادیۆ و بە بڵێندگۆ، رێز لە حەمەدی مەولوودی دەگیرێ. دوایە حەمەد دەچتە مەهاباد و چاوی بە قازی محەممەد دەکەوێ و بە گوێرەی لاپەرِەی ٢٣٢ بیرەوەرییەکانی حەمەدی مەولوودی، قازی وێرای رێزلێنانێکی زۆر لە حەمەدی مەولوودی گوتبووی: نەدەبوایە ماشێن و خۆراکەکەشت دابانەوە بە ئێرانێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر کۆترەکانیش قازی محەممەد بە حەمەد مەولوودی گوت بوو: نەدەبوایە ئەو کۆترانەت سەر بڕیبا. دەبوایە ناردباتنەوە بۆ سابڵاغێ

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٢٣٣ بیرەوەرییەکانی دا لە درێژەی ئەو بابەتە دا دەنووسێ: حەمە حوسێن خان کە فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە بوو بەتایبەتی بانگی هێشتم و خەڵاتی کردم. یەک میداڵی ئازەربەیجان و دەستێک جلی ئەفسەری و ٥٠٠ تمەنی کردە خەڵاتم و فەرمووی کە بۆ ساڵی تازەش دەرەجەیەکت بۆ زیاد دەکەم دەبی بە "مایۆر".

چەند ڕۆژێک لەماڵێ وچانم دا و دەگەڵ ماڵ و منداڵم ڕامبوارد. پاشان چوومەوە جەبهەی. زۆری تێوەرنەسووڕا خەبەریان دامێ کە براکەی قازی کە لە تارانێ نوێنەرە، لە تارانێ ڕا بۆ ئەو تۆپ و قۆرخانەیە هاتۆتەوە سابڵاغێ لە قازی وەرگرتۆتەوە و داویەتەوە بە ئێرانێ. ئیتر خۆم بۆ ڕانەگیرا و بەپەلە و بەتاڵووکە خۆم گەیاندەوە بۆ سابڵاغێ. یەکسەر چووم بۆ لای قازی و لۆمەم کرد کە: تۆ بە منت دەگوت بۆچی ماشێنەکانیشت داونەوە کەچی بۆخۆت هەموو ئەو قۆرخانە باشەت داوەتەوە بە ئێرانی!؟ تۆ هەمان کاری وەزیرەکەت کردەوە، چۆن شتی وا دەبێت!؟ گوتی: ڕووسەکان گوشاریان هینابوو و دەیانگوت ئێوە بۆخۆتان تۆپ و قۆرخانەی باشتان هەیە، نەکا بەتەما بن دەگەڵ ئازەرییەکان شەڕ بکەن؟ منیش لە حەیفی ئەوان داومەتەوە.

پاشی زۆر قسە و باسی ڕەق و ناخۆش کە لە بەینماندا هات و چوو لە ژوورەکەی وەدەر کەوتم و چووم بۆ لای (ئەسەدۆف)ی کە موستەشاری شۆڕەوی بوو لە سابڵاغێ. پێمگوت کە: ئەوە چ کارێکە کردووتە؟ بۆچی واتان بە قازی گوتووە و ئەو تۆپانەتان لێهەستاندۆتەوە و داوتانەتەوە بە ئێران؟ گوتی: ئێمە کاری وامان نەکردۆت و ئاگاشمان لێنەبووە. برای قازی لە تارانێ ڕا هاتۆتەوە بۆ ئەو تۆپانە تا وەریانگرێتەوە بۆ ئێرانییان.

پاش ئەو ڕووداوانە حەمەدی مەولوودی دەگەڕێتەوە بۆ بەرەی شەڕ و لە لاپەڕەی٢٣٥ دا هەر لەوبارەوە دەنووسێ: چەند ڕۆژێک تێپەڕی هیچ باس نەبوو تا ڕۆژێکیان دەستێک ماشێن هاتن. هەر ماشێنەو ئەفسەرێکی ئێرانی تێدابوو. جەنابی "حاجی باوە شێخ"یش لە ماشێنێکدا دانیشتبوو و چەند پێشمەرگەشی دەگەڵ بوو. ماشێنەکان پڕ بوون لە شت. هەر خودا دەزانێ چی تێدابوو کە دەڕۆیی بۆ بانە و سەردەشتێ. خۆم گەوج کرد و وەسەر ماشێنێک کەوتم تا بیگەڕێم، لەپڕ گازیان کردم کە جەنابی حاجی باوە شێخ تۆی دەوێ. منیش چووم و گوتی: پێویست ناکات ماشێنەکان بپشکنی. لە ڕووی ناعیلاجی بەقسەم کرد، ئەو سەرۆکوەزیر بوو و نەمدەتوانی لە قسەی لادەم.

### شەهید بوونی سەرهەنگ محەممەدی نانەوازادە

سەرهەنگ محەممەد نانەوازادە، دوای ئەوە لە لایەن ستادی بەرگریی هێزی نیزامیی کوردستان بۆ چاوەدێری بەسەر ناردنی خواردەمەنی بۆ هێزەکانی ئەرتەش دیاری کرا، چوو بۆ شاری سەقز. ناوبراو لە یەکێک لە مەئمورییەتەکانی دا، بە ڕواڵەت لە تەیارە کەوتە خوار و شەهید بوو. عەزیزی سەدیقی بازڕەسی وەزارەتی دیفاع، لە نامەیەک دا بۆ وەزارەتەکەی باسی شەهید نانەوازادە دەکا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و دەڵێ کە ڕۆژی دووشەممو ڕێکەوتی ٢٥/٤/٢٤ بە تەیارە چوتە دیتنی ئاغای بەهاری لە سەردەشت و ڕۆژی سێ شەممۆ ڕێکەوتی ٢٥/٤/٢٥ ساعەتی ٩ بەیانی گەڕاوەتەوە بۆ سەقز. تەیارەکە لە ١٠٠ میتری گەردەنەی کەلیخان ئاوری گرتووە و بە قسەی سەرلەشکر هومایونی فڕۆکەوانەکە توانیوێ بە چەتر خۆی فڕێ دا و بریندار بوو بەڵام نانەوازادە نەیتوانیوە...

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٢١٥ بیرەوەرییەکانی دا باسی گەورەیی و لێهاتویی شێوەی کۆژرانی نانەوازادە دەکا و دەنووسێ: محەممەدی نانەوا... بە محەممەدی نانەوا»ـی نەمر فەرماندەی هێزە. لەمێژیشە نێوانمان نییە. هەرچەند خۆشی لەمن نەدەهات، بەڵام لەنێو ئەو هێزەی کوردوستاندا، دوو یان سێ ئەفسەری وەکوو نانەوا هەبووبا، کوردوستان دەستی زۆر درێژ دەبوو، بەڕاستی لەو ئەفسەر و ئەوانەی لە حیزبدا بوون لە هەموویان دڵسۆزتر بوو. حکومەتی ئێران زوو فەوتاندی، قازی بە نومایەندە ناردبووی بۆ سەقز و بانە. سواری فڕۆکەی بوو لە سەقز دەچوو بۆ بانە، فڕۆکە سووتا و فڕۆکەوانەکە بە چەتر قوتار بوو. «ڕەزمئارا» بەو جۆرەی کوشت. ئەگەر ئەو مابا کوردوستان وای بەسەر نەدەهات. هەرچی باسی محەممەدی نانەوا بکەم کەمم گوتووە، ئەوندەی دەڵێم کە کەس لە محەممەد دڵسۆزتر نەبوو بۆ کوردوستان.



محەممەدی نانەوازادە

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٣ بەشی دووهەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." دەنووسێ: سووتانی نانەوازادە

لە ڕۆژی٢٥/٤/١٣٢٥ معاوینی سیاسی وەزارەتی هێزی کوردستان، ئاغای پات پولکونیک نانەوازادە، کە بە سفەتی حاکمی سیاسی لە سەقز دائەنیشت و مەسئولی موزاکراتی بەینی دەوڵەتی ئێران و قازی محەممەد بوو و لە عەینی وەختیشا موفتیشی بەڕێکردنی خاروباری ئێرانییەکان بوو بۆ سەرپەرەشتی جەبهەی سەردەشت بە تەیارەی دەوڵەتی ئێران لە سەقزەوە چوو بوو بۆ سەردەشت. لەن عودەتیا لە کەلیخان لە ئاقاری گەردەنەی دێی سونج تەیارەکە گڕی ئەگرێ و لەو ئاسمانە بەرزەدا ئەو لاوە نیشتمان پەرەست و فیداکار و پڕ ماریفەتە ئاگری تێبەر ئەبێ و بە بێ کۆمەگی و هاوار هەر لەو ئاسمانە بەرزە گیانی پاکی تەسلیم بە فریشتەی ڕەحمەت ئەکا.

حەقیقەتەن نەمانی ئەو گەنجە بە حەمییەت وفیداکارە تەئسیرێکی زۆری کردە سەر گیانی دیمۆکراتەکان و ئەسەفێکی زۆر گەورەی بۆ هابیرانی ئازادیخواە بەجێهێشت. چونکە بە مەعنای کەلیمە ئازادیخواهێکی شاز و هەڵکەوتوو بوو.

سەید محەمەد حەمیدی لە کوردستانی ژمارە ٦٩ دا لە سەر چلونایەتی شەهید بوونی نانەوازادە دەنووسێ:

لە حدودی مانگیک دابوو لە لاین وزارەتی هێزی کوردستانەوە کاری درابویە کە لە سقز



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بمێنیتەوە کە لە حمل و نقلی خواردەمەنیدا بو ئەو سەربازانەی کە لە بانە و سەردەشت دادەنیشن لە لایەن هێزی کوردستانەوە محاصرە کراون و نەیاندەهیشت لە لشکری سقزەوە خواردەمەنیان پێ بگا چاوەدێری بکا. روژی دووشەممو ٢٥/٤/٢٥ بە ئاغای حامیدی مازووچی رئیسی دژبانی ناوەندی مەهاباد کە ئەویش لە سقز دەبێ، دەستور دەدا کە دەگەڵ ژماریک ماشین کە هەڵگری خواردەمەنی بو سەربازان بوون بو بانە و سەردەشت بچێت و هەر ئەو روژە بوخوشی بە فروکە بو ئەو مەلبەندانە دەڕوا و ئەو شەوە دەچیتە سەردەشت و بەیانی روژی ٣ شەممو ٢٥/٤/٢٥ دەگەڕیتەوە بانە و فڕۆکە لەویی دەنیشی و لەویی دیسان آغای مازووچی دەبینی و دەستوری دەداتی کە ماشینە خواردەمەنیەکان بگەینیتە سردەشت و زور دەست و دەمی یەک دیکە ماچ دەکەن وەکی دە دڵی هاوێژرابی کە چەند دەمیکی دیکە ژیانی پڕ ئیفتخاری دوائی دێت خوداحافزییەکی گەرم لە ئاغای حامیدی مازوچی دەکا و ساتی ٢١ بە فرۆکە بۆ لای سقز هەڵدەفڕی داخی گرانم پاش چەند دەمێک فڕوکە کە لە نیزیک کەلیخان لە شیوێک دا لە نزیک دێی "سوونج" کە لە دێهاتی بانەیە فڕوکە کە چەند سەرمەقولات دەدا و ئاوری تێبەردەبی. فڕۆکەچیەکە بە چەتری نەجات خوی بەردەداتەوە و چونکو چەترەکەی نیوە ئاواڵە بووە سەری شکاوە و سەدی نەوەد لە مەرگ نزیکە بەلام نانەوازادە ماوەی نەبوو بە چەتر خوی نەجات دا و دەگەڵ فڕۆکەکە بەربۆتەوە و هەر دووک پێکەوە سووتاوون لە دوای چەند دەمێک قەزییە بە ئاغای حامیدی مازوچی خەبەر دەدری ئەویش دێتە جێگای بەسەرهات و ئەو سەرکردەیە کە سەعاتێک لەوەی پیش دەست و دەمی یەکتریان ماچ دەکرد دەبینێ کە ئاوری نیشتمان پەرستی لە دڵیەوە بلێسەی سەندووەوە خویی و فڕۆکەکەی سوتاندوە. خێرا بە دارەمەیت لەشی ئەو شەهیدە هەڵدەگرن و دەیبەنە شاری بانە لەوێ دەیشۆن و لە کفنیەوە دەپێچن و دە سندوقی دەنین و دەیهینن بو سەقز و لەویش را بە ماشێنێکی عدەی سەقز بە مشایەعەتی یەک نەفەر سەروان و دوو نەفەر گروهبان بە میاندواو دا بو مهابادی بەڕێ دەکەن. جنازە سەعاتی ٧ی نیوەڕو، روژی ٢٥/٤/٢٦ لە کاتێکدا لە حدودی دەهەزار کەس لە تەبەقاتی جوێ جوێ بە پێشوازەوە چووبوون و بە تایبەتی جەنابی وزیری هێز و ژمارێکی زۆر لە خەڵکی شاری و سرکردان چەند کیلومتر بە ماشێن چووبوونە پێشواز گەیشتە مهاباد و بە ئێحترِاماتی نیزامی بە خیابانی قازی و وەفائیدا حەرِکتی پێدرا و لە قبرستانی مەلاجامی بە خاک ئەسپیردرا.

هەرچەند بەڵگەکانی رۆژنامەی کوردستان زۆر جێگای شک و گومان نییە بەڵام سەعیدی هومایون لە لاپەڕەی ١٠٤ی "پیشەوای بیداری" دا، دوای ئەوە ئاماژە بەو رووداوە دەکا دەنووسێ کە بە پێی هێندێک سەرچاوە، هیچ تەیارەیەک نەکەوت بوو و ئەویان لە تەیارەی هەڵداشتبوو. میرحاج بە رێکەوتی ١٣٢٥/٤/٢٦ لە نامەیەک دا بۆ حەمە رەشید خانی بانە فەرماندەی هێزی بۆکان، ئاماژە بە شەهید بوونی نانەوازادە دەکا و دەڵێ کە جێگای گومانە و هەروەها دەڵێ کە فرۆکەوانەکە بریندارە و لە نەخۆشخانەی بانەیە. بەکر عەبدولکەریم حەوێزی لە لاپەڕەی ٥٦ کتێبی"گەشتێک بە کۆماری مەهاباد دا" دەنووسێ کە ئەو رۆژە لە سەنگەردا ئاگای لێبووە کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەیارەیەک لە سەقز بەرەو بانە هەستاوە و هێشتا ئاوا نەبوو کە گەڕاوەتەوە و لە سەقز نیشتوتەوە. بۆیە ئەو سووتانی تەیارە بە درۆ و بە پیلان دەزانێ و بە بروسکە پێشەوای ئاگادار کردوتەوە.

محەممەدی نانەوازادە یەکێک لە ئەندامانی بەرزی کۆماری کوردستان بوو. ئەو لە "حیزبی ئازادی کوردستان" و " کۆمەڵەی ژ.ک" و ئۆرگانەکانی سەرووی حیزبی دێموکرات دا ئەندامێکی لێوەشاوە و لێهاتوو بوو. شەهید بوونی ئەو زەبرێکی کاریگەری گورچووبڕ بوو لە کۆماری کوردستان. نانەوازادە لە بەرپرسە پایە بەرزەکانی کۆمار و جێگری وەزیری هێزی کوردستان و جێگەی ڕێز و باوەڕی پێشەوا بوو. لە ژمارەکانی کوردستان دا بە زۆر بابەتی شێعر و پرسە و سەرەخۆشی ڕێزی لێگیرا و مامۆستا قانع و کەسانی دیکە شێعری بە سۆزیان پێهەڵاگوت. ژێنراڵ محەممەد رەشیدخان قادرزادە لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٧٠ دا بە بابەتێکی جوان، ڕێزی لێگرت. هەروەها سەرپۆلی ٢ بەکری حوێزی بە نوێنەرایەتی دەستەی بارزانی ژێر فەرمانی، پرسە و سەرەخۆشی خۆ ئاڕاستەی وەزیری جەنگ کرد. سەرتیپ هومایونی لە نامەیەک دا بۆ حەمە رەشیدخانی بانە، سەرەخۆشی شەهید بوونی نانەوازادە لێکرد و رایگەیاند کە دوای ڕێوڕەسمی پرسە جەنازەکەی بە ئامبولانس لەگەڵ ئاغایانی سەدیقی و مازوچی و بە نوێنەری سەروان یەزدانپەنا ناردراوە بۆ مەهاباد.

سەید محەمەد حەمیدی لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە٦٩دا، زۆر بە وردی باسێ کەسایەتی شەهید نانەوازادە دەکا و دەنووسێ:

محەممەدی نانەوازادە کوڕی مەرحومی میرزا عەبدوڵا و لە بنەماڵەی نانەوایە کە بنەماڵەیەکی کەونی مەهابادین. بابی بە بازرگانی و بەزازی خەریک دەبوو. لەساڵی ١٢٩٨ تا ساڵی ١٣١٠ لە مەدرەسەکانی مەهاباد دەیخوێند و چەند ساڵێک لە ئیدارەی فەرهەنگ مەهاباد بە کارمەندی کاری دەکرد. ساڵی ١٣١٦ چوو بوو بۆ سەربازی. مەدرەسەی گروهبای تەی کرد. دوای دوو ساڵ خزمەتی سەربازی چەند ساڵێک لە ئیدارەی ماڵیەی مەهاباد رەئیسیی ”ماڵیاتی غەیرە موستەقیم بوو.

بە پێی ئەو سەرچاوەیە نانەوازادە لە ساڵی ١٣٢٣ وازی لە کاری دەوڵەتی هێنا و خەریکی بازرگانی بوو. ئەو لە ساڵی ١٣٢٠ داخڵ بە "حیزبی ئازادی کوردستان" ببوو و ساڵی ١٣٢٤ چووە ڕێزی پێشمەرگە و بە دەرەجەی پۆتپۆلکۆنیک بە فەرماندەی هێزی ناوەندی کوردستان دیاری کرا.

نانەوازادە لە جێژنی سەربەخۆیی کوردستان لە دووی ڕێبەندان قسەی بۆ پیشمەرگان کرد و باسی دوو ئیفتیخاری خۆی کرد و لە خودای خواست کە ئیفتێخاری سێهەمیش کە شەهید بوون لە ڕێگای کوردستان دا بوو، بە دەست بێنێ و ئەویشی بە نسیب بوو و دەڵێ:

لە دەورەی ژیانی خۆم دا دوو ئیفتیخاری زۆر گەورەم بە نسیب بووە کە باوەڕ ناکەم هەتا ئەورۆ نەسیبی هیچ کوردێک بوو بێ. ئیفتیخاری هەوەڵم ئەوەیە کە هەوەڵین جەلەسەی کۆمەڵە(حیزب) لە ماڵە من دامەزرا وە ئەمن بە عوزوی شەشەمی هەیئەتی ناوەندی ناسێندرام...

لە سەر ئیفتیخاری سێهەم سەید محەمحەمد حەمیدی لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٩ دا لە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


محەممەدی نانەوازادە

زمانی نانەوازادە دەنووسێ: ... ئۆمێدم لە خودای لایەزال ئەوەیە کە ئیفتیخاری سێیەمی من ئەوە بێ کە لە ڕێگای نیشتیمانی خۆشەویست و سەرۆکی جمهوری کوردستان مۆفەق بە خوێن رشتنی خۆم بم...

مامۆستا"قانع" شاعیری سەردەمی کۆماری کوردستان، لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٩ دا، لەسەر شەهیدبوونی محەممەد نانەوازادە، دەنووسێ:

شیعری قانع بو قارەمانی کوچ کردو نانوازادە
کوردە وا دیسان شین و زاریمە
زایەڵەی چەمەر بێقەراریمە
قارەمانی کورد زادەی کوردستان
نانەوازادە شیری نیشتمان
بو ئازادی کورد بە مهربانی
گیانی شیرینی کرد بە قوربانی...

بە دوای شەهید بوونی سەرهەنگ محەممەدی نانەوازادە، مامۆستا هەژار و زەبیحی بۆ چاوەدێری بە سەر ناردنی ئەرزاق دا چوونە سەقز. مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٨٠ ی چێشتی مجێور دا لەوبارەوە دەنووسێ کە جارێک بڕیار درا کە دەوڵەتی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان پێکەوە لەگەڵ ڕەزمئارا وەک نوێنەری دەوڵەت لە سەقز دانیشتن بکەن. هەیئەتی کوردستان بریتی بوون لە حاجی بابا شێخ و مامۆستا هەژار کە دوایە سەدروئیسلام و زەبیحی‌شیان پێوە زیاد بوو. لە دانیشتنەکە دا بڕیار درا، دەوڵەت شارەکانی بانە و سەردەشت و تکاب چۆل بکا و دەوڵەتی ئازەربایجانیش زەنگان بەجێ بێڵێ. بەلام تا بەڕێوەبردنی ئەو کارە دەبوایە دەوڵەتی کوردستان، لە ژێر چاوەدێری زەبیحی و مامۆستا هەژاردا، ڕێگا بە ئەرتەشی ئێران بدا ئازووقە بۆ لەشکرەکەیان لە بانە بنێرێ. جارێک ڕێژیم بە بێ ئاگاداری زەبیحی و مامۆستا هەژار بارەکانیان ئامادە کرد. هەیئەتی چاوەدێر پێیان داگرت کە بارەکان کونترۆڵ بکەن. بەڵام هەروەک لە لاپەڕەی٨١ی چێشتی مجێور دا هاتووە، سەدرولئیسلام سەرۆکی هەیئەتی کورد دەڵی: "بار چیان تێدا نییە جگە لە ئازوقەی خواردەمەنی و ئەمن ئەمر دەکەم کە نەی پشکنن".

دواتر بە قسەی ماموستا هەژار هەر لەو لاپەڕەیەدا، دەردەکەوی کە نێوبارەکان، تانکی تێدابووە و دەڵێ: زانیم خەیانەتێکی گەورە بە دەستی من پێکهاتووە و خەتا لە سەدرولئیسلام بووە...

مامۆستا هەژار لە درێژەدا دەنووسێ کە جارێکی دیکە دیسان هەیئەتی دەوڵەتی کورد کە بریتی‌بوون لە سەدرولئیسلام و هەژار و زەبیحی و حاجی حەمەد ئاغای شێخاڵی، بۆ وتووێژ چونەوە سەقز. سەدرولئیسلام دوای دوو ڕۆژ گەڕاوە بۆ مەهاباد. ئەوانی دیکە لەوێ مانەوە و بڕیار وا بوو، یان زەبیحی یان مامۆستا هەژار لەگەڵ بارەکان بچن بۆ بانە. لەو ماوەیەدا هەیئەتی چاوەدێری

کورد لەماڵێکدا خرانە ژێر چاوەدێری و کێشکییان لەبەر دەرگا لەسەر دانان. کاتێک کە کاروان ڕۆیی بۆ بانە لە ڕێگایە زەبیحی هەڵات و خۆ دەرباز کرد و باقی نوێنەرانی دەوڵەتی کوردستان، چەک کران و ١٦ کەسیان کێشک بۆ دانان. ئەوان نیزیک بە دوو مانگ لە زیندان دابوون و دوای تێکشکانی ئازەربایجان و هەڵاتنی کاربەدستانی ئازەری بۆ روسییە، پێشەوا چووە حەمامیان و بێ شەرت خۆی تەسلیم کرد و داوای لە سەرتیپ همایونی کرد کە ئەو ئەسیرانەی سەقز ئازاد بکرێن. بە کۆتری نامەبەردا، نامە ئازادیان بۆ ناردرا و ئازاد کران.

## دامەزرانی حیزبی دیموکراتی ئێران و پێکهێنانی بەرە

قەوام بە مەبەستی پتەوکردنی پێگە و مەقامی خۆی و بۆ ئەوە لە کێبەرکێی دەستەڵاتی ئێران لە داهاتوو دا، بتوانێ ئاسانتر بە دەستەڵات بگا، لە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٤/٨دا، ڕێکخراوی حیزبی دیموکراتی ئێرانی دامەزراند. ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بریتی بوون لەسەردار فاخر حکمەت، محەممەد وەلی میرزا فەرمانفەرمائیان، مزەفەر فیروز، عەلی ئەکبەری موسەوی زادە، سەید هاشم وەکیل، ئەبولحەسەن حائری زادە، ئەبولحەسەن عەمیدی نووری، مەحموود مەحموود، زەینولعابدەین فروزش، حەسەن ئەرزەنجانی.

خوسرەوی قەشقایی لە تێلگرافێک دا بۆ قەوام، پەیوەست بوونی عەشایری قەشقایی بە حیزبی دێموکراتی ئێران ڕاگەیاند.

هەلومەرج و دامەزرانی ئەو حیزبە، ئەو دەرفەتەی بۆ "حیزبی تودە" و "حیزبی ئێران" پێکهێنا کە بەرەیەکی هاوبەش بە ناوی "جبهه موتلفه احزاب آزادی خواه" پێک بێنن و هەوڵ بدەن پەرە بە ڕەوتی ئاشتیخوازانەی قەوام بۆ جێبەجێکردنی خودموختاریی فەرهەنگی لە چوارچێوەی ئێراندا، بدەن. سەعید هومایون لە لاپەڕەی ١٢١ی کتێبی "پیشوای بیداری" دا دەنووسێ کە بە دوای دامەزرانی ئەو حیزبە، قەوام داوای لە سەفاڕەتی شووڕەوی کرد کە بۆ پاراستنی ئەمنییەتی هەڵبژاردن، ئەرتەش بچێتە ئازەربایجان. هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە، بە دوای ئەو پێشنیارە، حیزبی تودە بە سەرۆکایەتی فەرەیدونی کەشاوەرز و حیزبی ئێران بە سەرۆکایەتی ئەڵاهیاری ساڵح و فیرقەی دێموکرات بە سەرۆکایەتی پیشەوەری، بۆ وەدەست هێنانی دەنگی زیاتر، داوای پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتویان کرد.

بێشک لە وڵاتانی دواکەوتوو دا، هیچ جووڵانەوەیەکی ژێردەستەی نەتەوەیی ناتوانی بۆ گەیشتن بە داوخوازی ئیستراتیژیکی خۆی، پشت بە ڕێکخراوە پێشکەوتووەکانی ئۆپۆزیسیوونی سەرانسەری وڵات ببستێ. ڕێکخراوی پێشکەوتووی نەتەوەی باڵا دەست، تەنانەت ئەگەر لافی پێشکەوتویش لێبدا، ناتوانی رازی بە جوێبوونەوە و دابڕانی بەشێک لە وڵاتەکەی بێ و مافی چارەنووسی کەمایەتییە نەتەوەییەکان بکاتە ئیستراتیژی کار و تێکۆشانی خۆی. لە بەرنامەی ڕێکخراوی نەتەوی باڵا دەست دا، کێشەی کەمایەتییەکان بە ماقی مرۆڤ و خەباتی مەدەنی و ئاشتیانە دەبەسترێتەوە. هەرچەشنە هاوکاری ڕێکخراو و حیزبە کەمە نەتەوەیەکان لەگەڵ ڕێکخراوی پێشکەوتووی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرانسەری، مستۆگەر کردنی پاراستنی چوارچێووە ئەرزی وڵاتە. هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی لە وڵاتانی فرە گەلی دا، هەر کێشەی وڵاتانی دواکەوتوو نییە، بەڵکۆ وڵاتانی زۆر پێشکەوتوویی جیهانیش، بەو کێشە و گرفتەیە، دەناڵێنن.

لەم قۆناغەدا، پێشەوا بە لێکدانەوەی وەزعییەتی نێوخۆ و ناوچە، هاتە سەر ئەو بڕوایە کە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی پێشکەوتوو هەوڵ بدا. ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو دەرفەتەی قوازتەوە و بە بەرپرسایەتی ئەبولقاسمی سەدری قازی هەوڵ درا تا لەگەڵ ڕێبەرانی ئەو حیزبانە پرس و را بکرێ و پروتۆکۆڵی دامەزرانی هاوکاری و پێکهێنانی بەرە ئیمزا بکرێ.

لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٨٥ دا کە بە ڕێکەوتی ٢١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٢٥ چاپ بووە لە باسی بەرەدا هاتووە کە چۆن ڕێبەری حیزبی دێموکرات بۆ پێکهێنانی هەوڵی داوە:

تلگرافێک بە مەزموونی ژێرەوە لە لایەن جەنابی ئاغای قازی محەمەد پێشوا و ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان مخابرە کراوە.

تاران- جەنابی ئەشرەف ئاغای قەوام رەهبەری حیزبی دێموکراتی ئێران، روونووس جەنابی ئاغای دوکتور کەشاوەرز، رەهبەری حیزبی تودەی ئێران، روونووس جەنابی ئاغای ساڵح رەهبەری حیزبی ئێران، روونووس تەبریز جەنابی ئاغای پیشەوەری رەهبەری فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، روونووس تاران ئاغای پادگان معاونی سەدری فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان.

بە ئیحترامەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان ئامادەیی خۆی بۆ ئیئتلاف دەگەڵ ئەحزابی ئازادیخوای( دێموکرات ئێران، تودەی ئێران، دێموکراتی ئازەربایجان( حیزب ئێران) رادەگەیەنێ و ئەم ئیئتیلافە مەوجبی سەعادەت و عەزەمەتی میللەتی ئێران دەزانم و بەم وەسیلە جەنابی ئاغای سەدر قازی لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ گفتوگۆی پێویست و ئیمزای ئیئتلافنامە بە نمایەندەیی مەعەرەفی دەکەم. رەهبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان – محەمەد قازی

بەمشێوەیە پێشەوا قازی محەممەد وەک ڕێبەری حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان، زۆری هەوڵ دا تا لە نێوان ڕێکخراوەکانی سەرانسەری دا بەرەیەکی گەورە پێک بێ، بەڵام قەوامولسەلتەنە لەگەڵ ئەو بەرەیە دژایەتی کرد. بە پێی لاپەڕەی ٢٦٠ی کتێبی رەحیمی قازی ئەوکات کە قازی لە تاران بوو چەند جار لەگەڵ سەرۆکەکانی حیزبی تودە و حیزبی ئێران کۆبووە و داوای پێکهێنانی ناوچەی یەکێتی تەواوی هێزە دێموکراتەکانی ئێرانی کرد.

پێشەوا کاتێک کە گەڕاوە بۆ مەهاباد دیسان بە تێلگراف داوای پێکهێنانی بەرەی دووپات کردەوە و بە پێی لاپەڕەی ٢٦١ی رەحیمی قازی، هەواڵدەری رۆژنامەی "رەهبەر" ژمارە ٨٠٩ ڕێکەوتی ١٨ی خەرمانان ١٣٢٥ لە تەوریز لە وتووێژێک دا لەگەڵ قازی محەممەد لەسەر بەرە دەپرسێ و قازی لە وڵام دا دەڵێ:

حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆر بە دڵخۆشییەوە پێشوازی دەکات لە مەسەلەی بەرەی یەکگرتووی حیزبە رزگاریخوازەکان و ئەمن لەم بارەیەدا بە هۆی تەلگراف ئامادەبوونی حیزبی خۆم بۆ تاران راگەیاندووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە پێی حەوتەنامەی ژمارە ٧١ ی "کوهستان" هەر لە چوارچێوەی کاری هاوبەشی نیوان ٦ حیزی ناوچەیی و سەرانسەری ئێران دا، بۆ جێگیر کردنی حکومەتێکی دێموکراتیک، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تیلگرافێک دا، دوای ئەوە کە رادەگەیەنێ کە یەکێکە لە پێکهێنەرانی ئەو بەرەیە کە بۆ ئازادی ئیران تێدەکۆشێ، دەنووسێ کە بە هۆی شەڕ لە ٦ مانگی رابردوودا نەیانتوانیوە کارا بن و داوای لێبوردن کراوە و هیوا خواستراوە کە لەمەوبەدوا حیزب بتوانی زیاتر لە دژی کۆنەپەرستی دا بەشدار بێ. لە لایەن کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان- کەریمی.

لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٠١ کە لە ڕۆژی یەکشەمۆ ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٢٥ ی هەتاوی(١٧ی نۆڤامبری ١٩٤٦ ) چاپ بوو، مامۆستا هەژار لە وتارێکی فارسی بە ناوی " با ائتلاف احزاب شوخی نکنید"(گاڵتە بە بەرەی حیزبەکان مەکەن) دوای باس لە ئازایەتی خەڵکی کورد و توانایی حیزبی دێموکرات، باسی ئیئتلافی حیزبی دێموکرات و لەگەڵ حیزبەکانی ئیرانی وەک حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان، حیزبی تودە، حیزبی سوسیالیست و حیزبی جەنگەڵ، دەکا.

بیری پێکهێنانی بەرە لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبە پێشکەوتووەکانی دژبەری رێژیم، بوو بە هۆی ئەوە کە قەوام خێرا دەست بەکار بێ و ئەویش حیزبی خۆی دامەزرێنێ و لەژێر ناوی یەکێتی و پێکهێنانی بەرە لەگەڵ ئەو حیزبانە، هەوڵ بدا لە نێویان دا ئاژاوە و دووبەرەکی پێک بێنێ و لێکیان دوورخاتەوە.

بە گویرەی رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٧٢ کاتێک کە پێشەوا لە رۆژی ١٣٢٥/٥/٤ بۆ چارەسەرکردنی هیندێک گیروگرفت دەچوو بۆ شیمالی کوردستان، لە چاوپێکەوتنێ لەگەڵ ئاغاکانی مامەش، زەرزا و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات دا، ئاماژەی بە پێشنیاری قەوامولسەڵتەنە کرد و گوتی:

لە سەفەری تارانم دا دەگەڵ ئاغای قەواموسەلتەنە زۆرم گفتوگۆ کرد. ئاغای قەوام نەزەرێکی موساعیدی دەگەڵ کوردان هەیە. رۆژێک ئاغای قەوام پێی کوتم: ئەوا ئێمەش بووینە دێمۆکڕات و حیزبی دێموکڕاتی ئێرامنان دامەزراندووە. وا بە باش دەزانم کە نێوی (حیزبی دێموکراتی کوردستان) بگۆڕن و نێوی بنێن حیزبی دێموکراتی ئێران. منیش وڵامم داوە: کە ئەمن بە بێ تەسویبی کۆمیتەی مەرکەزی هیچ کارێکی ناکەم، چونکوو دێموکراتی مانای ئەوەیە کە شەخس ناتوانێ مەسڵەحەتی میللەتی بێ موشاوەرە بگرێتە دەستی خۆی. ئاغای قەوام ددانی بەوەدا هێنا کە کوردستان شایانی تەقدیرە و میللەتی کورد ئامادەی هەموو جورە فیداکارییە بۆ گەیشتن بە ئازادی و دێموکراتی و کوتی: نێهزەتی دێموکراتی کوردستان بە پشتیوانێکی گەورەی خۆمان دەزانین و ئومێدمان ئەوەیە کە بە هۆی ئێوەوە دێموکراتی لە تەواوی ئێران دا بڵاو بێتەوە...

ئەڵایاری ساڵح، نووسەری بەرەی یەکگرتوو، رێزێکی زۆری بۆ ئەو هەوڵانەی پێشەوا هەبوو و بە پێی کەیهانی ژمارە ٣ ی فەورییەی ١٩٥٧ لە وڵامی تێلگرافی پێشەوا قازی محەممەد، دەنووسێ:

جەنابی قازی مەحەمەد سەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستان، تەلگرافی جەنابتان گەیشت و لە کۆبوونەوەی بە یەکەوەی ناوچەی یەکێتی حیزبە پێشکەوتووەکانی تودە و ئێران بە وردی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وتوێژی لەسەر کرا. ئێمە بۆ پێشنیارەکانی ئێوە لەمەڕ پێداویستبوونی دامەزراندنی ناوچەی یەکیتی تەواوی حیزبە پێشکەوتووەکانی ئێران نرخێکی زۆر گەورە دادەنێن و پێشوازی لێدەکەین...

لەوبارەوە لەو چاوپێکەوتنی پیشەوا و سەرۆک وەزیران دا، قەوام رایگەیاند کە حیزبی دیموکراتی ئێران دامەزراندوە و پێشنیهاد دەکا کە حیزبی دێموٚکراتی کوردستانی ئێران ببێتە لقێک لەو حیزبە و پێشەوا وەک ئۆستانداری سنە سەرانسەری رۆژئاوای ئیرانی لەبەر دەست دابێ و پیشەوا قبوڵی دەکا.

**شەڕی قاراوا**

لەو سەردەمەدا حەمە رەشید خانی بانە، فەرماندەری هێزی بۆکان و سەرا، رێگای دابوو کە خەڵکی ئەوبەرەوبەری بەرەکانی شەڕ هاتووچۆی یەکتر بکەن. چوونکە حکومەتی کوردستان، رایەڵێکی بە هێزی ئەمنی نەبوو و نەیدەتوانی سنوورەکەی بە باشی کونترۆڵ بکا، ئەو کارە بە زەرەر تەواو بوو. بۆیە میرحاج بە رێکەوتی ١٣٢٥/٤/٨ لە نامەیەک بۆ حەمە رەشیدخانی بانە ئاماژە بەوە دەکا کە لە کردنەوەی رێگای نیوان ناوچەکانی سەقز و بەرەی ئازادی کوردستان دا، تەشکیلاتی کورد هیچ قازانج ناکا و ئێران بە هۆی سیخوڕەکانی بەردەوام خەریکی ئاژاوە و کۆکردنەوەی زانیارییە و داوای کرد کە بەرەی شەڕ بە هێز بکرێ و پۆستی چاوەدێری دابندرێ.

جێی ئاماژەیە کە زۆر شەڕ لە بەرەی سەقز رووی دا کە فەرماندەکان ئاماژەیان پێکردوە بەڵام لە بەڵگەکانی دیکەدا تۆمار نەکراون. بۆ نموونە بە رێکەوتی ١٣٢٥/٤/١١ مەرحومی بارزانی لە نامەیەک دا بۆ وەزارەتی دیفاعی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکا کە لە شەڕی تازەدا ١١ نەفەر بریندار بوون.

چۆنییەتی ئەو شەڕە روون نییە و لەو پێیەدا لە لاپەڕەی ٢٣٤ی کتێبی "قاضی محمد و جمهوری در آینه اسناد" دا، عەبدوڵلا بەگی سەرحەدی لە نامەیەک دا بۆ سەرهەنگ غەفاری باسی شەڕی رۆژی ٩ و ١٠ و١١ی ژوئەن(پوشپەڕ) ١٩٤٦ دەکا و داوای لێدەکا کە تەسلیم بێ و دەڵێ کە هێزەکەی نەتەنیا چەک ناکرێ بەڵکو لە لایەن کۆماری کوردستانەوە دەرەجەشیان دەچێتە سەر.

بە دوای ئەوانەدا رۆژی ١٩٤٦/٤/٢٨ لیژنەیەک بەنوێنەرایەتی هەردوو حکومەتی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان بۆ وتوویژ لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران چوونە تاران. ڕۆژی ١٩٤٦/٤/٢٩ کە نوێنەرانی کورد و ئازەریی لە تاران خەریکی وتوویژ کردن بوون، چەند یەکەیەکی سوپای ئێرانی بە فەرمانی سەرتیپ هومایونی بە چەکی سووک و قورس بە مەبەستی گرتنی گوندی "سەرا" لە سێ لاوە هێرشیان کردە سەر پێشمەرگە لە بەرەی "قاراوا".

بەڵام لە لایەن پێشمەرگەکانی هێزی بارزانییەوە زەبری قورسیان لێدرا و پاشەکشەیان پێکردن. لەو شەڕەدا سوپای ئێران کوژران و برینداری زۆر بوو کە دیلەکان گواسترانەوە بۆ مەهاباد.

مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٨٢ی کتێبی بارزانی دا لە زمانی محەممەد عیسا کە یەکێک لە بەشدارانی ئەو شەڕە بوو دەنووسێ کە ئەگەر ئاوی رووباری قاراوا نەبوایە هێزی بارزان دەیانتوانی تۆپخانەی ئەوبەری ئاوەکە بگرن. لەو شەڕەدا ٨٠ کوژراو و ١٢٠ کەس لە هێزی دوژمن بە دیل گیرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوو تۆپ و ١٧ شێستیری گران و ٢٠٠ تفەنگ دەستکەوت بوو.

مەسعود بارزانی لە لاپەرەی ١٨٣دا، دەنووسێ کە پێشەوا دوای ئەوە سوپاسی پێشمەرگەکانی فەوجی یەکی کرد کە ئەو قارەمانەتییان نواند بوو ١٤٠٠٠ تمەنی پێشکەش کردن. بە پێی لاپەڕەی ٢٣٧ی کتێبی "قاضی محمد و جمهوری در آینه اسناد" یەک حەوتووی دوایی شەڕی قاراوا، پێشەوا فەرمانی دا تا لەمەوبەدواوە هێزی پێشمەرگە لیباسی نیزامی دەبەر بکەن و دەرجەیان هەبێ.

جێی ئاماژەیە کە ئەو هێرشە پلانێکی بەربلاو بوو و دەبوایە لەگەڵ هیرش بۆسەر ئاوایی سەرا، عەشایری دێبۆکریش لە ناوچەی ژێر دەستەڵاتی خۆیان پەلامار بەرنە سەر بنکەکانی پێشمەرگە. محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٧٨ ی بەشی یەکی کتێبەکەیدا باسی ئاور تێبەردانی پردی میراوێ دەنووسێ: شەر ١٣٢٥/١/١٠ کە ڕێکەوتی٣٠ نیسانی ١٩٤٦ ئەکات کە لە (قاراوا)ی سەقز لە نێوانی بەکرئاغای لکی ٤ ی بارزانی و حکومەتی ئێران کرا لەسەر پیلانی حکومەتی ئێران و عەشیرەتی دێبوکری بوو. عەشیرەتی دێبوکری لەگەڵ حکومەتی ئێرانا ڕێک کەوتبوون. هەرگا حکومەت توانی لە جنوبی ڕۆژهەڵاتی سەراوە پەلاماری ئۆردوبەزی سەرا بدات، عەشیرەتی دیبوکریش لە شیمال و ڕۆژئاوای سەراوە پەلاماری بارەگای لەشکر ئەدات. وە ئەو هێزە نەخۆش و هەژارانەی بارزانی لە گەڵ حەمەرەشیدخانا لە مەرکەزی سەرادا بە دیل ئەگرن. لەسەر پیلانی ناوبراو دەوڵەتی ئێران لە ساتی خۆیا پەلاماری هیزی بەکرئاغای دا لە (ملقەڕەنی وبێژینگ بەسەر) دێبووکریەکانیش سێ ڕۆژ پێش ئەو پەلاماردانە پردی میراوای بۆکانیان سووتاندبوو. خەتی هاتۆچۆیان لە نێوان سابلاغ و بۆکان بریبوو. ئەمجا حەمەرەشیدخان تێگەیشت کە ئەو پەلاماردانە لەسەر دەسیسەی دێبۆکریەکانە.

مەترسی لەوە پەیا کرد کە نەوەکوو لە پاشدا لەشکری دێبوکری بێنە سەرا. دەستووری دا بە مستەفا کە لە جێگای خۆی نەبزوێ و بە کۆمەگی میرحاج و بەکرئاغا نەچێت. لە کەلی باڵوقای ئەحمەدئاوا ئیستیحکامات بکات.

ئەگەر مستەفا ئەو شاخەی چۆل بکردایە بە ئاسانی دێبوکریەکان ئەیانتوانی بێن بۆ سەرا.

### ئاخرین وتووێژی و هەڵسوکەوتی دژێوی هێندێک لە کوردانی تاران

دوای ئەوە ڕێژیم نەیتوانی لە هیچ کام لەبەرەکانی شەڕ دا سەرکەوێ، ڕواڵەتێکی نەشەڕ و نە ئاشتی لە نێو کورد و تاران دا پێکهات. لە ژێر کاریگەری زەختی دەوڵەتی رووس، کورد لە هێرش بۆ سەر ناوچەی ژێر دەستەڵاتی حکومەتی ئێران مەنع کرا و هاندرا لەگەڵ حکومەت ناوەندی بسازێ.

ڕێژیمی ئێران لە چەند لاوە خەریکی بنکۆل کردنی کۆمارەکانی ئازەربایجان و کوردستان بوو. بە هۆی زەختی وڵاتانی گەورەی زلهێزی جیهانی وەک ئینگلیس و ئەمریکا، توانی هێزەکانی رووس مەجبور بە پاشەکشە بکا و پەیوەندی باش لەگەڵ ئەو دەوڵەتە دابمەزرێنێ. عەشایری بۆ لای خۆی رابکێشێ و لە وتووێژەکان دا درز بخاتە نێو ریزەکانی فرقەی دێموکرات. سەرەڕای ئەوانە دەوڵەتی ئێران لە دەرفەت دەگەڕا تا بە پێی باشتر بوونی هەلومەرج، کێشەی درەنگ بەجێهێشتنی هێز لە

تەواوییەتی ئێران لە لایەن شووڕەویەوە، بکێشێتە نێو دادگای ڕێکخراوی نێونەتەوەیی جیهانی.

لە وەزعییەتێکی ئەوتۆ دا، دەوڵەتی ئێران بەو توانایانە هەوڵی دا لەگەڵ کۆماری کوردستان وتووێژ بکا و لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان لێکیان دابڕی و لاوازیان بکا و قازی محەممەدی بۆ تاران بانگ کرد. پێشەوا دوای هاوئاهەنگی لەگەڵ ڕێبەرانی کۆمار، رۆژی ١٣٢٥/٤/٣(١٩٤٦/٦/٢٤) لەگەڵ محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی و مستەفا سوڵتانیان، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان بەرەو تاران وەڕێکەوت و چوو تەورێز و لە رۆژی ١٣٢٥/٤/٥دا، چاوی بە ئەندامانی هەیئەتی وەزیرانی کۆماری ئازەربایجان و ژمارەیەک گەورە بەرپرسانی تەورێز و شووڕەوی کەوت.

سەعیدخانی همایون کە بۆخۆی لەو سەفەرەدا لەگەڵ بوو، لە کتێبی "پیشوای بیداری" دا دەنووسێ کە هەیئەتی کورد لە تاران لە لایەن نوینەرانی قەوامولسەلتەنە و کوردەکانی تاران و رادەیەکی زۆر لە روناکبیران و لایەنگرانی ئاشتی، پێشوازی لێکرا. دوایە لە هۆتێل دەربەند قازی محەممەد ماوەی ٢ سەعات لەگەڵ خەڵک و هەواڵدەرییەکان دوا. هەر لەو بارەوە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٥ بە نەقڵ لە رادیو تەورێز ئاوا دەنووسێ: چوونی حەزرەتی پێشەوای کوردستان بۆ تاران

رادیۆ تەورێز- حەزرەتی پێشەوای کوردستان جەنابی قازی محەمەد رۆژی ١٣٢٥/٤/٥ سەعاتی ٨ بەیانی  لە کاتێدا کە جەنابی ئاغای  محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی و هیئەتی وەزیرانی حکومەتی میللی ئازەربایجان و عدەیەک لە موحتەڕەمین لە حزوری دا بوون بە فڕۆکە لە تەوریزەوە بۆ تاران چوو و رادیو تاران پەیامی دا کە سەعاتی ١٠ بەیانی حەزرەتی پێشەوا و رەهبەری کوردستان لە کاتێک دا کە سەرانی ئەحزابی ئازادیخواز و ژمارێکی زۆر لە ئازادیخوایان و رجاڵ و موحتەڕەمین پێشوازیان لێکرد بوو لە ئیستگا دابەزی و خێرا لە لایەن جەنابی ئاغای قەوامولسەلتەنە سەرۆک وەزیری ئێران دەعوەت کرا و بە ئیحتڕامێکی زۆر وارید کرا.

هەر بە پێی ئەو ژمارەیەی رۆژنامەی کوردستان و لە زمانی رۆژنامەی "رهەبەر" چاپی تاران"مستەفا فەرداد" بە نوێنەرایەتی دەوڵەت بەشداری رێورەسمی پێشوازی کردن بوو و دوایە دەستەی نوێنەرایەتی کورد لە سەر میواندارییەتی دەوڵەت، لە ویلای ژمارە ٥ ی هۆتێلی دەربەند نیشتەجێ بوون.

لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٥ دا، بابەتێکی رۆژنامەی "ئیران ما" کە لە تاران چاپ دەبوو، بە هۆی ح. قزڵجی لە ژێر سەردێڕی "رەهبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان گەیشتە تاران" دا، بڵاو بۆوە. لەو بابەتە دا، رۆژنامەی ئیرانی ما دوای ئەوە زور بە وردی باسی کەسایەتی پێشەوا و ویست و داوخوازییەکانی گەلی کورد دەکا و هیوا دەخوازی کە کێشەی کورد بە ڕێگای هێمنی و ئازادی دا چارەسەر بکری، دەنووسێ کە چارەسەری پرسی کوردستان و ئازەربایجان تەنیا کاریگەری بۆ ئەو دوو ناوچە و ئەو دوو نەتەوەیە نەبوو بەڵکو گشت رووناکبیر و نیشتیمانپەروەرانی ئێرانی ئەو کێشەیان بە جێگیربوونی دێموکراسی و ئازادی بۆ ئێران بە حیساب هێناوە و ئەو روانگەیە لە زۆربەی گۆڤار و رۆژنامە نیشتمانییەکان دا رەنگی داوەتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٧دا،  لە بەشی راپۆرتی هەفتە، لەسەر سەفەری پێشەوا بۆ تاران نووسراوە:

دەنگوباسی هەرە موهیمی داخیلی هەفتەی رابردو، تەشریف بردنی پێشەوای مەحبوبمان بۆ تاران. پێشەوا رۆژی دووەمی ئەو رۆژەی کە لێرە موسافەرەتی فەرموو، لە تەورێزەوە بە تەیارە بۆ تاران موسافەرەتی فەرموو، لە ماوەی دو سەعات و نیو دا گەیشتە فرودگای تاران. لە فرودگا لە لایەن نماینده‌ی ئاغای قەواموسەلتەنە نوخست وەزیر و عیدەیەکی زۆر لە کوردانی نیشتەجێی تاران و ناسیاوان لە پێشەوا پێشوازی کراوە. لە میوانخانەی دەربەند لە تەرەف دەوڵەتەوە میوانی دەکرێت. پێشەوای موعەزەم لە ئەوەڵ رۆژی گەیشتنە تارانی لە لایەن نەخوست وەزیر ئاغای قەواموسەڵتەنە دەعوەت کراوە. تاکو ئێستا شتێکی رەسمی لە موباحەساتی پێشەوا و حکومەتی تاران نەزانراوە. بەڵام هەروەکو بۆمان دەردەکەوێ، بێ دڵگیری لە ژێر ئاسمانێکی دۆستایەتی و تەفاهوم بۆ نەتیجە دەڕۆن.

بە پێی لاپەڕەی ١٢٧ی کتێبی بیرەوەرییەکانی دوکتور شیرازی، لە رۆژی ٦ی پووشپەڕ لە کۆشکی هاوینی سەرۆکی وەزیران، سەفارەتی پێشووی ئاڵمان، پێشەوا چاوی بە قەوام کەوت و قەوام پێی لەسەر ئەوە داگرت بوو کە بە بی قازی بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ دێموکراتەکانی ئازەربایجان هاوکاری نەکا و پەیمان نەبستێ. هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە دوایە قازی محەممەد، چاوی بە سەرتیپ سەفاری رەئیسی شارەوانی تاران کە لە دۆستانی نیزیکی قەوام بوو کەوت و داواکانی خۆی لەگەڵ باس کرد.

وردەکارییەکانی ئەو سەفەرە لە لاپەڕەی ١٧٧ی کتێبی " تاریخچە خانوادە قاضی در ولایت موکری"دا،  لە نووسینی خەلیل فەتاحی قازی دا هاتووە و لە رۆژنامەی دونیای ژمارەی ٣٨٥ی رۆژی ٢٦ ی سەرماوەزی ١٣٣٤ ( ١٨ی دیسامبری ١٩٥٥) دا، چاپ بوو. حەسەنی قازێ بە شێوەی خوارەوە کردویە بە کوردی:

سەفەری قازی محەمەد سەرۆک کۆماری کوردستان بۆ تاران لە رووداوە گرینگەکانی زەمانی حکوومەتی قەواموسەلتەنە بوو. ئێمە بۆ ئاگاداری لە هۆی ئەو سەفەرە و شێوەی هاتنی قازی بۆ تاران و رەوتی چاوپێکەوتن و وتووێژەکانی لە گەڵ قەواموسەلتەنە و رەزمئارا پێرێ شەوێ لە ماڵی یەکێک لە نوێنەرانی مەجلیس کە ژمارەیەک لە نوێنەرانی کوردستان و ئازەربایجان لەوێ بوون و ئەودەمی ئاگایان لەو دیدارانە بووە، پێوەندیمان کرد و ئەم زانیارییانەمان وەرگرت کە بەتەواوی جێی باوەڕن و بۆ یەکەمین جار چاپ و بڵاو دەکرێنەوە: دوای ئەوەی کە پیشەوەری و ئەندامانی میسیۆنەکەی لە تاران رۆیشتن قەواموسەلتەنە بیری لێکردەوە داوا لە قازی محەمەد بکا بێ بۆ تاران بۆ ئەوەی لەبیر و بۆچوونەکانی ئاگادار بێ. تازە چەند ڕۆژێک بوو سەدری قازی برای قازی محەمەد کە نوێنەری خولی چاردەیەمی مەجلیس بوو لە کوردستانەوە هاتبووە تاران. سەدری قازی تا دوایین دەمەکانی مەجلیسی چاردەیەم کە ڕۆژی ٢٠ ی ڕەشمەی ١٣٢٤ ئەو خولە کۆتایی هات دژی بیروڕای براکەی قازی محەمەد بوو و زۆرجار ئەو بابەتەی وەبیر نوێنەرانی مەجلیس،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەزیرەکان و کاربەدەستانی ئەرتەش دەهێناوە، بەڵام لە دوای کۆتایی هاتنی خولی مەجلیس، کۆماری ئازەربایجانی شوورەوی بانگهێشتنی کرد لە ژمارەیەک لە کەسایەتییەکانی ئێران و لەوانە مەلیکوشوعەرای بەهار و مەشکووتی بۆ ئەوەی چەند رۆژێک سەردانی باکۆ بکەن و سەر لە دامەزراوە کولتوورییەکانی ئەو کۆمارە بدەن. یەک لەو کەسانەی کە بانگهێشتن کرابوو هەر هەمان سەدری قازی بوو کە دوای گەڕانەوەی لە سەفەری بادکووبە بە تەواوی بیرو ڕای خۆی گۆڕیّ و هەتا دەهات زیاتر لە برایەکەی نزیک دەبووەوە.

قەواموسەلتەنە لە یەکێک لە رۆژەکانی جۆزەردانی ١٣٢٥ سەدری قازی بانگ کرد بۆ کۆشکی وەزارەتی کاروباری دەرەوە و رایگەیاند خراپ نییە قازی بۆ جێبەجێ کردنی مەسەلەی کوردستان بێتە تاران و لێرە ناکۆکییەکان چارەسەر بکا.

سەدری قازی ئەو فکرەی پەسند کرد و لەوبارەیەوە تێلگرافێکی بۆ برای خۆی نارد و قازی محەمەد دوای ئامادەکردنی سەرەتاکانی کارەکە چووە تەورێز و دوای دیدار لە گەڵ پیشەوەری بە فڕۆکەی شیرکەتی ڕێبوارگوێستنەوەی شووڕەوی کە دەوان ساڵان دا لە خەتی تەبریز (تەورێز) و تاران دا هات و چووی دەکرد، نزیک سەعات دەی بەیانی ڕۆژی چوارشەمۆ پێنجەمی تیر مانگ (پووشپەڕ) گەیشتە تارانێ (٢٧ ی ژووەن). قازی محەمەد لە کاتی گەیشتنی بۆ فرۆکەخانەی مێهراباد، هەر وەک لە وێنەی یەکەم دا دەبینن، چلوبەرگی کوردی دەبەر دانەبوو، بەڵکوو جلوبەرگی شاریی دەبەردابوو و کراواتی لێدابوو. ئەو کەسانەی هاوڕێیەتییان دەکرد بریتی بوون لە سەعیدی هومایوون ناسراو بە فەیزوڵابەگی کە پلەی ئاجودانی قازی محەمەدی هەبوو و جلوبەرگی ئەرتەشی کۆماری کوردستانی دەبەر دابوو و کەسەکەی دیکە مستەفای سوڵتانیان ڕاوێژکاری تایبەتی سەرۆک کۆمار بوو. ئەوانە هەردووکیان لە دوای ڕزگاری ئازەربایجان و کوردستان گیران و ماوەیەک لە بەندیخانە دا بوون و دوای لێبوردنی گشتی دەستیان کرد بە کاری ئازاد. ئەوەی یەکەمیان خاوەن موڵکە و سوڵتانیان لە مهاباد بازرگانی دەکا.

دابەزینی قازی محەمەد لە هۆتێل دەربەند

لە فڕۆکەخانەی مێهراباد سەدری قازی پێشوازی لە براکەی خۆی کرد و بە پێی بەرنامەیەکی دیاری کراو قازی محەمەدیان برد بۆ میوانخانەی دەربەند و لەوێ دابەزی. یەکەم کەسی کە چووە دیداری قازی محەمەد، ئێلخانیزادە نوێنەری هەنووکەی مهاباد لە مەجلیس بوو کە ئەو دەمی پیشەی پێوەندیکاری نێوان قەواموسەلتەنە و ڕەزم ئارای هەبوو. ئێلخانیزادە لە دۆستانی نزیکی قازی محەمەد بوو و بەر لە ڕووداوەکانی کوردستان هاتبووە تارانێ و پێوەندی خۆی لە گەڵ قازی محەمەد بڕیبوو. (تێبینی بە پێی لاپەڕەی ١٢٠ی بیرەوەرییەکانی دوکتور شیرازی، رۆزڤێلت لە کتێبەکەی باس لە شیرازی و عەوڵاغای دێبۆکری دەکا و لەسەر عەوڵاغا دەنووسێ: ... یەکێک لە ڕێبەرانی دێبۆکری بوو. زۆربەی تایفەکەی لایەنگری شۆڕشی مەهاباد بوون و عەوڵا بەو بابەتە زۆر تورە بوو و لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ئەوکارە دەبێتە هۆی پێکهاتنی شۆڕشی سوسیالیستی لە ژێر دەستەڵاتی شووڕەویدا).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێلخانیزادە لە یەکێک لە دیوەکانی نهوومی سەرەوەی هۆتێل دەربەند چاوی بە قازی محەمەد کەوت. قازی محەمەد دەیزانی ئێلخانیزادە لە گەڵ دەوڵەتی نێوەندی هاوکاری دەکا و لە بەر ئەوەی لە تافی لاوەتییەوە لەگەڵی دۆست بوو و لە ژیان دا هیچ خراپەیەکی لەوی نەدیتبوو، ئیزنی دا ئێلخانیزادە چاوی پێبکەوێ. لەو دیدارە دا ئێلخانیزادە بێ روودەربایستی بە قازی گوت هەتا زوویە بۆ رزگار کردنی خۆت لەو گرفتە گرینگە چاوت بە شا بکەوێ و دەستی هاوکاری بدە بە دەوڵەتی نێوەندی و ئەگەر دەترسێی لە کوردستان لە لایەن کاربەدەستانی بێگانەوە ئازارێکت پێ بگا دەتوانی جارێ لە تاران نەچییە دەرەوە یان بە پێی مەسڵەحەتی شا سەفەر بکە بۆ ئەمریکا و دوای ئەوەی کە کوردستان هاتەوە نێو ئێران بگەڕێوە مهاباد.

قازی محەمەد لە سەرەتاوە بەو قسەیە هەژا و پێی دەڵێ کاری کوردستان تەواو بووە، سەربەخۆیی وی دەستەبەر کراوە و مەبەست لە سەفەری تاران بۆ وەسەرخستنەوەی سەقزو سەردەشت و بانە بۆ سەر کۆماری کوردستانە، چما دەکرێ من دەست لە ئابڕوو و حەیسییەتی خۆم هەڵگرم و هەموو زەحمەتەکانم بە با بچێ. داوات لێدەکەم جارێکی دیکە ئەم قسەیە دووپاتە نەکەیەوە کە من ئامادە نیم ببیستم. ئێلخانیزادە دیسان لەسەری دەڕوا و قازی محەمەدی پێ پێمل نابێ. سەعاتێک دواتر ئێلخانیزادە بە هیوای دیداری دوویەم لە لای قازی دەڕوا و دەستبەجێ دەچێ بۆ ستادی ئەرتەش و ڕەزمئارا لە نێوەرۆکی دیداری خۆی لە گەڵ قازی ئاگادار دەکا. رەزمئارا دەستبەجێ تەلەفۆنی تایبەتی قەواموسەلتەنە کە لە سەفارەتی کوێستانی ئاڵمان هەڵکەوتبوو دەگرێ و سەرۆکوەزیر ئاگادار دەکا ئێلخانیزادە هەڵگری زانیاری گرینگە سەبارەت بە قازی محەمەد، ڕێگە بدەن با هەر ئێستا بێ بۆ دیدەنیتان. قەوامیش دەڵێ باشە و ئێلخانیزادە بەرەو پردی روومی وەڕێ دەکەوێ.

رەزمئارا لەبەر ئەوە کاتی چاوپێکەوتنی لە قەواموسەلتەنە وەرگرتبوو چونکوو دەیزانی تا چەند سەعاتی دیکە بە پێی بڕیاری پێشوو قازی محەمەد لەگەڵ برایەکەی سەدری قازی دەچێ بۆ دیداری قەواموسەلتەنە.

ئێلخانیزادە چووە کۆشکی سەرۆکوەزیری ، لە دیوی چاوەڕوانکردن سپەهبود ئەحمەدی وەزیری شەڕ و دوکتور ئیقباڵی دی کە چاوەڕێی دیداری قەواموسەلتەنە بوون. سپەهبود ئەحمەدی هۆی دیداری ئێلخانیزادە دەپرسێ و ئێلخانیزادەش کورتەی بابەتەکە بە ئاگاداری وەزیری شەڕی کابینەی قەوام دەگەیێنێ. نیو سەعات دواتر محەمەدی قەوام سەرۆکی دەفتەری سەرۆکوەزیر ڕێگەی چوونە ژوورەوە بە ئێلخانیزادە دەدا و ئەویش دەچیتە دیوی کاری قەواموسەلتەنە و ڕەوتی دیداری خۆی لە گەڵ قازی محمەد موو بە موو بۆ قەواموسەلتەنە دەگێڕێتەوە. قەواموسەلتەنە بە وردی گوێ لە قسەکانی ئێلخانیزادە هەڵدەخا و دەپرسێ؟

" خان، ڕاستییەکەم پێ بڵێ ئەتۆ بۆت دەرکەوت قازی محەمەد ڕاستەوخۆ پێوەندی لەگەڵ رووسەکان هەیە یان بە ڕێگەی کەسێکی سێیەمەوە پەیام وەردەگرێ؟

ئێلخانیزادە بێ ئەوەی ئیست بگرێ وڵام دەداتەوە: بە سەری حەزرەتی ئەشرەف ڕاستەوخۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێوەندی لە گەڵ رووسەکان هەیە و جاروباریش بۆ خۆی بە فڕۆکە دەچێ بۆ باکۆ و دوای چەند رۆژ مانەوە دەگەڕێتەوە.

قەوام دەستێک بە دەموچاوی خۆیدا دەهێنێ و دەڵێ: من هەر دەمەویست ئەوە بزانم، زۆر باش تێگەیشتم چ بکەم.

لەو کاتە دا ئێلخانیزادە ئیزن دەخوازێ بڕوا و قەوام پێی دەڵێ بەیانی زوو بێتەوە بۆ دیداری. ئێلخانیزادە لە کاتی دەرکەوتن لە دیوەکە وەبیری دێتەوە مەبەستێکی گرینگی بەقەواموسەلتەنە نەگوتووە دیسان دەگەڕێتەوە دیوەکە و دێتە پێش مێزی نووسینی قەوام و دەڵێ: داوخوازم لە حەزرەتی ئەشرەف ئەوەیە کاتی دیداری قازی محەمەد ئیزنی هاتنی سەدری قازی نەدەن، لە پێشدا قازی محەمەد وەربگرن و بۆخۆتان وتووێژی لەگەڵ بکەن و دوای ئەوەی لە بیروڕاکانی قازی ئاگادار بوون ئیزن بدەن سەدری قازی بێتە ژووری.″ قەوام ئەو فکرەی لا پەسند دەبێ و دەڵێ هەروا دەکەین.

کاتێک ئێلخانیزادە لە خانووی یەک نهۆمی کۆشکی کوێستانی دێتە دەرێ لە پێش خانووی دەفتەری موزەفەری فیرووز دەبینێ قازی محەمەد بە جلوبەرگی کوردییەوە لە گەڵ براکەی بەرەو خانووی شوێنیشتەجێی قەواموسەلتەنە دەچن. قازی محەمەد هەر کە چاوی بە ئێلخانیزادە دەکەوێ بە زمانی کوردی دەڵێ: فڵانەکەس چووبووی بۆمان تێچێنی!؟ ئێلخانیزادە وڵام دەداتەوە، دڵنیابە هەموو قسەکانم بە قازانجی تۆ بوون، ئێستا دەچی و دەبینی. قازی محەمەد بە توندی دەستی ئێلخانیزادە دەگوشێ و دەڵێ: دڵنیام چونکوو تایفەی کورد درۆ ناکەن.

ئەکبەر خان پێش بە هاتنە ژوورەوەی سەدری قازی دەگرێ. ئێلخانیزادە دەبینێ سەعیدی هومایوون ئاجودانی قازی محەمەد بە جلوبەرگی ئەفسەری کوردستانەوە بە دوای قازی دا دێ، بە قازی دەڵێ شایستەی تۆ نییە ئەو کەسە بەو جلوبەرگەوە لە تەک تۆ دا بێ چونکوو قەواموسەلتەنە پیاوێکی یەکدەندە و سەختە، بۆ ڕاکێشانی خۆشەویستی وی نەکەی سەعید بەریە ژووری سەرۆکوەزیر! قازی محەمەد بەڵێنی دەداتێ و هەر لەوێوە سەعید هومایوون دەنێرێتەوە دەرەوەی باغ کە ئۆتۆمۆبیلی قازی محەمەد لەوێ ڕاگیرابوو. قازی محەمەد دوای ماڵاوایی لە ئێلخانیزادە دەچێتە نێو خانووی سەرۆکوەزیر(سەعیدخان لە لاپەڕەی ١٠٨ی کتێبەکەی دا، ئەو قسانە پشت ڕاست دەکاتەوە و دەنووسێ کە لەو سەفەرەدا ئەو لیباسی ئەرتەشی کوردستانی دەبەر دابوو، کە بۆ زوربەی خەڵکەکە سەیر و جێگای پرسیار بووە و دوایە سەدری قازی داوا دەکا کە لیباسەکانی بگۆڕێ). محەمەدی قەوام دەستبەجێ قەواموسەلتەنە لە هاتنی قازی محەمەد ئاگادار دەکرێ. قەواموسەلتەنە زەنگ لێدەدا، ئەکبەر خان کە پێشخزمەتی تایبەتی قەواموسەلتەنە بوو، بانگ دەکا و ئیزنی هاتنە ژووری قازی محەمەد دەدا و کاتێک سەدری قازی بە دووای براکەی دا دێ، ئەکبەرخان پێشی دەگرێ و دەڵێ چەند دەقیقەیەک تەشریفتان لە دیوی چاوەڕوانی بێ تاکوو ئیزن وەربگرم، سەدری قازی زۆری پێ سەیر دەبێ و چارەیەکی نابێ دەچێتە ژووری چاوەڕوانی و ٢٠ دەقیقە دواتر بانگ دەکرێ. لەو دیدارە دا قەواموسەلتەنە وا بە سەدری قازی دەنوێنێ کە ئامادەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوکارییە لەگەڵیان چونکوو دڵی بە سیاسەتی شووڕەوییەوەیە.

هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، قەوامسەلتەنە لە ئێلخانیزادەی پرسی بوو گەلۆ قازی ڕاستەوخۆ بە شوورەوییەکانەوە مەڕبووتە یان بەڕێگەی نێونجی؟ و لە بەر ئەوەی قەوام نەیدەویست لە دیدار و وتووێژەکانی دا لەگەڵ قازی محەمەد، بە دژی شوورەوی هیچ بڵێ کە ئەوان دەستبەجێ شوورەوییەکانی لێ ئاگادار کەن و بەو شێوەیە ڕەوتی سیاسەتی قەوامسەلتەنە سەبارەت بە ئازەربایجان ئاو وە ئاو چێ، پەیتا پەیتا بە قازی محەمەد دەڵێ ئامادەی هەموو جۆرە وتووێژ و نەهێشتنی ناکۆکییەکان لە گەڵ ئێوەم.

ئەو دیدارە تەقریبەن لایەنی تەشریفاتی هەبوو و بڕیار درا دوو ڕۆژ دواتر دیداری دوویەم سەر بگرێ و هەروەها قەوامسەلتەنە سەدری قازی ئاگادار دەکا، دوکتور جاوید کە تازە بووەتە ئەستانداری ئازەربایجان لە تارانە و ئەو بۆ جێبەجێ کردن و تەرتیبی تەشکیلاتی کوردستان پێوەندیتان لەگەڵ دەکا و چاوی پێتان دەکەوێ.

ئەو ڕۆژە رابرد، بۆ بەیانی زوو ئێلخانیزادە دەچێتەوە دیداری قەوامسەلتەنە و قەوام بە ئێلخانیزادە دەڵێ: لەمڕۆ دەبێ لەگەڵ کوردستانییە بەنێوبانگەکانی دانیشتووی تاران وەکوو حاجی عێزولمەمالیکی ئەردەڵان و ئاسەف پێوەندی بگری و کارێکی وا بکەی بچنە دیدەنی قازی محەمەد و لە راستییەکانی بارودۆخ ئاگاداری کەن. ئێلخانیزادە بەڵێنی دەداتێ و پاشان دەڵێ: دوێنێ شتێکم لە بیرچووبوو بە عەرزتان بگەیێنم و ئەویش ئەوەیە کە قازی محەمەد گوتبووی مەبەست لە سەفەری بۆ تاران داگیرکردنی سەردەشت و سەقز و بانەیە کە ئێستا بە دەست هێزە دەوڵەتییەکانەوەن.

قەوامسەلتەنە تووڕە دەبێ و دەڵێ ئەو قسانە چییە، دەردەکەوێ گشت ئەو کارانە لە بن سەری سەدری قازی دایە، ببڕ ببڕ سەفەری قازی بۆ ئەو شتانە نەبوو، داوامان لێکرد بێ بۆ جێبەجێ کردن و تەرتیبی تەشکیلاتی ئیداری کوردستان کە بڕیارە بخرێتە سەر ئازەربایجان و مهاباد ببێ بە فەرمانداری و لەو بارەیەوە وتووێژ بکەین. چونکوو دوێنێ دیداری وی لە گەڵ من لایەنی تەشریفاتی هەبوو، هەر ئێستا بچوە لای قازی و دۆستانە پێی بڵێ سەبارەت بە سەردەشت و سەقز و بانە وشەیەکیش چییە نەڵێ کە نەک هەر قەبووڵ ناکرێ بەڵکوو دەشبێتە هۆی بڕینی وتووێژەکان.

دوویەمین دیدار و وتووێژ لە گەڵ قازی محەمەد

ئێلخانیزادە دەستبەجێ بەرەو دەربەند دەچێ و کاتێک دەچێتە نێو هۆتێل کە دوکتور سەلاموڵای جاوید ئەستانداری ئازەربایجان خەریکی وتوویژی خۆمانە دەبێ لە گەڵ قازی محەمەد. ئێلخانیزادە بۆ ئەوەی سرنجی دوکتور جاوید بەرەو لای خۆی ڕانەکێشێ خۆی لە تەلەفۆخانەی هۆتێل دەربەند دەغافڵێنێ.

نیو سەعات دواتر لەلایەن پێشخزمەتەوە ئاگادار دەکرێ کە دوکتور جاوید ڕۆیشتووە دەستبەجێ لە پلیکانەکان سەردەکەوێ و دەچێتە دیوی قازی محەمەد.

بەرلەوەی ئیزنی دیداری بوێ، دەبینێ سەرتاش چووەتە ژوورێ و دەیەوێ سەر و دەموچاوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قازی ئیسلاح کا، لەبەر ئەوەی دەرگەی ژوورەکە ئاواڵە بووە قازی محەمەد ئێلخانیزادە دەبینێ و داوای لێدەکا بێتە ژوورێ.

دوای ئەوەی ئیسلاحی قازی محەمەد تەواو دەبێ، ئێلخانیزادە پاشماوەی قسەکانی دوێنێی درێژە پێ دەدا، و قازی لە وڵامی دا دەڵێ ئێوە لە گوێی گا دا نوستوون، دوێنێ قەواموسەڵتەنە نیشانی دا بەتەواوی لە گەڵ ئێمەیە و بە دەردی دڵمان ئاشنایە.

ئێلخانیزادە دەبینێ ناتوانێ لە وتوویژ لە گەڵ قازی محەمەد چ ئاکامێک وەربگرێ، بۆیە پاشماوەی قسەی سەرەکی دادەکووژێنێ و دەڵێ بۆ ئەوەی کارەکان بە مەیلی ئێوە هەڵسووڕێ لە دیداری قەواموسەڵتەنە دا باسی وەسەرخستنەوەی سەقز و بانە بۆ سەر مەهاباد مەکەن.

قازی محەمەد دەپرسێ بۆچێ؟

ئێلخانیزادە وڵام دەداتەوە هێشتا کاری گرینگتان لە سەر رێیە، ئێوە دەبێ لە پێشدا کارێک بکەن دەوڵەتی نێوەندی کوردستان بە رەسمییەت بناسێ و بێتوو بە رەسمییەت بناسرێ، ئەوجار سەبارەت بە شوێنەکانی دیکە وتوویژ بکەن.

قازی محەمەد دەڵێ، دنیا کۆماری کوردستانی ئازادی بە رەسمییەت ناسیوە و حەزرەتی ئەشرەفیش دوێنێ رووی مووافیقی نیشان داوە.

ئێلخانیزادە چونکوو ڕووحییەی قازی محەمەدی بەتەواوی دەزانی و دەیزانی ئەو ناسیاوی لە گەڵ بارودۆخی نێونەتەوەیی نییە و تەنێ زانینی هێندێک زمانی ئینگلیسی و ڕووسی بۆ سیاسەتمەداری بە بەس دەزانێ، هیچ ناڵێ و پێی دەڵێ بۆچی دیداری سەرلەشکر رەزمئارات وەدوایە خست؟ خراپ نییە بچییە دیدەنی ئەویش.

قازی بەو قسەیە نێوچاوانی تێک دەنێ و دەڵێ رەزم ئارا دەبێ بێتە دیتنی من، ئەگەر چوومە دیداری قەواموسەڵتەنە لەبەر ئەوە بوو قەواموسەڵتەنە دوو کراسی لە من زیاتر دڕاندووە و لە باری تەمەنەوە لە من گەورەترە.


شهباز
۱۲
دوره دوم
بهای اشتراك صد شماره ۳۵۰ ریال
در مهاباد
مصاحبه باجناب قاضی محمد
زیر کشور
ای داخلی چین

بە کورتی دوای چایی خواردنەوە ئێلخانیزادە هوتێل دەربەند بە جێ دەهێڵێ، بەر لەوەی بڕوا، قازی محەمەد بە ئێلخانیزادە دەڵێ دەیەوێ ئوتۆمۆبیلی سواری بکڕێ و نازانێ کامە مارک باشترە. ئێلخانیزادە دەڵێ ئۆتۆمۆبیلی فۆرد بکڕێ، چونکوو فۆرد بۆ ڕێگە سەختەکانی کوردستان لەبارە.

ئێلخانیزادە لە هۆتێل دەربەندەوە دەچێتە ستادی ئەرتەش و چاوی بە رەزمئارا دەکەوێ و سەرۆکی ستاد دوای بیستنی نێوەرۆکی دیداری وی لە گەڵ قازی محەمەد بۆ ئەوەی ئاکامێک بۆ وڵات وەدەست کەوێ ئامادە دەبێ لە شوێنێکی سێیەم لەگەڵ قازی محەمەد

دیدار بکا و هەڵبەت ئەو شوێنە دیاری دەکرێ و دوای موافەقەتی قازی، ئەو لەگەڵ براکەی سەدری قازی زیاتر لە دوو سەعات لەگەڵ ڕەزمئارا دادەنیشن و ڕەزمئاراش وەکوو قەواموسەلتەنە لە وتووێژەکاندا پای رووسەکان ناهێنێتە گۆڕێ و تەنیا شتێکی کە دەیلێ ئەوە دەبێ کە، قازی محەمەد لە لای پیشەوەری خۆی بە پچووک نیشان نەدا.

ویدەچێ ئەو قسەیە بە دڵی قازی محەمەد بوو بێ چونکوو قازی محەمەد سوێند دەخوا لە جێدا دژی پیشەوەرییە و خۆشی لە چڕوچاویشی نایە، چونکوو نوێژ ناکا و جگە لە نوێژ نەکردنیش هەرکاتێک یەکتری دەبینین فەرمانم پێدەدا و پەیتا پەیتا داوای باج لە کوردستان دەکا و بە ناردنی نامە داوا دەکا ماڵیات کۆ کەینەوە و حەواڵەی تەورێزی کەین.

ڕەزمئارا زۆر خۆشحاڵ دەبێ و نەخشەی کار ئامادە دەکا و دوای ئەو دیدارە بە ئێلخانیزادە دەڵێ، وەدووی جێبەجێ کردنی پێشنیاری قەواموسەلتەنە کەوێ و دیداری کەسایەتییە کوردستانییەکان لە گەڵ قازی ڕێک بخا.

فەهیمولمولک بانگهێشتنی قازی محەمەدی کرد بۆ نانی نیوەڕۆ

لە کوردستانییەکانی دانیشتووی تاران زۆریان چوونە هۆتێلی دەربەند و بە شێوەی خسووسی چاویان بە قازی کەوت، لە سەرووی ئەوجۆرە کەسایەتییانە دا ئاسەفی کوردستانی، حاجی عێزولمەمالیکی ئەردەڵان و دوکتور زەنگەنە بوون. فەهیمولمولکیش چەند جار بە شەخسە دیداری لە قازی کرد و ڕۆژێک قازی بانگ کرد بۆ نانی نیوەڕۆ و قازی محەمەد لە پارکی ئەمینودەولە کە فەهیمولمولک بە کرێی گرتبوو نانی لە گەڵ دەخوا، و گۆیا سەر لە ماڵی حاجی عێزولمەمالیکیش دەدا لە دێزئاشیب.

وتووێژەکانی کوردستانییەکانی دانیشتووی تاران لە گەڵ قازی محەمەد زیاتر لایەنی دۆستانەی هەبوو و تەنێ ئاسەف و ئەردەڵان و فەهیمولمولک قازی تێدەگەیێنن پێڤاژۆ ئەو جۆرە نییە کە ئەو پێی وایە و وەزعی وی لەگەڵ پیشەوەری جیاوازە. پیشەوەری خاوەنی ماڵ و هێلانە و بنەماڵە نییە لە ئازەربایجان، بەڵام قازی خاوەنی بنەماڵەی چوارسەدساڵەیە و لە منداڵییەوە لە مهاباد بووە و کارو پیشەی قەزاوەتی شەرعە کە بەپێی فەرمانی ڕەسمی شای خودالێخۆشبوو ئەو پلە گرینگەی دراوەتێ، جا بۆیە وا باشترە بۆ ئەوەی کارەکە بگاتە جێیەک دیدەنی شا بکا و لەو چاوپێکەوتنە دا خۆی لە بەر دەست دەوڵەت بنێ و لە هەموو کارەکان دا بە قازانجی دەوڵەتی نێوەندی ئەویش بە نهێنی هەنگاو هەڵهێنێتەوە.

لەو دیدارانە دا قازی محەمەد بە هیچ جۆر ئەو فکرە قەبووڵ ناکا و تەنیا دەڵێ ئەو بە شەخسە پیاوێکی کۆمۆنیست نییە و نێوانیشی لە گەڵ پیشەوەری نییە و مەبەست لە نزیکی وی لە رووسەکان و دامەزراندنی کۆماری کوردستان تەنیا و تەنیا، نارەزایەتی خەڵکە و لە لایەکی دیکەشەوە ئێستا مەلا مستەفای بارزانی بە دووهەزار سوارەی چەکدار و فیدایی خۆیەوە لە شارەکانی کوردستانە و تەنیا ئاسایشتی حدوود و سەراوەردی کوردستانیان بە ئەستۆوەیە، ئەگەر ئەو خۆی لە بەر دەست دەوڵەت بنێ، کاری ئەو سوارە پەنابەرە عێراقییانە چ لێ بکا و لە لایەکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیکەوە دووساڵ لەمەوبەر کاتێک هاتبوومە تارانێ هێشتا ڕێبەری" کۆمەڵە" ( وشەی کۆمەڵە بە زمانی کوردی بە واتای جەمعییەت و حیزبە) م قەبووڵ نەکردبوو، ئەو ساڵی لە گەڵ براکەم سەدری قازی چووینە خزمەت ئەعلاحەزرەت و لەوێ باسی ناڕەزایەتی خەڵک و سرنجنەدانی دەوڵەتی نێوەندیم بۆ کرد و ئەعلاحەزرەت بە باشی ئاگایان لەوەیە و ئەمن ناتوانم دەست لە خەڵک هەڵگرم و کارێکی کە گەیاندوومانەتە ئێرە لەپڕ لەبەر یەک هەڵوەشێنم.

کەسایەتییە کوردستانییەکان بەتایبەتی ئاسەف دەبینن قازی محەمەد لە جێدا ئامادە نییە قسەکانی ئەوان بسەلمێنێ و هەست پێدەکەن سەدری قازی زیاتر هاندەری قازی محەممەدە و لە ڕۆژەکانی دوایی مانەوەی قازی محەممەد لە تاران ئیتر لە دیدار و وتووێژ لە گەڵی دەست دەپارێزن.



**زانکۆی ئەفسەری**

١- قازی شێخ موحسین موکری، ٢ – مەلاخەلیل گرۆمەر
٣- شێخ ڕەحیم شەمسەدینی ٤- عەبدوڵڵا ئاغای ئیلخانیزادە

پێوەندییەکانی دوکتور جاوید لە گەڵ قازی محەممەد هەروا بەردەوام بوو. دوکتور جاوید بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی ئەستانداریی (ئازەربایجان) لە تاران مابووەوە، زۆربەی ڕۆژان لە هۆتێلی دەربەند و یان لە ماڵی سەدری قازی کە لە موعێزولسوڵتان هەڵکەوتبوو، نانی نیوەڕۆی لە گەڵ قازی محەممەد دەخوارد و وتووێژی سیاسی لە گەڵ دەکرد. دوکتور جاوید هەر ئەودەمی کەوتبووە خزمەتی دەوڵەتی نێوەندی و هوێ ڕاستیی ئەوەی دوکتور جاوید دەورێکی دوولایەنەی دەگێڕا لە بەر چالاکی و حەولی جۆرج ئالەن باڵوێزی ئەمریکا لە تاران بوو کە بە هێندێک ڕێگەی تایبەتی کە دواتر دەینووسین و لە زمان دوکتور جاوید خۆیەوە دەیگێڕینەوە.

دوکتور جاوید ئێستا لە شەقامی شاپووری تاران مەتەبی هەیە. دوکتور جاوید و شەبوستەری ئامادە بوون بە نهێنی داوخوازەکانی دەوڵەتی تاران لە ئازەربایجان پێک بهێنن بە بێ ئەوەی کە پیشەوەری و هاوکارانی لێی ئاگادار بن.

بە کورتی چالاکی دوکتور جاوید لە جلکی دژایەتی لە گەڵ حکوومەتی تاران دا، بووە هۆی ئەوە کە قازی محەممەد ئامادە بێ کوردستان بخرێتە سەر کۆماری ئازەربایجان و لە مهاباد بە پێی پێشنیاری قازی، فەرماندارێک دیاریی کرا و بە ڕەسمی دەست بە کار بوو. وەک فەرمانداری مهاباد، سەیفی قازی وەزیری هێزی کابینەی قازی محەممەد داندرا و دەستبەجێ لە لایەن دوکتور جاویدەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە وەزارەتی کیشوەر(نێوخۆ) ناسێندرا و حوکمی فەرمانداری وی بە ئیمزای فەرەیدوونی، کەفیلی وەزارەتی کیشوەر دەرکرا و راگەیێندرا.

قازی محەمەد لە سەر یەک بیست ڕۆژ لە تاران بوو. ئۆتۆمۆبیلی فۆردی بە دووسەد هەزار ڕیاڵ لە کۆمپانی فۆرد کڕی و ڕۆژانە لە شەقامەکانی تاران پێی دەگەڕا تا ئەوەی کە چەند ڕۆژ بەر لە چوونەوەی خۆی بە فڕۆکە ، ئۆتۆموبیلەکەی بە ڕێگەی زەنگان دا ناردەوە بۆ کوردستان.

قازی پێنج جار چاوی بە قەواموسەلتەنە کەوت و ۳ جار بە رەزمئارا. لەو دیدارانە دا قازی محەمەد نەیتوانی ئەوجۆرەی کە دەبێ ئاکامێک بە دەست بهێنێ و تەنیا کارێکی کە توانی بیکا وەرگرتنی حەواڵەی سیگار بوو کە لە بری وی سەد تۆن توتنی سەوزی ئیدارەی دوخانییاتی کە لە بۆکان راگیرابوو لە سەقز رادەستی کاربەدەستانی دەوڵەتی نێوەندی کرد.

هەر لە چوارچێوەی سەفەری پێشەوا دا، یەکێک لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ڕەهبەر بە ناوی "قورەیشی" لە ژمارە ٥ دا، لە وتووێژێک دا، سەبارەت بە چاوپێکەوتنەکانی پێشەوا قازی لەگەڵ قەوام و سەرکردەکانی ئێران، لە زمانی قازی دەنووسێ:

چەند جار لەگەڵ بەڕێز موزەفەر فیروز جێگری سیاسی بەڕێز قەوامولسەڵتەنە سەرۆک وەزیران و بەڕێز سەرلەشکر رزمئارا و دوو جاریش لەگەڵ جەنابی سەرۆک وەزیران وتووێژم کردووە. نییەتی بەڕێز سەرۆک وەزیرانم زۆر تێکەڵاو و بە تفاهم بینی. داخەکەم بەرهەڵستێک کە وتووێژی ئێمەی دواخست، نەخۆشکەوتنی جەنابی قەوامولسەڵتەنە بوو. داوا لە خوا دەکەم زووتر چاک ببێتەوە، تا وتووێژەکانمان بە خێر و خۆشیی و قازانجی ئازادیی کۆتایی بێت.

جێگای ئاماژەیە کە دوکتور شیرازی لە لاپەڕەی ١٣٠ی بیرەوەرییەکانی دا باسی کەسێک بە ناوی مەحموود سەنایی دەکا کە خەڵکی رەزائییە و شاعیر بوو و ناسناوی ئاشووب بوو. ئەو لە مەهاباد خزمەتی دەکرد و لە ساڵی ١٣٢٣ دا، دەرسی بە مستەفا کوڕی سەدری قازی دەگوت. ئەو لە تاران بە هاوکاری هێندێک کوردی مەهابادی بە دژی کۆمار لە رۆژنامەی ئاتەش دا بابەتی دەنووسێ.

هەروەها رەحیمی قازی لە لاپەڕەی ٢٣١دا، بە ئاماژە بە رۆژنامەی "رەهبەر" رێکەوتی ٢٦ ی ژوئیەی ١٩٤٦ باس لەوە دەکا کە کوردانی رووناکبیری تاران، رێکخراوی" ئەنجوومەنی ئازادیخوازانی کوردستان"یان دامەزراندووە و دەنووسێ کە ئەو رێکخراوەیە لە نێو کوردان دا ئاگادارییەکی بە دوو زمانی کوردی و فارسی بڵاو کردوە و داوای لە خەڵکی کورد کرد کە پشتیوانی لە حکومەتی نەتەوایەتی کورد بکەن و یارمەتی بکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پێشنیاری بە پارێزگاکردنی کوردستان بە یەک پارێزگا**

هەیئەتی کورد لە چاوپێکەوتنەکانی تاران دا، نەیتوانی لەگەڵ کاربەدەستانی لەشکری و سیاسی دەوڵەت رێککەون. رێژیم بۆ کوردان تەنیا بە کەمترین ماف کە بە رواڵەت پێکهێنانی پارێزگایەکی گەورەی کورد کە لە ٣ ئوستان پێکدەهات رازی بوو، کە ئەویش دواتر درزی تێکەوت و لێی پاشگەز بوونەوە. بە پێی لاپەڕەی ١٠٨ی کتێبی "پیشوای بیداری" سەعید خان هومایون دەنووسێ:



گوندی موبارەک ئاباد- لەسەفەری تاراندا: سەعید هومایوون، پێشەوا قازی محەمەد

تا ئەو جێگایەی کە ئەمن ئاگادارم، پێشنیاری قەوامولسەلتەنە و دەوڵەتی شای ئەوە بوو کە ناوچەکانی کوردی رۆژئاوای ئێران، ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا و کوردستان و کرماشان لە ژێر ناوی یەک ئوستانی کوردستان، بکرێتە یەک ناوەندی دیاریکراو و قازی محەمەدیش بکرێتە ئوستانداری ئەو پارێزگایە گەورەیە.

ئارچی رۆزڤێلت لە لاپەرەی ٣٠ی کتێبەکەی دا دەنووسێ کە قازی بە رێکەوتنی تاران و تەورێز وڕەز بوو و بە مەبەستی دەربڕینی نارەزاییەتی چوو بۆ تاران و لەوێ پێشنیاری کرد کە هەموو ناوچە کوردەکانی گرێدراو بە ئازەربایجان و ناوچەی خوارو کە لە ژێر دەستەڵاتی ئێران دا و لە سنووری شووڕەوی تا کرماشانی دەگرتەوە، بکرێتە یەک ئوستان و بخرێتە ژێر دەستەڵاتی کوردان. رۆزڤێلت دەڵی ئەو ناوچەیە دەبووایە ئوتونومی درابایە و بەرپرسانی بەڕێوەبەر و هێزی نیزامی کورد بن و قازی محەممەد سەرۆکی ئەو مەڵبەندە خودموختارە بایە. رۆزڤێلت لە درێژەی ئەو بابەتە دەنووسێ:

قەوام سەرۆک وەزیری فێڵەبازی ئێران، بە رواڵەت داواکانی قازی محەمەدی بە مەرجێک قەبووڵ کرد کە قازی بتوانێت رەزایەتی دوکتور جاوید، سەرۆکی دەوڵەتی دێموکراتی ئازەربایجان وەربگرێت. بەڵام دوکتور جاوید بە قەڵسی و توڕەییەکی زۆرەوە گەلاڵە و داواکانی قازی محەمەدی رەد کردەوە.

مۆبلی لە لاپەڕەی ٨٢ دا بە ئاماژە بە قسەکانی رۆزڤێلت و ئیگلتۆن ئەو بابەتە پشتڕاست دەکاتەوە و دەنووسێ:

سەرۆک وەزیر رەزایەتی خۆی لەمەڕ ئەو داوایە دەربڕی بەو مەرجەی لەو بارەیەوە رای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیموکراتەکانیش وەربگیرێ و ئەوانیش پێی رازی بن. ئەو رێکەوتنە وەدی نەهات. تەنانەت ئەوکاتەش کە قازی محەمەد لەو بارەیەوە رووی لە شوورەوییەکان و دێموکراتەکانیش نا.

جێی ئاماژەیە کە دەوڵەتی ئیران و بەشی سازشکاری فیرقە وەک جاوید و شەبستەری، هەوڵیان دەدا کە ئازەربایجان ببێتە پارێزگار و کوردستانیش ببێتە بەشێک لە ئازەربایجان و مەهاباد ببێتە فەرمانداری ژێر ئەمری تەورێز.

بە پێی بۆچوونی سەعیدخان، هەرچەند قازی محەممەد لە هەڵویستەکانی قەوام رازی بوو بەڵام بە بڕوای ئەو، قازی محەممەد پێوانەبوو کە دەوڵەت لە پێشنیارەکانی دا نییەتی باشێ هەیە. بۆیە قازی وڵامی ئاخری ئەو پێشنیارانەی دەوڵەتی هێشتەوە بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان و وەرگرتنی نەزەر و بیروبۆچوونی کومیتەی ناوەندی. قازی لە گەڕانەوە بۆ تەورێز چاوی بە کاربەدەستانی کۆماری ئازەربایجان و سەفیری شوورەوی و پسپۆڕانی گەورەی ئەوان، کەوت. پێشەوا وای بۆ دەردەکەوی کە قەوام و موزەفەر فیروز لە فکری دووبەرەکی و ناکۆکی، لە نیوان دوو حکومەتی کورد و ئازەری دان.

بیری دیاری کردنی مەڵبەندی گشتی کوردستان وەک یەک پارێزگا و ئوستان، خۆی لە خۆیدا فکرێکی باش بوو و سنووری سیاسی کوردان لەو بەشەی کوردستان دیاری دەکرد، بەڵام ئەو بابەتەش بە مەبەستی بەلارێ دابردن و زیاتر درێژدادڕی و وەخت کوشتن و سازکردنی کێشە لە سنوورەکان دا بوو. بە پێی کتێبی نەوشیروان مستەفا، سەجادی لە لاپەرەی ۲۹۹ی کتێبەکەی دا دەنووسێ:

یەکێ لە خواستە سەرەکی‌یەکانی کورد، چ لە ئێران و چ لە عێراق، یەکخستنی هەمو ناوچە کوردنشینەکان بوە لە یەکێتی‌یەکی بەڕێوەبەرایەتی دا. بۆیە ئەمە بە دەستکەوتێکی گەورە دائەنرا بۆ گەلی کورد. لە بەرامبەر ئەم دەستکەوتەدا قەوام داوای لە کورد ئەکرد دەست لە دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی ئازەربایجان هەڵ بگرێ.

لە لایەکی تر پێکهێنانی یەک ئوستان، پەیوەندی حکومەتی کوردستان و دەوڵەتی شوورەوی لەرزۆک تر دەکرد و رووسان پییانخۆش نەبوو ئەو کارتە بچووکەش لە دەستیان بێتە دەر و لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان و ئازەربایجان دا نەمێنێ. کاربەدەستانی رووس هەر وەکو نەیانهێشت کورد بە شەڕ، کێشەکەی خۆی لەگەڵ ئێران یەک لا بکا نەیانهێشت بە رێکەوتنیش پرسی کورد لەگەڵ ناوەند چارەسەر بێ.

سەعیدی هومایون لە لاپەڕەی ۱۵۱ی "پیشوای بیداری" دا، دوای ئەوە باس لە پشتیوانی رووس لە ئازەربایجان لە هەموو کێشەکانی نێوان حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان دەکا، دەنووسێ: ... لە وتوێژی پێشەوا قازی محەمەد و قەوام سەرۆکی وەزیرانی ئێران، هەم شورەوییەکان و هەم ئازەربایجان دژی ئەو پێشنیارەی قەوام بوون کە پاریزگارێکی سەربەخۆ لە ناوچەکانی کوردستان پێک بێ. چوونکە ئەوان نەیاندەویست لە لایەن دەوڵەتی ئێران، کوردستان وەک ناوەندێکی سەربەخۆ و جوێ بناسرێ.

رووسەکان هەرچەند پێشتر لایەنگری خۆیان لە چارەسەری کێشەکان بە شێوەی هێمنانە دەربڕی بوو بەڵام بە قەولی "مۆلۆتۆف" وەزیری دەرەوەی شووڕەوی، تا بە ئاکام گەیشتنی وتووێژی نەفت لەگەڵ قەوام، چەند پشیلەیەکیان بۆ ڕنین پێویست بوو.

دوکتور قاسملوو لە لاپەڕەی ٥٦ی چل ساڵ خەبات دا دەنووسێ:

ئاکامی ئەو سەفەرە ئەو بوو کە دەوڵەتی مەرکەزی و شەخسی قەوام پەسەندیان کرد کە ئوستانێکی تازە بە ناوی کوردستان دیاری بکری کە سنووری لە یەکێتی سۆویەتیەوە تا کرماشان و سنە و واتا ناوچەی کامیاران، درێژەی هەبێ و ئەم ئوستانە لە ژێر چاوەدیری کاربەدەستانی کۆمار دابێ و قازی محەمەد بۆ ئوستانداری گشتی دیاری بکرێ.

دوکتور قاسملوو لە لاپەرەی ٥٧ی کتێبەکەی دا دەنووسێ کە مەڵبەندی کرماشان لە چوارچێوەی ئەو ئوستانە دا نەبوو چوونکە نەدەکرا. کرماشان نەوتی هەبوو کۆمپانی ئینگلیسی، نەوتی ئەوێیان دەردێنا و ئەوان بە هیچ جۆرێ قبوڵیان نەئەکرد بخرێتە سەر ئوستانێك کە کورد بەڕێوەی ببات. لە لایەکی دیکەش کرماشان لە ژێر نفووزی ئینگلیس دابوو، قازی محەممەد کەسایەتییەکی واقع بین بوو و نەیدەویست لەگەڵ ئینگلیس دوژمنایەتی بکا و دەیزانی کە یەکخستنەوەی کرماشان ناگونجێ و جێبەجێ نابێ.

پێشنیاری بوونی کوردستان بە یەک پارێزگا زۆر بۆچوونی لێکەوتەوە، نەوشیروان مستەفا بە ئاماژە بە لاپەرەی ٣٣ی کتێبی "مێهدی نیا" دەنووسێ:

قازی، بە لەبەرچاوگرتنی تەجروبەکانی ڕابردوی کورد لە گەڵ کاربەدەستانی ئێران، تا چە رادەیەك ئەی توانی باوەڕ بە گفت و بەڵێنەکانیان بکا. هەرچۆنێ بێ ئەگەر کابرایەکی ماکیافیللی بوایە ئەم ″عەرز″ هی قوبوڵ ئەکرد. بەڵام قازی پیاوی ″بیروباوەڕ″ بو. لە بەرئەوە داواکەی قەوام لە قازی، لە فەرزێك دا ئەگەر ڕاستیش بوبێ، قابیلی قوبوڵ نەبو، چونکە ئەمە سەرەڕای ئەوەی بە پەیمانشکێنی و بێ بەڵێنی دائەنرا بۆ قازی محەمەد، گەلی کورد و حکومەتی کوردستانی: هەم لە دۆستایەتی ئازەربایجان بێ بەش ئەکرد، کە قازی بە برا و پشت و پەنای دائەنان و هەم لە دۆستایەتی یەکێتی سۆڤێتی دائەبڕی، کە بە تەنیا پشتیوانی خۆیان ئەزانی. یەکێتی سۆڤێتی هەرگیز سەودایەکی وەهای لە نێوان کورد و تاران دا لە سەر حسابی ئازەربایجان پەسەند نەئەکرد.

لەو سەفەری تاران دا قازی محەممەد و سەدری قازی و حەمەحوسێنخانی سەیفی قازی چاویان بە سەرلەشکر ئەرفەع کەوت. ئەرفەع لە بیرەوەرییەکانی کە لە لاپەڕەی ١٠٦ی کتێبی "پیشوای بیداری" دا هاتوە دەنووسێ:

قازی محەمەد و ئاغای سەدر قازی و سەیفی قازی هاتنە ستادی ئەرتەش و لە بابەتی کێشەکانی کوردستان وتووێژ کرا. ئاغایان سەدر و سەیف لە قسەکردن دا تا رادەیەک نەرمتر بوون هیوایان دەخواست کە دەوڵەتی ئێران تایبەتمەندییەکانی کوردەکان باشتر ببینێ و ماف و حەقی کوردان باشتر بناسی، تا کوردەکان بتوانن لە ئاوەدانی و بەرەو پێش چوونی ئێران زیاتر هاوکاری بکەن. بەڵام قازی محەممەد راشکاوانەتر قسەی دەکرد و باسی زوڵم و زۆری و ئەو بڵایانەی کە بەسەر


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردانیان هێناوە دەکرد. ئەرفەع دەڵێ: ئەمنیش لە تەئییدی بەشێک لە قسەکانی قازی محەمەد هێندێک شتم گوت و ویستم بە لوتف و مەرحەمەتی شای هیوادار بکەم، بەڵام لە کۆتایی وتووێژەکە دا بۆم دەرکەوت کە قازی محەمەد دارە بییەک نییە کە بەو بایانە بلەرزی.

بابەتی گرینگی دیکەی ئەو سەفەرە کە قازی محەممەد کە لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەت باسی کرد، کێشەی ئابووری بوو. لە لاپەرەی ١٣٩ی کتێبی رەحیمی قازی بە ئاماژە بە بەڵگەی ئاڕشیوی حیزب، سیاسی ژمارە ٦٢ دەنووسێ کە لەو سەفەرەدا قازی محەممەد لەگەڵ بەرپرسانی ئێرانی کێشەی کڕینی چەندین میلیون تمەن چەوەندەر و توتنی باس کرد بوو کە دەوڵەت حازر نەبوو لە جووتیارانی کوردی بکڕێ و خەڵک بە دەست فەقیری و نەداری دەیانناڵاند. دەوڵەتی ئێران مەرجی کڕینی ئەو حاسڵاتەی، گەڕانەوەی ئەرتەش بۆ مەهاباد دیاری کرد بوو.

هەر بە پێی لاپەرەی ١٣٩ی کتێبی رەحیمی قازی، لەو سەفەرەدا بالوێزی ئەمریکا و ئینگلیس رایانسپارد بوو کە پیانخۆشە قازی محەممەد ببینن. رەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٤٠ ی کتێبەکەی دا، بە ئاماژە بە لاپەرەی ٥٨ی کتێبی ئیگلتۆن دەڵێ:

قازی مەحەمەد شەخسەن لەو باوەڕەدا بوو، کە تەنیا رێگەی رووسەکان دەتوانێ سەرکەوتنی بە دایمی کوردان دابین بکا.

بە گوێرەی لاپەڕەی ١٢٥ی بیرەوەرییەکانی دوکتور شیرازی، سالار سەعید سەنندەجی نوێنەری شاری سنە لە تاران، بە ئیلخانیزادە دەڵێ کە سەفیری ئینگلیس پێخۆشە چاوی بە قازی بکەوێ. پێشەوا قازی لەسەر داوای سەفیری ئینگلیز بە بەشداری عەبدوڵلا ئیلخانیزادە لە سەفارەتی ئینگلیس چاوی بە سەفیر کەوت. سەفیر گلێی دەکا و دەڵێ کورد خۆیان تەسلیم بە رووسان کردوە و لە قسەیان دەرناچن. پێشەوا دەڵێ کە حەق وایە کە ئەمن گلێیتان لێبکەم لە شەڕی یەکەمی جیهانی دا کوردستانتان لە نێوان ٥ وڵات دا بەش کرد و ئەوڵاتانە چ بەڵایەکیان بەسەر هینان. میللەتی ئێمە لە دەست ئێوە بە گلێین، زۆریان نارەحەتی و چەرمەسەری چێشتووە. میللەتی کورد باوەڕتان پێناکا و ئێوە دەبێ وڵامی کارە خراپەکانی خۆتان بدەنەوە و میللەتی ئێمە نەجات بدەن. سەفیر گوتی ئێستا ئێمە تەنیا دەتوانین داوا لە شا بکەین کە ئیزن بدا تا پۆلی ٦ بە کوردی بخوێندرێ و کاربەدەستانی ناوچە لە کورد هەڵبژێردرێ. قازی محەممەد ئەو پێشنیارەی پێ باش بوو.

کاتێک پێشەوا لە تەورێز بوو، کۆنسوولی ئەمریکا لە مانگی ئاوریلی ١٩٤٦ دا، داوای لێکرد کە چاوی پێبکەوی و لە مەنزڵی پێشەوا بۆ ماوەی یەک سەعات پێکەوە وتووێژیان کرد. ئەو وتووێژە وەرگێڕدراوەتەوە سەر زبانی کوردی و ئازەری. بە پێی رۆژنامەی "ژین" رێکەوتی ١ سیپتامبری ١٩٦٠ لەو چاوپێکەوتنەدا کۆنسوول گوتی:

گەل و نەتەوە دواکەوتووەکان بە بێ یارمەتی ئەمریکا پێشکەوتن بەدەست ناهێنن.

ئەو وتووێژە بەو قسانە کۆتایی نەهات. ئەمریکا ئاگاداری خۆشەویستی پێشەوا لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دابوو، بۆیە بە پێی لاپەڕەی ٢٥٩ی رەحیمی قازی بە نەقڵ لە "نامەی دونیا" رێکەوتی ١٨ی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیسامبری ١٩٥٥دا، جۆرج ئالێن باڵوێزی ئەمریکا، بە هۆی عەوڵای ئیلخانیزاده رادەسپێرێ کە، قازی محەممەد سەفەری ئەمریکایە بکا.

هەر لەوبارەوە رۆژنامەی "پەیکاری زیندەگی" کە لە تاران دەردەچوو، لە بەهاری ساڵی ١٩٥٥دا، بیرەوەریی کاربەدەستێکی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران، لە مەر رووداوەکانی ساڵانی ١٩٤٦ و ١٩٤٧دا، دەگێڕێتەوە و باسی سەردانی ژێنڕاڵ شوفارتیکوپفی ئەمریکایی بۆ لای قازی محەممەد دەکا. ئەو ژێنڕاڵە لە ساڵی ١٩٤٦دا، هاتە ئێران و کاروباری ژاندارمەری ئێرانی بەدەستەوە گرت.

بە پێی لاپەرەی ٢٦٠ی ئەو رۆژنامەیە، ژێنڕال شوفارتیکوپف بە هۆی ژێنڕال خوسرەوانی سەرۆکی دایرەی ژاندارمەری، دەنێرێتە لای قازی محەممەد و داوای چاوپێکەوتنی لێدەکا. ئەو رۆژنامەیە باسی هەموو چاوپێکەوتنەکە ناکا هەر ئەوەندە دەنووسێ کە رەهبەری کۆمەڵە، هیوایەکی زۆر گەورەی بە سەرکەوتن و بەرەو پێش چوونی رووس هەبوو و لەو کەسانە نەبوو دەست لە مەڕامی خۆی هەڵگرێ.

### دیداری پێشەوا و ئیحسان نووری پاشا

لە سەفەری تاران دا پێشەوا چاوی بە ئێحسان نووری پاشا رێبەری جووڵانەوەی ئاڕاڕات کەوت. جووڵانەوەی ئاڕارات بەهۆی هاوکاریی رەزاشا و دەوڵەتی تورکیە تێکشکا و ئیحسان نووری پاشا وەک یەکێک لە رێبەرانی سەرەکی ئەو جولانەوەیە، پەنای بۆ ئێران هێنا و بوو بە پەنابەر و لە تاران لە ژێر چاوەدێری دابوو و حەقی نەبوو لەوێ دەرکەوێ. ئێحسان نووری پاشا لە ماڵەکەیدا ئاڵای کوردستان بە دیوار هەڵاوسی بوو و ئاڕمی حیزبی خۆیبوونی لە سەر مێزی کارەکەی دانابوو. دوکتور شیرازی کە لە سەردانی پێشەوا بۆ ماڵە ئیحسان نووری پاشا دا بەشدار بوو، لە لاپەڕەی ١٢٤ی کتێبی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە ئەوان چەند ساعەت پێکەوە قسەیان کرد و ئاماژە بە قسەی ئێحسان نووری پاشا دەکا کە گوتی:

زۆر لەمێژ نییە کە دوو شاری ورمێ و میاندواو جگە لە کورد و هێندێک ئەرمەن کەسی تری تیدا نەبوو. ئێحسان داوای لە قازی کرد کە دوای تەواو بوونی کارەکان بنچینەی دەزگا و ژێرخانی وڵات دابڕێژە دەنا خەڵکی کورد بە خاتری رەنگی ژوورەکان پێکهەڵدەپرژێن و دەکەونە گیانی یەکتر و شەڕ دەکەن.

### وتووێژی پێشەوا لەگەڵ ڕۆژنامەی "رەهبەر"

لە سەفەری تاران دا، پێشەوا لەگەڵ هەواڵدەری رۆژنامەی رەهبەر کە سەر بە حیزبی تودە بوو وتووێژی کرد. ئەو ئاخاوتنە بە هۆی حەسەن قزلجی کراوە بە کوردی و لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٩ رێکەوتی ٣٠ پوشپەری ١٣٢٥دا، چاپ بووە. رۆژنامەی رەهبەر دەنووسێ:

پێرەکە سەعات ٦ ی دوای نیوەڕۆ ئاغای قوڕیشی ئەندامی هەیئەتی نوسەرانی رەهبەر لە ویلای ژمارە ٥ واقیع لە دەربەند لەگەڵ جەنابی قازی محەممەد، رەهبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دە رۆژ پترە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی هاتۆتە تاران، موساحەبەی کردوە. شەرحی ئەو موساحەبەیە لە خوارەوە بە نەزەری خوێندەواران دەگا:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جەنابی قازی محەمەد کۆت و شەلوارێکی ساکاری لە بەر دابوو و زۆر مەحبووب و بە ویقار و بە هەیبەت دەبیندرا. چەند نەفەر لە موتەنەفیز و گەورە گەورانی کورد کە لەو مەجلیسە دا حازربوون ئیحترامێکی زۆر نیسبەت بە رەهبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان قایل بوون. جەنابی قازی دوای ئەوەی لە تەقازای ئێمە راجیع بە موساحەبە لە تەرەف رەهبەرەوە ئاگادار بوون زۆر بە مەیل و ئیشتیا حازر بوون جوابی پرسیارەکانمان بدەنەوە. جوابەکانیان کورت و موختەسەر و سەریح و لە رووی ئیمان و قوەتی قەلبەوە بوو.

پرسیار- مەڵبەند و قەلەمڕەوی ئێستای نەهزەتی دیموکراتی کوردستان تا کوێ دەڕوا؟

وەڵام- مەڵبەندی نفوزی حیزبێکی کە بە ناو کۆمەڵێکی زۆر و زەوەندا بڵاوبوبێتەوە زەحمەتە مەعلووم بکرێ. بەڵام نەهزەتی ئێمە راستەوخۆ کوردی دەوروبەری ماکۆ- شاپور- خوی- رەزائیە- شنۆ- سندوس- سەقز و سەردەشت، کە نزیکەی حەوت سەد هەشت سەد هەزار کەسن شارەزایی و رەهبەری دەکا.

پرسیار- هێندێ لە سابیقە و رابردوی تاریخی نەهزەتی خۆتان شەرح دە.

وڵام- حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرەتای لە مەزلوومی و ناڕەزایەتی قەدیم و کۆنەوەیە. هەرچەندە سابیقەی زۆرە بەڵام لە نۆ مانگە بەملاوە دەستی بە فەعالیەتی عەمەلی کردوە (کۆمیتەی مەرکەزی حیزب لە مەهابادە). دەستپێکردنەوەی حیزبی ئێمە بە فەعالیەت عەکسولعەمەلی زۆر بۆ هێنانی دەوڵەتانی مورتەجیعە کە لە پێش دەوڵەتی ئێستادا لە سەر کار بوون و دەیانەویست دەگەڵ هەمو نەهزەتێکی لاگیری ئازادی و ئیستیقلالی ئێران بەربەرەکانی بکەن.

پرسیار- چ ئیقداماتێك تا ئێستا لەو ناحیە مەنتیقەدا کراوە؟

وەڵام- کارێکی هەرە گەورە کە نەهزەتی ئێمە لە مەڵبەندی دەسەڵاتی خۆی کردویە ئیجادی گیانێکی سەمیمییەت و یەکەتییەکی بێنەزیرە لە نێوان چەند سەد هەزار نەفەر برایانی ئێرانی ئێوەدا. ئەمنییەت و ئارامییەکی کە لەو مەڵبەندەدا هەیە قەت نەبووە و میللەتی ئێمە لە خۆڕا لە ئیجاد و ئیبداع و دەست کردنەوەیەکی بە شەرەفانە، لە حەیسیەتی میللەتی ئێران، زۆر شاکاریان کردوە. دەگەڵ ئەو وەختە کەمە و نەبوونی وەسائیلە چاکردنی رێگایان، دامەزراندنی مەدرەسان، دامەزراندنی چاپخانە و بڵاوبونەوەی ڕۆژنامە و گۆوار و تەربییەتی سیاسی و نیزامی، کۆمەڵێکی زۆر لە کوردانی هاونیشتمانی ئێوە بەرەو تەرەقی رۆیشتووە.

پرسیار- ئاگات لە حاڵی کوردانی جنوبی کە ڕێوڕاست لە ژێر نفووزی مەعنەوی نەهزەتی ئێوەدا نین، هەیە؟

وەڵام- لەو جێگایانە لە هەموو جۆرە بزوتنەوەیەکی دیموکراتیك پێشگیری کراوە، بەڵام ئێمە دەزانین لە هەموو جێگایەك هەموو کوردێکی زۆرلێکراو و عاشقی ئازادی لاگیری نەهزەتی بەرەو تەرەقی ئێمەیە.

پرسیار- وەزعی ئێستای کوردانی دنیا بۆ ئێمە شەرح بدە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەڵام- بێجگە لە کوردانی ساکنی ئێران نزیکەی دوو ملیۆنونیو کورد لە تورکیادا رایدەبوێرن. لە تەرزی بزوتنەوە و رەفتاری ئێستای دەوڵەتی تورکیە نیسبەت بە کوردانی ساکنی ئەوێ خەبەرێکم نییە، بەڵام لەوە پێش کوشتار و عەزیەت و ئازاریان دەکردن. وە ئەمەش کە دەوڵەتی تورکیە ئیدیعای دەکا کە " مەسئەلەی کوردی لەو مەملەکەتەدا حەل کردوە" لە لای من قابیلی قبوڵ نییە. مەگەر پێمانوابێ کە ئەو حەل کردنە بە باری هەڵکوشین و دامرکاندنی ئارەزوی میللی ئەواندا بوبێ... بێجگە لەوەش نزیکەی ملیۆنێك و دوسەدهەزار کوردی دیکەش لە عێراق دا دەژین. ئاکار و بزوتنەوەی حکومەتی عێراقیش دەگەڵ ئەوان لە فەرار و هەڵاتنی بە پۆل و کۆمەڵی کوردانی عێراق بۆ مەنتەقە و مەڵبەندی نفووزی نێهزەتی دیمۆکراتیکی ئێمە رووناك دەبێتەوە و وەدەردەکەوێ. بەڵام دەبێ بڵێم کە دەوڵەتی فرانسە دەگەڵ حەوت سەد هەزار کوردی کە لە سووریەدا دەژین باش بووە.

پرسیار- چ ڕابیتەیەکی مەعنەوی لە نێوان نێهزەتی کوردستان و ئازەربایجان دا هەیە؟

وەڵام- هەردك لامان بۆ ئامانجێك کە ئازادی و سەربەخۆیی حەقیقی و بەڕاستی ئێرانە کار دەکەین.

پرسیار- دەکرێ لە گفتوگۆی تاران، یا کولیاتی ئەو ئاگادارمان بکەی؟

وەڵام- ئەمن چەند جەلەسە دەگەڵ ئاغای موزەفەر فیروز معاونی سیاسی ئاغای قەواموسەلتەنە سەرۆك وەزیر و ئاغای سەرلەشکر رەزمئارا و دووجار دەگەڵ جەنابی سەرۆك وەزیر مولاقاتم کردوە، نەزەری ئاغای سەرۆك وەزیرم زۆر تێکەڵ بە حوسنی زەن و چاك نییەتی دیوە. داخەکەم بەرهەڵستێکی کە گفتوگۆی ئێمەی وەدواخست نەخۆشی جەنابی ئاغای قەواموسەلتەنە بوو. لە خودام تەڵبە زووتر چا بێتەوە تا موزاکەرە بە خێروخۆشی و نەفع و قازانجی ئازادی دوایی بێت.

پرسیار- ئایا لەو ناوەدا چلوچۆیی مورتەجیع و پاشەکەشەکان قابیلی تەوەجوە و لێ وریا بوون نیە؟

وەڵام- وەختێکی ئیرادەی میللەت و دەوڵەتێك لە کارێکی سەحیح و چاك دا رێککەوێ، هیچ شتێ ناتوانێ پێشی لێبگرێ. من ئاتیەیەکی زۆر چاك تێبینی دەکەم و هیوادارم دەوڵەتی مەرکەزی بتوانێ دیموکراسی بە هەمو ئێران دا بڵاو بکاتەوە.

پرسیار- نێهزەتی دیمۆکراتیکی کوردستان تا چ ئەندازەیەك یارمەتی دیمۆکراسی ئاتیەی ئێران دەدا؟

وەڵام- نێهزەتی ئێمە لە ئازادیخوازانی تارانەوە ئیلهامی گیرکەوت. ئێمە شاعیرێکی میللی بە ناوبانگمان هەیە بە نێوی هەژار کە قەسەیدەیەکیشی لە رۆژنامەی رەهبەردا چاپ کرابوو. لەم قەسەیدەیەدا گوتویە: " ئێمە بە شمشێر ئەوان بە قەڵەم"، ئەمن ئەو قسەیە وا بەیان دەکەم کە قەڵەمی ئێوە لە تاران، کاری سەد شمشێری ئێمەی لە مەنتیقەی خۆمان کرد. میللەتی ئێمە زۆریان دڵ بە نێهزەتی ئازادیخوازی ئێرانەوەیە. رۆژنامە ئازادیخوازەکانی تاران بە ئیشتیا دەخوێننەوە وە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تف و لەعنەت لە ڕۆژنامەی ئیرتیجاعی و پاشەکشە دەکەن.

پرسیار- لەو مانگانەی دوایی دا لە نێوان دەوڵەتی مەرکەزی و نێهزەتی کوردستان دا بەرهەڵستێکی وابوو کە نەیەڵێ هەردك لا لێك نزیك ببنەوە و ڕێك کەون یان نە؟

وەڵام- پێش دەوڵەتی جەنابی قەوامولسەلتەنە ئەم جۆرە بەرهەڵستانە زۆر بوون، بەڵام دوای ئەوە کە ئەو دەوڵەتە هاتە سەرکار، دەوڵەتی مەرکەزی هەوڵ و تەقەللای دا بو ڕێککەوتن و سازان.

پرسیار- بۆچی فەرانسەوی ڕاجیع بە مەسەلەی کورد زۆر عەلاقە دەنوێنن و ئایا ئەو خەبەرەی موخبیری فەرانسەوی بە زمانی تووە گوتویە: "ئێمە هەر وەختێك کە کەیفمان لێبێ کرماشان دە دەست دەگرین"، ڕاستە یا نا؟

وەڵام- من پێموایە فەرانسەوی دەگەڵ کوردان نەزەرێکی خراپیان نییە. لە سووریە ئەوەندەی لە دەستیان هاتبێ کۆمەکیان بە کوردان کردوە. ڕاجیع بە خەبەرێکی موخبیری فرانسە لە زمانی منەوە گوتویە: هەوەڵ ئەوەیە کە ئەم قسەیە بە ئێستا، کە ئێمە لاگیری ئەوەین مەسئەلە بە موسالەمەت حەل بێ، مەربوت نییە. دووەمیش ئەمەیە کە مەنزوور دە دەستگرتنێکی غاسیبانە و ئیمپریالیستی نەبووە بەڵکو مەقسوود ئازادکردنی بەشێك لە هاونیشتمانان و کۆمەکێکی پتر بە ئازادی تەواوی ئێران بووە و دیسانیش دەڵێمەوە کە دەوڵەتی ئێستا ئەو جۆرە نەزەریاتە کە هی زەمانی حکومەتە ئیرتیجاعی‌یەکانی پێشوە لە ناو دەبا.

پێشەوا قازی محەممەد لە رۆژی ١٣٢٥/٤/٢٥- ١٩٤٦/٧/١٦ بە هەمان فڕۆکەی سۆڤیەت گەڕانەوە بۆ تەورێز و چاوی بە ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات و کاربەدەستانی شووڕەوی کەوت و ئەوانی لە ئاکامی سەفەرەکەی ئاگادار کردەوە. ڕێبەرانی فیرقە ئەو ڕێکەوتنەیان بە کەیفێ نەبوو پێیانخۆش بوو کێشەی سنووری کورد و تورك بە تایبەتی ئازەربایجانی رۆژئاوا بە دەستی خۆیان چارەسەر بکرێ. پێشەوا قازی هەروەها لە تەورێز چاوی بە ئارچی باڵد رۆزڤێڵت سەفیری ئینگلیز کەوت و بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کوردستان داوای هاوکاریی لێکرد.

پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی دوای دوو رۆژ مانەوە لە تەورێز لە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٤/٢٧ گەڕانەوە بۆ مەهاباد. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات و سەرکردەکانی کۆمار تا مياندواو بە پیریانەوە چوون. هەروەها نزیکەی دە هەزار کەس لە ژن و پیاو و خوێندکارانی خوێندنگەکانی مەهاباد، تا دە کیلۆمەتری مەهاباد بە پێشوازیانەوە چوون.

لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارەی ٦٩ دا، باسی هاتنەوە پێشەوا لە تاران و مانەوە لە تەورێز و گەڕانەوە بۆ مەهاباد کراوە و تێیدا نووسراوە:

پێشەوای مەزنی کوردستان، کورد و کوردستانی بە دیداری موبارەکی شاد کرد و ژیاندەوە حەزرەتی پێشەوا کە لە سەفەری تاران گەڕاوە چەند رۆژێك تەشریفی لە تەورێز ماوە و رۆژی ٢٦ ی ٤ ی ٢٥ کە خەبەری هاتنەوەی بە مەهاباد گەیشت هەیئەتی کۆمیتەی مەرکەزی و سەرانی حکومەتی میللی و سەرکردانی ئەرشەدی کوردستان و موحتەرەمین تا مياندواو و خانمان و شاگردانی مەداریس و هێزی ناوەندی و نزیکەی دە هەزار نەفەر پیاو و ژن گەورە و بچوك لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەمو تەبەقەیەك تا یەك فرسەخی مەهاباد بە پێشوازی پێشەوای خۆشەویستی خۆیانەوە چون و سەعات ٦ ی نیوەڕۆ رۆژی ٢٧ ی ٤ ی ٢٥ لە نێو چەپڵەڕێزان و گوڵباران تەشریفی گەیشتەوە مەهاباد. کورد و کوردستانی بە دیداری موبارەکی شاد کرد و ژیاندەوە و لەگەڵ هەموان بە تایبەتی شاگردانی مەداریس و یەکەتی جەوانان ئەحواڵپرسی و ئیزهاری لوتفی فەرموو.

ئەو سەفەرە سەرجەم ٢٠ رۆژی خایاند و بە گوێرەی لاپەڕەی ١٨٤ی کتێبی خەلیل فەتاحی قازی بە هیچ ئاکامێک نەگەیشتن. پێشەوا ٥ جار لە گەل قەوام و ٣ جار لەگەڵ رەزمئارا چاویان پێککەوت. تەنیا کارێک کە لەو سەفەرەدا کرا، رادەی ١٠٠ تۆن گەڵا توتنی خەڵکی هەژاری کورد کە لە ئەنباری بۆکان دا مابووە تەحویل بە کاربەدەستانی دەوڵەت درا. سەعید خان لە لاپەڕەی ١٠٨ی کتێبەکەی دا، دەنووسێ: لەو سەفەرەدا کە دوو حەوتووی خایاند پێشەوا دووجار لەگەڵ قەوام و چەندجار لەگەل موزەفەر فیروز جێگری سەرۆک وەزیران و سەرلەشکر رەزم ئارا، رەئیسی ستادی ئەرتەش لە کۆشکی وەزارەتی دەرەوە چاوپێکەوتنیان بوو و دووجاریش چاوی بە سادچیکۆف سەفیری شووڕەوی لە سفارەتی ئەو وڵاتە لە تاران کەوت. ئاکامی سەفەری ٢٠ رۆژەی پێشەوا ئەوە بوو کە هەڵس و کەوتی دەوڵەت بە تایبەتی بە دوای شکستەکانی لە بەرەی شەڕی سەقز کەمێک هێمنانەتر بوو. پارەی توتنی چەندین ساڵەی کوردستان درا و رەزمئارا هاتە سەقز و لەگەڵ فەرماندەکانی لەشکری کوردستان بۆ دابین کردنی ئەرزاقی سەربازان نیشتەجێ سەردەشت و بانە کۆبۆوە. هەوروەها پێشەوا قازی بە هۆی رۆژنامەکانی سەر بە رێکخراوە پێشکەوتووەکان توانی بەرپەرچی وڵامی ئێرانییە شۆڤێنیست و کۆنەپەرستەکان بداتەوە کە دائیم هێرشیان دەکردە سەر کوردان.

## کێشەکانی بەرەی شەڕی سەقز و سەردەشت.

ژێنراڵ حەمە رەشیدخابی بانە فەرماندەری سەرا - بۆکان بوو و گشت هێزەکانی پێشمەرگەی بەرەی سەقز لە ژێر فەرمانی ئەو دابوون. هەرچەند حەمە رەشیدخان کەساتێکی ئازا و بە بڕشت بوو بەڵام جێگای باوەڕ و مەتمانە نەبوو و ئەو کەسە نەبوو کە بتوانی فەرماندەری هێزی ئازای بارزان و عەشایری نارێک و ناتەبایی بانە و شکاک بەڕیوە ببا.

میرزا محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٢١٢ ی بەشی یەکی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." لەسەر دەست بەکار بوونی حەمە رەشیدخانی بانە لە کۆامار دا دەنووسێ:

بەربەرەکانی گەورک و دێبوکری لەگەڵ ئاغای حەمەرەشیدخان

بە گەیشتنی حەمەرەشیدخانی بۆ ئێران. ئاغایانی گەورک دێبوکری کەوتنە راپۆرت دان بۆ قازی مەحەممد کە وا حەمەرەشیدخان بۆ تێکدانی حەرەکەی کوردستان هاتۆە بۆ ئێران و پوڵ و پارەیەکی زۆریشی لە لایەن ئینگلیسی یەکانەوە پێدراوە کەبەسەر عەشایرەکانا دابەشی بکات.

هەتا قاسم ئاغای کوری حاجی بایزئاغای ئیلخانی زادە لەسەر غەرەزکارێکی لەمەوبەریان لە رۆژی ١٩٤٦/١/٣ دا خۆ کۆ کردنەوەیەکی عەشایری و پێشمەرگەی لە بۆکانا بە ئەنجام هێنا ئەگەر

حەمەرەشیدخان بچێتە بۆکان تقەی لێبکەن.

بە چوونی حەمەرەشیدخان بۆ ئێران، ئاغایەکانی ئێران غەوغا و جوڵەجوڵێکی گەورەیان تێکەوت. چونکە حەمەرەشیدخان لە ئێرانا ناو و پایەیەکی بڵێندی هەبوو. بە بوونی ئەو ئاغایەکانی تر نموودێکی چەندانیان نەئەبوو. جا بۆ پاراستنی بەقای مەرکەز ودەست رۆیشتنییان نەیان ئەویست حەمەرەشیدخان جێگیر بێ.

بە تایبەتی حاجی بابەشیخی زەمبیل – کە لە بەسەرهاتی شەهریوەرەوە لەسەر ئیسقان و راو و رووتی سقز کە بە دڵشکاوی نێرەرابووە ماڵی خۆی وە بەشی باشی پێنەدرابوو. ئەو لە هەموو کەس پتر لایەنگیری ئەوە بوو کە حەمەرەشیدخان نەکەوێتە بەرچاوی قازی مەحەممد و رووسەکان. وە بەشێکی حیزبەکانی عێراقیش لەسەر ئەو باوەرانەی کە لەمەوپێش بە عەرزم گەیاندن لە دژی حەمەرەشیدخان ئەدوان.

هەتا رۆژنامەی ژینی ژمارە ٨١٦ بڵاوی کردەوە - حەمەرەشیدخان بۆ کوێ چوو، هەردی درِی و پیاچوو. یا خوا حەمەرەشیدخان بە تەنافی سیاسەت بە خنکاندن بچێ. حەمەرەشیدخان بۆ خیانەت چوو بۆ ئێران نە وەکو بۆ خزمەت.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٨٤ ی بەشی یەکی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." لەسەر کێشە و ناکۆکییەکانی فەرماندەرانی سەرەکی بەرەی شەڕی سەقز دەنووسێ:

ناخۆشی نیوانی حەمەرەشیدخان و عمرخانی شکاک!

حەمەرەشیدخان زۆر لە دژی عمرخانی شکاک ئەدوا و بە رەسمی سکاڵای لە دەست ئەکرد. چونکە لەشکری شکاک زۆر چەپەڵ و بێ ڕێز بوون. رەوشتی گەورە و بچووکیان نەئەزانی. ئەو لەشکرانەی کە لە سابلاغەوە رەوانەی جەبهە ئەکران هەر لەوێوە جێگا بەزیان بۆ دیاری ئەکرا. وە ئاگاداری حەمەرەشیدخانیش ئەکرا کە سەرکەشیان بکات.

حەمەرەشیدخان بەناو فەرماندەی گشتی بوو، بەڵام شکاکەکان هیچ گوێیان نەئەدایە فەرمانەکانی حەمەرەشیدخان.

حەمەرەشیدخان بە گلەیی و رەخنەیەکەوە بۆ وزارەتی جەنگی نووسی کە عمرخانی بە لای ئیتاعەتەوە گیانی سەربازیدا ناچێ. لەسەر ئەو نووسینە عومەرخانیان بە هەموو لەشکرەکەیەوە خستە ژێر چاوەدێری حەمەرەشیدخان لە کاتێکا کە قازی محەممەد لەگەڵ ئێرانیەکان سەرگەرمی موزاکیرات بوو بۆ چۆلکردنی سەقز و بانە و سەردەشت و ئیعتراف بە حوکمی خودموختاری کوردستان وە فەرمانی سەختی بڵاو ئەکردەوە کە هەتا دوایی موزاکرات نابێ تەجاوزی سنووری حکومەتی ئێران بکرێ و کەس لە ئاقاری خۆی بچیتە پێشەوە.

بەڵام لە رەغمی ئەو فەرمانانە، عومەرخان بۆ خۆی و لەشکرەکەیەوە (١٠) رۆژ گەمارۆی پۆستی (میرەدێ) دابوو لەگەڵ سەربازی ئەو مەخفەرەدا کەوتبوو تەقەکران و دوو نەفەری شکاکی بە کوشت دابوو.

قازی محەممەد لەو رووداوە لە حەمەرەشیدخان و عومەرخان دڵگیر بوو هەر دووکیانی لە ٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مایسی ١٩٤٦ دا بانگ کرد بۆ سابڵاغ. بۆ قازی محمد روون ببۆوە کە عمرخان سەرپیچی لە فەرمانی حەمەرەشیدخان ئەکات. ئەمجا ناچاری کردبوو کە بۆ هەموو وێنە فەرمانێکی ئەو سەر دابنوێنێ.

لە بارەی دزران و تالآن و راو و رووت کردنی شکاکەکان، حەمەرەشیدخان زۆر ئامۆژگاری عومەرخانی ئەکرد و روونووسی ئامۆژگارییەکانیشی ئەنارد بۆ هێزی سابڵاغ. بۆ ئەوەی کە شەرم لە کردەوەکانی خۆی بکێشێ. لە ئاکاما لە لایەن ئەرکانی جەنگەوە لە سابڵاغ کۆمیسیۆنێکیان گرتبوو. لەو کۆمیسیۆنەدا بریاریان دابوو کە عومەرخان لەو ناوچەیە دوور بخرێتەوە و گەمارۆی پۆستی میرەدێ بخەنە ژێر فەرمانی مەلا مستەفای بارزانی.

وە لە هەمان کاتا حەمەرەشیدخانیش کومیسیۆنێک ئەگرێ بریتی بوون لە سەرۆک حەمەرەشیدخان، نانەوازادە معاوینی وزارەتی جەنگ، بازرەسی جەبهە میرحاج – نووری ئەحمەد تەها فەرماندەی هێزی بارزانی و بریار ئەدەن بە دوور خرانەوەی هێزی عومەرخان و خرانە محاسیرەی پۆستی میرەدێش. لە لایەن حەمە رەشیدخانەوە بکرێ. وە لە دێی ( بلەجەڕ) ئەو بریارە بە ئیمزای هەموو لایەکیان ئەگات.

وەختێ مەلامستەفا گەیشتە جەبهە کە ئیستلامی گەمارۆی پۆستی میردەدێ لە عومەرخان بکات، کە عومەرخان دوور خرابۆوە و محاسیرەی پۆستیش لە لایەن دەستەی حەمە رەشیدخانەوە پێکهاتبوو. وا دەرکەوت کە مەلا مستەفا ئەو رووداوەی پێخۆش نەبووبێ، کە حەمەرەشیدخان پێش دەستی کردبێ. بەڵام ئەو باسە دوایی هاتبوو و رەبتی شێوەیەکی فەرمانی هەیئەتی ئەرکانی جەنگی جبهە کرابوو. ئەمجا عومەرخان چووبوو ناوچەی سەرشیو و خورخورە، لە گەڵ ئاغاسالَح کەوتنە راپۆرت نووسین لە دژی حەمەرەشیدخان.

بەلام راپۆرتەکانی عمرخان نرخێکی نەبوو. چونکە عومەرخان لەلای لەشکر و قازی مەحەممد ئیمتیحانی راستی و خاوێنی خۆی دابوو. شکایەتی هەزاران خەڵکی ئەو ناوە سیمەتی خۆی و لەشکری شکاکی شکاندبوو، نرخێک بۆ خۆی و لەشکرەکەی نەمابوو.

چونکە کردەوەکانی ئەم، کردەوەکانی حەمە رەشیدخان و لەشکری بانەی داپۆشی بوو. لەبەر سووکی کردەوەکانی لەشکری شکاک سەری قازی محەممەدیش پێ شۆر ببوو.

جێی ئاماژەیە کە پێشتر حەمە رەشیدخان داوای کۆمار کرد بوو کە هێزی شکاک بێن لە جێگای هێزی دێبۆکری و گەورک جێگیر بن. محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٢٢٦ ی بەشی یەکی کتێبەکەیدا دەنووسێ:

لەشکری شکاک بۆ دێهاتی دێبوکری

حەمەرەشیدخان دەمێک بوو هەستی بەوە کرد بوو کە عەشیرەتی دێبوکری و گەورک لەگەڵ حکومەتی ئێران لە ژێرەوە رێککەوتوون. هەر کە گەیشتە سەرا - بۆ قازی محمد و وەزیری جەنگی نووسی. لەبەر ئەوەی کە زۆر باوەر بە عەشیرەتی گەورک و دێبوکری ناکەم، بە پێویستی ئەزانم کە دەستوور بدەن لەشکری شکاک بێنە جبهەوە لە دێهاتی ناچیت – دوشتەپە- حەمامیان – شێخلەر- تازەقەڵا – کانی درێژ – گلۆڵان دابەزن بۆ ئەوەی کە ئەو دوو عەشیرەتە لە هیچ کاتێکا نەتوانێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرامبەر بە هێزی دیمۆکرات هیچ سەرکەشێک بکات.

بەڵام لەوکاتەدا نووسراوەکەی حەمەرەشیدخان بە چاوێکی بێ غەرەزانە تەماشا نەکرا. هەتا حەرەکاتی حکومەتی لە (قاراوا) دەستی پێ نەکرد. یاداشتەکەی حەمەرەشیدخان بێ نرخ مابۆوە. ئەمجا لەشکری شکاک - زەرزا- پیران - مامەش - محاڵی شارویران نێزانە جبهەی سەقز و سەردەشت. وە بیر و باوەر بەرامبەری ئەو دوو عەشیرەتە کز هەڵگەرا.

جێی ئاماژەیە کە پەیوەندی نیوان مەلا مستەفا و حەمە رەشیخانی بانە زۆر خۆش نەبوو و لەسەر شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ عەشایری رای جیاوازیان هەبوو. محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٢٢٤ ی بەشی یەکی کتێبەکەی دا دەنووسێ: مەبەستەکانی حەمەرەشیدخان و مەلا مستەفا لە ئێران!

لە رۆژی ١٩٤٦/٥/٢ مەلا مستەفا بۆ سەرکەشی لەشکری بارزان هاتە سەرا وە لە ١٩٤٦/٥/٦ دا چوو بۆ ناو عەشیرەتی دێبوکری لە ژێر زەمانەتی خۆیا- ئەحمەدئاغای حاجی بایزئاغا و قاسم ئاغا و سەلیم حاجی مەحمود ئاغا و مارف ئاغا و ئاورەحمانی ئاغای ئیلخانی زادەی لەگەڵ خۆیا برد بۆ سابڵاغ.

هەر یەکەیان بە وەزیفەیەک لە حکومەتی قازی محەممد دامەزراند و عەزیز ئاغای کولتەپە و کەریم ئاغای قونقەڵای، بە ئەندامی ئەنجومەنی ئەیالەتی دامەزران. لەگەڵ دێبوکریەکان زۆر بە مرۆتانەوە جوڵایەوە.

بەڵام حەمەرەشیدخان ئەو رێکەوتن و قەدرگرتنەی دێبوکریەکانی پێ ناخۆش بوو. چونکە ئەیزانی هەر کاتێ کە لەێ وەک یەک بیری لە نێوانی مەلا مستەفا و دێبوکریەکان پەیدا ببێ، نێوانی حەمەرەشیدخان و مەلا مستەفا تێک ئەچێ. چونکە ئەو ئاغایەنە ناهێڵن حەمەرەشیدخان و مەلا مستەفا بەیەکەوە بژین.

جا بەو هۆیەوە حەمەرەشیدخان نووسراوەیەکی نهێنی دوور و درێژی لە مەلا مستەفا نووسی بەم وشانە خوارەوە.

کاک مستەفا!

تۆ وەکو من نیهاد و کردەوەی عەشیرەتی دێبوکری ناناسی. ئاغایانی دێبوکری بە ناوی دۆستایەتییەوە خراپە لەگەڵ حکومەتی قازی مەحممەدا ئەکن.

لەدوا رۆژیشا دڵی تۆ لە من ئەرەنجێنن و بە ئاواتی کۆنی خۆیان ئەگەن. من وای بە باش ئەزانم هەتا ئەو ئاغایانە تەرکی ئێران پەرەستی نەکەن، نەخرێنە بەرچاوی عەتفەوە.

ئەو ئاغایانە لەناو مەحوەری علی ئاغای ئەمیر ئەسعەد دان کە گەورەی هەموو لایەکیانە و عەلی ئاغاش ئێستا لە تاران خەریکی نەخشە کێشانێکی خراپە لە دژی دیمۆکرات. واشمەزانە کە لە غەیرەز خزمەتی کوردستانی ئازاد لەو نووسراوەدا هیچ مەبەستێکی ترم ببێ. تەنیا ئەوەندە ئەزانم کە ئەو ئاغایانە خراپ و ئیش تێکدەرن.

لە درێژەدا مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٢٢٥ ی ئەو سەرچاوەیە دا دەنووسێ:... ئەوەڵ کەسێکی کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەلاماری شکستەی بارزانیەکانیشی دا ئەو حاجی بایز ئاغای دێبوکری و ئاغاوەتی گەورک و مەنگوورانە بوون کە مەلامستەفا پشتی پێ بەستبوون و دەرەجات و مەنسەبی بۆ وەرئەگرتن.

یەکێکی دیکە لەو کەسانە کە زۆر بەرهەڵستی حەمە ڕەشیدخانی کرد، سەهەنگ بەکر عەبدولکەریم حەوێزی بوو کە فەرماندەی دەستەیەکی گەورەی بارزانی و کەسێکی بە وەج و قارەمان بوو. ناوبراو لە لاپەڕەی ٥٣ کتێبی"گەشتێک بە کۆماری مەهاباد دا" لەسەر حەمە ڕەشیدخان دەنووسێ، کە لە نێو عەشیرەتان دا بە ناوبانگ بوو، بۆیە کۆمار ویستی کەڵکی لێوەرگرێ، بەڵام مەتمانەیان پێی نەبوو و هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی نەبوو. لە شەڕی قاراوادا هەر گوێی لە تەقەی تفەنگ و هاڕەی تەیارە بوو، ویستی ئاوایی سەرا بە جێ بێڵێ، بەڵام میرحاج نەیهێشت. سەرهەنگ حەوێزی لە درێژە دا دەنووسێ کە حەمە ڕەشیدخان بە بارزانییەکان ڕانەدەگەیشت، بۆیە ئەو خەڵکی لێ هان دا کە بە قسەی نەکەن. لەبەرانبەریش دا حەمە ڕەشیدخان دەستەی چەکداری ئامادە کردوە کە ئەوی بکوژن.

حەویزی لە لاپەڕەی ٥٤ دەنووسێ کە گووندی سەرا نیزیک بە ٣٠٠ ماڵ بوو. باغ و باغاتی زۆر بوو و ئاشی هەبوو. حەمەد ئاغای عەباسی کە ئەندامی پارلمان و خویندەوار و لەگەڵ خەڵک باش بوو، ماوەی ٦ مانگ خزمەتی زۆری بە حەمە ڕەشیدخان و چەکدارەکانی کرد. بەڵام حەمە ڕەشیدخان چاوی بڕیە موڵک و ماڵی و ئەو بە ناچار هەڵات بۆ سەقز و حەمە ڕەشیدخان بایی یەک میلون تمەنی لە توتن و دەغڵ و دانی ئەوی فرۆشت و هیچی نەدا بە کۆمار.

بەکر حەوێزی لە لاپەڕەی ٧٢ دا ئاماژە بە نامەی گوماناوی سەرلەشکر هومایونی بۆ حەمە ڕەشیدخان دەکا کە تێیدا هیوای سەرکەوتنی بۆ خوٚاست بوو. حەوێزی لە درێژەد دا دەنووسێ کە حەمە ڕەشیدخان دوای ١٠ ڕۆژ وەڵامی نامەی هومایونی داوە. حەوێزی دەنووسێ کە پێشەوا قازی لەو کارانە ئاگادار کردوە و ئەو بە بروسکەیەک حەمە ڕەشیدخانی لە فەرماندەری بۆکان - سەرا لابرد. بە پێی لاپەڕەی ٧٣ ئەو سەرچاوەیە حەمە ڕەشید خان لە نامەیەک دا بۆ پێشەوا دەنووسێ:

بە نامەی ڕەئیس بەکرێکی نەناسراو، منت شکاندەوە و لە فەرماندەییت خستووم. بەڵام من کابرایەکی نیشتمانپەروەرم.

بە دوای ئەوانە دا بارزانی لە سەرا، لەگەڵ حەمە ڕەشیدخان کۆ بۆوە و دواتر بە حەوێزی دەڵێ کە حەمە ڕەشیدخان رووخاوە و دەچتەوە عێراق و هەرچەند تاوانەکەی گەورەیە بەڵام ڕێگای بدە بڕوا و کوشتاری لێ نەکەی.

ئیدی حەمە ڕەشیدخان ڕێگا درا کە بڕواتەوە بۆ عێراق و بە جێگای ئەو مستەفا دیاری کرا. لەوکاتانەدا دەنگۆ بڵاو بووە کە مستەفا بە دژی بارزانییەکان گوتوویە کە بەکەڵکی هیچ نایەن و جیگای مەتمانە نیین و شەڕکەر نیین و دەبێ بە جێگای ئەوان کەسانی دیکە لە بەرە دابندرێن. ئەو دەنگۆیە بوو بە هۆی ئەوە کە هێزەکانی بارزانی لە هێندێک شوێنی بەرەکانی شەڕ بکشێنەوە دواوە. پێشەوا داوای لە شێخ ئەحمەد دەکا کە پێش بەوکارە بگرێ و شێخ ئەحمەد چووە بەرەی سەقز و پێشمەرگەکانی گێڕاوە شوێنی خۆیان و داوا لە سەرهەنگ بەکر حەوێزی کرد کە بە جێگای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مستەفا ببێ بە فەرماندەری سەرا و بۆکان. بەکر حەوێزی دەنووسێ کە زۆری هەوڵ دا تا شێخ رازی بکا کە مستەفا کاری ئەوتۆی نەکردووە و بۆیان تێچاندووە، بەلام شێخ قبووڵی نەکرد.

لەگەڵ ئەو هەمووە ناکۆکییانەی کە حەمە رەشید خانی بانە لەگەڵ هێزی عەشایر و فەرماندەکانی بەرەی شەڕ هەیبوو، سەرۆک عەشایری خائین و ڕێژیمی ئێران بە هەموو شێوەیەک هەوڵیان دەدا کە پشت لە کۆمار و هاوکاری ڕێژیمی ئێران بکا. یان بگەرێتەوە بۆ عێراق. محەممەد ئەمینی مەنگوڕی کە راوێکاری سیاسی حەمە رەشیدخان بوو لە لاپەڕەی ١٧٨ ی بەشی یەکی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." لەسەر پلانی ڕێژیمی ئێران بۆ راکێشانی حەمە رەشیدخان بۆ لای خۆی دەنووسێ: ئێرانیەکان لەو سەروبەندەدا زۆر تەلاشیان ئەکرد کە حەمەرەشیدخان لە قازی مەحممەد هەڵبگەرێتەوە و حکومەت ئەو شتانەی خوارەوەی بۆ پێك بێنێ:

هەموو مانگێک ٣٠ هەزار تمەن مووچەی هەبێ.

ناوچەی سەرشیو و خورخورەی هەموو بدرێتێ.

کە لێک ئەمین بوون - بانەی بۆ چۆل بکەن. لەسەر ئەو شەرت و پەیمانەی کە لە وەختی خۆیا لە گەڵ سەرهەنگ ئەرفەعی ڕێک کەوتن پێکهاتوە لە ١٩٤٢.

هەتا بۆ ئەو باسە مەحەممدئاغای عەبباسی - بە نهێنی شەوی ١٥ی مارتی ١٩٤٦ هاتبوو (سەرا) و چاوی بە حەمەرەشیدخان کەوتبوو. وە نووسراوەی تایبەتی حکومەتی ئێرانی بەم بەندانە بۆ هێنابوو.

بەلام حەمەرەشیدخان رەفزی ئەو داخوازەی کردبوو. وتبووی من لە غەیرەز پێشکەوتنی قازی مەحەممد و ئازادی کوردستان شتێکی ترم مەبەست نیە. ئێرانییەکان زۆر لە حەمەرەشیدخان ئەترسان. ناویان لێنابوو (گورگی سیاە) گورگی رەش. چونکە لە بەسەرهاتی (بانە)دا زەربەی چاکی لە ئێرانیەکان دابوو. باوەریان وابوو ئەگەر قازی مەحەممەدیش تەسلیم ببێ، حەمەرەشیدخان جارێکی تر ئەو هێزەی بۆ ئێران ئەنێتەوە. هەتا نیهایەت بەربەرەکانیان لە گەڵا بکات.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٧٦ ی بەشی یەکی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." باسی بەهێند نەگرتنی حەمە رەشیدخانی بانەوە لە لایەن قازی محەممەدەوە دەکا و دەنووسێ:

لە رۆژنامەی ئەرتەشی ئێرانا بە بەرواری ١٥ بەهمەن ١٣٢٥ بڵاوکرابۆوە کە هەتا ئەو تاریخە لە کوردستانی مەهابادا ١٧ هەزار تفەنگ دراوەتەوە دەست حکومەت.

قازی مەحەممدیش شتێکی بێ لوتفانەی دەرحەق بە حەمەرەشیدخان کرد. هەر خوێرێکی راست ئەبۆوە قازی محمد ٢٠ و ٣٠ تفەنگی خەلات ئەکرد. حەمەرەشیدخانێکی وا خاوەن دەستە و خزم و لەشکر و فەرماندەیەکی وا زلی جەبهە، باوەری ١٥٠ تفەنگی پێ نەئەکرد. وە هەموو رۆژێکیش نووسراوەیەکی ئەکردە سەر بۆ ئەو چەند تفەنگە قاپۆڕ شکاوانە.

هەرچەند مەنگوڕی باسی ئەو بابەتە دەکا بەڵام حەمە رەشیدخان بە کردەوە کۆماری بەجێهێشت. ئەو نەیدەویرا خۆ بە دەست ئیرانییەکانەوە بدا. چوونکە تۆڵەی گرتنی سەقز و ئاور تێبەردانی بانەیان لێدەکردەوە. حەمە رەشیدخان لە عێراق ئەمنییەتی تەواوی هەبوو و هەر ئەوەش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که له دژی حکومەتی عێراق کردەوەیەکی ئەوتۆی نەکرد بوو، ئەو گومانە بەهێز دەکرد که ئەو له پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی ئینگلیس هێرشی بۆ سەر سەقز و بانە کرد بێ و وەک لەمپەرێک بۆ بەرگری کردن له پەرەگرتنی نفووزی رووس بۆ لای سنه و کرماشان کەڵکی لێوەرگیراوە. محەممەد ئەمینی مەنگوڕی له لاپەڕەی ١٦٥ ی بەشی یەکی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." باسی ئەو خاڵانە دەکا که حەمە رەشیدخانی بانە له لایەنکوردانەوە پێی تاوانبار کراوە و دەنووسێ:

تاوانی حەمەرەشیدخان له ناو کوردستانی مەهابادا

حەمەرەشیدخان له ئێرانا له حکومەتی قازی مەحەممەدا بەم تاوانەی خوارەوە تاوانبار کرا:

١ - سێ هەزار تمەن و سێ تفەنگی له ئاغامامەندی (بازیبلاغ)ی ناوچەی سەقز ستاندوە.

٢ - شەش تفەنگ و هەزار تمەنی له عەلی رەزا خانی ئەردەڵانی ستاندوە.

٣ - هەزار تمەنی له شێخ ئەسعەدی ئاغای دێی کەس نەزان ستاندوە.

٤ - سێ سەد سەر حەیوانی له ئاغاوەتی ناوچەی گەورکی سەقز ستاندوە.

٥ - دەهەزار پووتی گەنمی له حەمە ئاغای سەرا چەنگ کەوتوە لەگەڵ واریداتی (٧) دێ دا.

٦ - ٢٠٠ لباد و١٠٠ لێفە و٤٠ بەڕەی له خەڵکی دەورو پشتی ناوچەی سەقز ستاندوە.

٧ - زەخیرەی ١٥٠٠ نەفەری وەرگرتوە لەشکرەکەی ئەوەندە نەبووە.

٨ - دار وسووتەمەنی ( تەپاڵەی) له خەڵک ستاندوە.

٩ - گەنمی حەمەئەمین خانی ئاخکەند و حاجی سەلیم خانی قشلاغ و ئەمیرخانی مرخوز و ئاغای مامەندی یازیبلاغی دەست بەسەر داگرتوە.

١٠ - نیزیکەی ٥٠ تفەنگی له ئەهالی ناوچەی سەقز ستاندوە.

١١ - حەمە ئاغای سەرای تالان کردوە.

١٢ - تفەنگ و فیشەکی دیمۆکراتی خواردوە. فیشەکی تەواوی بە سەر لەشکرا دابەش نەکردوە.

١٣ - له ٢٩ی نیسانی ١٩٤٦دا نەهێشتۆوە مستەفا (کەلی باڵوقای ئەحمەدئاوا) بە جێبێڵێ و بچێ بە هاواری بەکرئاغا – مانای ئەوەیە که له گەڵ قازی مەحەممەدا راست نەبۆوە.

١٤ - له ١٦ئ حوزێرانی ١٩٤٦ دا که شەری (مامەشا) کراوە لەگەڵ ئێرانیەکانا، حەمەرەشیدخان فیشەکی نەداوە بە فەرماندەی ئەو ناوچەیە کاک مستەفا ، بۆ ئەوەی ئێرانییەکان سەرکەون و لەشکری بارزانی شکست بێنێ.

١٥ - بە برواری ٢٨ی تەموزی ١٩٤٦ نووسراوەیەکی گیراوە که بۆ سەرهەنگ فیروزی نووسیوە بۆ سەقز.

١٦ - بە برواری ١٠ی ئابی ١٩٤٦ چاوی بە (سیدعلی حجازی) فەرماندەی پۆلیسی بافیستانی – عێراق کەوتوە له دێی (سەیران بەنی – ئێرانا).

١٧ - ئاغای سالحی سوڵتان پەنا – گەورەی ناوچەی سەرشیوی سەقز که نەهاتۆتە ناو هێزی دیمۆکراتی کوردستان لەبەر حەمەرەشیدخان بووە.

١٨ - ئاغا رەشیدی تازەقەڵا بە فەرمانی حەمەرەشیدخان تفەنگی پێوەنراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٩ - حەمەرەشیدخان بە فدەرمانی ئینگلیسییەکان چۆتە ناو دیمۆکراتەوە بە فەرمانی ئەوانیش گەراوەتەوە بۆ عێراق.
٢٠ - موخابرات و ئیخباراتی ئیدارەی لەشکری فەرماندەیەتی لەگەڵ خۆیا بردۆتەوە بۆ عێراق نەیداوەتەوە دەست جێنشینی خۆی لە (سەرا) دا، مانای ئەوەیە کە بۆ ئینگلیسییەکانی بردۆتەوە بۆ عێراق.
٢١ - جا حەمەرەشیدخان لەپاش ئەوەی کە گەرایەوە بۆ عێراق ئەو شتانەی سەرەوەیان بۆ کرد. بە تاوان و بە تار وموسیقای هەموو کوردێکی ئێران لێ ئەدرا.
جا لەبەر ئەوەی کە ئەمن ئاگادار بووم بەسەرئەو رووداوانە دا ئەوا وەکوو رووداوەکانی تر لە رێگایەکی راست و زەمیر پەرەستیدا بۆتانی روون ئەکەمەوە، هەر وەکو کە لە مەهاباد بوو دایرەی پرسیاری تایبەتی قازی مەحەممەدم روون کردۆتەوە.
هەرچەند بە هێچ شێوەیەک ناکرێ پێکەوە بەراوەردی کەسایەتی مەلا مستەفای بارزانی و حەمە رەشیدخان بکرێ بەڵام بۆ ناسینی باشتری کەسایەتی حەمە رەشید خان پێویستە  ئاماژە بە نووسینی محەممەد ئەمینی مەنگوڕی بکرێ کە لە لاپەڕەی ١٦٢ ی بەشی یەکی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." باسی جیاوازی ئەو دوو کەسایەتییەی دەکا و دەنووسێ: ناوبانگی مەلا مستەفا و حەمە رەشیدخان لەو کاتە
١ - خزمەکانی حەمەرەشیدخان زۆر بە تەماع بوون، وە بە هیوا و ئۆمێدی تەماع بۆ حەمەرەشیدخان ئەهاتنە جەبهەوە.
زۆربەی لەشکرەکەی حەمەرەشیدخان لە بەگ و ئاغاوەت پێکهاتبوو، ئەوانەش ئەبوو هەموویان لە ماڵی خەڵک باخەڵیان پر کردایە.
راو و رووت و بێ فەڕی ئەوانە ببوو بە هۆی ناوبانگی ناشیرینی حەمەرەشیدخان.
لە دەورەدا حەمەرەشیدخان بۆ یەکێک لە خزمەکانی دێی (گۆلێ) نووسیبوو کە بە خۆی و دەستە و دایرەکەی لە ئێران ئیلتحاقی پێ بکات. ئاغای ناوبراو لە وڵاما بۆی نووسی بۆوە ئەگەر دێیەکەم لە ( دێیە)کانی حەمەئاغای سەرا ئەدەیتێ ئەوا دێم بۆ لات و لە پێچەوانەی ئەوەدا بمانبەخشە.
بەڵام لەشکری مەلامستەفا لە غەیرەز مەلا مستەفا زیاتر دەم راستی تریان نەبوو. شێخانی بارزانی ئیمتیازێکی دینی و موقەدەسیان هەبوو بەسەر هەموو عەشیرەتەکەیانەوە.
میللەتی بارزان بەرامبەر خۆشەویستی خانەوادەی بارزان لەوپەری پەرەستندا بوون. مەسالیحی میللەتی بارزان پێشکەوتن و سەربەرزی خانەوادەی  شێخانی بارزان بوو نەک شتێکی تر.
دەستەی حەمەرەشیدخان لەسەر ٢٠ کیلۆ شەکر محاسەبەی حەمەرەشیدخانیان ئەکرد، بەڵام میللەتی بارزان لە مقابیل ٢٠ هەزار تمەن داوای نانێکیان لە مەلامستەفا نەئەکرد.
٢ - لە ئاژاوەی شەهریوەری ١٩٤١ دا بە هۆی هەندێ کردەوەی ناشیرینی خزمەکانی حەمەرەشیدخان، ناوبانگی حەمەرەشیدخان بە تالانچی و پیاو خراپ و تەماعکار بڵاو ببۆوە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەشایرەکانی ئێران حەزیان بە نفووزی حەمەرەشیدخان نەئەکرد لە ئێرانا. بۆ ئەوە پەلەقاژەیان ئەکرد کە حەمەرەشیدخان لە حکومەتی قازی محەممەددا پێش نەکەوێ چونکە حەمەرەشیدخان شارەزای هەموو هەست و نەستێکی عەشایرەکان بوو کە تا چ ئەندازەیەک دەستی فروفێڵینان هەیە.

مەلا مستەفا تازە هاتبوو ئێرانەوە، هیچ کەسێکی تووشی ئازار نەکردبوو ناوبانگێکی میللی تازە بە تازەی بە دواوە بوو.

عەشایرەکانی ئێران مەلا مستەفایان هان ئەدا کە شتێکی وا بکات حەمەرەشیدخان نەخرێتە ژێر چاوەدێری حکومەتی مەهابادەوە. بۆ ئەوەی کە لە بازارێکی شێواوا دزی بکەن و لە ئاوی لێڵا ماسی بگرن.

٣ - حەمەرەشیدخان بەرامبەر بە دەستەی خوێندەواری زۆر ئاشنایەتی نەبوو. وە گیانێکی سەرکێشی و غرووری تێا هەبوو. هەموو شتێکی بە بێ نرخ هەڵئەگرتەوە.

بەلام مەلا مستەفا بە پێچەوانەی ئەو بوو. هەر لە زووە لە شتی بچووکی ئەکۆڵێوە و نەیئەیویست زل بێ. وە لەگەڵ دەستە و دایرەی خوێندەواریدا زۆر ئاشنا بوو. وە لەهەمان کاتا رەئیسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو کە لەو کاتەدا بە ئیزافەی هێزی لەشکرکەشی و تەوانای خۆیەوە، حیزبێکی گەورەی دیموکراتی کورد پشتیوانی لە ناوبانگ و بیر و باوەری ئەکرد.

٤ - حەمەرەشیدخان عەلاقەیەکی مادەپەرەستی هەبوو ئەیەویست شعوور و دەسەلاتی عەشایری و دەوڵەمەندی خۆی بپارێزێ. وە ملک و دێهاتەکانی ئاوەدان و زۆرتر بکات.

بەڵام مەلا مستەفا ناوبانگی مەدەنی و قەومییەتی پێ لەو شتانە باشتر بوو و زۆر بە تەنگ دەوڵەت و ملک و (مەڕ) داری یەوە نەبوو. چونکە تەبیعەت وای هێنابوو کە شێخانی بارزان خۆیان لە گەڵ دێهات و ملکداری نەبێ. هەتا بە هەموو شێخەکانی بارزان، لە بارزانا باغێکیان هەیە. ئەهمیەتیان بە دەوڵەمەدی و ئاغایەتی نەداوە. چونکە هەموو میللەتی بارزانی خۆیان بە موڵکی شێخانی بارزانی زانیوە و شێخەکانی بارزانیش خۆیان بە ماڵی میللەت زانیوە بە بێ فەرق و نێوانی.

ئەو شتانەی خوارەوە بوونەتە هۆی ئەوەی کە ناوبانگ و بیر و باوەری حەمەرەشیدخان و مەلا مستەفا بە یەک تەرازو نەکێشرێن. لەو کاتەدا مەلا مستەفا بێ موڵکە، حەمەرەشیدخان خاوەنی ١٢ دێیە. مەلا مستەفا جەنگی لە گەڵ عێراقا کردوە. حەمەرەشیدخان هیچ تۆهمەتێکی عێراقی بە سەرەوە نیە.

مەلا مستەفا حوکمی ئیعدامی عێراقی بۆ دەرچوە، حەمەرەشیدخان هیچ تاوانێکی عێراقی بە سەرەوە نییە.

هەر درێژەی ئەو باسەدا محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٥٢ ی بەشی یەکی کتێبەکەی دا دەنووسێ:

مەلا مستەفا – لە باری لەشکر و هاورێ خوێندەواری و بێ تەماعیەوە لە حەمەرەشیدخان پێشکەوتووتر بوو. بەڵام حەمەرەشیدخان لە بارەی ناسینی عەشایرەکانی ئێران و رەوشت و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سابیقەی رابردووی خەڵکی ئێران لە مەلا مستەفا شارەزاتر بوو. حەمەرەشیدخان زۆر سەرکێش بوو، هەموو بەسەرهاتێکی جیهانی بە بێ نرخ تەماشا ئەکرد. زۆر لەگەڵ دەستەی خوێندەوار و قەڵەما ئاشنا نەبوو.

دۆستایەتی عەشایری لە خوێندەواری بەلاوە باشتر بوو. بەڵام مەلا مستەفا هیزی خوێندەواری تەفسیل ئەدا بە سەر چەکدارا. حەمەرەشیدخان زۆر بێ مبالاتانە ئەجولاوە. لای وابوو راستی ژێر درۆ و بوختان و ناپاکی ناکەوێ لە هەموو کاتێکا هەر راستی پێش ئەکەوێ. بازاری ناراستی و پێچەوانە هەر تا سەر یەک بازاری ئەبێ.

پتر ئەفسەر فەرارییەکانی عێراقی لە ئاقاری حەمەرەشیدخان درۆ و پیلانیان رێک ئەخست کە دڵی مەلامستەفا و قازی محەممد لە حەمەرەشیدخان برەنجێنن و سوڵتاتی رووسەکانیش لە شوێن خۆی بەم راپۆرتانە ئاگادار ئەکران.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لەدرێژە دا لە لاپەڕەی ١٨٤ ی بەشی یەکی کتێبەکەی دا لەسەر حەمە رەشیدخانی بانە دەنووسێ:

بەڵی لە هیندێ جێگادا مادەپەرەستی بە کار هێناوە. وە لە هەندێ جێگادا ویستوویەتی دەستی غەرەز بوەشێنێ. بەڵام ئەو وێنە شتانە لەناو جەرگەی شۆڕشا بە تەبیعەتی زرووف و زەمان دروستیان ئەکات کە مرۆڤ بە ناچاری بکەوێتە ناویانەوە.

## پەیوەندی رێژیمی ئێران و حەمە رەشیدخانی بانە

سەرەڕای ئەو بەرگری و پاوساو هێنانەوە بۆ ئاکاری حەمە رەشید خان، ورد بوونەوە لە ئاکاری ئەو دەردەکەوێ کە ئەو بە رێنموونی دەوڵەتی ئینگلیس و عێراق کە خوازیاری بەهێز بوونەوەی دەوڵەتی ئێران بوون، هەوڵ دراوە کە کۆمار بەجێ بێڵی و تەنانەت هەر لە ئەوەڵی هاوینی ١٣٢٥ هێندێک بەڵێنیش، وەک پاراستنی ئەمنی ناوچەی بانە بە ئەو و کەسوکاریی و هێندێک عەشایری بانە دراوە. لەوبارەوە محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٥ی بەشی دووهەمی کتێبەکەیدا، دەنووسێ: بەڵام لەبەر ئەوزاعی هەرەج و مەرج حەمە رەشید خان نەزەرییەی دەرحەق بەم حکومەتە گۆڕا بوو ئیعتباری بە قازی محەممەد و هەیئەتی کاربەدەستان نەمابوو. جا بەو مناسبەتەوە ئەیهەویست لە خاریجی نفووزی قازی محەممەد لە ئێرانا مەرکەزێک بۆ خۆی دروست بکات. بەو مناسبەتەوە لەگەڵ ئێرانییەکان لە ژێرەوە دەرگای موخابەراتی بە واسیتەی شێخ جەلالی نەقشبەندی خانەقا کردەوە. دوو نووسراوەی رەزم ئاراتان لەم خسووسەوە بە عەرز ئەگا:

ئاغای محەممەد رەشیدی قادرخان زادە

هەتا پێش ملاقات لە سەرا فکری من بەرامبەر بە تۆ نەوعێکی تر بوو. بەڵام پاش چاوپێکەوتنتان لە سڕی ئێحساسات و ئەفکاری تۆ گەیشتم کە بە کوللی ئەوە نییە کە من فکرم لێ ئەکردەوە. حەمییەتی تۆ بە حەدێکی زۆر تەقدیر ئەکرێ. لەبەر ئەوەی کە من لە تاران بە واسیتەی قازی محەممەد تەئخیر بووم بە لازمم زانی نەزەرییەی خۆم بە تۆ رابگەیەنم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆر مائیلم کە ئیشم لەگەڵ دا بکەی بۆ هەمکاری من نیزیک ببییەوە. ئێرانی ئەمڕۆ زرورەتێکی زۆری بە بە هەمکاری تۆ هەیە و من شەخسەن بۆ ئەو جەهەتە لە تەلاشام. لە ملاقاتی دوو جاری دیداری تۆ دا زۆر زۆر خۆشوەخت بووم. بۆ خزمەتی ئێران حەمییەتی قەلبی تۆ بە لازم ئەزانرێ.

ئەو لەسەر تەشەبوس و رەجای تۆ (عەلی جوانمەردی) لە کوردستان مەرەخەس کرا. راجع بە قەزییەی پۆستی میرەدێ لەگەڵ قازی محەممەد مزاکرە کراوە کە هیچ مداخلەیەک نەکرێ و بۆ قسمی ئیختیلات و هاوکاری لەگەڵ سەرتیپ هومایونیدا، یا خۆت یان کورێکی خۆت ئەبێ ملاقاتتان ببێ. دەرگای ئیرتیبات و لێک نیزیکی بە یەکەوە بکەنەوە و لە غەیرەز چاکە و موحیبەت لە شەخسی من ئینتیزارێکی ترتان نەبێ.

رەئیسی ستادی ئەرتەش- سەرلەشکر رزم ئارا

١١/٤/١٣٢٥

لەبەرئەوەی کە حەمە رەشیدخان لە وروودی ئەو نووسراوەی رەزم ئارایەدا فەرماندەی جەبهە بووە بە خەیانەتی ئەزانی کە هیچ گوونە ئەهمییەتێک بەو وێنە تەلتیف و دڵنەوازییە بدات بۆ شەخسی خۆی جوابی ئەو نووسراوەی، بە عیبارەتی خوارەوە بۆ رەزمئارا نووسیوە بە شێوەیەکی ئەنسالی رەسمی:

جەنابی رەئیسی ستادی ئەرتەشی ئێران سەرلەشکر رزم ئارا

موقابیل بە نووسراوەی ١١/٤/١٣٢٥ تان جیدەن تەشەکوری ئێحساساتی بەرز و بیری ئامۆژگاری و یەک گیانی هاوجنسی و هاومیهەنیتان ئەکەم. لەبەر ئەوەی کە خانەوادەی من پدەرەن بەر پدەر ئەو مەرحەلەی نیشتمان پەرەستی و ئازادیخواهییەتەیان تەعقیب کردووە منیش بە واجباتێکی ئێرسی پدەری ئەزانم کە هەتا نهایەت تەی ئەو مسافەیە بکەم و تەلەبی هاوکاری و هاومیهەنی من لە تۆ تەنها ئەوەیە کە بۆ هەدەفێکی ئازادیخواهی ئەبەدی و نهایی ئێمە ئیشتراک و کۆمەگی بکەن و بەو ناوە من حازری هامگیانی و برایەتی ئێوە ئەبم.

ژێنرال محەممەد رشید قادرخان زادە

فەرماندەی هیزی بۆکان و سەقز لە سەرا

١٦/٤/١٣٢٥

بەڵام لە دوای ئەوەی کە لە وەزیفەی ژێنراڵی ئیستقالەی قەبووڵ کرا، بە واسیتەی ئەحمەد خانی خەلیل خانەوە بۆ ئیتسال لەگەڵ ئێرانییەکانا، شێخ جەلالی نەقشبەندی وادار و ئاگادار کرا کە ئیتسال لەگەڵ سەرهەنگ هومایونی و رەزم ئارا پەیدا بکا بۆ تەنفیزی ئەو قەراردادانەی کە لە وەختی خۆیا بە عەرزم گەیاندن.

ئەوا نووسراوەی دووهەمی رەزم ئارا لە خوارەوە ئەخوێننەوە:

ئاغای محەممەد رشیدی قادری خان زادە

نەزەر بە مەوزوعی تەخلییەی بانە لە قواتی دەوڵەتی شاهەنشاهی دەستووراتی کامیل بە سەرتیپ هومایونی دراوە و جەنابی شێخ جەلالی نەقشبەندی بەم وەسیلەوە عازمی ئەو تەرەفە

ئەبێ. لە مەنتەقەی بانە ئینتزار بکەن تا کاری ناوبراو قەرییەن خاتیمە وەرئەگرێ.

رەزم ئارا

رەئیسی ستادی ئەرتەش - سەرلەشکر ١٥/٥/١٣٢٥

## دەست لە کار کێشانەوە و گەڕانەوەی حەمە رەشید خان بۆ عێراق

حەمە رەشیدخان لە زۆر لاوە بەربەرەکانی دەکرا و تەنانەت لە هاوینی ساڵی ١٣٢٥ دا دەستەڵاتی تەواوی بەسەر عەشایری بانەش دا نەبوو و لە قسەی دەردەچوون و بەرەیان بەجێدەهێشت. محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٣ بەشی دووهەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." باسی چۆل کردنی بەرەی شەڕ و ئەوی چۆن پێشەوا داوای لە حەمە رەشیدخان کردووە کە وەکوو هێزی شکاک، هێزەکانی خۆی بڵاوە پێ بکا و دەنووسێ:

چۆل کردنی جەبهە

رۆژی ٢٧/٤/١٣٢٥ قازی محەممەد لە تارانەوە گەڕاوە سابڵاغ بۆوە و حەمە رەشیدخانی جەلبی سابڵاخ کرد و دەستووراتی بڵاوەپێکردنی لەشکرەکەی پێ ئیبلاغ کرد لەسەر ئەو قەراردادەی کە لە وەختی خۆیا عەرز کرابوو و بە بڵاوبوونەوەی ئەو خەبەرە ئاغا سالح سوڵتان پەنا لەگەڵ سەروان مەنسوور پوور دا، هێرش ئەکەنە سەر حەمە سەدیق خانی سولیمان خانی جاف و حەمەسەدیق توانای مقاوەمەتی نابێ – دگاگا - ئەسوتێنێ و هەڵدێ بۆ عێراق.

حەمە رەشیدخانیشی لە تەئسیری ئازاد کەرانی رێگای ئێرانییەکان و لە داخی بڵاوە پێکردنی لەشکرەکەی و تەئەسوفی بێ ئینتزامی تەشکیلاتی ئەو کوردستانەی کە قازی محەممەد پێکی هێناوە لە رۆژی ١/٥/١٣٢٥ ئیستەقالەیی تەقدیم کرد. بە عیبارەتی خوارەوە:

ئیستعفای  حەمە رەشید خان

بۆ وەزارەتی هێزی بەرزی میللی کوردوستان

لە حاڵی حازرا لەغەیرەز ئاشتی و مسالمەت هیچ شتێکی خەتەر لە کوردستانی مەهابادا مشاهدە ناکەم. لە سایەی لوتف و موجاهیدەتی بەرزی پێشەوای مەحبووبمان لە هەموو جەهەتێکەوە کەماڵی ئەمنیەت و ئاسایش بەرپایە. لەبەر ئەوەی کە مدەتێکە بە هۆی لەشکرکێشی و جەبهە پەرەستی و زەحمات کێش بووم تەقریبەن جوودم عارزی کەسالەت و بێ هێزی بووە، فێعلەن موحتاجم بە مدەتێک فەڕاغەت و ئیستڕاحەت. جا بەو مناسبەتەوە ئیستدعام لە مەڕاحمی بەرزتان داوا ئەکەم، بە عەجەلە فەرماندەیەک بۆ نزارەتی کار و فەرمانی رەسمی لە جێگای من تەعین بکەن و ئیعتبارەن لەم رووە بە نەزەری ئیعتیبار تەماشای ئیستیقالەکەم بفەرموون ئیتر بژین بە بەرزی کوردستانی مەزن و پێشەوای مەحبووب.

محەممەد رەشید قادرخانزادە

فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی سەقز لە سەرا

١/٥/١٣٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەزارەتی شەڕی کوردستان کە ئاگاداری وەزعییەت و هەڵسووکەوتەکانی حەمە ڕەشیدخان بوو، خێرا دەست لە کارکێشانەوەی پەسەند کرد. ئەوە بەو مانایە نەبوو کە لە کۆمار دەربکرێ بەڵکوو پۆستی فەرماندەری سەرا و سەقزی لێئەستێندرا بۆوە. محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٤ی بەشی دووهەمی کتێبەکەی دا، دەنووسێ:

وەزارەتی کوردوستان

ژمارە ١٣٠

ڕۆژ ٣/٥/١٣٢٥

بۆ جەنابی ژێنڕال مایور محەممەد رشید خان قادرخان زادە

وەرامی بەرواری ١/٥/١٣٢٥ جنابت رادەگەینی لە حوسنی نییەت و فداکاریکی کە تا ئەورۆ بە فەوجت داوە. وەزارەتی هێزی کوردوستان موعەزەم بێ ئەندازە سوپاس و تقدیرت لێ دەکا و ئۆمێد ئەکرێ لەسەر غایەی موقەدەس زیاتر فداکاری بکەن و فرموبوت لە کاتی ئەنجامی وەزیفە دا وجودم خستە بووە وموحتاجی ئیستراحەتم ئەوا عجالتەن ئەوڕاد خوازەتان لی قبول کرا. ئیتر مۆفەقییەتت لە ڕێگای مرامی موقەدەسدا لە خوا داوا ئەکرێ.

ژێنڕال سیفی قازی

سەرپەرشتی نیگەهبانی کوردوستان

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٤ی بەشی دووهەمی کتێبەکەیدا باسی کاریگەی دەست لە کار کێشانەوەی حەمە ڕەشیدخانی بانە لەسەر خۆی دەکا و دەنووسێ:

ئەمجا حەمە ڕەشید خان لەهەموو لایەکەوە دەرگای ئیتهام و فەڕحەتی ڕەقیبەکانی لە ڕوودا کرایەوە. هەئەتێ کە عیبارەت بوون لە ئاغایانی (حوسێن فروهەر و عەلی ریحانی) بۆ بازجوویی هێندێ تەحقیقات و تەفتیشی ڕاپۆرای موفسیدان هاتنە سەرا. لەپاش تەواو کردنی تەحقیقاتیان مەعسوومییەتی حەمە ڕەشید خانیان بە چەند شکڵ بۆ دەرکەوت. ئەمجا حکومەتی قازی محەممەد کەوتە سەر تەلتیفی حەمە ڕەشید خان بۆ مانەوەی لە ئێرانا.

لەو قۆناغە دا هەڵسوکەوتەکانی حەمە ڕەشید خان لە بەرژەوەندی کورد و بە پێچەوانەی بۆچوونی مەنگوڕی ئیتهام نەبوون و هەر ئەویش بۆخۆی بە بەڵگە دەیانسەلمێنی. قازی محەممەد ئاگاداری گشت ئەو پەیوەندییە چەوتانەی حەمە ڕەشیدخان لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانی و عێراقی و عەشایر بوو و پێی ناخۆش بوو کە حەمەرەشیدخان بکەوێتە داوی ئەوان و هەوڵی دا کە بیگێڕێتەوە بۆ نێو کۆمار، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. لەوبارەوە محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٧ی بەشی دووهەمی کتێبەکەیدا دەنووسێ:

ئەمجا کە قازی محەممەد بۆی مەعلووم بوو حەمەرەشید خان ئەگەرێتەوە و گەرانەوەشی باعیسی تەفرەقەی عەشایرەکانە، بە ناچاری دوو ماشێن لە گەڵ میرحاج و وەهابی بلوری دا نارد بۆ لای حەمەرەشیدخان کە لەگەڵ ئەو هەیئەتە دا بچێت بۆ سابڵاغ و تەفاهوم لەگەڵ قازی محەممەددا. بەڵام حەمەرەشیدخان ڕەفزی ئەو مەزموونەی کرد. ئەمجا قازی محەممەد بە عبارەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوارەوە نووسراوەیەکی بۆ حەمەرەشید نووسی:

ژمارە ١٣٥٧

رۆژ ١/٦/١٣٢٥

ئاغای ژنێرال مایور محەممەد رەشید خانی قادرخان زادە

لە پاش دۆعا و سڵاوێکی زۆر، نازانم تۆ چ رقێکت لەو بارزانییە فەقیرانەیە. کە هەموو نیسبەتێکی دڵ عاجزیت لێمان حیس ئەکرێ. تۆ سوێندت خواردوە بوو خەیانەت نەکەی کەچی خەریکی خەیانەتیش بکەی، پیاوی چا بە هەستە وەرە بۆ سابڵاغ و گوێ بۆ قسەی فەسادان رامەگرە. هێندێ تەفاهوم لە بەینا هەیە رەفعی بکە. هەرچی تۆ ئارەزووت بێ من وات بۆ ئەکەم.

قازی محەممەد

لە درێژەدا مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٨ ی بەرگی دووی کتێبەکەی دا دەنووسێ:

بەڵام حەمە رەشید خان جوابی قازی محەممەدی نەدایەوە و لەسەر موخابەرەی چەند رۆژی لەمەوبەری ٥٠٠ سواری بانەی لە بانەوە بوو گەیشتە بوغدەکەندی و لە رۆژی ٢/٦/١٣٢٥ حەمە رەشیدخان گەڕایەوە بەرەو عێراق و ئینتیزاری ئەو مقاولە و قەراردادەیەی نەکرد کە لەگەڵ رزمئارا و سەرتیپ همایونی بەستبووی.

هەتا سەرهەنگ ئایرۆم فەرماندەی پادگانی بانە لەشووێ خەبەری گەیاندە حەمە رەشیدخان کە سەرتیپ همایونی بۆ تەنفیزی قەراردادەکانی باسکراو، بەیانی بە تەیارە دێت بۆ بانە نابێ بگەڕێتەوە بۆ عێراق لە پێش مولاقاتی ئەوا. بەڵام حەمە رەشیدخان سەراپا ئەو پەیمان و بڕیارانەی بە موباهەنەوە وەخت لەدەستدان تەلەقی ئەکرد. لە رەغمی ئەوەی کە لە لایەن زۆر دۆست و هاورێکانی بەسەریا ئەهاتن بۆ ئەوەی کە موودەتێک لە ئێران بمێنێتەوە هەتا مەسیری ئیتیفاقی ئێرانییەکان رۆشەن ئەبێ و هەم عێراقییەکانیش سلفەن ئەیزا بە گۆازتنەوەی مەخفەری داروخان و هێندی شرووت ئەکەن.

بەڵام ئاغای (مشاراليه) لە رەغمی ئەو هەموو پێگوتن و بەسەرهاتنیا رۆژی ٢٦ی ئابی ١٩٤٦ واریدی داروخان بووە. حەمەرەشید خان لەو ئاخرەدا مووازنەی ئیشی لە خۆ تێکدابوو. هەرچێکی کە ئەیکرد بە شکڵێکی بێ مووازەنە و حیساب هەڵی ئەکوتایە سەر. ئەوەڵەن حەق وابوو جیابوونەوەی لە قازی محەممەد لەسەر ئوسوولێکی شیرین بوایە. کە هیچ نەبوایە هەیئەتێکی بۆ خوداحافیزی بناردایە بۆ لای قازی محەممەد و یا مووفەسەلەن کاغەزێکی ئیعتزاری مەعقووڵی بۆ قازی محەممەد بناردایە و دیسان حەق وابوو لە حدوود ئینتیزاری بکردایە. چونکە لەو ئینتیزارە دا لە ٣ نوقتەی موهیم حاڵی ئەبوو. ئایا ئێرانییەکان لەو ئیدەعایانە راست ئەکەن یا درۆ. کە ئەڵێن بانەتان بۆ بەجێ دێڵین. دووهەم عێراقی یەکان ئیفا بە وەعدەکانیان دەکەن یا نا و قازی محەممەد خەتایەکی کە بۆ تەلتیف و ئاشت کردنەوەی حەمەرەشید خان تەعقیب ئەکات یا نا. کە هیچ نەبوایە بە واسیتەی نەختێک ئینتیزار حکومەتی عێراق مەجبوور ئەبوو رەسمەن ئعتیرافی بۆ بە هیندێک لەو مەسەلانە بکات کە لە مەوبەر بە زمانی سەید عەلی حیجازییەوە نووسرابوونەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام داخەکەم ئینتیزار کردنەکەی بوو بە سەبەبی ئەوەی کە بە بێ قەید و شەرت خۆی تەسلیم بە حکومەتی عێراق بکاتەوە و هەتا ئەمرۆ لە ژێر ئەسارەتی پۆلیسی عێراقدا بمێنێتەوە.

لە ٢ی ئەیلوولی ١٩٤٦ سەید عەلی حیجازی لە بافستیانەوە بە واسیتەی قووەی شوورتەی سەیاری داروخان بە مەوزوعی خوارەوە بەرقییەک ئەدات بە حەمەرەشید خان.

موحتەڕەم حەمە رەشید خان.

لە بەر ئەوەی کە حەزرەتی وەسی موعەزەم رۆژی ٥ی ئەیلوولی ١٩٤٦ تەشریف ئەبات بۆ سەرسەنگ. ئەیەوێ پێش تەشریف بردنی چاوی پێتان بکەوێ. ئەوا فایق عەلی مودیری شوورتەی سولێمانی هات بۆ پێنجوێن. لە خزمەتانا دێت بۆ بەغدا و لە رۆژی موعەیییەندا زیارەتی وەسی موعەزەم ئەکەی و هەموو ئارەزوو  و موتالەبێکت بە ئەوەڵ زیارەتیان پێک دێ.

مودیری شۆرتەی قوەی سەیاری بافستیان

لەسەر ئەو بەرقییە حەمەرەشیدخان چوو بوو بۆ بەغدا. فێعلەن زیارەتی وەسی موعەزەم و رەئیسولوزەرا ئەفخەمی کرد و بەنا لەسەر تەڵەبی مقاماتی عولیا و سیاسەتی ناهەموار لە جیاتی ئیفا بە ئەجر و چاکە و پێکهێنانی شرووتەکانی کە نسبەتەن هاتنەوەی حەمە رەشیدخان لەو وەختەدا. موفەقییەتێکی گەورە بوو بۆ عێراق و سوێند خۆرەکانی. چونکە گەڕانەوەی حەمە رەشید خان لەو وەختەدا تەئسیرێکی زۆر گەورە و شکستێکی زۆر  فاحشی بە سەرشانی حکومەتی قازی محمد دا هێنا و موقابیل بەو خزمەتە گەورەی کە لە وەختەدا ئاغای حەمەرەشیدخان بۆ قەومی عەرەب و میللەتی ئینگلیس بەجێ‌هێنا، کەچی بە سواری سەییارە، مەسفەحە رەوانەی شاری (رمادیە) کرا هەتا نیهایەتی ئەیلوولی ١٩٥١ هەر لە ژێر  سێتەرەی پۆلیسی رۆمادیەدا مایەوە و لە مانگی ئەیلوولی ١٩٥١دا  لە تەشەدوودی قەزییەی نەوتی ئێران وئینگلیس بۆ تەهدیدی نفوزی ئێرانییەکان و ئیعادەی حەرەکات و غەزوی بۆ ئێران لە حالاتی پێویستا حەمە رەشیدخان جەلبی کەرکووک کرایەوە و حەسارەی پۆلیسیشی لەسەر لابرا.

حەمە ئەمین خانی قادرخان زادە

ئەمجا حەمەئەمین خانی برای حەمەرەشیدخان لە بانەدا مایەوە. نەیوێرا عودەت بکاتەوە بۆ عێراق نەوەکوو مەسیری ئەویش وەکو هی حەمە رەشیدخان حەپسی و نەفی بێ. بەڵام هەر وەکو نەگەڕایەوە بۆ عێراق ئەویش ئەیویست وەکوو حەمەرەشیدخانی کاکەی لەسەر ٣ سێ تەناف بازی بکا. لەگەڵ قازی محەممەد و ئێران و عێراق کەوتە موخابەرە. بە واسیتەی عەلی جەوانمەردییەوە بە تاریخی ١٥/٦/١٣٢٥ بە عیبارەتی خوارەوە قاقەزێکی نووسی بۆ قازی محەممەد.

بۆ پێشەوای بەرزی کورد و کوردستانی موعەزەم

١- ئەسڵەن ئاغای حەمە رەشیدخان لە هیچ رێگایەکەوە موخالیف بە پێشکەوت و مەسالەحی دێموکرات نەبووە و نابێ. بەڵکوو هەتا مردن عامیلێکی ئەساسییە لە رێگای سەرکەوتنی کوردستانا. غایە لە چوونەوەی بۆ عێراق تەنیا ئەوە بووە کە زۆر کەس بە هۆی وجوودی ئەمەوە بەهانەیان بە خزمەت و کەنارەگیری دیمۆکرات ئەگرت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خانیش بۆی نەئەکرا لەوە زیاتر بەرامبەر بە موغریزان چاوپۆشی بکات بەڵکوو لەوە زیاتر مانەوەی خان ئەبوو بە هۆی هێندی کردەوەی ناشیرینی ناحەزان و بە هۆی ئەو کردەوانەش موشکیلات زۆر لە پێشکەوتنی پێشەوای بەرزمان ئەهاتە وجوود.

٢- لەبەر ئەوەی کە ئاغایانی بانەی بە تەئسیرەوە جبهەیان پێ چۆل کرا و لە خزمەتی کوردستانی ئازاد مەحرووم کران، ئەگەر خان لە وەزیفەکەی ئیستعفای نکردایە مەعنای ئەوە بوو کە قیمەتی عەشیرەتی و خزمایەتی بەلاوە نییە. لەناو عەشایرانیشدا رەعایەتی تایفەگەری شتێکی زەرووری یە.

٣- لەبەر موغریزانی زۆر خان بۆی نەئەکرا بە بێ لەشکر و تەبەعە لە وڵاتێکی غورِبەتی دا و لە ناوچەی حکومەتێکی وەکوو ئێران ئیقامەت بکا.

لەبەر ئەوەی کە لەشکرەکەی ئیزن درابوو و خۆی تەنیا مابۆوە، مەجبوور بوو یا بێتە سابڵاغ دابنیشێ و یا بچێتەوە عێراق. لەبەر ئەوەی کە هاتنە سابڵاغی بە تەکلیفێکی زۆر تەواو ئەبوو و بەڵکو هاتنە سابلاغەکەی لە نەزەر خزمەکانیا هیچ فەرقێکی نەئەبوو لەگەڵ ئیختیاری  وەزیفەکەیا. بۆیە مەجبوور مابوو کە بچێتەوە بۆ عێراق.

٤- بۆ ئەوەی کە خزمەتی ئەژدادی ئێمە بە وتەی ناحەزان پایەماڵ نەکرێ و لە سازمانی خزمەتگوزاری و نیشتمان پەرەستیدا بێ مەوقەع و نیشان نەمێنێنەوە، بە خۆم و خزمانی فامیلی بەهرامی حازرین هەتا ئاخر تنۆکی خوێنمان لە ژێر پێی ئاڵای بەرزی کوردستانا فیداکاری بکەین و چە تەجرەبە و حەرەکاتێکیشم پێ ئەسپێررێ ئامادەم بۆ ئیمیتحانی پاکی.

محەممەد ئەمین قادرخان زادە

بۆ جەنابی محەممەد ئەمین خانی قادرخان زادە

ئێمە زۆر لە عەمەلیاتی و ئیقداماتیکی ئەنگۆ رازین. بەڵام ئەبێ ئەو تاڵانە ئیعادە بکەنەوە کە لە لایەن ئاغایانی بانەی دەرحەق بەدێی بناویلە و بانەزێر کراوە، ئەو وەختە حازر ئەبین بۆ برایەتیتان چونکە وەعدم بە ساحەب تاڵانەکە داوە کە بۆیان ئیسترداد بکەمەوە.

قازی محەممەد  ٢٠/٦/١٣٢٥

حەقیقەتەن لێرەدا قازی محمد بە چاوێکی بێ لوتفانە وەرامی حەمەدەمین خانی دابووە چونکە لەو وەختەدا حەمەدەمین خان تەمسیلێکی هەموو بانەی ئەکرد و ئەو نووسراوەش بە موتابەقی رەئی زۆر بەگزادەی بانە نووسرابوو. حەق وانەبوو ئاوا کوتوپڕ قازی محەممەد مەنتیقەی بانە لە خۆی بتەکێنێتەوە و لە ئیختیلاتی کوردایەتی سەلبیان بکات. حەق وابوو نووسینەکەی نەختێک شیرینتر و سیاسیەیانەتر بوایە. چونکە عەشایرەکان جنێویان پێ بدەی بەلایانەوە خۆشترە نە وەکوو داوای شتێکیان لێبکەی کە تا ئەندازەیەک بە حەق و عادەتی بزانن.

ئەو سەلبی ئێعتمادەی قازی محەممەد بوو بە هۆی ئەوە کە عەشیرەتی بانە هەتا نەهایەت لە زیددی قازی محمد بدوێن و موتەفەقەن لەگەڵ حکومەتی ئێرانا  ئیشتراکی هەموو وێنە حەرِەکاتێک بکەن لە زیددی تەشکیلاتی مەهابادا. ئەسڵی مەوزوعی تاڵانی ئەو دوو دێیە ئەوەیە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە لە وەختی خۆیا بە عەرز گەیانرا کە فەرماندەی هێزی سەردەشت زیرۆ ناو- لە دێی بناویلە و بانەزیر  محەممەد بەگی کوڕی ئەحمەدبەگی حاجی نائب ئەکوژێ... بانەیەکان مووسەببی ئەو حەڕەکاتەیان بە (ڕەسوڵی محەممەد ئاغای) کەڵوێ زانی.

چونکە بانەیەکان ئەو دوو دێیەیان بە هی خۆیان ئەزانی و ئەو ئاغایەش لە فورسەتی کۆمەڵە و قازی محەممەدا ئەو دوو دێیەی خستبوە ژێر تەسەڕووفی خۆیەوە. ئەمجا لە دوای ئەوەی کە لەشکری بانەی لە جەبهە ئێزن ئەدرێتەوە. بانەیەکان قسمێکی ئەو لەشکرە ئەنێرن ماڵی ڕەسوڵ ئاغا ناو و خزمەکانی لە تۆڵەی خوێنی حەمەبەگ و تەسەڕووفی ئەو دێیانە تاڵان ئەکەن و تاڵانەکە بە سەر هەموو موشتەڕکێکی لەشکرچیدا دابەش ئەکەن. حەقیقەتەن حەمەئەمین خان، شەخسەن خۆی نەچووبوو بۆ ئەو حەڕەکاتە. بەلام حەمە عیزەت بەگ و عبدالەبەگی برای چوو بوون و ئیشتیراکی خێر و شەڕی ئەو تاڵانەیان کردبوو. ئەگەر قازی محەممەد ناوی ئەو تاڵانەی نەهێنابایە بانەیەکان حازر بوون کە دووبارە بچنەوە ژێر نفوزی قازی محەممەد. بەڵام بەختی زۆرداری دەوڵەتی ئێران لە شانسی قازی محەممەد بە قەوەتر بوو کە قازی محەممەدی ئیجبار کرد بۆ بەهانە و بەڵگەیەکی ئاوا سەخت.

بەمشێوەیە حەمە ڕەشیدخان پاش دەست لە کارکێشانەوە، ماوەیەک لە ناوچەی بانە دا ماوە و لەگەڵ ئەفسەرانی ئێرانی و کاربەدەستانی عێراقی لە ئاخافتن دابوو و کاری بۆ چارەنووسی خۆی دەکرد. ئەو وەک بارزانی پردی پاشەخۆی کە عێراق بوو نەڕووخاند بوو. بۆیە بۆ ماوەیەک وەک کات بەسەربردن لە گەڵ ئەفسەرانی ئێرانی هەڵسووکەوتی کرد. ئەو دەیزانی کە ئەفسەرانی ئێرانی لێی خەفتاون و بە درۆێ پەیوەندی لەگەڵ دەکەن و ڕۆژێک دێ کە دەسەرییەوە ناچن. بۆیە هەوڵی دا بگەڕێتەوە بۆ عێراق. محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٦ ی بەشی دووهەمی کتێبەکەیدا، لەوبارەوە دەنووسێ:

... بەڵام لەبەر ئەوەی کە حەمەرەشید خان بە سووڕەتی قەتعی ئیعتماد و باوەڕی بە قەوڵ و ئیستنادی ئێرانییەکان نەبوو، ئەو وێنە موخابرات و تەوعیدانەی بە شتێکی موزەخرەف تەلەقی ئەکرد، مەجبوورەن بە تاریخی ١٠ ئابی ١٩٤٦ - ٢٠/٥/١٣٢٥ لە دێی سەیرانبن ملاقاتی سەید عەلی حجازی - مودیری پۆلیس قووەی سیاری بافیستانی کرد و بە شەرتی شەفەوی نەهێنی ئیتفاقیان کرد کە ڕەسمەن ئەو شروتانەی خوارەوە بۆ حەمەرەشیدخان بە ئەنجام بگەیەندرێ و بە ڕەسمی ئەو مادانەی تەبلیغ بکرێ. ئەمجا حەمە ڕەشید خان بچێتەوە بۆ عێراق

١- لە پیاوانی حەمە ڕەشیدخان ٦٠ کەس مووچەی پۆلیسی هەبێ.

٢- موقەڕەڕاتێکی لایقە مانگانەی خۆی بێ.

٣-مەخفەری داروخان هەڵبگرێ.

٤- حەمە ڕەشید خان بۆ زیارەتی وەسی و ڕەیسولوزەڕا بچێت بەغدا بەڵام لە ٧ ڕۆژ زیاتر لە بەغدا نەمێنێتەوە کە خۆی مائیلی مانەوە نەبێ.

٥- ئیتباعی حەمەرەشید خان بە ئیجتیازی حدود مەسئول نەکرێن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٦- حکومەتی عێراق وڵاغ بنێرێ بۆ نەقڵی خانەی حەمەرەشید خان بۆ ئێران

٧- بۆ ئەملاکاتی حەمەرەشید خان و ئیتباعی، حکومەتی عێراق لەگەڵ دەوڵەتی ئێرانا سەری بابی موزاکرات بکاتەوە و حکومەتی ئێران موافقی مەسڵەحەتی حەمەرەشیدخان و قەرارێک بۆ تەسەڕوفی ئەماکەکانیان ئسدار بکات کە خۆیان مەئزوونی تەسەڕوفیان بێ.

٨- لە زەرفی یەک هەفتەدا بە قەراری مەجلیسی وزەڕا، رەسمەن ئەو شەروتانە تەبلیغ بە حەمە رەشیدخان بکرێن لە مەرکەزی سەرادا.

ئەمجا حەمەرەشید خان بە ئومێدی گەڕانەوەی بۆ عێراق سەرای بەجێهێشت و بە خۆی و تەبەعەکەیەوە چوو بۆ دێی (بوغدەکەندی). لەپاش ٧ رۆژ لە جیاتی ئەو قەراردادەیەی سەرەوە کاغەزێکی شبهی رەسمی سەید عەلی حجازی بە مەزموونی خوارەوە بۆ حەمەرەشید خان لەگەڵ ٦٠ وڵاغی باری و (جەنابی شێخ عبدالقادری چویسە) کە واسیتەی پێکهێنانی ئەو ئیتفاق و قەراردادەیە بوو واردی دێی  هاتنە بوغدەکەندی بوون.

موحتەڕم جەنابی محەممەد رشیدخان

موفەسەلەن لەگەڵ رەئیسولوزەڕرا و وەزیری داخلییە بە تەلسز قسەمان کرد. بۆ ئەو جەهەتانەی کە باسمان لێکرد بوون. زۆر موافقن. فەورەن ئەگەرێتەوە بۆ عێراق. کە گەیشتیەوە داڕوخان بەرقییەن خەبەرم بدەرێ. شەخسەن دێم بۆ داڕوخان موتەفیقەن ئەچین بۆ بەغدا بۆ زیارەتی وەسی ئەعزەم و رەئیسولوزەرا. بە ئەوەڵ گەیشتنی بەغدات نائیلی عەتفێکی گەورەی رەئیسولوزەرا ئەڕشەد ئەلعومری ئەبی.

سید عەلی

مودیری شورتەی قوەی سەیار لەبافستیان

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٥٠ بەشی دووهەمی کتێبەکەیدا دەڵێ کە مەلامستەفا بە دوای حەمە رەشیدخان دا بەرپرسایەتی بەرەی سەقز و سەرای بە دەست گرت و دەنووسێ:

لەپاش گەرانەوەی حەمەرەشیدخان بۆ عێراق. مەلامستەفا بوو بە فەرماندەی جەبهە و ئومووراتی لەشکرکەشی تەسلیم بەوکرا. بەلام لەبەر ئەوەی کە ئەمری شەڕ و لەشکرکەشی تۆقیف کرابوو و ئیستیفادەی زیاتر لێ ئەکرا کە سابڵاغ لەگەڵ قازی محەممەدا خەریکی ئومووری دەوڵەتی بێ. بەو مناسەبەتەوە فەرماندەی جبهەی سەقزی بە وەکالەت تەسلیم بە مستەفا کردبوو.

مەلامستەفا زیاتر بۆ مەسائیلی ئومووراتی لەشکری بارزان ئەیەویست موستەقیلەن بژی و هیچ ئومووراتێکی بارزانی لە سابڵاغیەکان مەسئول نەکرێ. بەو مناسەبەتەوە لەگەڵ مەئموورینی ئیدارەجاتی سابڵاغیدا، مناسەبەتی باش نەبوو. هەردوولا یەکرتیان ئەکرهان. هەتا ئەو مەوزوعە تەئسیری کردبوو سەر شەخسی قازی محەممەد و حەمەحوسێن خانیش.

بەڵام لەبەر زرووفی ناهەموار، ئەو مەوزووعە لە لایەن قازی محەممەدەوە ئاشکرا نەکرا بوو لەبەر عەدەمی ئیعتیماد مەلامستەفا زەخیرەی بارزانی لە ژێر ئیدارەی مەئموورانی سابڵاغی دەرهێنابوو(تەقی ئابادی) کردبوو بە مەرکەزی نەقڵ و حەملی زەخائیری بارزانی. میرحاج و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەبدولرەحمان موفتی کردبوو بە مەعمووری مەسئولی سەرف و قەبزی ئەو زەخائیرانە و موباشەرەتەن زخائیری بارزانی لە تەوریێز وەرئەگیرا لە تەقی ئابادی، میاندواوا تۆزیع ئەکرا بە سەر بارزانییەکانا.

## پەیوەندی ڕێژیمی ئێران و عەشایری بانە بە دوای چوونەوی حەمە رەشید خان بۆ عێراق

بە دوای گەڕانەوەی حەمە رەشیدخان بۆ عێراق، عەشایری بانە کە ببوونەوە بە پیاوی ڕێژیم، بە سەرۆکایەتی حەمە ئەمین خان برای حەمە رەشیدخان، هەوڵیان دا کە ئەو بەڵێنییانەی کە رەزمئارا دابووی بە حەمە رەشیدخان، بە ئەوان بدرێ. محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٢٢ ی بەشی دووهەمی کتێبەکەی دا، دەنووسێ:

موزاکرات لەگەڵ ئێرانا

ئەمجا محمدئەمین خان لە وەکالەتی بانییەکانەوە لەگەڵ حکومەتی ئێرانا کەوتە موخابەرە. داوای تەنفیزی ئەو قەراردادەی لە حکومەتی ئێران ئەکرد کە لەگەڵ ئاغای حەمە رەشیدخان بەستبوویان و ئەیویست دەرحەق بە هەموو بانەیەکان تەتبیق بکرێ.

لە رۆژی ٢٦/٦/١٣٢٥ تەواوی بەگزادەی بانە لە دێی شوی ملاقاتی سەرهەنگ ئایرۆم فەرماندەی هەنگی ٢٢ بانەیان کرد. ئیتیفاق لە بەینی هەر دوولادا واقیع بوو کە محافیزی ئەمنییەتی مەنتیقەی بانە و پۆستەکانی حدوودی بانە بە ئاغاواتی بانە بسپێرن و لە هەر چوار تایفەی بانە نیگەهبانی مەحەلی بە پێی نیسبەت تەعیب بکرێ کە مەجمووعی نەفەراتەکانیان ئیعتبار ئەکران بە ٣٦٠ نەفەر و هەر نەفەری لە قەراری ١٠٥ تمەن مووچەی هەبێ و ئەفسەرانی ئەو نەفەراتەش لە ئاغاوەتی بانەی بێ. مەئموری گومرک و ئینحیسار و بەلەدییە و مودیری ناحیە، لە ئەقوامی بانە تەعین بکرێ، هەیئەتێکی چوار نەفەری کە عیبارەت بوون لە حەمەسەلیم بەگی بەهرامی و قادرخانی ئارمردە و مەحمودخانی رۆستەمی و عبدالەبەگی سەرحەدی بە وەکالەتی هەر چوار تایفە چوون بۆ بانە بۆ ئیشتراکیان بە ئەندامی هەیئەتی ئیدارەی حکومەتی بانە. کە قەرار وابوو هیچ فەرمانێکی حکومەتی بە بێ رەئی ئەو هەیئەتە نافیز نەبێ و هەموو فەرمانێکی عەشایری بە هۆی ئەو چوار ئەندامە بگاتە دەست حکومەت و بە تەوافوقی نەزەری ئەو چوار ئەندامە هەموو فەرمانێکی فەردی و عموومی عەشیرەتی بانە پێک بێ.

بەڵام فەلسەفەی گەورەی ئەو هەیئەتە تەنیا ئەوە بوو کە لەو وەختەدا ئێرانییەکان نەمایشێکی دعایە بەو هەیئەتە بێنە و جوود و بڵاوی بکەنەوە کە عەشیرەتی بانە قەتعی ئیرتیبات و ئیتیسالات لە گەڵ کۆمەڵەدا هاتوە و موشتەڕەکەن لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا خەریکی عەمەلیات و ئێقداماتن بۆ ئەوەی سمعەی تەشکیلاتەکەی قازی محەممەد لە خاریج پێبشکێنن و عەشایرە کوردەکانیش تەشجیع بکەن بۆ ئیعادەی سیقە و ئیعتیمادیان بە حکومەتی ئێران. جا لەسەر ئەو قەراردادەی سەرەوە بەناو و ئیمزای محمدئەمین خانی قادرخان زادە و قادرخانی ئارمردە، حەمە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەشیدبەگی بلەکێ، عەبدوڵا بەگی سەرحەدی، نەسروڵلا خانی ڕۆستەمی، عبدالەخانی شەهیدی، ئەحمەدبەگی حاجی نائب، عیزەت خانی حەسەن خانی نەمەشیر، سەعید بەگی بەهرامی، قادرخانی فەرەج خان، حەمە کەریم بەگی نجنە، کەریم بەگی کانی ئاو، مەحمودخانی ڕۆستەمی، تیلگرافێک بە مەوزوعی خوارەوە بۆ شا نووسرا. ڕوونووسی درا بە وەزارەتی جەنگ و ستادی ئەرتەش و ڕەئیسولوزەرا و مەجلیسی پەرلەمانی ئێرانی.

ئەعلا حەزرەتی ئیمپڕاتورییەتی شاهنشاهی همایونی جەوان بختی ئێران

بە کەماڵی سەداقەت و خۆشبەختی بە پێشوازی خزمەتی دەوڵەتی شاهەنشاهی حەمییەتی میهەن پەرەستی خۆمان و عەشیرەتی بانە تەقدیمی دەرباری شاهەنشاهی ئەکەین. هەتا ئاخر نەفەس لە ڕێگای میهەن پەرەستی و خزمەتی نیروی غەڕامی شاهەنشاهی دا، حازری خزمەت و جان نیسارین.

بژی شاهی جەوانبەختی ئێران، زیندەباد ئاڵای ئێران. پایەندە بێ نیروی غەڕامی شاهەنشاهی. هەمان ئاغایانی کە سوێندەکانیان لە ڕۆژنامەی ژمارە ٦٨و٦٩ کوردستانا چاپکرابوو و سوێندیان بۆ حەمە ڕەشیدخان و قازی محەممەد خواردبوو کە هەتا ئاخر تنۆکی خوێنیان لە ڕێگای قەومییەت و کوردستانی ئازاد دا کوشیشی پێشکەوتنی ئامانجی میللی بکەن. هەر هەمان ئاغایان بوون کە لە مدەتێکی زۆر نیزیکا سوێدەکانی خۆیان فەرامۆش کرد. دوبارە بە مەزموونی سەرەوە تێلگرافی زیندەباد پەرچەم و شاهی جەوانبەختی ئێرانیان بە ئیستگای تاران ڕائەگەیاند.

جا لەعینی ڕۆژدا ئەو ئاغایانەی سەرەوە بە ئیستیسنای ئاغای حەمەئەمین خان، هەموویان چوون بۆ بانە و لە باشگای ئەفسەران پەزیرایی کران و ئەو غائیلەیە کە لە حەڕەکاتی شەهریوەرا لە کەللەی هیزی ئاغایانی موتتەهەم و خاوەن سابیقە مەوجوود بوو، بە تەواوی ڕەفع کرا. بە ژمارە ١٣٢٥/٦/٣١/١١٠٠٠ و ١٣٢٥/٧/٧/١١٥٠٠ لە لایەن ڕەزمئارای ڕەئیسی ستادی ئەرتەش بەرقییەی وڵامی تەشەکورات و ئێحساساتی بەرزی ئاغایانی دایەوە. نەزەر بە ڕووحی یەک جەهەتی و دەوڵەت پەرەستی ٢٧ تەن قەندی حکومەتی بۆ ئەو ئاغایانە هاتەسەر تەقسیم کردن.

بەڵام ئەو قەندە بە تەواوی حەیا و نامووسی ئاغایانی بانەی پایەماڵ کرد و بەگزادەکانی بانە وەکوو پشیلەی برسی بە دیار ئەو قەندەوە کەوتنە میاومیاو. سەرهەنگ ئایرومیش ئەو قەندەی کردبوو بە چکی دەستی، هەر ڕۆژە مەمانەعەتێکی بۆ تەوزیع ئەهێنا پێشەوە. چونکە ئەیزانی هەتا ئەو قەندە موجوود بێ هەموو وێنە دنائتێک بەو ئاغایانە ئیختیار ئەکات. بەڵام کە قەندەکە نەما جوابی نادەنەوە.

هەتا سەرهەنگ ئایروم بە ژمارە ١٢٦٢٩ ڕۆژی ١٨/٧/١٣٢٥ بۆ سەعید بەگی بەهرامی، ئاغای ئەنوەر، پەهلەوی دوژ کاغەزێکی نووسیبوو ئەگەر١٠ دە گونی کا تەحویلی دەوڵەت نەدەی لە تەجهیزی قەند بێ بەش ئەکرێت.

هەر لەو وەختەشا ئێرانییەکان بیری ئینتیقامیان هەبوو کە ڕۆژێک ئەبێ ئەو ئاغا قەندپەرەستانە داخ بکەن. ئەمجا ئاغای (سەرهەنگ ئایروم) بڵاوی کردەوە کە ئەو قەندە ئەدرێ بە قەواتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

موسلەح. لازمە هەر ئاغایەی تێعدادی ئەسلەحەی خۆیان بکەن، هەتاکوو بەپێ تفەنگچی شەکرەکە دابەش بکرێ. بەوناوە ئەسلەحەیەکی زۆری لەسەر بەگزادەکانی بانە تەسجیل کرد. ئاغای وا هەبوو چوار تفەنگی نەبوو کە چی بلعەکس بۆ تەماعی جیرەی قەند ٤٠ تفەنگی نووسیبوو و لەگەڵ ئەو حاڵەشا هەتا نەهایەت ئەو شەکرە ندرا بە ئاغایان و بۆ حکومەتی ئێران مایەوە. لەوەختێکیشا کە تەشکیلاتی ئێران کرایەوە و عەشایرەکان لە سیلاح تەجرید کران. بە پێی ئەو قائیمەیەی کە لە وەختی خۆیا ئاغایان بۆ قەند دابوویان بە سەرهەنگ ئایروم ئەسلەحەچنی کران و ئەوەی ئەو میقدارە تفەنگەی نەبوایە بە ئیجباری پێیان ئەکرێوە.

## تەعلیماتی پێشمەرگە

لەو کاتانەدا لەسەر مەترسی هێرشی دوژمن، کۆماری کوردستان ژیرانە تێکۆشا تا هێزی پێشمەرگە، زیاتر بە مەشق و راهێنان و فێر کردن، تەیار بکا و هەمووکات ورە و باوەڕ و لەخۆبردووییان بەرز رابگرێ. لەوبارەوە لە رۆژنامەی کوردستانی ٦٦ دا، بابەتێک لە ژێر ناوی تەعلیماتی پێشمەرگەیی بە چەشنی خوارەوە هاتووە:

تەعلیماتی پێشمەرگەیی

بە پێی دەستورێ کە لە لایەن کۆمیتەی مەرکەزییەوە درا بوو رۆژی ١٣٢٥/٤/١٤ تەواوی روئەسا و کاربەدەستانی ئیدارات و ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی سەعات ٧ی بەیانی لە پێشمەرگەخانە حازر بوون. لە پێش دا لە لایەن ئاغایان حاجی رەحمانئاغای ئێلخانیزادە، کاپیتان میزانی (سەرکردەیەکی ئازەربایجانی)، عیزەت عەبدولعەزیز، محەمەد مەحمود، ئیبراهیمی نادری، محەمەد ئەمین قادری، جەعفەری کەریمی معاونی وەزارەتی هێز، سدیقی حەیدەری، ئیبراهیم سەلاح فەرماندەی هێزی ناوەندی لە بابەت فێربوونی تەعلیماتی پێشمەرگەیی و خۆشەویستی و پارێزگاری لە نیشتمان و فەریزەی فەردی و ئیجتیماعی هەر کەسێك نوتق کرا. پاشان حازرین ریزیان بەست و تەعلیمات دەستی پێ کرا و تا سەعات ١١ ئیدامەی هەبوو.

هەر لە بارەی فێرکردن و راهێنانی پێشمەرگە، لە کوردستانی ژمارە ٦٨ دا، ئاماژە بە نوتقی محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری بەرزی هێز کوردستان کراوە کە دەڵێ:

رۆژی هەینی ١٣٢٥/٤/٢٠ سەعاتی ٢ ی نیوەڕۆ پێشمەرگەکانی هێزی ناوەندی کوردستان بۆ عەمەلیاتی سەحرایی چوبوونە دەری شاری. سەعاتی ٦ گەڕانەوە و لە سێ رێ بە حزوری جەنابی محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری بەرزی هێزی سەرکردان و ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی شاری سانێکی جوانیان بەست جەنابی وەزیر نوتقێکی بە مەزموونی ژێرەوە ئیراد فەرموو: برایان، پێشمەرگەکان، سەرکردان، ئەهالی موحتەرەم، شوکری خودا تەواو ناکەم کە شانازی و ئیفتیخاری ئازادی کورد وەچەنگ مەهاباد و میللەتی تێگەیشتوی ئەم شارە کەوت. ئێوە هەرچەندە لە مادییات دا زۆرتان زیان کێشاوە بەلام لە مەعنەوییات دا زۆر وەپێش کەوتوون.

برایان ئێوە جێگای هومێد و چرا و ئالا هەڵگری هەموو کورد و ئازادی کوردستانی مەزنن.

ئێوە دەبێ رۆژ بە ڕۆژ هێزی کارکردنتان زیادتر و ئینزیبات و دیسیپلینتان قایمتر بێت. برایان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مزگێنیتان دەدەمێ بە کوێرایی چاوی دوژمنانی ئازادی، کورد ئازادی دەست کەوتووە و هەر ئازادیش دەبێ و هیچ هێزێك ناتوانێ هەستی ئازادیخوایی ئێمە بکوژێنێتەوە و ئازادیخوازانی دنیاش هەموو پشتیوانی ئێمەن و بە هەر ئیسم و رەسمێك بێت، کورد ئازادە و ئازادی خۆی وەگیر هێناوە. بەڵام گەورەترین وەزیفەیەك کە ئەوڕۆ لە سەر ئێوە ئەنجامی پێویستە فیداکاری‌یە لە ڕێگای ڕاگرتنی ئازادی دا. ئەوڕۆ نزیکەی ملیۆنێك کورد لە ژێر ئاڵای موقەدەسی کوردستانی ئازاددا زۆر بە خۆشی دەژین و دڵیان پڕ لە هەستی نیشتمان پەرستی‌یە. ئەوڕۆ چل و پێنج هەزار فیدایی کورد لە ژێر ئیختیاری من دایە و گشت ئامادەن بە چکۆلەتر ئیشارەیەك خوێنی پاکی خۆیان لە ڕێگای پاراستنی نیشتمانی موقەدەس دا بڕێژن. ئاغایان ئەوا رەسمەن بە هەموو کەس رادەگەیەنم لەمەودوا هەرکەس بێت و کارێك بە پێچەوانەی ئازادی کورد بکا وە یا زەرەیەك لە دەستورات لا بدا مەحو و نابودی دەکەم و حکومەتی میللی و هەیئەتی دەوڵەت دەسەڵاتی هەیە دوژمنانی ئازادی کورد بە موجازاتی سەخت بگەیەنێ. لەوە پتر زەحمەتو نادەم و بە خوداو دەسپێرم.

**بەردەوامی وتووێژی تاران و تەورێز**

لە وتووێژی ئازەربایجان و کوردستان لەگەڵ تاران هەیئەتی کورد و ئازەربایجان هەوڵیان دا کە پارێزگار و فەرماندارى نیزامی لە لایەن ئازەربایجان راستەوخۆ هەڵبژێردری، بەڵام قەوام ملکەچی ویستەکانی ئازەری و کورد نەبوو و قبووڵی نەکرد و تەنیا رازی بە ڕێکەوتنی نەفت لەگەڵ شووڕەویکان بوو.

هەیئەتی کورد و ئازەربایجان لە ژێر زەختی رووس دا پاشەکشەیان کرد و سەرئەنجام رۆژی ١٩٤٦/٤/٢١ لە لایەن دەوڵەتی ئێران راگەیەندرا کە بە پێی بەندەکانی ٢٩ و ٩٠ و ٩١ و ٩٣ی دەستەڵاتی یاسای بنەڕەتی ئێران لە مانگی رەبیعولسانی ساڵی ١٣٢٥دا، دەدرێتە ئەنجومەنەکانی ئەیالەتی و وەلایەتی بە شێوەی خوارەوە. سەرۆکی ئیداراتی کشت و کاڵ و بازرگانی و ئابووری و هاتوچۆ و فەرهەنگ و دادپەروەری و ماڵی و پولیس و تەندوروستی لە لایەن ئەو ئەنجومەنە دەستنیشان و بە حوکمی تاران دیاری دەکرین.

پارێزگار بە دیاری کردنی ئەنجومەن و بە رەزایەتی دەوڵەت دیاری دەکری بەڵام فەرماندەرانی شەڕ و بەرپرسانی پولیس بە هۆی دەوڵەتەوە دەستنیشان دەکرێن.

زمانی رەسمی ئێران فارسییە، بەڵام زمانی خوێندن و نووسین تا کلاس ٥ بە زمانی دایك دەبێ و دوایە لە رەدەکانی سەرووی خوێندن دا فارسی دەبێ. هەروەها فەرمانی ئیدارات بە زمانی ناوچە دەبێ و بابەتی دادپەروەری بە زمانی تورکی و کوردی دەبێ بەڵام بە فارسی وەردەگێڕدرێتەوە.

خەرجی کێشانی ڕێگا و بان و دامەزرانی زانکۆ و نەخۆشخانە لەستۆی دەوڵەت دا دەبێ. تێکۆشانی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان لە ئازەربایجان ئازاد و نوینەرانی ئازەربایجان بۆ مەجلیسی ١٥ هەڵدەبژێردرێن و یارمەتی بە ئەندامانی فیرقە دەکرێ.

بەمشیوەیە ئاڵوگۆڕێکی گرینگ لە بناغەی دەوڵەتداری کۆماری ئازەربایجان و کوردستان دا پێکهات. پەسەند کردنی مەجلیسی ئەیالەتی لە رۆژی ٢٤ی جۆزەردان کۆتایی بە کارەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەجلیسی میللی و حکومەتی میللی ئازەربایجان هێنا کە نیزیک بە ٦ مانگ پێشتر دامەزرابوو. ئەو رووداوە وەرچەرخانێکی گەورە بوو بۆ ئەوەی پرسی ئازەربایجان و کوردستان وەک کێشەیەکی نێوخۆیی سەیری بکری و بخرێتەوە نێو خانەی چوارچێوەی وڵاتی ئێران.

بە دوای ئەو ئاڵوگۆڕانەدا و راگیرانی کاری حکومەتی میللی ئازەربایجان، دوکتور جاوید بوو بە پارێزگای ئازەربایجان، دوکتور مەهتاش کە وەزیری کشت و کاڵ بوو، بوو بە فەرمانداری تەورێز. دوکتور جەهانشاهلوو کە جێگری سەرک وەزیرانی کۆماری میللی ئازەربایجان بوو، کرا بە رەئیسی دانشگا و فەریدوونی ئیبراهیمی هەر بووە بە دادستانی گشتی.

دیارە شا ئاگاداری هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانە بوو و هەر زۆر پێشتر لە ١٧ی جۆزەردانددا لە کۆشکی سەعدئاباد چاوی بە جاوید کەوت بوو و ١ میلیون تمەنی بۆ ئاو و ئاوەڕۆی تەورێز لە ئیختیار نابوو و ماشێنێکی بە دیاری دابۆیە.

ئەنجومەنی ئەیالەتی لە یەکەم دانیشتنی خۆی دا داوای لە دەوڵەت کرد کە ٢٣ میلیون قران ئیعتیبار بدا بە بانکی تەورێز، بەڵام وەزارەتی کیشوەر ٨ میلیونی لە ئیختیار نا.

بۆ بە جێهێنانی رێکەوتنەکانی تاران و تەورێز هەیئەتی وتووێژی تەورێز، جارجار سەردانی تارانیان دەکرد. لە کوردستانی ژمارە ٧٩ ی چاپی مانگی گەلاوێژدا، باس لە بانگهێشتنی هەیئەتی نوێنەرایەتی تەورێز لە لایەن قەواموسەلتەنە بۆ تاران کراوە بە مەبەستی پێداچوونەوە یان تەواو کردنی رێکەوتنامەکانی پێشوو. هەیئەتی نوێنەرایەتی ئازەربایجان کە لە کومیسیونێکی ٥ کەسی بە سەرۆکایەتی ئاغای شەبستەری و دوکتور سەلاموڵای جاوید و سادق پادگانی و ژێنراڵ پەناهیان و ژێنراڵ کەبیری و سەرپۆلی دوو مورتەزا رەزەوی پێکهاتبوون، بە ماشێن بەرەو تاران وەرێکەوتن.

قەوام بە باڵیۆزی ئەمریکای راگەیاند کە لەو رۆژانەدا چاوەڕوانی هاتنی لیژنەیەک دەکا بە سەرۆکایەتی جاوید پارێزگاری ئازەربایجان. قەوام گوتبووی دەیەوێ بزانێت ئایا حکومەتی تەورێز دەیەوێ ئازەربایجان لە سنوری ئێراندا بمێنێتەوە، یان نا؟ هەروەها قەوام ڕایگەیاند ئەگەر ئەو وتووێژە ئەنجامی نەبێ، هەڵوێستی توندی دەبێت و لەوە ناترسێ پەنا بۆ هێز ببات. لەو بارەیەوە بە نەقڵ لە کتێبی "دەستپێکردنی شەڕی سارد لە ئازەربایجان" "جۆرج ئالین" باڵیۆزی ئەمریکا بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکایەی نووسێ:

قەوام لە رژانی خوێنی ئێرانییەکان، خۆی دەپارێزێت، بەڵام ئەگەر کار بگاتە بەکارهێنانی هێز، تەنیا نیگەرانیی ئەو لەو بوارەدا ئەوەیە کە یەکیەتی سۆڤیەت چەک، فڕۆکە و پارە بۆ ئازەربایجان بنێرێ و ئەندامانی سوپای سۆڤیەت بە بەرگی ئاساییەوە، وەک کەسانێک رەوانە بکات کە گوایە خۆیان خوازیاریی چوون بۆ ئازەربایجان بوون. من پێشنیازم بۆ قەوام کرد کە ئەگەر وتووێژەکان شکستیان هێنا، بە هەموو جیهان ڕابگەیەنێت کە حکومەتی تەورێز نایەوێ ئازەربایجان لەگەڵ خاکی ئێران بمێنێتەوە. لە حاڵەتێکی لەم جۆرەدا، بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران، هەڵدەسەنگێندرێت و دەتوانێ بە چەندان هۆ ئەوە بسەلمێنێ کە دەقی ڕێککەوتننامەکەیان لە لایەن ئازەربایجانییەکانەوە پێشێل کراوە و خاڵەکانی جێبەجێ نەکراوە. من بۆ یەکەم جار قەوامم بەو جۆرە بە ئیرادەوە بینی. قەوام دەیگوت بێگومان لیژنەی ئازەربایجان و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڵاوکراوەکانی سۆڤیەت بە کەسێکی کۆنەپەرستی فاشیست ناوی دەبەن، بەڵام ئەو خۆی بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ئامادەکردوە. دەیگوت نەرمیی ئەو سەبارەت بە حکومەتی ئازەربایجان و تودەییەکان، بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە نەیدەتوانی پشت بە سوپای ئێران ببەستێت، بەڵام ئێستا بە پشتبەستن بە سوپا لەو قسانە ناترسێ، بەو مەرجەی یەکیەتی سۆڤیەت دەست لە کارەکانی وەرنەدات.

بە پێی هەمان سەرچاوە، لە وتووێژی تاراندا سەبارەت بە دۆخی ئەفسەرانی سوپای ئازەربایجان و کێشە ئابوورییەکان، سەرکەوتن بەدەست نەهات. جاوید دژی پیشەوەری، چووە لای باڵیۆزی سۆڤیەت و شکایەتی لێکرد و گوتی پیشەوەریی بە هەڵسوکەوتی خۆی وتووێژی لیژنەی ئازەربایجان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی دژوار دەکات.

جۆرج ئالین لەو بوارەدا، تەنانەت لە قەوامیش بە گومان بوو و بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکای نووسی:

من بە شێوەی دۆستانە، بەڵام بە راشکاویی بە سەرۆکوەزیرانم گوت، بەو بۆنەیەوە کە لە وتووێژەکاندا لەگەڵ لیژنەی ئازەربایجان سەبارەت بە پاراستنی یەکیەتی خاکی ئێران، سەرنجتان بە ئامۆژگارییەکان نەداوە، لێتان توڕەم. گوتم ئەگەر زانیارییەکانم لەو پێوەندییەدا نادروستن، سوپاستان دەکەم ئەگەر هەڵەکەم بۆ راست بکەنەوە. بەگوێرەی زانیارییەک کە هەمە، ئەو دەیەوێ داخوازییەکانی ئازەربایجان سەبارەت بە هێشتنەوەی سوپای ئازەربایجان و هێزەکانی فیدایی لە قەوارەی ئێستادا و لەژێر چاودێریی پۆلیسی نهێنی سۆڤیەت، بەراورد بکات. دەبێ هۆشیاری بکەمەوە کە بۆ لە دەستدانی سەربەخۆیی ئێران، رێگەیەکی توند و متمانەتر لەوە نابیندرێت. قەوام قبووڵی کرد کە دژی بە ناوەندبوونی ئازەربایجان نیە و ئەوەشی رەتکردەوە کە لەو بوارەدا هەندێک بەڵێنی بە ئەوان دابێت. بە لێکدانەوەی من، قەوام سەرەڕای هەڵبژاردنی رێگەی ئاشتیی خوازانە، بیرێکی تریشی لە مێشکدایە و سەرئەنجام پەنا بۆ هێز دەبات.

هاوکات لەگەڵ ئەو رووداوانە، دەوڵەتی ئێران لە پەیوەندی دیپلۆماسی دا لە رووسان غافڵ نەبوو و بە هەموو شێوەیەک کاری لەسەر دەکردن. رۆژی ١٣٢٥/٤/٢٩ ئەشرەف پەهلەوی خوشکی محەممەد رەزا شا، سەردانی شوورەوی کرد و لە ٦ گەلاوێژ ١٣٢٥ چاوی بە ستالین کەوت و زۆری رێز لێگیرا.

عەلی مرادی مراغەیی لە لاپەڕەی ١٧٣ کتێبی "ئینکار و مقاومەت" دەنووسی کە قەرار بوو ستالین لەسەر داوخوازی ئەشرەف دە خولەک لەگەڵی دانیشی بەڵام ئەو چاوپێکەوتنە ٢ سەعات و نیوی گرت و دوایە ستالین باڵتۆیەکی گران قیمەتی لە پێستی دەڵەکی دایە.

بە بۆنەی کۆکردنەوەی خێرات و یارمەتی بۆ منداڵانەی شوورەوی کە باوکەکانیان لە شەڕ دا کوژرابوو، ئاڵای سووری یەکیەتی سۆفیەت، وەک هێما و رەمزی ئەو وڵاتە، بە ئەشرەفی پەهلەوی بەخشرا. سەردانی ئەشرەف بۆ رووسیە، دەنگۆی ئەوەی لێ ساز ببوو کە دەیەوی مێرد بە ستالین بکا و رۆژنامەی "ئاهەن" ئاماژەی بەوە کرد بوو. بەڵام ئەو هەواڵە وەدرۆ خراوە و رۆژنامەکە راگیرا. ئەشرەف لە شەمسی پەهلەوی چکولەتر بوو. ئەو لە ژێر بەرپرسایەتی سەرلەشکر جەهانبانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بنکەیەکی بۆ داماو فەقیران دامەزراند بوو. سەفەری ئەشرەف کاریگەری زۆری لە سەر پەیوەندی دوو وڵاتی ئێران و رووس دانا و تا بوو بە هۆی دوورکەوتنەوەی زیاتری شوورەوی لە حکومەتی ئازەربایجان.

### وەزیرانی حیزبی تودە

قەوام بۆ بێدەنگ کردن و رەزامەندی دەوڵەتی شوورەوی و لایەنگرانی لە ئێراندا، رۆژی ١٣٢٥/٥/١٠(١٩٤٦/٨/١) سێ وەزیری حیزبی تودەی بە ناوەکانی ئەسکەندەری و فەرەیدون کەشاوەرز و مورتەزا یەزدی، بۆ پۆستەکانی وەزیری بازرگانی و پیشە و هونەر، پەروەردە و تەندروستیی دەستنیشان کرد.

ئەمریکا و ئینگلیس بەوکارە تورە بوون، بەڵام قەوام بە ئەمریکاییەکانی گوت کە ئەو کارە بۆ رەزامەندیی رووسەکان کراوە. بە پێی لاپەڕەی١٨٧ی کتێبی "فراز و فرود فرقه" جورج ئالین سەفیری ئەمریکا لە ئێران، ئەو باوەڕەی بۆ پێکهاتبوو کە ئینگلیس بە پێکهێنانی رێژیمێکی لایەنگری شوورەوی بە شێوەی دووفاکتۆ رازی بێ. جورج ئالین لە زمانی قەوام دا دەڵێ کە ئامانجی سەرەکی شوورەوی نەفتە. بەڵام ئەگەر بتوانێ هاوکات لەگەڵ داوخوازی نەوت، پرسی ئازەربایجانیش بە جێ بگەیەنێ، بۆ ئەوکارە هەنگاو دەنێ. بەڵام ئەگەر بیهەوێ یەکیان هەڵبژێرێ، خەت بە سەر ئازەربایجان دا دەکێشێ. قەوام بە ئەمریکاییەکانی گوتبوو کە ئەوە هەنگاوێکە لە دوا هەوڵەکان بۆ ئەوەی کە رەزامەندیی ڕووسەکان پێک بێنی.

لە لایەکی دیکە کۆنسولی بریتانیا لە تەورێز، لەگەڵ کۆنسوولی ئەمریکا، لەسەر پەرەسەندنی کارتێکەریی دەوڵەتی سۆڤیەت دوابوو و گوتبووی ئینگلیسییەکان خەڵکیان لە خۆیان دوور کردۆتەوە. بۆ دژایەتی لەگەڵ سیاسەتی رووسەکان، دەبێ ئەوان بە ڕواڵەت نیشان بدەن کە لایەنگری سەربەخۆیی نەتەوە بچووکەکانن. هەروەها کۆنسوولی بریتانیا ئامۆژگاریی کۆنسوڵی تورکیای لە تەورێز کردبوو کە ئەوان پەیوەندیان لەگەڵ دێموکراتەکانی ئازەربایجان هەبێ و لە نێو ئەوان دا وا زەق ببێتەوە کە ئینگلیزەکان و تورکەکان پشتیوانیی بزووتنەوەی دیموکراتیی ئازەربایجانن.

## بەشی ٣٧

## سەفەری پێشەوا قازی محەممەد بۆ شیمالی کوردستان

زۆر کەس خەریتەی ژێردەستەڵاتی کۆمار بە دەوروبەری مەهاباد و شارەکانی بۆکان و نەغەدە و شنۆ دەبەستنەوە. بەڵام وردبوونەوە لە سەفەری پێشەوا قازی محەممەد بۆ شیمالی کوردستان دەریدەخا کە دەستەڵاتی کۆمار تا چ رادەیەک بەربڵاو بووە. ئەو مەڵبەندە ئەگەرچی بە هاوبەشی لەگەڵ دەوڵەتی ئازەربایجان بەڕێوە دەچووە، بەڵام لە رادەبەر لە ژێر کارگەری کۆماری کوردستان دابوو و بۆ ماوەیەک زۆربەی عەشایری کوردی بە هێزی ئەو دەوەرە، بە گیان و بە ماڵ بۆ پاراستنی دەوڵەتی کۆماری کوردستان تێکۆشان.

بە دوای بڕیاری چوونەدەری هێزەکانی شووڕەوی و شەڕەکانی بەرەی سەقز، پێشەوا قازی محەممەد بۆ ئاگاداری و چاوەدێری راستەوخۆ بەسەر کێشەکانی عەشایر و دڵدانەوەی ئەوان و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ناوچەی شیمالی کوردستان، لە مانگی گەلاوێژ ١٣٢٥دا، لەگەڵ دەستەیەک لە بەرپرسانی باڵای حیزب سەردانی شیمالی کوردستانیان کرد. سەعیدخانی هومایون لەو گەشتە دا، هاوسەفەری پێشەوا بوو و لە لاپەڕەکانی١١٢ی کتێبی "پیشوای بیداری" دا وردەکارییەکانی ئەو سەرفەرە باس دەکا و دەنووسێ کە لە ناوەڕاستی مانگی گەلاوێژ ١٣٢٥ پێشەوا قازی محەمەد بە بەشداری هەیئەتێک کە بریتی بوون لە حاجی باباشێخ و چەند ئەندامی تری سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات، سەردانی شیمالی کوردستانیان کرد. کاتیک کە پیشەوا ئامادەی رۆیشتن بوو، لە حەساری شارەداری و لە مەیدانی چوارچرا، لە گەڵ چەپڵەرێزان و شادی خۆشی خەڵک و هەیئەتی رەئیسە و کۆمیتەی ناوەندی و عەشایر بەرەوڕوو بوو. دروشمی بژی رێبەری خۆشەویست، هەموو مەیدانی شارەداری داگرت بوو. عەشایر و نوێنەرانی چین و توێژەکانی کۆمەڵ، دیسان وەفاداری و بەیعەتی خۆیانیان بە پێشەوا دووپات کردەوە.

لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە٧١ دا، باسی ئەو سەفەرە کراوە کە لە رۆژی جومعە رێکەوتی ٢٥/٥/٤ ئەو هەیئەتە بۆ هێندێک کاری ئیسلاحی چوونە شیمالی کوردستان و لە کوردستانی ژمارە ٧٢دا، دەقی قسەکانی پێشەوا لە کاتی ماڵئاوایی لە ئاپۆڕای خەڵک، بە شێوەی خوارەوە هاتووە:

نوتقی حەزرەتی پێشەوای موعەزەمی کوردستان

جەنابی قازی محەمەد لە کاتی رۆیشتن بۆ ورمێ.

ڕۆژی هەینی ١٣٢٥/٥/٤ سەعاتی ١١ پێشەوای موعەزەمی کوردستان حەزرەتی قازی محەمەد لە کاتێک دا خۆی ئامادە کردبوو کە بۆ پێڕاگەیشتن بە هێندێ کاران بۆ لای ورمێ و مەڵبەندەکانی کوردستانی باکوور بچێت بە حوزووری ژمارەیەکی زۆر لە ئاغایانی مامەش و زەرزا و ئەندامانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاری، نوتقێکی بە تینی ئیراد کرد.

پێشەوا سەرەتا ئاماژەی بە ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز کرد. دوایە باسی راپەڕینەکانی میللەتی کورد بە تایبەتی ئازایەتی و"لەخۆبردوویی مەلامستەفای بارزانی و ئەو بەڵایانەی کە دەوڵەتی تورک لە تورکیە بە سەر کوردی هێناوە کرد و داوای کرد کە دەبێ باشترین ئەزموون و دەرس لەوانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەربگیرێ و گوتی: ... بەڵێ ئەو زوڵم و کوشتن و بێدادییە هەموو کۆبوونەوە و بوون بە مەدرەسەیەک فێری پشتی یەکتری گرتنی کردین ئاگاداری کردینەوە بخوێنیین، دووبەرەکی لابەرین. خەیانەت بە کۆمەڵ و یەکتری نەکەین. لە سەر تەماع یەکتری نەهاڕین. دۆست و دوژمنمان بناسین ...

بە پێی ئەو رۆژنامەیە پێشەوا ئامۆژگاری کەسایەتییەکانی وڵاتی کرد کە بەرژەوەندی خویان وەلا بنێن و بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان تێبکۆشن و گوتی: ... ئەی خۆشەویستەکانم وەختێ میللەتی کورد بەختیار دەبێ کە ئێمە واز لە مەنافیعی شەخسی بهێنین. هەر وەکوو کاری خۆمان جێبەجێ دەکەین کاری میللەتیش وا بخەینە رێ. کاری شەخسی وەپیش کاری عموومی نەخەین. دروستکار ئەو کەسەیە کە پوڵ و مڵک و مقامی مەنزور نەبێ. جا تکام وایە کە چی دیکە چاوتان لە مەنافعی شەخسی نەبێ. مەدرەسە لە دیهاتەکان بکەنەوە، بیمارستان دروست بکەن، یاریدەی هەژاران بدەن، کارخانە بکرن. دنیا پێنج و دوو رۆژێکە. پووڵ نێوی ئنیسان بڵیند ناکا، بەڵکوو خزمەت بە میللەت و نیشتمان ئەستێرەی سەر شانی ئینسانە.

بە پێی ئەو سەرچاوەیە پێشەوا لە درێژەی قسەکانی دا، دەسەلمێنی کە ویستی ئێستای حیزبی دێموکرات سەربەخۆییە و فەرمووێ: ... بۆ خۆتان دەزانن کە ئەمن بۆ وەرگرتنی حقووقی کورد شەو و ڕۆژ وچانم نەداوە و ئەو زەحمەتەش بە فەخر دەزانم. تا یەک ڕۆژم لە دنیا مابێ دەست لە فیداکاری هەڵناگرم و بە هەموو کەسێکی دەسەلمێنم کە کورد شایانی ژیانە و دیسان بۆ خۆتان دەزانن کە لە پێشدا ئێمە بە هیچ جورێک داوای تەجزییەی ئێرامان نەکردووە و تەنیا مەبەستمان ئازادی خۆمان و پاراستنی دێمۆکڕاتی بوو، بەڵام لە پێشدا کاربەدەستانی ئێران بێجگە لەوەی جوابیان نەدایەوە شۆخیشیان بە داوای ئێمە کرد و ناچار بووین حکوومەتی میلیمان دامەزراند و هێزی خۆمان لە بەرانبەر ئەوان دا تاقی کردەوە. ئەوان کە ویستیان لەمە بێنە پێش، ئێمەش لەوان چووینە پێش، ئێستاش ئەوان حازر بوون پاشەکشێ بکەن، ئێمەش ئامادە بووین بکشێینەوە. ئەوان دەگەڵمان هاتوونە باری پیاوەتی، ئێمەش گوێیان بۆ ڕادەگرین. لە سەفەری تارانم دا دەگەڵ ئاغای قەواموسەلتەنە زۆرم گفتوگۆ کرد. ئاغای قەوام نەزەرێکی موساعیدی دەگەڵ کوردان هەیە. ڕۆژێک ئاغای قەوام پێی کوتم: ئەوا ئێمەش بووینە دێمۆکڕات و حیزبی دێموکڕاتی ئێرامان دامەزراندووە. وا بە باش دەزانم کە نێوی (حیزبی دێموکراتی کوردستان) بگۆڕن و نێوی بنێن حیزبی دێموکراتی ئێران. منیش وڵامم داوە: کە ئەمن بە بێ تەسویبی کۆمیتەی مەرکەزی هیچ کارێکی ناکەم، چونکوو دێمۆکڕاتی مانای ئەوەیە کە شەخس ناتوانێ مەسڵەحەتی میللەتی بێ موشاوەرە بگرێتە دەستی خۆی. ئاغای قەوام ددانی بەوەدا هێنا کە کوردستان شایانی تەقدیرە و میللەتی کورد ئامادەی هەموو جورە فیداکارییە بۆ گەیشتن بە ئازادی و دێموکراتی و کوتی: نێهزەتی دێموکراتی کوردستان بە پشتیوانێکی گەورەی خۆمان دەزانین و ئومێدمان ئەوەیە کە بە هۆی ئێوەوە دێموکراتی لە تەواوی ئێران دا بڵاو بێتەوە ...

پێشەوا لە درێژەی قسەکانی دا ئاماژەی بە پەیوەندی کورد و ئازەری کرد فەوەووێ: ... ئەگەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەم سەفەرەی منیش دەپرسن: بۆ خۆتان دەزانن کە ئازەربایجانی برا و پشت و پەنای ئێمەن و ئەم ڕۆژانە بیستوومە کە لە ئەتراقی ورمێ هێندێ لە کوردەکان ئەسبابی زەحمەتی هێندێ لە برا ئازەربایجانیەکانیان فەراهەم هێناوە و ناڕێکییان کەوتووتە نێوان. ئەمە کارێکی یەکجار خراپە. مومکین نییە تەعەدی بە حقووقی هیچ فەردێکی ئازەربایجانی یا کورد بکرێ. بە پێی پەیمانی نێوانی کورد و ئازەربایجان خیانەت بە ئەفرادی ئازەربایجانی خیانەت بە ئەفرادی کوردە. جا دەچم بزانم مەبەستیان لەم جورە کارە ناحەزانە چییە و بۆچی وادەکەن؟

هەر بە پێی ڕۆژنامەی کوردستان، پێشەوا لە ئاخری قسەکانی دا، لەسەر دزی و گەندەڵی لە ئیدارەکانی دەوڵەتی کورد دووا و گوتی: ... براکانم وەکو بیستوومە گەلێ کەس رشوەت دەخۆن، گومرک دەستێنن نایدەن بە مالییە. شتی دەکڕن بە تمەنێک دوو تمەن لە سەر حکومەت دەنووسن. خەیانەت و دزی کردن لە پیسترین دەردی میللەتە دەبێ لە خوو پیسانە خۆتان بپارێزن و هومێدم هەیە کە هەموو پیکەوە شەو و ڕۆژ بۆ مەسڵەحەتی میللەت بکۆشن. پوڵتان مەنزوور نەبێ و بوغز و دووبەرەکی بمرێنن.

سەعیدخانی هومایون لە کتێبەکەی دا دەڵی پێشەوا دوای قسەکان و دەربڕینی ڕێز و حوڕمەت و هەستی خۆشەویستی سەبارەت بە ئەوان، لەگەڵ حاجی باباشێخ بەرپرسی هیئەتی رەئیسەی میللی سواری ماشین بوون و بە چەند ماشێنی پڕ لە پێشمەرگە بەرەو شاری ورمێ وەڕێکەوتن. هێندێک کەس تا ٥ کیلومەتری شار، بەڕێیان کردن کە بە دەستووری پێشەوا لەوێڕا گەڕانەوە. لێرەدا هەروەک لە لاپەڕەی ١٦٦ کتیبی "پیشوای بیداری" دا هاتووە، سەعیدخان هومایون بە قسەی خۆی جەساڕەت دەکا و بە پێشەوا دەڵی: جەنابی پێشەوا سەبارەت بە خەڵک و عەشایر لوتفت فەرموو و سپاست لێکردن، بەڵام فەیزوڵابەگییەکان کە هەمویان خزمی نیزیکی خۆتن فەرامۆشت کردون و سەبارەت بە ئەوان لوتف و مەرحەمەتێکت نەبوو.

پێشەوا بەرێزەوە دڵدانەوەی داوە و ئەو شێعرە فارسییەی بۆ خوێنێتەوە:

دلا یاران سه قسمند اربدانی

زبانی‌اند و نانی‌اند و جانی

به نانی نان بده از در برانش

نوازش کن به یاران زبانی

ولیکن یار جانی را نگهدار

به جانش جان بده گر میتوانی

لێرەدا حاجی باباشێخ دەڵێ:

قوربان، حەق بە وییە، ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی کە ئەوڕۆ پێمانیان لە گەڵ بەستییەوە زوربەیان جێی باوەڕ نیین. ئەمن ئەگەر ئیزنم هەبایە بۆخۆم هێندکیانم محاکمە و مجازات دەکرد.

پێشەوا گوتی:

جەنابی بابا شێخ، هەر بزوتنەوە و حکومەتیک کە بناخەی کارەکەی لە سەر کوشت و کوشتار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مخالیفان دانابی، محکوم بە نەمان و سەرشۆڕی مێژووییە. بەڵام بە ویستی خودای گەورە ئەمن دەمهەوی حکومەتی کوردستان بی کوشت و کوشتار و خوێن رشتن بەرەو پێش ببم.

بە پێی لاپەڕەی ١١٤ی کتێبی پێشەوای بیداری ئەو هەیئەتە دوو رۆژ لە ورمێ ماوە و پێشەوا لەوێ چاوی بە زۆربەی نوێنەر و خەڵکی باوەڕ پێکراوی شار کەوت و بۆ هاوکاری نیوان مەئموورانی کورد و ئازەری، لە جێگیر کردنی ئاسایش و ئەمنییەت بۆ خەڵکی شار و دێ، دووا و رێنوێنی کردن. دوایە پێشەوا لەگەڵ عەمەرخانی شکاک و عەشایری دیکە کە بۆ پێشوازی ئەو هاتبوونە ورمێ، بەرەو شاری سەڵماس وەڕێکەوت.

لەسەر رێگای سەڵماس، لەسەر داوای عەمەر خان، پێشەوا لە ئاوایی "زین دەشت" کە دەبێتە گوندی ئەو، لایدا. لە سەر رێگایە خەڵکی دێهات کە خەریکی دروێنە و راپەڕاندنی کاری مەزرایە بوون، دەستیان لێهەڵدێنا و بە گەرمی بەخێرهاتنیان دەکرد. جارجار پێشەوا لە ماشێنەکە دەهاتە خوار و بە گەرمی چاک و خۆشی لەگەڵ دەکردن و ئەوانی لە ئامێز دەگرت. پێشەوا هەر لەو رێگایەدا، لە سەر قەبری چەند ئەسحابە لای دا و فاتیحای خوێند و دوایە چاوی بە ئاوی مەعدەنی "دەرماناو" کەوت و ئەوجار پێش ئەوەی بگەنە نێو ئاوایی زین دەشت، کوڕەکانی عەمەرخان گەیشتنێ و بە خۆیان و بە سوارەکانیان لە دەوری ماشێنی پێشەوا، تەقەی خۆشییان کرد.

پێشەوا رۆژی دوایە لەگەڵ سەروک و گەورەکانی عەشیرەتی شکاک بەرەو شاری سەڵماس وەڕیکەوتن. لەوێش خەڵکێکی زۆر هاتبوونە پێشوازیان و لەوێ چاوی بە نوێنەرانی خەڵکی ئازەری کەوت و داوای لێکردن کە لەگەڵ کوردان هەوڵ بدەن بە خۆشی و ئاشتی رۆژگار تێپەڕ بکەن. ئەو هەیئەتە ئەوجار بەرەو شاری خۆیە وەڕێکەوتن و لەوێش بە شێوەی شاری سەڵماس زۆر بە گەرمی پێشوازیان لێکرا و چاوی بە نوێنەری خەڵک و گەورەکانی عەشایر کەوت. لە رێگای بەرەو شاری ماکۆ، دوور کێوی بڵیند و سەرکەش و بەفرپۆشی ئاگری دیار بوو. پێشەوا بە یادی لە خۆبردوانی ئاراڕات سڵاوی کرد و گوتی:

سڵاو لە تۆ ئەی ئاگری کە بە تەقی خۆڕاگری لەخۆبوردوانت، رۆژێک دێ رەگ و ریشەی داگیرکەرانت لە بن هەڵقەنی.

پێشەوا لە نێو رێگا لە لای "کانی رەش"، لە لایەن عەشایری خەڵکانلو، میلان، جەلی و ئەرمەنییەکان پێشوازی لێکرا و تا لە ماکۆیە نیزیکتر دەبۆوە رادەی خەڵکی زیاتر دەبوو.

شاری ماکۆ کە لە مەکۆ هاتووە، لە نێوان دوو زنجیرە کێوی بڵیند و داتاشراو دا هەڵکەوتووە کە چۆمی "زەنگمار" بە نێویان دا تێدەپەڕی. قەڵای شار کەوتۆتە داوێنی ئەو کێوانە سێبەری ئەوانە بەسەری داکشاوە. لە داوێنی کێوەکە لە سەر بەردێک چەند بەیتی شێعر نوسراون کە نێوی قەڵاکە و رێکەوتی دروست بوونەکەی بە هۆی شا عەباس سەفەوی نیشان دەدا. یەکێک لە شێعرەکان ئەوەیە:

این قلعه که اسم او قبان بود
ذرب‌المثل همه جهان بود



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو قەڵایە لە ساڵی ١٠٩٢دا، بە مەبەستی بەربەست کردنی شۆڕشی کوردان دروست بووە. قازی محەممەد سێ ڕۆژ لەو شارە ماوە و چاوی بە هەموو گەورە پیاو و سەرۆک عەشیرەتەکان وەک عەمەرخانی جەلالی و شێخ حەسەنی جەلالی، عەوڵاغای میلان و حەسەن ئاغا، ڕەئیسی عەشیرەتی خەڵکانلو، کەوت.

بنەماڵەی سەرداری ماکۆ، گەورەترین بنەماڵەی ئەو ناوچەیەن. ئیقبالوسەلتەنە(سەرداری ماکۆ) بە هۆی ڕەزا شا کوژرا. ئانالی خێزانی سەردار کە گۆایە بە ڕەگەز خەڵکی باکۆیە بوو، بۆ نەهارێک لە کۆشکی "باخچە جووق" کە لە چەند کیلومەتری شار هەڵکەوت بوو و شوێنێکی لە ڕادەبەر جوان و دڵڕفێن بوو و هەموو جۆرە دارە میوەی هەبوو، میوانداری لە پێشەوا و هاوڕیانی کرد. ئەو کۆشکە وەک ماڵە ئەشرافییەکانی ڕووس دروست کراوە و دوو قاتە. سەرسەرا و هەیوان و بێڵایی جوانی هەیە کە بەسەر حەوزی حەساردا دەڕوانێ. بەری میچی ژوورەکانی بە نەقاشی جوانی سەردەمی سەفەویێکان ڕازاوەتەوە و لە ژوورەکان، بەردی جوانی قیمەتی و پەیکەرەی چینی خۆ دەنوێنێ.

بە پێی قسەکانی ئانالی خانم، لەکاتی خۆی دا، هەر ژوورەیٚ بە فەرشی لە قیمەت نەهاتووی ڕەنگی خۆی ڕازابۆوە و هەمووی ئەوانە و شتە قیمەتییەکان و خەزێنەی سەردار، بەهۆی عەوڵاخانی تەهماسوبی، سەرلەشکری ڕەزاخان کە مەئموری سەرکوتی سەردار بوو، بە تاڵان بردرا. دوای ئەو ڕووداوە گشت کوڕەکانی سەردار دەچنە تاران و تەنیا کۆڕکیان لەویٚ ماوە کە لە خانووە کۆنەکەیان دا دەژی.

لە گەڕانەوە بۆ شاری ورمێ، پێشەوا لە مزگەوتی جامعی شار و مزگەوتی سوننیان دیتنی کرد و چەند شوێنەواری کۆنی چاو پێکەوت و ئاواتی خواست کە شوێنەوارەکان بپارێزرێن. ئەو سەفەرە دە ڕۆژی خایاند و بوو بە هوی دڵگەرمی زیاتری عەشایری شکاک و بە هێز بوونی پێوەندی دوو نەتەوەی کورد و ئازەری.

بە گوێرەی کوردستانی ژمارە ٧٦ پێشەوا دوای گەڕانەوە بۆ مەهاباد لە نوتقێک دا بۆ خەڵکی مەهاباد کە هاتبوونە پیشوازی گوتی کە هەموو ماندووبوونی ئەو سەفەری لەبیر کردوە و دەڵێ کە لەو سەفەرەدا، شارەکانی ورمی و شاپور و خۆی و ماکۆی دیوە و لە نیزکەوە چاوی بە برا کوردەکان کەوتووە و ئاشنای ڕووحییەی ئەوان بووە. پێشەوا دەڵێ کە پێیگوتن: ... ئیوە بۆخۆتان دەزانن کە ئێمە نهزەتێکی گەورەمان کردوە و لەم ڕێگەیە دا زۆرمان زەحمەت کێشاوە و گەلێکمان فیداکاری نواندوە و ئێستاش ئێوە ئەگەر ئەم کارەتان لەبەر گرانە هیچ مانعێکی نییە. مومکینە کوردی هەر مەڵبەندێک دەگەڵ ئەو شارانەی ئازەربایجان کە لێیان نیزیکە هاوکاری بکەن. مەسلەن کوردی دەوروبەری ورمێ دەگەڵ ورمێ و کوردانی دەوروبەری شاپوور و خۆی ماکۆ دەگەڵ ئەو شارانە هاوکاری بکەن. ئێمە دەگەڵ ئازەربایجان هیچ جیاوازیمان نییە.

پێشەوا دەڵێ کە ئەوان گوتیان کە ئاڵای سێ ڕەنگی موقەدەسی کوردستانیان هەڵکردوە و تا لەژێر سێبەری دا هەموو کوردێک بحەسێتەوە و هەتا ئاخرین قەترە خوێنیان نایەڵن ئەو ئاڵایە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکەوێ و هەر شکاوەی رادەگرن تا لە هەموو کوردستان دەلەرێتەوە. ئەگەر کەمتەرخەمیش لەوان رووی دابێ لەبەر ئەوەیە کە ئەوان نەچوونە قوتابخانە و لە شارستانییەت و لە کاروباری حوکمی و تەشکیلاتی بە دوورن، دەنا هەموو کوردی پاکن.

پێشەوا لە درێژەی قسەکانی دا باسی ئەو رێز و حورمەت و پێشوازی و بەرەوپیر چوونە دەکا کە خەڵکی ئازەری و دەستەڵاتدارانی حکومەتی ئازەری لێیان کردوون. ئەو هەروەها باسی چارەسەری هیندێک کێشەی عەشایری لە نێوان ئاغایانی هەرکی و نووری بەگی بەگزاد دەکا کە چەند پیاویان لێک کوشت بوو. پێشەوا لەو سەفەرە دا لە شارەکانی ورمێ و خۆیە دووجار چاوی بە پیشەوەری کەوت و لە سەر کێشەی کورد و ئازەر قسەیان کرد و بەڵێنی چارەسەری کێشەیەکانیان دا. لە کۆتایی دا پێشەوا گوتی کە سەفەرەکەی زوو تەواو کرد تا چاوی بە ٣ خوێندکاری "باکۆ" بکەوی کە بە سەفەر هاتبوونەوە مەهاباد و دەڵێ: ... ئەمن لەم سەفەرەدا هێندێ کارم مابوو کە جێبەجێان بکەم بەڵام چوونکوو بیستم کە ٣ نەفەر لە مەحەسلینی ئێمە کە لە باکۆ دەخوێنن بۆ سەردانی وڵات هاتوونەوە تاڵوکەم کرد کە چاوم پێیان بکەوێت و ئینتزاریم هەبوو کە لە وەختی هاتنەوەی ئەواندا پێشوازێکی زۆر چاکیان لێبکرێ. چوونکە ئەوانە هەوەڵ محەسلێکن کە لە کوردان چوون بۆ خارجە. میللەت دەبێ زۆریان قەدردانی لێبکا. بەڵام داخەکەم لەم خسوسەوە وەک پێویست تەوەجوهی لازم و پێشوازی شایانیان لێنکراوە. ئومێدەوارم کە هەموو ساڵێک مووفەق بین ژمارەیەکی زۆر لە موحەسلین بنێرین بۆ خاریجە کە بە حەول و قووەتی خودا مووەفەق بین بەهۆی عیلم و زانست کشتی کوردستانی بگەیەنینە ساحیل و خواهیش لەو دانیشجوو خۆشەویستانەی خۆمان دەکەین کە لە ماوەی ئیقامەتی خۆیان لە مهاباد موشاهەداتی خۆیان لەوێ بە نووسین و بە گوتن بۆ خەڵکی بڵێن و بنووسن کە میللەت ئاشنا بێت کە میللەتانی دیکە چلۆن بە قوەتی عیلم و زانست ئەرز و ئاسمان، سەر دەریا و ژێردەریایان موسەخەر کردووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٣٨

### کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی خودموختاری دا مانۆڕ دەدا

لەو قۆناغەدا، جووڵانەوەی کورد و ئازەری لە هەموو بوارێکەوە لە پاشەکشە دابوو. کۆماری ئازەربایجان کە دەبوو کاریگەری ئەرێنی لەسەر کوردستان هەبی، لە نێوخۆ و دەرەوەدا کێشەی هەبوو و بەدست سیاسەتی هەلپەرەستانەی رووس دینالاند. وەزعی کوردستانیش لە هەموو بوارێکەوە بەرەو خراپتر دەچوو. ورد بوونەوە لە قسەکانی پێشەوا بۆ خەڵکی مەهاباد کە لە ژمارەی ٧٢ ی رۆژنامەی کوردستان دا چاپ بووە نیشان دەدا کە ئەگەرچی هەوڵ دەدا، لە ئامۆژگارییەکانی دا نائومێدی بەدی نەکرێ، بەڵام دەردەکەوێ کە ئەوکات تەشکیلاتی کۆماری کوردستان تووشی چەشنێک رشوەت و خەیانەت و دزی کردن و دووبەرەکی لەگەڵ یەک کردن و رێز نەگرتن لە ئەندامان، واتا گەندەڵی سەرانسەری بووە.

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دا، رێبەری حیزبی دیموکرات بە لێکدانەوەیەکی ورد لەسەر وەزعییەتی ئێران و ناوچە و جیهان، هەوڵی دا تا بە هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ حیزبی دیموکراتی قەوام، لە دیموکراتیزە کردنی ئێران دا بەشداری چالاکانە بکا. بەمشێوەیە ویستی سەربەخۆیی کەوتە پەراوێز و پێشەوا قازی محەممەد لە تاران بۆ بەدەستهێنانی نیمچە ئازادییەک، تێکۆشا و هەوڵی دا تا دەرفەتی چارەسەری هێندێک ویست و داوخواز، بە شێوەی ئاشتیانە لە فورمی خودموختاری و لە چوارچێوەی شۆڕشی مەشروتەی ئێران دا، بێنێتە دی. هەر ئەوکات کە پێشەوا لە تاران بوو، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێداگری لەسەر بەڕێوەبردنی یاسای ئەنجومەنی ئەیالەتی شۆڕشی مەشرووتە، هێندێک ئاڵوگۆڕیشی لە ئیدارەی کۆماری کوردستان دا پێکهێنا. محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی کرا بە فەرمانداری مەهاباد. بە پێی رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٧٥ بە بۆنەی ٤١ مین ساڵی شۆڕشی مەشرووتە، رێورەسمێکی گەورە لە ڕۆژی ١٣٢٥/٥/١٤(١٩٤٦/٨/٥) لە مەهاباد بە بەشداری نوێنەرانی خاریجی و کەمایەتییەکانی ئەرمەن و جولەکە پێکهات. رۆژنامەی کوردستان لەوبارەوە دەنووسی: جێژن و پەزیرائی لە فەرمانداری مەهاباد بە بۆنەی چل و یەکەمین ساڵی دامەزرانی جێژنی مەشروتیەت

شەوی دوو شەممو ٢٥/٥/١٤ بە بۆنەی چل و یەکەمین ساڵی مەشروتییەتی ئێران جێژنیکی گیرا. لەم جێژنەدا بەپی بەرنامە کە لە پێشدا دیاری کرابوو و بەهۆی بانگ هیشتنێک کە لە خەڵکی بە عەمل هاتبوو و بە تەرتیبی ژێرو تەواوی تەبەقاتی ئەهالی لەم جێژنەدا شرکت و تێکەڵی هەبوو:

١- لە ساعەتی ٥- ٢٠ تا ٥- ٢١ نوێنەرەکانی خارجی و هەیئەتی مودیرەی ئەنجومەنی رەوابتی فەرهەنگی و خەڵیفەی ئەرامنە و جولەکان و معاونەکانیان و ئەندامانی کومیتەی مرکزی و ئەندامەکانی هیتی شاری و ئەندامەکانی یەکەتی جەوانان و سەروکەکانی ئیدارات، ئەندامەکانی شوڕای فەرهەنگ و دەبیران و دکتوران و مدیرانی جەرائید. ئەفسەرانی ئەڕشەد، ئەندامەکانی ئەنجومەنی بەلەدیە موهەندسین و قوزات، پەزیراییان لێکرا.

٢- لە ساعەتی ٥- ٢١ تا ٢٢ عولەما و روحانیان و توجار و ئەعیان و مالک و ئەسناف بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیروزبایی حازر بون.

٣- له ساعەتی ٢٢ باقی تەبەقاتی شاری له فەرمانداری حازر بون و پیروزبایی خویان به فەرمانداری خوشەویست پیشکەش دەکرد و مەڕاسمی مسافحەیان بەجی دەهێنا.

له لایەن ئاغای ژێنڕال محەمەد حوسین خانی سیف قازی فەرماندار مەهاباد و باقی کاربەدەستانی فەرمانداری پذیرایی گەرم و گور له تەواوی خانەوادەی تەبەقاتی ئەهالی بەجێ هات. هەر تەبەقەی پاش پێش کەش کردنی پیروزبایی (و سەرف) ئەنواعی میوه و شەربت که له رێ وەخت دا هەلدەستان سەندەڵی خۆیان بو تەبەقەیەکی دی بەجی دەهێشت. جنابی ئاغای ژێنڕال سیف قازی نوتقێکی بەتینی راجع به مەشروتییەت و قانونی ئەساسی ئێران له بەرانبەری میکروفون ئیراد کرد. له دوای ئەو ئاغای علی خوسروی، ئاغای ئیبراهیم نادری، ئاغای جەعفەر کەریمی، ئاغای عەبدولقادری دەباغی، هەریەک نوتقیکیان له خسوسی مەشروتییەت و ئازادی میللەتی ئێران خوێندەوە. له دوای هەمووان ئاغای ئیبراهیم سەلاح فەرماندەی هێزی ناوەندی کوردستان نوتقێکی له بابەت مەشروتییەت و دیموکراتی له پێشدا به زمانی کوردی خویندەوه و پاشان عینی نوتقەکەی به زمانی ئینگلیزی تکراڕ کردەوه. له نیهایەتی خوشی و شادمانی جێژن له ساعاتی ٢٤ دوایی هات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٣٩

### دامەزرانی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی عێراق

حیزبی هیوا لە کێشە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور دا دەستەوەستان ماوە و ئەندامانی لە سەر شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی، لە راپەڕینی سالەکانی ١٩٤٣ تا ساڵی ١٩٤٥ هاودەنگ نەبوون، بۆیە زۆری نەکێشا ئەو رێکخراوەیە لەبەریەک هەڵوەشا. ئەو ئەفسەرە شۆڕشگێڕانەی کە چووبوونە ریزی هێزەکانی بارزانی، لەژێر سەرکردایەتی مەلا مستەفا دا ڕێکخراوی"هەیئەتی ئازادی" یان دامەزراند. بەڵام بە دوای چوونی بارزانییەکان بۆ کوردستانی رۆژهەڵات، ئەو رێکخراویەش، تێکۆشانی نەما.

لەو بوارەدا نەوشیروان مستەفا لە کتێبی کۆماری کوردستان لە گەمەی سوویەت دا باسی پێکهاتەی هێزە سیاسییەکان، وەزعییەتی سیاسی کوردستانی باشوور و هەروەها چۆنییەتی دامەزرانی پارتی دێموکرات دەکا و دەنووسێ: جیاوازی بیروبۆچونی ئەندامەکانی حیزبی هیوا سەبارەت بە هەڵوێستی سیاسی لە شۆڕشی بارزان و لە هەردوو دەوڵەتی سۆڤێتی و بەریتانی، بوو بە هۆی تێکچونی ریزەکانی و سەرەنجام پارچە پارچە بوونی. ساڵی ١٩٤٥ چەندین رێکخراوی سیاسی جیاواز لە کوردستانی عێراق دا دروست بوو بوو. لە ناو ئەو رێکخراوانەدا حیزبی شیوعی کوردستان ″شۆڕش″ و حیزبی رزگاری کورد و لقی عێراقی کۆمەڵەی ژ. ك لە هەمویان گرنگتر بوون. ئەفسەرە کوردەکانی چووبونە ناو شۆڕشی بارزانەوە، ئەوانیش رێکخراوێکیان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی بەناوی ″هەیئەتی ئازادی″ هوە دامەزراند بوو. بەڵام لە گەڵ کشانەوەیان دا بۆ کوردستانی ئێران ئیتر چالاکی‌یان نەمابوو. لە پاڵ ئەم رێکخراوانە دا لقی کوردی حیزبی شیوعی عێراق و چەند وردە ڕێکخراوێکی تر هەبوون. بەم جۆرە پەڕاگەندەیی سیاسی باڵی کێشا بوو بە سەر بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی عێراق دا. حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، وەکو حیزبێکی ئێرانی، نەیئەویست و نەیئەتوانی ببێتە رێخەر و پێشڕەوی کوردستانی عێراق و نوینەوەرەی ئامانج و ئاواتە سیاسی‌یەکانیان. لەو سەردەمەدا بیری کۆکردنەوەی ریکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستانی عێراق لە حیزبێکی یەکگرتو دا لای بارزانی و هاورێکانی گەڵاڵە بوو. نوری ئەحمەد تەها بو ئەم مەبەستە بە نهێنی سەری کوردستانی عێراقی دایەوە. بارزانی بە هاوکاری میرحاج ئەحمەد، نوری ئەحمەد تەها، عیزەت عەبدولعەزیز، سەید عەزیزی شەمزینی، خەیروڵا عەبدولکەریم، محەمەد مەحمود و چەند کەسێکی تر ″پارتی دیموکراتی کورد″ یان دامەزراند و بەرنامەکەیان نوسی. بارزانی لە ناو خەڵکی کوردستانی عێراق دا و لە لای تێکۆشەرەکانی، پایەیەکی تایبەتی هەبوو. هەمزە عەبدوڵای بە نوێنەری خۆی ناردەوە بۆ کوردستانی عێراق بۆ پەیوەندی و گفتوگۆ لەگەڵ سەرانی هەموو رێکخراوەکان و ئامادەکردنی رێوشوێنی یەکگرتنی هەمویان لەناو ئەو حیزبە نوێیە دا. بیری دامەزراندنی تەنیا حیزبێکی یەکگرتو بۆ سەرکردایەتی خەباتی کورد لە کوردستانی عێراق دا، جۆرێ بو لە چاو لێکردنی کوردەکانی ئێران.

گۆڕانکارییەکانی حیزبی دێموکرات لە سەردەمی کۆمار دا کاریگەری زۆری لەسەر رێکخراوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"لێژنەی ئازاد" دانا و بە گوێرەی لاپەڕە ١٨٧ی کتێبی "بارزانی و بزوتنەوەی..."مەلا مستەفا لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ئەم لێژنەیە کە بریتی بوون لە هەمزە عەبدوڵا، نوری ئەحمەد تەها، میرحاج ئەحمەد، عیزەت عەبدولعەزیز، مستەفا ، خەیروڵا عەبدولکەریم، محەممەد مەحموود قودسی، لە کۆتایی مانگی شوباتی ١٩٤٦دا، پارتی دیمۆکراتی کورد" یان دامەزراند و پەیرەو و پرۆگرامیان بۆ نووسی.

بناغەی دامەزرانی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق کە لە سەر شێوە و بێچمی حیزبی دێموکرات بوو و دەگەڕێتەوە بۆ پێستر و بۆ ساڵی ١٣٢٤. لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارەی ٢٧ دا، باسی جێژنی نەورۆز لە ساڵی ١٣٢٥ کراوە و بەو بۆنەوە رێوڕسمێکی بە شکۆ لە مەهاباد گیرا. هاشم خەلیل زاد بە وردی باسی ئەو مەڕاسیمە دەکا کە چۆن هەر لە سەعاتی ٨ بەیانی خەڵک لە شەقامەکانی قازی و وەفایی کۆببوونەوە و هێزی پێشمەرگەی بە ریز، ئامادە راوستابوون. ناوبراو لە درێژەی وتارەکە دا دەنووسێ کە پێشەوا بەخێر هاتنی جەنابی مەلامستەفای بارزانی و ئەفسەرانی ئەرشەدی هێزی بارزان کرد و زۆر رێزی لێگرتن. لەو رۆژەدا مەڵامستەفا لە وتارێکی بە پێز دا گوتی: ... ئەی جەوانانی کورد پەیمانتان دەدەمێ کە هەتا دواتنۆکی خوێنم بۆ ئازادیتان ببخشم. ئازادی گەلی بەرزی کوردمان وەکو پێشمەرگەیەک ئامادەم بۆ هەموو داوایەکی پێشەوای کوردستان) بۆ هێنانە جێی ئامانجی مەزنی دێموکراتی...

بە پێێ رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٨ هەر لەو جێژنەدا، محەممەد مەحموود کە لە زۆربەی دیدارەکان دا وەک نوینەری تایبەتی مەلامستەفا هەڵسوکەوتی دەکرد، لە ختابەکەی دا دەڵێ: بە ناوی پارتی دێموکراتی کوردی عێراقەوە بە بۆنەی جێژنی نەورۆز پیرۆزبایتان لێدەکەم.

هەر لەو چوار چێوەیەدا بەکر عەبدولکەریم حەوێزی لە لاپەڕەی ٣٧ ی کتێبی"گەشتێک بە کۆماری مەهاباد دا" دەنووسێ کە پاش دامەزرانی کۆمار، مەلا مستەفا بیری کردەوە کە پێویستە حیزبێکی سەربەخۆی جەماوەری لە عیراق دابمەزرێنێ. بۆیە لە رێکەوتی ١٩٤٦/٢ پارتی دێموکراتی کورد لە عیراق، بە هاوکاری ئەم ئەفسەر و کەسانە دامەزرا:

مەلامستەفا، هەمزە عەبدوڵا، ئەنوەر دڵسۆز، بەکر عەبدولکەریم، مستەفا ، نووری ئەحمەد تەها، مەحموود قودسی، عیزەت عەبدولعەزیز، خەیڕوڵا عەبدولکەریم، جەلال ئەمین، محەمەد ساڵح ژاژەڵە، عەبدولڕەحمان نەقیب، میرحاج ئەحمەد، وەهاب مەحەممەد ئاغا و شێخ لەتیف شێخ مەحموود حەفید. بێگومان ئەم پارتە لەسەر شیوەی پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەهاباد دروست بوو.

بە گوێرەی لاپەڕەی ٣٩ ی ئەو سەرچاوەیە، پێشەوا قازی دوای ئەوە ئاگاداری درووست بوونی پارتی دێموکرات دەبێ، لەلای مەلامستەفا دژایەتی خۆی لەگەڵ دروست بوونی پارتی دێموکرات دەردەبڕی. مەلا مستەفا رازی بە هەڵوەشانەوەی پارتی دەبێ و لەگەڵ ئەندامانی حیزب کۆ دەبێتەوە و دەڵێ:

پێشەوا داوای کردووە کە پارتی دێموکراتی کوردستانی – عیراق کە لە مەهاباد دامەزراوە لەبەر چەند هۆیەک هەڵبوەشێتەوە: ١ - دروست بوونی ئەو پارتیە بۆ کوردستانی عێراق گیروگرفتێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسی بۆ کۆماری ساوای مەهاباد دروست دەکات. دوژمنانی کۆمار بە تایبەتی تورکیا و عێراق کە وڵاتە سوێند خورەکان پشت و پەنایانن، ئەم کارە واتە دروست بوونی پارتی لەو بەشەدا دەکەنە بەڵگەیەک تا لە وڵاتانی پاڵپشتیان و دونیاش بگەیەنن کە کۆماری مەهاباد لە ئێستەوە هەوڵی ئاژاوەنانەوە دەدات لەو دوو پارچەیەی دیکەی کوردستاندا و بە مەبەستی دروست کردنی کوردستانی مەزن لە هەر چوار پارچەکەدا. هەروەها پێشەوا بە مەلا مستەفای فەرموو بوو: کە دروست بوونی پارتی بۆ کوردستانی عێراق لەم کاتە ناسکەدا زیانیکی گەلێک گەورە بە کۆماری مەهاباد دەگەیەنێ و مەترسییەکی زۆریشمان بۆ دروست دەکات، هەرچەنە کە دەشزانیین ئامانجی دووارۆژمان ئەوەیە کە هەموو کوردستانی مەزن ببێتە یەک پارچە و یەک کۆمار.

٢- پارتی ئێمەش (پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێران- پیشەوا دەفەرموێ) پارتی دێموکراتی هەموو کوردستانی مەزنە. هەرچی کۆمەک و یارمەتی و پێشگیریەکیش لە کوردستانی عێراقەوە بێت ئەوا لە ڕێی کۆماری مەهابادەوە بە ئێوە دەدرێت.

پاش ئەوەی کە مەلا مستەفا بیروڕای پێشەوای پێڕاگەیاندین، خۆشی فەرمووی"منیش وا بە بەرژەوەند دەزانم کە پارتی هەڵبوەشێتەوە" ئێمەی ئەندامانی پارتیش بە گشتی بیروڕامان لەگەڵ مەلا مستەفا کرد بە یەک و لەسەر فەرموودەی پێشەوا، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراقمان دا و پێکڕا ئەو بڕیارەمان مۆر کرد.

بە گشتی بنەمای "پارتی دێموکراتی کوردی عێراق" لە سەر چوارچیوەی حیزبی دیموکرات، لە ساڵی ١٣٢٤دا، داڕێژراوە و هەر دوو حیزب هاتەمەنن. مەلا مستەفا لەگەڵ هاوڕێیانی، سیاست و ستراتیژی و خەت و نیشانی بۆ دیاری کردوە و ساڵی دواتر هەمزە عەبدوڵای ڕەوانەی کوردستانی باشوور کرد کە بە گرتنی کۆنگرەی فەرمی، ڕەسمییەت و شەرعییەت بدا بە دامەزرانی پارتی دێموکراتی کوردستان.

دامەزرانی پارتی دێموکرات، مەترسی لە لای وڵاتانی تورکیە و عێراق و ئینگلیس پێکهێنا کە کۆماری کوردستان بۆ وڵاتانی دەوروبەر پەرە بستێنێ. بۆیە ڕاگەیاندنی دامەزرانی پارتی لە مەهاباد بە سەڵاح نەزانرا و نوسراوی مەسعود بارزانی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ. بەو هۆیانە بارزانی لە دوایی بەهاری ١٩٤٦ بە ئامۆژگاری تەواو هەمزە عەبدوڵای ناردە کوردستانی عێراق. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٨٨دا، دەنووسێ: هەمزە عەبدوڵای پارێزەر نێردرایە کوردستانی عێراق تا پێوەندی پێویست لەگەڵ کاربەدەستانی حیزبی شۆڕش و ڕەزگاری و لقی دێموکرات لە سولیمانیدا پێک بهێنێت.

مامۆستا هەژار لە سەر کەسایەتی هەمزە عەبدوڵا لە چێشتی مجێور دا دەنووسێ کە هەمزە یەکی لوت بەرزی قۆڕدەماغی کومونیستی دوو ئاتەشە بوو. دەیگوت وەک پێویست لە مەهاباد قەدریان نەگرتوە و قسەی ئاوای کردوە کە هیچ شەلاتێک نەیکردوە. دەیگوت کە کرێکاران خۆڵ دەکەنە ناو بۆمباکانی ئەمریکا و سەرکەوتن هەر بۆ سۆڤیاتە. ئەو سەروبنی قسانی سلاوەت لە دیداری ئیستالین بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەرچی بوو هەمزە عەبدوڵا لە کارەکەی دا سەرکەوتوو بوو و لەسەرەتای مانگی ئاب دا سەرکردایەتی دوو حیزبی شۆڕش و ڕەزگاری کۆنگرەیان گرت و حیزبەکەیان هەڵوەشاندەوە و چوونە ناو حیزبی تازە. پارتی دێموکرات یەکەمین کۆنگرە خۆی لە ١٦ ی ئابی ١٩٤٦ لەماڵە عەلی حەمدی لە بەغداد بەست و مەلا مستەفای بارزانی بە سەرۆکی حیزب هەڵبژارد. کۆنگرەی یەکەم لە مێژووی پارتی دیموکرات دا کە زۆرتر بە پارتی ناو دەبردرێ، ڕووداوێکی گرینگ و مێژوویی بوو وەک کاک مەسعود بارزانی لە لاپەرەی ١٨٩ دا دەڵێ لەو کۆنگرەیە دا، پەیرەو و پرۆگرامی حیزب کە لە مەهاباد دارێژترا بوو بە هێندێک دەستکاری پەسەند کرا. مەلا مستەفا بارزانی بە سەرۆکی حیزب و شێخ لەتیفی شێخ مەحمود بە جێگری یەکەم و کاک حەمە زیاد بە جێگری دووهەم هەڵژێردران. ئەندامانی دیکەی کومیتەی ناوەندی بریتی بوون لە هەمزە عەبدوڵا، میرحاج ئەحمەد، دوکتور جەعفەر کەریم، عەلی عەبدوڵا، ساڵح یوسفی، عەبدولکەریم تۆفیق، ڕەشید عەبدولقادر، ڕەشید باجەڵان، مەلا سەید حەکیم خانەقینی، عەونی یوسف، تەها محێدین، عەبدوسەمەد محەمەد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی ٤٠

## چارەنووسی نادیاری کۆماری کوردستان و ئازەربایجان

### مێتینگی گەورەی دە هەزار نەفەری لە شاری مەهاباد

یان بە مەبەستی ساڵوەگەری کونگرەی یەکەمی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٢٥ یان بۆ دڵنەوایی و ورەدان و رەوینەوەی ترس و نیگەرانی خەڵکی کوردستان لە ریکەوتی ١٣٢٥/٧/٥ مێتینگێکی گەورەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە شکۆیەکی تایبەت لە مەهاباد بەڕێوە بردرا.

مامۆستا هەژار لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٩٢ دا ئاماژە بە مێتینگی گەورەی دە هەزار نەفەری شاری مەهاباد دەکا کە بە موسەلەحی ئامادە بوون و رێژەیان داوە و سرود و پەیام و وتاریان خوێندوتەوە. هەژار بە وردی باسی ئەوە دەکا کە چۆن لە ٥ لای شارەوە خەڵک بە چەک و بێ چەک و دەستەی چەک دار بە مەشق بەرەو چوارچرا وەڕێکەوتن. سەرئەنجام گەورە بەرپرسانی حیزبی و گەورەکانی عەشایر کە هەموو شەهامەت و ئازایەتیان لێدەباری لە نێو ئاپۆڕای ١٠ هەزار کەسی دا لە کانگای حیزب کۆبونەوە. مامۆستا هەژار لە درێژەدا دەنووسێ کە سەرەتا پێشەوا قازی محەممەد وتاری خوێندەوە و مامۆستا هەژار شێعر و ئاغایان حاجی مستەفا داودی و سەرهەنگ ٢ مستەفا  و عەبدولڕەحمان زەبیعی وتاریان خوێندەوە.

مامۆستا هەژار باسی ناوەرۆکی ئەو مێتینگە ناکا و تەنیا ئەو رۆژە بە رۆژێکی گەلێک مێژوویی دەنرخێنی و لە بڕگەیەک دا دەنووسێ:

مێتینگی گەورەی دە هەزار نەفەری لە شاری مەهاباد

... هەرچە لەو رۆژەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان تەشکیل بووە هەموو ساتێکمان بەرجەستە و تاریخین بەڵام رۆژ و وەخت و سەعاتی واش دێن کە فەرقێکی تایبەتی هەیە و لە رۆژانی دی تاریخیترن. رۆژی ١٣٢٥/٧/٥ یش لەوان دژمێردرێ.

مامۆستا هەژار لە درێژەدا دەنووسێ: ... دەستەی موزیکان و سرودی منداڵانی مەکتەب، بانگ ئاوازێک بوون لە تەمەدونی کوردیان خەبەر دەدا. تەواوی سەری سەعاتی هەشتی بەیانی کە بە سەروەختی میتینگ داندرا بوو لە طرف حاجی مستەفا داودی معاونی انجمنی کوردستانەوە میتینگ ئیفتتاح کرا ... محبوبترین رولەی نیشتمانی کورد حەزرەتی پێشەوای موعەزەم وەک فریشتەی رحمت لەسەر تریبون خوی نواند بە چەپلەرێزان و هورای زور بەتین و ئێحساساتی زور بە شدەت کە لە نیو کەم میللەتان وەگیر دەکەوی لە لایەن جماعەتەوە پذیرایی لێکرا.

نوتقێکی زور بەتین و متین و پر پەند و ئامۆژگاری ئیراد فەرموو کە دڵی دوستانی خوش و پڕ هومێد کرد و پشت و ئەژنوی خائنانی شکاند و لەرزاند و گویگرەکان هەر لە مابەینی چەند جوملەیەکدا بەهوی چەپلە و هورا ئیزهاری ئیرادەت و محبەت و عەرزی رەزایەتی یان تەقدیم بە پێشەوای خویان دەکرد.

٢- هەژار مقالە و شێعری خویندەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣- ئاغای حاجی مستەفا داودی مقالەی خوێندەوە.
٤- ئاغای سرهنگ ٢ مستەفا خوشناو نوتقێکی بەتینی ئیراد کرد.
٥- عبدولرحمن زبیحی مقالەی خویندەوە.

لە مابەینی هەر یەک لەو نوتق و ختابانەدا سرود و موزیکان ئاگری ئێحساساتی خلّکیان خۆشتر دەکرد و ئامادەتری دەکردن بو بیستنی ئەوی دی. لە ساعات ١١ دوایی میتینگ خەبەری درا و میتینگ دوایی هات.

هەیئەتی کومیتەی مەرکەزی و روئەسای دەوایر لە پێشەوە و بە تەرتیب ئەهلی هەر پێنج ناحییە هەر یەکە بە دووی رەئیس ناحییەی خویاندا کە هەموی موسەلەح و لە چەکەکاندا خویان رەش کردبوو، زۆر بە ئارام و متینی زۆر بە نەزم و تەرتیب بە مشقێکی سەربازی و بە ریزە بە پێش پێشەوای خۆشەویستیان دا هاتن و بە ئەندازەیەک شەوق و کەیف خۆشی لە سیمایان دیار بو کە هەر تماشاچیەک چاوی پی روون دەبووە و بی ئیختیار فرمێسکی شادی بە سەر روومەتی خویەوە دەدی و دلّی هەر غەمدیدیکی دەخستە پێکەنین و خوشیەوە.

**بەرەی سەردەشت**

دوای گەڕانەوەی حەمە رەشیدخانی بانە بۆ عێراق، پێشەوا داوای لە بەکر حەوێزی کرد کە ئەو بارزانییانەی کە لە مەهاباد بوون کۆیان کاتەوە و بچتە ناوچەی گەورکان کە حەمەدی مەولوودی بە ٢٨ پیشمەرگە لەوێ بوون و ناوچەکە کەوتبووە بەر هێرش و تالان و بڕۆی عەشیرەتەکانی بانەیی سەر بە دەوڵەت. ئەو عەشیرەتانە هەرکامەیان چەند سەد چەکداریان هەبوو، وەک نەسرولّاخان(٥٠٠ چەکدار) و عێزەت خان و قادرخان و چەند ئاغای دیکە. بەکر عەبدولکەریم حەوێزی، لە لاپەڕەی ٧٨ ی کتێبەکەی دا دەنووسێ کە پێشەوا دەستەڵاتی تەواوی دایە کە خەڵکی ناوچە، بە ١٢٠ تمەن مانگانە و خەرجی خۆی و خێزانی، چەکدار بکا و لە ماوەیەکی کەم دا ٤٥٠٠ کەس لە عەشایری گەورک و سوێسنی، چەکیان هەڵگرت.

بە گوێرەی لاپەڕەی ٢٣٥ بیرەوەرییەکانی حەمەدی مەولوودی، ئەوکات کە رەئیس بەکر فەرماندەی بەرەی سەردەشت بوو، رۆژێک قازی محەممەد بانگی حەمەدی مەولوود دەکا و دەڵێ پێشمەرگەکانی هەڵگرێ و بچی بۆ رەبەتێ، بزانێ بۆ بەکر چەک و چۆڵ بەرێ دەکاتەوە بۆ عێراقێ.

حەمە لە درێژەدا دەنووسێ: چوومەوە بۆ جەبهەی بانە و هاواڵەکانم هەڵگرت و بەنێو گەورکاندا چوومە جەبهەی سەردەشتێ. بە نێو هەر دێیەکدا دەڕۆییشتین لادێیی بەپیرمانەوە دەهاتن و بەخێریان دەهێنایین. ئاڵای کوردوستانیان ماچ دەکرد و کڕنوشیان بۆ دەکرد. هەشبوو شکایەت و گازندەیان لە ئاغاکانیان دەکرد. بەداخەوە ئێمە نەماندەتوانی بەبێ ئەمری حیزبی دیموکڕات هیچیان دەگەڵ بکەین.

لە درێژەدا حەمەدی مەولوودی دەچێتە رەبەت و بە فەرمانی بەکر لە ئاوایی مەکڵاوێ جێگیر دەبێ. دوای چەند رۆژان بەکراغا ئاگاداریان دەکا کە هیزێکی رێژیم دێ ئەگەر پێشمەرگەیان لەگەڵ نەبوو، رێگایان پێنەدرێ کە رەد بن و بچن بۆ سەردەشتێ. هێزەکە بە فەرماندەری سەرهەنگ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئایرۆم دێ و پێشمەرگەی لە گەڵ نەبووە. حەمەدی مەولوودی بە چەند پێشمەرگەوە پێشیان پێدەگری و نایەڵی بڕۆن. ئایرۆم فەرمانی هێرش دەدا و بە تانک و بە تۆپ هێرش دەکا و شەڕێکی گەورە دەست پێدەکا. لەو شەڕەدا زیاتر لە ١٢ ئەفسەر و سەرباز و جاش لە هێزی دوژمن کوژران. هێزی دوژمن کە بە پێی ئەو سەرچاوەیە زیاتر لە ٢٠٠٠ کەس بوون تێکشکان و حەمەدی مەولوودی لە لایەن فەرماندەری هێزی پێشمەرگە خەڵات کرا و میداڵی قارەمانەتیی درایە.

ئەوکات فەرماندەری تیپی ئێران لە سەردەشت و بانە، سەرهەنگ ئایرۆم بوو. هێزی ئێران لەو شوێنە٧ فڕۆکەو ٦ زرێپۆشی هەبوو. سەرهەنگ پزشکیان، فەرمانداری سەردەشت بوو. ناوبراو گەلێک زمان لووس و بە فێڵ و تەڵەکە و شارەزای کلتووری خەڵک بوو و وایتێگەیاند بوون کە کۆماری کوردستان، دامەزراوەیەکی کۆمۆنیستی خوانەناسە.

بە گوێرەی لاپەڕەی ٨٨ ی ئەو سەرچاوەیە، یەک مانگ دوای شەڕی ڕۆژی جێژنی قوربانی ناوچەی سەردەشت، کە ٢٢ کەس لە دوژمن کوژرا کە یەک لەوان خەلعەتبەری بوو، بە ئاگاداری پێشەوا و لەسەر داوای سەرهەنگ ئایرۆم، دانیشتن نیوان ئەو و سەرهەنگ بەکر حەوێزی، لە ئاوایی "قولتێ" پێکهات و ئەوان ڕێکەوتن کە بنکەی پێشمەرگە لە ئاوایی قولتێ سەردەشت لابچی و خەڵک هاتووچووی سەردەشت بکەن و ئەرتەش بتوانی پێداویستی خۆی دابین بکا و سەرهەنگ پزشکیان لە سەردەشت لاببرێ و...

ئەو دانیشتنە دوای ڕێکەوتنی تاران بوو کە مافی کورد و ئازەری لە ڕادەیەکی کەم دا بە ڕەسمی ناسرا و هێزەکانی کورد، بە پاریزەرانی سەر سنوور بە حیساب هاتن. بەکر حەوێزی لە لاپەڕەی٩٤ دا دەنووسێ کە دوای ئەوە کۆمار و دەوڵەت ڕێکەوتن کە تا نەورۆزی ١٩٤٧ئەرتەش سەردەشت بە جێبێڵێ، لە مەهاباد را چەند ئالایان بۆ نارد تا لە کاتی تەسلیم کردنی شاری سەردەشت دا، هەڵیاندا.

ئەفسەرانی ئێران ملکەچی ڕێکەوتنەکان نەبوون و سەرهەنگ بەکر لە لاپەڕەی ٩٤ دا دەڵێ کە دوای شەڕی مەکلاوە، ریکەوتنەکەی لەگەڵ ئایرۆم تێک دا و هەرەشەی لێکرد و ڕێگای بانە سەردەشتی گرت و نەیهێشت ئازوقە بڕوا بۆ سەردەشت.

لەو بەرەیەدا، حەمەد ئاغای بایز پاشا، برای عەوڵای بایزاغا، یەکێک لە فەرماندەکانی پێشمەرگە بوو کە لە کۆمار دا بە پلەی مایوری، گەیشت بوو. بە پێی لاپەڕەی٨٣ ی ئەو سەرچاوەیە، لەوکاتە دا عەوڵای بایز ئاغا ڕاستەوخۆ چەکی بە دژی کۆمار هەڵگرت بوو. ناوبراو نامەی بۆ حەمەد ئاغای برای نارد و داوای لێکرد کە ریزی کۆمار بەجێبێڵێ و لەگەڵ ئەوان کەوێ و دەنووسێ:

برای خۆشەویستم کاک حەمەد

دوای چاو ماچ کردنتان

ئەتۆ ئەگەر کوڕی بایز پاشای و برای منی، زۆر شەرمە بە دوای هەتیوەتاڵی سابڵاخیان بکەوی. دەبێت لەگەڵ ئێمە بیت، نەک لەگەڵ ئەو خودا نەناسانە. پێم خۆش بوو کەوا لەم نیزیکانەی سەر ڕێگامانی، بگەڕێیەوە نێو ئێمە. مامۆستا مەلا خەلیل چاوت ماچ دەکا و (٣٠٠) کەسمان لەگەڵە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەڕین بۆ سەردەشت، بە برای خۆمت نازانم لە قسەم دەربچیت و لە دژمان راوەستی، جا کەیفی خۆتە. ئەگەر رێگامان لێبگرن ئەوا بە قووەت رێگەی خۆمان دەکەینەوە.

بەکر حەوێزی داوا لە حەمەد ئاغا دەکا کە لەشەڕ لە دژی براکەی دا بەشداری نەکا و شوێنەکەی بگۆڕێ، بەڵام حەمەدئاغا زۆر پیاوانە وڵامی عەوڵای بایزئاغا دەداتەوە بۆی دەنووسێ:

ئێستە من خۆم بە کوڕی بایز پاشا دەزانم کە دژ بەو برایەم رابوەستم کە خۆی هاویشتوتە باوەشی دوژمنی کورد. حاشا لەو برایە دەکەم و پێویستە من لە هەموو کەس زێتر دژی بوەستم.

بە دوای ئەوە دا بەکر حەوێزی ٢٤ ساعەت مۆڵەت بە عەوڵای بایزئاغا و مەلا خەلیل دا کە یان بچنە مەهاباد و داوای تۆبە لە پێشەوا بکەن یان خۆیان بەدەستەوە بدەن دەنا لێیان دەدەن. پاش چەند کاتژمێر هەواڵ دێ کە مەلا خەلیل چووتە لای پێشەوا و عەوڵای بایز ئاغاش بە ٦٠ کەسەوە هەڵات بۆ قەڵادزێ.

لەوکاتە دا پەیوەندی کۆمار کوردستان و ئازەربایجان پتەو بوو. سەرهەنگ عەزیمی فەرماندەی گەورەی ئازەربایجان کە بەرپرسی پەیوەندی نیوان ئازەربایجان و کوردستان بوو و لە میاندواو دادەنیشت، چووە بۆ رەبەت و سەنگەر و بارەگاکانی پێشمەرگەی بەسەر کردەوە. سەرهەنگ بەکر حەوێزی ئاگاداری دەکاتەوە کە لە نیو شاری سەردەشت دا، دەستەی چەکداری پێشمەرگەیان هەیە و دەڵێ کە ئەگەر تۆپیان هەبێ، زۆر بە ئاسانی دەتوانن ئەو شارە بگرن و هەروەها داوا لە غەفاری دەکا کە لەگەڵ تۆپ، ئەرزاقی پێشمەرگەی بۆ دابین بکا. دوایە عەزیمی بڵێنی هەمووی ئەوانە دەدا و داوای لێدەکا کە لە میاندواو یەکتر ببینن.

دوای ماوەیەک بەکر حەوێزی دەچتە مەهاباد و چاوی بە پێشەوا دەکەوێ. لەوکات دا لە تەوریزێ را، پارچە موسیقایان بۆ مەهاباد نارد بوو. سەرهەنگ بەکر حەوێزی بە پێشەوا دەڵێ کە بریا بە جێگای ئەوانە، دوو دانە تۆپیان ناردبا. پێشەوا دەڵی زۆر لەمێژ داوا دەکا، بەڵام رووسان نایەڵن ئازەربایجان بیانداتێ.

حەویزی لەوێرا دەچتە میاندواو و لەوێ چاوی بە عەزیمی دەکەوی. ناوبراو بەڵێنی سەبارەت بە ناردنی ئازوقە، بۆ بەجێ دەگەیەنێ و لە رۆژی دوایی را بۆ نارد و کەمێکیشی پارە دایە.

## ئامادەکاری بۆ رووخانی کۆماری ئازەربایجان و کوردستان

ئەگەرچی ویست و داوخوازەکانی نەتەوەی کورد و ئازەری بە شێوەی ئاشتی و هێمنانە بوو، بەڵام کاربەدەستانی ئێران بە تایبەتی بەشی نیزامی ویستیان بە کردەوەی توند و تیژ و شەڕئەنگێزانە و بە زۆر، کوردستان و ئازەربایجان بخەنەوە ژێر دەستەڵاتی رەش و نگریسی خۆیان. محەممەد رەزاشا لە لاپەڕەی ٥٦٧ی کتێبی "فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان" دا بە راشکاوی دەڵێ کە قەوام دەستی لە سیاسەتی پێشوو هەڵگرت و رازی بوو بە بڕیاری من کە هێرش بۆ سەر ئازەربایجان بکا.

ئامادەکاری بۆ رووخانی هەر دوو کۆمار لە لایەن رێژیمی ئێرانەوە، بە چەند رەهەند، وەک زەختی نێونەتەویی بۆ سەر شووڕەوی بە هۆی وڵاتانی گەورەی زلهێزی ئەمریکا و ئینگلیس، پەلاماری نیزامی، کەڵک وەرگرتن لە عەشایری خائین و تاقمە کۆنەپەرەستەکان و پێکهێنانی کێشە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ناکۆکی لە نێوان دوو کۆماردا، تیدەپەڕی.

قەوام هەر کە پەیوەندی لەگەل رووسان دامەزراند و لە هەلسوکەوت و مەبەستی ئەوان ئەرخەیان بوو، هەوڵی دا زووتر کۆتایی بە پرسی ئازەربایجان و کوردستان بێنێ. یەکەم هەنگاوی رێژیم بەهێز کردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بە تایبەت لەگەڵ ئەمریکا و ئینگلیس بوو و ئەو کارە هەر لە سەرەتای داگیر کردنی ئێران، پلانی بۆ داڕێژرا. دیارە ئەو کارە پێویستی بە هەوڵ دانی زۆر نەبوو، چونکوو بەرنامەی دەوڵەتانی ئەمریکا و ئینگلیس، هەر تەنیا هەوڵی بەهێزکردنی دەستەڵاتی ناوەندی ئێرانیان لە نێوخۆ نەدەدا، بەڵکوو لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئوروپا و ئاسیای دوور، بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ پەرستاندنی نفووزی کومونیزم تێدەکۆشان. بۆیە لەو پێناوەدا بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی بە هێز لە ئێران دا بە هەموو تواناوە هەوڵیان دا.

رۆژنامەی پراودا لە ٢ی فەورییەی ١٩٤٧ دا، نووسی کە لە نێوەڕاستی ساڵی ١٩٤٦ ئەمریکا رازی بوو کە چەکوچۆڵ و یارمەتی ماڵی بە ئێران بکا و لە چەند خاڵی ئەو رێکەوتنە دا هاتووە کە حیزبە چەپەکان وەلابنرێن و ئەو کەسانەی کە لە پارلمان هەڵدەبژێردرێن دەبێ جێی مەتمانە و باوەڕپێکراوی ئەمریکا بن. هەروەها بڕیار درا کە دەبێ ئێران لە چەک و قۆڕخانە و پسپۆڕانی ئەمریکایی کەڵک وەرگرێ.

دیارە پێشتر کاروباری ژاندارمەری ئێران کەوتبووە ژیر دەستەڵاتی ژێنڕاڵ شوارتسکۆپۆفی ئەمریکایی و لە ژێر ئەمری ئەو لە ساڵی ١٩٤٦دا، رادەی ژاندارمی ئێران لە ١٤ هەزار کەس بوو بە ٢٨ هەزار کەس. هەر لە مانگی نوامبری ئەو ساڵەدا، ئەمریکا ٤٠ فڕۆکەی چوار موتوری و ٣٠ تانکی پێشکێشی هێزی نیزامی ئێران کرد.

هاوکات لەگەڵ هەوڵ دان بۆ پشتگیری ئەمریکا و ئینگلیس لە ئێراندا، دوو وڵاتی تورکیە و عیراقیش بە تایبەت لەسەر کێشەی کورد، یار و پشتیوانی رێژیمی ئێران بوون و رێژیم دەیتوانی پشت بە یارمەتی ئەوان ببستێ.

هەر لە چوارچێوەی بنبڕ کردنی نفووزی شووڕەوی، دەوڵەتی قەوام کاری زۆری لەسەر حیزبی تودە کرد. بە پێی سەردەم لەگەڵیان دەجووڵاوە و گەمەی پێدەکردن وهەرکات پێیخوش با، بە بچووکترین ئیمتیاز دەیتوانی بە لای خۆیان دا بکیشێ و بۆ دڵنەوایی رووسان جارجار دەستێان بە سەر دابێنێ.

## پەرەدان بە ناکۆکی نیوان دوو حکومەتی کورد و ئازەری

پلانی سەرەکی دیکەی دەوڵەتی کۆنەپەرەستی ئێران، پێکهێنانی ناکۆکی لە نیوان دوو حکومەتی کورد و ئازەری دا بوو. قازی محەممەد دژی دیاریکردنی فەرمانداران لەلایەن دیموکراتەکانەوە بۆ میاندواو و رەزاییە بوو. لەوەش زیاتر، ئەو حەولی دا، شارەکانی شاپور، سایندەڵا و تکاب (تیکانتەپە) لەژێر کۆنترۆلی کوردان دابن.

مۆبلی لە لاپەڕەی ٧٣ی کتێبی پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان دەنووسێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میاندواویش کێشەی لەسەر بوو کاتێک کە لە دیسامبری ١٩٤٥ دا، فەرماندەری ئێرانی ئەوێ دایە دەست ئەفسەرە شووڕەوییەکان. شووڕەوییەکان ئەو تەسلیم کردنەوەیان پەسەند کرد، بەڵام دوایە کاتێک ویستیان شاروچکەکە بدەنە دەست دێموکراتەکان لە گەڵ دژایەتی کوردەکان بەرەوروو بوون. ئەوان گوێیان نەدا ئەو گازەندانە، بەڵام میاندواو زۆر زوو کەوتە بەر گوشاری هەرە بە تینتری کوردی.

بە پێی لاپەڕەی ٨٠ کتێبی مۆبلی، کۆنسوولی ئەمریکا لە نێوەڕاستی مانگی مای دا نووسێ: کۆنسوول رۆسۆ لە نیوەی مانگی ژوئن دا باسی تورەیی کوردان لە ئازەربایجان دەکا و دەڵێ بە هێند نەگیراون و وا دەزانن بەرژەوەندیان نەپارێزراوە و وەک کەمایەتێک لە نێو کەمایەتێک بە حیساب هاتوون. رۆسۆ ئاموژگاری دەدا کە ئەگەر ئەو بابەتە بە دروستی مامەلەی لەگەل بکری بە قازانجی حکومەتی ناوەندی تەواو دەبێ.

مۆبلی لە لاپەڕەی ٨٠ دا دەنووسێ کە کوردان بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە، تاکتیکی جیاوازیان بەکار هێنا. ئەوان لە وەرزی هاوین دا لە لایەک روویان لە تاران کرد و لە لایەکی دیکەش مەیدانیان بۆ هێرش بۆ سەر شارەکانی جنووب خۆش کرد و هەروەها هەوڵیان دا پەیوەندی بە ئەمریکاوە بگرن.

ئەو رەوتە پڕ لە کێشەیەی نێوان کورد و ئازەر درێژەی کێشا و ریچارد ئەی مۆبل، لە لاپەرەکانی٨٨ی کتێبی "پیوەندییەکانی کۆماری کوردستان"دا، دەنووسێ:

تا کۆتایی ئووت ئەو کاربەدەستانەی لەلایەن دێمۆکراتەکانەوە لە رەزائیە و شاپوور لەبەرکار نرابوون لە ئاست کۆنترۆلی راستەقینەی کە بە دەست کوردەکانەوە بوو هەروەک ″بووکە شووشە″ وابوون و چییان لە دەست نەدەهات. ئەگەرچی فەرماندارانی دێموکرات لە کەلاخۆی(خۆی) و کەلاماکێ(ماکۆ) بەردەوام بوون لە سەر پاراستنی دەستڕۆیشتوویی بەرتەنگی خۆیان. مانگی سیپتامبر گوشاری زیادتری لەگەڵ خۆیدا هێنا کاتێک یەکەکانی ئەرتەشی مهاباد و سوارەی عەشیرەتی شکاک چوونە نێو شاری رەزائیە و زیرۆبەگی هەرکی خۆی گەیاندە ژووری کاری فەرماندار. کاتێک فەرماندار پەناهی لەو جێگەی خۆی شاردبۆوە هاتە دەرێ و چووە تیلگرافخانە کونسوولی شووڕەوی دیسان وەشدارییی دا بە کوردەکان بێتوو هێزەکانیان نەکشێننەوە شورەوی خۆی لە کارەکە هەڵدەقورتێنێ و موداخلە دەکا. ئەوان بە قسەیان کرد و دیمۆکراتەکان پەیمانێکی تایبەتییان لەگەڵ زیرۆبەگ مۆر کرد کە بە پێی وی و بە دانی پارەیەکی باش کار و خزمەتی″هێمنی″ بە وی و دەستوپێوەندییەکانی ئەسپێردرا. لەوەش زورتر، ئەو موافەقەتنامەیە، ئاخرەکەی رەزائییەی خستە بەر کۆنترۆلی قانوونی هاوبەشی کورد- ئازەری. تەنێ فەرمانداریێتی هاوبەش مایەوە دوای ئەوەی کە ئەو رێکەوتنەش لەبەر ئەوەی کە خانەکانی دیکە لە دژی ئەو پێکهاتنە نوێیە کە زێرۆبەگ کردبووی دەرکەوتن، هەڵوەشایەوە. لە ئاکامی ئەوەدا، دێموکراتەکان بڕیاریان دا حەوجێ بە تاکتێکی دیکە لە گۆڕێ دایە.

وڵامی ئازەرییەکان بۆ جێبەجێ کردنی قەیرانێکی دیکە لە شاپوور زۆر کەمتر نەرم و رق ئەستوورانە بوو. لە راستیدا چلۆنایەتی رەواندنەوەی لە لایەن دێموکراتەکانەوە نیشان دەدا ئەوان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئامادە بوون وەک دوژمن لە گەڵ کوردەکان بجوڵێنەوە، هێچ نەبێ ئەو رووداوەیان هەر وەک هەڕەشەی ئەرتەشی ئێران داناوە. لە ئاخرو ئۆخری مانگی سیپتامبردا ئەمەرخان مولەتێکی سی رۆژەی دا بە فەرمانداری شاپور تا لەو ماوەیەدا دەست لە کۆنترۆلی ئەو شارۆچکەیە هەڵگرێ و ئەوێی لەبەردەست بنێ. کۆنسول هاشمۆف و زێڕۆبەگ بە پەلە چوونە زیندەشت، دێی زێدی ئەمەرخان و دیسانیش هەرەشەی راشکاوی دەستێوەردان و موداخەلەی شورەوییەکانیان هێنا گۆڕێ.

لەم بارەیەوە ئەنوەر سوڵتانی لە لاپەڕەی ١٩٧ی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی ... دەنووسێ: قازی محەممەدی سەرۆکی کوردان زۆربەی ئەم مانگە لە تەورێز ماوەتەوە و لەگەڵ پیشەوەری دا سەبارەت بە سنووری نێوان هەردوو لا (حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان) قسەی کردووە.

لە ئاخر دا پیشەوەری بڕیاری دا کە زورتر لەگەڵ کوردان دابنیشێ و بە پێی لاپەڕەی ٨٧ی کتێبی مۆبلی لە نێوەراستی مانگی ئووت لەگەڵ قازی محەممەد کۆبووە و داوای لێکرد کە: کوردە قەرەیەخەکان چەک بکا. پێشنیارێکی کە قازی ئاوای جواب داوە″ سووکایەتی هەرە گەورەی کە تا ئێستا بە کوردان کرابێ.

سەرئەنجام لە میواندارییەک دا کە بە هۆی شووڕەوی پێکهاتبوو، دوو دەوڵەتی کورد و تورک پێکەوە بڕیاریای هاوکاری هاوئاهەنگیان دا و پیشەوەری توانی موافقەتی پێشەوای بۆ "لابردنی پاسەوانی سەر رێ لەو نووختانەی کە کوردەکان بۆ وەرگرتنی گومرگ لە دەوروبەری رەزائییە دایان مەزراند بوون".

ئەو رێکەوتنە نەیتوانی کێشەی کورد و ئازەری چارەسەر بکا و دووهێر بە رێکەوتی ١٩ ئاگوست ١٩٤٦ لە تیلگڕافێک دا کە لە لاپەڕەی ١٨٠ی کتێبی مۆبلی دا هاتووە دەنووسێ: ئەو پاسەوانانە لە ماوەی چەند رۆژان دا هاتنەوە سەر جیی خۆیان و مانگێ دواتر تەنانەت لە کۆنسوولی شووڕەوی لە رەزائییە و هەروەها ژێنڕاڵی ئازەربایجانی ئەویش گومرگ(رێدارانە) یان ئەستاند.

هەر بە پێی تێلگڕافی دووهێر لەو سەرچاوەیەدا هاتووە:

لە کاتیک دا شایی‌لۆغانی(دۆستایەتی) گەرم بوو، کوردەکان چەندین دێی زۆر گرینگتری نیزیک رەزائییەیان وەک خاکی کوردی نیودێر کرد.

دیارە هەر وەک مۆبلی لە لاپەرەی ٨٦ی کتێبەکەی دا دەڵی، ئازەرییەکان لەمەڕ کێشەی نێوان خۆیان و کوردان، بە پشتیوانی رووسەکان پشت ئەستوور بوون و بە چاوخشاندن بە راپۆرتەکانی کاربەدەستانی ئەمریکایی، دەردەکەوێ کە هاشمووف وەک تەتەری ئازا بۆ چارەسەری کێشەکان دائیم لە هاتوچوو دابوو و هەموو توانایی خۆی بەکار هێناوە  بۆ چارەسەری کێشەی کورد و ئازەری.

دەوڵەتی ئێران ئاگاداری هەموو ئەو کێشانە بوو. چونکە بۆخۆی لە سازکردنی زۆربەیان دا دەستی هەبوو. لە مانگی ئوتی ساڵی ١٩٤٦دا، سەرهەنگ عەلی عەسکەری فەیروزی هاتە مەهاباد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تا پەیوەندی بە ڕێبەرانی کۆمارەوە بگرێ و لە لایەن قەوام و ڕەزمئارا بە پێشەوا ڕابگەیەنێ کە پرسی کورد و ئازەری لێک جیاوازە و کورد نابی فریوی حکومەتی تەورێز بخوا، چوونکە ئەوان ئێرانی ئەسڵن و حکومەتی ئێران ڕێزی تایبەتی بۆ کوردان هەیە و بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی، ئامادەیە هەموو یارمەتییەکیان پێبکا.

بە پێی لاپەرەی ١٨٠ی ئیگلتۆن، ڕێبەرانی حیزبی کمونیستی ئازەربایجان لە نامەیەک دا بۆ ستالینیان نووسی: حکوومەتی قەوام زۆر تێدەکۆشێت بۆ لێکجیاکردنەوە و ناتەبایی پێکهێنان لە نێوان ئازەربایجان و کوردستاندا. کاتێک قازی محەممەد لە تاران بووە قەوام مەسەلەی جوێبوونەوەی کوردستانی لە ئازەربایجان لە بەرامبەر ناوبراودا دانابوو. بەڵام قازی بە تەواوی پێشنیارەکانی قەوامی ڕەد کردووەتەوە.

هەروەها ڕۆژنامەی " ئازەربایجان" بڵاوکراوەی فیرقەی دێموکرات بە ڕێکەوتی ٢٩ی نوامبر ١٩٤٦ دەنووسێ:

جەنابی قەوام سەڵتەنە دیسانیش وە حەولان کەوتووە لە نێوان دوو نەتەوەی برا و ئازادیخوازی ئازەربایجان و کورد دا ناتەبایی و نێوان ناخۆشی هەڵییسێنێت. بەڵام ئێتر ئەمە نازانێ، کە گەلی کورد و ئازەربایجان وەخەبەر هاتوون، دەیانەوێ بە سەربەستی و ئازادی بژین و هیچ هێزێک ناتوانێت برایەتی و دۆستایەتیی ئەم دوو نەتەوە برایە تێک بدات. پێشەوای گەلی کورد جەنابی قازی محەممەد وەڵامێکی ددان شکێنی بە پێشنیارەکانی دووڕوویی و پیلان هەڵایسێنەری جەنابی سەرۆک وەزیران داوەتەوە و بۆ جارێکی تر نیشانی داوە کە گەلی کورد ئیتر نایەوێ لە ژێر باری زوڵم و زۆرداریدا بژیت و هیچ فێڵ و کەڵەکێک ناتوانێت دۆستایەتیی نێوانی ئەم دوو گەلە تێک بدات.

ڕێبەرانی کۆمار نەکەوتنە ژێر داوی کاربەدەستانی ئێران. دەستەی نوێنەرایەتی کورد و ئازەری بۆ چارەسەری کێشەکان لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتر دابوون. هێندێک لە ڕێبەرانی ئازەربایجان بە هەڵوێستەکانیان دا هاتنەوە و پیشەوەری ڕایگەیاند کە تاران خەریکی تەفرەقەیە. هەروەها ڕادیۆ تەورێز بڵاوی کردەوە کە ئەو ڕادیۆیە دەنگی برا کوردەکانە. بە پێی لاپەڕەی ٧٩ی کتێبی مۆبلی، پیشەوەری لە سەر ڕادیۆ گوتی:

ئازادی و سەربەخۆیی کوردی هاومانای ئازادی و سەربەخۆیی ئازەربایجانە. ئێمە دوژمنەکانمان یەکە و ئامانجەکانمان وەک یەک وایە. ئێمە هەر بە ڕێبازێک دا دەڕۆین. یەکێتی ئێمە قەڵایەک وایە کە دوژمنەکانمان هەرچەندی پێیان دەکرێ با خۆیان تاو بدەنە سەری. ئێمە بە یەکەوە نوینەرایەتی قەڵایەکی لەگیران نەهاتوو دەکەین.

هەر لە پەیوەندی نیوان کورد و ئازەر دا مۆبلی لە لاپەڕەی ٧٧ دا لە زمانی هەواڵدەری ئاسۆشێتدپریس قسەی خانێکی نارازیی دێبوکری دەگێڕێتەوە و دەنووسێ:

ئازەربایجانییەکان گیروگرفتی سەرەکین و تا ئەوکاتەی کێشە لە گەڵ ئازەربایجان بە لایەکدا نەکەوێ کوردەکان بە زەحمەت دەتوانن لە بەرامبەر ئەرتەشی ئێران دا بەشەڕ بێن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەروەها خانێکی نارازی دیکە دەڵێ:
ئێمە کوردستانێکی سەربەخۆمان دەوی، بەڵام ئێمە نامانەوێ تەنێ بۆ گۆڕینی ئاغاکان خوێن بڕێژین.
بە ڕێکەوتنی مانگی ژوئێن لەگەڵ تاران و نەمانی گرژی لە بەرەکانی جەنگی کوردستان دا، هێزی عەشایر سەرووی کوردستان بەرە و مەڵبەندەکانیان گەڕانەوە. بەو ئاماژانەی کە کران فریو درابوون و بە پشتیوانی لە کۆمار دڵگەرم نەمابوون.
لە وەزعییەتێکی ئەوتۆ دا، لەگەڵ هەڵسوکەوتی خراپی دەوڵەتی تاران و ڕۆانگەی رووس و کێشەی ئاەربایجان، ڕێبەری کۆمار پێیان خۆش بوو کە ئەمریکا بکێشرێتە نێو کێشە کورد. مۆبلی لە بارەوە دەنووسێ:
ئاخرێکەی قازی محەممەد حەولی دا بە کارتی دەولەتە یەکگرتووەکان گەمە بکا.
مۆبلی ئاماژە بەوە دەکا کە دوای بەستنی پەیمانی کورد و ئازەری، کاربەدەستانی کورد هاتووچۆی دیپلوماتەکانی ئەمریکایان دەکرد و لە لاپەڕەی ٨٣دا، ئاماژە بە ڕاپۆرتی کۆنسوول دەکا کە لە مانگی ژوئیە دا نووسراوە:
بوچوونی دووستانەی قازی لە ئاست ئەمریکا ئێستا لە هەموو وەختێکی دیکەدا زیاتر خۆ دەنوێنێ.
مۆبلی لە درێژەدا دەنووسێ:
دیموکراتەکان و شووڕەوییەکان ئەو جموجوڵەیان زۆر پێ بەدڵ نەبوو، بەڵام هیچیشیان لەدەست نەدەهات. گۆڕانی پشتیوانی دەستی پێکرد بوو.
ریچارد مۆبلی لە لاپەڕەی ٤٧ی کتێبی"پەیوەندییەکانی کۆماری کوردستان ... لەسەر ئەوباوەڕە کە لە بواری سیاسەتی نێونەتەوەیی دا، پێشەوا بە دوا دۆستی دیکە دا دەگەڕا، دەنووسێ:
هەر کە کۆماری مەهاباد بە شێوەیەکی لە زێدە کەوتبووە بەر مەترسی ئەرتەشی ئێران، قازی ناسەرکەوتووانە لە پشتیوانێکی دیکەی نێونەتەوەی دەگەڕا، وەک دەوڵەتە یەکگرتووەکان. بەسەر نەکەوتن لەوەدا ئەو هەر لەژێر گوشاری شووڕەوییەکان دا مایەوە. بۆ ڕاگرتنی پەیوەندی دۆستانە لە گەڵ دێموکراتەکان، هەڵوێستێکی کە بوو بە هۆی تورەیی و کەفوکوڵی خانەکان و یارمەتی ئەوەی دا ئاخرەکەی ئەوان پشت لە کۆمار بکەن و بەجێی بهێڵن.
لە پەڕاوێزی پەیوەندی دار بەو بابەتە لە لاپەڕەی ١٦٥ دا، ڕۆسۆ دەڵێ هەم شووڕەوی و هەم ئەمریکا هەستیان بەو تاکتیکانەی قازی کرد بوو. بۆیە هەم شووڕەوی و هەم دێموکراتەکانی ئازەربایجان هەوڵیان دا لە ئەمریکا دووره پەرێزی بن.
هەر لەو سەرچاوەدا دووهێر دەڵێ:
هەر کە بوغزی کوردی لە دژی شوڕەوییەکان و دێموکراتەکان زیادی کرد، هێندێک دڵمەندی و تووڕەیی لە قازی محەمەد کە لە سەرەتاوە پشتگیری لە هاوکاری کورد- دێموکرات- شووڕەوی کرد بوو، بە ئاشکرایی وەڕوو کەوت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مۆبلی لە لاپەڕەی ٦٣ی کتێبەکەی دا، دەنووسێ کە کەمبوونەوەی نفووزی شووڕەوی بوو بە هۆی ئەوە: ... کوردەکان و تا رادەیەکی کەمتر ئازەرییەکان لە جێگەی دیکە بۆ پشتیوان بگەڕێن. هەر دووکیان روویان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکان ئەمریکا نا، ئەویش هەر بەرەو رووی تارانی کردنەوە.

"دووهێر" لە لاپەڕەی ١٧٧ی لە بەشی پەیوەستی ئەو بابەتە دا دەڵێ کە قازی محەممەد لە مانگی سپتامبر بە وی گوتووە: کۆمار کونترۆڵی تەواوی بەسەر ئەو خاک و ئەو جێگایانەدا هەیە کە کێشەیان لەسەر بووە...

ئەو دەنگۆ و قسە و باسانە لە هەڵوێستی کاربەدەستانی ئەمریکی دا، تا رادەیەکی زۆر کەم رەنگی دابووە و مۆبلی لە لاپەڕەی ١٦٣ی کتێبەکەی دا لە زمانی دوهێر جێگری کۆنسوول بە رێکەوتی ٢٦ی ئووتی ١٩٤٦ لە سەرچوونەدەری هێزەکانی شووڕەوەی لە ئێران دا، دەنووسێ:

قازی لەم وچەدا لە هەموو کوردێکی دیکە زیاتر لە نێو عەشیرەتە کوردەکان دا دەستی دەڕوا ... ئەمن پێموایە کە حکومەتی نێوندی خراپی بۆ دەچێ کە پێیوایە حکومەتی بە کردەوەی(دووفاکتۆ) مەهاباد بە تەواوی رێژیمێکی دەستکردە کە هەر شووڕەوییەکان پشتیوانی خۆیانی لێبکێشنەوە هەڵدەوەشی و دەڕووخێ ... ئەم کۆنسوولخانەیە تۆڕێکی بەربڵاوی ئیتلاعاتی لە ئازەربایجانی رۆژئاوا و لە مەهاباد خۆیدا دامەزراندووە و لە ئاکامی ئەو گوزارشتە جێی باوەڕانەی بە من دەگەن ئەوەیە کە حکومەتی مەهاباد نەک هەر دەمێنێتەوە ... بەڵکوو کەمبوونەوەی نفووزی یەکێتی کۆمارە سوسیالیستیەکانی شووڕەوی هەڵکەوتی رێژیمی قازی محەمەدی پتەوتر کردووە تا ئەوەی کە بە پێچەوانەی شوێنی لە سەر دابنێ.

مۆبلی لە لاپەرەی ١٦٤ دا، ئاماژە بە مەشروعییەتی کۆمار دەکا و رای جیاوازی تر باس دەکا و لە پرسیارێکی کە لە ٣١ی مارسی ١٩٧٩ دا، لە کۆنسوول رۆبرت رۆسۆی کوڕ کردویەتی، ئاوا باسی وڵامی ئەو دەکا:

ئێمە دەکرێ بڵێین کە مەهاباد تەحەمووڵ دەکرا و ئەوەی کە قازی محەمەد مەشرووعییەتی شەخسی هەبوو، بەڵام دەبێ ئەوەش جەخت بکەینەوە کە بەرژەوەندییە عەشیرەتەکان سەرەکی بوون.

**توانایی نیزامی دەوڵەت ئێران و ئازەربایجان**

بە هیچ شێوەیەک نەدەکرا هێز و توانای رێژیم ئێران لەگەڵ جووڵانەوەی ئازادیخوازی ئازەربایجان و کوردستان، بەراوەرد بکرێ. ئەرتەشی ئێران پشتیوانی مادی و مەعنەوی گەورەی هەبوو و رۆژبەرۆژ تەیارتر دەبوو و هێزێکی گەورە لە سنوورەکانی کوردستان و ئازەربایجان کۆ کردبووە و ئامادەی هێرش بوو. بە پێی ئارشیوی حیزب سیایی ژمارە ٦٥ لاپەڕەی ١٩٥ رادەی هێزی دەوڵەتی ئێران بە بێ ئەژمار کردن بە جاش و خائینان بریتی بوو:

١ _ لە مەڵبەندی قەزوین و زەنجان ٥٠٠٠ کەس

٢ _ لە مەڵبەندی سنە و سەقز ١٢٥٠٠ کەس



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣ _ له مه‌ڵبه‌ندی کرماشان            ١٢٠٠ که‌س
٤ _ له مه‌ڵبه‌ندی ره‌شت و گیلان          ٢٠٠٠ که‌س
٥ _ له مه‌ڵبه‌ندی گه‌رووس و تیکان ته‌په    ٥٠٠٠ که‌س

به‌م جۆره ده‌بینین که له‌م ٢٥٧٠٠ که‌سه ١٨٧٠٠ که‌سی له‌سه‌ر سنووره‌کانی کۆماری کوردستان وه‌خڕ هێندرابوو.

به پێی ئه‌و سه‌رچاوه‌یه، چه‌ک و قۆرخانه‌ی ئه‌و هێزه بریتی بوو:

١ – له ٣٢٠٠ ره‌شاش و تفه‌نگی ئوتۆماتیک.

٢ – له ٧٠ خۆمپاره‌هاوێژ.

٣ – له ١٠٤ تۆپ.

٤ – له ٥٥ تانک و زرێپۆش.

٥ – له ٥٠ فڕۆکه.

له به‌رانبه‌ر به ئه‌ڕته‌شی ئێران دا، توانایی هێزی سه‌ربازی ئازه‌ربایجان لاواز بوو. له ٢٨ ی ره‌زبه‌ری ١٣٢٥دا، پیشه‌وه‌ری چاوی به باقرۆڤ که‌وت و گرفتی هێزه‌کانی ئازه‌ربایجانی بۆ باس کرد و رایگه‌یاند که به هۆی نه‌بوونی ئیمکاناتی چه‌کوچۆڵ و پسپۆڕی تۆپخانه و ... توانای به‌ربه‌ره‌کانییان له‌به‌رامبه‌ر هێزه‌کانی ده‌وڵه‌تدا نییه. پیشه‌وه‌ری له باره‌ی توانایی نیزامی کورده‌کان گوتی که هێزه‌کانی کورد به فه‌رمانده‌ری مه‌لا مسته‌فا ده‌توانێ پشتیوانیان بێ که هه‌ر ١٥٠٠ که‌سن. له کۆتایی دا پیشه‌وه‌ری داوای ٢٠ میلیون تمه‌نی کرد که رووسه‌کان وڵامی ره‌دیان به ناردنی چه‌ک و پاره داوه. به‌ڵام به پێی لاپه‌ڕه‌ی ١٢٣ فه‌راز و فرود فرقه ....... له مانگی ئۆکتۆبری ١٩٤٦ تا ژانوییه‌ی ١٩٤٦ راده‌ی ١١٠٥١٦ دانه تفه‌نگی ماوزه‌ڕ، ٣٥٠ موسه‌لسه‌ل، ٨٧ تفه‌نگی خودکار و ١٠٨٦ ده‌مانچه و ٣٠٠٠ دانه خومپاره و ٢٦٥١٤١٦ فیشه‌ک ره‌وانه‌ی ئازه‌ربایجان کران.

جیا له ناردنی چه‌ک و چۆڵ بۆ کۆماری ئازه‌ربایجان، ده‌وڵه‌تی شووره‌وی بیری له په‌روه‌رده کردنی فه‌نی و تکنیکی هێزه‌کانی کورد و ئازه‌ر به شێوه‌ی زانستینی کرده‌وه و رۆژی ١٣٢٥/٩/١١(١٩٤٦/١٢/٢) باقرۆڤ سه‌باره‌ت به ناردنی خوێندکارانی زانکۆی ئه‌فسه‌ریی بۆ ته‌ورێز، بروسکه‌یه‌کی بۆ ستالین نارد و له لاپه‌ڕه‌ی ١٤٦ی کتێبی "ده‌ستپێکردنی شه‌ڕی سارد" دا، رایگه‌یاند:

له مانگی مای ساڵی ١٩٤٦، ئه‌فسه‌ران و خوێندکارانی ئازه‌ربایجانی ئێران له زانکۆکانی باکۆ و گیرۆڤ ئاباد خه‌ریکی خوێندنن. به له‌به‌رچاوگرتنی گۆڕانی هه‌لومه‌رج له ئێراندا، به پێویستی ده‌زانم له‌وانه ژماره‌یه‌ک بۆ به‌رگریی له یه‌که‌کانی زره‌هی و ژماره‌یه‌کیش بۆ یه‌که‌کانی تۆپخانه له نه‌خجه‌وان په‌روه‌رده بکرێن و به چه‌کی دژه تانک، خۆمپاره هاوێژه‌کان و تۆپه‌کان که له شه‌ڕه‌کانی ئه‌ڵمانیا به‌ده‌ستهاتوون، پڕچه‌ک بکرێن و ئه‌گه‌ر پێویست بکات، به فه‌رمانی ئێوه ڕه‌وانه‌ی لای دیموکراته‌کانی ئازه‌ربایجان ده‌کرێن.

جیا له‌وانه که‌س چاوه‌ڕوانی ئه‌وه‌ی نه‌ده‌کرد که خه‌تی دیفاعی ئازه‌ربایجان به‌ربه‌ره‌کانی نه‌کا. مامۆستا هێمن له لاپه‌ڕه‌ی ٢٦ دا، له سه‌ر به‌ره‌ی دیفاعی ئازه‌بایجان ده‌نووسێ:

ئازەربایجان حکومەتێکی گەورەتر و بەهێزتر و و زۆر تەیارتر و پڕ چەکتر بوو لە کوردستان. خەتی دیفاعی ئازەربایجانیش زۆر قایمتر بوو. کەوابوو کەم کەس بە خەیاڵی دا دەهات لە ڕێگای ئازەربایجانەوە پەلامار بۆ سەر جووڵانەوەی ڕەزگاریخوازی گەلانی ئێران.

**ناردنی هێز بۆ سەر ئازەربایجان لە لای کوردستانەوە**

قەوام بە مەبەستی سەرخستنی پلانەکانی و سازکردنی کێشە و دووبەرەکی لە نێو کورد و ئازەری، هەوڵی دا تا لە ڕێگای کوردستانەوە هێز ڕەوانەی ئازەربایجان بکا. ئەو لە سەرەتای مانگی نوامبر دا، لە نامەیەکی نەهێندا، دوای پێهەڵاگوتن بە نیشتمانپەروەری پێشەوا قازی، داوای کرد کە بۆ ئەمنییەتی هەڵبژاردن ڕێگا بدا کە هێزەکانی ئێرانی لە ڕێگای کوردستانەوە بچنە ئازەربایجان.

بەدوای ڕووخانی کۆمار دا، نووسەری وتاری محاکمەی قازییەکان لە زمانی حاجی بابا شێخ ، بە ناڕوون و نادروستی باسی ئەو بابەتە دەکا و دەنووسێ:

کاتێک کە دەوڵەت ویستی هێز ڕەوانەی ئازەربایجان بکا ئەمن بە قازی محەمەدم گوت با تێلگراف بکەین ڕێگا بدەین هێزی دەوڵەت بێن، قازی محەمەد قبووڵی کرد بەڵام ئەسەدۆف هەمەکارە بوو و ئەو ئیمەی کۆنترۆڵ دەکرد و نەمانتوانی کاریک بکەین.

ئەو سیاسەت و کەڵەکەی قەوام سەری نەگرت و پێشەوا پەیمان شکێنی نەکرد و ئەو پیلانەی بەڕێوە نەبرد و ڕێگای نەدا ئەرتەش لە ڕێی کوردستانەوە بچێتە ئازەربایجان. قازی لە ٢٧ی نوامبر دا، لە تێلگرافێک دا بۆ قەوام مەبەستە دزێوەکانی ئەوی ئاشکرا کرد و ئەو پلانەی ڕەد کردەوە. دەقی ئەو تێلگڕافە لە ڕۆژنامەی "ئازەربایجان" ڕێکەوتی ٢٩ی نوامبری ١٩٤٦دا، چاپ بووە و بەمشێوەیە: دەبی جەنابی سەرۆک وەزیران بە تەواوی دڵنیا بێت، کە لە کوردستان و ئازەربایجان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمان زرووفێکی هەرە باش پێک دەهێندرێت. بۆ ئەم کارە هیچ حەوجی ناکات بۆ ناردنی هۆردوو لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە. ئەگەر ئامانج هەڵبژاردنێکی ڕاستەقانییە، جەنابی سەرۆک وەزیران دەبێ دڵنیا بن کە تەواوی ئامانجەکانی ئەو لە بەرچاو دەگیردرێت وە بە هیچ لەونێک لە مەڵبەندەکانی ئێمە ڕێگە نادرێت بە تێکدانی یاسایی هەڵبژاردن. بەڵام بە داخەوە دەبێ بڵێم، کە وا وەدیار دەکەوێت لێرەدا مەسەلە شتێکی ترە، وە ئامانج لە ناردنی هۆردوو لە نێو بردنی ڕێ و شوێنی دیموکراسییەت کە لە ئازەربایجان و کوردستان دامەزراوە.

ئێمە لەگەڵ برایانی ئازەربایجانی پەیمانی هاوکاری و یەکەتی و دۆستایەتیمان بەستووە. ژیانمان و مانمان یەکە، وە سەربازانی ئێران بە تەنیا کاتێک دەتوانن بۆ سەر ئازەربایجان پەلامار بەرن کە بەسەر جەنازەی ئێمەدا بازدەن.

بێشک قبووڵ نەکردنی پێشنیاری پەلاماری ڕێژیم بۆ سەر ئازەربایجان لە ڕێی کوردستانەوە و ئەو زەبرانەی کە هێزەکانی ڕێژیم لە هێزی پێشمەرگەیان خوارد بوو، هەم بۆ ئازەربایجان دڵخۆشکەرانە بوو، هەم لەسەر گۆڕینی شوێنی پەلاماری ڕێژیم کاریگەری هەبوو. لە وەزعیکی ئاوا دا پێشەوا بۆ پتەو ڕاگرتنی هاوپەیمانی لەگەڵ ئازەربایجان و بە هێز کردنی پەیوەندی لەگەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سۆڤیەت و پێشگرتن لە هێرشی ئەرتەشی ئێران، سەردانی تەورێزی کرد. بە پێی ئارشیوی حیزب ژماری ٦٥ لاپەرەی ٥٥ قازی بە نوێنەرانی سۆڤیەت و ئازەریی گوت: ئێمە کوردان بە بێ ئەمەی کە یارمەتێکمان پێبدرێت چوار ساڵی رەبەق بە پێچەوانەی حکومەتی تاران خەباتمان کرد. لە کاتی جووڵانەوەکەی ئاراراتیش کوردەکان هەر بەمجۆرە خەباتیان کرد. بە قارەمانەتی مردن لەمە باشترە، کە پیاو خۆ لەکاویکردن وە ئەستۆ بگرێت. ئێمە هیچ چەشنە چەک و هۆیەکمان نییە کە لە دژی تانک و فرۆکە لە کاری بهێنین. ئێرانییەکان دەتوانن فرۆکە بنێرنە سەرمان و مەهاباد بە تەواوی وێران بکەن بەڵام ناتوانن بیروباوەڕ و بڕیاری ئێمە تێدا بەرن. ئێمە ئامادەین پارێزگاری بکەین لە سەربەخۆی خۆمان. ئەمە بیر و باوەڕی تەواوی گەلی کوردە، هی تەواوی عەشیرەتەکانە. ئێمە بە تەواوی هیز و چەکی خۆمانەوە ئامادەین بۆ یارمەتیکردن بە ئازەربایجانیش...

ئەگەر بۆچوونی کوردان لە حاست دەوڵەتی ئازەربایجان بەو جورە بوو، بەلام بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتی ئازەربایجان کەلێنی تێکەوت بوو و لە گرێژنە چوو بوو. پیشەوەری کاری بە دەست نەما بوو و لە فیرقە دا رواڵەتیکی تەشریفاتی هەبوو و کەسانی سازشکار و هەلپەرەست دەستەڵاتیان بە دەستەوە گرت بوو.

دیارە قەوام پێخۆش بوو کە فیرقە هێرش بکاتە سەر هێزەکانی ئێران بۆ ئەوەی ئەو بتوانێ وەک ئاتۆیەک لە رێکخراوی نێونەتەوەیی کەڵکی لێوەرگرێ و رووسەکان ئەوەیان دەزانی و لەسەر ئەو بۆچوونە بوون کە هێرش بۆ سەر هێزەکانی ئێران، بیانوو دەدا بە کۆنەپەرەستان و وڵاتانی زلهێزی جێهانی.

لە لایەکی دیکە، بێشک خۆشەویست نەبوونی فیرقە و نەبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو ریکخراوەیە لە نێو خەڵک دا، هۆیەکی دیکە بوو بۆ ئەوە کە رێژیم بۆ هێرش، خەتی ئازەربایجانی هەڵبژێرێ. عەبدوڵای موجتەهیدی کە لە کتێبەکەی دا ئاماژە بە دەیان بەڵگە، لە دژایەتی خەڵکی ئازەربایجان بە دژی کۆماری ئازەربایجان دەکا، لە لاپەڕەی ٢٥٥ بە رێکەوتی ٢٢ بانەمەڕ دەنووسی کە ٥ مانگ بەسەر دامەزرانی فرقە تێپەریوە، بەڵام هێشتا لە دڵی خەڵک دا جێی نەگرتووە. خەڵک لێی بێزارن و وەک رووداوێکی ناخۆشی کاتی چاوی لێدەکەن.

عەبدوڵای موجتەهیدی دەڵێ کە لە وەزعییەتێکی ئەوتۆدا، شەریعەتمەداری کە بە حاڵەتی نارازی، کۆماری ئازەربایجانی بەجێهیشت بوو، بە دوای ٧ مانگ مانەوە لە قوم و تاران لە ٢٤ی پووشپەڕ دا گەڕاوە بۆ تەورێز.

دیارە لە سەرەتای مانگی جوزەردانی١٣٢٥دا، هێندێک قوتابی لە شاری ورمێ بە دژی دەوڵەتی میللی ئازەربایجان شەونامەیان بڵاو کردوە. هیلالی ناسری حاکمی دیاری کراوی تەورێز، قوتابییەکانی گرت و زیندانی کردن و وەک گوترابوو ئازار درابوون. بەڵام لە ژێر کاریگەریی کورد و کەس و کاری و قوتابییەکان، ئازاد کران. بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە و بۆ ئەوەی هاڵۆزی لێنەکەوێتەوە، پیشەوەری و لەگەڵ ٣ وەزیر سەردانی ورمێ کرد. پیشەوەری ئەو کێشەیە بە نەبوونی تەبلیغات بەستەوە و بڕیاری دا لە چەند شوێنی شار رادیۆ دامەزری و هەواڵی رادیوکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڵاو بکرێتەوە و دوایە لەگەڵ ردێن سپێکانی ئاسۆڕیی کۆ بووە باسی ئاشتی و ئاسایش و ماڤی فەرهەنگی ئەوانی کرد، بەڵام باسی کوردانی نەکرد.

لەگەڵ ئەوە کە توانایی نیزامی، پێگەی کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی لە ناو خەڵک دا، بابەتی گرینگی پرسی ئازەربایجان و کوردستان بوو، بەڵام ئەوەی کە چارەنووسی ئەو دوو کۆمارەی دیاری کرد، سیاسەت و قازانج و بەرژەوەندی رووسان، واتا نەفت بوو.

**عەشایر پشت لە کۆمار دەکەن**

لەگەڵ گۆڕانکاری لە سیاسەتی رووس دا و کارا و ئەکتیڤ بوونی قەوام لە بواری نێوخۆ و دەرەوەدا، بەشی لەشکری بە تەواوی تەیار کرا و رایەڵەی جاسووسی و سیخوڕی لە نێو عەشایر و بەشی سیاسی دەوڵەت دامەزرا و بە کات بە سەر بردن و دەستەمۆ کردن و بڵێنی پێکهێنانی ئازادی و دێموکراسی، هەلومەرجی پێکهێنانەوەی دیکتاتۆریی و یەک دەست کردنەوەی دەستەڵات لە تاران خۆش کرا.

سەرەتا رێژیم بۆ گەیشتن بە مەبەستی چەپەڵی هەوڵی دا تا لە هێندێک شوێنی دیکەی ئێران را، عەشایر چەکدار بکەن و رەوانەی شەڕی کوردستان و ئازەربایجانیان بکەن. هاشم خەلیلزادە لە وتاری "ئیران و کورد"دا، لە سەر پلانی رێژیم، ئاماژە بە ژمارەی ١٩ی گۆڤاری "خواندەنیها" کە ئەویش لە رۆژنامەی "پەیغام" چاپی شیراز وەرگرت بوو، دەکا و دەنووسێ:

فەرمانی چەکدارکردنی عەشایر

ستادی ئەرتەشی جنوب لە گەڵ راگەیاندنی ئێعلامی لێبوردنی گشتی لە لایەن ئەعلاحەزرەت هومایونی، مافی هەڵگرتنی چەکی بە پەروانە، بۆ هەموو کەس دەستەبەر دەکا تا بە گرینگی دان بە وەزعییەتی شیمال حازر و ئامادە بن، شان بە شانی سەربازان لە وڵاتی خۆیان دیفاع بکەن.

لەو قۆناغەدا عەشایری گەورەی ناوچە مەهاباد و شیمالی کوردستان کە تەواو بە لای رێژیم دا کەوتبوون، وەردە وردە بە دژی کۆمار، وەخۆخران. لە نێو ئەوان دا عەلیاغای حاجی ئێلخانی بە هۆی گەورەیی عەشیرەتی دیبۆکری، توانی کاریگەری زۆر خراپی هەبێ. لە بەشی هەواڵەکانی نێوخۆیی کوردستانی ژمارە ٥٤ دا، ئەو راستیانە دەسەلمێندرێ کە تییدا ئاوا هاتووە:

بە پێی خەبەرێکی کە پێمانگەیوە ئاغای عەلیار و سەیفەڵاخان ئەردەلان بە هەمراهی سەرهەنگ پزشکیان واردی سەقز بوون. خەیانەتی ئەو خائینانە بە میهەن لە کەس ناشاردرێتەوە و لەو رۆژەڕا کە حکومەتی میللی کوردستان ئێعلام کراوە ئەم مورتەجعانە ئانێک لە موخالفەت و بەربەرەکانی دەگەڵ حکومەت میللی رانەوەستاون و بە خەیاڵی خاوی خۆیان خەریکی تێکدانی حکومەتی بەهێزی کوردستانن، وەلی کردەوەی ئەو نیشتمان فروشانە غەیرەز مەحوو و ئابڕووچوونی خۆیان بۆ حکومەتی بەهێزی کوردستان هیچ تەئسیرێکی نییە. جا ئەی برادران لە پاش چەند کەڕەت عەفوو لە لایەن حکومەتی کوردستان دیسان دەست هەڵناگرن و ئەو چەند کەس جانییە دەیانەوێ خۆیان بژین تەواوی میللەتی مەزلوومی کورد مەحوو بنەوە وەلی بێخەبەرن خودا دەگەڵ حەقە و هەزارەها ناحەق تەئسیرێکی دە ئێمەدا نییە.

ئەو سەرۆک عەشیرەتانە نەیانتوانی ببن بە کەسایەتی نیشتیمانی و نەتەوەیی و واز لەو بەکرێگیراوییە بێنن کە پێشتر لە کاتی دیاری کردنی حاکمانی ناوچە لە لایەن رێژیمی تارانەوە پێیاندەبەخشرا. ئەوان بەو ملکەچی و سەرنەویکردنە لە بەرانبەر دوژمندا، عادەتیان گرتبوو لەو قالبە نەهاتنەدەر. ئەوان ئەو سومعەی نەتەوەییان نەبوو تا بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان بپارێزن و بێنە ژێر هێژمۆنی و حوکمی کۆمار. بەڕێوەبەریی کۆمار بە ئامۆژگاری و بە هەڕەشە و تەنانەت پاڕانەوە نەیتوانی ئەوان لە خەیانەت بە نیشتیمان پاشگەز بکاتەوە. سەرەڕای هەمووی ئەوانە ئەگەرچی رێبەرانی کۆمار لە خەتەری کار و کردەوەی سەرانی عەشایر ئاگادار بوون، بەڵام بە هیچ شێوە نەیانویست ئەوان لە خۆیان بتارێنن.

مەنافی کەریمی وەزیری مەعارف لە لاپەڕەی ١٧٢ی"پێشوای بیداری"دا، لە بارەی بیرەوەری خۆی لە پەیوەندی لەگەڵ داوای ئەمیر ئەسعەد بۆ نیشتەجێ بوونەوە لە شوێنی ژیان خۆی ئاوا دەگێڕێتەوە:

رۆژێک لەگەڵ هیندیک سەرۆک عەشیرە و چەند کەس لە ئەفسەرانی ئەرتەش لە ماڵە محەمەد عەباسی یەکێک لە لایەنگرانی دەوڵەت بووین و لەسەر وەزعی پادگانەکانی دەوڵەتی و جیگیر بوونی هێزی پێشمەرگەی حکومەتی کوردستان، پێکەوە قسەمان دەکرد. ئاغای ئەمیر ئەسعەدی عەلیاریش کە میوانی ئاغای عەباسی بوو، لەو مەجلیسە بوو، نەخۆش بوو زۆر ماند و کەنەفت بوو. بە پێی ئاشنایەتی رابردوو  کە لەگەڵ ئەمن هەیبوو، گوتی"دەبینی کە نەخۆش و بێحاڵم. ئەتۆ کە دەچییەوە مەهاباد، وەزعی نەخۆشێکەم بە عەرزی قازی محەمەد رابگەیەنە. ئەمن دەمهەوێ بگەڕێمەوە ئاوایەکانی خۆم لە دەوروبەری بۆکان و لەوێ ئیستراحەت بکەم". وەختێک کە لە سەقز بە خزمەتی قازی محەمەد گەیشتم، پەیامی ئاغای عەلیارم پێگەیاند، گوتێ: " ئێمە لەگەڵ کەس دوژمنایەتیمان نییە و قەت بەرگری لە گەڕانەوەی کەس ناکەین. ئاغای عەلیار دەتوانێ بەوپەڕی ئازادی لە هەر جێگایەکی کە پێی‌خۆش بێ، نیشتەجێ بێ". دوای دوو رۆژ جوابەکەم بە ئاغای عەلیار داوە. ئەمن لە شێوە هەڵسوکەتی ئەو دوو پیاوە گەورە کە بە ساڵان پێکەوە ئێختیلفیان هەبوو، خۆشحاڵ بووم بە خۆم گوت پیاوەگەورەکان تەنانەت لە کاتی کێشە و دوژمنایەتی دا گەورەیی و سەبری خۆیان دەپارێزن.

دیارە ئەو داوخوازییە لە سەردەمی شەڕەکان کراوە و دەبێ مەبەستێکی سیاسی لە پشت بوو بێ و لە لایەن رێژیمەوە عەلیاغا بۆ بە دەستەوە گرتن و راپەڕاندنی راستەخۆی شێواندن و خراپەکاری مەئمورییەتی پێی ئەسپێردرا بێ تا لە نیزیکەوە چاوەدیری کارەکان بکا. بە دوای دامەزرانی کۆمار ئەو و هێندێک لە سەرۆک عەشرەتەکان کۆماریان بە جێهێشت. ئەوکات زۆربەی خەڵکی ئەو عەشیرەتانە پشتیوانی کۆمار بوون. بەڵام ئێستا وەزعەکە گۆڕاوە و بە نەهێنی دڵی هێندێک لە کەسانی خۆیان بە دەست هێنابووە و بۆ ئەنجامی راسپاردەکانی دەوڵەت دەگەڕانەوە.

لە چوارچێوەی هەڵسوکەوتی عەشایر لەو قۆناغە دا، عەبدوڵای قازی لە لاپەرەی ٩٣ی کتێبی "وڵاتی من" دا، دەنووسێ:

ئەوجار حیسامی داشکستانی بە هێزێکی زۆرەوە لە کۆماری کوردستان یاغی ببووو چوو بوو لە ئەشکەوتێکی دا، سەنگەری گرتبوو. بە ناچار کۆمار هێزی پیشمەرگەی نارده سەرو گەمارۆی دان و مەجبووری کرد کە دەست لە یاغیگەری هەڵگرێ. عەلی قەرەنی ئاغای کە ئینسانێکی کەڵەگەتی بە خۆوەی ڕدێن درێژ بوو و کوڕە چکۆلەی قەرەنی ئاغای بوو وماڵەکەی لە پەسوێ لە قەلایەدابوو مەنزڵەکەی لە مەهاباد لە ماڵی مام عەزیزی ئەحمەدەسیسی، بابی کاك عەزیزی یۆسفی دابوو، لە کۆمار یاغی بووو لە کێوێکی نیزیك پەسوێ لە دژی کۆمار وەشاخی کەوت. کۆمار لەشکری لێکرد و مەلا مستەفای بارزانی چوو لە قەڵای پەسوێ پێی گووت: ”قازی مەحەمەد ڕێگا نادا دەنا بە ٢٤ سەعات چاوم دەردێنای، بەڵام ئیزنم پێ نییە کە تفەنگت پێوەنێم. ئەتۆ دەبوو لە ڕێی کورد و کوردستان دا خۆ فیدا بکەی نەك لە ڕێی عەجەماندا. قەرەنی ئاغای مامەش پێش ئێعدامی پیشەوا بە سەکتە مرد. ناوبراو هەتا مرد، لەجیاتی پێشەوای سەنیری وەبەر خەنجەران دەدا و تا شڕ دەبوو و جنێوی بە پێشەوای دەدا و دەیگووت: ”قازیلە ئاوات دەکوژم”.

ئەوجار هەرچەند پێشەوا بانگی مەلا خەلیلی گۆڕەمەڕی کردو زۆری ئامۆژگاری کرد، بەڵام ناوبراو تا ڕووخانی کۆمار دەستی لە دوژمنایەتی هەڵنەگرت.

عەبدوڵا قازی لە درێژەدا دەنووسێ:

سەرەرای هەڵسووکەوتی هێندێك عەشایر، دەستە و تاقمەکانی مەزهەبی و هێندێك لە شێخەکان وەك بنەماڵەی شێخی زەنبیل کە لە مەهاباد، شان بە شانی قازی مەحەمەد بوون، هەروەها بەشێك لە ماڵە شێخی بورهانی وەك شێخ ڕەحیم کوڕی شێخی بورهان، بە تەواوی دوژمنی کۆمار بوون و تۆوی دووبەرەکی و تەفرەقە و ئاژاوەیان لە کوردستان دا بڵاو دەکردەوە. ئەوانە هەمیشە لەگەڵ دەوڵەت لە پەیوەندی دابوون و خەلیفەیان بە وڵاتیدا بڵاو دەکردەوە کە قازی کافرە و هەرکەس وەدوای کەوێ کافر دەبێ. دیارە قسەی ئەوانە لە لای میللەتی بێ سەواد، بە رادەی ئایەتی قووڕئان بوو.

ئەوجار لەنێوخۆش دا ئەوانەی کە پەیوەندییان بە کۆمارەوە هەبوو زۆر جێگای متمانە نەبوون و لە نێو ئەوانیشدا، دارو دەستەی دوژمنی تێدابوو کە بێ شك خراپتر بوون لەوانەی کە راستەوخۆ دوژمنایەتی کۆماریان دەکرد. عەوڵای بایزئاغای کە لە کاتی کۆماردا چووبووە سەردەشتێ و پاڵی وەعەجەمان دابوو، جارێك بە قازی مەحەمەدی دەڵێ: ببی بە پرد بەسەرت دا ناڕۆم، ئەمن شام دەوێ و شاپەرستم. ئەمن عەلیخانی قادری مرووەتی نیم کە ژنراڵی تۆبم و بە رۆژ هەرچی تۆ بیڵێی بەشەو بە عەجەمانی رابگەیەنم. پیاویشم لە لای عەجەمان نییە، بەڵام عەلیخان هەمیشە پیاوی لەلای عەجەمانە و هەرچی ئەتۆ دەیکەی ئەو بە نامە ئاگاداریان دەکا.

شێخ حوسێنی شێخی بورهانیش کە وەزیری کۆمار بوو ئەویش لەگەڵ کۆمار راست نەبوو لە ژێرەوە پەیوەندی بە حکوومەتەوە بووە.

بەگشتی دەتوانین بڵێین سەرۆکی زۆربەی لەشکری ئەو عەشایرانە کە لە سەردەمی کۆماردا، لە مەهاباد کۆببوونەوە و خەڵك پییان وابوو کە ئەسکەندەر لەشکری وای بە خۆیەوە نەدیوە، زیاتر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەیوەندیان بە دەوڵەتەوە هەبوو تا لەگەڵ کۆمار هەیانبێ.
بەگشتی دەست هەڵنەگرتنی سەرۆک عەشایر، لە خەیانەت و هاوکاریی بێ پسانەوە لەگەڵ ڕێژیم و پشتگیری مادی و مەعنەوی دەوڵەت لەوان، وردە وردە تای تەرازووی بە لای ڕێژیم دا شکاندەوە و دەوڵەت توانی بە هۆی ئەوان جێ پێی خۆی لە کوردستان قایم بکاتەوە.
لەو قۆناغەدا دەوڵەتی تاران بۆ رووخانی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان سەرهەنگ پزشکیانی کردە بەرپرسی پەیوەندی عەشایر. نووسرەتوڵای جەهانشاهلوو ئەفشار جێگری پیشەوەی لە لاپەڕەی ٢٠٩ی کتێبی "ئێمە و بێگانەکان"دا، دوای ئەوە باسی زانیاری و کارزانی پێشەوا دەکا، دەنووسێ کە کوردەکانی رەزائییە و شکاکەکان و بەشێک لە سەردەشت، قازی محەممەدیان بە نوێنەری کورد نەدەزانی و سەرۆکی ئەو عەشیرەتانە هەموو لەگەڵ ڕێژیم لە پەیوەندی دابوون پووڵ و چەک و زۆر پێداویستی شەڕی خۆیان لە بەشی ماڵی ئەرتەش وەردەگرت و بە سەرتیپ نەوایی فەرمان درابوو کە هەموو یارمەتی ئەوانە بدرێ و هەتا لە هێندێک حاڵەت دا پێویستی ئەوان لە سەرووی پێویستییەکانی ئەڕتەش دابندرێ.
کاربەدەستانی ئێران تا مانگی ئۆکتوبری ساڵی ١٩٤٦ توانیان کارێک بکەن کە زۆربەی عەشایری کورد، پشت لە کۆمار بکەن. هەرچەند پێشەوا هەوڵی دا کە پەیوەندی لەگەڵ عەشایر بە هێزبکا و ئەوان ریزی خۆیان تێکنەدەن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. بە پێی لاپەڕەی ٩٨ی کتێبی ریچار ئەی مۆبلی، پێشەوا داوای لە عەشایر کرد کە بچێنە هانای هێزی فیرقە لە بەرەی زەنگان بەڵام مۆفەق نەبوو. قازی دەستی لە هەوڵدان بەرنەدا بە پێی ئەو سەرچاوەیە و بە ئاماژە بە قسەی ئیگلتۆن لە رێکەوتی ٦ی دیسامبری ١٩٤٦دا، توانی بە چەند کەس لەو عەشایرانە بڕیاری بەرەنگاری و خوڕاگری چەکدارانە لە بەرانبەر بە ئەرتەشی ئێران واژۆ بکا. لە لاپەڕەی ١٤٧ی ئەو سەرچاوەیەدا، لە سەر ئەو کۆبوونەوە ئاوا هاتووە:
کۆنسوولی شووڕەوی ژەنڕاڵ هاشمۆف کە خۆشی لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوو بەڵێنی دا ئەگەر پێویست بێ شووڕەوییەکان یارمەتی دەنیرن. ئەمەرخان کە ئیتر پلەوپایەی هەرە بەرزی لە نێو سەرۆک عەشیرەتەکان دا هەبوو، وڵامی داوە، ئەو ناتوانی پیاو و دەستوپەیوەندییەکانی کە هەر تفەنگیان پێیە بنێرێتە شەڕی ئەرتەشێکی کە فڕۆکە و تانکی هەیە و بەر لەوەی لە جێی خۆی بجوڵێتەوە، شووڕەوییەکان دەبێ فڕۆکە و تانک بەویش بدەن. هاشموف گوتی ئەوە بە هیچ کولوەجی هەڵناسووڕی بەڵام کوردەکان دەبێ، لەبەر قازانج و بەرژەوەندی خۆیان، هەرچۆنێک بێ لەگەڵ هێزەکانی ئازەربایجان دەست بدەنە دەستی یەکتر. سەرۆک عەشیرەتەکان ئەو قسەیان نەسەلماند( بێجگە لە ئەوانەی نەبێ کە زێدیان لە نیزیکی مەهاباد هەلکەوتبوو) کە بەشەڕ بێن و رایانگەیاند ئەوان دەچنەوە ماڵی خۆیان. قازی محەممەد تووڕە بوو و سەرۆک عەشیرەتەکانی بەوە تاوانبار کرد کە لە ئاست کێشەی کورد خائینن. کۆبوونەوەکە بێ ئەوەی چ رێکەوتنێک بکرێ بڵاوەی کرد.
لایەنێکی دیکە کە مۆبلی لە لاپەڕەی ٣٣ی کتێبەکەیدا، باسی دەکا بەرژەوەندی زەویوزاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەشایر بوو و دەنووسێ:

بەرنامەی ڕیفۆرمی زەویوزاری دێموکراتەکان (ئازەربایجانییەکان) بۆ ئەو خانە (کوردانەی) کە مولّک و زەوییان زۆر بوو مایەی پەشێوی و نیگەرانی بوو. جا بۆیە بە هیچ جۆر سەیر نییە کاتێک قازی حەولی دا قەناعەتیان پێبهێنێ بۆ بەرگری لە بەرژەوەندی دێموکراتەکان ئەوان سڵمینەوە.

ریچارد مۆبلی لە لاپەڕەی ٩٦ی کتێبەکەیدا لەسەر سەرنەکەوتنی پێشەوا لە قەناعەت پێکردنی بە عەشایر دەنووسێ:

بە کورتی ئەو لە گەڵاڵە کردنی سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا حیسابی خراپ دەرچوو، بەڵام لە ئۆکتۆبری١٩٤٦ دا دژوار بوو وابگوترێ.

مۆبلی لە لاپەڕەی ١٨٠دا، لە زمانی "دووهێر" دەگێڕێتەوە کە کاتێک هاشمۆڤ و پەناهی چوونە لای ئەمەرخان بۆ ئەوەی رازی بکەن "ئەمەرخان دەستی بە سینگییەوە نان". دوهێر هەروەها دەنووسی: زێرۆبەگ لەبەر ئیمزا کردنی ئەو ڕێکەوتنە و پەیوەندییەکانی لە گەڵ شووڕەوییەکان، لەمەترسی رۆژانەدا بوو کە بکوژرێ.

بەمشێوەیە لە زمانی ئیگلتۆن دەگوترێ کە ئەو هەوڵەش تووشی گرفت بوو و بە پێی قسەکانی کونسوولی ئەمریکا ٣ رۆژ دواتر، نوێنەری ئەمەرخان چاوی بە کونسوول کەوت تا بەڵێنی هاوکاری عەشایر ب ه تاران بگەیەنێ. هەروەها کونسوولی ئەمریکا دەنووسێ: ... ئەو داوای لێکراوە بەڵێنێکی دیکەی عەشیرەتی بە تاران رابگەیەنێ و نوێنەری ئەمەرخان داوای لێکردووە ئەگەر حکومەتی ناوندی تەوریزی گرتەوە ئەو بەڵێنەیان پێبگەیەنێ( و) ئەمەرخان نەزم و هێمنی و وەفاداری لەوبەری دەریاچەی رەزائییە دەستەبەر دەکا. رێبەری عەشیرەتەکان بە وەرگرتنی متمانە و دڵنیاییەکی سەرۆک وەزیر ئامادە بوون بۆ شەڕ دژی دێموکراتەکان.

لە لاپەڕەی ١٨١ی کتێبی مۆبلی دا، باسی نووسراوەی "دوهێر" جێگری کونسوولی ئەمریکا کراوە کە دەنووسێ، نوێنەری ئەمەرخان چەند جار چووەتە لای کۆنسوول و ئەو بۆتە پردێک لە نیوان دەوڵەتی ئێران و خانەکان دا. دوهێر لە درێژەدا دەنووسێ:

بۆخۆی بە شەخسە چاوی بە سەرۆکوەزیر کەوت و باسی قیز و بێزاری کوردەکانی لە دێموکراتەکان بۆ کرد. لەبری ئەوە قەوام کە ئەوەی زۆر پێخۆش بوو وڵامی ناردەوە بۆ کوردەکان کە ئەو حەول دەدا ئەو ناعەداڵەتیانەی کە رەزاشا کردوویەتی تێهەڵێنێتەوە و چاوی لە هاوکاری عەشیرەتەکانە.

لەو قۆناغەدا، پەیوەندی و هاوکاریکردنی تاران لەگەڵ عەشایری شکاک زۆرتر لە خانەی کێشە نانەوە بۆ دەوڵەتی ئازەربایجان بوو و بە پێی لاپەڕە ١٨٤ی کتێبی ریچارد ئەی مۆلبی، کاربەدەستانی ئەمریکایی باس لە پەیوەندی گرتنی رێبەرانی عەشایری شکاک لەگەڵ کاربەدەستانی رێژیم دەکەن و دەنووسن:

لە مانگی ئۆکتۆبر دا، بە لانی کەمەوە، دنەی کێشە و قڕە لەسەر خاک هەر بەردەوام ببوو. دوهێر لە تێلگرامی ژمارە ٣٦٩ ی ١٨ ی ئۆکتۆبر ١٩٤٦ خۆیدا ئاماژە دەکا کەسانی پایەبەرزی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دێموکراتەکان و کونسولی بریتانیا باسی شەڕی نیوان کوردان و فیدائییەکانیان کردوە لە سەر ڕێگەی کەلاخۆی (خۆی)، کەلاماکێ (ماکۆ) لە تێلگرامەکەی ڕۆژێک دواتر دا، لەسەر ئەوە زیاتر ڕوویشتوە و دەڵێ پڕی ٢٥ لۆری فیدایی ناردراون بۆ بە دەنگەوە چوونی ماکۆ بە دژی عەشیرەتەکانی جەلالی و میلانی. لە گەڵ ئەوەشدا، ئەو لێی زیاد دەکا کە پیشەوەری گوتوویە نەزم و هێوری دامەزراوەتەوە. ڕۆسۆ لە تێلگرامی ژمارە ٣٧١ ی ٢١ ی ئۆکتۆبر ١٩٤٦ ی خوێدا دەڵێ کاربەدەستە پایەبەرزەکانی دێموکرات رادەگەیەنن کە جێگری کونسوولی شووڕەوی بە سەرکەوتنەوە فەرمانی داوە بە پیاوانی عەشیرەتەکانی جەلالی و میلانی، سوکمانئاباد چۆل بکەن. داخوا ئەو تێلگرامانە تەنێ نیوەقەیرانێک نیشان دەدەن یان بەردەوامبوونی ڕێبازیی لە زێدەی زەبروزەنگ دەسەلمێنن؟ ئەمن پێموایە ئەوەی ئاخریان بێ.

بێشک پێشتریش لە کاتی وتووێژەکاندا، هەڵسوکەوتی عەشایری کورد، پیشەوەری هان دا تا لەسەر عەرزی کوردستان معامله بە خاکی کوردستان بکا. ریچارد ئەی مۆبلی لە لاپەڕە ٩٧ی کتێبی "پەیوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان"دا، دەنووسێ: ... پیشەوەری لە ژێر ئیلتیماتۆمی شووڕەوییەکاندا دەستی کردەوە بە سەروکەلله لێدان لە گەڵ تاران بە بێ گوێدانە قەید و بەندی ئەندامانی کورد لە دەستەی وتووێژکاردا. ئاکامی ئەو وتووێژانە تەنانەت زۆر زیاتر لە وتووێژەکانی مانگی ژووەن بە زەرەری مەهاباد بوو. پیشەوەری پەسەندی کرد کۆنترۆلی زەنگان (زەنجان) بە دەست دێموکراتەکان، بە کونترۆلی دوو شاروچکەی کورد، سەردەشت و تیکانتەپە (تیکاپ) بگۆڕێتەوە. ئەو وتووێژانە بە نەهێنی بوون و دەقی پەیمانی تازە قەت بڵاو نەکرایەوە. جا بۆیە لەوانەیە مەهاباد لە مەیلی دێموکراتەکان بۆ ئاڵوگۆڕی خاک و کەوشەنان ئاگادار نەبووبێ.

مۆبلی دەنووسێ:

ئەو دوو ڕێژیمانە ماوەیەکی ئەوەندە درێژ خۆیان نەگرت تا ئەو قەڵشتانەی کە لەبەر هەبوونی ئامانجی جیاواز تێیانکەوت وەدیار کەون.

ریچارد مۆبلی لە لاپەڕەی ٥٥ ی کتێبی"پەیوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان" دا دەڵێ کە سەرئەنجام پەیوەندی ڕێژیم لەگەڵ عەشایر جێبەجێ بوو و نابراو لە لاپەڕەی ٩٩ دا باس لە سەرگرتنی ئەو پیلانە دەکا کە لە نێوان تاران و عەشایری سەرووی کوردستان لە ١١ی دیسامبری ١٩٤٦دا، بەسترا و دەنووسێ:

هەر کە ئەرتەشی ئێران هاتەوە نێو ئازەربایجان، ئەمەرخان ئەو نەخشەیەی جێبەجێ کرد کە دوو مانگ پێشتر بە کاربەدەستانی ئەمریکایی ڕاگەیاند بوو. هەرکی و شکاکەکان ڕێگەی ڕەزاییەیان بڕییەوە و دوایە چوونە نێو شار و چەندین کەس لە دێموکراتانیان کوشت. ئەمەرخان پێشەنگی سەد سوارەی شکاکی کرد بەرەو مەرەند، لە هەوڵدانێک دا بۆ پێشاوبڕدانەوەی پیشەوەری. بە لەکیس دانی وی، شکاکان چاوەڕێی ئەرتەشی ئێرانیان کرد و دوایە چوونە نێو تەورێز. یەکەکانی عەشیرەتی شارۆچکە و لادێی دیکەشیان گرت، ئەوەش ئاکامی وەها بوو کە کونسوولی ئەمریکا لە کۆتایی یەک لە گوزارشتەکانی دا دەڵێ: تەنانەت زۆر پێش لەوەی کە ئەرتەش بگاتە تەورێز، خەڵک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و عەشیرەتەکان، ئەوەی کە لە هێزەکانی ئازەربایجانی مابووەوە وردوخاشیان کردبوو.

مەیدانی تەراتێنی و جووڵانی عەشایر لە هەموو شوێنێک وەک یەک نەبوو. هێزی عەشایری سەر بە ڕێژیم لە دەوروبەری مەهاباد، بە شێوەیەکی دیکە هەڵسوکەوتیان دەکرد. لەو مەلبەندە هێزی پێشمەرگە بە تایبتی هێزی بارزان بە هێز بوو و عەشایری خائین هەموو کارێکیان بۆ نەدەکرا. سەرۆک عەشایری ئەو دەوەرە، یان بە بێ دەنگی لە ماڵە خۆیان مات ببوون. یان لە سەقز لە ژێر حوکمی ڕێژیم دابوون، یان ئاودیوی کوردستانی باشوور ببوون. عەبدوڵا ئەحمەد رەسوڵ پشدەری لە لاپەڕەی ٣١ی کتێبی یادداشتەکانم لە کۆماری کوردستان دا دەنووسێ کە عەولای بایزئاغای مەنگوڕ و مام عەزیزی قەرەنی ئاغای مامەش، بە ٤٠ تا ٥٠ سوار پەنایان بۆ پشدەر بردبوو و هەرچەند عەشیرەتی پشدەر پێیان خۆش نەبوو بەڵام بە پێی رەسمی عەشایری ئەوان تا رووخانی کۆمار بۆ ماوەی ٣ تا چوار مانگ میوانی ئەوان بوون.

دیارە ئەوانە شانەی نووستوو بوون بە هەموو شێوەیەک کەین و بەینیان لەگەڵ کرابوو و ئامادەی فەرمان بوو کە لە کاتی خۆی دا دەست بە کار بن. حامید گەوهەری لەوبارەوە دەنووسێ:

یەکەم گروپ لەو بەرپرسانە، سەرۆک عەشیرەتەکانی دێبوکری، مامەشی سەر بە قەرەنیاغا و زەرزا، رەشید بەگی هەرکی، نوری بەگی هەرکی، قوبادی کوڕی سمکۆ، عومەرخانی شکاک و سێ لە بەگزادەکانی مەڕگەوەڕ بوون کە تەوقی جاشەتییان لە ئەستۆ کرد و لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە دژی نەتەوەکەیان پڕچەک کران.

بە گشتی تا مانگی ئۆکتوبری ساڵی ١٩٤٦ زۆر لە ئەندامانی عەشایری پشتوانی کۆمار، جیا لە بەگزادەکانی سەقز و هەرکی و ... پشتیان لە کۆمار کرد. سەعیدی هۆمایون لە لاپەڕەی ١٣٥ی کتێبەکەیدا دەنووسێ کە حەمەرەشیدخانی بانە فەرماندەری ناوچەی سەقز لەگەڵ هێندێک لە بەگزادەکانی بانە، کوردستانی رۆژهەڵاتیان بەجێهێشت و چوونەوە کوردستانی باشوور. لەوبارەوە "زەربەخت" لە لاپەڕەی ٣٥٩ی کتێبەکەیدا دەنووسێ کە حەمە رەشیدخانی بانە بە فیتی ئینگلیزییەکان سوپای کوردستانی بەجێهێشت و چووبووە بۆ عێراق.

لە بەشێ پەراوێزەکان خاڵی ٩ لاپەڕەی ٥٩ کتێبی " کۆماری کورد لە مەهاباد" لە نووسینی ئارچی رۆزڤێلت دا، لەسەر ئەمەرخانی شکاک ئاوا هاتووە:

حەمە رەشیدخان بە مەبەستی دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی خۆی لە بانە، لە ژێرەوە لەگەڵ ئێرانییەکان خەریکی وتووێژ بوو، کوردەکان زۆر مەتمانەیان پێێ‌نەبوو. هەروەها کوردەکان و ئێرانییەکانیش پێیان وابوو کە حەمە رەشیدخان بە دزی لەگەڵ ئینگلیس نێوانی هەیە. لە مانگی ئاگۆست، دەنگۆیەک بلاو بووە کە گۆیا پیلانێک بۆ کوشتنی ئەو لە مەهاباد لە گۆڕیدابووە، پاشان حەمە رەشیدخان دیسان هەڵاتەوە بۆ عیراق.

لە چوارچێوەی پەیوەندی عەشایر و دەرباری شا، لە وتاری " از ریاست جمهوری تا چوبه دار" دا، کە بە نقڵ لە مانگنامەی تاج کەیانی هاتووە:

لە هەموو سەرسووڕەێنەرتر پەیوەندی نێوان ئەمەرخان شکاک لەگەڵ دەرباری شا بوو. ئەویش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەکاتێکدا کە ئەو یەکێک لە فەرماندەرانی ئەرتەشی کۆماری کوردستان لە سەقز و دەوروبەر بوو.

ئەو بۆ راکێشانی متمانەی دەربار، دەوروبەری ١٧ نامەی بۆ شا نووسیوە و لەگەڵ ناساندنی خۆی وەک سەربازی دەربار ئامادەگی بۆ هەر بڕیارێک دەربڕیوە.

ئەو نامانە لە ئاڕشیوی ئەرتەش دا راگیراون و بە پێی ئەو سەرچاوەیە ئەمەرخان زۆرترین نامەی بۆ شا نووسیوە. دوای چوونە دەری هێزەکانی رووس لە ئێران، ئەمەرخان بە خێرا نامەی بۆ شا نووسی و داوای کرد بە زووترین کات هێز رەوانەی کوردستان بکا. ئەمەرخان لەو نامەیە دا وەفاداری هەموو عەشیرەتی خۆی، وەک سەرباز بە شا راگەیاندوە، و ئامادەیی خۆی بۆ هەرکارێک دەربریوە و بۆ سەلماندن و پێکهێنانی مەتمانە، رادەگەیەنێ کە حازرە دوو کوڕی خۆی بە ناوەکانی "قادر" و" لزگین" بنرێتە خزمەت شا تا لە رەوانە کردنی ئەرتەش بۆ مەهاباد بەڵەد و چاوساغی هێزەکانی ئەرتەش بن. بە دوای ئەو کردەوانەدا زوربەی سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ راکێشانی زیاتری مەتمانەی دەوڵەت، کوڕ و برا و کەس و کاری جێی باوەڕیان نارده تاران.

ریچارد ئەی مۆبلی، لە لاپەڕەی ٣٩ی کتیبەکەیدا، دەنووسێ:

بەرهەڵستکاری هەرە توند و تیژ بە دژی کۆمار لە لایەن عەشیرەتەکانی نێو مەهاباد و دەوروبەری را سەری هەڵدا. خانەکانی دێبۆکری، مەنگوڕ و مامەش چ لەبنەوە و چ بە ئاشکرا بەرهەڵستکاری و دژایەتی رێژیمیان(حکوومەتی کوردستان) دەکرد. ئەمیر ئەسعد، فەرمانداری پێشووی مەهاباد خەریکی دامەزراندنەوەی (هێزی) دێبۆکری بوو.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٢٤٦ بیرەوەرییەکانی دا باسی بەرەی سەردەشت دەکا و دەنووسێ کە زۆرجار شەڕ بووە و یان پێشمەرگە یان دوژمن هێرشی کردووە و دەڵێ کە رۆژێک دوو پیاوی میر شێخ حەیدەر دەگەڵ مامی حەمەدی ئاغا کە لەگەڵ دوژمن بوون، گیران بەڵام خێرا ئازاد کران. حەمەدی مەولوودی دەنووسێ کە پێشمەرگەکان زۆر بەوە تورە بوون، بەڵام دەڵێ کە حەمەدی ئاغا پۆلکولنیک بوو و دەستەڵاتی لە من زیاتر بوو چ نەدەکرا و لە لاپەڕەی ٢٤٧ دا دەنووسێ: بە داخەوە لەو بەینەدا کەم نەبوون ئەو ئاغا قاچاغانەی کە لە ترسی دێموکڕات رایان کرد بوو و چووبوونە پاڵ عەجەمان، شەڕیان دەگەڵ پێشمەرگە دەکرد و فیشەکیان پێوە دەنایەن. یەک لەوان عەوڵای بایز ئاغای بوو کە تفەنگی بە ئێمەوە دەنا. حەمەدی ئاغای برای عەوڵاغا لە دێمۆکراتیدا مایۆر بوو. هەروەها بایزی عەزیز ئاغای هەمەکارەی قازی بوو بەڵام براکانی لە سەقز هەمووی لەناو عەجەمان دا بوون. لەو نمونانە زۆر بوون و زۆرمان لەو رۆژانە بینی. مەنعم مەکەن کە وا دەڵێم، باوەڕتان بێت ئاغا و عەشیرەت گەورەترین غەدریان لە کوردوستان کرد.

بە پێی وتاری "از ریاست جمهوری تا چوبه دار" سەروان کیومەرسی ساڵح لە ژمارەی ٤٤ تا ٦٦ی ماهنامەی تاج کەیانیدا، باسی رووداوەکانی ساڵی ١٩٤٣ تا ١٩٤٦ی کوردستان و ئازەربایجان دەکا. زۆربەی ئەو بابەتانە لە ئاڕشیوی ئەڕتەش دا ماون و بەڵام هێندێکیشیان بڵاو کراونەوە. بە پێی ئەو وتارە لەو ژمارانەدا زۆرجار، نامەی وەفاداری "عەلیار ئەسعەد" سەرۆکی تایفەی دێبۆکری و "قەرەنیاغا "رەئیسی عەشیرەتی مامەش و "رەشید بەگی هەرکی" و "حەسەن تیلۆ" و "قویتاس



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مامەندی" و "نوریبەگ بیگزادە" و "محەمەد ئەمین جیی هەرکی" و "هەمزە قادر مامەش" و کەسانی تر سەبارەت بە شا و دەربار چاپ و بڵاوکراوەتەوە و لە ناوندی ئاڕشیوی ئەرتەش دا بایەگانی کراوە.

جێی ئاماژەیە لە رەوتی ئەو باسە دا، جارجار لێکدانەوە و هەڵسەنگانی هەڵە و چەواشەکارانەش بەدی دەکری. بۆ نموونە محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٢٨ بەشی یەکەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." دا لە ناوەڕۆکی کردەوەی خەیانەتکارانەی عەشایر نەگەیشتووە و پاساو بۆ کردەوە دزێوەکانیان دێنێتەوە و بە ناهەق بەرپرسیارییەتێکە دەخاتە سەر ئەستۆی قازی محەممەد و دەنووسێ:

قازی مەحەممەد و عەشایرەکان باوەڕیان بە یەکتر نەئەکرد.

لە کاتی شەڕدا فیشەک ئەدرا بەو کەسانەی کە تفەنگی برنەویان پێبوایە. نەفەراتی چەکداری ٣ تیر ساڵدات ئەنگلیزی- فیشەک یان چەنگ نە ئەکەوت چونکە فیشەکی ئەو وێنە تفەنگانەیان نەبوو.

لەبەر ئەوەی کە قازی محەممەد زۆر بە عەشایرەکان دڵخۆش نەبوو چەکەکانی بۆ نەئەگۆڕینەوە بە برنەو.

قازی محەممەد ئەگەر بۆی بکرایە بە زووترین کات ئاغواتەکانی لەناو ئەبردن. جا ئەو بێ باوەر و (دردۆنگیە) ببوو بە هۆی ئەوەی کە عەشایرەکان سەر لە فەرمانی قازی محەممەد بپێچنەوە و بۆ نەمانی تێبکۆشن.

لە زۆر رووداو و مێتینگا قازی محەممەد ئەیووت هەتا ئێستا بەسەر چوار شتا سەرکەوتووم.

١- هەڵکردنی ئالای ئازادی کوردستان

٢- بێ هێز کردنی ئاغایەکان

٣- دامەزراندنی دایرەی فەرهەنگ

٤- کرینی چاپ

جا بەم هۆیەوە ئاغواتی عەشایرەکان هەستیان بە پاشەڕۆژێکی خراپی خۆیان ئەکرد. بە تەرزیکی نەهێنی دەرگای موخابراتیان لە گەڵ حکومەتی ئێرانا کردبۆوە. لەوباوەڕەدا بووم، ئەگەر لە ترسی رووس و مەلامستەفا و حەمە رەشیدخان نەبوایە هەر زوو ئاغایەکان لە قازی محەممەد رائەپەرین و قازی محەممەد و ئەنجوومەنی ئەیالەتییەکەیان لەناو ئەبرد. حاشایان لە هەزار کورد و کوردستان و ئازادی ئەکرد. چونکە بۆ دەوری دەرەبەگیەتی و ئاغایەتی جارانیان زۆر پەشیمان ببوونەوە. کە کچی کرمانج بە پارە بفرۆشن و شیربایی ژنی ئەوان وەری بگرن. وە لە هەموو شتێکا برابەش و شەریکەبرا بن لە گەڵ کرمانجا. دار داری ئەوان و پشت پشتی کرمانج بێ.

هەتا رادەی لێک هەڵبەزینەوەی قازی محەممەد و ئاغایان گەیشتە ئاقارێک کە عومەرخانی شکاک کە یەکێک بوو لەسەرلەشکرەکان و کرابوو بە پارێزەری ناوچەی سەقز بەشی باشوور جنوبی یەوە، لە ژێرەوە لەگەڵ حکومەتی ئێران کەوتە موخابرەوە ئەگەر (٧٠ هەزار تمەنی بدەنێ جبهەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جەنگ چۆڵ بکات.
کاک ئەڵا ئاغای حەسەن ئاغای ( قوڵقوڵە) لە هەمان کاتا، لە ژێرەوە دەرگای موخابراتی لەگەڵ حکومەتی سەقزا کردبووە موچەی (٨٠) ئەمنیەی بە دروستی هەموو مانگێک وەرئەگرت. لە هەمان کاتا علی ئاغای ئاغای ئەسعەدی - رەئیس عەشیرەتی دێبوکری و حاجی بایزئاغا و حاجی مەحمود ئاغای ئیلخانیزادە حکومەتی ئێرانیان هان ئەدا کە هێرش بەرێتە سەر قازی محەممەد. کە لە وەختی خۆیا ئەو باسەتان بە درێژ ئەخەینە بەرچاو.
مام عەزیزی قەرەنی ئاغای رەئیس عەشیرەتی مامەش - عەبدوڵا خانی رەئیس عەشیرەتی مەنگوور- مەلاخەلیلی گۆڕەمەڕێ- محەممەد ئاغای عەبباسی-حاجی ئیبراهیم ئاغای گەورک، ئەو سەرۆک عەشیرەتانە لە رووی بێ مبالاتی قازی محەممەدەوە. هەموویان لەگەڵ حکومەتا کەوتنە وتوویژ و بەڵێن و پەیمان بەستن واداری بە مەنسەب و دەسەڵاتی گەورەتر.
هەندێکیان هەڵاتن چوون بۆ تاران و هەندێکشیان لە ژێرەوە بەرگی سیخوریان بۆ دەوڵەتی ئێران لەبەر کردبوو لە دژی قازی محەممەد.
هەندێ دەست کاری سابڵاغیەکان و پیلان هەڵبەستراوی عەشایرەکان بوو بە هۆی ئەوەی کە نێوانی قازی محەممەد و حەمەرەشید خانیش تێکبچێ. حەمە رەشیدخان ناچاری ئەوە ببێتەوە کە خۆی فڕێ بداتەوە باوەشی پۆلیس و بەندی و دوورخرانەوەی بۆ رۆمادیە و کەرکوک.
بێ سیاسەتی قازی محەممەد بوو بە هۆی تەکینەوەی زۆربەی عەشائیرەکان، قازی محەممەد چاوی لە ئازەربایجانیەکان ئەکرد کە توانیان زۆر بە گورجی رووحی ئیقتاعی و دەرەبەگییەتی لە ناوچەی خۆیانا نەهێلن و یاسای تودە و شیوعییەت تا ئەندازەیەک بگەینە جێ. جا ئەو چاو لێکردن و دەرسەی ئازەربایجان لە قازی محەممەد نەئەوەشایەوە. چونکە موقف و جێگا و رێگا و رۆژی سیاسەتی قازی محەممەد و ئازەربایجان زۆر لێک دوور بوون. قازی محەممەد وەختی ئەو هەنگاوەی نەبوو کە لە گەڵ عەشایرەکان تێکبدا و یاسای شیوعی بخاتە بازاری کوردستانەوە. ناوچەی ئازەربایجان لەگەڵ ناوچەی کوردا نیوانێکی زۆری هەبوو. ئازەربایجانیەکان هەر ئەوەندەیان وڵات هەبوو کە چەنگیان کەوتبوو و بە تەمای هیچ وڵاتێکی تر نەبوون کە داگیری بکەن. بەڵام دەوری قازی محەممەد زۆر قۆناغی گەورە و مەنزڵی دوورتری مابوو کە بیانبڕێ. وەکوو ئازادی عێراق سوریا، کوردی تورکیا. نفووزی عەشایرەکان لەوکاتەدا بۆ قازی محەممەد زۆر پێویست بوو چونکە بە پرۆپاگەندە و هیوای نفوز بڵاوکردنەوەی عەشایرەکان زۆر هەنگاوی قازی محەممەد جێگیر ئەبوو.
لە ناو کوردستانا روحییەی عەشائیری زۆر زیندوو و بە تینە بۆ بڕینی هەندێ مەراحلی نیشتمانپەرەستی. کورد و ئازەربایجان فەرقێکی زۆری هەیە. ئازەربایجانییەکان ناچار بوون کە بە گورجی یاسای تودە سەر پێبگرن - بەڵام کوردەکان جارێ ئیشیان تەواو نەببوو کە کاڵای شیوعییەتیان بخستایە بازارەوە. بە دوو میلۆن کوردی ئازادکراوی مەهاباد ١٥ ملیۆن کوردی غەیرە ئازادکراو بترسێن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جا لەبەر ئەوە ئەتوانین بڵێن کە قازی محەممەد نەئەبوو بەم پەلە پەلەیە یەقەی ئاغاوەت و خان و بەگەکان بگرتایە و ئێعلانی شەڕی لەگەڵا بکردنایە. چونکە لەوکاتە عەشایرەکان بە هێز بوون و پێویستی بە کۆمەگی ئەوانە هەبوو رەزا شا.

مستەفا کەماڵ- لە دەوری خۆیانا بە هەزاران وێنە فرو فێڵ و هێز و راپەرین، نەیانتوانی رووحی عەشائیری و ئاغایاتی لەناو بەرن. وە بە چەند پەیمانی فێڵاوی وەکوو پەیمانی سەعدئاباد و کاخی سفید و گوڵستان - ویستیان گیانی عەشایرەی بێ هێز بکەن بۆیان نەکرا.

عەشایرەکان زوو ئەبن بە کۆمەگ و زووش ئەتۆرێن، بەڵام کە زانایەکی هونەرمەند هەبێ ئەتوانێ بە سەلیقە و مێشکی عەشایری لە گەڵیانا بجولێتەوە تا ئەندازەیەکیش باری تەماعیان نیشان بدا. زۆر لەو سەربازانە باشتر شەڕ ئەکەن کە بە مووچە و یاسای زۆر بە هێز پەروەردە کرابن.

عەشایرەکان سافیلکە و خۆش باوەرن. ئەگەر لە رێگای راستا لە گەڵیان بدوێ زۆر بە ئاسان دێنە سەر ئەو بارەی کە کورد پێویستی پی ئەبێ. عەشائیرەکان بە تەماعێکی کەم ئەتوانن لەو حکومەتە بدەن کە وا خاکی کوردی داوەتە بەر لەپ، چونکە ئیستقلالی کورد یا ئەبێ بە خوێن رێژییەوە یا بە هۆی قەڵەم و ئەحزاب گەریەوە تەعمین بکرێ.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە درێژەی بۆچوونە چەوتەکانی دا لە لاپەڕەی ١٣٤ بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا، باسی هەڵەکانی قازی محەممەد لە حاست عەشایر دەکا و بە بەراوەرد لەگەڵ رێژیمی پێشوو زۆر بە خراپتری دەزانێ و دەنووسێ:

... بەڵام لە دەوری قازی محەممەددا، زۆرتر سووکی مەترسییان چاو پێکەوت بۆیە بە تێکرایی بایاندایەوە لای حکومەت. چونکە لە زەمانی حکومەتی ئێرانا هەر دەوڵەت و دارایەکیان لە ژێر مەترسی دابوو. بەڵام لە زەمانی قازی محەممەددا سەر و ماڵ و ناموسیشیان کەوتبوو مەترسییەوە. بۆ نموونەی میسال ئەو چەند رووداوی خوارەوەتان بە عەرز ئەگەیەنم کە من خۆم شەخسییەن رەئیس حیزبی جەوانان بووم لە ناوچەی سەرا و ناوچەی سەقزا.

حیزبی جەوانان

لە ژێر سەروکایەتی عەلی خوسرەوی سابڵاغێ وە بە موستەشاریەتی ئەسەدۆڤ - ناوی موومەسیلی سیاسی رووس- حیزبێک لە ناوچەی مەهاباد پێکهات بە ناوی حیزبی جەوانان - گەنجان - ئەندام و مورەشەحێنی ئەو حیزبە هەمووی ئەبوایە لە دم رووتە وە گەنج پێکهاتبایە.

راپەرینەکەیان زۆر بەسام و مەترسینەر بوو. ئەو حیزبە لە حیزبە خوێنرێژەکانی ئەورووپایی ئەکرد. هەر فەرمانێکیان کە پێ سپێرابایە ئەبوو بەبێ گیروگرفت پێکیان هێنابایە.

نەفەراتی ئەو حیزبە ئیمتیازێکی تایبەتیان هەبوو لە هەموو راپەرین و تێکۆشانێکا، ئیشەکانیان وەکوو بروسکە وابوو. نابێ و ناکرێ لە بریارەکانیانا نەبوو.

نیشانەیەکی زەرد و سووریان بەسەر سینگەوە دادروابوو هەندێ نیشانەیان لە مەفرەق وە هیندێکیشیان لە پەرۆ دروست کرابوو. لە رۆژی ٣١/تەمووزی ١٩٤٦ عەبدولڕەحمان ویس و سەید بابانی حوسێنی - هاتنە مەرکەزی سەرا. تەشکیلاتی حیزبی جەوانان لە سەرا کردەوە بە ناوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حیزبی جەوانانی سەقز و سەرا وەزیفەی سەرۆکی ئەو حیزبەیان بە من رەوا دی.
ئەوباسە لە رۆژنامەی کوردستان ژمارە (٧٠)دا بڵاوکرایەوە بەڵام لە گەرانەوەی حەمە رەشیدخان بۆ عێراق من ئەو وەزیفەی سەرۆکی حیزبی جەوانانەم دایە دەست محەممەد مەحموود کە لەقەبەیەکی محمد قودسی بوو. جا ئەو حیزبە لەناو کوردی ئێرانا سامێکی زۆری پەیدا کردبوو.
ئەگەر ئازەربایجان لەو چەندانەدا تەسلیم بە ئێران نەبووبایەوە هەرچی ئاغاوەت و خان و بەگی کوردەواری بوون لەسەر دێهات و شوێنەکانیان دەر ئەکران.
بەڵام بەختی ئاغا و زۆرداری دووبارە ئاغا و ئاغازنیان هێنانەوە سەر حوکم و دار و فەراقەیان بۆ مسکین و کرمانجە هەڵگەڕاوەکانیان دانایەوە.
ئەو حیزبە هیچ گوێی نەئەدایە سووکی و بێ نەزاکەتی بەرامبەر بە ئاغایەکان. ئاغایەکان لە هیچ کاتێکا خۆیان بە خاوەنی سەروماڵ و ژن نەئەزانی. بۆ دەوری ئێرانی و ئەمنیە - سووت خۆرەکان پەشیمان ببوونەوە. وە لە پەنای ئەو حیزبەشا، حیزبێکی شیوعی نەهێنی لە دێی (یاسی کەند) لە ژێر سەروکایەتی عەزیز خانی ئاغای یاسی کەند، کرابووە کە پێیان ئەووت پاڵە پشتی حیزبی جەوانان بەڵام وەکو حیزبی جەوانان ئەو خۆی ئاشکرا نەکردبوو. هەروا لە پەناوە دەستی ئەخستە ناو ئیشەکانی سوسیالیستی دروست کردن.
سەربەخۆی و ئازادی بۆ چینەی دەرەبەگ و شووڤێنی نەمابووە. هەتا مجیوری مزگەوتەکانیش بە هیوای بەش ومیراتی ئاغا خۆیان خستبوو ناو حیزبی جەوانانەوە.
قازی محەممەد هەتا رەش و رووتێکی لە چینەی کرێکار و فەللاح ئەهێنا ژێر فەرمانی حیزبییەوە وە چەکداری لە لایەن ئاغاکانەوە وەلی تەفرە ئەدرا وە پشتێنەی بەربەرەکانیان لە زید ئەبەست.
قازی محەممەد ئەوەی بەراورد کردبوو کە کوردستان لە ٥٠ هەزار (دێ) پترە. ئەگەر لەهەر دێیەکا دوو ئاغا و سێ چوار کەسی سەر بە ئاغای لێبڕنجی دەستەی رەنجا و تۆراوان ئەکاتە نیو ملیۆن کەس.
بێ گومان پرۆپاگەندە نیو ملیۆن کەسی چەکدار و پارەدار مەعدەی باقی دانیشتوانی کوردستان تێک ئەدا. ئەگەر تێکیشی نەدا ئەو مەبەستە ئەشێوینی کە قازی محەممەد و دەستەی جەوانانی حیزبی سوسیالیستی بە قوونەخشکێ بۆی ئەچوون...
ئاغای مەنگوڕی ناتوانی بە باشی مەبەستەکەی کە هیچ بنەماکی نییە بپێکێ و لە درێژە دا لە لاپەڕەی لاپەرەی ١٣٧ی بەرگی یەکی کتێبەکەی دا دەنووسێ: لەسەر راپۆرتی حیزبی جەوانان زۆر ئاغای گەورە لە سابلاغ زیندانی وە خانەنشین کرابوون. لەوباوەڕدا بووم ئەگەر ئەو حکومەتە تا مەودایەکیتر بەو تەرزە مابایەوە. ئەو ئاغایانە یان هەموو لە داری سیاسەتە ئەدران. بەڵام بەختی ئاغاوەت لە بەختی کاکی فەللاح بە هێزتر بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بەرەی سەقز لە کۆتایەکانی رووخانی کۆمار دا**

کاتێک کە رێژیم نەیتوانی بە زەبری چەک، هێزی پێشمەرگە لە بەرەکانی سەقز و سەردەشت تێک بشکێنی، هەوڵی دا تا بە وتووێژ و فێڵ و تەڵەکە و فریودانی عەشایر و فەرماندەکانی شەڕ ورەی پوڵایینی پێشمەرگە بڕوخێنێ. فەرماندەکانی ئێران بەردەوام پەیوەندیان بە فەرماندەرانی لەشکری کوردستان دەگرت و نامەیان بۆ دەنارد و لەگەڵ ئەوان بناغەی دۆستایەتیان دادەڕشت و ئاموژگاریان دەکردن کە شەڕ نەکەن و وەرەیان کز دەکردن و رایان دەگەیاند کە عەشیرەتی شکاک بە جێیان دێڵن و هەر ئەوان دەمێننەوە. وەک نامەکانی رەزمئارا و سەرهەنگ شوجاعی فەرماندەی هێزی بانە بۆ ئەحمەدخانی فاڕوقی و محەممەد کەریم نوخبە. فەرماندەکانی ئێرانی ئەو پەیوەندییەیان بە رادەیەک بە هێز کرد بوو کە جارجار، بە بێ چەک دەهاتنە ناوچەی ژێر دەستەڵاتی کورد و بە فشە و گاڵتە دەیانگوت هاتوون تەسلیم بن.

بە پێی بەڵگەنامەی کتێبی "اسرار محاکمه قاضی محمد ویارانش" قازی محەممەد بە رێکەوتی ۲۵/۸/۱۹ لە نامەیەک دا بۆ قەوام نووسێ:

راستەوخۆ بەرێز سەرۆکی وەزیران، روونووس سەرلەشکر رەزمئارا، بە پێی ژمارەی ۳۳۵۱-۲۵/۸/۱۷ لە لایەک نیزیک بە ۵۰۰ سەرباز و لە لایەکی دیکە دەستەیەک سوارەی نیزامی ئێرانی هێرشیان بۆ دێهاتەکانی ناوچەی فەیزوڵابەیگی کردوە و هەرەشەیان لە ئاغایانی ئەندامی حیزبی فەیزوڵابەیگی کردوە کە ئەگەر هەموویان نەچنە لای فەرماندەی لەشکر لە سەقز، هێرشی نیزامیان بۆ دەکرێ. بەو هۆیە ئەوانە لە ترسان بنەماڵەکانی خۆیان بۆ شوێنی دیکە راگوێزتووە. بۆ پێکهێنای مەتمانە داوا دەکەم لە هێرش بۆ سەر خەڵک، بە نیوی دێموکرات بوون خۆتان ببوێرن و خەڵکی ئازار مەدەن.

۳۴۴۶-۲۵/۸/۱۹ محمد قاضی

هەر لەو چوارچێوەیە دا، لە بەڵگەی ژمارە ۳۶۵ی کتێبی "اسرار محاکمه قاضی محمد ویارانش" قازی محەممەد لە نامەیەک دا بە رێکەوتی ۱۳۲۵/۹/۹ ئاماژە بە بەردەوامی سنووربەزاندن لە لایەن ئەرتەشەوە دەکا و دەڵێ کە لە حاڵێکدا دەگوترێ کە لە لایەن فەرماندەرانی ئەرتەشەوە پێیان گوتراوە کە ئەو کارە نەکەن. بۆیە وا هەست دەکەم ئەرتەش خەریکی ئامادەکاری بۆ ساز کردنی شەڕە. لە وەزعێکی ئاوا دا بوونی نوێنەرانی حیزبی دێموکرات لە سەقز مانای نابێ و ئیزن بدەن بیانگێڕینەوە بۆ مەهاباد. ئەوەم بۆ لابردنی بەرپرسایەتی لە سەر خۆم راگەیاند.

هێندێک جار فەرماندەی ئەرتەشی ئێران بە دەهۆ وایان دەنواند کە پلانی فەرمانی هێرش لە لایەن دەوڵەتەوە نەبوو بەڵکوو فەرماندەکان بۆخۆیان پەلاماریان هێناوە و لە سەر ئەو کارە وایان نیشان دەدا کە سەزا دەدرێن و بۆ ماوەیەک لە بەرە دووریان دەخستنەوە.

بەگشتی هەڵسوکەوتی عەشایر لە ژێر کاریگەری رێژیم لە بەرەی سەقز دا، پشتی کۆماری شکاند و لەو بەرەیەدا، زۆربەی هێزەکانی عەشایری شمال گەڕانەوە و ژێنڕال حەمە رەشید خانی بانە فەرماندەی یەکەمی بەرەی سەقز سەرا، لەسەر کار لابرا بوو و هێزەکانی رێژیم و عەشایری سەر بە دەوڵەت، چاوەڕوانی فەرمانی هیرش کردن بوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بیانووی هەڵبژاردنی پارلمان بۆ هێرش بۆ سەر کۆمارەکان**

لە کاتی ساڵوەگەڕی دامەزرانی فیرقە دا دەوڵەتی شووڕەوی داوای لە قەوام کرد کە کاتی هەڵبژاردنی مەجلیسی ١٥ ئامادە بکا. قەوام گوتبووی تا کێشەی ئازەربایجان کۆتایی نەیە هەڵبژاردن ناکرێ. دوایە رووسەکان داوایان کرد کە خەتی ئاسمانی هاوبەشی "رووس ئێران" لە سەرووی ئێران بکرێتەوە. بەڵام چوار وەزیری غەیرە توودەیی دژی ئەو پێشنیارە قسەیان کرد. دوو سەعات دوای قسەکانی ئەوان، دەستەی چەکداری سەفارەتی رووس هەڕەشەیان لەو وەزیرانە کرد کە ئەگەر درێژە بە دژایەتی خۆیان بدەن، سەروماڵیان تێدادەچێ. بە پێی لاپەڕەی ١٩٠ی کتێبی "فراز و فرود فرقه" ئەو خەبەرە بە شای گەیی و یەکجێ داوای لە قەوام کرد کە بە هۆی بێدەستەڵاتی و بێ هەڵوێستی لەبەرانبەر رووسان دا، دەست لە کار بکێشێتەوە. قەوام دەستی بە لاڵانەوە و پاڕانەوە کرد و داوای لێبووردنی کرد. شا بە شەرتی ئەوەی کە وەزیرە توودەیەکان و موزەفەر فیروز وەلابنێ و دژایەتی لەگەڵ توودەیەکان بکا، وتووێژ لەگەڵ فیرقە کۆتایی بێنێ و دەستەلاتی دەوڵەت لەو مەڵبەندە دامەزرێنێتەوە، رێگای بە مانەوی قەوام دا. قەوام تەواوی شەرتەکان بە غەیرە وەلانانی موزەفەر فیروزی، بێ ئەملاوئەولا قبووڵ کرد.

هەڵسوکەوتی دەرباری شا لە دژی قەوام لە جێگای خۆی دانە بوو و سیاسەتی فریوکارانەی ئەو بۆ تیکدانی جوڵانەوەی ئازەربایجان و کوردستان و بە گشتی جێگیرکردنەوەی دیکتاتوری لە ئێران دا، هەر لە هاوینی ساڵی١٣٢٥ دا بە تەواوی لە هەموو بوارێکەوە رووی خۆی دەرخست بوو. دەوڵەتی قەوام رێکەوتنی مزەفەر فیروز و پیشەوەری پەسەند نەکرد و سەرپۆشی لەسەر دانا. قەوام بۆ فریوی رووسەکان لە رۆژی ١١گەلاوێژی ١٣٢٥ سێ کەس لە بەریوەبەرانی حیزبی تودە هێنا بۆ نێو کابینەی خۆی تا وا نیشان بدا کە لە توودەییەکان نیزیک بوتەوە و خۆی بە دیموکرات بنوێنی و نیشان بدا کە بووچوونی لەگەڵ شا و دەربار جیاوازە. هەروەها دوکتور قاسملوو لەسەر ئەو بڕوایە کە دەوڵەتی قەوام، لە گەڵاڵە کردنی داوخوازی ئەنجومەنی ئەیالەتی و پێکهاتنی یەکیەتی عەشایری خوزستان کە بە هان دانی شیرکەتی نەوت ئینگلیس کراوە، دەستی هەبوو. قەوام لە ٢٣ خەرمانان ١٣٢٥ عەشایری قەشقایی و بۆیر ئەحمەدی هان دا تا راپەڕن و هێزەکانی دەوڵەتی  لە پاریزگاری فارس چەک بکەن و هێرش بۆ سەر حیزبی تودە و ریکخراوە کرێکارییەکان بەرن و داوای خودموختاری و دەرکردنی وەزیرە تودەییەکان بکەن.  قەوام هیرشی بۆ سەر جوڵانەوەی قەشقایی نەبرد و تەنیا مەحکومی کرد و مەبەستی لەو کارانەش خۆ ئامادە کردن بۆ سەر جوڵانەوەی نەتەوایەتی تورک کورد بوو.

ئەوجار لە حاڵێک دا جوڵانەوەی میلی دێموکراتێک لە  سەرانسەری ئێران لە پەرە گرتن و جوڵانەوەی نەتەوەیی ئازەربایجان و کوردستان لە ئارا دابوو، قەوام لە رۆژی٨ ی پووشپەڕی ١٣٢٥ حیزبی دێموکراتی ئێرانی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ حیزبە دیموکراتیکەکانی دیکە دامەزراند.

سەرئەنجام قەوام بۆ جیگیر کردنی بە رواڵەت دێموکراسی لە ئیران دا، بابەتی ئەمنییەتی هەلبژاردن لە سەرانسەری ئێرانی هیناگۆڕی و بۆ ئەو مەبەستە، پێشنیاری جێگیر کردنی ئەرتەش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له سەرانسەری ئیرانی کرد. ئەو سیاسەتە لە لایەن جورج ئالەن باڵوێزی ئەمریکا لە ئێران پشتیوانی لێکراو و بە بڕیارێکی بەجێی داندرا.

ڕۆژی ٣٠ خەزەڵوەر( ٢١ نوامبر) قەوام رایگەیاند کە بۆ پێکهێنانی ئەمنیەتی هەڵبژاردن، لە رۆژی ٧ی دیسامبر (١٦ سەرماوەز ١٣٢٥) هێزی نیزامی لە سەرانسەری ئێران جێگیر دەکا. ئەو بڕیارە بەو مانایە بوو کە ئەڕتەش دەبێ لە ئازەربایجان و کوردستان جێگیر بێ. دوکتۆر جاوید پارێزگاری ئازەربایجان لە بروسکەیەکدا لە قەوامی پرسی کە ئایا ئەرتەشی ئێران ڕەوانەی ئازەربایجانیش دەکرێ؟ قەوام بە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٩/٣ ئاوا وەڵامی داوە: دەوڵەتی ئێران بڕیاریداوە بۆ پاراستنی ئارامیی لە کاتی هەڵبژاردنی مەجلیسدا، هێز ڕەوانەی ئازەربایجان بکات.

پیشەوەریی بە بڕیاری قەوام زۆر تووڕە بوو و هەڕەشەی کرد کە ئازادیی ئازەربایجان لە سەرانسەری ئێراندا پەرە پێدەدا و حکومەتی تاران لەناو دەبات و حکومەتی دێموکراتی نەتەوەیی لە جێی دادەمەزرێنێ و لە وتارێکیدا کە لە ڕۆژنامەی ئازەربایجان ژمارە ٦٨دا، چاپ بووە موژدەی بەرگریی هێزەکانی سوپای ئازەربایجانی راگەیاند.

هەر لەو پێیەدا رۆژی ١٩٤٦/١١/٢٨ باقرۆڤ لە بروسکەیەکدا بە ئازەربایجانی گوت کە ئەو کارەی قەوام بە پێچەوانەی دەقی ڕێکەوتنامەی نوێنەرانی ئازەربایجان و تارانە و دەبێ جاوید، دژی پەیامی قەوام رابوەستێ و پێشنیار بکەن کە بۆ چاودێریکردن بەسەر هەڵبژاردن دەکرێ کۆمیسیۆنێکی تایبەت بنێردرێ.

دەوڵەتی شووڕەوی بە دژی ئەو بڕیارە، شا و قەوامیان ئاگادار کرد کە ئەو جموجۆڵانە لە سنوورەکانی باشووری شووڕەوی قبووڵ ناکەن. سادچیکۆڤ باڵیۆزی شووڕەوی، داوای کرد چاوی بە قەوام بکەوێ و لە دیدارەکەی دا گوتی مەسکۆ ناردنی ئەڕتەش بۆ ئازەربایجان بە باش نازانێ و ئەو کارە لە سنوورەکانی ئێران و سۆڤیەتدا، کێشە ساز دەکا و دەوڵەتی شووڕەوی مەجبوور دەبێ بە بڕیارەکانی دا بچێتەوە. قەوام سەفیری ئەمریکای لە وتەکانی سەفیری رووس ئاگادار کردەوە و داوای لێکرد کە لە شووڕای ئەمنییەت دا، مەترسییەکانی ئەو بابەتە بۆ ئاسایشی جیهانی بخرێتە بەرباس. سەرئەنجام قەوامولسەڵتەنە لە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٨/٣٠ (١٩٤٦/١١/٢١) رایگەیاند کە بۆ دابین کردنی ئارامیی و ئاسایش لە کاتی هەڵبژاردندا لە رۆژی ١٣٢٥/٩/١٦(١٩٤٦/١٢/٧) هێزەکانی پاراستنی ئارامی، بە بێ جیاوازیی لە هەموو ئێراندا جێگیر دەکات. لە بەیاننامەکەیدا هاتبوو، کە ئەو دەیەوێ بۆ هەموو ناوچەکانی هەڵبژاردن، هێزی ژاندارمەری و ئەگەر بە پێویستی بزانێ، هێزەکانی ئەڕتەش بنێرێ. هەر لەو رۆژەدا بەیاننامەکەی بە بروسکە بۆ سەلامولا جاوید، پارێزگاری ئازەربایجان ڕەوانە کرا.

دەوڵەتی ئێران چەند ساڵ بوو کە هەوڵیدەدا کوردستان بگرێتەوە و هەموو ڕێگاکانی تاقی کردبووە، بەڵام کۆماری کوردستان بە هیچ شێوەیەک و بە هیچ بیانوویەک رازی بە گەڕانەوەی هێزەکانی ڕێژیم نەبوو. کۆماری کوردستان لە بەرەکانی شەڕدا، پێشی بە هێزی ڕێژیم گرت، بەڵام کاتێک کە رووس سیاسەتیان گۆڕا، کوردیش بە ناچاری ملی بۆ وەزعەکە راکێشا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له لایەکی دیکە ئەگەر مەترسی گەڕانەوەی هێزکانی کۆنەپەرەستی بە ناوی کاراکردنی پارلەمان لە ئازەربایجان و کوردستان لە ئارادا بوو، ڕێکخراوە سیاسییەکانی چەپی و بە ناو نیشتمانی لە سەرانسەری ئێران خۆیان بۆ بەشداریی کردن لە هەڵبژاردندا ئامادە دەکرد و بۆ ئەوەی دەنگی پێویست بێننەوە، حیزبی توده و حیزبی ئێران بەرەیان پێکهێنا.

دواتر لە ٢١ بەفرانبار دا هەڵبژاردنی دەورەی ١٥ی نوینەرانی مەجلیس لە تاران دەستی پێکرد. لە ژمارە ٧٩ حەوتەنامەی "کوهستان" دا، لەسەر شێوە دیاری کردن و دەستاودەست کردنی نوێنەری شارەکانی سەقز و مەهاباد ئاوا هاتووە کە دەوڵەت ویستی سەیفوڵای ئەردەڵان موزەفەرولسەلتەنە فەرمانداری سەقز بە جێگای محەممەدئاغای عەباسی ببێتە نوێنەری سەقز و محەممەد ئاغاش لەبری ئەو زیانانەی کە وێکەوتووە ببێتە نوێنەری مەهاباد.

**رووس ئاخرین ئۆمیدی ئازەربایجان**

دامەزرێنەر و پشتیوانی سەرکی حکومەتی ئازەربایجان، دەوڵەتی شووڕەوی بوو کە ئەویش بە بەڵێنی خەیاڵی ئیمتیازی نەوت، فریو درابوو و تەنیا جارجار بە شێوەی غەیرە فەرمی خوازیاری خۆڕاگری و بەربەرەکانی ئازەربایجان بوو.

ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە زۆر لە ڕێبەرانی ئازەربایجان، لە ناوەرۆکی ڕێکەوتنی ئێران و شووڕەوی نەگەیشت بوون. حەز و خۆشەویستی لە ڕادەبەدەری ئەوان بە دەوڵەتی شووڕاکان، وای لێکردبوون کە راستی ڕووداو  و گۆڕانکارییەکان و مانۆڕە هەلپەرەستەکانی ستالین بۆ بە دەستهێنانی ئیمتیازی نەوت، نەبینن. ئەوان نەیاندەزانی کە بەرژەوەندی دەوڵەتی شووڕەوی بە لای ڕێبەرانییەوە، تەوەری هەموو بابەتەکانە و لەو پێناوەدا هەموو پرنسیپ و ئەخلاق و رەوشی مروڤانە ژێر پێ دەخرێ.

ڕۆژی ١٣٢٥/٩/١٠- ١٩٤٦/١٢/١ پیشەوەریی، شەبستەریی، جاوید لە نامەیەک دا داوایان لە باقرۆڤ کرد کە پشتیوانیان بێ و ڕوونووسی نامەکەیان بۆ ستالین بنێرێ و داوای یارمەتییان بۆ بکا و تێیدا نووسیبوویان:

چۆن دەکرێت برادەرانی ئەوبەری ئاراس چەک بۆ ئێمە نەنێرن و پشتیوانییمان نەکەن؟ چۆن دەکرێت قەوامی خوێنمژ لە بەرچاوی دەوڵەتی گەورەی سۆڤیەتدا، وەک دڕندەیەک ئێمە لەناو ببات؟

ڕۆژی ١٣٢٥/٩/١٧پیشەوەریی، شەبستەریی، پادگان، دوکتۆر جاوید و غوڵام یەحیا، لە دوو خالی سەرەکی دا نامەیەکیان بۆ حکومەتی سۆڤیەت و باقرۆڤ نارد و جارێکی تریش ئامادەیی خۆیان بۆ شەڕ بە دژی ئەرتەشی ئێران دەربڕی و تێیدا نووسیبوویان:

یەکەم: تا ئەو کاتەی سنورەکانی سۆڤیەت کراوەن و دیموکراتەکانی ئازەربایجان، سوپای نەتەوەیی خۆیان هەیە، ژمارەیەک چەکیان بۆ بنێرن(ئێمە دەتوانین وەرگرتنی ئەو چەکانە بە نهێنی بهێڵینەوە، ژمارەیەکی زۆر چەکمان ناوێت. هەر ئەوەندە بەسە کە پێویستیی فیداییەکانی پێ دابین بکەین).

دووەم: ئەگەر قەوام لە شەڕدا دژی ئێمە خوێن بڕێژێ، ئێمە دەتوانین لە هەندێک ناوچەی شیاودا شەڕ بکەین و بە روخاندنی حکومەتی کۆنەپەرستی تاران، هێزە ئازادییخوازەکان ڕێکبخەین و حکومەتێکی دیموکراتیی دابمەزرێنین. ئومێدەوارین ئێوە دژ بەو کارەمان نەوەستن. ئەگەر ئەو کارە بە چاک نازانن، ڕێ بدەن هەموو پێوەندییەکانمان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران بپچڕین و دووبارە حکومەتی نەتەوەیی خۆمان رابگەیەنینەوە.

لەو نامەیەدا هەروەها هاتبووە:

ئەگەر قەوام و ئینگلیز و ئەمریکا دەڵێن کێشەی ئازەربایجان کێشەیەکی ناوخۆیی ئێرانە، ئێمەش بە دروستیی هەر ئەوە دەڵێین کەوابوو لێگەڕێن کاتی هێرش بۆ سەر ئازەربایجان، فیداییەکان سەرکوتیان بکەن و ئێمە رایدەگەیەنین کە کێشەی ئازەربایجان کێشەیەکی ناوخۆییە و ئێمە سەربەخۆیانە بڕیارمانداوە کە لە بەرامبەر سوپای ئێراندا داکۆکیی لە خۆمان بکەین. بەو بۆچوونە لە شورای ئەمنییەت و کیشوەرەکانی تردا، ناتوانن دژی یەکیەتی سۆڤیەت ئاژاوە بنێنەوە. ئەگەر یەکیەتی سۆڤیەت بە نهێنی یارمەتیمان بدات، دەوڵەتی ئێران بەڵگەیەکی نابێت کە ئاراستەی شورای ئەمنییەتی بکات.

لە کۆتایی نامەکەدا لەگەل ئەوە داوا کرا بوو کۆپییەی نامەکە بۆ ستالین بنێردرێ، نووسرابوو:

گەلی ئێمە و ڕێبەرانی، هەموو پێکەوە ئومێدیان بە چەک بەستووە و ڕزگاریی خۆیان لە پڕچەک کردنی خۆیاندا دەبینن. سەرکەوتن لەو کارەدا بە یارمەتی ئێوەوە بەستراوەتەو.

پاڕانەوە و لالانەوەی فیرقەی دێموکرات سەری نەگرت و بە پێچەوانەی هەموو بۆچوونەکان کە رووس پشتی ئازەربایجان دەگرێ، ئەو هیوایە بەدی نەهات و پێش بە بڕیاری قەوام بۆ هێرش بۆ سەر ئازەربایجان نەگیرا. رووسەکان بە ئاشکرا بە باقرۆڤ و ڕێبەرانی فیرقەیان، راگەیاند کە جگە لە پشتیوانیی مەعنەویی، ناتوانن یارمەتییەکی تریان بدنێ.

غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٧٠ ی ئاڵەکۆک دا، ئاماژە بە مامۆستایەکی زانکۆ ئەفسەری دەکا کە چووتە تەورێز و پەیامی رووسانی بەمشێوەیە بۆ بردوون:

..... ئەگەر حکومەتی ئازەربایجانی ئیران دەیەوێ شەڕ بکات. دەبێ لەسەر خۆی و هێزێ خەڵکەکەی حیساب بکات و ئێمەی رووس چمان لە دەست نایە.

دەوڵەتی شوورەوی بە بەڵێنییەکانی قەوام باوەڕی هەبوو و پێیان وانەبوو کە قەوام هێرش بکاتە سەر ئازەربایجان و بە باڵیۆزی خۆیان راگەیاند کە چاوی بە قەوام بکەوێت و بڵێ کە "یەکیەتی سۆڤیەت ناتوانێت لەو بارەیەوە بێ هەڵوێست بمێنێتەوە". هەڵوێستی قەوام لە بەرامبەر هەڕەشەی سادچیکۆڤدا توند بوو و گوتی" مەبەست لە رەوانە کردنی هێز بۆ ئازەربایجان، پێکهێنانی ئەمنییەت و ئاسایش لە کاتی هەڵبژاردنی مەجلیس دایە و من ئەو کارە دەکەم".

لە لایەکی دیکە هێندێک لە بەرێوەبەرانی فیرقە لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە بەر لە هێرشی هێزەکانی ئێران بۆ سەر ئەوان، دەستپێشخەری بکەن و هێرش بکەنە سەر هێزەکانی رێژیم و بەرنامەکەیان لێ پووچەڵ بکەنەوە. بە پێی کتێبی "دەستپێکردنی شەڕی سارد" باقرۆڤ لە نیوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەوی ١٣٢٥/٩/١٣دا، بە بروسكەيەک بە پيشەوەريی ڕاگەياند:

من بە تەواويی لەگەڵ بۆچوونەکانتم، هەست بە ورەی خراپ و خەم و پەژارەی ئێوە دەکەم، بەڵام جارێکی تریش دەڵێم کە ئێوە بیر لە هێرش بۆ سەر سوپای ئێران مەکەنەوە. کۆنەپەرستانی تاران و نێونەتەوەیی و فەرماندە سەربازییەکانی ئێران، چاوەڕوانی کارێکی لەو جۆرەن. لەبەرئەوە بیانوو مەدەنە دەست دوژمن. لە هەلومەرجی ئێستای ئێوەدا، هەموو هێزە پێشکەوتووەکانی ئێران و دیموکراتەکانی جیهان لەگەڵ خواستی رەوای ئێوەن. لە لایەن ئێمەوە هەموو کارێکی پێویست ئەکرێت. سەبارەت بە بەهێز کردنی خۆتان و هێزەکانتان و خەباتی راگەیاندن، سەرنجی تایبەتیی بدەن.

**پەیمانی نیزامی کورد و ئازەر لە ئاوایی خواجە میر**

لەو قوناغە حەستەم و چارەنووس سازەدا کە هێزەکانی رژێم خۆیان ئامادە دەکرد تا هێرش بکەنە سەر ئازەربایجان و کوردستان، رێبەریی دوو حکومەت بڕیاریان دا تا پەیمانی نیزامیی هاوبەش بۆ هاوکاری سەربازی و لەشکری ببستن و پێکەوە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ یەک سنوورەکانی دوو وڵات بپارێزن.

بێهزادی خۆشحاڵی لە لاپەڕەی ٨٢ی کتێبی "قاضی محمد و جمهوری در آینه اسناد"دا، لە ٨ خاڵ دا ئاماژە بە رێکەوتنی نیزامی دەوڵەتی کوردستان و ئازەربایجان دەکا کە بریتین لە:

١ – ناردنی لەشکری نیزامی ئازەربایجان بۆ سەقز و ناردنی لەشکری غەیرە نیزامی کوردستان بۆ ئازەربایجان لە کاتی پیویست دا. ٢ – پیکهێنانی لەشکرێکی نوێی ئازەری – کوردی لە ژێر دەستەڵاتی تەورێزدا. ٣ – دیاری کردنی ژێنراڵ عەزیمی وەک فەرماندەی گشتی لە شوێنی عەمەلیاتی سەقز و سەردەشت لە کوردستان و هولاس و هەوشار لە ئازەربایجان. ٤ - دیاری کردنی مەلامستەفا بارزانی بە فەرماندەی گشتی ئازەری – کوردی لە ناوچەی سەقز. ٥ – ناوچەی هەوشار لە ئازەربایجان لەژێر ئەمری محەمەد حوسێنخانی سەیفی قازی دا بەرێوە دەچێ. ٦ – قازی محەمەد رێبەری هێزەکانی ئازەربایجان – کوردستانە بە راوێژکاری عەزیمی. ٧ – پیشەوەری فەرماندەی گشتی هێزەکانی کورد و ئازەرییە لە ئازەربایجان. ٨ – هێزەکانی ئازەری لە کاتی پیویست دا بە هانای هێزەکانی کورد دەچن.

بە پێی لاپەڕەی ٢٧٠ی کتێبی "بزووتنەوەی ... "لە نووسینی دوکتور رەحیمی قازی، دوو حکومەتی ئازەربایجان و کوردستان لە رێکەوتی ١٦ی ئوکتوبر ١٩٤٦دا، لە ئاوایی "خواجە میر" پەیمانی هاوکاریان بەست و دەنووسێ: ... لەم کۆبوونەوەیەدا جیا لە سەرۆکەکانی حیزب ژمارەیەکی زۆر ئەفسەرەکان و سەرۆکەکانی بەشە هۆردوو بەشدارییان. لەم کۆبوونەوەیەدا لەمەڕ بزوتنەوەی بە یەکەوەی هەر دووک هۆردوو پێکهاتنێک ئیمزا کرا. بە گویرەی ئەم پێکهاتنە لە لایەن ئازەربایجانەوە جەنڕاڵ عەزیمی و لە لایەن کوردستانەوە جەنڕاڵ سیفی قازی و مستەفا بارزانی بە فەرماندەری گشتی دیاری کران. بە لەبەرچاوگرتنی ئەمەی کە دەوڵەتی ئێران بەشی زۆری هۆردووی خۆی لە ناوچەی سەقز جێگیر کرد بوو و لە بەرامبەر ئەمانەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رووی چەک و قورخانەوە بە چاکی تەیار نەبوو لە پێکهاتنەکەدا ویژرا بوو: حکومەتی ئازەربایجان وەعۆدەی خۆ دەگرێت یارمەتییەکی هەموو لایەکی بە هۆردووی کوردستان بکات. لە ماوەی مانگی ئۆکتبر دا لە چەند شەرێکی هاوجێگەیی، کە لە ناوچەی سەقز و هەوشار رووی دا ئەنجامی ئەم پێکهاتنە بە باشی خۆی وەدی دا. بە تایبەتی یارمەتی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی هەوشار و میانە بە هێزی دیموکراتیکەکانی ئازەربایجان زۆر گرینگ بوو و حکومەتی تارانی زۆر وەترس خست.

دیارە سەعید خانی همایون لە لاپەڕەی ١٢٣ی کتێبی پیشوای بیداری دا، دەنووسێ کە لە شەوی ١٩ی سەرماوزی ١٣٢٥دا، لە ئاوایی خواجەمیر (دەوروبەری مەراغە) ئەو کۆبوونەوەیە بە بەشداری بەڕێوەبەرانی حکومەتی ئازەربایجان و کوردستان پێکهات و تا بەری بەیانی خایاند. لەو جەلەسەیەدا قەرار درا کە هێزەکانی ئازەربایجان و کوردستان بۆ بەرگری لە پێشڕەوی هێزەکانی ئەرتەش، ئامادەی دیفاع و بەربەرەکانی بن، یەک رۆژ دوای ئەو کۆبوونەوەیە، دوکتور سەلامولای‌جاوید، بە تێلگراف، تەسلیم بوون و بەربەرەکانی نەکردنی حکومەتی ئازەربایجانی بە تاران، راگەیاند.

دیارە سەعید خان لە بەیانی رێکەوتەکە بە هەڵە چووە چونکە لە کاتێک دا کە هێزەکانی رێژیم لە دروازەکانی تەورێز بوون نەدەکرا حکومەتی ئازربایجان و کوردستان لە رادەی رێبەری و فەرماندەری دا، لە مەراغە کۆببنەوە.

بە پێی لاپەڕەی ١٨٣ی کتێبی پەیمودەن با تفەنگ، ئیشخان زادیگان دەنووسێ کە لە کاتی هێرش بۆ سەر ئازەربایجان، عەزیمی و مەلا مستەفا بۆ فەرماندەری بەرەی سەقز و ژێنڕاڵ کەبیری بۆ فەرماندەری بەرەی مەراغە و چاراویقماغ و تیکان تەپە و قوڵی سوبحی بۆ پارێزگاریی لە کارخانەی قەندی میاندوا دیاری کران. بە پێی ئەو سەرچاوەیە هێزی کەبیری و عەزیمی زورتر لە ٢٥٠٠ کەس بوون کە هاتنە بۆکان و لەوێڕا دابەش کران.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٤١

## هێرش بۆ سەر ئازەربایجان و گرتنەوەی تەورێز

لە ڕێکەوتی ٢٤ی خاکەلێوە ١٣٢٥دا، هێزەکانی شووڕەوی شاری قەزوێنیان چول کرد و لەوێ دەوڵەتی ئێران بناغەی لەشکری ٣ ی دامەزراند کە بریتی بوو ٣ گوردانی پیادە و گوردانێکی تۆپخانە و گورهانی تۆپخانەی میانە. هەروەها شاری زەنجانیش دەبوو بۆ ئێران چوول بکرێ بەڵام فیرقەی ئازەربایجان کە هێزی لەوێ بوو ئەو ڕێکەوتنەی بە جێنەگەیاند. دواتر لە ڕێکەوتنی ئێران و تەورێز لە دوازدەی نوامبر ١٩٤٦دا، ئەنجومەنی ئەیالەتی لە تەورێز دەستی بە کار کرد و فەرمانیدا کە فداییەکان زەنجان بەجێبێڵن.

لەو قۆناغەدا لە نێو ڕێبەرانی فیرقە دا، کێشە و دووبەرەکی پەیدا بوو و هێندیک لە ڕێبەرانی فیرقە بە لای دەوڵەت و هێندیک بەلای حیزبی تودە دا داشکابوون و هەردوو لا بە دژی پیشەوەری کە لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە گوێ بە بڵێنییەکانی قەوام نەدری، کاریان دەکرد. لە لایەکی دیکەش کاربەدەستانی رووس لە تاران و لە تەورێز لە لای بەرپرسانی سەرووی مەسکۆ بە دژی پیشەوەری قسەیان دەکرد. تەنیا باقرۆف بوو کە ئەوی بە بێ تاوان و شۆڕشگێڕ و دەزانی.

ئەو کێشانەی وایکرد کە فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان تا ڕادەیەکی زۆر توانایی بڕیار دان لە دەست بدا. لە مانگی ئووتی ١٩٤٦دا، دەنگۆی ئەوە هەبوو کە قەوام یەکێک لە ئەندامانی فیرقەی دێموکرات بێنێتە نێو کابینە و پیشەوەری جاویدی کاندید کرد بوو.

ئەوجار ڕێژیمی ئێران لەسەر کۆمەڵگای ئازەربایجان کاری زۆری کرد بوو. مالیکە گەورەکان کە دەست بەسەر ماڵ و موڵکیان داگیرا بوو، پەیوەندییان پێوە گیرابووە و سازمان درابوون. زۆر لە ئایەتوڵڵا گەورەکان کە هەر لە بناغەوە پەیوەندی پتەویان لەگەڵ تاران هەبوو و تەورێزیان بەجێهێشت بوو و لە تاران نیشتەجێ ببوون، بۆ بەربەرەکانی بە دژی فرقە داڵدە درابوون. ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری کە هەڵاتبوو بۆ تاران، بۆ تەورێز گەڕابووە. لە لاپەڕەی ٢١ی کتێبی بۆحرانی ئازەربایجان، عەوڵا موجتەهیدی باس لە ڕاگەیاندنی بێ ئیمزای ئاخوندەکانی شیعە لە مەراغە دەکا کە بە دژی کفر فەرمانی جیهادیان دابوو و داوایان لە خەڵک کردبووە کە وڵاتەکەیان لە دەست کافر و بێ دینان نەجات بدەن.

زۆر لە ڕێبەرانی کۆماری ئازەربایجان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە قەوام بڕیاری هێرش نادا. ریچارد مۆلبی لە لاپەڕەی ٩٤ی کتێبی "پەیوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان"دا، دەنووسێ کە تەنانەت "ساتن" کونسوولی ئەمریکا لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە قەوام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەڕ ناکا. ریچارد مۆلبی دەڵێ کە بە پێی بۆچوونی سەفیری ئەمریکا، ئەو بڕیارەی قەوام، هێرشێکی تەبلیغاتی بوو بۆ هەڵبژاردن. بەڵام هەر لە کاتی ساڵوەگەڕی دامەزرانی فیرقە، هێزەکانی ئێران خۆیان بۆ هێرش بۆ سەر ئازەربایجان ئامادە و لە لای قەزوین را دەستیان بە هێرش کرد. لەو شەڕەدا چل کەس لە هێزەکانی دەوڵەت کە عەشایری چەکدار بوون کوژران.

ڕۆژی ١٣ی نوامبر دەستەی هێزی چەکداری ئاغاوەتی سەر بە ئێران, هاتنە نێو شاری زەنجان. دوو هەزار چەکداری سەر بە "مەحموود زولفەقاری" لە زەنجان جێگیر بوون و هێزەکانی سوپای ئێران شار و ناوچەکانی دەوروبەریان داگیر کردەوە.

سوپای ئێران لە ریکەوتی ١ی سەرماوەز هێزی ژاندارمەری لە زەنجان جێگیر و لە ١٩ی سەرماوەز شاری میانەی داگیر کرد و لە دروازەکانی شاری تەورێز نیزیک بووە.

بە پێچەوانەی بەڵێنەکانی حکومەتی ناوەندیی، دەستە و گروپی چەکداری دەرەبەگە کۆنەپەرستەکان لە زەنجان، جەنایاتی گەورەیان خولقاند. ڕۆژنامە دەستەڕاستەکانی تاران، دەستیان کرد بە تەبلیغات و هەواڵی بە درۆیان سەبارەت بە کردەوەی دڕندانەی دیموکراتەکان، لە کاتی دەستەڵاتدارییان بە سەر زەنجان دا، بڵاو کردەوە. لە بەرامبەریاندا، بڵاوکراوە چەپڕەوەکانی "رهبر" و "ایران ما" ئەو هەواڵانەیان بە درۆ خستەوە.

قەوام لە مانگی خەزەڵوەر ساڵی ١٣٢٥ داوای لە شا کرد فەرمانی پێشڕەوی بۆ سەر ئازەربایجان دەربکا. شا ڕۆژی ١٥ی سەرماوەز بە فڕۆکە چوو بۆ زەنجان و لەوێ فەرمانی هێرش بۆ سەر ئازەربایجانی ڕاگەیاند.

لە لاپەرەی ١٨٢ی کتێبی "ملی گرایان و افسانه دموکراسی" لە نووسینی بهزاد کازمی، بە نەقڵ لە ئایەتوڵا طالقانی کە دواتر وەک ئاخوندێکی شۆڕشگێر ناوی دەرکرد و زیندانی کرا و لە هێنانەسەرکاری حکومەتی کۆماری ئیسلامی دا دەستی هەبوو، هاتووە: لە زەنگان لە ساڵۆنی ناوەندی ستاد کە فەرماندەران و ئەفسەران و ڕۆژنامەنووسان کۆببوونەوە، سوخەنرانیم کرد و ئەرکی ئیسلامی و نیشتمانیی هەموان بە تایبەت سەربازانم روون کردەوە و شانازیی گەورەی فیداکاری بۆ رزگاری وڵات و شەهید بوون لەم ڕێگەدام باس کرد... بەیانی ئەو ڕۆژە کە ئەرتەش و هێزی چریک ڕێکەوتن لە ژێر قورعان رەتم کردن و دوعای خێرم بۆ کردن ...

لە هەوەڵی مانگی سەرماوەز دا هێزەکانی ئێرانی و عەشایری خائین بە ئازەربایجان، وەک عەشیرەتی ئەفشاری و زولفەقاری و... بە رواڵەت بۆ پارێزگاری لە هەڵبژاردن، وردە وردە خۆیان بۆ چوونە نێو شاری تەورێز ئامادە کرد.

نیزیک بوونەوەی هێزەکانی ڕێژیم لە ناوەندی دەستەڵاتی فرقە کاریگەری خراپی لە سەر خەڵکی ئازەربایجان هەبوو و هەر لە شاری ئەردەبیل زیاتر لە ٢٤ هەزار کەس لە ماوەیەکی کەم دا داوای پەنابەریان لە جێگری کۆنسوولی سۆڤیەت کرد.

لەوکاتەدا پیشەوەری و جاوید و شەبستەری بە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٩/١٠ نامەیەکیان بۆ باقرۆڤ نووسی و داوای چەکیان کرد و گوتیان کە وێنەی نامەکەیان بۆ ستالین بنێردرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەلی مرادی مەراغەیی لە بەڵگەی نەهێنی ژمارە ٤٨ دا کە لە لاپەڕەی ٣٨٤ کتێبی "ئینکار و مقاومەت" دا هاتووە، دەقی نامەی پیشەوەری و شەبستەری و دوکتور جاویدی هێناوە کە بە ڕێکەوی ١٠ سەرماوەز بۆ باقرۆفیان نووسیوە و ئەویش لە نامەیەک دا ئیستالینی لێ ئاگادار کردووە. لە نامەکەدا هاتووە کە ئازەربایجان ئیمتیازی زۆری داوە بە تاران، مەجلیسی میللی ئازەربایجان کرا بە مەجلیسی ئیالەتی و دەوڵەتی نەتەوایەتی ئێمە لە دەست چوو و بە ئاگاداری ڕێژیمی ئێران، پارێزگار و کاربەدەستانمان دیاری کرد. ڕادەی ٤٠٠٠ فیدائیمان کرد بە ژاندارم و ئەوانەی دیکەشمان ڕەوانەی ماڵێ کردەوە و ڕازی بووین کە هێزەکانمان تێکەڵ هێزی دەوڵەت بێ و فەرماندەی گشتی لە لای ئیرانەوە دیاری بکرێ. ئەوجار خەمسە و زەنجانمان دا بە ئێران کە بەشێکی دانەبڕاو لە ئازەربایجان بوو. سەرەرای ڕێکەوتنی ٩ مانگ بەر لە ئێستا، قەوام زەختی زیاترمان بۆ دێنێ. ئەو نایەوەی هیچ کام لە نوێنەرانی ئێمە بچنە مەجلیس. بێشک ئەو لەگەڵ هەموو لایەنگرانی ئێمە بە توندی دەجوڵێتەوە و ئەو بەڵایانەی کە لە قەزوین بەسەر دێموکراتەکانی هێناو و ئەو کوشتارەی کە لێکردن و لە سەربانان را هەڵیداشتونە خوار، دیهەوی لەگەڵ خەڵکی ئازەربایجانی بکا.

ئەو هێزی زۆرتری لە سنوورەکانی ئێمە ڕەشت و زەنجان و کوردستان جێگیر کردوە. لە کوردستان ١٥٠٠٠ و لە ڕەشت ١٠٠٠٠ و لە زەنجان ١٢٠٠٠ سەربازی جێگیر کردووە کە بە هەموو جورە تانک و تۆپ و تەیارە، تەیار کراون. قەوام، ئاغا و مالیکە دەرکراوەکانی ئازەربایجانی بۆ ئاژاوە، ڕەوانەی ئازەربایجان کردوتەوە. ئێستا تەنیا یەک بژاردەمان هەیە، مان یان نەمان. ئێمە بە ئاشکرا دەبینیین کە ئەوە لە ناومان دەبەن. ڕاستە کە هێزمان کەمە چەکوچۆڵمان نییە بەڵام خەڵک ئازان و باوەڕیان بە ئێمەیە و ئێمە بە تەواوی توانا بەربەرەکانی دەکەین و ئەگەر پێویست بێ وەشاخی دەکەوین و دەست بە شەڕێ چریکی دەکەین. هەموومان بۆ شەڕ ئامادەین و مەرگی شەرافەتمەندانەمان پێ لە ژیانی ژێر دەستی پێ باشترە.

دەستە دەستە کریکاران و جوتیار و ڕووناکبیران پەیوەندیمان پێوە دەگرن و ئامادەی بەربەرەکانیین بەڵام ئێمە بۆ چەکدار کردنی ئەوانە چەکێکمان نییە. ئێمە بۆ کوردستان و بۆ ئازەربایجان ٤ تۆپ و دوو خۆمپارەمان هەیە کە گوولەی پێویستیان نییە. ئێوە دەزانن کە خەڵکی ئازەربایجان دۆستی نیزیکی ئێوەن و قەوام بە ڕووخانی ئێمە بەرەی پشتیوانی لە شووڕەوی لە ئێران تیک دەشکێنی بۆیە داواتان لێدەکەین چەکمان بدەنێ و یارمەتیمان پیبکەن تا لمۆزی دوژمنان تێکبشکینیین و دە تارانیان بکەینەوە. ئەگەر بتوانن یەک دوو زەربەی کاریگەریان لێبدەین دەتوانیین پاشەکشەی گەورەیان پێبکەین.

هاوڕێ باقرۆڤ ئێمە بە ڕاستی هیوامان بە ستالینە. جوتیاران لێمان دەپرسی ئایا بەراستی بەرایانی سەرووی ئەوەبەری چۆمی ئاراس یارمەتیمان پیناکەن و ڕێگا دەدەن ئەو وەحشییە دەڕەندانە گیانمان هەڵدر هەڵدر بکەن. لە کۆتایی دا پیشەوەری و شەبستەری و دوکتور جاوید داوا لە باقروف دەکەن کە نامەیەکەیان بگەیەنێتە ستالین.

بە پێی ژمارە ٤٩ ی بەڵگە نەهێنییەکانی شووڕەوی باقرۆڤ بە دوای نامەی ڕێبەرانی فرقە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆخۆی لە ٢ دیسامبر ١١ سەرماوەز لە نامەیە دا بۆ ستالین دەنووسێ:
مەسکۆ کومیتەی ناوەندی، هاوڕێ ستالین.
لە مانگی مەی ٣٧٥ ئەفەسر و خوێندکاری ئازەربایجانی ئێران، لە خوێندنگاکانی نیزامی باکۆ و کیرۆف ئاوا خەریکی خوێندنن. لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە هاتوونە پێش، ئێمە پێشتر دوو دەستەی تانک و تۆپمان لە نەخجەوان ئامادە کردووە. ئەگەر ئێوە ئیزن بدەن بەو ئەسلەحە و خۆمپارانەی کە لە ئاڵمانمان گرتوون بۆ ئازەربایجانی ئیرانیان بنێرین.
ئێمە گوێبیسی فەرمانی ئێوەین
ي.ي.ماسلنیکۆف
م.ج.باقرۆف
بە پێی کتێبی "دەستپێکردنی شەڕی سارد" ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١١- ١٣٢٥/٩/٢٠ قولیۆڤ جێگری کۆنسوولی سۆڤیەت لە تەورێز، وڵامی نامەی ستالینی گەیاندە دەستی پیشەوەری و شەبستەریی و جاوید و پادگان، کە تێیدا ئاوی پاکی بە دەست ڕێبەرانی ئازەربایجان دا کرد و هەموو هیوا و هومێدەکانی لیکردنە بڵقی سەرئاو. لە نامەکەدا ئاوا هاتووە:
قەوام وەک سەرۆک وەزیرانی ئێران، مافی ناردنی هێزی بۆ هەر خاڵێکی ئێرانی هەیە و لەوانەش بۆ تەورێز. لەبەرئەوە درێژەدان بە بەرگریی چەکدارانە، نە بەرژەوەندە و نە پێویستە و نە سودی هەیە. رابگەیەنن کە ئێوە بۆ دابینکردنی ئارامیی لە کاتی هەڵبژاردندا، دژی هاتنی هێزەکانی دەوڵەت بۆ ئازەربایجان نین. ئێوە ئەو کردەوەیەتان ببەستنەوە بە هاوپەیمانیی گەلانی ئێران و ئازادیی و سەربەخۆیی ئێرانەوە. هەموو ئەوانە لە وەڵامی جاویددا بۆ بروسکەی قەوام بگونجێنن و بە ئیمزای جاوید پارێزگار و شەبستەریی سەرۆکی ئەنجومەنی ئەیالەتیی، بە زوویی بۆ شا و قەوامی بنێرن.
ستالین هیچ وڵامێکی نەداوە و چاوەڕوانی قەوام بوو تا بە رواڵەت بە شێوەی ئاشتیانە کێشەی ئازەربایجان چارەسەر بکا. لە ١٣ سەرماوەز ئێران لە لای زەنجان را بەرەو میانە دەستیان بە پێشڕەوی کرد. شەڕ رووی دا و هیزەکانی دێموکرات پاشەکشەیان کرد. باقرۆف دیسان داوای لە ستالین کرد کە ڕێگا بدا لانی کەم ١٦ تۆپ و ٥ هەزار تفەنگ و ٢٠ چەکی دژی تانکیان بۆ بنێرێ. ستالین وڵامی نەداو و باقرۆ لە ١٤ سەرماوەز لە یەک رەستە دا، ئەوجار داوای کرد کە سەبارە بە کێشەی ئازەربایجان ستالین ببینێ.
تەفرشیان لە لاپەڕەی ٢٧٥ی کتێبەکەی دا دەڵێ کە دوایە بیستوویەتی کە رووسەکان ئامۆژگاری پیشەوەریان کرد بوو کە لە بەرانبەر بە لەشکری ئێران رانەوەستێ و بەڵێنییان دابوویە کە کومیتەی ناوەندی بیپەڕێننەوە بۆ باکۆ.
ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ٨٨ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" باسی هێزی فرقە و چوونەدەری ئەرتەشی شووڕەوی لە ئازەربایجان دەکا و دەنووسێ: ... ئەگەرچی بەرگەی هێزی دەوڵەتی ناوەندییان هەر نەدەگرت، بەڵام دەبوو زۆر خێرا مەیدانەکە چۆل بکەن و بە ڕای من


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوەدا ئەمریشیان پێ کرابوو. بۆیەش لەگەڵ چوونەدەرەوەی سەربازانی سۆڤیەت لە ئێران، سوپای ئێران بە هەموو هێزەوە بەرەو ئازەربایجان داگەڕا...

دەوڵەتی ئێران لە رۆژی ١٣ی سەرماوەز(٤ دیسامبر ١٩٤٦) سەعات ٧ بەیانی هێرشی بۆ سەر ئازەربایجان دەست پێکرد و سێ سەعات دواتر ڕادیۆی تەورێز هەواڵی هێرشی ئەرتەشی ئێرانی بڵاوکردەوە کە بە تانک، تۆپ و خۆمپارە، لە گوندی "تازەکەند" بەرەو گوندی "راشئین" هێرشیان بردوە. دەوڵەتی ئیران بە تەیارە ئاگاداری بە سەر شارەکانی ئازەربایجان دا بڵاوکردوە و داوای لە خەڵک کرد کە دەستەڵاتی دێموکراتەکان تێک بڕوخێنن. کۆمیتەی ناوەندیی فیرقە، هەواڵی هێرشی ئێرانی پشتڕاست کردەوە و لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە  هێزەکانی ئێران لە نزیک زەنجان، سنوریان بەزاندوە و هێرشیان کردوەتە سەر فیداییەکانی ئازەربایجان و داوای لە خەڵک کرد کە بەرگریی لە ئازادیی و نیشتمانی خۆیان بکەن.

دەوڵەتی ئێران بۆ کار قایمی لە یادداشتێک دا، وەبیر رووسانی هێناوە کە ناردنی هێزە بۆ ئازەربایجان، تەنیا بۆ چاودێریی بەسەر هەڵبژاردندایە و بە هیچ شێوەیەک دژی بەرژەوەندەکانی یەکێتی سۆڤیەت نییە. سەیر لەوەدا بوو کە لە رۆژنامەکانی مۆسکۆ قەیرانی ئازەربایجانیان بە کێشەیەکی ناوخۆیی ناوبرد.

هەر لە ڕۆژی ١٣٢٥/٩/١٣دا، باڵیۆزی ئەمریکا ڕایگەیاند، کە ئازەربایجان بە بەشێک لە خاکی ئێران دەزانێت و ناتوانێت لەوە بگات کە بۆچی جموجۆڵی سەربازیی لە ناوچەیەکی وڵات بۆ ناوچەیەکی دی، ڕوسیا نیگەران دەکا؟ هەر ئەو رۆژە ترۆمەن سەرۆک کۆماری ئەمریکا بە دەوڵەتی رووسیە هوشداری دا کە دەوڵەتی ئەمریکا سەبارەت بە هەرچەشنە دخالەتی رووسیە لە کێشەی ئازەربایجان دا بێدەنگ نابێ.

بە تیکشکانی هێزەکانی فیرقە لە شەڕی قافلانکوو، مەبەستی دزێوی رووسان بە تەواوی ئاشکرا بوو. نامەی ستالین ئاوی پاکی بە دەست ڕێبەرانی ئازەربایجانی دا کرد کە دەست لە بەرگریی هەڵبگرن و ڕێگە بە هاتنی هێزەکانی دەوڵەت بدەن.

بە پێی بەڵگە نەهێنییەکانی شووڕەوی کە لە لاپەڕەی ٣٧٤ کتێبی "ئینکار و مقاومەت" دا هاتووە، بۆ ئاخرین جار و بۆ هەمیشە ریبەرانی فرقە بە رێکەوتی ١٦ سەرماوەز تێلگرافێکیان بۆ ستالین کرد و زۆر بە درێژدادڕی کە لێرەدا کورتەیەکی هاتووە، نووسیان کە باسی کێشەی نەوت کاتێک بە قازانجی شووڕەوی تەواو دەبێ کە هێزەکانی سەرەکی کۆمەڵگا لە پشتی بن. ئێستا ئەو هیزە ئەوە خەریکە لە ناو دەچێ. لە ئێستا دا هێزێکی دێموکراتیکی زۆر هەیە کە پشتمان بگرن بەڵام ئەگەر وەزع ئاوا بڕوا، بەداخەوە هێزی ئێمە کۆتایی پێدێ و قەوام و کۆنەپەرەستەکان دەستەڵات بە دەستەوە دەگرنەوە.

تەنیا هیزە دێموکرات و پێشکەوتووەکان دەتوانی پشتیوانی شووڕەوی بن کە وابوو شووڕەوی دەبێ یارمەتیمان بدا. وڵاتانی جیهانی کە لە سیاسەتی ئێران دا هەڵسووڕن بە باشی پشتیوانی لە لایەنگرانی خۆیان دەکەن. وڵاتی ئینگلیس نایەڵی هێزی چەکداری قەشقایی و بەختیاری بە هۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێران سەرکوت بکرێ. قەوام پشتی لە ڕێکەوتنەکان کرد و هێرشی دەست پێکردووە و لە کەسانی کۆنەپەرەست کەڵک وەردەگرێ. ئێستا خەڵکی ئازەربایجان دوو داوخوازیان هەیە، یەکەم بە رادەیەکی کەم چەکی بدرێتێ. دووهەم ڕێگا بدرێ کە بە دژی قەوام کە لە هەوڵی نەمانی ئێمە دایە، مقاومەت بکا و پارێزگاری لە نیشتمانی خۆی بکا. ئێوە بۆ ئەوەی هیچ بەرپرسیارێک نەتانگرێتەوە دەتوانن بە دزی چەکمان بدەنێ تا بە پشتیوانی دەیان هەزار وەرزێر، ئامادەی بەربەرەکانی لەگەڵ کۆنەپەرەستی بین.

بە ئاواتەوە چاوەڕوانی یارمەتی کەمی ئێوە دەکەین

زۆر بە حورمەتەوە پیشەوەری، پادگان، شەبستەری و دوکتور جاوید دانشیان

١٦ سەرماوەز

بەڵام رووسەکان بڕیاری خۆیان دابوو و بە بێ ئەوەی هیچ بەرپرسایەتێک لەمەڕ کۆماری ئازەربایجان و کوردستان و لایەنگرانیان لە ئەستۆ بگرن، بە دوای مەسڵەحەتی خەیاڵی خۆیان کەوتن کە قیام بە درۆ پێی دابوون. عەلی مرادی مراغەیی لە لاپەڕەی ١٨٦ کتێبی "ئینکار و مقاوەمەت"دا لە زبانی سمایلی شەمس، مودیری رۆژنامەی ئازەربایجان دەنووسێ کە بۆ گیروگرفتی رۆژنامە لە ڕێکەوتی ١٧ ی سەرماوەز چۆتە لای پیشەوەری و ئەو زۆر نیگەران و دڵتەنگ بوو و پییگوتوە کە هێزی ئێران لە لای زەنجان را هیرشیان کردووە و هێزی ئیمە چەکیان پینییە کە بەربەرەکانی بکەن. دوایە تێلگڕافیکی لە رووسان پێنیشان شەمس داوە کە دەبێ لەبەرانبەر بە هیزەکانی ئیرانی رانەوەستن و بە بێ ئەملاو لا تەسلیم بن تا قەوام ئاگاداری نیازپاکی ئێمە بێ.

نووسرەتولای جەهانشاهلوو ئەفشار جێگری پیشەوەری، لە لاپەڕەی ٢٥٦ی کتێبی "ئێمە و بێگانەکان" دا دوای ئەوە باسی تێکشکانی غولام یەحیا لە بەرەی شەڕی قافلانکوو دەکا دەنووسێ کە رووسەکان لە ئاخرین کات دا، بڕیاریان دا "بیریا" کە باوەڕی بە چارەسەری ئاشتیانەی ئازەربایجان هەبوو، بکرێتە سەرۆکی فیرقە. لە کۆبوونەوەیەک دا پیشەوەری ئەوی بە سەرۆکی فیرقە ناساند و هەر لەو کۆبوونەوەدا، بیریا کە لە لایەن سەلامولا جاوید و شەبستەری پشتیوانی لێدەکرا، قسەی کرد و باسی ئەوەی کرد کە قەوام نییەتی باشە و رایگەیاند کە دوای گەیشتنی ئەرتەش، هەڵبژاردنی ئازاد دەست پێدەکا. بەمشێوەیە بەڕێوەبەرایەتی شووڕەوی ویستیان کەسێک بکرێتە رێبەری فیرقە کە لەگەڵ سیاسەتی ئەوان بێتەوە.

بە گوێرەی هێندێک سەرچاوەی دیکە، داوخوازەکانی رێبەری سەرەکی فرقە بۆ ئەوەی رووس یارمەتیان بکا، تا رۆژی ٢٠ سەرماوەز بەردەوام بوو لەو رۆژەدا لە ژێر زەختی رووسان کۆبوونەوەی بەڕێوەبەری فرقە گیرا. ئەندامانی رێبەری فرقە بە دەستەی بەربەرەکانی و مقاومەت و دەستەی تەسلیم بوون دابەش ببوون. دەستەی یەکەم بریتی بوون لە پیشەوەری، فەرەیدوونی ئیبراهیمی، غولام یەحیا دانشیان، میر قاسم چەشمئازەر و جەهانشلوو کە خوازیاری بەربەرەکانی بوون و دەستەی دووهەم محەممەد بیریا، شەبستەری و جاوید کە پێیان لەسەر تەسلیم بوون دادەگرت و دەیانگووت بەربەرەکانی بێ سوودە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ژێر زەختی رووسان دا لەو کۆبوونەوەیە بڕیار درا کە پیشەوەری لابچی و محەممەد بیریا بە جێگای ئەو و ببێ بە سەرۆکی فرقە.

محەممەد بیریا وەک بەرپرسی فرقە لە راگەیندراوێک دا کە بەر دەرگای کومیتەی ناوەندی فرقە رایگەیان کە هێزی دەوڵەتی بە مەبەستی هەڵبژاردن دێن بۆ ئازەربایجان پێویستە هەرچی زووتر هەڵبژاردن بکرێ.

سلامولای جاوید وەک پارێزگار و شەبستەری وەک سەرۆکی ئەنجومەنی ئەیالەتی فەرمانی راگرتنی شەڕیان دا و شا و قەوامیان ئاگادار کرد.

هەر ئەو رۆژە باقروف ئیستالینی لە هیرشی بەربلاوی رێژیم بۆ سەر تەورێز ئاگادار کرد و داوای کرد کە بۆ چەند رۆژ سنووری شوورەوی بەسەر ئاواران دا بکرێتەوە و هەر ئەو رۆژە چەند ماشین هاتن تا رێبەری فرقە دەرباز بکەن و بیانگەیەننە باکۆ.

ئەندامانی فرقە کە زۆرتر لایەنگری تەسلیم بوون، هەوڵیان دا تا بە بێ گیروگرفت نەزم و ئارامی جێگیر بێ. غافڵ لەوەی کە گشت لایەنەکانی دژی گەلی و کۆنەپەرەست بە خوێنی سەریان تینوون و ئاوایان دەسەرەوە ناچن.

هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانە، رۆژی ۱۳۲۵/۹/۱۹ قەوام بە بروسکە داوای لە پارێزگاری ئازەربایجان کرد کە هێزەکانی ئازەربایجان خۆیان بەدەستەوە بدەن و تەسلیم بن. هەر ئەو رۆژە باقرۆڤ لە بروسکەیەکدا بۆ ستالین نووسی:

لەم ڕۆژانەدا هێزەکانی ئێران بە خۆمپارەهاوێژ، تۆپ، تانک و فڕۆکە، هێرشیان کردوەتە سەر ئازەربایجان و هێزەکانی ئازەربایجان بە زیانێکی زۆری گیانیی لە مەراغە، مياندواو و میانەوە بەرەو تەورێز پاشەکشەدەکەن. دەبێ چاوەڕوانی هێرشی هێزەکانی ئێران بین بۆ سەر ناوچەکانی ئاستارا و ئەردەوێڵ. بەو هەلومەرجەی کە پێکهاتووە ئازەربایجانییەکان ناتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بن. دور نیە بەشێک لە ئازەربایجانییەکان بەرەو سنورەکان پاشەکشەیان پێ بکرێت و ناچاربن خۆیان بگەیەننە ناو خاکی ئێمەوە. لە کاتێکی ئاوادا، داوادەکەم ئیزن بدەن ئێمە ئەو ئازەربایجانییانەی کە لە لایەن سوپای ئێرانەوە پاشەکشەیان پێ دەکرێت، وەریانبگرین.

زۆربەی خەڵکی ئازەربایجان بە وەلانانی پیشەوەری تورە بوون و هەر بە پێی لاپەڕەی ۲۷۱ ی کتێبی "ئێمە و بێگانەکان" رۆژی ۲۰ ئازەر خەڵکی تەورێز بە داروبەرد هێرشیان کردە سەر بیریا و ئەو لە ترسان خۆی لە نەخۆشخانەی شووڕەوییەکان هاویشت. دوایە سەفیری ئەمریکا چووە نەخۆشخانە و داوای لێکرد کە پەنا بۆ سەفارەت ببا، بەڵام ئەو هەر لەوێ ماوە.

کاتێک هێزی ئێران بۆ گرتنەوەی تەورێز وەڕێکەوتن، بەشێک لە سوپای کۆماری ئازەربایجان، رەوانەی سەنگەرەکانی پێشەوە کران. دەیان کۆبوونەوە لە شارەکانی ئازەربایجان بۆ هاندانی خەڵک بەسترا و دەیان دروشمی وەک "ئۆلمەک وار، دونمەک یۆخدر" واتا مردن هەیە گەڕانەوە نییە، درا.

سەلامولای جاوید کە فریوی دەوڵەتی ئێرانی خوارد بوو و پێیوابوو کە دەوڵەت بۆ پارێزگاری لە هەڵبژاردن دێتە تەورێز، تیلگرافی بۆ شا کرد کە ئەمنییەتی تەورێز پارێزراوە و بە جێگای ناردنی

هێز تەنیا هێندێک چاوەدێر و بازڕەس بۆ تەورێز بنێردرێ. ئەو داوا نەفانامەیە پشت گوێ خرا. ئەرتەشی ئێران لە دوو خەتی شاری میانە - تەورێز و میانە - مەراغە، لە ژێر فەرماندەری سەرتیپ "میر هاشمی" و سەرهەنگ "زەڕابی" بە چەک و چۆڵی گەورە ڕەوانەی ئازەربایجان کران.

تەفرشیان لە لاپەڕەی ٢٧٨ دا دەنووسێ ئەرتەشی ئێران، دوای ئەوە خەتی پێشەوەی دیفاعی بەرەی تەورێزی تێکشکان لە نیزیک تەورێز لە گوندی "باسمینج" هێزەکەی مۆڵ دا تا ناحەزانی کۆماری ئازەربایجان هەر خراپەیەکی پێانخۆش بێ لەگەڵ خەڵک و ئەندامان و لایەنگران فیرقە بیکەن.

بە گەیشتنی نامەی ستالین بۆ پیشەوەریی، شەبستەریی، جاوید و پادگان و کۆنسوولی شووڕەوی زەختییان بۆ سەر ئەندامانی فیرقە هێنا کە دەست لە شەڕ هەڵگرن و ڕێ لە هاتنی هێزەکانی دەوڵەت نەگرن. کاربەدەستانی کۆنسولگەری رووس لەسەر بەڵێنییەکانی قەوام رایانگەیاند کە هێزەکانی دەوڵەتی کاریان بە دێموکراتەکان نابێ. لەو ڕۆژەدا ئەنجومەنی ئەیالەتی ئازەربایجان لەبارەی دەست لە مقاومەت هەڵگرتن، بڕیارێکی بە ئیمزای شەبستەری و جاوید دەرکرد و بۆ شا و قەوامیان نارد. لەسەر شێوەی ئەو پەیامە و بڵاوکردنەوەی لە رادیودا، مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی ٢٦ی تاریک و روون دا دەنووسێ:

لەپڕ شتێکی وامان گوێ لێبوو کە وەختابوو پێمان بە عەرزەوە وشک بێ. رادیۆ تاران تەلگڕافی پیرۆزبایی دوکتور جاوید وەزیری ناوخۆی ئازەربایجانی دەخوێندەوە کە بە بۆنەی گەڕانەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهی بۆ تارانی نارد بوو.

دوایە خەبەری راکردنی موتەجاسرینی راگەیاند...

ئەو بڕیارە بوو بە هۆی ناڕەزایەتی زۆربەی ئەفسەرانی فیرقە و ئەوان "پەناهیيان" یان کە رەئیسی ستادی ئەرتەش بوو، بە خائین تاونبار کرد. ڕۆژی ٢٠ی سەرماوەز کۆبوونەوەی نائاسایی رێبەری فیرقە گیرا و لەو کۆبوونەوەدا چیدیکە مانەوەی پیشەوەری و پادگانی لە رێبەری حیزب بە سەلاح نەزانرا و محەممەد بیریا بوو بە سەرۆکی کاتی فیرقە. پیشەوەری دژی ئەوە بوو کە خۆ بە دەستەوە بدرێ و بەربەرەکانی نەکرێ.

بەمشیوەیە ڕێبەرانی فیرقە بە پێچەوانەی مەیلی خۆیان ملیان بۆ تەسلیم راکێشا و لە ئەنجومەنی ئەیالەتیی ئازەربایجان دا، بڕیاری بەرگریی نەکردنیان دا و نامەیەکیان بە ئیمزای شەبستەریی و جاوید بۆ شا و قەوام و باکۆ رەوانە کرد.

بڕیاری ئەنجومەنی ئەیالەتی، بوو بە هۆی ناڕەزایەتی و رەخنەی زۆربەی کادرەکانی فیرقە و کرێکاران و ئەفسەرانی ئازەربایجان. ژمارەیەک ئەفسەری فیرقە، ژەنەڕاڵ پەناهیانیان بە خەیانەتبار تاوانبارکرد و رایان گەیاند کە درێژە بە خەباتی چەکداری دەدەن. دەستەیەکیش لە فەرماندە باڵاکانی فیرقە چوونە کۆنسوڵخانەی سۆڤیەت و دژی بڕیاری ئەنجومەنی ئەیالەتیی راوەستان. بەڵام لەوی ئاگادار کران کە دەبێ ملکەچی بڕیاری ئەنجومەنی ئەیالەتی بن.

دوای ئەو ڕووداوانە سەرهەنگ قوولی ئۆف، چاوی بە پیشەوەری کەوت و پیشەوەری زۆر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تووڕە بوو و دەرهەڵ بوو و بە قەڵسی گوتی، ئێمەتان هێنا و ئێستاش کە بەرژەوەندیتان ناخوازێ، نامەردانە وەلامان دەنێن... خەتای ئەو کەسانە چییە کە بە قسەی ئێمە کاریان کرد و ئێستاش لە مەترسی کوشتن دان؟ بەرپرسی ئەو کارانە کێیە؟

قوولی ئۆڤ وڵامی داوە: سەنە گێتن سەنە دییکت (ئەوەی ئەتۆی هێنا، ئێستا دەڵێ بڕۆ).

قوولی ئۆڤ دوایە گوتی ساعەتی ٨ شەو لەسەر رێگای تەورێز - جولفا لە دەرەوەی شار چاوەروان بە، هەواڵ کوزەل ئۆڤ دێ دەتبا بۆ باکۆیە.

ئارچی باڵد روزوێلت لە لاپەڕەی ٢٠٦ کتێبی کۆماری مەهاباد دا بە نەقڵ لە بارزانی دەنووسێ: ئەوە کورد نەبوو کە لە رێژیمی شا شکستی خوارد بەڵکوو ئەوە رووس بوو کە لە بەرانبەر بە ئەمریکا و ئینگلیس دا بەزی.

عەلی مرادی مەراغەیی لە لاپەڕەی ١٨٩ کتێبی "ئینکار و مقاومەت"دا، ئەو رستەییەی بارزانی هێناوە و دەڵێ ئەو قسەیە لەسەر ئازەربایجانیش راستە.

بەر لەوەی کە پیشەوەری ئازەربایجان بە جێ بێڵێ، داوای لە قازی محەممەد کرد بوو کە ئەویش بڕوا بۆ شوورەوی و لەوبارەوە تەفریشیان لە لاپەڕەی٢٩٦ی کتێبەکەیدا، لە زمانی هەواڵە ئەفسەرەکانی کە لە بۆکان بەرەو مەهاباد پاشەکشەیان کرد بوو و چاویان بە پێشەوا کەوتبوو، دەگێڕێتەوە کە قازی محەممەد گوتبووی:

پیشەوەری تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی ئەوا من چووم و ئەتۆش وەرە، بەڵام من ناتوانم وەک پیشەوەری گەلەکەم بەرەڵا بکەم و بۆ رەزگاریی گیانی خۆم گەلەکەم بە خوا بسپێرم. من ئەگەر پێ لە مەهاباد باوێژمە دەرەوە ئەوا گەلەکەم بەردەبنە گیانی یەکتر. من بۆ پاراستنی ئەم گەلە ناچارم لە مەهاباد بمێنم هەتا سوپا دێ و دەسەڵاتی نوێ دەچەسپێنێ. من لێرە دەمێنمەوە ئەگەر لە داریش بدرێم.

غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٧٠دا، ئاماژە بە مامۆستایەکی زانکۆی ئەفسەری باکۆ دەکا کە ئەویش لەوبارەوە گوتوویە: ... پیشەوەری بە تەلەیفون لەگەڵ قازی قسەی کردوە و گوتویەتی ئازەربایجان بەجێدێڵێ و دەچێتە سۆڤییەت و ئەگەر ئەویش بیهەوێ کوردستان بەجێهێڵێ ئەوە ماتەلی دەبێ. بەڵام قازی لەوڵام دا گوتویەتی من لە خۆشی دا لەگەڵ خەڵک بووم و لە ناخۆشیش دا لایان دەمێنمەوە.

بە پێی لاپەڕەی ٢٦٩ی نووسرەتوڵای جەهانشاەلوو ئەفشار، دوای ئەوە پیشەوەری بەرەو باکۆ وەرێکەوت، هەرئەو شەوە سەلامولای جاوید بە تێلگراف بە هەموو بنکەکانی فیدایی راگەیاند کە هەر ئەفسەر، یان سەرباز، یان کارمەندێکی فیرقە کە بەرەو مەرز بڕوا، بە هەڵاتوو بە حیساب دێ و دەبێ بگیرێ. دیارە لەو پێیە دا کەسانێک گیران کە تەحویل بە رێژیم درانەوە و ئێعدام کران.

هیندێک لە مەلاکان وەک ئایەتوڵا سەید یونسی ئەردەبیلی و حاجی میرزا حەبیب و کەسانی دیکە فتوای بە کافر ناسێنی ئەندامانی فیرقەیان دا. لە رۆژی هەوەڵی گرتنەوەی تەورێز دا قەتلی عام و کوشت و کوشتار و تیرەباران دەستی پێکرد و لە ژێر فتوای ئەو مەلایانە و پشتیوانی دەوڵەت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دا، دەرەبەگەکان لە کوشتن و دەست و سەر و گوێ و لوت بڕینی خەڵک، خۆیان نەپاراست.

بە گوێرەی لاپەڕەی ١٩٣ کتێبی "ئینکار و مقاومەت" کۆنسوولی ئەمریکا لە ڕۆژی یەکەمی گرتنەوەی تەورێز، بە شاردا گەڕاوە و دەنووسێ: لەکاتێ تێپەڕ بوون بە شەقام دا، خەڵک بە دیتنی ئاڵای سەر ماشێنی ئەمریکا بە غار دەهاتنە پێشوازیمان و بە خۆشحاڵییەوە هەر بژی ئەمریکایان دەگوت. ئەوە هەر ئەو کەسانە بوون کە چەند ڕۆژ پێشتر بە مۆڕەوە چاویان لە من دەکرد. زۆربەی خەڵکی ئاسایی چەکدار بوون و چوونە ڕاوی دێموکراتەکانی پێشوو و هەر بە ماوەیەک دەنگی تەقە دەبیسترێ...

عەبدوڵای قازی کە قوتابی خوێندکاری زانکۆی ئەفسەری لە تەورێز بوو و شاهیدی بەشێک لە ڕووداوەکانی تەورێز لە کاتی گرتنەوەی ئەرتەش دا بووە، لە لاپەڕەی ٧٩ی بیرەوەرییەکانی دا، دەنووسێ: ئێوارەیەکی ئێمەیان بردە تەورێزو لە لای مەیدانی سەعات جێگیر بووین، ئەفسەرەکان پێیان گووتین کە شار بۆمباران دەکرێو ئێوە دەبێ نەهێڵن قەرەپشی وڵاتی تاڵان بکەنو ئەگەر ماڵێك وەبەر بۆمب کەوت، دەبێ بریندارەکان زوو بۆ نەخۆشخانەی ڕاگوێزنو بۆ خۆشیان چوون لە ساڵۆنی گەورەی فەرمانداری دا، کۆبوونەوەیان هەبوو. دوو سەعاتیان پێ چووو، هەر نەهاتنەوەو ئێمەش لەبن دیواران دانیشتبووینو سارد ببوینەوە. دوایە ئەفسەرێكو گروهبانێك هاتنو هەڵیانستاندینو دەستوریان پێدایین کە بگەڕێینەوە. نەزم نەمابوو، جاران بەندی قەیتانی کەوشت کراباوە حەقت نەبوو لە سەف بێیە دەرێو توندی بکەیەوە. ئێستا شڕو وڕو بە ڕێیە داو بە بێ ڕێیەدا دەرۆیشتین و تفەنگیشمان پێنەبوو تەنیا گروهبانەکە ئافتاماتێکی پێبوو. لە قەراغ شاری تووشی ١٢ ماشێنان بووین، گوتیان ئەوە بنەماڵەی پیشەوەریو ژنراڵەکانن کە بەرەو عروسیات هەڵدێن. ئەوجار ماشێنی پیشەوەری کە یەکی ڕەشی تازە بوو هاتووو بە توندی تێپەڕیو وەخت بوو وەسەرمان پەڕێ. بە دوای ئەوەی دا ماشێنێکی دیکە هات، ئەفسەرێکی بە بنەماڵەوە تێدابوو، رایگرت و ئەفسەرەکە گوتی: "ئەوە بۆ وا بێ ئینزباتنو بۆ وا دەکەن". گروهبانەکە ئافتاماتی پێبوو تێراخوڕی و جنێوی پێداو گوتی: "ئەوە هەڵدێن؟ ئێمە بەڕەڵڵا دەکەنو تەسلیمی ئەرتەشمان دەکەنەوە تا بمانکوژن، ئەی بێ شەڕەفینە". وردە وردە حەشیمەت لە کۆڵانو خەیابانان دا کۆ ببوونەوەو راگەیەندراوی پیشەوەری لەسەر شەڕ نەکردن بڵاو ببووە. جاران کە بە خەیابانێ دا دەڕۆیشتین کەس نەیدەوێرا چاومان لێ بکا، ئەوجار وەختبوو سواری سەرمان بن. تا هەر چۆنێك بوو گەیشتینەوە پادگانێ...

ئایەتوڵڵا موجتەهیدی لە لاپەرەی ٣٥١ی کتیبەکەی دا بە ڕێکەوتی ٢٠ سەرماوەز دەنووسی، ئەوڕۆ خەڵک نیگەران بوون. پەیوەندی تاران و تەورێز پسا بوو. تێلگراف کاری نەدەکرد. رادیو تاران و تەورێز بە توندی لە شەڕ دابوون. تەیارە بە سەر ئاسمانی تەورێز دا ئاگاداری بڵاو کردەوە و داوای لە خەڵک کرد کە بەربەرەکانی نەکەن. هێزەکانی فیدایی نەیاندەهێشت ئاگادارییەکان بخوێندرێنەوە و بەڵام خەڵک دەستاودەستیان پێدەکردن. هێزەکانی فیرقە ماشێن و گوێدرێژ و بایسیکلیان لە خەڵک ئەستان و هێزەکانیان پیرادەگواستن. هێزی ئەمنی شاری کە زوربەیان خەڵکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شار بوون، گۆڕدران و بە جێگای ئەوان خەڵکی دیهات داندران. رادیو تاران رایگەیاند کە قافڵانکو گیرا و لە لای میانە و میاندواو و هەوشار تێکهەڵچوون رووی داوە. لە نێو رێبەرانی فیرقە پیشەوەری و بیریا و ئیلهامی، خوازیاری بەربەرەکانی توند بوون، بەڵام جاوید و شەبستەری خوازیاری رێکەوتن بوون. قەوام چەند جار پەیوەندی بە جاویدەوە گرت و داوای لێکرد کە لە بەرانبەر بە هێزەکانی ئێرانی کۆسپ نەیەنە پێش.

ئایەتوڵڵا موجتەهیدی لە درێژەدا دەنووسێ کە ئێوارێ حکومەتی نیزامی راگەیەندرا. بەڵام لە ساعەتی ٥ی ئێوارێ هەموو شت گۆڕا و رادیو تەورێز رایگەیاند کە بڕیارە، پێش بە هاتنی هێزی دەوڵەت نەگیرێ. شەبستەری دوو تێلگرافی بۆ شا و سەرۆکی وەزیران نارد و داوای لە هاوڕێکانی کرد کە بە بێ شەرت تەسلیم بن و داوای لە سەرۆکی وەزیران کرد کە هێزەکانی دەوڵەت لە کاروبارەکان دا، دخالەت نەکەن و تەنیا کاریان چاوەدێری بە سەر هەڵبژاردن دا بێ.

بە پێی لاپەڕەی ٣٦١ی کتێبی زەربەخت، لە راگەیەندراوی تەسلیم بوونی ئازەربایجان دا، ئاوا هاتووە:

لەبەر ئەوەی سوپای ئێران، بۆ چاوەدیری کاری هەڵبژاردن، بەرەو ئازەربایجان هاتووە، سەرجەمی یەکەگەل ئاگەدار دەکەینەوە کە بە بێ پیشاندانی بەرگری، بەرەو مۆڵگەکانی بنەڕەتی بگەڕێنەوە.

لە کۆبوونەوەی بە پەلەی رۆژی ١٣٢٥/٩/٢٠رێبەرانی فیرقەی دیموکرات لەگەڵ پیشەوەریی، "پادگان" لە ڕێبەرایەتی فیرقەدا نەما و "محەممەد بێریا" بە سەرۆکی کاتی فیرقە و "فەرەیدون ئیبراهیمی" و "میر رەحیم وەلایی" بە جێگری سەرۆک هەڵبژێردران. ئەوجار سەرەڕای مەترسی زۆر، بە فەرمانی قولیئۆف کونسوولی شووڕەوی لە تەورێز، بڕیار درا دوکتۆر جاوید پارێزگاری تەورێز، بیریا و شەبستەری و لە تەورێز بمێننەوە و پیشەوەریی، پادگان، کاویان، کەبیری، جهانشاهلو، غولام یەحیا، رامتین، محەممەدی وەند و میر ڕەحیم وەلایی و ئارام زادیکیانیان، تەورێز بەجێ بێڵن. باقرۆڤ لە بروسکەیەکدا بۆ ستالین، نووسی کە چوونکە ئەوانە هێزەکانی ئێرانیان چەک کردوە و کۆنەپەرستیان سەرکوت کردوە  بۆیە داوای هاتنیانم بۆ سۆڤیەت، قبووڵ کرد.

لە سەعاتی ٢١ی ڕۆژی ٢٠ ی سەرماوەز، زۆربەی رێبەر و ئەفسەر و ئەندامانی فیرقە، بەرەو سنووری سۆڤیەت دەستیان بە پاشەکشە کرد و تا رۆژی ٢١ ی سەرماوەز بەردەوام بوون. هێزەکانی کۆنەپەرەستی ئێران بە پشتیوانی لات و چەقوکێشەکان لە شەوی ٢٠ی سەرماوەز، هێرشیان بۆ سەر سەربازخانەکان دەست پێکرد و بۆ رۆژی دوایی بنکەکانی فیرقەی دێموکرات بە هۆی دەستەی چەقۆکێش و لات و ئاغا دواکەوتووەکان، بە تەواوی تێکشکان.

لە رۆژی ٢٠ی سەرماوەز شا لە پەیامێک دا پیروزبایی گرتنەوەی ئازەربایجانی لە رەزمئارا کرد و وتی کە ئەو ئیفتخارە بە زەحمەتی ئەو بە دەست هاتووە و هەر ئەو رۆژە رەزمئاراش وڵامی داوە و وەفاداری خۆی بەشا و بە وڵات، دووپات کردەوە.  هەر لە سەعات ٦ی ئێوارێ رۆژی ١٣٢٥/٩/٢٠دا، سادچیکۆف چاوی بە محەممەد ڕەزاشا کەوت. پێشتر شا چاوی بە "جۆرج ئالین"



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باڵیۆزی ئەمریکا کەوتبوو و پێی گوتبوو کە ڕێگە بە باڵیۆزی سۆڤیەت نادات کە توند بدوێ و هیچ شتێک پێش بەوە ناگرێ کە ئازەربایجان بگێڕێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی ئێران.

**ڕۆژی ٢١ سەرماوەز**

بە پێی کتێبی دەستپێکردنی شەڕی سارد، ڕۆژی ١٣٢٥/٩/٢١باقرۆڤ لە نامەیەکدا بۆ ستالین لەسەر پەناهێنانی ئەندامانی فیرقە دەنووسێ:

هەواڵی ناردنی بروسکە بۆ قەوام سەبارەت بە بەرگریی نەکردن و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی فیرقەی دیموکرات لە رادیۆ، ترس و دڵەڕاوکێیەکی گەورەی پێکهێناوە. سەرەڕای روونکردنەوەی بارودۆخەکە لە لایەن پارێزگار و رێبەرانی فیرقەوە، بەشدارانی بزوتنەوەی دیموکراتیی و بەشێک لە چالاکانی فیرقە کە چاوترس بوون لە کوشتارەکانی زەنگان، بە کۆمەڵ رووویان لە سنورەکانی ئێمە کردوە. هەواڵی گەیشتوو باسی ئەوە دەکات کە چەند سەد کەس کە ئافرەت و منالیشیان لە ناودایە، لە جولفا کۆبوونەتەوە. دژوارە بگوترێت کە سبەینێ لە ناوچەکانی تری سنورەوە، وەک ئاستارا و پیلەسوار دۆخەکە چۆن دەبێت. هێشتا جگە لە کەسانی دیار و بنەماڵە و پارێزگارەکانیان کە نزیکەی ١٧٠ کەسن، کەسی تر وەرناگرین. هەلومەرجێکی دژوار پێکهاتووە، یان دەبێت بە چەک رێ لەو کەسانە بگرین، یان دەبێت وەریانبگرین. چاوەڕوانی بڕیاری ئێوە دەکەین.

بە دوای ئاگادار کردنەوەی ستالین، بە هەوڵ و تەقەلای باقرۆڤ، دەوڵەتی شووڕەوی لە ٢١ی سەرماوەز رێگای سنووری ئێران و وڵاتی خۆی لە شوێنەکانی جولفا، خودافەرین، پیلەسوار و ئاستارا، بۆ پەنابەران کردەوە و لە ٢ رۆژ دا ٥٢٩٥ کەس سنوورەکانی نێوان دوو ئازربایجانیان برێ و پەنایان بۆ شووڕەوی برد. سەرجەم لە ڕۆژی ٢١ تا ٢٨ ی سەرماوەز ٥٧٨٤ کەس لە سنوورەوە دەربازی سۆڤیەت بوون. لەو ژمارەیە ٩٥ چالاکی حیزبی، ٩١ مامۆستای خوێندنگە، پزیشک و نوسەر، ١٩٦ ئەفسەر، ٧٦٨ سەرباز، ١٠٥٧ فیدایی، ١٣٤ کارمەندی پۆلیس و..... بوون. دەوڵەتی شووورەوی لە رۆژی ٢٨ی سەرماوەز سنوورەکانی بەست و هەرکەس خاکی شوورەوی بەزاندبا زیندانی دەکرا.

ئایەتوڵلا موجتەهیدی لە لاپەڕەی ٣٥٤ی کتێبەکەیدا دەنووسێ کە بەیانی رۆژی ٢١ی سەرماوەز بە دەنگی بەردەوامی تەقە لە خەو هەستا و وەزع بە تەواوی گوڕا و خەڵکی شار بە دژی حکومەتی پیشەوەری راپەڕین و دەستیان بەسەر شار داگرت و فیدایی و کوچەرەکانیان چەک کرد.

لەو هەلومەرجە دا لە لایەک دەستەڵاتدارانی فیرقەی سەر بە دەوڵەت، هەوڵی ئارامیی شاریان دەدا و لە لایەکی دیکە لایەنگرانی دەولەت، وەک ئەسغەری بەقاڵی و موحسینی، جەمشید سادقی، حاجی محەممەد حەیدەرزادە و تەقی بەیتولایی بازرگان، لەگەڵ دەربەگە گەورەکانی تەورێز، گروپی سەرەرۆی چەکداریان بە ناوی پۆلیس و ژاندارم پێکهێنابوو و پەلاماری خەڵک و دامودەزگای دەوڵەتی ئازەربایجانیان دەدا.

ئەوانە بە "نیشتمانپەروەرانی ئێران" ناو دەبردران و مەبەستی سەرەکیان پاک کردنەوەی ئازەربایجان، لە فیرقە و دێموکراتەکان و پێشوازی کردنی لەچوونی ئەرتەش بۆ نێو شار بوو.

بە پێی لاپەڕەی ٢٠٨ی فەراز و فرود لە رۆژی ٢١ی سەرماوەزدا، جاوید و شەبستەری لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاربەدەستانی سەرووی فیرقە گیران و ڕەوانەی تاران کران. مەهتاش فەرماندار و فەریدوونی ئیبراهیمی دادستانی ئازەربایجان لەگەڵ چوار فیدایی کە دیفاعیان لە کومیتەی ناوەندی کردبوو، گیران. فەرەیدون تا ئاخر فیشەک شەڕی کرد و ئازایەتی ئەو لە دادگای لێپرسینەوەدا، بۆ بە ئەفسانەی بەرخۆدان و بەرگری. دروشمی "زیندەباد ئازادی ئازەربایجان" ئاخرین کەلامی ژێنڕاڵ عەزیمی و سەرهەنگ مورتەزەوی و ١٨ ئەفسەری دیکەی کۆماری ئازەربایجان بوون کە ئیعدام کران.

بە دوای ئەو ڕووداوانەدا، کتێبە ئازەرییەکان ئاوریان تێبەر درا. ڕۆژنامەکان داخران. خوێندن بە زمانی ئازەری قەدەغە کرا و دانیشگای تەورێز و سالۆنی تێئاترو موزە داخران. ئەوجار ڕۆژنامەی فارسی چاپ و بڵاوکرانەوە و هەوڵ درا کە بە بەڵگە بسەلمێنن کە ئازەری میللەت نین.

لە ڕۆژی ٢٢ی سەرماوەز سەرتیپ میرهاشمی ڕێکەوتنامەی دەوڵتی قەوامی لەگەڵ دەوڵەتی ئازەربایجان هەڵوەشاند. هەر لەوکاتەدا هێرش بۆ سەر هێزە پێشکەوتوو و ئازادیخوازەکان لە سەرانسەری ئێران دەستی پێکرد و کلوبەکانی حیزبی تودە کەوتنە بەر هێرش و بەشێک لە بەڕێوەبەرانیان بۆ دەرەوەی وڵات هەڵاتن.

بە گشتی هێزی کۆنەپەرەستی لە هەموو لایەکی را بۆ بە دەستەوە گرتنەوەی دەسەڵات وەخۆ کەوت. هەرچەند لە ١٢ مانگی سەرماوەز ٣ ی دیسامبری ١٩٤٦، حیزبی تودە لە زیرابی مازندەران جووڵانەوەیەکی چەکداری بەڕێوەبرد بوو، بەڵام بە هۆی پولیس و ئەڕتەش خیرا سەرکوت کرا بوو. بۆیە نە هێزەکانی بە ڕواڵەت پێشکەوتوو و شورشگێر لە سەرانسەری ئێران، توانیان بەربەرکانی ئەوتۆ لە خۆ نیشان بدەن، نە فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان. ئەو بەرەیەش کە بە ڕواڵەت لە نێوان هێزە دێموکڕاتەکان وەک حیزبی تودە و حیزبی ئێران و ... پێکهاتبوو لەو بارووخەدا، بێ بەرنامەو و ورەیان لە دەست دابوو.

لەو پەلامارەی کۆنەپەرەستان دا، داموو دەزگاری شووڕەویش لە ئەمان دا نەبوو و ڕۆژی ٢٢ ی سەرماوەز، پەلاماری خوێندنگە و نەخۆشخانە و نوێنەرایەتی بازرگانی و گاڕێژی "ئێران سوتراس" ی سۆڤیەت درا. ئەوجار ڕێبەر و کاربەدەستانی فیرقە وەک "بیریا" و "والایی" و "میر قاسم چشم ئازەر"، پەنایان بۆ ناوەندەکانی سۆڤیەت برد.

هێزی ژاندارم، کە رادیۆ تاران بە ناوی نیشتیمانپەروەر نێوی دەبردن، دەستیان بە قەتڵی عامی خەڵک و شاریان تاڵان کرد. دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٣ی سەرماوەز هێزی ئەڕتەش کە لە گرتنی شاردا پەلەیان نەبوو، هاتە نێو شار. ئەوان پێشیان بە تاڵان و بڕۆ نەگرت و هێزی کۆنەپەرەستی لەسەر خراپکاری سوورتر بوون. سەرتیپ هاشمی فەرماندەی هێزەکانی ئێران رایگەیاند کە ئەرکی ئەو، تەنیا پاراستنی ئاسایش لە کاتی هەڵبژاردندایە و سەبارەت بە کێشەیتر هیچ فەرمانێکی پێنەدراوە. ئەو چووە لای کڕاسنی کۆنسولی سۆڤیەت و بەڵێنی پیدا کە دەزگاکانی سۆڤیەت دەپارێزێ.

لە بەرپرسانی نیزامی سەرهەنگ زەنگەنە ببوو بە فەرمانداری نیزامی تەورێز و سەرهەنگ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باتمانقلی ببوو بە پارێزگار و هەڕشەی کرد کە تەواوی ئەندامانی فرقە دەکوژێ و لە ماوەیەکی کەم دا ٧٦٠ کەسی تیرەباران کرد. ڕەوتی کوشت و کوشتار هەموو شار و دیهاتەکانی گرتەوە.

ئەحمەدی ساعی مامۆستای زانکۆ، باس لەوە دەکا کە چۆن کاتێک کە منداڵ بووە لە مەدرەسە را بردوویانە بۆ پێشوازی سەربازانی ئێرانی و لە گەڕەکی تەیارە مەیدانی وەک پێشوازی ١٩ کەلاکی ئەندامانی فرقەیان بۆ سەربریبوون. ئەو دەگێڕێتەوە هەر کە ئەرتەش گەیشتە لای ئێمە سی کەسی دیکەی دەست بەستراوی فرقەیان هێنا و لە پێش سەربازەکان سەریان بڕین. خوینی ئەوان فیچقەی کرد هەموو گیانم خوێناوی بوو.

دوای ئەوە کە شار کەوتە دەست ئەڕتەش، یەکەم دادگای سەحرایی ئەڕتەش دامەزرا و سەرهەنگ زەنگەنە کە بە کەسایەتێکی دڕەندە بە ناوبانگ و وەک دەگوترێ کاتی خۆی منداڵی بەرمەمکانی دێموکراتەکانی لە تەندوور هاویشت بوو، بوو بە دادستانی نیزامیی تەورێز.

تەفرشیان لە لاپەڕەی ٢٧٨ دا، دەنووسێ کە لەو سێ ڕۆژەدا تەورێز غەرقی خوێن کرا، زۆر کەسیان کوشت. پڕیان بە ئافرەتان داگرت و ماڵیان تالان کران و سوتێندرا. دوایە سوپا هاتە نێو شار و ئەوی پیاوەکانیان نەیانتوانی بوو بیکەن، بۆخۆیان کردیان. ئەوان ٢٦ ئەفسەری پلە بەرزیان گرت و لە دادگایەکی گاڵتەجاری دا محاکەمەیان کردن و کوشتیانن و هەر لە تەورێز ٢٠ هەزار کەسیان کوشت.

زیندانی تەورێز پڕ بوو، جێی کەسێکی تر نەدەبووەوە و ئەندامانی فیرقە دەستە دەستە گوللەباران کران. سەدان سەرباز و ئەفسەری ئەڕتەشی نەتەوەیی و فیدایی بە حوکمی دادگای سەحرایی لە سێدارەدران. لە ماوەیەکی کەم دا ٣ هەزار ئەفسەری هێزی نیشتیمانی و فیدایی تیرەباران کران.

پێشتر بەرنامەی فیرقە ئەوە بوو کە ئەو بەشەی بە رواڵەت خوازیاری ئاشتیانەی کێشەی ئازەربایجان بوو، بە شێوەی خەباتی مەدەنی درێژە بەکار بدەن. ئەوانە بە بەڵێنییەکانی قەوام، واتا پێکهێنانی ئەنجوومەنی ئەیالەتی کە لە وتوێژەکان دا دابووی، دڵخۆش بوون. بۆیە دەبوو بچن بۆ ستادی نیزامی و لەگەڵ هێزی دەوڵەت بۆ هێور کردنەوەی تەورێز تێبکۆشن.

بەڵام لەو هەرەج مەرەجەدا کەس زەمانەتی گیانی ئەوانی نەکرد و گاڕانتێک لە گۆڕێ دانەبوو. تەنانەت دەوڵەت باوەڕی بە شتێکی ئەوتۆ نەبوو. بۆیە بەشێک لەوانیش قاچاغ بوون و بۆ شووڕەوی هەڵاتن.

لە گرتنەوەی تەورێز دا، تەنیا مەهتاش فەرمانداری تەورێز و فەرەیدوون ئیبراهیمیی لەگەڵ چوار فیدایی، قارەمانانە دیفاعیان لە بارەگای کۆمیتەی ناوەندیی فیرقە کرد. ئازایەتی ئیبراهیمیی لە دادگاش دا بوو بە حەماسەیەکی نیشتیمانی و لە وەڵامی ئەم پرسیارە کە ئەوان بە فەرمانی ڕووسەکان خەڵکیان لەسێدارە داوە، گوتی:

ئەوانەی لەسێدارە دران دوژمنی ئازەربایجان بوون و بە بڕیاری حکومەتی نەتەوەیی من، دادگاییکراون و سزادراون. حکومەتی نەتەوەیی زیندووە و هەر بە زیندوییش دەمێنێتەوە. من



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەرمانم لە روسەکان وەرنەگرتووە، ویستی گەلی خۆم و حکومەتی نەتەوەیی خۆم جێبەجێکردووە.
بە پێی کتێبی "پەیمودەن با تفەنگ" رۆژنامەی ئازەربایجانی ٨١٢ی ساڵی ١٣٣٤ ئاماژە بە کوژرانی سەدان کەس لە هێزەکانی فرقە لە بەرەی کوردستان دەکا و ناوی ژێنراڵ عەزیمی، ماژوور ئەکبەری رامتین، سوڵتانی ئازاد، ناسری، خاکزاد، جەودەت و قاسمی دێنێ.
لە شەڕی تەورێز دا، هەزاران کەس کوژران یان بێ سەروشوێن و یان شاربەدەر بوون و خەڵکێکی زۆریش لەبرسان روویان لە شارەکانی دیکە کرد. بەڵام دەوڵەت کۆی کردنەوە و رەوانەی هێندێک کەمپی وەک شاری "بەدرئاباد"ی لوڕستانی کردن. هەرچەند لە ١٥ی پووشپەڕی ١٣٢٧دا، مەجلیسی ئێران ئەوانە عەفوو کرد، بەڵام ئەو بڕیارە بەڕێوە نەچوو و قەت نەیانهێشت بگەڕێنەوە. بۆیە هێندێک لەوانە خۆیان کوشت. بە گشتی دژکردەوەی رێژیم لەگەڵ ئازەربایجان لە ئاکاری دوژمنی دەرەکی پیستر بوو. ویلیام داگلاس یاسا ناسی ئەمریکایی لە کتێبی "وڵاتی سەرسوورهێنەر و خەڵکە باشەکەی" دا باسی لێقەومانی خەڵک لەو ساڵە سەختە دا دەکا و دەنووسی کە لە ٣٠٠ کەسی ئاوایی "نوایی" پەنجا کەس لە برسان و لە سەرمان مردن و زۆریشیان لە برسان توانایی قسە کردنیان نەبوو.
بە دوای رووخانی ئازەربایجان "عەلی مەنسوور" بوو بە پارێزگاری ئازەربایجان و بە پێی نووسراوەی "ازچوبە دار تا ریاست جمهوری" ئەو دژی توندوتیژی و تۆڵە ئەستاندنەوەی دەوڵەت بوو و بۆ خۆشی و ئەمنییەتی خەڵکی ئازەربایجان، تێکۆشا.
تێکشکانی کۆماری ئازەربایجان زیانی گەورەی لە ئیعتیباری رووسان دا و بە پێی لاپەڕەی٢١٢ی فراز و فرود ... کونسوولگەری شووڕەوی لە راپۆرتێک دا لە سەر شوێنەواری شکستی کۆماری ئازەربایجان بۆ مەسکۆی نووسی:
تێکشکانی جوڵانەوی دێموکراتیکی ئازەربایجان بۆ ماوەیەکی زۆر، زیانی زۆر گەورە بە ئیعتیبار و پرستیژی شوڕەوی دەگەیەنێ.
دەزگا ئەمنییەکانی شووڕەوی راپۆرتیان دا کە دەستەیەک، لە بەرانبەری چاوی سەرباز و پاسەوانان، وێنەی ستالین رێبەری شووڕەویان لە ملی سەگان کرد بوو و بە بەرچاوی خەڵک دا بە کۆڵان و شەقامەکانی شاری تەورێز دا دەیانگێڕا.
لەسەر رۆژانی دوای گرتنەوەی تەورێز، عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٨٢ ی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ:
ئێمە سەرجەم ١٣ رۆژ لەو موسافیرخانەیە ماینەوە۔ تا شار وردە وردە ئارام بووە. لەو ماوەیەدا زۆرجار لە مەترسی زۆر گەورە کەوتینو چەرمەسەریمان زۆر دیت. هەر ئەو رەجاڵەیە کە رۆژێك ئاڵای سووریان هەڵکردبووو باڵشویکیان دەگووت، ئەوجار گۆڕدرانو هەر بژی شاهەنشایان دەگووت. ئەوانە موسەلسەل بەدەست ڕۆژێ ٢ ـ ٣ دار دەهاتنە موسافیرخانە تا بمانکوژنو هەموو جارێ بە سەریان دەکردینەوە. مەشەدی مەحموود رەئیسی موسافیرخانە رەنگی بە رووەوە نەدەماو زۆر نیگەرانی حاڵی ئێمە بوو. جارێکی یەکیان قامکی لەسەر پەلاپیتکەی موسەلسەلی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دانابووو دەستی دەلەرزی. ئەمنیش لەلەی تفەنگەکەم گرتو هەڵیهێناو گووتم:" کاکە ئەتۆ قامکت لەسەر ئەو ماشەیە، لابە ئاخر دەردەچێو دەمانکوژێ". باش بوو بە قسەی کردمو هیچی نەگووت.

... بۆ کەوڵی هەر کۆچەرێك ٧٢ تمەنی دیاری کردبوو. لە راستیدا کۆچەرەکان هەموویان، یان بە ماڵ و منداڵ خۆیان دە ماڵان هاویشت بوو، یان هەڵات بوون. ئەوەی باس دەکرا، سەرجەم لەو ڕەشە کوژێو هاڵۆزییەدا ١٠ تا ٢٠ هەزار کەس لە کۆچەرو خەڵکی دیکە کوژران. زۆربەی ئەوانەی تەورێزێ بۆخۆیان کوشتیانن. ئەوان کۆمیتەیەکی قۆڵ سووریان بۆ پشتیوانی لە حکوومەتی شای دامەزراند بوو. ئەوجار زۆر ئەفسەری تودەییش کە لە تارانێ را رایان کردبووو هاتبوونە نێو فیرقەی دێموکراتو دەماڵان دا خۆیان شاردبووە، کوژرانو ئێعدام کران، تەنانەت چوونکە فەرماندەری گشتی لەشکری ئێران ناوەندەکەی لە مەهابادێ بوو، دواتر ١٦ کەس لەو ئەفسەرانەیان هێنا لە مەهاباد ئێعدامیان کردن، کە خەڵکی شار بەخێری خۆیان شوشتیانن و لە قەبرستانی شار ناشتیانن.

عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٨٣ ی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: ئەوکات تەورێز نیزیك بە ١٠ تا ٢٠ هەزار فایتونی تێدابووو مسافیرکێشی بەوانە دەکراو ماشێن زۆر کەم بوو. خەڵك بەو فایتۆنانە بەرەو پێشوازی ئەرتەش چوون. لەشکر کە هاتەوە نێو تەورێزێ ئەوەڵ ژاندارم هاتەوە، دوو دانە جیبی شڕی شکاوی قوڕاوەیان پێبوو لەگەڵ چوار تانکی شکاو و زرێپۆشێك کە بە گوریسو پەتکی لە پاشی ماشێنیان بەست بووو رایان دەکێشاو دەیانهێنا و دەیان برد. هێزە شەڕکەرەکەش بریتی بوو لە هێندێك سەربازی پوتین شڕی پێخواسی شڕ و وڕی کەساد. ئەوە هەموو نیروەکە بووو ئەگەر قۆڵ سوورو بە کرێگیراوانی نێوخۆیی نەبایە ئەرتەشی شای قەت چی بۆ نەدەکرا.

**هۆیەکانی شکانی فیرقە**

هۆیەکانی شکستی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان زۆرن بەڵام هۆی سەرەکی، شکستی سیاسەتی رووس بوو لە بەرامبەر بە ئەمریکا و ئینگلیس دا. نووسرەتوڵای جەهانشاەلوو ئەفشار جێگری پیشەوەری لە لاپەڕەی ٢٧٧ی کتێبی "ئێمە و بێگانەکان" باسی چاوپێکەوتنی پیشەوەری و باقرۆڤ کە دوای ستالین و لاورێنهت بریا، کەسی سێهەمی رووسیە بوو دەکا و دەڵی کە باقرۆڤ خەتای ئازەربایجانی خستە سەر مۆلۆتۆڤ وەزیری دەرەوە و گوتی ئەو بوو کە بە هۆی لێنەهاتوویی نەیتوانی پێش بە رووداوی ئازەربایجان بگرێ.

باقرۆڤ لە کۆبوونەوەکانی دیکە دا لەگەڵ رێبەرانی فیرقە، هۆیەکانی دیکەی تێکشکانی ئازەربایجان باس دەکا و دەڵێ تەنیا نەبوونی یەکگرتوویی و یەکێتی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکەدا نەبوو کە بوو بە هۆی تێکشکانی فیرقە، بەڵکوو هۆی ئەسڵی ئەوە بوو کە فیرقە دەستی لە تاران نەبڕی بوو و ئەگەر لێبڕاوانە ئەو کارەی کردبا و لە تاران دابڕابا و تێکەڵ بە ئێمە بووبا، ئێستا دنیا بەسەر کاری کردراو دا کەوتبوو و ئاوا بە ئاسان دەستیان بەسەر ئازەربایجان دا نەدەگرتەوە. باقرۆڤ دوایە باسی هەڵەکانی حیزبی تودە دەکا و دەڵی ئەو حیزبە شۆڕشگێڕ نییە باوەڕی بە سیستیمی پارلەمانتاری هەیە و لەو رێیەش دا بە هیچ ئاکامێک ناگا.

ئایەتوڵا عەبدوڵڵای موجتەهیدی لە بەشی زۆری کتێبی بوحڕانی ئازەربایجان دا، لە باسی هۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تێکشکانی ئازەربایجان دا قسە لەوە دەکا کە فیرقە پێگەی کۆمەڵایەتی لە نێو خەڵک دا نەبوو. تەفرشیان لە لاپەڕەی ٢٦٩ دا بە شێوەیەکی دیکە ئەو مەبەستە دەگەیەنێ و دەنووسێ: ... بەشی پشتیوانی یەکیەتی سۆڤییەت بۆ ئەم شۆڕشە پتر بوو لە پشتیوانی و پشکدانی خەڵکی ڕەنجبەری ئازەربایجانی خۆیان...

لەسەر رووخانی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان دەکرێ باسی زۆر هۆکاری دیکەش بکرێ و ئەو حیزبە هەرچەند بۆ هۆی کەسایەتی بە توانای پێشەوەرییەوە بەڕێوە دەچوو، بەڵام لە ئیدارەی ئەو حیزبە دا، زۆر کەسی بی توانا هەبوون کە شیاوی بەڕێوەبەری ئەو حیزبە نەبوون. ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ١٨١ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" کە ڕەسوولی سوڵتانی وەریگێڕاوەتەوە، لەسەر کەسایەتی محەممەدی بیریا، وەزیری فەرهەنگ فرقەی ئازەربایجان کە ئەویش لە ئۆردووگاکانی کاری ئیجباری ڕووسیە زیندانی بووئاوا دەنووسێ:

رۆژێکیان لێم پرسی، ئەرێ ئاغای بیریا بەڕاستی تۆ چۆن بوویە وەزیر؟ گوتی لە چاپخانە کارم دەکرد، جاروبارەش بە ئازەری شیعرم دەنووسی. هەر ئەوە بووە هۆی لەوەی لە تەشکیلاتی حکوومەتیی فیرقەدا پۆستی وەزارەتم پێ بدەن. گوتم جا لەو ماوەی وەزارەتەدا چ کارێکی باشت کرد؟ گوتی، هیچ، بەڵام جاروبار سەری قوتابخانەکانم دەدا. ڕۆژێکیان چوومە قوتابخانەیەك. پۆلی شەش دەرسیان هەبوو. یەکێك لە قوتابییەکان خەریك بوو جوگرافیای دەخوێندەوە و بە دەنگی بەرز دەیگوت، زەوی خڕە و بە دەوری خۆردا دەخولێتەوە. من چوومە پێشێ و ڕامگرت و گوتم، زەوی خڕ نییە، نەخێر زەوی تەخت و ڕێکە و لەسەر شاخی گایەکە و گایەکەش لەسەر پشتی ماسی. ئینجا بە دەوری خۆریشدا ناخولێتەوە، ئەوە خۆرە بە دەوری زەویدا دەسووڕێتەوە. مەگەر نابینن هەموو ڕۆژێ بەیانیان لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێ و دەچێ لە ڕۆژئاوا، ئاوا دەبێ؟ هەموان بە سەرسووڕمانەوە سەیریان کردم. منیش وەکوو بلیمەتێك لەبەرانبەریان ڕاوەستابووم.

دەیگوت لە کۆڕ و کۆبوونەوەی حیزبیشدا دایمە پاش پیشەوەری من قسەم دەکرد و، وتاری وا ئاگرینم پێشکەش دەکرد، هەموو سەریان سووڕ دەما. ئەمریکا و ئاڵمان و هەر مەملەکەتێکم لەو کاتەدا لەبیر بوایە، هێرشم دەکردە سەری و دەمگوت سوپای ئێمە دەتوانێ لە چاوتروکاندنێکدا ئەمریکا یان ئاڵمان تێك بشکێنێ و ئەگەر بمانەوێ، هەر بەو فیرقەییە گیانلەسەردەستانە دەتوانین کام وڵاتمان پێ خۆش بێ، بیگرین. ئێران هەر هیچ نییە.

ئەوجار دروشمم دەدا: یاشاسین فیرقە، یاشاسین پیشەوەری. هەموو چەپڵەیەکی توندیان لێ دەدا.

ڕۆژێکیان لەسەر چوارپایەیەك کە قسەم بۆ سەربازەکان دەکرد، دەستمم وا ڕاوەشاند، پێچکەکانی شکان و کەوتم دەستم شکا و ماوەیەك خەوێنرام و دەستیان لەگەچ گرتم.

پرسیم، لە سەردەمی پێش فریقەدا کە لە چاپخانە کارت دەکرد، شیعرەکانت چاپ نەکرد؟ دەکرێ یەکێ لەو شیعرانەمان بۆ وەخوێنی؟ گوتی شیعرێکم هەیە بە ناوی "تۆ سەیری قەمچی بکە، هەی لەبەرت مرم قەمچی". مەسەلەکە ئاوا بوو:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە سەردەمی ڕەزاشادا، فەرماندەی پادگان و لەشگری تەورێز، سەرلەشکر شابەختی بوو. من ئەودەمی چووبوومە سەربازی. زۆر دەترسام. گرووبانێکی سمێڵ زلمان هەبوو، بەردەوام لەبیانووەك دەگەڕا و دەبوو سمێڵی چەور بکەی. منیش چونکە هیچم نەبوو، زۆرم لەگەڵ خراپ بوو. سەیرم کرد چار نییە، هەر دەبێ خۆی لێ گێل بکەم. وەختێك گرووبان فەرمانی "وریابن"ی دەدا، من ورگم دەردەپەڕاند، تا دەیدیتم، دەهات و توند لە ورگی دەدام. ئەمیش بە ئانقەست ورگمم وەها دەبردە دواوە، ئەوجار بەرەوپێشەوە دەچەمامەوە و سمتم دەردەپەڕین. جا دەچوو لە پشتەوەڕا شەقێکی تێ هەڵدەدام، من دیسان وەك ئەوەڵێ ورگمم دەردەپەڕاندەوە. سەرت نەیەشێنم هێندەم وا کرد، ئاخری شەکەت بوو، ئەمری کرد قەمچی بێنن. بە قەمچی هەتا بۆخۆی شل بوو لێی دام. چەند ڕۆژێك خەوێنرام. لەو ماوەیەدا شیعرێکم هۆنییەوە بەو ناونیشانە: "شلاق، باخ من..." لە حەفتەیەکدا سەرباز هەموو لەبەریان کرد و بە کۆڕ دەیانخوێندەوە. سەرلەشکەر شابەختی ئەوەی بە گوێ گەیشتەوە. ڕۆژێکیان کە خەریکی سانگرتنێ بوو، پرسیین ئەو سەربازەی شیعری قامچیی نووسیوە، بێتە پێشێ. بە ترسەوە چوومە پێشێ. پرسی، ئەوە تۆ هۆنیوتەوە؟ گوتم بەڵێ تیمسار. گوتی دا بۆم بخوێنەوە. دەستم بە خوێندنەوەی کرد و هەر جارێکی دەگەیشتمە شلاقە باخ، هەموو سەربازەکان دووپاتەیان دەکردەوە. فەرماندە زۆر پێ کەنی و پێی خۆش بوو. ئەمری کرد کارێکی گونجاوم پێ بسپێرن. ئیتر لە پادگانەوە ناردیانمە دەروازەی شار.

ڕۆژێکیش کە لەگەڵ کوڕەکان لە ئۆردووگا بووین و پێکەوە نانمان دەخوارد، بیریا زۆر بەپەلە قاچی ئاشەکەی لەپێش خۆی دانا و کەوتە خواردن. کتوپڕ کەوچکەکەی دانا و قاپەکەی هەڵگرت و بەسەرییەوە نا. دیار بوو دڵی بەوەش دانەکەوتووە، ئەوی تێیدا بوو بەسەر خۆیدا کرد. ئێمەش کەوتبووینە پێکەنین. پرسیم: ئەوە بۆ وات کرد؟ گوتی ئاخر بە کەوچك و لێواری قاپەکەش تێر نەبووم بۆیە.

وردە وردە لە ئۆردووگاش خەریك بوو خۆی لە شێتی دەدا و شتی وای دەکرد هەموو دەحەپەساین و پێ دەکەنین. بۆ وێنە لە وەرزی هاوینێدا جلی گەرمی زستانێی لەبەر دەکرد و کڵاوی چەرم و چەکمەی لبادی ئەو شتانە، کە نەك هەر ئێمە بگرە هەموو ئەو ئۆردووگایەش کە دەیاندی وەپێکەنین دەکەوتن و گاڵتەیان پێ دەکرد.

ڕۆژێکیان گوتم ئەو کارانە باش نین. جەنابی بیریا ئاگادار بە خۆت تووشی گێچەڵێك دەکەی، دەتبەنە شێتخانە. دەیگوت حەزم لێیە ئاوا بکەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**کاریگەری رووخانی ئازەربایجان لەسەر کوردستان**

کاریگەری تێکشکانی ئازەربایجان لەسەر کۆماری کوردستان لە رادەبەدەر ناخۆش و زور باوەڕ نەکراو بوو. رێبەرانی کۆمار بە بڕیاری خۆ بەدەستەوەدانی کۆماری ئازەربایجان تاسان و بە خەیانەتێکی گەورەیان بەحیساب هێنا. لەوبارەوە رەحیمی قازی لە لاپەڕەی ۲۸۰ ی کتێبی "بزوتنەوەی ..." لە زمانی میناخانم خێزانی پێشەوا دەنووسێ:

پاش بڵاوبوونەوەی ئاگاداریی سەرۆکەکانی ئازەربایجان، قازی محەمەد دەستبەجێ تێلگرافێک بۆ تەوریز دەنێرێت بۆ پیشەوەری سەرۆکی حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان و رادەگەیەنێت کە حکومەتی نەتەوایەتی کوردستان هیچ کاتێک ئەم مافەی نەداوە بە شەبوستەری و جاوید و بێریا کە تەسلیم بوونی کۆماری کوردستانیش رابگەیەنن. ئێمە نازانین ئەوان بە چ ئەساسێکەوە لە لایەن ئێمەوە دواون، ئیمە ئەمە بە خەیانەتێکی زۆر گەورە دادەنێین و ئامادەنین مەیدان بۆ دوژمن بە تاڵ بکەین ...

هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە پێشەوا بە دوای ئاگاداری تەسلیم بوونی ئازەربایجان دا، سەدری قازی برای و دوو کەسی دیکەی ئامادە کرد کە بیانێرێتە تەورێز تا چاویان بە نوینەرانی رووس بکەوێ، بەڵام تازە وەزعەکە شێوا بوو و کار لە کار ترازا بوو.

میرزا محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ۹۸ ی بەشی ۲ کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." لەسەر کاریگەری گیرانی تەورێز لە سەر مەهاباد پەیوەندی رووس و قازی محەممەد دەنووسێ:

میرزا محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ۹۸ ی بەشی ۲ کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." لەسەر کاریگەری گیرانی تەورێز لە سەر مەهاباد دەنووسێ:

ئەو رۆژەی کە حکومەتی ئازەربایجان ئێعلامی تەسلیم بوونی بڵاوکرایەوە، هەر بە بیستنی ئەو خەبەرە شاری سابلاغ وەزعییەتێکی زۆر مات و مەلوولی وەرگرت. عەشایر و ئەهالی سابلاغ هاتنە بەردەرگای حیزب و راوەستان. بە روویەکی زۆر سارد و پڕ لە غەم و سەرێکی زۆر سامدار چاوەرێ ئەوەیان ئەکرد ئاخۆ قازی محمد بەرامبەر بەو مۆقیفە چ قەرارێک ئەدا.

ئێرانی خواهەکان دڵشاد و دەم بە پێکەنین بوون. کوردپەرەستەکان رەنگ زەرد و لێو بەبار چاوەرێ دەستووراتی قازی محەممەدیان ئەکرد و بیریان لەدوا رۆژی سامداری خۆیان ئەکردەوە. بەڵام لەهەموو کەس پەریشانتر و سەرگەردانتر مەلا مستەفا بوو کە رەوشەنایی لەژێر ئەو چەرخی پان و بەرینەدا شک نەئەبرد. مەلا مستەفا زیاتر مەحاوەلەی ئەوەی ئەکرد کە قازی محەممەد ئیقناع بکات کە ئیستمرار لەسەر شەڕکردن بکا. بەو هیوایە ئەفسەرەکانی سابلاغی و بارزانی هەموویان لەباشگای ئەفسەران و دیوانی جەنگ کۆبوونەوە بۆ وەرگرتنی تەعلیماتی جەبهە.

ئاغاوەتەکانی عەشایریش هەموویان خۆیان ئاراستە و ئامادەکردبوو چاوەڕێی دەستوراتی رەئیسی جەمهووری کوردستانیان ئەکرد بۆ ئیشتراکیان بە فەرمانی جەنگی. قازی محمدیش وەکوو ماسی دەرمان خواردو گێژ ببوو. ئەو موقیفە بە تاسە تاساندبووی. سەرڕیشتەی مەنتیق و زەکای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پس پس کردبوو. گا بە سواری ماشێن بە دەورەی سابلاغا ئەسوڕایەوە و گا ئەهاتەوە بۆ حیزب و لە شوێنێکا سەری ئەنایە سەر ئەژنۆ. شیدەتی مەوقف وڕوماتی کردبوو. هیندێ جار لەبەر دەرگای حیزب پیاسەی ئەکرد و چاوێکی پر بە گیانی ئەبڕیە ئەو هەموو ژن و مناڵ و حەشەمەتە کە بە شین و گابۆڕەوە هاتبوونە بەر دەرگای حیزب و چاوەڕێی دەستووری پێشەوای مەزنی خۆیانیان ئەکرد. ئاخۆ بڕیاری جەنگ ئەدا یا تەسلیم بوون.

لەعەینی وەختا خەتی تەلێفوون و ئیتیسالی سابلاغ لەگەڵ نەغەدە وسندووس و میانداو و تەورێز و رەزاییە قەتع بوو و شاری سابلاغ بوو بە جێگایەکی مونعەزلی خوێنین. لەو کاتە حەرج و سەرسامیەدا ئوتۆمۆبیلێک بەتاو هات. سایەقی ماشینەکە هەر لە دوورەوە هاواری کرد گوتی: مزگێنی لە پێشەوای گەورەمان بێ لەشکری بارزان چوو ناو شاری سەقز و سەقزیان گرت.

ئەی ئەی لەسەر ئەو موژدە هەڵبەستراوە چ قیامەتێک روویدا چ شایو شاپوڕ و هەڵپەڕکێ و چەپڵە رێزانێک دەست پێکرا. ئاخ بۆ چەند وێنەگرێک کە لەو وەختەدا بەو شادی و سرورەوە وێنەی ئەو هەموو ژن و منداڵ و لەشکرچی و فلکەی گرتبایە. بۆ ئەوەی کەببایە رەمزێکی تاریخی کە کورد بەرامبەر بە پێشکەوتنی قەومیەتی خۆی چەند بە تاسەو و داخوازە.

بەلام داخی گرانم لەدوای سەعاتێک ئەو شادی و خۆشییە رووی کردەوە شیوەن و دڵتەنگی. ئەو رووناکایەی سەقز گرتنە بە تاریکی درۆ دەرچوو. ئەمجا هەر لەعینی وەختا خەبەر بڵاو بۆوە کە سەدری قازی بۆ بەنای ئاشتی و مەسالەمەت چوو بۆ تەورێز کە لەوێوە بچێ بۆ تاران.

مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی ٢٧ دا سەرسام بوونی خۆی بەوە دەردەبڕێ کە ئازەربایجانی وا تەیار و پڕ چەک، بۆ تەسلیم بوو و پیشەوەری وا کارامە و شۆڕشگێڕ و کۆنە پیاوی ئازا بۆ هەڵات. ئەو وەک زۆر کەس دیکە وڵامێکی بۆ ئەو پرسیارانە نییە، بەڵام دڵنیایە کە ئەگەر فیرقە بەربەرەکانی کرد با، نەتەنیا تەورێز نەدەگیرا بەڵکو تارانیش دەشێوا.

قەوڵ و بەڵێنی شکاندن و تەسلیم بوونی ئازەربایجان و کوشت و کوشتاری شاری تەورێز، شوێنی زۆر خراپی لە سەر وەزعی مەهاباد دانا. هێندێک چەکداری فیرقەی دێمۆکڕات کە بە پێی پەیمانی هاوکاری لە کوردستان لە بەرەکانی شەڕی تکاب، لەگەڵ پێشمەرگە لە سەنگەر دابوون، بە تەسلیم بوونی حکومەتی ئازەربایجان پاشەکشەیان کرد و سەنگەرەکانیان چۆل کرد. بەشێکی زۆر لە هێزەکانی پێشمەرگەی بەرەی شەڕ لەگەڵ دوژمن، لە هەموو بەرەکان، بەرەو مەهاباد و شوێنەکانی خۆیان پاشەکشەیان کرد. هێندێک سوارەی عەشایر بۆ شوێنەکانی خۆیان گەڕانەوە و هێندێکیش لەگەڵ سەرۆکەکانیان تێکەڵ بە ئەڕتەش شاهەنشاهی بە مەبەستی هێرش بۆ سەر مەهاباد بوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی ٤٢
# هێرش بۆ سەر کوردستان

### شووڕای شەڕی کوردستان

بە دوای هێرش بۆ سەر سنووری ئازەربایجان و یەک حەوتوو بەر لە داگیرکردنەوەی تەورێز، لە ڕێکەوتی ١٤ی سەرماوەز، ڕێبەریی کۆماری کوردستان بڕیاری دا تا بە خێرایی کۆبێتەوە و شووڕایەک بۆ بڕیاردان لەسەر بەربەرەکانی و مقاومەت لەبەرانبەر بە هێزەکانی ڕژیم دا، دابمەزرێنێ. کریس کۆچرا لە لاپەڕەی ٢٢٣ی کتێبەکەی دا دەنووسێ کە ئەو شووڕایە بڕیاری دا تا لەبەرامبەر بە هێزەکانی ئێران رابوەستێ و دەست بکا بە شەڕی چەکداری.

بە پێی کتێبی "دەستپێکردنی شەڕی سارد" قازی محەممەد لە سەرەتای مانگی دیسامبەری ساڵی ١٩٤٦دا لیژنەیەکی ڕەوانەی ورمێ کرد و چاویان بە هاشمۆڤ کەوت. ناوبراو بەڵێنی پێدان کە دەوڵەتی ئێران تەنیا هێزێکی کەم بۆ پاراستنی ئەمنیەتی هەڵبژاردن رەوانەی کوردستان دەکات و ئەو هێزەش تەنیا تا کۆتایی هەڵبژاردن دەمێنێتەوە و دواتر لە ناوچەکە پاشەکشە دەکات. سەرەرای ئەوە قازی محەممەد رۆژی ١٩٤٦/١٢/٥ (١٤ سەرماوەز) لەژێر ناوی "شووڕای جەنگ" شووڕایەکی بە بەشداری دە ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات، بڕیاری درا هێزی پێشمەرگە و عەشایری کوردستان لە بەرامبەر دەوڵەتدا بەرگریی بکەن.

دیسان بڕیاری هێرش بۆ سەر جنووب

هێرش بۆ سەر جنووبی کوردستان و رەزگار کردنی شارەکانی بانە و سەقز و سنە و... هەمووکات هیوا و هومێدی هەرە گەورەی ڕێبەرانی کۆمار و ئاوات و ئارەزووی خەڵکی کورد بوو._بە پێی هێندێک سەرچاوە، پێشتر دوای شەڕی ساڵح ئاوا و گردی مامەشا، هێزەکانی کورد ویستیان بەرەو جنووب هێرش بەرن بەڵام رەحیمی قازی لە لاپەڕەی ٢٧٨ دەنووسێ:

سووڤییەت بە سەرۆکەکانی ح. د. ک یان راگەیاند بوو کە ئەگەر بێتوو بۆ لای سنە و کرماشان هێرش بەرن لەگەڵ هۆردووی ئینگلیز رووبەڕوو دەبن و ئەودەم مەسەلەکە رووبەکیتر دەگرێتە خۆی.

بەمشێوەیە لەسەر مەسڵەحەتی نوێنەرانی شووڕەوی هێرش نەکرا و بەڕێوەبەرانی کۆمار لەگەڵ بەرپرسانی هێزی نیزامیی ئێران دەستیان بە وتوێژ کرد. بەڵام وتووێژەکان ئاکامی نەبوو و رۆژبەرۆژ، ڕژیم زیاتر خەریکی خۆ تەیار کردن و بە هێز کردنی بەرەکانی شەڕ و قایم کردنی جێ پێی خۆی بوو.

مانەوەی هێزەکانی کورد لە سەنگەری بەرگریدا، بە بێ ئیمکانات، زەحمەت و دژوار بوو. ئەفسەرانی هێزی بارزانی و هێندێک لە فەرماندەرانی دیکە خوازیاری ئەوە بوو کە پەلاماری شارەکانی جنووب بدرێ و ئازاد بکرێن. بەڵام بە هەموو لێکدانەوەیەک بڕیاریکی ئەوتو بۆ مەڵبەندیک کە گرێ دراوی کێشەی نیونەتەوەیی بوو، سەخت و دژوار بوو. بە پێی رۆژنامەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستانی ژماره ٦٥ پێشەوا بە دوای شەڕی مامەشادا بە راشکاوی باس دەکا کە ئەو ڕێگەی نەداوە پەلاماری سەقز بدەن: ... ئەم ئێلە ئازایە (مەبەستی بارزانییەکانە ) تەنیا داخێ کە هەیانە ئەوە بو خەیاڵیان بو پەلاماری سەقز بەرن و داگیری بکەن بەڵام ئەمن مەنعم کرد...

د. قاسملـو، لە کتێبی چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی دا، دەنووسێ کە رازی نەبوونی پێشەوا بۆ هێرش بۆ سەر جنووب پەیوەندی بە توانایی سەربازی نەبوو، بەڵکو لەبەرچاو گرتنی روانگەی کاربەدەستانی سۆڤێەت بوو.

سەید عەبدولڕەحمانی سیادەت لە لاپەڕەی ١٩٩ کتێبی "رۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت" بە نەقڵ لە لاپەڕەی ٥٤ کتێبی کۆماری کورد لە ساڵی ١٩٤٦ لە نووسینی ئیگلتۆن دەنووسێ، کە حەوتوویەک دوای ئیمزای پەیماننامەی کورد و تورک و چەند رۆژ دوای شەڕی مامەشا، هاشم ئۆڤ کۆنسوولی رووس لە ورمی، بە پەلە چوو بۆ سەرا و لەوێ چاوی بە پێشەوا و مەلا مستەفا و ئەمەر خانی شکاک و میرحاج و مستەفا خۆشناو کەوت و هوشداری پێدان کە "ئەگەر ئەوان لە لای خواروی سەقز دەس لە فشاری خۆیان لە سەر ئەرتەش هەڵنەگرن، زۆر وێدەچی لەگەڵ بریتانیا تێکهەڵچوونێکیان بۆ بێتە پێش، چوونکە لەو ناوچەیە بریتانیا بەرهەم و مەنفەعەتی وحەیاتی نەوتی هەیە لە نیزیکی کرماشان".

پلانی هێرش بۆ سەر جنووب لە رادەیەکی بەربڵاودا لە لایەن فەرماندەرانی نیزامی تاوتوێ کرا بوو. بە گوێرەی لاپەڕەی ١١٦ی کتێبی "قاضی محمد و جمهوری در آینه اسناد" لە نامەی ئەحمەدخانی فاروقی بۆ فەرماندەی هێزی بۆکان دا هاتووە:

ئەگەر تیلەکۆ و گەڵباغی و ... هاوکاری بکەن، هێرش بۆ سەر سەقز و ئازاد کردنی ئەو شارە زۆر ئاسانە.

ئەو پلانانە بە هەر هۆیەک بێ، بەریوە نەچوون و رێژیم لە ماوەی رابردوودا خۆی لە هەموو بوارێکەوە تەیار کرد و ئامادەی هێرشی نەهایی بۆ سەر کۆمارەکانی کورد و ئازەری بوو. یەکێک لە کارەکانی رێژیم لەو قوناغە دا، ئاژاوە و دووبەرەکی کێشە سازکردن لەبەرەکانی شەڕی کوردستان دا بوو. هێزەکانی ئێران لە سەرەتای مانگی سەرماوەزدا، لە ناوچەی سەردەشت و سەقز، دەستیان بە سوتاندن و تالان کردنی زەویوزار گوندەکان کرد و خەڵکیان ناچار کرد شوێنەکانیان بەجێ بێڵن. لەو بارەوە بە گوێرەی بەڵگەکانی کتێبی (اسرار محاکمه قاضی محمد و یارانش) لە نووسینی محەمەد رزا سەیف قازی، لە بروسکەی پێشەوا بۆ قەوام دا ئاوا هاتووە:

جەنابی سەرۆک وەزیران. هەرچەندە لە نامەی ژمارە ٢٩١٧ دا بە راشکاویی فەرمووتان لە رووداوی دەستدرێژیی کردنی سەربازگەی سەردەشت و قەتڵی عام و تالان کردنەکانی دەکۆڵنەوە، بە داخەوە هێشتا ئاوڕتان لەو مەسەلەیە نەداوەتەوە.

خەڵکی گوندی کەلۆیی سەردەشت بە هۆی پەلاماری هێزەکانی دەوڵەتەوە، رایانکردوە. چەند گوندی تریش تالان کراون و سوتێندراون و ژمارەیەکی زۆریش لە خەڵکی سەردەشت هێشتا لە زینداندان و ئەشکەنجە دەدرێن. لە تارانەوە فەرمانتان بە لەشکری چوار دا کە کۆتایی بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستدرێژییەکان و پەلاماردانەکانی بهێنێت، کەچی بە داخەوە هەنگی سوارە هێشتا بەگزادە و فەیزوڵابەگی و ئەوانی تری بۆ سەقز بانگ نەکردوە و بەشێک لە موڵکدار و دانیشتووان بە ژن و منداڵەوە، رایانکردوە و پەنایان بۆ مەهاباد هێناوە. کاتی هێرشکردن بۆ سەر خەڵکە هەژارەکان، سێ سەد تۆن کای ئەوانیان بە وڵاخی گوندییەکان بردوە بۆ سەقز. لەبەر ئەوەی لە بەهاری ئەم ساڵدا بە هۆی لەشکرکێشیی هێزەکانەوە گیا نەما، رەنگە بردنی کای گوندییەکان ببێت بە هۆی لەناوچوونی ئاژەڵەکانیان. لەبەر ئەوە داوای رەحم و تێڕوانینتان دەکەم.

٤٢٠٤ – ٢٥/٩/٧- ١٩٤٦/١١/٢٩

محەممەد قازی

مامۆستا هێمن لە سەر وەزعییەتی بەرەی سەقز و هەڵسوکەوتی رێژیم لە لاپەڕەی ٢٦ ی کتێبی "تاریک و روون" دا دەنووسێ:

ماوەیەک بوو هەست بە مەترسی دەکرا. جەبهەی سەقز و سەردەشت قایمتر دەکران. چەند دەرەبەگی بە ناوبانگ و خاین رایان کرد بوو بۆ عێراق و یەک دوو مەلا و شێخ خوێڕیە پێاو دەسبەسەر کرابوون. حکومەتی ئازەربایجان لەشکرێکی ساز و تەیاری بۆ پشتیوانی پێشمەرگە نارد بوە جەبهەی سەقز، چوونکە وا بەراوەرد کرابوو کە تەنیا لەو جەبهەڕا ترسی پەلاماری دوژمن هەیە.

رێبەرانی کۆمار بە بوونی هێزی زۆری مۆڵدراو لە سەقز نیگەران بوون و سەقامگیری کۆماری کوردستانییان لە رەزگاری ناوچەی جنووب دا دەدیت. بۆیە لە ئاخر دا هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە هێرش بۆ سەر هیزەکانی رێژیم لە جنووب بەرن. بەمجۆرە لە دوا ساتەکانی تەمەنی کۆمار دا، رێبەری حیزبی دێموکرات هاتە سەر ئەو باوەڕە کە بەر لەوەی کە دوژمن بە تانک و تۆپ و تەیارە پەلاماری بکاتە سەر کوردستان، هێرش بکەنە سەر هێزەکانی رێژیم لە شارەکانی سەقز و بانە و سەردەشت و ناوچەی جنووب. دیرک کی. نی. ئین لەوبارەوە دەڵی کە قازی دوای گەڕانەوە لە تەوریز لە ٥ ی مانگی دیسامبری ساڵی ١٩٤٦ ( ١٤ سەرماوەزی ١٣٢٥) دا، کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی حکومەتی نەتەوایەتی و سەرۆکی هێزەکانی پێشمەرگە پێکهێنا و دەنووسێ:

لەم کۆبوونەوەیەدا بە هاودەنگییەوە بڕیاردرا، کە لە بەرواری ١٠ی مانگی دیسامبردا دەست بکرێت بە هێرشبردن بۆ سەر مەڵبەندی سەقز و بانە و سەردەشت و دەرفەت نەردێت بە هۆردووی ئێران بۆ پەلامارهێنان بۆ سەر کوردستان و ئازەربایجان. هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا لەشکرێکی سوارەی کوردان لە ناوچەی لای تیکانتەپەی هەوشار بنێردرێت بۆ یارمەتی هێزی ئازەربایجان، کە لە چلۆنایەکتێکی چەوت و مەترسیدا هەڵکەوتبوون لە بەرامبەر پەلاماری هوردووی ئێراندا.

پاش کۆبوونەوەی ٥ دیسامبر پێشەوا چوو بۆ تەوریز بۆ ئەوەی قەناعەت بە رووسان بێنێ بۆ هێرش بۆ سەر جنووبی کوردستان. رەحیمی قازی لە لاپەڕەی ٣٦٧دا، بە نەقڵ لە ئاڕشیوی حیزب،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لاپەرەی ٣٨ دا دەڵێ کە رێبەری کورد داوای چەکی کرد و دەنووسێ: سەرۆکایەتی جووڵانەوە لە هەموو لایەکەوە خۆی ئامادە دەکرد کە پەلامار دەست پێبکرێت بۆ سەر بەشەکانی هوردووی ئێران لەو مەڵبەندانە، تەنانەت لە مانگی مارسی ساڵی ١٩٤٦دا قازی محەممەد نامەیەک بۆ سەرۆکەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان دەنێرێت و لەم نامەیەدا نووسیویە هۆردووی ئێران لە مەڵبەندەکانی بانەو سەقز و سنە و سەردەشت تانک و فڕۆکەیەکی زۆری هەیە و داوخوازتان لێ دەکەین دوو تانک و دوو تۆپی دژی فڕۆکەمان بدەنێ، کە بتوانین بەرەنگارییان بکەین.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ١١٧ی بەرگی یەکی بیرەوەرییەکانی دا باس لەوە دەکا کە دەبوایە لە سەرەتای مانگی سەرماوەز بە پێی ئەمری کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات لەشکر بۆ بەرەی سەقز کۆ بکرێتەوە و سەید ئەحمەد سەیدتەها بەرپرسی کومیتەی نەغەدە ٢٥٠ سواری کۆ کردەوە.

دیارە بە پێی لاپەڕەی ٢٧٨ی کتێبی رەحیمی قازی و بە نەقڵ لە ئارشیوی حیزب سیایی ژمارە ٧٣ لە راپۆرتی یەکێتی سۆڤیەت دا هاتووە:

وەکی مەعلوومە هێشتا زۆر لەمەوپێش، بەر لەمەی مەترسی هێرش هێنانی هوردووی ئێران بێتە گۆڕێ قازی محەممەد چەند جارێک داخوازی کردبوو ئیجازە بدرێت بە کوردان، کە دەست بکەن بە پەلامار بردن بۆ سەر بەشە هوردووەکانی ئێران لە سەقز و بانە و سەردەشت. بە تەنیا لە بەرواری ١٠ی دیسامبردا، یانی لە پاش دەست پێکرانی هێرش هێنانی هوردووی ئێران بۆ سەر ئازەربایجان، بە قازی محەممەد ئیجازە درا کە دەست بکات بە بەجێگەیاندنی ئەم بڕیارە ...

دیارە ئەو بۆچوونە راست نییە و لەوکات دا، رووس نەیدەتوانی رازی بە هێرشی کوردان بۆ سەر جنووبی کوردستان بێ. هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە:

شەوی ١٠ی مانگی دیسامبر خۆ ئامادەکردنێکی هەموو لایەکی دەست پێکرا و بڕیار درا کە سەر لە بەیانی رۆژی ١٠ دیسامبر لە ٤ ناچەوە: لە سەردەشت و سەقز و بانە و تیکانتەپەوە هێرشی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر بەشە هۆردووگاکانی ئێران لەم جێگەیانە دەست پێ بکات، بەڵام چەند سەعاتێک پێش دەست پێکرانی ئەم هێرشە، رادیۆی تەورێز ئاگەداریی حکوومەتی خودموختاری ئازەربایجانی بە ئیمزای شەوبوستەری و جاوید و بێریا بڵاوکردەوە. لەم ئاگەدارییەدا وێژرابوو کە لەم رووە لە تەواوی ناوچەکان خۆڕاگری لە بەرامبەر هوردووی ئێراندا رادەگیردرێت و رێگە دەدرێت بە هۆردووی ئێران کە بێتە خاکی کوردستان و ئازەربایجانەوە.

بە گشتی ویست و ئارەزووی نیشتیمانی خەڵک و فەرماندە و رێبەرانی کوردستان لە ژێر کاریگەری سیاسەتی رووس دابوو و هێرش بۆ سەر هێزەکانی دوژمن لەژێر سیاسەتی شوورەویدا، هەمووجارێ فەشەلی هێناوە. سەعید خانی هومایونی لە لاپەڕەی ١٦٤ی پیشوای بیداری دا، دەنووسێ:

شورەوێکان پشتی کوردیان بەردا و بە ئاشکرا لەگەڵ پێشڕەوی کوردەکان و هیزەکانی ئازادیخواز بۆ باشووری کوردستان و ناوچەکانی سنە و کرماشان دژایەتیان دەکرد و ئەوان ئەو دژایەتییەیان راستەوخۆ بە هۆی هاشم ئۆڤ کونسولی رووس لە ورمێ راگەیەندرا و بەرگریان لە پەرەستاندنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جولانەوەی کورد کرد.

بە گشتی لە ئاخرین ساتەکانی رووخانی کۆماری ئازەربایجان دا، شووڕای شەڕ کە هەر وەک باس کرا لە ١٤ سەرماوەز بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ رێژیم دامەزرابوو، بڕیاری دا کە لە ١٠ی مانگی دیسامبر (١٩ سەرماوەز)دا، هێرش بۆ سەر جنووبی کوردستان بکا. بەڵام بە شکانی جووڵانەوی ئازەربایجان زەبرێکی قورس وە جووڵانەوەی کوردستان و ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران کەوت. بەڕێوەبەرانی کۆمار بە هەست کردن بەو مەترسیانە، هەوڵی ئاخرین پەلەقاژەکانی دا و بە پەلە بڕیاری دا تا هێرش بۆ سەر جنووبی کوردستان بکا. بەڵام رووسەکان رازی نەبوون.

**کۆماری کوردستان گەمارۆ درا**

رۆژی ٢١ سەرماوەز کۆماری ئازەربایجان تەسلیم بوو و بە نەمانی ئەو دەوڵەتە زەبرێکی گورچوبڕ لە پشتی کۆمار کەوت و مەیدان بۆ نەمانی و رووخانی کۆماری کوردستان بە تەواوی خۆش بوو. خەیانەتی دەوڵەتی رووس و بەشێک لە بەڕێوەبەرانی فیرقە، بناغەی هەموو هیوا و ئاواتەکانی کۆماری ئازەربایجان و کوردستانی کردە بڵقی سەر ئاو.

شوورای جەنگی کوردستان، چاوەڕوانی بەرگریی کردنی فیرقەی دیموکرات لە ئازەربایجان بوو، بەڵام رەوتی گوڕانکارییەکان، بە تەسلیم بوونی کۆماری ئازەربایجان، چارەنووسی کۆماری کوردستانی بە ئاقاری دیکەدا برد. لەسەر هەڵوێستی رێبەرانی کۆماری کوردستان لە ژمارەی ٧٣ ی ئاڕشیوی حیزب دا ئاوا هاتووە:

قازی محەممەد و ئەندامانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم کارەی رەهبەرانی ئازەربایجانیان بە خەیانەتیکی گەورە دانا لە بەرانبەر بە بزوتنەوەی دێموکراسی دا، بە تایبەتی لە بەرامبەر کورداندا. چوونکە بە بێ ئەمەی کوردەکان ئاگادار بن و لە پێش دا مەسڵەحەتیان لەگەڵ بکەن لە لایەن کوردەکانیشەوە دوا بوون...

لەسەر بەربەرەکانی نەکردن و تەسلیم بوونی فیرقە، مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی ٢٦ دا باسی ئاخرین رۆژەکانی کۆمار دەکا و دوای ئەوە دەنووسێ کە پێشەوا زۆر شەو تا درەنگ لە دەفتەری حیزب دەماوە و کاتێک دەڕۆیشتەوە دەبوو کادرێکی حیزبی لە دەفتەر بمێنێتەوە و ئەگەر خەبەرێک هەبا بە پێشەوای رابگەیەنی، باسی رۆژی ٢٠ی سەرماوەز دەکا و دەنووسێ: ... ئەوشەوی نۆرەی منی تازەزاوا بوو. لە دەفتەری حیزب دانیشتبووم و خەریکی نووسینی مەقالەیەک بووم بۆ " کوردستان" ئەفسەرێکی بچووک بەڵام دۆستێکی گەورەی من و ئەندامێکی زۆر بە وەفای حیزب هاتە ژوور. زۆرم پێناخۆش بوو کە دەستی بۆ رادیۆکەی سەر میزەکە برد. چوونکە نووسینەکەی لێتێک دەدام. بەڵام چم نەگوت و قەڵەمەکەم دانا.

لەپڕ شتێکی وامان گوێ لێبوو کە وەختابوو پێمان بە عەرزەوە وشک بێ. رادیۆ تاران تەلگڕافی پیرۆزبایی دوکتور جاوید وەزیری ناوخۆی ئازەربایجانی دەخوێندەوە کە بە بۆنەی گەڕانەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهی بۆ تارانی نارد بوو.

دوایە خەبەری راکردنی موتەجاسرینی راگەیاند...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستبەجێ بە تیلفوون ئەو خەبەرم بە پێشەوا ڕاگەیاند. گوتی بۆخۆت وەرە ئێرە و بە ئەوانیتریش ڕابگەیەنە بێنە ئێرە. بە دوای ئەوانم دا نارد و بۆخۆم چووم بۆ ماڵی پێشەوا. سەدری قازی برای پێشەوا کە نوینەری مەجلیس بوو لە تاران و بە ڕواڵەت نەدەبوو لەو واقیعە بترسێ، لە هەموو کەس پتر شڵەژا بوو. ئەو دەسبەجێ گەڕاوە بۆ تاران و لەوێ گرتیان و هێنایانەوە بۆ مەهاباد.

پاش ئەوەی سەدری قازی نازانم بۆچی بەرەو تاران گەڕاوە ڕابەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماڵی پێشەوا کۆبوونەوە و ئەو شەوی ڕووحییەی هەموو کەس دەتوانم بڵێم باش بوو. شوڕای جەنگ بە سەرۆکایەتی حاجی باباشێخ پێکهات و سوڕەتجەلەسەی یەکەم ئیمزا کرا و قەراری بەربەرەکانی درا. بەڵام هێشتا مەرکەبی بڕیانامەکە وشک نەببووە کە خەبەر هات یەکێک لە ئەندامەکانی ئەو شوڕایە ڕایکردوە.

بۆ بەیانی وەزع گۆڕا و بڕیاری بەربەرەکانی هەڵوەشا و بە پیشمەرگە دەستوور درا بێ دەستکردنەوە پاشەکشە بکا و ڕێگا بۆ ئەرتەش بە تاڵ بکا...

بە پێی کتێبی "دەستپێکردنی شەڕی سارد" ڕۆژی ١٩٤٦/١١/٢١ قازی محەممەد بە بروسکە داوای لە قەوام کرد کە ڕەوانە کردنی هێزەکانی ئەڕتەش بۆ سەر ئازەربایجان خۆ بپارێزێ.

هاوکات لەگەڵ هێرش بۆ سەر تەورێز، هێزێکی ئێرانی لە میانە را بەرەو مەراغە هێرشی هێنا و پەلاماریان بۆ سەر هەوشار و لای میاندواو برد و بە هاوکاری عەشایری کورد پشتیوانی ڕێژیم، هێزەکانی فیداییان تێک شکاند و چەکیان کردن.

بە دوای ئەوانە دا، فەرماندەری ئەرتەش، فەرمانی هێرشی بۆ سەر ناوەندی کوردستان دا و هێزەکانی ئێران لە هەموو سنوورەکانی ئازەربایجان و سەقز و سەردەشت را، هێرشیان بۆ سەر مەهاباد دەست پێ کرد.

لەشکری تاران لە ڕێگای قەزوێن و چەند یەکان لە ئەرتەشی ئێران جێگیر لە تەورێز، بەرەو ناوەندی کۆماری کوردستان وەڕێکەوتن. هەروەها بە هێزەکانی دەوروبەری شارەکانی سنە، مەریوان، دیواندەرە و سەقز، کە پێشتر چەند جار لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی کوردستان تووشی شەڕ ببوون، فەرمانی هێرش بەرەو مەهاباد درا.

لەوکاتەدا نوێنەری ڕووس لە مەهاباد، بە پەلە هەوڵی دەربازکردنی خۆی دا. بەکر عەبدولکەریم حەوێزی لە لاپەڕەی١٠٢ کتێبی"گەشتێک بە کۆماری مەهاباد دا" دەنووسێ:

دراوسێکەی ئێمە (سەمەدۆڤ) کە نوێنەری سوڤییەت بوو لە مەهاباد، ڕۆژی پێشووتر هەڵات بوو، تەنانەت جیهازی بیتەلەکەشی(لاسلکی) لێ بەجێما بوو.

پەسیان لە لاپەڕەی ٢٩ی کتێبی" لە مەهابادەوە .... بۆ ئاراس، سەبارەت بە چۆنیەتی و ڕادەی لەشکری ئامادەی ئێران بۆ هێرش بۆ سەر مەهاباد دەنووسێ: ... هێزی کاروانی هاتوو لە سەقزەوە لەگەڵ فەوجی سوارەی لوڕستان کە لە میاندواوەوە هاتبوون، بریتی بوون لە دوو فەوجی پیادە و دوو فەوجی سوارە و یەک دەستەی تۆپخانە ٧٥ و دوو زرێپۆش شەڕکەر. هەمووی لەسەر یەک ٦٠٠ سەرنیزە و شمشیر و ١٢ برێنی گران، دوو زرێپۆش، دوو تۆپ و کادێری سەرکردەیی...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەروەها لە ژمارەی ٥٦٣ "راه توده" بە قەڵەمی سەروان کەیومەرس ساڵح ئاوا هاتووە: چەند لەشکر لە سوپای ئێران بۆ چوون بۆ مهاباد سەرەتا لە سنە، کامیاران و دیواندەرە تا نزیک سەقز جێگیر کران و لەشکری تاران و چەند لەشکری تری ئێران لە تەورێزەوە بۆ گەیشتن بە لەشکرەکانی تر بە ڕێگای قەزوێندا بەرەوە کوردستان ڕەوانە کردن. ئەو لەشکرانە ڕۆژی ١٣٢٥/٩/٢٠-١٩٤٦/١٢/١١ گەیشتنە سەقز و لەوێوە بە ڕێنوێنی جاشەکان بە جادەی بۆکان دا بۆ ناوەندی کۆماری کوردستانی گەورە واتا مەهاباد بەڕێکەوتن...

لە یەکەم هەنگاودا فەرماندەری ئەرتەشی ئێران، بە پەیام پێشەوا قازی ئاگادار کردەوە کە لەبەرانبەر ئەرتەش دا رانەوەستێ و راگەیندرا کە ئەو ئەرتەشە بۆ چاوەدێری بەسەر سندوقی دەنگدان دێتە کوردستان و بە دژی کورد هیچ کارێک ناکا. پەسیان لە لاپەڕەی ٨ دا دەڵێ کە لەم پەیامەدا قەولی شەڕف بە قازی محەممەد درابوو کە هێزەکانی ئەرتەش، لەسەر بیروباوەڕی سیاسی کەس ئازار نادەن و دەست لە کاروباری کوردستانی سەروو وەرنادەن و نایەڵن خوێنرێژی پێک بێ.

**پاشەکشە لەبەرەی سەقز و سەردەشت**

تەفرشیان ئەفسەری شۆڕشگێڕی هەڵاتووی ئەرتەشی ئێران کە ماوەیەک بەر لە رووخانی کۆمار، لە لایەن حکومەتی ئازەربایجان، لەگەڵ هێندێک ئەفسەری دیکە، مەئمورییەتی پاریزگاری لە بەرەی سەقزیان پێدرابوو، لە لاپەڕەی ٢٧٣ی کتێبەکەی دا دەنووسێ کە شەوی ٢١ی سەرماوەز لە ئاوایی " ئاڵتوونی خواروو" بوو کە عیزەت عەبدولعەزیز سەرۆکی ئەرکانی بارزانی، ئاگاداری کردەوە کە سوپای ئازەربایجان بڕیاری بەرگری نەکردنیان داوە و رایانگەیاندووە کە سوپای بگەڕێتەوە مۆڵگەکانی خۆی. عێزەت عەبدولعەزیز ئاگاداری تەفرشیان دەکا کە پیشەوەری و رێبەرانی فیرقە هەڵاتوون و لەشکر هاتوتە ناو تەورێز و میاندواو. تفرشیان دەنووسێ کە عیزەت فەرمانی پێدەدا کە بۆ پاراستنی بەرەی پێشەوەی کوردستان، بچێتە بۆکان و لە بەرەی میاندواو سەنگەر بگرێ. تەفرشیان دەچێتە ئاوایی سەرا چاوی بە هێندێک لە ئەفسەرانی ئازەربایجانی هاوکاری دەکەوێ و دوایەش عیزەت عەبدولعەزیز دەبێنی و ئەو پێشنیاری پێدەکا کە بە تۆپەکانەوە بەرەو مەهاباد بچێ.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٥٣ بەرگی دووهەمی کتێبی دا دەنووسێ:

کشانەوەی لەشکری مەلامستەفا لە جەبهە

مەلا مستەفا بە هیوای ئەوە نەبوو کە جارێکی تر موشکیلەی دەربەدەری و لێقەوماوی ببینێتەوە. کەچی بە پێچەوانەی مەرام لە سەعات ٤ی شەو ٢٠/٩/١٣٢٥ لە لایەن فەرماندەی هێزی ئازەربایجان بە هێزەکەی راگەیندرا کە حالەن تەرکی جبهە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ میاندواو وتەورێز. چونکە دەوڵەتی ئازەربایجان تەسلیمی نەفسی بە دەوڵەتی شاهەنشاهی کردۆتەوە.

هەر لە چوارچێوەی ژیان و گوزەرانی بارزانییەکان دا، مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٥٢ بەشی دووهەمی کتێبی دا دەنووسێ:

مەلا مستەفا بۆ شەخسی خۆی مانگێ چوار هەزار تمەنی لە قازی محەممەد وەرئەگرت و کرێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خانووشی بەلاش بوو و نەفەرات و عەوائیلی بارزانیش نیسبەت بە پێش لەشکرکەشییەکەیان تا ئەندازەیەک تەرزی ژیانیان باش ببوو. کەمێک بزەڵە ببوونەوە چونکە لە لایەن ئازەربایجانیەکانەوە نەختێ قەند و چا و لیباسیان بۆ حەواڵە کرابوو. خۆراکی فەزڵەی جبهەشیان لێ بەش ئەکرا و دەغڵ و دانیشیان لەلایەن ئاغاوەتەکانەوە بۆ قەرارداد کرابوو. خۆشیان کەم کەمە فێری مڵومۆش ببوون.

حکومەتی ئازەربایجان تەقی ئابادی میاندواو لەو ئەرمنیانە بۆ کریبوون کە تەرکی تەبەعیەتی ئێرانیان کردبوو و چووبوونەوە بۆ رووسیا. تەقریبەن ٥٠٠ ماڵێکی بارزانی لەو جێگا خۆش و پڕ باغات و میوەی تەقی ئابادا دانیشتبوون و لەو شوێنە سازگارەدا حەوابوونەوە.

ئەگەر وەزعییەت تێکنەچووایە قەرار وابوو دێهاتی قەرەنی ئاغای مامەش و عەبدوڵلا خانی حیسامی داشکستان و ئەمینی لەشکر و حەمەئاغای بەسەر بارزانیەکانا دابەش بکەن و لەو شوێنانەدا مل بدەنە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری. وە غەیری ئەوەش مەلامستەفا تەئسیراتی زۆری کردبوو سەر ئەو ئاغایانەی کە ماڵە بارزانی لە دێهاتەکانیانا هەیە. زۆر باش چاوەدێری ئەکران. تەقریبەن خەریکی ئیستاحەت و ژیانەوە بوون کە لێیان قەومایەوە.

هەر لە درێژەی پاشەکشەی پێشمەرگە لە بەرەکان دا، مەلا مستەفا لە رۆژی٢١ی سەرماوەز، چەند ئەفسەری سوپای ئازەربایجان بە ناوەکانی مورتەزا زەربەخت، نیکۆلا ماکاریان و ئەبولقاسم حەقپەرەست کە لە رۆژی ١٩ی سەرماوەزدا، بۆ هاوئاهنگ کردنی بەرەکانی شەڕ و ئامادە کردنی شوێنی فڕۆکە، هاتبوونە بەرەی سەقز، لە دەقی راگەیەندراوی تەسلیم بوونی فیرقەی دێموکرات ئاگادار کرد و پێیگوتن کە هەموو شت تەواو بوو.

بەمشێوەیە بە پێی ئەو رووداوانە، رێڕەوی سەرەکی هێرش بۆ سەر کوردستان گۆڕا و لە تەورێز و میاندواو را دەستی پێکرد. سەرتیپ هومایونی فەرماندەری هێزەکانی دەوڵەت لە سەقز، بڕیاری دا لەوێرا بەرەو بۆکان و مەهاباد دەست بە پێشڕەوی بکا و لە شاری میاندواو جێگیر ببێ. لە وەزعێکی ئەوتۆ دا مەلا مستەفا ویستی، حەمەدەمین میرخان، فەرماندەی بەتالیۆنی یەکەم بنێرێتە لای میاندواو و بەرەیەکی دیکە بکاتەوە. بەڵام کار لە کار ترازا بوو میاندواو گیرا بوو، بۆیە بڕیاریدا هێزەکانی خۆی بەرەو مەهاباد بکشێنێتەوە.

ئەوجار بارزانی، حەمەدەمین میرخانی ناردە مەهاباد تا ئاگای لە خێزانی بارزانییەکان بێ و چەند کەسیشی ناردە دێهاتی نێوان بۆکان - مەهاباد تا خێزانی بارزانییەکان ببەن بۆ مەهاباد. بارزانی بە ئەفسەرانی ئازەربایجانی گوت کە کەیفی خۆیانە چ بڕیارێک دەدەن، بەڵام باشترە کە لەگەڵ ئەو بکەون و داوای لێکردن کە بچن بۆ پێش بەرەی سەقز و لە سەعات هەشتی ئێوارێ لەوێ ئامادە بن تا بەرەو مەهاباد وەڕێکەون. زەربەخت لەو باوەڕەدا بوو کە مەلا مستەفا ئیدی لەوکاتە را خۆی بە سەرکردەی بەرەی سەقز نەدەزانی و لە فکری پێشمەرگەکانی دابوو.

یەکەمین فەوجی هێڵی پێشەوەی بەرەی سەقز، بریتی بوو لە فەوجی پیادە بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ عەلی ئەسغەری ئیحسانی کە لە ئەفسەرانی خوڕاسان بوو. ئەو، پێشنیارەی بارزانی قبووڵ کرد و لەگەڵ مەلا مستەفا کەوت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکەکانی دیکە فیدایی کە لە ژێر فەرماندەری "رامتین" کە کرێکاری رێگای ئاسن بوو و پلەی رایدی هەبوو، لەگەڵ مەلا مستەفا نەکەوت و لە رێگای میاندوا و تەورێز گیرا و لە دادگایی سەحرایی لە مەراغە، لە دار درا.

بەمشێوەیە پێشمەرگەی بەرەی سەقز لە ژێر فەرمانی مەلا مستەفا، بە تۆپەکانەوە بەرەو بۆکان پاشەکشەیان کرد. هاوکات لەگەڵ ئەوانە هێزەکانی پێشمەرگەی لە بەرەی لای بانە و سەردەشت، بەرەو مەهاباد کشانەوە. مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی ٢٧ی کتێبی تاریک و روون دا، ئاوا باس لە کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لە بەرەی سەقز و سەردەشت دەکا و دەنووسێ:

پێشمەرگە لە جەبهەی سەقز و سەدەشتەوە بە رێک و پێکی پاشەکشەی کرد. بەڵام فیداییەکان کە فەرماندەکانیان رایان کرد بوو وەک مەڕی بێشوان بڵاوبوون و عەشایر لێیان وەخۆکەوتن و هەموویان داپڵۆسین و نەیانهێشت تاقە فیشەکێک لەگەڵ خۆیان بەرنەوە. بەڵام نەوێرانە پێشمەرگە. تەنیا لەناو مەنگوڕان پێشی دەستەیەکیان گرت کە بە فەرماندەیی زێڕۆی دەگەڕاوە، زێڕۆش کە بۆخۆی شێرەخۆرەیەکی وەک ئەوان بوو، دەستی نەدا و بە گژیان دا هاتەوە و تەنانەت چەند گوندیشی تاڵان کرد و گەیشتەوە مەهاباد. ئەوان فیداییەکانی ئازەربایجانیان رووت کرد بوو کەسیان نەکوشت. ئەوەی من وەبیرم بێ لەو کارەساتەدا تەنیا پێشمەرگەیەکی کوردی عێراقی شەهید کرا و هێندێکیشیان ناپیاوانە رووت کردن. فەرماندەی ئەرتەش بێ هیچ زەحمەت گەیشتە گوندی حەمامیان و پێشەوا لەوێ دیتی.

لەسەر چۆل کردنی بەرەی سەردەشت، پێشەوا بۆخۆی نامە بۆ فەرماندەرانی بەرەی سەردەشت دەنێرێ و داوایان لێدەکا کە بەرە چۆل بکەن. وریا ماملی لە لاپەڕەی ٣٤٣ کتێبی "کورد بوون" بە نەقڵ لە عەبدوڵای رەسوڵ پشدەری، یەکێک لە فەرماندەکانی کوردی عێراق لە بەرەی سەردەشت دەنووسێ: وێڕای رێز و سڵاو. ئاگادارتان دەکەم کەوا سوپای ئێران گەیشتە تەورێز و حکومەتی (جەعفەری پیشەوەری) رووخا بە بێ ئەوەی هیچ بەرگری لە خۆی بکات. بۆ ئێمە لە پاش هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیەکی زۆری کێشەکانمان لە هەموو روویەکی سیاسی و عەسکەرییەوە، بڕیارمان دا کە وا بەرەکانی جەبهەکانی شەڕمان چۆل بکەین و بەرەو پیری سوپای ئێران بۆ بەخێرهینانیان. ئینجا تکام وایە کە ئەوانەی عێراقین بگەڕێنەوە عێراق و ئەوانەی ئێرانیشن خۆیان بدەن بە دەستەوە لە نیزیکترین شوێنی سوپای ئێران.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٢٤٩ بیرەوەرییەکانی دا دوای ئەوە باسی نامەی پێشەوا دەکا کە بۆی نووسیوە "زۆر بە پەلە پۆستەکەت هەڵدەگری و دێیەوە بۆ سابڵاغێ." دەنووسێ کە ماڵئاواییمان لە پێشمەرگەکانی پشدەر کرد. ئەوان داوایان لیکردین کە لەگەڵیان بچین بۆ عێراقێ، ئەمن قبووڵم نەکرد و وەڕێکەوتین. پۆستەکانی پێشمەرگە شوێنەکانی خۆیان چۆل کرد بوو بەو شەوە وەڕێکەوتین و گەیشتینە هێزەکانی زێڕۆبەگ. بۆ لای تاوپەڕان گەیشتینە ئاوایی کاوڵانێ. حەمەدی مەولوودی لە درێژەدا لە لاپەڕەی ٢٥٠بیروەرییەکانی دا دەنووسێ: لەوێ شەومان ڕۆژ کردەوە. چەند ئاغایەکی مەنگوڕان مایۆر و ئەفسەری جەبهەی کوردوستان بوون، لەوانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

″حەمەدئاغای ...″ و برای ″قادری ...″ و چەند کەسی دی کە هەریەکە و فەرماندەی جەبهەیەکی بوون. ئەوانە شەوێ لە کاوڵانێ خۆیان دزییەوە و چوونە پاڵ لەشکری مەنگوڕان و لە ″گوێچکەدەرێ″ ڕێگەیان لە ئێمە گرتبوو و نەیاندەهێشت دەربازی سابڵاغێ بین و دیانویست چەکمان کەن. ئەوانە هەر لە ڕۆژی هەوەڵەوە بە دەغەڵی خۆیان وا نیشان دەدا کە گۆیا دەیانهەوێ کوردوستان ئازاد بکەن و بۆ کورد شەڕ بکەن. بەیانی کە لە خەو ڕاستبووینەوە زانیمان کە ئەوانە هەڵاتوون و خۆیان دزیوەتەوە. خەبەریشیان دابووینێ کە ئەوە مەنگوڕ لەشکرێکی یەکجار زۆریان لەسەر ڕێمان ئامادە کردووە تا ڕێگەمان پێبگرن و چەکمان بکەن. ئێمەش هەموو شتێکمان بە دڵ و بە گیان قەبوڵ کرد و خۆمان ساز کرد و وەرێ کەوتین. من لە ناوەندی لەشکرەکە بووم و زێڕۆبەگیش بە سواری ماشێن لە دواوەی لەشکر بوو، هێشتا زۆر نەڕۆییشتبووین کە لە دوور ڕا دیتم ئەوە پێشمەرگەکانی پێش ئێمە وا لێکهاڵابوون هەموو تێکیان داویشت، هەر دەتگوت شتێکی عەنتیکەیان دۆزیبێتەوە. زوو سوار بووم و تەقڵەکوت خۆم گەیاندنێ. کە پێشمەرگەکان منیان دی بانگیان کردم و گۆتیان وەرە بزانە ئەو سێ کەسە دەڵێن چی؟ ئەو سێ کەسە دیار بوو منیان دەناسی. گوتم:

- چییە؟ چ بووە؟

- ئێمە ڕاسپاردەین و چمان لەسەر نییە. قاسیدین و ناردوویانین بۆ لای ئێوە.

- دەی؟

- ئاغاکانی مەنگوڕان هەموو ڕێگاکانیان لە ئێوە گرتووە و دەیانهەوێ چەکتان کەن.

- دەی؟

- ئاغاکان دەڵێن حەمەدی مەولوودی، دەگەڵ هەموو سابڵاغێکان ڕێگایان کراوەیە، دەتوانن بێن بڕۆن بەڵام زێڕۆبەگ و دەستەکەی دەبێ تفەنگان دابنێن جا بڕۆن.

من ئەو کەسە نەبووم پشتی پێشمەرگەی کوردوستان بەردەم. هەرچی ئاغای خائینە دەکەم بەقوربانی پێڵاوی پێشمەرگەیەک، بێئەوەی لەسەر زێڕۆبەگی ڕاوەستم تا دەگاتێ و تەگبیری دەگەڵ بکەم، وەڵامم ئاوا دانەوە:

- کێشە نییە تۆ بڕۆ پێیان بڵێ ئێستا ئێمە دێین بۆ ″گوێچکەدەرێ″ و لەوێ قسەی خۆمان دەکەین. بەڵام ئەوەشم پێبڵێن بزانم حەمەدئاغا و ئەفسەرەکان لەوێن؟

- بەڵێ، نیوەشەوێ هاتوونەوە و کڵاوە ئەفسەرییەکانیان فڕێ دا و نیشانەکانیان لەخۆیان کردەوە و گەپیان پێدەدان و قسەیان پێدەگوتن.

- دەی باشە کە وایلێهات بڕۆن پێیان بڵێن ئێمە لە قەراخ گوێچکەدەرێ خۆمان مەڵاس دەدەین و لە حەمەدئاغا و ئەفسەرەکان زیاتر کەس نەیەت، لەبەرئەوەی ئێمە ئەسلەحەکانمان تەنیا دەدەینەوە بە ئەوان کە ئەفسەری کوردوستان بوون.

ئەوان وە ڕێگا کەوتن و گەڕانەوە، ئێمەش درێژەمان بە ڕێگا دا، لەو شاخ و کوێستانە سەختانە وەسەر کەوتین و گەییشتینە گوێچکەدەرێ. میر و لەشکری مەنگوڕان هەرچی شاخ و ڕێگا بوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرتبوویان. وچانێکمان گرت و کەمێک حەساینەوە و لەسەر قەولی خۆشمان ڕاوەستاین تا بەشکوو بێن چەکمان لێبستێنن، کەچی نەهاتن. ئەوجار فەرمانی هورووژمم دا و پێشمەرگە خۆنەویستانە پەلاماری لەشکری مەنگوڕانیان دا. شەر دەستیپێکرد. هەر دەهاتوو گەرمتر دەبوو. بە باشی نازانم خۆم تاریفی خۆم بکەم، بەڵام من سوار بووم و لەمن بەدەر هەموو پیادە بوون. زێرۆ بەگ نەبێ دە ماشێنەکەدا بوو کە لە دوای هێزەکەمان بوو. ئەو ڕۆژە پێشمەرگەی سابلاغێ شەڕێکیان کرد تا ئەوڕۆ شتی وا نەبیزاوە. هەر کادەرویشی بوو هەڵدەهات. تەرتوتوونا بوون. کەس نەیزانی بۆ کوێ هەڵاتن و لە چ کونێکدا خۆیان شاردەوە. برایەکی "کاکە ڕەحمانی گەنەداری" کوژرا، کە ئەو کوژرا ئیتر خۆیان نەگرتەوە. بەوجۆرە گوێچکەدەرێمان گرت و خوا هەڵناگرێ پیاوەکانی زێرۆبەگ شەرێکی مەردانەیان کرد. ئێمەش تاوێک وچانمان گرت و کەمێک حەساینەوە. "خانانی هەرمیلەی" کە ئەفسەرێکی کوردوستان بوو، گوتی باشتر وایە وەدوویان کەوین و ڕاویان بنێین نەکا خۆیان بگرنەوە، ئێمەش وەدوویان کەوتین. ئەوشەوە هاتینە "هەمزاوا"یە ( .... ) شەو لەنێو دێ تێر حەساینەوە. بۆ بەیانی چووینەوە سابلاغێ. کەسوکاری پێشمەرگەکان هەموو هاتبوونە سەر ڕێگایە، زانیبوویان مەنگوڕان هاتوونەتە سەر ڕێگامان. وایانزانیبوو کە تێداچووین ئیتر نەیانزانیبوو کە کوڕەکانیان شەڕێکیان کردووە بێ وێنە. شین و واوەیلایەکیان بوو نەبێتەوە. هەر دایک و باوک بوو دەستی لە ملی رۆڵەی خۆی گرت بوو و دەگریان. دەگەڵکوو هاتینە ناو شاری، سەرم سووڕ مابوو، ئەو رۆژە ئەمن سابلاغم قەت وا نەدیبوو، لە چەند نەفەر خایئین بەدەر هەموو مات و ملکەچ، هەموو وەک مردوویان لێ مرد بێت وابوو.

لە لایەکی دیکە هێزێکی گەورەی فیدائی لە لەشکری فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بە دوای ڕێکەوتنی نیزامی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان، بۆ بەهێز کردنی بەرەی کوردستان، لە سەقز و ناوچەی میاندواو جێگیر ببوون. ئەوانە بە دوای تەسلیم بوونی ئازەربایجان بێ ساحەب مانەوە و عەشاری دێبۆکری پشتیوانی ڕێژیم چەکیان کردن. سەیر لەوە دایە کەسانی ئەوتۆ هەن کە پاساو بۆ ئاغایانە دێننەوە و دەڵێن ئەو هێزە تورکە ویستی هێرش بکەنە سەر مەهاباد بۆیە چەک کران. محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی٥٣ بەرگی دووی کتێبەکەی دا دەنووسێ: ئەمجا ئەو هێزەی کە لە تەورێزەوە بە کۆمەگی لەشکری قازی محەمەدەوە هاتبوو بۆ جەبهەی سەقز و لەدێهاتی تەمووتە-قشلاغ-مازوداره-چراغ- وەیس- میتوو- مرخەس – ئاخکەند - ئایچی ئیقامەتیان کردبوو لە وەرگرتنی ئەو خەبەرە شپرزە بوون و ئاژاوەیەکی زۆر عەزیم کەوتە ناو لەشکری ئازەربایجان و لەشکری بارزانی. لەشکری ئازەربایجانی بە تەواوی مەعنویاتیان لەدەست دابوو. وەکو کەوی باڵ و پێ شکاویان لێهاتبوو. لەبەینی بۆکان و کوڵتەپە و ناڵەشکێنە و ناچیت و وشتەپە و حەمامیان، عەشایری دێبوکری داخداریان بەرەنگار بوو. ئەو لەشکرەیان هەموو چەک کرد و بەرووت و قووتی بەرەو میاندواو کەوتنە حەرەکات. بەڵام هیزی بارزانی مەعنەوییاتیان زەعیف نەبێبوو. ئینزیباتی سەربازیان لەچەنگ خۆیان نەدابوو.

بارزانیەکانیش فورسەتیان لەو لەشکرە بێگیانەی ئازەربایجانی دیبوو، هەر لە جبهەدا هەر

زەخیرە و حەیواناتی نەقل و ئەسلەحەی فچلە وەکو رەشاش تفەنگ و فیشەک و تۆپ و ماشێن و دەنەمیتی کەبەو لەشکرە گلاوە هەبوو لێیان وەرگرتبوون هەروەکو مێشیشیان بەلادا نەچووبێ وابوون. زۆر بە ئارامی وڵاخی باری و سواری ئەو دێهاتانەشیان کۆکردبۆوە.

هەرچێکی کە بە عەمەلی بارزانیەکان هاتبێ، لەشکری مەلامستەفا بە کەماڵی ئینتیزام و ئارامی هەڵیان گرتبوو. لەسەر دەستووراتی مەلامستەفا بەرەو رێگا بەسرێ، بورهان- تازەقەڵا- شەرەفکەند کەوتنە رێ. موتەجەهەن بۆ سابلاغ رێگایان گرتەبەر و عەلی ئەکبەر غەففاری و بیگلەری سەرتیپ معاوینی لەشکر دوور و نیزیک تەعقیبیان ئەکردن و هەر دێیەکی کە ئەهاتە سەر رێگایان و سەر بە ئێرانیەکان بایە، هەر ئەسلەحە و حەیوانێکی باری و سواری کە تیابوایە وەریان ئەگرت و بە تاڵان کراوی بۆ ئاغا خائینەکەیان بە جێ ئەهێشت.

سەرەڕای ئەوانە لە کاتی پاشەکشەی هێزەکانی بارزانی لە بەرەی سەقز را، بەشێک لە ئاغایانی ناوچەی بۆکان هەوڵیان دا کە زیان بارزانییەکان پێبگەیەنن، بەڵام بارزانییەکان مەترسیدار و بە سام بوون، بۆیە نەیانوێرا خۆیان لێبدەن. محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی٥٤ کتێبەکەی دا دەنووسێ:

کردەوەی خائینانەی دێبۆکرییەکان لەگەڵ بارزانیدا

دێبۆکری یەکان لە لەشکرە خوێڕییەکەی قزلباشی تورکمانی ئازەربایجان چێشتە ببوون، کە خەبەری گەڕانەوەی لەشکری بارزانی ئەبیسن لە هەموو لایەکەوە خۆیان لێ گیڤ ئەکەن کە دایانپلۆسن. بەڵام کاتێ ئەگەن بارزانییەکان لەوانە نین کە ببنە نیچیری ئەمان، لە ترسان رێگایان بۆ چۆڵ ئەکەن.

هەتا لە دێی (گۆل و مەللالەڕ) قارەمان ئاغای دێبوکری لەگەڵ چەند پیاوێکیا پەلاماری چەند نەفەرێکی پەڕاکەندەی بارزانی ئەدەن. بەڵام بارزانییە شیاوەکان بە مەردانە لێیان رائەپەڕن و دوو نۆکەری ئاغاکە ئەکوژن و ئاغای ناوبراویش بە کلک شۆڕی میانەیان بۆ چۆل ئەکات.

لەدێی تازە قەڵاش، حاجی بایزئاغای ئیلخانی زادە دوو نەفەری پێشرەوی شکستەی بارزانی رووت ئەکاتەوە. هەر لەو رۆژەدا زۆربەی لەشکری گەڕاوەی بارزانی ئەگاتە ئەو دێیە. لە جیاتی ئەو دوو تفەنگە ٧ تفەنگ و ١٥ ئەسب و ئێستری حاجی بایزئاغا لەگەڵ خۆیان ئەبەن و حاجی بایزئاغاش ئەگرن کە لە داری سیاسەتی بدەن. خۆش بەختی حاجی بایزئاغا، من لەگەڵ عەلی جەوانمەردی و کەریمی محەممەدی لە سابلاغ ئەگەڕاینەوە ئەچوین بۆ دۆڵی میرەدێ. لەوکاتەدا ئێمەش گەیشتینە دێی تازە قەڵا و بە حادیسە رائەگەیشتین. بەنا بە سەداقەت و دۆستایەتی من و ئاغای جەوانمەردی، بە هەر تەرزێ کە بوو ئاغای حاجی بایزئاغامان لە سەگ بە حەساری رزگار کرد. بەڵام تفەنگ و وڵاغەکان هەر رۆیشتن.

لە دێی شێخلەر، جەند پیاوێکی ئەحمەدئاغای ئیلخانی زادە، پەلاماری ماڵێکی بارزانی ئەدەن کە لەو دێیە تەحتولحمایە ئەبێ. بەڵام ماڵەکە پیاوی لە ماڵ نابێ تەنها هەر ژنەکە ئەبێ. ژنە بارزانییەکە زۆر بە ئەهمیەتەوە تەقە لە پیاوەکانی ئەو ئاغا بێ مرووەتە ئەکا. دوو نەفەر لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نۆکەرەکانی ئاغا ئەکوژێ و هەڵدێ. لەشکری کشاوەی بارزانی ئاگادار دەکات. ئەمانیش دێنماڵی ژنەکە لەو دێیە بار ئەکەن. ئاغاش بە نۆکەرەکانییەوە زەق زەق تەماشایان ئەکات و ناوێرێ هیچ بڵێ.

جا ئەو دێبوکریانەی کە ئاغای مەلا مستەفا لە زیدی حەمە رەشید خان ئیتیحادی لەگەڵ کردن و لە سابلاغیدا ئەیخستنە ناو وەزایفی گەورە و باشەوە، پاداشتەکەیان ئەوە بوو کە لە جیات ئەرکی پەزیرایی و هاوخویشایەتی کوردایەتی، لە پێش هەموو عەشایرێکا پەلاماری شکستەی بارزانییەکانیان ئەدا و ئەیانەویست بە دەردی ئازەربایجانەکانیان بەرن کە بۆ محافیزی ناموسی ئەوان هاتبونە ئەو ناوە. بەڵام هەتا نیهایەت عەشیرەتەکان نەیانتوانی هێج وێنە سوکێک بەسەر شانی عێلی بارزانی بنێن.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٥٦ بەشی دووهەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." باسی وەزعییەتی خراپی بارزانییەکان لە کاتی پاشەکشە بەرەو مەهاباد دەکا و دەنووسێ:

شپرزەیی ماڵ و منالی بارزانی لە کۆچ ورەوەی سابڵاغا

ئەو رۆژەی لەشکری بارزانی لە جبهەی سەقزەوە بەرەو سابڵاغ کەوتە رێ بەفرێکی زۆر باریبوو و لەشکری ئێرانیەکانیش دوور و نیزیک تەعقیبی لەشکری بارزانیان ئەکرد. عائیلەی بارزانی بە دوای کۆچبارا کەوتبوونە رێ. زۆرتری ژن و منالی بارزانی بە بێ پێلاو بەناو بەفرا ئەرۆیشتن. لە هیندێ جێدا ژنەکانیان بێشکەیان بە کۆڵەوە بوو منالیشیان لەسەر قەڵاندۆشکان چەسپ کردبوو. لەهیندێ جیگادا منالی ٧-٨ ساڵانەیان بە پێ ئەرۆیشتن و ئەو پێ و پلە ناسکانەیان لەناو بەفرا نقووم ئەبوو.

لە هیندێ شوێنا پیرێژنەکانیان بە پشتی چەماوە بەدارە دەست بە پێی رووت بەعزەن بە کاڵەوە پێتاو خۆیان دابستبوو و ورد ورد بە دوای کۆچباری بارزانیدا ئەیان خاوت.

مەروماڵ و ژن و منال و کۆچ و باری بارزانی لە پێش لەشکرە کشاوەکەی بارزانیدا رێی داگرتبوو، بەرەوسابڵاغ. بەرەو خزمەتی زەعیمی بارزان. بەرەو فەرماندەی هەموولایەکیان. بەرەو جەنابی ژنێراڵ مەلا مستەفا کەوتبوونە رێ. چ رێیەک و چ رۆیشتنێک، رێگای نیهایەت. رێگای قڕی و ماڵوێرانی رۆیشتنی بێ هیوا. رۆیشتنی بێ مەنزڵ و شوێنێ. رۆیشتنێ کەس نەزانێ کە بۆ کوێ ئەچن و لە کوێ ئیسکان ئەبن و چ ناوچەیەکیان بە نەسیب ئەبێ. جا بەو تەرز ئەو رێگا دوور و درێژەی بەینی سابڵاغ و سەقزیان ئەبڕی. چ بڕینێک (رێگا بڕینی بەفر و رەهێڵە. کڕێوە و بەستەڵەک. مەلامستەفا بێچارەش لەشاری سابڵاغ سەری لێشێوابوو نەیئەزانی چی بکا و ئەو هەموو عائیلە زۆرەی بارزانیە هەژارانە چۆن دەرباز کا و بۆ کوێیان بنیرێ کە نەکەونە دەست لەشکری ئێرانی و بە دیل نەبرێن بۆ وڵاتانی فارس و تورکمانی. بە هەموو مەعنەویان و شعورێکییەوە خەریکی راگوازتنی عائیلەکانی بارزانی بوو بۆ دێهاتی مەنتیقەی شنۆ، لاجان، نەغەدە، سندووس.

لەهەموو لایەکەوە عەوائیلی بارزانی دائەبارینە سابڵاغ و ئەکسەری کۆچباری بارزانی لە جەهەتی تەقیەئاباد و میاندواو و ساینقەڵا، بەر هێزی دوژمن بڕابوو. خەتی رجعەتیان بۆ سابڵاغ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێ قەتع کرا بوو. مەلا مستەفا زیاتر بۆ ئەو قەتعی خەتییە رچعەت و ئەسیری ماڵە بارزانیەکان شپرزە بوو. بۆ ئەو عائیلانەی کە ئەگەیشتنە سابلاغ بە گورجی تەمینی نان و خۆراکی رێگایان ئەکرا و بە ماشێن و بە هۆی ولاغ لە سابلاغ دوور ئەخرانەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە لەسەرەوە باسکراون. بەڵام خۆرک چەنگ کەوتن لە سابلاغ زۆر زەحمەت ببوو. کەس ئاگای لەکەس نەمابوو. نیزامی شئوون لە ناو شاردا هەڵگیرابوو. لەشکری ئێران لە سابلاغ نیزیک ببۆوە. ئێرانی خواهەکانی سابلاغ بۆ ئیستیقبالی نیروی ئێرانی خۆیان ئامادە ولەسان دابوون. چە جای ئەوەی کە بەزەییان بەو عێلە لێقەوماوەی بارزانیدا بێ. بەڵکوو تەحقیریان ئەکردن و کینەیان لێ ئەکێشان. لەکاتێکی ئاوا بە تاس و ساما ٢٥٠٠ ماڵی بارزانی بە بێ خۆراک و جێگا و مەنزڵ بەسەر مەلامستەفای بێچارەدا کەوتبۆوە.

بەخسووس ئەو عائیلە بەربرۆانەی بارزانی شتێکی زۆر ستەم بوو لە نەزەری مەلامستەفا و هەموو غیرەتدارێکی کورد. هەتا لەناو شاری میاندواوا قزلباشیە بێ نامووسەکانی ئێرانی پەرەست دوو نەفەری بارزانیان شەهید کردبوو و خەریکی خنکاندنی ژنێکی بارزانی ببوون لە ناوەراستی شاری میاندواوا. بەڵام خۆشبەختانە، شێخ جەلالی کاکە لاوی نەودێیی و مینە قارەمانی پیاوی حەمەرەشیدخان و رەشیدئاغای مەعروفی و رەسوڵ ئاغای بلجری، کە لەو وەختەدا لەو ناوە لەشکری قازی محەممەد ئەبن، ئەگەنە هاواری ئەو ژنە بارزانیە. تەقە لەقزلباشەکان ئەکەن ژنەکە نەجات ئەدەن.

جا بەو وەزعییەتی ناهەمواره ئەو هەموو عائیلانە لەو مسافەتە کەمەدا لە لایەن مەلامستەفاوە رەوانەی شوێنە باسکراوەکان کران. ئەمجا لە کۆتاهی هاتنی عێلی بارزانیدا مەلامستەفا دەرگای ئەسلەحەخانە و ئەنباری زەخیرەی دیمۆکراتی قازی محەممەدی شکاند و هەر ئەسلەحە و زەخیرەیەکی کە لە ئەمبارەکانا مابووە بەرێی کرد بۆ ناو خێلی بارزانی و خەزێنەی دەوڵەتی کوردستانیشی شکاند بەڵام خەزێنەکە شتێکی وەهای تیانەبوو کە شایانی باس بێ. لەو وەختەدا کە ئەو عێلاتی بارزانیانە بۆ ئەترافی شنۆ و لاجان بەرێ کرابوون ٣ شەو و٣ رۆژ ئەو هەموو عێلانە لەناو بەفردا مابوونەوە. رێگایان نەدرابوو بچنە نەغەدە و سندووسەوە. چونکە ئەو شارانە لەلایەن حکومەتی ئێران ئیحتیلال کرابوونەوە. هەتا حکومەتی مەرکەزی لە تارانەوە دەستووراتی دابوو بە فەرماندەی لەشکری رەزائیە کە ئەو دوو شارە چۆل بکەن بۆ عەوائیلی بارزانی. ئەمجا رێگایان درابوویێ کە بچنە ناو شاری سندووس و نەغەدە و شنۆ. ئەمجا مەلا مستەفا لە پاش راگوازتنی ماڵە بارزانیەکان سابلاغی بە سەر قازی محەمەد بەجێهێشت و لە رۆژی ٢٧ ئازەرما سەرهەنگ ئەنساریان بە هەنگی سواری لۆرستانەوە و سەرهەنگ غەففاریش بە ١٥٠٠ نەفەری عەشایرەوە بۆ تەعقیبی مەلا مستەفا چوو بوو تەرەفی کارێزە و نەغەدە و ئەق تەوێڵە.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٥٧ بەشی دووهەمی کتێبی دا باسی پاشەکشەی زێڕۆ لەبەرەی سەردەشت دەکا و دەنووسێ:

کشانەوەی زێرو لە جەبهەی سەردەشتا

لە مەنتەقەی سەردەشتیش بەعەینی دەستوور لەشکری زیروی هەرکی و بەکرئاغا حەوێزی و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بارزانی دەورەی سەردەشتیان چۆڵ کردبوو بە سمەتی جەلدیان و سۆفیان و ناو عەشیرەتی مەنگوڕ و پیران خۆیان گەیاندبۆوە مەلامستەفا. بەڵام عەشیرەتی مەنگوور لەسەر دەستووراتی هەمزەئاغای ئەسلان کە یەکە لیدەری مەنگوور ئەبێ، لەبەری مێرگان و بەری نەڵێن ڕێگا بە لەشکری زیرو و بەکرئاغا ئەگرێ. بەڵام زیرو زۆر بە باشی لەگەڵیان ئەکەوێتە شەڕ. ئەمجا مەنگوورەکان کەڵەک هەڵئەکەنن و ڕێگایان بۆ چۆڵ ئەکەن. بەڵام زیرو بەوە واز ناهێنێ. هەر دێهاتێکی مەنگووری کە ئەکەوێتە سەر ڕێی تفەنگ و وڵاخی سواری ئەو دێیە ئەچنێتەوە. بەخسووس دێهاتی قەڵاتاسیان موسالان (چەکۆ- پردانان- کونە مشکێ- قوبادبەگیان- ترکەش- کەوپەریان هەر بە تەواوی رووتان بۆوە).

زێڕۆ دوای گەڕانەوە لە بەرەی سەقز، لە ئاوایی باڵانش هێزەکانی ژێر فەرماندەری هومایونی وەبەر دەسترێژدا و چەند کەسی لێکوشتن و بریندار کردن. نەجەف قولی پەسیان لە کتێبی "لە مەهابادەوە ... ئاراس" لەوبارەوە دەنووسێ کە هومایونی دەیەویست لەگەڵ برا و دایکی زێڕۆ قسە بکا تا زێڕۆ بە قەناعەت بگەیەنن کە خۆی بە دەستەوە بدا، کە لەنەکاو وەبەر دەسترێژی دان. دوو سەرباز کوژرا و سێش بریندار بوون. پەسیان لە درێژە دا باسی لێهاتوویی و کارامەیی هومایوونی دەکا کە چۆن بە بارمتە گرتنی برا و دایکی زێڕۆ و بردنی ئەوان بۆ ورمێ، توانی بەر لە کوشتنی یەک بەتالیون لە ئەرتەشی ئێران بگرێ. پەسیان باس لەوە دەکا کە زۆر هەوڵ درا کە بە فێڵ زێرۆ بگرن بەڵام سەرنەکەوتن و باس لە دڵپڕی عەجمی ورمێ لە کوردان دەکا و دەڵی، بە ڕێز و حورمەتی زۆر، ئەو سەربازە کوژراوانە لە گۆڕستانی شار بە خاک ئەسپێردران.

**پێشڕەوی هێزی جاش و دەوڵەت لە بۆکان را بەرەو مەهاباد**

دوای گیرانی تەورێز، هێزەکانی رێژیم لە بەرەی تیکاب و شاهێندێژ هێرشیان بۆسەرمیاندواو دەست پێکرد. هێزەکانی فیرقە لەو بەرەیەدا خۆیان نەگرت و هەڵاتن و بەشێک لە عەشایری چەکداری ناوچە، تەنانەت ئەوانەی لە سەنگەری پێشمەرگە دا بوون و چووبوونە ژێر ئەمری ئەرتەشی ئێران، پێشیان پێگرتن و چەکیان لێ داماڵین و ئەفسەرەکانیان تەسلیم بە دەوڵەت کرد.

هاوکات لەگەڵ پاشەکشەی پێشمەرگە لە بەرەی سەقز، هێزەکانی ئێران لە ژێر فەرمانی سەرهەنگ غەفاری دا بەرەو بۆکان و میاندواو وەڕێکەوتن و هەموو هێزەکانی ئێرانی بەرەی سەقز و میاندواو و تەورێز لە مەڵبەندی بۆکان کۆ بوونەوە و بە هاوکاری جاشەکان، ئامادەی پێشرەوی بەرەو مەهاباد بوون.

بەمشێوەیە بەرەیەکی گەورە لە هێزی دەوڵەت و عەشایری خاین بە کۆمار لە بۆکان پێکهات. لە سەر هەڵسوکەوتی هێزەکانی عەشایر لەگەڵ هێزەکانی فیدایی لە شاری بۆکان، مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی٨٤ دا باسی ئەوکات دەکا کە هاوکات لەگەل پاشەکشەی پێشمەرگە لە بەرەی سەقز، هێزەکانی ئێرانیش بەرەو بۆکان و میاندواو پێشڕەویان کرد. سەرتیپ هۆمایونی لە سەقز را لەگەڵ قاسماغا ئیلخانی و حەمەدەمیناغای سەرایە کە هەردووکیان رەفیق حیزبی بوون، بەڵام ببوون بە هاوکاری دەوڵەت، بە سواری ماشێنی عەوڵاغای ئیلخانی و مامۆستا هەژار بە سواری ماشێنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هومایونی بەرەو بۆکان وەڕێکەوتن. هەژار لە سەر هێزی فیرقەی دێمۆکڕات لە لاپەڕەی ٨٥ دا، دەنووسێ:

لە سەقزەوە بەرەو بۆکان هاتین. لە ڕێگە توشی پۆل پۆلی سەتی و دوو سەتی لە فیدائییانی پێشەوەری دەبوین کە کورد تفەنگیان لێساند بوون و بە کۆمەڵ زۆر زۆر دەگریان و یا حوسێنیان دەگوت.

تەفرشیان لە لاپەڕەی ٢٧٥ی کتێبەکەی دا، دوای ئەوە باس لە هێندێک لە ئەفسەرانی سوپای فیرقە دەکا کە بە مەبەستی بارکردنی بژیوە کۆکراوەکانی بۆکان، چووبوونە شوێنێک دەنووسێ: ... دانیشتوانی حەز لە چەکی بۆکان لێیان کۆ دەبنەوە و سەریان لێدەشێوێنن، بە بیانووی ڕەزگارکردنیان، چەکەکانیان لێدەکەنەوە و وایان لێدەکەن هەڵێن. کورت و کرمانجی، کاتێ ئەفسەران پاشی نیو سەعاتێک دەگەڕێنەوە دەبینن لە فەوجێکی پێنسەت کەسێ شوێنەوارێک نەماوە، هەر سەربازکی بەرەو کوێ ئاوەزی بڕیویەتی پێی پێوەناوە. هەر حەوت ئەفسەری لەگەڵ فەوجەکەدا بوون: ئیحسانی، زەربەخت، تیوای، ئەرتەشیار، تەوەکولی، ئەسغەری و نیکۆلا ماکاریان کە هەلومەرجەکە بە نالەبار دەبینن هەر بەو ئوتووبیلەی پێبژیوییەکەی هەڵگرتبوو و لە شەڕگە دەرباز بووبوو، خۆیان دەگەیننە مەهاباد.

لەسەر ئەوەی کە ئەو خەڵکەی کە ئەوانەیان چەک کرد بوو کێ بوون تەفرشیان لە لاپەرەی ٢٧٦ دا دەنووسێ: ... سرنج ڕاکێش ئەوەیە ئەو کوردانەی فەوجێک سەربازیان چەک کرد بوو ڕاویان نابوون، هەر خۆیان زۆربەیان لە فیدائیان و پێشمەرگەکانی حکومەتی میللی کوردستان بوون.

تەفرشیان لەو لاپەڕە و لەو سەرچاوەدا باس لەوە دەکا کە دانیشتوانی بۆکان ٤ ئەفسەر بە ناوەکانی رائید خاکساری، نەقیب زەهیری و ملازم حەقپەرەست و سەقاویان لە ژێر ناوی پاراستن، بەڵام لە ڕاستی دا بە مەبەستی تەسلیم کردنەوە بە سوپای ئێران، لەماڵەکانیان دا حەشار دابوو و تەسلیم بە سوپای ئێرانیان کردنەوە و هەر ئەوکات لە تەورێز گوللەباران کران.

راید خاکساری کە بنکەی فەوجەکەی لە قەڵای بۆکان بوو، لە گەڵ ملازم حەقپەرەست، بە هۆی ئاغاکانی بۆکان گیرا بوون، شوێنەوارێک لە سەرباز و دەرەجەداران نەمابوو. عەشایر و کوردی خۆجێی خەریکی تاڵانی ئەو شوێنە بوون. زەربەخت لە لاپەڕەی ٣٦٢ی کتێبەکەیدا دەنووسێ کە راید خاکساری و ملازم حەقپەرەست، بۆ ئیسپاتی شاپەرەستی عەشایر، تەسلیم بە ڕێژیم کرانەوە دواتر لەگەڵ نەقیب زەهیری و نەقیب سەفایی، لە مەهاباد دادگایی و گوللەباران کران.

میرزا محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١١٦ بەشی ٢ کتێبەکەیدا ناوی ئەو ئەفسەر پلە بەرزانی هێناوە کە لە لایەن عەشائیری بۆکانەوە تەسلیم بە لەشکری ئێران کرانەوە و دواتر لە مەهاباد ئێعدام کران و دەنووسێ:

١- سرهنگ ابوالقاسم عەزیمی

٢- سەرگوردی سوارە جەعفەری سوڵتان ئازاد

٣- سەرگوردی پیادە عەلی ئەکبەر حوسێنی

٤- سەروان پیادە یوسف مورتەزەوی
٥- سەروان پیادە حوسێن قاسمی
٦- سەروانی  هەوائی محەممەدی ئاگهی
٧- سەروانی پیادە غولامحوسێن ناسری
٨- سەروانی تۆپخانە ئەحمەد جەودەت
٩- ستوان (١) مالی حوسێن غەفاری
١٠- ستوان (١) سواری غولام رەزای دبیرینا
١١- ستوان (١) پیادە ئیفتخار هەریس
١٢- ستوان (١) پیادە عەلی ئەکبەر شمری
١٣-ستوان (١) قوربان عەلی ئەرین تاش
١٤- ستوان (٣)  موهەندیس حوسێن کوپاڵ
١٥- ستوان (٣) پیادە عەقیمی بولەند جاوید
١٦- ستوان(٣) پیادە عەبدوڵا  سەتارزادە
١٧- ستوان (٣) سوارە عەتائولا زەندیان
١٨- ستوان (٣) پیادە عەلی عالی سنانی
١٩- ستوان(١) ماڵی شاهپور شەڕەفی
٢٠- سروان سابق حەبیبولا خاک زادی
٢١- ستوان (١) سابق حەسەن زەهیری
٢٢- ستوان(٣) سابق عەلی غائی
٢٣- ئیستوار(١) هەوایی ئەبولقاسم حەقیر پەرست

ئەفسەرەکانی دیکە کە بریتی بوون لە ئیحسانی، تیوای، ئەرتەشیار، مەحموود تەوەکولی، عەلی ئەسغەری و ماکاریان و زەربەخت، بە ئامۆژگاری بارزانییەکان لە شاری بۆکان، سواری لۆریی بێنزینی بارزانییەکان بوون و بە ڕێگای بورهان دا بەرەو مەهاباد وەڕێکەوتن و ڕۆژی ٢٢ی سەرماوەز چاویان بە پێشەوا کەوت. لە کاتی بەرچایی بەیانی دا پێشەوا گوتی:

پێرێ شەو پیشەوەری تەلەفۆنێکی بۆ کردم گوتی سوپا لە ڕێگەی هاتنی بەرەو تەورێزدایە. ئێمەش خەریکی خۆسازدان بۆ جولفا و ڕۆیشتن بەرەو سوڤیەتین. پێشنیاری کرد و گوتی ئێوەش خۆتان و خاوخێزانتان بە شەو مەهاباد بەجێبێڵن و پەنا وەبەر سوڤییەت ببن. لە وڵام دا گوتم من لە مەهاباد لەگەڵ خەڵک دەمێنمەوە و هەتا ئەو شوێنەی توانام هەبێ دەبمە لەمپەر لە پێش خوێن ڕێژان و ئاژاوە، هەتا ئەگەر دەردێک بەسەر خەڵکدا هات بەسەر منیش بێت.

لەو چاوپێکەوتنەدا، زەڕبەخت بۆی سەیر بوو کە لە هەلومەرجە ناخۆشەدا کە باڵی بەسەر مەهاباد دا کێشا بوو، قازی بە هێمنی کە بۆ ئەو مایەی سەرسام بووە، لە سەر وەزعی خۆیانی لێپرسیون و ئەوان گوتوویان کە دەیانەوە بچنە سووڤیەت و پێشەوا گوتوویەتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جارێ لە پێشەوە ئەو چەکە تەماتیکانەی پێتانە دەردی سەرە بۆ ئێوە، کورد ئاشقە چەکن، هەر بە بۆنەی ئەمەوە لە ڕێگەوباناندا تەنگتان پێ هەڵدەچنن. ئەو شەش ئاگرەی پێتانە لەبن جلکەوەی ببەستن، جلکی ئەفسەریش بگۆڕن بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە.

پێشەوا دوایە دەستووری دا کە لیباسی کوردیان بۆ بێنن و هەرکامە ٢٠٠ تمەنیشیان دەداتێ. ئەوجار بۆ ئەوەی کەسانی نیشتیمانپەروەر لە ڕێگا دا هاوکاریان بکەن نامەیەکی بەو ناوەرۆکەوە بۆ نووسێن:

برایانی کوردا! ئەمانە ئەفسەرانی ئازەربایجانن کە بۆ یارمەتی ئێمە هاتبوون، لە هەر پشتیوانییەک کە لە دەستتان دێ بۆ ئەمانە کەمتەرخەمی نەکەن.

هەم زەربەخت و هەم تەفرشیان لە کتێبەکانیان دا بە یەک شێوە، باسی ئەو ڕوداوانە دەکەن کە بەسەر ئەوانە هات و تەفرشیان دەنووسێ کە ئەوانە بەرەو ورمێ وەڕێکەوتن تا لەوێوە بەرەو رووسیا بڕۆن. لە ڕێگایەوە ئاگادار کران کە لە ورمی قەتڵی عامی فیرقە تەواو نەبووە و بە ناچار شەو لە نەغەدە لایاندا. هەرچەند بارزانییەکان لە شەودا حکومەتی نیزامییان ڕاگەیاند بوو، بەڵام پیاوەکانی قولیخانی بزجلوو (قەرەپەپاغەکان لە ژێرِ ڕێبەرایەتی بزجلوو کە لە لایەن کۆماری ئازەربایجان پلەی سەرهەنگی پێدرابوو و هەزار سواری ئامادەی شەڕیان هەبوو. بە دوای رووخانی کۆمار، قولیخانیش لەگەڵ دەوڵەت کەوتەوە و بووە بە نۆکەری ئەوان) سەرۆکی خێڵی قەرەپەپاغ کە باوخوون ببووە و بە ناوی قەوامولسەلتەنە لە نەغەدە کرا بوو بە هەمەکارە، گرتیانن و چەکیان کردن و لە مزگەوتێکیان کردن و ڕووتیان کردنەوە و تا بەیانی وەک خۆش خزمەتی، تەسلیمیان بە ڕێژیم بکەنەوە.

بەیانی ئەوانە دەبەنە خانوویەک کە ناوەندی دەستەڵاتی قەرەپەپاغان بوو. شێخ محەممەد سەدیق بە هۆی بارزانییان ئاگادار دەبێ و کوڕەکەی بە چەکدارانەوە دەنێرێ و ئازادیان دەکا و قەرەپەپاغەکانیش چەکدەکا و بەڕێوەبەرایەتییەکەشیان تێکەوە دەپێچێتەوە.

لە لایەکی دیکە ئەو یەکانانەی کە لە بەرەی سەقز لە ژێر فەرماندەری بارزانی دا بوون، بە تۆپەکانەوە بە بفر و سەرما بەرەو بۆکان وەڕێکەوتن و دوای بڕینی ١٨ کیلومەتر گەیشتنە بۆکان. کاتێک تۆپەکان گەیشتنە ناو شاری بۆکان، خەڵک دەورەیان دان. بەڵام تەفرشیان تەقەی هەوایی لێکردن و خێرا بەرەو مەهاباد بەرێکەوت. لە شوێنیک لەبەر قوڕ و چڵپاو تۆپێک گیری کرد و ئەوانیش بەناچار بەجێهانهێشت و بەرەو مەهاباد بەرێ کەوتن و لە رۆژی ٢٥ سەرماوەز، ئەو رۆژە کە پێشەوا بەرەو پێشوازی ئەرتەش چوو بۆ میاندواو، گەیشتنە مەهاباد. لەوێ چاویان بە حەمە حوسین خان وەزیری بەرگری کەوت و ئەو پێیگوتن ئێمە بۆخۆشمان نازانیین چ دەکەین. مانەوەی ئێوەش باش نییە چوونکە هەرکات ئیمکانی هەیە ئەرتەش بێتە ناو شاری.

رەئیس دانا و تەفرشیان، دوای ئەوە گەیشتنە مەهاباد لە گەڵ چەند پێشمەرگەی بارزانی، بەڕێوەبری تۆپەکانیان بە دەستەوە گرت و بەرەو نەغەدە کەوتنە ڕێ. ئەو ئەفسەر و سەربازانەی تێکەڵ بە بارزانییەکان بوون، سەرجەم١٠ ئەفسەر و ١٤٠ سەرباز بوون. بەڵام بەرە بەرە سەربازەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڵاوەیان کرد و گەڕانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان.

بە پێی لاپەڕەی ١١٤ی ئیگلتۆن، کاتێک ئەرتەشی ئێران لە سێ لاوە واتا سەقز و میاندوا و ورمێ بەرەو مەهاباد وەڕێکەوت، سەرهەنگ هومایونی داوای لە قازی محەممەد کرد کە ئیجازە بدا لەشکر بچێتە مەهاباد.

## کۆبوونەوەی مزگەوتی هەباساغا و خۆ بە دستەوەدان

لە کاتی رووخانی ئازەربایجان و گرتنەوەی شاری میاندواو، پێشەوا داوای لە کەسایەتییەکانی شاری مەهاباد کرد کە لە مزگەوتی هەباساغا کۆببنەوە تا پێکەوە تاوتوێ رووداوەکان بکەن و رای خۆیان سەبارەت بە بەربەرەکانی لە بەرانبەر بە دووژمن دا دەرببڕن.

غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٧٥ی کتێبی ئاڵەکۆکدا، دەڵی کە لەو کۆبوونەوەدا بارزانی بەشدار بووە و گوتوویە کە دەبێ قوربانی بدەین و هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە لەو کۆبوونەوەیە دا پێشەوا گوتی:

ئازەربایجان تەسلیم بۆوە ئەرتەشی ئێران گەڕاوەتەوە تەوریز و ورمێ. ژێنڕاڵ هومایونی بە کۆمەڵێکی زۆر سەرباز و عەشایری کوردەوە لە میاندواو چاوەڕوانی هەڵوێستی ئێمەیە. ئەرتەشەکانی تورکییە و عێراق لەسەر سنوورەکان دامەزراون و دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان لایەنی شای ئێران دەگرن و دەوڵەتی سووڤییەت خۆی گێل کردووە و دەستمان بە هیچ جێیەک راناگات. چەکوچۆڵێکی فرەمان نییە کە پێی بخورین و جیهان لە بەرامبەر ئێمەدا گوێی کپە. ئیستا ئیوەن کە دەبێ بڕیار بدەن و بڵێن" شەڕ یان تەسلیم و خۆ بەدستەوەدان.

لەسەر شەڕ یان تەسلیم بوون سالاری میرزا فەتاحی قازی گوتبووی: شەڕ، نە تەسلیم!

سەید حەمەدەمینی ئیسحاقی لە ناوەندی جەماوەری خەڵکەکەدا دەنگی هەڵبڕیبوو و گوتبووی: شەڕ بەچی؟ بە دەستی بەتاڵ و بێ یارو یاوەر و پشتیوانی ئەمین؟ بۆچی شەڕ؟ سەید حەمەدەمین بە دوای ئەو گوتنەیەدا کپ بوو. بێدەنگی باڵی بەسەر جەماوەرەکەدا کێشابوو، کەس متەقی لێنەهاتبوو.

سەیید سەعیدی سیادەت لە لاپەڕەی ٢٠٠ کتێبی "رۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت" لە نووسینی سەیید عەبدولڕەحمانی سیادەت لەسەر بۆچوونی حاجی بابە شێخ سەبارەت بە تەسلیم بوون یان بەربەرەکانی بە نەقڵ لە بابی دەنووسێ: لە کۆبوونەوکەی مزگەوتی هەباساغا دا حاجی بابە شێخ رای لەسەر خۆڕاگری و بەردەوام بوون لەسەر شەڕەکە بووە. وتووشیەتی من شەڕم بۆ شەڕ نەدەویست، من شەڕم بۆ ئاشتی دەویست. واتا بتوانیین لە حاڵەتی بەردەوامی شەڕ دا، بە وەدەستهێنانی سەرکەوتن لەبەرەکانی شەڕ، لەسەر میزی دانووستانەکان دا بە باشی کەڵکی لێوەرگرین.

لەو بۆچوونەی حاجی بابە شێخ دا چەند سەرۆک عەشیرەت بۆ وێنە ئەحمەدخانی فاڕووقی پشتیوانیان لێکردووە، بەڵام زۆرینە، رێگای خۆپارێزی لە شەڕ و گوێ رایەڵی رووسەکانیان لەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قوناغەدا هەڵبژارد...

زۆر کەس لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە دەبێ شەڕ بکری. پسیان لە لاپەڕەی ١٧٣ی کتێبی "از مهابادی خونیین ... "دا، دەنووسێ کە کەسانی وەک مەلا عەوڵای مودەرەسی و مەلا حوسێن مەجدی، رایانگەیاند کە بەربەرەکانی و خۆڕاگری بێ سودە و ورەی خەڵکیان دابەزاند و بە کردەوە بەرەی کۆنەپەرەستی و ئەو عەشیرەتانەی کە پشتیان لە کۆمار کردبوو و بڵێنی هاوکاریان بە دوژمن دابوو، بە هێز کرد.

عەلی کەریمی لە لاپەڕەی ٣٩٧ کتێبی "ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی (مامۆستا عولەما)" دا بە نەقڵ لە نامەی یۆسفی ڕیزوانی" دەنووسێ: ... بەچاوی خوم دیتم کە قازی محمد خەڵکی لە مزگەوتی مهاباد کۆ کردەوە و فەرمووی ئەوە حکومەتی ئازەربایجان تەسلیم بوو، من تا ئیستا کە سەرۆک کۆمار بووم وا ئێستا پێشمەرگەیەکی ساکارم و تفەنگ بەدەست، پشتیوانیم بکەن، واجبی نیشتمانیە دەبێ کومار بپارێزین. لەناو تەواوی خەڵکی شاری مهاباد ″حاجی حسن زبیری″ کە لە دەوڵەمەندەکانی مهاباد بوو دەنگی هەڵبڕی و وتی قازی دەتەوێ شارەکەمان وێران بکەی؟ ئێمە حازر نین لە بەرانبەر حکومەتی تاران بوەستین و خیانەت بە نیشتمان بکەین!! خەڵکی ترساند بەڵام قازی دەرگای سەربازخانەی کردەوە هەرچی چەک و ئالەتی دیفاع بوو تەسلیمی خەڵکی مهابادی کرد و وتی کێ پیاوە با دیفاع بکات. لەو کاتەدا (حەمەی مەولوود) بە خوی و پیشمەرگەکانی هاتە گۆڕەپانی کۆبوونەکەوە و بەو لەهجەیە وتی ژنو ... سابلاغی، ئەوە بۆ پیاوتان تێدا نەماوە؟ چون سەر شۆڕ دەکەن؟ هەرچی چەکی قورس بوو بردی و وتی ئەوە من دەچم بو میاندواو پردەکەی دەڕوخێنم، با شا پیاو بێ و بتوانێ پێ بنێتە مهابادەوە. تەواوی میشە و باغەکانی مهاباد و ئیندرقاشی داگیر کرد و مسەلسەلەکانی دامەزراند و چەند جنیوی توندی بە حاجی حسن دا و لە مەیدان دەرچوو.

وریا ماملێ لە لاپەڕەی ٢٥٤ کتێبی کورد بوون دا، بە نەقڵ لە کاک "محەممەدی ماملی" هونەرمەندی گەورەی کوردستان، لەسەر هەڵوێستی حەمەدی مەولوودی لە کۆبوونەوەدا دەنووسێ: بۆخۆم لە مزگەوتێ بووم کە پێشەوا خەڵکەکەی کۆ کردەوە و تەگبیری دەگەڵ کردن. پێشەوا کە زانی خەڵکەکە مەیلیان نییە بۆ شەڕ، ئەویش ڕیزی بۆ رای خەڵک دانا و شەڕی نەکرد، بەڵام کاک حەمەد لە خەڵکەکە وەدەنگ هات و زۆری قسە بە خەڵکەکە گوت. تەنانەت یەک کەس دەنگی لەبەر نەهاتەدەر. جا ئەوجار کاپیتان گوتی کە: بە خۆی و بە پێشمەرگەکانییەوە تا دوایین فیشەک شەڕ دەکەن و ناهێڵن جارێکی تر ئەمنییە و ئاژان پێ لە خاکی سابلاغ بنێنەوە.

عەبدوڵای قازی لەسەر ئەو بابەتە دەنووسێ:

ئەوجار لە مزگەوتی هەباس ئاغای شورای شەڕ پێکهات و بەرێوەبەران کۆبوونەوە تا بڕیاری شەڕ بدەن. مەلا مستەفای بارزانیو سالاری میرزا فەتاحی قازی، داوا دەکەن کە شەڕ بکرێ. بەڵام عیدەیەك لە مەلاکان وەك مەلا عەوڵای مودەرەسی دەڵێ: قازی مەبە باعیسی خوێن رژتنی عالەمێ، کەست پێوە نەماوە. ئەو عەشایرانەی لەگەڵت بوون هەموو یەك یەك رۆیشتوون. ئەتۆ بەخۆت و

به ٣٠٠ کەسی مەهابادێ ناتوانی شەڕێ بکەی. ئەوە مەنگوڕ لە پشتەوە ڕێی لێگرتووی، گەورك لەولایەوە و مامەش لەولای و دێبۆکریش خوارەوەیان گرتووە، ئەتۆ لە گەمارۆی تەواو دای چۆن شەڕ دەکەی؟

هەر لەوبارەوە ئیگلتۆن ئاماژە بۆ دوا بڕیاری خەڵک و سەرۆک عەشیرەتەکان لە حەوشەی مزگەوتی هەباس ئاغا دەکا و دەڵێ:

زۆربەی سەرۆک عەشیرەتەکان و ئەندامانی ناوەندیی حیزب لە حەساری مزگەوتی هەباس ئاغای مەهاباددا چاوەڕوانی دوا بڕیار بوون. سەدری قازی گوتی: من لە تاران بووم و دەتوانم ئێوە دڵنیا بکەمەوە کە هاتنی سوپای ئێران بۆ ئەم ناوچەیە، ناتوانێ ڕێگە بە هێزەکانی سوپای کۆمار و هێزی عەشیرەتەکان بگرێت و دوژمن توانای ڕوو بە ڕوو بوونەوەی هێزەکانی ئێمە نییە.″ ئامادەبووان پێشوازیان لەو گوتنانەی سەدری قازی کرد، بەڵام لە ناکاو لە گۆشەیەکەوە دەنگی ڕەخنە و ناڕەزامەندی بەرز بووەوە و گوتیان کاتێکی زۆر بۆ ئەم قسانە نەماوە و چارەنووسی کۆماری کوردستان پێوەندی ڕاستەوخۆی بە بارودۆخی ئازەربایجان و زلهێزەکانەوە هەیە.

ئیگلتۆن لە لاپەرەی ٢٠٩ی کتێبی کۆماری کوردستان دا، دەڵێ کە قازی محەممەد داوای لە خەڵک کرد:

کە هێمن بن و ئارامیی خۆیان بپارێزن و گوتی: هەر چەشنە بڕیارێکی بە پەلە، کارەساتی زۆر داخ هێنەری بە دواوە دەبێت″. هەروەها گوتی: هەرچەندە مەترسی زۆر نزیکە و من هەموو دەرەتانێکم بۆ دەرچوون لە ناوچەکەدا هەیە، بەڵام لەنێو ئێوەدا دەمێنمەوە.

لە وەزعییەتێکی ئەوتۆدا پێشەوا خۆی بە تەنیا و بێکەس دەزانی و بەرپرسایەتێکی قورسی کەوتبووە سەر شانی و دەبوو بڕیاری ئاخر بدا. ئەو باوەڕی بە کاربەدەستانی ڕێژیم نەبوو و دەیزانی کە دەیکوژن. ئەوەی کە بۆ ئەو گرینگ بوو پاراستنی گیان و ماڵی خەڵکی کوردستان بوو. لە دوا ساتەکانی کۆماری کوردستان دا لە حاڵێکدا کە ڕێبەری کۆمار لە یارمەتی سیاسی و نیزامی دەوڵەتی سووڤیەت نائومێد ببوو، تەورێز تەسلیم ببوو و زۆربەی هێزی عەشایر سەنگەرەکانیان چۆل کرد بوو و تێکەڵ بە هێزی دوژمن ببوونەوە و لەبەرانبەر هێزی پیشمەرگە دا ڕاوەستابوون، هێزەکانی دێموکراتیکی سەرانسەری ئێران سەرکوت کرا بوون و ڕۆژێک پێشتر واتا ٢٢ی سەرماوەز هەموو کلوبەکانی حیزبی توده لە تاران دەستی بەسەر داگیرا بوو و تاڵان و ڕێبەرانیان هەڵات بوون، ورەی لێهاتوو و شۆیشگێڕ و بە دسیپلین، لە نیو کادر و ئەندامانی حیزب دا لە کزی دابوو، پێشەوا دەبوو ئاخرین بڕیاری خۆی بدا. بەم هۆیانە پێشەوا هاتە سەر ئەو بڕوایە کە ناکرێ لەبەرامبەر بە دوژمن دا بەربەرەکانی بکرێ. بۆیە ئەوجار هەموو هەوڵی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کرد کە پێش لە کوشت و کوشتاری خەڵک لە کوردستان بگرێ و نەیەڵێ نیازی خراپی ڕێژیم بێتە دی و خەڵک ماڵوێران و دەربەدەر بن.

لە ئاکام دا بڕیار درا کە چوونکە توانایی بەربەرەکانی لەگەڵ دەوڵەتدا نییە، بە مەرجێک کە هیچ کەس ئازار نەدرێ، ڕێگا بدرێ بە ئەرتەش کە بێتە ناو شار. لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا قازی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و حاجی باباشێخ و محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی بچنە لای سەرۆکی هێزی ئێران لە ورمێ و میاندواو بڕیاڕی ئەو کۆبوونەوەیان پێی رابگەیەنن.

محەمەد نووری لە لاپەڕەی ٣٠ ی کتیبی "شەوێک و خەوێک" دەنووسێ: پێشەوا لە شێخاڵی "حاجی حەمەئاغای حیسامی" و "هەژار"ی هونەری نەتەوەیی بە نوێنەرایەتی خۆی نارده شاری سەقز، هەتا لە بارودۆخی هاتنەوەی ئەرتەش بۆ مەهاباد و چلۆنایەتی کاری داهاتوو، لەگەڵ "سەرتیپ هومایونی" وتوویژ و بەرنامەڕێژی بکەن. ئەرتەش کە دەیهەویست لە پێش دا زەبروزەنگی خۆی نیشان بدا و هەتا هێزی پێشمەرگە و چەکدارەکانی مەڵبەند چاوترسێن بکا، بێ هیچ وتووێژێک لەگەڵ ئەم نوێنەرانە، هومایونی لە رێوە فەرمانی گرتن و زیندانی کردنی حاجی حەمەئاغا و هەژار دەردەکا و هەردووکیان دەگیرێن.

دواتر سەدروئیسلام دەچتە سەقز و لەگەڵ هومایونی دیدار دەکا و رێک دەکەون کە پێش بزوتنی سوپا بۆ نێو شاری مەهاباد کە لە تاران لەسەری رێککەوت بوون هومایونی لە دەوروبەری بۆکان چاوی بە پێشەوا بکەوێ. هومایونی قبووڵی دەکا و ئەو دووانە ئازاد کران.

هەر لە رۆژی ٢٣ ی سەرماوەزدا، زۆربەی بەڕێوەبەرانی کۆمار چوونە ماڵە پێشەوا. ئەوەی ئاشکرایە، بڕیار درا کە بەربەرەکانی نەکرێ و هەرکەس لە بەڕێوەبەران دەبوایە، فکرێک بۆ حاڵی خۆیان بکەنەوە و ئەو شوێنەی کە پەنای بۆ دەبەن دیاری بکەن. پێشەوا بە باشی زانی کە رێبەرانی حیزب خۆ بە دەستەوە نەدەن و پێیوابوو کە یان بچن بۆ عیراق یان بۆ شووڕەوی و پێیڕاگەیاندن کە ئەوان بڕۆن و ئەویش لە لای خەڵکی مەهاباد دەمێنمەوە.

سەعید هومایونی لە لاپەڕەی ١٢٨ی پێشەوای بیداری، دەڵێ کە پێشەوا لەوڵامی رێبەرانی حیزب دا گوتی:

ئێوە ئازادن بۆ هەرجێگایەک دەچن. هەرشتێکیش کە دەتانەوی لەگەڵ خۆتانی بەرن. بەڵام چونکە ئەمن لە گەڵ خەڵکی کوردستان پەیمانم بەستوە کە لە هیچ هەلومەرجێک بەجێیان نەهێڵم، ناتوانم ئەوان بە خودا بسپێرم و بۆخۆم خۆم نەجات بدەم. ئەمن دەزانم کە دەوڵەت دەمگرێ و دەمکوژێ و دەوڵەت و ئەرتەش لە گەڕانەوەیان دا هەر قین و رقێکیان بێ بەسەر منی دێنن، بەڵام خەڵکی زۆر ئەزیەت ناکەن. ئەگەر ئەمن لەبەر دەستانیان نەبم تۆڵەی من لە خەڵکی کوردستان بەتایبەتی خەکی مەهاباد دەستێنن.

زارا مەنگوری مامۆستای قوتابخانەی کچانەی مەهاباد لە وتوویژ دەگەڵ مریمی قازی کە لە روژنامەی "پەیامی کوردستان " ژمارە ١٩ مانگی بەفرانباری سالی ١٣٨٤ (٣١ی دیسامبر ٢٠٠٥ ) چاپ بووە لەسەر بڕیاری پێشەوا و گەڕانەوەی ئەرتەش دەڵێ: ... پێشتر پێشەوا تەشریفیان هات و دلخوشی داینەوە و فەرموویان کە بۆ ئەوەی مەهاباد وەک تەورێزی بە سەر نەیە ناکرێ بڕوا و بەجێمان بێڵێ و داوای لێکردین کارمان بە هیچ نەبی و هێمنایەتی خۆمان بپارێزین، تەنانەت فەرموویان کە بەرە و پیری ئەرتەش بچین. دەیانزانی هیچ ناکرێ و نەشیان دەویست ئەوەی بە سەر خەڵکی تەورێز هات بە سەر مەهابادیش بێ. لە بیرمە ئەو روژە هەموو چوینە مەلا جامی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

راوەستاین و ئەرتەش بە بێدەنگی هاتەوە. ئەفسەرێک بە نیوی مەعافی قسەی کرد و بەڵێنی دا کارییان بە کەس نە دابێ. کەچی خەبەر هات کە پێشە وا و حەمە حوسێن خان و سەدری قازی گیراون و رایان گویزتوونە پادگان خەڵکی دیشیان زۆر گرتن ئیوابوو دوای سێ مانگ و ئی وابوو دوای شەش مانگ بەر بوون . خەڵک زۆر مات و بێدەنگ بوون زانیمان کە پێشەوا هەموو شتی لە ستۆی خۆی گرتبوو و ئەو بەڵێنی خۆی بردبووە سەر کە فەرموویان بەجێتان ناهێڵم (لێرە دا زارا خانم دەگری و فرمیسکەکانی دەسریتەوە).

زارا مەنگوڕی لە درێژەدا دەڵێ: پێشەوا زۆری وەسواس بە سەر خوێندن داهەبوو تەنانەت ئەو روژەش کە گوتیان ئالای کۆمار هاتوتە خوار و شا خەریکە دەگەڕیتە وە پێشەوا بۆخوی تەشریفی هات و هەموو مامۆستاکان و قوتابیەکانی لە خۆی خڕ کردینەوە فەرموویان کە نابێ لە هیچ شەڕایتێکدا قوتابخانەکان داخەین و ئەگەر هات و ئەوانیش گیران و دەوڵەتی شای هاتەوە لە سەرەخۆبین و درێژە بە کارەکەمان بدەین.

هەر بە پێی لاپەڕەی ١٢٨ کتیبی پێشەوای بیداری، مەنافی کەریمی لە زبانی پێشەوا دەنووسێ:

کە هەرچەند رێگای چوون بۆ شوڕەوی ئازادە و هەر لە ژێر دەستەڵاتی کۆمار دایە، بەڵام چۆن دەکڕی پەنا بۆ دەڵەتێک ببا کە بە هێچ کام لە بەڵێنیکانی وەفادار نەبوو و بۆ بەرژەوەندی و قازانجی خۆی بەڵێنی بەدرۆی بە میللەتی کورد و ئازەری دا و بۆ ئامانجی خۆیی و پشتی تێکردن. پێشەوا هەروا دەڵی کە ئەو دەوڵەتی رووسی تاقی کردەوە، خەتایە ئەگەر جارێکی دیکە بە تاقی بکاتەوە. ئەندامانی کابینەی حکومەت ئازادن کە بۆ هەر کوێ دەچن و هەرشتێکی کە دەیانهەوێ لە گەڵ خۆیان بەرن و نەهێڵن گڕی ئەو جولانەوە نیشتیمانی بکوژێتەوە.

غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٧٠ ی کتێبەکەی دا ئاماژە بە مامۆستایەکی زانکۆی ئەفسەری لە باکۆ دەکا و دەڵێ کە پیشەوەری بە تەلەیفون داوای لە قازی کردوە کە کوردستان بەجێهێڵی بێ بۆ شووڕەوی، بەڵام قازی لەوڵام دا گوتویە: من لە خۆشی دا لەگەڵ خەڵک بووم و لە ناخۆشیش دا لایان دەمێنمەوە.

کوری رەش لە وتاری ئینتێرنێتی دا دەڵی کە رووسەکان هاتنە ماڵێ و لەبەر دەرکێ بە بابیان گوت کە تا ئاخرین کەستان وەرن بۆ رووسیە بەڵام قبووڵی نەکرد. هەروەها کوڕی رەش دەڵی کە دەوڵەتی عێراق ٢ جار ناردی بە دوای پێشەوا دا کە لە عێراق پەنابەری بدەنێ، بەڵام هەر قبووڵی نەکرد. عەزەدین مستەفا رەسووڵ دەڵێ کە دەوڵەتی عێراق بە رێگای بابەکر ئاغای پشدەر رایسپاردبووە قازی محەمەد کە لە عێراق پەنابەری وەرگرێ.

لەو کات و ساتانەدا، میناخانم خێزانی پێشەوا، داوای لێدەکا کە ئەگەر روحمی بە خۆی دانایە، لانی کەم با روحمی بە ٧ منداڵەکەی دابێ. پێشەوا روو لە خەجیج خانمی خوشکی دەکا و دەڵی باجی باجی ئەوە خەیاڵی هەیە ئەمن هەڵ بێم و پێم بڵێن کە کەسێکی ترسەنۆک بوو لەبەر دوژمن هەڵات.

مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی ٢٨ تاریک و روون دا دەنووسێ کە لە رۆژانی ئاخری کۆمار دا دائیم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ پێشەوا بوو و لە سەر وەزعییەتی ئەو دەنووسێ: ... دەمدیت پەشۆکا بوو. بەڵام نەک لە ترسان، بەڵکە لە داخان و لەبەر نائومیدی.

من لەمێژ بوو پێشەوام دەناسی و لە رۆژی تەنگانەدا دیبووم. بە دەست تفەنگی خۆی پیاوێکی زۆر ئازا بوو. پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان چەندجار عەشایر هاتنەسەر مەهاباد و پێشەوا بۆخۆی لە یەکەم سەنگەر دا بۆ دیفاع ئامادە بوو. ئەدی چۆن بوو ئەوجار تەسلیم بوو؟ بۆخۆم لێمبیست گوتی لەسەرمانەوە ناچن و دەمانکوژن. بەڵام پێمخۆشە نیە گەلەکەم بەجێبێڵم و دەمەوی لەناو ئەوان دا بمرم.

بەمشێوەیە بڕیاڕی تەسلیم بوون درا. نەجەفقولی پەسیان لە کتێبی "از مهاباد خونین تا کرانەهای ارس" دەنووسێ:

لیژنەیەک لە سەرۆک خێڵەکان و دەوڵەمەندەکانی شاری مهاباد، وەک سەید عەلی حوسێنی، میرزا ڕەحمەتی شافعی، شێخ حەسەنی شەمسی بورهان، کەریم ئاغای قومقەڵا ”بابی جەعفەر ئاغای کەریمی ژەنەڕاڵی کۆمار“ عەلی ئاغای کوڕی قەرەنی ئاغای مامەش، عەلی ئاغای دێبوکری ”ئەمیر ئەسعەد“ سلێمان کوڕی مارف ئاغای مامەش، مام حەسەنی مەنگوڕ و محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی کە نوێنەری پێشەوا قازی بوو، ڕۆژی ١٣٢٥/٩/٢٣- ١٩٤٦/١٢/١٤ بۆ پێشوازییکردن لە سەرتیپ هومایونی چووبوونە میاندواو.

دوکتور قاسملوو دەنووسێ کە پێشەوا لەگەڵ حاجی بابە شێخ و سەیفی قازی رۆژی ٢٥ی سەرماوەز بەرەوپیری هومایوونی چوون بۆ میاندواو. پێشەوا بەر لەوەی بەرەو میاندواو بڕوا، داوای لە کومیتەی ناوەندی و فەرماندەرانی نیزامی کرد کە چەکەکانیان تەسلیم بە حکومەت نەکەن.

رەحمانی قازی لە کتێبی رۆژگاری ون بوو دا دەنووسێ:

لەو کاتە دا جەنابی پێشەوا لەگەڵ حاجی بابە شێخ و چەند کەسێکی تر دەڕۆن بۆ میاندواو و لەوێ دەچنە لای سەرلەشکر هۆمایونی. کاتێک دەچن شێخ رەحیم کوڕی شێخی بورهان لە لای سەرلەشکر دەبێ و دەستەونەزەر لە گۆشەیەک راوەستاوە. کاتێک چاوی بە حاجی بابە شێخ دەکەوێ بە شێوازێکی ناشیرین دەڵێ ئەتۆ بەو تەمەنەوە نەدەبو فریوی قازی محەمەد بخۆی و وەدوای ئامانجەکانی ئەو بکەوی بەڵکو دەبوایە وەک من لە خزمەت سەرلەشکر هۆمایونی دابای. زۆری پێ ناچێ بە سێ دارەوە دەتبینمەوە.

حاجی بابە شێخ روی تێدەکا و بۆ ئەوەی سەرلەشکر تێبگا بە فارسی پێی دەڵێ ”من ژیانی خۆم بە پیاوانە تێپەڕاندووە و وەک تۆ بۆ پارە کلکەسوتە لە بەر کەس ناکەم، سێ دارە و مردنم زۆر لە ژیانی تۆ پێ باشترە. دوایی ئەو شێعرەی بۆ دەخوێنێتەوە:

دلیـران را پس از پیـری دلیـری بیشتـر گـردد
که پوست ببر گرگ افکن پس از مردن سپر گردد

لە بەر چاوی شێخ رەحیم، سەرلەشکر بۆ پێشوازی لە جەنابی پێشەوا هەڵدەستێ و سڵاوی سەربازی لێ دەکا و لە سەرەوەی خۆی دایدەنێ. دوای سڵاو و چاک و چۆنی جەنابی پێشەوا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەفەرموێ "ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی شەڕمان نییە بەڵام ئەو کوردە خەیانەتکارانەی خۆیان بە ئێوە هەڵواسیوە دەیانهەوێ لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن لەو دەرفەتە کەڵک وەربگرن، بۆ ئەو مەبەستەش لە درۆ و بوختان و دەست درێژی کردن بۆ ماڵ و ناموسی خەڵک خۆ ناپارێزن. جا بۆ ئەوەی هیچ روداوێکی خراپ و دڵ تەزێن رونەدا وەک تا ئێستا نەمهێشتووە رو بدا نابێ ئێزن بدەن ئەو کوردانە بێن لە شارەکانەوە. تەنیا هێزی دەوڵەتی بێن و لە سەربازخانە جێگیر بن و ئێمە و خەڵکی شار پێشوازیان لێ دەکەین.

ئەو رۆژە پێشەوا و هاوڕێیانی چوونە میاندواو و لەوێ لەگەڵ همایونی ساغ بوونەوە کە بۆ ئەوەی کوشتار نەکرێ لە سەرتا دا بەرگری لە هاتنی هێزی عەشایر بکرێ. همایونی لەوێ پێشەوای دڵنیا کردەوە کە دەوڵەت مەبەستی خوێنڕێژی نییە و نایەوێ هێمنایەتی مەهاباد تێک بدا. ئەوان سەبارەت بە هاتنی هێزی دەوڵەت بۆ نێو شاری مەهاباد بە تەکمیل قسەیان کرد و رێکەوتن کە هاتنی هیزەکانی دەوڵەت بۆ نێو شار دوای چولکردنی هێزەکانی بارزانی بێ و بەر لە هێزەکانی دەوڵەت، هێزەکانی عەشایر حەقی چوونە ناو شاریان نەبێ. بەو شێوەیە پێشەوا بە سەرلەشکر همایونی پێشنیار کرد کە بۆ بەرگری لە پێکهاتنی هەر روداوێکی ناخۆش لە هاتنی عەشایر بۆ نێوشار بەر لە هاتنی هێزەکانی دەوڵەت خۆبپارێزن، دەنا بەرپرسایەتییەکەی دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەو و همایونی بەڵێنی دا.


سەرلەشکر فەیزوڵلا همایونی

سەیید عەبدولڕەحمانی سیادەت لە لاپەڕەی ٢٠٨ کتێبی "رۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت" دا دەنووسێ کە سەرهەنگ همایوونی فەرماندەی لەشکری غەرب، رۆژی ١٣٢٥/٩/٢٧ لە سەقزەوە بەرەو بۆکان و مەهاباد پێشڕەوی کرد. قازی محەممەد و حاجی بابە شێخ بۆ پێشوازی چوونە میاندواو و لەوی دوای دیدارێکی کورت بڕیاریان دا لە حەمەمیان لە ماڵە مەحموودئاغای ئیلخانیزادە دابنیشن.

سەیید عەبدولڕەحمانی سیادەت لە لاپەڕەی ٣٠٩ کتێبەکەی دا بە نەقڵ لە هەباسی ئیلخانیزادە نەوەی مەحموود ئاغا کە لەو کۆبوونەوەیە دا بووە دەنووسێ کە لە کاتی وتووێژ دا، رادیۆ تاران هەواڵی رووداوی مەهابادی بەمجۆرە بڵاو کردەوە "ئەورۆ سەرانی حکومەت پووشالی کوردستان، بە بێ مەرج، خۆیان رادەستی ئەرتەشی شاهەنشاهی ئێران کرد و ...". کە رادیۆکە کوژاوە، حاجی بابەشێخ رووی کردە سەرتیپ همایوونی و کوتی: جەنابی همایوونی ئەوە چ هەواڵێکە ناردووتانە؟ ئێمە هاتووین کە هەلومەرجێک بڕەخسێنین تا هێزەکانی ئەرتەش بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئێمە و بە بێ شەڕ و تێکهەڵچوونی خوێناوی داخڵی نێو شاری مەهاباد بن و پاراستنی گیان

و ماڵی خەڵکی مەهاباد مەبەستی ئێمەیە. ئێستاش کە لەگەڵ ئێوە دانیشتووین حەفدەهەزار پێشمەرگەی ئامادە و گیان لەسەردەستمان هەیە کە ئەگەر لی ببڕین دەتوانین هێزەکانی ئەرتەش تا نیزیک کەشەور و نەججار (دوو گووندی نیوان میاندواو و سایین قەڵا) پاشەکشە پێ بدەین. هەم پێشمەرگەکانی خۆمان و هەم سەربازانی ئێوە بە موسوڵمان دەزانین و ئەو براکوژییەمان پێ دروست و شەرعی نییە. ئێمە مەبەستمان ئەوەیە کە خەڵکی بێ تاوانی مەهاباد و دەوروبەر نەکەونە بەر هەڕەشەی هێرشی هێندێک سەرۆک هۆز کە بە تەمان چەکدارەکانیان لە نەبوونی هێز دا بنێرن بۆ مەهاباد و پەشێوی و ئاڵۆزی پێک بێنن.

سەیید عەبدولڕەحمانی سیادەت دەنووسێ بە دوای ئەو قسانەدا سەر لەشکر هومایوونی داوای لێبوردنی کرد و هەواڵێک کە ڕەنگ و رووی کەمێک ریز و حورمەتی تێدا بوو بەڕێ کرا بۆ تاران و رۆژی دواتر لە رادیۆ خوێندراوە.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٠٣ ی بەشی دووهەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." دا لەسەر چوونی هەیئەتی کورد بۆ لای ئەرتەشی ئێران دەنووسێ:

چوونی هەیئەت بۆ لای سەرلەشکر هومایونی

رۆژی ٢٢ی ئازەری ١٣٢٥ هەیئەتێک کە عیبارەت بوون لە حەمەحوسێن خانی سەیف و سەید عەلی حوسێن و میرزا رەحمەتی شافعی و شیخ حەسەن شەمسی بورهانی و عەلی قەرەنی ئاغای مامەش و کەریم ئاغای قونقەڵای دێبۆکری و مام حەسەن مەنگوور و مامەند ئاغای سلامەت بۆ موزاکەرە کردن لە گەڵ سەرتیپ هومایونی دا چوون بۆ میاندوا.

بەڵام سەر لەشکر هومایونی ئەو هەیئەتەی قبوڵ نەکردبوو. پێیگوتبوون ئەبێ شەخسی قازی محەممەد بێ بۆ چاوپێکەوتن. چونکە ئێمە ئێوە بە هەیئەتێکی شەرعی نازانین. ئەمجا رۆژی ٢٣ی ئازەری ١٣٢٥ قازی محمد لەگەڵ حاجی بابەشێخ و بایزئاغای گەورک و هەیئەتی ناوبراو چوون بۆ میاندواو و لەگەڵ سەرلەشکر هومایونیدا شەوی ٢٤ مانگی باسکراو چوون بۆ بۆکان و حەمامیان بۆ ماڵی حاجی مەحموود ئاغای ئیلخانیزادە. سەرلەشکر هومایونی لە حەمامیان تەبلیغ بە قازی محەممەدی کرد. کە پێویستە بە فەوری سلاح بە سابڵاغیەکان فڕێ بدەی و بارزانیەکانیش چەک بکەی. بەڵام قازی محەممەد لە چەککردنی بارزانیەکان ئیزهاری زەعیفی کردبوو. تەنها بە دوورخرانەوە و دەرکردنیان لە سابڵاغ تەفاهوم لە بەینی قازی محەممەد و سەرلەشکر هومایونیدا واقیع و رێکخرا بوو.

ئەمجا قازی محەممەد و هەیئەت گەڕانەوە بۆ سابڵاغ بۆ ئەوەی کە مەلا مستەفا تەجاوزاتێک نەکا. ئیقناعیان کرد بە نووسینی قاقەزێک بۆ سەرلەشکر هومایونی کە مەلا مستەفا و عێلی بارزان مایلن بە مانەوە لە ئێران و تەبەعییەتی جنسیتی دەوڵەتی شاهەنشاهی.

بۆ پێکهاتنی مەڕام و تێکنەچوونی ئەنجامی کار، سەرلەشکر هومایونی قبوڵی داوای مەلا مستەفای زۆر بە شیرینی بۆ مەلا مستەفا نووسیبووە و هەتا حسولی موافەقەتی مەرکەزی مەنتیقەی شنۆ و لاجانی پێ نیشاندرا بۆ ئیقامەت و مانەوەیان و بەو فێڵە بەبێ هیچ گونە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەعەرۆزیاتێکی خراپ مەلامستەفا لە سابلاغ دوور خرایەوە.
پێشەوا دوای گەڕانەوە لەگەڵ کومیتەی ناوەندی و فەرماندەرانی نیزامیی کۆبووەو و بڕیاریان دا کە هێزی پێشمەرگە لە شار بچتە دەر. بەمشێوەیە پێشمەرگە بە سەرۆکایەتی مەرحومی مەلا مستەفا لە لایەک و زێرۆ و حەمەدی مەولود لە لایەکی دیکە شاریان بەجێهێشت.
بڕیاری خۆ بە دەستەوەدان، زۆر کەسی نیگەران کرد و کاردانەوەی جوراجۆری لێکەوتەوە. مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی۲۸ دا لە سەر تەسلیم بوونی کۆمار و بەربەرەکانی نەکردن دەنووسێ:
راستە کوردستان پاش گیرانەوەی ئازەربایجان و لەدەست دانی ئەو هاوپەیمانە بەهێزە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ درابوو، راستە بەشێکی عەشایر گوێیان لە کڵاو پەڕاند بوو و چاوەنۆڕی خراپەیان لێدەکرا، راستە خەزێنەی کۆمار بەتاڵوحەتاڵ بوو هەمووی درابوو بە توتن و هێشتا نەفرۆشرابۆوە و لە عەمبار دا مابووە، راستە لە هەموو یارمەتیەکی دەرەوە هیوابڕاو کرابوو، بەڵام من بەش بە حاڵی خۆم لەوبڕوایەدام ئەگەر دەستەوەکەری کرابا و ئێمە ئەزموونی شۆڕشگێڕیمان هەبا، مێژووی کۆماری مەهاباد بەوجۆرە دوایی نەدەهات کە هات.
غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ۷۰ دا، ئاماژە بە قسەکانی مامۆستایەکی زانکۆ ئەفسەری ئازەربایجان کە لەسەر هەڵوێستی پێشەوا گوتوویە دەکا و دەنووسێ: ... فەرهەنگی عەشیرەتی، گیانی لەخۆبردوویی و پیاوەتی لە کوردستاندا ماوە و سەرشۆڕبوونی لاپەسەند نییە. بەڵام ئەگەر باری سیاسی لەبەر چاو بگرین، خۆبەدەستەوە نەدانی قازی بۆ خەباتی دوارۆژی نەتەوەی کورد گرنگە. دنیا هەر ئەمڕۆ نییە. زەمانە دەگۆڕێ و چەرخی گەردوون لە گەڕی خۆی بەردەوامە.
دیارە لە کاتی تەسلیم بوونی رێبەرانی کۆمار، رێژیمی ئێران بۆ کارقایمی و هەر بە فێڵ، رایگەیاندووە کە دەست لە داموودەزگای فەرمانداری مەهاباد نادا و بە رێزەوە لەگەڵ خەڵک دەجوڵێتەوە. محەممەد نووری " عەتری گڵۆڵانی" لە لاپەڕەی ۳۵ کتیبی "شەوێک و خەوێک" دا، باسی ئەوە دەکا کە دوای گرتنەوەی مەهاباد حاجی حەمەد ئاغای حیسامی بابی مامۆستا هێدی شاعیر، ناردویە بۆ مەهاباد تا بچتە لای پێشەوا و حاجی بابا شێخ و حەمەحوسێن خان و لییان بپرسێ کە ئایا بۆ مانەوە دەبێ یان هەڵێ بۆ کوردستانی عێراق؟ محەممەد نووری هەر ئەو رۆژە وەڕی دەکەوێ و دێ بۆ مەهاباد و لە مزگەوتی هەباس ئاغا چاوی بە حاجی بابا شێخ و حاجی داودی و ئەحمەدی ئیلاهی و میرزا خەلیلی خوسرەوی دەکەوێ و لە لاپەڕەی ۳۸ ی کتێبەکەی دەڵێ کە دوای چاک و خۆشێ، بە حاجی بابە شێخی گوت: حاجی حەمەد ئاغای حیسامی سەلامی دەگەیاندی و دەیگوت. نەیهیشت پەیامەکەم راگەیەنم و کوتی: لەوەی کە حاجی ئاغا و هەژار لە سەقزێ گیرابوون و هاتوونەوە زۆر خۆشحاڵم. دەزانم لە داهاتووی خۆی و ئێمە نیگەرانە. رەنگە ئەتۆش گڵۆڵانی هەر لە دڵەڕاوکەدا بی. کاک میرزا بۆخۆت ناسراوی منی، خوالیخۆش بوو میرزا ئەبووبەکری بابیشت لە گەورکایەتی دا لە یاران و دۆستانی هەرە نیزیکی من بوو. کاکی خۆم نە بۆ ئاغای حیسامی پیر و ردێن سپی، نە بۆ تۆی جەوان و لاو و دنیا نەدیتوو، هیچ باس و خواسێک دێتە پێشێ و نە بۆ کەسانێکی دیکە لەم ناوچەدا. ئەوجار تەماشایەکی هاوڕێکانی کرد و گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاخر وانیە؟. ئەوانیش تێکڕا کوتیان: بەڵێ وەک دەفەرمووی وایە.

کوتم: قوربان تیپی لاوانت عەرز ناکەم، حاجی حەمەد ئاغا لە گرتنی دوێنێی خۆی تەماشای دواڕۆژی نادیاری هەرێم دەکا. بۆی هەیە کە نیگەران بێ پرسیار لە ریبەران بکا. فەرمووی: بابیلە گیان، کاتێک ئێران بە دەست دەوڵەتی گەورەی دنیا داگیر کرا و هەر مەڵبەندەی لەژێر چاوەدێری و دەسەڵاتی دەوڵەتێکی داگیرکاردا بوو و حکوومەتی مەرکەزیش هیچ دەسەڵاتێکی لەو پایەگایانەی داگیرکاران دا نەمابوو، ئێمە هەرێمی خۆمان راگرتووە و پارێزگاریمان کردووە. هەتا رۆژێکی حکوومەتی مەرکەزی هێز و مەودای هاتنەوەی هاتۆتەوە بەری، ئێمە بە باوەشی ئاواڵەوە بەرەو پیری چووین و وڵاتمان رەنگین و سەنگین، لە ئامێزی خستۆتەوە. ئیتر کامە تاوان؟ لە چی ترسان؟ ئەوە دەوڵەت ئاغای سەیفی قازی (حەمە حوسێن خان)ی کردۆتە فەرمانداری مەهاباد، کە دەزانم بۆخۆت دەچی و دەیبینی. ئەوە تیمسار هومایوونی هەموو نەهاران میوانی جەنابی قازییە، ئاخر وانیە؟ حاجی ئاغا داودی و ئاغای ئیلاهی و خوسرەوی کوتیان بەڵێ وایە پاشان کوتی: کاکە عەتری سەلامی حاجیائاغای بگەیەنە و بڵێ فلانی دەیگوت هیچ نیگەران نەبێ و بە پێکەنینەوە کوتی: دەتوانی خزمەکەی خۆتان (حەمە حوسێن خان) کە فەرمانداری شارە، ببینی و لیی بپرسی...

محەممەد نووری هەر لەو لاپەڕەدا ئەوجار باسی چاوپێکەوتنی خۆی و حەمە حوسێنخان قازی دەکا و دەڵێ کە لە شوێنی فەرمانداری تازە لە سەروی دەواخانەی ساڵحزادە، ئیدارەی ئاماری پێشوو جێگیر ببوو و لەوێ چاوی پێدەکەوێ و لە لاپەڕەی ٤٠ ئەو سەرچاوەیەدا، دوای چاک و خۆشی ئەحواڵپرسی دەنووسێ: ... بە وردی کەوتە تەماشاکردنی من و وڵامی پرسیارەکانی من. دیتم بە تەواوی وتەکانی حاجی بابە شێخی دووپات کردەوە. دەتگوت لە پێش دا هەماهەنگیان کردووە و بەرهەمەکەی لە جوابی هەر پرسیارێک دا دووپات بکرێتەوە. کوتی: برام عەتری گڵۆڵانی، ئەتۆش و هەموو خەڵکی دیکەش دەزانن وڵاتی ئێمە، یانی ئازەربایجانی رۆژئاوا و رۆژهەڵات، بە تەواوی پێشێلی پۆتینی ساڵداتی رووسەکان بوو و دەوڵەتی مەرکەزی ئاسەوارێکی لە پێگای بێگانە داگیرکاران دا نەما. لە هەل و مەرجێکی وادا، ئێمە هەرێم و مەڵبەندی خۆمان لە هەموو شەڕارەت و بگرەوبەردەی بێگانە خۆی پاراستووە هەتا ئەوکاتەی دەوڵەت هەناوی دابین کردنەوەی وڵاتی هاتەوە بەری. لەوکاتەش دا ئێمە بە باوەشی ئاواڵە و ئامیزی پڕ لە شوکرانە، وڵاتمان لە باغەڵی مەملەکەت ئاخنییەوە. ئایا لێرەدا دەبێ ئێمە چاوەڕوانی جەزا بین، یان سزا، چاکە یان خراپە؟ سەلامی حاجیائاغای دەگەیەنی، پێی بڵێ ئەو لەو تەمەن و ساڵەدا نیگەرانی هیچ پێشهاتێکی نالەبار نەبێ. ئەوە بۆخۆت بە چاو دەبینی ئەمن بە ناوی فەرماندار بە "وەزارەتی کیشوەر" ناسێندراوم. ئیوەش جەوانانێکی کە لەو رێیەدا نووسیوتانە یان گوتووتانە، جێگای هیچ دڵەخورپەیەک نیە، لە هەلومەرجی زەمان دا و لە هەڵکەوتی مەکان دا هەنگاوتان هەلگرتووە، ئاخر وانەبوو؟

گوتم جەنابی حەمە حوسێنخان، ئەوانەی دەیفەرمووی چلۆنیەتی پیشهاتەکانە، پیاو نازانێ دەوڵەت دوای خۆگرتنەوەی، چۆنمان لەگەڵ بەرەوڕوو دەبێ؟ کوتی: دیسان بە خۆشت دەڵێم، بە ئاواڵەکانیشت رابگەیەنە، بە حاجی ئاغاش بڵێ، کەس نیگەران و ناڕەحەت نەبێ، قسە لە هەموو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شت کراوە، خاترجەم بن بێ بوار لە چۆمیمان نەداوە...
ناوڕۆکی ئەو قسانە لە کتێبی "ئاوڕێک لە موکوریان"یش دا هاتووە و تاهیری ئیلخانیزادە لە لاپەڕەی ٣٠ ی کتێبی "ئاوڕێک لە موکوریان"دا دەنووسی:
مەرحومی ئاغاسەید عەزیز کوری گەورەی حاجی بابە شێخ دەوسالانەی دوای رووخانی محەممەد رەزا شا دا رۆژێکی کوتی: من شایەدیەکم لایە بۆ مێژوو پێتان بڵێم، حاجی بابەشێخی باوکم فەرموویەتی ئەو شەوەی لە حەمامیان بووین و تەسلیمی هومایونی ببووین و سەرلەشکر هومایونیش لەوێ بوو، کاتێک هەموو کەس نوست و وڵات خامۆش بوو، رەسووی سوارە پیاوی مەحموودئاغا من و قازی محەممەدی لە خەو هەستاند و کوتی مەحموودئاغا لە خوار پلیکانەکان راوەستاوە بچن ببینن. کاتێک چووینە خوار مەحموودئاغا کوتی ئەوە پیاوی بەڵەد و ئەسپم بۆ ساز کردوون، سوار بن برۆن بۆ عێراق بۆ لای شیخ مەحموود، نیگەرانم گیانتان لە مەترسی دا بێ. کوتی من دەستبەجێ کوتم زۆر باشە بەڵام تۆ تووشی کێشە نابی؟ کوتی نا، هەموو دەڵێین بۆ خۆیان رۆیون بە ئێمە چی. قازی کوتی مەحموودئاغا زۆر لە پیاوەتی و محەببەتی تۆ مەمنوونم بەڵام با من شتێکت پێ بڵێم، من قسەی هەموو شتێکم دەگەڵ قەواموسەلتەنە و رووس بریوەتەوە، نەکەس دەکووژن نەکەس دەگرن. ئێران قانوونی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی ئیجرا دەکا، ئەو کوردستانە دەخەنە سەر ئوستانی سنە و بە هەردووکیان ئەیالەتی کورد دەبن و من دەکەنە رەییسی ئەو ئەیالەتە و هیچ نیگەرانیم نیە. مەحموودئاغا کوتی من باوەر بە عەجەم ناکەم چەندها فێڵی ئاوایان لە کورد کرد، ئیلخانیی مامی من باوەری پێ کردن چووە تاران گرتیان و نەیانهێشت بێتەوە تا لەوێ مرد. سمایل ئاغای شکاکیان چلۆن بە فێڵ کوشت، جەوەرئاغای شکاکیان بردە تەوریز بە فێڵ کوشتیان، هەمزەئاغای مەنگور قورئانیان بۆ مۆر کرد و کوشتیشیان، تۆش مەیلی خۆتە، من هیچ باوەرێک بە عەجەم ناکەم.
پێشەوا هەر بە گرتنەوەی شاری مەهاباد زۆر چاک دەیزانی کە دەسەرێانەوە ناچن و دەیانکوژن و تەنانەت هەر ئەو رۆژە لە ماڵە خۆی را، شوێنی چوارچرای نیشانی محەممەد نووری دەدا و دەڵێ کە لەوێ دەیانکوژن و لە لاپەڕەی ٤٣ ی کتێبەکەی دا دەنووسێ: لە پێش پەنجەرەکە بڕێک خوار بووە بۆ لای مەیدانی چوار چرا، گوتی: ″کوڕم عەتری، مەیدانی چوارچرا دەزانی؟″ گوتم: ″بەڵێ″. گوتی: ″ئێوە دەبینن قازی محەمەد لەو مەیدانە ئێعدام دەکرێ...
پێشەوا بە هەڵسەنگاندن و لیکدانەوەیەکی وردی هەمە لایەنە ئامادەی تەسلیم بوون بوو. محەمەد نووری "عەتری گڵۆڵانی" لە لاپەڕەی ٤٣ ی کتیبی "شەوێک و خەوێک" دا دەڵێ کە دوای ئەوە کە پێشەوا گوتی ئێوە دەبینن قازی محەمەد لەو مەیدانە ئێعدام دەکرێ کوتێ: ... بۆیە ئەوەی دەڵێم هەتا کوردستان، هەتا نەتەوەی کورد پێ‌بزانن کە قازی محەمەد فریوی نەخوارد، هەڵخەڵەتاوی وادەی بێجێ نەبوو. ئەوەی بە ئێوەی دەڵێم بۆ تاریخ و وڵاتەکەتانی بگێڕنەوە. بنووسن کە قازی نە فریوی خوارد، نە هەڵخەڵەتا، بەڵکوو ویستی خۆی فیدای ئاڕمانی نەتەوەی کورد بکا. ئەو ئاڕمانانەی کە کۆمەڵەی (ژ- ک) و حیزبی دێموکراتی کوردستان بناغەی داڕشت و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شوورەی کێشا. ئەمن نامێنم، بەڵان ئەو ئوقیانووسە ئیرادە و ئاواتە گەورەی نەتەوەی کورد، کوا بە خاکەنازێک خۆڵەمێش و ژیلەمۆی نارەوای نەیاران خاپوور دەکرێ؟ ئەوانە بۆیە بە تۆ دەڵێم، ئێوە نەسلی داهاتوون، ئەو نەسلەی کە باری داوخوازی ئێمەی رابردوو و لە دەستان چوو دەکەویتە سەر شانی ئێوە، سەر ئەستۆی ئێوە".

محەمەد نووری لە لاپەڕەی ٤٤ ی کتیبی "شەوێک و خەوێک" دا لە درێژە دا دەنووسێ: گوتم: جەنابی پێشەوا، کاتیک درۆ و دەلەسە و فێڵ و تەڵەکەی نەیاران و بەد خوازان ئاوا بۆ تۆ روون و ئاشکرایە، بۆچی وەکوو ""پیشەوەری" و "غولام یەحیا" و ئەوانی دیکە، مەڵبەندت بەجێنەهێشت و نەرۆیشتی؟ فەرمووی: کورم ئەوە زۆر جوان دیارە، کە تێبگەی و لێم وەرگری بیگەیەنییە هاوڕاز و ئاواڵ و هاوبازەکانت، ئەویش ئەوەیە، مەسەلەی نیشتمان و کۆمەڵەی (ژ.ک) و حیزبی دێموکراتی کوردستان، شتێک بوون بە تەواوی رایەڵ و پۆی دەسکردی بنەماڵەی قازی و شەخسی خۆم بوو و هەر خانەوادەی قازیش دەبێ تاوانی غەرامەت و کەفارەتی ئەو غائیلە ببژێرن. ئەگەر ئەمن رۆییام و مەڵبەندم بەجێهێشتبا، سەدان کەس و ئەشخاس بەو تاوانە سەزا دەدران و ئێعدام دەکران، بەڵان ئێستا ئەمن ماومەوە کە تەواوی ئەو تاوانانە وە ئەستۆی خۆم گرم. عەتری، ئێستا لاتا وانەبێ کە ناتوانم بڕۆم و خۆم دەرباز بکەم. بارزانی ئەوە لە دێی "دریاز" کۆ بوونەوە و هەر ئەوشۆ مەلا مستەفای بارزانی پیاوی نارد بوو ئەگەر حازرە لەگەڵمان بێ، دەنێرم بیهێنن بۆ نێو عیلی بارزانی. جوابم بۆ ناردەوە  گوتم جەنابی مەلا مستەفا، ئەتۆ عێل و تەیاری خۆت خڕ و پڕ لەگەڵتە، یان پێکەوە دەژین، یان پێکەوە دەمرن بەڵان ئەمنی سەد سەرە و هەزار بەرە، کێ بێنم و کێ بەجێ بێڵم!؟ ئەوەی دەکرێ لەگەڵ خۆمی بخەم، تەنیا گیانێکی نەحەساوەی لەسەر لێوانە. ئەوەی دەبێ بەجێیان بێڵم گەلە، نەتەوەیە، ئاو و گڵی نیشتمانە، نیشتمانێکی کە پەیمانی پێناوداریم هەتا ئاخرین نەفەس لەگەڵ بەستووە.

من همان دم که وضو ساختم ازچشمه عشق
چاره تکبیر زدم یکسره بر هر چه که هست

محەممەد نووری لە لاپەڕەی ٤٥ دا دەنووسێ: "عەتری بە حاجی حەمەد ئاغا بڵێ، ئەو لە خۆی نیگەران نەبێ، قەزا و بەلا گیرەوەی هەمووان ئەمنم و خانەوادەی قازی، بەڵان شوورەی قەڵایەکی کە ئەمن دامڕشتووە، وەک شوێنەواری لەمێژینە، ئەگەر چەرخ و خولی زەمانیش تێکی برووخێنێ، بناغە و ئاسەواری هەر دەمێنی و زەین و سەرنجی نەتەوەی کات و داهاتوو بۆ لای خۆی هەر رادەکێشێ و هەست و خوستیان تەکان دەدا".

محەممەد نووری لەو سەرچاوەیەدا،  ئارمان و روانگەی پێشەوا لە مانەوە و خۆ بە دەستەوە دان دا ئاوا بەیان دەکا و دەنووسێ: ... هاتە پێشێ و دەستی لەسەر شانم دانا و گوتی: کاک عەتری، ئەوانەی لەسەری دواوم، بە شاعیران و رووناکبیرانی وڵاتی رابگەیەنە. بڵێ نەمان و فەوتانم لەم ئاو و خاکەی نیشتماندا زۆر جاویدانەترە لەوی بڕۆم و هەڵێم و ببەزم و هەرێمی بەجێبهێڵم. رۆینی من، وەک لە داوای خۆم و گەلی کوردستان تۆرابم ئاوایە. ئێوە بزانن نەتەوەی داهاتوو بزانێ! قازی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

محەممەد دەیهەوێ لە ڕێی نیشتمان دا بمرێ و بکوژرێ، نەوەک هەڵاتووی هەڵلای دوژمنان بێ و وەک هێندێکیان نەتەوە و نیشتمان بەجێ بهێڵێ.

محەمەد نووری لە لاپەڕەی ٥٤ ی کتیبی "شەوێک و خەوێک" بەو جۆرە باسی ئاڕمانی پێشەوا، لە بەشداری کردن لە خەباتی سیاسی دا دەکا و دەنووسێ:

فەرموودەیەکی پێشەوای نەمر:

"دوای ئەوەی خۆم لە مەحکەمەی ویژدانی و نەتەوەیی هێنا بەرپرسیار، قازانج و زیانی پێشهاتەکەم بەراوەرد کرد، هاتمە سەر ئەوەی کە خۆم و داهاتووی خۆم لە پێناوی مەسڵەحەتی کوردستان بنێم. هەرچەند ئاخری کار نادیارە! بەڵان هەتا ئەو جێیەی چلۆنیەتی زەمان ئیجازە بدا، لە ڕێی سەربەستی مەڵبەند و نەتەوە تێدەکۆشم. کاتێک پێشهاتی زەمانی هاوکاری نەکردم، ئەوە خۆم فیدای خاکی نیشتمان و نەتەوەی خۆم کردووە و بە سەربڵیندی سەر دەنێمەوە."

**ئاخرین چاوپێکەوتنی پێشەوا و بارزانی و ئەسپاردنی ئاڵا**

مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٩٨ی کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دا دەنووسێ:

کەس نەبوو بەرگری لە پایتەخت بکا بارزانییەکان نەبێ، تەواوی سەرۆک هۆزەکان هەڵوێستی دوژمنانەیان بە خۆیانەوە گرتبوو و نامەیان بۆ سوپای ئێران دەنارد، دڵسۆزی و ملکەچی و خۆیانیان دەردەبڕی و چاوروانی هاتنی بوون.

بە پێی لاپەڕەی ١٢٧ی کتێبی پێشوای بێداری، شەوی ١٣٢٥ /٩/٢٦ ژێنراڵ بارزانی بۆ چاوپێکەوتن و هەڵسەنگاندنی وەزعییەتەکە چووە لای پێشەوا و دوای چەند سەعات وتووێژ، پێشنیاری پێکرد کە لەگەڵ ئەو ئێران بەجێبێڵی و گوتی:

قوربان ئەمن ئێستاش ئەتۆ بە سەرۆک کۆماری کوردستان دەزانم. ئەتۆ تانجی سەری منی و لە هەر جێگایەک بی لە خزمەتت دام. مانەوەت لە شاری مەهاباد بە سەڵاحی خۆت و میللەتی کورد نییە، ناکری بەو دەوڵەتە باوەڕ بکرێ.

پێشەوا قازی محەممەد دوای سوپاس لە قسەکانی ژێنراڵ بارزانی گوتی:

جەنابی مەلامستەفا ئەمن دەزانم کە دەوڵەتی ئێران دوای گەڕانەوە هەرچی رق و قینە خۆی بە من دەڕێژێ و ئیعدامم دەکا. بەڵام بە ئیعدامی من ئیدی خەڵکی کورد ئازار نادا. بە پێی وەعدە و بەڵێنییەک کە لەگەڵ میللەتەکەم بەستومە، لە هیچ هەلومەرجێک دا ئەوان بە جێ نایەڵم.

لەو ئاخرین دیداردا، پێشەوا ئاڵای کوردستانی، وەک ڕەمز و نیشانە و سومبوولی نەتەوەی کورد، لەسەر مێزی کارەکەی پێچاوە و ماچی کرد و دای بە دەستی مەلا مستەفا و گوتی:

ئاڵای کوردستان بە ئەمانەت لە لای خۆت ڕابگرە و با قەت نەکەوێتە سەر عەرزی.

ژێنراڵ بارزانی ئاڵاکەی لە دەست پێشەوا وەرگرت و ماچی کرد و لەسەر سەری دانا و بەڵێنی دا کە نەیڵێ بکەوێ و هەر بە شەکاوەیی بمێنێ.

سەعیدخانی هومایون کە بۆخۆی شاهیدە ئەو ڕوداوە مێژوویە بووە دەڵی تا گڵەبانی چاوانم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکەن ئەو رووداوەم لەبیر ناچێتەوە و هەر لە لاپەڕەی ١٢٧ دا دەنووسێ:

سەحنەی ئەو کاتە مێژووییە بە رادەیەک ناخۆش و دڵتەزێن و لە عەینی کات دا حماسی و هەست بزوێن بوو کە تەواوی ئەو کەسانەی کە لە ژووری مەحکمەدا (ماڵە پێشەوا ) بوون لە فرق و هۆڕی گریانییان دا. ژێنراڵ بارزانی و سەرهەنگ میرحاج ئەحمەد و کێشکچییەکانی مەلامستەفا و ئەفسەرانی کوردی عێراق لە نێو غەم و ماتەمی زۆر، یەک یەکە دەستی پیشەوایان ماچ کرد و ماڵئاوایان کرد. قازی محەمەد فەرمانی دا کە هەرچی ژێنراڵ بارزانی و هێزەکەی بیهەوێ بیدرێتێ. هێزەکانی بارزانی بەرەو شنۆ و نەغەدە پاشەکشەیان کرد.

مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٩٨ی کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، لەسەر چاوپێکەوتنی پێشەوا و بارزانی لە زمانی مەلامستەفا باسی ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٦ دەکا و دەنووسێ:

چووم بۆ لای قازی محەمەد و لێم پرسی ئاخۆ دەیەوێ چی بکا؟ لە وەڵامدا گوتی: دەیەوێ خۆی فیدا بکا، بۆ ئەوەی خوێنی مهابادییەکان نەڕژێ خۆی دەدا بەدەست سوپای ئێرانەوە. هەروەها گوتی وڵامی بۆ جەنەڕاڵ همایونی ناردووەتە مياندواو و باری ئێرەی تێگەیاندووە. لە کاتی ئاخاوتندا قازی چاوی پڕ بووبوو لە ئاو، گوتی: لە پیاوەکانی خۆت، زیاتر پشت بە کەس مەبەستە. زۆرن ئەوانەی سوێندیان بۆ من خوارد بوو، بەڵام ئێستا بۆ خزمەتی سوپای ئێران پێشبڕکێیانە. هەروەها دەمەوێ لە سەرۆک هۆزەکان وریا بی و بڕوایان پێ نەکەی. تکاشم وایە بە زووترین کات مەهاباد بەجێ بهێڵی تا لێرە لەگەڵ لەشکری ئێراندا بەگژ یەکدا نەچن. ئەمجا لێی پرسیم ئاخۆ دەمهەوێ چی بکەم؟ گوتم خیزان و هێزەکانم لە ناوچەی شنۆ و مەرگەوەڕ خڕ دەکەمەوە و چەندی پێم بکرێ خۆم لە تێکگیران لەگەڵ سوپای ئێراندا دەپاریزم تا دەگەینە بەهار. تەقەلاش دەدەین حکومەتی عیراق رازی بکەین بووردنێکی گشتی دەربکا، بۆخۆشمان نەبێ بۆ خیزانەکانمان، جا ئەگەر ئەوەشمان بۆ نەکرا هەموومان روو دەکەینە یەکێتی سوڤییەت. خۆمان نادەین بەدەستەوە، نە بە ئێران نە بۆ عێراق. جا دەستم کرد بە داوا لێکردن و سەرکردنە سەری کە مەهاباد بەجێ بهێڵی و لەگەڵ ئێمەدا بێ. بە بەڵێنی شەڕەفیش دڵنیام کرد، کە بە بێ سێ و دوو گیانی خۆمی بۆ فیدا دەکەم تا هیچی لێنەیەت، لەبەر ئەوە ئەو هیمای نەتەوەکەمانە. پێشم گوت: منیش ئامۆژگارێکت دەکەم پشت بە بەڵێنییەکانی حکومەتی ئێران نەبەستێ، ئێمە زۆرمان لەبەر گرانە یەکەم سەرۆکی کۆماری کوردستان بکەوێتە بەر دەستی دوژمن.

قازی هەستایە پێ بە گریانەوە ماچی کردم و گوتی: لە خوا دەپاڕێمەوە بتپارێزێ و سەرکەوتوو بی. با ژیانی من فیدای هاونیشتمانییەکانم بێت و ببێتە هۆی دوورخستنەوەیان لەو بەڵایەی هەڕەشەیان لێ دەکا. ئەوەی گوت و ئاڵایەکی کوردستانی لە گیرفانی دەرهێنا و دایە دەستم، گوتی: ئەمە نیشانەی کوردستانە، دەتدەمێ وەکو سپاردەیەک لە ملتدا بێ، چونکە پێموایە تۆ لە هەموو کەس باشتر پارێزگاریی دەکەیت.

ئیدی لە هەوایەکی پڕ لە خەم و خەفەت دا ماڵاواییم لێکرد و رووم کردە نەغەدە.

بە پێی لاپەڕەی ٢٠٤ کتێبی "کۆماری دێموکراتی کوردستان"، سمایلی ماملێ لە زبانی کەریم

زەند مامۆستای قوتابخانەکانی کۆمار لەسەر چاوپێکەوتنی پێشەوا و بارزانی دەنووسێ: مێجەر ژێنراڵ بارزانی فەرمووی با بچینە خزمەتی بۆ ئەوەی دۆعاخوزای لێبکەین، هاتینە خزمەت پێشەوا، بە ریزەوە پێشوازی لە ئێمە کرد و پێشوازی لە بارزانی نەمر کرد و بارزانی نەمر رووی تێکرد و وتی: هەر پێشەوای ئیمەی، هەر سەروەری ئیمەی، گەورەی ئیمەی. ئێمە پێشمەرگە و سەربازی تۆین، لە پشتی تۆوەیین،،، یانی بۆ ئەوەی کە شۆڕشەکەمان بەردەوام بێ، سیفەتی فەرمی و رەسمی هەبێ کە شۆڕشە و سەرۆک کۆمارمان لەگەڵایە و سەرۆک کۆمار پێشەوایەتی ئەو شۆڕشە دەکات خوازیارم، تکات لێ ئەکەم لەگەڵما بی و چوونکە دوژمن جێگای مەتمانە نییە، ئەویش لە وڵام دا وتی: بەڕێز ژێنراڵ بارزانی من بەڵێنم داوە بە میللەتەکەم ئەبێ لە خۆشیا، لە ناخۆشیا، لە مردنا، لە تەکیانا بم.

هەرلەو بارەیەوە موحسین دزەیی لە وتووێژێکی لەگەڵ حامید گەوهەری سەبارەت بە ئاڵای کوردستان، لە زبانی میناخانم کە لە ئاڵمان دیوێتی دەڵێ:

... ڕۆژی دوایی چووم بۆ خزمەتی مینا خانم، چەند برادەرێکم لەگەڵ بوو، کە زانی ئێمە کوردی عێراقین، باسی پێوەندی نێوان پێشەوا و بارزانی نەمری بۆ کردم و گوتی: "بەرلە هاتنی بارزانی بۆ مهاباد، پێوەندیان لەگەڵ یەکتر هەبوو. پاش ئەوەی بەناچار کوردستانی عێراقیان بەجێهێشت و هاتنە کوردستانی ئێران، لەوێش بەشداریی کۆماری کوردستانیان کرد و رۆڵی زۆریان هەبوو لە پارێزگاری کردن لە کۆماری کوردستان و زۆریشیان شەهید دا. دەوری سەرەکیان هەبوو لە شەڕەکاندا. دوای روخانی کۆمار، پێش ئەوەی سوپای ئێران بگاتە مهاباد، بارزانی هات بۆ ماڵی ئێمە و داوای لە قازی کرد کە خۆی تەسلیمی سوپای ئێران نەکات و لەگەڵ ئەو بڕوات. بارزانی پێیگوت: "تا من هەبم، تۆ چت بەسەر نایەت" و زۆری هەوڵدا، بەڵام قازی رازی نەبوو و گوتی نامەوێ مهاباد بەجێبێڵم. پاشان گوتی ئێرانییەکان بەڵێنیان پێم داوە." بارزانی پێیگوت: "باوەڕ بە بەڵێنی ئێرانییەکان مەکە. زۆری هەوڵ لەگەڵ دا، بەڵام سودی نەبوو." سەرئەنجام گوتی: "بەیداغەکەی دا دەست بارزانی و گوتی ئەم بەیداغەی کوردستانم بۆ بپارێزە ...

موحسین دزەیی لە درێژەدا دەڵێ:

دوای تێپەڕبوونی نزیک بە بیست ساڵ من ئەو قسەیەم لە بارزانی بیستەوە، عەرزم کرد من بیست ساڵ لەمەوبەر ئەم قسەیەم لە مینا خانمی هاوسەری قازی محەمەد لە شاری مونیخی ئەڵمانیا بیستوە. چەند ساڵێکیش پاش، هەرئەوەم لە محەمەد عیسا یەکێک لە هەڤاڵانی بارزانی بیست. محەمەد عیسا لەوکاتەدا لەگەڵ بارزانی بووە و دواتر لەگەڵ بارزانی چوو بۆ سۆڤیەت.

ئەمیر قازی لە یەکەم سەفری بۆ کوردستانی عیراق لە ساڵی ١٩٦٤دا چاوی بە مەرحومی مەلا مستەفا کەوت. ئەو راستی تەواوی ئەو قسانەی سەرەوە دەسەلمێنێ و لە لاپەڕەی ٧٠ی کتێبی "لە بیرەوەرییە سیاسیەکانم" لە سەر بیرورای بارزانی لە سەر پێشەوا دەنووسێ:

لە شەخسی پێشەوا، رەخنەی هەبوو لەوە کە دەگەڵی نەچووبوو بۆ روسییە و گوتی، لە تێکچوونی کۆمار و لە دەرچوونی خۆمدا لە شار، چوومە لای پێشەوا و پێم کوت، فەرموو دەگەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمە وەرە، تۆ هەر سەرۆک و من وەک پێشمەرگەیەک لە خزمەتتدا دەبم. عەجەم جێی باوەڕێ نین، دەتگرن و دەتکوژن.

گوتی دەزانم عەجەم جێی باوەڕ نین، بەڵان هەلومەرجی من وەک هی تۆ نیە. من ئەگەر لێرە دەرکەوم، کوشتاری خەڵک دەست پێدەکەن. ئەو خەڵکە لە خۆشیدا دەگەڵ من بوون، لە ناخۆشیدا بەجێیان ناهێڵم. تۆ فەرموو بڕۆ، هەرچی پێویستە دەگەل خۆی ببە. لە هەستان و خواحافیزیدا، ئاڵایەکی چووکی لوولە کراوی کوردستانی لە گیرفانی"جوببە"ی دریژی، دەرهێنا و دای بە من و گوتی ئاگات لەو ئاڵایە بێ و مەیەڵە وەعەرزی بکەوێ.

عەقید بەکر عەبدولکەریم حەویزی لە لاپەڕەی ١٠١ی گەشتێک بە کۆماری مەهاباددا "دا ئاماژە بۆ دوا وتووێژی نێوان پێشەوا و مەلا مستەفا دەکات و دەڵێت:

هەرلەبەر دەرگای سەر جادەکە مەلا مستەفا چووە پێش و بە بەڕێز پێشەوای فەرموو: "حەزرەتی پێشەوای فەرماندە- تکام ئەوەیە کە لەگەڵمان لە مهاباد دەربچیت، ئەگەر بەتەنێ بمێنم حەوت ساڵ ئاڵاکەت لەسەر سەرم هەڵ دەگرم، مانەوەت لێرە مەترسی لە دوایە. حکومەتی ئێران لە سێدارەت دەدات".

پێشەوا فەرمووی: "مەلا مستەفا! لە هەموو سەردەمێک دا سەلماندووتە کە تۆ دڵسۆز و کۆڵنەدەری و نیشتمانپەروەر و خەباتگێڕی، مەرد و وەفاداری، چاک دەزانم کە حکومەتی ئێران لە سێدارەم دەدات، بەڵام من لە خۆشیدا لەگەڵ خەڵکی مهاباد بووم، لە ناخۆشی دا بەجێیان ناهێڵم. مردن و ژیانم لەگەڵ ئەوانە دایە، گەر ئێستا بەجێیان بێڵم عەشیرەتەکانی مهاباد بەردبارانمان دەکەن. بە کوشتنی خۆم رازیم نەوەک مهاباد بە وێرانی ببینم، فەرموو باچین بۆ خانەقای نەهری "مزگەوتی هەباس ئاغا" ئەگەر میللەت بیرورای وابوو بەجێیان بێڵم ئەوا مانیعم نیە، ئەگەرنا دەمێنمەوە تا لەشکری ئێران دێتە ناو مهابادەوە".

پاشان ڕووی لەمن کرد و فەرمووی: "ماشێنەکەی منیش بەرن و سوودی لێ وەربگرن". پێم وت حەزرەتی فەرماندە دەبێت لێم ببوورن، چاوم بەرایی نادات کە ماشێنی پێشەوا بەکار بێنم، تکام وایە ئەو داوایەم لێ نەکەن و بۆخۆت بیسووتێنە. ئەگەر بەپێ بڕۆم ئەوا ماشێنی پێشەوا بەکار ناهێنم.

کە چووینە خانەقای نەهری، خەڵکێکی زۆری مەهاباد لەوێ بوون و تکایان لە مەلا مستەفا کرد کە شەڕ نەخاتە ناو مەهاباد و بەڵێنیشیان نەدا کە پێشەوا لەگەڵمان بێت بەو ئۆمێدەی کە حکومەتی ئێران دەیبەخشێ.

حەسەن ڕەستگار ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات دەڵی کە منداڵ بوو ئەو دەنگۆیەی لە شاری مەهاباد بیستبوو کە پێشەوا ئاڵای کوردستانی دا بە مەلا مستەفا تا بیپارێزێ.

هەر لەوبارەوە ڕەحمانی قازی لە کتێبی ڕۆژگاری ون بوو دا دەنووسێ:

کاتێک هێزی حکومەتی ئێران دەگاتە میاندواو و لەوێ جێگیر دەبێ قازی کەریم (بابم) دەچێتە خزمەت جەنابی پێشەوا. کاتێک دەچێ جەنابی مەلا مستەفاش لەوێ دەبێ. بابم پێی دەڵێ جەنابی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشەوا من تەمەنێکی زیاترم لە تۆ بەڕێ کردووە و ئەزمونی ژیان زۆر شتی فێری من کردووە، سارد و گەرمی ڕۆژگارم زۆر چێشتووە. ئێستاش هاتوم پێت بڵێم جەنابت بۆ کوردستان وەک سەر وای و کاتێک سەر نەمێنێ جەستە هیچی لە دەست نایە. تکا دەکەم بڕۆ و خۆت بە کوشت مەدە بەڵێنی عەجەم متمانەی پێ ناکرێ و وەفایان بۆ کەس نییە. گەر بڕۆی خەڵکێکی زۆر وەدوات دەکەون و هێزت لە دەور کۆ دەبێتەوە هەر بۆیە دەوڵەتیش ناتوانێ زۆر فشار بخاتە سەر خەڵک چون ترسی تۆیان هەر لە دڵ دا دەمێنێ.

جەنابی مەلا مستەفا کە لەوێ دەبێ قسەکانی بابمی زۆر پێ خۆش دەبێ و دەڵێ ئەمن بۆخۆم و عێلەکەم هەتا مردن بەجێت ناهێڵین و وەک تاج لە سەر سەرمت دادەنێم، سور دەزانم گەر خۆت بە دەستەوە بدەی دەتکوژن. دوایی رو لە بابم دەکا و دەڵێ منیش هاتوم هەر ئەو داوایەی لێ دەکەم و دەڵێم بۆخۆی و خزم و کەسی هەموتان وەرن با بڕۆین بەڵێن دەدەم ناهێڵم بەردی سارد و گەرمت وە سەر ڕێی بێ، ئێستاش بە بڕوای من بە قسەی قازی کەریم بکە و وەرە با بڕۆین.

جەنابی پێشەوا لە وڵامیان دا دەفەرموێ: هەر دوکتان راست دەکەن و دڵنیام دەمکوژن بەڵام کوشتنم پێ لەوە باشترە کە بڕۆم و خەڵکی کوردستان بە جێ بهێڵم و بە گورگان خواردویان بدەم. ئەو خەڵکە منیان بە رێبەری خۆیان زانیوە و متمانەیان پێ کردوم، مافی ئەوەم نییە لە رۆژە خۆشەکان دا پێشەوا بم و لە رۆژە سەختەکان دا بەجێیان بهێڵم. سوور ئەوە دەزانم رزگارم نابێ بەڵام ئەوەش باش دەزانم کوژرانی من بۆ ئێران زۆر گران تەواو دەبێ. بە خوێنی من و هاوسەنگەرانم مێژوی کوردستان دەنوسرێ. من ئەوینداری ژیان نیم ئەوینداری ئەو مێژویەم بە خوێنی من دەنوسرێ. هەر بۆیە ناڕۆم و هیچ ترسێکیشم لە مردن نییە.

عەبدوڵای قازی لەو بارەوە دەنووسێ:

ئەوجار مەلا مستەفا هێزەکانی خۆی بە پەلە کۆکردەوەو دەچێتە لای پێشەوا و دەستی لە ئەستۆی دەکاو دەڵێ: وەرە ئەتۆ هەر پێشەوا بە، شەرت بێ هەتا بارزانییەکم بمێنێ ئەمن نایەڵم ئەتۆ چت لێ بێ.

ـ مەلا مستەفا ئەمن ناتوانم مەهاباد بەجێ بێڵم. ئەو عەشایرانە ئەو عالەمەی بێناموس دەکەن و دەیانکوژن. ئەمن سوێندێکە و خواردوومە ئەگەر بڕۆم دەبێتە خەیانەت، بۆیە خیانەتیان پێ ناکەم و بە جێیان نایەڵم با چیان بەسەر نەیە، دەنا دەزانم دەمکوژن، ئەو کارانەی ئەمن کردوومە لێم خۆش نابن. ئێستاش مەلا مستەفا ئەوەش ئاڵای کوردستان، تۆ ئیمانت هەتاهەی مەیەڵە ئەو ئاڵایە وەعەرزی کەوێ.

مەلا مستەفاش بەڵێنی دەداو سوێندێ دەخوا کە ئەو ئاڵایەی هەر شەکاوە راگرێ. لەو رۆژەدامامە وەهابم و ئیقباڵی و حەمەدەمینی قەزاق (مەمیخان)، کاك مەحەمەدی ئامۆزام و مستەفای برام و چەند کەسی دیکە لەوێ بوون و ئاگاداری چاوپێکەوتنی ئەو دوو کەسایەتییە گەورەیەی کورد و کوردستان و ئەو بەڵێنێ مێژووییە بوون.

مامۆستا هێدی لە شێعری نەمران دا، لەسەر ئەسپاردنی ئاڵا بە مەلا مستەفا دەنووسێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر ئەو رۆژەی کۆمار رووخا
ئاڵای کورد وەدەست ئەو درا
ئەو ئاڵای گرتە ئامێزێ
هەر خۆی دەبوو بیپارێزێ

مەرحومی مەلا مستەفا هەر لەو رۆژەدا، دوای چاوپێکەوتن لەگەڵ پێشەوا بۆ خوداحافیزی دەچێتە لای مینا خانم هاوسەری پێشەوا. منیرخانم کچی پێشەوا لە حەوتەنامەی سیروانی ژمارەی ۳۰۵ی خەزەڵوەری ۱۳۸۳دا، لە بارەوە دەڵێ:

مەلامستەفا ئاخر رۆژ کە دەیانهەویست بگەرێنەوە، فەرموو بووی: ئەمن دێم لە خانم خوداحافیزی دەکەم. ئەودەم خانمەکان بە دەگمەن ئاغایانیان چاوپێدەکەوت، یا یەکتریان دەدی. مەلامستەفا وەختی خوداحافیزی هاتە دیوی مەحکەمە. دیوی مەحکەمە دیوێکی گەورە بوو کە فەرشێکی گەورە بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو ...

ئەودەم بۆ جیاکردنەوەی بەشی ژنان و پیاوان پەردەیەک لە وەسەتی دیوەکە هەڵدەواسرا، منیش مناڵ بووم لە ژێر پەردەکەوە دەستم دەکێشا بۆ پاتۆڵە بادینێ فراوانەکەی مەلامستەفا. چۆن زۆرم پێ جوان بوو هەر لە پشت پەردەکەوە خوداحافیزی لە دایکم کرد ...

منیر خانم لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ هەر لەوێ مەلا مستەفا بە دایکمی گوت:

پێم عەیبە دەست و لاقی حەزرەتی پێشەوا بگرم لەگەڵ خۆمی بەرم وەڵا حەمەن دەیگرن، دەیکوژن. بە دایکمی کوت: دەبوایە هەڵاتبایە زۆر حەیفە بکوژرێ.

منیر خانم لە درێژەی قسەکاندا دەڵێ دایکم ئەو قسانەی بۆ بابم گێڕاوە و پێشەوا گوتی:

من نارۆم، وەک ئەو رۆژەی لێم عەیانە کە دەکوژرێم. ئیدی مەلا مستەفا خوداحافیزی کرد و رۆیی.

بڕیاری مانەوە و نەڕۆیشتنی پێشەوا، لە نێوان خۆی و خیزانی دا، کێشەی لێ ساز دەبێ و منیرخانم کچی پێشەوا لە چاوپێکەوتن لە گەڵ تۆفیق رەفیعی، لەو بارەیەدا دەڵێ:

من لە حەوت سالاندا شاهید بووم کە دایکم دانیشتبوو ئەگریا. باوکم هات و پێیکوت : بۆ دەگری شێرە ژنی کورد. دروست لەم کاتەدا بوو کە نیروی ئەرتەشی شاهەنشاهی دەهاتەوە.

دایکم کوتی بۆخۆم و بۆ منداڵی خۆم دەگریم.

بابم کوتی: یانی چی بۆخۆت و مناڵی خۆت، مناڵی من مناڵی کوردستانە نابێ تۆ بۆیان بگری.

دایکم کوتی: چوونکێ تۆ ناڕۆی ئەکوژرێی. ئەوە مەلامستەفا بارزانی هاتۆ بۆ خوداحافیزی و دەڵێ پێشەوا لە گەڵ ئێمە نایە بڕۆین، حەمەن دەیبەن دەیکوژن.

باوکم دەیفەرموو وەکوو ئەو رۆژەیٚ دەزانم دەکوژرێم. ئەمن هەر ئەو رۆژەی سوێندم بۆ میللەتی خۆم خوارد کە هەتا ئاخرین دڵۆپی خوێن لەگەڵ ئەوان بم، گیان و رووحی خۆم فیدای ئەوان کەم، دەمزانی دەکوژرێم. من ناڕۆم نابینی لە تەورێزێ خوێن سەران دەبا، ئەوە پیشەوەری هەڵاتووە ...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باوکم فەرمووی: ئەمن ئەگەر بڕۆم ئەوە کارەساتی تەوریز ڕوو دەدا. دەوڵەت دێت، هەزاران کەس دەکووژرێ، جەماوەر و خەڵکی شار جەزرەبە دەدەن. لە دەوری شار تاقمێک لە عەشیرەتەکان چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەن دێن و خەڵکی شار تاڵان دەکەن و کوشتو و کوشتار ساز دەبێ، قەیناکە دەوڵەت بابێ و ڕقی خۆی بە من دەرکا ئەمما ڕازی نیم کەس خوێنی لە لووتی بێ.

ئەتۆش لە گەڵ مناڵەکانی خۆم بە میللەتی کورد دەسپێرم، بۆ مناڵی من خودا گەورەیە، تۆ قەت خەمی مناڵی منت نەبێ ئەمنیش لە سەر بەڵێنێکی کە بە میللەتی خۆم داوە دەبێ سەری خۆم دانێم.

کەسانێک لە ئەسپاردنی ئاڵای کوردستان بە مەرحومی مەلامستەفا، لە لایەن پێشەوا بە گومانن و کەسانێکیش لە سەر چەشنی ئاڵا بە شکن. مامۆستا عەبدوڵای حەسەنزادە لە لاپەڕەی ١٥٤ی ئەزموونی … دەنووسێ:

ئەو ئاڵایەی کە دراوە بە مەلامستەفا شتێکی تازەیە و تازەگی ساز کراوە ئەو ئاڵایە ئاڵای سەردەمی کۆمار نییە. ئەو ئاڵایە نیە کە ئێستا هەیە و ڕۆژی تێدایە و ڕۆژەکە ٢١ پەڕەی هەیە. ئەوەی کە دراوە بە مەلامستەفا هەر ڕۆژی تێدایە و سێ ڕەنگەکەیە و چندراوە. بەڵام ئەو ئاڵایە نییە کە ئارمی حیزبی دێموکرات بوو گوڵە گەنم و قەڵەم و تیشکی خۆرەتاوی تێدابوو.

ئەوی مامۆستا عەبدوڵای حەسەنزادە دەڵێ ڕاستە و ئەو ئاڵایە هیماکانی حیزبی دێموکراتی سەردەمی کۆماری لەسەر نییە. سەختە کە ئاڵای پارچەیەکی کوردستان بکرێتە ڕەمز و نوێنگەی هەرچوار پارچەی کوردستان. بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، ڕەنگە لە کۆماری کوردستان دا، لەسەر ئاڵایەک بە بێ مۆرکی حیزبێک بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان، ساغبوونەوەیەک کرا بێ. بیشک ئەسپاردن و پاراستنی ئاڵای کوردستان بە مەلا مستەفا بارزانی، شتێکی سەیر نەبوو و مەلا مستەفا شیاوی ئەوە بوو و لە ژێر ڕیبەرایەتی ئەو دا، عەشیرەتی بارزان، لە ڕێگەی شەکاوە بوونی ئاڵای کوردستان، زۆریان زەحمەت کێشا و خوێنیان دا.

ئاڵای کۆماری کوردستان بۆ مەڵا مستەفا، ڕەمزی نیشتمانی و نەتەوایەتی میللەتی کورد بوو. بە پێی کوردستانی ژمارە ٢٧ مەلا مستەفا بارزانی بۆخۆی لە ڕۆژی جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٣٢٥ لە وتارێک دا لەسەر ئاڵا گوتی: … پیرۆز بایی یەکەم جێژنی میللی سەربەستیتان لێدەکەم کە ئەمڕۆ لە پایەتەختی حکومەتی کوردستان کە ئاڵای موقەدەسمان نیشانەی ئازادی نیشتمان و میللەتە لەسەر سەرمان دەلێرێتەوە و پێی پیرۆزی دەکەین.

ئەوەی کە ئاڵای کوردستان درابێ بە مەرحومی مەلامستەفا شک و گومانی لێناکری و شاهیدی دیکەش گوتویان کە ئاگاداری ئەو ڕووداوە بوون. بەڵام ئەوەی کە چ ئاڵایەک بە مەلا مستەفا ئەسپێردرابێ دەبێ ئاڵایەک بێ کە نیشانەی هەر چوار پارچەی کوردستانی هەبوو بێ. ئەو نیشانانەی کە لە سەر ئاڵای کۆماری کوردستان بوو، ئارمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. پارتی دێموکرات کوردستانی عێراق کە لە سەر شێوە و بێچمی حیزبی دێموکرات دامەزراوە، بەڵام ئارم و نیشانەکانی حیزبی دێموکڕاتی نەبوو. کە وابێ ڕەنگە لەسەر ئاڵایەک ڕێکەوت بن کە ڕەنگەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەبوو بێ، بێ ئەوەی مۆرکی حیزبی دێموکراتی پێوە بوو بێ. شێوەی ژیری و عەقڵانییەت و توانایی و سیاسەتمەداری کارگێڕانی سەرەکی کۆمار لە کارەکاندا، دوور نییە کە ئاڵای کوردستانی یەکپارچەیان دیاری کرد بێ و هەر ئەو ئاڵایەش درابێ بە بارزانی رەحمەتی. رێبەرانی کۆمار، لە دیاریکردنی پەیوەندییەکانی دیپلۆماسی دا زۆر ورد و دقیق بوون و ژیرانە هەلسوکەوتیان کردووە و لە راپەڕاندنی کارەکان دا، لە روانگە و چوارچێوەی حیزبیدا قەتیس نەماون و رەنگە بە چاوخشاندنەوە بە ئاڵا و نیشانەکانی رابردووی نەتەوی کورد، ئاڵایەکیان هەڵبژارد بێ کە قبووڵی پارچەکانی دیکەی کوردستان بوو بێ.

بێشک مەلا مستەفا لایەقی وەڕاسەتی کۆمار بوو و دەبوو سومبولی کۆماری کوردستانیش لە ناو دەستی بە توانای ئەو دا بپارێزرێ. ناسینی کەسایەتی پێشەوا، ئەوەی دەردەخا کە گەورەترین ئاوات و ئارزووی ئەو لەوکاتەدا، پاراستنی گەورەترین نیشانەی کۆمار، واتا ئاڵا بووە و کەسیشی لە مەلا مستەفا بە شیاوتر نەزانیوە.

تەنانەت ئەگەر پارتی دێموکرات کوردستان سەرەڕای هەموو سەروەرییەکانی خۆی، موزایدە یان خۆڕانان بەو ئاڵایە بکا، جێی شانازییە و نیشانەی شکۆی نیشتمانی و نەتەویی ئەو رێکخراوەیە دەگەیەنێ کە خۆی بە هەڵگری ئاڵای بەشێکی دیکەی کوردستان بزانێ.

مەلامستەفا بە دوای ئاخرین دیداری لەگەڵ پێشەوا، چوو بۆ خانەقای نەهرێ و عەقید بەکر عەبدولکەریم حەوێزی لە لاپەرەی ٩٢ی کتێبی بیرەوەرییەکانیدا، لەوبارەوە دەنووسێ: ... کە چووینە خانەقای نەهری، خەڵکێکی زۆری مهاباد لەوێ بوون، تکایان لە مەلا مستەفا کرد شەڕ نەخاتە ناو مەهاباد و بەڵێنیشیان نەدا کە پێشەوا لەگەڵمان بێت و بەو هومێدەی کە حکومەتی ئێران دەیبەخشێ. دراوسێیەکەی ئێمە "سەمەدۆف" کە نوێنەری سۆڤیەت بوو لە مهاباد، رۆژی پێشووتر هەڵاتبوو و تەنانەت جیهازی بێتەلەکەشی لێ بەجێمابوو. هەروەها مستەفا و ئەنوەر دڵسۆز و خانەوادەکانیان چووبوون بۆ ورمێ بەو نیازەی لەوێوە بچنە روسیا.

**داگیرکردنەوەی مەهاباد**

ڕۆژی ١٣٢٥/٩/٢٥- ١٩٤٦/١٢/١٦ قازی محەممەد، محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی و حاجی سەید بابا شێخ لە ئاوایی حەمامیانی بۆکان، پەیمانی تەسلیم بوونی کۆماری کوردستان و دورخستنەوەی بارزانییەکانیان لە مەهاباد مۆرکرد. ئەوان دوای گەڕانەوە بۆ مەهاباد دەستووراتی پێوستیان، لە سەر هاتنی ئاشتییانە ئەرتەش بۆ نێو شار دا دەرکرد.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەوانەی کە پەیوەندیان بە عەشایرانەوە نەبوو لەگەڵ هیزەکانی بارزانی بەرەو شنۆ و نەغەدە پاشەکشەیان کرد. رادەی ئەو هیزە روون نییە بەڵام دوکتور رەحیمی قازی لە لاپەڕەی ٢٩٣ کتێبی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد و قازی محەممەد ١٩٤١ – ١٩٤٧ دا دەنووسێ: هەر ئەو شەوەی کە قازی و هاوڕێکانی گیران ١١٥٠ کەس لە تێکۆشەرانی حیزب و پێشمەرگەکانی کوردستان لە مەهاباد بوون بە سەرۆکایەتی ئەفسەری هێزی پێشمەرگە "محەممەدی مەولوودیان" بە چەکەوە لە شاری وەدەر دەکەون و تێکەڵاو دەبن بە هێزی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشمەرگە بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی کە لە مەڵبەندی نێوانی نەغەدە و شنۆ جێگیر بووبوو. بە تێکەڵاوی ئەم هێزە ژمارەی هۆردووی ژێر فەرمانی بارزانی گەیشتە ٧ هەزار کەس و دەستیان کرد بە خۆئامادەکردن بۆ پەلاماربردن بۆ سەر گۆردووی ئێران لە مەهاباد. ژمارەیەکیش لە فیداییەکان و ئەفسەرەکانی ئازەربایجان تێکەڵاوی هێزی بارزانی بوون

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٢٥٥ دەنووسێ کە کاتێک بەرەو نەغەدە پاشەکشەیان دەکرد تووشی پیاوێک و دوو منداڵ بوون کە بەو سەرمایە بە ڕێگایەدا دەڕۆیشتن. کە نیزیک بوونەوە گوتیان ئەوە قانعە و حەمەدی مەولوودی لە ئەسپەکە دادەبەزی و دەڵێ: کاک قانع تکا دەکەم با منداڵەکانت سوار بن.

-گوتی: نابێ سوار بن. با فێری کوێرەوەری بن.

چەندی من گوتم فایدەی نەبوو و نەیهێشت ئەو منداڵانە سوار کەم. هەرچی کردم و کراندم هەرچی پاڕامەوە چی لی شین نەبووە. پاشان منیش بە بە پێیان و بە قسە کردن دەگەڵی کەوتمە ڕێگا.

فەرماندەکانی ئەرتەشی ئێران لە گرتنەوەی مەهاباد نیگەران بوون و بە لای ئەوان کارێکی گرینگ و لە رادەبەدەر چەتوون بوو. ئەوان لە کوردستان دا زەبری کوشەندەیان لە هێزی پێشمەرگە خوارد بوو، چاوەڕوانی ئەوە نەبوون وا بە ئاسانی ئەو شوێنە بگرنەوە. بۆیە بە دوای  پاشەکشەی بارزانییەکان لە مەهاباد، ئەرتەشی ئێران بە لێکدانەوەی ورد و هەمەلایە دەستی بە پێشڕەوی کرد. ئەوان کارقایمی تەواویان کرد بوو و چەک و تەقەمەنی زۆریان لە ئیختیاری عەشایری نابوو و بە تایبەتی هێزی سوارەی عەشایری دێبۆکری و مامەش کە بە هۆی عەوڵای ئیلخانی و مام عەزیزی قەرەنیاغا بە جل و بەرگی سەربازی ئێرانی تەیار کرابوون، لە ژێر فەرماندەری سەرهەنگ جەعفەری دا، ئامادەی هێرش بۆ سەر مەهاباد بوون.

سەعید هومایون لە لاپەڕەی ١٢٤ی کتێبی پیشوای بیداری دا، دەنووسێ کە ئەرتەشی ئێران بۆ گرتنەوەی مەهاباد دەیەویست هەر ئەو پلانە بەڕێوەبەرێ کە بۆ گرتنەوەی تەورێز بەڕێوە چوو و پێیانخۆش بوو کە سەرەتا عەشایر دەست بە سەر شار دابگرن و کوردەکان چیان پێخۆش بوو لەگەڵ خەڵک بیکەن. کورد بە دەستی کورد بە کوشت بدەن و دوایەش بۆخۆیان بێن ئەمنیەتی خەڵکی دابین بکەن و خۆ بە دڵسۆز نیشان بدەن.

لە هێرش بۆ سەر مەهاباد، پێشتر قەرار داندرا بوو کە لە دوو ڕێگای ورمی و مێاندوا را هێزەکانی ڕێژیم، هێرش بکەن. بەڵام چوونکە هیزەکانی بارزانی لە ڕێگای نەغەدە جێگیر ببوون، بڕیار درا ئەرتەش تەنیا لە لای میاندواو را هێرش بکا. سەرئەنجام شەوی ٢٦ی سەرماوەز هێزەکانی ئێران لە ڕێگای میاندواو بەرەو مەهاباد وەرێکەوتن و لە ٦ کیلۆمەتری مەهاباد لە گوندی ئیندرقاش جێگیر بوون. هێزەکانی ئێران ترسیان هەبوو و نیگەرانی هێرشی پێشمەرگە بوون. بۆیە بە پێی قسەی "پەسیان" هەر ئەو شەوە لە تەورێزڕا ٢ گوردانی پیادە و ٢ گوردانی سوارە و گورهانێکی تۆپخانە و چەند تانک، بۆ ئیندرقاش بەڕێ کران.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەعید هومایون لە درێژەدا دەنووسێ کە یەک ڕۆژ دوای گەڕانەوەی پێشەوا و حاجی باباشێخ لە حەمایان، خەبەر هات کە سوارەی عەشایر گەیشتوونەتە کەڵکی بەگزادە و لە سێ کیلۆمەتری شار جێگیر بوون و دەیانهەوێ بێنە نێو شار. بەڵام لە بەرانبەر بە هێزی عەشایر دا، خەڵکی مەهاباد ئازایانە ئامادەی دیفاع لە گیان و ماڵی خۆیان بوون. قازی فەرمانیدا کە شێخ حەسەن شەمسی بورهان و ڕەحیمی جەوانمەردی قازی و ئەمن بە ماشێنی تایبەتی پێشەوا بچین چاومان بە سەرهەنگ غەفاری بکەوێ. غەفاری فەرماندەری هێزی پێشەوەی لەشکری و عەشایری بە ئەستۆ بوو و لە ئاوایی ئیندرقاش(ئاگریگاش) بنکەی دانابوو و ئێمە دەبوایە باسی ئەو قەرار و بەڵێنیانەی وەبیر بخەینەوە کە پێشەوا لەگەڵ هومایونی لە سەر شێوەی هاتنی هێزەکانی دەوڵەت بۆ نێو مەهابادیان دابوو.

سەعید هومایون لە درێژەدا دەنووسێ کە دیارە جەعفەری کەریمی بەرپرسی ستادی هێزەکانی کوردستان، مەئموورییەتی هەبوو کە چاوی بە سەرهەنگ غەفاری بکەوێ و خاڵەکانی (مەفادی) ئەو ڕێکەوتننامەیە پێ ڕابگەیەنێ و چونییەتی هاتنی هێز بۆ نیو شاری لە گەڵی یەکلا بکاتەوە. سەعید هومایون دەنووسێ کە یەک کیلومیتر مابوو بۆ گووندی "ئیندرقاش" چاومان بە دوو ماشێنی جیبی ئەرتەشی کەوت کە بۆ لای ماشێنی ئێمە دەهاتن. ئەو ماشێنانە لە چەند میتریی ئێمە ڕاوەستان. نەفەری ماشێنی یەکەم سەرهەنگ غەفاری و جەعفەراغای کەریمی بوون. جەعفەراغا لە ماشێنەکەی دابەزی و ڕووی لە ئێمە کرد و گوتی ئایا ئێستاش هیزەکانی بارزانی لە مەهاباد دا هەن؟ ئێمەش لە ماشێنەکە دابەزین و لە قەراغ ماشێنەکە ڕاوەستاین کە سەرهەنگ غەفاری بۆخۆی شۆفیری بوو. شێخ حەسەن شەمسی بورهان ڕێکەوتنی نێوان قازی محەممەد و سەرلەشکر هومایونی پێراگەیاند. سەرهەنگ غەفاری گوتی کە بۆ چاوپێکەوتن و وەرگرتنی فەرمان دەچێتە میاندواو و بۆ لای سەرلەشکر هومایونی. ئەمن ڕوو بە سەرهەنگ غەفاری گوتم" جەناب سەرهەنگ هێشتا بارزانییەکان لە ناو شاری مەهاباد دان. بە پێی بەڵێنی سەرلەشکر هومایونی بڕیار وایە کە دوای چوونەدەری ئەوان، هێزی دەوڵەت بێنە نێو شار و پێش هاتنی هێزی دەوڵەت، هێزی عەشایر حەقی هاتنی نیوشاریان نەبێ". سەرهەنگ غەفاری بە تووڕەیی گوتی: "ئاغا ئەمن لە بارزانیان ناترسم، ئەمن لەوان مەترسێنە". ئەمنیش گوتم: "جەناب سەرهەنگ مەبەست ترساندنی تۆ نییە، بەڵکو مەبەست بەڕێوەبردنی ئەمر و فەرمانی قازییە". دوای ئەو قسانە سەرهەنگ غەفاری و جەعفەراغای کەریمی بەرەو میاندواو وەڕێکەوتن و ئێمەش بەرەو مەهاباد گەڕاینەوە. لە جادەی مەهاباد ـ میاندواو نەگەیشتوو بە کەڵکی بەگزادە، توشی دەستەیەک ئاغا و سەرۆک عەشیرەتان بووین کە بە ڕواڵەت تا دوێنی شۆڕشگێڕ بوون و ئەوڕۆش دەچوونە لای سەرهەنگ غەفاری تا وەفاداری خۆیان بە ئەو ڕابگەیەنن. سەرەڕای ئەوەی ماشێنی قازی محەممەدیان بە باشی دەناسی، بەڵام بە کۆ تەواوی ڕووبەری جادە خاکێکەیان گرت بوو و حازر نەبوون ڕێگامان بۆ بکەنەوە. شۆفیرەکە ماشێنەکەی ڕاگرت. شێخ حەسەن دابەزی و پێیگوتن: "ئاغایان، شەرم و حەیایە بتانگرێ، ئێوە مەگەر تا دوێنی بۆ دیفاع لە کوردستان، بەیعەتوو بە پێشەوا نەکرد و پەیمانتان لە گەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەبەست؟ ئەورۆ کە وەفاو بە پەیمانەکە نەکردوە ژێرپێتان ناوە، سەرەڕای ئەوە کە ماشێنی ئێمە دەناسن، بۆچی ڕێگا و گرتوە و پێش و بە رووپشتنی ئێمە دەگرن؟". چەند کەس لە ئاغاکان بە خەجاڵەتی زۆرەوە گوتیان کە ماشێنەکەمان نەناسیوە و ڕێگایان بەردا.

لە هەوراز و گەوەکانی کەڵکی بەگزادان تووشی دەستەیەکی دیکەی عەشایر بوین کە بە خەیاڵ خۆیان دەیانهەویست وەک پێشەنگی لەشکر لە شار نیزیک ببنەوە. ئەوانیشمان ئامۆژگاری کرد و گەڕاینەوە بۆ شار.

هەر لەو بارەوە عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٩٠ی کتێبی "وڵاتی من" دا دەنووسێ:

پێشتر سەرۆك عەشیرەتەکان بە ئەرتەشیان گوتبوو کە ئەگەر بیانهەوێ هەتا ئەوان دێن، مەهابادیان بۆ پاکسازی دەکەن. لەو لایەوەش پێشەوا بۆ ئەوەی ڕێگای خراپەکاری عەشایر بەربەست بکا، سالاری میرزافەتاحی قازی دەنێرێتە لای سەرتیپ هومایۆنی و دەڵێ بچۆو پێی بڵێ: "هەروەك گوتومانە ئێمە عەشایر قبوڵا ناکەین و دەبێ ئەوەڵ ئەرتەش بێتە نێوشاری و حکوومەت دابنێ جا دوایە عەشایر بێن، دەنا شەڕ دەکەین".

سالاری میرزا فەتاحی لەسەر ئەو ڕووداوە ئاوای دەگێراوە: "ئەگەر چوومە ئیندرقاشی، لەشکری ئەو عەشایرانە هەمووی لەوێ بوون. ئەوان ئەمنیان باش دەناسی و هێندێك بە دوربین چاویان لێدەکردم و خۆیان رادەنا. ئەمنیش گەیشتمە لایان و گووتم ئەو راپسان داپسان و خۆرانانەتان لە چییە، هەتا ئەرتەش لە ئیندرقاشی نەبوو ئەنگۆ لە کوێ بوون و دەتانتوانی ئاوا بکەن. قازی مەحەمەد بۆخۆی شەڕ ناکا و بۆخۆی دەڵێ با ئەرتەش بێ، ئیدی ئەو هات و هووتەو لە چییە؟

دوایە خاڵە سالار دەچێ و قسەکانی پێشەوا بە سەرتیپ هومایۆنی دەڵێ. ئیدی نەیانهێشت ئەوەڵ عەشایر بێنە نێو شاری و خەڵکی تاڵان بکەن.

ڕۆژی ١٣٢٥/٩/٢٦- ١٩٤٦/١٢/١٧، پێشەوا قازی و سەرکردەکانی کۆماری کوردستان، تا نزیک گوندی "گوێکتەپە"، ١٢ کیلۆمەتری باکوری رۆژهەڵاتی مەهاباد، بە پێشوازیی سوپای ئێرانەوە چوون و هێزەکانی سوپای ئێرانیان بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ "غەفاری" هێنایەوە بۆ مهاباد و لەو رۆژەدا سوپای ئێران مەهابادی داگیرکردەوە کە ساڵێک پێشتر لەوێ حیزبی دێموکرات ئاڵای کوردستانی هەڵکردبوو. ئەو رۆژە بۆ خەڵکی کوردستان رۆژێکی ماتەمین و خەفەتبار بوو و بە پێچەوانەی ئازەربایجان، لە لایەن خەڵکەوە بە دژی ڕێبەرانی کۆمار هیچ دژکردەوەیەکی ناشیرین رووی نەدا و هەمووکەس بەو ڕووداوە نارەحەت و غەمبار بوون.

ڕۆژی ٢٦ ی سەرماوەز ١٧ (دیسامبر) یەک ساڵ دوای هەڵ کردنی ئاڵا و پاش نیزیک بە ٥ ساڵ دەستەڵاتداری خەڵک، ئەرتەشی ئێران بە بێ هێج چەشنە بەربەرەکانییەک هاتە نێو شاری مەهاباد و لە پادگان و خانووی دوخانییات و چەند جێگای دیکەی شار، جێگیر بوون.

جێگای سرنج و گومانە کە بە پێچەوانەی هەموو نووسراوەکانی مێژوویی، میرزا محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٠٣ ی بەشی دووهەمی کتێبەکەیدا، باسی خۆشحاڵی خەڵکی مەهاباد لە گرتنەوەی شار بە هۆی لەشکری ئێران دەکا و دەنووسێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمجا رۆژی ٢٦ی ئازەری ١٣٢٥ دوو هەنگی سوارە و هەنگی پیادە لەگەڵ چەند تانک و ماشێنی زرەپۆش و لەگەڵ بەشێکی لەشکری عەشایری دێبوکری، گەورک، و دەستەی ئاغا ساڵح سوڵتان پەنا، بەبێ هیچ وێنە مسادەمە و تەقەیەک واریدی سابلاغ بوون و لە لایەن ئەهالی سابڵاغەوە ئیستقبال و ئێحتفالیکی زۆر عەزیم بۆ ئەو لەشکرکێشی دیکتاتۆری محمد رەزاشای ئێران کرا.

ئەحمەدی قازی وەک قوتابێکی کۆمار، لە دەست نووسێک دا، باسی هاتنەوەی ئەرتەش بۆ نێو شار دەکا:

لەپڕ سەرەتای ئەو لەشکرە هاتە نێو شەقامەکە، نیزیک هەزار سەربازی سوار، چڵکن و پۆتین شڕو شەڵوار دڕاو، بە نەرمە غار و (یورتمە) بەرەو رۆژئاوای شار سەربازخانە دەڕۆیشتن و ئەو دروشمەیان بە دەنگی بڵێند دووپات دەکردەوە: "خاکی خۆمانە، خاکی خۆمانە"

بە دوای گرتنەوەی مەهاباد، ژێنراڵ همایونی چووە ماڵە پێشەوا و داوای لێکرد کە پەیامێک بە سەرۆکی هێزی چەکدار بدا کە لە هیچ کوێ لەبەرانبەری ئەرتەشی ئێران دا خۆڕاگری نەکەن. پێشەوا ئەو داوایە ڕەد کردەوە و بە پێی لاپەڕەی ١١٦ ئیگلتۆن گوتی:

تەواوی مەسئولییەت لە عۆدەی مندایە و دەست لە خەڵکی هەڵگرن و ئازاریان مەدەن...

مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٩٩ کتێبی "بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد" دەنووسێ:

مەهاباد رووخا، رووخا ئاواتی ملیۆنان کوردی لە سەرانسەری هەموو کوردستان دا لەگەڵ رووخا و بوو بە ژێرەوە. کۆمارە ساوایەکە پەردەی نەمانی بەسەردا داکشا.

رۆزویلت ئەتاشەی عەسکەری ئەمریکا نووسێ:

بەمجورە دیکتاتوری مەحەمەد رەزاشا رووی دزێوی خۆی دەرخست و پرسی هەڵبژاردن مەجلیسی ١٥ تەنیا بیانوویەک بوو بۆ رۆخانی کۆمارەکانی ئازەربایجان و کوردستان.

ئەحمەد قازی کە یەکێک لە قوتابییەکانی سەردەمی کۆمار بوو، لە دەست نووسێک دا هەستی خۆی لەسەر رووخانی کۆمار ئاوا دەردەبڕێ:

بەمجۆرە نیزیکەی دە مانگ چووینە قوتابخانەی کوردی و دەرسمان خوێند کە لە نەکاو لە رۆژێکی ساردی سەرماوەزی ١٣٢٥ دا پێیان گوتین بڕۆنەوە تا پێتان نەلیین مەیەنەوە مەدرەسە. منداڵ بووم و سەرەدەرم لە بارودۆخەکە دەرنەدەکرد. نەمدەزانی سیاسەت چیە. هەر ئەوەندەم دەزانی پێشەوایەکی گەورەمان هەیە و گەورەی هەموو لایەکە و خزمی خۆشمانە. لە ماوەی ئەو ساڵە دا دوو جار هاتبووە کلاسەکەمان و دەرسی لە چەند کەسێک پرسیبۆوە و دەستی بەسەرمان داهێنا بوو و هەموو جارێ بۆ خویندن و ئازایەتی و پاک و خاوینی هانی دابووین...

دوای ئەوە خەبەری تەسلیمی کۆماری کوردستان لە رادیو بڵاو بووە، تایفەی حەمەد ئاغا، لە عەشیرەتی مامەش بۆ تاڵانی شاری نەغەدە و مەهاباد وەڕێکەوتن. دەستەیەک کە بۆ پارێزگاری لە شاری نەغەدە کۆبوونەوە و سەر رێیان لێگرتن و هوشداریان دانێ کە ئەگەر بێنە ناو شاری توشی شەڕ و کوشتار دەبن و ئاغاکانیش رێگایان گۆڕی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٤٣

### چارەنووسی ئەندامانی بەڕێوەبەری کۆمار

هەوڵی زۆر درا کە پێشەوا مەهاباد بەجێبێڵێ، بەڵام ئەو بڕیارەکەی خۆی کە مانەوە لەگەڵ خەڵک بوو بەڕێوە برد. لە رۆژی ٢٠ی سەرماوەز، پیشەوەری بە تەلەیفوون داوای لە قازی محەمەد کرد کە ئەویش پەنا بۆ رووسان بەرێ و بچێتە باکۆیە، بەڵام قازی پێشنیارەکەی قبووڵی نەکرد و گوتی لە لای خەڵکەکەی دەمێنێتەوە. بە پێی لاپەڕەی ٢٨٢ی کتێبی رەحیمی قازی، لە زمانی میناخانم، پێشەوا لە وڵامی پێشنیاری رووسان کە بچێ بۆ شووڕەوی گوتی: ئەمن پەیمانم هەیە لەگەڵ خەڵکی مەهاباد و ناتوانم پشتیان بەردەم...

ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ٨٩ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" باسی توانایی و لێهاتویی بەڕێوەبەرانی کورد دەکا و بەراوەردیان دەکا لەگەڵ رێبەرانی ئازەربایجان و دەنووسێ: بەڵام دۆخەکە لە کوردستان تەواو جیاواز بوو لەگەڵ ئازەربایجان. سەرکردەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر هەموویان و لەسەرووی هەموویانەوە، مەزنە پیاوی مێژوو قازی محەمەد نەك ڕایان نەکرد، بگرە خۆشیان کردە بەڵاگێڕی میللەتەکەیان. ئەی سڵاوت لێ بێ ئەی حەماسەخوڵقێن و نموونەی بوێری و مێرایەتی. قازی محەمەد و سەدرولئیسلام، ئەو مرۆڤە دڵودەروونپاکە و حەمەحوسێن خانی مایەی شانازییان لە مەیدانی چوارچرا لە سێدارە دا. ئەوانی دیکەشیان لە بەندیخانە توند کردن. ئێوە ڕۆیشتن، بەڵام تا کورد و کوردستان ماوە و تا لە دنیادا ناوی جوامێری و مێرایەتی بمێنێ، ناوی ئێوەش بەنەمری و زیندوویی دەمێنێ.

بە دوای بڕیاری خۆ بەدەستەوەدان و تەسلیم بوونی کۆمار، بەر لە گەڕانەوەی ئەرتەشی ئێران بۆ مەهاباد، هێندێک لە بەرپرسان و کاربەدەستانی کۆمار، یان هەڵاتن بۆ هەندەران یان خۆیان شاردەوە.

ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٢٠٧ی کۆماری کوردستانی ١٩٤٦ دا دەڵی کە رۆژی ٢٣ی سەرماوەز، ژمارەیەک لە بەرپرسانی حیزبی بۆ راویژ لەسەر مانەوە یان دەرباز بوون بۆ هەندەران، چوونە ماڵە پێشەوا قازی محەممەد. قازی رایگەیاند کە ئەو دەمێنێتەوە و گوتی:

هەرچی دەتانەوێت لەگەڵ خۆتانی بەرن، من لەگەڵ خەڵکی مهاباد دەمێنمەوە، چونکە سوێندم خواردوە کە لەلایان بمێنمەوە و پارێزگارییان لێ بکەم. حکومەتی ئێران بە قین و تورەیی دەگەڕێتەوە و دەست لە خەڵک ناپارێزێ، لەبەر ئەوە خەڵکی مهاباد توشی زیانێکی زۆر دەبێ و من ناچارم لایان بمێنمەوە.

کۆبوونەوەی بەڕێوەبەرانی حیزب لە ماڵە پێشەوا و قسەو ئامۆژگارییەکانی ئەو لەمەڕ مانەوە و بەجێنەهێشتنی خەڵکی شاری مەهاباد، شوێنی کاریگەری لە سەر بەڕێوەبەرانی حیزب دانا و بە پێی کتێبی "پێشەوای بیداری" بە دوای قسەکانی پێشەوا دا، زوربەی بەڕێوەبەرانی حیزب هەڵنەهاتن و بڕیاریان دا بمێننەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێندێک لە بەڕێوەبەرانی کۆمار، لە دێهات یان لە ماڵاندا خۆیان شاردەوە. عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ١٠٧ی کتێبی وڵاتی من دا دەنووسێ:

هێندێکیش وەك قاسمی قادری و ئەسحابی بێ هیواو بێ ئومێد، بە تاسەی ئەوەی کە کۆشکی ئاواتیان رووخا، بە بێ دەنگی لە ماڵێ دا خۆیان شاردەوە و بە نهێنی دەژیان.

ئەسحابی ئەفسەریکی زۆر جوان چاك و کەڵەگەتی کۆمار بوو و بۆ ماوەی ٢ ساڵ لە ماڵێ دا، خۆی شاردەوە و لە ژورێ نەهاتە دەرێ و ژنە عەجەمەکەی بە خێوی دەکرد، لەو ماوەیە دا دەوڵەت نەیدەزانی کە لە ماڵی خۆی دایە. دوای دوو ساڵ کە هاتە دەر چ بێتە دەر، سەرو ردێنی وەك بەفر سپی ببوو ئەو ماوەیە گوایە هەر گریابوو چوونکە تا رادەی پەرستن، پێشەوای خۆش دەویست...

عەبدولای قازی لەسەر قاسمی قادری قازی دەنووسێ: ... بەدوای تێکچوونی کۆمار، لە ماڵە خۆی نەهاتە دەرێ بۆ ماوەی یەك ساڵ هەر لە ژوورێ دا بوو. ئەو شوغڵەکەی لێ ئەستێندراوەو لە ماڵێ دا زۆرجار شەوانە نانی ویشکی نەبوو بیخوا. لەبیرمە جارێك جێژن بوو دایکم ٢ کیلۆ رۆن و برێك قەند و چاو و هێندێك شتی دیکەی دامێ بۆم برد. بەو جۆرەش ئەوەندە بە هیمەت بوو حازر نەبوو داوا لە کەس بکا کە یارمەتی پێ بکا.

کەسانێکی زۆر وەک مامۆستا هەژار و عەبدولڕەحمانی زەبیحی و دڵشادی رەسوڵی و سەدیقی حەیدەری ... هەڵاتن بۆ عێراق. محەمەد نووری لە لاپەڕەی ٤٢ ی کتیبی "شەوێک و خەوێک" باسی چاوپێکەوتنی خۆی و پێشەوا لە ئاخرین ساتەکانی دوای کۆمار دەکا و لەسەر هەڵاتنی مامۆستا هەژار، لە زبانی پێشەوا دەنووسێ: هەژار چاکی کردوە هەڵاتووە. عەتری، ئەتۆ و هێمن و ئەوانی دیکەش کە هۆنراوە و نووسراوەکانتان لە رۆژنامەی کوردستان یان گۆوار و پەڕەتووکان دا بڵاو بۆتەوە، دەبێ بە چاکی خۆتان بپارێزن، جارێ لە رووی دەوڵەت بێ رواڵەت بن.

محەممەد نووری لە لاپەڕەی ٥٥ ی کتیبی "شەوێک و خەوێک" باسی چارەنووسی ئەندامانی حیزب دەکا و دەنووسێ: لە پاش ئێعدامی پێشەوا بۆ زۆر کەسان جێی حەسانەوە و حاوانەوە نەما. هەژار هەڵاتبوو، هێمن خۆی حەشار دابوو، عەبدوڵڵای مستەوفی(سەعید ناکام) کە لە شاری ″سلێمانی″ ژن و منداڵی بەجێهێشت بوو و هاتبووە مەهاباد و لە رۆژنامەی ″کوردستان″ دا کاری دەکرد و لەگەڵ″ساڵح ئوقلیدۆس″ کە لە شاری سنە را هاتبوو و هاوکار بوون و دەیان ئەندامی دیکەی کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات وەک یەهوودی سەر لێشێواو، هەر رۆژەی لە کون و کاژێرێک دا خۆیان حاشار دەدا. ئەمانە نە رواڵەتی گەڕانەوەیان بۆ هەرێمی خۆیان بوو و نە حاشارگەیەک کە خۆی لێ پەنا بدەن؟ ئەمن لەوانە لە هەموویان تەنگەتاوتر و سەرلێشێواوتر بووم.

مامۆستا هەژار کەسایەتی نیشتمانی کۆڵنەدەری باڵای سەردەمی کۆمار بوو. دوای ٩ رۆژان بە چەرمەسەرێکی سەخت، خۆی گەیاندە عیراق. ئەو لەگەڵ پارتی دێموکرات کەوت و زۆربەی سەردەمی ژیانی لەگەڵ مەرحومی مەلا مستەفا بەسەر برد. لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٩ دا، بە وردی باسی کەسایەتی گەورەی مامۆستا هەژار کراوە کە لە ماوەی ٣ سال دا، زیاتر لە ٢ هەزار شێعری داناوە کە بەشێکیان بە نێوی "ئاڵەکۆک" لە لایەن "سەوتی مەدەنییەتی ئێوە" لە تەورێز



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاپ کراوە و لە لایەن "جەعفەری خەندان" کراوە بە تورکی و چاپ کراوە و هەروەها بەشێکیش بە ناوی "پێشەوای پەشێو" کە بەڵێن درابوو بەو زووانە چاپ بکرێ.

سەرەتا عەبدولڕەحمانی زەبیحی و دڵشادی رەسوڵی و سەدیقی حەیدەری بڕیاریاندا کە لەگەڵ "ئەسەدۆڤ" نوێنەری بازرگانی شووڕەوی لە مەهاباد، بچنە لای کونسوولی رووس لە ورمێ. بەڵام بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بەرپرسانی رووس داوای لێبوردنیان لێکردن و تەنیا رێ بە ئەسەدۆڤ مەئمووری خۆیان درا کە بچێتە ژوور.

بە پێی لاپەڕەی ١٢٩ی "پیشەوای بیداری" ئەو رۆژە عەبدولڕەحمانی زەبیحی و دڵشادی رەسوڵی و سەدیقی حەیدەری لە "حەیدەرئاوا" را بۆ ماڵە پێشەوا تەلەیفونیان کرد. سەعید خان تەلەفونەکە هەڵگرت و ئەوان داوایان لێکرد کە بە پێشەوا رابگەیەنێ کە ئەوان دەڕۆن بۆ عێراق. لە وڵام دا پێشەوا داوای سەرکەتن و سڵامەتی بۆ کردن.

لە نێو ئەوانەدا، سەدیقی حەیدەری دوای شەهید کردنی رێبەرانی کۆمار و راگەیاندنی عەفوو لە لایەن شایەوە، بە نێوبژی مەلا حوسێن مەجدی گەڕاوە بۆ مەهاباد. چارەنووس و بەسەرهات و کار و تیکۆشانی زەبیحی، خۆی داستانیکی دوور و درێژی هەیە. ئەو سەرەتا پەنای بۆ لای شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحموود لە ئاوایی سیتەک برد. دوایە لەوێ ژمارە ١٠ی گۆڤاری "نیشتمانی" لە چاپ دا و بوو بە باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکرات. لە کێشەی نێو پارتی دا بەلای باڵی مەکتەبی سیاسی دا کەوت و لە بەغدا مایەوە و خەریکی قامووسەکەی بوو. لە کاتی شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ گەڕاوە بۆ مەهاباد و لەگەڵ مەلا شێخ عیزەدین و شێخ جەلال کەوت و دوایە چووە عێراقی و بێسەرو شوێن بوو. بە پێی هێندێک رەوایەت تەواوی فیشی کتێبەکەی لەلایەن دەوڵەتی عێراق دەستی بە سەر داگیرا.

لەسەر چارەنووسی دڵشادی رەسووڵی، مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٤٤٨دا، دەنووسی، دڵشاد کوڕی رەسوڵی وسێنی خەلکی سابڵاغ بوو کە ماڵیان چووبووە کۆیە. دوای تەواو کردنی قۆناغی سێی ناوەندی ببوو بە مەعەلیم و کوردی و عەرەبی باش دەزانی. بە دوای خەرمانانی ١٣٢٠ هاتەوە مەهاباد و لە کۆمەڵەی ژک دا بەدەستەڵات بوو. لەگەڵ زەبیحی و قاسمی قادری لە ڕێی ورمێ گیران و بردیاننە تاران و دوای ماوەیەکی زۆر ئازاد بوون. ئەو بەرگی ئەفسەری دەبەر کرد و لە کۆماری کوردستان دا زۆر زەحمەتی کیشا و مەقالەی نووسی چاک بووە. مامۆستا هەژار لە درێژەدا دەنووسێ کە ئەو لە بواری ئەخلاقییەوە، دز و تۆزێک داوێن پیس بوو.

دڵشاد دوای رووخانی کۆمار لەگەڵ زەبیحی و سەدیقی حەیدەری پەنایان بۆ کۆنسوولی رووس برد، بەڵام رایاننەگرتن و دوایە بە ماشێنی حیزبی دەگەڵ سەید ئەحمەدی سەید تەها رایان کرد بۆ عێراق.

مەلا رەسوڵ پێشنماز لە کتێبی بیرەوەرییەکەی دا، لەسەر دڵشاد رەسوڵی دەنووسی کە دوای گەڕانەوە بۆ عێراق، لە لای شێخ حوسێن بۆسکێن ببوو بە میرزا و ئەمیندار. لە ساڵی ١٩٦٧ دەچێتە سولەیمانی تا پووڵی توتنی شێخ حوسین وەرگری. ئەو بەو پوڵە قومار دەکا و پوڵەکەی دەدۆڕێنێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و رووی نایە بگەڕێتەوە لای شێخ حۆسێن. لەو کاتەدا ئەو لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی دەکەوێ و لە گرتنەوەی قەڵادزێ بنکەی دانا بەڵام دوایە کوژرا.

مامۆستا هەژار لە درێژەدا لە چێشتی مجێور لەسەر دڵشاد دەنووسێ کە دوایی ئەوە لەگەڵ زەبیحی و سەید ئەحمەدی سەید تەها چووە عیراق، ئەو چونکە عیراقی بوو نەگیرا. لە سەرەتادا پارتی دێموکرات لێی دردۆنگ بوو. دڵشاد بە کاسبی داهاتێکی باشی وەدەست خست بەڵام هەمووی دۆڕاند. ئەو دوای ئەوە کە فەقیر ببوو، بوو بە جاش و ئاغایەکی پشدەر بە ناوی عەلیاغا( کە ئەویش دواتر راست بە دەردی دڵشاد چوو) شەوێک رفاندی و تەسلیمی شۆڕشی کرد و ئێعدام کرا.

دڵشاد لە وڵامی پرسیاری هەژار کە بۆ بوو بە جاش؟ بەپێکەنینەوە دەڵێ:

سەفەرێک بوو کردم ...

کەسێکی دیکەی کە پەنای بۆ عێراق برد مامۆستا حەمە(قزڵجی) بوو کە مامۆستا هەژار بە کەسایەتییەکی ترسەنۆکی دەزانی و لەسەر قزڵجی دەنووسێ کە ئەو لە سیتەک بوو لەبەر ئەسپی شێخ لەتیف چۆکی دادەدا و داوای لێدەکرد، بیباتە لای شێخ مەحموود مەبادا پولیس بێن بیگرن.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٧٨ بەشی دووهەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." لە لیستەیەک دا، ناوی هێندێک لەو کەسانەی کە ئاوارە باشووری کوردستان بوون بەمشێوەیە هێناوە: ئەمجا کە حکومەتی قازی محەممەد تێکچوو عیراقیەکان هەریەکەیان بە فێڵێک هاتنەوە عێراق. بەعزەن مەحکەم و بەعزەن بە بەهانەیەک رزگاریان کرا. مەسەلەن قانیع کە لە نەغەدە موعەلیمی منداڵان بوو. لە قەڵادزێ لەلایەن قایممقام عبدالرحمن شەرەف - مەزبەتەیەکی بە ناوی دێی (دارەشمانە) بۆ کرایەوە کە ئەو قانعە دوو ساڵە لە دێی دارشمانە توتنەوانە. و بۆ عوسمان دانیش مەزبەتەیەک کرایەوە کە دوو ساڵە ئەو شەخسە کاتبی ئاغایەک بووە لە مەنتیقەی پشدەرایەتی دا. عیراقیەکان بەو تەرزە هەریەکەیان بە فێڵێک هاتنەوە بۆ عێراق. بەڵام ئەو ئەفسەرانەی خوارەوە کە لەلایەن حکومەتی قازی محەممەدەوە خۆیان بە خاوەن دەرەجە و گوناە ئەزانی، لە ئاقاری حکومەتی ئێرانا بەعزەن بە ماڵەوە و بەعزەن بێ ژن و ماڵ هاتنە عێراق. هیندێکیان لە دوای ئیستقراری ئەمنیەت گەرانەوە بۆ ئێران و بەعزەن هەتا ئەو تاریخە هەر لە عێراق ماونەوە.

| ناوی ئەشخاس | وێنەی وەزیفە | لە کوێ دائەنیشێ | چی لێهات |
|---|---|---|---|

١- سید محمدی حمیدی ( مودیری رۆژنامەی کوردستان ) لەلای شێخ عەلائەدین زینوێ شێخی، رواندوز.

٢- دڵشاد رەسوڵی ( مەعاوینی وەزارەتی مەعارف) کۆی سنجەق تۆبەی کرد

٣- زبیحی ( مومسلی سیاسی سەقز) لای شیخ لەتیفی حەفیدزادە ، کراوە بە میرزا قادر.

٤- ئیبراهیمی نادر کرماشانی (رەئیسی مەحازراتی عیلمی) چوو بۆ سوریە

٥- هەژاری شاعیر (شاعیری میللی کوردستان) چوو بۆ سوریە بۆ تەداوی سیل و لە تجوالا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماوەتەوە.

٧- هێمن (شاعیری میللی کوردستان) مەجهول

٨- عەبدولرحمان ئیمامی (مەعاوینی شۆعبەی تەحقیقاتی مەهاباد) بەغدا

٩- محەممەدی مەولود (ئەفسەری حەرەکاتی) پشدەر قەڵادزێ، سەردەشت لە پاس مودەتێک گەڕایەوە.

١٠- خانانی ئەردەلانی (کاپیتان لە حەرەکاتی سەردەشت) تەسلیم نفسی کرد، برا بۆ تاران لە دوای دوو ساڵ ئازاد کرا.

١١- سەدیقی حەیدەری (وەزیری ئیقتیساد) لە قەڵادزێ

١٢- حەمدی ( مەئموری ئەسلەحەی مەهاباد) لای شێخ لەتیف لە سلێمانی

١٣- مەلا عبداله حەسار (مەعاوینی حیزبی بۆکان) لای شێخ لەتیف لە سلێمانی

١٤- مەلا سەعیدی محسن (بازرەسی حیزب) لای شێخ لەتیف ئیقامەت ئەکا

١٥- میرزا ئیراهیم (موفەوزی تحقیقاتی زیندان) گەڕایەوە بۆ سابلاغ، مودەتێک مەحکوم کرا

١٦- زیرۆی هەرکی (فەرماندەی هێزی سەردەشت) و ئێستا لە ناو عەشیرەتی هەرکییە

١٧- سەید عەبدولا سەید تەها (فەرماندەی نەغدە) لە مەنتیقەی رەواندوز ئیقامەت ئەکا.

بەڵام ئەحزابەکانی عێراق هەتا نیهایەت هیچ گونە یارمەتێکی ئەو ئەشخاسانەیان نەدا. ئینکار ناکرێ کە شێخ مەحمود و شێخ لەتیف بۆ یارمەتی و نەوای ئەو لێقەوماوانە بوون بە قەڵات و سەددێکی زۆر گەورە. و بەهەموو موقەدەرتێکیانەوە ئامادەی یارمەتی ژیان و خۆشی ئەو پەناهەندانە بوون. هەتا لە ٢٧ کانوونی ئەوەڵی ١٩٥٠ دا کە لە لایەن جەلال خالید موتەسەڕفی سلیمانییە شێخ لەتیفی حەفید بە توهمەتی یارمەتی بە شەخسی مەشهوور خلەپیزە گیرا و رەوانەی ناسرییە کرا.

لە لایەن رەئیس ولوزەڕا نووری سەعیدەوە بە واسیتەی سەید ئەحمەد بەرزەنجی کاغەزێکی شیوە ئەنزار درا بە شێخ مەحمود کە لازمە ئەو چەتە و قاچاخانەی کە لە ئێرانەوە ئیلتەجایان پێکردوی یا تەسلیم بە حکومەتیان بکەی و یا ئیزنیان بدەی کە لە لات نەمێنن.

لە رەغمی ئەوەی کە بابەعەلی کوریشی موئید بوو بۆ دەرکرانی ئەو پەناهەندانە بەڵام شێخ مەحمود محافیزەی ئەو لێقەوماوانەی کرد، هەتا نیهایەت دەستبەرداریان نەبوو و بە عەینی دەستووری رابردوو و لەسەرپەرەشتی ژیانیان دەریغی نەکرد.

### دەستبەسەر کردنی بەڕێوەبەرانی کۆمار

هەرچەنە فەرماندەکانی ئێرانی بەڵێنیان دابوو کە هێمنی بنوێنن، بەڵام بە درێژایی مێژوو، کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیران، هێچ کات بەڵێنییەکانیان بەڕێوە نەبردووە و درۆ لە هەناویان دا بۆتە غەریزە و لە ژێر ناوی تەقییە، مەزهەبەکەیان ڕێگای پێیداون بۆ قازانج و بەرژەوەندی خۆیان درۆ بکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوای گرتنەوەی مەهاباد، رۆژی ٢٨ی سەرماوەز سەرلەشکر هومایونی، ناوەندی ستادی هێزی لە مەهاباد جێگیر کرد و بۆ کۆکردنەوەی چەکوچۆڵ و تەقەمەنی خەڵکی چەکدار، کۆبوونەوەیەکی پێکهێنا و داوای لە قازی محەممەد و جاجی بابا شێخ و بەرێوەبەرانی دەوڵەتی رووخاوی کۆماری کوردستان کرد کە لەو کۆبوونەوەدا بەشدار بن. پێشەوا دوای ئەو کۆبوونەوانە دەگەڕاوە ماڵی و هەمووجارێش سەرتیپ هومایونی بۆ نەهار دەچووە ماڵە پێشەوا.

عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٩٤ دا، لەسەر ئەو سەردەمە دەنووسێ:

لە پێش دەستبەسەر کردنی پێشەوا، لە رێژەیەکی فەرمایشی ئەرتەش لە مەهاباد، دەوڵەت تەواوی سەرۆك عەشیرەتەکان لەگەڵ پێشەوا بۆ ئەو رێژەیە بانگ دەکا و ئەوانە لە ریزی ئەفسەران دا رادەوەستن. بایزئاغای گەورك و عەوڵای بایزئاغا دەچن لە پێش پێشەوا رادەوەستن. سەرتیپ هومایۆنی کە ئەوەی دەبینێ دەیانکێشێتە دواوەو دەڵێ: بێ حوورمەتی مەکەن ئەوە ئێستاش هەر رێبەرو پێشەوای ئێوەیە.

بە پێی قسەکانی منیرخانم کچی پێشەوا، بەر لە دەستبەسەر کردنی رێبەرانی کۆمار، پێشەوا لەگەڵ محەممەد حوسێنخان لە مەحکەمە دادەنیشت و زورتر خەریکی عیبادەت بوو.

عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٩٨ی "وڵاتی من" دا، لەسەر رووداوەکانی ئەوکات دەنووسێ:

پێشەوا بە روحێکی بەرزەوەو بە رواڵەتێکی عادی لە ماڵێ بە تەنیا مایەوە و خەریکی رۆژنامە و گۆڤار و کتێب خوێندنەوە بوو و بە هێمنی چاوەروانی رووداوەکانی داهاتووی دەکرد. قازی کەریم (بابم) کە دیتی پێشەوا کەسی بە دەورەوە نەماوە و بە تەنیایە و بۆ ئەوەی لەوە هەرج و مەرج و ئاڵۆزییەدا نەکوژرێ، مەحەمەدی ئامۆزام و مستەفای برام و حەمەدەمین خانی قەزاق (کوڕی عەولا ئاغا کە پیاوێکی زۆر باش بوو و لەدایکی را پیرۆزە خانم دەبێتە خزمی ئێمە و چوونکە سەڵت بوو هەمیشە لە مەحکەمەی لەگەڵ ئێمە بووو پێکەوە دەژیاین، بانگ دەکا و دەڵێ تفەنگی بەرن و بچنە مەحکەمەی قازی و ئاگاتان لە پێشەوای بێ نەبادا بیکوژن.

محەمەد نووری "عەتری گلۆڵانی" لە لاپەڕەی ٤١ کتیبی "شەوێک و خەوێک" بە وردی باسی چاوپێکەوتنی خۆی و پێشەوا لە ئاخرین ساتەکانی دوای کۆمار دەکا کە حاجی حەمەد ئاغای حیسامی ناردوویە تا بچتە لای پێشەوا و پرسی پێبکا کە ئایا بمێنێتەوە یان هەڵێ بۆ کوردستانی عێراق و لەژێر سەردێڕی "دیداری پێشەوای مەزن، قازی محەمەدی نەمر"، دەنووسێ:

لە خەیابانێ دەمدی هەر دوودوو و سێسێ سەربازی تفەنگ بە دەست دەهاتن و دەڕۆیین، لام وابوو دەیانەویست خۆیان بنوێنن و دەراوان تاقی بکەنەوە. بە پێش شارەداری ئێستا دا تێپەڕیم، مەحکەمەی قازی وەک لە بیرم، لەبەرامبەر باشگای ئەفسەرانی ئەوکات و دادگای ئێستا، لەبەری جنووبییەوە لەسەر بستوو و بڵێندایەکی بوو کە بۆی وەسەردەکەوتی. جێجێ پلیکانی لێهەڵبەسترابوو، جێجێش پێگۆڕکە بوو هەتا دەگەیشتە محکەمەی قازی. لە ژێڵڵا کە وەسەردەکەوتم بەفری باریوی دوێشەو شەقڵی نەشکا بوو و شوێنەوارێکی لێدیار نەبوو. پلیکانەکانم بڕی، پێگۆڕکەکانیشم بە دووی یەک دا پێوا و گەیشتمە دەرکی محکەمە. دەرکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشەوەم کردەوە، وەتاغێکی چکۆلە کە جێی چاپەز و سەماوەر و چا بوو. دیتم کاک ″محەمەدی عەزیز میرزا′ کە کاربەدەستی لەمێژینەی بنەماڵەی قازی بوو و بە کاری مڵک و دێیەکانی قاڕنجە″ و سەوزی″ رادەگەیی، لە بن سەماوەرەکە دانیشتووە. کاک محەمەد زۆر جاران دەهاتە شێخاڵی میوانی من دەبوو، زۆرم خۆش دەویست. پیاوێکی تێگەیشتوو و ئاقڵ و لەسەرەخۆ بوو. هەر بۆیە پێشەوا زیاتر لە لای خۆی دەیهێشتەوە. کە ئەمنی دی، دیار بوو سەری سووڕ مابوو، لەو دەمانەدا ئەمن و ئێرە؟ لەبەرم هەستا و دوای بەخێر هێنان، چەکمەکانی کێشام و دایکەندن. دەی چۆنی و چۆن نی و ئەتۆ و ئیرە؟ گوتم کاک محەمەد سەرسووڕمان و پرسیار لەجێی خۆی و بۆ دوایە، جارێ پێم بڵێ پێشەوا لە کوێیە و چۆنی زیارەت بکەم؟ دەرکی محکەمەی پێشان دام و گوتی: ″لێرەیە و هەر بە تەنیایە و کەسی لا نییە و کاتێکی باش هاتووی بۆ زیارەتی، لە ژوورێ بە تەنێ قەدەمان لیدەدا″ گریان لە ئەوکی گیرابوو، دیار بوو رۆژگاری نالەبار پەرۆشی کرد بوو. بێ هەستێکی دەرکی محکەمەی بۆ کردمەوە. دەرکە دەنگی نەهات. پیشەوا لە حاست دەرکەکەوە دەگەڕاوە بۆ ئەو سەری هۆدەکە. لام وایە ١٢ میتر زیاتر درێژایی ژووری محکەمە بوو. سەری بەردابووە و هەنگاوی بە ئەسپایی دەهاویشت و لە پشتەوە بە هەر دوو دەستی کایەی بە دەنکی تەسبێحەکەی دەکرد و دەیهاویشتن. لە لای دەرکەوە لە حاست خۆم راوەستام هەتا وەرسووڕێ و بگەڕێتەوە. گەیشتە ئەو سەری ساڵۆنەکە و گەڕایەوە. ئەمنی دی کە بە دەرکەوە راوەستابووم. زەردەیەکی هاتە سەر لێوی. ئەوە سێهەمین جار بوو کە ئەمنی دەدی، ناسیمییەوە، چوومە پێشێ، چەند هەنگاو هاتبووە خوارێ. لە نێوەڕاستی ساڵۆنەکە گەیشتمێ، دەستیم ماچ کرد، ئەولا و ئەولای ماچ کردم. دەستی بەرنەدام و گوتی: ″عەتری گلۆڵانی لەم کاتانەدا بۆ هاتوویە ئێرە″؟ گوتم جەنابی پێشەوا بۆخۆشم ئاواتی زیارەتم بوو، بەڵان حاجی حەمەد ئاغای شێخاڵی بە پێویستی زانی بێمە خزمەتت، لە خۆی نیگەرانە، دەیهەوێ بزانێ داهاتوو چی لێدێ، دەوڵەت چ لە خەڵک دەکا، دەوڵەت چی لێدێ؟ پێشەوا گوتی: سەدرولئیسلام بۆی گێڕامەوە کە هاتبووە سەقز، سەرتیپ همایوونی حاجی حەمەد ئاغا و هەژاری ئازاد کرد بوون. ئەوە حاجی ئاغا هاتوتەوە، ئەدی هەژار چی لێهاتووە؟ گوتم: حاجی ئاغا فەرمووی کە بە هاتنی جەنابی سەدر ئازاد کراین، هەژار وا هەڵات کە نەمزانی چی لێهات و بۆ کوێ چوو. پێشەوا بە نارەحەتی و پەژارەیی گوتی: هەژار چاکی کردوە هەڵاتووە. عەتری، ئەتۆ و هێمن و ئەوانی دیکەش کە هۆنراوە و نووسراوەکانتان لە رۆژنامەی کوردستان یان گۆوار و پەڕەتووکان دا بڵاو بۆتەوە، دەبێ بە چاکی خۆتان بپارێزن، جارێ لە رووی دەوڵەت بێ رواڵەت بن.

گوتم جەنابی پێشەوا، ئەوەی ئەتۆ دەیفەرمووی لەگەڵ بیر و باوەڕی جەنابی حاجی بابەشێخ و حەمەحوسین‌خان و خۆشبینییەکەی ئەوان هەیانە یەکتر ناگرێتەوە نێوانیان ئەرز و ئاسمانە؟ ئەوان پێیان وایە لە نەبوونی دەوڵەت لە ناوچەدا کار و خزمەتی گەورەیان بە ئێران کردووە. دەڵێن کاتێک دەوڵەت هێزی وەرگرتنەوەی وڵاتی لە دەس داگیرکەران دا هاتەوە بەری، ئێمە بێ‌دەردەسەر، بە ئامێزی ئاواڵەوە بە پیریانەوە چووین. بێ کێشە و هەرا و هەڵا مەڵبەندمان خستەوە باوەشیان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشەوا دەستی هەر بەرنەدابووم کە ئەم قسانەم بۆ دەگێڕاوە، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، بڕێک پیشی خواردەوە. لەسەر بەراوەردی ئەوان(حاجی بابەشێخ و حەمەحوسین‌خان) نەدوا کە وایە یان وا نییە. باسکی گرتم کێشامی بۆ لای پەنجەرەیەکی کە بەرەو شانی راست خوار بابیەوە، دەیڕوانییە جەمسەری مەیدانی چوار چرایە. نەمدەزانی دەیهەوێ بلێ چی و چی لە دەڵ دایە بیدرکێنێ؟

لە پێش پەنجەرەکە بڕێک خوار بووە بۆ لای مەیدانی چوار چرا، گوتی: "کوڕم عەتری، مەیدانی چوارچرا دەزانی؟" گوتم: "بەڵێ". گوتی: "ئێوە دەبینن قازی محەمەد لەو مەیدانە ئێعدام دەکرێ، بۆیە ئەوەی دەڵێم هەتا کوردستان، هەتا نەتەوەی کورد پێ‌بزانن کە قازی محەمەد فریوی نەخوارد، هەڵخەڵەتاوی وادەی بێجێ نەبوو. ئەوەی بە ئێوەی دەڵێم بۆ تاریخ و وڵاتەکەتانی بگێڕنەوە. بنووسن کە قازی نە فریوی خوارد، نە هەڵخەڵەتا، بەڵکوو ویستی خۆی فیدای ئاڕمانی نەتەوەی کورد بکا. ئەو ئاڕمانانەی کە کۆمەڵەی (ژ- ک) و حیزبی دێموکراتی کوردستان بناغەی داڕشت و شوورەی کێشا. ئەمن نامێنم، بەڵان ئەو ئوقیانووسە ئیرادە و ئاواتە گەورەی نەتەوەی کورد، کوا بە خاکەنازێک خۆڵەمێش و ژیلەمۆی ناڕەوای نەیاران خاپوور دەکرێ؟ ئەوانە بۆیە بە تۆ دەڵێم، ئێوە نەسلی داهاتوون، ئەو نەسلەی کە باری داوخوازی ئێمەی رابردوو و لە دەستان چوو دەکەویتە سەر شانی ئێوە، سەر ئەستۆی ئێوە".

بیری لێبکەوە، ئەمن لاوێکی کەمتر لە بیست ساڵ تەمەنم کە تەواوی هۆمێد و ئاواتی داهاتووی خۆی و نەتەوەی کورد لە دیمەنی ئینسانێکی وەک پێشەوا دا پەرەی گرتبێ، پشکووت بێ و گەشابێتەوە. لەپڕ و لە نەکاو، نەوایەکی وا دڵتەزێن و نیدایەکی وا هەست بزوێن بە گوێ و دڵ و رووحی ئاشنا بێ، دەبێ چ حاڵێکی بێ و چ پەژارەیەک روو لە رەوانی ناکاوی بکا؟ گوتم: جەنابی پێشەوا، کاتیک درۆ و دەلەسە و فێڵ و تەڵەکەی نەیاران و بەد خوازان ئاوا بۆ تۆ روون و ئاشکرایە، بۆچی وەکوو ""پیشەوەری" و "غولام یەحیا" و ئەوانی دیکە، مەڵبەندت بەجێ‌نەهێشت و نەڕۆیشتی؟ فەرمووی: کوڕم ئەوە زۆر جوان دیارە، کە تێبگەی و لێم وەرگری بیگەیەنییە هاوڕاز و ئاواڵ و هاوبازەکانت، ئەویش ئەوەیە، مەسەلەی نیشتمان و کۆمەڵەی (ژ.ک) و حیزبی دێموکراتی کوردستان، شتێک بوون بە تەواوی رایەڵ و پۆی دەسکردی بنەماڵەی قازی و شەخسی خۆم بوو و هەر خانەوادەی قازیش دەبێ تاوانی غەڕامەت و کەفارەتی ئەو غائیلە بژێرن. ئەگەر ئەمن رۆیبام و مەڵبەندم بەجێهێشتبا، سەدان کەس و ئەشخاس بەو تاوانە سەزا دەدران و ئێعدام دەکران، بەڵان ئێستا ئەمن ماومەوە کە تەواوی ئەو تاوانانە وە ئەستۆی خۆم گرم. عەتری، ئێستا لاتا وانەبێ کە ناتوانم بڕۆم و خۆم دەرباز بکەم. بارزانی ئەوە لە دێی "درياز" کۆ بوونەوە و هەر ئەوشۆ مەلا مستەفای بارزانی پیاوی نارد بوو ئەگەر حازرە لەگەڵمان بێ، دەنێرم بیهێنن بۆ نێو عیلی بارزانی. جوابم بۆ ناردەوە  گوتم جەنابی مەلا مستەفا، ئەتۆ عێل و تەیاری خۆت خڕ و پڕ لەگەڵتە، یان پێکەوە دەژین، یان پێکەوە دەمرن بەڵان ئەمنی سەد سەرە و هەزار بەرە، کێ بێنم و کێ بەجێ بێڵم!؟ ئەوەی دەکرێ لەگەڵ خۆمی بخەم، تەنیا گیانێکی نەحەساوەی لەسەر لێوانە. ئەوەی دەبێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەجێیان بێڵم گەلە، نەتەوەیە، ئاو و گڵی نیشتمانە، نیشتمانێکی کە پەیمانی پێناوداریم هەتا ئاخرین نەفەس لەگەڵ بەستووە.

من همان دم که وضو ساختم ازچشمه عشق

چاره تکبیر زدم یکسره بر هر چه که هست

دیمەن و سیمای پێشەوا لە پێش چاوم گۆڕا. گلێنەی چاوەکانم پڕ بوون لە فرمێسکی گەش. لەنیو گۆلاوی فرمێسکان دا، رواڵەتی پیشەوا دەبوو بە خەرمانەیەکی رووناک و بەربڵاو، پێم وابوو رووحێکە، رەوانێکە لە قالبی رێسالەتێکی پێ ئەسپێردراو هاتوتە دیمەنەوە. دیهەوێ ژیان و گیانی خۆی لە پێناوی ئەسپاردەکەی دا بسووتێنێ و بیتاوێنێتەوە. نازانم بە چاوی فرمیسکاوییەوە لە چ حاڵێک دا بووم. پێشەوا تێیڕوانیم، تێمگەیشت کە واتەکانی منی راداوەتە دنیایەکی دیکە، بۆ ئەوەی چلۆنییەتی باسەکە بگۆڕێ، فەرمووی: ″عەتری بە حاجی حەمەد ئاغا بڵێ، ئەو لە خۆی نیگەران نەبێ، قەزا و بەلا گێرەوەی هەمووان ئەمنم و خانەوادەی قازی، بەڵان شوورەی قەڵایەکی کە ئەمن دامڕشتووە، وەک شوێنەواری لەمێژینە، ئەگەر چەرخ و خولی زەمانیش تێکی برووخێنێ، بناغە و ئاسەواری هەر دەمێنی و زەین و سەرنجی نەتەوەی کات و داهاتوو بۆ لای خۆی هەر رادەکێشێ و هەست و خوستیان تەکان دەدا١″.

ئەمن قسەم بۆ نەدکرا، هێرشی گڕپەی گریان، ئەوک و گەرووی بەستبووم. وتەیەکم نەمابوو بیلێم، دەستیم گرت ماچی بکەم، نەیهیشت. ئەو ماچی کردم. گەرمای لێوی و سڕی فرمێسک کە بەسەر رومەتم دا دەڕژا و ئەوە ٥٧ ساڵ لەو رۆژە تێدەپەڕێ، ئێستاش کە تەمەنم بۆتە ٧٧ ساڵ، تین و بلێسەی لێوێ پێشەوا و سڕی فرمیسکەکانم، لەسەر رووکاری چرچ و چەوێڵی خۆم هەر هەست دەکەم. قسەم بۆ نەدەکرا، لێوم دەلەرزی و دەبزووت، بەڵان نە بۆ وتە و وتار. گڕ و کڵپەی دەروون هرووژمی هێنابووە سەر لێواری زار و زمانم. وەک کەسیرەی نێو کڕێوەی کوێستان ددانم چفت کرد بوو هەتا لێک نەدرێن و نەبیتە ددانە تەقە.

پێشەوا لە دیمەنی دژ و داماو و داتەکیوم را زانی لەوەی پەرۆشترم کە بە لاواندنەوە بێمەوە سەرەخۆ، هاتە پێشێ و دەستی لەسەر شانم دانا و گوتی: کاک عەتری، ئەوانەی لەسەری دواوم، بە شاعیران و رووناکبیرانی وڵاتی رابگەیەنە. بلێ نەمان و فەوتانم لەم ئاو و خاکەی نیشتماندا زۆر جاویدانەترە لەوی برۆم و هەڵێم و ببەزم و هەرێمی بەجێبهێڵم. رۆینی من، وەک لە داوای خۆم و گەلی کوردستان تۆرابم ئاوایە. ئێوە بزانن نەتەوەی داهاتوو بزانێ! قازی محەممەد دەیهەوێ لە رێی نیشتمان دا بمرێ و بکوژرێ، نەوەک هەڵاتووی هەڵڵای دوژمنان بێ و وەک هێندێکیان نەتەوە و نیشتمان بەجێ بهێڵێ.

لە پاشان بۆ ئەوەی بەڕێم بکا، هەنگاوەکانی بەرەو دەرکەکە هەڵێنا و دەرگای کردەوە. محەمەدی عەزیز میرزا، کارداری بە وەفای پێشەوا، هەستا سەر پێ. کە رواڵەتی منی دی وەک مێرمنداڵێک دەچووم کە لەسەر مەیتی بابی هەڵیبچڕن و دووری بخەنەوە، چاوی پڕ بوو لە ئاو و فرمێسکی هاتە خوارێ. پێشەوا دەستی لەسەر شانی لابردم و گوتی:″محەمەد لەگەڵ ئاغای عەتری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڕۆ هەتا سەر خەیابانێ نەوەک سەربازێک ریی پێبگرێ" دیسان دەستیم ماچ کرد و چووە ژووری...

موحیبی مەهابادی لە سایتی ئینترنتی دا باسی بیرەوەرییەکانی تێکۆشەری ناسراوی کورد عیزەت سلێمان بەگی دەرگەڵەیی بە ناوی "شانێک بە بن باری نیشتمانەوە" دەکا، کە لە کۆماری کوردستان لەگەڵ ٦٠ قوتابی دیکە لە زانکۆی ئەفسەری تەوریز دەیانخوێند. ناوبراو بە دوای ڕووخای کۆمار لەگەڵ هاوڕێیەکی دەگەڕێنەوە بۆ شاری مەهاباد و دەچتە لای پێشەوا کە هێستا نەگیرا بوو و لە ماڵە خۆی لەژێر چاودێری دابوو، تا بەڕیان کاتەوە بۆ لای بارزانییەکان و لاپەڕەی ٤٩ دا لە زبانی پێشەواوە دەنووسێ:

ئێستا ئاگاداریان دەکەم کە ئێوە لای منن و پێویستە بگەنەوە لای کەس و کارتان، دیسان دڵنەوایی داینەوە و فەرمووی ئێوە هیچتان لەسەر نییە، دڵ لە دڵ مەدەن و مەترسن، ئێوە تەنیا دوو قوتابین.

ئێستاش لە بیرمە چۆن دەستی دایە تەلەفۆن و لەگەڵ سەرتیپ همایۆنیی قسەی کرد و بە فارسی پێی کوت: (جناب عالی، دو پسر از کردهای عراقی بارزانی از تبریز در مدرسه بودند، الان در منزل ما هستند، میخواهند بنزد پدر و مەدرشان برسند، جناب عالی چه میفرمایید؟)، دیار بوو وڵامەکە ئەوە بوو، با لەوێ بن تا ڕەوانەی نەغەدەیان دەکەینەوە.

ئەو شەوە کە لەوێ بووین، کاک حەمە حوسێن خان هاتە لامان، ئێمەی چاک ئەناسی و زۆری بەخێر هێناین، زۆر بە گەورەیی باسی شەهامەت و لێهاتوویی بارزانی دەکرد، ئێمەش باسی کارەساتی ناو تەورێزمان بۆ گێرایەوە کە چی بەسەر ئەو خەڵکە هاتووە و پیشەوەری و بەرپرسان چۆن بێ مقاوەمەت هەڵاتن و ژیانی ئەو خەڵکەیان بۆ مردن و کوشتن و بڕین و تاڵانی واڵا کرد.

پێشەوا کە لە گۆشەیەک گوێی بۆ ڕادیۆی مۆسکۆ دەگرت، هاتە نێو باسی ئێمە و تەنیا فەرمووی: (کارێکی دڕندانەیان لەگەڵ خەڵکی تەوریز کرد) و هیچی تری نەگوت، خەڵک نەدەوێرا سەردانی ماڵی پێشەوا بکات، تەنیا حەمە حوسێن خان دەهات و ئەویش زۆر پەرێشانی ئەو حاڵە بوو کە بەسەر کورددا هاتبوو، لەو دوو شەوەی ئێمە لە ماڵی پێشەوا بووین، (هێمن)ی گەورە شاعیری کورد بە نهێنی هات و خوداحافیزی لە پێشەوا کرد و بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە گوتی (دەبێ خۆمان بشارینەوە، تا بزانین ئەو چارەنووسە بە کوێمان دەگەیەنێ) و ڕۆیشت.

تا ڕۆژی ٣٠ سەرماوەز شار ئارام بوو. خەڵک چەکی سووکیان شاردەوە و چەکەکانی دیکەیان تەحویل داوە. لە ڕۆژی یەکەمی مانگی بەفرانباری ١٣٢٥دا، قازی محەممەد و محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی و حاجی بابا شێخی سیادەت و بەشێکی زۆر لە کاربەدەستانی دەوڵەتی کوردستان گیران و زیندانی کران.

ڕەحمانی قازی لە کتێبی ڕۆژگاری ون بوو دا دەنووسێ: ... دوای سەقام گیر بوونی هیزەکانی دەوڵەت لە مەهاباد، لە ستادی ئارتەش ڕا بە دوای پێشەوا دا دەنیرن. کاتێک کە دەچێ دەبینێ کە ئەو ڕێزەی جارانی لێ ناگیرێ. ڕو دەکاتە سەرلەشکر دەپرسێ بۆ ناردوتانە بە شوێنم دا؟ هەر کارێک هەیە پێم بڵێن. سەرلەشکر دەڵێ بۆ هێندێک وتوویژ پێویستە بڕۆین بۆ سەربازخانە و جەنابیشت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵمان بێی. جەنابی پێشەوا دەفەرموێ "هیچ وتووێژێک لە گۆڕێ دا نییە، دەزانم کارتان بە من تەواو بووە و ئێستا کاتی گرتنی من هاتووە. منیش لە گرتن و کوشتن ناترسێم ، گەر ترسابام بەو ساکارییە ئەمنتان وە دەست نەدەکەوت. سەرگوردێک و دو سەرباز دێنە ژور و پێشەوا وەپێش خۆیان دەدەن و دەیبەن لە سەربازخانە زیندانی دەکەن.

سەعید هومایون لە لاپەرەی ١٢٨دا، دەنووسێ تا ئەوکات هەموو شەوێ پێشەوا دەهاتەوە ماڵ، بەڵام ئەو شەوە درەنگ وەخت چەند سەرباز و خزمەتکارێکی کورد چوونە ماڵە پێشەوا و جێووبانیان بۆ وەرگرت و و گوتیان کە ئەو شۆ پێشەوا لە فەرمانداری نیزامی دەمێننەوە.

منیرخانم کچی پێشەوا لە چاوپێکەوتن لە گەڵ تۆفیق رەفیعی کە لە حەوتەنامەی سیروانی ژمارەی ٣٠٥ی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٣دا چاپ بووە، لەو بارەوە دەڵێ:

بابم هەر لە ماڵی خۆمان بوو. ئەمن جوانم لەبیرە کە کاتێک نیوەڕۆ دەمان هەویست بچین بۆ قوتابخانە، باوکم لە حەوشە دەستنوێژی دەشوشت. ئەگەر ئێوارێ هاتینەوە دیتمان تەنیا خوشکە گەورەکەمان لە ماڵە، چاوم لە ژوورێ کرد دیتم باوکم لە ماڵ نییە. ساتێک تێپەڕی دایکم بینی لێم پرسی: ئەرێ دایە بابم لە کوێیە؟

کوتی: لە ستادێ لە دوویان ناردووە. ئیدی دایکم لە خۆی بەر بوو و لە گەڵ خوشکەکانی دەستیان کرد بە گریان.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٠٤ ی بەشی دووی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." لەسەر گیرانی کاربەدەستانی کۆمار دەنووسێ: حەبس کردنی قازی محەممەد و ئاواڵەکانی

ئەمجا لە دوای ئیستقراری ئەمنیەت لەناکاو پەلاماری گرتنی موسەبەبین و موشتەڕەکینی حەڕەکاتی کوردستانی ئازادی مەهاباد درا. لەعەینی وەختا مەلا مستەفا لە تاران بوو. پێشەوای کورد قازی محەممەدیان لەگەڵ حەمەحوسێن خان و حاجی بابەشێخ و وەهابی بلوری، ئاغای سەدیقی، مەنافی کەریمی، سەیدەپیرە، مامەغەنی، ئاغایانی مازوچی، ئەمین شەڕەفی، حوسێن فروهەر، عەلی ریحانی، جەعفەری کەریمی، عەلی خوسرەوی، خەلیلی خوسرەوی، حوسێن مەدەنی پور، میرزا حوسێنی ناڵبەندیان، محمدی ئەیازی، سەعید زادە، عبدالقادر دەباغی، میرزا عەزیزی سەدیقی، یاهو، لەشکری- ئەحمەدئاغای عەباسی، ئەحمەد ئیلاهی، محەممەدی ئیسحاقی، ئەسحابی، هاشمی هەمزەیی، نەغەدەیی، عەبدوڵا رۆشەنفکر، ئەحمەد قادری، سەید کامیلی گردی گلان، نازمی لە ئەهالی سابلاغ گرت و لە ئەغواتی عەشایری مەنتیقەی سەقز و بۆکانیش ئەحمەدخانی فاڕوقی، محەممەد خانی دانیشوەر، عەبدوڵاخانی مەتین، عەلی بەگی شێرزادی، محەممەد ئەمین بەگی شکاری، سەعیدخان، ئاوڕەحمان بەگی هومایونی، حەبیبوڵا خانی عەزامولەلیک، محەممەد بەگی بابەخان بەگ، حەمەحوسێن خان، فەیزۆڵاخانی ئەمیری، ئەحمەدخان، مەحموودخانی شەجیعی، عەزیزخانی یاسی کەند، حەسەن خانی بالاقلو، عەلی خانی قەلاکۆن، عەزیز خانی قاتان قوڕ، ئەحمەد خانی خوسرەوی، لە عەشایری فەیزوڵا بەگی خرانە زیندانی بۆکان و سەقز و ئەیزەن لە عەشیرەتی گەورک و مەنتیقەی سەقز، عەلی جەوانمەردی،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەسووڵی مەحمودی، مستەفا مەعروفی، کەریمی محەممەدی، ئەمین ئەسعەدی، سەدیقی ئەسعەدی. ئەو ئاغایانەش زیندانی کران و غەیری ئەمانەش هەرچییەکی ئیشتیباهی ئیشتراکی دیمۆکراتی لێ کرابێ و پارەی پێوە شک برابێ، خرایە زیندانەوە. بەڵام ئەو شەخسانەی کە لەسەرەوە باسکران ئەوانە هەموویان دەرەجەدار و خاوەن وەزیفە و فەرمانی گەورە بوون لە دەوری قازی محەممەددا و سەدری قازیش کە بۆ تەتبیقی قەراردادەکەی بەینی خۆی و شا لەوە پێش چوو بوو بۆ تاران، ئەویش بە حەپسی هێنرایەوە سابلاغ و خرایە لای قازی محەممەد و ئەو هاورێیانەی.

## دەستبەسەرکردنی سەدری قازی

پاش گیرانی پێشەوا قازی و سەیف و ئەندامانی حیزب لە ریکەوتی ٢١ی دیسامبر، سەدری قازی چوو بۆ تاران تا لە لای قەوام کە پێکەوە زۆر دۆست بوون بۆ ئازاد کردنی گیراوەکان کارێک بکا. سەدر لە تەورێز لادەدا و خەڵکی مەهاباد کە لە تەوریز گیریان خوارد بوو نەجات دەدا. عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٨٣ ی بیرەوەرییەکانی دا، لەوبارەوە دەنووسێ:

لە هەڵو مەرجێکی ئاوادا، لە حاڵێك دا تازە شاری مەهاباد گیرابووە، رۆژێك سەدرولئیسلام لەسەر رێگای مەهاباد بۆ تارانێ، لە تەورێزێ لای دا و لە موسافیرخانەی شەبستەری چاوی بە سەرهەنگ هاشمی فەرماندەری هێزەکانی تەورێزێ کەوت و پێی گووت کە عیدەیەك خوێندکارو تاجر و مەعامەلەچی مەهابادی، لە تەورێزێ ماونەوە و داوای لێکرد کە کاغەزێکیان بداتێ بۆ ئەوەی کەس پێشیان پێنەگرێ. بەم شێوەیە بۆ سبەینێ ئێمە بە دوو ماشێنان بەرەو مەهاباد وەڕێ کەوتین و لەبەر خراپی ڕێ، دوای دوو رۆژ گەیشتینەوە مەهابادێ، ئەگەر هاتینەوە شار گیرابوو بەڵام هێشتا پێشەواو بەرێوەبەرانی کۆمار نەگیرابوون.

سەدری قازی لە لای قەوام و لەمەر ژێرپێنانی بەڵێنییەکانی، گلیی لێکرد کە دەوڵەت بەڵێنی دابوو کە کاری بە پێشەوا نەبێ و رێزی لێبگرن بەڵام ئێستا گرتویانە. قەواموسەلتەنە لە وڵامی دا دەڵێ من هەموو ئەو قسانەی تۆ پەسەند دەکەم و دەزانم هەمووی راستە بەڵام ئەو کارە سوپا کردویە و من دەسەڵاتم بە سەر سوپا و ئەرتەش دا نییە و ئەوان بۆخۆیان بڕیار دەدەن و جێ بە جێی دەکەن.

نەجەف قولی پەسیان ئەو قسەیە پشت راست دەکاتەوە و لە لاپەڕەی ١٦٣ کتیبەکەی دا دەنووسێ کە قەوام گوتی:

ئیدی ئەمن هیچ شتێکم لە دەست نایە، چونکە هیزە نیزامییەکان و رێژە هیزێکی دەرەوەیی زۆریان بۆ هێناوم و پێویستە تۆش خۆت تەسلیمی ستاد بکەی.

سەدری قازی بە نائومێدی گەڕاوە بۆ ماڵەکەی خۆی، بەڵام یەک سەعات دواتر گیرا و دوای دوو رۆژ بە دەستبەسەرکراویی گەڕاندیانەوە بۆ مەهاباد. بە پێی لاپەڕەی ٥٩ ی کتێبی "رۆژنامەی تاریخ"



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که یۆسفی قازی کۆی کردوتەوە، سەردێری ڕۆژنامەکانی تاران ئەوە بوو کە چونکە قازی محەممەد لە مەهاباد قسەهایەکی کردووە، پێویستە سەدری قازیش هێندێک پرسیار وڵام بداتەوە. بۆیە ئەویش گیرا تا بنێردرێتەوە بۆ مەهاباد. کاتێک کە لە تاران ویستیان بیگرن خۆی گەیاندە وەزارەتی دەرەوە. قەوام پێیگوت کە ئەوەی بۆ نەجاتی وی لە دەستی بێ دەیکا. بەڵام بۆ ئەوەی لێی دڕدۆنگ نەبن، باشترە خۆ رادەستی بەشی ئەمنی بکا. سەدر رایگەیاند کە بچێتەوە مەهاباد ئێعدام دەکرێ، بۆیە با لە تاران لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێ. قەوام وایدەنواند کە لە توندوتیژی کاربەدستانی دەوڵەت، بە دژی رێبەرانی کورد، کەم دەکاتەوە، بەڵام رایگەیاند کە زەختی نیزامییەکان زۆرە و ئەو کارێکی لە دەست نایە. سەدر بە نائومیدی لە سەرۆکایەتی وەزیران هاتە دەر. نوێنەرێکی دەستە راستی پێیگوت:

ئاغای سەدر دیتت لێکدانەوەی ئێوە غەڵەت بوو دەوڵەت بە هێزە.

سەدری قازی لە وڵام دا گوتی:

ئەوە ئێمە نیین کە شکستمان خوارد، ئەوە سیاسەتی شوورەوییە کە لە ئێران تێکشکا.

منیرخانم کچی پێشەوا لە ژمارەی ٣٠٥ حەوتەنامەی سیروان دەڵێ:

دوو رۆژ دوایی ئاغای سەدر کە هاتەوە دوو مەعمووری لە گەڵ بوو. هاتە ژوورێ و سەرێکی ئێمەیان دا ئەویشیان برد.

ئەحمەدی قازی لە رەشنووسێک دا دەنووسێ:

دوای ئەوە سەدر لە تاران دەگیرێ و پێش ئەوەی بیبەن بۆ سەربازخانە دیهێننەوە بۆ مەهاباد. ئەفسەری هاوڕێی رازی دەکا سەرێک لە ماڵ و منداڵی لە مەهاباد بدا. ئەفسەر دەگەڵی دەچتە لای گەوەرتاج خانمی کچی(خانمە خانمە) سەدری قازی بە خانمە خانمە دەڵێ:"ئێمە گیراوین لەوانەیە تووشی مەقدەری گەورە بین. ئێوە دەبێ ئازا و خۆڕاگر بن و مەچنە لای کەس و بۆ ئێمە کاریک مەکەن. هەرچی پووڵ و پیداویستیشتان ویست، لە سەید سەلامی سەوزی وەربگرن". پاش ئەو قسانە و خواردنەوەی چایەک دەڕوا و هەرگیز ناگەڕیتەوە.

ئامۆژگارییەکانی پێشەوا لەمەڕ مانەوە، شوێنی کاریگەری لە سەر بەڕێوەبەرانی حیزب دانا و زۆربەیان هەڵنەهاتن، گیران و زیندانیان بۆ براوە و دوای چەند ساڵ ئازاد کران. هەر رۆژی دوای گرتنی رێبەرانی حیزب، رەحیمی جەوانمەردی قازی و سەعیدی هومایون کە لە دەفتەری پێشەوا کاریان دەکرد گیران و تەحویلی زیندانی شارەوانی دران. کاربەدەستانی کۆمار بە بەهانەی جۆراجۆر لە زیندانی مەهاباد کە جێگا نەبوو و پڕپڕ بوو، زیندانی کران. ئەوان لە دەفتەری شارەوانی پادگان، یان فەرماندای نیزامی دائیم لە ژێر گوشار و هەڕەشە و لێدان و لێپرسینەوە دابوون. هێندێک لەوانە ناردران بو زیندانی تەورێز و تاران، کە دوای ماوەیەکی زۆر تەحەمولی سەختی و نارەحەتی، بە رشوە و بە جەرێمە ئازاد کران.

بە پێی لاپەڕەی٢١٤ کتێبی "رۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت" کاتێک حاجی بابە شێخ و ئەندامانی دیکەی حیزب لە زیندانی مەهاباد را دەبەن بۆ تەورێز، بە هەڵە رێگای ورمێ دەگرنە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەر. زیندانییەکان دڵگران دەبەن و هێندێکیان بە شۆخی دەڵێن: ڕەنگە بمانبەن لە بەحری خوێمان هاوێن.

خوالێخۆش بوو ڕەسووڵی کورد پوور، پیاوی قسە خۆشی وڵات (ئەفسەری شارەوانی کۆمار) کە لەگەڵ دەبێ، دەیگێڕاوە: هاوڕێکانم پییان دەگوتم ئەتۆ قەڵەوی، بەشی خوێی دوو دێ دەکەی.

زیندانییەکان پێیان وابووە کە درویان لەگەڵ کردوون. حاجی بابە شێخ ئاگادار دەکەن و ئەو بە ئەفسەرەکە دەڵێ: ئەگەر ئێوە پلانی لەناوبردنی ئێمەتان بوو، زووتر پێتان کوتبایەین کە لانی کەم فریای وەسیەتنامە نووسینێک کەوتباین.

ئەفسەرەکە زیندانییەکان دڵنیا دەکاتەوە کە هەڵە کراوە و ڕێگا بەرەوە تەورێز دەگرنە بەر.

میرزا محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١١٠ بەشی دووهەمی کتێبەکەیدا باسی گیرانی ڕێبەرانی کۆمار و محاکمەی ئەوان دەکا و لەسەر حاجی بابە شێخ دەنووسێ:

محاکمەی حاجی بابەشیخ ژمارە (٤)

س- ئاغای حاجی بابە شیخ ڕەئیسولوزاری کوردستانی قازی محەممەد تۆ سابیقەی شاپەرەستیت زۆر بوو. مەغفور لە ڕەزا شا شاهەنشاهی پێشووی ئێران ئێحترامی تۆی زۆر ئەگرت. بۆچی بە قسەی خاریجیان کفرانی نێعمەتت کرد و لە حوکمی گەورەی خۆت هەڵگەڕایەوە. بۆ موجەزای ئێران بووی بە هاورێی قازی محەممەد و دەستە ئەفسادات خواهان.

ج- وڵلا و بیڵلا و تەڵلا لە ئەوەڵێ هەتا ئاخر من مایلی موجەزای ئێران نەبووم. لە شکڵێکی ئیجباریدا کۆمەگی قازی محەممەدم کردوە. لە وەختێکا کە ڕێگاکان لە لایەن حەمە ڕەشید خانەوە محاسرە کرابوو، بۆ بەرەڵاکردنی ئەو ڕێبەندانە زۆر کۆمەگیم بە قشوونی ئێران کردوە. لەگەڵ ڕەزم ئارا و شابەختی دا ڕەمزی سەداقەتم مەوجودە. هەتا ڕزمئارا بۆ ئیسباتی بی عەلاقەیی و بێتەڕەفی من لە تارانێوە یەک جلد قورئان و یەک بەرماڵی بۆ ناردبووم و من لەهەموو تۆهمەتێکی راستەقینەی ئەو تەشکیلاتە بەریم.

حاجی بابە شێخ ترجان

ئیمزا

سەرجەم ٢٨ کەس لەگەڵ پێشەوا گیران و دوایە محاکەمە کران. بەشێکیان بە زیندانی ئەبەد و بەشێک بە ١٥ ساڵ و هێندێکیان بە ٢ تا ١٥ ساڵ مەحکوم بوون. محەممەد ئەمین مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١١٥ دا دوای ئەوە دەنووسێ کە حاجی بابە شیخ لە پاش بەینێک تەبرەئە بوو دەنووسێ: باقی بەندییەکان کە لەمەوبەر بەعەرز گەیەندرا هەیەکەیان بە مەحکومییەتی ساڵێک هەتا ٢٠ ساڵ مەحکووم کران. بەڵام زیندانی هیچ لایەکیان دووساڵی نەخایاند هەموویان بە هۆی پارە و ریشوەت خۆیان بەرەڵا کرد و خۆیان تابیعی عەفووی شاهانەی ١٩٤٨ کردەوە.

لە حەوتەنامەی کوهستانی ژمارە ٧٧دا، کە بە ڕێکەوتی ١٦ی بەفرانباری ١٣٢٥ چاپ بووە، باس لە دەستبەسەرکردنی ٣٠٠ کەس لە ڕێبەرانی دێموکرات دەکا.

دیارە دوای دوو ساڵ بە پێشنیاری سەید حەسەنی تەقیزادە سەناتۆری ئازەربایجان، یاسایەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە مەجلیس پەسەند کرا کە ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە پرسی ئازربایجان هەبوو و تاوانی قەتڵیان لە سەر نەبوو ئازاد بکرێن. هەروەها بە دوای رووخانی کۆماردا هەمزەی کەریم ئاغا چووە تاران و حوکمی ئێعدامی جەعفەراغای کەریمی کە ئەفسەری کۆمار و سەرۆکی گومرگی کوردستان بوو، پوچەڵ کردەوە و توانی ئازادی بکا.

سەعیدخانی هومایون لە لاپەڕەی ١٣٢ی پیشوای بیداری دا لە سەر برایمی نادری کەسایەتی دیاری کۆمار دەنووسێ کە زۆر باسەواد و ئاقڵ بووە و خەڵکی کرماشان بوو و لە کۆمار دا جێگری وەزارەتی فەرهەنگ بووە. ئەویش دوای رووخانی کۆمار، لە شارەوانی مەهاباد زیندانی بوو و بە پیی زانیارییەکانی، رێنوینی زیندانییەکانی دەکرد کە چ بڵێین. دیارە جەوادی کازمیش کە خەڵکی کرماشان و زۆر قسە خۆش بوو، لەو زیندانەدا بوو.



برایم نادری

رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٥٧ لەسەر هاتنی برایم نادری لە ژێر بابەتی هاتن، هاتنی برایمی نادری بەوشێوە باس دەکا:

هاتن

رۆژی ١٣٢٥/٣/١٩ ئاغای ئیبراهیمی نادری کە یەکێ لە ئازادیخواهانی بە تینی کوردە واردی مەهاباد بووە. رۆژئاوای ١٣٢٥/٣/٢٠ لە رادیۆی کودستان دا نوتقێکی بە تینی خوێندەوە.

برایمی نادری بە دوای ئازاد بوون لە زیندان ماوەیەک لە شنۆ لە نێو مامەشان گیرسابۆوە. دوایە لەگەڵ چاوساغێک بەرەو عێراق چووە. بە هۆی ئەوە وڵاغی وەسەر گیای ئاغای گوندی "کەڵەکین" کرد بوو، ئاغا تەقەی لێکرد. برایمی نادری لەوێ هەڵدێ و دهچێتە ئاوایی دربکە، و پەنا بۆ ئاغای ئەوێ دەبا کە دۆستی کۆمار بوو، بەڵام ئەویش هەر لە دووروا کە دەیبینێ جوابی دەکا و رێی ماڵێ ناداتێ و لەوێرا دهچێتە زینوێ شێخی لە کورستانی عێراق.

سمایلی مامڵێ لە لاپەڕەی ١٤٤ کتێبی "کۆماری دێموکراتی کوردستان" لەسەر برایمی دەنووسێ: ئیبراهیمی نادری کوڕی فەیزوڵایەو لە کوردانی فەیلییە، دانیشتووی کرماشان و خەڵکی خانەقین بوو. ساڵ١٩١١ لە دایک بووەوە و بەشی یاسای خوێندووە و بووەتە ئەندامی لێژنەی زانکۆی فەرەنسە. ئەندامی کۆمەڵەی ژێ کاف و لەگەڵ میرزاعەبدوڵای مودەبیر سەرۆکی لقی کۆمەڵەی ژێ کاف لە کرماشانەوە هاتە مەهاباد و قازی محەممەد بە راوێژکاری خۆی و سەرۆکی گشتیی فەرهەنگی کوردستان بە پلەی سەرهەنگی دایمەزراند.

نووسەرێکی بە توانا بوو، کە لە گۆڤاری (گەلاوێژ، گیتی جهان، کوردستان، کوهستان) وتاری

نووسیوە. پاش تێکچوونی کۆمار ماوەی دوو ساڵ بەند کراو پاش ئازادبوون هەڵهات بۆ سووریا و بە هۆی حوسێن زەعیم بەرازی، کە زۆر بە دەسەڵات بوو، بوو بە ئەفسەری بەرزی هێزی ئاسمانی، کە لە ساڵی١٩٥٦ لە کارەساتێکی فڕۆکەدا گیانی لە دەست داوە.

بە پێی لاپەڕە ١٤٧ی چێشتی مجێور برایم نادری دوای رووخانی کۆمار، گیرا و چوار ساڵ لە زیندان دابوو. کاک برایم دەورەی ئەفسەری لە تاران دیبوو و عەرەبی و ئینگلیسی باش دەزانی و دوایە چووە بەغدایە و دەیهەویست لەوێ ببێتە سەربازی لوژیونی فەرانسە لە ئەفریقا. پێناسەیەکی بە ناوی ئەحمەد حەمدی پەیدا کرد و چووە شام و لە ئیدارەی لولە نەفتی عێراق سورییە وەک وەرگێر دامەزرا. دوایە چونکە دەوڵەتی سورییە ئەفسەری بێگانەی دەویست کە مەشق بە لەشکر بکەن، بۆ ماوەی ساڵێک لە ئەرتەش دامەزرا. دوایە لە لەشکری عەرەبستان دامەزرا و لەوێ دەرسی دەگوت. دواتر لەوی لە "دەمام" بوو بە حاکمی نیزامی. ئەوجار لە شام ژنێکی دەوڵەمەندی هێنا. ئاخرین جار کە هەژار دەیبینێ، پێی دەڵی کە نەدەبویایە دەست لە کاسبی هەڵگری و وەک ئەوی کردبا و ئەو ئێستا ئاقڵ بووە پوڵ پەیدا دەکا. برایمی نادری قەرار بوو لە قامیشلی ببێتە مدیری بانکی عەرەبی بەڵام لە تەیارەدا سووتا.

فارووق فەرهاد بە هاوکاری مەهین دووخت خانم کچی برایمخانی نادری، لە سایتی ئێنترنێتی دا بە بەڵگە باسی ژیانی برایمخان دەکەن و دەبێ بگوترێ کە ئەو لە رۆژی ١٣٠٠/١/١٧ لە خانەقین لە دایک بووە و بابی نێوی فەیزوڵا فەیلی و خێزانی نێوی سەلتەنە خانم بوو. برایمخان کچ و کوڕیکی هەبوو بە ناوەکانی محەممەد و مەهیندووخت کە کوڕەکەی لە سێ ساڵی دا مرد. برایمخان دوای تەواو کردنی دەبیرستان چوو بۆ زانکۆی ئەفسەری ئێران و دواتر بوو بە چاوەدێری وانەکانی زانکۆی ئەفسەری. ئەو لەوێ دوو کتێبی بە ناوەکانی "دەستووری تەقە کردن لە بەرەی رۆژهەڵاتی ئاڵمان" و "سەربازێکی شیاو بە" نووسی و بەو هۆیەوە لە زانکۆی ئەفسەری میداڵیای پلەی دووهەمی زانستییان پێبەخشی و کتێبەکانیان وەک وانەی زانستی زانکۆ دیاری کرد. برایمی نادری دوایە لەسەر داوای سەرهەنگ ئەڕفەع بوو بە مامۆستای وانەکانی مێژوو و جووگرافیا لە زانکۆی ئەفسەری ئێران دا و میدالییای دووهەمی زانستی شاهەنشاهی ئێرانی پێ بەشرا. برایمی نادری لە رێکەوی ١٣٢٤/٢/٢ داوای دەست لەکار کێشانەوەی لە ئەرتەشی ئێران کرد و لە رێکەوتی ١٣٢٤/٣/٥ لە لایەن شایەوە پەسەند کرا.

ئەو هەر لە ئەرتەش دابوو کە وتارێکی بە پێزی لەسەر وەزعی خراپی ئابووری و ژیانی خەڵکی کوردی ئێرانی نووسی کە نامەی حەوتوانی "کوهستان" لە ژمارەی ١١ دا ئاماژەی پێدەکا، بەڵام چاپی نەکرد. برایمخان دوای هاتنەدەر لە ئەرتەش بوو بە هەواڵدەری ئەو حەوتەنامەیە لە پارێزگای ئیلام و دواتر لەگەڵ ئەو گۆڤارە و گۆڤاری گەلاوێژ و رۆژنامەی کوردستان دا هاوکاری کرد کە زۆربەی نووسینەکانی سیاسی و مێژوویی بوون.

برایمخان لە ساڵی ١٣٢٦ گیرا و چەند ساڵ زیندانی کرا دوایە. چووە بەغدا و سورییە و عەرەبستان و لەوێ بە پلەی قائیدی لە ئەرتەش وەرگیرا و لەگەڵ مامۆستای پسپۆڕ لە زانکۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەفسەری عەرەبستان، زۆر ئەرکی گەورەی نیزامی لە پەیوەندی سیاسەتی نیزامی وڵاتانی عەرەب دا پێ ئەسپیردرا. ئەو هەر بۆ تەواو کردنی پلەی سەرووی نیزامی، بۆ چەند مانگا ناردرایە زانکۆکانی نیزامی ئینگلیس. ئەو دواتر وەک بەرپرسی دەستەی ئەفسەرانی سعودی سەردانی زانکۆکانی نیزامی ئەمریکای کرد. برایمخان دواتر لە عەرەبستان نەما و لە ساڵی ١٩٥٠ لە وڵاتی سووریە لە پلەی ئەفسەری موقەدەمی قائید دا، دەست بەکار بوو، بەڵام لە ١٩٥٦/٢/٢٦ لە لەگەڵ ١٩ کەسی دیکە، لە ڕووداوی کەوتنە خواری تەیارە دا کوژرا.

## کەسایەتی و چارەنووسی حاجی بابە شێخ، سەرۆکی وەزیران

حاجی بابە شێخ کوڕی حاجی سەیید عەبدولکەریمی زەنبیلە. لە ساڵی ١٢٦٢ هەتاوی (١٨٨٣زایینی) لە گوندی جەمیان کە لە نیزیک ئاوایی تورجان و لە نیوان شارەکانی سەقز و بۆکانە، لە دایک بووە. ناوی سەیید عەبدولڕەحمان بوو و بە ناوی باپیری کراوە. بەڵام شێخ عەلی حیسامەدینی خاڵی، هەر بە منداڵی، بە بابە شێخ بانگی کردووە و ئەو ناوەی بەسەر داسەپاوە.

حاجی بابە شێخ بە ١٢ پشت دەچێتەوە سەر زانای ناودار، سەید ئەبوبەکری موسەننیفی "چۆڕێ" کە گوندێکە لە ناوچەی مەریوان. حاجی بابە شێخ لە لای مامۆستا مەلا ئەبوبەکری شیلاناوێ، مەلا حەمە حەسەنی قزڵجی (مەلای گەورە)، مەلا ساڵحی سەدرابادی، حاجی مەلا عەبدوڵای وەڵزی، مەلا قادری کانێ کەوەی (مەلای بیارە) مەلا ئەمینی جەفار، دەرسی خوێندووە.

حاجی خولیای خوێندن و زانست بووە و بۆ ئەو بابەتە چووتە کوردستانی باشوور و گوتوویە تا خوێندن تەواو نەکا ناگەڕێتەوە و رایگەیاندووە کە ئەگەر ئەحمەدی کوڕیشی کە نەخۆش بوو بمرێ، ئاگادار نەکەن. بۆیە کاتێک کە پاش ماوەیەکی زۆر درەنگ دەگەڕێتەوە، کوڕەکەی مرد بوو.

حاجی بابە شێخ لە تەمەنی جەوانی دا تێکەڵ بە حیزبی کۆمەڵەی یەکێتی ئیسلامی بوو کە لە ساڵی ١٨٩٠ بە مەبەستی یەکیتی و یەکریزی لە دنیایی ئیسلام دا، لە ئیستانبووڵ دامەزرا. بە پێی لاپەڕەی ٦٣ ی کتێبی "رۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت" کە سەیید عەبدولڕەحمانی سیادەت نووسیوێتی، دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیە، بریتی بوون لە سەیید جەماڵەدینی ئەسەد ئابادی کە بە ئەفغانی بە ناوبانگ بوو، عەبدولڕەحمان کەواکبی، رەشید رەزا، عومەر فەوزی، شێخ محەممەد عەبدی و ...

حاجی بابە شێخ لە سەرتای دەهەی بیستەم دا، تێکەڵ بە حیزبی ئیتحاد و تەرەقی بوو کە حیزبێکی تورکی نوێخواز بوو و لقی ئەو حیزبە لە هەموو شوێنەکانی ژێردەستەڵاتی عوسمانی دامەزرابوو و لەگەڵ جەمعییەتی ئیتحادی ئیسلامی، خوازیاری کەمکردنەوەی دەستەڵاتی سوڵتانی عوسمانی بوون. ئەوانە توانیان لە ساڵی ١٩٠٩ زاینی سوڵتان عەبدولحەمید لەسەر کار لابەرن و محەممەد رەشادخان کە مەشرووتەخواز بوو، بکەن بە حاکم. حاجی بابە شێخ لە تەمنی ٢٠ تا ٢٥ ساڵی دا، شاخەی کوردستانی جەمعییەتی ئیتحاد و تەرەقی، لە مەهاباد و سەردەشت و سەقز بە ناوی "جەمعییەتی ئیتحادی ئیسلام" دامەزراند و بەرپرسایەتێکەی بەستۆوە گرت. لە کارتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەندامەتی ئەو ڕێکخراوەیە دا، سێ وشەی "برایەتی و ئازادی و بەرابەری" بەدی دەکرێ کە نیشانە و ئامانجی ئەو حیزبە بوون. حاجی یارمەتی گەورەی بە حیزبی ئیتحاد و تەڕەقی کردووە و بە پێی لاپەڕەی ٦٤ ئەو سەرچاوەیە، کە بە زمانی تورکی نووسراوە، حاجی بابە شێخ، بە ڕێکەوتی ١٩٠٤/١٢/٢ زایینی، بە سێ کاروان، رادەی ٢٥٣ باری ئێستریٚ، شتومەکی تەسلیم بە سەید عومەر ناوێک کردووە.

دواتر بەو زانیاریانەی کە تورکان لەسەر حاجی بابە شێخیان هەبووە، داوایان لێکرد کە لە شەڕی یەکەم دا پشتیوانیان لێبکا و حاجی وەک فەرماندەیەکی لەشکری ئیسلام، بەشداری شەڕی کرد.

حاجی بابە شێخ نوسراوەی زۆرن و بە پێی لاپەڕەی ٨٠ کتێبی "ڕۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت" ئەو کتێب و ریسالانەی نووسیوە: ١ - کتێبی تەنقیدی هەیئەتی جەدید لە ئەستێرەناسیدا بە زبانی فارسی کە ئەو کتێبە ماوە بەڵام چاپ نەکراوە.

٢ - ریسالەیەک لەسەر داهێنانی قاعیدەی تەعدیلول ئەعداد بۆ حەلی مەسئەلەی جەوهەرە لە ریازیاتدا.

٣ - شێوازێک بۆ حەلی کسووری موتەداخیلەی موتەساعیدە لە ریازیات دا.

٤ - شێوازێک بۆ دەرهێنانی جەزری ئەسەم لە ریازیاتدا

٥ - ریسالەیەک لە عیلمی حرووف و ئەوفاق و موڕەببەعی کەبیر.

٦ - پەڕاوێز لەسەر کتێبی توحفەی شێخی ئیبنوحەجەر

٧ - ریسالەی مەفتاحولسەعادە لە ئادابی دین و ئیمان بۆ تازە لاوان

٨ - عەقیدەی کوردی کە حاجی بابە شێخ  بە شێوازی شێعر ئەرکانی ئیمان و چۆنایەتی ڕۆژی ئاخیرەت و ژمارەی پێغەمبەران و ژیانی پێغەمبەری ئیسلامی بۆ منداڵان هۆندۆتەوە.

لەو نووسراوانە تەنیا کتێبی تەنقیدی هەیئەتی جەدید و ریسالەی مەفتاحولسەعادە و عەقیدەی کوردی ماون و ئەوانی دیکە تێداچوون.

حاجی بابە شێخ موسوڵمانێکی تۆخە و زانایەکی پایەبەرزە و زۆربەی تەمەنی بە لێکۆڵینەوە لەسەر زانستەکان تێپەڕ کردووە. لە لاپەڕەی ١٠٨ کتێبی "ڕۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت" نموونەیەک لە شێعری حاجی کە لە بەشی عەقیدەی کوردی دا هاتووە بەمجۆرەیە:

حەمد و سەنایەک زۆرتر لە تەقریر
بۆ خودای بێ چوون، قەییووم قەدیر
سەڵوات و سەلام بێ حەد و حیساب
لەسەر موستەفا هەم ئال و ئەسحاب
لازمە لەسەر هەموو موسوڵمانان
بزانێ روکنی ئیسلام و ئیمان
تۆ موسوڵمانی، باشی بزانە
زانینی شەش شت رووکنی ئیمانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باوەڕ بە خودا و مەلائیکانی
هەم کتێبان و پێغەمبەرانی
ڕۆژی قیامەت، هەم قەزا و قەدەر
فەڕزە بزانی بە بێ دەردی سەر...

هەروەها لە لاپەڕەی ١٠٥ ئەو سەرچاوەیەدا، غەزەلێکی حاجی بابە شێخ بە زمانی فارسی هاتووە کە بەمشێوەیە:

جز درد و الم همدم بیمار کسی نیست
زین دام بلا غیر خدا دادرسی نیست
از قافلەی مرگ کسی باز نگردد
کاین راه روان را اثری نه، جرسی نیست
ای پیک اجل تند همی آیی و دانم
در بین من و ساعت موعود بسی نیست
مرغ دلم افتاده ز پرواز و تماشا
هر چند که دامی نه به ظاهر قفسی نیست
من طایر قدسم که به وحدت شده‌ام رام
الفت به من اندر سر هەر بوالهوسی نیست
هر کس که به بازار صداقت گذر آرد
بی غایله آید که در اینجا عسسی نیست

سەیید عەبدولڕەحمانی سیادەت لە کتێبی "ڕۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت"، باس لە کەسایەتی حاجی بابە شێخ لە سەردەمی ڕەزا شا دا دەکا و دەڵێ کە ڕێژیم بە هۆی ئەو توانی زۆربەی کێشە عەشایرییەکان، بە تایبەت کێشەی عەشیرەتی پشدەر و دەوڵەتی ڕەزا شا چارەسەر بکا. سەیید عەبدولڕەحمانی سیادەت لە لاپەڕەی ١٢٢کتێبەکەی دا باسی بەشدار حاجی بابە شێخ لە مەجلیسی شوڕای میللی ئێران و ئەوەی چۆن فێڵیان لێکرد دەکا.

ڕەزاشا لە کاتی مەجلیسی شوڕای میللی ئێران لە دەورەی چوارەم دا وەزیری شەڕ بوو و لە گەڵ مەجلیس کێشەی هەبوو. بۆ ئەوەی لە مەجلیسی پێنجەم دا ئەو کێشەیە نەهێڵی، هەوڵی دا بە هۆی ئەفسەرانی ئەرتەش، نوێنەرانی تەجەدود (نوێخواز)، زۆرینەی ئەندامانی مەجلیس پێک بێنن. بەمشێوەیە ڕەزا شا سەرکەوتوو بوو و مەجلیسی بە دەستەوە گرت و بوو بە سەرۆک وەزیر و دوایەش ئەحمەد شای بێ دەستەڵات کرد.

سەیید عەبدولڕەحمانی سیادەت لە لاپەڕەی ١١٩ دەنووسێ کە بە ڕێکەوتی ١٣٠٢/٨/١٩ هەتاوی "حاجی محەممەد ئاغای ئیلخانی" ناسراو بە "حاجی بایزاغا" سەرۆکی عەشیرەتی دێبۆکری و حاجی قەرەنیاغای مامەش، نامەیەکیان بۆ شێخ عەلی حیسامەدین کە خاڵی حاجی بابە شێخ بوو نووسی و داوایان لێکرد کە حاجی بابە شێخ بۆ بەشداری لە پارلمانی ئێران ڕازی بکا. حاجی بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمری حیسامەدین لە دەورە پێنجەم دا بەشداری کرد و زۆربەی دەنگەکانی مەجلیسی لە مەهاباد هێناوە، بەڵام دەست کاری سندووقەکان کرا و لە سندووقێک دا ١٢٠٠ دەنگ لە ناو بردرا و سەید محەممەد رەزا بورازجانی کە رووحانی شیعە مەزهەب بوو و ماوەیەک مودیری رۆژنامەی موساوات بوو، بە نوێنەری ناوچەی موکریان ناساندرا. سەدرولعولەمای موفتی، نوێنەری سەقز، لە مەجلیس دا بە سەید محەممەد بورازجانی دەڵێ: ئەمە کورسی حاجی بابە شێخە، تۆ بە ناحەق لەسەری دانیشتووی.

سەیید عەبدولڕەحمانی سیادەت لە لاپەڕەی ١٣٤ کتێبی "رۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت" لەسەر کەسایەتی ئەو، لەسەردەمی رەزا شا دا دەنووسێ، کە حاجی بابە شێخ لە سەفەرێکی کە بۆ تاران کرد بووی، کاربەدەستانی دەوڵەت داوای لێدەکەن کە پۆستی وەزیری مەعارف (فەرهەنگ) وەربگرێ. حاجی قبووڵی ناکا و دەڵێ: ئەگەر من لە نێو خەڵک دابم باشتر دەتوانم خزمەتیان پێبکەم و لە وڵاتی ئێراندا کەسانی زۆر زانا و تێگەیشتوو بۆ ئەو پلەیە هەن.

پاش ماوەیەک، ئەوجار پێشنیاری بەرپرسی سازمانی بازڕەسی ئێرانی پێدەکرێ و حاجی ئەویش رەد دەکاتەوە و دەڵێ ئەوە کاری زانای دینی نییە.

بە پێێی لاپەڕەی ١٣٥ ئەو سەرچاوەیە، ئەوجار رێژیم هەوڵ دەدا، لە شاری میاندواو، دوو گوندی "تەغیاوا" و "شێناوا" کە موڵکی دەوڵەتی بوون، بدەن بە حاجی بابە شێخ و بەمشێوەیە خۆی لێ نیزیک بکەنەوە. بۆ ئەو مەبەستە سپەهبوود شابەختی، ئەمیر لەشکری باکووری رۆژئاوای ئێران، تێلگرافی بۆ دەکا و دەڵێ بچتە ورمێ و قەباڵە ئەو دوو ئاواییە وەربگرێ. بەڵام حاجی بابە شێخ ئەو پێشنیارە قبووڵ ناکا و لە وڵام دا دەنووسێ:

ما آبروی فقر و قناعت نمی بریم

با پادشه بگوی کە روزی مقرر است

دەگوترێ کە شابەختی گوتوویە "لەگەڵ ئەو سەرسەختە هیچ ناکرێ". سەرلەشکر عەلەوی موقەدم کە دۆستی حاجی بووە، گوتویە "وەی دەرد و بەڵات لە هەرچی رووحانی شیعە و سوونی بکەوێ".

حاجی مستەفای سیادەت کوڕێ حاجی بابە شێخ لە زمانی بابی دەگێڕێتەوە: ئەگەر ئەو پێشنیارانەی رەزاشام قبووڵ کردایە، دەبوو بۆ هەموو داوخوازییەکی رەزاشا گوێ رایەڵ بم.

سەرەڕای ئەوانە حاجی بابە شێخ دووجار لە لایەن رەزاشاوە گۆچانی جەواهێر نیشانی پێبەخشراوە. حاجی ویستوویەتی دووهەم گۆچان قبووڵ نەکا و وەری نەگرێ بەڵام رەزاشا لێی قبووڵ نەکردووە.

بێشک کەسایەتی گەورەی حاجی بابە شیخ و رێز و خۆشەویستی ئەو لە ناوچەی بۆکان و سقز، کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر پەیوەست بوونی کۆمەڵانی خەڵک بە ریزەکانی حیزبی دێموکرات. هەر بە پێی ئەو لێهاتوویی و خۆشەویستییە بوو کە کارگێڕانی کۆمار داوایان لێکرد کە گرینگترین پۆستی ئیدارەی کۆماری کوردستان بە دەستەوە بگرێ. حاجی بابە شێخ ئەگەرچی حازر بە وەرگرتنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیچ پۆست و مقامێک نەبوو و چەند جار داوای ڕەزاشای ڕەد کردەوە، بەڵام بە دڵ و گیان پۆستی سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی خودموختار و کۆماری کوردستانی قبووڵ کرد.

سەیید عەبدولڕەحمانی سیادەت لە لاپەڕەی ١٨٩ کتێبی "ڕۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت" دا دەنووسێ کە پێشەوا دووجار حاجی ڕەحمان ئاغای موهتەدی و مامۆستا هەژاری ناردە لای حاجی بابەشێخ تا قبووڵی کرد کە ئەو پۆستە گرینگە بەدەستەوە بگرێ. ئەو سەرەتا ئەو پۆستەی بە هۆی تەمەن درێژی و نەبوونی لەش ساغی ڕەدی کردەوە بەڵام دواجار قبووڵی کرد و بە ماڵەوە دەچێ بۆ مەهاباد.

عەشیرەت و هۆزەکانی سەر بە ڕێژیم و بەرپرسانی دەوڵەت، بە هاوکاری حاجی بابە شێخ، لەگەڵ دامەزراندنی کۆمار و وەرگرتنی پۆست و مقام زۆر تووڕە بوون. بە پێی لاپەڕەی ١٨٣ کتێبی"ڕۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت" لە نووسینی سەیید عەبدولڕەحمانی سیادەت"، محەممەد ڕەزا شا بە هۆی یەمین لەشکری هەوشار کە دۆستی حاجی بابە شێخ بوو ڕادەسپێرێتە حاجی و دەڵێ: ناوبراو لەسەردەمی ڕەزاشادا خزمەتگوزاری وڵات و دۆستی ڕەزاشا بووە، ئێستا بۆ چۆتە لایەنی دژبەر بە دەوڵەت و میللەتی ئێران؟ حاجی بابە شێخ تەنیا ئەو وڵامە بە کورتی بۆ شا دەنێرێتەوە: آن سبو بشکست و آن پیمانه بریخت (ئەو کووپە شکا و ئەو پیاڵەیە ڕژا).

حاجی بابە شێخ لە کۆمار دا، ئەرکی زۆر گرینگ، وەک بەرپرسی هەیئەتی ڕەئیسەی میللی (پارلمان) و سەرۆکی وەزیرانی دەوڵەتی خودموختار و دەوڵەتی کۆماری کوردستانی قبووڵ کرد و تا تێکچوونی کۆمار بەوپەڕی توانایی کاری کرد. ئەو تا کۆتایی تەمەن، وەفادار بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەد بوو. ئەو لە زیندانی مەهاباد دا پێداگری کرد کە تا چاوی بە پیشەوا قازی محەممەد نەکەوێ و گەردن ئازایی لەگەڵ نەکا حازر نییە بچتە زیندانی تەورێز و لەوێش حازر بە واژۆ کردنی ئێعدامی قازییەکان نەبوو.

بە پێی لاپەڕەی٢١٤ کتێبی "ڕۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت" کاتێک حاجی بابە شێخ لە مەهاباد لە زیندان دا بوو، هەموو ڕۆژێ لە ماڵێ را نانی بۆ دەچوو. ڕۆژێک لاوێک بە ناوی حاجی حەمە ساڵە خەڵکی تورجان، ڕادەسپێرێتە حاجی بابە شێخ کە ئەگەر ڕازی بێ لە زیندانێ دەربازی دەکا. حاجی بابە شێخ دەڵێ: ئەی هەزار ئافەرین! دەزانم زۆر ئازا و بە توانایە، بەڵام حاجی بابە شێخ ئەو کەسە نییە لە زیندان هەڵێ.

سەیید عەبدولڕەحمانی سیادەت لە لاپەڕەی ٢١٥ کتێبی "ڕۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت" دەنووسێ کە کاتێک سەرهەنگ هومایوونی فەرماندەی لەشکری غەرب لە تەورێز سەردانی زیندانییەکان دەکا، بە زیندانییەکان دەڵێن دەرفەتی چاکە کە داوای عەفوو و بەخشش بکەن. حاجی بابە شێخ ئەو کارە ناکا و تا هومایوونی لە زیندان دا دەمێنێتەوە خۆی بە نوێژ کردن دەخافڵێنێ و نایهەوێ چاوی پێی بکەوێ.

سەیید عەبدولڕەحمانی سیادەت لە لاپەڕەی ٢١٥ کتێبەکەی دا، باسی لاوێکی فیرقەی دێموکرات ئازەربایجان لە زیندانی تەورێز دا دەکا و دەنووسێ: لاوێکی تەمەن نیزیک سی ساڵەی ڕۆشەنبیر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و زانا بوو. هەموو ڕۆژێ دەهات دەرسی مەنتقی لای من دەخوێند.

ڕۆژێکیان کوتی: حەزرەتی شێخ! ئەوە دەرسی کۆتاییە لە خزمەتتاندا دەیخوێنم.

پرسیم: یانی چی؟

کوتی: حوکمی لە سێدارەدانم بۆ هاتووە و ئیتر خودا حافیزیت لێدەکەم.

حاجی بابە شێخ گێڕایەوە: ئەو ڕووداوە زۆری کاریگەریی ناخۆش لە زینداندا لەسەر من بوو، ئەو لاوەشم لە هەموو کەس ئازاتر دی.

بۆ ئازاد کردنی حاجی بابە شێخ، سەید عەزیزی کوڕی زۆری هەوڵ دا و پەنای بۆ دوو شێخی گەورەی تەریقەتی قادری و نەقشی، واتا شێخ مەحموودی حەفید و شێخ عەلائەدینی بیارە لە کوردستانی باشوور برد. ئەوانە پەیوەندیان بە تارانەوە گرت و داوایان کرد کە حاجی ئازاد بکرێ و تەنانەت بە پێی لاپەڕەی ٢١٧ ئەو سەرچاوەیە، شێخ مەحموود هەڕەشی کردووە کە هەر ڕووداوێک بۆ حاجی بابە شێخ بێتە پێش، کۆنسوولی ئێران لە سولەیمانی دەکەوێتە مەترسییەوە.

حاجی بابە شێخ دوای ١١ مانگ زیندانی بە سێ مەرج ئازاد کرا. یەکەم، کاتێک لە زیندانی تەورێز ئازاد دەکرێ، دەبوایە بچی بۆ دیتنی سەرلەشکر همایوونی. دووهەم ناوبەناو خۆی بە سەرلەشکر وەرەهرام لە مەهاباد، یان سەرهەنگ رادمەدان لە سەقز بناسێنێ. سێهەم لە گوندەکانی تورجان و زەنبیل و جمیان دوور نەکەوێتەوە.

حاجی بابە شێخ تەنیا مەرجی سێهەمی قبووڵ کرد و دوای ئازادی ماوەیەک لە تەورێز لە ژێر چاوەدێری دا بوو و لە ساڵی ١٣٢٦ گەڕاوە بۆ تورجان تا ئاخری تەمن لە ژێر چاوەدێری رووکنی ٢ ی مەهاباد و بۆکان دابوو و بە ئیزنی ئەوان نەیدەیتوانی لە تورجان وەدەرکەوێ.

بە پێی لاپەڕەی٢٢٠ کتێبی "ڕۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت" حاجی بابە شێخ لە تەمەنی پیری دا نەخۆشی فیتقی گرت بوو. دوکتور فردریشی ئاڵمانی کە لە بۆکان خزمەتی دەکرد، پێیدەڵی کە سەرەڕای مەترسی دەبێ جەڕاحی بکرێ. حاجی بابە شێخ لە ژێر چاوەدێری روکنی دووی مەهاباد و بۆکان دا بوو و بێ ئیزنی ئەوان نەیدەتوانی لە ئاوایی تورجان دوور کەوێتەوە. بۆیە دوکتورانی ئەرتەش هەوڵ دەدەن بۆخۆیان جەڕاحی بکەن. بەڵام بنەماڵەی رازی بەوکارە نابن و هەر دەڵێن کە دەبێ دوکتور فردریش ئەو کارە بکا. لە کۆتایی دا بنەماڵەی حاجی بابە شێخ بەوە رازی دەبن کە پزشکیار حەیدەری، هاوکاری دوکتور فردریش لەگەڵ ئەو، لەو جەڕاحییەدا بەشدار بێ. حاجی دەبەنە نەخۆشخانەی بۆکان و عەمەل دەکرێ. لەو ماوەیە کە حاجی لە نەخۆشخانە دەبێ، ژنی یەکێک لە ئەفسەرانی ئەرتەش، کە بە رواڵەت لە مریدانی سادات بووە، بۆ ئەوەی دوعای خێری حاجی بابە شێخ ئەو بیگرێتەوە، لە ماڵە خۆی خواردنی بۆ ساز دەکا. پاش ماوەیەک برینی حاجی بابە شیخ سارێژ دەبێتەوە بەڵام وردە وردە هەموو گیانی سوور هەڵدەگەڕی و تەواوی دەمارەکانی دەست دەکەن بە ژان. بنەماڵەی حاجی بابە شێخ دیسان پەنا دەبەن بۆ دوکتوری ئاڵمانی و ئەو دەڵێ: من کاری خۆم دروست ئەنجام داوە، هەرچی کرابێ لە بن سەری حەیدەری دابووە".



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بنەماڵەی حاجی بابە شێخ بۆیان دەردەکەوێ کە حاجی تووشی نەخۆشی میکرۆبی کراوە و پاش ماەیەک دوکتور فردریشیان لە بۆکان راگوێزت، ئیدی بۆ بنەماڵەی حاجی بابە شێخ مەعلووم بوو کە ڕێژیم دەستی لەو کارە دا هەبووە. نەخۆشی حاجی بابە شێخ پەرەی ئەساتاند و هەموو گیانی داگرت و بردیانەوە بۆ تورجان و لە رۆژی جومعەی ٣٠ مانگی رەزبەری ١٣٣٨ هەتاوی(١٩٥٩/١٠/٢٣ زایینی) کۆچی دوایی کرد و لەسەر وەسیەتی خۆی، لە ئاوایی تورجان بە خاک ئەسپێردرا.

سەید عەزیزی سیادەت کوڕە گەورەی حاجی بابە شێخ، لە رۆژانی کۆتایی تەمەنی بابی دا، لە لای بووە و بە پێی ژێر نووسی لاپەڕەی ٢٢١ ئەو سەرچاوەیە، بۆ بابی دەگرێ. حاجی بابە شێخ دەڵێ: رۆڵە عەزیز بۆ من مەگری. من پیاوانە ژیاوم و پیاوانەش دەڕۆم. ئەو رۆژە لە پێش ئێوەشە. دڵنیابە رزقی من لەو دنیایە تۆزێک شیرە تا نەیخۆم نامرم.

لە نیوەشەوێ دا شیرەکەی بۆ دێنن. دوایە حاجی بابە شێخ دەڵێ: رووم بکەنە قیبلە و تازە تا خزمەت رەسووڵەڵا رووم وەرمەگێڕن.

سەیید عەبدولڕەحمانی سیادەت لە لاپەڕەی٢٢٢ کتێبەکەی دا ئاماژە بە شێعرێکی سەید کامیل"ئاوات" (برازای حاجی بابە شێخ) دەکا کە بە دوای مەرگی حاجی دا، بۆی داناوە، بەمشێوەیە:

هەموو ساڵێ خەزانی گوڵ بوو بۆ من، گوڵبەریشم چوو
گوڵم چوو، سونبولیشم چوو، دڵم چوو، دلبەریشم چوو
چەمەن تەنیا گوڵی چوو، من بە جارێ ماڵی وێرانم
کەسم چوو، سەروەریشم چوو، مورەببی و رێبەریشم چوو
لە باغا بەرگی گوڵ چوو بوو بە تاراجی خەزان، بۆ من
قەڵەم چوو، نامە چوو، تەبعی رەوان چوو، دەفتەریشم چوو
عەجایب پاییزێ بوو، شەختەکەی جەرگ و دڵی بردم
دڵ و جەرگ و هەناو و ماڵ و حاڵ و هەم سەریشم چوو
خەڵک شووشەی گوڵی دەشکێت و من شووشەی دڵم، چ بکەم
خەڵک سووسەنبەری دەڕژێ و من مووعەنبەریشم چوو
خەڵک خانوێکی دنیایی دەڕووخێ مات و حەیرانە
ئەمن ئەی خاکبەسەر خۆم، مزگەوت هەم منبەریشم چوو

## پشکنیین و گەڕانی ماڵە پێشەوا

لە ترسی گیروگرفت و تێوەگلانی خەڵک بە چارەڕەشی و بەدبەختی، زوربەی بەڵگەنامە و دوکومێنتەکانی کۆمار، بەر لە گەڕانەوەی هێزەکانی رێژیم بۆ ناو شاری مەهاباد، بە دەست کاربەدستانی حیزب سوتێندران. منیرخانم کچی پێشەوا لە چاوپێکەوتن لە گەڵ تۆفیق رەفیعی، لە ژمارەی ٣٠٥ی حەوتەنامەی سیرواندا، لەسەر لەبەین بردنی سەند و بەڵگەکان، بە دەست


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڕێوەبەرانی کۆمار وەک ناخۆشترین بیرەوەری خۆیی دەڵێ:

ناخۆشترین خاترەم دەگەڕێتەوە بۆ زەمانێک کە نیروی ئەرتەش دەهاتەوە، من لە ماڵی خۆمان بووم عالەمێکی زۆر کە کاربەدەست بوون هاتبوون بۆ ماڵی ئێمە تەواوی کاغەز و مدارکیان لە حەوشە سووتاند گڕێ ئاور دەچووە عاسمان تا هیچ نووسراوەیەک وەدەست دەوڵەتی شاهەنشاهی نەکەوێ لەبەر وەی نیگەرانی وەدەرکەوتنی نێوی خەڵک بوون.

سڕینەوەی بەڵگە و تەواوی شوێنەوارەکانی کۆمار مەبەستی سەرەکی ڕێژیم بوو و دەوڵەت هەر بە گرتن و راونان خەڵک رانەوەستا، بەڵکو هەرچی کتێب و نووسراوە و بەڵگە بوو، لە شەقامەکانی شار دا سووتێندران.

سەعید خانی هومایون لە لاپەڕەی ١٣٠ی کتێبی پیشوای بیداریدا، دەنووسێ کە  رۆژی دوای گرتنی پێشەوا سەرهەنگ ئایرەم و سەرهەنگ موزەفەری و یەکێک لە دەوڵەمەندانی شار چوونە ماڵە پێشەوا و شوێنی کار و تەواوی ژووری ماڵەکەیان بازڕەسی کرد و دوو کیفی دەستی پڕ لە مدارک و نووسراوەکانی دەستی و هێندێک قەباڵەی موڵک و ماڵیان لەگەڵ خۆیان برد.

منیرخانمی قازی لە ژمارەی ٣٠٥ی حەوتەنامەی سیروان، مانگی ئازەری ساڵی ١٣٨٣دا، دەڵێ:

فەڕشی دوو سێ دیویان بردین. یەکیان فەرشی دیوی محەمەد حوسێن خان بوو. یەکیشیان فەڕشی دیوی محکەمە بوو و فەڕشی دیوی باوکیشمیان برد. چەند تفەنگی راوێشمان هەبوو(ئاخر باوکم زۆر عیلاقەی بە راوی بوو و هەمیشە دەچووە راوێ، باوکم وەرزشکار و ئەسب سوارێکی باش بوو). ئەو تفەنگانەشیان برد. دوربینی شکاریشمان هەبوو بردیان، چوار ماشێنی سواریشیان لە گەڵ خۆیان برد.

ڕێژیمی ئێران هەموو ئاسار و شوێنەوارەکانی کۆماری لە بەین برد و خەڵکیش لە ترسی لێدان و زیندانی کردن یارمەتیان بە تێداچوونی بەڵگە و دەسکەوتەکانی کۆمار کرد. ئێستا بە دەگمەن بەلگەکانی سەردەمی کۆمار لە مەڵبەندی موکریان بە دەست دەکەون و ئەوەی هەیە زۆرتر لە هەندەران و لە کوردستانی باشوور وەدەست کەوتوون.

دیارە بە هۆی بێ دەستەڵاتی و نەبوونی دامودەزگایەکی نەتەوەیی، زۆربەی بەڵگەکانیش لە کەلێن و قوژبنی ماڵان دا راگیراون و کەڵکیان لێوەرنەگیراوە و وەک موڵک و ماڵی تاکەکسی بە حیساب هاتوون و  خۆیان پێوە رانراوە و نەبووەتە کولتوور کە بڵاو بکرێنەوە و لە درێژخایەن دا تێداچوون.

نەمانی بەڵگە و سەندەکان بوو بە هۆی ئەوە کە ئێگلتۆن  وەدەنگ بێ و لە پێشەکی کتێبەکەی دا بە نارەحەتی باسی کەموکوڕییەکانی نووسینی مێژووی کۆمار بکا و دەنووسێ مێژووی کۆمار کەموکۆڕیی زۆرە چونکە نووسراوە یان کتێبی وا بە دەستەوە نییە. سەنەد و بەڵگەکان بە دوای رووخانی کۆمار بە هۆی کاربەدەستانی کوردی هاوکاری حکومەت لەبەین چوون. دەوڵەتی ئێران پێیخۆش نەبووە هیچ بیرەوەرییەکی ئەو سەردەمە بمێنێ.

جیا لەوانە ڕێژیم بۆ ناسینی ناوەرۆکی شێعر و وتار و دێکۆمێنتەکان کۆمار و ئەوە چ کەسانێک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نووسیونی، هەیئەتیکی دیاری کرد تا هەموو ئەو بابەتانە بکرینە فارسی. عەزیز خانی حەیدەری کوڕە گەورەی (عەلی بەگی حاجیالیکەند کە بە سالار سەعید بەناوبانگ و لە سەردەمی رەزاشا دا چەند دەورە نوێنەری مەجلیسی شوڕای میللی ئێران بوو) کە ئەندامی دڵسۆز و فیداکاری حیزب بوو، دوای رووخانی کۆمار بە پیشینەی بابی لە لایەن رووکنی ٢ ی ئەرتەش، بۆ ماوەی ٢٠ رۆژ، دیاری کرا تا نووسراوە و هۆنراوەکانی رۆژنامە و گۆڤارەکانی دیکەی کوردی وەرگێڕێتە سەر زبانی فارسی. عەزیزخانی تەواوی ئەو کەسانەی کە مەترسی گرتنیان لەسەر بووە ئاگادار کردوتەوە. محەممەد نووری لە لاپەڕەی ٤٣ ی کتیبی "شەوێک و خەوێک" باسی مانگ و نیوێک دوای گیرانی قازییەکان دەکا کە "عەزیز خانی حەیدەری" لە چلەی زستان ئاگاداری کردووە کە: دوێنی شێعری ″یا وەتەن یا مردنم″ کردوە بە فارسی و رەیسی روکنی ٢ گوتی کە ئەو شێعرە لە هونراوەکانی دیکە بە گورترە. بۆیە پێم خۆش بوو ئاگادارت بکەم لیرە بە دواوە ئاگات لە خۆت بێ.

**وەزع و شوێنی راگیر کردنی قازییەکان**

شوێن و چەشنی راگرتن و هەڵسوکەوتی رێژیم، تەنانەت ئاکاری ئەفسەرانی کێشک، لەگەڵ قازییەکان لە زیندان دا بە پێی کاتی لێپرسنیەوەی دادگا و وەزعی ناوچە، لە گۆڕان دا بوو. شوێنی ئەوان یەک جێگا نەبوو و دەگوترێ کە تا کۆتایی محاکمەی سەرەتایی، لە مەتەبی ددانسازی دوکتور بەهمەنی دا کە دواتر بوو بە دەفتەری قازی موکری راگیرابوون. دوای محاکمەی سەرەتایی ئەوانیان بردە پادگان و تا کاتی ئیعدام لەوێ دەستبەسەریان کردن. دیارە ماوەیەکیش لە ستادی ئەرتەش راگیریان کردن. منیرخانم کچی پێشەوا، لە چاوپێکەوتن لەگەڵ تۆفیق رەفیعی لە حەوتەنامەی سیروانی ژمارە ٣٠٥دا، دەڵێ:

دوای گرتنی ئەوان نەیادەهێشت کە بچینە ملاقاتیان، ئێستاش قەیافەی بابم لە بیرە کە ئێمە بە بەر ستادی دا دەڕۆیشتین لە پەنجەرەکەوە خۆی هەڵدێنا و لە ئێمەی دەروانی.

منیرخانم لە درێژەی دەڵێ:

دوایی لە ستاد گوێزتیاننەوە، بردیاننە سەربازخانە لەوێ یەکی دێوێکیان دابوونێ. سەربازخانە دوای ئەوەی کە نیرووی شاهەنشاهی هەڵاتبوو فڕۆکەی رووسەکان ئەوییان وێران کردبوو. بابم سەربازخانەی وێرانی ساز کردبۆوە. پێیان دەکوتن ئەوە بۆخۆتان ئەو دیوانەتان ساز کردووە.

رۆژێک پیاوەکان هاتن نەهار بەرن بۆ بابم و ئەمنیش بە دزی دایکمەوە چووم بۆ سەربازخانە. ئاگام لێ بوو باوکم راکشاوە و لە ژێر دەرگاکەوە دەڕوانێتە من. نەیادەهێشت ئەمن ببینێ. باوکم هەرچۆنێک بوو ئەمنی بانگ کردە ژووری. خێرا منی لە سەر کۆشی دانا. هەروا چاوەم دەگێڕا کە بە ناکاو چاوم بە مامم کەوت کە لەو دێوی دیکە راکشابوو. بێ راوەستان هەڵاتم بۆ لای، ئیدی لەو رۆژەوە چوون بۆ زیندانم ئازاد کرد تا سێ رۆژ پێش ئەوەی لە داریان دەن. خوشکەکانیشم دەچوون سەریان دەدان. خوشکی گەورەم پێش چوون بۆ ئەوێ هەواڵی گشت رووداوکانی دەنووسێ و لە ژێر پەلکی قژی سەری دەشاردەوە و بەو بۆنەیەوە دەیدا بە مامم و بەمجۆرە باوکم و ئەوان لە گشت هەواڵی روداوەکانی ناوچە و وڵاتانی دەرەوە ئاگادار دەبوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیاره جارجار سەعیدی هومایون دەچووە پادگانی و لە ٥٠ مەتری را چاوی بە پێشەوا و ئەوانی دیکە دەکەوت و ئەگەر سفارشێکی هەبا بە هۆی ئەفسەری کێشک وەری دەگرت.

حامید گەوهەری لە زمانی عەلی قازی "کوڕی ڕەش" دەنووسێ کە توانیبووی بچێ لە زیندان چاوی بە بابی بکەوێ و لەو بارەوە دەڵێ:

سەرەتا بابمیان لە ساختمانی دادگا لەو جێیەی ئاڵای کوردستانی لێ هەڵکرد، زێندانی کرد. دوای دە ڕۆژ من لەگەڵ ″پارسی تەبار″ فەرماندەی ئەو کاتەی مهاباد چووم بۆلای بابم. من لەوێ بووم کە بابم بە ناوبراوی گوت: ″بۆچی ئەو خەڵکەتان گرتووە، من بەرپرس بووم و ئەگەر تاوانێک کرابێت من لێی بەرپرسم. ئێمە کوردین و من برا گەورەی حەمە حوسێنم و ئەو بە فەرمانی من بووە بە ژەنەڕاڵ و نەیتوانیوە لە قسەی من دەربچێت.″ لە بەرامبەردا پارسی تەبار تەنیا گوێی لە بابم گرت، بەڵام هیچ وەڵامێکی نەدایەوە.

هەڵسوکەتی دوژمن لەگەڵ قازییەکان بە گشتی خراپ بوو. بە پێی لاپەڕەی ٣٠٠ی کتێبی رەحیمی قازی لەوبارەو لە ئاڕشیوی حیزب سیایی ژمارە ٧٣ لاپەڕەی ٢٣ دا، ئاوا هاتووە:

قازی و هاوڕیکانی لە ژوورێکی تاریک و تەڕ دا راگیردراون. هەموویان نەخۆشن، ناهێڵن کەسیک پەیوەندیان لەگەڵ رابگرێت، تەنانەت نەیانهێشتووە حەکیمیش بچتە لایان.

سولیمانی - ح کە بە هوی ناسیاوی لەگەڵ ژنڕاڵەکانی ئێرانی رێگای پێدرابوو بچێتە زیندان و چاوی بە پێشەوا بکەوێ، لە ئیتلاعاتی مانگانەدا بە درێژە باسی مەحکەمەی قازییەکانی کردوە و لە رۆژنامەی بە سوی ئایەندە، لە ساڵی ١٩٥٢ دا لە بەشێکی دا ئاوا هاتووە:

هێزە عەسکەرییەکان نەیادەهێشت هیچ کەسێک لەگەڵ قازییەکان پەیوەندی رابگرێت دەنگ و باسێکیان پێ بگات ... بەڵگە و سەنەدی تاونبارییان زۆر زوو پێک هێندرا. ئەفسەرەکان تەواوی وادە و پەیمانەکانی سەرۆک وەزیران قەوامیان خستە ژێر پێ و چلۆنایەتی زروفی رۆژیان لەبەرچاو نەگرت و بە گوێرەی یاساکانی عەسکەری لەگەڵ گیراوەکان دەبزوتنەوە.

بە گوێرەی بەڵگەنامەکانی کتێبی "قاضی محمد و جمهوری در آینه اسناد" فەروخلەقا سەیفی قازی و شاسوڵتانی سەدری قازی بە رێکەوتی ١٣٢٥/١٢/١ لە نامەیەک بۆ سەرۆکی وەزیران کە روونووسەکەی بۆ وەزیری شەڕ، ستادی ئەڕتەش و دادگوستەری ناردرابوو، دەنووسن کە بە پێی ئەو هەواڵەی کە ئەورۆ پێیانگەیشتووە، شوێنی قازییەکانیان گۆڕیوە و لە شوێنێکی تەڕ و شێدار و تاریکدا زیندانی کراون. ئەوان هەموویان نەخۆشن و بە تایبەتی محەممەد حوسێنخانی سەیفی قازی کە پێشینەی رووماتیسمی توندی هەیە و جەرگ و گەدەی دێشی و زۆر نەخۆشە و لەو شوێنە خراپەی ناهێڵن دوکتور چاوی پێیان بکەوێ. ئەوانە ئەگەر خەتاباریش بن لانی کەم تاوانباری سیاسین. ئەورۆ لە هێچ کوێ دنیا تەنانەت لە وڵاتانی دواکەوتووش دا، ئاوا لەگەڵ تاوانبارانی سیاسی ناجوڵێنەوە و ئاوا بێ رەحمیان لەگەڵ ناکرێ. لە مەهاباد کە دەنگی خەڵک بە هیچ کوێ راناگا، کەسانی بوغز لەدڵ دەیانەوی ئەو بەدبەخت و بەستەزمانانە ئازار بدەن. بۆیە داواتان لێدەکەین و لەبەر خودا لێتان دەپاڕێنەوە کە بەهەڵسوکەوتی پیشکەوتوانە، لە رێگای شەرع و یاسا لەگەڵیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بجوڵێنەوە و بیانهێنە ناوەند، تا چارەسەری پزشکیان بۆ بکرێ.

شوێن: ئەمیرییە چوار ڕێی موعەزسوڵتان- کۆلانی مازندەرانی ماڵە سەدری قازی.

**هۆیەکانی تێکچوون و کاردانەوەی ڕووخانی کۆمار**

مامۆستا هێمن لە ساڵی ١٩٧٨ دا لەگفتوگۆ لەگەڵ ڕەفیق سابیر و کەمال میراودەلی، کە لە سایتی ئینتێرنێتی دا بڵاو بۆتەوە، لە سەر ڕووخانی کۆماری کوردستان دەنووسێ: من ڕووخانەکەم دیت. ... نازانم بۆ نەمردم. ئەگەر پێیان کوتم پێشەوا ئیعدام کراوە بۆ دڵم نەتۆقی؟ ئەگەر بیستم دوژمن هاتەوە وڵاتەکەیان داگیر کردینەوە، ئەوانە هەموو تەئسیری زۆر گەورەیان کردە سەر شاعیریی من...

کۆماری کوردستان بەرهەمی ئیرادەی حەقخوازانەی میللەتێک بوو کە هەوڵی دا لە کێشەکانی نێونەتەوەیی کەڵک وەرگرێ و بە مافەکانی خۆی بگا. بەڵام وڵاتی زلهێزی رووس بە مەبەستی دزێوی خۆی کەڵکی خراپی لێوەرگرت و بە بێ رەچاوگرتنی هیچ پرنسیپ و ئەخلاقێک پشتی تێکرد. دیارە بۆچوونی ئەوتۆش هەیە کە پێیوایە لە تێکشکانی کۆمار دا پێشەوا قازی خەتابارە. محەممەدی شاپپەسەند لە لاپەڕەی ٧٧ بیرەوەرییەکانی دا لەسەر سەید عەزیزی شەمزینی دەنووسێ:

ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، وتەکانی بەرێز سەید عەزیز شەمزینی، بەم بۆنەوە، نموونەیەکی باڵای پەیوەندیی بنەماڵەی بەرێزی شەمزینان سەبارەت بە چارەنووسی کورد و کوردستان بە تایبەت سەبارەت بە پێشەوا قازی محەممەد پێشان دەدا. کە چی هەر ئەو زاتە بەرێزە کاتێک چۆوە بۆ شوورەوی و گۆرانکاری لەبیر و بۆچوونەکانیدا پەیدا بووە و پایاننامەی خوێندنی بە ناوی (جووڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان ) یەوە بە زمانی رووسی لە مۆسکۆ نووسیوەتەوە، بە جۆرێک ڕێکی خستووە کە عەرز و ئاسمان لە گەڵ باری راستەقینەی ڕووداوەکانی کاتی کۆماری کوردستان دا جیاوازیی هەیە. دوکتۆر عەزیز لەم کتێبەدا گشت کەموکوریەکانی ئەوکاتە کە لە ئاکامی سیاسەتی چەوت و یەکلایەنانەی شوورەویدا پەیدا ببوون، دەخاتە ئەستۆی شەخسی قازی محەممەد و حکوومەتی کوردستان! وەک ئەوەی کوردستان و ئازەربایجان هەرگیز لە ژێر دەستەڵاتی شوورەوی و ئەفسەرە سیاسیەکانی سوپای سووری وەک سەمەدئوف، ئاتاکشێوف، حەسەن ئوف و کاربەدەستانی کونسوڵگەریی تەورێز و ورمێ: نماز عەلی ئوف حاکمی میاندواودا نەبووبن! هەر وەک کوردستانیش وەک ئازەربایجان هەرگیز لە ژێر چاوەدێری راستەوخۆی سەرکۆماری ئازەربایجان "باقرۆف" دا نەبووبێ!

بێشک زۆر هۆکاری سەرەکی دەرەکی و نێوخۆیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هەن کە بوونە هۆی ڕووخانی کۆماری کوردستان. بەڵام هۆی سەرەکی تێکشکانی کۆمار لە قسەکانی سەفیری ئینگلیس دا دەبێندرێ. بە پێی لاپەڕەی ١٢٥ی کتێبی چێشتی مجێور لە نووسینی مامۆستا هەژار، حوزنی موکریانی کە لە بەغدا بوو لەسەر تێکچوونی کۆمار، دەڵێ:

کاتێ خەبەری تێکچوونی کوردستانی موکریم بیست، زۆر بە تاڵی گلەیم لە سەفیری ئینگلیس کرد، گوتی: حوزنی رەفیقانی ئێران راستیان کرد و رەفیقانی کورد درۆزن دەرچوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەگشتی سیاسەتی رووس زیانی زۆری بۆ جووڵانەوەی رەزگاریخوانە گەلی کورد هەبوو و تا تاوتۆی زیاتری ئەو بابەتە، باشتر زیانەکانی دەوڵەتی رووس بۆ کورد دەردەکەوێ. محەممەد رەزا شا لە نووسراوەیەک دا هێندێک بابەتی جیاواز بەیان دەکا، کە راستی هەلپەرەستانەی سیاسەتی رووس لە هەموو بوارێکەوە نیشان دەدا و بە گوێرەی لاپەڕەی ٥٦٨ی کتێبی "فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان" لەسەر سیاسەتی ئەمریکا و ئینگلیس بە دوای داگیرکردنی ئێران دا، دەنووسێ:

هەوڵ دان بۆ دابەشکردنی دووبارەی ئێران لە کاتی شەری دووهەمی جیهانی دا، نیشانی دا کە وڵاتانی رۆژئاوا هەر پلانێکی ئەوتۆیان بۆ ئیران هەیە. چوونکە لە ساڵی ١٩٤٥"ئیرنیست بووین" وەزیری دەرەوەی ئینگلیس و "جوزێف برێنس" وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە مەسکۆ پێشنیاریان بە ستالین کرد کە ئازەربایجان و کوردستان و خوزستان، خودموختار بن. دیارە لە سەرەتا دا ستالین بووچوونی ئەوانی قبووڵ کرد بەڵام دوایە لە ژێر کاریگەری بووچوونی مولوتۆڤ وەزیری دەرەوە ئەو پێشنیارەی ئینگلیس و ئەمریکای رەد کرایەوە. چوونکە مولوتۆڤ پیی وابوو کە شوورەوی بە بێ کەمترین چاوەڕوانی دەتوانێ سەرانسەری ئێران داگیر بکا. یانی شووڕەوی بە هاوکاری کمونیستەکانی ئیرانی نە بەشێک لە ئێران بەڵکوو تەواوی ئیران بخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆێ.

جێا لە زۆر کۆسپ و تەنگ و چەڵەمە و بەربەستی نێوخۆیی، بە تایبەت بە پلەی یەکەم خەیانەتی، کۆسپی گەورەی دیکەی سەر ڕێگای گەیشتنی کۆمار بە سەربەستی، گۆڕان لە سیاسەتی رووس دا بوو. بێشک هەلی نێونەتەوەیی و پشتیوانی دەرەکی، زامنی سەرکەوتنی زۆر نەتەوە و میللەتان بووە. ئەوی کە کورد تا ئێستا بە هیچ کام لە ئاواتەکانی نەگەیشتووە، بێ بەریبوون لە پاڵپشتی نیونەتەوەیی بووە.

ئەوجار لە حاست هێزی سەرانسەری ئێران دا، کوردستان و ئازەربایجان پشتیوانی کارامەی ئەوتۆیان نەبوو و هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکان پاڵیان دابووە و چاوەڕوانی بە ئاکام گەیشتنی هەوڵەکانی کوردستان و ئازەربایجان بۆ دێموکراسی بوون. حیزبی تودە مافی نەتەوەیی گەلی کورد و ئازەریی  وەلانابوو و ریزی بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکان دانەدەنا و مەبەستی تەنیا دێموکراتیزە کردنی ئێران و یەکێتی و یەکگرتوویی لە نێو نەتەوەکانی فارس، تورک و عەرەب و کورد دا، بوو.

سەرەڕای هەمووی ئەوانە کەسانێک هەن کە بە بێ لێکدانەوەیەکی ورد و زانستیانە، هەروا رەمەکی و سەرسەریانە هۆیەکانی شکستی کۆماری کوردستان دەستنیشان دەکەن و ناچنە ناو بنج و بناوان و هۆو و هۆکارەکانی رووداوەکان. محەممەد ئەمین مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٩٢ ی بەرگی دووهەمی کتێبەکەی دا بپەیوەندی رووس و قازی محەممەد دەنووسێ:

چونکە قازی محەممەد بە پشتیوانی رووسەکان پەلاماری ئەو حەڕەکاتە و تەشکیلاتەی دابوو نەوەکوو بە پشتیوانی عەشایر و کوردەکان. جا لەبەر ئەوە هەتا نیهایەت لە پرۆگرام و مەسڵەحەتی رووسەکان دەرنەچووە. چونکە رووسەکان زۆر بە وردی لەترسی سیاسەتی ئینگلیس ئەجوڵانەوە. هەتا مستر ئەیدن وەزیری خاریجەی ئینگلیس لە مەجلیسی پەڕلەمانا بە تاریخ ١٠/١٠/١٩٥٢ بەیانی کردوە کە حکومەتی ئینگلیس و ئامریکا نەیانهێشتوە، رووس ئازەربایجان مەربوتی خۆی بکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەچی ئێمرۆ ئێران خەیانەتیان لەگەڵلا ئەکات. ئەو مەوزوعە لە رۆژنامەی ئەهالی ١٦/١٠/١٩٥٢ چاپکراوە. وە ئێللا زۆر شتی واهەبووە کە قازی محەممەد دەرکی کردوە کە بۆ ئەو ناوچەیە بە عەمەل نایە و کرانی باش نییە و مەجبوورەن کردووشییەتی.

میرزا محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٩٣ ی بەرگی دووهەمی کتێبەکەیدا، بە راشکاوی هەڵەکای پێشەوا دەستنیشان دەکا و دەنووسێ:

قازی محمد واحاڵی ببوو کە ئەو تەشکیلاتی ئێرانیانە وەختییە تەنیا بۆ ئەوەیە کە ئینتخاباتی ئێران لە نەزەر حکومەتی جەهان سابیت ببێ کە بە کەماڵی ئازادی و حوڕییەت کراوە و هیچ گونە فشارێک و بێ تەشکیلاتێکی مەرزی تیا نەهاتۆتە وجود. بۆ ئەوەی کە بە ئەکسەرییەت قەراردادی نەوتیان بۆ رووس تەسدیق کرد. میللەتانی خاریج نەتوانن بڵێن ئەو ئینتیخاباتە ئینتیخاباتێکی قانوونی نەبۆوە و ئەو مەجلیسەش شەرعی نییە و ئەو تەسدیقی لایحەی نەوتیش موافقی رەغبەتی شەعب نەبووە.

بە هۆی ئەم ئیخفالاتی فکری یە زۆر فورسەتی مەحەلی لەناودا. ئەگەر لە هەوەڵەوە بەو دەرزییە ( موڕافینی) مەستی یان لە دەماخ نەدابایە. ئەیتوانی ئەو عەمەلیاتانەی خوارەوە بێنیتە وجود و بە تەواوی لە نەزەر میللەتانی خاریجەدا ئیسباتی بکات کە کورد بۆ حوڕییەت و ئازادی خۆی لە مەیدان راوەستاوە و بە پشتیوانی هیچ قەومێک داوای ئازادی و سەربەخۆیی خۆی ناکا. تەنیا شوجاعەت و تەمەدوونی میللی کوردی خستۆتە سەر ئەو بارەی کە هەتا ئاخر تنۆکی خوێنی لە مەیدانی مبارەزەی قەومی و ئیستردادی حەقی غەسبکراوی خۆی رابوستێ و دیفاع لە حورییەت وسەربەخۆیی خۆی ئەکا و بۆ ئیسباتی ئەو فکرە ئەیتوانی ئەو نوقتانەی خوارەوە بگرێتە بەرچاو و فێعلەن بە ئەنجامیان بگەیەنێ.

١-حەق وانەبوو جبهەی سەقز چۆڵ بکات و لەرەغمی تەسلیم بوونی تەوریز حەق وابوو قازی محەممەد پەلاماری سەقزی دابایە. چونکە لەو وەختەدا لەشکری ناوشاری سەقز بۆ گرتنی سایەنقەڵا و تیکان تەپە، حەڕەکەتی پێدرابوو. سەقز بە چۆلی مابۆوە و زۆر بە سەهلی سەقزی بۆ ئەگیرا و بە گیرانی سەقز و بانە و سەردەشت هەموو نەخشەیەکی ئێرانی یەکان ئەگۆڕا.

٢- لەعینی وەختا ئەیتوانی بە چاوپۆشی لە ١٠٠ نەفەر کوشتار، سەردەشت بگرێ. چونکە هێزی دیمۆکرات لە دەورەی سەردەشتا موستەعید بوون بۆ هەڵمەتێکی ئاوا و هیچ کوشتاریان بەلاوە مەتڵەب نەبوو و یانە هەر بە مەحاسرەی مابانەوە هەتا رۆژی کە بە تەبیعەت تەسلیم ئەبوون.

٣- ئەکسەری عەشایرەکان ئەو رۆژە لە سابلاغ بوون لە ترسی گوناهباری و سووئی پاشەرۆژی ئێرانییەکان ئامادە و چاوەڕێی ئەمری قازی محەممەد بوون بۆ ئیشتراکیان بە جەبهە و لەشکەرکەشی. من شەخسەن لەو وەختەدا لەناو عەشایرەکانا بووم، وام ئێعتقاد ئەکرد کە بە تەفاهۆمێکی زۆر کەم تەواوی موخالیفەکانی قازی محەممەد ئەهاتنەوە جبهە و بەرامبەر بە حکومەتی ئێران رائەوەستان.

قازی محەممەد لەو وەختەدا بە هێزی خۆی و عەشایرەکان ئەیتوانی (٥٠) هەزار نەفەرێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

موسەلەح جەمعاوەری بکات و جەبهەی میاندواو و رەزاییە و ماکۆ و هەوشار و سنەیان پێ تەحکیم و بەربەست بکات و لەو وەختەشا فیشەک و رەشاش و تۆپی زیدی تانک و تەیارە و خواردەمەنێکی زۆریان هەبوو و چوار تۆپی ساز و ریکیشیان لە ئازەربایجانیەکانەوە چەنگ کەوت بوو و ١٦ ماشێنی باری و سواریشیان هەبوو. قازی محەممەد بۆ بەرهەم هێنای ئەو فکرە زۆر بەباشی سەردەکەوت و ئیستیفادەی لەو نەخشانەی خوارەوە ئەکرد.

١- دەوڵەتی ئێران ناچاری ئەوە ئەبوو کە بە قەید و شەرتێکی شەرافەتمەندانە لەگەڵیا رێکبکەوێ. حورییەت و ئیمتیازی مەهاباد بە پارێزراوی بمێنێتەوە.

٢- ئەگەر قازی محەممەد ئیقدامی لەسەر بەربەرەکانی ئێرانییەکان بگرتایە، لەشکر و گوناهبارەکانی ئازەربایجانی هەموویان بە تەجهیزاتی جەنگییەوە ئیلتحاقیان بە لەشکری قازی محەممەد ئەکرد و تەسلیمی نەفسیان بە ئێران نەئەکردەوە. هەتا ٢٣ ئەفسەری ئازەربایجان لە تەورێزەوە بە فەراری هاتبوون بۆ سابلاغ. لایان وابوو قازی محەممەد تەسلیم نابێ و شەڕ ئەکات. بەڵام موتەئەسیفانە لە میاندواوە گیرا بوون چونکە غەفلەتەن کەوتبوونە ناو ئۆردووگای حکومەتی ئێران و لەوەختی خۆیا باسی ئێعدام کرانەکانیان ئەکەین.

٣- حیزبی جەوانانی ئازەربایجان و کوردستان بیلائیستسنا لەبەر سەوابیقی ناشیرینی خۆیان ئەیاننایە کۆمەگی قازی محەممەد.

٤- زۆر موومکین بوو هەر ئینگلیسییەکان تەداخولیان بە لاوانەوەی قازی محەممەد بکردایە لە وەختێکا کە بۆیان رەوشەن بووبایە کە ئەو حەڕەکاتە لە زیدی رووسیە و بە پەنجەی رووس هەڵگیر ووەرگێری پێ ناکرێ و یانە هەر رووسەکان موقتەزای سیاسەتیان تەبدیلی بکردایە و ببانەوە بە موئەیەدی ئەو حەڕەکاتە. چونکە رووسەکان لەمدەیەکی زۆر زوودا سیاسەتەکەیان تەبدیلی تێکەوت. لە ١ی فەروەردین ١٣٢٦ موافق نەبوون کە عێلی بارزانی بچێتە ناو رووسەکانەوە. کەچی لە ٦ی خوردادی ١٣٢٦ کە هەمووی فەرقەکەی دوو مانگ ئەگرێتەوە، مەلا مستەفایان لە حدودی عێراقەوە گەیاندەوە بۆ ناو رووسیا.

مادام شکڵی جیهان و نەخشەی ئیستراتیژی بە تۆزی تەبەدولی وەزعییەت قابیلی گۆڕان و تێکچوونە و ئێمرۆ رۆژێکە بە تفەنگێکی غەڵەت، سیاسەتی عالەمێک وەقفە ئەکا و یا خۆیی کۆ ئەکاتەوە. جا بەو موناسەبەتەوە حەق وانەبوو قازی محمد هەروا جەبونانە خۆی تەسلیم بکات و قابیلیەتێکی ئاوا نیشان نەدا کە ئینسان بتوانێ بڵێ کورد لەهەموو رۆژێکا ئەتوانێ دیفاع لە حەقی خۆی بکا و حەڕەکاتەکەی قازی محەممەد لە پاش دەورێکی ترا ببێ بە نموونەی مثال بۆ پێشکەوتویی کورد لە مەیدانی جەنگ و کارزاریدا.

لەو شەڕایتە حەستەم دا کە ئازەربایجان تەسلیم ببوو و کۆماری کوردستان لە گەمارۆی تەواو دابوو، محەممەد ئەمینی مەنگوڕی پێیوابوو کە دەکرێ سەردەشت و سەقز دەستی بەسەر دابگیرێ. ئەو پێیوابوو کە لە حاڵێک دا کە زۆربەی عەشایر پشتیان لە کۆمار کرد بوو و لەگەڵ رێژیمی ئێران کەوتبوون و هەر بۆخۆی بە تاوانی هاندانی حەمە رەشیدخانی بانە لەمەر بەجێهێشتنی بەرەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەڕ، لە کۆمار دا زیندانی کرابوو، دەکرێ پەنجا هەزار کەس لە عەشایر کۆ بکرێتەوە و کوردستانیان پێ بپارێزێ. محەممەد ئەمینی مەنگوڕی دەیهەویست جەوانانی کورد لەگەڵ ئازەربایجان کە لەبەرانبەر بە دوژمنانی ئازادی دا، دیفاعیان لە خاکی خۆیان نەکرد، لە دەوری پێشەوا کۆ کاتەوە و بەربەرەکانی کوردستانیان پێ بکا. ئەو دەیهەوی پێشەوا بە گژ رووسان دا بکا تا بەڵکوو ئینگلیس کە هیچ بەرنامەیەکی بۆ کورد نەبوو، پشتیوانی لە کورد بکا. ناوبراو لە لاپەڕەی ٩٥ بەرگی دووهەمی کتێبەکەی دا دەنووسێ:

من شەخسەن رۆژی ١٩ ئازەری ١٣٢٦ مولاقاتی قازی محەممەدم کرد. بە عەینی وەزعییەت کە عەرزی ئێوەم کردوە تەفسیلات و تەنبیهاتم بۆ نووسی و دامە دەست. چونکە ئیزدحام و قەرەباڵغەکە لەوەدا نەبوو کە بتوانم بە زمان پیشنەهادەکانم بە ئەنجام بگەیەنم. قازی محەممەد وردە وردە بیرەکانی منی ئەخوێندەوە و فرمێسکیشی بە چاوا ئەهاتە خوارەوە. هەروەکو لەوساتەدا کوژرانی خۆی لێ یەقین بووبێ. لەپاش خوێندنەوەی نووسراوەکەم هەر ئەوەندەی جواب دامەوە: کاک حەمەدەمین ئازەربایجان بێ وەفاییان لەگەڵ کردین. هەموو پیلانەکانیان لێ تێکداین. رووی سیاسەت و دونیایی رەش بێ. هەر رۆژە بە رەنگی رووناکی لە کوردان ئەشارێتەوە. ئەمەی گوت و خۆی کرد بە ژووری حیزبەکەیا. لەپاش بەینێک هاتە دەرەوە سواری ئوتوموبیلەکەی بو و بەناو ئەو هەموو ئیزدحام و ژن و مناڵە لێوبەبارانەی سابلاغدا، رۆیشتەوە بۆماڵەوە.

دواتر میرزا محەممەد ئەمینی مەنگوڕی، ئەو روئیا و خەیاڵاتەی بۆ مەلا مستەفاش هەبوو. ئەو لە چلەی زستان دا لە حاڵێکا کە مەلا مستەفا لە ئەشکەوتی مەرگەوەڕ ٥ جەنازەی لە لا بوو و ئارەزوی بوو کە چەند پوت ئارد بۆ پێشمەرگەکانی پەیدا بکا تا جەمێکیان تێر بکا، بە رێکەوتی ١٣٢٦/١/١٥ لە ئاوایی قوباد بەگییان را نامەی بۆ دەنووسی و ئامۆژگاری دەکا کە بەرەیەکی دیکەی شەڕ لە ناوچەی مەنگوڕ و گەورک و سوێسنایەتی بکاتەوە. ئاغای مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٨٤ بەرگی ٢ کتێبەکەی دا وڵامی نامەی مەلامستەفای بۆخۆی هێناوە و دەنووسێ:

( بە ئاغای م.م منگوری ) بلێن

نووسراوەکەی لە وەختێکا وەرگیرا کە پێنج نەفەر لەبرا شەهیدەکانی بارزانیم لە ئەشکەوتێکا بەدیارمەوە راکشابوو. بۆ کردنەوەی جەبهەیەک لەو ناوەدا ئیمکان نابێ چونکە ئێمە بە هیوای ئێران نەماوین کەڵکی تیا بکەینەوە. ئێمە شەڕی نامووس و دەربازبوون ئەکەین. نەوەکو شەڕی تەقەدوم و مانەوە لە ئێرانا. با ئەویش لە گەڵ رەفیقەکانی کەنارەگیری بکات. خوا کەس وەکو ئێمە دوچاری فەلاکەت نەکا. ئەڵبەتە هەڵگری نووسراوەکەش باسی سەرگەردانی عێلی بارزانیت بۆ ئەکا کە لە چ مەرحەلەیەکی خەتەردان. سڵاوی هەموو لایەکمان بە ئاغایان رابگەیەنە. هەموو لایەکتان بە خوا ئەسپێرین. داوای چاکمان لە یەزدان بۆ بکەن.

مستەفا بارزانی

لە ئەشکەوتی تەرگەوەڕا

تێکچوونی کۆماری کوردستان بە مانای تێکڕووخانی کۆشکی ئاوات و ئارەزوەکانی گشت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەڵکی کوردستان بە تایبەتی ناوچەی موکریان بوو کە راستەوخۆ لە پرسی ئاواتەکانی کۆمار بەهرەمەند بوون. بە تیکچوونی کۆمار، حکومەتی نیزامی لە زۆربەی شارەکان راگەیەندرا و رۆاڵەتێکی مەترسیهێنەر باڵی بە سەر وڵات داکێشا. بەڕێوەبەرانی کۆمار، گیران و دەستبەسەرکران. دادگای نیزامییەکان دەست بەکار بوو و زۆر کەس بۆ دادگاکان رەپێچەک دران و تاوان و سەزایان بە سەر داسەپێندرا. زۆر مامۆستای قوتابخانەکان تەبعید کران و لە زێدی خۆیان دوور خرانەوە.

بە رووخانی کۆمار خەڵک دڵشکاو و دڵ بریندار و بێ هیوا بوون، کاتیک کە مامۆستا هەژار وەک یەکێک لە نوێنەرانی هەیئەتی چاوەدێری کورد لە سەقز زیندانی بوو. رۆژێک بۆ محاکەمە بە کەلەپچەوە دەیبەن بۆ لای سەرهەنگ غەفاری، حاکمی نیزامی. لە رێگایە منداڵ راوەستاون و هەژار پێیوادەبێ کە ئەوان بێحورمەتی پێدەکەن. بەڵام بە پێچەوانە هەموو بە رێزەوە سلاوی لێدەکەن و ئیحترامی دەگرن.

هەر لە سەقز کاتێک کە هەژار لە زیندان دا دابوو، کتێبی لە کتێب فرۆشی "کولاهی" بۆ چەند شەوان بە کرێ دەگرێ. کاتێک کە لە کاتی رووخانی کۆماردا ئازاد دەبێ، دیهەوێ پوڵی کتێبەکان بدا. " کولاهی" پارەی لێوەرناگرێ و دەگری و دەڵی: بریا مردبام و ئەو رۆژەم نەدیبا، یەک شایی پولم ناوێ...

سەرەڕای ئەوانە بەڵام کەسانی سیاسی و بە ئیرادەی ئەوتۆش هەبوون کە هیوادار بە دوارۆژ بوون و ئاوات و مەبەستەکانی کۆماریان بڵاو دەکردەوە. رۆژی دوای رووخانی کۆمار میرحاج لەگەڵ چەند پێشمەرگە دەچنە شاری نەغەدە. کەریمی حیسامی دەیبینێ کە زۆر بە کەیفە و هیچ نارەحەت نییە. لێی دەپرسێ:

وادیارە هیچ نەقەوماوە تۆ وا کەیفت سازە؟

میرحاج دەڵێ:

چ قەوماوە؟ تۆ نازانی. تا ئێستا ئێمە هیچمان نەبوو خەباتمان دەکرد. لەمەودوا هاوار دەکەین و دەڵێین حکومەتمان هەبوو، کۆماری کوردستانمان هەبوو و لێیان تێک داوین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٤٤

## هەڵسوکەوتی دەوڵەتی شووڕەوی لەگەڵ فیرقە بەدوای شکست دا

بە دوای شکانی ئازەربایجان و پەنا بردنی ئەندامان و لایەگرانی فیرقە بۆ باکۆ، دەوڵەتی شووڕەوی دیسان بە خێرایی ویستی خەونی دیکەی بۆ ئازەربایجان ببینی. نووسرەتوڵای جەهانشاەلوو ئەفشار لە لاپەڕەی ٢٧٧ی کتێبی "ئێمە و بێگانەکان" دا، باسی چاوپێکەوتنی پیشەوەری و باقرۆف دەکا و دەڵێ کە پاش ماوەیەک، باقرۆف بە هاوفکری لەگەڵ پیشەوەری و رێبەرانی دیکەی فیرقە بڕیاری دا، رادیو تەورێز لە باکۆ دەست بە کار بکاتەوە. بەلام دوایە بەرنامەکە وەدوا کەوت.

بە گوێرەی لاپەڕەی ٢١٠ی کتێبی "فراز و فرود فرقە دمکرات" باقرۆف لەسەر وەزعییەتی پەنابەران و هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوان، لە ٢٠ی دیسامبر لە ١٢ خاڵ دا، نامەیەکی بۆ ئیستالین نارد و داوای روون کردنەوەی وەزعییەتی ئەوانی کرد.

ئەو خاڵانە بریتی بوون لەوەی کە دەبێ دەستەیەک لە رێبەرانی فیرقە بۆ کاری سیاسی و تەشکیلاتی لە ئازەربایجانی ئێران هەڵبژێردرێن و بتوانن لە راگەیەندراوەکانی رادیۆ و رۆژنامە کەڵک وەرگرن. دەستەیەکی ٣٠ی کەسی لە کادرە بە ئیمانەکانی فیرقە بۆ درێژەدان بە کار لە نێوخۆی ئازەربایجان هەڵبژێردرێن و لە کلاسەکانی حیزبی کومونیستی شووڕەوی دەورە ببینن. دەستەیەک لە نیزامییەکانی ئازەبایجان بۆ دیتینی دەورەی ئەفسەری بنێردرێنە زانکۆ ئەفسەرییەکان. ئەو قوتابییانەی کە لە زانکۆی پیادە نیزام یان زانکۆی هێزی هەوایی دەخوێنن، رێگابدرێ بچنە ناو ئەرتەشی سوور. ئەو کوردانەی کە لە زانکۆی ئەفسەری دەخوێنن و نایانەوێ لە شووڕەوی بمێنن رێگابدرێ بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان. لە هێزی کاری سەربازان، فیدایییەکان، پۆلیس، کرێکاران، جوتیاران و بنەماڵەکانیان، لە بناسازی ئازەربایجان و ساوخوزەکان دا، کەڵک وەرگیرێ. مامۆستا، دوکتور و نوسەرەکان لە دامودەزگاکاندا کاریان بدرێتێ و بخرێنە ژێر چاوەدێری. ئەوانەی دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ ئێران، کاریان نەدرێتێ و لە خەڵک جیا بکرێنەوە و بە تاوانی سنووربەزاندن محاکمە بکرێن. چەکوچۆڵ و ئەو کەرەسانەی کە دەستیان بەسەر داگیراوە، لە ئیختیاری وەزارەتی ناوخۆی شووڕەوی بندرێن. ماشین و ئەسپی ساوخوزەکان بدرێ بەو ئازەربایجانیانە کە لە ئێران را هاتوون. ماشینی سواری و مەڕوماڵات بدرێتەوە بە ساحەبەکانیان. بە ٨٧ کەس لە رێبەرانی فرقەی دێموکرات و بنەماڵەکانیان، وەک چالاکوانانی شووڕەوی کارتی دەرەجە یەکی ئەرزاق و گشت کەلوپەلی ژیان بدرێ. پارەی ئەرزاق و خواردنی پەنابەران بخرێتە سەر حیسابی شووڕای وەزیرانی شووڕەوی.

ئیستالین هەموو بەندەکانی پەسەند کرد بەڵام دەستکاری بابتی دوو بەندی ١ و ١٠ی بە شێوەی خوارەوە کرد. بەندی ١ – لە داهاتوو دا تا دەربڕینی ئیجازەی تایبەتی، بە پەنابەرانی سیاسی رێگا نەدرێ کە لە وڵاتی شووڕەوی کەڵک لە رادیۆ وەرگرن و رۆژنامە و گۆڤار چاپ بکەن و لە ئازەربایجانی ئێران بڵاوی بکەنەوە. بەندی١٠ – هەرچی ماشێنی گەورە و لۆری و پاس و ماشینی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سواری کە پەنابەرە سیاسییەکان لەگەڵ خۆیان هێناویانە، لە سنوور تەسلیم بە کاربەدەستانی ئێرانی بکرێتەوە.

ئاوات و ئارەزووەکانی ئەندامانی فرقە، لە ئازەربایجانی سەرو، وەدی نەهات و زۆریان تووشی گیران و کوشتن و دەربەدەری بوون. ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ٨٨ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" باسی پەنابەرانی فرقە بۆ سۆڤییەت و ئەو بەڵایانی کە بەسەریان هاتووە دەکا و دەنووسێ: سەرکردەکانی فیرقە لەگەڵ کۆمەڵێك بە ڕواڵەت فیدایی میللەت بەرەو ڕووگەکەی خۆیان تێیان تەقاند. ڕووگەیەك نەك بۆ ئەوان نەبووە پەناگە، بگرە چارەڕەشیشی کردن. زۆری نەخایاند، میر جەعفەری پیشەوەری بە ڕووداوێکی دروستکراوی ترۆمبێل کوژرا. گوتیان بەشکم لە لەناوچوونی دامەزرێنەری فیرقە، ئاوێك بە ئاگردا بکرێ و، دەوڵەتی سۆڤیەت بتوانێ ئیمتیازی هەڵێنجانی نەوتی شیمال وەرگرێ. جا سەیر ئەوەیە ئەو سەرکردە ڕاکردووانە کە نەیانتوانیبوو لە ئێران شتێك بکەن، لە خاکی سۆڤیەتدا نووسینگەیەکیان کردەوە، بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی کۆمەڵێك دیموکراتی ڕاکردووی بێ خانە و لان بگرنە ئەستۆ و بە بە ناو، درێژە بە خەباتەکەیان بدەن.

ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ١٧٩ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" باسی محەممەدی بیریا، وەزیری فەرهەنگ فرقەی ئازەربایجان دەکا کە ئەویش لە ئازەربایجانی شووڕەوی کەوتە بەر غەزەبی غولام یەحیا و دامودەزگای ئەمنی رووس و لە ئۆردووگاکانی کاری ئیجباری رووسیە زیندانی کراو و دەنووسێ: لە ئۆردووگای تەمیرتائۆ، ڕۆژێکی پشوو لە خەوتنگەکەمدا پشووم دەدا. ئاگاداریان کردینەوە کە کۆمەڵێك زیندانیی نوێ دێننە ئۆردووگا. چوومە دەرێ، غەریب و کوڕەکانی دیکەش هاتبوون. زیندانییە تازەکان زۆر بوون. ورد ورد سەیرم دەکردن بەشکم ئاشنایەکیان لەگەڵ بێ. کتوپڕ قەڵافەتێکی ئاشنام بەرچاو کەوت. پیاوێکی کورتەباڵای دەموچاو وردیلە. کڵاوە چەرمینەکەی توند لە ژێر چەنەی گرێ دابوو و دەموچاوە وردەکەی بە زەحمەت دەبینرا. لەو جلوبەرگە فشوفۆڵەی زینداندا و بەو چەکمە لبادییانەوە، ببووە شتێکی سەیر. ئاواش ناسینمەوە. ئەوە محەمەدی بیریا، وەزیری فەرهەنگی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بوو. بە غەریبم گوت ئەو پیاوە وردیلەیەت نەناسی؟ گوتی نەخێر. گوتم ئەوە محەمەد بیریایە. کە لێی ورد بۆوە، گوتی وەڵڵا چاکت ناسییەوە. غەریب بانگی کرد، کوڕە هۆی بیریا. هەر ئێمەی دی، زانیی خەڵکی خۆوڵاتیین و ناسیومانەتەوە. بزەی هاتێ و لە نێوان لێوە ڕەشداگەڕاوەکانییەوە ددانە خواروخێچ و بۆرەکانی دەرکەوتن. کە گەیشتە لامان، سڵاوی کرد و ئێمە لە ئامێزمان گرت. بردمە خەوتنگەی خۆم. لێك کۆ بووینەوە. ڕۆژانی پشوو کارمان ئەوە بوو، بەڵام ئەمڕۆ توحفەیەکمان لێ زیاد ببوو. تاقە جارێکم دیتبوو، لە میوانداریی مەجلیسی حکوومەتی میللیدا. غەریب بە تورکی لێی پرسی: ئەتۆ بۆ لێرەی؟ دا بۆمان بگێڕەوە. گوتی جارێ زۆرم برسییە. ئەگەر شتێکتان هەیە بۆم بێنن. عەلی ئەکبەر هێندێ نانی بۆ هێنا و ئەو دەمودەست کەوتە خواردن. دوایی پەرداخێك ئاوی بەسەردا کرد و تۆزێك هاتەوە سەرخۆ. گوتی ئێوە من دەناسن. من محەمەد بیریا، وەزیری فەرهەنگی پیشەوەری بووم. لەگەڵ هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر ئازەربایجان ئاگاتان لێ بوو چۆن بەوپەڕی ئازایەتییەوە ڕامان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرد. ئەگەرچی من حەزم لێ نەبوو لە تەوریز بڕۆمە دەرێ، چونکە تازەم ژن هێنابوو، بەڵام بە زۆر هێنایانم. هەرچی هەوڵم دا لانیکەم ژنەکەشم لەگەڵ خۆم بێنم، بەڵام دایك و بابیشی ڕازی نەبوون. کە گەیشتینە سۆڤیەت، زۆری نەبرد پیشەوەرییان بە ڕووداوێکی ترۆمبێل کوشت. پێم وایە پیلانی غوڵام یەحیا بوو.

چونکە ئەو دەیویست بۆخۆی ببێتە سەرۆکی فیرقە. ماوەیەك توانیم لە هەمبەر چەوتییەکانی بێدەنگ بم و لەگەڵی بم، بەڵام دۆخی نالەباری فیرقەییەکان و فرتوفێڵ و گزی و فزییەکانی ئەو کە هیچی لەگەڵ نەدەکرا، لە هەموو شتێکی بێزار کردم. داوام کرد بمنێرنەوە ئێران، بەڵام ڕازی نەبوون. ناچار خۆمم شێت کرد و دەستم کرد بە کاری سەیر و سەمەرە. ڕۆژ تا ئێوارێ نوێژم دەکرد و پێداگریش بووم بمبەنە مزگەوتێك. جاری وابوو دەمکردە هات و هاوار، تا ئاخری بردیانمە باکۆ و لەوێ بردیانمە مزگەوت. مزگەوتەکە کەسی لێ نەبوو. گوتم دەبێ مەلایەکیش هەبێ کە پێشنوێژیم بکا و نوێژی لەپشت بکەم. پاش چەند ڕۆژ مەلایەکی گەنجیان هێنا، بەڵام کە دواندم، دەمودەست زانیم ئەوە مەلا نییە، چونکە هیچ شتێکی لە شەرع و ئایین نەدەزانی، بگرە کابرا سیخوڕ بوو چەند ڕۆژێك لەپشتی نوێژم کرد، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو بزانێ من کەر نیم، لە کاتی نوێژیدا ڕۆژێکیان بەردەوام لە پشتەوەڕا لێی نزیك بوومەوە و توند خۆم پێوە نا و لە ڕەکاتی کۆتایی نوێژەکەیدا تەواو خستبوومە سەر کۆشم. کابرا نوێژەکەی بڕی و ڕووی تێ کردم گوتی ئەوە چییە بۆ وا دەکەی؟ گوتم عەجەب سمت و قوونێکت هەیە؟ کابرا بە تووڕەییەوە هەستا و گوتی من لەوانە نیم. ئیدی مزگەوتی بەجێ هێشت. کاکە ئەوەی کە گێراوە لەبەر پێکەنین پسابووین. گوتی باشی بۆچووبووم، ئیدی بەولایەدا نەهاتەوە و بردیانمەوە لای غوڵام یەحیا. بەڵام من هەر ڕۆژە و بە شێوەیەك گاڵتەم پێ دەکردن و تەواو خۆمم لە شێتی دابوو. لەو حاڵەتەدا چیم حەز لێ بوایە پێم دەگوتن. هەر دەشمویست بمنێرنەوە ئێرانێ. بەڵام لەبری ئەوە ناردیانمە ئێم.گ.ب و ماوەی شەش مانگ لەوێ بووم، تا بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی دەوڵەتی دە ساڵ حوکم درام. ئێستاش ئەوە لەلای ئێوەم. گوتمان بەخێر هاتی. هەر تۆمان کەم بووی. هەر ئەو ڕۆژە ئەویشم هێنایە نێو دەستەکەی خۆم. لە تەختی سەرەوە لە پەنا عەزیز جێی گرتەوە. گوتی من حەزم لە سەرەوەیە. گوتم حەقتە، وەزیر دەبێ لە سەرەوە بێ.

لە شوێنی کاریش نەمدەهێشت کار بکا و چەندی بکرابایە، خواردنی زیادەشم بۆ وەردەگرت. بە قسەی خۆش خۆش دایمە دەیخافڵاندم.

**چارەنووسی پیشەوەری**

لە وڵاتی کومونیستی و مافیایی ژێر دەستەڵاتی دیکتاتوریی ستالین دا کە بە میلیونها کەس کوژران، پیشەوەری کەوتە بەر غەزەبی ڕێکخراوی ئەمنی شووڕەوی و بە شێوەیەکی گوماناوی کوژرا.

عەلی مرادی مەراغەیی لە لاپەڕەی ٣٨٤ کتێبی "ئینکار و مقاوەمەت"دا دەنووسێ کە پێشەوەری ٢ مانگ دوای پێشەوا قازی محەممەد بە مردنێکی گوماناوی لە باکۆ تێدا چوو. ئەو کەسێک بوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێ پۆز و بە سادەیی لیباسی دەبەر دەکرد و دەژیا و لەگەڵ خەڵکی شەقام جیاوازییەکی نەبوو. دوو سەیارەی ژمارە خاریجی هەبوو کە یەکیان فرقە و یەکیان دەوڵەت دابوویەی. کاتێک کە سوار دەبوو لە گۆشەیەک خۆی قایم دەکرد تا بەرچاو نەکەوێ. لە کانوونی نووسەران ژوورێکیان دابۆیە و دەهات لەوێ دەچوو دەخەڵوەتەوە و دەتگوت ساڵانی عومری رابردووی وەرد دەداتەوە و دەیانووسێ. ئەو بەردەوام گلێی لە کاربەدەستانی رووس دەکرد و دەیگوت لە نیوەیی رێیەدا بەجییانهێشتن. بۆ ئارام کردنەوەی لە مانگی مەی ١٩٤٧ دا ریگایان دا تا بە فیدائیيەکان تەمرین بکا و ئامادەیان کا بۆ گەڕانەوە. ئەو دوو دانە ئوردوگای دامەزراند و رادەی ٤٠٠ کەسی کۆ کردەوە. یەک لە ئۆردوگاکان لە حاجیکەند نیزیک بە شاری گەنجێ کە تەقی موسەوی فەرماندەی بوو و ئەوی دیکەش لە شاری "شکی" کە سەرگورد نەزەری پێی رادەگەیشت. پیشەوەری پاشماوەیەک سەردانی ئەو دوو پێگەیەی کرد و لەوێ بە رووداوێکی ماشێنی بریندار و تێداچوو.

ئەحمەد شفایی دەنووسێ کە ئەوەی کە دەڵێن باقرۆف لە پیشەوەری تووڕە بوو و پێگوت زۆری لێ مەڵێ و لە جێگای خۆت وەرکەوە و ئەو کوشت بێتی، راست نییە. رحیمی قازیش ئەوەی رەد دەکاتەوە کە باقرۆف بێ رێزی بە پیشەوەری کرد بێ و دەڵێ ئەو کەسە سەرهەنگ ئازەر بوو کە پیشەوەری قسەی پێگووت.

ئەفشار لە لاپەڕەی ٢٩٤دا، لە پەیوەندی لەگەڵ کوشتنی پیشەوەری دا دەنووسێ کە پیشەوەری لە باکۆ دوو خانووی هەبوو، یەک لە نێو شار و ئەوی دیکە لە سەر دەریایە و بە ماشێن و شۆفیری تایبەتی هاتوچۆی دەکرد. ماوەیەک بووە شۆفیرەکەی بۆ چەند جار لە رێگایەدا ماشێنەکەی بە بیانووی ئەوەی کە مەکینەکەی گەرمی کردوە رادەگرت. پیشەوەری لەوکارە بە شک کەوت و دەبی ئەوەی لەگەڵ غولام یەحیا کە مۆرەی سازمانی ئەمنییەتی شووڕەوی بوو، باسی کرد بێ. دوای ماوەیەک لە مانگی رەزبەردا سەرهەنگ قولی ئۆڤ و غولام یەحیا داوا لە پیشەوەری دەکەن کە بە بێ ئەوە کەس ئاگادار بێ، بۆ بەسەر راگەیشتن بە سەر ئەندامانی فیرقە دا، چەند رۆژێک لە ماڵ وەدەرکەون. پیشەوەری دەڵی کە ئایا دەتوانێ جەمشیدی کوریشی لەگەڵ خۆی ببا. ئەوان دژایەتی ناکەن. پیشەوەری لەو سەفەرە دا تێداچوو و دوای چەند رۆژ بنەماڵەکەی ئاگادارکراوە و کۆڕی ماتەمینی بۆ داندرا.

ئەفشار دەنووسێ نیشانەی دەرمانداویی پێوە دیار بوو و چوونکە هەموو لەشی هەڵمسا بوو. تەنیا دوو برینی چووکەی لەسەر گۆشەی راستی دمووچاو و لەسەر ملی، نیزیک بە شانی هەبوو کە کەس بەو برینە نامرێ. لەو تەسادوفەی ماشێن دا کە دیارە بە فێل بووە، قولی ئۆڤ و غولام یەحیاش بریندار ببوون، بەڵام دوای چەند رۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە رەوانە ماڵەکانیان کرانەوە.

دواتر لە سەردەمی خروشچۆف دا هەوڵ درا شوێنەواری ستالین بسڕینەوە و کەسانێک محاکەمە کران کە یەک لەوان باقرۆف بوو. مەئموورێکی ئەمنییەتی شووڕەوی لە سەر کوشتنی پیشەوەری لە دادگا دا گوتی کە لە مانگی ژوئیيەی ساڵی ١٩٤٧ دا، شەوێک پیشەوری، لە میوانی بوو. لە نیوەشەو دا قولی ئۆڤ داوای لە پیشەوەری کرد کە بۆ خۆشی و رابواردن بچێنە شاری نووخا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بەیانی دوای ئیستراحەت بگەڕێنەوە. پێشەوەری قبووڵی کرد و لەگەڵ غولام یەحیا دانشیان و نووری قولی ئۆڤ بە ماشینی غولام یەحیا کە کارنیک مەلیکیان شۆفێری بوو، لە سەعات چواری شەو وەڕێکەوتن. کارنیک بەخیرایی ۹۰ کیلومەتر بە ڕێگایە دا دەڕۆیی کە ئەو ڕادەیە بۆ جادەکانی ئەوکاتی شوورەوی زۆر بوو و لە لێواری پردێکی دا. شۆفیرەکە و ئەوانی دیکە زەحمەتی زۆریان پێنەگەیی و کارنیک هەر لە لای ماشێنەکە ماوە و ئەوانی دیکەیان بردە خەستەخانە. پیشەوەری لاقێک و دەندەیەکی پەراسووی شکا بوو و هەرچەند وەزعی زۆر خراپ نەبووە و توانیبووی قسان بکا بەڵام ۲٤ سەعات دوای عەمەل کردن مرد. ئەو زۆر داوای کرد بوو کە کوڕە ۲۱ساڵەکەی ببینێ و هەرچەند ۷۰ کیلۆمەتر لەو دووربوو بەڵام نەیانهێنا و خەبەری کۆچی دوایی پیشەوەری، دوای ۳ ڕۆژ لە تاران بڵاو بووە.

کارنیک، کوڕی ڕێبەری داشناک لە ئێران بوو و ژنەکەی نێوی "گاڵا " و خەڵکی لێهستان و کارمەندی سەفارەتی ئینگلیس لە تاران بوو. پێشتر لەسەر کارنیک، ڕاپۆرت درابوو کە مەئمووری ئیتلاعاتی سەفارەتێکی دەرەوەیە.

لە کاتی محاکمەی باقرۆف لە ساڵی ۱۹۵٦ لەتیف سەمەد ئۆف وەک شاهید لەوێ بوو ئەو دەڵی کە لە کاتی تەسادوفەکە دا ئەو مەئمووری ک. گ. بێ یولاخ بوو و بە فەوری چۆتە شوێنەکە و هەر شۆفیرەکە (گارنیک ملیکیان) لەوێ بوو و ۱۰۰۰۰ مەنات و کۆڵتێکی لە گیرفانی دابوو. بە پێی لاپەڕەی ۲۲۰ کتێبی "ئینکار و مقاوەمەت" لە نووسینی عەلی مرادی مەراغەیی، لەتف سەمەدۆف دەڵی کە لەوێرا چۆتە نەخۆشخانە. پیشەوەری لاقێک و پەراسویەکی شکا بوو سەری بریندار بوو. چەند جار گوتی خەیانەت خەیانەت و گوتی: ئەمن ۱۱ ساڵ زیندانی تاکەکەسی تەحموول کرد و ڕەزاشا و قەوام نەیانتوانی بە چۆکم دابێنن، بەڵام بەو خەیانەتەی ئەوان بە ئامانجی خۆیان گەیشتن.

ماشێن و شۆفیرەکە ئی غولام یەحیا بوو و قەت پیشەوەری لە پێش ماشین دانەنیشت بوو بەڵام ئەو شەوە داوای لێکرا بوو کە لە پێش ماشێن دابنیشی. لەتیف دەڵێ تەواوی ئەو کەسانی کە لە پەیوەندی لەگەڵ لێکۆڵینەوەی ئەو ڕووداوە دا بوون دواتر لابران و کارەکانییان لێ‌ئەستێندراوە. بەرپرسی ک. گ. ب کە بەدوای هۆیەکانی ئەو قەتڵەوە بوو، بەهۆی نادیار تیداچوو.

ئەوجار ڕێگا بە کوڕە ۲۰ ساڵەکی پیشەوەری کە یەک سەعات دوور بوو نەدرا کە بێتە سەر تەختی بابی. براکەشی کە دوکتور بوو و پیشەوەری داوای کرد بوو ڕێگەی پێنەدرا. بە دوای مردنی پیشەوەری دا مەئموورانی ئەمنییەتی چوونە شوێنی کارەکەی دوو کتێبی جوڵانەوەی دێموکراتیکی ئازەربایجان کە بەشی دووهەم هێشتا تەواو نەببوو، دیتەوە و مۆر و مۆمیان کرد.

پیشەوەری لە ۱۰ مانگی جۆزەردانی ۱۳۲٦ لە هاوینەهەوارەکەی لە پووزناخ، بە بێ دەنگی و بە بێ کێل و بەرد لە قەبرێ نرا و ڕێگایان نەدا بە بنەماڵەکی کە لە باکۆ هیچ ڕێوڕەسمێک بەڕێوەی بەرن و سەر قەبرەکەشیان گوڵکاری کرد تا هیچ شوێنەواری نەمێنێ. دوایەش سەردانی ئەو قەبرە قەدەغە کرا. لە ساڵی ۱۹۵٦ لە ساڵیادی ۲۱ ئازەر بە هۆی ناڕەزایەتی ئازەرییەکان جەنازەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیشەوەریان دەرێناوە و بردیان لە گۆرستانی فەخری باکۆ کە شوینی هونەرمەندان و قارەمانی وڵات بوو لە بن بەردەمەڕمەڕێکی ٥٠ تۆنیی دا ناشتیان. عەلی مرادی مەراغەیی لە لاپەڕەی ٢٢١ کتێبی "ئینکار و مقاومەت" دا دەنووسێ لە کاتی لەدایک بوونی میر جەعفەری پیشەوەری دا، میرداماد فاڵگری ئاوایی بە دایک و بابی پیشەوری گوت: ئەو ژیانێکی پڕ لە سەختی و ناخۆشی دەبێ. بۆ دوورخستنەوەی ئەو بەڵایانە دەبێ بۆ ماوەی ٧ ساڵ بە قەرا قورسایی لەشی، برینج و گەنم بکەن بە سەدەقە.

مەعسوومەی موسەوەری رەحمانی ژنی تێکشکاوی پیشەوەری لە ساڵی ١٣٤٦ گەڕاوە بۆ ئێران. ساواک زۆر هەوڵ دا وتوویژی لەگەڵ بکا قبووڵی نەکرد.

باقرۆف لە کاتی محاکمە لە ساڵی ١٩٥٦ کە ١٢ رۆژی گرت، نەخۆش بوو و بن باڵیان دەگرت. هیچ ترس و نیگەرانێکی نەبوو. ئەو هەمووە جەنایات و کوشت و کوشتارەی رەد نەکردەوە و گوتی ئەمن باوەڕم بەو نیزامە هەبوو. دوایە داوای کرد کە ئەگەر کوشتیان تیرەبارانی نەکەن بەڵکوو شەقە سەقەی بکەن و لە ٧ مانگی مەی ١٩٥٧ لە مەسکۆ تیرباران کرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٤٥

### چوونی مەلا مستەفا بۆ تاران

بە دوای رووخانی کۆماری کوردستان دا گرینگترین کاری رێژیمی ئێران، سرینەوەی شوینەوار و سەزا دانی بەرێوەبەرانی کۆمار و یەکلاکردنەوەی کێشەی بارزانییەکان بوو. دەوڵەتی ئێران زەبری گورچووبڕی لە بارزانیەکان خوارد بوو بۆیە هەوڵی دا تا لە لایەک بە راوێژ و وتووێژ لە گەڵ مەلا مستەفا، مەترسی ئەوان لە خۆ دووركاتەوە و لە لایەکی دیکەش ئەگەر توانیبای تۆڵەیان لێ بستینێتەوە و دەستبەسەر و رەزیلیان کا و شکۆیان بشکێنێ.

بۆیە لەگەڵ پاشەکشەی بارزانییەکان بۆ لای شنۆ و نەغەدە، رۆژی ٢٧ سەرماوەز، دوو دەستە لە هێزەکانی رێژیم لە دوو قۆڵ را لە مەهاباد بەرەو نەغەدە وەڕێکەوتن. دەستەی یەکەم، هێزی عەشایری لوڕستان بە فەرماندەری سەرهەنگ ئەنساری و دەستەی دووهەم عەشایری دەوروبەری مەهاباد بە فەرماندەیی سەرهەنگ غەفاری بوو کە رادەیان ١٥٠٠ کەس بوو. دیارە بەر لەوان خەڵکی قەرەپەپاغی سێ رێیانی نەغەدە - مەهاباد، بۆ گرتنی دوو رێیانی شنۆ - نەغەدە هێرشیان برد بووو، بەڵام بەکر حەوێزی لە کتێبی "گەشتێک بە کۆماری مەهاباد" دەنووسی کە بە تەقەی ئاسمانی دووریان خستنەوە.

لە لایەکی دیکەش، بارزانییەکان هەر بە گرتنەوەی مەهاباد، بە فەرماندەری شێخ "محەممەد سەدیق" حکومەتی سەربازیان لە شاری نەغەدە راگەیاند. فەرمانەکە بە هۆی جارکێش بەمشێوەیە لە نیو خەڵک دا بڵاو کراوە: فەرمان فەرمانی شێخ محەمەد سەدیق بارزانە، هاتوچۆ پاش سەعات نۆی شەو قەدەغەیە.

هیزێ ژێر فەرماندەری سەرهەنگ غەفاری، لە شەوی ٢٨ سەرماوەز لە ئاوایی کۆسەکەرێز جێگیر بوو. ئەو شەوە "پاشا ئەمیر فەلاح" سەرۆکی قەرەپەپاغ کە ئەوانیش بە لای دەوڵەت دا شکابوونەوە و ئەمنییەتی نەغەدەیان پێ ئەسپێردرابوو، لە لایەن مەلا مستەفا بارزانی نامەیەکی بۆ غەفاری هێنا، کە داوای گفتوگۆ و چارەسەری کێشەکانی بە رێگای ئاشتیانەوە کرد بوو. غەفاری لە وڵام دا، داوای لە مەلا مستەفا کرد کە نوێنەری خۆی بنێرێتە کۆسەکەرێزە. هەر ئەو شەوە میرفەلاح چووە نەغەدە و میرحاج هاتە کۆسە کەرێز و دوایە هەموویان چوونە نەغەدە و لەوێ غەفاری و مەلامستەفا، چاویان پێک کەوت. غەفاری داوای لە مەلامستەفا کرد کە بچێتە مەهاباد و لەگەڵ بەرپرسانی ئەرتەش کێشەی خۆیان چارەسەر بکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



شێخ ئەحمەد بارزانی

مەلامستەفا ڕایسپاردە شێخ ئەحمەدی برا گەورە و سەرۆکی ئایینی عەشیرەتی بارزان کە لە شنۆ را بۆ ڕاوێژ بێتە نەغەدە و ئەوان پێکەوە بڕیاریان دا کە مەلا مستەفا بچێتە مەهاباد. بۆیە ڕۆژی ٣٠ سەرماوەز مەلا مستەفا و سێ کەس لە هەواڵانی، میرحاج و عیزەت عەبدولعەزیز و نووری، چوونە مەهاباد. جێی ئاماژەیە کە بەکر حەوێزی لە کتێبەکەی دا دەنووسێ کە بە دوای چوونی مەلا مستەفا بۆ تاران، بوو بە جێگری شێخ ئەحمەد و بۆ پارازتنی بارازانییەکان لە نەغەدە ٥٠٠ کەسی لە دەوروبەری شار دانا.

نەجەف قولی پەسیان لە کتێبی"لە مەهابادەوە ..." دەنووسێ مەلا مستەفا بەڵێنی دا کە بۆ روون کردنەوەی وەزعی بارزانییەکان بچێتە تاران و سەرکردایەتی سوپای ئێران ئاگادارییەکی لەمەڕ گوێڕاڵی مەلامستەفا بڵاو کردەوە.

پەسیان لە درێژەدا دەنووسێ، چوونی مەلا مستەفا بۆ مەهاباد سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ دەوڵەت و نیشانەی بەدەستەڵاتی بوونی ئەوی دەگەیاند. بۆیە هەر ئێوارەی ئەو ڕۆژە پێشەوا و ڕێبەرانی کۆمار کە تا ئەوکات لە ئەمنییەت دابوون، گیران.

سەرئەنجام دەوڵەتی ئێران داوای کرد تا مەلا مستەفا بە نوێنەری عەشیرەتی بارزانی بچێتە تاران. مەلامستەفا لەگەڵ میرحاج و عیزەت عەبدولعەزیز و سەرهەنگ عەلی ئەکبەر غەفاری چوو بۆ تاران و ماوەی ١٠ ڕۆژی بۆ عەشیرەتەکەی دانا کە ئەگەر نەهاتەوە ئامادەی شەڕ بن. دەوڵەتی ئێران لەوی سێ شەرتی لە بەردەم بارزانی دانا.

ڕەشەی قاچاغچی لە مانگی ٦ ی ١٩٦١ لە جیای شیرین چاوی بە مەلامستەفا کەوت و لە زبان ئەو لە لاپەرەی ١٤ کتێبی "دیسان بارزانی" لەسەر سەفەری تاران دەگێرێتەوە: سەرۆک بارزانی فەرمووی دوای نەمانی جمهوری میللی کوردستان من لە گەڵ چەند هاورێیەکم بە ناوی کاری پەناهندەگی بانگ کراین بۆ تاران لە میوانخانەیەک میوانی شا بووین... چەند ئەفسەرێکیان کرد بوو بۆ حەرەس بۆ پارێزگارییمان شەو و ڕۆژ بە جێیان نەدەهێشتین لە ڕاستی دا جاسووسی هەڵسوکەوت وجولانەوەمان بوون.

ڕۆژێک لە ناو بازاری جەواهیر فرۆشاندا دەگەڕاین، یەکێک لە یەفسەرەکان ووتی: بۆیە تۆم هێناوە بۆ ناو ئەو بازارە بۆ ئەوەی شتهەڵگری چیت پێخۆشە و پێت جوانە هەڵی بگرە لە پارە مەترسە تۆ میوانی (شای) ئێرانی نە ڕۆژێک و نە دووان ئەفسەرەکە قایمەی مەسرەف ئەباتەوە دەبینین ئێمە شتێکی وام مەسرەف نەکردووە و پێیان سەیر دەبێ وای حیساب دەکەن ئێمە لە ڕق و تورەیی دا هیچ ناکرین لە ڕاستیشدا وابوو تێگەیشتم بە بیانوون لێمان. ڕۆژێکی تر بردینیەوە بۆ بازار بە بیرم داهات شتێک بکرم بۆ ئەوەی لە دەست ئەمانە ڕزگارم بێت.

هەروەها سەرۆک بارزانی فەرمووی: لە قەیسەری وردەفرۆشانەوە دەڕۆیشتین دەستم برد یەک دەرزی سنجاقم هەڵگرت و ئەفسەرەکەم بانگ کرد و وتم پارەی دەرزییەکەم بۆ بدە. کابرای ئەفسەر تورە بوو ووتی: "جا ئەوە چییە پارەکەی بدەم. پێم ووت:" بەڵێ ئەم شتە شتی باش و شاهانەیە یەک دەرزی سنجاقێکم هەڵگرت خۆم ئەو بازارە هەمووی ناکرم. ئەگەر بە یەک دەرزی نەزانم بە هیچی تریش نازانم. باش بوو کابرای ئەفسەر تێگەیشت و ئیتر وازیان لێهێنام".

لەو سەفەرە دا، شا چاوی بە مەلا مستەفا کەوت. دوکتور ئاسۆ لە لاپەڕەی ٢٨٩ بیرەوەرییەکانی دا لە زمانی مەڵا مستەفا لە مەسکۆ لە ساڵی ١٣٣٣دا، دەڵێ مەلا مستەفا و سێ کەس لە هاوڕێیانی لەگەڵ ٤ ئەفسەر ئێرانی چوون بۆ تاران و لە هۆتێلێک نیشتەجێ کران. دوای ٤ ڕۆژ چاوەڕوانی لە سەعاتی چواری ئێوارێ بە تەنیا لە کاخی سەعد ئاباد چاوی بە شا کەوت. لەبەر دەرگا سەرلەشکر ئەحمەدی لە مەلا مستەفا دەپرسێ کە ئایا چەکی پێیە. بارزانی دەڵێ:

چەکەکانم لە کوردستان بۆ هاوسەنگەرانم بەجێهێشت. ئەمن بۆ ئاشتی هاتووم. چەکم بۆچییە؟

سەلەشکر بزەیەکی هاتێ و گوتی:

کاتێک چوویە خزمەتی شا دەبێ کرنۆشی بۆ بکەی. مەلا مستەفا دەڵێ ئێمە عادەتمان نییە بۆ کەس کرنۆش بەرین. کرنۆش تەنیا بۆ خودایە. ئاجودانی شای ڕەنگی تێکچوو و کاتێک زەنگی ئامادە بوون لێدرا تەواو چرژا و بێدەنگ بوو گوتی: فەرموو.

ئەمن چوومە ژوورێکی گەورە. لە لایەک مێزێکی نەخشین و چەند کورسی گران قیمەت چندرا بوون. لەوبەری وەتاغەکە دەرکە کراوە شا هاتە ژوور و دەستی لەگەڵ من لێداوە. دوو پاسەوان بە دوای دا دەهاتن و ئاماژەیان بە من دەکرد کرنۆش بکەم. زانیان کە ئەمن پیاوی ئەو کارە نیم بۆخۆیان کرنوش و لامەلامەیان دەکرد تا ئەمنیش لاسایان بکەمەوە. بەڵام ئەمن دەتگوت لە دنیایەکی دیکە دام بایخم بە شا و دەوربەری نەدا. شا کە زانی ئەمن بۆی دانانوێنم بە ئاماژە گوتی فەرموو. ئەمن لەسەر کورسی دانیشتم و ئەو فەرمووی جگەرەی کردم. ئەمن گوتم سیغاری نیم. شا ئەحواڵی پرسیم و گوتی وەرە چەکەکانت تەسلیم بە ئەرتەش بکە. من زەوی و زار و کەرەسەی ماڵێت دەدەمێ. ئێمە یەک نەتەوە و یەک نژادین. فریوی ڕوسان مەخۆ. ئەوان درۆیێتان لەگەڵ دەکەن. قازی محەمەدیش هەڵەی گەورەی کرد کە باوەڕی بە رووسان کرد دەوڵەتی فەشەلی دامەزراند. دیتت کە فرقەچییەکانی پیشەوەری و غولام یەحیا و دارودەستەکەیان چۆن هەڵاتن سنووریان بەزاند. مەلا مستەفا گوتی ئەمن لێم زیاد کرد و گوتم بەڵی زوربەی ئەوان لە شارەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێران کوژران و ڕێگا بە هێرش بۆ سەر ماڵ و حاڵ و ناموسی خەڵکی بێ گوناح درا.

مەلا مستەفا گوتی ئەمن بە فارسی قسەم لەگەڵ شا دەکرد. هێندێک ڕستەی عەرەبیشم بەکار دەبرد کە شا بە باشی حاڵی دەبوو و جارجارەش بە عەرەبی ئەمنی دەدواند. بە کورتی دوای قەول و بەڵێنی زۆر شا بە منی گوت ئەتۆ دەگەرێیەوە. چەکەکان تەسلیم بکەن. ئیمە ئەرزاقی زۆرمان بۆ ڕاسپاردون و لە ڕێگا دایە. بەو زوانە بە دەست ئێوە دەگا. شا گوتی دەزانین وەزعتان خراپە بەڵام ئێمە گرفتەکانی ئێوە چارەسەر دەکەین. لە دەوروبەری هەمەدان جێگای چاکتان دەدەینێ کە لە کوردستانی خۆتان لە عێراق باشتر بێ. مەلا مستەفا گوتی بە پێکەنیین و تەشەرەوە بە شام گوت ئایا شتێک هەیە کە لە وەتەن خۆشەویستر و باشتر هەبێ؟

مەلا مستەفا لە درێژەدا دەڵی بەو قسانە کۆتایی بە وتویژەکە هات و قەرار درا لەگەڵ هاوڕێیانم راویژ بکەم و دوای دوو ڕۆژ وڵام بدەمەوە. مەڵا مستەفا دەگێڕێتەوە کە گەڕاوە بۆ هۆتێل و بابەتەکەی لەگەڵ هاوڕێیانی باس کرد و دەڵێ لەسەر دوو ڕێیانێکی بووین، یەکەم ئەگەر چەکەکانمان تەحویل بدەین و خۆمان تەسلیم بە مەئمورانی دەوڵەتی ئیران بکەین، شا ئیمە فیدای کردەوەی پەست و ناجوامێرانەی خۆی دەکا. ئەگەر پێی بڵیین چەکەکان تەسلیم ناکەین، ئێمە لە تاران زیندانی دەکەن و لە بەینمان دەبەن و کەسیش بە دادمان ناگا. شووڕەویش کارێکی لەدەست نایە و لە خەیالپڵاوی نەفتی شیمال دایە. ئەمریکا و ئینگلیسش کە دەستیان بەسەر ئێران داگرتووە خوازیاری لەناو چوونی ئیمەن. دوای راوێژی نیو سەعاتە بڕیارمان دا کە وڵامی ئێمە بۆ شا ئاوا بێ: بەو شەرتەی کە بتوانم شێخ ئەحمەدی برام کە سەرۆکی تایفەیە پرسی پێبکەم و بتوانم رازی بکەم، هەم چەک دادەنێین هەم ئاڵای ئێران لەسەر بانی شارەداری نەغەدە هەڵدەدەین. مەبەست لەو پێشنیارە دوو شت بوو، یەکەم ڕەزگار بوون لە تەڵە و داوی شا و دووهەم چوونەوە بۆ نێو هاوسەنگەران و هەڵسەنگاندنی ناوچە.

دوای ٥ ڕۆژ نیگەرانی و مانەوە، شا بەو بەڵێنێ کە هەم چەک دابنیین و هەم ئاڵای ئێران هەڵدەین ڕازی بوو و بە ئیسکۆرتەوە ڕەوانەی نەغەدەی کردینەوە. دوو سەرهەنگ و سەروانێک لەگەڵ ئێمە هاتنە نەغەدە و ئەوانم بردە خزمەت شێخ ئەحمەدی برام و لەگەڵ ئەو قسەیان کرد. بڕیار درا ئەو بەڵێنییانەی درا بوون بەجێ بگەیەندرێ. بۆیە لەگەڵ نوێنەرانی شا چووینە سەربانی شارەداری. ئەو سێ کەسە و دەرەجەدارێک بە نوینەری سەرلەشکر هومایونی لەوێ ئامادە بوون. چەند چەکداری بارزانیش لەگەڵ ئێمە بوون. کاتێک گەیشتینە سەربانی شارەداری یەکێک لە ئەفسەرانی شا ئاڵای ئێرانی دا بە من و ئەمنیش بە پێی ئەو بەڵێنێی دابووم بەدەستی خۆم چەقاندم و دوایەش تفەنگێکم لە پێشمەرگەیەکی بارزانی وەرگرت و تەحویلی نوینەری شام دا. دوایە گوتم ئەو چەک و ئەوەش هەڵکردنی ئاڵا، ئەوەی بەڵێنیم دابوو کردم. کەوابوو ئێمە لەگەڵ شا پاک لەپاکین. پێشمەرگە بارزانییەکە چەکەکەی وەرگرتەوە و دوایەش ئاڵای شاهەنشای لە سەربانی شارەبانی هێنا خوار. ئەمن هەروەها هوشدارم دا بە نوێنەری شا کە تا ئێمە لەو مەڵبەندەین پێ لە بەرەی خۆیان زیاتر ڕانەکیشن و تا سنوور دەبڕین ئەرزاقی ئێمە بە ڕێکوپێکی بە بەردەوام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بنێرن...

تەفرشیان لە لاپەڕەی ٢٨٩ی کتێبەکەی دا، لەسەر چاوپێکەوتنی شا و بارزانی لە زمانی مەلامستەفا دا دەنووسێ:

رۆژێکیان لەنگەرییەکیان خستە سەر سەرم. ملپێچیکیان لە ئەوکم گرێ دا و پاڵتۆیەکی رێکۆوپێکیان بۆ کڕیم. سوپا پارەی دابوو بۆمی بکڕن. بەڵام ئەو عەقید غەفارییە چەپەڵە دەیویست پارەکە بخوا و کۆنە جلەکانی خۆیم لەبەر بکات. بۆ من پاڵتۆی کۆن و نوێ جیاوازییەکی نەبوو بەڵام ویستم تێیبگەیەنم کە راستە ئێمە چیاین بەڵام لە هەموو شتێکیش دەگەین، پێمگوت: عەقیدی بەرێز، شوورەییە بۆ دەوڵەتێکی وەک ئێران بەم هەموو مێژووەوە جلکی کۆنە بکاتە بەر میوانەکانی.

دەموو دەست بردمی بۆ کۆگەیەک و گوتی: هەرچی دەتهەوێ هەڵیگرە. ئەم پاڵتۆیەی وا لەبەریشم دایە هەر لێرەم هەڵگرتووە. پاش ئەوە بردمیان بۆ کۆشکی پاتشا. لە ساڵۆنی چاوەڕوانی پاتشادا هەموویان بە ئیشارەت و ئاماژە دەدوان و بەردەوام دەیانگوت:" هیس... هیس" و دەرگایان بەمن پیشان دەدا.

گوتم باوکە دەڵێی زمانتان لە دەمدا نییە، بۆچی وا لاڵ و پاڵ ماون و هەر هیسە هیستانە بۆچی ئاماژە دەکەن، چیتان دەوێ بیڵێن، بە تەواوی بیڵێن. دیسانەوە ئەوان بە ئیشارەت لەگەڵ مندا دەدوان، من دەمزانی ئەوان چی دەڵێن، بەڵام دەمویست بپەیڤن. ئێ باشە خۆ پاتشاش هەر مرۆڤە. پاشان دەرگەیان کردەوە و بینیم مەزن رێزدار رۆنیشتووە، چووم سڵاوم لێکرد. جێگەی پێشان دام و لەسەر کورسییەک دانیشتم.

مەلا مستەفا بەردەوام بوو:

دوو سەعات بۆ پادشایەکەی ئێوە ئاخاوتم ، گەلێک کەیفی پێمهات. پاش دوو سەعاتەکە ویستم هەڵستم، گوتی دانیشە. گوتم جارێکی تر هەڵناسمەوە هەتا خۆتان فەرمان نەدەن. جارێکی تر تێهەڵچوومەوە. ئەو لەبارەی نیشتەجێ کردنی ئێمە لە ناوچەیەکی ئێران دا قسەی کرد. وڵامیم دایەوە: بە خوا مەزن رێزدار ئێوە زۆر دەسوالا و نان بدەن. من هەموو پێشنیارەکانی ئێوەم بەدڵە بەڵام دەبێ شێخ ئەحمەد بڕیار بدات، ئەو سەرۆکی خێڵە.

لەبارەی ئێوە ئەفسەرانیشەوە پاتشا دەیگوت بە دەستەوەتان بدەم. گوتم: ئێمە ئەوانمان نەگرتووە هەتا بیاندەینەوە، ئەوان شەش ئەفسەری لاون(لە دە کەس ئێمە شەشمان ئەفسەری رەسمی سوپا بووین) سەرجەمی تەمەنیان ناگاتە سەت ساڵ. لە جیاتی شەش لاو، من هەژدە لاو بە ئێوە دەدەم. بنەماڵەی من و شێخ ئەحمەد و تێکرایی برایانم هەژدە لاومان هەیە، هەمووشیان لاوی لیهاتوون، لە جیاتی ئەم شەش لاوە من ئەوان بە ئێوە دەدەم. بەڵام ئێوە مەتانەوێ ئەو شانازییانەی هەتا ئێستە شێخانی بارزان بۆ ئێمەیان بەجێهێڵاوە بە فیڕۆیان بدەین و نفرەت و جنێوی نەوەگەلی داهاتووی بارزان بۆ خۆمان بکڕین.

تەفرشیان لە لاپەڕەی ٢٨٨دا، دەنووسێ کە مەلا مستەفا لە تاران چاوی بە قەوامولسەلتەنە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەزمئارا، کە بە لای ئەو، قەوام پیاوێکی خۆویست و کورسی پەرەست و ئەوی دیکەشیان کەسێکی زور ژیر بوو، کەوت.

مەلا مستەفا لە تاران رازی بە شەرتەکانی دەوڵەت بوو و لە گەڕانەوەدا گوتبووی "ئەگەر پەسەنم نەکردایە بەریان نەدەدام.

مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٠٢ی کتێبی بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیدا دەنووسێ کە حکومەتی تاران بە مەبەستی داسەپاندنی مەرجەکان لە بیر ئەوەدا بوو کە مەلا مستەفا بە بارمتە بگرێ. بۆ ئەو مەبەستە هیئەتێکی نارد بۆ لای شێخ ئەحمەد و پێیان راگەیاندرا کە ئەگەر بە پەلە چەک دانەنێن و ئامادە نەبن بۆ گواستنەوە بۆ هەمەدان، مەلا مستەفا لەمەترسی دەکەوێ.

لە وەڵامی ئەو هەرەشەیە دا شێخ ئەحمەد گوتی: ئێمە سەر بۆ هەڕەشە دانانەوێنین، هەر یەک لە بارزانییانە مەلا مستەفایەکە. چی لێدەکەن بکەن. ئێمەش چەک دانانێن و تا دوا پیاومان شەڕ دەکەین.

لەو ماوەیەدا کە مەلا مستەفا لە تاران بوو بردبوویان شوێنی چەک سازی ئێران ببینێ و دوای ئەو سەردانە چاوی بە ڕەزمئارا کەوت و پێیگوت بوو:

بە خوا جەنراڵ ئەم هەموو چەک و سوپا بە توانایە من لێی ترسام، بەڵام دەبێ خێڵی بارزان بترسێ. ئەوان لەم هەموو چەکە ناترسن، ئەوان یەک تفەنگیان هەیە و بە یەک پاروەە نان لە سەری چیایان دەژین.

پەسیان لەلاپەڕەی ٧٢ی کتێبی لە مەهابادەوە تا ... لێوارەکانی ئاراس باس لەوە دەکا کە مەلا مستەفا لە تاران بە راشکاوی مەرجەکانی پەسەند نەدەکرد و دەنووسێ کە رۆژێک سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا لە بارەگای خۆی دا بە مەلا مستەفای گوت: ... مەلا مستەفا ئێوە مەرجەکانی ئێمە پەسەند بکەن یان نەکەن، ئێمە بە ساغی دەتانگێڕینینەوە ناو تایفەی خۆتان. ئینجا ئەگەر پەسەندتان کرد ئەوا باشە، ئەگەرنا ئێمە شەڕتان لەگەڵ دەکەین و لەناوتان دەبەین.

بێشک بارزانییەکان، لەمەڕ نەگەڕانەوەی مەلامستەفا زۆر نیگەران بوون، بۆیە بۆ ڕەزگاری ئەو بە فێڵ پلانیکی گەورەیان داڕشت. سەرهەنگ بەکر عەندولکەریم حەوێزی، لە لاپەڕەی ١٠٨ کتێبی"گەشتێک بە کۆماری مەهاباد دا" دەنووسێ کە لە کاتی بوونی بارزانی لە تاران، رۆژنامەیەک لە ورمێ، وینەیەکی مەلا مستەفا و هاوڕییانی کێشابووە کە دوو سەربازی ئیرانی تفەنگیان لەسەر راگرتبوون و زیندانیان کرد بوون. ئەو وێنەیە بوو بە هۆی نیگەرانی شێخ ئەحمەد و بە هاوکاری سەرهەنگ حەوێزی پلانێک بۆ دەربازبوونی بارزانی دادەرێژن. ئەوان بڕیار دەدەن تا بە فێڵ، دەستەیەک لە بارزانی و کەسانی دیکە کە دژی چوونی مەلا مستەفا بۆ تاران و وتوێژ لەگەڵ دوژمن بوون، پێک بێنن کە لە شێخ ئەحمەد جوێ دەبنەوە و دەیانەوی هێرش بکەنە سەر مەهاباد و پێشەوا و هاورێانی نەجات بدەن و هەروەها لە محمەشە تەقە لە دوژمن بکەن و پەلامار بەرنە سەر شاری ورمی. لەو پلانە دا دەبوو شیخ ئەحمەد پەیوەندی بە حکومەت تارانەوە بکا و وابنوێنی کە لەگەڵ دەوڵەتی ئێرانەو نایەوێ شەڕ لە دژی حکومەت بکا و بەرپرسی کاری تیکدەرانەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەسانی دیکە نابێ.

ئەو پلانە کاریگەری خۆی هەبوو و دەوڵەت داوای لە بارزانییەکان کرد کە لە نیو خۆیان دا شەڕ نەکەن و بڕیاری دا تا مەلا مستەفا بنێرێتەوە تا ناوچەکە هێور کاتەوە. مەلا مستەفایان هیناوە بۆ مەهاباد. لەوێ تەلەیفون بۆ شنۆ کرا کە مەلا مستەفا دەیهەوێ لەگەڵ شیخ ئەحمەد قسە بکا. بەڵام شێخ بە فێڵ قبووڵی نەکرد و دوایە دەڵێن کە مەلا مستەفا دەیهەوێ لەگەڵ بەکر حەوێزی قسە بکا، ئەویش خۆی بوارد و هەردوو وایان نیشان دا کە لە مەلا مستەفا زوێرن.

دوای یەک رۆژ، داوا لە شێخ ئەحمەد کرا کە رێگا بدا مەلا مستەفا لەگەڵ سەرهەنگ غەفاری و دوکتورێک بچنە شنۆیە. شێخ ئەحمەد، عەبدولرەحمان تەیبی نارده مەهاباد و وێکرا چوونەوە شنۆیە. غەفاری چەند رۆژ ماوە و سەرهەنگ بەکر حەویزی بە نوینەری بارزانییەکان ویستەکانی پێشکێشی ئەو کرد. وەک پیشەی کاربەدەستانی ئێرانی، غەفاری هەوڵی دا کە ناتەبایی بخاتە نیو کاربەدەستانی کورد و بە شێخ ئەحمەدی گوت کە ئەو ئەفسەرانە نایانەوێ رێکەوتن بکرێ و شێخ ئەحمەد لێی تورە دەبێ.

مامۆستا هێدی لە لاپەرەی١٢٢ی کتێبی ئاوێنە شکاودا، لەسەر سەفەری مەلا مستەفا بۆ تاران دەنووسێ:

بارزانی لە سەفەرەکەیدا بۆ تاران نەیگوت ئێمە چەک دانانێین هەتا خۆی لە چەنگ رەزگار کردن و گەیشتەوە کوردستان، کە هاتەوە بە کاربەدەستانی حکومەتی گوت: من هەر دەستەڵاتی ئەو تەنیا تفەنگەم هەیە کە بە دەست خۆمەوە ئەگەر دەتانەوێ پێتانی دەدەم و کەسی تریش بە قسەی من چەک دانانێ.

تەفرشیان لە لاپەڕەی ٢٩٠ دا، دەنووسێ:

"بڕیار بوو لە باتی هەر کامیونێک گەنم چەند ماڵ بارزانییەک پاش چەک لێکردنەوەیان بەرەبەرە بەرەو شوێنی مەبەست بگوازنەوە".

واتا ئەگەر شێخ ئەحمەد رازی بە شەرتەکان بوو با، دوای تەواو بوونی سەرما، راگوێزتن دەستی پێدەکرد. دوای گەڕانەوە بارزانی لە تاران، لەبڕی وەرگرتنی ئارد و دانەوێلە، بارزانییەکان شاری نەغەدەی چۆل کرا.

تەفرشیان لەسەر لە لاپەڕەی ٢٩١دا، ئاماژە بە بۆچوونەکانی مەلا مستەفا دەکا و دەنووسێ: ... ئێمە ئەگەر چەکەکانمان لەدەست بدەین دەبین بە مرۆ گەلی لاواز و بێدەسەڵاتی ئەوتۆ کە خەڵکانی تر بڕیارمان لەبارەوە دەدەن ... مرۆڤ هەتا چەکی بەدەستەوەیە خۆی خاوەن بڕیارە ... من کمۆنیست نیم، کەیفیشم بە کمۆنیزم نایە. من دێموکراتم و حەز دەکەم لەگەڵ گەلی خۆمدا لە ئاشتی و هێمنی و یەکسانیدا بژیم و بۆم بلوێ ئالای کوردستان لە خاڵێک لە کوردستان هەڵ بدەم، جا ئەو خاڵە عێراق، ئێران یان تورکیا بێ، جیاواز نییە.

هەر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەفسەرانی ئێرانی کە لەگەڵ هێزی بارزان بوون، تەفرشیان دەنووسێ کە دواتر سەرهەنگ غەفاری چووە نێو بارزانییەکان و لە لای مەلا مستەفا داوای لە ئەفسەرەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێرانی کرد کە بگەڕێنەوە بۆ ئێران. بەڵام ئەفسەران داوای لێبوردنی گشتی و دەستەبەری تەواو و ڕاگەیەندراو بە هۆی رادیو تارانیان کرد. سەرهەنگ غەفاری لە وڵامی ئەوان دا گوتی:

باشە ئەمە لەسەر بەرێز مەلا مستەفا وەستاوە کە لە تاران قسەی داوە ئێوە بە دەستەوە بدات.

مەلا مستەفا لەم قسەیە زۆر شڵەژا و بەرتەرکی دایەوە و گوتی:

بۆچی درۆ دەکەی؟ من بە پاتشایەکەی ئێوەم گوت لە بریتی ئەم شەش لاوە من هەژدە لاو لە کوڕانی خۆمان دەدەم. ئەمە شوورەییە بۆ خێڵی بارزان شەش لاو بگرێ و بە دەستی ئێوەی بداتەوە.

دیاری جاری دیکەش فەرماندەرانی ئەرتەشی ئێران لە نەغەدە و شنۆ پەیوەندیان بەو ئەفسەرانەوە گرت و داوایان لێکردن کە بگەڕێنەوە نێو ڕێژیم. تەنانەت هەڕەشیان لێکردن. بەڵام ئەوان دەستەبەر و زەمانەتیان دەویست.

**گەڕانەوەی خوێندکارانی کورد لە باکۆ**

دەوڵەتی رووسیە لە باکۆ لەسەر هێرش و گەڕانەوەی لەشکری ئێران بۆ ئازەربایجان و کوردستان، هیچ زانیارییەکی نەدا بە خوێندکارانی کورد و ئازەری و ئەوان هەواڵی گرتنەوەی ئازەربایجان و کوردستانیان لە رادیۆ هێندوستان بیست. لە سەر شێوەی ئاگاداربوونی هێرشی ئێران بۆ سەر ئازەربایجان لە باکۆ، رەحمانی قازی لە کتێبی رۆژگاری ون بوو دا دەنووسێ:

رۆژی یەک شەممو بو و نۆبەی تاقمی ئێمە بو کە کێشک بکێشین. کاتژمێر دوی پاش نیوەڕۆ بو و من و کەسێکی تر بە داشقەی ئەسپ کەل و پەلی حەماممان بۆ خوێندکارەکانی تر دەبرد بۆ حەمامی ناو شار. گەیشتینە نزیک حەمام، لە سەر پەنجەرەی ماڵێک رادیۆ مۆسکۆ هەواڵی بە زمانی فارسی بڵاو دەکردەوە. دابەزیم و لە لای پەنجەرەکە وەستام. گوێم لە هەمو هەواڵەکان گرت. باسی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئازەربایجان دەکرد. بە وردی باسی کرد کە چۆن سوپای ئازەربایجان تێک شکاوە و تەورێز گیراوە و پیشەوەری و هاوڕێکانی رایان کردووە. ئەو هەواڵەم بۆ خوێندکارەکان گێڕاوە. مام حوسێن فەتاحی قازی و سەید عەزیز و ڕەحیم ئاغا سەیف قازی بڕوایان نەکرد و کوتیان شتی وا روی نەداوە. کاتێک چوینەوە زانکۆ دیتمان تانک و تۆپێکی زۆر ئامادە کراوە. دوای نان خواردنی شەو تانکەکان بەرەو سنوری ئێران وەڕێ کەوتن. بەیانی کاتێک لە حەوشەی زانکۆ خەریکی وەرزش بوین سێ ژن لە دەرەوە ڕا کوتیان "اوشاغلار ، گینە دەعوا باشلاندی" واتە کوڕینە دیسان شەڕ دەستی پێ کردەوە.

هەر لەو ڕۆژە دا دوای کلاسی سیاسی ئەفسەرێک هات بە ناوی قولێوف. کۆی کردینەوە و کوتی "ئاڕوادان ئۆڵسۆن قەوام، یۆڵداش ستالێنین باشنە بیوک گویدی" واتە ژنت بمرێ قەوام، کڵاوی لە سەر هاوڕێ ستالین ناوە. سوپای ئێران ئازەربایجانی بە تەواوی داگیر کردەوە. پیشەوەری و هاوڕێکانی هەڵاتون و ئێستاش هاتونە باکۆ. دروشمی "ئۆلمەک وار دۆنمەک یوخ" واتە مردن هەیە گەڕانەوە نییە بە درۆ دەرچو. گەڕانەوە هەبو بەڵام مردن نەبو. قولێوف کوتی کوردستان خۆی رادەست نەکردووە و ئێستا لەگەڵ حکومەتی قەوام لە شەڕ دایە.

دوای بڵاو بوونەوەی هەواڵی گرتنەوەی ئازەربایجان و کوردستان بەشێک لە خوێندکارانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیزامی ئازەربایجان ویستیان بگەڕێنەوە بەڵام ئیزنیان نەدان. سیرووسی ئیزدی لە پێشەکی کتێبی "ئێمە و بێگانەکان" دا دەڵێ تا رۆژێک دوای رێژە، ئەو ۸۰۰ کەسە بڕیاریان دا کە تا بەڵێنییان پێنەدەرێ کە بیانگێڕنەوە بۆ ئێران، تفەنگەکان نەدەنەوە. بەڵێنیان پێدرا، بەڵام وەک لە ۱۲ خاڵی پێشنیاری باقرۆف بۆ ستالین دا هاتووە، دوایە سواری ماشێنیان کردن و لە جیاتی ئەوەی بیانهێنەوە بۆ ئێران، بە تاوانی سنوور بەزاندن بە ۳ ساڵ مەحکووم بوون و ناردیاننە سەرووی قزاقستان و ئیدی کەس خەبەری لێیان نەما.

عەلی مرادی مراغەیی لە لاپەڕەی ۱۵۹ ی کتێبەکەی دا بە نەقڵ لە سوهرابی تاهیر، شاعیری ئازەربایجان کە لەو قوتابخانەیە بوو دەنووسێ، کە شەوانە قوتابییەکان بۆ رووخانی کۆماری ئازەربایجان و کوردستان لە بن لێفەی دا دەگریان. ئەو دەنووسێ کە دەستەیەک خوازیاری ئەوە بوون کە خیرا بگەڕێبەوە بۆ ئێران و کەوتنە لایەک و دەستەیەکیش ویستیان بمێننەوە کەوتنە لایەکی دیکە. ئەمن ویستم بمێنمەوە. نامەیەکم لەسەر وەزعی خۆم بۆ دایکم نووسیوە دام بە دۆستێکم کە بیداتێ. سەرهەنگ حاجی ئۆف کە مامۆستا بوو نامەکەی دیت و خوێندییەوە و دایەوە بەمن. هاتە بن گوێم بە سرتە پێیگووتم ئەنگۆ زوتر دەگەنەوە ئێرانێ. بە فەرمانی ئاتاکیشۆف ئەوانیان بردە "یولاخ" و پاش ماوەیەک بۆ "شکی" و چەند مانگیان راگرتن. لەوێ لەسەر پەیکەری ستالین مانیان گرت و داوایان کرد کە بیانێرنەوە بۆ ئێران بەڵام رەوانەی سیبریایان کردن.

لەگەڵ داوای ئەوان، خوێندکارانی کوردیش داوایان کرد کە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان. بەڵام بە قسەیان نەکردن و ئەوان مانیان لە خوێندن گرت بەڵام هەر فایدەی نەبوو. دیارە هێندێکیان بەشداری مانگرتن نەبوون و لە گەرانەوە بۆ ئێران دەترسان. لە ئاخردا رووسەکان پێشنیاریان کرد کە خوێندکاران نامە بۆ ستالین بنووسن و داوخوازەکانیان بە ئاگاداری ئەو بگەیەنن. نامە ناردن و مانگرتن بە ئاکام گەیی و پاشماوەیەک بە رواڵەت بە زمانی ستالین وڵام دراوە کە بگەڕێنەوە بۆ ئێران و هیچ مەترسیان لەسەر نییە. خویندکاران لە رێورەسمێکدا ماڵئاواییان لە بەرپرسانی زانکۆ کرد و تەسلیم بە سەفارەتی ئێران لە باکۆ کران و رێگای ئێرانیان گرتەبەر. لە رێگای جولفا هاتنە تەورێز و لەوێ لات و چەقۆکێشەکان بەربینگیان پێگرتن و کەمێکیان سوکایەتیپێکردن. رەحمانی قازی لەوبارەوە دەنووسێ:

کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ گەیشتینە تەورێز. پێشتر خەڵک زانیبویان و لە شەقامی پەهلەوی چاوەڕوانیان دەکردین. هەر کە ئۆتۆمبێلەکانی ئێمەیان دی پێشیان گرتین و دەستیان کرد بە جوێن دان و پەلامار دان. سەربازەکان زۆریان بە قۆنداغە تفەنگ لێ دان بەڵام وا بە هاسانی نەدەکشانەوە.

دوایە قوتابییەکان لەوێرا رەوانە شوێنەکانی خۆیان کرانەوە. ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ۸۹ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" کە ڕەسووڵی سوڵتانی وەریگێڕاوەتەوە، لە سەر وەزعی خویندکاران لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ئازەربایجان دەنووسێ: ڕاکردووەکانی فیرقەی ئازەربایجانیان لە گوندەکانی دەوروبەری باکۆدا نیشتەجێ کرد. دەوڵەتی سۆڤیەت، لەو کاتەدا کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جەنگی جیهانی تەواو ببوو، زۆری پێویست بە کرێکاری حەساوە هەبوو، نەشیدەزانی ئەوانە قەت دەستیان لە ڕەش و سپی نەداوە، لە تەڕی خواردوویانە و لە وشکی بۆی خەوتوون. ئەوانە ئەهلی ڕەزم نەبوون، بەڵکو ئەهلی بەزم و ڕێکخراوبازی بوون.

هاتنی ئەوانە بۆ باکۆ، دۆخەکەی لە ئێمەش شێواند. ئیتر ئێمەی خوێندکار و ئەو گەنجانەش کە لە فێرگەکانی سەربازی بوون، قەدر و قیمەتمان نەما. بەتایبەتی ئەو گەنجانە ئیتر خوێندنی سەربازییان بۆچی بوو؟ هەر پێویست نەبوو. گەنجە کوردەکانی سەربازگە بە سەرپەرشتیی بەڕێز غەنی بلووریان بەتەمابوون بگەڕێنەوە ئێران. هەوڵەکانی دەوڵەتی ئازەربایجانی سۆڤیەت بۆ پەژیوانکردنەوەیان بێسوود بوو. ئاخری جگە لە شەش کەسیان، هەموویان گەڕێنرانەوە ئێران. سێ کەسە، بەڕێزان حیسامی و گەرمیانی و سەید کەریمی ئەیوبی بوون، کە ئامادە نەبوون لەگەڵ ئەوانی دیکە بگەڕێنەوە ئێران، بەڵام نەمانزانی بۆچی دوور خرانەوە؟ لەبەر ئەوەی بەڕێز قازی و سەید عەبدولغەزیز مەترسیی گیران و دادگاییکردنیان لەسەر بوو، نەگەڕێنرانەوە ئێران و لەگەڵ بەڕێز گەلاوێژ هێنایاننە پانسیۆنەکەی ئێمە. من زۆرم پێ خۆش بوو ئەو چەند کوردەیان هێنا، بەتایبەتی کە بوونی سەید عەبدولعەزیز بۆ من نیعمەتێکی گەورە بوو. زۆر جار پێکەوە دەچووینە گەڕان و پێکەوە بووین، ئەگەرچی ئەو نزیکایەتی و هاوڕێیەتیە دواتر بۆ من نرخی زۆر بوو.

دوکتور ئاسۆ لە لاپەڕەی ٢٢٦ بیرەوەرییەکانی دا دەڵێ کە لە شووڕەوی چاوی بە ژێنێراڵ ئاتاکیشۆڤ ئەفسەری سیاسی و بە دەستەڵاتی نەهێنی رووس لە ئازەربایجان کەوت کە دۆستی قازی محەممەد بوو و بۆی گێڕاوەتە کە قازی محەممەد کاتێک کە لە زیندانی را بردویانە بۆ حەمام "پووتی" چاوی بە سوورەوی خوسرەوی کەوتوو و پێی گوتوە:

ئەمن بە چ زەحمەتێک ئێوەم نارد بۆ خوێندن، بۆ گەڕانەوە؟

دوکتور ئاسۆ تەنات باس لەوە دەکا کە گەڕانەوەیان بۆ ئێران بوو بە هۆی سەرسامی زۆربەی خەڵک وەک گەمژەیەک حیسابیان بۆ کرا و تەنانەت زۆر لە بنەماڵەکانیش بە هاتنەوەی ئەولادەکانیان خۆشحاڵ نەبوون.

ڕەحمانی قازی لە کتێبی "رۆژگاری ون بوو" دا لەسەر گەڕانەوەی خۆی دەنووسێ:

کاتێک لە دەست دژبان و ژاندارم رزگاریمان بو و گەیشتمەوە ماڵی خۆمان چ ببینم. کافر نەبیسێ و موسوڵمان نەبینێ. لە ناوەڕاستی ژورە گەورەکەمان کە سپی نەکرابۆوە و سواغی دیواری بە دەرەوە بو، کورسییەکی دار داندرابو و چرایەکی حەوت نمرەی لە سەر داییسا کە لایەکی شوشەکەی بە دوکەڵ رەش هەڵگەڕا بوو هەر بۆیە نیوەی ژورەکە تاریک بو. زۆر بە زەحمەت دەم و چاوی بابم کە لە بن کورسیەکە خزابو دیتم. زۆر پەرێشان و کز و لاوازم هاتە بەر چاو. نەداری و ناکۆکی و چارەڕەشی لە لایەک و گیرانی جەنابی پێشەوا و سەدروئیسلام و محەمەد حوسێن خان هێندی تری نیگەران و بێ هۆمێد کردبو.

لێی چومە پێش و سڵاوم کرد و دەستم ماچ کرد. سەری هەڵێنا و فەرموی ئەتۆش هاتییەوە و بوی بە بارێکی تر لە خەرمانی غەمەکانم. ئەتۆ بۆ هاتییەوە ئەو دۆزەخەی؟ نازانی ئەورۆ کوردستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و به تایبەت مەهاباد زۆر لە دۆزەخ ناخۆشترە. نازانی چ لەو شارە و لە بنەماڵەی ئێمە قەوماوە. دواڕۆژمان زۆر تاریک دەبینم. ئەوانەی جەنابی پێشەوا سەروماڵی پاراستن ئەوڕۆکە بوونە دوژمنی سەرسەختی ئەو. لە خراپە کوتن و سکاڵا لێ کردنی ناوەستن. داوای لە سێدارە دانیان بۆ کردووە. بەوەش نەوەستاون و سکاڵایان کردووە بنەماڵەی قازی کورد و ئێرانی نین و گورجستانین و دەبێ دەریان کەن با بڕۆنەوە گورجستان. سەرەڕای ئەو هەمووە کێشە و گرفتانە حکومەتیش بە زۆری تفەنگ دە تۆن گەنم و دە هەزار تمەن پارەیان لێ هەستاندوم. پارەم نەبو بە ناچار لە برا دینییەکانم ئەو پارەیەم بە سود وەرگرتووە. جگە لەوەش چوار هەزار تمەنی پێشو کە بە ئاغا سەید جامی قەرزدار بوم دە سەری کردوم و داوای دەکاتەوە. هەموو رۆژێ حەمە خەسرەوی پیاوی دەنێرێ و بەر دەرگام پێ دەگرێ، دەزانێ بە دەستمەوە نییە رای ئەسپاردووە لە بری ئەو قەرزە گوندی کۆنەدێی بدەمێ، نەوەی پێغەمبەر چاوی تەماحی لە نانی مناڵەکانم بڕیوە. ئێستاش کە ئەتۆ هاتویەوە دەترسم دەوڵەت بتگرێ و توشی ناخۆشی و سەرێشەت بکەن بۆیە پێم خۆش نەبوو بێیەوە. وەک دەڵێن وشتری نەخۆش لە بەر لاوازی زەنگوڵەی لێ ببو بە بار. بەڵام ئەوەی بزانە بۆ عاجز کردن و دڵ ئێشاندنی تۆ ئەو قسانەم نەکرد بەڵکو ویستم راستییەکانت پێ بڵێم و بەر چاوت روون کەمەوە. ئەوەش بزانە خوای گەورە هەمو دەرگاکان داناخا و بەو زوانە سیلەی رەحممان لێ دەکاتەوە. هەمو کات بە دوای رۆژی رەش و تاریک دا ئاسۆیەکی رووناک وەدی دێ.

ئەو شەوی لە بەر غەم و پەژارە تا بەیانی خەوم لێ نەکەوت. بۆ بەیانی ئەوانەی شەوی پێش لە باکۆ ڕا هاتبونەوە کۆ بوینەوە و رۆیشتین بۆ بەر دەرگای شارەوانی کە ئەو فەرمانداری نیزامی لەوێ دا بو. فەرمانداری نیزامی سەرهەنگێکی تورە و تۆسن بە ناوی پارس تەبار بو. هیچ قسەیەکی خۆشت لە زاری نەدەبیست. کاتێک چوینە کنی چەند سەرگورد و سەروانی لە لا دانیشتبون. خۆمان ناساند. هەمو بەخێرهاتنیان کردین و دۆخی یەکێتی سۆڤیەتیان لێ پرسین. ناو و نیشانیان لێ وەرگرتین و کوتیان دوای یەک هەفتەی تر دەتانێرین بۆ زانکۆی ئەفسەری و لەوێ خوێندنەکەتان تەواو بکەن. زۆر بە دڵ خۆشی هاتینە دەر و چاوەڕوانی بەڕێ کردنمان بوین. هەفتە تێپەڕی و چوینەوە لای سەرهەنگ پارس تەبار و کوتمان هاتوین بزانین کەی بەرێمان دەکەن بۆ زانکۆ؟ زۆر بە تورەیی کوتی دەوڵەتی ئێران پێویستی بە کەسانی وەک ئێوە نییە و بڕۆن وەدوای کاری دیکە بکەون. زۆر بە عاجزی هاتینە دەر، دوایی بۆمان دەرکەوت هاوشارییە موسوڵمانەکانی خۆمان راپۆرتی خراپیان لێ دابوین و کارەکەیان لێ پوچەڵ کردین.

**هەوڵدان بۆ نەجات دانی پێشەوا و هاوڕێیانی**

کەسانێک زۆریان هەوڵدا کە قازییەکان نە کوژرێن و ئەگەر بکرێ حەپسیان بۆ ببڕدرێتەوە. ئەوەی کە لە زۆر جێگا باسی دەکری ئەوەیە کە مەلا مستەفا بە شێوەیەک رایسپاردۆتە پێشەوا لە زیندان دا کە ئەگەر ئامادە بێ، هێرش دەکاتە سەر زیندان و نەجاتی دەدا. لەوبارەوە خەلیل فەتاحی قازی لە لاپەڕەی ١٧٢ی مێژووی بنەماڵەی قازی دا، دەنووسێ:

ئەوکات دەگوترا کە مەلامستەفا بڕیاری داوە کە بە هەر شێوەیەک بێ قازییەکان لە زیندان

ئازاد بکا. بەڵام بەڕێوەبردنی ئەوکارە هاوکات بوو لە گەڵ کوشتنی ئاغاوەتی مامەش بە هۆی بارزانییەکان. ئەو رووداوە و دوژمنایەتی گەورە نیوان ئەوان و عەشیرەتی گەورەی مامەشی لێکەوتەوە و بەمشێوەیە کارەکە سەری نەگرت.

پەسیان لەلاپەڕەی ٧٢ی کتێبی لە مەهابادەوە تا ... لێوارەکانی ئاراس لەو بارەوە دەنووسێ: لایەنگرانی قازی محەمەد لەو رۆژانەی ئەو لە گرتووخانەدا بوو، بەندیواریی خۆیان لەگەڵ بارزانییەکاندا هێشتبووە و بە هیوای رزگارکردنی قازی محەممەد هانی بارزانییەکانیان بۆ بەرگری و دەسوەکەری دەدا.

حەمەدی مەولوودی کە کاپیتان و یەکێک لە پێشمەرگە ئازاکانی کۆماری کوردستان بوو، لە لاپەڕەی ٢٥٦ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: لە پێش چوونی مەلا مستەفا بۆ تارانێ قەول وابوو خۆ دە سابڵاغێ هاوێین، بەڵام بە چوونی مەلا مستەفا قەرارەکەیان گۆڕا.

دیارە مەلامستەفا هەم لە کاتی ماڵئاوایی و هەم لەو کاتەدا کە پێشەوا هێشتا نەگیرابوو، داوای لێدەکا کە لەگەڵی بڕوا و دەربازی بێ. محەمەد نووری "عەتری گلۆڵانی" لە لاپەڕەی ٤٤ ی کتێبی "شەوێک و خەوێک" باسی چاوپێکەوتنی خۆی و پێشەوا لە ئاخرین ساتەکانی دوای کۆمار دەکا و لە زبانی پێشەوا دەنووسێ: ... ئەگەر ئەمن رۆیبام و مەڵبەندم بەجێهێشتبا، سەدان کەس و ئەشخاس بەو تاوانە سەزا دەدران و ئێعدام دەکران، بەڵان ئێستا ئەمن ماومەوە کە تەواوی ئەو تاوانانە وە ئەستۆی خۆم گرم. عەتری، ئێستا لاتا وانەبێ کە ناتوانم بڕۆم و خۆم دەرباز بکەم. بارزانی ئەوە لە دێی ″درياز″ کۆ بوونەوە و هەر ئەوشۆ مەلا مستەفای بارزانی پیاوی نارد بوو ئەگەر حازرە لەگەڵمان بێ، دەنێرم بیهێنن بۆ نێو عیلی بارزانی. جوابم بۆ ناردەوە گوتم جەنابی مەلا مستەفا، ئەتۆ عێل و تەیاری خۆت خڕ و پڕ لەگەڵتە، یان پێکەوە دەژین، یان پێکەوە دەمرن بەڵان ئەمنی سەد سەرە و هەزار بەرە، کێ بێنم و کێ بەجێ بێڵم!؟ ئەوەی دەکرێ لەگەڵ خۆمی بخەم، تەنیا گیانێکی نەحەساوەی لەسەر لێوانە. ئەوەی دەبێ بەجێیان بێڵم گەلە، نەتەوەیە، ئاو و گڵی نیشتمانە، نیشتمانێکی کە پەیمانی پێناوداریم هەتا ئاخرین نەفەس لەگەڵ بەستووە...

بابەتی هەوڵ دان بۆ نەجاتی پێشەوا، لە دادگای دووهەمی قازییەکان دا، هاتە گۆڕێ و سەرهەنگ عەتایی لە قازی محەممەدی پرسی:

ئایا لەو ماوەیەدا کە لە زیندان دا بووی، بارزانی لە دەرەوەڕا پلان یان بەرنامەیەکی بۆ رزگار کردنی تۆ هەبوو؟

قازی محەممەد:

بەڵێ رایسپاردە من کە هەر شەوێکی کە قازی محەمەد بڵێ پێشمەرگەیەکی زۆر دەنێرێتە نێو پادگان و رزگارم دەکا. مەلا مستەفا زۆری پێخۆش بوو کە من لە زیندان دا نەمێنم و نەکوژرێم.

- بۆ ئەو کارەی نەکرد؟

- چوونکە من خۆم نەمویست.

پرسیار: بە چ هۆیەک حازر نەبووی لە زیندان هەڵێی؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قازی محەممەد: بە چەند هۆکار. یەکەم ئەو پەیمان و بەڵێنێ دابووم و پێشتر گوتم. دووهەم ئەوە کە خوێن زیاتر نەڕژێ، من کە نیگەرانی کوشت و کوشتاری خەڵک بێتاوان بووم نەمدەویست لە پێناوی رەزگاری ژیانی من، وەک تەورێزی لێبێ.

بێشک نەجات دانی پێشەوا یەکێک لە ئاواتەکانی بارزانییەکان بووە و ئەوان هەرکات دەرفەتیان بوایە ئەو کارەیان دەکرد. بەڵام کارێکی ئەوتۆ بۆ ئەوان کە لە هەلومەرجیکی زۆر سەخت دابوون، بێشک دژوار و نەگونجاو بوو و ئەو دەنگۆیە رەنگە زۆرتر پەیوەندی بە فێڵ و پیلانێکەوە هەبوو بوو کە بۆ نەجات دانی مەلامستەفا دارێژرا. سەرهەنگ بەکر، لە لاپەڕەی ١٠٨ کتێبەکەی دا دەنووسێ کە بە هاوکاری شێخ ئەحمەد پلانێکیان بۆ دەربازبوونی بارزانی دارێشت و بڕیاریان دا تا لە کەسانی بارزانی و خەڵکی دیکە، دەستەیەک ساز بکەن کە وانیشان بدەن کە دژی چوونی مەلا مستەفا بۆ تاران و وتوێژ لەگەڵ دوژمنن. ئەوان دەبوو وابنوێنن کە لە شێخ ئەحمەد جوێ دەبنەوە و دەیانەوی هێرش بکەنە سەر مەهاباد و پێشەوا و هاورێانی نەجات بدەن ...... لەو پلانە دا دەبوو شیخ ئەحمەد پەیوەندی بە حکومەت تارانەوە بکا و وابنوێنی کە لەگەڵ دەوڵەتی ئێرانەو نایەوێ شەڕ لە دژی حکومەت بکا. ئەو بەرنامەیە کاریگەری خۆی هەبوو و دەوڵەت داوای لە بارزانییەکان کرد کە لە نیو خۆیان دا شەڕ نەکەن و بڕیاریان دا تا مەلا مستەفا بنێرێتەوە.



لە لایەکی دیکە لە لایەن بنەماڵەی قازی زۆر هەوڵ درا تا بە بەرتیل و رشوە، پێشەوا یان نەجات تاوانەکەی سووک بکرێ. یەکێک لەوانە قازی محەممەدی "حاجی ئاباد" بوو کە بۆ ئازادی ئەوان لە تاران زۆری هەوڵی دا. بە پێی لاپەڕەی ٧٨ی کتێبی مێژووی بنەماڵەی قازی، کاربەدەستانی دەوڵەت بۆرە قەولێکیشیان پێی‌دابوو کە بۆ ماوەیەک قازییەکان بۆ شوێنێکی دووری ئێرانی دوور بخرێنەوە. خەلیل فەتاحی قازی لەو لاپەڕەیە دا دەنووسێ کە بۆخۆی لە رۆژی ١٠ خاکەلێوەی١٣٢٦دا، لە تاران لە لای قازی محەممەدی حاجی ئاباد بووە کە رۆژنامەی ئیتلاعات لە ئێوارێ دا بەو شێوەیە شەهید کردنی قازییەکان راگەیاند:

ئەورۆ ساعەتی ٦ بەیانی دەی خاکەلێوە، قازی محەممەد و سەدری قازی برای، نوێنەری دەورەی ١٤ مەجلیس و محەممەد حوسێن سەیفی قازی لە مەهاباد لە دار دران.

منیرخانم کچی پێشەوا لە چاوپێکەوتن لەگەڵ تۆفیق رەفیعی کە لە حەوتەنامەی سیروانی ژمارەی ٣٠٥ی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٣دا، لە سەر هەوڵدانی میناخانمی دایکی، بۆ ئازاد

کردنی پیشەوا دەدوێ و دەڵێ: ... ئەمکاتە دایکم و ئەوان شەو رۆژ لە حەوڵ و تەقەلا دابوون تا رەزگاریان کەن. جگە لە مە بۆ رەزگاربوونیان وەکیلیان بۆ گرتبوون. وەکیلەکە نێوی سەروان شەریفی بوو. ئەو ساڵە لەبەر ئەوەی کە باوکم هەرچی دەغڵ و دان بوو فرۆشتبووی و برد بووی بۆ مەقەڕی پێشمەرگەکان، زۆر دەست تەنگ بووین. بۆ قەرز (ئەویش بۆ وەکیل گرتن بۆ پێشەوا) چەند ماڵی دەوڵەمەندی سابلاغی چووین لە ترسی هەڕەشەی ئەرتەش نەیانوێرا پوڵمان بدەنێ و دەیانکوت ئێوە ئاورن. دایکم بە دڵ پڕیوە هاتەوە بۆ ماڵ و بە خەجیج خانمی خوشکی بابمی کوت، وەرە با پەنا بەرین بۆ جولەکەکان. دایکم زێرەکانی برد بۆ لای زێڕیگەرێکی جوولەکە و یازدە هەزار تمەنی پوڵ بە قەرز وەرگرت بۆ وەکیل. هەموو رۆژێ دایکم و پورەکانم دوعایان دەکرد و لە بەر خودا دەپاڕانەوە. باوکم بە بەرتیل دان و پاڕانەوە لەبەر ئەو نزامە چەپەڵانە هەرگیز رازی نەبوو و دەی فەموو: ئەگەر لەت و کوتم کەن بنەماڵەی من حەقیان نییە لە بەر ئەرتەش و پیاوانی دەوڵەت بپاڕێنەوە. ئەودەم ئەرتەشی شاهەنشاهی کوتبووی بنەماڵەی قازی بێن بۆ ئێرە. بابم بە تووڕەییەوە کوتبووی: ئەگەر هەر یەک لە بنەماڵەی من بچن بۆ لای ئەرتەشی شاهەنشاهی ئەمن خۆم دەکوژم. حەقتان نییە پێ بنێنە ئێرە. دەیکوت باش وایە ئەمن بکوژرێم و بە سەر بڵیندی بمرم نەوەک بنەماڵەی من لە بەروان بپاڕنەوە.

رادەی خەرج و بەرتیل و رشوەدان بۆ ئازادی قازییەکان روون نییە کە چەندە و لە چەند کاناڵانەوە بووە، بەڵام لە ئاخر دا ئەو کارە بێ ئاکام بوو و رەحمانی قازی لە کتیبی رۆژگاری ون بوو دا، دەنووسێ:

هەر ئەو ڕۆژەی کە شەهیدەکانمان بە خاک ئەسپارد خانمە خانم (گەوهەر تاج خانم) کچی شەهید سەدروئیسلام ناردی بە دوای من دا. کاتێک چوم کوتی کاکە رەحمان زەحمەت بکێشە و بڕۆ لای ئەو سەروانەی کە پارێزەری باوکمی وە ئەستۆ گرتبو. پێی بڵێ بەڵێنی نێوانمان وا نەبو. ئەگەر بابم رزگاری بووبا مافی پارێزەری بدەمێ. ئێستاش کە هیچی بۆ نەکرا و بابم شەهید کراوە دەبێ ئەو پارەیەی کە بە فرۆشتنی زێڕی خۆم داومەتێ بمداتەوە.

کوتم ئەمن ئەو کەسە ناناسم. بە شوێنەکەشی نازانم. جگە لەوەش ئەوڕۆ رۆژێکی سەختە بڕێک بوەستین باشترە. بە چاوی پڕ فرمێسکەوە کوتی بە ناشکوری نەبێ ئێمە کەسمان نییە و چاومان لە بنەماڵەی ئێوەیە کارێکمان بۆ بکەن. ئەگەر ئێوەش بترسێن یا خۆمان لێ ببوێرن کەس دڕویەکمان لە قالب ناهێنێتە دەر. کاتێک ئەو قسانەی کرد زۆر تێک چوم و ئەوەندەی تر خەمبار بووم. کوتم هەر ئێستا دەچم بەڵام پێم بڵێ لە کوێ بیبینمەوە؟ کوتی ماڵەکەی لە خانوی سەید عەلی حوسێنی دایە. لە پشت مزگەوتی عەباس ئاغا. دوا نیوەڕۆ بوو یەکسەر ڕۆیشتم بۆ لای ئەو ئەفسەرە. لە تەواوی کۆڵان و کوچەی ئەو شارە دا یەک کەس نەدەبیندرا. هەموو دەرگا داخرابون. گەیشتمە بەر دەرگای ماڵەکەیان و بە ئاسپایی لە دەرگام دا. سەربازێک دەرگای کردەوە و کوتی چت دەوێ؟ کوتم کارم بە جەنابت سەروانە. کوتی لێرە بوەستە و دەرگای پێوە دا. دوای چەند خولەک دەرگای کردەوە کوتی وەرە ژور. دیتم سەروان بە پێوە وەستاوە دەمانچەیەکی پاڕابلۆمی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە دەستەوەیە. دیار بو ترسا بوو. سڵاوم کرد و کوتم ئەمن ناوم رەحمان و خزمی سەدروئیسلامم، خانمە خانم کچی ئەو شەهیدە ناردومی پێت بڵێم پارەی پارێزەری کە لێت وەرگرتووە بەڵام کارەت بۆ نەکردون بیان دەیەوە. سەروان کوتی ئەمن زۆرم زەحمەت بۆ کێشاون و چەند مانگە لە هاتوچۆ دابوم. بەڵام لە بەرامبەر زۆری دەوڵەت دا هیچ ناکرێ. ئەوانە بە جێی خۆی، ئەتۆ دەزانی بە قسەی ئەو خانمە خۆت لە چ مەترسییەکی گەورە هاویشتووە؟ چۆن وێراوتە بێی و دەرگا بە من بگری بۆ پارەی پارێزەری؟ ئێستا من ئەتۆ بکوژم و بڵێم ئەوە خزمی قازییەکان بوو هاتبوو تۆڵەی وان بکاتەوە و ئەفسەری دەوڵەت بکوژێ کێ گوێتان لێ دەگرێ؟ دەزانی خوێنت بە خۆڕایی دەچێ. بەڵام من ئەو کارە ناکەم چون ئەتۆ گەنج و بێ ئەزمونی. ئێستاش تا پەشیمان نەبومەوە هەستە بڕۆ و کەس لە کۆڵان نەتبینێ...

بە پێی لاپەڕەی ٣١٤ی کتێبی رەحیمی قازی، فەرماندەکانی ئێرانی وەک ژێنراڵ هومایونی و سەرهەنگ موزەفەری، خێزانی قازییەکانیان بانگ کردە ستاد و ١٨ هەزار تمەنیان لێ ئەستاندن و بەڵێنیان پێدان کە وەزع و شوێنی قازییەکان باش بکەن و هەوڵ بۆ ئازادیان بدەن. بەڵام ماوەیەک پێش ئیعدامی قازییەکان هومایونی هاوسەرانی قازییەکان بانگ دەکا و پێیاندەڵێ کە بۆ نەجاتی ئەوان کارێکیان بۆ نەکرا چوونکە چارەنووسێ ئەوان لە دەستی ئەمریکاییەکان دایە. هومایونی دوایە داوایان لێدەکا کە بچنە تەورێز، بۆ لای کونسوولی ئەمریکا و دەڵی کە ئەو دەتوانی نەجاتیان بدا. دیارە هاوسەرانی قازییەکان دەڵێن کە ئەوان پەیوەندییەکیان بە کونسوولی ئەمریکاییەوە نییە.

رەحیم قازی لە ژێرنووسی لاپەڕەی ٣١٤دا، بە نەقڵ لە ئیگلتۆن دەڵی کە بۆ رەزگاری قازییەکان، جارێک ١٦ هەزار تمەن و جارێکی تر ٢١ هەزار تمەن بەرتیل دراوە، بەڵام مینا خانم باس لە ٤٥ هەزار تمەن دەکا کە دراوە بە ئەفسەرانی ئێرانی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٤٦
## ڕەوتی محاکمەی ڕێبەرانی کۆمار

### یەکەم دادگای قازییەکان

پاش روخانی کۆماری کوردستان، حکومەتی نیزامیی لە زۆربەی شارەکان ڕاگەیەندرا و ڕۆالەتییەکی مەترسی هێنەر باڵی بە سەر وڵات داکێشا. بەڕێوەبەرانی کۆمار، گیران و دەستبەسەرکران و دادگای نیزامیی بە نەهێنی دەست بەکار بوو و زۆر کەس بە زیندانی ئەبەد و بەشێک بە ١٥ ساڵ و هێندێکیان بە ٢ تا ١٥ ساڵ مەحکووم بوون. کەسانێکیش سەزای دیکەیان بە سەردا سەپا و لە زێدی خۆیان دوورخرانەوە. هێندێک لە بەڕێوەبەرانی کۆمار بە نەهێنی دەژیان و هێندێکیش هەڵاتن بۆ عێراق و رووسیە، یان ئاوارەی هەندەران بوون. دوای دوو ساڵ بە پێشنیاری سەید حەسەنی تەقیزادە سەناتۆری ئازەربایجان، یاسایەک لە مەجلیس پەسەند کرا کە ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە پرسی ئازربایجان هەبوو و تاوانی قەتڵیان لە سەر نەبوو، ئازاد کران.

ڕەوتی دادگایی کردنی قازییەکان لەچاوی خەڵکی کورد بە دوور بوو و هیچ کوردێک ئاگاداری ڕووداوەکانی ژووری دادگا و چۆنیەتی مەحاکمەی قازییەکان نەبوو و هەرچی بیستراوە و دۆکۆمێنتە لە ویژدانی مروڤایەتی هێندێک ئەفسەری پایەبەرزی ئەرتەشی ئێران بڵاو بۆتەوە کە نەیانتوانی چاوپۆشی لە غەدر ڕێژیمی پاشایەتی و ئازایەتی حماسەیی دیفاعییاتی قازییەکان بکەن.

بە پێی ئەو بەڵگانە دەردەکەوێ کە محاکەمەی قازییەکان، یەکێک لە گرینگترین دادگاییەکانی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو و ئەوان سەلماندیان کە چەندە باوەڕیان بە ئازادی و سەربەخۆیی وڵاتەکەیان بوو و لە پێناو ئەو باوەڕەیان دا چەندە قایم و نەترس بوون و چۆن ئازایانە دیفاعیان لەگەڵ و نیشتمانەکەیان کرد.

ئەو دادگایە لە چواردیوارییەکی نەهێنی دوور لە چاوی خەڵک بە هۆی ئەفسەرانی کۆنەپەرەستی ڕێژیم بەڕێوەچوو. لەسەر پێداگری ڕەزمئارا و ئەفسەرانی دیکەی ئەرتەش، نەیانهێشت قازییەکان لە تاران محاکمە بکرێن تا مەباد کەسانێکی بەدەستەڵات یان پێشکەوتوو بەرگریان لێبکەن. بەڵگەکانی ئەو دادگایە بە شێوەی فەرمی وەڕوو نەخران و بە نەهێنی مانەوە. لەوبارەوە نەجەف قولی پەسیان لە لاپەڕەی ١٢٢دا دەنووسێ:

لە مەحاکمەی قازییەکان دا وتوێژێکی زۆر هاتەگۆڕێ، گەلێک باسی جۆراجۆر کرا و تاوانبارەکان نێوی زۆر کەسی دەرەوەیی و بێگانەیان برد و گەلێک بەڵگەیان نیشان دا. بەڵام لیرەدا ئێمە ناتوانین باسی ئەمانە بکەین و بیانووسین ...

هەر لەو چوارچێوەیەدا، ئیگلتۆن دەنووسێ:

بەڵگەکانی محاکمەی قازی و هاوڕێکانی هیچ کاتێک وەڕوو نەخران و وەڕووش ناخرێن. ئەمەی کە لەم باسەوە بەدەستەوەیە بە تەنیا وێژراوە و وتاری ئەفسەرە ئێرانییەکانە.

دیارە ڕەحیمی قازی لە ژێر نووسی کتێبەکەی دا دەنووسێ کە ئیگلتۆن لە نووسینی کتێبەکەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دا یارمەتی لە هۆردووی ستادی ئێران وەرگرتووە و دەبێ چاوی بە هێندێک بەڵگە کەوتبێ. سەرەرای هەمووی ئەوانە، دواتر هێندێک لە ئەفسەران و هەواڵدەرییەکان، لە هێندێک وتووێژی ناو رۆژنامەکان دا، گۆشەهایەکی ئەو محاکمەیان خستە روو. ئەوان لە ژێر کاریگەری حەماسەی خۆڕاگری تاوانباران، نەیانتوانی چاوپۆشی لە راستیەکانی ئەو دادگایە بکەن.

وتاری " ازریاست جمهوری کردستان تا چوبه دار" کە بە هۆی حیزبی توده لە ساڵی ١٣٨٣دا، بڵاوبووە، باس لەوە دەکا کە سەبارەت بە محاکمەی قازییەکان زۆر بۆچوون و نووسراوەی جیاواز هەن و دەڵێ هێندێک لەوانە دوژمنی گەلی کوردن و هێندێکیش راستی رووداوکان باس دەکەن و ئاماژە بە نووسراوەی سەروان کیومەرسی ساڵح دەکا. لەو نووسراویەدا، لە بەڵگەنامە و دوکۆمێنتەکانی سەرۆک وەزیری و وردەکارییەکانی دادگا و زۆر رووداوی پێشوو و لە هەمووی گرینگتر زۆربەی یادداشتەکانی کیومەرسی ساڵحی کەڵک وەرگیراوە. کەیومەرس هەواڵنێری ئەرتەشی شاهنشایی ئێران لە دادگای قازییەکاندا بەشداربووە و راپۆرتی رەوتی دادگای لە تایبەتنامەیەکدا بۆ ئەفسەرانی سەروەوەی رێژیم، ئەوانەی جێگای بڕوای شا بوون، نووسیوە. ئەو تایبەتنامەیە لە ژێر ناوی "تاجی کەیانی" چاپ بووە و لە ئاڕشیوی ستادی فەرماندەری ئەرتەشی شاهەنشاهی ئێران دا پارێزگاری لێدەکرا. کیومەرسی ساڵح خوشکەزای سەر لەشکر "فەریدوون جەم" هاوسەری شەمس پەهلەوی(خوشکی شای ئێران) بوو. بڕواپێکراوی کۆشکی شاهانە بوو و دەستی بە تەواوی بەڵگە نامەکانی نەهێنی شا رادەگەیشت. ئەو حەقی هەبوو هێندێک بەڵگەی تایبەتی لە تایبەتنامەکەی دا بۆ زانیاری ئەفسەرانی سەرووی ئەرتەش چاپ بکا.

جێی ئاماژەیە کە مانگنامەی تایبەتی "تاج کەیان"ی بابەتی زۆر گرینگی سەردەمی کۆماری کوردستان، هەورەها تێکۆشانی فەرهەنگی ئەوکاتی مەهابادی بڵاو دەکردەوە. بە پێی ئەو بەڵگانەی دەردەکەوێ کە لە ژمارەکانی ئەو مانگنامەیەدا، نامەکانی وەفاداری ، قەرەنیاغای مامەش، رەشید بەگی هەرکی، حەسەن تیلۆ، قۆیتاس مامەندی، نووری بەگی بێگزادە، محەمەد ئەمین جیی هەرکی و هەمزەی قادری مامەش و کەسانی دیکە بە تایبەت حەمە رەشید خانی بانە، ئەوکاتەی کە لە سەقز بوو، بۆ شای تێدایە.

سەروان "کیومەرس ساڵحی" هەواڵدەری ئەرتەشی شا، تەواوی بابەتەکانی دادگا و ئەسڵی وەسیەتنامەکەی لە ژمارە ٦٦ و ٧٥ی مانگنامەی تاجی کەیانی چاپ کرد. بەڵام بەر لە بڵاوکردنەوەی بانگ کرایە دادگا و دەرەجەی لێ ستێندراوە و یەک ساڵ زیندانی کرا و لە پێوەندییەدا، دەڵێ:

دوای تەواو بوونی کاری دادگای قازیەکان و لە سێدارەدانیان، من تەواوی روداوەکانی ناو هۆڵی دادگام بە بێ کەم و زیاد لە مانگنامەی ئەرتەشی شا دا چاپ کرد، بەلام پێش بلاو بوونەوەی، بۆ ستادی ئەرتەش بانگ کرام و بە بلاوکردنەوەی بەڵگەنامەی نهێنی ئەرتەش تاوانبار کرام کە حوکمەکەم بوو بە ئەستاندنەوەی پلەکانم و یەک ساڵ زیندانی کردنم. مانگنامەکەشیان وەستاند و رێپورتاژەکە بلاو نەکرایەوە.

کیومەرسی سالحی بە هۆی سەربەخۆیی بڕیاردانی لە مەسەلە جۆراوجۆرەکانی ئەو سەردەم و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڵاوکردنەوەی نووسراوەکەی لە دەهەی پەنجا دا، بە فەرمانی شا لە کار لادرا و ناردرایە سەفارەتی ئێران لە ئیسپانیا. سەروان کیومەرس هەموو یادداشتەکانی کە بۆ ژمارەی ٦٦ لە ساڵی ١٩٤٧دا، نووسی بووی و لەسەری گیرا لە ژمارەی ٧٥ی ساڵی ١٩٧٤ دا، بڵاو کردەوە.

بەو هۆیە سەروان ساڵحی بە تاوانی ئاشکرا کردنی سڕیاتی ئەرتەش دادگایی کرا و مانگ نامەکەی راگیرا.

وەرگێڕی کوردی ئەو بەڵگە مێژووییە بە وردی کاری لە سەر وەرگێڕانەکە نەکردوە. لەو نووسراوەیەدا، لە هەموو بابەتەکە کەڵک وەرگیراوە، بەڵام باشترە یادداشتەکانی کیومەرسی ساڵحی وەک بەلگەیەکی زێڕینی مێژووی کورد، دیسان وەربگێڕدرێتەوە.



کیومەرسی ساڵحی لە رادەبەدەر کەوتە ژێر کاریگەری دادگای قازییەکان و بە پێی رۆژنامەی مەردوم ریکەوتی ١٣٨٣/٢/١ بە دوای خانە نشینی، لە بڵاوکراوەی دیکە دا دەنووسێ: من لە زۆرترین دادگاکانی نیزامی دا وەک هەوالدەر بەشدار بووم. قەت هیچ کەسم بە قەرا قازی محەمەد ئازا و نەترس و بە شهامەت نەدیت. ئەو لە کاتی دادگایی دا قەت خۆیی نەدۆڕاند و زۆر ئازایانە قسەی دەکرد و کاتیک وڵامی پرسیارەکانی دەداوە دەتگوت لە دانیشتنێکی جێژن و خۆشی دا بەشدارە.

پرسیاری قازییەکانی دادگای تەشریفاتی ئێران، رەنگدانەوەی کەسایەتی خۆیان بوو و رواڵەتی سووک و قەشمەری پێوەدیار بوو. پێشەوایان بەوە تاوانبار دەکرد کە گوایە نەفتی کوردستانی داوە بە رووسان. پێشەوا بە تەشەرە و بە توڕەیی وڵامی دانەوە و گوتی:

رەنگە ئێوە پێتان وابی ئەو ئاوەی کە بە نێو شار دا تێدەپەڕی نەفتە! ئەو تاوانانەی ئێوە هەڵیدەبەستن لە راستی دا هێچ بناغەیەکی نییە.

فایلی دادگایی کردنی قازییەکان بە شێوەی تایبەتی لە مانگی بەفرانبار دا بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ فارسی تەبار" فەرماندارى نیزامی مەهاباد و بە دادستانی سەرهەنگ فیروزی، رەئیسی ستادی نیرو، بە نەهێنی بەڕێوە چوو. سەرهەنگ فیروزی سەرۆکی دادگای یەکەم بوو. ئەو لە زەمانی کۆمار دا هاتبووە مەهاباد و زۆر رقی لە جووڵانەوەی کورد بوو.

کیومەرسی ساڵحی دەنووسێ، رۆژی شەشی مانگی بەفرانباری ١٣٢٥ هەیئەتی دادگا کە بریتی بوون لە سەرهەنگ "غولامحوسێن" وەک رەئیسی دادگا و سەرهەنگ "حوسێنی کوفیان" وەک دادستان( ناوبراو دوایی بە روتبەی ئەرتەشبود گەیشت و بوو بە دەلاڵی شا بۆ کرینی چەکوچۆڵ) و بە دادیاری سەرگورد "جەعفەری سانعی" کە لە ژێر چاوەدێریی سەرهەنگ "ئەمیر هوشەنگ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەلعەتبەری" دابوو گەیشتنە مەهاباد.

دادگایی کردن لە رۆژی ١٩ی بەفرانبار نیزیک بە یەک مانگ لە گیرانی قازییەکان دەستی پێکرد. محکەمەی نەهێنی بە سەرۆکایەتی پارسی تەبار و بەشداری ئەفسەرانی وەک ئایروم، فەیروزی، بەگلەری، وەرەهرام و موزەفەری و ...... بەرێوە چوو. بە پێی ئەو سەنەد و بەڵگانەی کە بە دەست و لە نێو ساڵۆنی دادگادا نوسرابوون، پێشەوا قازی محەممەد لە رۆژی ١٩ی بەفرانبار (٩ی ژانوییەی١٩٤٧) زۆر ئازایانە، هەر لە سەعات ٨ی بەیانی تا ساعەت ٢٢غەیری کاتی پشوو دان بۆ نان خواردن، بۆ ماوەی ١٤ سەعات لە تەواوی کارەکانی خۆی لە کۆماری کوردستان دا دیفاعی کرد و تەواوی تاوانەکانی ئەو دادگا فەرمایشییەی رەد کردەوە.  ئەو دەیزانی کە لەگەڵ دوژمنێکی دەڕەندە و خوێنخۆر و زاڵم تەڕەفە، بۆیە زۆر ئازایانە لە دادگا دا ئەوەندەی بۆی کرا دیفاعی لە بیرو و بۆچوون و ئامانجەکانی گەلەکەی کرد. لە لایەکی دیکە ئەو بە پرنسیپەوە بەرپرسیارێتی ریبەڕی میللەتێکەی بە ئەستۆوە گرت. ئەو نەیدەتوانی دیفاع لە میللەتەکەی نەکا و لە بەرانبەر دوژمن دا ئازایەتی نەنوێنێ. ئەو ئەگەر سەردەمێک وەک پێشەوا و سەرۆک کۆماری کوردستان بۆ ئازادی میللەتەکەی تێدەکۆشا، ئێستا لە دادگا داخراو، لە ژێر دەستەڵاتی دوژمن دا ئەو ئەرکەی رادەپەڕاند.

لەو مەحکەمەدا داوا لە پێشەوا کرا کە لە نێو ئەو ئەفسەرانەدا دوو کەس بە وەکیل هەڵبژێرێ. قازی قبووڵی نەکرد و داوای کرد کە ژێنڕاڵ ئەسلانی و سەرهەنگ موسا شاقولّی کە لە تاران بوون بن بە وەکیلیان. پارسی تەبار تووڕە بوو گوتی ناکرێ وەکیل لە تاران دیاری بکرێ و دەبی پارێزەر لە نێو ئەفسەرانی حازر لە پادگانی مەهاباد هەلبژێردرێ. ئەوان بە قازی محەممەدیان گوت کە ناتوانن قبووڵ بکەن لە هەر جێگایەکی کە ئەو پێیخۆش بێ وەکیل دیاری بکا. یاساش رێگا نادا و پێیانگوت رەنگە ئەو پێیخۆش بێ لە لەندەن پارێزەر هەلبژێری.

پێشەوا لە وڵامدا گوتی "ئەگەر لەگەڵ لەندەن سەروکارم هەبا بەو رۆژە نەدەگەیشتم". لە وتاری از ریاست جمهوری تا جوبە دار" دا هاتووە، چونکە دادگای تایبەتی شەڕ، لە مەیدانی شەڕ لە مەهاباد دامەزرابوو، نەیدەتوانی کۆبوونەوەکانی تەعتیل بکا. بۆیە زۆربەی کۆبوونەوەکان لە ٨ بەیانی تا نیوە شەو و هێندێک کات تا ٣ سەعات دوای نیوە شەو بەردەوام بوو. دوای تەواو بوونی پرسیارەکان، فایلەکان بۆ تاوتوێ کردن رەوانەی دادگا کران بە تاوانبارانیان راگەیاند کە بۆخۆیان وەکیل بگرن. دیارە ئەوان بۆ بەرگری لەخۆیان دەستیان بە بەڵگە رانەدەگەیشت.

لە ئاخردا دەوڵەت هەقی گرتنی وەکیلی سەربەستی پێنەدان و سەروان شەریف بە وەکیلی قازی محەممەد و سەرگورد نەوابی بە وەکیلی سەدری قازی و بۆ سەیفی قازی، کەسی دیکە دیاری کران.

سەروان شەریف بە پێی باوەر و ئیمان بەرگری لە پێشەوا دەکرد و تاوانە هەڵبەستراوەکانی بە دژی پێشەوا بە ناحەق دەزانی و پێی بێ ئینسافانە بوو. بۆیە کەوتە بەر غەزەبی سەر لەشکر هومایونی و فەرماندەرانی دیکەی ئەرتەش و لە نەورۆزی ساڵی ١٣٢٦دا، کە دەبوایە دەرەجەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بچێتە سەر و ببێتە سەرگورد، بە تاوانی دیفاع لە پێشەوا، دەرەجەی لێ وەرگیراوە. بەڵام هومایونی بوو بە سەرلەشکر.

**سەڵاحییەتی دادگا و تاوانەکانی پێشەوا**

لەسەر سەڵاحییەتی دادگا دەبێ بگوترێ کە تەواوی کارەکانی دادگا بە پێچەوانەی ئەو یاسایانە بوو کە یاسای دادگای نیزامیی ئێران دەیگرتەوە و تەنیا مەبەستی کاربەدەستانی ڕێژیم لە ناوبردنی بەڕێوەبەرانی سەرەکی کۆمار بوو. بە گوێرەی بەندی ٢١٧ی دادگای نیزامیی دەبێ ٥ ڕۆژ مۆڵەت بە تاوانبار بدرێ تا سەر لە نوێ چاو بە بڕیارەکان دا بخشێنێ. هەروەها بە پێی بەندی ١٨١ دەبێ ٥ ڕۆژ بە تاوانبار مۆڵەت بدرێ تا وەکیل دیاری بکا. لە بەندی ٢٢٦ دا هاتووە کە دەبێ وەکیل و تاوانبار ٥ ڕۆژیان مۆڵەت هەبێ تا وڵامەکان ئامادە بکەن. لە بەندی ٢٧٣ دا هاتووە کە تاوانبار دەبێ لانی کەم ١٠ ڕۆژی مۆڵەتی پێبدرێ، تا داوای لێخۆش بوون بکا. بەمشێوەیە ئەگەر هەموو ئەو بەندانە بەڕێوە بچن، تاوانبار ٢٥ ڕۆژی لەبەردەست دا دەبێ تا لەسەر وەزعی خۆی بڕیار بدا. بەڵام دادگای دوایی قازییەکان لە دەستپێک را تا بەجێگەیاندنی حوکمی ئێعدام ٣ ڕۆژی خایاند.

خاڵێکی دیکە کە جێگای سرنجە و لە بەندی ٢٩٦ی یاسای ئەرتەش دا هاتووە، کە هەرکەسێک لە دادگای نیزامی دا بە تاوانبار بناسرێ دەبێ گوللە باران بکرێ. بەڵام ڕێژیم تەنانەت شێوەی کوشتنیشی وەبەرچاو نەگرت.

بە گوێرەی وتاری "از ریاست جمهوری تا چوبە دار" قازی محەممەد ٣ ئیرادی خستە پاڵ دادگا. یەکەم ئەوەی کە ئەو دادگایە سەڵاحییەتی دادگایی کردنی ئەوی نییە چونکە کەسێکی غەیرە نیزامییە و دەبێ لە دادگوستەری دا لێیبپرسنەوە. دووهەم کاتی تەواویان بۆ هەڵبژاردنی وەکیل پێنەداوە. سێهەم تاوانباران دەبێ بە یەکەوە بۆ دادگا بانگ بکرێن و نابێ لێک هەڵاوێردرێن.

بەڵام دادگا، تاوانەکانی تاونبارانی بە ڕاست نەزانی و وڵامی نەدانەوە. دادگا ڕایگەیاند کە بۆ کەسانی وەک قازی محەممەد کە بە دژی ئەمنییەتی میللی ئێران جووڵاوەتەوە و شەڕی چەکدارییی کردوە، دەبی دادگای نیزامی بەڕێوە بچێ. سەبارەت بە دیاری کردنی وەکیل، دادگا ڕایگەیاند کە ماوەکە ٢٤ سەعاتە، بەڵام ئەوان ٤٨ سەعاتیان مۆڵەت پێ‌دراوە. لەسەر ئەوە کە بۆ بە یەکەوە نەبردراونە دادگا، بۆیە بوو کە ئەوان نەتوانن پێکەوە تەبانی بکەن.

خراپی کاری قازییەکان لەوەدا بوو کە سەرهەنگ فیروزی سەرۆکی ستادی هێز، دادستان و کەسانێک وەک سەرهەنگ موزەفەری کە ئەو دادگایەیان بەڕێوە دەبرد، بۆ ماوەی یەک ساڵ لە دژی جووڵانەوەی کورد کاریان کرد بوو و ئاگاداری هەموو هەڵسوکەوت و کار و نامەکانی قازی محەممەد بوون کە بە دژی دەوڵەت نووسیبوونی. ئەوان ئاگاداری ئەوە بوون کە قازییەکان بە پێی باوەڕی خۆیان کارهایەکیان کرد بوو کە بەدەر لە کاری مەئموورانی بێگانە بووە. بۆ وێنە سەرەڕای ئەوە کە بناغەی حکومەتداری لە ئازەربایجان شێوە کومونیستی بوو و دژایەتی توونـد لەگەڵ مەڕامی سەڵتەنەتی هەبوو، بەڵام لە ڕادیو تەورێز و نووسراوەکانی فیرقە دا، هێرشی زۆر توونـد بۆ سەر شا نەدەکرا. بەڵام مەهاباد، لە هێچ دژایەتییەک لەگەڵ شا و سەڵتەنەت خۆی نەدەپاراست.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ ئەو مەبەستە جاروبار جەوانێکیان بە لیباسی جوان دەرازاندەوە و دەستەیەک چەکدار دەورەیان دەدا و هەڕەشەیان لێدەکرد و تابلۆیەکیان لە سەر سەری رادەگرت کە تێیدا نووسرابوو: بمرێ ئەو کەسە کە دوژمنی ئازادی میللەتی کوردە.

بە لای ئەوان قازی محەممەد بە تایبەتی بە چاوی سووک سەیری ئەرتەشی ئێرانی کرد بوو و سەرهەنگ فیروزی لە دادگادا نووسراوەیەکی نیشان دا کە رق و بیزاری و هەستی ئەفسەرانی بریندار کرد. قازی محەممەد لە وڵامی ستادی ئەرتەش دا "رەزمئارا" کە بە ئەمری شا داوای کرد کە دژایەتی لەگەڵ ئەرتەش نەکەن و وڵامی یاسا بدەنەوە، ئاوای وەڵامی دابووە. ئێوە ئەفسەری هەر ئەو ئەرتەشەن کە لە کاتی تەنگانەدا هەڵاتن و ئێرانتان دوو دەستی پێشکێش بە هێزەکانی دەرەوە کرد و شێعری شاعیری گەورە فردوسیتان بەو شیوەیە بەکار برد.

همه سر به سر پشت به دشمن دهیم

از آن به كه خود را به كشتن دهيم.

ئاشکرایە کە ئەو نووسراوە لە بیر ئەرتەش نەچووبووە و تاوانی قازی زیاد دەکرد. دادستان فیروزی دوایە ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو بۆخۆی سێ جار، لە ٧ی خەرمانان و یەکی رەزبەر و ٢١ی خەزەڵوەر هاتووەتە مەهاباد و قازی محەممەد هەڕەشەی لێکردوە کە بە زوویی هێرش دەکاتە سەر هێزەکانی ئەرتەش و سەقز و سنە و کرماشان داگیر دەکا. دادستان هەروەها گوتی لە سەفەری ٧ی خەرمانان دا، لەکنە من بە لیباسی ژێنراڵی لە هێزەکانی خۆی سان دێت.

هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە، قازی محەممەد و سەیفی قازی چوون بۆ باکۆیەیان رەد کردەوە، بەڵام بەڵگەی ئەوەندە حاشا هەڵنەگر هەبوو کە نکووڵی لینەدەکرا. گرینگتر لە هەموو تاوانەکان، سەروژێر کردنی ئالای سێ رەنگی ئێران بوو. رەنگی سوور کەوتە سەرەوە و سەوز هاتە خوارێ و بە جێگای شێر و رۆژ، ئارمی کۆمار داندرا. دیارە لەسەر ئەو بابەتە پارێزەری قازی بە دادستان گوت کە لە یاسا دا باس لە جێگای رەنگ نەکراوە و دادستانێش دەڵێ ئەگەر باس لە جێگاکەی نەکراوە، باس لە گۆرینیشی نەکراوە و هەروەها ناکرێ چاوپۆشی لە گۆڕینی ئاڕمیش بکرێ.

پەسیان لە لاپەڕەی ١٦٩ دا لەسەر وڵامی پێشەوا بۆ رەزمئارا دەنووسێ: ئەم نامەیە نیشان دەدا کە قازییەکان بە تەواوی دژی رێوشوێنی پاشایەتین.

بە پێی بابەتی " از رياست جمهورى تا چوبه دار" سەروان کیومەرسی ساڵح دەنووسێ:

من لە تەواوی دانیشتن و کۆبوونەوەکانی سەبارەت بە دادگای کردنی ریبەرانی کۆمار بەشدار بووم. کۆبوونەوەکان جاری وابوو چەند سەعاتی دەخایاند. دادستان حەسەنی کوفیان″ پرسیار و تۆمەتەکانی رادەگەیاند. دەتوانم بڵێم پرسیارەکانی زۆر روون نەبوون. دیارە زۆرجار تاوانەکان لە لایەن تاوانباران (قازییەکان) رەت دەکراوە و ئەوان بە ئازایەتێکی بێ وینە داوای رووکردنی سەنەد و بەڵگەکانی تاوانبارێتی سەر خۆیان دەکرد. بەڵام بە ئاگاداری بەو راستییە کە پێشتر هەر لە تاران را، شێوەی تاوان و بوختان هەڵبەستن دیاری و دەست نیشان کرا بوو و تاوانباری رێبەرانی کوردستان دەنگی لەسەر درابوو، ئیدی پیویست بە هێنانی هیچ بەڵگەیەک نەبوو. بۆیە دانیشتنی دادگا وەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شانۆیەکی چەند سەعات  کۆتایی پێهات و دوای چەند سەعاتی دیکەش، سەزای لە داردانی قازییەکان  ڕاگەیندرا. لە ڕاستی دا ئەو بڕیارە لە تاران درابوو و هەر ئەو شەوەش بە قازییەکان ڕاگەیندرا.

بە پێ ئەو سەرچاوەیە تاوانەکانی قازی محەممەد بریتی بوون لە:

١ - بەستنی قەراردادی نەوت لەگەڵ ڕوس بە بڕی ٥١ لە سەدی بۆ ڕووسەکان و ٤٩ لە سەدی بۆ حکومەتی کوردستان بە بێ ئاگاداری حکومەتی ناوەندی.

٢ - دەستکاری کردنی نەخشەی ئێران و جیاکردنەوەی پێنج ناوچەی ئیران بە نێوی کوردستان وەک سنە، کرماشان، ورمێ، ئیلام، تەورێز.

٣ - دروست کردنی ئالا بۆ کۆماری کوردستان، بە ئارمی چەکوچ و داس لە شێوەی ڕووسەکان.

٤ - لێدانی سکە بۆ حکومەتی کوردستان بە وێنەی قازی محەممەدەوە.

٥ - دارشتن و کێشانەوەی نەخشەی کوردستانی گەورە بۆ هەر چوار پارچەی کوردستانی ئێران و عیراق و تورکییە و سورییە.

٦- هێنانی بێگانە بۆ ناو خاکی ئیران و نیشتەجێکردنیان لە خاکی ئیراندا. بۆ وێنە مەلا مستەفا بارزانی.

٧ - ڕاگەیاندنی شەر دژی شا، هاندانی خەلک بۆ ئەو مەبەستە.

٨ - بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ ڕوسیە بە دژی حکومەتی ئێران و هاوکاری کردن لەگەڵ هێزەکانی داگیرکەری ڕووس.

٩- ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی حکومەتی کوردستان و داگیرکردنی بەشێکی زۆری خاکی ئێران بە نێوی کوردستان.

١٠- ناردنی قوتابی بۆ دەرەوەی وڵات، بە تایبەتی بۆ شووڕەوی بە مەبەستی خوێندن.

١١ - سەفەر بۆ ڕوسیە و دانیشتن لەگەڵ باقرۆڤ سەرۆک کۆماری ئازەربایجانی شووڕەوی.

١٢- بەستنی پەیمان و پێکهێنانی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ بێگانەکان و ناڕازیانی ئێرانی بە بێ پرسی دەوڵەتی ئێران.

١٣- گرتن و کوشتنی پیاوانی نیزامی حکومەت، وێران کردن و سووتاندنی ماڵەکانیان بەتایبەت ئەوانەی کورد نەبوون.

میرزا محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٠٥ ی بەشی یەکی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." لەسەر محاکمەی پێشەوا دەنووسێ:

مەحاکەمەی قازی محەممەد - رقم (١)

لە دادگای جەنگی سابڵاغ هەیئەتێک کە عیبارەت بوون لە رەئیس سەرلەشکر هومایونی و ئەندام سەرهەنگ فیوزی و سەرهەنگ غفاری و سەرهەنگ بیگلەری  بۆ مەحاکەمە کردنی قازی محەممەد لە دادگای زەمانی جەنگ تەشکیل کران و سەروان شریفی بە مەحامی قازی محەممەد لەو مەحکەمەیەدا مەعلووم کرا. دەرگای ساڵۆنی محاکەمات کرایەوە. (٢٠) نەفەری سەرباز بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

موهماتێکی پڕ له سام قازی محەممەدیان بردە حوزوری ئەو هەیئەتە و بەتەرتیباتی خوارەوە ئیستجوابیان کرد.

س- ئاغای قازی محەممەد تۆ موتەهەمی بە ١- تەشکیلی حیزبی دیمۆکرات ٢- بە رابیتە لەگەڵ حکومەتی خاریجەی رووسدا ٣- بەکرینی مەوادی جەنگی و تەوزیعی بەسەر عەشایرا ٤- تەشکیلی سلاح له رووی نیروی دەوڵەتی ٥- تەسمیمی موجەزای ئێران و ئیجادی کوردستانێک ٦- هەڵکردنی ئاڵای خودموختاری بە بێ قەراردادێکی دەوڵەتی ٧- ئیشتراک بە سەورە و کوشتاری تەورێز و رەزاییە ٨- ئیحتلالی شارەبانی سابلاغ و کوژرانی پێنج نەفەری پاسەوان و تالانی شارەوانی ٩- کوشتنی تاجری ناسراوی سابلاغ میرزا غەفووری مەحموودیان ١٠- کوژرانی قازی زادە رەئیسی ئیدارەی نفووس.

غەیری ئەمانەش شتی زۆر خراپترت کردوە. بەعزەن بە مەوجبی مەداریک و وسائیق رەسمی و هیندێکیان بە ئیستنادی شهوود. ئەمجا وەرامت چیە؟

ج- ئەوەی کە مەشمولیەتی بە نیشتمان پەرەستییەوە بێ ئینکار ناکرێ. چونکە وەتەنییەت شتێک نیە کە لە هەموو ئاسار و زیندەگانێک خۆشەویست تر و پیرۆزتر نەبێ. ئەوەی کە من کردومە بۆ سلامەتی خاکی ئێران بووە. کە خاریجە نەتوانێ سەیتەرەی موتلەقی بەسەرا پەیا بکات و ئیمرۆش لەوێ سلامەتی خاکی ئێرانا ئەکوژرێم زۆرم پێخۆشە. مادامێکی من بووم بە سەبەبی ئەوەی کە ناوی ٩،٥٠٠ ملیۆن کوردی پاشکەوتوو و بەشخوراو بە جیهان رابگەیەنم. ئەڵبەتە بە ئارەزوو و داخوازی خۆم گەیشتووم و لەوە زیاتر چاکە لە ژیانما نەماوە و نامەوێ بژیم.

س- ئەی بۆچی هەتا نیهایەت ئیدامەت بە ئیستقلال و سەربەخۆیی نەدا و بۆچی بدوونە قەید و شەرت تەسلیم بە نیروی شاهەنشاهی بویتەوە که خۆت بە حامی و پێشەوای ٩،٥٠٠ ملیون کورد ئەزانی.

ج- سەدری قازی برام بەرامبەر بەو کەلیمەیە گوناهبارە دەنا من ئەمزانی کە دەوڵەتی ئێران زەررەیەک شەڕافەتی تیا نەهاتوتە وجود. بەڵام سەدری قازی ئیغفالی کردم کە گۆیا لەگەڵ شا رێکەوتووە کە بەرامبەر بە کوردەکان هیچ ئازارێک روونەدا. منیش بۆ ئەوەی کە ماڵ و مناڵی کورد لەو رێیەوە دوچاری زەحمەت و فەلاکەت نەبێ و برادەرکوژی نەکرێ، قسەکەی سەدری برام بە راست زانی و بە موقتەزای رۆژم تەلەقی کرد. دەنا ئەمتوانی بەرامبەر بە بێ شەڕافەتی دەوڵەتی ئێران ئیقدامات لەسەر کوشتار بکەم.

لەگەڵ ئەوەشا لەبیرەکەی خۆم پەشیمان نەبوومەوە. با حەیاتی من قوربانی ئاسایش و خۆشی ئەو میللەتە هەزارە بکرێ کە بۆ پاراستنی شەوکەت و شەڕافەتیان لە مەیدانی کارزا راوەستابوون.

س- ئەو بەیاناتانەت هەمووی باعیسی ئیسباتی موجرەمییەتی خۆتن. ئیعادەی نەزەر بکەوە لەو ئێعترافە خراپانەت.

ج- بە شعوورێکی کامیلەوە تەئیید و تەئکیدی ئازادیخواهی کورد ئەکەمەوە.

س- ئاغای سەروان شەریفی- بەرامبەر بە موجرەمییەتی قازی محەممەد چ گونە دیفاعێک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەکەی؟

ج- قازی محەممەد پێویستی رووئوفەتە چونکە لە حالاتی ئیجباری و تەئسیراتی ئەجانب ئەو حەڕەکاتەی هێناوەتە وجود و زەغتی بێگانە ناچاری کردوە بەو حەڕەکاتە. ئەمە ئیسباتە لە دوای رۆیشتنی ئەجانب بلاقەید و شەرتی تەسلیمی نفسی کردۆتەوە. ئەگەر بە تەئسیری ئەجانب ئەو ئیقداماتەی نەکردایە ئەیتوانی ئیدامە بە جەنگ بدات و حازر بێ بۆ براکوژی. من داوای ئەوە ئەکەم کە دەوڵەتی شاهەنشاهی چاوپۆشی لەو تەقسیرانە بکات. چونکە بە حوڕییەتێکی فەردی و سووئولعەمەلی شەخسی ئەو کارە پێکنەهاتووە.

٣- ئاغای شەریفی تەبەهکاری قازی محەممەد ئەو دیفاعە هەڵناگرێ.

ج- بەڵی ئاغایان: نەزەرییەی هەیئەتی دادگای زەمانی جەنگ لە سەرچی قەرار بگرێ منیش بۆ تەئیدی ئەو قەرارە موافقم.

سەرباز - ئاغای قازی محەممەد بەرنەوە بۆ زیندان. ئا ببەخشن بۆ مقامی پێشەوائییەت - بەڵێ بەڵێ

سەرباز- ئاغای حەمەحوسێن خانی سەیف بێنن. بەڵێ قوربان.

هەر لە درێژەی ئەو بابەتە دا کیومەرسی ساڵح دەنووسی کە دوای خوێندنەوەی ئەو تاوانانە لە لایەن حەسەن توفانیانەوە، قازی محەممەد، زۆر زیرەکانە و لەسەرەخۆ بە بەڵگە، جگە لە سێ لەو تۆمەتانە، ئەوانی دیکەی رەد کردەوە کە لێژنەکە ئەو چاوەڕوانییەیان نەبوو.

ئەو سێ تۆمەتە بریتی بون لە:

١ - چوون بۆ روسیە و دانیشتن لەگەڵ باقرۆڤ.

٢ - دروست کردنی ئاڵا بەڵام نەک بە ئارمی چەکوچ و داسی شووڕەوی.

٣ - هاتنی مەلا مستەفا بارزانی بۆ مەهاباد کە خۆی هاتبوو و کەس داوای لێنەکردبوو. چوونکە ئەو کوردە و کوردستانیشماڵی هەموو کوردێکە و هەر کوردێکیش بە ویستی خۆی دەتوانێ لە هەر جێیەکی کوردستان بژی.

هەروەها بەرواڵەت بەڵگەی دیکەش بە دەستەوە بوون بریتی بوو لە ئەوە کە قازی محەممەد٢ رۆژ بەر لە هاتنی هێزی دەوڵەت بۆ بۆکان، رادەی ٨٠٠٠٠ ریاڵ لە دارایی بۆکان وەرگرتووە. داوای هاوکاری لە حەمە رەشیدخان کردوە و لە گەڕانەوە لە لای همایونی لە رۆژی ٢٢ی سەرماوەز، مەرجەکانی کۆتایی شەڕی بە جێنەگەیاند و هێزەکانی بارزانی چەکدار کرد و سەربازخانەیان تاڵان کرد. جێی ئاماژەیە کە تاوانەکان هەر ئەوەندە نەبوو و لەشکری چواری ورمێ لە راگەیاندراوی ژمارەی ١٩١٢٤دا، لە رۆژی ١٣٢٦/١/١٠دا، کوژرانی مەحموودیانی خستە ئەستۆی پێشەوا قازی محەممەد.

تاوانی قازییەکان لە ٢٢ بەندا کورت کرابووە و هێندێک تاوان، هەموو قازییەکانی دەگرتەوە، وەک تاڵان کردنی ماڵی ئەمین لەشکر لە هەوشار و کوشتنی قازی زادە سەرۆکی ئیدارەی ئاماری مەهاباد. دیارە لە هێرش بۆ سەر ئەمین لەشکر دا، قازییەکان دەستیان نەبوو بەڵکوو فیداییەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فیرقە بە سەرۆکایەتی ئارامی زاتەکیان و سام سامی مەراغە و ژێنراڵ کەبیری ماڵەکەیان تاڵان کرد و ئەویش خۆی لە باوەش دەوڵەت هاویشتەوە.

هەر لە پەیوەندی لەسەر تاوانی قازییەکان، ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ١٢٣دا، دەنووسێ کە لە لایەن قازییەکانی دادگا، وشەی بزووتنەوە بە دژی یاسای بنەرەتی ئێران داندراو و دامەزرانی کۆمار و دەرەجەی ئەفسەری و بڵاو کردنەوە چەک و قۆڕخانە و گۆرینی ئاڵا، هەموو هەر تاوان بوون.

پێشەوا لە هەڵسوکەوتی دادگا بە گلێی بوو و رایگەیاند کە لە گۆشەی زینداندا، لەو شوێنە دوورکەوتووە، بەرپرسانی دەوڵەت تاوانبار دەکەم و رادەگەیەنم کە ئێوە خەتابارن نە من. ئەگەر دەوڵەت هێزو توانای هەبا و لە بەرانبەر بە دەرەوەدا پارێزگاری لە خەڵک کردبا ئەوکات ئەمن مەجبوور نەدەبووم ئەو کارانە بکەم. ئەمن کاتی خۆی دەوڵەتم لە هەموو رووداوەکان ئاگادار کردەوە. ئێوە زوڵمان لێدەکەن و لەگەڵمان خراپن. هەروەک دەوڵەتی شاهەنشاهی بە بوونی ئەو هەمووە نوێنەر و سەفارەتی ولاتان لە تاران، بەڵام زۆر جار لە ژێر زەختی دەوڵەتی شووڕەوی دا، ناچار بوو ملکەچ بێ و هێز بۆ هێندیک پارێزگاکانی ئێران نەنێرێ و گیان و ماڵی لە ئیختیار رووسان بنێ، ئێمەش مەجبوور بووین ئەوە بکەین.

**تاوانەکانی محەمەد حوسێن خانی سەیف قازی**

بە پێی وتاری "از ریاست جمهوری کوردستان تا چوبەی دار" کیومەرسی ساڵح دەنووسێ: تومەتەکانی محەمەد حوسێنخانی سەیف قازی، وەزیری شەڕ و جێگری سەرکۆماری کوردستان بریتی بوون لە:

١- چوون بۆ دەرەوەی وڵات و سەفەر بۆ باکۆ پێتەختی ئازەربایجانی شوورەوی.

٢- پەیوەندی کردن بە دوکتور جەعفەری پیشەوەری سەرکۆماری ئازەربایجان لە تەورێز و بەشداری کردن و بەستنی پەیمانی سێ لایەنەی نیزامی لەگەڵ پیشەوەری و باقرۆڤ سەرکۆمارەکانی ئازەربایجان ئێران و شووڕەوی.

٣- وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی شەڕ بۆ دژایەتی لەگەڵ حکومەتی ئێران.

محەمەد حوسێنخانی سەیف قازی لەسەر پۆشینی لیباسی ژێنراڵی و چوون بۆ باکۆ گوتی کە حکومەتی ئازەربایجان ئەو دەستەڵاتەی دابوونێ و چاوەڕوان بووین کە دەوڵەت بە فەرمیمان بناسێ و دوای ئەوە کە ئەمن بووم بە فەرمانداری مەهاباد لیباسی ژینراڵیم لەبەر داکەند.

ئیگلتۆن لەسەر تاوانی سەیف دەنووسێ کە چەند جار چووتە باکۆ و جلوبەرگی ژێنراڵی دەبەر کردووە. بە پێی وتاری"از ریاست جمهوری کوردستان تا چوبەی دار" محەمەد حوسێن خانی سەیف لە ٦ گەلاوێژی ١٣٢٥ رادەی ٥٠ قوتابی بۆ خوێندنی عەسکەری نارد تەورێز کە لەوێڕا بچنە باکۆیە. جێگای تێڕامانە کە بە پێی ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣ چەک کردنی هێزی نیزامی ئێران لە کاتی روخانی رێژیم لە ساڵی ١٩٤١ دا یەکێکی دیکە لە تاوانەکانی سەیف بوو.

میرزا محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لەسەر محاکمەی حەمە حوسێخانی سەیفی قازی لە لاپەڕەی ١٠٧ بەرگی دووی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." دەنووسێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەحکەمەی حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی رقم (٢)

س- ئاغای حەمە حسین خانی سەیفی قازی تۆش عەینەن موتەهەمی بە بزهە و گوناباریەکانی قازی محمد و پەنجەت لە هەموو فەرمانێکی قازی محەممەدا بووە، جا دیفاعت چییە بیڵێ؟

ج- من شەخسەن حازر بووم کە لە ڕێی ئازادیخواهی کوردا هەتا دوا هەناسەم لەگەڵ دەوڵەتی دیکتاتۆری موستەبێدی ئێران بجەنگم و بە هەر وەسیلەی کە بۆم بکرێ قەڵای بۆگەنی ئیستیعماری و ئێقتاعی ئێران بروخێنم. بەڵام موتەئەسفانە قازی و سەدر مەیدانی ئەوەیان نەدام کە داخوازەکانم پێکبێن.

من شەخسەن لە دەمێکەوەیە کە ئەزانم هەیکەلی حکومەتی ئێران بەر ژرەی شەڕافەت نەکەوتوە و تیشکی نیزام و عەداڵەت و زەمیر و عاتیفە لەو هەیکەلە پیسەی دەوڵەتی مورتەجێعی ئێرانی نەداوە و بەرامبەر بە نیزامی حکومەتێکی ئاوا موتەفەسیخ، دیفاع و داوای بێ تەقسیری کردن، چ تەئسیرێک ئەنوێنێ.

من شەخسەن بۆ ئەو مەحکەمە بێ حوڕمەتانەتان نەهاتووم کە چاوپۆشی لە موجرەمییەتم بکات، بەڵکو لە مەحکەمە خوێنرێژەکەتان داوا ئەکەم هەتا زوتر چاوم بە دیداری شوومی ئێوە دوور بخرێتەوە کەمە.

بژی ئازادی، بژی کوردستانی مەزن

س- ئاغای سەروان شەریفی دیفاعت چیە؟

ج - ئاغایان هیچ

سەرباز- ئاغای حەمەحوسێن خان بەرنەوە، ئاغای سەدری قازی بێنن.

## تۆمەتەکانی سەدری قازی

سەدری قازی نوێنەری خەڵکی مەهاباد و دەوروبەری لە دەورەی ١٤ مەجلیسی شورای میللی ئێران بوو. لە ڕۆژی ٩ ی بەفرانبار(٣٠ دیسامبر) سەدری قازیان لە تاران گرت و بە ماشێن ئیسکۆڕتیان کرد و بە پەلە هێنایانەوە بۆ مەهاباد و بە تەنیا لە ژوورێک دا زیندانیان کرد.

بە پێی قسەکانی دادستان، سەدری قازی لە ڕۆژی ١٦ سەرماوەز لە مزگەوتی "هەباس ئاغا" لە وتارێک دا خەڵکی هان دا تا لە بەرانبەری هێزەکانی دەوڵەت رابوەستن و رایگەیاند کە دەوڵەت ناتوانی لە دوو بەرەی کوردستان و ئازەربایجان دا شەڕ بکا. دادستان فیووزی گوتی کە سەدری قازی گوتویە کە ئەو نیزیک بە ٣ ساڵ لە تاران بووە و بە باشی لە ورەی هێزەکانی سەرباز و ئەفسەران ئاگادارە. لە سەقز و سەردەشت و تکاب، دەوڵەت هێزی وای نییە و ئێمە بە هاوکاری هێزەکانی فیدایی دەتوانی هیزی دەوڵەت تێبشکێنین. لە رابردوودا هێزێکی عەشایری دەیتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر لەبەرانبەر هێزەکانی دەوڵەتی رابوستێ و بەربەرەکانی بکا، ئێستا کە ئێمە لەوان کەمتر نیین و نابێ بترسێن. لە بەرانبەر دوژمن دا رابوەستن و تێکیان بشکێنن.

کیومەرسی ساڵح لەسەر توهمەتەکانی سەدری قازی دەنووسێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١- هاوکاری لە گەڵ قازی محەمەد و وەزیرانی کۆماری کوردستان و فێر کردنی شێوەی بەڕێوەبەریی حکومەتی و چوونییەتی دامەزرانی بنکە و بارەگاکانی حکومەتی کۆماری کوردستان.

٢- هان دانی قازی محەمەد بۆ درێژەدانی خەبات و دڵنیایی لە یارمەتی دەوڵەتانی بێگانە و ڕاکێشانی خەڵک بە دژی دەوڵەت و ئاشکرا کردنی بێتوانایی هێزەکانی دەوڵەت لە بەربەرەکانی بە دژی کۆماری کوردستان.

٣- هەڵبەستنی شێعری حەماسی بۆ بەخێرهێنانی مەلا مستەفا بارزانی وەک ڕەمزی سەرکەوتنی خەڵکی کورد.

ئەو هەڵبەستەی کە سەدر قازی پێی تاوانبار کرا بوو، لە ژمارەی ٦٦ مانگنامەی موسەلسەل ١٥٣ بە کوردی چاپ کرا. بەڵام هیندێک لە وشەکانی غەڵەتە و هەروەها خراپیش تایپ کراوە و هەڵەی زۆرە، چوونکە سەروان کیومەرس ساڵح بە زبانی کوردی ئاشنا نەبوو و تایپستەکەش کوردی نەزانیوە و هەڵبەستەکەی خراپ تایپ کردوە.

بە پێی لاپەڕەی ١٢٤ کتێبی ئیگلتۆن، سەدر بەوە تاوانبار بوو کە لە پارلمانی ئێران پشتیوانی لە جوڵانەوەی کوردان کردوە و ئەسپاردەکانی قازی محەمەدی بەجێ گەیاندووە. بە پێی وتاری "از ریاست جمهوری کوردستان تا چوبەی دار" سەدر لە دیفاعیاتەکەی دا گوتی کە ئەوە ڕووداوانەی کە لە سەردەمی نوێنەرایەتی مەجلیس دا هاتووتە گۆڕێ، ئەو پارێزبەندی نوێنەری هەبووە. ئەو گوتی کە ئەو لە تاران بووە و کاریکی نەکردوە و دەبێ لە دادگوستەری محاکمە بکرێ. کیومەرسی ساڵح دەنووسێ:

کاری دادگا ٤ ساعەت کیشا. دوایە هەیئەتی دادگا نیو سەعات کۆبووە و دەنگی بە لەداردانی سەدری قازی دا.

لە درێژەی ئەو باسە میرزا محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٠٨ ی بەشی دووهەمی کتێبیەکەی دا لەسەر محکەمەی سەدری قازی و شەهادەتی چەند مەڵای خائین دەنووسێ:

مەحکەمەی سەدری قازی ژمارە (٣)

س- ئاغای ئەبولقاسمی سەدری قازی نائیبی دەورەی ١٤ دەوڵەتی شاهەنشاهی تۆ لە لایەن ئاغایانی قازی محەممەد و حەمەحوسێن خانی سەیفەوە موتەهەم کراوی گۆیا تۆ مەیدانی ئەوانت نەداوە شەڕبکەن و خوێن ڕێژی بخەنە ڕوو، جوابت چییە؟

ج- بەڵێ من لە ئەوەڵەوە هەتا ئاخری هەر موخالیفی ئەو بەسەرهاتی تەشکیلات و ئاژاوەیە بووم. چونکە زانیومە قەزییەی کورد مەسەلەیەکی عالەمییە ئاوا بە ئاسانی پێک نایە و هیچ قەومێکیش حازر نییە لەو وەختەدا بەبێ مەسالیحی ئیستعماری خۆی، بۆ کورد تێبکۆشێ.

جا بۆ ئەوەی خوێنرێژی و برادەرکوژی نەکەوێتە بەینی حکومەتی شاهەنشاهی و ئەو کوردە هەژارانەوە، هەمیشە ئیختیاری جەنبەی ئاشتی و ڕێکیم لەگەڵ حکومەتی شاهەنشاهیدا کردوە و بۆ ئەو بابەتە بەڵێنی تەواوم لە شا وەرگرتبوو. ئەگەر قازی محمد شەڕ نەکا ئازاری هیچ کوردێک نەدرێ بەڵام موتەئەسفانە دەوڵەتی شاهەنشاهی قەراردادەکەی خۆی هەتا ئێستا نەبردۆتە سەر.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

س- ئاغای سەدری قازی تۆ لە لایەک داوای مەسالەمەت و رێکیت کردوە، کەچی لە لایەکیتریشەوە لە مزگەوتەکانی سابلاغا خەتابەت خوێندۆتەوە، گوتووتە کە هێزی دەوڵەتی شاهەنشاهی هەر ئەو نەفەراتانەن کە لە سەقز و بانە و سەردەشتا مەحسورن. ئەگەر پەلاماریان بدرێ حکومەت هێزی دیکەی نییە بۆ ئیمدادیان بنێری. گوتووتە ئێران مردوە و زیندوو نابێتەوە.

ج- شتێکی وەها نەگوتراوە گوتوومە ئەگەر ئێران بشمرێ بە قەدەر ئێمە هەر زیندووە. ئەگەر نیروی ئێران هەر ئەوەش بێ کە لە شارانی سەقز و بانە و سەردەشتا مەحسورن، بە عەشایر هەر ناگیرێن.

شاهید مەلا خلیلی گۆڕەمەر لەگەڵ چەند مەلایەکا

قاپی مەحکەمە کرایەوە...

مەلایەکی ریش سپی پشت کۆماو، کەوایەکی رەشی شۆری لەبەردابو و میزەرێکی سپی لەسەرنابوو. پشتێندێکی مەندیلی لەپشت بەستبوو. بە گۆچانێکی وێنە گالوک، هاتە ژورەوە. لەبەردەمی هەیئەتی مەحکەمە راوەستا.

رەئیسی مەحکەمە: جەنابی ئاغای مەلا خەلیل راجیع بە خەتابەی سەدری قازی چ مەعلووماتێکت هەیە بفەرموو.

ج - ئەشهەدوبیللا ئەمن بۆ خۆم لەو شوێنە حازر بووم کە ئاغای سەدری قازی لە خوتبەیدا گوتی سەربازی ئێران هەر ئەو عیدەیەن کە لە شارەکانا مەحاسرە کراون. تازە لە تارانەوە هاتومەوە. دەوڵەتی ئێران مردوە و جارێکی تر زیندوو نابێتەوە.

خەلیل گوڕەمەری

ئیمزا

س- جەنابی مەلا حوسێن مەجدی قازی حاڵی سابڵاغ و جەنابی مەلا محەممەد و شێخ عەبدولرەحیم شێخی بورهان و مەلا ئیبراهیم، ئێوە هەیئەتی عەدلیەی قازی محەممەد بوون، بەرامبەر بە تۆهمەتی سەدری قازی چ مەعلوماتێکتان هەیە بیلێن.

ج- ئێمەش حەرفییەن شەهادەتی جەنابی مەلا خەلیل تەئید ئەکەینەوە،

س- ئێوە بەرامبەر بە خراپەی قازی محەممەد و حەمەحوسێن خان ئەڵێن چی؟

ج- گوناهکاری ئەمانە لە هەموو لایەکەوە مەعلووم و سابیتە.

س- ئەمانە موستەحەقی ئێعدامن یا نە؟

ج- لە کوشتنیانا هیچ گوناهێک تەوجیهی ئەعلاحەزرەتی شاهەنشاهی ئەڕواحنا فیدا نابێ و هیچ تاوانێکیش رووناکاتە حەزرەتی تیمساری موعەزەم فەرماندەی نیروی ئێعزامی همایونی. بەڵام عەفوو کردنیان لە کوشتنیان جوانترە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئیبراهیم | شێخ عەبدولرەحیم بورهان | محەممەد | حوسێن گڕشیری |
| ئیمزا | ئیمزا | ئیمزا | ئیمزا |



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بڕیاری ئێعدام لە دادگای یەکەمدا**

بە گویرەی وتاری "از ریاست جمهوری تا کردستان تا چوبە دار" بە پێی ئەو بەڵگانەی کە بە دەست بەرپرسانی نیزامی دادگایەوە بوو، لە کۆتایی کۆبوونەوەیەکی نەهینی، لە ئاخری مانگی بەفرانبار دا، کە ١٨ ساعەتی خایاند، دادگای تایبەتی نیزامی، قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازی بە ئێعدام مەحکووم کرد. بڕیاری دادگا بۆ بەڕێوەبردن بە ئاگاداری کاربەدەستانی نیزامی لە تاران گەیشت. بەڵام چوونکە لەولاولای داوای وەبەرچاوگرتنی گیانی تاوانباران دەکرا و لە لایەکی دیکە هیشتا شەڕ لەگەڵ بارزانییەکان دەستی پێنەکرد بوو و وتوێژ لە گۆڕێ دابوو و هەوڵ دەدرا لەگەڵ ئەوان بە ئاشتی کێشەکە چارەسەر بکری، دەوڵەت لە توند و تیژی خۆی پاراست و حوکمی ئێعدام وەدواخرا. ئیگلتۆن و پەسیان وەدوا کەوتنی حوکمی ئێعدامی قازییەکان دەبەستنەوە بە بەردەوامی خۆڕاگری هێزی پێشمەرگەی بارزان لە مەڵبەندی شنۆ و دەوروبەری ورمێ. لایەنی دیکە هۆی وەدرەنگ کەوتنی حوکمی ئێعدامی قازییەکان رەنگە لە رۆڵی وڵاتانی ئیستیعماری ئینگلیس و ئەمریکا دا ببیندرێ و خۆشەویستی پێشەوا لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئەوانی هێنابێتە سەر ئەو بڕوایە کە لە کوشتنی قازییەکان پەلە نەکەن تا نەکەونە بەر نفرەتی خەڵکی کوردستان.

دیارە سەرۆکی لەشکری ئیران، رۆژی ١٨ ژانوییە نیزیک بە ٢٠٠ کەس لە گیراوەکانی مەهابادی ناردە گرتووخانەکانی تەورێز. دوکتور قاسملو لەسەر بڕیاری ئێعدامی قازییەکان لە کتێبی چل ساڵ خەبات دا دەنووسێ:

رۆژی ٣ ی ڕێبەندانی ١٣٢٥(٢٣ ژانوییەی ١٩٤٧) واتا ساڵێک و رۆژێک پاش ئەوەی بە سەرکۆماری کوردستان هەڵبژێرا، پێشەوا قازی و هاوڕێکانی مەحکوم بە ئێعدام کران. بەڵام بەجێ هێنانی حوکمی ئێعدام وەدوا خرا، ٦٦ رۆژی تەواوی پێچوو تا لە رۆژی ١٠ خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٣٠ی مارسی ١٩٤٧) دا حوکمی ئێعدام لە مەهاباد دا بەڕیوە چوو.

هەر لە سەر بڕیاری دادگا لە حەوتەنامەی کوهستانی ژمارە ٨٠ رێکەوتی دوو شەممۆ ٧ی مانگی رێبەندانی ١٣٢٥ هاتووە:

دادگایی هێندێک لە ریبەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کۆتایی هات و ئەو جوورە کە دەبیسترێ قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازی محکوم بە ئێعدام بوون، بەڵام بەڕێوەبردنی ئێعدام بەستراوەتەوە بە فەرمانی ناوەندی دەستەڵات.

بە پێی لاپەڕەی ١٢٥ی ئیگلتۆن، هۆمایونی خوازیاری ئەوە بوو کە قازییەکان رۆژی ٢٣ی ژانویە یەک رۆژ دوای بڕیاری دادگا، ئیعدام بکرێن. بەڵام لە تاران بە تێلگراف ئاگاداریان کرد کە دەست راگرێ. هومایونی بە وەدواخستنی ئێعدام تووڕە بوو و سەرهەنگ فیروزی ناردە تاران کە بزانێ بۆ وەدوا کەوتووە.

دوای ئەوەی حوکمی قازییەکان دەرچوو، ئەوان داوای پێداچوونەوە بە پەروەندەکەیان کرد و ویستیان بنێردرێنە تاران. بەڵام بۆ ئەوەی لە پەروەندەکەیان نەبێتە سیاسی و لە تاوانەکانیان کەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەکرێتەوە، ئەرتەش لەگەڵ ناردنی ئەوان مخالفەتی کرد و دوای ماوەیەک بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ عەتایی و دادستانی سەرهەنگ نیکوزاد هەر لە مەهاباد دادگای پێداچوونەوەیان پێکهێنا.

سەروان کیومەرسی سالح لە درێژەی راپۆرتەکەی دا دەنووسێ: دوای تەواو بوونی محاکمە، هەیئەتی دادگا پەیوەندیان بە "هومایونی" رەئیسی ستادی ئەرتەش و ژێنراڵی ئاجودانی شا لە دەربار، سەرهەنگ "فەتحولا مینباشیان" گرت و هەر ئەو شەوە لە رێگای میاندواو رێگایان پیدرا کە بگەڕێنەوە بۆ تاران.

**شەهیدانی سەقز**

هاوکات لە گەڵ محاکمەی سەرانی کۆمار لە مەهاباد، دادگای نافەرمی دیکەی کاربەدەستانی کۆمار لە شارەکانی سەقز و بۆکان، بەردەوام بوو و سەرئەنجام حوکمی ئێعدام بەسەر تۆمەتباران دا داسەپا. محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١١٨ بەرگی دووهەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد" بە وردی باسی کەسایەتی رێبەرانی کۆمار لە سەقز و بۆکان و هەڵوێستی ئازا و زۆر لە خۆبردوییانەیان دەکا و دەنووسێ: لە رۆژی ٢١ئازەری ١٣٢٥ ئەکسەری ئاغایانی فەیزوڵلابەگی لە ترسی لەشکری ئێران بەماڵەوە هاتبوونە دێی (شەڕەفکەند) و خانەقای بورهان. منیش لە سابلاغ ئەهاتمەوە بۆ دۆڵی میرەدێ. لە دێی شەڕەفکەندی بە ئەحمەدخانی خەلیل خان و عەلی بەگی شیرزادم گوت، کە وەزعییەت تەبەدوڵ ئەکات. ئێرانییەکان درۆ ئەکەن کەس عەفوو ناکەن. بە هەر نەوعێک کە بۆتان ئەکرێ یا ئێران بەجێ بێڵن یان لە شوێنیکا کەنارەگیری بکەن تا مەسیری قازی محەممەد و بارزان رەوشەن ئەبێ و ئیلا ئێرانییەکان ئەتان خنکێنن. چونکە ئێرانییەکان مەجبوورن فەعالییەتێک بۆ لەناو بردنی ئەو غایەی ئیستقلال و مەجزائیەتە بەکار بێنن لە پێش تەسدیقی لایحەی نەوتەکەی (سادچیکوفا).



بەلام ئەحمەد خان جەوابەن گوتی من خنکاندنی ئێرانییەکانم لە دەربەدەری و چوونە عێراق بەلاوە باشترە. چونکە بە خنکاندنی خۆم ناموسم مەحفوز ئەبێ. بەڵام لە دەربەدەر بوونم ناموسم نامێنی بەڵام سەرم پارێزراو ئەبێ. چونکە تەجرەبەی دەربەدەریم دیوە لە ١٩٤٤ دا کە هاتمە ناحیەی پێنجوێن رووم ئەکردە ژێر سێبەری هەر گەورەیەک تەماعیان ئەکردە ناموسەکەم. جا کەوا بوو با بخنکێم و ئیعادەی ئەو دەورە نەبمەوە.

باقی ئاغایانیکەش هەر بە عەینی مەوزوع وڵامیان دامەوە و منیش بە چاوێکی پڕ لە فرمێسک و دڵێکی زۆر بە پەرۆشەوە ماڵئاوایی ئەبەدیم لەو کوردە ناودار و شەرافەتمەندانە خواست و بەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حاڵە بە جێمهێشتن. ئەمجا لە رۆژی ۳۰ی ئازەری ۱۹٤٥ ئەحمەدخانی فاروقی کرا بە مەئمووری ئەسلەحە کۆکردنەوەی عەشیرەتی فەیزۆڵلابەگی و هەموو لایەکیان ئەمین کرانەوە و ئیعادەی سەر جێگا و ریگای خۆیان کران.

متاسفانە لە پاش تەواوبوونی ئەسلەحەچنی ئاغایانی خوارەوە هەموویان بە تاریخ ۱۰/۱۰/۱۳۲٥ لە بۆکان کۆ ئەکرێنەوە و هەموویان بە یەک ئان تەوقیف ئەکرێن و هەر لە بۆکان حەواڵەی دادگای زەمانی جەنگ ئەکرێن و لە پاش تەسدیقی حوکمی ئێعدامیان بۆ خنکاندنیان، لە رۆژی ۱۳/۱۱/۱۳۲٥ ئەو ئاغایانە هێنرانە زیندانی سەقز:

۱- ئەحمەدخانی فاڕوقی۲- عەبدوڵاخانی مەتین۳- محەممەدی دانیشوەر٤- ئەحمەدخانی شەجیعی ٥- محەممەد ئەمین بەگی باغلۆجە کە مەشهوور بوو بە محەممەد ئەمین بەگی بابەخان بەگ، بەڵام عەلی بەگی شیرزادی تەنها لە زیندانی بۆکان مایەوە. چونکە دێی یەک شەوە تابیعی بۆکانە و قانوونەن موجریم ئەبێ لەو مەنتیقەیە ئێعدام بکرێ کە ئیرتیکابی جورمی تیاکراوە و جێگای جەریمەکانی ئەویش ناحیەی بۆکان بووە.

محەممەد ئەمین مەنگوری لە کتێبەکەی دا بە وردی باسی تاوان و تۆهمەتکانی یەک یەکی ئەو ئاغایانە دەکا و لە لاپەڕەی ۱۱۹ ی بەرگی ۲ را بەمشێوەیە دەنووسێ:

## محاکەمەی علی جوانمردی رئیسی عەشیرەتی گەورکی میرەدێ



عەلی جەوانمەردی رەئیسی گەورکی دۆڵی میرەدێ لەگەڵ رەسوڵی محەممەدی برای و کەریمی محەممەدی کوندەڵان و مستەفا ئاغای مەعروفی کێلەشین و شێخ سەدیقی ئەسعەدی بازیبلاغ، لەسەر تەلەب و داوای سەرلەشکر هومایونی چوون بۆ سەقز. بەو فێڵە و ئێقناع و داواکران بچنە سابلاغ بۆ ئیستفادەی مەرحەمەت لە سەرلەشکر هومایونی. عەلی جەوانمەردی تا ئەندازەیەک خۆی بە بێ گونا ئەزانی لە قەزییەی دێمۆکراتا. چونکە هەتا چوار مانگ پێش ئەو تاریخە لە سنە زیندانی بوو و کە گەراشەوە بۆ (تمۆتە) بارزانیەکان بە تەقریری درۆ موتەهەمیان کرد بوو گۆیا ئیختیلاتی لەگەڵ رەزم ئارا و سەرلەشکر هومایونیدا هەیە. بۆ تەئیدی و موراقەبەی نەزەر مودەتێک بوو بردبوویان بۆ سابلاغ هەتا رۆژی ئینقلابەکە هەر لە سابلاغ بوو.

جا بەو مناسەبەتەوە خۆی زۆر بە بێ تەقسیر و سەربەست ئەزانی. ئەمجا بەبێ (تەڕدود) لەگەڵ ئەو ئاغایانەی کە باسکران چوو بۆ سەقز. بەڵام بە گەیشتنی بە شاری سەقز لەسەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەحریکات و ئەفساداتی محەممەد ئاغای عەباسی کە تاڵان کران و دەربەدەری خۆی بە هی ئەو ئەزانی لە دەوری حەمەرەشید خانا. ئاغای جەوانمەردی بە خۆی و خزمەکانیەوە ئەسیر ئەکرێ و لەعەینی رۆژا کە تەسادوفی ١٠/١٠/١٣٢٥ ئەکات، ئاغایانی شیخ ئەمین ئەسعەدی و حەسەن خانی کانی نیاز و عەلی خانی فاتیح قەلەندر کە عائیدی مەنتیقەی سەقز بوون ئەوانیش تۆقیف ئەکرێن و لە ئەفسەران زەرغام، مەوسوقی، سەدیقی، کەهیاری، هەیئەتێکی دادگای زەمانی جەنگ لە سەقز تەشکیل کرا بۆ مەحکەمەی ئەو ٦ ئاغایانە.

## محاکمەی عەلی جەوانمەردی

قاپی مەحکەمەی جەنگی کرایەوە

٣- ئاغای عەلی جوانمەردی تۆ بە مە موتەهەمی کە لە دەوری شهریوری ١٣٢٠ دا ئیشتراکی حەمە رەشید خانت کردوە. لە وەختێکا کە حەمەرەشیدخان خاریجەیەک بوو کە بانەی گرت ئەو هەموو عائیلەی ئەفسەران و مەئموری ئیدارەجاتی ئێرانی بە کەماڵی شەڕافەت و هونەرمەندییەوە و بە ئەمنیەتی کامیلەوە لە مەنتیقەی سەقز تەسلیم بە تۆی کردن کە واریدی سەقزیان بکەیەوە کەچی تۆ فێعلەن ئەنواع حەقارەتت بەسەر هێنابوون. ٢- کە لە سنە بەرەڵاکرای تەعەهودت لێوەرگیرا کە تەداخول بە قەزییەی قازی محەممەد نەکەی کەچی فێعلەن لە مەعاونەتی قازی محەممەد قسوورت نەکردوە و حەسەن و محەممەدی کوڕت ئیشتراکیان بە حەڕەکات کردوە لە جەنگی میرەدێدا لەگەڵ لەشکری بانەی دا سەربازیان کوشتوە وڵامت چییە؟ حەمەخانی مەحمودخانی کانی سانان لە سابڵاغەوە بە ٢٨ تفەنگەوە هاتۆتە لای تۆ، نەتگرتوە بەرێت کردوە.

ج- ئەسڵەن ئیشتراک کردنم لەگەڵ حەمە رەشیدخانا باری ناچاری بوو وەختی کە حەمە رەشیدخان بە قەسدی حەملەی بانە واریدی ( ترخاناوا و بووین و کانی مەلا ئەحمەد بوو کاغەزێکی هەڕەشەی لێ نووسیبوم ئەگەر ئیشتراکی ئەو حەڕەکاتەی نەکەم عاقیبەتی بۆ من خراپ بێ. بەڵام هەتا گیرانی بانە من گوێم نەدایە. لە وەختێکا کە بۆم مەعلووم بوو حەمە رەشیدخان چۆکی بە دەوڵەتی ئێران داداوە. و حکومەت مەوجوود نییە کە حقوقی خۆی موحافزە بکات چ جای حقوقی ئێمە و لە ترسی سابیقەی عەداوەتی کە لە بەین ئێمە و بانەی دا هەبوو، ناچاری ئەوە بووم کە ئیشتراکی حەڕەکاتی حەمە رەشیدخان بکەم.

٢- بۆ قەزییەی عەوائیلی ئێرانی کە لە لایەن منەوە تەعەروز و تەحقیر کرابن. قەتعیەن ئەسڵی نییە چونکە غیرەتی شەڕافەتمەندی کورد دەرحەق بە ئەسیر و ژێرکەوتوو لە غەیرەز لوتف و مێهرەبانی هیچ فکرێکی کە قبوڵ ناکات.

٣- بۆ قەزییە شەڕکردنی محەممەد و حەسەنی کوڕم لەگەڵ دەوڵەتی شاهەنشاهی بێ عەلاقەم. چونکە لەو وەختەدا من لە سنە ئەسیر بووم و بۆ چوونی سابڵاغ و عەلاقەم لەگەڵ قازی محەممەدا جاری ئەوەڵ حەمەرەشیدخان بە ئیجباری ناردومی بۆ زیارەتی قازی و جاری دووهەمیش بە حەپسی بردویانم لەسەر راپوری محەممەد قودسی زابیتی بارزانی و حەمەخانی مەحمودخانیش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که لەسابلاغ گەڕاوەتەوە هاتۆتە ماڵی ئێمە. من لە ماڵەوە نەبووم کوڕەکانیش نەیانتوانیوە بیگرن. بەڵام حەق نیە دەوڵەتی ئێران بەو دەرەجەیە پشتێندی غەرەزکاری لەگەڵ میللەتی کوردا ببەستێ و ئاساری ئەو میللەتە بێ چارەیە بریێتەوە.

هیچ وامەزانن کە بەو تەشەدوداتە کورد دوایی بێ. بەڵکوو هەتا ئێوە لە حورییەتی زاتی مەنعیان بکەن، ئەوان زیاتر بۆ داواکردنی حقوقی مەرعییەی خۆیان حەریس ئەبن. لە جیاتی ئەوەی کە ئێوە کورد کوژی و برادەر کوژی بکەن بە تەفاهوم و تەساهول باشتر ئەتوانن مەعنەوییاتیان پاش بخەن. ڕەزا شا هەتا مرد نەیتوانی بە تەشەدود خولیان قەومی لە مێشکی کوردەکان دەربنێ. لە ڕەغمی ئەوەی کە هەرچی ڕەئیسی عەشایر و مونتەفەین و ئازادیخواهانی کورد هەبوو لە قەسری قەجەرا زیندانی کردبوون. لە ئەوەڵ وەهلەدا ئەوەیان بە سەر دەوڵەت هێنا کە ئێستا منی پێ موتەهەم ئەکەن. من وا ئێعتیقاد ئەکەم ئەو قەزییەی ئازادیخواهییە بە کوشتن و زیندانی کردن دوایی نایە، ئیلا کە ڕێگایەکی تەساهول تری بۆ نەدۆزنەوە. منیش هەر ئەوەندە تەماس لەو هەیئەتی دادگایە ئەکەم هەتا بە یەقینی ئەزانم. تەسمیمی خراپیان بۆ قەزییەی هاورێکانم ئەگەرنە بەر نەزەر و لەوەختەدا من داوای کوژرانی خۆم ئەکەم لە پێش ئاواڵەکانما. چونکە مردن لە ژیانێکی بێ دەستەڵاتانە خۆشترە و بێ ئاواڵی لە مردن پیس ترە.

عەلی جەوانمەردی

ئیمزا

## محەکەمەی رسوڵ ئاغای مەحموودی گەورک

س- ئاغای ڕەسووڵی مەحموودی تۆ بە کوشتنی سەرجوخە شەعبان موتەهەمی کە لە پۆستی میرەدێ کوژراوە. چونکە میرەدێ دێی تۆیە. ئەیزائەن بەوە مەسئولی کە لە دیواندەرە بریندارکراوی و ئاغای ساڵح کەندۆلان خوڕخوڕەی و حەمەئەمین بەگی سەدباری بانە کە لە شەڕی دیواندەرە کوژراون، تۆ تەشجیعت کردوون کە هەڵمەت بەرنە سەر پادگانی شاهەنشاهی لەو مەرکەزەدا و لە دەوری قازی محەممەدیشا لە سەقز فەرارت کردوە چووی بۆ لای حەمە ڕەشیدخان و قازی محەممەد.



ج- ئەسڵەن سەرجوخە شەعبان کە کوژراوە من لە سەقز حەپس بووم. قیدی زیندان شاهیدی بێگوناهیمە و بۆ شەڕی دیواندەرە ئینکار ناکرێ کە ئەسبابی زەروری ئەو شەڕەی پێکردووم. لە فەراری سەقزیشما ناچار بووم چونکە ژن و ماڵم لە میرەدێ ئەسیری دەستی دێمۆکراتەکان بوو و خۆشم فێعلەن

بەبێ گوناه لە سەقز گل درابوومەوە. جا بۆ دەربازکردنی عائیلەکەم لەدەست ئەو هەموو لەشکرەی کە لە میرەدێ کۆببووە ناچار بووم کە ئیلتحاق بە عائیلەکەم بکەم و لە فەراری منیشا بە ناوی منەوە هیچ حادیسەیەک رووی نەداوە و بۆ هەر دوو حەرەکاتیش ئەمری عەفووی شاهانە پەخش کراوە. من وا ئیعتیقاد ئەکەم کە لەسەر ئەو شتە کۆنانە نەڕۆن باشترە خەریکی ئیعادەی ئەمنیەت و ئیسلاحات و ئیعادەی رووحی عومران و کشاوەرزی بن لەو غائیلەی گیران و تەخت و تازە باشترە. چونکە تەشەدود دووبارە دەورێکی راهن لە ئێرانا ئەهێنێتەوە وجود کە ئەمجارە بە هیچ تەدابیرێک بەرهەڵست نەکرێ. حەق وایە حەریفەن تەتبیقی قانوون و عەفووی ئەمری شاهەنشاهی بکەن و بە ئێغرازی شەخسی و بە تەحریکاتی هیچ ناحەزێک دەرحەق بە دانیشتوانی ئێرانی نیژاد غەرەزکاری تەعقیب نەکەن باشە.

رەسووڵی مەحموودی

ئیمزا

**مەحکەمەی شێخ سەدیقی ئەسعەدی سەقزی**



س- ئاغای سەدیقی ئەسعەدی تۆ موتەهەمی بەوەی کە لیباسی دیمۆکراتت لەبەر کردوە و بە دەرەجەی کاپیتانی ئیشتڕاکی شەڕی هەیەجانانت کردوە و سەربازی ئێرانیت کوشتوە.

ج- دەوڵەتی ئێران حازر نەبوو کە موستەقیمەن دیفاع لەو جێگایانە بکات کە ناموس وعائیلەی ئێمەی تیا ئەژی. حاڵاتی ناچاری و شەرەف محافیزە کردن، ئیختیاری ئەو خزمەتەی پێکردین.

سەدیق ئەسعەدی

ئیمزا

**مەحکەمەی مایور شێخ ئەمین ئەسعەدی کەس نەزانی**

س- ئاغای مایور شێخ ئەمین تۆ بە بەرگی زەننارت پۆشیوە و پرۆپاگەندی پچکرینی ئێرانت کردوە و داواکاری سەربەستی و دیانەت نەهێشتن بووی و بە قەسدی تەجهیزی عەسکەری چەکت لە قازی محەممەد وەرگرتووە. ئیشتراکی چەنگی هەیەجانانیشت کردوە.

ج- ئەسڵەن لە پۆشینی لیباسی زنناری جورمێک تەوەجوە ناکرێ. کاروانی تەمەدۆن بەرەو پێشکەوتن ئەڕوا، مستەوای ئادەمیزاد ئیمرۆ گەیشتۆتە مەرحەلەیەک کە حقوقی فەردی و گەلی لەهەموو لایەکەوە پارێزگاری کراوە. بە حەسبی ئەوەی کە من ناو و زمان و جێگام بە کورد و کوردستان ناوبراوە. واجباتێکی هەرە پێویستمە کە بۆ شکانی ئامانجی پێشکەوتنی ئەو کورد و

کوردستانە تێبکۆشم و ئیختیاری ئەنواع دەورەی موخاتەراتی بۆ بکەم و ئەو لیباسەی کە هەیئەتی دادگای موحتەڕەمیش پۆشیویانە هەر بەرگی زنارە. چونکە نێهزەتی بەشەری ئەو لیباسەی کردوە بە لیباسێکی عالەمی. مادامێکی ئادەمیزاد بەرەو پێشکەوتن ئەڕوا لە داخوازی حقوقی کورد و سەرپەرەشتی وەڵاتەکەما خۆم بە موقەسیر نازانم.

بۆ قەزییەی دیانەت ئەسڵەن من بە شعووری دیانەتەوە موقەیەد نیم تەنها بە شعوری قەومییەتەوە مەربووتم. قەومییەت ئەگەر موخالیفی ئادابی دیانەت ببوایە لەناو میللەتانا تەعقیب نە ئەکرا. مادام هەتا ئێستا قەومییەت لە هیچ لایەکەوە مەنع نەکراوە، مەعنای ئەوەیە میللەتیش لکێکی دیانەتە بێ. نە دیانەت بە بێ قەومییەت و نە قەومییەتیش بە بێ دیانەت ئەژی. جا بە هۆی زەمیری قەومییەتمەوە بە واجبم زانیوە کە ئەو لیباسە لەبەر بکەم چونکە ئەو لیباسە بە خوێنی هەزاران گەنج و لاو لە ماشین دراوە.

ئەمین ئەسعەدی

مایور



## مەحاکەمەی حەسەن خانی کانی نیاز فەیزۆڵلابەگی

س - ئاغای حەسەن خانی نیاز تۆ بەوە موتەهەمی کە چووی بۆ ناو دیمۆکرات.

ج - چوونی ناو دیمۆکراتم جەریمەیەک تەشکیل ناکا. قەوامولسەلتەنە بە رەسمی بڵاوی کردۆتەوە کە شەخسی ئەشرەفیشیان دیمۆکراتە و رەسمەن ئەو حیزبە لە ئێران ئیمتیازی دراوەتێ و بۆ محافیزە کردنی ئەملاک و حقوقی ئاغایەتی خۆم مەجبوور بووم کە تەماسی قازی محەممەد و غەیرەیان بکەم لەو جەهەتەوە خۆم بە موجریم نازانم.

حەسەن کانی نیازی جلال بەگی

ئیمزا



## محاکەمەی عەلی خانی فاتیحی قەلەندەر فەیزۆڵلابەگی

س- ئاغای عەلی خانی فاتیحی تۆ بەوە موتەهەمی کە لە لایەن قازی محەممەدەوە موڕەشەح بووی بە فەرمانداری سەقز.

ج- ئەسڵەن کە سەقز گیرابایە زۆر کەس لە من



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

موقەدەمتر هەبوو کە بکرێن بە فەرماندار. قەتعەن نە من فکرێکی ئاوام هەبۆو و نە قازی محەممەدیش شتێکی وەهای باس کردوە. ئەوە ناحەزان ئەوەیان بۆ دروست کردووم و لەدەوری دووهەما ئیختیلاتی قازی محەممەد بۆ من ناچاری بووە. چونکە دێیەکەم مەرکەزی حەڕەکاتی لەشکری قازی محەممەد بووە.

عەلی خانی سەرتیپی جەهانگیری

ئیمزا

جا محاکەمەی ئەو ٦ ئاغایە بەو پێیە دوایی هات و لە نەتیجەی محاکەمەیاندا قەرار بە ئێعدامیان نەدرا و لە مەحکەمەی تەجدیدی نەزەریشا تەسدیق کرا و تەنفیزی ئێعدامیان بۆ شەوی ١٥ی بەهمەن ١٣٢٥ بە تەسوییبی ئەعلاحەزرەت هومایونی شاهەنشاهی ئێران گەیشت.

هەیئەتی دادگای مەحکەمەی ئازادیخواهانی فەیزۆڵلابەگی لە بۆکان عیبارەت بوون لە ڕەئیس سەرلەشکەر هومایونی و سەرهەنگ مەفروری و سەروان خاکسار و نەدیمی.

قاپی مەحکەمە کرایەوە

## محاکەمەی ئەحمەد خانی فاڕوقی ڕەئیس عەشیرەتی فەیزۆڵلا بەگی

س- ئاغای ئەحمەدخانی فاروقی کە مەشهووری بە ئاغای سالار و ئەحمەدخانی خەلیل خان، تۆ لەگەڵ عبداله خانی مەتین و محمد دانیشوەر کە هەردووکیان برای بچووکتن، موتەهەمن بە کوژرانی سەرلەشکەر ئەمین لە سەقز و ئیشتراکی حەڕەکاتی حەمەرەشیدخان هەتا نیهایەت لە دەوری شەهریوەر و قازی محەممەددا کە شەری هیجانان کراوە، فەرماندەی لەشکری هیجانان بووی لە زیدی قووای دەوڵەتی تەشکیلی سەلاحت کردوە و سەربازت کوشتوە. هەموو ئموۆراتێکی حەمە ڕەشیدخان مووافیقی دەستووراتی تۆ بە ئەنجام هاتووە. لە دەوری دیمۆکراتا بە روتبەی پولکونیکی مەعاوینی حەربی حەمەرەشیدخان بووی. تۆ زۆر گوناهباری بەخسووس لەگەڵ ئاغای محەممەد ئەمین خانی قادر زادە، لەشەڕی کاکە سیاویی محالی خوڕخوڕە زۆر شکارەت و ئیقداماتت نیشان داوە لەو شەڕەدا ١٢ نەفەر سەربازت کوشتوە. دیفاعت چیە بیکە؟

س- ئاغایانی عەبدوڵاخان و محەممەدخان ئێوە خۆتان جوابی خۆتان ئەدەنەوە یا نە ئەحمەدخان وەکیلی ئێوەشە.

ج- ئەحمەدخان سەرداری ئێمەیە، ئێمە لە حوزوور ئەوا حەدی کەلامان نییە.

س- ئاغای ئەحمەدخان وڵامی ئەمانیش بدەوە. کە ئەمانیش شەریکی گوناهباری تۆن.

ج- ئەسڵەن ئاغایانی عەبدوڵاخان و محەممەدخان برا بچووکی من بوون و ئیشتراکیان بەو حەڕەکاتانە نەکردوە. تکایە ئەم بێچارانە داخیلی پەروەندەی گوناهباری من مەکەن چونکە ئەمان ئێقداماتێکیان بۆ ئەو حەڕەکاتە نەبووە. ئەمان بەرامبەر بەم تۆهمەتانە مەعسوومن.

ئەسڵەن حکومەتی دیکتاتۆری ڕەزاشای پەهلەوی وەزعییەتی هۆزی کوردی گەیاندبوو ئەندازەیەک، بەراستی لە تەوانامانا نەمابوو کە چیتر قبووڵی ئەو فشار و ئازارە بکرێ. با وەکوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باپیرەی من پشتاوپشت لەگەڵ دەوڵەتی ئێرانا نەزەر بە سوئی ئیدارە و عەدالەت هەر بەبێ موحیبەت و مێهرەبانی رابواردووە. چونکەلە دەمێکەوەیە دەوڵەتی مورتەجیعی ئێران هەر خوێنرێژی بەدکردەوە بووە. جا منیش زۆرم بە لاوە سووکی بوو کە لەو رەوییەی ئەجدادی خۆم لابدەم و بۆ هیندێ ژیان و زیندەگانی وەختی، سەری حورییەت بۆ ئەفسەرانی ئێرانی بە زەلیلی دابنوێنم. بە واجباتێکی موقەدەسی میللیم زانیوە کە فورسەتێکم بۆ هەڵبکەوێ لەو هەلە موبارەکەدا ئاساری بەدی شاهەنشاهییەتی ئێرانی ریشەکێش بکەم.

حەمەرەشیدخان لە قەزییەی شەهریوەرا موتابقی رەغبەت و نەخشەی من کاری نەئەکرد و ئێلا من حەرەکاتەکەم هەر ئەوەندە مەحدوود نەئەکرد بەڵکوو ئەمەویست لە شاری تارانا محەممەد رەزای خائین لەگەڵ هەیئەتە خائینەکەی حکومەتەکەیا لە داری سیاسەت بدەم.

قازی محەممەدیش دیسان بە شەخسێکی گوناهبار ئەزانم کە نەیهێشت لە تۆڵەی خوێنی ئازادیخواهی کورد، ئەو دەرەجەدارە خائینانەی دەوڵەتی محەممەد رەزا لە سەقز و بانە و سەردەشتا بکەم بە عیبرەت و نموونەی میسالی مێژووی کورد.

بەڵێنیتان ئەدەمێ هەتا ئاخر نەفەسم دوژمنم بە حکومەتی حازرەی ئێران و هەتا دوا تنۆکی خوێنم ئامادەم کە سەری خۆم بخەمە پێناوی ئازادی کورد. لەو بیرو بڕیارەی کە لە گەڵ نیشتمان و کورد بەستوومە بەرگەشتە نیم. ئازادی کوردم ئەوێ نەوەک زیندەگانی کەسیفانە و بی دەستەڵاتانە.

بژی کوردستان، بژی ئازادیخواهانی کورد

ئەحمەدی فاڕوقی

خەلیل خان زادە

س- ئاغایانی عەبدوڵا خان و حەمەخان ئێوە بەرامبەر بەم تەعەسووبە قەومییە ئەڵێن چی؟

ج- تکایە هیچ پرسیارێک لە ئێمە مەکە چوونکە تەعەسووب و نیشتمانپەرەستی ئێمە زۆر لە ئیزهاراتی کاکەمان بەرەوژورترە و حەرفەن ئەو فەرمووادنەی موافیقی ئارەزو و نیهادی ئێمەیە.

محمد دانیشوەر عەبدوڵا مەتینی

حاجی بابە شێخی سیادەت، سەرۆک وەزیری کۆماری کوردستان لە لاپەڕەی ١٦٤ کتێبی "رۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت" باسی شەڕی سەقز و عەشایر و کوشتنی سەرلەشکر ئەمین دەکا و دەنووسێ کە سپای ئیران لە کێوی "حاجیبە تاو" کە کێوێکی بچووکە و دەڕوانێتە سەر گووندی "کاکە سیا" و "ساحەب" تۆپیان دابەست بوو و دەیاگرتە ناوچەی سەقز. جەنگاوەرانی حەمە رەشیدخان ئەو چیایەیان گرت و تۆپەکانیان هەڵداشە خوار. وەرەی سەربازانی ئەرتەش دابەزی و لە نیزیک پردی چۆمی کە بەرەو سەقز دەڕوا، گوللەیەکی وێل وە سەرلەشکر مەحموودی ئەمین کەوت و گیانی لەدەست دا. بەڵام تیمسار ئەڕفەع لە بیرەوەرییەکانی دا، ئەحمەدخانی فاڕوقی بە کوشتنی سەرلەشکر ئەمین تاوانبار دەکا. دیارە ئەحمەد خان، ئەو قسەیە رەد دەکاتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## مەحکەمەی  ئەحمەد خانی شەجیعی فەیزۆڵلابەگی

س- ئاغای ئەحمەدخانی شەجیعی تۆ بە چە هیوایەک لە هیجانان موقابیلەی نیروی شاهەنشاهیت کردوە. ئەگەر مەعاوینی فەرماندەی ئەو جەبهەیە بووی بۆچی لیباسی رەسمی ئەفسەریت لەبەرا نەبووە؟

ج- ئەسڵەن من بۆ لیباس لەبەر کردن ئیختیاری خزمەتی دێمۆکراتم نەکردوو. بە بێ قەید و شەرت ئەمویست فیداکاری بۆ نیشتمان بکەم. لەبەر ئەوەی کە دەوڵەتی ئێرانم بە دەوڵەتێکی خائین ئەزانی. قەرارم دابوو هەتا ئاخر هەناسەم لە پێناوی دیمۆکراتا فیداکاری بە ئەنجام بگەیەنم. بەبێ شەڕەفیم ئەزانی کە ئاڵای ئازادی ۹،۵۰۰ ملیون کورد بخەمە ئەساڕەتی ئەو دوژمنانەی کە نازانن مەعنای شەڕافەت و تەمەدوون چیە. زۆر بەو ڕۆژە ئەنازم کە وا من لەسەر خزمەت و نیشتمانپەرەستی قەومی خۆم بە تاوانبار دانراوم.

بژی ئازادی کورد. بمرێ دیکتاتۆری ئێرانی

ئەحمەد شەجیعی

کلتەگەی رەشید خان زادە

## مەحکەمەی حەمەئەمین بەگی بابەخان بەگی فەیزۆڵلابەگی

س- ئاغای حەمەئەمین باغلوجە تۆ بە بێ ئەسنادی قانوونی ئەرتەشی ئێران دەرەجەی کبتانی دێمۆکراتت هەڵگرتبوو، جلی گاورانت لەبەر کردبوو و لە شەڕی سەردەشتا ئیشتڕاکی شەڕت کرد بوو. دوو کوڕت ناردوە بۆ باتکوبای رووسیا بۆ تەحسیلی رووسی.

ج- چوونی کوڕەکانم بۆ رووسیا شتێکی زرووری بوو. چونکە وا ئێعتیقاد  ئەکرێ ئەوان بتوانن ئینتیقامی خوێنی شەهیدانی کورد لەو خائینانە وەربگرن کە بەبێ تاوان ئێمەیان زیندانی کردوە. دووهەم ئیستقلال و ئازادیش خۆشەویسترین شتە لە جیهانا. مادام کورد توانیوێتی خۆی بکا بە خاوەن دەرەجات و نیشان، منیش بە ئەوپەڕی فەخرەوە هەڵیان ئەگرم و بۆ ئیشتراکی هەرای سەردەشتیش واجباتێکی قەومیم بە جێ هێناوە و ئیتاعەی نیزامی سەربازیم کردوە.

محەممەد فەیزۆڵلابەگی

بە قەراری هەیئەتی دادگای زەمانی جەنگی بۆکان ئەو ٦ ئاغایانە شفاهەن قەراری ئێعدامیان بە تەسدیقی مەحکەمەی تەجدیدی نەزەر و ئیرادەی شاهەنشاهی گەیشت کە لەشەوی ١٥ بەهمەنی ١٣٢٥ دا ئێعدام بکرێن.

جا ئاغایانی ناوبراو لە رۆژی ١٣ بەهمەن ١٣٢٥ بە محافیزەی جەللاد سەرتیپ لەشکری هێنرانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەقز و عەلی بەگی شیرزادی تەنها لە بۆکان بۆ سەلیب گل درایەوە و سەرتیپ(لەشکری) کە یەکێک بوو لە داخ دار و ژن و ماڵ بە تاڵانبراوەکانی دەوری حەمە رەشیدخان لەبانەدا، بۆ ئینتقامی ئەو کینەیە داد و تەلەبی ئەو خزمەتە ببوو کە نهایەتی رۆژێ ئەو ئاغا کوردانە بە دەستی ئەو بێ.
جا لە شەوی ۱۳۲۵/۱۱/۱۵ کە مەسادفی ۱۳ رەبیعول ئەوەلی ۱۳٦٥هـ ئەکات قەراری سەلیبیان لە سەقز بەو ۱۱ ئاغایە بە تەفسیلاتی خوارەوە ئیبلاغ کرد و بە حوزوری ئیمام جومعەی سەقز وەسییەتی ئاغایان کرا.

## ۱- ئیعدام کردنی عەلی جوانمەردی و رەسوڵی مەحمودی (۲)

ئیمام جومعەی سەقز: ئاغای عەلی جەوانمەردی لەسەر ئەمری دەوڵەتی شاهەنشاهی هاتووم پێت رابگەیەنم تۆ لەگەڵ رەسوڵ ئاغای براتا لە پاش۲۰ دەقیقەی کە سەلب ئەکرێن چ وەسییەتێکتان هەیە بیکەن.

عەلی جەوانمەردی: ئاغا ئیمام جومعە من ئەو کوژرانەم زۆر لەو ژیانە بەلاوە باشترە کە زبان و قەڵەم و حورییەتم لە ژێر پەنجەی دەوڵەتی دیکتاتۆری ئێران ئەسیر کرابێ. من زۆر بەو کوژرانە شانازی ئەکەم کە کەلەی من ئەخرێتە بنەڕەچەی ئیستقلالی کوردەوە. گیانی کە لە رێی ئازادی گەلا بەخت نەکرێ مانای ئەوەیە کە دەورەی زیندەگانی نەدیوە. بەڵام داخی گەرانم بەو مەرامە نەگەیشتم کە هەمیشە چاوەروانیم ئەکرد.

شێعر

| | |
|---|---|
| بەم مەرگە شادم مەرگی مەردانە | لە پێناوی کورد کوژران سەیرانە |
| لە داری سیاسەت ئەدرێم قەی ناکا | کوژران و بەندی پیشەی کوردانە |

بەڵام بە حەمە و حەسەن و رەشیدی کوڕم بڵێن ئەگەر بۆیانکرا خوێنم ون نەکەن. بەڵام رەسوڵ ئاغای برام بێ گوناهە. چونکە برا بچوکم بووە هەرچێکی کە کردبی بە قسەی من کردوویەتی دە هەزار تمەن ئەدەم کە رەسوڵ ئاغا نەکوژن. خوا هەڵناگرێ حەقی کوشتنی نییە.

رەسوڵ ئاغا: کاکە چە وەختی ئەو قسانەیە تۆ ئەتەوێ بەناوی کێ پر لە شەڕافەتەوە ئەو جیهانە خوێڕی یە بە جێبێلی و منیش لەبەر چەنگی دەوڵەتێکیبی بێ شەرافەت بە جێ بێڵی کە پێم بڵێن ئاغای سەرجوخە شەعبانت کوشتوە.

نا نا ئاغا شتی وا مەفەرموو بۆ خزمەتکاری ئەو مسافرەتەت منت لازمە لە زیندەگانیدا هەر بەیەکەوە بووین با لەو دونیایەش لێک هەڵنەبرێن. نازانم چۆن دڵت بڕوایی ئەدا کە لەو شایی و زەماوەندەی شەڕافەتی مێژووی کوردا من بێ بەش بکەیت. نا نا ئاغای ئیمام جومعە گوێی مەدە فەرموودەکانی ئاغا. بەڵام ئەو وەسییەتەی منە بە سولتەی تەنفیزییەی ئەو حوکم رابگەینە، کە من لە پێش جەنابی عەلی ئاغا دا بکوژن با چاوم بە مەرگی ئاغا نەکەوێ. با ئاغا بزانێ کە لە مەیدانی گیانکێشان و رووح فیداکردنی قەوما، لاوێکی بەجەرگ بلیمەت بووم. ۲- بە حەمە و هەمزە و بایزی کوڕیشم رابگەیەنە کە قەت ژیان و زیندەگانی بە سەر شۆڕییان نەوێ. بەڵکوو کوشیشی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوە بکەن کە تۆڵەی مامە و باوکیان لەو دوژمنانە بکەنەوە کە ئەوانیان بێ مامە و باوک کردوە.

شێعر

| | |
|---|---|
| ئەو ڕۆژە خۆشە لە داری ئازاد | بدرێم ببینن ناحەز و دوژمن |
| بڵێن ئەو کوردەی لە ڕێی ئازادی | گیانی بەخشیوە بە جەنەت بوو شاد |

ئاغایانی ئەحمەددخان و هاوبیرانی فەیزوڵلابەگی، من و کاکەم وا ئەڕۆین بۆ پای دار، گەردنمان ئازاد بکەن، خوداحافیز خۆتان لەگەڵ

سەعات ٦/٣٠ شەوی ١٥/١١/١٣٢٥ بژی ئازادی بژی ئازادی



## ئێعدامی ئەحمەددخانی فاڕوقی ژمارە (٣) ڕەئیسی عەشیرەتی فەیزوڵلابەگی

ئیمام جومعە: ئاغای ئەحمەددخانی سالار تۆ ئەمشەو لەگەڵ عەبدوڵا خان و حەمەخانی براتا ئێعدام ئەکرێن چە وەسییەتێکتان هەیە بیکەن بۆتان ئەگەیەنم .

ئەحمەددخان: من هیچ وەسییەتێکی ئاوام نییە کە داوا روئفەتی دەوڵەتی ئێرانی مورتەجیع بکەم. بەڵام بە دەوڵەتی کۆنەپەرەستی ئێران رابگەیەنە کە خوێنی ئێمە لە لایەن لاوانی کورد ون ناکرێ. خوێنرژانی ئێمە ئەچێتە قالبێکی ئاوا گرینگی سیاسیەوە. هیچ ئۆمێد ناکرێ کە چارەی ئەو پرشەنگانە بکرێ کە وەکوو بنزین و ئاگر ئەکەوێتە ناو لاشەی میللەتی فارس زمانەوە.

قەی ناکا ئێمە کە ٣ براین وا خویتنی خۆمان بە ٩،٥٠٠ ملیون کورد بەخشی. ئەڵبەتە لاوانی کوردیش دارای ئەوەندە غیرەت و شەڕافەتن کە یەک بە هەزار خوێنی ئەو دوژمنانە برێژن کەحەقی ئێمەیان بە سەرەوە هەیە.

ئەگەر ئێرانی مورتەجیع لای وابێ بە کوژرانی ئێمە قەزایای ئازادی و ئیستقلالی کورد دائەمرکێتەوە ئەوە شتێکی تێنەگەیشتوو چەوتانەیە. بە حەمە ڕەزای نیهاد بەد رابگەیەنە ئەمڕۆ ئەوەڵی شۆڕش و ئاژاوەی ئێرانە و بە کوشتنی ئێمە بروزە ئەستێنێ و ئەگەر مەرامیشی بە ئەنجام هێنانی غەرەزێکی شەخسییە ئێمە ئاسارێکی وامان دانەناوە کە بە کوژرانی ئێمە کۆتاهی بێت. چونکە هەموو نەفەرێکی کورد لە ئێمە زیاتر ئامادەی فیداکاری بۆ لە ناوبردنی پایەداری محەممەد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەزای دیکتاتۆر و نیزامی فاسیدی ئێرانە. ئێنکار ناکرێ هەتا ئێستا یەک سەرلەشکر و یەک سەرهەنگ و٣ سەرگورد و ١٢ سەروان و ٩٦ نەفەری سەربازی خاسی فارس زبانم کوشتوە. هەر چەند کە لەو کوشتارە بەرامبەر بە خوێنی من و براکانم شتێکی بێ قیمەبەلام بۆ ئیسابتی گیان پاکی و تەقدیسی شەهادەت ئەو کردەوەیەم بۆتە گەواهی ئەوەی کە بەپێی تەوانام لە دەوری ژیانما واجباتی میللی خۆم بە ئەنجام هێناوە و گلەیی برایانی کورد و دایکی نیشتمانم بە سەرخۆمەوە نەهێشتوە، من لە پێش عەبدوڵا و حەمەی براما بەرن بۆ پای دار. باچاوم بە مەرگی ئەوان نەکەوێ.

ئەوا لەسەر تۆ ئەمبەن بۆ پای دار     دایکی شیرینم نیشتمانی نازدار
لەجیاتی گریان و شین و ڕۆڵە ڕۆ     قەبرم داپۆشە بە غونچەی گوڵنار



## عەبدوڵا خانی مەتین فەیزوڵلابەگی ژمارە(٤)

ئاغای ئیمام جومعە بە دەوڵەتی خوێنخواری ئێران ڕابگەینە، بەرخی نێر بۆ سەربڕین باشە نەک بۆ خەوتن. دایکی نیشتمانی کوردم بۆ سەربڕین منی هێناوەتە وجوود. ئەمە واجباتێکی پیرۆزی خۆمە بە ئەنجامی ئەگەینم کە وا بە شادی و سەربەرزییەوە ئەچم بۆ بەر ئەو دارە کە پێێ ئەڵێن داری ئیستقلال. وامەزانن کە بۆ بەجێهێشتنی ماڵ و مناڵ بە پەرۆشم. چوونکە ناوێکی پاکی بقام ئاوەڵا لەو سەفەرەما و مژدە بە دەوڵەتی فاشیزمی موتەفەسخی ئێران ڕابگەینە کە خوێنی ئێمە ئەبێ بە لافاوێک کە کاخی مەڕمەڕی و سەرایچەی سەعدئابادی کۆنەپەرەستی حەمەڕەزای بەد ئەتواری پێ لەناو بچێ.

شێعر

ئەو ڕۆژە چە خۆشە کەسەرم بەرز و بڵند جێم
کورسی سەری سەربازی عەجەم کەوتۆتە ژێر پێم

## حەمەخانی دانیشوەر فەیزوڵلابەگی ژمارە (٥).

ئاغای ئیمام جومعە وەسییەتی من هەر ئەوەیە دایکمان لە دێهاتی قیلسون و داش ئاغلوجە و ئەلکەلووە بۆ دیدەنی ئێمە هاتوە بۆ سەقز. ئەگەر ئەکرێ بۆمان بانگ بکەن، چاوێکمان پێی بکەوێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



چونکە ئێمە ئەرۆین بۆ سەفەرێکی زۆر دوور. با دایکمان بزانێ کە دەوڵەتی ئێران بە کوژرانی ئێمە فکری دامەزرانەوە و تەشکیلاتی ئێرانی هەیە. با دایکمان ئەوە بزانێ کە کەللەی کوڕەکانی ئەکەن بەخشتی بەنای ئازادی کورد.

با دایکم، بە خانمە خۆشەویستەکەم رابگەیەنێ ئەوا من ئەوەم بە جێهێشت بنا بەو خۆشەویستنەی کە بوومانە. کوڕە بچکولانەکەی بەو تەرزە تەربیە بدات کە بە شەڕافەتی باوک و باپیرانەوە ئەویش بێتە ژێر خاک.

شێعر

منصوروار اگرم ببرند بە پای دار

مردانە جان دهم کە جهان پایەدار نیست.

برایانی فەیزوڵلابەگی گەردنمان ئازا بکە ئەوا سەعات ٧،٣٠ شەوە ئەمان بەن بۆ پای دار. بژی ئازادی بژی کوردستان و سەربەخۆیی.

ئەحمەد خانی کوڕی خەلیل خانی فەیزوڵلابەگی بوو. مونتەهای دەرەجە خوێندەوار و زمان شیرین روخۆش بالابەرز رەنگ ئەسمەر ئازا و هەڵکەوتووی ئەو عەشیرەتە بوو. عومری لە دەورەی ٤٥ ساڵانا بوو. لە دێی قیلسون مەنتیقەی سەقز دائەنیشت. عبداله خان عومری ٣٥ ساڵ و محمدخان ٣٠ سالان بوو. عبداله خان لە دێی ئەلکەلو و حەمەخان لە دێ داشالوجەی سەقز دائەنیشتن. ئەحمەد خان زۆر جون و سوارچاک بوو لە دەرەجەی سەخاوەتیشا بەو حەدەی قیاس دائەنرا زۆر بە سووبات و ئیقدام بوو. هەمیشە بەرامبەر بە دەوڵەتی ئێران تەمەرۆدی ئەکرد. هەتا باوکیشی لە زەمانی شێخ عبداله شەمزینان ئیشتراکی ئەو حەڕەکاتەی کرد بوو لە ١٨٨١ دا. رەوییەی قەومییەت لەناو ئەو فامیلەدا شتێکی وەراسییە بوو. لە قەزییەی شەهریوەرا ئیلتحاقی بە حەمە رەشیدخان کردبوو. ئەکسەری پێشرەوتی لەشکر کێشەکەی حەمە رەشیدخان لە ئێرانا بە هۆی ئەمەوە پێکهاتبوو.

مودەتێک لەدەوری حەمە رەشیدخانا کرا بە حاکمی سەقز. کە تەشکیلاتی سەقز کرایەوە هاتە بانە. کە بانە سووتا لەگەڵ حەمە رەشیدخانا چوو بۆ عێراق و لە دوای ساڵێک چووە بۆ مەنتیقەی بۆکان لە دێی تورکمان کەندی دانیشت و دوایی لە زەمانی قازی محەممەددا کرا بە مەعاوینی جەنگی حەمە رەشیدخان. کە حەمەرەشیدخان گەڕایەوە بۆ عێراق بە ماڵەوە چوو بۆ سابڵاغ. لەوێ کرا بە ئەندامی ئەنجومەنی ئەیالاتی. کە شەری هەوشار و ئێران و قازی محەممەد دەستی پێکرا، کرا بە فەرماندەی لەشکری سابلاغ لە هولەسودا. لە شکستی دێمۆکراتا لەسەر ئیعتمادی ئێرانییەکان بوو بە مەئموری ئەسلەحەچنی هەتا ساتی گیرانی. لەبەر چاوی ئێرانیەکان پایەکی زۆر بە کەڵک و بەرز بوو بۆ خانووی ئازادیخواهان.

حکومەتی ئێران ئەکسەری ئاژاوەی ئێرانی ئەو ناوچەیان بە تەحریکاتی ئەحمەدخان ئەزانی و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەمێک بوو لێی بەداخ بوون هەتا فورسەتیان بۆ هەڵکەوت. شەوێ، ناوبراو لەگەڵ هەردوو برایا خنکاندرا و گیانی پاکی خرایە باوەشی فریشتەی ئازادیخواهی، فریشتەی سەرپەرشتی گیانی شەهیدانی نیشتمانخواهی،

ئەمجا بەیانی جەنازەی ئەو ٣ رۆڵە قارەمانانەیا فڕێدایە بەردەمی دایکیان(...)، ئەو دایکە غیرەتدارە هیچ بۆیان نەگریا. هەر ئەوەندەی گوت رۆڵەکانم دەوڵەتی ئێران زۆر لێتان ئەترسا بۆیە ئاوا جەرگی منی بۆ ئێوە سووتاند. بۆتان ناگریم چونکە بۆ من جێگای فەخرن. مادام ئێوە رۆڵەیەک بوون لە پێناوی گەلا کوژران، حقوایە بە مەرگی ئێوە شادمان ببم چونکە بە هۆی ئەو گیانە پڕ سەلابەتەتانەوە خۆتان کردوە بە خاوەنی شەڕەف و ئاسار لە مێژوودا. منیش دێم بۆ لاتان لەو زووانە  ئینشاڵا لە خانووی بەقای بەقیمەتا بە یەکەوە شاد ئەبینەوە.

ئەو پیرێژنە هەزارە تەقریبەن سەعات و نیوێک بێ هۆش کەوت. کاتێ وەهۆش هاتەوە کوڕەکانی دەفن کراون. هەر بەو گڕوتاوەوە چوو بوو سەر قەبرەکانیان و گۆریچەکانی بە گوونبەز هەڵبەستن.

ئەحمەدخانی فاروقی، عەبدوڵاخانی مەتین، محەممەدخانی دانشوەر هەر سێک برا بوون. ئەوان کوڕی خەلیل خانی فاروقی کە سوفییەکی نیشتیمانپەروە و دڵپاک و مریدی ساداتی مەشایخی نەهری، شاهی شەمزینان بوون. ئەحمەد خانی فاروقی بە ئەحمەد خانی خەلیل خان بە ناوبانگ بوو. لە نیو خەڵک دا، سوارچاکی و دەست و تفەنگی ئەو، ببووە بە گۆرانی.

هەروەها عەلیئاغای جەوانمەردی، رەسووڵئاغای مەحمودیش برابوون. پێج کەس لە شەهیدانی سەقز، خاڵۆزای پێشەوا قازی و دوو کەسی دیش خزمی دایکی بوون. بە پێی نوسراوەی محەممەد ساڵحی ئیبراهیمی(شەپۆل) لە سایتی ئینترنێتی دا، کاتێک هەواڵی لە سێدارەدانی ئەحمەدخانی فاروقی و براکانی بە زێڕەوشان خانمی دایکیان گەیشت، ئەو لە سەر بەرماڵی نوێژ بوو. لە تاوان پرچی رنیوە و بە چەنگان رومەتی داڕوشاند. ئەو زۆر ناڕەحەت بوو بەڵام زوو وەخۆ هاتەوە و هەستا بەرەو مەیدانی ئیعدام وەڕێکەوت. مامۆستا هێمن لە ساڵی ١٣٥٠ لە بەغدا لەسەر ئەو رووداوە دڵتەزێنە، لە ژێر سەردێڕی "شێرەژن" دەنووسێ:

شێرەژن

شارەکەمان، شارە بچووک و تووک لێکراوەکەمان سەقز یەکێکە لەو شارە کاولانەی کوردستان کە لە مێژووی تاریک و پڕ کارەساتی خوێناوی خۆیدا گەلێک جار تووشی پەلاماری دڕندانەی دوژمن و تاڵان و بڕۆ و کوشت و کوشتار و هەڵات هەڵات و سووتمان ،خاپوور کران و چۆڵ بوون بووە. ڕووی خۆشی کەمتر بە خۆیەوە دیوە دەتوانم بڵێم هەر نەیدیوە.بەڵی شەقز شارێکی تووک لێکراوە. تەنانەت پاش تێکچوونی حکوومەتی ڕەزاخان پاش فەوتانی ئەو قازاخە چەکمەڕەقە و ئەو دیکتاتۆرە خوێنمژە کە خەڵکی ئێران پشوویەکی هاتەوە بەر و ئاهێکی خۆشی لە دڵی گەڕا دیسان سەقز شوومترین و ڕەشترین ڕۆژانی تاریخی ڕابوارد.

ئەڕتەشی شاهەنشاهی پەهلەوی کە دەیانگوت ئاسمانی بە سەرنێزەوە ڕادەگرێ و زەوی لە بەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێیدا دەلەرزێ لە ڕاست سپای هاوپەیمانانددا بەری فوویەکی نەگرت.دەستی بۆ چەک نەچوو،تاوێکی بەربەرەکانی نەکرد،وەک تۆوی هەرزن بڵاو بوو، وەک بڵقی سەرئاو پووچاوە. چەک فڕێدان. بەجلی ژنانەوە ڕاکردن و خۆ لە تەویلەی ئاغا و دەرەبەگان ئاوێتن، تاکتیکی ئەو فەرماندە لووت بەرزانە بوو کە خەڵکیان بە دیل و کۆیلەی خۆیان دەزانی و لە سەردەمی دەسەڵاتی بیست ساڵەی ڕەزاخاندا کاریان زگ دڕین و گیرفان بڕین و هەژار چەوساندنەوە و دارا ڕووتاندنەوە بوو. بەلام ئەو قارەمانانەی کە لە لێقەومانەکەی شەهریوەر دا دەمانچە و شمشیرەکانیان بە چارشێوێکی ژنان دەدا و چەکمە بریقەدارەکانیان بە کەڵاشێکی کرچ و کۆن دەگۆڕییەوە و باقیشیان دەداوە و خۆیان دەشاردەوە و لە بەر دەستی خەڵک، خەڵکی تووڕە و داخ لە دڵ هەڵدەهاتن، نازانم چۆن بوو پاش ماوەیەکی کەم سەروسەکوتیان لە سەقز پەیدا بۆوە؟ نە حەیا و نە شەرم، وەک نە بایان پێدا هاتبێ نە بۆران، بە بەرگی بە زەرق و بەرقەوە، بە سەردووشی مەنگوڵەدارەوە، بە چەکمەی ڕەش و خرینگە خرینگی مامزانەوە وەک ڕۆمێل لە خەیابانەکانی سەقز دا بە گەڕان و خۆ بادان و قەمچی هەڵسووڕاندن و پۆز لێدان.

بێجگەلە ڕۆمێلەکانی خۆ وڵاتی و خۆماڵی قیافەی نامۆ و سەیر سەیریش وەبەرچاو دەهاتن. ئەفسەری سووره زرتە و قەڵەو و درێژ و زەلام، سەربازی ڕەشی، لاوازی مردەلۆخە، وا دیار بوو بێگانەن، هێندێکیان لەو بەری دەریاوە بۆ پاراستنی خۆیان هاتوونە ئێرە ئەوانی دیکەش لەئاسیای دوورەوە ڕست کراون و بە زۆری زۆردار هێنراونە ئەم وڵاتە کە لە پێناوی سوودی "ساحێب" دا ببنە قۆچی قوربان.

من ئەو دەمی نا کە مێرمنداڵێکی چاو نەکراوە بووم، بەڵکە ئێستاش کە هەزار پەند و گۆڵمەزم بە سەر هاتووە و زۆرم چەرمەسەری و کوێرەوەری و دەربەدەری دیوە هیچ سەرم لە زاراوەی لەشکری دەر ناچێ. بەڵام لە بیرمە ئەو کەسانەی لەو سەردەمە دا سەریان لە سیاسەت دەخورا و دەمیان لە شتی وا وەردەدا دەیانگوت: وەزعی ستراتێژیکی سەقز ئەوە هەڵدەگرێ. دەیانگوت هۆی گرینگی چارەڕەشی ئێمە هەڵکەوتنی جوغرافیایی ئەم شارەیە. دەیانگوت سەقز دەروازەی کرماشان و قەسری شیرین و تەنانەت ئەو دیوی سنووری ئێرانە کە کانگا نەوتەکانی دەربەست لەدەستی ساحێب دان. دەیانگوت شەپۆلی تووڕەیی و بیری دژی ئیمپریالیستی خەڵکی ئێران و جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئەم وڵاتە نەترەی ئیمپریالیسمی بردووە و مەترسی گەورەی بۆ ئیستیعمار پەیدا کردووە. زۆر شتی دیکەیان دەگوت کە من سەرم لێ دەرنەدەچوو و تێی نەدەگەیشتم.دەیانگوت هەر بۆیەش ئیستیعمار ناچار بووە ئەم ئەڕتەشەی بە دەستی خۆی تەفر و تونای کردبوو سەرلەنوێ زیندوو بکاتەوە و گەورەکانی بکاتە نۆکەری خۆی و لە سەقز مۆڵیان بداتەوە. چونکە مردووی خۆیەتی و بە دەستی خۆی ناشتوویەتی و دەزانێ چییە و تێی ڕانابینێ دەس بکاتەوە،ئەم سوورفلانەی هێناوە نەخشەی بۆ بکێشن و ئەم دیلانەی هێناوە پشتی بگرن و خەریکە بە هەموو هێزی خۆی ئەم دەروانە،بپارێزێ.

لەو سەروبەندانە دا کە ئێمەی خەڵکی لێقەوماوی هەژاری سەقز لە ژێر جەزرەبە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەشکەنجەی ئەڕتەشی شاهەنشاهی و ئاغاکانیدا لە ئاویلکەی گیان کێشاندا بووین، جووڵانەوەی ئازادیخوازی لە سەرانسەری ئێراندا برەوی ئەستاندبوو بەتایبەتی فیرقەی دێموکڕاتی ئازەربایجان ڕۆژ بە ڕۆژ زنجیری کۆیلەتی لە دەس و پێی گەلەکەی دەپساند و بەن کەڵەوەی نیری دیلی هەڵدەبڕی و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئاڵاهەڵگری خەباتی گەلەکەمان،بە ڕابەری ڕۆڵەی بلیمەت و هەڵکەوتی کورد پێشەوای خۆشەویست قازیی موحەممەدی نەمر، تەنگی بە ئیستیعمار هەڵچنیبوو و ڕەگوڕیشەی لە هەموو لایەک دا کوتا بوو و، لک و پۆپی بۆ هەموو مەڵبەندێکی کوردستان هاویشتبوو.

ڕێکخراوی حیزبی شارەکەی ئێمەش سەرەڕای ئەو هەموو کەند و کۆسپەی لە پێشدا بوو،لە ژێر چاوەدێری توندی شا و ئیستیعمار دا ئازایانە خەباتی دەکرد و ژیرانە چالاکی دەنواند و پەیوەندی نهێنی و بەردەوامی دەگەڵ مەرکەزی حیزب لە مەهاباد نەدەپچڕا و پەیکەکانی حیزب بە شەو و نیوەشەو هەر لە هاتوچۆ دا بوون، بەیاننامە و ڕۆژنامەکانی حیزب بە نێو خەڵکدا بڵاو دەکرانەوە.

پاش ئەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە یەکجاری سەرکەوت و کاربەدەستانی تارانی لە موکریان و ئەولاتریش دەرپەڕاند و جمهووری کوردستان دامەزرا،هێزی گەل و پێشمەرگە گەمارۆی سەقزی دا ئیتر حکوومەتی تاران بە جارێکی زراوی تۆقی و حەزیای برینداری ئیستیعمار بە تەواوی ئاوڕووژا و گەزارەی دەرکێشا و ژەهری پیسی خۆی بە سەر ئێمە دا ڕژاند.ڕۆژ نەبوو پۆلێک لاو نەگیرێن،نەخرێنە بەندیخانەوە یا بەڕێ نەکرێن بۆ پشتی جەبهە.شەو نەبوو دەستەیەکی دیکە خۆ ڕزگار نەکەن و پەنا نەبەن بۆ کوردستانی ڕزگارکراو کە ئامێزی بۆ هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و هەموو ئازادیخوازێکی جیهان ئاواڵا بوو،لەو لاشەوە ئەو دەرەبەگ و خاین و خۆفرۆشانەی کە حیزب دەرتانی خەیانەت و خراپەی لێ گرتبوون و ماوەی نەدەدان خوێنی مسکین و هەژاران چیدی بمژن و ئێسکیان بکرووسنەوە بە پەلە پرووزە خۆیان لە ئامێزی شاهەنشا دەهاویشت. ئەم حەمەڕەزایەی ئەمڕۆ بێ شەرمانە دەڵێ من شای پێخواسانم و بەردی دڵسۆزی بۆ جووتیار و کرێکارلە سینگ دەدا.ئێستاش ئەو دەرەبەگانەی ئەو سەردەمی خەیانەتیان بە گەل و نیشتمانی خۆیان کرد بە زەبری نووکی نێزە دەکاتە نوێنەر و سەناتۆر. بە کورتی سەقز بوو بە کەشتی نووح و لە هەموو تۆ و تەرەمەیەکی تێ خزا.چونکە تەویلەش نەمابوو جاشی تێ بکرێ ئاغاوەتەکانیان وەک گا و گۆل بە سەر خەڵکدا بڕی و بەزۆری لە ماڵان دایان مەزراندن. خاوەن ماڵ ناچار بوو لەو قات و قڕ و گرانییە بەسامەی کە لە کاتی شەڕ لە هەموو جێگایەک بە تایبەتی لە سەقز دا هەبوو لە زاری ژن و منداڵی خۆی بگرێتەوە و گا و گۆلی شا دابەستێ. ئەگەر ئاغا بەرچایی ڕۆنی کەرە و هێلکە و هەنگوین و مرەبا و نیوەڕۆژی چلاوکەباب و شێوی شەوانەی گۆشت و فڕووج و قەلەموون نەبوایە و شەو چەلەشی لێ بڕابا خاوەن ماڵ پێشمەرگە یا بە قەولی ئەوان " موتەجاسیر" بوو. دەسبەجێ ڕاپۆرتی لێ دەدرا و دەیانبردە دیژبان و تێر و تەسەل دەیان کوتا و سەر و گوێلاکیان دەشکاند و زۆر جاریش بێ سەروشوێن دەچوو.

لەو سەردەمیدا کە لە سایەی خەباتی حیزبێکی شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز و زانایی و دڵسۆزیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشەوا و ڕابەرێکی بلێمەت بەشێکی کوردستان هەر لە بەستێنی ئاراسەوە تا نیزیکترین گوندی سەقز ئازاد ببوو و گەلەکەمان لەو پەڕی خۆشی و ئازادی و سەربەرزیدا دەژیا و وەک دەڵێن ″گورگ و مەڕ پێکەوە ئاویان دەخواردەوە″ حاڵی خەڵکی شارەکەی ئێمە لە حاڵی کۆیلەکان گەلێک ناخۆشتر بوو.بۆیە من سەقزم نێو ناوە شاری تووک لێکراو.ڕۆژ نەبوو دیژبان،کاسب لە دووکان نەهێنێتە خوارێ وەبەر شەپانی نەدا یا گزیری ئاغا کەشیدە لە ئەستۆی چەند حاجی نەکا و ئاتەگی چەند مەلا نەبڕێ.خۆ ئەوەی ڕاویژکاران و کارناسانی بێگانە دەیانکرد ئەگەر لە ڕووم هاتبا بیگێڕمەوە مچوڕک بە لەشی هەموو ئینسانێکی خاوەن شەرەف و بە ناموس دا دەهات.

ئیستیعمار هەمیشە لە شارەکەی ئێمەوە نەخشەی ڕووخاندنی جەمهووری دێمۆکڕاتیکی کوردستانی دەکێشا.چەند جار ئەڕتەشی شاهەنشاهی شنگڵی لە خۆی دا و هێرشی بردە سەر سەنگەری ئازادی و، بەرەنگاری پێشمەرگەی کورد بوو.بەڵام دیتمان چۆن بە شڕ و وڕی گەڕایەوە وڕقی خۆی بە ئێمەی بێ چەک و بێ دەرەتان ڕشت.

داخی بە جەرگەم گەندەڵ فێڵی ئیمپریالیزم کاری خۆی کرد و شای خایین کوتوپڕ هێرشی هێنا سەر حکوومەتی ئازەربایجان و پاش سالێک تەورێزی قارەمان داگیر کراوە و سێڵاوی خوێنی تێدا جاری بوو. مەهاباد قیبلەی ئاواتی نەتەوەی کورد، لە هەر چوارلاوە ئابڵۆقە درا و بێ پشتیوان ماوە.جا ئەمجار ئەڕتەشی شاهەنشاهی لە سەقزەوە بەرەو مەهاباد کەوتە ڕێ.ئەوەی نەدەبوو ببێ،بوو. کۆمارە خۆشەویستەکەمان ڕووخا، پێشەوا مەزنەکەمان بە خۆی و هاوڕێیەکانیەوە گیران.پێتان سەیر نەبێ ئەودەمیش یەکەم زەربەتی جەرگبڕ وەشارەکەمان کەوت و هەوڵ ڕیزی سێدارە لە سەقزی بێ فەڕ چەقی. بەیانییەکی ساردی زستانی سەقز بوو، کاتێ خەڵک لە ماڵ وەدەرکەوتن چ ببینن؟! کافر نەبینێ، یازدە سێدارە چەقیبوو،یازدە ڕۆڵەی نەبەز، یازدە قارەمانی کۆڵنەدەر، یازدە پیاوی تێکۆشەری کوردیان پێوە هەڵاوەسرا بوون. بەشی زۆری ئەم شەهیدانە لە عەشیرەتی پێشکەوتوو و نیشتمانپەروەری بەگزادەی فەیزوڵابەگی بوون کە مێژوو شاهیدە ئەم عەشیرەتە لە پێکهێنانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا چ نەخشێکی گەورە و بەرچاوی هەبووە. لە نێو ئەم شەهیدانە دا ئەحمەدخانی فاروقی مەزنی بەگزادان و دوو برا نۆجوانەکەی دەبینران کە هێندە لە مێژ نەبوو بە فێڵ گیرابوون و بە تاوانی کوردایەتی بێ موحاکەمە و لێپرسینەوە حوکمی ئێعدامیان درابوو. ئەفسەرێک کە ئەو حوکمەی پێ ڕاگەیاندوون لە زۆر جێیان و بۆ زۆر کەسی گێڕاوەتەوە: نیوەشەو بۆ خۆم و چەند گرووبان لەو ژوورەی ئەو سێ برایانەیان تێدا بەند کرد بوو وەژوور کەوتم، چرایان دایسا تەماشام کرد ئەحمەدخان ئانیشکی داوەتەوە و سیغار دەکێشێ و براکانی لە خوارەوە بە ئەدەب لە سەر چۆک دانیشتوون. سام گرتمی، بە مینگە مینگ حوکمەکەم پێ ڕاگەیاندن. پێم سەیر بوو هیچیان نەبزرکان،هیچیان ڕەنگیان نەگۆڕا و، ڕانەچەنین. ئەحمەد خان بە شێنەیی سیغارەکەی کووژاندەوە و گوتی: ″من بیرم لەوە کردبووەوە، ئەم ڕۆژەم لە پێش چاو بوو و دەمزانی لەسەر ئەم بیروڕایەی هەمە تووشی شتی وا دێم. بەڵێ، من کوردم،دێمۆکڕاتم،ئازادیخوازم، من دژی ڕێژیمی بۆگەنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاشایەتیم و دژی دەسەڵات شوومی بێگانەم و چارەنووسی پیاوێکی وەک من لە ئێرانی ئێستا دا هەر ئەوەیە. هیچ چاوەنۆڕی بەزەییم لەو ڕێژیمە نەکردووە و ناکەم. بەڵام شایەکەی ئێوە کە لافی کۆمەڵناسی لێ دەدا، دەبوو ئەوەندەی زانیبایە ئێمە عەشیرەتین و لە نێو عەشیرەتاندا تاوان هەر ئی مەزن و برا گەورەیە چونکە برای بچووک بە پێی ڕێوشوێنی عەشیرەتی ناچارە وەدوای براگەورە بکەوێ و لە قسەی نەچێتە دەر، لە بەر ئەوە نەدەبوو حوکمی وا زۆردارانە و بێ ڕەحمانە و ناپیاوانە لە سەر براکانم بدا."

هێشتا ئەحمەد خان قسەی مابوو بیکا کە عەوڵاخان وەجواب هات و گوتی: "کاکە گیان! کاکی بەڕێز و بەرزم! مایەی سەربەرزی بنەماڵەکەمان! زۆر جێی داخە کە لە ئاخری ژیانمدا قسە لە قسەی برا گەورەی خۆمدا بکەم و ئەم ڕاستییە بدرکێنم کە ئێمە زۆر لەپێش جەنابتدا ئەم بیرو بڕاوەیەمان پەسند کردبوو و چووبووینە نێو ریزی حیزبەوە. ئەگەر خودای نەکردە تۆش نەچووبایەی نێو ڕیزی حیزبەوە و ئەم بیروبڕوایەت قبووڵ نەکردبایە و ڕێبازی شەڕەف و کوردایەتی و ئازادیخوازیت نەگرتبایە و بۆ پاراستنی موڵک و ماڵ و شتی وا پشتت لە نەتەوەکەت کردبایە ئێمە لە ڕەسمی عەشیرەتیمان هەڵدەدا و قەت شوێنت نەدەکەوتین. بەڵکوو پێم وایە یەکەم لوولەی تفەنگ، تفەنگی پێشمەرگەی کوردستان کە بەرەو سینگی تۆ ڕادێرابایە لوولەی تفەنگی براکانت دەبوو.


زێڕوەشان

حەمە خان کە تائێستا بێدەنگ بوو گوتی: "ئەرێ ئەم کەند و کۆژەی بۆ چییە؟ هەستن هەر سێکمان بڕۆین، بەرەو شەڕەف،بەرەو شانازی، بەرەو مەرگی پیاوانە، یان باشتر بڵێم بەرەو ژیانی ئەبەدی".

ئەحمەدخان هەستا لاچاوی براکانی ڕامووسی و ئەوانیش دەستی ئەویان ماچ کرد و کەوتنە ڕێ.

تا ئێرە لە زمانی ئەو ئەفسەرە بیستراوە کە خۆشی کورد بووە. بەڵام لە بن دار دا زۆر کەس ئاگای لە ئازایەتی و پیاوەتی و نەترسیی ئەوان بووە و شیعاری کوردانە و ئازادیخوازانەی ئەم سێ برا قارەمانانەی بیستووە.

کاتێک ئەم هەواڵەدڵتەزێن و جەرگبڕە بۆ " زێڕوەشان" خانمی دایکی شەهیدەکان کە لە سەر بەرماڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەریکی نوێژ و دۆعا بوو دەبەن، لە پێشدا عاتیفەی دایکەتی تینی دەدا و بە نینۆک هەر دوو لا ڕوومەتە قەڵەوەکانی وا دەڕنێ کە خوێن لووزەو دەبەستێ. بەڵام زوو دێتەوە سەرخۆ و کوڵی دەنیشێتەوە و زۆر بە ویقار و ئارامی بەرەو مەیدانی ئێعدام دەکەوێتە ڕێ. لەو ئاپۆرە نیزیک دەبێتەوە کە بە خەم و پەژارە و گریانەوە کۆ بوونەوە. خەڵکەکە بە دیتنی ئەم خانمە بەڕێزە و ئەم دایکە دڵسووتاوە کە بە دەستی شا قەت کەسی نەماوە و وەجاغی کوێربۆتەوە لە گابۆڕ دەدەن.بەڵام ئەو ناگری، نێوچاوانی گرژ دەکاو لێوی دەکرۆژێ و سەربەستانە دەچێتە پێش. ڕێی بۆ دەکەنەوە تا دەگاتە ئەو ئەفسەر و سەربازانەی کە لە دەورەی سێدارەکان کێشک دەکێشن. ئەوانیش بێ ئیختییار دڕ دەدەن. دەگاتە بن داری کوڕەکانی کەمێک لەژێڵڵا تێیان دەفکرێ و دەڵێ: "دەک ڕۆڵە ڕووتان سپی بێ وەک ڕووی دایکی خۆتان سپی کردووە. من بۆتان ناگریم، قوڕتان بۆ ناپێوم، شینتان بۆ ناگێڕم. چونکە ئێوە پیاوانە ژیان و پیاوانە چوونە سەر سێدارە. ئێوە لە سەر دزی و پیاوکوژی و خەیانەت و جاشەتی نەکووژراون. ئێوە لە ڕێگای ئازادی مە دا، لە سەر کوردایەتی، لە سەر ئابڕوو و شەڕەف و لە پێناوی ڕزگاری ئەم گەلە زۆرلێکراوە شەهید کراون و هەرگیز بە مردووتان نازانم."

لەو حاڵەتە دا فەرماندە مچ و مۆڕەکەی سەقزیش تەریق دەبێتەوە و لێی دەچێتە پێش و سەرەخۆشی لێ دەکا، شێرە ژن بێ ئەوەی سپاسی بکا پێ دەکەنێ و دەڵێ: "داخوا ئەم شۆڕە سوارانە دانابەزن؟"

گۆیا ئەمری شاهەنشا وا بوو سێ ڕۆژ تەرمی شەهیدەکان بە هەڵاوەسراوی بمێنێتەوە، بەڵام فەرماندە وا لە بەرامبەر ئەم غیرەتەی شێرەژن دا شەرمەزار دەبێتەوە دەستوور دەدا تەرمەکان داگرن. "زێڕووەشان خانم" کوڕەکانی ماچ دەکا و لەو خوێنەی بە ڕوومەتیدا دێتە خوار لە کوڵمەیان هەڵدەسوێ، مەلایەک لەوێندەرێ دەبێ و دەڵێ:"خانم بۆ وا دەکەی؟" جوابی دەداتەوە:"ماموٚستا! کوڕێکی لە من بووبێ و شیری منی خواردبێ و لە کۆشی من دا پەروەردە بووبێ دەزانم لە مردن ناترسێ... بەڵام خۆت دەزانی پیاوی بێ گیان ڕەنگی دەپەڕێ. بۆیە کوڵمەیان سوور دەکەم تا دوژمنان بیرنەکەنەوە کوڕی زێڕووەشان لە مردن ترساون!"

١- ساڵی ١٣٥٠/ ١٩٧١ بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی کوشتارەکەی سەقز ئەم داستانە لە کۆڕی یەکێتی نووسەرانی کورد لە بەغدا خوێندراوەتەوە و لە ژمارە ٢ی گۆڤاری "نووسەری کورد" دا چاپ کراوە.

٢- خەلیل خانی باوکی ئەم شەهیدانە سۆفییێکی بە ناوبانگ بووە، ڕەنگە داستانی حوسێنی حەلاجی بۆ خێزانەکەی گێڕابێتەوە،خوێن تێ هەڵسوونی ڕوومەتی شەهیدەکان لە داستانی حوسێن دەچێ.

هێمن

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە درێژەدا لە لاپەڕەی ١٣٣ بەرگی یەکەمی کتێبەکەی دا، لەسەر شەهیدانی سەقز دەنووسێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ئەحمەدخانی رەشیدخانی شەجیعی فەیزوڵڵابەگی ژمارە** (٦).



ئاغای ئەحمەدخانی شەجیعی تۆ ئەمشەو سەعات ٧/٢٠ دەقیقە ئێعدام ئەکرێی وەسییەت بکە. ئاغای ئیمام جومعە تەنها وەسییەتی من ئەوەیە کە بە فامیلی فەیزوڵڵابەگی و خزم و ئیتباعی من رابگەیەنن کە هەتا ئاخر کور و کچیان لە پێناوی ئازادی کوردا خۆیان بە کوشت بدەن و قبوڵی ژێر چەنگی ناحەزان نەکەن. چونکە غەسبی حورییەت لەهەموو مردنێک ناخۆشترە. من ئەو ئێعدامە بە جێگای تەئسیر نازانم. چونکە لە موستەقبەلی خۆم ئەمینم کە جەوانانی کورد یەک بەهەزار ئیتیقامی ئێمە لە فارسە خوێنخۆرە پیسەکان ئەستێنیتەوە. بەڵام ئەوەی کە ئەسبابی تەئسیری من بێ ئەوەیە کە من ئەوەندە ژیابام بە چاوی خۆم ئەو فارسە بەد کرەوانە لە ژێر چەکمەی لاوانی کوردا ببینم.

بە عەلی کوڕم رابگەینە ئەگەر رۆڵەی من بێ ئەبی ئەو رەوییە بگرێ کەمن گرتبووم. رەوییەی فارسی دیکتاتۆری کوشتن. رەوییەی ئازادی پەرەستی و خۆخستنە بارمتەی سەربەخۆیەتیەوە.

شێعر

ئەچم بۆ مەحشەری کوردان بە رووسووری و شەڕافەتمەند

نیشانەم تەوقی گەردنمە لەگەڵ دوو دەست و پێوەند

برایانی فەیزوڵڵابەگی ئەوا من ئەرۆم بۆ پای دار. ئەگەر ئێوە مان بەوساتەوە یادم بکەن. ئەحمەد خانی کوڕی رەشید خانی تورکەمانکەندی بوو لەناو فامیلی فەیزوڵڵا بەگیدا زۆر هەڵکەوتوو بوو. مەشهوور بوو بە سەخی تەبع و رووخۆش و جەفەنگباز: زمانی رووسی، فارسی، تورکی، کوردی زۆر باش ئەزانی. خوێندەوارێکی لایق بوو. لەدێی کلتەگەی بۆکان دائەنیشت. لە قەزییەی شەهریوەرا لەگەڵ ئەحمەدخانی سالار ئیشتراکی حەڕەکاتی حەمە رەشیدخانی کردبوو.

بەڵام لەبەر ئەوەی کە خزمی قازی محەممەد بوو، لە ئاشکرابوونی قازی محەممەد بایداوە لای قازی محەممەد. لەگەڵ عەزیزخانی یاسیکەندا، بە دەستووری رووسەکان حیزبێکی شیوعیان لەو ناوچەیەدا کردبووە. بەڵام لەبەر بی موقتەزای وەخت ئەو حیزبە لەپاش بەینێک لەلایەن قازی محەممەد و رووسەکانەوە داخرا. لە حەڕەکاتی هیجانانیشا وەکیلی ئەحمەدخانی فاروقی بوو. شەڕێکی زۆر مەردانەی لەگەڵ ئێرانیەکانا کردبوو. ئەگەر ئەو رۆژە ئەو ئاغایە سەرپەرشتی لەشکری فەیزوڵڵابەگی نەکرادیە عێلی فەیزوڵڵابەگی زۆر بە پیسی شکستیان هێنابوو. نەیان ئەتوانی ئێحرازی ئەو موقابیلەتە بکەن کە کردبوویان. ئەو ئاغایە لە تەمەنی ٤٥ساڵیدا ئێعدام کرا، بە ئێعدام کرانی ئەو مەحمودخانی برای بەرەڵا کرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## محەممەدبەگی بابەخان فەیزوڵلابەگی (٧).

ئیمام جومعە – ئاغای محەممەد بەگ، تۆ ئەمشەو سعات ٧/٤٠ دقیقە سەلەب ئەکرێی وەسییەت بکە.

ئاغای ئیمام جومعە – وەسییەت هەر ئەوەیە کە من لەسەر نەخشەیەکی شەریفی کورد ئەکوژرێم (سازمانی تەبیعەت منی بۆ زندەگانی (شرب الیهود) نەهێناوەتە وجوود. بەڵکوو ئەمنی بۆ خزمەتی نیشتمان و بەرزکردنەوەی گەل ئافەریدە کردووە. نیسبەتەن ئەوا من واجیباتی خۆم بە ئەنجام هێناوە. واجیباتەکەشم ئەوەیە لە دوای چەند دەقیقەیەکی تر خۆم ئەکەم بە قوربانی لەژێر پێی لاوانی کورد. خۆم ئەکەم بە شاهیدی ئەوەی کە مستوای قابیلییەتی کورد گەیشتۆتە ئەندازەیەک چیتر ژێرچەپۆکی ناحەزانی پێ قبووڵ نەکرێ.

شێعر

بمبەن بۆ پایدار داری ئیستقلال

بمکەن بە شاهید بۆ کوردی بێ حاڵ

ئاغایان بە خواتان ئەسپێرم. من ئەوا برام بۆ داری ئازادی، ئێوە و نیشتمان خۆش.

حەمە بەگ لە عەمری ٤٠ ساڵی دا شەهید کرا. ئەو ئاغایە لە عەشیرەتی فەیزوڵابەیگی بوو. لە قاراوەی بۆکان دائەنیشت. زۆر خوێندەوار بوو، فارسی تورکی کوردی زۆر بە باشی ئەزانی. باڵابەرزێکی زۆر شیک و رێک بوو. لە قەزییەی شەهریوەرا ئیشتڕاکی حەمە رەشید خانی کرد بوو. لەو ئاخرەشەوە لە لایەن قازی محەممەدەوە دەرەجەی کەبتانی درابۆیە. هەتا نهایەت لە جەبهەی سەقز سەردەشتا بەو پێشمەرگە خسوسیانەی خۆیەوە ئیشتڕاکی جەنگی لەگەڵ ئێرانییەکانا کرد بوو. دوو کوڕی بۆتەحسیل ناردبوو بۆ باتکوبە بۆ تەحسیلی ئادابی رووسی. بەڵام لە دوای کوژرانی باوکیان، کوڕەکان هاتنەوە بۆ ئێران، بۆ سەرپەرەشتی دایک و مناڵە ورد و بێ کەسەکانیان.

## عەلیخانی سەرتیپی قەلەندەر مولەقەب بە کوڕی فەیزولابەیگی (٨)

ئیمام جومعە - ئاغای عەلیخان تۆ ئەمشەو ئیعدام ئەکرێ وەسییەتت چییە بیڵێ. ئاغای ئیمام جومعە بە دەوڵەتی موڕتەجیعی ئێران رابگەیەنە. بە کوژرانی من تەسکینی وەزعییەتی ئێران ناکرێ. ئێرانی موتەفەسیخ ئەوەڵی شۆڕش و ئینقلابییەت. خوێنی ئێمە ئەڕاوەیەکە بۆ تەشجیعی گەنجە غیرەتدارەکانمان. چوونکە قەزییەی کورد بۆتە باسێکی جیهانی و کورد جارێکی تر ناتوانێ ئیعتماد بخاتە سەر فارسە بەد ئەتوارەکان و رزق و ماڵی خۆیان چیکە دەرخواردی ئەو حکومەتە خائینە بدەن. هەتا قەراری ئازادی بۆ کورد ئیمزا نەکرێ هەزارانی وەک من حازرن کە بەو رەوییە خۆیان فیدای بەرزی نیشتیمانی کورد بکەن. ئازادیخواهی کورد بە کوژرانی من تەواو نابێ چوونکە من

هەر واجیباتی خۆم بە ئەنجام هێناو٩/٥٠٠ میلیون کورد ماوە کە ئەو واجباتەی لێ ئۆمێد بکرێ. بە شای مورتەزیعی بەد نەهادتت رابگەیەنە ئەبێ کورد لە ئێران جیا بکرێتەوە. چوونکە کورد چیکە بە ژێر چەپۆکی ناژی. عیزەتی نەفسی کورد چیکە قبووڵی ئیسعماری ناکا. بمرێ ئێرانی مورتەجیع بژی کوردستانی نازدارەکەم.

شێعر

من لە کوشتن کەی ئەترسم لافی قەومی لێئەدەم

کەی کوڕی کوردم لە پێناوی وەتەن گەر گیان نەدەم

برایانی زیندانی سعات ٨ شەوە من ئەوا ئەڕۆم بۆ سەر قەنارەی دوژمن. گەردنم ئازاد بکەن کورد و کوردستان خۆش.

## حەسەن خانی جەلالی بەگ فەیزوڵابیگی (٩)

ئیمام جومعە: ئاغای حەسەن خان موتەئەسیفانە عەرزت ئەکەم ئەمشەو٨،٣٠ سەلب ئەکرێ وەسییەتان چییە بە ئەنجامی ئەگەینم؟

ئاغای ئیمام جومعە نا نا موتەئەسیف مەبە. من بۆ جێگایێ ناچم کە موستەقبەلم تاریک بێ و تاسفم بۆ بخورێ. پاشەرۆژی من لە قەیدی کوردا بە ٣ شت نووسراوەتەوە ئازایی راستی سووبات. بەو سێ ٣ تیرانە لە مەیدانی ئازادی کوردا جەنگاوم. ئەگەر هەدەفە پیسەکانی ئیرانی بۆگەنم بەو تیرانە پێکابایە، نەئەکوژرام. مانای کوشتنم شاهیدی ئەوەیە کە لە رێی ئازادیخواهیدا دەستی خۆم وەشاندوە. بە ئەفسەرە پیسەکانی ئێرانی رابگەینە ئەوان ئەمرۆ بە لاشە هەڵواسراوەکەی من پێ ئەکەنن، هێندەی پێناچێ کە لاوانی خوێن گەرم و تۆڵە ئەستێنی کوردیشم بە کەلاکە بۆگەنەکەی ئەوان بازی ئەکەن بە تەنافی ئینتقامەوە لە کوشتن ناترسێم چونکە لاوانی کورد خوێنم ون ناکەن. ئای چەند خۆشە کە بە کوژرانی من پیران و گەنجانی وڵات تەمینی ژیان و سەربەخۆیەتیان بکرێ. ئەو کۆچەم بە کۆچێکی شەرافەتمەندانە ئەزانم. چونکە ناو و شەرەفێکی گەورەم لە دواوەیە.

شێعر

سەری لەسەر کورد بە دارا نەکرێ حەیفە بە رۆڵەی کوردان ناو ببرێ

برایانی زیندانی خوداحافیز ئەوا من رۆیشتم بۆ پای دار ئێوە و نیشتمان خۆش.

## شێخ سەدیق ئەسعەدی (١٠) یازیبلاغی سەقز.

ئیمام جومعە: ئاغای سەدیقی ئەسعەدی زۆر بە پەرۆشم بۆ نەمانت چونکە ئەمشەو سەعات ٩ لە دار ئەدرێی وەسییەت بکە هەتا بۆت بە ئەنجام بگەیەنم.

شێخ سەدیق: ئاغای ئیمام جومعە راسپاردەی من هەر ئەوەیە کە بە ناوێکی شەڕەفەوە ئەڕۆم بۆ لای خوا و بە کفنی خوێناویمەوە مەعزوورییەتی کورد عەرزی بارەگای بەرزی خوداوەندی دەکەم و پێی ئەڵێم غایە لە دروستکردنی کورد چی بووە. کە ئەم هۆزە جوانە لە هەموولایەکەوە وەکوو حەیوان خراونەتە بەردەستی ناحەزانەوە. تاقم بە تاقم لە هەموولایەکەوە لەرێی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئازادیخواهیدا سەرئەبرێن و خۆم ئەکەم بە نموونەی میسال بۆ ئەو کوردە سەربڕاوانە و بە کفنی سوورمەوە لە مۆزەخانەی ئازادیخواهیدا داوایەکەم ئیسبات ئەکەم.

من بەو مردنە زۆر مەسروورم. بە تەبیعەت هەر ئەمردم. موومیکن بوو ئەگەر وەها نەمردبام لە پەنایەکی چەپەکی بێناوی دا بە گوللەیەکی وێڵ لەناوچووبام. بەڵام خۆشبەختانە کە ئەمرۆ بە عەزەمەت و ئێحتیشامێکی هەرە بەرزەوە، بەرز ئەبمەوە و ئەو چوونە سەر سێدارەیەم بۆ ئەبێتە شاهیدی ئەوەی کە لەرێی ئازادیخواهیدا ئەو فەیزەم چەنگ کەوتوە. بێگومان ئەو تەنافەی کە ئەمشەو ئەخرێتە ملی منەوە، لەدوای چەند ساڵێکی کە گەورە کچەکانی کورد (بۆ رەمزی شەرەف) و شوعاری خنکاندنی ئازادیخواهانی کورد، میخەکبەند و بەروبەرمور بەو دەستووری تەنافەی ملمان دروست بکەن، بۆ بەزمی دڵداری بیخەنە ملی خۆیانەوە.

شێعر

لەسیلەی پەنجەرە ئەهلی سەقز سەیری جەنازەم کەن

جلووسی پادشای کوردە کە ئێمە بوینە قوربانی

برایانی زیندانی خواتان لەگەڵ سەعات ٩ یە ئەوا من ئەبەن بۆ سەرداری سیاسەت. ئێوە و نیشتمان خۆش.

## شیخ ئەمین ئەسعەدی کەس نەزانی سەرشیو

ئیمام جومعە: ئاغایانی شێخ ئەمین ئەسعەدی ئەمشەو ٩،٣٠ سەلب ئەکرێی وەسییەت بکە بۆت ئەگەینم.

مایور شێخ ئەمین ئەسعەدی، ئەسڵەن من کوڕم نییە کە وەسییەتیان بۆ بنێرمەوە تەنها دوو کچی بچکولانەم هەیە کە هەتیو بکەون و جێگای مەراقی بی. ئەمانیش هەتیو ناکەون چونکە ٩،٥٠٠ ملیون کورد پشتیوانیانە و خۆشیان تا ئەندازەیەک لە دێی کەسنەزان خاوەنی ملکن. بەڵام تۆ بە دەوڵەتی خوێنخواری مورتەجیعی ئێران رابگەینە کە من خۆم بە قارەمانی کورد ئەزانم، مادامێکی واجباتی میللی خۆم بە ئەنجام هێناوە. ئەو تەنافەی کە ئەمشەو ئەکرێتە ملمەوە، ئەوا لە جیاتی ئەجری شیری دایک، دایکی نیشتمان لێی قبوڵ کردم. ئەو تەنافە سام و تاسی لە دڵی ئەو گەنجانە لابرد کە لەبەر ترسی ئەو تەنافە پەرهیزیان لە پڕکێشی هەیئەتی ئێرانی کوشتن ئەکرد. فریشەی گیان کێشانم ئەڵبەتە ئەمشەو ئەو گیانە پاکەی من بۆ شکایەتی مەغدووری کورد ئەبەنە لای باریتەعالاوە. هیچ گومان نییە کە ئەشڵێن ئەو کوردە فیداکارە بە ئیختیاری خۆی تەسلیمی نەفسی بە حکومەتی مورتەجیعی ئێران نەکردوە و غیفەلەتەن لە لایەن ئاغا سالحی سەگانپەنا و شێخ ئەسعەد و حاجی شێخ عبدالحمیدی کەس نەزانەوە دەردەست و تەسلیمی ئەفسەرانی دیکتاتۆری ئێرانی کراوە. بۆ ئەوەی کە بەم جۆرە لە داری ریسوایی ئێرانی بدەن. بمرێ نیروی زاڵمی ئێران. وەرگەرێ دەرباری شاهەنشاهی مورتەجیع.

شێعر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زەماوەند و خەنەبەندانە ئەی دایکی وەتەن ئەمشەو
بە خوێنی ڕۆڵەکانت سوور ئەکەیٚ پەنجە و دەهەنی ئەمشەو
ئای جاخۆ نازانم من خوداحافیزی لە کێ بکەم خۆ براکانم هەموویان شەهید کراون و زیندان چۆل بووە. ئاخ بۆچی منیان پاش هەموو براکانم خستوە، ئەی کەس گوێی لە دەنگم نیە؟
فریشتەی کردەوەکانم، خوات لەگەڵ

## شەهید عەلی بەگی شێرزاد



شەهید عەلی بەگی شێرزاد، لە قارەمانانی عەشیرەتی بەگزادەی یەکشەوە و خالۆزای پێشەوا بوو کە لە شاری بۆکان محاکەمە و ئێعدام کرا. ناوبراو لە بۆکان لە ماڵە رەشیدە سوور زیندانی بوو. لە لاپەڕەی ١٢٦ بەرگی ٢ کتێبی محەممەد ئەمین مەنگوڕی دا لەسەر محاکمەی عەلی بەگی شێرزاد ئاوا هاتووە:

محاکەمەی عەلی بەگی شیرزادی
فەیزۆڵلابەگی

س- ئاغای عەلی بەگی شیرزادی تۆ دەرەجەی مایوریت بووە، لیباسی ئەفسەری خاریجەت لەبەر کردوە، بە بێ دەستووراتی قانوون دەرەجەت هەڵگرتوە، تەشکیلی حیزبت لە دێیٚ یەکشەوە کردوە کە موڵکی خۆتە. تۆ خزمی قازی محەممەدی. زۆر هەوڵی دڵسۆزانەت بۆ داوە و ئیشتراکی شەڕی هولەسوت کردوە. بەرامبەر بەو تۆهمەتانە وڵامت چیە؟

ج- ئەسڵەن حکومەتێکی شەرعی و قانوونی دەرەجەی دابوو بە من. من لە هەموو ئەوامرێکی دەوڵەتی بەد ئەتواری ئێرانی موستەغەنی بووم بۆیە ئیختیاری ئەو هەنگاوی قەومییەتەم کردوە. بۆ پێشرەوتی ئیستقلالی کورد من ئەو لیباسانەم پۆشی بوو چونکە دەوڵەتی ئێرانا شەخسێکی عادی شەلاتی لیباسی ئەفسەری ئەپۆشی. بەڵام دەوڵەتی دیمۆکرات بەرامبەر بە لێوەشانەوە دەرەجات و مەنسەبی دابووە من. حەقی خۆم بووە کە بە لیباسی ئەفسەری دیمۆکرات موفتەخەر کراوم. قەومی کورد دەمێک بوو حقوقی لە لایەن خائینان و موڕتەجیعانەوە پایەماڵ کرابو. مادام ئێمە بووین بەو لاوانەی کە توانیمان ئەو مەنزڵە دوور و درێژە تەی بکەین، حەقی خۆمە بە هەر سەزایەک کە رەوام ئەبینن، هەتا سەزای تاڵم بدرێتەوە. لە لاپەرەی مێژوودا، مەرکەزی نازداری تر وەرئەگرم. موتەئەسر نابم بە هەر جەفایە کە عیقابم بدەن چونکە واجباتی قەومی خۆم بە ئەنجام

هێناوه، به دەوامی پێشەوای بەرزی کوردستان ئیفادەکەم دوایی دێنم.

## عەلی شێرزادی

عەلی بەگی شێرزادی له سەقز محاکمه کرا بەڵام چوونکه خاوەنی دوو ئاوایی له ناوچەی بۆکان بوو لەوێ ئێعدام کرا. محەممەد ئەمین مەنگوڕی له لاپەڕەی ١٣٨ کتێبەکی دا لەسەر ئەو شەهیده ئاوا دەنووسێ:

شەهید کرانی عەلی بەگی شیرزاد فەیزوڵلابەگی له بۆکان.

مەلا حیسامەدین له بۆکان: ئاغای عەلی بەگی شیرزادی به نەهایەتی تەئەسورەوه پێت رائەگەینم. ئەمشەو ئاواڵەکانت هەموویان له سەقز خنکاون تۆش ئەمشەو سەعات ١٠ سەلب ئەکرێی وەسییەتت چیه بیفەرموو هەتا وەکو پیت پیت به خوێ گرەکانتی رابگەینم.

عەلی بەگی شێرزادی: چۆن چۆن من ئێعدام ئەکرێم؟

مەلا حیسامەدین: بەڵی بەڵێ

عەلی بەگی شێرزاد: فەرموت ئەحمەد خان و هەموو ئاغایان ئێعدام کراون.

مەلا عیسامەدین: بەڵێ بەڵێ

عەلی بەگی شیرزادی: بەخوا حەیف و خابنێکی زۆر بۆ ئەو شۆڕەسوارانه، بۆ ئەو قارەمان و دلێره لێدەرانه. جا مامۆستا گیان له دوای نەمانی ئەو لاوانه من ژیانم بۆ چیه و ژیانم به چه



شەهید عەلی بەگی شێرزاد

کەڵکێکی من دێ.

مامۆستا پەلەبکە کە زوو منیش بەرن بۆ ئەو دارەی کە ئەحمەدخانی پێ خنکاوە ژیانێکی ئاوا زەلیل و بێ دەستەلاتانە ئەوەندە ناهێنێ کە ئینسان تەئەسوف بۆ فەنا و نەمانی بخوا. زۆر بەو رۆژە ئەنازم کە لە کۆچی ئەو برایانەم هەڵنەبراوم. هەر وەکو لە جیهانا ئامۆزابووین وا لە قیامەتیشا هەروا پشتیوانی یەکترین و بە یەک تەناف و بۆ یەک بیر و بە یەک شەو لەناو چووین.

مامۆستا گیان خوداحافیز، کورد و کوردستان خۆش

شێعر

بە ریسمانی نەزانن تۆقی فەخرە چۆتە گەردنمان

وەتەن فەرموویە ئەم ئەمرە ئیرادەی ئەو لەسەر سەرمان (تێبینی: وێنەکانی شەهیدانی سەقز لە سایتی حەسەن قازی وەرگیراوە و ناوبراوا لە کتێبی "نظری به خانواده عبدالرحمن مکری" لە نووسینی بەڕێز ئیرەجی ناهید وەریگرتووە).

سەعید خان هومایون لە لاپەرەی ١٤٥ی کتێبی "پیشوای بیداری" دا، و رەحمانی قازی لە کتێبی "رۆژگاری ون بوو" دا رێکەوتی ١٣٢٥/١١/٢٥ (١٩٤٧/٠٢/١٤) بە ئێعدامی ئەو شەهیدە و شەهیدانی سەقز دادەنێن و لە سەر کێلی گڵکۆی عەلی بەگی شێرزاد هەر ئەو رێکەوتە نووسراوە. دیارە تەرمی ئەو شەهیدە، دووجار گوێزراوەتەوە و لە خانەقای شێخی بورهان بە خاک ئەسپێرداوە و لە سەر گڵکۆکەشی ئەو رێکەوتە نووسراوە.

بەڵام رێکەوتی ئێعدامی شەهیدانی سەقز و بۆکان هاوکات بوو لەگەڵ چاوپێکەوتنی سەرۆک عەشایر و ئاغا و شێخ و گەورەکانی خائین بە کۆمار لەگەڵ شای ئێران. ئەنوەری سوڵتانی بە ئاماژە بەو بەڵگانەی کە لە رۆژنامەی ئیتلاعاتی سەردەمی رووخانی کۆمار، لە لەندەن بە مایکرۆ فیلم وەدەستی کەوتووە، دەڵێ کە بەر لە ئیعدامی ئەو ١١ رۆڵە قارمانە، رژێمی شا تاقمێک لە سەرۆک عەشایر و کەسایەتییەکان و شێخ و مەلای و دەست و پەیوەندییەکانی خۆی، بۆ تاران بانگ کرد و خەڵاتی کردن.

بەگشتی لە بەرەبەیانی ڕۆژی چورارشەممە رێکەوتی ١٣٢٥/١١/١٦(١٩٤٧/٢/٦)دا، یازدە کەس لە قارەمانانی عەشیرەتی بەگزادەی بە دەستی جەلادانی رێژیم ئیعدام کران کە بریتی بوون لە:

١-ئەحمەدخانی فاررووقی، ٢-عەبدوڵاخانی مەتین، ٣-محەممەدخانی دانیشوەر، ٤-محەممەدخانی فەیزوڵلابەگی، ٥-حەسەن خانی فەیزوڵلابەگی، ٦- ئەحمەدخانی شەجیعی، ، ٧-عەلی خانی فاتیح ٨- شێخ سدیقی ئەسعەدی ، ٩- شێخ ئەمینی کەسنەزانی ، ١٠- رەسووڵ ئاغای مەحموودی و ١١- عەلی ئاغای جەوانمەردی. بە دەستی جەلادانی رێژیم ئێعدام کران.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




١-ئەحمەدخانی فاررووقی، ٢-عەبدوڵاخانی مەتین، ٣-محەممەدخانی دانیشوەر، ٤-محەممەدخانی فەیزوڵلابەگی، ٥-حەسەن خانی فەیزوڵلابەگی، ٦- ئەحمەدخانی شەجیعی، ،٧- عەلی خانی فاتیح ٨- شێخ سدیقی ئەسعەدی ، ٩- شێخ ئەمینی کەسنەزانی ، ١٠- رەسووڵ ئاغای مەحموودی و ١١- عەلی ئاغای جەوانمەردی

ئەنوەری سوڵتانی، پاش گەڕان بە سەر رۆژنامەکانی ئێرانی لە لەندەن، بەڵگەیەی خوارەوەی بە شێوەی مایکروفیلم لە رۆژنامەی ئیتلاعات، لە سەر ئێعدامی رێبەرانی کۆمار لە سەقز، دوزیوەتەوە و بە چەشنی خوارەوە کردویەتی بە کوردی:

بکوژانی خوالێخۆشبوو سەرلەشکر ئەمین و سەبەبکارانی تاڵانی بانە ئیعدام کران

تێلگەرافی هەواڵنێرمان لە سەقزەوە

سقز، ١٦ ی ڕێبەندان – ٥ ساڵ پێش ئێستا سەرلەشکر مەحمود ئەمین و ژمارەیەک لە سەربازانی ئازا لە پێناو مسۆگەر کردنی ئاسایشدا لە سەقز شەهید بوون.

دوێنی بەیانی دانیشتووانی سەقز بە سەر ئەو دارانەوە وا لە گۆڕەپانی شارەکە لە بەردەم شارەداریدا هەڵکرابوون، تەرمی ئەو کەسانەیان بە هەڵاوەسراوی بینی کە لە شەهید کردنی خوالێخۆشبوو سەرلەشکر ئەمین و ئاگر تێبەردان و تاڵانی بانە و چەپاوڵکردنی گوندەکاندا دەستیان هەبوو و ٥ساڵی رەبەق هێمنایەتی و ئاسایشی ناوچەی کوردستانیان تێکدابوو.

دادگای نیزامیی سەردەمی شەڕ کە لە سەقز پێک هاتبوو، ئەحمەد فاررووقی- محەممەد دانشوەر- عەبدوڵلا مەتین- عەلی جەوانمەردی- رەسووڵ مەحموودی- ئەحمەد شوجاعی- شێخ سدیق ئەسعەدی- شێخ ئەمین ئەسعەدی- موقەددەم- حەسەن فەیزوڵلابەگی- کانی نیازی- عەلی فاتیح- (و) مەحموود فەیزوڵلابەگی بە تۆمەتی رابوونی چەکدارانە دژ بە ئاسایشی وڵات بە ئیعدام مەحکووم کرد.

سەعات ٥ ی سەرلەبەیانی رۆژی چوارشەممە، بڕیاری دادگا بەڕێوە برا و ناوبراوان بە داری سزا دا هەڵواسران.

ئەنوەر سوڵتانی، لە کوشتنی سەرلەشکر مەحموود ئەمین دا، شەهیدانی سەقز بە بی تاوان دەزانی و دەنووسێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کووژرانی سەرلەشکر مەحموود ئەمین دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی ١٣٢٠/١١/١٨ (١٩٤٢ /٠٢/٠٧). ناوبراو فەرماندەی ئێرانیی لەشکری کوردستان بوو و لە شەڕ لەگەڵ هێزی حەمەڕەشیدخانی بانە (قادرزادە) دا لە سنەوە گەیشتە دیواندەرە و پاشان سەقز بەڵام لەوێ چەند کەسێک تەقەیان لێکرد و کووژرا. هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە کەسێک لەو یازدە شەهیدە بەرپرسی ئەو تەقە لێکردنە بووبێت.

بەڵام عەشایری بەگزادەی سەقز، پشتیوانی سەرەکی حەمە رەشید خانی بانە بوون و دژکردەوەی ئەوان لە بەرانبەر بەو هەموو تاڵان و بڕۆ و دزی و هەرچی کاری خراپی کاربەدەستانی دژی گەلی رێژیم بووە. بۆیە ئەو شەهیدانە نموونەی ئازایەتی و سەربەرزی و سەرووەریی کوردستان بوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٤٧
## شا خائینان خەڵات دەکا

بە دوای رووخانی کۆمار دا، جیا لە سەرۆک عەشایری خائینی دیار و بەرچاوی سەربە دەوڵەت، زۆر کەسی هەلپەرەست و دووڕووی دیکەش کە بە رواڵەت لە خزمەت کۆمار دابوون، بوونەوە ملکەچی لێبڕاوی رێژیم. عەزیز خانی حەیدەری" کوڕە گەورەی عەلی بەگی حاجیالیکەند کە بە دوای رووخانی کۆمار دا، بە پیشینەی بابی لە لایەن رووکنی ٢ ی ئەرتەش، بۆ ماوەی ٢٠ رۆژ دیاری کرا تا نووسراوە و هۆنراوەکانی رۆژنامە و گۆڤارەکانی دیکەی کوردی بکا بە فارسی، لەسەر هەڵسوکەوتی دزێوی ئەو کەسانە لە لاپەڕەی ٥١ ی شەوێک و خەوێک بە محەممەد نووری دەڵێ:

... شتێکی لەو ماوەیەدا سرنجی منی رادەکێشا ئەوە بوو، کەسانێکی لە کاتی حکومەتی پێشەوادا گوللەیان بە دەستی دەگرتەوە و سینگیان رەپێش دەخست و بە خۆ و عێل و تەبارەوە لەخزمەتی خێڵ و کۆمەڵ و پێشەوادا بوون، یەکیەک و دوودوو لە روکنی ٢ وەژوور دەکەوتن، گۆوار و رۆژنامە و نووسراوەیان لە کون و کاژێران دا دەدیتەوە و دەیانهێنا و خزمەتگوزاری و فیداکاری خۆیان رادەگەیاند.

یۆسفی قازی لە لاپەڕەی ٦١ی کتێبی "رۆزنامەی تاریخ"دا، بە نەقڵ لە رۆژنامەی حیزبی تودە، بابەتی " از ریاست جمهوری تا چوبەی دار" دەنووسێ لە سەرتادا دەوڵەت لە دادگا بە شێوەیەکی هێمنانە جووڵاوە چونکە هێستا ناوچەکە هاڵۆز بوو و هێندیک لە عەشایری سنووری ئێران و تورکیە چەکدار بوون. بۆیە بۆ ئەوەی توانایی هێزی خۆشەویستی مەعنەویی قازی محەممەد لە ناو بەرن، هەر بە دوای دەست پێکردنی دادگا، هێندێك لە سەرۆک عەشایری ناوچە، بانگ کرانە تاران و لە ١٠ی مانگی رێبەندان دا، لە رێوڕەسمێکی گەورە دا کە بۆ زۆربەی عەشایری شێمال و جنووبی ئێران پێکهاتبوو، بە پێشکێش کردنی ئەنگوستیلەی ئەڵماس و میداڵ و نیشان و گۆچان، یان نیشان و فەرمانی قەزاوت رێزیان لێگیرا. ئەوانە داوایان لە شا کرد کە قازییەکان ئیعدام بکرێن. ئەو داوایە، لە رۆژنامە و بڵاوکراوەی دیکە، لە نێو عەشایری ئەو کۆبوونەوەدا، بڵاو کراوە.

زۆربەی شوێنە نیزامی و بنکەکانی دەستەڵاتی رێژیم پێنیشان ئەو عەشایرانە درا، تا لە توانانی دەوڵەت سام بیانگرێ و لە داهاتوو دا نەتوانن هیچ کردەوەیەک لە خۆ نیشان بدەن. لیستی ناوی عەشایر و کەسایەتییەکانی بانگهێشتراوی کورد بۆ تاران لە ژمارەی ٨١ ی حەوتەنامەی کوهستان دا هاتووە کە بە بۆنەی رێزلینانی ئەفسەرانی زانکۆی ئەفسەری دەعوەت کرابوون و سەرجەم نیزیک بە ٦٠ کەس بوون کە بریتی بوون لە:

لە مەهاباد: ئاغای مام عەزیزی ئەمیر عەشایری لە عەشیرەتی مامەش.

محمووددئاغا ئێلخانی، حاجی بایزئاغا ئیلخانی، عەبدوڵای ئیلخانیزادە، کەریمی بایزیدی، باییز عەباسی، عەلی عەباسی، سمایلی عەباسی، لە عەشیرەتی دێبۆکری.

برایمی سالاری، عەبدوڵای باییزیدی، سەلیم ئاغای ئوجاق، عەلیاغای جەوانمەردی، رەحمانی تەیموری، لە عەشیرەتی مەنگوڕ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بایزی عەزیزی، کاکەڵای حەسەنی، پیرۆت محەمەدی، رەسووڵ محەمەدی، لە عەشیرەتی گەورک.

عەبدوڵای قادری، لە عەشیرەتی مامەش.

قادر قارەمانی، برایمی قارەمانی، مارفی سوڵتانی لە شارویران.

لە مەشایخ و توجار: ئاغای شێخ ئاقایی، مەلا خەلیل، شێخ عەبدولرەحیم شەمسەدینی، قازی موکری، سەید رئوف قازی موکری، رەحمەت شافعی بازرگان.

لە تایفەکانی سەقز: ئاغای قادری نەوشیروانی، عەبدوڵا نەوشیروانی، حاجی محەمەد وەکیلی، محەمەد سوڵتانی، رەزا کەلهور، مەحمود سوڵتان پەنا، سالح سوڵتان پەنا، رەشید دیوانی، محەمەد سوڵتانی.

لە بانە: ئاغای عیزەتی ئەحمەدی، رەحمانی ئەحمەدی، رەشید ئەحمەدی.

لە تیلەکۆ: ئاغای محەمەدی حەبیبی، مزەفەری حەبیبی، عەلی هەمەوەیسی، محەمەد فاتحی.

لە کۆماسی: ئاغای فەرەج بەگی زنۆزی، فایق بەگی شەهبازی، محەمەد سالحی رەشیدی.

لە هەورامان و مەریوان: ئاغای محەمەد شەریفی بیلە ئاڵمانە، عەبدوڵابەگی وەلەژیری، سەید ئەحمەد شێخولئیسلامی، شێخ ئەحمەد کۆنەپۆشی، محەمە عەلی بەگی بێلە، عەبدوڵا بەگی دزلی.

لە گەڵباغی: ئاغای یەحیا ئەمینی، محەمەد عەلی ئەمیر حەسەنی، ئەحمەد پیشکاری نوینەری کوێخاکان.

بە پێی لاپەرەی ١٦٧ی کتێبی "مێژووی بنەماڵەی قازی" لە نووسینی خەلیل فەتاحی قازی، ناوی کەسایەتییەکانی بانگهێشتراوی ناوچەی مەهاباد و بۆکان و سەردەشت و ... بریتین لە محموودئاغا ئیلخانی زادە، حاجی بایزئاغا ئیلخانیزادە، برایم ئاغای قارەمانی، قادراغا قارەمانی. عەبدوڵاغای قادری(مامەش)، مام عەزیزی ئەمیر عەشایری(مامەش)، کەریم ئاغای قومقەڵا، بایزی عەزیزئاغا گەورک، عەوڵاغای بایەزیدی. شێخ عەبدولرەحیم شەمسەدینی، قازی شێخ موحسین موکری، مەلا خەلیل گۆرەمەر، میرزا رەحمەت شافعی، میرزا عەوڵای کەریمی ئاغای قەمتەرە، سەید جامی جەعفەری و چەند کەسی دیکە.

محەممەد ئەمینی مەنگوری لە لاپەرەی ١٦٣ بەشی دووهەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." لەو بارەوە دەنووسێ: ... لە پاش ئیستقراری وەزعییەت ئینجا بۆ دڵنەوازی و دعایەی ناو عەشایری حکومەتی ئێران لە مانگی (اسفند١٣٢٥) دا پیاوە ناودارەکانی کوردیان لە هەموو لایەکەوە کۆکردەوە وبردیانە تاران و بە پێی نیسبەت لە پاش دڵنەوازێکی زۆر هەریەکەیان بە تفەنگێک ویا ئەنگوستیلەیەکی ئاڵماس و یا میداڵێک خەڵات کردبوو و موحتەرەمانە بەرێیان کردبوونەوە. یەکێک لەو خەڵات کراوانە مەلا خەلیلی گۆرەمەر بوو.

رێکەوتی ئەو چاوپێکەوتنە هاوکات بوو لە گەڵ ئێعدامی ١١ شەهیدی قارەمانی کۆمار لە شاری سەقز. ئەنوەری سوڵتانی بە ئاماژە بەو بەڵگانەی کە لە رۆژنامەی ئیتلاعاتی سەردەمی رووخانی کۆمار لە لەندەن بە مایکرۆ فیلم وەدەستی کەوتووە، دەڵێ کە بەر لە ئیعدامی ئەو ١١ رۆڵە قارمانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕژێمی شا تاقمێک لە سەرۆک عەشایر و کەسایەتیەکانی و شێخ و مەلا و دەست و پەیوەندییەکانی خۆی بۆ تاران بانگ کرد و دەنووسێ: ... ڕاست لە دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژی چوارشەممە ١٣٢٥/١١/١٦ دا کە سەر لەبەیانییەکەی لە سەقز ١١ ڕۆڵەی گەلی کوردیان ئیعدام کردبوو، بەشێک لەو تاقمە هەڵوێست چەوتە، واتە شێخ و مەلا و سەیدەکان دەباتە بەردەم شا و ئەویش ئەنگوستیلەیەکی بڕیلیان خەڵاتی هەرکامێکیان دەکات. ئەو قسەیەی من پشت ئەستوورە بە هەواڵێکی ڕۆژنامەی ئیتیلاعات لە هەمان ڕۆژی ١٣٢٥/١١/١٧ و لە هەمان ئەو لاپەڕەیەدا کە هەواڵی ئیعدامی ١١ کەسەکەی سەقزی تێدا نووسراوە. لە درێژەی ئەم وتارەدا، کۆپی ئەو لاپەڕەیەی ڕۆژنامەکەش دادەنێم:

"دڵجۆییە شاهانەکان

کاتژمێر پێنج و نیوی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ١٦ ی ڕێبەندان (٥ی ١٣٢٥ ی هەتاوی)چەند کەس لە شێخان و سەیدانی کورد بۆ ئەوەی شەرەفی گەیشتنە بەردەم پادشایان بە نسیب بێت، لە لایەن جەنابی سەرهەنگ گیلانشاە سەرۆکی ڕوکنی دووهەمی ستادی ئەرتەشەوە بەرەو کاخی تایبەتی بران و کەوتنە بەر دڵجۆیی و میهرەبانیی شاهانە، هەرکام لەو بەڕێزانەش شانازیی ئەوەیان پێ بەخشرا کە ئاڵقەیەک ئەنگوستیلەی بڕیلیان وەک خەڵاتی شاهانە وەربگرن، (ئینجا) لە سەعات ٦ ی ئێوارەدا مەرەخەس کران و فەرمانی شاهانە وا دەرچوو کە عەبدولڕەحیم شەمسەددینی یەک لە شێخانی مەهاباد، هەروەها قازی موکری کە ناساغن، لە نەخۆشخانەی نیزامیدا بکەونە بەر ئەوپەڕی چاوەدێری و پارێزگاری و (بەرپرسانی) سوپا هاوڕێیی و یارمەتییان لەگەڵدا بکەن.

## هەوڵ و تەقەلای خائینان بۆ ئێعدامی قازییەکان

خائینان لە دەرباری شای نەیانتوانی رووی دزێو و چەپەڵی خۆیان نیشان نەدەن و دوای ئەوە دەستی دوژمنانیان بەسەر داکێشرا، بێشەرمانە داوای توندترین سەزایان بۆ رێبەرانی کۆمار کرد. خەلیل فەتاحی قازی لە زمانی قادراغای قارەمانی کە بۆخۆی لەو سەفەرەدا بەشدار بوو دەڵێ کە رۆژێک پێش ئەوەی ئەوانە چاویان بە شا بکەوێ، خەلعەتبەری وەزیری دەربار دوای ئەوە بە وردی باسی کەسایەتی سەدری قازی کرد کە ناسیاوی لەگەڵ هەبوو، پێیاندەڵی ئێوە نوێنەری کوردانن، شا لە قسەتان دەرناچی، داوای لێبکەن کە لە خەتای قازییەکان بگوزەرێ و عەفویان بکا.

خەڵیل فەتاحی قازی لە درێژەی ئەو باسە دا دەڵێ کە حاجی بایزاغای ئیلخانی زادە بە تەواوی پشتی قسەکانی خەلعەتبەری گرت و داوای لەوانی دیکە کرد کە داوای ئازادی قازییەکان بکەن. لەوکاتەدا خەڵعەتبەری هەیئەتەکە بەجێدێڵێ. شێخ عەبدولرەحیم کوڕی شێخی بورهان بە توندی قسەکانی خەڵعەتبەری و حاجی بایزاغای ئیلخانیزادەی بەرپەرچ داوەوە و گوتی ئەگەر قازییەکان تێدا نەچن ئێمە ماڵ و گیانمان لە مەترسی دەکەوێ و ناچار دەبین ئێران بەجێبێڵین. بۆیە نابێ داوای ئازادیان بۆ بکەین. تەنانەت ئەگەر شا، یان دەوڵەت بیانەوێ لە تاوانەکانیان کەمێک خۆش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێ، ئێمە دەبێ داوا بکەین لە سەزاکەیان پەلە بکەن.

لە کاتی چاوپێکەوتن لە گەڵ شا، شێخ عەبدولرەحیم داوای کردبوو کە قازییەکان هەرچی زووتر ئێعدام بکرێن و رایگەیاند بوو کە ئەوە ویستی گشت خەڵکی کوردستانە. ئەو هوشداری دا بوو بە شا کە ئەگەر ئەوانە نەکوژرێن، شا دەبی چاوەڕوانی پەرەسەندنی راپەڕین و جوێبووونەوەی کوردستان بێ. بە دوای ئەو قسانەدا هیچ کەس لە هەیئەتەکە هیچی نەگوت بوو و بێشک ئەوەش بەڵگەی چاک بوو بۆ ئێعدام کردنی قازییەکان.

هەڵسوکەوتی شێخ عەبدولرەحیم لە حاڵێکدا بوو کە پەیوەندی بنەماڵەی قازی و مریدایەتی ئەوان بە شێخی بورهان لە رادەبەدەر بوو و زۆر کەسایەتی ناو بە دەرەوەی بنەماڵەی قازی لە خانەقای شێخ نێژراون.

لە پەیوەندی لە ئاکاری خراپ و دزێوی سەروک عەشایر دا، عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٩٩ی کتێبەکەی دا دەنووسێ:

هەڵسەکەوتی هێندێك لە سەرۆك عەشیرەت و کەسایەتییەکان، لە کاتی زیندانی بوونی ڕێبەرانی کۆماردا، زۆر ناجوامێرانە بوو بە تایبەتی مەلا خەلیل و شێخ رەحیم و لە نێو شاریش دا ئاغای تەوحیدی نەقشی خراپیان هەبوو.

رۆژێك مەلا خەلیلو شێخولئیسلام (بابی مامۆستا هێمن) و مەلیك زادە، دەچنە لای سەرلەشکر هومایونی و لەوێ باسی قازی دێتە گۆڕێ. شێخولئیسلام لە زمانی مەلا خەلیل ئاوای دەگێراوە کە گوتبووی: قازی کە ئێستا لە زیندان دایە، لەسەر دینی ئیسلام نەماوە و کافرو مرتدە، ئێوە بیکوژن هیچ گوناح نییە و ئەمن ئێستا ئەگەر تیمسار ئیزن بدا دەتوانم فتوای لەسەر بدەم و ژنەکەی لە خەڵکی دیکە مارە بکەم. چوونکە قازی تەڵاقی نەماوە و کافرە، مینا موسوڵمانە.

سەرلەشکر هومایونی پێی دەڵێ: ملا ملا آرام آرام اینقدر تند نرو. اینتور هم نیست (مەلا مەلا، ئارام ئارام، ئاوا توند مەڕۆ ئاواش نییە).

مەلاخەلیل کە بە تەڵاق کەوتنی ژنانی ڕێبەران کۆمار زۆر بە پەرۆش تەنگاو بوو، ئەو پێشنیارە بە مامۆستا هێمنیش دەکا. سمایلی ماملی لەپەرەی ٢١٩ کتێبی "کۆماری دێموکراتیکی کوردستان ..." دا دەنووسێ: مامۆستا هێمن دەگێرێتەوە: کە کۆماری کوردستان تێکچوو ئەمن چوومە لای شێخ محەمەدی بورهانێ. مەلا خەلیلی گۆڕە مەرێ کە لە تاران گەڕابۆوە تازە گەیشتبووە ماڵە شێخی. دانیشتبووین خەریکی قسەوباسی رۆژگار بووین. یەکجێ مەلا خەلیل رووی لەمن کرد و گوتی: ”سەید حەمەدەمین بابم برۆ ژنەکەت مارە کەوە، ئەنگۆ کافرن، لەگەڵ رووسان دەستتان تێکەڵ کردوە.” هەر کە ئەو قسەیەی لە زاری هاتەدەر، شێخ محەمەد وەبەر تانەو تەشەری دا و پێیگوت: ”جا مەلا خەلیل ئەتۆ بۆ ناچی (حەلیمێ) مارکەیەوە کەدەستت لەگەڵ دامودەزگای شا تێکەڵ کردوە و دژ بە قازی محمد تۆمارت ئیمزا کردوە.

[عەبدوڵای قازی لە درێژەدا دەنووسێ:

دوای ئەو رووداوە رۆژێك مەلا خەلیل کە مریدی ماڵە شێخی بورهانی بوو دەچێتە خانەقایە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوێ شێخ مەحەممەد لێی تورە دەبێ و دەڵێ: کابرای ... ئەتۆ گووتوتە قازی تەڵاقی نەماوە و ژنەکەی لە کەسێکی دیکە مارە دەکەی و قازی کافرە.

ـ بەڵێ قوربان قازی مەحەممەد لەگەڵ عروسان رابیتەی هەبووە و پەیمانی بەستووە و لە دژی ئیسلام بووە.

ـ ئەگەر وابێ مەحەممەدی عەرەبیش کافر بوو چوونکە دەگەڵ پادشای حەبەشە و ئەبوجەهل و موشریکەکانی دیکە پەیمانی بەست.

مەلا خەلیل سەردادەخا و دەڵێ: من ئەو نەزەرەم نەبوو و ئاوام بیر نەکردۆتەوە.

ئەویش شێخ مەحەممەد دیسان جنێوی پێ دەداو دەڵێ: "ئەگەر لەبەر حورمەتی شێخ نەبایە ئەلحان لە خانەقایەم وەدەردەنای ...

مەلاخەلیل لە زەمانی رەزاشادا، بە دژی جل و بەرگ و شەپکە لە دژی رێژیم راپەری و فتوای کافر بوونی ریژیمی دا. بەڵام ئەوجار لە سەردەمی پاشایەتی محەممەد رەزاشا دا، پێشەوای بە کافر زانی و عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٣٧ی کتێبی "وڵاتی من" لەسەر ئاکاری مەلا خەلیل دەنووسێ:

دواتر لە زەمانی مەحەممەد رەزاشای دا، بوو بە پیاوی عەجەمان و ئەوجار کە حیزبی دێموکرات بە رێبەرایەتی پێشەوا، کۆماری کوردستانی راگەیاند، فتوای دا، کە هەر کەس تفەنگ بەشای ئێرانێوە بنێ کافر دەبێ. بەم شێوەیە قسەکە ١٨٠ دەرەجە گۆڕدرا. جارێك ئەگەر لیباسی شات لەبەر کردبا کافر دەبووی، ئەوجار ئەگەر تفەنگت بەشایەوە نابا.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٦٤ بەشی دووهەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." لە چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا خەلیل، کە بە دوای خەڵات کردنی لە لایەن شایەوە کراوە دەنووسێ: ... یەکێک لەو خەلات کراوانە مەلا خەلیلی گۆرەمەر بوو کە لە ١١ فروردینی ١٣٢٦ لە دێی میراوای مەنگوورایەتی بە خزمەتی گەیشتم و بە تەفسیلاتی خوارەوە ٣ رۆژ لە ماڵی خۆیانا دمەتەقەمان بوو.

س- جەنابی مامۆستا مەلا خەلیل چۆن بوو لە ١٩٢٩ لەسەر مەسەلەی کسوەتی زەناری شەپکە ٦ مانگ عەشیرەتی گەورک و سوێنسنایەتی و مەنگوورایەتی بەگژ حکومەتی تارانا چووی، ئاغای بایزی و حاجی کاخدرت لەگەڵ چەند ئاغایەکی مەنگوور بە ئێرانیەکان بە کوشت دا، کەچی ئێستاش کۆمەگ بەو حکومەتەی دەکەی کە وەختی خۆی بە کافرت ئەزانی.

ج : من ئێستاش هەر لەسەر ئەو ئیعتقادم کە لیباسی گاوران حەرامە. بەڵام لەبەر ئەوەی کە شیعە لە رووس باشترە مەجبووری ئەوەم لەگەڵ حکومەتی ئێرانا موتەفیق بم و ئەو شەرەی کە منیش لەو دەورەدا کردم خەزا بوو، بەڵام هی ئێستا جەزایە. چونکە بە زەعفی ئێران رووس سێتەرە پەیدا ئەکا. ئینکار ناکرێ هەردوولایان هەر پیسن بەڵام ئێرانیش لە رووس باشترە.

س- تۆ بۆچی لە زیدی ئەو کوردستانە بووی کە قازی محمد دروستی کردبوو و بۆچی شاهیدیت لە سەدری قازی دا؟

ج - من لە ئەوەڵەوە لەگەڵ قازی محمدا زۆر موتەفیق بووم. کە چی کە هاتە سەر کار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستانەکەی لەمن شاردەوە، لە خۆیەوە سەلبی ئیعتمادی لەمن کردبوو. چونکە بیستبوویەوە کە من لە زیدی ئەوم کە خاریجە پێشەوا و ڕەهبەرمان بێ. پێشەوا و ڕەهبەر ئەبێ موسڵمان بێ. قازی محمد بۆ تەحقیر حەمە وێردی- موعەلیمی مەهابادی لێ هاندابووم کە ئەبێ فتوا بدەم کە خوێندن بۆ کچان حەڵاڵە و کتمانی شەهادەت پیاوی پی ڕوورەش ئەبێ من چۆن لە ترسی خوا ئەوێرام ئەو ئیقرارە گەورەیە بۆ سەدری قازی بشارمەوە و خۆم خەجاڵەتی سوێند و قورئان بکەم .

س - تۆ لە بەهاری ١٩٢٩ دا کە فەرارەن هاتیە عێراق ، عێراقی یەکانت چۆن هاتە بەرچاو لە قەزییەی ئیسلام و جل لەبەرکردنی گاورانا؟

ج- وەڵلا فلانی ئێران و عێراق هەردووکیان لە جەهەتی موتەجەددی و کافرێتیەوە جاشی یەک ماکەرن. من لە کولکە ڕەوی بوومەوە بەسەر بەرازیدا کەتبووم. من وام ئەزانی هەر ئێران بە جلی زناری ئەیەوێ خۆی کافر بکا. کەچی عێراقییەکان لە پێش ئێرانەوە خۆیان لەدین وەرگێرا بوو.

س- تۆ ئێستا هیچ عەسەبییەتی قەومی کوردت هەیە و هیچ تەئەسور بۆ قازی محمد ئەخۆی؟

ج- بە خوا ئەمن خۆشم ئەگەر لە ڕێی کوردییەتا سەر ببرێم پێم خۆشە. بە شەرتێ لەسەر منهەجی ئیسلامی ئەو کوردستانە بێتە وجود. ئەگەر باری بێدەستەڵاتی نەبێ ئێستاش حکومەتی فارسی هەر بە کافر ئەزانم. بۆ قازی محمدیش بەپەرۆشم چونکە موقتەزای سیاسەتی بێگانە مەجبووری کردبوو کە حکومەتەکەی لەسەر بەنای بێ دینی دابمزرێنێ.

بە گشتی بە دوای کۆمار دا کەسانێک بۆ لامەلامە و خۆ خوێن شیرین کردن لە لای کاربەدستانی دەوڵەت، هێندێک ئاکاری دزێویان لە خۆ نیشان دا. هەر لەوبارەوە خەلیل فەتاحی قازی لە لاپەڕەی ١٧١ دا دەنووسێ کە هەمزە خەلیل کە یەکێک لە ئاغاکانی ناوچەی شارویران بوو، لە لای کاربەدەستانی دەوڵەت گوتبووی کە لە کاتی خۆیدا لەگەڵ چەکدارەکانی پێشەوا بەشەڕ هاتووە، چەند نەفەریان لێ‌کوشتووە و دوایە لە بەرانبەر بە قازی محەممەد خۆی نەگرتووە و قازی سەڕوەت و سامانی داگیر کردووە. هەمزە خەلیل لە بەرانبەر بەو ڕووداوەدا داوای لە دەوڵەت کرد بوو کە مولک و ماڵی پێشەوای بدەنێ، بەڵام فێڵەکەی سەری نەگرت.

بە پێی بەڵگەی لاپەڕەی ١٢٥ی کتێبی "اسرار محاکمە قاضی محمد و یارانش" لە تێلگڕافی ئاغایان هەمزەی قارەمانی و حوسێنی قارەمانی و محەممەدی قارەمانی و ڕەحمانی قارەمانی، بۆ پێشگای دەرباری شا بە ڕێکەوتی ٢٥/١١/٢١ دا، هاتووە کە ئەو زیانەیان بۆ قەرەبوو بکرێتەوە کە بە هۆی قازی محەممەد و سەیفی قازی بۆیان پێکهاتووە.

هەرچەند لە دادگای فەرمایشی ئێران، حوکمی ئیعدامی قازییەکان درا، بەڵام ڕێژیمی ئێران ویستی کە ئەو بڕیارە، بداتە دەست خائین و خۆفرۆش و هێندێک کەسایەتی دیکەی سەربەخۆیان، کە بە خواستی خۆیان، یان بە گوشار، بە نامە و تێلگراف بۆ شا و قەوامولسەڵتەنە، داوای سزادانی قازییەکان بکەن. عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ١٠٠ دا دەنووسێ:

لەوسەروبەندەدا، کاربەدەستانی ڕێژیم بە هۆی هێندێك بە کرێگیراوی خۆیان، هەوڵیان دا کە هێندێك کەسایەتی سەردەمی کۆمار، لە بڕیاری کوشتنی قازییەکاندا لەگەڵ خۆیان شەریك بکەن.

دەوڵەت بە هۆی ئەفسەرێکی ئەرتەش و مەحەممەدی عەتاری و شێخ عەبدوڵرەحمان و هێندێك کەسی دیکە، کاغەزیان بە ماڵاندا، دەگێڕا و بۆ کووشتنی ئەوان ئیمزایان لە خەڵك کۆدەکردەوە. بە داخەوە مامۆستا مەلا حوسێنی مەجدی کە بۆخۆی وەزیری کۆماری کوردستان بوو و لە کۆماردا ڕێزی تایبەتی بۆ پێشەوا هەبوو تەنانەت گوتبووی کە ئەوە مەحەممەدی مێهدییە، کاغەزەکەی ئیمزاکرد.

دواتر کاك مەحەممەدی مەجدی کوڕی مەلاحوسێن گوتبووی کە بابی لەترسان ئەو کاغەزەی ئیمزا کردووە و تەنانەت دوای ئەو ڕووداوە لە ترسان، حەوت مانگ لەسەر یەك بە ڕۆژو بووە.

ئەوجار ئەو دەستەیە دەچنە لای مەلا ڕەشەی ماوەرانی و لە نێو خەڵکی تاق دەکەنەوە و دەیبەنە ژووری مزگەوت و داوای لێدەکەن کە کاغەزەکەی ئیمزا بکا. ئەویش کاغەزەکەی دەخوێنێتەوە و یەك بە خۆی هاوار دەکا و دەڵێ: "ئەی هاوار ئەی هاوار عالەمینە وەرن". ئەویش خەڵك بە دەنگییەوە دەچن و لێی کۆدەبنەوە و دەڵێ: "ئەی هاوار وەرن بزانن چ باسە، بڕە دینێکم هەیە کوڕە خۆ ئەوە ئەویشم لێدەستێنن. ئەوانە ئەوە هاتوون دینەکەم بەرن. بۆخاتری خودای دینەکەم لێمەستێنن، ئەمن چۆن فتوا دەدەم کە قازی بکووژن، دەوڵەت دەتوانێ بۆخۆی بیکوژێ، ئیدی بۆ بەهانە بە ئێمە دەگرن".

دەگوتری کە مەلاحوسێن مەجدی وەزیری دادی کۆماری کوردستان، یەکەم کەس بوو کە ئێعدامی پیشەوای واژۆ کرد و ئەگەر لەسەردەمی کۆمار دا بە قازی محەممەدی دەگوت مێهدی مەوعوود، ئەوجار لە ڕێوڕەسمەکانی شای ئێران دا دەیگوت، ئەی محەممەد، ئەی مەحموود، ئەی حەبیبی خودای.

مەحەمەد مەجدی کوڕی مەلاحوسێنیش کە لە کۆمار دا شاعیرێکی بێ وێنە بوو، بە دوای کۆمار دا، بە حکومەتی شای هەڵادەکوت و لە قوتابخانەش دا، زیاتر ڕێزی زیاتر لە کوڕێ ئەفسەرانی ئەرتەش دەگرت.

محەممەد ڕەزا سەیفی قازیش لە لاپەڕەی ٥٣ ی باسی ئازایەتی مەلا محەممەد بزینانی کە بە مەلا ڕەشە بە نێوبانگ و ئیمام جومعەی مزگەوتی سەید نیزام بوو دەکا، کە کاتێک سەرهەنگێکی ئەرتەشی لەگەڵ سوورەی شافعی و ڕەحمانی عەتاری کە نامەی واژۆ کردنی قازییەکانی بۆ دەبەن، چۆن بە گژیان دا دێتەوە و هاوار دەکا کە بۆ بێ ئیمانی دەکەن و دیانەوێ کافری بکەن و شەڕەف و ناموسی پیاوەتی لێ بستینن و لەبەرانبەر بە نەتەوەکەی دا سەرشۆڕی بکەن، دەکا.

ڕەحمانی قازی لە کتێبی "ڕۆژگاری ون بوو" دا لەسەر هەڵوێستی مەلا ماوەڕانی دەنووسێ:

وەک من بیستومە لە شاری مەهاباد تەنیا مەلا محەممەد ماوەڕانی واژۆی نەکردووە. دوایی سەد تمەن پارەی بۆ دەبەن بۆ ئەوەی واژۆی بکا ئەویش لە ژێر داواکارییەکە دەنوسێ :

ما آبـروی فقـر و قناعـت نمیبـریم

با پادشه بگوی که روزی مقرر است

واتە: ئێمە پێشێلی شەڕەفی فەقیری و قەناعەت ناکەین، بە شا بڵێن بەشی نەمر نەژیمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەیە.

عەبدوڵای قازی لە درێژەدا دەنووسێ:

ئەوجار دەچنە لای میرزا رەحمەتی شافعی کە یەکێك لە دەوڵەمەندانی شار بووو داوای لێدەکەن کە کاغەزەکەی ئیمزا بکا. ئەویش دەڵێ پێشەوا با پووڵیشی لەمن ئەستاندبێ و زوڵمی لێکردبم، بەڵام ئەمنی لە مردن نەجات داوە، بۆیە قەت شتی ئاوا ئیمزا ناکەم.

جێی ئاماژەیە کە بگوترێ عەبدوڵای قازی ئاگاداری ئەو بەڵگانە نەبووە کە دەست کەوتوون و میرزا رەحمەتی شافعی یەکێک لەوکەسانە بووە، کە چەند جار بە نووسراوە داوای ئیعدامی قازییەکانی کرد بوو.

خەلیل فەتاحی قازی لە لاپەڕەی ١٦٥ی مێژووی بنەماڵەی قازیدا دەنووسێ کە پێش ئێعدامی قازییەکان هێندێک کاربەدەستی نیزامی بۆ ئێعدامی ئەوان دەستیان بە نامە نووسین کرد و بە زۆر یان بە هەڕەشە نامەکەیان بە کەسانێک واژۆ کرد. یەکێک لەو نامانە بە هۆی شێخ عەبدولرەحمان کوڕی شێخ عەبدولرەحیم شەمسەدینی و کەسێکی دیکە، دەدرێ بە عەلیاغای حاجی ئیلخانی ئەمیر ئەسعەد(عەلیار)، کە ئەوکات نەخۆش بوو و لە ماڵە رەحمەتی شافعی لە مەهاباد لە جێیەدا کەوت بوو. عەلیاغا دەڵێ ئەوە چییە و شێخ عەبدولرەحمان دەڵێ کە بابی داوای کردوە بۆ ئێعدام کردنی قازییەکان ئەو نامەیە ئێمزا بکەی. عەلیاغا نامەکە دەدا بە برایماغا کوڕی و دوایە بە بابەتەکە نارەحەت دەبێ و دەڵێ ئەمن قەت ئەوە ئیمزا ناکەم. ئەمن وەباڵی ئەوکارە بەستۆ ناگرم. کەسێک لەوێ پێی دەڵی ئەگەر ئەوەی واژۆ نەکەی کاربەدەستانی دەوڵەت لێت نارەحەت دەبن و لەوانەیە گیروگرفتت بۆ بخوڵقێنن. عەلیاغا دەڵێ ئەگەر بە جێی قازی محەممەد، ئەمن ئیعدام بکەن هێشتا واژۆی ناکەم. ئەمن لە گەڵ قازی محەممەد و براکەی دوژمنایەتیم هەبوو و ئەگەر لە دەستم هاتبا بۆخۆم دەمکوشتن، بەڵام لە کوشتنی وان بە دەستی دەوڵەت نارەحەتم. دوایە کاغەزەکەی لە کوڕەکەی وەردەگرێ و بە تووڕەیی بۆ شێخ عەبدولرەحمانی فڕێ دەدا.


پێشەوا - عەلی ئاغای دێبوکری

رەحمانی قازی لە کتێبی "رۆژگاری ون بوو" دا لەوبارەوە دەنووسێ: ... عەلی ئاغا حاجی ئیلخانی (عەلیار) کە پێشتر نەیاری پێشەوا بو واژۆی ناکا و دەڵێ ”راستە من لەگەڵ قازی محەممەد نەیار بوم و دژایەتیم دەکرد بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی کەسانێک کە بۆ ئەو خەڵکە داماوە تێکۆشاون و سەری خۆیان بەخت کردووە داوای سێ دارەیان بۆ بکەم، ئەو کەسانەی واژۆیان کردووە جگە لە روڕەشی دونیا و قیامەت هیچی تریان وەدەست ناکەوێ و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

من نامهەوێ لەو ڕوڕەشییە دا بەشدار بم" دوایی ئەو شێعرەی لە ژێر دەنوسێ:

مرا به مرگ عدو جای شادمانی نیست

کـه زندگانی مـن نیـز جاودانی نیست (من بە مردنی دوژمن خۆشحاڵ نابم چوونکە ژیانی منیش ئەبەدی نییە).

مامۆستا هێدی لە لاپەرەی٩٦ی کتێبی ئاوێنە شکاو دا، لەسەر واژۆ نەکردنی عەلیای دێبۆکری دەنووسێ: ... حکومەت بۆ لە سێدارەدانی پێشەوا لە موکوریان ئیمزای سەرۆک عەشیرەت و گەورە پیاوانی تری وەخڕ دەکرد بۆ ئەوەی کە بارێکی وا بەو جەنایەتەوە بگرێ کە گوایا خەڵکی خۆیان داوخوازی لەداردانی وان بوون و پێش هەموو کەس نووسراوەکەیان بردە لای (عەلیاغای ئەمیر ئەسعەد) عەلی‌یار، رەئیسی دێبۆکریان  بەڵام عەلیاغا ئیمزای نەکرد و فەرمووی: من ئەگەر قازی محەمەدم ناخۆشیش ویستبێ بۆخۆمم ناخۆش ویستوە نەک بۆ خەڵکی تر، پیویست بەو روون کردنەوە هەیە کە عەلیاغای عەلیار هەتا کۆمار رووخا سەری وەبەر نەهێنا و دژایەتی پێشەوای کرد، بەڵام نووسراوی حکومەتێش بۆ کوشتنی پێشەوا ئیمزا نەکرد، هەروەک زۆر کەسی تریش لەوەدا چاویان لەو کرد و نووسراوەکەیان ئیمزا نەکرد.

لە بەرانبەر بە هەڵوێستی عەلیاغای دێبۆکری دەبێ بگوترێ کە ئەو یەکێک لە کارگێڕانی سەرەکی دارێژەری رووخانی کۆماری کوردستان بوو. هەرچەند نەخۆش بوو و سەرەتانی هەبوو بەڵام لە تاران و لە سەقز و لە تەورێز، بە بەرنامە بۆ رۆخانی کۆمار تێکۆشا. تاهیری ئیلخانیزادە لە لاپەڕەی ١٣٠ کتێبی "ئاوڕێک لە موکوریان"دا بە نەقڵ لە بەرگی دووی کتێبی سەننار مامەدی باس لەوە دەکا کە چۆن عەلیاغا بە نەهێنی لە شاری شاپور چاوی بە عەشایری شکاک کەوتووە و هانی داون کە شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی ئێران نەکەن و دەست لە پشتیوانی کردن لە رووسان هەڵگرن.

عەلیاغا لە رێژیم بە گلێی بوو چوونکە بە دوای روخانی کۆمار دا بە پێی پێوویست رێزیان لێنەگرتووە، دەنا نەتەنیا دژی کوشتنی قازییەکان نەبوو بەڵکوو پێخۆش بوو بە دەست خۆشی ئەوان ئیعدام بکا.

دەگوترێ کە محەممەد و کەریم، کوڕی موتەلیبە لەرزە نامەی ئێعدامی پێشەوایان بۆ واژۆ کردن بە نێو خەڵک دا گێڕاوە. مەلا رەسووڵ پێشنماز دەنووسێ کە منداڵانی قوتابخانە ناوی سەگەکانیان لە سەر ئەو کەسانە دانابوو کە ئێعدامی پێشەوایان واژۆ کرد بوو و لە گەڕەکەکانی شار، شەڕە سەگیان پێ دەکردن. هەژار لە بەرەوموکریان لە شێعری رۆستەم بەگ دا، لەسەر یەکێک لە و مەلایانە کە لە مزگەوتی سوور دەرسی دەگوت و ئێعدامی پێشەوای ئیمزا کرد، بە شێعر ئاوا دەڵێ:

نوێژگەیەکیش هەیە لەو دەوروبەرە
باغ و بێستانە مەلای سەلکە کەرە
لەو مەلایانە یەکی زل جاشە
خەرتەلە و چاوی لە پێنج شەش لاشە

داوای ڕێژیم لە خائینان بۆ ئێعدامی قازییەکان داوایەکی بێجێ بوو و ئەوان چ نەما بۆ ڕێژیم کە نەیکەن و ئەو بابەتە تەنیا بۆ بیقیمەت کردن و سووک کردنی ئەوان بوو. بێشک ئیمزا نەکردنی ئێعدامی قازییەکان بە هۆی کەسایەتی و سەروک عەشایری خائین، کاریگەری لەسەر چارەنووسی ئەوان دەبوو. شکی تێدانییە کە لە دەرباری شا و لە دەوڵەتی قەوام دا، کەسانێک هەبوون کە دژی ئێعدامی ئەوانە بوون و دوور نییە کە خەلعەتبەری وەزیری دەربار، هەر بە ڕاسپاردەی شا، ئەو سیگناڵەی نەدابێ بە ئەو خائینانە کە داوای عەفوو و بەخشینی قازییەکان بکەن.

محەممەد ڕەزا سەیفی قازی لە کتێبی "اسرار محاکمه قاضی محمد و یارانش" دا، نامەی ئەو کەسانەی کە لە بەڵگەنامەکانی "سازمان اسناد ملی ایران" دا، هاتووە، هێناوە و دەردەکەوێ کە ئەوانە چەندە لەسەر بەڕێوەبردنی هەرچی زووتری ئێعدامی قازییەکان سوور بوون و کاسەی گەرمتر لە ئاش بوون.

داوای ئێعدام بۆ ڕێبەرانی کۆمار لە لایەن خائین و خۆفرۆشانەوە، هەر بە دوای گرتنی ئەوان دەستی پێکرد. ئەو داوایانە بە کۆ و بە تاکە کەسی کراون و جاری وایە چەند جار دووپات کراوەتەوە و پێی لەسەر داگیراوە. بە پێی لاپەڕەی ١٢٦ی کتێبی "اسرار محاکمه قاضی محمد و یارانش" عەبدوڵای ئیلخانیزادە لە ڕێکەوتی ١٣٢٥/١١/٨ بە نوێنەری عەشیرەتی دێبوکری، بۆ سەرک وەزیران و وەزیری شەڕ دەنووسێ کە ئێستا دەوڵەت توانیوییەتی، توانایی خۆی بەسەر تەواوی وڵات دا بسەپێنێتەوە، بۆ ئەوەی لە مێژوودا کاری خائین و نیشتمافرۆشان کە لە دەست درێژی بۆ سەر ماڵ و ناموسی خەڵک دا، خۆیان نەپاراست و خەیانەتی ئەوان بۆ هەموو کەس ڕوونە، دووپات نەبێتەوە، عەشیرەتی دیبۆکری داوا لە عەلاحەزرەت شاهەنشا دەکا کە بە ڕەچاوگرتنی عەدالەت، ئەوان بە سەزای خۆیان بگەیەنێ. عەبدوڵای ئیلخانیزادە

بە پێی لاپەڕەی ١٢٧ی ئەو سەرچاوەیە، بە ڕێکەوتی١٣٢٥/١١/٨ لە نامەیەکی دیکە دا بۆ سەرۆک وەزیران و وەزیری شەڕ، هاتووە کە لەبەر گرینگی پێدانی شا و کەسانی بیرمەندی وەک ئێوە و فیداکاری ئەرتەشی ئازای شاهەنشاهی، بەدبەختی و چارەڕەشی نەتەوی کورد جێی خۆی دا بە خۆشی و ئاسایشی گشتی. ئێستا میللەتی کورد داوا لە بارەگای کۆشکی شاهانە و ئێوە دەکا، کە چەند کەس گیرەشێوێنی بێ وڵاتی بێگانە پەرەست، بە تایبەتی سەدری قازی و قازی محەممەد و سەیفی قازی، کە لە ژێر ناوی خودموختاری و کۆماری کوردستان دا، ڕەسەنایەتی میللەتی کوردیان لکەدار کرد و بەوپەری بێشەرمی خەریکی تەجزییە و لەبەین بردنی دین و ئاین و نامووس و ماڵی خەڵک بوون، بە سەزای خۆیان بگەیەنن و ئەو وڵاتەی لە بێگانەپەرەستانە خاوێن بکەنەوە و خەڵکی کوردستان بۆ ئەبەد ئاسوودە بکەن و هیواداریـن بۆ سارێژی برینەکانمان سەزا بدرێن و ئێمە بتوانین دائیم بۆ مانی گەورەیی شا و کارگێڕانی وڵات، دەست بە دوعا بین. عەبدوڵرحمان شەمسەدینی، مەلاخەلیل میرابادی، شێخ حەسەنی شەمسی بورهان، شێخ حوسێنی شەمس بورهان، مودەرس مەجید محەممەد ئەیوبی، ... مەجید ئەبولقاسم، ئاغا سەدیق سەدیقی، شێخ عەبدولفەتاح شەمسەدینی، شێخ بایزی شەمسەدینی، شێخ عوسمانی شەمسەدینی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە، بە گوێرەی تێلگرافی ژمارە ٤٢٣٢١ رێکەوتی ٢٥/١١/٨ دەستەیەکی دیکە لە عەشایر لە نامەیەک دا، داوای ئیعدامی قازییەکان دەکەن. دەقی ئەو تێلگرافە بەو جورەیە:

رێزدار ئەشرەف ئاغای قەوامولسەلتەنە سەرۆک وەزیرانی ئێران، روونووس بۆ وەزارەتی شەڕ، رەئیسی ستادی گشتی ئەرتەش، عەشایر و رەعییەتی ناوچەی مەهاباد و گشت کوردستان. سرنجی کەسایەتی مبارەکتان بۆ ئەو وەتە بە سۆزانەی خۆمان رادەکێشین کە ئێمە میللەتی زوڵم لێکراو هەر بە ماوەیەک دەکەوینە بەر دەستی کەسانی زاڵم و نیشتمان فرۆشی بێ دایک و باب و قەتلیعام دەکرێن. ئەو نارەسەنانە بە مەبەستی بەرژەوەندی و دامرکانی هەوەسی خۆیان نەتەنیا بوونە هۆی رژانی خوێنی جەوانان و تێکدانی ژیانی ئێمە، بەڵکوو بوونە هۆی پەڵەی شەرمەزاری سەرشۆڕیمان لە بەرانبەر بە هاووڵاتیانی ئێمە دا. لەبەر ئەوە قەت ئەو کەسانە بە سەزای خۆیان نەگەیون، ماوەیەک لەوی پێش کەسانێک لە رووداوەکانیان کەڵک وەرگرت و بوونە هۆی پەریشانی و سەرشۆڕی ئێمە و ئێمیان بەدبەخت کرد. بە تایبەتی لە دوو ساڵی رابردوو دا قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازی نیشتمان فرۆشی خائین، بە نێوی کۆمار و جودایی خوازی، میللەتی کورد، کە مێژوو شاهیدی ئێرانچێتی ئەوانە، هەرچی هەیان بوو لێیان ئەستاند و میللەتی کوردیان بەدنێو کرد. ئێستا کە بە کەرەمی خوای، بە دەستی بە توانای عیدالەت گیراون، لە بەرێزتان دەمانەوێ ئەو گورگە دڕندانە لە پێش چاوی ئێمەی زوڵم لێکراو سەزا بدرێن تا زامی دڵی ئێمەی میللەتی مەزلووم، سارێژ بێتەوە. دەنا هەتا هەین دڵی ئێمە کە بەدەست ئەو زاڵمانە بریندار بووە، سارێژ نابێتەوە و ئاە و ناڵەی نەوە و رووحی جەد و ئاباد و بابی جەوانەکانی ئێمە، کە خوێنیان بە ناحەق رژا و کەرامەتی نەتەوییان پیس بووە، چاوەڕوانی تۆڵەن، دەنا سوکناییان نایە. عەزیز ئەمیر عەشایری، مارف ئەمیر عەشایری، عەلی ئەمیر عەشایری، پیرۆتی ئەمیر عەشایری، حوسێن ئەمیر عەشایری، عەباس ئەمیر عەشایری، حەسەن بایەزیدی، سەلیم ئەمیر عەشایری، قادر ئەمیر عەشایری، رەحمان ئەمیر عەشایری، بایەزیدی بایەزیدی، عەبدوڵا بایەزیدی، سەلیم ئاغا ئوجاق شکوری، ئیبراهیم سالار نیکو سەردەشت، حوسێن نیکو، سالاری نیکو، سولەیمانی جەنگەڵی نیکو، عەبدولرەحمانی تەیموری نیکو، مارفی گولابی نیکو، محەمەد نادری نیکو، رەسوڵ نیکو، بایەزیدی عەزیزی، کەریمی بایەزیدی، محەمەد ئەمین عەباسی، عەزیز و رەزا نادری، محەمەد مزەفەر، محەمەد گولابی، محەمەد بزورگ، رەسوڵی ئیبراهیمی.

هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە و هەر راست بەو ناوەرۆکە، بە رێکەوتی ١٣٢٥/١١/١١ ئەو کەسانە داوای سەزای قازییەکانیان کرد. شێخ ئاقایی، قادر قارەمانی، عەبدولرەحمان عەبدوڵای ئیلخانیزادە، سمایلی شێخ ئاقایی، سولەیمان مەعروفی.

هەر بە ناوەرۆکی نامەی سەرەوە، بەڵام لە رادەیەکی بەربڵاوتر دا ٣ کەسی خوارەوە بە رواڵەت بە ناوی چینی بازەرگان، بە رێکەوتی١٣٢٥/١١/١٤ تێلگرافیان بۆ کۆشکی شاهانە کرد و داوای سەزای قازییەکانیان کرد. رەحمەت شافعی، سەید حاجی جەعفەری و عەبدوڵای کەریمی و کەسانی دیکە.

دیسان هەر بەو ناوەرۆکەوە لە رێکەوتی١٣٢٥/١١/١٤ تێلگرافێک بە ئیمزانی کەسانی خوارەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له سەر سەزای قازییەکان بۆ سەرۆکی وەزیران و وەزیری شەڕ ناردرا. حاجی ساڵح عوسمانی، قاسم پەنجەوی، عەزیز موشیری، عەبدوڵا کەریمی. سەید حاجی جەعفەری، رەحمەت شافعی، ... ئەفەندی مەهاباد، حاجی عەبدولخالەق حەسەنزادە، شەریفزادە، سەعید وەلیزادە، مستەفا بلوری،...... ساڵح خەڕازی، سەعید کەرباسیان، محەممەد ساڵحزادە، حەسەن نانەوازادە، مستەفا کەرباسیان، حاجی عەبدوڵا چەڵەبی، فەتحوڵا ناسری، محەممەد سوورکی، حاجی رەحمان شیربەگی، ئیبراهیم کەریمی، ئەحمەد داودی، سەید عەلی حوسێنی، قاسم وەتەمیشی، سەعید خەڕازی، مەلا سەید عەبدوڵا، حەسەن مەسعودی.

هەر بە پێی لاپەڕەی ١٤٠ی کتێبی "اسرار محاکمه قاضی محمد و یارانش" بە ناوەرۆکی نامەی سەرەوە، بە گازەندە لەوەی کە ئەگەر حوکمی ئیعدامی قازییەکان دراوە بەڵام بۆ وەدرەنگی خراوە، تێلگرافێک بە رێکەوتی ١٣٢٥/١٢/١ لە تاران را بۆ سەرۆک وەزیر و وەزیری شەڕ و ستادی ئەرتەش و رۆژنامەی ئیتلاعات بە ئیمزای ئەو کەسانەی خوارەوە ناردراوە. شێخ عەبدوڵرحیم شەمسەدینی، محەممەد خەلیل میرابادی، شێخ حوسێنی شەمسی بورهان، ئیبراهیم عەلیار، رەئیسی ئێلی مەنگوڕ عەبدوڵای بایەزیدی مەنگوڕ، ئیبراهیمی سالاری مەنگوڕ، باپیر مەنگوڕ، سەلیم ئوجاق، رەحیم تیمورمەنگوڕ، بایزیید عەزیزی گەورک، کاک ئەڵا حەسەن گەورک، پەرویز محەممەدی گەورک.

لە ژێرنووسی ژمارە ٤٤٩ ی لاپەڕەی ٢٥٦ کتێبی "ئینکار و مقاوەمەت" دا، عەلی مرادی مراغەیی لیستەی بەشێک لەو کەسانەی هیناوە کە بە نامە و تێلگڕاف داوای ئێعدامی قازییەکان کرد و بریتین لە: عەزیز ئەمیر عشایری، عەلی پیرۆتی، حوسێن و عەباس ئەمیر عشایری، قادر و رەحمان ئەمیر عشایری، حەسەن بایزیدی، کەریم و عەبدوڵا بایەزیدی، سەلیم ئاغاجاق شوکری، ئیبراهیم سالار، عەبدولرەحمان تەیموری، محەممەد نادری، رسوڵ نیکور، عەزیزی کەریم بایزیدی، محممەد ئەمین ئەمینی، عەباس عەزیزی و رەزا نادری، محەممەد موزەفەر، محەممەد گولابی، رسوول ئیبراهیمی، عەبدوڵا ئیلخانی زادە، قادر شێخ ئاقایی، قەهرەمان، عەبدولڕەحمان (وەزیری خاریجە قازی محەممەد) ئیلخانیزادە، ئیسماعیل شێخ ئاقایی، سولیمان مەعروفی، حاجی ساڵح عوسمانی، قاسم پەنجەوی، عەزیز موشیری، عەبدوڵا کەریمی سەید حاجی جەعفەری، رەحمەت شافعی، حاجی عەبدولخالەق حەسەنزادە، سەعید وەلیزادە، مستەفا بلوری، سەید موعتەمەدی جەعفەری، ساڵح خەڕازی، سەعید کەرباسیان، محەممەد ساڵحزادە، حەسەن نانەوازادە. مستەفا کەرباسایان، حاجی عەبدوڵای چەڵەبی، فەتحوڵای ناسری، محەممەد سورکی، حاجی رەحمان شیربەگی، ئیبراهیم کەریمی، ئەحمەد داودی، سەید عەلی حوسێنی، قاسم وەتەمیشی، سەعید خەڕازی، مەلا سەید عەبدوڵا، حەسەن مەسعوود، عەبدولرەحمان شەمسەدین، مەلا خەلیل، شێخ حەسەن مشتی، شێخ حوسێن شەمساغا، سەدیق سەدیقی، شێخ عوسمان شەمسەدین، ئیبراهیم عەلیار، رئیسی ئێلی مەنگوڕ عەبدوڵای بایزیدی مەنگوڕ، بایزید عەزیزی گەورک، پەرویز گەورک و دەیان کەسایەتی تر.

گشت ئەو کەسانە، داوایان کرد کە قازییەکان کە بوونە پەڵەی شەرم بۆ نیشتمانپەروەری و شاپەرستی ئەوان، بکوژرێن تا ئەوان بە خەیاڵی ئاسوودە وەک رابردوو بە خزمەت بە دەوڵەت،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەریکی کاروکاسبی و چاوەڕوانی لوتف و مەرحەمەتی شا بن.

ئەو نامانە بۆ هەر بەشێک لە ئۆرگانەکانی دەوڵەتی ناردرا بان، ئەوان بەشەکانی گرینگی دیکەی دەوڵەتیان لێ ئاگادار دەکردوە و ڕوونووسیان بۆ دەناردن. دەستەی خائینان لە ڕادەبەدەر بۆ نەمانی قازییەکان کارا و هەڵسووڕ بوون. هەر بە ماوەیەک دەستەیەک داوای ئێعدامی ئەوانیان دەکرد. ئەو داوایانە لە لایەن کەسانێکەوە چەند جار دووپات کراوەتەوە و زۆرجاریش هەر بە تێلگراف قەناعەتیان نەکردوە، بەڵکوو بۆ بەجێ گەیاندنی مەبەستی خۆیان، دەچوونە تاران و بەردەرکەیان بە کاربەدەستانی ڕێژیم دەگرت و بەمشیوەیە لە هیچ کردەوەیەکی دزێو بۆ گەیشتن بە مەبەستی چەپەڵی خۆیان ڕانەوەستان. مۆبلی لە لاپەڕەی ١٦٠دا، لە زمانی ڕۆزڤێلت دەنووسێ:

شا بە سەفیری (ئەمریکا) "ئالەن"ی گوت تێلگرامی زۆر و زەوەندی پێگەیشتووە کە تێیاندا داوای ئێعدامی قازی کراوە، بەڵام ئالەن زیاتری لێ‌پرسی. شا پێی‌لێنا کە زوربەی ئەو تێلگرامانە خانەکانی مەنگوڕ و دێبۆکری ناردویانە.

عەلی مرادی مراغەیی لە لاپەڕەی ٢٠٨ کتێبی "ئینکار و مقاوەمەت" دا، دەڵێ کە ئالەن هەوڵی دا کە نەهێڵی قازییەکان ئێعدام بکرین و بە نەقڵ لە کتێبی سەفەر بۆ لای پیاوە ئازاکانی کوردستان لە نووسینی دانا ئادامز ئیشمیت دەنووسێ: روزوێلت پێی داگرت کە هەرچی زوتر بچم بۆ لای شا و داوای لێبکەم کە سەزای قازییەکان کەم بکاتەوە. لە شای، بەڵێنی چاوپێکەوتنی بە پەلەم لە کۆشکی شاهانە کرد. چاوپێکەوتنەکە بۆ ئێوارێ داندرا. بە شام گوت کە ئەمن بۆ کوردستان نیگەرانم... لە منی پرسی چ شتێک ئەمنی سەبارەت بە عەشایرێک کە هاوکاری شووڕەویان کردوە، نیگەران کردووە؟ گوتم ئەوان کەسی ئاقڵ و بێ وێنەن ... شا تێکچوو و بە ناڕەحەتی گوتی: ئەو ئیختیاری کارەکانی داوە بە ڕەزمئارا. لە وڵام دا گوتم: ئەو شتەی کە ئەمن زۆر ناڕەحەت و پەست دەکا هەر ئەوەیە. لەو کاتە دا شا زۆر بە ڕوونی لە منی پرسی: ئایا لەوە نیگەرانی کە من بە زوویی فەرمانی کوشتنی قازی محەممەد بدەم؟ گوتم: بەڵێ من لەوە دەترسێم. پێکەنی و ڕاشکاوانە گوتی: نیگەران مەبە. ئەو کارە ناکەم. خۆشحاڵی خۆم دەربڕی و گەڕامەوە بۆ ماڵێ. دوای دووسێ ڕۆژ لە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی تاراندا خوێندمەوە کە ڕەزمئارا فەرمانی ئێعدامی قازی محەممەد و براکەی دەرکردووە و هەر ئەوە ڕۆژە بەیانی حوکمی ئێعدامی ئەوانی بەڕێوە بردووە... بە بڕوای من ڕەزمئارا پیاوێکی ڤین لەزگ و کۆنترۆڵ نەکراو بوو.

بە گشتی هەوڵی خائینان بۆ کوشتی قازییەکان کاریگەریی زۆری هەبوو و شاکیانی ئەو پەروەندەیە لەلایەن ناوەندەکانی دەسەڵات، بە تایبەتی سەرۆک وەزیران، دڵنەوایی دەدران و وڵامی هەموویان بە تێلگراف دراوەتەوە کە ناڕەحەت نەبن قازییەکان بە سەزای خۆیان دەگەن و تاوانی کارەکانیان دەدرێتەوە.

لەبەرانبەر ئەو هەمووە هەوڵ و تەقەلایە بۆ کوشتنی قازییەکان، کەس نەبوو بە دوای کاری ئەوان دا بچێ و کەسیش نەیدەوێرا. تەنیا لە بنەماڵە دا هێندێک هەوڵ درا و ئەویش داواکارییەکانیان یان زۆرتر لە قەوام بوو کە هەم شەریکی تاوان بوو هەم دەستەڵاتی بەسەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەروەندەی وان دا نەبوو، یان بەرتیل دەدرا بە ئەفسەرانی ئەرتەش. لەبەرانبەر بە هەوڵ و تەقەلای خائینان دا کەس لە بارەگای شا، نەدەپاڕانەوە کە پەروەندەکەیان بەدەست بوو.

بە گوێرەی بەڵگەنامەی کتێبی "اسرار محاکمه قاضی محمد ویارانش" کچی سەدر و سەیف قازی لە تاران لە ڕێکەوتی ١٣٢٥/١١/١٤ لە نامەیەک دا بۆ قەوام، دوای ڕێز و سوپاس بۆ ئەوەی کە دائیم بە دەنگیانەوە بووە و ڕێزی لێگرتوون و هیواداری کردون، ئاگاداریان کردەوە کە شاکیانی بنەماڵەی قازی کە لە مەهاباد، لە هیچ گیروگرفت و کێشە و فایل سازکردن خۆیان نەپاراستووە، ئێستا بە پلانی نوێ هاتوونە تاران و بە هاوکاری هێندێک کاربەدەست، شەو و ڕۆژ خەریکی گێرەشێوێنین. چونکە تەنیا پشتیوانی ئێمە ئەتۆی، بۆیە ویستمان سەرۆک وەزیری خۆشەویستی خۆمان لەو هەموو دژایەتییە کە بە دژی ماڵە ئێمە دەکرێ ئاگادار بکەین و داوات لێبکەین کە هەرچی زووتر، چارنووسی بنەماڵەیەکی بێ سەرپەرەست ڕوون بکەیەوە. لە کۆتایی دا لە بارەگای خوا دەپاڕێینەوە کە تەمن درێژ بی و لە کاروباری دەوڵەت دا سەرکەوتوو بی. خانمی سەدری قازی.

خانمی سەیفی قازی

شەقامی خاقانی بەرانبەری خاوەر زەمیین پلاکی ٢٧

لەو نامەدا دوو مەست دەردەکەوێ، یەکەم هەوڵ و تەقەلای خۆفرۆشان لە تاران بۆ ئێعدامی قازییەکان و دووهەم داوای ئازاد بوونی بە ڕواڵەت تاوانباران لە قەوام بێ ئەوە ڕوونووس بو شوێنێکی دیکە بنێردرێ. دیارە چارەنووسی قازییەکان لە دەست کاربەدەستانی ئەرتەش دا بوو و ئەو ڕاستییە لە نامەی وەزارەتی شەڕ بۆ قەوام لە کاتی دڵنەوایی شاکیانی پەروەندەی قازییەکان دا دەردەکەوێ کە قەوام هیچ دەستەڵاتی بەسەر فایلی قازییەکان دا نەبووە. بە پێی بەڵگەنامەی کتێبی "اسرار محاکمه قاضی محمد و یارانش" وەزارەتی شەڕ، بە ژمارەی ٤١٩١٩ و بە ڕێکەوتی ٢٥/١١/٢١ سەرۆکی وەزیران ئاگادار کردۆتەوە کە هەروەک دەزانن سەیفی قازی و محەممەدی قازی و هەموو خەیانەتکاران تەسلیم بە دادگا کراون و بە بڕیاری دادگا بە جۆرێک لەگەڵ ئەوان ڕەفتار دەکرێ کە شکایەتکەران وڵامی خۆیان وەرگرتبێتەوە.

لە کۆتایی دا محەممەد ڕەزا سەیفی قازی، لە لاپەڕەی ٥٢ کتێبی"اسرار محکمه قازی محمد و یارانش" دا دەنووسێ کە سەرلەشکر هومایونی بۆ ئێعدامی قازییەکان بە پەلە بوو دەیهەویست ڕێکەوتی ٢٣ ژانوییە، واتا یەک ڕۆژ دوای محاکمە و بڕیاری ئێعدام، حوکمەکە بەڕێوەبەری. بەڵام ڕەزمئارا لە تاران را تێلگرافی بۆ کرد کە دەست رابگرێ. هومایونی ناڕەحەت دەبێ و سەرهەنگ فیوزی دەنێرێتە تاران تا هۆی وەدوا دانی ئیعدام بزانێ. محەممەد ڕەزا سەیفی قازی دەنووسێ کە بڕیاری دادگا بڵاو نەکراوە و ڕێژیم بە دەهۆ ویستی ئەوکارە بە دەستی خەڵک بەڕێوە ببا و لە تۆماریک دا، کە قازییەکانی بە خائین و نیشتمان فرۆش ناساند بوو و ئەوەی کە هیچ پەیوەندییەکیان بە باوەڕی خەڵکی کوردوە نییە و پیاوی بێگانە بوون و پێویستە بکوژرێن، ئیمزا کۆ بکاتەوە.

محەممەد ڕەزا سەیفی قازی لە لاپەڕەی ٥٣ ی کتێبەکەی دا ناوی بەشێک لەو کەسانی کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

واژۆیان کردووه هێناوه و دەنووسێ کە بە هاوکاری چەند کەس وەک کوڕەکانی شێخ عەبدولرەحیم شەمسەدین، بایز و عەبدولڕەحمان خەڵکی "باجەوەند" ئەو نامەیە لە نێو خەڵکی کوردستان دا گەڕاوە و واژۆ کراوە. بەڵام تەنیا عومەرخانی شەریفی، عەزیزی مامەش، ڕەشیدی بەگی هەرکی، مەلاخەلیل، مەلا سەدیق سدقی(ئیمام جومعەی مزگەوتی هەباس ئاغا)، مەلا محەممەد دربکە، مەلا ئەحمەدی تەوحیدی، عەبدوڵای عەزیز مەنگوڕ، ڕەحمانی عەتاری، میرزا رەحمەت شافعی، موفتی گەورە(مەلا حوسێن مەجدی)، میرزا رەشید سوورەی شافعی، عەبدوڵای کەریمی، حەسەن داودی، عەبدوڵای سەیدی، حاجی ساڵحی شاتری، عەلی بەگی حەیدەری، عەبدوڵا ئیلخانیزادە، حاجی سەعیدی خەڕازی (ئەبریشمی) و چەند کەس لە بەکرێگیراوانی ڕێژیم ئیمزایان کردەوە، دەنا کەسی دیکە نەیکردوە.

محەممەد رەزا سەیفی قازی دەنووسێ کە کەسانێک وەک مەلا عەلی سەوجە، مەلا محەممەد ماوەڕانی، میرزا محەممەد خاتەمی، عەلیاغای ئەمیر ئەسعەد(عەلیار)، کەریم ئاغای کەریمی، رەحمان ئاغا فەتاحی و جەنابی حاجی شێخ عەبدوڵای ئەفەندی، سەرەرای هەڕەشەی زەبر و زەنگ و گرتن و دوور خستنەوە، حازر بە واژۆ کردنی ئەو نامەیە نەبوون.

عەلی قازی (کوڕی رەش ) دەڵی کە سەرجەم ١٠٨ کەس داوای ئێعدامی پێشەوایان کرد بوو و یۆسفی رزوانی دەڵێ یەکەم کەس کە واژۆی کرد، مەلا حوسێنی مەجدی وەزیری دادگوستەری و دووهەم کەس مەلا سەدیق سەدیقی بوو.

**دادگای دووهەمی قازییەکان و لە پەڕاوێزی ئەو دادگایە دا**

لە تێکڕووخانی کۆماری ئازەربایجان و کوردستاندا بەشی دەوڵەت زۆر کارامە بوو، بەڵام لە دادگایی کردنی بەند کراوەکانی کورد و ئازەر دا شا و ئەرتەش بڕیاریان دەدا و چارەنووسی زیندانییەکانیان دیاری دەکرد و دەوڵەت رۆڵی ئەوتۆی نەبوو.

بەر لە دەست پێکردنی مەحکەمەی دووهەم، روون نییە کە کێ لە زیندان دا چاوی بە قازییەکان کەوتوو و چیان لەگەڵ باس کردوون و چ پێشنیارێکیان پێکراوە. لە بواری چاوپێکەوتنی بنەمالیی عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ١٠٢ دەنووسێ:

ئەوجار ١٠ رۆژ پێش ئەوەی قازییەکان لە سێدارە بدرێن، پێشەوا داوای ملاقاتی قازی کەریم(بابم) دەکاو سەرهەنگ هومایونی و سەرهەنگ پاڵیزبان ناردبوویان بە دوای بابم دا و دەیبەنە ملاقاتی ئەوان. بابم کە لە سلوولی زیندان دا دەیانبینێ لەبەر گریان و پەرێشانی هیچی بۆ نەکرابوو و دەیگێراوەو دەیگووت کە قازی زۆری دڵداری دامەوە و ئەوجار وەسیەتی کردبوو کە ئاگامان لە منداڵەکانی بێ و گوتبووی کە نارەحەت مەبن، هەرچی بێ ئەوە دەبێ و ئەوە قەزاو قەدەری خودایە و هەرچۆنی نایهەوێ بێ، وادەبێ. دوایە بابم پێی دەڵێ: ئەمن چوار سەد تمەن بە جەنابتان قەرزدارم ئەویش دەدەمەوە بە منداڵەکانت.

ـ ئەرێ وەڵڵا بیاندەیە با دەست تەنگ نەبن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر دیداری سیاسی لەگەڵ قازییەکان، دەگوتری کە کاربەدەستانی ڕێژیم زۆریان هەوڵ دا تا پێشەوا بە قەناعەت بگەیەنن کە ڕابگەیەنێ کە لە کارەکانی پەشیمانە و داوای بەخشین و لێخۆش بوون بکا. تەنانەت دەوڵەتانی ئەمریکا و ئینگلیس پێیانخۆش بوو کە پێشەوا لە بەرانبەر بەوان دا، ڕابگەیەنێ کە لە کارەکانی پەشیمانە و باس لەوە دەکرێ کە نوێنەری ئەمریکا ١٠ ڕۆژ بەر لە ئیعدامی پێشەوا چووبێتە لای، بەڵام پێشەوا پێشنیاری ئەوانی بە توندی ڕەد کردوتەوە و ملکەچی ویستەکانیان نەبووە.

ڕەحیم قازی لە لاپەڕەی ٣١٦ی کتێبەکەی دا دەنووسێ، کە هەرچەند هێچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە بەڵام لە ئاخری مانگی فەورییەی بە نەهێنی دیسان قازی بە تەنیا دەبەنەوە بۆ تاران تا بتوانن بۆ لای خۆی ڕابکێشن. ئەوان داوا لە قازی دەکەن کە نامە بۆ بارزانی و عەشیرەتی چەکدارەکان بنووسێ کە خۆ بە دەستەوە بدەن و شەڕ نەکەن. پێشەوا هیچ کام لەو داوایانە بەجێ ناگەیەنێ و دوای دوو ڕۆژ دەگێڕنەوە بۆ مەهاباد.

هەر لەو سەرچاوە و ئەو لاپەڕەیەدا، ڕەحیمی قازی ئاماژە بە بیرەوەری مینا خانم دەکا و دەنووسێ کە لە نێوەڕاستی مانگی مارس دا، دیسان قازییەکان بە نەهێنی دەبەنەوە تاران. لەسەر ئەو سەفەرەش بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە بەڵام نووسراوە کە وێنەی سەروسەکوتی قازییەکان کە دەستیان بە دموچاویان گرتووە لە ڕۆژنامەکانی تاران و ئەمریکا بڵاوبۆتەوە.

بە پێی لاپەڕەی ٣١٠ی کتێبی ڕەحیم قازی و بە نەقڵ لە ڕۆژنامەی "ئازادی" کە لە ڕێکەوتی ٨ ی ئاوریلی ١٩٦٠ نووسراوە، ئیستیماری ئینگلس و ئەمریکا ئەگەرچی قازی محەممەدیان بە دوژمنی سەرسەختی خۆیان دەزانی بەڵام هیوادار بوون کە بتوانن لە کەسایەتی ئەو بە قازانجی خۆیان کەڵک وەرگرن.

لە هێندێک ڕاپۆرتدا هاتووە کە لەو کاتدا، کاربەدەستێکی ئەمریکایی بە لیباسی ئەفسەری ئێرانی چووتە تەورێز و لەوێشرا چەند جار هاتووچۆی کوردستانی کردبوو. بە پێی لاپەڕەی ٣١١ی ڕەحیمی قازی و بە نەقڵ لە ڕۆژنامەی ئازادی نووسراوە:

قازی محەمەد و هاوڕێکانی پتر لە سێ مانگ لە گرتووخانەدا ڕاگیردران و لەم ماوەیەدا چوار جار بە نهێنی ئەوانیان لە مەهابادەوە برد بۆ تاران و هێنایانەوە.

بە پێی لاپەڕەی ٣١١ ی ڕەحیم قازی بۆ یەکەمجار قازییەکان لە ٥ ی مانگی فیورییەدا دەبەنە تاران و لە گرتووخانەی دیژبانی تاران ڕایاندەگرن. لەو ماوەیەدا چەند کەس لە کوردانی نیشتەجێ تاران وەک ئەردەڵانەکان و سەنەندەجی و ئیلخانیزادە و فەهیمی ... چاویان بە قازی کەوت و هەوڵیان دا تا لە ڕوانگەی خۆی پەشیمانی بکەنەوە و ڕازی بکەن تا داوای عەفوو و بەخشین لە شای بکا، تا مەترسی کوشتنی لە سەر نەمێنێ و لە ئاگادارییەکدا بە دژی ڕووسان بنووسێ کە ئەوەی ڕووی دا بە فیتی ئەوان بوو و هەروەها بە عەشایر ڕابگەیەنێ کە لەبەرانبەر بە ئەرتەشی ئێران دا ڕانەوەستن.

بە پێی لاپەڕەی ٣١٢ی ڕەحیمی قازی هەر ئەوکات جورج ئالین، ژێنڕاڵ شوارتسکۆف پسپۆڕی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمریکایی لەسەر مەسەلەی کورد، دووجار لە گرتووخانە چاویان بە قازییەکان کەوت و بە پێی ڕۆژنامەی ئازادی ڕێکەوتی ٨ ی ئاوریلی ١٩٦٠ و هەروەها بیرەوەرییەکانی میناخانمی قازی، ئەم پێشنیارە دەکەن:

ئەگەر بێتوو لەسەر مەسەلەی کورد بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئەمریکا لە ناو کوردانا بگرنە ئەستۆ لە کوشتن ڕەزگارتان دەکەین.

بە گوێرەی بیرەوەرییەکانی مینا خانم، دەبێ پێشەوا بە جۆرج ئالێنی گوتبێ کە گەلی کورد چاوی هیچ خێر و چاکەیەکی لە دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان نییە، بەڵکوو بە هێز و توانای خۆی پشت ئەستوورە. بە گوێرەی لاپەڕەی ٣١٣ی ڕەحیم قازی بە نەقڵ لە بیرەوەرییەکانی مینا خانم، دەبێ پێشەوا بە جۆرج ئالێن گوتبێ کە دەستی دۆستایەتی داوەتە رووسان و ئەوە بە وەزیفەی موقەدەسی کوردان دەزانێ و گەلی کورد چاوی هیچ خێر و چاکەیەکی لە دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان نییە بە هێز و توانای خۆی پشت ئەستوورە.

بە پێی لاپەڕەی ٣١٥ی ڕەحیمی قازی لە ئارشیوی حیزبی، سیایی ژمارە ٧٣ دا هاتووە کە دوو پێشمەرگەی تایبەتی پێشەوا و سەیفی قازی بە ناوەکانی ڕەحیمی زاهیدی و ساڵحی قزڵباش لە ٢٧ی فەوریە بە بەرتیل دان بە کاربەدەستانی ڕێژیم چوونە ناو زیندان و چاویان بە پێشەوا و سەیف کەوتووە و ئەوان داوایان لێکردوون کە بچنە کونسولخانەی رووس لە تەورێز و پەیامی پێشەوایان پێبدەن. بە پێی قسەکانی ئەوان پەیامی قازییەکان ئەوە بوو کە هەردەم بە نیسبەتی سیاسەتی سۆڤیەت سادق و وەفادار دەمینن و تکا دەکەن کە هەوڵی  ئازادبوونیان بۆ بدەن. چونکە لەوکاتە دا تەنیا ئومێدیان بە رووسانە نەجاتیان بدەن.

بێشک ڕەنگە ئەوانە و زۆر کەسی دیکە هەوڵی ئازاد کردنی پێشەوا و هاوڕێیانیان دابێ، بەڵام ئەوەی سەیر و جێگای ڕامانە کە تەنانەت لەو هەوڵانەش دا سەمپاتی بۆ حەقانییەت و دروستبوونی ڕێگا و ئامانجی دەوڵەتی شووڕەوی مەبەست بوو و لە زمانی پێشەوا چەشنێک پروپاگەندە و پاکانە بۆ سیاسەتی شووڕەوی و پاساوی ئەو خەیانەتی کە بە جوڵانەوەی کورد و ئازەری کراوە، دەبیندرێ.

لیرە دا پێویستە بگوترێ کە وڵامی قازییەکان، ئەوانەی کە پەیوەندی بە خوڕاگری و دیفاع لە حەقانییەتی جووڵانەوەی کوردە، هەمووی ڕاستە. بەڵام ئەوی کە سەمپاتی و لایەنگری لە رووسانی تێدایە و لە زۆربەی نووسراوەکانی ڕەحیمی قازی دا دەبیندرێ، جێگای شک و گوومانن و کاریگەری بەشی ئەمنییەتی رووسانی بەسەرەوەیە.

دادگای دووهەمی قازییەکان، دادگای پێداچوونەوە بوو بەڵام نە بە مەبەستی ئاڵوگۆڕ لە بڕیاراتی دادگا پێشوو، بەڵکو بۆ پێداگری و سووربوونی بەڕێوەبردنی بڕیارە دراوەکانی محکەمەی پێشوو. لەسەر هەڵسوکەوتی دادگای دووهەم،  سولەیمان – ح ڕۆژنامە نووسی ئێرانی دەنووسێ:

ئەندامەکانی مەحکەمەی دووەم، ڕۆژی ٧ ی فەروەدینی ١٣٢٦ هاتنە مەهاباد ڕۆژی ٩ ی فەروەردین(خاکەلێوە) بڕیاریان دەرچواند و بە بەیانی زوویی ڕۆژی ١٠ ی فەروەردین لە پاش بەجێگەیەندرانی حوکمەکە بە پەلەپەل لە مەهابادەوە بۆ لای تاران وەڕیکەوتن. هەر بەو


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سورعەتەی، کە روحی قازییەکان لە گیانیان دەرچوو ئەندامەکانی مەحکەمەش لە مەهاباد وەدوور کەوتن.

مەنافی کەریمی لە لاپەڕی ١٣٧ی "پیشەوای بیداری" دا، دەنووسێ:

لە داداگای پێداچوونەی مەهاباد سەروان سولحجو و سەروان نەبەوی، بوونە وەکیلی دیاریکراوی ئەوان. لەوکاتەی کە دادگای پێداچوونەوە دەستی پێکرد، ٨٠ رۆژ لە دادگای یەکەمی سەحرایی کە تێیدا قازییەکان بە مەرگ مەحکوم ببوون تێدەپەڕی. بۆ ئەو محاکمەیە هەیئەتێکی ١٤ کەسی لە ئەفسەرانی دادگای تەوریز هاتنە مەهاباد. قازی محەمەد لە ئاخری دیفاعی خۆیدا کە سەرجەم ٤٨ ساعەتی گرت بە دادگایەی گوت: بزانن دوای کوشتنی من هەر قەترە خوێنێکم دەبێتە قازی محەمەد و ئەو جوڵانەوەیە قەت دانامرکێ.

هەر لە دادگای یەکەم دا قازییەکان وڵامی ڕەدی تاوانەکانیان ئامادە کرد بوو لەو بارەوە لە دادگای پێداچوونەوە دا سەروان کیومەرسی سالح دەنووسێ: تاوانبارەکان (قازییەکان) بە شێوەیەکی دەقیق بۆ رەدی ئیتهامەکانیان لە ١١٤ لاپەرە دا هەموو جوابەکانیان دا بوو بە دادگای یەکەم و داوایان کرد کە بە بەڵگە تاوانەکانیان بسلمێندرێ. بەلام بەرگرینامەکەیان لە ماوەی ٣ مانگ لە دادگای ئەرتەش دا تاوتوی نەکرا و چاوی بەسەر دا نەخشا بوو، چوونکە پێکهاتن و رەوت و بڕیارەکانی دادگا هەر لە مهاباد بەڕیوە دەبردرا. کەوابوو کەس نەیدەتوانی بە تەنیا بەرگرینامەکە تاوتوێ بکا یان تەنانەت بیخوێنێتەوە. تاوانباران لە کاتی هاتنی ئەو هەیئەتی تاران بۆ مەهاباد، بەرگرینامەی خۆیان پینەبوو تا لە دادگای پیداجوونەوەدا رابگەیەنن کە ئەو دادگایە بە رەسمی ناناسن.

قازییەکان لەو باوەڕە دا بوون کە بە چاوخشاندنەوە لەو ١١٤ لاپەڕە بەرگریە دا، لەوانەیە هەر یەکە بۆ چەند سالێک زیندانی بکرین، بەلام لێژنەی دووهەمیش بە بێ گویدان بەو نوسراوەیە، هەر لە سەر بڕیاری پێشوو بوو و تەنیا هاتبوونەوە بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانیان. هەموو نیشانەکان ئەوەیان دەگەیاند کە تاران تەنیا لە فکری هەرچی زووتری کوشتنیان دابوو تا ئەوەی سەرلەنوێ دادگاییان بکاتەوە.

کیومەرسی سالْح دەنووسێ: کە لێژنەی دادگای پێداچوونەوە لە رۆژی ١٣٢٥/١/٤ (٢٥ مارسی ١٩٤٧) لە تارانەوە بە ڕێگای تەوریز میاندواو بۆ مەهاباد وەرێکەوتن. رۆژی ١٣٢٥/١/٧ (٢٨ مارس ١٩٤٧) گەیشتنە مەهاباد و دوای یەک شەو مانەوە لە پادگان، رۆژی دوایی دەستیان بە کار کرد. لە سەرەتادا قازی محەممەدیان هێنا بۆ دادگا و پرسیار دەستی پێکرد. تاوانەکان هەر ئەو ١٢ تاوانی دادگای نیزامی پێشوو بوون. قازی جیا لە ٣ تاوان هەموو تاوانەکانی بە توندی بەرپەرچ داوە و داوای رووکردنی ئەو بەڵگانەی کرد کە پێی تاوانبار دەکرێ. قازی لە کاتی بەرگری کردن دا زۆر ئارام و لە سەرەخۆ و بە سەر خۆی دا زاڵ بوو و بە مەتمانە بە خۆبوونەوە وڵامی هەموو پرسیارەکانی داوە.

قازی محەممەد لە کاتی دادگایی دا بەرپرسایەتی و تاوانی هەموو کارەکانی بە ئەستۆوە گرت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بەوپەڕی شەهامەت و گەورەیی بە کاربەدستانی ڕاگەیان:

هیچ کەس خەتا و گوناحی نییە. هەرکارێک کە کراوە بە دەستوری ڕاستەوخۆی من بووە و ئەمن تەواوی بەرپرسایەتێکە بە ئەستۆوە دەگرم.

ڕاپورتی سەروان کیومەرسی ساڵحی، گرینگترین بەڵگەیە بۆ دووهەم دادگا و تەواوی ڕوداوەکانی ناو هۆڵی دادگای بە بێ کەم و زیاد لە مانگنامەی ئەرتەشی شا دا چاپ کرد، بەلام مانگنامەکەیان وەستاند و ئەویش بە تاوانی ئاشکرا کردنی سڕیاتی ئەرتەش، دادگایی کرا و لە کار دەرکرا.

کیومەرسی ساڵحی دەنووسێ کە بە تێپەربوونی نزیک بە سێ مانگ بە سەر یەکم دادگادا، جارێکی دی ستادی ئەرتەشی ئێران بڕیاریدا، لێژنەیەکی دیکە بۆ ئەنجامدانی خوولی دووهەمی دادگایی کە لەو کەسانە پێکهاتبوو، پێک بێنێ : ١ - سەرهەنگ "ڕەزا نیکوزاد" دادستان ٢ - سەرهەنگ "ڕەجەب عەتایی" ڕەئیسی دادگا پێداجوونەوە ٣ - سەروان "نەبەوی" وەک پارێزەر (وەکیل) ی قازییەکان.

ئەو هەیئەتە لە لایەن ستادی ئەرتەش دیاری کرا و بە شا ناسێندرا و پێیان گوتبوون کە نابێ لە ڕەوتی دادگا دا بە هیچ شێوەیەک دوودڵ و ڕاڕا بن و دەبێ بەردەوام لەگەڵ ستادی ئەرتەش لە پەیوەندی دابن.

ڕۆژی ٢٩ی مارس دادگای نەهێنی قازییەکانی بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ نەجاتهوڵای زەرغامی و سەرهەنگ نیکونژاد و بە بەشداری ژێنڕاڵ هومایونی، پارسی تەبار، ئەمیر پەرویز، بەگلەری، موزەفەری و هەروەها سەروان شەریفی وەکیلی دیاری کراوی قازییەکان، لە سەربازخانەی شاری مەهاباد دەستی پێکرد.

کیومەرسی ساڵحی لەسەر پێداگرتنی قازی محەممەد بۆ ڕەدکردنەوەی هەموو تاوانەکان جیّا لە سێدانە، دەنووسێ کە دادستان تووڕە بوو و بە دەنگێکی بەرز بە سەر قازی محەمەد دا گوڕاندی و قازی محەممەد لەبەرانبەر بەو کردەوەدا، بە فارسی گوتی:

ئێوەش هەر شتەکانی ئەوانی پێشوو دووپات دەکەنەوە.

قازی محەممەد دوایە گوتی:

ئێوە دینتان نیە و خوا ناناسن و ئیمانتان بە لێپرسینەوەی دوارۆژ نیە، لانیکەم تۆزێک ویژدانتان هەبێ. دوایە لە درێژەدا گوتی: ئەو هەموو تۆمەت و درۆیانەتان چۆن بۆ من دروست کردوە؟ ئەگەر ڕاست دەکەن بۆ بەڵگە نایەننەوە؟

کیومەرس دەنووسێ، وەک لە نێو فارسان دا باوە، ئەو وڵامانە توندە و بێریزی دەگەیەنێ، بۆیە دادستان تووڕە بوو و بە مست لە مێزەکەی دا و هەڕەشەی لە قازی محەممەد کرد و گوتی:

کوردەکانی بێ شەڕەف و بێ سفەت.

تووڕەیی و هەڕەشی دادستان، دژکردەوەی توندی قازی محەممەدی لێکەوتەوە و قازی قایمتر و لێبڕاوانە، بە دەنگی بەرز گوتی:

بێ شەرەف و بێئابروو ئێوەن کە هیچ حەد و حدودێک بۆ خەلک و خۆتان بۆ یاسا قایل نابن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تۆی بێ شەرەف تەنیا دەتوانی حوکمی ئەو بێ شەرەفانەی دیکە کە داویانە جێبەجێ بکەی و لەوە زیاتر کارێکی دیکەت لە دەست نایە. من زۆر دەمێکە خۆم بۆ حوکمێکی ئاوا ئامادە کردوە. من ئەوەی کە بێتاوانم و لە ریگای ئازادی میللەتەکەم دا دەکوژرێم، بە بەرەکەتی خودای گەورەی دەزانم و بەو مردنە شانازی دەکەم.

دوای ئەو وڵامانە، قازی محەممەد بریاری دا قسە نەکا و سوێندی خوارد وڵامی هیچ پرسیارێک نەداتەوە و گوتی:

لێگەڕین ئەو ناپیاوە هەر غەڵەتێکی دیکا با بیکا.

دیارە بە پێی وتاری از ریاست جمهوری کردستان تا چوبەی دار، کیومەرسی ساڵحی بە دوای خانەنشینی دا لەسەر ئەو بابەتە، لە شوینێکی دیکە دا دەنووسێ:

کاتیک کە سەرهەنگ نیکوزاد بێریزی بە قازی محەممەد و میللەتی کورد کرد، قازی بە توندی وڵامی داوە و گوتی: باب و باپیرانی ئێمە، ئێوە باشتر و زورتر لە ئێوە دەناسن. خوا عافووی کا ئەو شاعیرەی کە گوتی. سەروان کیومەرسی سالح دەڵێ قازی محەممەد شێعرەکەی بە دەنگی بلێند و بە رەوانی خوێندەوە. پێمخۆش بوو شێعرەکە بنووسم و بزانم ئی کێیە. بەڵام کاتی دادگاهی کردن بوو و ئەمن نەمتوانی بلێم دووبارە شیعرەکە بخوێنێتەوە. قازی دوای خویندنەوەی شێعرەکە گوتی: ئەو شێعرە ئێوەی بە ئیمە ناساند، هەزار رەحمەت لەو شاعیرە.

کیومەرس لە درێژەدا دەڵێ دادگا بەو ئاواتەی کە قازی ئارام و لە بڕیاری خۆی پاشگەز بێتەوە، پشووی راگەیاند. دوای پشوودان، دادگا زۆری حەول دا کە قازی بە قەناعەت بگەیەنی کە وڵامی پرسیارەکانی سەرهەنگ "نیکوزاد" بداتەوە، بەڵام بێ سوود بوو و قازی تەنیا گوتی:

بریاری حوکم لە داردانی من دراوە و ئەو پەیمان و بەڵێنییەی کە بە نەتەوەکەم داوە کە لە نیو ئەوان دا بژیم و لە رێی ئازادی ئەوان دا بمرم، کەوابوو چۆن حازرم لە بریارەی خۆم پاشگەز ببمەوە و سویندی خۆم بشکێنم. من لە بەرانبەر جنێوەکانی ئەو سەرهەنگە کە پاشکۆی دادستانی بە دواوەیە، حازر بە وڵام دانەوە نیم مەگەر کەسێکی دیکە پرسیارم لێ بکا.

دوای ئەوە دەرکەوت کە قازی حازر بە وڵام دانەوە بە دادستان نییە، لێژنەی دادگا لە نێو خۆیان دا، سەرهەنگ "رەجەب عەتایی" یان دیاری کرد کە رەئیسی دادگاش بوو. جارێکی دی لە سەرڕاوە هەمان پرسیار و تۆمەت دووپات کرانەوە. قازی وەک هەمیشە زۆر بە حەوسەلە وڵامی دەدانەوە و رەدی دەکردنەوە. لە وڵامی ئەو تۆمەتە دا کە بۆچی قەراردادی نەوتی لەگەل رووسەکان بەستووە، قازی پێکەنی و گوتی:

ئەو نەوتە لە کوێیە؟ کام شیرکەتی نەوتیمان لەبەر دەست دایە تا بتوانین بازرگانی پێوە بکەین؟ ئیوە کە تۆمەت هەڵدەبەستن لانیکەم شتێک ساز بکەن کە رێی تێ بچێ! لەوانەیە مەبەستتان ئەو ئاوە بێ کە بە ناو شاری مەهابادا تێدەپەرێ و لەگەڵ نەفت لێتان تێکچووە. ئیوە نەزانانە و بە بێ هیچ پرەنسیپێک و هەر لە خۆتانەوە تۆمەتمان بۆ هەڵدەبەستن، کە هیچیان ئەساس و بنەمایەکی نییە.

له ولامی تۆمەتی پێوەندیدار بە بانگهێشتنی بێگانەکان(بارزانیەکان) بۆ وڵاتی ئێران، قازی محەممەد وڵامی ٣ مانگی پێشێی داوە کە لە دادگای یەکەم دا پرسیاری لێکرابوو و گوتی:

هەوەڵ دەبێ بگوتری بارزانی لە کوردستان بێگانە نییە و کوردستانماڵی هەموو کوردێکە. دووهەم کەس ئەوی دەعوەت نەکردووە، بەڵکوو هەلومەرجی زەمان وەزعییەتێکی ئەوتۆ پیکهێنا کە ئەو لە گۆشەیەکی خاکی کوردستانەوە بێتە گۆشەکەی دیکە و بەس.

بە دوای ئەوانە دا سەرهەنگ عەتایی پرسیارەکانی پێشووی دووپات کردەوە و قازی محەممەد هەر وڵامی دادگای پیشووی داوە و هیچ کام لە تاوانەکانی قبووڵ نەکرد. لەوکاتە دا سەرهەنگ نیکوزادە دادستانی پێشوو کە قازی محەممەد لیبڕاوانە لەبەرابەری دا راوەستا بوو، وەک مار بڕیندار لە خۆی دەهاڵا و هەر پیشی دەخواردەوە، پارچەیەکی پێچراوەیی رەنگ سوور و سپی و زەرد کە ئارمی چەکوچی لەسەر بوو، لە جانتاکەی دەرینا و بە قازی محەممەدی گوت:

ئاخر تەواوی ئەوانە بەرهەمی حکومەت و تەشکیلات و پەرچەمی تۆ، ئەوە نیە؟

سەرهەنگ تفی لە ئاڵاکە کرد و خستییە ژێر پێی. قازی لەبەرانبەری ئەو کردەوە دا گوتی:

ئەوەلەن ئەوە ئاڵای کوردستان نییە و هیچکات نابێ، چوونکە ئاڵای ئێمە چەکوچ و داسی تێدا نییە، دووەمەن کردەوەی ناشایستی تۆ نیشانەی کەم ئاقڵی و نەزانی تۆ دەگەیەنێ. دڵنیابن ئێوە دەستتان بە ئاڵای کوردستان راناگا و ناتوانن بێ‌ریزی پێبکەن. سەرئەنجام رۆژێک دێ کە لە سەربانی ئەم ژوورە دا کە منی تێدا دادگایی دەکرێم، ئاڵاکەمان هەڵکرێ و بشەکێتەوە. ئاڵای کوردستانم بە بارزانی سپاردووە، ئێستا ئەو هەڵیگرتووە و کێو بە کێو و شار بە شار، شەکاوە رایگرتووە و تا رۆژی خۆی لە سەر بەرزترین لوتکەی کێوەکانی کوردستانەوە هەڵدەدرێ. بروات هەبێ ئەو رۆژە دێ.

لەوکاتە دا سەرهەنگ عەتایی داوای لە قازی محەممەد کرد کە ئەگەرچی پرسیارەکە لە دەرەوەی چوارچێوەی کاری دادگایە، بەلام بە پێی ئیمکان و بەو شێوەیەی کە خۆی باوەری پێیەتی، سەبارەت بە روانگە و بیر و بۆچوون و ئامانجی بارزانی بۆیان بدوێ. قازی لە وڵام دا گوتی:

ئەگەر ئەمن بە شێوەی واقعی تایبەتمەندییەکانی بارزانی باس بکەم بێشک دەڵین ئەوە لە رووی لایەنگرانە و خۆشەویستانە، یان دەمارگژی کوردانەوەیە.

سەرهەنگ عەتایی سوێندی خوارد و گوتی:

من لە راستبێژی تو شکم نیە و لەو دادگایەدا بۆم دەرکەوت  و هەرچی تۆ گوتت و دەیلێی سادقانە و لە رووی باوەڕەوەیە.

قازی محمەد گوتی:

من ناتوانم بە تەواوی باسی تایبەتمەندییەکانی بارزانیتان بۆ بکەم و ئیوەش ناتوانن بەو جۆرەی بارزانی هەیە بیناسن. هەرکات ئەمن بۆتان باس بکەم، ئێوە قەت نایسەلمینن کە دوژمنەکەتان کەسایەتێکی ئەوتۆی هەیە و ناتانەوێش بەو هەمووە تایبەتمەندییەی بیناسن.

دادستان داوای لێکرد لە حەدی زانیاری خۆی دا، بارزانی بەوان بناسێنی و هەرچی لەبارەی ئەو دەیزانێ پێیان بڵێ. قازی دووبارە ئە پرسیارەی بە هێند نەگرت و گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نە من و نە کەسێکی دیکە ناتوانی بارزانی وەک خۆی بە ئێوە بناسێنێ، بۆیە پێمخۆشە واز لەو باسە بێنن.
بەڵام دیسان داوایان لێکرد کە سەبارەت بە بارزانی بۆیان باس بکا قازی گوتی:
لە هەر حاڵ دا ئەمن دەتوانم تەنیا چەند وشەیەک بەیان بکەم و هەرچی لە ئازایەتی، پیاوەتی، شەهامەت، شەرافەت، مرۆڤدۆستی، خەباتکاری، لە ڕەوتی مێژوو دا لە پیاوانی گەورە دا هەبوو بێ، ئەو بە تەنیا هەیەتی. بارزانی هەرچی موسلمانانی سەردەمی دامەزرانی ئیسلام لە باوەڕ و ئیمان و ڕاستی و خۆشەویستی سەبارەت بە خودا و دین و خەڵکی فەقیر و نەتەوەی ژێر دەست هەیبوو، هەیەتی و بە قەولی سەعدی: آنچە خوبان دارند او به تنهایی دارد( ئەو شتانەی کە خەڵکی باش بە یەکەوە هەیانە، ئەو بە تەنیا هەیەتی). ئێستا ئەگەر پێتان خۆشە باوەڕ بکەن، دەنا مەیکەن.
هەموو بەشدارانی دادگا لە قسەکانی قازی محەممەد سەبارەت بە مەلا مستەفا سەرسام بوون. ئاشکرا بوو کە قازی نە لەبەر ڕیایی کردن بۆ مەلا مستەفا و نە لەبەر دادگا، بەڵکو لە ڕووی باوەڕەوە ئەو قسانەی دەکرد.
دوایی عەتایی لە قازی پرسی:
هۆی ئەو هەمووە تووڕەییە تۆ لە نیکوزاد چ بوو. چونکە ئێمە بیستبوومان کە لەو وڵاتەدا کەس لە تۆ هێمن و ئارامتر نییە؟
قازی محەمەد گوتی:
من ئەو حەقە بە کەس نادەم تەوهین بە نەتەوەکەم بکا و ئیساش لە ڕێگای میللەتەکەم دا، حوکمی لە داردانم بۆ براوەتەوە، کەوابوو بۆ سوکایەتی کەسێکی ناپیاوی ئاوا قەبوول بکەم؟ من تەنیا بە زمانی خۆی ولامیم داوە نە زیاتر. ئەوە کاری خودایە کە هەر نامەرد و بێ شعورێک بێ و ئیهانەت بە نەتەوەکەم بکا. ئەو نیشانەی ئازایەتی و زانایی ئێوە نییە، مەگەر من داوای چ شتێکم کردوە تا ئەو بەو شێوەیە تەوهین بکا و من لێی قەبوڵ بکەم؟ بە قەولی شێخی سەعدی کە دەفەرموێ:
هر آنکس که دست از جان بشوید
هر آنچه در دل دارد بگوید
ئەگەر من ئەو کارەی ئەوم بە بێ ئەدەبی نەزانیبا، زۆر لەوە زیاترم پێدەگوت. ئەوەی من لە خودام ویستوە، بە منی داوە کە مردن لە پێناوی خاک و نەتەوەکەمە و هیوادارم بە ڕویەکی سپیەوە بچمە بەر دەرگای خوای گەورە و مێهرەبان.
لە کۆتایی کاری دادگا دا تۆمەتێکی دیکەیان خستە پاڵ قازی محەممەد کە شێعری"اگر سر به سر پشت به دشمن دهیم ... از آن به که یکی به کشتن دهیم" ی لە ناو ئەفسەران و کادرانی هێزی پێشمەرگەی کۆمار دا خوێندوتەوە و ئەوانیش گوتویانەتەوە و کردویانە بە دروشم. قازی محەممەد گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوە ئەوەلین جارە کە من گوێم لە شێعرێکی ئاوا بووە.
دوایە دادستان گوتی:
ئەو شێعرە ئی سەدری قازیە و قازی محەمەد شێعرێکی دیکەی لەبەرانبەر هێزی چەکداری کوردستان دا گوتووە و ئەوەیە کە ئەرتەش و حکومەتی ئێران وەک ئەوە دەچن: پیر مردی ز نزح می نالید ...... پیرە زن صندلش همی مالید( پیرە پیاوێک لە دەردەداری دەیناڵان، بەڵام پیرێژن کەوشەکانی بۆ دادەماڵی).
دووبارە سەرهەنگ عەتایی لە قازی محەممەدی پرسی:
لەو کاتەوە مەلامستەفا لێرە ڕۆیشتووە هیچ پێوەندێکتان پێکەوە هەبووە؟ ئەگەر هەتان بووە لە چ رۆژێک و چوون بووە؟
قازی محەمەد گوتی:
تا کاتێک کە بارزانی لە دەوروبەری شنۆ و نەغەدە بوو پەیوەندیمان هەبوو. بەڵام لەوکاتەوە لەوێ رۆیشتووە پیوەندیمان نییە و زانیاریکم لەسەری نییە.
دووبارە پرسیارێکی دیکە:
کاتێک کە پیوەندیتان هەبوو، مەلا مستەفا چ سفارشێکی پێکردی پلانی بۆ رزگار کردنت هەبوو؟
قازی محەمەد گوتی:
مەلامستەفا تا کاتێکی کە زیندانی نەکرابووم زۆری هەوڵ دا تا لەگەڵی بڕۆم. ئەو بە منی گوت کە بە بێتاوانی خۆم دلخۆش نەبم. ئەو سیمای واقعی ئیوەی بە من نیشان دا و گوتی کە ئیوە چن و چ کەسیکن.
سەرهەنگ عەتایی پرسی:
ئەو وینەی کە ئەو لە ئێمەی بە تۆ نیشان دا چ بوو؟
قازی محەمەد گوتی:
لە راستی دا بارزانی ئێوەی باشتر لە من و لە هەر کەسێکی دیکە ناسیوە. ئەو بە منی گوت هیچ کەس وەک ئێوە نییە. کاتێک کە حاکم و باڵا دەستن، زاڵمتر و خراپتر و بێ وێژدانتر کەسن و کاتێکیس کە مەحکوومن، کەس ناتوانێ وەک ئێوە خوی زەلییل و زوڵم لیکراو چارەڕەش نیشان بدا. کاتێک کە دەستەڵاتدارن، ئەوی لە دەست و بێ دەیکەن و کاتێکیش بێدەستەڵات بوون خۆتان بە هەموو کەس و شوێنک دەفرۆشن و هەرچی نەکراوە و نەبیستراوە دەیکەن. بۆیە ئەو بە منی گوت کە بە بێ تاوانی خۆم دڵخۆش نەبم، چونکە ئێوە لە من خۆش نابم.
دووبارە سەرهەنگ عەتایی پرسی:
ئایا پەشێمان نی لەوەی لە گەلی نەرۆیشتووی؟
قازی محەمەد گوتی:
ئەگەر خودای گەورە ئەو شێوە مەرگەم بە خۆ کوشتن دانەنێ، نا پەشیمان نیم. من لەگەل



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەتەوەکەم پەیمانم بەست  سوێندم خوارد بوو لە ناو ئەوان دا بژیم و لە ڕێی ئازادی ئەوان دا بمرم. دەمزانی ئەگەر رویشتبام تازە دەستوو وەمن رانەدەگەیشت. بەڵام سوور دەمزانی خەڵکێکی زوری بێ تاوانتان لەبری توڵە ئەستاندنەوە لە من، لە شاری مەهاباد و میللەتی کورد دەکوشت و عەشایریش چاوەڕوانی رۆیشتنی من بوون تا هێرش بکەنە سەر گیان و ماڵ و ناموسی خەڵک و تەجاوزیان پێبکەن. بۆیە من ئیستا خوشحاڵم کە هەوەڵەن بە بێ تاوان دەکوژرێم، دووهەمەن بەڵێنی خۆم بردە سەر و لە دنیا و لە قیامەت لە لای خودا و میلەتەکەم سەربڵیند و رووسپیم.

پرسیار:

ئایا لەو ماوەیەدا کە لە زیندان دا بووی، بارزانی لە دەرەوەڕا پلان یان بەرنامەیەکی بۆ رزگار کردنی تۆ هەبوو؟

قازی محەممەد:

بەڵێ رایسپاردە من کە هەر شەوێکی کە قازی محەمەد بڵێ پێشمەرگەیەکی زۆر دەنێرێتە نێو پادگان و رزگارم دەکا. مەلا مستەفا زۆری پێخۆش بوو کە من لە زیندان دا نەمێنم و نەکوژرێم.

سەرهەنگ عەتایی:

بۆ ئەو کارەی نەکرد؟

قازی محەمەد:

چوونکە من خۆم نەمویست.

سەرهەنگ عەتایی:

بە چ هۆیەک حازر نەبووی لە زیندان هەڵێی؟

قازی محەممەد:

بە چەند هۆکار. یەکەم ئەو پەیمان و بەڵینێ دابووم و پێشتر گوتم. دووهەم ئەوە کە خوێن زیاتر نەڕژێ، من کە نیگەرانی کوشت و کوشتاری خەڵک بێتاوان بووم نەمدەویست لە پێناوی رەزگاری ژیانی من، وەک تەورێزی لێبێ.

سەرهەنگ عەتایی:

بەراستی نیگەرانی خۆت، یان بارزانییەکان، یان سەربازانی ئێمە بووی؟

قازی محەممەد گوتی:

نە نیگەرانی خۆم و نە سەربازەکانی ئێوە بووم، بەڵکوو نیگەرانی کورد و بارزانییەکان بوو دەنا ئەمن پێشتر پێشبینیم کرد بوو کە دەکوژرێم.

سەرهەنگ عەتایی:

بۆچی نیگەرانی بارزانییەکان بووی؟

قازی محەممەد:

چەند دەلیلی هەیە.

سەرهەنگ عەتایی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چ دەلیلێک؟
قازی محەممەد:
مەلا مستەفا و بارزانێکان جێگای هیوا و ئومیدی نەتەوەی کوردن و من ئالای کوردستانم پێ سپاردوون و ئەوان بە ئەمانەتەوە هەڵیانگرتووە و پارێزگاری لێدەکەن. دیارە نە ئەو ئالایەی کە سەرهەنگ نیکوزاد بە بێ حورمەتی پێی رێخست. هێوادارم و لە خودام دەوێ کە رۆژێک ئەو ئالایە بە دەستی بە توانای بارزانی لەسەر ئەو خانووی کە ئیساتا تێدا دادگایی دەکریم و لەسەر هەموو بەرزایەکانی کوردستان هەڵکرێ.
سەرهەنگ عەتایی:
ئاخرین پرسیار. ئایا بەراستی بۆخۆت نەچووی یان مەلامستەفا نەیویست لەگەڵی بچی؟
قازی محەممەد:
بە رواڵەت ئەو شتانەی کە گوتمن، ئەتۆ قبووڵت کرد.
سەرهەنگ عەتایی:
نا، پێم خۆشە راستی بڵێی.
قازی محەممەد:
سەرهەنگ ئاگار بە، نەکەی بێ رێزی بکەی. یانی چی راستی بڵێی. ئەمن بچمە کوێ، ئێرە وڵاتی کوردستان و شوێنی لە دایک بوونی منە. باوباپیرانی من لیرە ژیاون. بۆ ئەمن پیشەوەریم کە وڵات و میللەتم بەجێ بێڵم و هەڵێم؟
سەرهەنگ عەتایی لە ترسی ئەوە کە نەکا قازی محەممەد دیسان توورە بێ و وەک نیکوزادی لێبکا بە خێرایی داوای لیبوردنی کرد و سویندی خوارد کە مەبەستی بێڕێزی نەبووە رەنگە رستەکەی بە دروستی دەرنەبڕیبێ.
سەرهەنگ عەتایی:
بەراستی دەمەوێ وڵامی ئەو پرسیارە بدەیەوە کە ئەگەر بۆ تۆ میللەت و وڵاتەکەت ئەوەندە گرینگە، ئەدی چۆن بوو رێگات دا کە بێگانە بێنە ئێرە و ببنە سەرباری میللەتەکەت؟
قازی محەممەد:
ئەوەندە پی لەسەر وشەکان دادەگری، رەنگە مەبەستان لەشکری روس و ئینگلیس بێ.
سەرهەنگ عەتایی:
نا مەبەستم مەلا مستەفا بارزانییە.
قازی بە پێکەنینەوە گوتی:
هێندیک پێش ئێستا ولامی ئەو پرسیارەم داوە، پێویست ناکا دوپات بێتەوە. بە ئێوەم گوت بارزانیم نەهێناوە. ئەو بێگانە و غەیرە کورد نییە. مەلا مستەفا کوردە و کوردستان ماڵی هەموو کوردانە. مەلا مستەفا وەک هەر مرۆڤێک هاتوتە ماڵە خۆی و هەرکەس ئەو ماڤەی هەیە کە لە هەر بەشێکی ماڵە خۆی دا نیشتەجێ بێ و ئەوە حەقی ئەوە. ئەوەش بزانن کە ئەمن بۆخۆم


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەمویست بڕۆم دەنا چەند ماشێنم لەبەر دەست دا بوو و هەر کات و زمانێک پێمخۆش با دەمتوانی ئیران بەجێ بێلم. هەروەها زۆر بە باشیش لە داهاتووی خۆم ئاگادارم و ئێوەشم بە باشی دەناسم. هەروەک بارزانی گوتی کەس بە قەرا ئێوە ناتوانێ لە کاتی زەلیلی و داماوی دا بکروزێتەوە و بلالێتەوە و خۆ بە فەقیر و داماو نیشان بدا و لە کاتی دەستەلاتیش دا کەس لە زولم و زۆری و بێرەحمی دا دەستتان لە دوو ناکا و من قەولی شەڕەفم بە میللەتەکەم دابوو کە ئەوان بە تەنیا بەجێی نەهێلم.

بەو شیوەیە دادگای قازی محەممەد کۆتایی هات.

**دادگایی محەمەد حوسێنی سەیفی قازی**

کیومەرسی ساڵحی لە درێژەدا دەنووسێ کە دوای پێشەوا نۆرە گەیشتە دادگایی محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی. ئەو بە هەیبەتێکی ئارام و سەربلێندییەکی تایبەت هاتە ژوور. هەر پێیوانەبوو بۆ دادگایەش بانگ کراوە. سەرهەنگ نیکوزادە بەرەو جێگای رەسمی خۆی هات و دانیشت و رووی لە  محەممەد حوسێن خان کرد و دەستی بە پرسیاران کرد.

پرسیار:

ئەتۆ چۆن بووی بە وەزیری شەر و بە چ مەبەستێک ئەو بەرپرسایەتییە بێ ناوەرۆکەت وەرگرت و ئامانجت لەوکارە چ بوو؟ ((سەیفی قازی)): ئەمن بە شانازییەوە ئەو ئەرکەم وەرگرتووە و ئامانجم خزمەت بە خەلکی کوردستان بووە.

پرسیار:

مەبەستت خزمەت بوو یان لەو رێگەوە کۆکردنەوەی سەروەت و سامانی خەلکی؟

سەیفی قازی بە پێکەنینەوە گوتی:

سەرهەنگ ئەتۆ ئەمن ناناسی. نە تەنیا پوڵ و پارەیەکم کۆ نەکردوتەوە بەلکوو دوو میلیۆن تمەنم لە دارایی خۆم بۆ نەتەوەکەم، کۆماری کوردستان خەرج کردووە و ئەوی دەیلێی شێوە و ئاکاری ئێوەیە نە ئێمە.

سەرهەنگ کە هێشتا هەر لە دەستی قازی محەممەد دلپر بوو، دەیویست بەهانە بە سەیفی قازی بگرێ و تۆلەی خۆی بکاتەوە. بەلام سەیفی قازی ئاگاداری کردەوە و گوتی:

ئێمە دەستمان لە ژیان هەلگرتووە، ئەگەر بێتوو زەڕەیەک بێرێزی بکەی، من وەک قازی محەمەد لەسەرەخۆ نیم کە  لێت خۆشبم(ئەو مستەکانی خۆی توند روو بە سەرهەنگ گرێ کۆلە کرد) بەو مستانە دم و ددانت تێک دەشکێنم. بۆ شتێک زیاتر لە سەرەوەی مردن هەیە کە ئارەزوی ئێمەیە. یەک میلیۆن درو و بوختان و قسەی پوچتان بۆ ئیمە هەلبەستووە و تازە دەتەوێ غەلەتی زیادی و قسەی ناماقوڵ بکەی؟ تەواوی ئەو تاوان و درۆیانەی کە هەلتانبەستووە، هیچ بناغەیەکیان نیە. بەلام من لێرەڕا رادەگەیەنم کە تەواوی ئەو تاوانانە بە ئیفتخارەوە قەبول دەکەم و ئیدی حازر نیم هیچ پرسیارێکی دیکەتان ولام بدەمەوە.

بەو شێوەیە دادگای سەیفی قازی تەواو بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**دادگایی قاسم سەدری قازی**

کیومەرسی ساڵحی دەنووسێ کە دوایە نۆرە گەیشتە سەر دادگایی سەدری قازی. ئەویش لە شوێنی تایبەتی ئامادە بوو و یەکەم پرسیار دەستی پێکرد:

ئامانجی تۆ لە نووسینی نامە بۆ قازی محەمەد و داوای بەربەرەکانی کردن تا گەیشتنی یارمەتی چ بوو.

سەدری قازی گوتی:

قەت نامەیەکی ئەوتۆ لە گۆڕێ دانییە، ئەگەر هەتانە فەرموون رووی بکەن.

دوایە دادستان گوتی:

ئەو شیعرە چییە کە بۆ بارزانیت گوتووە؟

سەدری قازی گوتی:

بەڵێ هۆنیومەتەوە، پیمخۆش بوو و شێعرم گوتووە.

دادستان دووبارە پرسی:

ئایا ئەو یارمەتییانەی کە ئەتۆ نووسیوتە، پێشتریش وەرتان دەگرت یان بۆ هەوەلین جار بوو کە بێگانەکان دەیانەویست یارمەتیتان پێبکەن.

دووبارە سەدری قازی گوتی:

ئەمن ئەو تاوانە رەد دەکەمەوە، شتێکی وا راست نییە.

دوایە دادستان گوتی:

بۆ لە تەورێز چاوت بە "پیشەوەری" کەوت و لەگەڵ "نماز عەلی ئۆڤ" فەرماندەی هیزەکانی رووس لە مياندواو و "ئەلکساندر" لە مەراغە و کونسوولی رووس لە ورمی، پەیوەندی هاتووچوی و چاوپێکەوتنت هەبوو؟

ئەبولقاسم(سەدری قازی) گوتی:

ئەوانە پیویستی هەلومەرج و نەزمی رۆژگار بوو و ئێوە لەو ناوچانە دا هیچ چەشنە دەستەڵاتێکتان نەبوو.

دادستان:

ئەو کارانە سیخوری بوون بۆ رووسەکان.

سەدری قازی ئەو بۆچوونەی رەت کردەوە و گوتی:

سیخوری بۆ کێ و بۆ چی؟ بۆ لە وڵاتی ئێمە دا شتێک هەبوو کە رووسان بیانهەوی ببینن یان بە دەستی بێنن بەڵام نەیانتوانی بێ. شوێنێکت پێ شک دێ کە رووسان نەچووبنێ؟

دادستان ئاماژەی بە چەند نامەیەکی دیکە کرد کە گوایا سەدری قازی نووسیبوونی.

ئەبولقاسم(سەدری قازی) گوتی:

بۆ هەر کەسێک و بۆ هەر جێگایەک نامەم نووسی بێ کۆپێکم لای خۆم راگرتووە. داوا دەکەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەروەندەکمان بنیرنە تاران، نامەکانی من لەوێ هەن و لەوی باشتر دەزانن کە چ شتێکم بۆ چ کەسێکی نووسیوە.

بەو شێوە دادگای پیداچوونەوەی هەر سێ قازی کۆتایی پێهات.

**هەر لە چوارچێوەی ئاخرین دادگای قازییەکان دا**

بەر لە باس کردنی وەسیەتنامەکان، بۆ تەکمیل کردنی بابەتی پێشوو، ئاماژە بە هێندێک بەڵگەی دیکەی پەیوەندیدار بەو باسە پێویستە. لەو محاکەمەیەدا هیچ کام لە قازییەکان داوای پێداچوونەوە بە بڕیارەکانی مەحکەمە یان لێخۆشبوونیان نەکرد، بەڵام تاوانەکانیان زیادی کرد و لە ٣٠ مارس سەرلەنوێ بڕیاری ئیعدامیان بۆ دەرکراوە. بە گوێرەی لاپەڕەی ٣٢٢ی کتێبی ڕەحیمی قازی، میناخانم خێزانی پێشەوا لەسەر وتاری پێشەوا لە دادگا دا، لە زمانی کاپیتان شەریفی کە لە شەوی ٣٠ مارس دا چۆتە ماڵە قازی محەممەد و چاوی بە میناخانم کەوتووە دەنووسێ: شەو درەنگانێک شەریفی هاتە ماڵە مە و بەدیتنی من هەردووک چاوی پڕ بوو و کڵاوەکەی فڕێ دا عەرزی و گوتی:

حەیف، هەزار حەیف بۆ قازی محەممەد- بۆ ئەو پیاوە مەزن و ژیر و زانایە. دوێنێ لە کاتی مەحکەمەدا بەبێ کاغەز ٣ سەعات وتاری دا و بە زانست و مەنتیقی خۆیەوە هەمووی حەیران کردبوو. قازی وا بەسەر راستی و نەترسی و لەخۆبوردووییەوە قسەی دەکرد، کە کەسێک نەیتوانی قسەکانی ببڕێت و هەموویانی مەجبوور کردبوو بە وردی گوێ راگرن. قازی لە هەموو کەسێک باشتر یاساکانی ئێرانی دەزانی و لە هەموو کەسێک باشتر شارەزا بوو لە چلۆنایەتی ئێران. قازی دەوڵەتی ئێرانی تاوانبار کرد بە خیانەت بە نەتەوەکانی ئێران. قازی بەبێ مەترسی و ئازایەتییەکی بێ وێنەوە نەک هەر پارێزگاری لە مافی گەلی کورد دەکرد، بگرە لە هی تەواوی گەلەکانی ئێران. قازی ڕەپوڕوو گوتی: ئەم مەحکەمە داتاشراوە مەحکەمەی گەلی نییە، چونکە گەل ڕۆڵەکانی خۆی مەحاکەمە ناکات، ئێوە ئاغایانی مەحکەمە، بە گوێرەی ئەسپاردە هێزێکی دەرەوە ئێمە مەحاکەمە دەکەن و بە چاکی لەمە شارەزاین.

ئەو قارەمانانە بە جۆرێک پارێزگارییان لە یەکتری دەکرد، کە زەڕەیەک پەشیمانی لە کردەوەکانیان هەست نەدەکرا...

شەریفی گوتی نە ئەمن و نە هیچ یەک لە قازییەکان ژێر حوکمی مەحکەمەکەمان ئیمزا نەکرد و ناشزانم ئەم مەحکەمە چ کاتێک بەجێ دەگەیەندرێت.

بە پێی قسەکانی سەرهەنگ ئەسڵانی سەرۆکی هێزەکانی ئێران لە میاندواو:

قازی محەممەد لە تەواوی ڕێڕەوی مەحکەمەکەدا زۆر بە جەسارەت و نەترسی و سەربەرزییەوە وتاری دەدا و جارێک نەمدی سەری داخا و پەشیمانی لە کردەوەی خۆی بنوێنێت. قازی، لەمەڕ ئەمەی، کە گۆیا لە ژێر هێرشی دەوڵەتێکی دەرەوەدا تێکەڵاوی بزووتنەوە بووە، زۆر تووڕە بوو گوتی: ئێوە ناتوانن لە راستەقینە بگەن. دەستپێکەر و دامەزرێنەر و پێکهێنەری بزووتنەوەی دیموکراسییەت لە کوردستان من خۆم بووم و هیچ هێزێکی دەرەوەیی بۆ ئەم کارە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەجبووری نەکردووم. سەرچاوە و وەڕووهێنەری من لەم کارەدا نیشتمان و نەتەوەکەم بووە. هەرچییەکی دەتانەوێ لەگەڵ مندا بیکەن بەڵام نەتەوەکەم ئازار مەدەن.

ڕەحمانی قازی لە کتێبی ڕۆژگاری ون بوو دا، دوای ئەوە باسی چاوپێکەوتنی مەلا خەلیل و شێخ عەبدولرەحیم و ... لەگەڵ هومایونی دەکا کە مەلاخەلیل باس لە مارەکردنی خێزانی پێشەوا لە کەسێکی دیکە دەکا و هومایونی دوای بەرپەرچ دانەوەی قسەکانی، لەسەر ئازایەتی پێشەوا دەنووسێ:

ئەوەش باش بزانە ئێمە لە ماوەی دادگایی کردنی دا بۆمان دەرکەوتووە پیاوی وا ئازا و بە ئیمان و نەترس و پێ داگر لە سەر قسەکانی خۆی نەک لە نێو ئێوە دا بەڵکو لە ئێرانیش دا بەدی ناکرێ. تەنیا کەسێک کە تاوانی هەمو گەلەکەی وە ئەستۆی خۆی گرتووە و بەردەوام دەڵێ ئەو کەسانەی ئێوە گرتوتانن تاوانیان نییە و من بە زۆر پێم کردون هەر پێشەوایە و کەسی تر. لە ماوەی لێ پێچینەوە و دادگا دا تا ئێستا یەک وشەی لە زار نەهاتۆتە دەر کە بۆنی پاڕانەوە و پەشیمانی لێ بێ. هەر لە بەر ئەو هەمووە ئازایەتی و پیاوەتییەی ئەو بەردەوام ڕێزی لێ دەگرین و سەری بۆ دادەنوێنین. من زۆر جار خۆزگەم خواردووە بریا لە سەرکردەکانی وڵاتی ئێرانیش دا کەسانێی وەک ئەو کەڵە پیاوەیان تێدا بوایە. هەروەها گەر بە هۆی ئازایەتی و داکۆکی ئەو نەبوایە دەبو بە قسە و ڕاپۆرتی ئێوە نیوەی خەڵکی کوردستانمان لە زیندان کردبایە بەڵام قازی محەمەد خۆی کردۆتە قەڵغان و سپەر بۆ ئەوەی هیچ کەس لە هاووڵاتیانی نەکەونە ناخۆشی و گیران. سوور ئەوە دەزانم گەر تۆ لە جێگای قازی بوایەی سەدان سوێندی بە درۆت دەخوارد و تاوانی خۆت دەخستە سەر شانی خەڵکی تر. بەڵام ئاواش بە خەڵک دەڵێن کافر و ناوی خۆشتان ناوە شێخ و مەلا. ئەو وتووێژەم لە زاری جەنابی سەید حەسەن شێخولئیسلامی بیستووە کە خۆی لەوێ بووە و ئاگاداری قسەکان بووە.

**بڕیاری ئێعدام**

سەرئەنجام لە ژێر زەختی ئەرتەش و دەرباری شا و هەوڵی بێ پسانەوەی عەشایری خائینی کوردستان، بڕیاری ئێعدامی قازییەکان درا. دەوڵەتی قەوام ڕەنگە دژی ئێعدام نەبوو بێ و پێیوابێ کە بەشێوەیەکی دیکە لەگەڵ قازییەکان هەڵسوکەوت بکرێ، بەڵام لەسەر پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەی باڵا دەست، قەت ڕووناکبیر و نوخبەکانی ئێرانی بەرهەڵەستی یەکیان نەکردووە و هەمیشە لەسەر ئەمنییەت و پاراستنی چوارچێوەی ئێران، یەک دەنگ و یەک هەڵوێست بوون.

دوکتور شیرازی لە لاپەڕەی ٢٠٧ی بیرەوەرییەکانی دا، دوای ئەوە دەنووسێ کە لە ساڵی ١٣٣٢دا، ئەرتەشی ئێران بە ٤ سوپا دابەش کرا، ناوەندی سوپای یەکەم لە مەهاباد بوو و تیمسار موقبلی کە ڕەئیسی دادگای موسەدیق بوو، بە فەرماندەری ئەو سوپایە دیاری کرا دەڵێ لە تاران لەگەڵ کوڕی ڕەش چوونە سەردانی موقبلی تا پۆستی تازەی پیرۆزبایی پێ بڵێن. موقبلی زۆریان سوپاس دەکا و بە کوڕی ڕەش دەڵێ کە لە لایەن شایەوە پێی ئەسپێردراوە کە ئەو ناعەداڵەتییەی کە سەبارەت بە بنەماڵەی قازی کراوە قەرەبوو بکاتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شیرازی دەڵێ ئەو قسەیە بۆنی ئەوەی لێدەهات کە ئەو دەنگۆیەی کە دەگوترا رەزمئارا بە فیتی رووسان کوشتنی قازییەکانی وەپێش خست بێ، وەڕاست دەگێڕا.

شیرازی لە درێژە دادەنووسێ: ئەو شایەی کە ئێمە دەمانناسی ئەو پیاوە نەبوو کە بەڵێنی بە سەفیر ئەمریکا بدا کە قازییەکان بێننە تاران و ئێعدام نەکرێن، بەڵام بەڕیوە ببا. ئەو لە درێژە دا دەنووسێ قەوامیش ئەو دەستەڵاتەی بەسەر ئەرتەس دا نەبوو و رۆژی دوای ئێعدام، هەم شا و هەم سەرۆکی وەزیران، بەسەر کاری بەڕیوەچوو دا کەوتن.

شیرازی لە لاپەڕەی ١٢٧ دا، دەڵێ کە قەوام زەمانەتی لە رەزمئارا وەرگرتبوو و دەستووری پێدا بوو کە لە کاتی گەڕانەوە بۆ کوردستان دا نابێ قازی محەممەد و سەیفی قازی محاکمە بکرێن. بەڵام شیرازی بە پێچەوانەی بۆچوونی پێشووی دەنووسێ کە رەزمئارا، شای لە فەرمانی قەوام ئاگادار کرد بوو بەڵام شا گووتبووی کە ئەرتەش کاری خۆی بەرێوەبەرێ. شیرازی دەنووسێ کە هەوڵ و تەقەلای قەوام، توانی ئێعدامی قازییەکان وەدوا بخا بەڵام نەیتوانی پێش بە  کوشتنیان بگرێ. بەو هۆیە قەوام زۆر لە رەزمئارا توورە بوو و پەیوەندی خۆی لەگەڵ پساند.

دوکتور شیرازی لە لاپەڕەی ١٣٠دا، دەنووسێ کە ئارچی باڵد رۆزڤێلت زۆر بە ئیعدامی قازییەکان ناڕەحەت بوو و چەند جار دەستەوداوێنی سەفیری ئەمریکا بوو کە نێونجی بکا و نەهێڵێ کە ئێعدام بکرێن. شیرازی دەڵی پێش ئێعدام رۆژێک رۆزڤێلت بانگی کردم و لە باوەشی گرتم و گوتی: هەر ئێستا سەفیر بە منی گوت کە بە مامۆستای زبانی کوردی لایەنگری قازییەکانت مزگێنی بدە کە لە شا قەولم ستاندووە کە قازییەکان ئێعدام نەکرین و فەرمانی داوە کە بیانهێننە تارانێ.

شیرازی دەڵی بەڵام بۆ رۆژی دوایی قازییەکان ئێعدام کران. بە پێی ئەو دەنگۆیانەی کە هەبوو رەزمئارا ئەو رۆژە کە شا بە سەفیری ئەمریکای بەڵێنی ئێعدام نەکردنی قازییەکانی دابوو، رەزمئارا بە بێ پرسی شا چوو بۆ رەزائییە و قازییەکانی ئێعدام کرد.(تیبینی دیارە شیرازی لەسەر راستی ئەو دەنگۆیە بەگومانە و ئەو هەواڵە پشت راست ناکاتەوە و هەروەها دەنگۆی ئەوەش هەبوو کە لە کاتی ئێعدامی قازییەکان دا، رەزمئارا لەوێ بووە و تا لە کوشتنەکەیان ئەرخەیان نەبووە نەڕۆیشتوە).

کیومەرسی ساڵحی لە کۆتایی کاری دادگا دا دەنووسێ:

لێژنەی دادگا بۆ راوێژ کۆبوونەوە و بەپێچەوانەی دادگای یەکەم کە بە کەمتر لە نیو سەعات بڕیاری ئاخریان دا، زیاتر لە دە ساعەتی گرت. لەو نێوەدا پەیوەندی نیوان مەهاباد و تاران بەردەوام بوو تا سەرئەنجام لە سەعاتی دوازدەی شەو، حوکمی لەسێدارەدانی هەر سێ قازی پەسەند کرا و بە خێرایی بە تاران راگەیندرا. بەڵام هیچ کەس لە کۆبوونەوەی قازی محەمەد و سەیفی قازی و سەدری قازی ئاگادار نەبوون و منیش لە بڕیاری تەئیید یان رەدی تاران ئاگادار نەکراین. بەڵام لە رەنگ و رووی فەرماندەی ئەرتەش کە بەردەوام بە تێلگڕاف لەگەڵ تاران لە پەیوەندی دا بوو بۆمان دەرکەوت کە توندترین سەزا لەبەرچاو گیراوە. لەوکات دا بڕیار وابوو کە ئەو شەوە تەنیا نیو سەعات لەگەڵ تاران پەیوەندی هەبێ، بەڵام دیار بوو کە ئەو شەوە ستادی ئەرتەش و دەرباری شا،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تا بەیانی چاوەڕوانی کۆتایی کاری دادگا بوون. لە راستی دا ئەوەی لە دادگای چاوخشاندنەوەدا پێی لەسەر داگیراوە هەر ئەو تاوانەکانی دادگای نیزامی پێشوو بوون و بۆ هیچکام لە بوختانەکان سەنەد و بەڵگەیەک روو نەکرا و لێژنە دادگا ئاماژەی بە هیچ کام لە بەرگرینامەی تۆمەتباران نەکرد و حوکمی لە سێدارەدانی قازیکانی پەسەند کرد. دوایە لە فکری ئەوە دا بوون کە جێگایەک بۆ بەڕێوەبردنی حوکمی لە سێدارە دان دیاری بکەن. بەڵام وادیار بوو، فەرمانداری پێش تەواو بوونی بڕیاری دادگا، مەیدانی چوارچرا دیاری کردبوو. لە راستی دا هەر لە سەرەتاوە شوێنی لە داردانی قازییەکان دیاری کرابوو. فەرماندار گوتی ″شوێنی پێویستم ئامادە کردوە″. لەسەرەتا دا لێژنەکە ویستیان بەریوەبردنی حوکمەکان بۆ فەرماندار بەجێبێلن. ئیمە خۆمان ئامادە کرد کە لەگەڵ لێژنەی دادگا بڕۆین بۆ تەوریز و لەوێشڕا بۆ تاران. بەلام لەپڕ فەرمان هات کە تا جێبەجێ کردنی حوکمەکان دەبێ لە شوێنەکە بمێنیتەوە. بە ناچار ماینەوە تا حوکمی لەسێدارەدانی قازییەکان بەڕێوە بچی.

دوای تەواو بونی کاری دادگا، هەر سێ قازییەکانیان لە ژورێکی پادگان لە ژێرچاوەدێری دا راگرت. لە چوار دەوری چەکدار کیشکیان دەدا و بە توندی چاودیری دەوروبەریان دەکرد تا نەکا دەستگیرکراوەکان بیانەوێ هەڵێن. بڕیار درا هەریەک لە قازییەکان بە ١٠ کەس کێشکەوە سواری سیارەیەک بن. بە قازییەکان گوترا بوو کە دەیانبەنە تاران. فەرمانداری مەهاباد فەرمانی بە ئەفسەرێک دابوو تا یەکە یەکە قازییەکان بەرنە چوارچرا.

کیومەرسی ساڵحی دەنووسێ: من بۆ تەواوکردنی راپۆرتەکەم چوومە بۆ زیندان. کاتێک من و ئەفسەرێک چووینە ژوور، قازی محەمەد خەریکی نوێژ کردن بوو. ئەو ئەفسەری لەگەڵ من بوو بە قازی محەمەدی گوت کە خۆی ئامادە بکا دەیبەن بۆ تاران. سەدری قازی و سەیفی قازی و بە تایبەتی سەدری قازی کە نوێنەری مەهاباد لە دەوری ١٤ مەجلیس بوو بەو هەواڵە خۆشحاڵ بوون. دوای ئەوە قازی محەمەد لە نوێژەکەی بووە، من وا تیگەییم کە بە دیتنی ئێمە و هەواڵی چوونە تاران هیچ دژکردەوەیەکی نیشان نەدا. بەهەرحاڵ بە خێرایی ئامادەی رۆیشتن بوون. ئەوان گوتیان کە ئیستا دەمانبەنە تاران ئیزنمان بدەن تا لەگەڵ بنەماڵەکانمان پەیوەندی بگرین و ئاگاداریان بکەین و بۆ ئەو سەفەرە هێندێکیان پارە لێوەرگرن.

ئەفسەری بەرپرس گوتی پێویست ناکا، بەرپرسانی سەرو پێویستی سەفەری ئێوەیان ئامادە کردووە و لە ئیختیاری ئەفسەری بەرپرسیان ناوە، ئیدی پێویست ناکا ئێوە پوڵتان پێبێ.

بە پێی بڕیار هەر یەک لە قازیەکان بە دە چەکدار پارێزەر سواری ماشینێکی نیزامی کران. فەرمانداری مەهاباد بە ئەفسەرێکی فەرمان دا تا یەکە یەکە قازییەکان بەرن بۆ مەیدانی چوارچرا. فەرمانداری نیزامی هەر لە دوانیوەرۆوە ئەو رۆژە دەستووری حاڵەتی نائاسایی یان حکومەت نیزامی، لە شار دا راگەیاندبوو. کەس بۆی نەبوو لە ماڵ بێتە دەر هاتووچوو لە شاردا قەدەغە کرابوو. ناو شار و دەوروبەر پڕ بوو لە چەکداری ئەرتەش. ماوەی یەک سەعاتی گرت تا هەرکام لە قازییەکان جوێ جوێ لەگەڵ ١٠ سەرباز سواری ماشێن بوون. لە پێش دا قازی محەمەد لە ماشینی یەکەم، محەمەد حوسێنخانی سەیفی قازی لە ماشینی دووهەم و ئەبولقاسم سەدری قازی لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماشینی سێهەم دا داندران. هەر سێ ماشێن چاوەروانی لێخوڕین بوون. لە تارانەوە دەستور درابوو، بۆ چاوترسێن کردنی خەلک، دەبێ هەر لە چوارچرای مەهاباد قازییەکان لەدار بدرێن.

لە کاتی هاتنی لێژنەی دادگا بۆ مەهاباد، فەرماندار بە یەکێک لە ماڵەکانی مەیدانی چوارچرای مەهابادی فەرمان دابوو کە چوولی بکەن. فەرمانی چول کردنی ئەو خانوو سێ لایە بەو مەبەستە بوو کە گوایا ئەفسەرانی پاراستن کێشکی شەوانە لەوێ کێشک دەدەن. ئەو خانوویە سێ دەرگای هەبوو، یەکیان بەرەو مەیدانی شار، دووهەمیان بەرەو دەرەوەی مەیدان و سێهەمیان دەکەوتە سەر حەسارێکی چکولە.

بە ماشێنی هەڵگری قازی محەمەد فەرمان درا کە بەروە مەیدانی چوارچرا وەرێکەوێ. کاتێک ماشێنەکە گەیشتە خانووی لای مەیدانەکە، قازی محەمەد گوتی بۆ دەبێ لێرە دابەزم؟ ئەفسەرەکە گوتی رۆیشتنی ئێوە بۆ تاران لیرەڕا دەست پیدەکا، بەڵام هیشتا چەند پرسیارێک ماوە کە وڵام بدریتەوە، لێرە لێتان دەپرسن.

قازی محەمەد دابەزی. کاتیک چووە ناو ساڵۆنەکە، چاوی بە دادستان سەرهەنگ نیکوزاد و مەلایەکی کورد و چەند سەربازی چەکدار کەوت. لەوێ مێزێکی گەورە کە قورئانێکی لەسەر بوو دەبیندرا. رەئیسی بێهداریش کە تازە لە تاران را گەڕابوو لە ژوورەکە بوو. لەوی قازی محەمەد بۆی دەرکەوت کە ناردنیان بۆ تاران درویە و ئەوانیان بە کەڵک هێناوە بۆ چوارچرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٤٨

### وەسیەتنامەی سیاسیی پێشەوا

پێشەوا قازی محەمەد دوو وەسیەتنامەی نووسی. یەک سیاسی نەتەوەیی بۆ خەڵکی کوردستان کە رێگا نەدرا بڵاو بیتەوە و یەکیش بۆ بنەماڵە. دیارە لە هێندێک لە نووسراوەکان دا، لە بڵاوکردنەوەی وەسیەتنامەی سیاسی پێشەوا دا، ئەمانەتداری نەکراوە و بابەتی فارسییەکەی دەستکاری کراوە و ئەو شوێنانەی کە بەیانی خەتی سیاسی پێشەوایە گۆڕدراوە و هەوڵدراوە بۆچوونێکی هێمنانە و ئاشتیخوازانە بە روانگەی پێشەوا بدرێ. لە مەتنی سەرەکی نووسراوە فارسییەکەدا ١٠ خاڵ هاتووە، بەڵام لە دەستکارییەکەی دا ئاماژە بە ٩ خاڵ یان ٦ کە ٥ خاڵیان بە تەواوی لەگەڵ یەک جیاوازن، کراوە. بۆ نموونە لە هێندێک وەرگێڕان دا خاڵی ٩ کە دەڵێ "واز لە شۆڕش مەهێنن تا لە ژێردەستەیی دەرباز بن"(از قیام دست برندارید تا از سلطه رهایی یابید) هەر وەرنەگێڕدراوەتەوە سەر کوردی، یان بە فارسی بۆتە شما از مبارزه و کوشش کوتاهی نکنید". ئەو دوو بابەتە، دوو وەرگێڕانی کوردی لێکەوتۆتەوە و وەسیەتنامەکە بە تەواوی شێواوە. بەمشێوەیە بێ ئەوەی رەچاوی ئەو سامانە نیشتمانییە بکری، بێ رەچاوگرتنی هیچ پرنسیپێک، نامەسئولانە دەستکاری کراوە.

ئەو کارە هەر لەسەر وەسیەتنامەی پێشەوا نەکراوە بەڵکوو، هاشمی سەلیمی لە کۆکردنەوەی بیرەوەرییەکانی سەعیدی هومایون، لە لاپەڕەی ١٤٠ی کتێبی "پیشوای بیداری" دا، ئەمانەتداری نەکردوە و دەستی لە قەتعنامەی میتینگی ٢٠ هەزار کەسی شاری مەهاباد وەرداوە کە لە ژمارە ٨ کوردستان دا هاتووە و لەوێ دا داوای سەربەخۆیی دەکری، بەڵام ئەو کردویەتە خودموختاری. هەروەها لەو دەست تێوەردانانەدا بە هۆی بڵاو کراوەی "راه تووده" ش هەوڵ دراوە کە تەنیا کورتەیەک لە وەسیەتنامەی پێشەوا بڵاو بێتەوە.

تەنانەت ئەمن (نووسەر) کەسێک دەناسم کە لە کۆکردنەوەی وەسیەتنامەی دەستنووسی کیومەرسی ساڵحی دا شێعرەیکی لێ زیاد کردوە. کاتێک کە لێم پرسی کە بۆ وات کردەوە؟ گوتی وەڵا مەبەستێکم نەبوو وەمزانی لەگەڵ مەتنەکە دێتەوە.

ئەوجار دەبێ بگوترێ کە شارەزابوون لەسەر کەسایەتی پێشەوا، ئەوەمان بۆ دەردەخا کە ئەو وەسیەتنامەیە بە ناوی کیومەرسی ساڵحی بڵاو کراوەتەوە، لەگەڵ ئاکار و بیری پێشەوا دێتەوە و لەباری ناوەرۆکەوە ئەو گومانە پێک نایەنێ کە دەستکاری کرابێ. بە گشتی وەسیەتنامەی نەتەوەیی پێشەوا، رێنیشاندەر و مانیفێستی ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کوردە. ئەو وەسیەتنامەیە ئامانجەکانی نیشتیمانی گەلی کورد نیشان دەدا و رێگای سەرکەوتن و هەڵسوکەوت بە نیسبەت دوژمن دیاری دەکا.

کاتێک قازییەکانیان بە ماشێنی بردە مەیدانی چوارچرا و پێشەوا لە ساڵۆنێک چاوی بە سەرهەنگ نیکوزاد و مەلایەکی کورد و چەند سەرباز کەوت، بۆی دەرکەوت کە ناردنیان بۆ تاران درۆیە و لەوێ ئیعدام دەکرێن. بە پێی لاپەڕەی ٣٢٤ی رەحیمی قازی بە نەقڵ لە میناخانم خێزانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشەوا، دەنووسێ کە شەوی ٣١ی مارس مەلا سەدیق، مەلای مزگەوتی هەباساغا و سەرهەنگ پارسی تەبار و ئەفسەرێکی دیکە لەوێ بوون، کە ئەو ئەفسەرە دواتر بە وەرگرتنی بەرتیل لە ماڵە قازییەکان، زۆربەی ئەو رووداوانەی بۆ خێزانی قازی محەممەد گێڕاوەتەوە.

بە گوێرەی قسەی ئەو ئەفسەرە، قازی محەممەد روو دەکاتە مەلا سەدیق و دەڵێ:

بنووسە با نەتەوەی کورد بزانێ کە من هەتا دوایین هەناسی ژیانم رۆڵەی فیداکاری نیشتمان و نەتەوەکەم ...

پارسی تەبار قسەی قازی دەبڕێ و دەلێ بە هەموویەوە چەند هەنگاوێکت ماوە بۆ بن سێدارە، دەست لەو قسانە هەڵگرە. باشتر ئەمەیە هەر وەسییەتێکی هەیە بە مەلای بلێی کە بۆ ماڵ و منداڵتی بگێڕێتەوە. قازی محەمەد بە توندی ولامی دەداتەوە و قسەی پێدەڵێ و دەڵی کە ئەوەی دیلێ دەبێ بنووسرێ ئەگەرنا ئەو مەلایەتان بۆ هێناوە؟

ئەوجار کیومەرسی ساڵح لە درێژەی راپۆرتەکەی دەدا دەنووسێ:

دادستان سەرهەنگ نیکوزادە دەستی کرد بە خوێندنەوەی حوکمی دادگا. ئەو بە قازی محەمەدی راگەیاند کە دەبێ هەر ئیستا حوکمی دادگا بەرێوە بچێ و گوتی "ئەگەر وەسیەتت هەیە یان بیلێی یان بینووسە". قازی محەمەد قورس و گران چووە پشت کورسییەکە و دەستی بە نووسینی وەسیەتنامەکە کرد. دوای نووسینی چەند لاپەرە ماندوو بوو. دوایە بە مەلای مهابادییەکەی گوت" وەرە ئەوەی من دەیلێم بینووسە".

مەلا گوتی " قوربان من چ بنووسم؟ ئایا ئەوەی جەنابتان دەتانەوێ بیلێن دادستان ئیزن دەدا بەندە بینووسم؟ قازی محەمەد بە تورەیی گوتی: دادستان کێیە کە ئیزن بە من بدا کە من دەمهەوی چ بنووسم یان بلێم یان نەلێم!

قازی محەمەد بە فارسی قسەی لەگەڵ مەلای دەکرد و گوتی" ئەتۆ بە کوردی بینوسە". مەلا گوتی "قوربان من کوردی نازانم". قازی محەمەد تورە بۆوە و گوتی" ئەوەش یەکێکی دیکە لە بەدبەختییەکانی میللەتی کورد".

لەسەر کەسایەتی مەلا سەدیق سدقی، تاهیری ئیلخانیزادە لە لاپەڕەی ١٠٣ کتێبی "ئاوڕێک لە موکوریان" دا دەنووسێ:

مەلا سەدیق مامۆستای مەدرەسەی حەمامیان بوو و دوایە هاتە مەهاباد. ئەو ژنی حەمە حوسێنخانی سەرداری مارە کردەوە و کچەکانی مێردیان بە ئاغایانی دێبۆکری و فەیزوڵابەگی کرد. ئەو جارجار شێعری کوتووە و جارێک رەزاشا کە هاتبوو بۆ کوردستان و ئاغایانی دێبۆکری لە میراوی پێشوازیان لێدکرد، مەلا سەدیق بەخێر هاتنی دەکا و لە شێعرێکی فارسی دا دەڵێ:

پادشاها بذل کن تا توانی بذل کن

دور دور توست و بذل کن

رەزا شا دەڵێ "آخوند بذل هم اندازەای دارد" و چەند لیرەی دەداتێ.

لەسەر ئەوە کە چۆن مەلا سەدیق لە کاتی لە سێدارەدانی پێشەوا دا بەشدار بووە، تاهیری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیلخانیزاده له لاپەڕەی ١٠١ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: برایم ئاغا دەیگێراوە ئەو شەوەی قازی محەممەدیان لە دار داوە نیوە شەوێ سەرباز چوونە ماڵی مەلا سدیق هێناویانە مەراسمی مەزهەبی بە قازی ئیجرا بکا وەکوو وەسیەت و نوێژ و ئەوانە. مەلا سدیق گێرابوویەوە کوتبووی نیوەشەوێ لە خەویان هەستاندم، ترسام وەمزانی دەمگرن، کوتیان قازی محەممەد ئێعدام دەکرێ تۆ دەبێ تەرتیباتی شەرعی جێبەجێ بکەی. کوتبووی زۆر پاڕامەوە کوتم بۆ خاتری خودا من مەبەن قازی شاگردی من بووە، دەرسم پی کوتووە، زۆرم خۆش دەوێ با لەو وەختەدا لەوێ نەبم. سەرباز کوتیان بە ئێمە نیە دەستوورە دەبێ بتبەین. پێم چەقاند کوتم نایەم، بە قونداغە تفەنگان لێیاندام وەپێش خۆیان دام.

کیومەرسی ساڵح لە درێژەی ڕاپۆرتەکەی دا دەنووسێ کە قازی محەممەد بە روونی ئەوەی کە بەیانی دەکرد بە مەلای دەگوت کە بینووسێ: فڵان زەوی، فڵان جێگا و فڵان داهات بۆ مزگەوت، مەدرەسە یا بیمارستان دیاری بکرێ تا جیلی دوایی بەکاری بێنن و کەلکی لێوەرگرن. هاوکات لە گەڵ ئەوە بۆ یەکیتی و یەکگرتوویی و دۆستایەتی لە نیو خەڵک دا هێندێک ئامۆژگاری دەربڕی.

قازی محەممەد دوای کۆتایی وەسیەتنامەی بنەماڵەیی، دەستی بە نوێژ کرد و خەریکی راز و نیاز لەگەڵ خودا بوو. دادستان بە بەفیرۆ چوونی کات زۆر ناڕەحەت بوو و حەجمینی لێهەڵگیرا بوو. ئەو بۆ گەڕانەوە بۆ تاران بە پەلە بوو.

هەر لە پەیوەندی بەو بابەتەوە، وریا ماملی لە لاپەڕەی ٣٣٤ کتێبی "کورد بوون" بە نەقڵ لە دوکتور کەماڵ مەزهەر لەسەر هەڵسوکەوتی حەمەدی مەولوودی لەگەڵ مەلا سەدیق دەنووسێ: ئاوا بوونی خۆری ئەو کۆمارە و لەسێدارەدانی پێشەوا و هاواڵەکانی و کردارە چەپەڵەکانی دوژمن ناخی دەروونی خاوێنی دەهەژێنن. خۆی دەگەڵ خۆیدا بڕیار دەدات تۆڵەیەک بستێنێت. بیری ساکاری ئەم نەخشەیەی بۆ دادەڕێژێت. ئەو مەلایەی بەر لە سێدارەدانی تەڵقینی قازی محەممەدی داوە، خۆڵ و دۆی بەسەردا بکات و بە سواری کەرێک چەند بۆی بلوێت هێند شاربەدەری بکات.

دەقی کوردی وەسیەتنامەی پێشەوا کە لە کتێبی " قازی محەممەد و کۆمار لە ئاوێنەی بەڵگەکان"دا، لە نووسینی بێهزاد خۆشحاڵی وەرگیراوە بەمشێوەیە:

بسم الله الرحمن الرحيم

نەتەوەی زۆر لێکراو، بێبەش و چەوساوەی کورد! برایانی بەڕێز! لە دوایین ساتەکانی ژیاندا بابەتگەلێتان وەك ئامۆژگاری پێ دەڵێم. بۆ رەزامەندیی خودا دەست لە دوژمنیی یەکتر هەڵگرن، یەك بگرنو بۆ پشتیوانی لە یەکتر هەڵسن، لە بەرابەر دوژمندا راوەستن، خۆتان بە نرخێکی کەم بە دوژمنەکان مەفرۆشن. دوژمن تەنیا بۆ گەیشتن بە قازانجەکانی ئێوەی دەوێ. پاش ئەوە ئیتر زیاتر لە تڵپەیەك نین. دوژمنانی نەتەوەی کورد زۆرن، زۆردان، نامەردو بێویژدانن، رازی سەرکەوتنی هەر نەتەوەیەك یەکیەتیی و پێکەوە بوونە. ئازادیی نەتەوەیەك پێویستی بە پشتیوانیی گشت نەتەوەکەیە. نەتەوەی یەکنەگرتوو هەمیشە لە ژێر دەسەڵاتدایە. ئێوە نەتەوەی کورد شتێکتان لە نەتەوەکانی دیکە کەم نیە. بە پێچەوانەشەوە پیاوەتی، غیرەت و ئازایەتیی ئێوە فرە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆرترە. ئەو نەتەوانەی لە بەندی دیلی رزگاریان بووە یەکگرتوو بوون و تەواو. ئێوەش دەتوانن بە یەکگرتوویی و هاوپێوەندی زەنجیری دیلێتی بپچڕێنن. ئێرەیی، خەیانەت و خۆفرۆشی وەلانێن. ئیتر فریوی دوژمنان مەخۆن. دوژمنی نەتەوەی کورد لە هەر تاقم و گرووپ و رەنگ و رەگەزێك، هەر دوژمنە، بێ بەزەیی و ویژدانە. ئێوە لەگیانی یەك بەردەدا تا بە قازانجەکانی خۆی بگا، بە بەڵێنیگەلی درۆزنانە، ئێوە دەخلەتێنێ. لە ئیسماعیل ئاغای شکاك تا جەوهەرئاغای برای و هەمزەئاغای مەنگوڕ و چەندین و چەند قارەمانێکی دیکە، فریوی ئەم زۆرداره مەلعونانەیان خوارد و ناپیاوانە شەهیدکران. هەموویانیان بە قورئان و سوێند فریودا، ئاخر ئەمانە کەی لە قورئان و سوێند تێدەگەن، وەفا لە لای ئەم کۆمەڵە، شمەکی بازاڕە. لە ڕێگەی خودا و بۆ ڕەزامەندیی ئەو پشتی یەکتر چۆڵ مەکەن و یەکگرتوو بن. دڵنیا بن ئەگەر دوژمن هەنگوێنتان پێبدا، تێکەڵ بەژەهرە. فریوی سوێندە درۆزنەکانی مەخۆن. ئەگەر هەزار جار سوێند بخۆن دووبارە هیچ ئامانجێکیان جیا لە لەنێوبردنی ئێوە نیە.

لە دوایین کاتژمێرەکانی ژیانمدا، خودا بە شایەتی دەگرم کە لە ڕێگای ئازادی و بەختەوەریی ئێوەدا گیان و ماڵی خۆم بەخت کرد و لە هیچ هەوڵێك کۆتاییم نەکرد. لە لای ئەمانە، کوردبوونی ئێوە تاوانە، سەر و گیان و ماڵ و شەرەفی ئێوە لە لایان حەڵاڵە. ئەوان چونکە لە گۆڕەپانی شەڕدا ناتوانن لە بەرانبەر ئێوەدا راوەستن، هەمیشە هانا بۆ فێڵ و تەڵەکە دەبەن. شا و دەس وپێوەندییەکانی بە جاران پەیامیان نارد کە بۆ وتوویژ ئامادەن و مەیلی خوێن رشتنیان نیە، بەڵام من دەمزانی ئەوان درۆدەکەن. ئەگەر خەیانەت، خۆفرۆشی و فریوخواردوویی هێندێ لە سەرۆك عەشیرەکان نەبووایە، کۆمار هیچکات شکستی نەدەخوارد. وەسیەت دەکەم منداڵەکانتان فێری زانست و عیلم بکەن. نەتەوەی ئێمە شتێکی لە نەتەوەکانی تری جیهان کەم نیە، جیا لە زانست و عیلم. فێری زانست بن تا لە کاروانی مرۆڤایەتی دوا نەکەون. زانست، چەکی لە نێوبردنی دوژمنانە، دڵنیابن ئەگەر بە دوو چەکی یەکیەتی و زانست پۆشتە بن، دوژمنان کارێکیان بۆ ناچێتە پێش. ئێوە نابێ بە مردنی من و براکان و ئامۆزاکانم ترس بچێتە دڵتانەوە. هێشتا قارەمانگەلێکی زۆر دەبێ گیان فیدا بکەن تا داری ئازادیی کوردستان بگاتە بەرهەم. دڵنیام پاش ئێمەش قارەمانگەلێکی دیکە هەن کە فریوبخۆن، بەڵام هیوادارم مەرگی ئێمە ببێتە دەرسی عیبرەت بۆ سەرجەم خەباتگێڕانی ئازادیی کوردستان. وەسیەتێکی دیکەم بۆ دڵسۆزانی نەتەوەی کورد هەیە. لە خودای گەورە داوای ئازادیی نەتەوەی خۆتان بکەن. شایەت لە خۆتان بپرسن بۆ من سەرنەکەوتم؟ لە وەڵامدا دەبێ بڵێم بە خودا سەرکەوتووی راستەقینە منم. چ نێعمەتێك لەوە سەرترە کە سەرو ماڵ و گیانم لە ڕێگای نەتەوە و نیشتمانمدا بەخت بکەم. باوەڕ بکەن من جاران داوام لە خودا کردوە ئەگەر بمرم بە شێوەیەك گیان لەدەست بدەم کە بە روومەتی سوورەوە لە لای خودا و پێغەمبەرو نەتەوەکەم دا ئامادە بم. وەها مردنێك سەرکەوتنی راستەقینەیە.

خۆشەویستانم! کوردستان، نیشتمانی کورد و ماڵیەتی. هیچ کەسێك مافی ئێرەیی و بەخێڵی نیە، هەموو لە ماڵی خۆیاندا ئازادن. هەرچی لە دەستتان دێ بۆ ئازادیی کورد کۆتایی مەکەن. ئیتر نابێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر ڕێگای ئەو کەسانەدا کە بەرپرسایەتی دەگرنە ئەستۆ ڕاوەستن. لە بەرد خستنە ڕێگە دەست هەڵگرن و ئەرکەکانتان بە باشترین شێوە بەڕێوەببەن. دڵنیابن براکوردەکەتان لە دوژمنی بێگانە زۆر باشتر. ئەگەر من بەپرسایەتیم وەئەستۆ نەگرتبایە ئێستا لە پای چێوەی داردا نەبووم و لە لای بنەماڵەکەم ڕۆژەکانم دەبردەسەر، بەڵام ئەرکی من، بەرزترین ئامانجم بوو و تا پێی گیان ڕاوەستام. بە هیوای خوداوەندی گەورە، لە ئاکامدا بەسەر دوژمناندا سەردەکەون.

١ـ بڕواتان بە خودا و ماجاو من عندالله و پێغەمبەری ئەکرەم (س) هەبێ و ئەرکە دینییەکانی خۆتان بە باشترین شێوە بەڕێوە ببەن.

٢ ـ یەکیەتی و هاوپێوەندی، ڕەمزی سەرکەوتنە. ئێرەیی و خۆفریودان وەلابنێن و لە وەرگرتنی بەرپرسایەتی و خزمەتکردندا لەگەڵ یەکتر کێبەرکێ بکەن.

٣ـ زانستو ئاگایی خۆتان بەرنەسەرێ تا فریوی دوژمنان نەخۆن.

٤ ـ هیچ کات دوژمن بە دۆست مەزانن چونکە دوژمنی نەتەوە و نیشتمان و دینتانە.

٥ـ خۆتان بۆ چەند ڕۆژ ژیان لەم دنیا لەناوچووەدا مەفرۆشن. مێژوو سەلماندوویە کە دوژمن بە چووکەترین بیانوویەك، دەست بۆ کوشتارو سەرکوت دەبا.

٦ ـ خەیانەت بە یەکتر مەکەن. نە خەیانەتی سیاسی و نە خەیانەتی ماڵی و گیانی و نامووسی. خەیانەتکار لە لای خوداو گەل ڕووڕەشە و خەیانەت لە ئاکامدا بۆ خۆی دەگەڕێتەوە.

٧ ـ لەتەك ئەو کەسانەی دا، بێ خەیانەت ئەرك بەڕێوەدەبەن هاوکاری بکەن. خودای نەخواستە هیچکات مەبنە سیخوڕی بێگانە.

٨ ـ ئەو شوێنانەی لە وەسیەتنامەکەدا ئاماژەم پێ کردون (مزگەوت، قوتابخانە و نەخۆشخانە) هی خۆتانن، بە باشترین شێوە کەڵکیان لێوەرگرن).

٩ ـ واز لە شۆڕش مەهێنن تا لەژێردەستەیی دەرباز بن. ماڵی دنیا هیچ نیە، ئەگەر نیشتمانێکتان هەبێ، سەربەخۆیی‌یەکتان هەبێ و ماڵ و خاك و نیشاتمانتان هی خۆتان بێ، ئەو کات هەموو شتێکتان دەبێ. هەم سامان هەم دەوڵەت، هەم ئابڕو و هەم نیشتمان.

١٠ ـ گومان ناکەم جیا لە مافی خودا (حق الله)، مافێکی دیکە لە ئەستۆم بێ، سەرەڕای ئەمەش ئەگەر کەسێك هەست دەکا قەرزێکی بەلامەوەیە بچێتە لای میراتگرانم.

تا دەست نەدەیە دەستی یەکتر، سەرکەوتن مسۆگەر نابێ. لە یەکتر زۆر مەکەن چونکە خوداوەند دوژمنی زۆردارانە. هیوادارم وتەکانم وەرگرن، خوداوەند ئێوە بەسەر دوژمناندا سەرخات.

مراد ما نصیحت بود و گفتیم
حوالت با خدا کردیم و رفتیم
مەبەستی ئێمە ئامۆژگاری بوو گوتمان
سپاردمان بە خودا و ڕۆیشتین
خزمەتگوزاری نەتەوە و نیشتمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قازی محەمەد.

کیومەرسی ساڵح لە درێژە دا لەسەر وەسیەتنامەی نەتەوەیی پێشەوا دەنووسێ:

قازی محەمەد بە مەلاکەی فەرموو بەیانی ئەو وەسیت نامەیەم بۆ خەڵکی بخوێنەوە و دایە دەستی، بەڵام دادستان لێ وەرگرت و کوتی ئەوە دەبێتە سەرهەلدانی ئاژاوە. دای بە من کە لەگەل راپۆرتی دادگا بۆ روکنی دوو بیبەمەوە. بە گوێرەی لاپەڕەی ٣٢٥ ی رەحیمی قازی، مینا خانم خێزانی قازی محەممەد دەڵێ کە قازی محەممەد دوو وەسیەتنامەی نووسیوە، یەک بۆ ماڵ و منداڵەکانی و کە درا بە ئەو و ئەوی دیکەش لە سەر مەسەلەی سیاسی بوو کە داوای کرد بوو بدرێ بە رەحیمی قازی...

## دەقی فارسی وەسیەتنامەی پێشەوا

دەقی فارسی وەسیەتنامەکە لە بەشی رێبەرانی شەهیدی ماڵپەڕی پێشمەرگەکان وەرگیراوە و تەنیا لە وشەدا لەگەڵ ئی کیومەرسی ساڵح جیاوازی هەیە.

بسم الله الرحمن الرحيم

ملت مظلوم، محروم و ستمدیده کرد! برادران عزیزم! در آخرین لحظات زندگی مطالبی را بعنوان نصیحت عرض می‌کنم. بخاطر خدا از دشمنی یکدیگر دست بردارید، متحد شوید و به حمایت یکدیگر برخیزید. در برابر دشمن بایستید، خود را به ثمن بحس به دشمنان نفروشید. دشمن تنها برای دستیابی به منافع خود شما را می‌خواهد. پس از آن شما دیگر تفاله‌ای بیش نیستید. دشمنان ملت کرد بسیارند، ظالمند، لامروت و بی‌وجدانند. رمز سربلندی هر ملتی اتحاد و با هم بودن است. آزادی یک ملت، مستلزم پشتیبانی آحاد ملت است. ملت بدون اتحاد، همواره تحت سلطه خواهد بود. شما ملت کرد چیزی از ملتهای دیگر کم ندارید، اتفاقا مردانگی، غیرت و شجاعت شما بسی بیشتر است. ملتهایی که از بند اسارت رسته‌اند، متحد بوده‌اند و بس.

شما نیز می‌توانید با اتحاد و همبستگی زنجیر اسارت را پاره کنید. حسودی، خیانت و خودفروشی را کنار بگذارید. دیگر فریب دشمنان را نخورید. دشمن ملت کرد از هر دسته و گروه و رنگ و نژاد، باز هم دشمن است، بی‌رحم است وجدان ندارد، شما را بجان هم می‌اندازد تا به منافع خود دست یابد، با وعده‌های دروغین، شما را می‌فریبد.

از اسماعیل آقا شکاک تا جوهر آقا برادرش و همزه آقا منگور و چندین و چند قهرمان دیگر، فریب این ظالمان ملعون را خوردند و نامردانه به شهادت رسیدند. همه آنها را با قرآن و قسم فریب دادند آخر اینها کی قرآن و قسم حالیشان است، وفا نزد این جماعت، کالای بازار است. در راه خدا و بخاطر او پشت یکدیگر را خالی نکنید و متحد شوید. مطمئن باشید اگر دشمن به شما عسل بدهد، آلوده به زهر است. فریب سوگندهای دروغین را نخورید. اگر هزار بار هم به قرآن، سوگند یاد کنند باز هم هدفی جز نابودی شما ندارند.

در آخرین ساعات زندگی خود، خدا را شاهد می‌گیرم که در راه آزادی و بختیاری شما جان و مال خود را فدا نمودم و از هیچ تلاشی فروگذار نکردم. نزد ایشان، کرد بودن شما جرم است، سر و جان و مال و ناموس شما نزد آنها حلال است.

آنها چون در میدان نبرد نمی‌توانند رو در روی شما بایستند همواره به حیله روی می‌آورند. شاه و ایادی او بارها پیغام فرستادند که برای مذاکره آماده هستند و تمایل به خونریزی ندارند اما من می‌دانستم آنها دروغ می‌گویند. اگر خیانت، خودفروشی و فریب‌خوردگی برخی سران عشایر نبود، جمهوری هرگز شکست نمی‌خورد.

وصیت می‌کنم فرزندانتان را دانش و علم بیاموزید. ملت ما از دیگر ملل جهان، چیزی کم ندارد الا دانش و علم. دانش بیاموزید تا از کاروان بشریت عقب نمانید. دانش، سلاح نابودی دشمنان است. مطمئن باشید اگر به دو اسلحه اتحاد و دانش مسلح شوید، دشمنان کاری از پیش نخواهند برد.

شما نباید با مرگ من و برادران و پسرعموهایم ترسی بدل راه دهید. هنوز قهرمانان بسیاری باید جان فدا کنند تا درخت آزادی کردستان به ثمر بنشیند. مطمئن هستم پس از ما نیز هستند قهرمانان دیگری که فریب بخورند، اما امیدوارم مرگ ما درس عبرتی برای تمامی مبارزان رهایی کردستان شود. وصیت دیگری برای دلسوزان ملت کرد دارم. از خدای بزرگ، رهایی ملت خود را طلب کنید. شاید از خود بپرسید من چرا پیروز نشدم؟ در پاسخ باید بگویم بخدا پیروز واقعی من هستم. چه نعمتی بالاتر از این که در راه ملت و سرزمینم، سر و مال و جان فدا کنم. باور کنید من بارها از خدا خواسته‌ام اگر قرار است بمیرم بگونه‌ای جان بسپارم که با روی سرخ در محضر خدا و رسول و ملتم حاضر شوم. چنین مرگی فتح واقعی است.

عزیزانم! کردستان، سرزمین ملت کرد و خانه اوست. هیچکس حق حسادت و بخل ندارد همه در خانه خود آزادند. هر چه از دستتان برمی‌آید برای رهایی کرد دریغ نکنید. دیگر نباید بر سر راه کسانی که مسئولیت برعهده قرار بگیرید از سنگ‌پرانی دست بردارید و وظایف خود را بنحو احسن به انجام رسانید. مطمئن باشید برادر کرد شما بمراتب از دشمن بیگانه بهتر است. من اگر مسئولیت قبول نمی‌کردم اکنون در پای چوبه دار نبودم و در کنار خانواده خود ایام می‌گذراندم، اما وظیفه من، بالاترین هدف من بود و تا پای جان ایستادم. به امید خداوند متعال، سرانجام بر دشمنان پیروز خواهیم شد.

حالا شما را نصیحت میکنم و اینها همه وظایفی است که من مسئولیت آن را پذیرفته‌ام و میگویم: بدون شک هرگاه یکی از شماها نیز این مسئولیت را بر عهده میگرفت، حالا او هم در پای چوبه‌ی دار بود. من با هدف جلب رضایت خدا و با توجه به مسئولیتی که داشتم، مانند هر کرد خدمت گزار جهت هدایت مردم چند مورد از باب نصیحت بیان کردم. امیدوارم از این پس پند بگیرید و نصیحتهای مرا بپذیرید و با امید به خدای بزرگ بر دشمنان پیروز شوید. موارد زیر برای پیروزی شما ضروری است.

۱ـ به خدا و ما جاء من عندالله و پیامبر اکرم (ص) ایمان داشته باشید و وظایف دینی خود را بنحو احسن بجا آورید.

۲- اتحاد و همبستگی، رمز پیروزی است. حسادت و خودفریبی را کنار بگذارید و در پذیرش مسئولیت و خدمتگذاری با یکدیگر رقابت کنید.

۳ ـ دانش و آگاهی خود را ارتقاء دهید تا فریب دشمنان را نخورید.

٤ ـ هرگز دشمن را دوست مپندارید چرا که او خصم ملت و میهن و دین شماست.

۵ ـ برای چند روزه زندگی در این دنیای فانی خود را مفروشید. تاریخ ثابت نموده است که دشمن به کوچکترین بهانه‌ای، مبادرت به کشتار و سرکوب می‌کند.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٦ـ به یکدیگر خیانت نکنید، نه خیانت سیاسی و نه خیانت مالی و ناموسی، خیانتکار نزد خدا و خلق رو سیاه است و خیانت، سرانجام به خود او باز می‌گردد.

٧ ـ با کسانی که بدون خیانت، انجام وظیفه می‌کنند همکاری نمایید. خدای نکرده هرگز جاسوس بیگانه نشوید.

٨ ـ مکانهایی که در وصیت‌نامه به آنها اشاره نمودم (مسجد، مدرسه، بیمارستان) متعلق به خود شماست. به بهترین نوع ممکن از آن استفاده کنید.

٩ ـ از قیام دست برندارید تا از سلطه رهایی یابید. مال دنیا هیچ است، اگر سرزمینی داشته باشید استقلالی داشته باشید و مال و خاک و میهن شما متعلق به خود شما باشد، آنگاه همه چیز خواهید داشت، هم مال، هم ثروت، هم دولت هم آبرو و هم میهن.

١٠ ـ گمان نمی‌کنم جز حق الله، حق دیگری برگردن داشته باشم، با وجود این اگر کسی احساس می‌کند طلبی از من دارد به وارثان من مراجعه کند.

تا دست به دست یکدیگر ندهید، فتح میسر نخواهد شد. به یکدیگر ظلم نکنید چون خداوند دشمن ظالمان است. امیدوارم سخنان مرا بپذیرید. خداوند شما را بر دشمنان پیروز گرداند.

مراد ما نصیحت بود و گفتیم

حوالت با خدا کردیم و رفتیم

خدمتگذار ملت و میهن محمد قاضی.

لەسەر ئەو وەسیەتنامەیە رای جیاواز هەیە، کەسانێک بەتایبەتی عەبدوڵای حەسەنزادە لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ئەو وەسیەتنامەیە ئی پێشەوا نییەو و لەوبارەوە لە لاپەڕەی ٣٣ کتێبی "حەقیقەتی مێژوو" لە وەڵامی پرسیاری بیژەنی ساعدی دا کە دەپرسێ: پێشتر باسی وەسیەتنامەت کرد، وتت ئەو وەسیەتنامە زۆر دەقیق نییە؟

وڵام: ئەو وەسیەتنامە قسە و رستەی وای تێدایە، قازی محەممەد زیندوو بکەیەوە نازانێ دەڵێ چی، وشەی وای تیدایە لە ژیانیدا نە گوتوویەتی نە نووسیویەتی تەنانەت نە بیستوویەتی.

پرسیار کێ نووسیویەتی؟

وەڵام: نازانم...

پرسیار: مەبەستت ئەوەیە وەسیەتنامەکە چ شتێکی زیادی تێیایە؟

وڵام: هەمووی باشە، ئەمن پیم‌خۆشە هەمووی بێتە دی، هەمووی قسەی چاکە. بەڵام قسەی قازی محەممەد نییە، قازی محەممەد نەینووسیوە.

پرسیار: بنەماڵەکەی بۆیان دروست کردووە؟

وەڵام: نەخێر یەقینەن کاری بنەماڵەکەشی نییە، هەر یەکێک لەو کوردە دڵسۆزانە کە پێیان خۆشە شت بڵێن، نووسیوێتی. چوونکە ئەو وەسیەتنامەیە هەمووی ٢٠ ساڵ نابێ خەڵک بینیوێتی.

پرسیار: وەسیەت نابێ بە دڵسۆزی؟!

وەڵام: ئاخر بڵێم چێ ئەو وەسیەتنامەیە ٢٠ ساڵە بڵاو بۆتەوە، باشە پێم بڵێ لە کوێت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێنایەدەری، چ بەڵگەیەکت بەدەستەوەیە؟

پرسیار: باشە هەست ناکەن ئەوانە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان خراپە؟

وەڵام: بە دڵنیایی ئەگەر حیزبی دێموکرات بیکا خراپە.

مامۆستا عەبدوڵای حەسەنزادە لە حالیک دا کە بە باشی ئاگاداری کەموکوڕییەکانی مێژووی حیزبە و دەزانی کە هیچ بایخی پێنەدراوە و بۆخۆشی لە تۆمار کردنی دا تووشی هەڵەی گەورە بووە، زۆر بە یەقینی، بوونی وەسیەتنامەی نەتەوەیی پێشەوا ڕەد دەکاتەوە.

مامۆستا ناڕاست بوونی ئەو وەسیەتنامە دەبەستیتەوە بە کات و زەمان کە چوونکە هەر ٢٠ ساڵە وەدەریان خستووە یان چوونکە بە بەڕیزیان نەگوتووە کە لە کوێیان هیناوە. مامۆستا پێیوایە کە ئەوە کاری کوردێکی دڵسۆزە، لە حاڵێکدا دەزانێ کە بە پیچەوانەی میللەتانی دیکە، هیچ کوردێک هەوڵ نەداوە، مێژووی واقعی و زێرینی میللەتەکەی بنەخشێنی، نەخوازا بچی ئاوا بە ئانقەست و بە شکۆیە، وەسیەتنامەیەک بۆ پێشەوا دابڕێژی. بێشک ئەگەر ئەفسەری بەویژدانی گەورەی ئێرانی، کیومەرسی ساڵح نەبوایە کە تەواوی ڕووداوەکانی دادگا و ئیعدامی قازییەکان و ئەو وەسیەتنامەی بڵاو کردەوە و تاوانەکەشی کێشا، ئەو بەشە لە مێژووی گەلەکەمان بە فەرامۆشی دەسپاردرا. سەیر لەوەدایە مامۆستا قسەکانی ئەو ئەفسەرەی لە دادگا دا قبووڵە بەڵام ئەو وەسیەتنامەیەی قبووڵ نییە.

دواتر ئەو وەسیەتنامەیە بە هۆی فارس و تەنانەت هێندێک کەس لە کوردان، بە لای خراپ دا، دەستکاری کراوە کە ئاماژەی پێکراوە و هەوڵ دراوە لە ڕواڵەتی شۆڕشگێرانە و نیشتمانی بیهێننەدەر. ئەوجار بە پێچەوانەی بۆچوونی مامۆستا عەبدوڵای حەسەنزادە، تەواوی ناوەرۆکی ئەو وەسیەتنامەیە لە نوتق و وتار و ئاکارەکانی پێشەوا دا بەدی دەکرێ کە مامۆستا بێشک نەیخویندوونەوە. لە لاپەڕەی ١٣ ی کتێبی "حەقیقەتی مێژوو" کە مامۆستا بە حەقیقەی نازانێ و خەتی سووری بەسەردا کێشاوە، دەری دەبڕێ کە بەڵگەکانی کۆماریان بە هێند وەرنەگرتووە و دەڵێ: گوتم ئێمە ئەرشیفمان نەبووە، ئێمە ڕۆژنامەی کوردستانی ئۆڕگانی حیزبەکەی خۆمان کە تا ئەو ساڵانە هەر دەست نەکەوتوە، ئەگەر دەستیشمان کەوتبێ لیی وەرد نەبووینەتەوە...

مامۆستا عەبدوڵای حەسەنزادە وەسیەتنامەکەی پی باشە بە ئاواتە کە بێتە دی، بەڵام لە باوەڕ و ئیمانی پیشەوا، بە گومانە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەر لەسەردەمی بەرپرسایەتی بەڕیزیان، لەژێر ڕێبەرایەتی شەهید دوکتور قاسملوو دا، بە سەدان کەس لە خەباتکارانی گەورەی کادر و پێشمەرگەی حیزب، لە مەیدانەکانی شەڕ و لە زیندانەکانی ڕێژیم دا، بە خوێنی خۆیان لەو وەسیەتنامانەیان تۆمار کردووە. مامۆستا هەر لە بوونی وەسیەتنامەی پێشەوا بە گومان نییە بەڵکوو لەو کتیبەدا "حەقیقەتی مێژوو"(ل ٣٧) لە بوونی پارلمان کە مامۆستا هێدی و مامۆستا هێمن باسی دەکەن و کاریان تێدا کردووە، لە ئەسپاردنی ئاڵا بە مەلا مستەفا (ل ٢٦)کە زیاتر لە ١٠ کەس شاهید بوون و ڕاستییەکی دەسەلمینن، لە بوونی خائینان کۆمار(ل ٢١) کە هەموو خەڵکی کورد دەزانی و لەوبارەوە بە دەیان بەڵگە لە ڕۆژنامەی کوردستان دا بەدی دەکرێ و ... بە شک و بە گومانە، بەڵام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به بێ لیکدانەوە لە بە دز ناساندنی پێشەوا (ل ٢٨) و بوونی دژایەتی ئەندامانی حیزب لەگەڵ پیشەوا (ل ١٥)، بەشک نییە.

وەسیەتنامەی پێشەوا بۆ بنەماڵە

لە ژێر نووسی لاپەڕەی ١٧٠ ی کتێبی بیرەوەرییەکانی دوکتور ئاسۆ دا، هاتووە کە مەلا سەدیق وەسیەتی پێشەوا قازی بۆ بنەماڵەی نووسیوەتەوە و ئێستا لە لای سەید محەممەد سەمەدییە. لە ژمارەی ٢٤ مامۆستای کورد دا، وەسیەتنامەی دووهەمی پێشەوا کە مەلا سەدیقی سیدقی بە فارسی نووسیوێتی و مامۆستا ئاشق بە شیوەی خوارەوە وەریگێڕاوەتەوە سەر کوردی:

قازی، ئەو وەسیەتنامەیەی، لە دەی خاکەلێوەی ١٣٢٦ دا، بە حوزووری من، محەممەد سەدیقی سیدقی، گوتووە.

پارچەیەک یان دوو پارچە فەرش یان قالیچەی سەید رەحیمی کوڕی سەید جامی، لە گەڵ شتومەکەکانی منن. بیدەنەوە بە خۆی و ئەویش پووڵێکی منی لە سەرە. ئەگەر دایەوە، ئەوە باشە و نەشیدایەوە، کەیفی خۆیەتی.

ئەو بڕە گەنمەی لە تەسبیتی بووە و ئی خۆمە، ئەگەر دایاننەوە، وەریگرنەوە.

ماشێنە فۆردە ٤٦ ـ ەکە، ماڵی شەخسیی خۆمە.

ئەو کاتەی منیان دەستبەسەر کرد، پێنجهەزار و دووسەد تمەنم دە گیرفانی دا بوو، لێیان ئەستاندم و سەروان شەریفیش جارێک سەد و پەنجا و سێ تمەن و جارێکی دیکەش دەهەزار تمەنی بە ناوی حەقی وەکالەت لە خێزانم وەرگرتوە. ئەو پووڵەی لێوەرگرنەوە.

موعینی، سێهەزار تمەن، شتێک کەمتر یان زیاتر، بە من قەرزدارە و ئەویش شتێکی داوە و ئەو سەعاتەی وەک دیاری بۆ منی هێنابوو، دەنێو دەفتەری شیرکەتێی دا نووسیوە و ئەمن لە گەڵ شیرکەتێ تەڕەف نەبووم.

سەید سەلام ، نازانم هەشت هەزار تمەن یان شتێک کەمتری قەرز لە سەرمە. هەر چەندی بۆخۆی گوتی، بیدەنێ.

تەلەفۆنەکەیان بردوە. وەدووی پێوشوێنی بکەون.

ئەو ماشێنەی لە بابەشێخییان ئەستاندوە، ماڵی خۆیەتی.

چوار جیپ کە بە شەخسی خۆم ... و دە بەردەستی خۆم دا بوونە، ئەوانیش مالی تایبەتیی خۆمن.

چونکە سەروان شەریف زەحمەتی ... سیسەد تمەنێکی بدەنێ.

ئەگەر ئەو یازدەهەزار تمەنە وەرگیرا کە لە سەرەوە باسم کرد، یەکی هەزار تمەنی بدەن بە سەعیدی هومایوون و میرزا ڕەحیمی کە خزمەتیان کردوە و پێنجسەد تمەنیش بدەن بە محەممەدی پیرۆزەخانمێ.

خوشکی خۆمن، بێجگە لە ئاغەڵیان کە بە ناوی خۆم سەبت کراوە، لە هەموو میراتی بابم دا بەشیان هەیە. ئەوان ڕازی بکەن.

هاوسەرم، دایکی منداڵەکان سەروەسیەت بێ، سەرپەرستیی منداڵەکان بکا و مەلا عەوڵاش چاوەدێر بێ.
چاپخانەشم بۆخۆم کڕیوە.ماڵی خۆمە.
مام عەزیزی قەرەنیاغای، پێی وایە ئەو کارەی بەسەری هاتوە، بە هاندانی من بووە. هەرچەند ئەمن ئاگام لێنیە، بەڵام وا بکەن گەرنم ئازا کا.
میرزا ڕەحمەت یان کەسێکی دی، ئەگەرچی لە کوشتنێم ڕزگار کرد، ئەگەر شتێکی لە من دە دڵی دایە، با ئازادم کا.
کاردارەکان دەو ماوەیەی دا خزمەتیان کردوە و زەحمەتیان پێوەکێشاوم. چاکەیان دەگەڵ بکەن و ڕازییان کەن.
دوای ... چەندهەزار تمەنم بۆ بکەنە ئیسقات و تەهلیلە.
شەوی ١٣٢٦/١/١٠
ئیمزا، مەلا سەدیقی سیدقی و قازی محەممەد.

**بەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدامی قازییەکان**

شێوەی ئێعدامی پێشەوا

حوکمی ئێعدامی قازییەکان هەر لە دادگای یەکەم دا، بڕیاری لە سەر درا بەڵام ٦٦ ڕۆژ وەدرنگی کەوت و لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٣٠ مارسی ١٩٤٧)دا، لە مەهاباد بەڕێوە چوو. شا بڕیاری ئێعدامی ئیمزا کرد و ناردرا بۆ سەرهەنگ هومایونی کە ئەوکات لە ورمێ بوو و ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی شەر لەگەڵ بارزانییەکانی بەستووە بوو. بڕیاری ئێعدامی قازییەکان، ڕۆژی ٩ ی خاکەلێوە ١٣٢٦ گەیشتە دەست هومایونی و ئەویش هەر ئەو ڕۆژە بە بێسیم بە مەهابادی ڕاگەیاند کە ئەو فەرمانەی بەڕێوەبەرن.

بە پێی لاپەڕەی ٣٢٥ی ڕەحیمی قازی و بە نەقڵ لە مینا خانم لەسەر شێوەی لە داردانی قازییەکان سەرۆکی ژاندارمەری ئەوکاتی مەهاباد، سەرهەنگ ئەمیر پەرویز، چەند ساڵ دواتر گوتبووی:

جیا لە پارس تەبار، کە سەرۆکی ستادی هۆردووی ئێران بوو لە مەهاباد هیچ کەسێک نەیدەزانی حوکمی کوژرانی قازییەکان چ کاتێک بەجێ دەگەیەندرێت. شەوی ٣١ ی مارس ئێمەیان بانگ کرد بۆ ستاد. لەوێ چاوم بە سەرۆکی ستادی هۆردووی ئێران جەنەڕاڵ عەلی ڕەزم ئارا کەوت کە لە قەراری مەعلووم لە ڕێگەی میاندوئاوە وە بەنهێنی لەگەڵ سەفیری ئەمریکایی جۆرج ئالین تازە هاتبوونە مەهابادی. ڕەزم ئارا بڕیاری مەحکەمەی عەسکەری لەمەڕ کوشتنی قازییەکان پێ نیشان داین کە ژێرەکەی لە لایەن شاوە ئیمزا کرابوو. ڕەزم ئارا گوتی: دەبێ ئەم شەو لە نیوەشەو بێ ئەمەی کەسێک بزانێت ئەم بڕیارە بەجێ بگەیەندرێت لە ڕێگەی هەڵاوەسینەوە. پێویستە تەواوی هێزی عەسکەری و ژاندارم و پۆلیسی مەهاباد ئامادە بن و لەسەر ڕێگەکان و کۆڵان و شەقامەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جێگیر بن. نابێ بهێڵن هیچ کەسێک لە خەڵکی مەهاباد بەدیارەوە بێت.
لەسەر شێوەی ئێعدام کردن، کیومەرسی ساڵحی لە درێژەی راپۆرتەکەی دا دەنووسێ:
لە گەل تەواو بوونی وەسیەت نامەکە، قازی محەمەد بە دادستانی گوت دەتهەوێ بۆت بخوێنمەوە، دادستان گوتی نا پێویست ناکا. قازی محەمەد گوتی، بە هۆی ئەوە لە دینی ئیسلام دا لە سێدارەدان کارێکی پەسند نییە، داوا دەکەم گوللەبارانم بکەن.
بەلام دادستان داواکەی رەد کردەوە. چوونکە بڕیاری حوکمی دادگا، کوشتن بە تەنافی دار بوو.
خەلیل فەتاحی قازی لە لاپەڕەی ١٦٤ی مێژووی بنەماڵەی قازی دا، ئەو قسانە پشتڕاست دەکاتەوە و دەنووسێ:
دادستان پێی‌دەڵێ چوونکە ئەتۆ نیزامی نی دەبێ بە هۆی دار ئێعدام بکرێ. مەڕحومی قازی محەمەد لە وڵامی دەڵێ: ئەگەر ئەمن نیزامی نەبووم ئەدی بۆ لە دادگای نیزامی دا محاکمە کرام.
بە پێی قسەکانی کیومەرسی ساڵحی دوایە قازی محەممەد گوتی:
"ئێستا دەمهەوی نوێژێ بکەم و رەواڵی پێش مەرگ بەجێ بگەیەنم". ئیجازەیان دا نویژ بکا.
خەلیل فەتاحی قازی لە لاپەڕەی ١٦٣ی مێژووی بنەماڵەی قازی دوای ئەوە ئاماژە بە دادگای پێداچوونەوە دەکا، دەنووسێ کە ئەو وەسیەتەی کە پێشەوا لە چەند لاپەڕە دا نووسی، نەدرا بە بنەماڵەکەی چونکە بابەتی سیاسی تێدابوو و دەڵێ کە پێشەوا دوای ئەوە کە دوو رەکعەت نوێژی کرد، گوتی کە سەدری قازی برای بێتاوانە ئەگەر ئەوی ئازاد بکەن خوێنی خۆی حەڵاڵ دەکا ...
کیومەرسی ساڵح لە درێژەدا دەنووسێ، قازی محەممەد پێش ئەوە بچێتە بن دار گوتی:
" زیندەباد کوردستان بە خوێنی من".
دوایە هەر دوو دەستی روو بە قوبڵە بۆ ئاسمان بڵیند کرد و داوای بەخشینی لە خودای گەورە کرد و بە دەنگی بڵیند گوتی:
خودایە تۆ شاهیدی کە من لە خزمەت کردن بە نەتەوەکەم لە هیچ شتێک خۆم نەبوارد. خودایە تۆ شاهیدی کە من هەرچی لە توانام دابوو لە رێی تۆ و خزمەت بە میللەتەکەم کردم. خودایە لە تۆم دەوێ هەم لە دنیا و هەم لە قیامەت دا تۆڵەی زوڵم لێکراوان لە زاڵمان بکەیەوە و دەزانم هەرواش دەبێ. ئەی خودای زانا و ئاگا بەسەر هەموو عالەم، هەموو میللەتانی ژێر دەستە بە تایبەتی میللەتی کورد لە ژێر چەنگاڵ و دەستەڵاتی زاڵمانی رۆژگار نەجات بدە.
بە پێی لاپەڕەی ٣٢٧ ی کتێبی رەحیمی قازی، ئەمیر پەرویز دەنووسێ کە کاتێک قازی محەممەدیان بردە سەر کورسی سێدارە و ویستیان چاوی ببستن. قازی نەیهێشت و گوتی:
ئەی خائینینە، ئەمن شەرمەندە نیم کە لە حاست نەتەوە و نیشتمانی خۆشەویستم چاوم ببەستم ... ئەمن دەمەوێ لەم دەقیقە دواییەی ژیانمدا بەسەربەرزییەوە لە تاریکایی نیشتمانی خۆشەویست و جوان و دڵگیرم بڕوانم. ئەمن کوڕی سادقی نەتەوەکەم بووم و هەم. بژی نەتەوەی کورد. بژی رزگاری کوردستان.
عەلائەدین سەجادی لەوبارەوە دەنووسێ کە قازی گوتبووی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێوە ئێستا قازی محەممەدێک دەکوژن، بەڵام گەلی کورد هەر یەکەی قازی محەممەدێکە، بڕوام وایە ئەم قازی محەممەدانە زۆر دڵڕەق دەبن بەرامبەر ئەو کەسانە، کە بوون بە جەللادی گەلی کوردی.

هەر لە درێژەی ئەو رووداوە دا، کە لە "رێگای تودە" دا چاپ کراوە، باسی پێشەوا لە کاتی نوێژ کردن دەکا و دەنووسێ: ... بەو شێوە درێژەی دا کە بیست دەقیقەی خایاند. ئێمەش هەموومان لە مەلاکە دەپرسی کە دەلێ چی، پاشان چووە ژێر پەتەکەو لە ماوەی دوو خولەک دا گیانی تەواو بوو. ئەوە سەعات لە چواری بەرەبەیانی نزیک ببۆوە.

منیرخانم کچی پێشەوا لە چاوپێکەوتن لەگەڵ تۆفیق رەفیعی لە حەوتەنامەی سیروانی ژمارەی ٣٠٥ دا، لە سەر شەوی ئێعدامی بابی دەلێ کە ئەو رۆژە چووتە ماڵە نەنکی کە لە سەرووی چوارچرابوو و شەو لەوێ ماوتەوە و لە درێژەدا دەلێ: شەوێ سەعاتی دە و ئەوانە بوو کە دەنگی دار داکوتان دەهات. کە چاومان لێکرد دیتمان کە سێدارە دا دەکوتن، ئیدی نەنکم و خاڵم دەستیان کرد بە گریان و لە خۆدان. لەسەر سەربانەکانی ئەو مەنتەقەیە تۆپیان دابەستبوو. جوان لە بیرمە کە خاڵم و نەکم شالاویان برد بۆ دەروازە ئەمما لە حەساری ماڵێش چەند سەربازیان دانابوو کە لە پەستا نەنکم و خاڵمیان پاڵ پێوە دەنا و دەیان خستنە ژووری. ئەمن زۆر منداڵ بووم جوان هەستم بە کارەساتەکە نەدەکرد، هەر بۆیە خەوم لێکەوت، بە دەنگی باوکم وەخەبەر هاتم، ئەوکاتەی کە باوکم و مامیان دەهێنا جوان لە بیرمە کە باوکم دەیکوت: محەممەدێک دەکوژن هەزاران محەممەدی دیکە لە کوردستان سەر هەڵدەداتەوە. دوای ئەویش دەنگی محەممەد حوسێین خانی مامم هاتە گوێ. دوایی بۆیان دەگێڕامەوە کە مامم لە سێدارە بەرببووە و لە سەر زەوی خنکاندبوویان. ئێستا دایکم و ئەوان هەواڵیان پێ نەگەیشتبوو، دایکم دەیکوت شەوێ چوومە ماڵە سەروان شەریفی کە ژنەکەی چاوی بە من کەوت دەست و لاقی کەوتە لەرزین. کوتم: چییە خانم بۆ ئاوا هەڵدەلەرزی؟ ئەویش لەولام دا بە دایکمی کوتبوو: لە بەر چارەنووسی تۆ و منداڵەکانت. دایکیشم لە خۆی دابوو و کوتبووی ئەی ماڵ وێران خۆم دەیانکوژن. سەروان شەریفیش خۆی لە ژنەکەی قەڵس کرد بوو، کوتبووی: نا تەبعیدیان دەکەن. ئیدی دایکم ئەو شەوە بە نارەحەتی گەڕابووە بۆ ماڵێ. تا بەیانی نەنکم و خاڵم بە دەم گریانەوە لە دەرکی ماڵییان دا. دایکم رەنگی هەڵپڕوسکا و کوتی: ئەی ماڵی وێرانم چ قەوماوە نەنکیشم لە خۆی بەر بوو و گوتی: جا چی نەقەوماوە قوڕمان بە سەر بوو ماڵ وێران بووین، پاش گەڕانەوە بۆ ماڵێ ئەمنیش وام هەست دەکرد کە ماڵێ جۆرێکی تری لێهاتووە و گۆڕدراوە. هەموو دەگریان هەموو بەرگی رەشیان پۆشیبوو. من زوو هەڵاتمە بەر پەنجەرە بابم دی کە مەندیلەکەی لە سەر دابوو و بە پەتێکەوە هەڵاوەسرابوو. بڕێکی تر خۆم هەڵێنا مامم دیی...

رەحمانی قازی لە کتێبی "رۆژگاری ون بوو" دا دەنووسێ:

ئێوارەی ١٣٢٦/١/٩ی هەتاوی (١٩٤٧/٣/٢٩ی زایینی) کە رۆژی یەک شەممە بو لە حەوشەی بینای ستاد کە ئێستا شارەوانییە نزیک بە پازدە کەس سەرباز و گرۆهبانی ژاندارمەری دە هاتوچۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دا بون و بەردەوام دەنگی مشار و تەقەی چەکوچ و بیزمار دەهات، لە مەحکەمەی ئێمە ڕا کە دراوسێی ستاد بوو و بەرزتر بو بە باشی دەبیندران بەڵام نەماندەزانی خەریکی چ کارێکن. نزیک ئێواره کارەکەیان کۆتایی هات و بێدەنگ بوون.

کات لە نیوه شەو تێ پەڕیبو، تەنیا دەنگێک کە بێ دەنگی شکاند هاڕەی ئۆتۆمبێلکی سەربازی بوو، هات و لە دەوری چوارچرا وەستا، من هەستام و لە پەنجەره را کە دەیڕوانییە سەر چوارچرا سەیرم کرد. سێدارەکانم بینی کە دەیانچەقێنن، دوای ماوەیەکی کورت وڵات چۆل بۆوە و کەس لەوێ نەما. هەر وا کڕ و مات بوم، نەمدەزانی چ رو دەدا. لە سەر جێگەکەم راکشامەوە، چاوم لە بەری میچ بڕیبو و بیرم دەکردەوە، لە پڕ دەنگی شێرانە و پڕ لە هەیبەتی پێشەوا سامناکی و بێ دەنگی شەوی شکاند، بە هەمو توانای گۆڕاندی "زنده باد آزادی کردستان به خون من" واته "بەردەوام بێ ئازادی کوردستان بە خوێنی من" ئەو رستەیەی بە فارسی کوت تا جەلادەکانی لێی تێ بگەن، من کە بەخەبەر بوم ئاسایی بو گوێم لێ بێ بەڵام مەمیخان کە لە خەو دا بو بەو دەنگە راپەڕی و کوتی: چ قەوماوە ؟ ئەو دەنگە چ بو ؟ کاتێک خۆم گەیاندە بەر پەنجەره، پەیکەری بێ وێنەی پێشەوا بە داری بێ دادەوە رادەژا، خۆم پێ نەگیرا، بە پەلە بەرەو خوارێ هەڵاتم تا بابم لەو کارەساتە ئاگادار بکەم، بەڵام نەمزانی کەی و چۆن سەربانی ماڵی ئێمەیان گرت بوو، سەربازێک روی تفەنگی تێ کردم و کوتی بڕۆوە ژورێ دەنا تەقەت لێ دەکەم. کوتم تینومە دەچم ئاو دەخۆمەوە، بەو قسەیە خۆم گەیاندە بەر دەرگای ژوری بابم، لە دەرگام دا، دایکم دەرگای لێ کردمەوە، بابم وەخەبەر هات و فەرموی: بۆ هاتوی ؟ کوتم ئەو رۆژەی لێی دەترساین وەدی هات، پێشەوایان شەهید کرد. بابم کە ئەوەی بیست سەری بە دەستەکانی گرت و دەستی کرد بە گریان.

عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ١٠٢ی کتێبی وڵاتی من دا، دەنووسێ:

ڕۆژێك پێش ئەوەی ئەوانە ئێعدام بکرێن جاشەکانی ناوچەی مەنگوڕان بە بابم و مامە قاسمیان (قاسم قادری قازی) گوتبوو کە وەزع ئاڵۆزە لە سەلاح نییە کە ئەوشۆ لە نێو شاردار بنوون، دەستوریان پێیە هەر شتێکی پێیان خۆشبوو لەگەڵ خەڵکی شاری بکەن، بۆیە باشترە لە شاری نەمێنن.

ئەو شەوە ئەمن و کاکە رەحمانم و حەمەدەمینی قەزاق لە ژووری مەحکەمەی کە دەیروانییە سەر مەیدانی چوارچرایە، نووستبووین. رۆژانی پێشتر کە لە سەعات ٨ شەو حکوومەتی نیزامیان رادەگەیاند و کەس حەقی نەبوو لە ماڵ بێتەدەر، ئەو رۆژە هەر بانگی شێوان سەعاتی ٧ ئێوارێ رایانگەیاند و گووتەش ئەوە بوو کە یان قازییەکان بەرنە تارانێ یان لەوانەیە مەلا مستەفا هێرش بێنێ، چوونکە لەو سەروبەندەی دابوو کە بە سەر ئاغاکانی دادابوو.

لە سەربانی ماڵە کاردارەکانی ئێمە، لەسەر حەساری گەورە، بە پشت ماڵە حاجی خەرازییەوە کە لەگەڵ بانی مەحکەمەی ڕێك بوو، دەستەیەکی ١٠ کەسی سەرباز موسەلسەلیان رووبەرەوی پەنجەرەی مەحکەمەی دابەستبوو. ئێوارێ درەنگیش تەقەی نەجاڕێك وەك چەکوچ و بزمار و خڕەی مشار، لە حەساری شارەداری کە دەکەوتە بن ماڵی ئێمە هەر دەهات. دیاربوو تەختە و شتی وایان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێك دەدا و سێدارەکانیان ساز دەکرد.

ڕۆژی پێشتریش چووبوون لە چوارچرایە کە ئەو کاتیش بە شێوەی بازنەیی بوو، چوار قوڵکەیان بە قەدرای ئەژنۆیەك هەڵقەندبوو ریشە چناریان تێچەقاندبوو. خەڵك دەیانگووت جا ئێرە کوا بۆ چنار دەبێ ئەمن بۆ خۆم بەوێ دا هاتم و لەبەر خۆمەوە گووتم: ئەو دەوڵەت چ دەکا ئاخر ئەو سەر چەقە رێیە کوا بۆ چنار دەبێ؟

سەعات دەورووبەری ١٢ شەو بوو، تەواوی هێزی نیزامی هاتبوون لە چوارچرایە، بەرقی شار کە ئەو کات زۆر زەعیف بوو، ئی هەموو گەڕەکەکانیان بڕیبوو لامپی دیکەیان کێشابوو هەمویان دابوو بە چوارچرایە و وەك ڕۆژی ڕووناکیان لێکردبوو.

لەو وەختەدا ئێمە لە مەحکەمەی لەگەڵ کاکە ڕەحمانم و مەمیخانی قەزاق نووستبووین. کاکم وەخەبەر هاتو گووتی: "بزانە ئاو هەیە. کەمێك ئاو بێنە توونیمە". ئەو وەختی گۆزە و جەڕەو شتی واهەبوو، لە پێشخانەی مەحکەمەی جەڕەیەکی لێبوو بەڵام ئاوی تێدا نەمابوو. تاریك بوو بۆیە مەجبوور بووم کە چرایەکی ١٠ نمرە بە دەستەوە بگرم و بچمە حەوزی ئاوێ بێنم. سەربازەکانی سەر سەربانی هەست و خووستیان لێ پەیدابوو بەڵام دەنگیان نەکرد. گەیشتمە حەوزخانەی گۆزەکەم پڕ کرد و گەرامەوە. لە نیزیك دارە تووەکەی حەسارێ، نەڕەیەك هات و یەکێك گوڕاندیو گووتی: "زیندە باد ئازادی کوردو کوردستان ئەمن تا ئاخرین قەترە خوێنی خۆم". ئیدی دەنگەکە خامۆش بوو. ئەمنیش ئاخر فکری ئەوەم نەدەکرد کە پێشەوا و ئەوانە ئێعدام بکرێن، هەر پێموابوو حەمەدی وسوو کووتکە و کەسانی مەستی دیکەن کە بۆ ئەرتەشی جاسوسی و خەفییەتیان دەکرد و پیاوی دەوڵەتی بوون و جارجار ئارەقیان دەخواردەوە و بۆ گرتنو فریودانی خەڵکی شیعاریان دەدا.

هاتمەوە سەرێ کاکم بە تووندی گووتی: "چراکەی دانێ، چراکەی دانێ، قازیان ئێعدام کرد". ئەگەر لە پەنجەرەی را تەماشام کرد قازی بە دارێوە هەڵاوەسرابوو. کاکە ڕەحمانم هەر دەیگووت ئای تفەنگەکەم، ئای بۆ ئەوەی دەستڕێژیان لێبکەم.

نەعرەتە و گوڕەی پێشەوا زۆر توووند بوو ئەمن سەد جارم لە برایم خانی "کۆنەدێ" کە پیاوێکی زۆر وێچوو عاقڵ بوو، بیستووە کە لە ئاوایی "پشتەپێ" گوێی لە نەعرەی پێشەوا ببوو.

جەنازەی پێشەوا بە ئەسپایی بە دارەکەوە رادەژاو مەندیلی سپی سەری کە ئەو هەموو نوورەی وێکەوتبوو بریقەی دەهات و باڵتۆ زەردە درێژەکەی لەبەر دابوو...

### سەیفی قازی و سەدری قازی لە ژێر داری ئێعدامدا

لەسەر وەسیەت و ئیعدامی سەیفی قازی کیومەرسی ساڵح دەنووسێ:

بە دوای تەواو بونی قازی دا دەستوری هاتنی ماشێنی سەیفی قازی درا کە بیهێنن. سەیف تا ئەو کاتە هەر لە ماشینەکە دا چاوەروان بوون کە وەرێکەون بۆ تاران وەک پێیان کوترابوو.

سەیفی قازیان هێنایە ژورێ و چاوی کەوت بە دادستان لە گەل ئەو مەلا دی، بەم وەزعە حالی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو کە چی چاوەڕوانی دەکا. هیچ خۆی تێک نەدا. هەروا بە وقارەت و سەربلند و بە هەیبەت بوو. دادستان حوکمەکەی بۆ خوێندەوە، گوتی دەتوانی وەسیت نامەکەت بنووسی. سەیف فەوری چو بۆ پشت میزێک و دەستی کرد بە نووسین. بومەلێلەی بەیانی بوو کە ئەویشیان بۆ ژێر پەتی سێدارە برد.

بە پێی لاپەڕەی ٣٢٥ی ڕەحیمی قازی و بە نەقڵ لە بیرەوەرییەکانی مینا خانم دەنووسێ، کە لە وەسیەتنامەی حەمە حوسێن خان دا، داوا دەکا کە ڕەحیمی (ڕەحیمی قازی) برای بە منداڵەکانی رابگا و کوڕەکانی بۆ خوێندن بنێرێتە سۆڤیەت و چاوی بە سەریانەوە بێ و ڕەحیم لە بیری نەچێ برایەتی.

ڕەحیم قازی ئەفسەری هێزی پیشمەرگەی کوردستان بوو. دە ڕۆژ بەر لە شەهید بوون قازییەکان دەوڵەتی قەوام بە نێوی بنەماڵەی قازی تێلگرافی بۆ کرد، کە لە باکۆ را بگەڕێتەوە بۆ ئێران. ڕەحیمی قازی ئەو کارە بە دەهۆیەک دەزانێ بۆ کوشتنی خۆی.

کیومەرسی ساڵح لەسەر ئیعدامی سەیف دوای ئەوە کە لە بەربەیان دا سەیفیان برد بۆ داری ئێعدام دەنووسێ: ... هەر کە چاوی بە قازی محەمەد کەوت دەستی کرد بە شوعار دان، بژی قازی، مردن بۆ شا و بە هۆی بەخۆوەبوونی بە دەست و پێ لە هەر سەربازێکی دەدا یەکسەر دەیخستە سەر عەرز. لەو بروایە دابووم کە نەعرەتە و ئەو دەنگە شیرانەیەی تەواوی خەڵکی دەوروبەری لە خەو ڕاپەڕاندبوو. بەڵام بە هۆی حکومەت نیزامی کەس نەیدەوێرا لە ماڵ بێتە دەر. پیاویکی زۆر نەترس بوو. گەیاندیانە ژێر پەتی سێدارەکە. لە گەل تێپەر بوونی خولەکێک تەنافی سێدارەکە پسا. دوبارە هەلیان ئەستاندەوە، هاوکاتیش هەر نەعرەتەی دەکێشا. بردیان بە داری سێدارەکەی سەدری قازیان داکرد کە لە ماوەی دوو خولەک دا ئەویش گیانی لێ ئستێندرا.

ڕەحمانی لەوبارەوە دەنووسێ:

لە کۆتایی دا جەنابی "محەمەد حوسێن خان سەیفی قازی" یان هێنا، کاتێک چاوی بە تەرمی ئەو دو شەهیدە کەوت، خۆی ڕاپساند، سەرەڕای ئەوەی دەستیان لە پشتەوە را بەستبۆوە بە شەق پەلاماری دو ئەفسەری دا، لە پاشان زۆری جنێو پێ دان، بە چەند کەس ئەو کەڵە پیاوەیان بۆ ڕانەدەوەستا، بە زۆر بردیانە سەر کاپوتی ئۆتۆمبێلەکە و تەنافیان لە گەردنی کرد، کاتێک ئۆتۆمبێلەکە کشاوە تەنافەکە توانای ڕاگرتنی ئەو جەستە و قامەتە شێرانەیە نەبوو پسا و جەنابی محەمەد حوسێن خان کەوتە خوارێ. دیسان هەڵیانهەستاندەوە و دوبارە لە سێ دارەیان دا.

عەبدوڵای قازی لەسەر ئێعدامی سەدر و سەیفی قازی لە لاپەڕەی ١٠٤ی کتێبی "وڵاتی من" دا، دەنووسێ:

پاش ماوەیەك ئەوجار سەدری قازییان هێنا، دەنگی لێدەهات بەڵام نەمدەزانی چ دەڵێ و چی دەگووت. دوایە حەمە حوسێن خانیان هێنا، ئەو شیعاری دەدا و یەکبەخۆی دەیگوڕاند و لە نەکاو لێدان و کووتان و ڕاپسان و داپسان پەیدا بوو. ئەوجار لە داریان دان. جارێك تەنافەکەی پساو کەوتە عەرزی، بەڵام عیدەیەك غاریان دایەو لێی هاڵانو دووبارە لە داریان داوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کیومەرسی ساڵح لە درێژەدا، لەسەر ئیعدامی سەدری قازی دەنووسێ:
نەفەری سێیەم سەدری قازی بوو کە بە هۆی چاوەروانی لە ماشینەکە و هەروەها بە گوێ لێبوون لە دەنگی شێرانەی سەیفی قازی، ماندوو دیار بوو. هێنایانە ژورێ، بێ گوێدان بە دادستان دەستی کرد بە نووسینی وەسیەتنامەکەی. لە گەڵ تەواو بوونی، بە هەمان شێوە ئەویشان لە دار دا.
ئەمیری پەرویز دەنووسێ کە، سەدری قازیش نەیهێشت چاوی ببەستن و بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی:
ئێوە ئێمە بۆیە ئەکوژن چونکە نەبووینە خاینی نەتەوەکەمان، چونکە ملمان بۆ خوار نەکردن. بمرێ شای خاین. مەرگ بۆ ئیستعمار.
رەحمانی قازی لە کتێبی رۆژگاری ون بوودا، دەنووسێ:
کاتێک چومەوە مەحکەمە دیتمان کە جەنابی "سەدری قازی" یان هێنا، بردیانە سەر کاپوتی ئۆتۆمبێلێکی بەرزی سەربازی، تەنافیان لە ملی کرد، ئۆتۆمبێلەکە پاشەوپاش کشاوە و ئەویش هەڵواسرا. ئێمە گوێمان لە قسەکانی شەهید سەدر نەبو، بەڵام سەربازەکان گێڕابویانەوە کە جەنابی سەدر کاتێک چاوی بە تەرمی پێشەوا دەکەوێ دەڵێ: برادر بزرگوارم، پیشوای کردستان، مرا آزاد کن، این من بودم فریب وعدەهای دروغین قوام السلطنە را خوردم و نگذاشتم آنچە در ذهن داری را بە مرحلەی اجرا درآوری، اگر فریب این دروغ را نمیخوردم تو بە آسانی تسلیم این بزدلان نمیشدی، مرا ببخش(برای گەورە و بەڕێزم، پێشەوای کوردستان، ببورە و گەرنم ئازا کە، ئەوە من بوم فریوی بەڵێنە درۆکانی قەواموسەلتەنەم خوارد و نەمهێشت ئەوەی بیری لێ دەکەیەوە بیکەی بە کردار، گەر من بڕوام بە درۆکانیان نەکردبا، تۆ بە ئاسانی خۆت رادەستی ئەو خوێڕیانە نەدەکرد، ببورە.)
کیومەرسی ساڵح لە درێژەدا دەنووسێ:
دوای لە سێدارەدراوەکان، ئەو ئوتۆمبیلەی کە پێشتر منی لە تارانەوە هێنابوو، کەلوپەلی ئێمەی بار کردبوو و هاتبوو هەندێک دوورتر لە گۆڕەپانی چوارچرا راوەستابوو. لیژنەی دادگا و من و چەند سەربازی هاوڕێمان بەپەلە سوار بووین و بەرەو میاندواو و تەورێز بەڕێکەوتین.
سەعاتی ١٠ بەیانی گەیشتینە میاندواو. من چەند وێنەیەکم لێ هەڵگرتن، بەلام نەمتوانی لێان نزیک ببمەوە. قەد باوەرم نەدەکرد کە رێبەرانی کورد ئەوەندە ئازا و جەسوور بن. قازی محەمەد بە مەلاکەی فەرموو بەیانی ئەو وەسیت نامەیەم بۆ خەڵکی بخوێنەوە و دایە دەستی، بەلام دادستان لێ وەرگرت و کوتی ئەوە دەبێتە سەرهەلدانی ئاژاوە. دای بە من کە لەگەل راپۆرتی دادگا بۆ روکنی دوو ببەمەوە.
دیارە دوکتور ئاسۆ لە کتێبەکەی دا، دەنووسێ کە پەرویزخانی ئەرمەنی عەکاس، زاوای وینەتان وێنەی لە جەنازەکان هەڵگرت.
ئێعدام کردنی قازییەکان بە دزی و بە نەهێنی لە سەعاتی ٣ ی نیوە شەودا، ئەو راستییەی سەلماند کە رێژیم سەرەڕای راگەیاندنی حکومەتی نیزامی لە دژکردەوەی خەڵک نیگەران بوو. ئەوکات هێشتا کێشەی کوردستان تەواو نەببوو و هێزەکانی بارزانی زۆر ئازایانە لە بەرانبەر


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەشکری شا دا مقاومەتیان دەکرد. سەرەڕای ئەوانە، چوونکە ئەرتەش چەند جار لە بەرەکانی کوردستاندا تێکشکابوو، و هەستیان بە چەشنێک سوکایەتی دەکرد بۆیە خوازیاری هەرچی زووتری ئیعدامی رێبەرانی سەرەکی کۆمار بوون.

ئیگلتۆن لە کتێبەکەی دا دەنووسێ، کە بەڵگەکانی ئێعدامی قازییەکان قەت بڵاو نەکراوە و ئەوەی لەبەر دەستانە تەنیا قسەی چەند ئەفسەری ئێرانییە. نەجەففەف قوڵی پەسیان کە هەوڵی دا تا راستییەکان دادگا بشارێتەوە دەنووسێ کە لە دادگای قازییەکان دا تاوانباران زۆر بابەتیان باس کرد و نێوی زۆر کەسی بێگانەیان باس کرد بەڵام ئێمە ناتوانین باسی بکەین و نێویان بێنین. بە پێی ژێرنووسی لاپەڕەی ٣٦ی کتێبی ئەسڕاری محاکمەی قازی محەممەد و...... لە نووسینی محەممەد رەزا سەیفی قازی، دواتر نەجەفقوڵی پەسیان لە ساڵی ١٣٧٨دا، گوتی کە ئەوکات لە روکنی ٢دا، بووە ئەوەی لەسەر محاکمەی قازییەکان نووسیوێتی بە خراپی نووسیووە و لەژێر زەختی رێژیم دا بووە و فڕی بە راستییەوە نییە.

کاربەدەستانی ئێرانی کاتی باشیان بۆ ئیعدامی قازییەکان هەڵبژارد بوو. هیچ بەربەستیکیان لەپێش نەمابوو، عەشایر چەکدار ببوون و خۆیان بە دەستەوە دابوو. بارزانییەکان خەریک بوون ئێران بەجێبێلن. بەکر عەبدولکەریم حەوێزی لە لاپەڕەی١٢٧ی کتێبی"گەشتێک بە کۆماری مەهاباد دا" دەنووسێ کە رۆژی ١٩٤٧/٤/٢ فڕۆکەیەکی ئیرانی راگەیەندراوی ئێعدامی پێشەوا و حەمە حوسێنخان و سەدری قازی بەسەر مەرگەوەڕ دا بڵاو کردەوە. بە دوای ئەو هەواڵە مەلا مستەفا چووە لای سەید عەبدوڵای ئەفەندی و داوای لێکرد کە سەرلەنوێ دامەزرانی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی خۆی رابگەیەنێ. بەڵام سەید عەبدوڵای ئەفەندی بە گریانەوە گوتی کە پیر بووە و توانایی نەماوە و باشترە کە ئەو شەڕەفە بدرێتە شێخ ئەحمەد.

بە گوێرەی لاپەڕەی ٢٠٣ی کتێبی بارزانی ... لە نووسینی مەسعود بارزانی، مەلا مستەفا لەسەر شەهید بوونی پێشەوا دەنووسێ:

لە یادنامەی گیرفانی بارزانی دا ئەم رستەیەم دی بە عەرەبی نووسرابوو١٩٤٧/٤/٢ وصلنی استشهاد البیشوا و محمد حسین و صدر قاضی. اناالله و انا الیه راجعون. واتا خەبەری شەهید بوونی پێشەوا و حەمەحوسێن و سەدری قازیم بیست، ئیمە لەمەڕ خواین و هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە.

**راگەیەندراوی ئەرتەش لەمەڕ ئێعدامی قازییەکان**

بە پێی فەرمانی ئەرتەش، لەشکری چواری ورمێ ساعەتی ٨ ی بەیانی رۆژی ئێعدامی قازییەکان، ئەو ئاگادارییەی بڵاوکردەوە. راگەیاندنی هەواڵی ئیعدامی قازییەکان لە هەواڵدەرییەکان، دوور لە راستی و زۆر چەواشەکارانە نووسرابوو. دەقی راگەیەندراوی ئەرتەش بە پێی لاپەڕەی ١٤٨ی کتێبی "پێشەوای بیداری" بەمشێوەیە:

ئاگاداری

ستادی هێزی کوردستان رەزائییە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

روکنی دووهەم رێکەوتی ٢٦/١/١٠

ژمارە ١٩١٢٥ ساعەت ٨

لە کۆتایی ساڵی ٢٠ دا، محەمەد قازی، ئەولقاسم سەدری قازی و محەمەد حوسێن سەیفی قازی، لە مەهاباد بە دژی ئەمنییەت و نەزمی وڵات لە ناوچەدا، دەستیان بە هێندێک ئاژاوە کرد. ئەوان وردە وردە کردەوەی جەنایەتکارانەی خۆیان پەرە پێدا کە بوو بە هۆی هێندێک روداوی دڵتەزێن وەک هێرش بۆ سەر شارەبانی مەهاباد و کوشتنی ٥ پاسەبان، تاڵان کردنی شارەبانی و لە بەین بردنی سەنەد و بەڵگەی جەنایەتی خۆیان، کوشتنی مەحمودیان تاجری مەهابادی، قازی زادە رەئیسی ئامار کە هەمووی ئەوانە بوونە قوربانی ئاوات و ئارەزو خۆ بە زلزانی ئەوان. هەروەها ئەوان بوونە هۆی تاڵانی دێهات و تەواوی ئەو روداوانەی کە لەو مەڵبەندە روویان دا. محەمەد قازی بە هاوکاری سەدری قازی برایی کە بە رواڵەت نوێنەری مەهاباد بوو بەڵام لە راستی دا کارگێڕ و بەرنامەرێژی سەرەکی دابەش کردنی بەشێک لە ئێران و سەیفی قازی  کە بۆ بەڕێوە بردنی ئامانجی چەپەڵ و پیسی خۆی تەواوی بەرپرسانی ئیداراتی دەوڵەتی لە مەهاباد وەدەرنا، لە ٢٦ ئازەر ئاڵای سێ رەنگی شیر و خورشید(شیر و رۆژ) ئێرانی لە بەرزایی ساختومانەکانی دەوڵەتی داگرتە خوار و بە ناوی ئاڵای کوردستان ئاڵایەکی دیکەی هەڵکرد. رۆژی دووی رێبەندان ٢٤ محەمەد قازی خۆی وەک سەرۆک کۆماری کوردستانی ئازاد ناساند و چەند کەسی خائینی رابردو و پیس کە هاوکاری ئەو بوون، بە مەبەستی ئامانجی تایبەتی خۆی، وەک وەزیری خودموختاری کوردستان دیاری کرد. ئەو بۆ بەربەرەکانی بە دژی هیزەکانی دەوڵەتی دەستەی چەکداری لە خەڵکی مەهاباد و بارزانی پێکهێنا و رادەیەکی بەرچاوی چەک و چۆڵ لە نیو خەڵک و عەشایر دا بڵاو کردەوە و بۆ بەرەی سەقز و سەردەشتی ناردن کە بوو بە هۆی روداوی دڵتەزێن و خوێناوی. ئەگەرچی هێزی کوردستان چەند جار داوای لێکردن کە نافەرمانی نەکەن و فەرمانبەر بن بەڵام نەتیجەیەکی نەبوو. هەروەها کاربەدەستانی گەورەی دەوڵەت لە تاران هەوڵیان دا تا ئەوان لەو کارە دزێوە پاشگەز بکەنەوە بەڵام بێ فایدە بوو و درێژەیان بەو کردەوەی چەپەڵەی خۆیان دا. لە نێوەراستی مانگی ئازەری ساڵی ٢٥ دا، کاتی پیشرەوی هێزی کوردستان بەرەو ئازەربایجان، ئەو کەسانە  لە مزگەوت و مەجلیسان دا، خەڵک و عەشایریان بۆ بەربەرەکانی لە بەرانبەری هێزی ئەرتەش دا هان داوە و بە نووسراوە فەرمانی هێرش بۆ سەر ستونە نیزامییەکانیان داوە. بەڵام بە خۆشییەوە عەشایر، ئاگاداری ئامانجی چەپەڵی ئەوان بووە و بە قسەیان نەکردن. ستونەکانی نیزامی بە خیرایی درێژەیان بە پێشڕەوی خۆیان داوە و تەواوی بەرنامەکانی خەیانەکارانەی ئەوانیان پوچەڵ کردەوە. لە ئاکام دا ئەو مۆرە خائینانە دستبەسەر و لە داوی عیداڵەت کەوتن و پەروەندەی ئەوانە ناردرایە دادگای نیزامی کاتی شەر و هەر سێیان بە ئیعدام مەحکوم بوون. هەروەها دادگای پێداچوونەوەش رەئێکەی پەسەند و بە ئیمزای ئەعلاحەزرەت همایون شاهەنشاهی گەیی و حوکمەکە ساعەتی ٦ رۆژی دەی خاکەلێوە لە مەهاباد بڕێوە چوو.

فەرماندەی لەشکری ٤ و هێزی کوردستان ـ سەرلەشکر همایونی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەحمانی قازی لە کتێبی "ڕۆژگاری ون بوو"دا، ڕاگەیاندنی ئەڕتەش و تێکهەڵکێشی ڕاگەیەندراوی شارەوانی پارێزگاری چواری بە فارسی بەمشێوەیە هێناوە:

دوا نیوەڕۆ نوسراوەیەکی فەرمی لە لایەن ستادی سوپاوە دەرچو کە لە ژێرەوە بۆتان دەنوسمەوە:

اعلامیه

| | |
|---|---|
| ستاد ارتش ، نیروی کردستان | رضائیه |
| رکن ٢ | مورخه ١٣٢٦/١/١٠ |
| شماره ١٩١٢٥ | ساعت ٨ صبح |

در اواخر سال ١٣٢٠ ، محمد قاضی - ابوالقاسم صدر قاضی - محمد حسین سیف قاضی، در مهاباد دست به یک سلسله تحریکات و اقدامات علیه امنیت و نظم منطقه زده تدریجا اعمال خیانت آمیز خود را بسط و توسعه داده که منجر به وقایع اسف باری منجمله حمله به شهربانی مهاباد و قتل ٥ نفر از پاسبان و غارت آن و از بین رفتن اسناد و مدارک جنایات خود در مورد قتل محمودیان تاجر مهابادی و قاضی زاده رئیس اداره آمار گشته است . همه قربانی مطامع و جاه طلبی آنها گردیده و همچنین غارت روستاها و سایر وقایع دیگر ختم گردیده است.

محمد قاضی با همدستی برادر خود که به ظاهر نماینده مردم مهاباد در مجلس بوده ولی در واقع طراح اصلی نقشه‌های پلید تجزیه قسمتی از خاک ایران بود و سیف قاضی برای اجرای مقاصد شوم و ننگین خود کلیه روسای دولتی را از مهاباد بیرون کرده روز ٢٦ آذرماه سال ١٣٢٤ پرچم سه رنگ شیر و خورشید را از فراز عمارات دولتی پایین کشیده و پرچمی دیگر به نام پرچم کردستان بر سر عمارات برافراشته‌اند .

روز دوم بهمن ١٣٢٤ محمد قاضی خود را رئیس جمهور کردستان آزاد معرفی نموده و عده‌ای از اشخاص خائن و بد سابقه را که همه از همکاران او بودند به منظور عملی کردن مقاصد شخصی به عنوان وزرای دولت خودمختار کردستان تعیین و برای مقابله با نیروی دولتی قوای مسلح از اهالی منطقه و بارزانیها ایجاد نموده و مقادیر متنابهی اسلحه و مهمات در بین اهالی شهرها و روستاهای کردستان تقسیم کرده و آنها را به سمت سقز و سردشت اعزام نموده است تا اینکه حوادث خونینی رخ داد. با اینکه نیروی دولتی ارتش کردستان چند بار آنها را به اطاعت دعوت نمود نتیجه حاصل نشد همچنین در تهران اولیای معظم دولت سعی کردند آنها را از این افکار ناپسند باز دارند، موثر واقع نگردید و همان خط مشی را ادامه دادند. در اواسط آذر ماه ١٣٢٥ موقع عزیمت نیروی ارتش به کردستان و آذربایجان در مجالس و مساجد، عشایر و اهالی مناطق را به مقاومت در برابر نیروی دولتی تحریک و تحریض نمودند و دستور کتبی برای حمله به ستونهای نظامی صادر کردند لیکن خوشبختانه عشایر و اهالی منطقه به افکار پلید آنها پی برده و کاری نکردند لذا ستونهای نظامی با سرعت به پیش روی ادامه داده و کلیه نقشه‌های خائنانه آنها بی اثر ماند. در نتیجه این عناصر خائن دستگیر و گرفتار پنجه عدالت گردیدند. پرونده این



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

اشخاص به دادگاه زمان جنگ ارجاع ، هر سه نفر به مرگ با چوبه دار محکوم شدند، دادگاه تجدید نظر نیز احکام را تآیید نموده و به تصویت بندگان اعلیحضرت همایونی شاهنشاه رسید و حکام در ساعت ٦ صبح به اجرا در آمد.

فرمانده لشکر ٤ کردستان سرلشکر همایونی

هەروەها شارەبانی پارێزگاری ٤ و شارەبانی مەهابادیش راگەیندراوی ئیعدامی قازییەکانیان بڵاوکردەوە. لە بڵاوکراوەی شارەبانی پاریزگادا باسی مەحموودیان برای غەفووری مەحموودیان دەکا کە لە رۆژی ئێعدامی قازییەکانی دا وتاری داوە و باسی جەنایاتی ئەوانی کردووە و خوازیاری دامەزرانی دەوڵەتی شاهەنشاهی بۆتەوە.

شهربانی کل کشور - کا - رضاییە

ساعت ٢٤ دهم فروردین سال ١٣٢٦ سه نفر از روسای متجاسرین اکراد به اسامی زیر

١ - محمد قاضی پیشوای کردستان

٢ - محمد حسین سیف قاضی وزیر جنگ کردستان

٣ - ابولقاسم صدر قاضی نماینده پیشین مجلس از طرف مهاباد

که طبق رای دادگاه زمان جنگ محکوم به اعدام شده بودند در میدان پهلوی به چوبه دار آویخته شدند و نیروی ارتش و ماموران شهربانی مراقب انتظامات بوده تمام اهالی برای تماشا صف بسته بودند محمودیان که برادرش سال قبل به دستور محمد قاضی ترور شده بود سخنرانی نموده و جنایات نامبردگان را بر شمرد و استقرار دولت شاهنشاهی و استقلال ایران را از ذات ملکوتی خواستار شد. ساعت ٨ صبح جنازەها از دار پایین آودره شده و پس از اجرای مراسمی از طرف فرمانداری نظامی به خاک سپرده شدند.

مراتب جهت اطلاع بعرض مرکز گزارش گردید . سروان مظاهری شماره ١١

اداره شهربانی استان ٤

محترما در تعقیب تلگراف مورخه زیر شماره ١١ در ١٣٢٦/١/١٠ دایر بر اعدام سه نفر از عمال و سران حزب دمکرات قلابی و رونوشت اعلامیه شماره ١٩١٢٥ صادره از طرف فرمانده لشکر ٤ و نیروی کردستان مبنی بر جنایات و خیانت سه نفر مذکور در شهر منتشر و به محلهای لازمه الصاق گردیده جهت استحضار به پیوست تقدیم میگردد.

کفیل شهربانی شهرستان مهاباد سروان مظاهری

**عەزای نیشتمانیی**

رۆژی ئێعدامی قازییەکان، رۆژی عەزای نیشتمانیی رانەگەیەندراوی خەڵک شار و دەوروبەری مەهاباد و هەموو نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازانی کورد لە سەراسەری چوار پارچەی کوردستان بوو. لەو رۆژەدا بە بەرچاوی خەڵک کەسانێک لە دار دران کە ساڵها لە خۆشی و ناخوشییەکانی میللەتەکەیان دا، لەگەڵیان بوون لە پێناو ئازادی و سەروەری و ئاوات و ئارەزووەکانیان دا، بە گیان و دڵ زەحمەتیان کێشا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو ڕۆژە دا ماتم، خەم و مەینەت باڵی ڕەشی بەسەر خەڵک دا کێشا و بۆ هەمیشە داغ و حەسرەتی لە دەستچوونی دەستکەوتە مێژووییەکانی کۆمار، بوو بە زامی سارێژ نەکراوی پرسی نەتەوەیی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا.

عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ١٠٨ کتێبی وڵاتی من دا، دەنووسێ:

ئەوە ئەمن بزانم لەگەڵ ئەوەی زۆر کەس لە ئەفرادی عەشایر، بە تێکچوونی کۆمار و ئێعدامی ڕێبەرانی زۆر بە پەرۆش و نارەحەت بوون، بەڵام بە گشتی خەڵکی شارەکان و قسمەتێکی زۆر لە عەشیرەتی بەگزادەی سەقز و مەهاباد، وەك ئاغاوەتی دێهاتی دەوروبەری ئاوایی یالاوە و هەروەها بەشێك لە عەشیرەتی مامەش، وەك ماڵە كاك عەولای جەڵدیانێ بە تێکچوونی کۆمار زۆر بە پەرۆش بوون. بە گشتی غەمی لە دەست چوونی کۆمار ساڵەها باڵی بەسەر وڵات دا کێشا و زۆر بنەماڵە بۆ ئەبەد داغدار و ڕەشپۆش و دڵ بریندار بوون.

ڕەحمانی قازی لە کتێبی ڕۆژگاری ون بوو دا، لە سەر شێوەی ناشتنی جەنازەکان و بەشداری ئاپۆڕای خەڵک دەنووسێ: ... بەیانی کاتێک هەواڵی ئەو کارەساتە لە شار گەڕا ، بنەماڵەی جەنابی پێشەوا و سەدرو ئیسلام هاتنە ماڵی ئێمە و دەست کرا بە گریان و شین و ڕۆڕۆ. بە تەما بوین بڕۆین بۆ لای شەهیدەکان بەڵام سەرباز و دژبانەکان نەیانهێشت بچینە پێش و بە زۆر لە حەوشەیان کردینەوە. تەرمەکان بە سێ دارەوە رادەژان و خەڵک هەر لە دورەوە سەیریان دەکرد. لەو کاتە دا برایمە شەل مەحمودیان برای میرزا غەفور کە بە دەستی روسەکان کوژرابو خۆی گەیاندە نزیک تەرمی پێشەوا و کوتی ئەوە بکوژی برای منە و دەست هەڵێنا و دوعای بەخێری بۆ شای ئێران کرد. زۆری پێنەچو ئەفسەرێک هات و بە بابمی کوت وەرە فەرمانداری نیزامی کاری بە جەنابتە. بابم لەگەڵی ڕۆیشت و دوای ماوەیەک هاتەوە و بە منی فەرمو "بڕۆ قەبرستانی مەلا جامی و بەرامبەر قەبرستانی بنەماڵەی خۆمان سێ قەبر لە تەنیشت یەک هەڵقەنن. هەوڵ بدە بکەوێتە لای ڕۆژهەڵاتی قەبرستانەکە. من بە خێرایی دو قەبر هەڵقەنم برد و ئەو شوێنەی ئێستا لێی نێژراون نیشانم دان و کوتم خێرا سێ قەبر لە یەک ڕیز هەڵقەنن. دوای من و میرزا عەبدوڵای برام بە کۆڵان بەردمان لە شاخی داشامەجید را هێنا بۆ سەر گۆڕیچە و کێلەکان. کاتێک قەبرەکان ئامادە بون گەڕامەوە لای بابم. بابم بە سەرهەنگ پارس تەباری ڕاگەیاند و ئەویش فەرمانی کرد تەرمەکان لە سێ دارە بکەنەوە. من و میرزا عەبدوڵا تەنیا کەسانێک بوین کە یارمەتیمان دان و تەرمەکانمان لە سێ دارە کردەوە. تەرمەکان لە تابوت نێندران و هەر تابوتەی بە چوار سەرباز هەڵیان گرت و بەرەوە قەبرستان وەڕێ کەوتین. نەیاندەهێشت هیچ کەس لێیان نزیک بێتەوە. کاتێک گەیشتینە بەر دەرگای مزگەوتی حاجی ئەحمەد لە شەقامی پەهلەوی بابم بە ئەفسەرەی بەرپرسی ناشتنی تەرمەکانی کوت "ئێمە موسوڵمانین و ئەوانەش مردوی ئێمەن گەر ئیزن بدەن لەو مزگەوتە دەیانشۆین کفنیان دەکەین و نوێژیان لە سەر دەکەین دوایی بە خاکیان دەسپێرین" ئەفسەرەکە تەرمەکانی لەوێ ڕاگرت و کەسێکی نارد پرس بە فەرمانداری نیزامی بکا. زۆری پێ نەچو هاتەوە و کوتی هەرچی قازی کەریم بیهەوێ بە قسەی بکەن. بە قسەی بابم تەرمەکانمان بردە حەوزخانەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مزگەوت و پاک و خاوێن شۆران و کفنیان کردن و نوێژیان لە سەر کرا ئەوجار بەرەو قەبرستانی مەلا جامی کە لە داوێنی شاخی داشامەجید هەڵکەوتبو وەڕێ کەوتین. کاتێک گەیشتینە سەر قەبرەکان هێندەیان پەلە پەل کرد و پاڵیان پێوە دەناین کە نەیانهێشت سەری کفنەکان بکەینەوە. هەر کاممان لە قەبرێک نا، دوایی بابم دەیویست تەڵقینیان لە سەر بخوێنێ سەری کفنەکانی کردەوە. دیتی پێشەوا لە قەبری ناوەڕاست دایە ، فەرموی ڕەحمان تەرمی پێشەوا بهێننەوە دەر و لەگەڵ سەردروئیسلام شوێنەکەیان بگۆڕن با ئەو بکەوێت ناوەڕاست. سەرباز و دژبان وەک تاری جاڵ جاڵوکە دەوری قەبرەکانیان گرتبو نەیاندەهێشت کەس لێمان بێتە پێش، من و میرزا عەبدوڵای برام و بابم و یەک دو کەسی تر جێ بە جێمان کرد. لە دوەری قەبرستان گریان و شینی خەڵک و بنەماڵەی خۆمان قیامەتێکی وای پێک هێنابو کە ناگەڕێتەوە.

ڕەحمانی قازی لە درێژەدا دەنووسێ:

دوای ڕێوڕەسمی بە خاک سپاردن بڵاوەیان بە خەڵک کرد و سەرباز و چەکداریان لە سەر قەبران بە جێ هێشت. کاتێک گەڕاینەوە ماڵ فەرماندار هەمان کەسی بە شوێن بابم دا نارد. کاتێک بابم هاتەوە جل و بەرگ و کەل و پەلی وەک کاتژمێر و قەڵەم و ... ی شەهدەکانیان ڕادەستی بابم کردبۆوە و ئەویش دایەوە بە بنەماڵەکانیان.

منیرخانم کچی پێشەوا لە چاوپێکەوتن لەگەڵ تۆفیق ڕەفیعی لە حەوتەنامەی سیروانی ژمارە ٣٠٥ی چاپی مانگی سەرماوەزیی ساڵی ١٣٨٣دا، ئاوا باس لە دیمەنی ماڵی خۆیان لەو ڕووداوە دڵتەزێنەدا، دەکا:

ئەوکاتەی گەڕامەوە بۆ ماڵێ و چاوم بە حەسارێ کەوت دیتم تەواوی جەماوەری مەهابادلە بەر دەرک و بانی ئێمەن. ڕام کردەوە ژوورێ کە دیتم خوشکی باوکم سەری لە قوڕ دەنێ. بە منی کوت ڕۆڵە وەرە مەچۆ بۆ هیچ کوێ ماڵ وێران بووین. ئەولاترم کە ڕوانی دایکم دی کە سەری خۆی شکاند بوو و بە کوڵ دەگریاو تەوای ژنی سابڵاغیش لە دەوری کۆ ببوونەوە و دەگریان. دوایە جەنازەکانیان برد بۆ قەبران تەواوی خەڵکی سابڵاغ لەوێ بوون.

بە پێی لاپەڕەی ٣٨٢ی کتێبی قازی محەممەد ... عەلی قازی "کوڕی ڕەش" لە وتووێژێک دا، لەگەڵ حامید گەوهەری لەسەر ڕۆژی شەهید کردنی بابی دەڵێ:

ڕۆژی ١٣٢٥/١/١٠- ١٩٤٦/٣/٣٠ کە بابم لە سێدارەدرا، ئێمە لە خەودا بووین و بە گریان و هاواری خەڵکی مهاباد لە خەو هەستاین. لەگەڵ خەڵکەکە چووین بۆ چوارچرا، هێشتا بابم و حەمە حوسێن خان و سەیفی قازی بەسەر دارەوە بوون. ڕژێمی ئێران دەیویست بۆ ماوەی سێ ڕۆژان لە داریان نەکاتەوە، بەڵام بەهۆی تورەیی خەڵکی مهاباد نەیتوانی بڕیارەکەی بەرێتە سەر و ناچار بوو کاتژمێر ١١:٠٠ لە داریان بکاتەوە. خەڵک دوکان و بازاڕی داخست و دوای شوشتنیان لە مزگەوتی حاجی ئەحمەد، شەهیدەکانیان بە شان و خۆپێشاندان گەیاندە قەبرستانی مەلا جامی و لەوێ بە خاکیان سپاردن.

سەعید هومایون کە لە نزیکەوە شاهیدی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە بووە، دەڵێت:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەڵکی مهاباد دوای دەرکەوتنی خۆر و تەواو بوونی حکومەتی سەربازی، ڕژانە سەر شەقامەکانی شار و بە شەهیدکرانی قازییەکانیان زانی. لەو کاتەدا گریان و ماتەمینی هەموو شاری مهابادی لەخۆ گرت. دۆخەکە بە جۆرێک بوو کە زمان و قەڵەمی من توانای گێڕانەوەی ئەو کارەساتە دژ بە مرۆڤایەتییان نییە.

دوای ئاگاداربوونم لەو هەواڵە دڵتەزێنە، چووم بۆ ماڵی شەهید قازی محەمەد، ماڵەکەیان لە ڕۆژی مەحشەر دەچوو ...

سەعید خانی هومایون دوای ئەوە دەچێتە ماڵە پێشەوا، لە درێژەی قسەکانی لە لاپەڕەی ١٤٦ دا دەنووسێ:

... لەوێڕا چووین بۆ چواچرایە. دەوراندەوری مەیدانەکە سەربازی چەکدار راوەستابوون و پێشیان پیگرتین. دایکم و ژنەکانی ماڵە قازیان گێڕاوە. بەڵام سەرگورد نەوایی وەکیلی سەدری قازی کە ئەمنی دەناسی سەربازەکانی دڕ دا و دەستی گرتم و بردمێ مەیدانەکە بۆ بن داری ئێعدامەکان ... لەوکاتەدا چەند کەسێک خەریکی هێنانە خواری جەنازەکان بوون.

سەرهەنگ پارسی تەبار بە قەیافەی تووڕە و تۆسن و ناحەز چەشنی میرغەزەبێک روو بە جەنازەکان راوەستابوو و دەستوراتی دەدا کە بۆ من ناروون بوو ..... جەنازەکان بۆ کفن و دفن بردرانە مزگەوتی حاجی ئەحمەد لە بەرانبەری شارەبانی. ئەمنیش لە گەڵ هەڵگرانی جەنازەکان لە حاڵێکدا بە هۆی یەک گورهان کە لە ژێر چاوەدێری سەروانێک، گەمارۆ درابووین چوینە بۆ مزگەوتێ. دوای کفن و دفنی شەهیدەکان جەنازەکانمان بەرەو گۆڕستانی شار هەڵگرت ... لە گۆڕستانی مەلا جامی دیمەنێکم چاو پێکەوت کە تاکاتی مەرگ فەرامۆشێ ناکەم. خەڵکی شار بە تایبەتی ژنان و منداڵ و جەوانان کە ئاگاداری ئەو جەنایەتە بوون بە کۆ بۆ ماڵئاوایی لە گەڵ پێشەوای شەهیدیان و بە خاک ئەسپاردن و بەڕێ کردنی تەرمی پیرۆزی ئەو شەهیدانە، هاتبوونە قەبرستان ... بەشێکی گەورەی قەبرستانیان داپۆشی بوو ..... هەر بە دەرکەوتنی تابوتەکان یەکجێ هات و هاوار شیوەن و گریان دەستی پێکرد. وەک رۆژی مەحشەرێ بوو. ئەمن بە دیتنی ئەو دیمەنە دلتەزێنە هات و هاوار دروشمی نیشتمانی خەڵکی شار تازە بە خۆ داهاتمەوە بۆم دەرکەوت کە خوێنی ئەو شەهیدانە، چەندە ئیرادە نەتەیی کوردانی بە هێزتر و خۆراگرتر کردوە. ئەمن بە راستی لە گێڕانەوەی ئەو حەماسەیە و ئەو هەستە نیشتیمانییە دەستەوەستانم. سەرباز بە دیتنی دەریای ڕاپەریوی خەڵک دەست و پێیان ون کرد و بە پەلە ئامادەی تەقە لە خەڵک بوون و خەڵکیان مەجبوور بە پاشە کشەکرد. بەڵام هێندێک لە شێرە ژنانی دڵبریندار شار، هێرشیان کردە سەر سەربازان و ئاڵقەی گەمارۆیان تێکشکاند و خۆیان گەیاندە جەنازەکان و خۆڵیان وەسەر خۆ کرد. خەڵک یەک دەنگ، شا و دەست و پەیوەندییەکانییان وەبەر جنیوان دا و بە حورمەتەوە جەنازەکانیان تا سەر قەبرەکان بەڕێ کرد. هەرچی سەرباز حەولیان دا کە پێش بە هروژمی خەڵک بگرن بەڵام فایدەی نەبوو. ڕێژم گورهانێکی دیکە چەکدار هێنا و بە زۆری سەر نێزە و تەقەی تفەنگ، تا ناشتنی جەنازەکان خەڵکیان لە لای قەبرەکان کشاندەوە. ئەوکات وردە وردە سەربازان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شوێنەکەیان بە جێهێشت و خەڵک بە گریان و هاوار و شیوەن، گڵکۆکانیان لە ئامیز گرت و لەگەڵ قارەمانانی نیشتیمان پەیمانیان بەست کە تامردن بۆ ئازادی و دیمۆکڕاسی درێژە بە ڕێگایان بدەن. دوای چەند سەعات ماتەم و شیوەن، دیسان سەربازەکان هێرشیان هێناوە و خەڵکیان مەجبوور کرد، گۆرستان بە جێبهێڵن.

عەبدوڵای قازی لە سەرشێوەی ناشتنی جەنازەکان و بەشداری ئاپۆرای خەڵک لە لاپەڕەی ١٠٤ی کتێبی وڵاتی من دا، دەنووسێ: سبەینێ دەوروبەری چێشتانێ کە تاو و بان زۆرگەرم بوو، دەوڵەت




ناردبووی بە کاك کەریمی قازی لەتیف و قازی کەریم (بابم) و مامۆستا مەلا عەولا و ئەوانەیان گوتبوو کە بچن پێشەوا و وان بەرن بیاننێژن. لە مەیدانی چوار چرایە دا سەربازی زۆر لێنەمابوو و ئەوێیان چۆل کردبوو بەلام لە دوور را هەر لەسەر هەست بوون. ئەوجار خەڵك وردە وردە لە چوارچرا کۆبوونەوە، دەوروبەری ٧٠٠ کەس دەبوون، زۆربەیان ناڕەحەت بوونو دەگریان.

برای ئەو مەحموودیانەی کە لە حکوومەتی کۆماردا، کوژرابوو، بە نێوی عەلییە شەل، دەشەلی و گۆچانێکی پێ بوو، چووە بن جەنازەی قازی و گۆچانێکی دەلاقی پێشەوای کوتاو گووتی: "ئەوە برای منی کووشت". جەنازەکە کەمێك جووڵاوە و عیدەیەك لە خۆشیانو عیدەیەکیش لەبەر ناچاری و وەزنی شیعر، چەپڵەیان لێدا. لەولاتریش مستەفای بلووریان بە خەیابانێدا هاتبوو بە دەنگێکی بلێند گوراندبووی: "لە خۆشیان بەیانی چوومە حەمامێ ... ئەوە ئەو سێ هێشوو مێلاقانەیان

هەڵاوەسیوە، هەر یەکەو لە رەنگێکی". لەو قسانەی کردبوو.

دوایە بابم و کاك کەریمی قازی لەتیفی، لەگەڵ چوار کەسی دیکە باوەشیان بە جەنازەکان دا هێنا و بڵیندیان کردن و تەنافەکانیان شل کردەوە و لە تەنافیان کردنەوە و لە تابوتیاننان. رێژیم نەیهێشت کە جەنازەکان لە حەوزخانەی ماڵە خۆمان بشۆین. بۆیە مەجبوور بووین بە ماشێنێکی وانێت بردمانە مزگەوتی حاجی ئەحمەد و لەوێ شووشتمانن. بەرلەوەی بیانشۆین بابم پێشتر کاك رەحمانی ناردبوو کە بچێ لە سەرەوەی هەموو قەبرەکانی خۆمان لەبن داشامەجیدی، لە قەبرستانی مەلاجامی ٣ قەبران لە ڕێکی یەك هەڵقەنێ. کاکە رەحمانم چوو لەو شوێنەی ئێستا، قەبرەکانی هەڵقەند.

دوای ئەوەی جەنازەکان بە جوانی شۆردران و کفن کران خەڵك لەسەر شانیان دانان و بەرەو قەبرستان وەڕێکەوتن. زۆربەی دووکانی شار داخرابوون. خەڵك هەر دەهات و زیاتر دەبوون. مەلاکانی شار وەك مەلا عەزیز، مەلا عەوڵا و مەلا دربکە لەگەڵ بوون. لەسەر بانەکانی شاریش ژنان کۆببوونەوە و دەگریان. سەرباز دەوری ئەو خەڵکەی دابوو و چاوەدێری وڵاتیان دەکرد. ناشتنەکەیان کەوتە پاش نیوەڕۆیە. بەڵام بە عیزەتی خودای وەختێك دەمانناشتن ٣ دەعبای شین شین، شتێك لە کۆتری چکۆلەتر کە لە تەواوی عومرم دا دەعبای ئاوام نەدیبوو، هەموو جارێ دەهاتنە سەر ئەو قەبرانە و لەسەر کێل و دارەکان دەنیشتن و دەیانخوێند. جارجاریش خۆیان لەسەرای قەبرەکان رادەکرد. شتێکی زۆر سەیر بوو ئەمن مات و مووتەعەجیب مابووم و سەرم سوڕمابوو. بەم شێوەیە هەتا هەر سێکمان ناشتن ئەو دەعبایانە هەر لەسەر ئەو قەبرانەو لەسەر کێل و دارەکانی دەوروبەر دەسوڕانەوە. دوایە ئەمن و کاکم و خەڵکی دیکە چووین بە کۆڵێ بەردمان هێنا بۆ ئەوەی بە پشتی قەبرەکانیان دا رایەڵی کەین.

لەنێو گریان و شیوەنی خەڵك دا، کاك رەحیمی جەوانمەردی قازی لە شین و گابۆڕی دا و خۆی لەخۆڵێ وەردا، ئەفسەرێك هات راستی کردەوە و گووتی: نابێ ئەوەی بکەی، ئەوە خۆپێشاندان و شتی لێ ساز دەبێ، حەقت نییە.

ئەوانە بە یەك دونیا ئیفتخارەوە ماڵا ئاواییان لە خەڵكو نیشتمان کرد. کاك کەریمی قازی لەتیفی، دوایە لیباسەکانی قازی دا بەمن، کە بیانبەمەوە ماڵە پێشەوای. ئەمنیش لیباسەکانم هەڵگرت و چوومەوە ماڵە پێشەوا. میناخانم و کچەکانی هەموو هاتبوونە سەر خواجانەکانی دەروازە و دەگریانو شینو گابۆڕیان بوو.

دوای ئەو رووداوە وڵات بە تەواوی کشو مات بوو، بێدەنگیو ترس و خۆف باڵی بەسەر وڵات داکێشا. زۆربەی خەڵکی کورد بە تایبەتی خەڵکی شاری مەهاباد بۆ ساڵەهای ساڵ رەشپۆش و ماتەمبار بوون...

دیارە دەگوترێ کە بە تاوانی بێرێزی عەلی شەل بە جەنازەی پێشەوا، چەند رۆژ دواتر، کەسێک بە ناوی عەوڵا کوردە لەگەڵ چەند کەسی دیکە لە شوێنێک لە داوی دەخەن و زۆری لیدەدەن.

کاریگەری ئەو رووداوە دڵتەزێنە، گشتگیر و هەموو کۆمەڵانی خەڵکی گرتەوە و لەوبارەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەحمەدی قازی وەک قوتابییەکی دە ساڵانەی سەردەمی کۆمار، لە دەستنووسێکدا، دەنووسێ:

غەمی کلاس و نەچوونی مەدرەسە وەک مۆتە لەسەر سینگم بوو. پاش چەند ڕۆژ کە دەچووینە بازار و شەقام تاک و تەرا قەیافەی سەرباز و ئەفسەری عەجەممان دەدیت کە سڵمان لێدەکردن و لێیان دوور دەکەوتینەوە.

بیرەوەرییەکی تاڵی ئەو ڕۆژانە کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە و هەموو کات لە دەروونم دا وەک ڕۆژی یەکەم زەق و زیندوویە ئەوەیە کە بۆتان دەگێڕمەوە

ڕۆژێکی ساردی زستان بوو. بەسەرم داهات کتێبەکانم دەبن هەنگڵم بنێم و سەرێکی لای قوتابخانەکەم بدەم. تا بەردەرگای مەدرەسە چووم. گاڵە درابوو، کەس دیار نەبوو، بە دڵتەنگی گەڕامەوە و بە شەقامی مزگەوتی شادەرویش و ماڵە پێشەوا، بە قەراغ چۆمی مەهاباد هاتمە خوار. ئەودەم چۆمەکە بە قەراغ شەقامەکە دا تێپەڕ دەبوو...

بە قەراغ نەردەکان دا نەرم نەرم بەرەو ماڵ دەهاتمەوە. لەپڕ لە ئاستی ماڵە پێشەوا زەلامی ڕەشتاڵە عەجەم لەبەر دمم قوت بۆو و کتێبەکانی لە دەست ڕاپسکاندم. بە گرژی چاوێکی پێدا خشکاندن و هەڵیداشتە نێو گۆمەکە. زللەیەکی وەهای لێدام ئەو دنیام بە چاوی خۆم دیت و نازانم بە تورکی بوو یان بە فارسی، هیندێک جنێوی پێدام و هەرەشەی لیکردم.

بە پەلە خۆم دەرباز کرد و کە هێندێک دوور کەوتمەوە ئاوڕێکم لە کتیبەکانم داوە. ئارام ئارام بەسەر ئاوەکە دا دەهاتن و لە خوڕێنەکە نیزیک دەبوونەوە. دەمزانی ئاو لەوێ تێکیانەوە دەپیچێ و بن گۆمیان دەکا.

غەمی لە دەست دانی پێشەوا قازی محەممەد لە شێعر و نووسراوە و فولکلور، تەنانەت ئاهەنگی غەمگینیش دا ڕەنگی داوە. سمایلی ماملێ لە لاپەڕەی ٢١٥ کتێبی "کۆماری دێموکراتی کوردستان" دا دەڵێ کە گۆرانی "کۆچی یارم کۆچی سوورە" بە دەنگی هونەمەندی گەورە محەممەدی ماملێ کە حاجی هاشمی نانەوازادە شێعرەکەی داناوە، لە بارەی شەهید کردنی پیشەوا قازی محەممەد دایە و دەنووسێ: ... باس لە ڕووداوی تراژیدیی و بێ ئەمەگی هێندێک کەس دەکات، کە ڕۆڵیکی نالەبار و نامرڤانەیان بە ئیمزاکردنی تۆمار دژی پێشەوا قازی محەممەد گێڕا.

"کۆچی سوورە"

ئاخ، من پەروانەم لە دوای خاڵت
سووتام بە عیشقی جەماڵت
ئەی بێ وەفا تا کەی جەفا
بەیانە دانەی ئەسرینم
ئەڕژێ لە هیجری دوو پیاڵەی چاوی کاڵت
(ئاخ) ڕەبی چاو جوان نەڕۆیی لێرە
شێتی تۆم دنیا دەزانێ
بە خودای گوڵم نیوی دڵم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که مەجنوون وێڵی شاخانە
وەکوو من شێتی لەیلای نییە
گوڵە جوانێ
من ئاشقم وێڵ و شەیدا
بۆ سوورە گوڵ لەو باغەی دا
ئەی سایە لار، ئەی گوێ بە گوار
دەمرم لەبەر کۆچی دوورت
خۆێنی منە کۆچی سوورت کۆچی سوورت
کۆچی یارم، کۆچی سوورە
بەهارە خێڵ بەرەو ژوورە
رەبی قاسید کوڕت بمرێ
یا خوا ئەو کۆچە سەرنەگرێ
چوونکە یارم لە من دوورە، لە من دوورە

**هەر لە چوارچێوەی کەسایەتی پێشەوا دا**

پێشەوا کەسایەتییەکی گەورەی سیاسی، نەتەوەیی و ئایینی بوو کە مەزهەبی تێکەڵ بە سیاسەت نەکرد و وەک کەسی یەکەمی حیزبی دێموکرات، هەمووکات، بۆ سەربەخۆیی و رەزگاری میلەتەکەی تێکۆشا.

لە مێژوو و لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی مرۆڤایەتی دا، بە هەڵکەوت کەسانێک پەیدا دەبن کە بە کار و کردەوە و بیر و هزر و گفت و لفت و رێکاریان، شوێنەواری گرێنگ لە سەر ژیانی کۆمەڵگای خۆیان دادەنێن. پێشەوا قازی محەممەد لەوکەسانە بوو کە کاریگەریی زۆری لە کۆمەڵگای کورد دانا و ئەستێرەیەکی گەشاوە و پرشەنگداری ئازادی و سەربەستی و نیشتمانپەروەریی نەتەوەی کورد بوو. قازی محەممەد هێمای خۆشەویستی و گەورەیی، هەموو میللەتی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان بوو.

کەسایەتی پێشەوا و کارەکانی زۆرتر بە هۆی دوژمنان و بێگانەکانەوە رەنگ دراوەتەوە. کورد لە چوارچێوەیەکی تۆکمە و رێک و پێک دا، کاری لەسەر کردەوەکانی پێشەوا نەکردووە. تەنانەت هێندێک کورد ویستوویانە نەزانانە سەربردەی ئەو بشیوینن. بۆ ناسینی پێشەوا ساڵەکانی نیوان ١٩٤٠ تا ١٩٤٦ گرینگی تایبەتی هەیە و لەو کاتانەدا هیچ رووداوێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی نییە کە یان راستەوخۆ یان لە لاوەڕا، پێشەوا دەستی نەبوو بێ. بە پێی قسەکانی سەرهەنگ ئەسلانی سەرۆکی هێزەکانی ئێران لە میاندواو:

قازی محەممەد لە تەواوی رێڕەوی مەحکەمەکەدا زۆر بە جەسارەت و نەترسی و سەربەرزییەوە وتاری دەدا و جارێک نەمدی سەری داخا و پەشیمانی لە کردەوەی خۆی بنوێنێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قازی، لەمەڕ ئەمەی، کە گۆیا لە ژێر هێرشی دەوڵەتێکی دەرەوەدا تێکەڵاوی بزووتنەوە بووە، زۆر تووڕە بوو گوتی: ئێوە ناتوانن لە راستەقینە بگەن. دەستپێکەر و دامەزرێنەر و پێکهێنەری بزووتنەوەی دیموکراسییەت لە کوردستان من خۆم بووم و هیچ هێزێکی دەرەوەیی بۆ ئەم کارە مەجبووری نەکردووم. سەرچاوە و وەڕووهێنەری من لەم کارەدا نیشتمان و نەتەوەکەم بووە. هەرچییەکی دەتانەوێ لەگەڵ مندا بیکەن بەڵام نەتەوەکەم ئازار مەدەن.

ئارچی باڵد رۆزڤێلت لە لاپەڕەی ٣٦ی کتێبەکەی دا، لە سەر کارەکانی فەرهەنگی و کولتووری قازی محەممەد، باسی ئەوکاتە دەکا کە چاویی بە شا کەوتووە و لە زمانی سەفیرەکەیان ئاوا دەڵێ کە لەو چاوپێکەوتنەدا، سەفیرەکەمان هیوای خواست کە کێشەی ولایەتەکان، یەک لەوان کوردەکان، بە باشی چارەسەر بکرێ و دوایە گوتی ئەگەرچی قازی محەممەد هاوکاریی لەگەڵ شووڕەوییەکان کردوە، بەڵام لەباری پەرەپێدانی فەرهەنگ و دەرسی و نەهێشتنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، کاری گەورەی کردوە.

ڕەحمانی قازی لە کتێبی رۆژگاری ون بوو دا، دەنووسێ کە، دوو رۆژ دوای شەهید کردنی قازییەکان، رۆژنامەی شاباز لە شاری تاران کە دوایە بۆ هەمیشە داخرا، لەسەر دێڕی لاپەڕەی یەکەمی خۆی دا ئەو ڕستەیەی بە خەتێکی گەورە نووسی:

پیکر رشید و شرافتمند قاضی محمد، صدر قاضی، سیف قاضی به چوبه دار آویزان میگردد ولی رزلترین دزدان و سر گردنه گیران مدال افتخار میگیرند(تەرمی پیرۆزی پێشەوا قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازی لە دار دەدرێ، بەڵام گەورەترین و رەزیلترین دزەکان، میداڵی سەرفڕازی وەردەگرن).

ریچارد ئەی. مۆبلی لە لاپەڕەی٣١ی کتێبی "پەیوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان" لەسەر کەسایەتی پێشەوا دەنووسێ:

... رابەرێکی ئەوتۆ بوو کە هەم بە وره و قسە لەڕوو بوو و هەمیش تاکتیکی هەبوو. ئەو ژیر بوو و جورێک تەقەدوس و پیرۆزی پێوە دیار بوو. تەرکیبێکی بە دڵ بۆ جووڵانەوە بە پێی راگرتنی پارسەنگ کە بۆ بەڕێوەبەردنی کۆمار پیویست بوو.

مامۆستا هێمن لە ساڵی ١٩٧٨ دا لە گفتوگۆ لەگەڵ ڕەفیق سابیر و کەماڵ میراودەلی، کە لە سایتی ئینتێرنێتی بڵاو بۆتەوە، لە سەر کەسایەتی پێشەوا دەنووسێ: وەختێکی باسی پێشەوام لێ دەپرسی وەختە گریانم بێ. ئەگەر قسەکانم باشیش نەبێ، دەبێ لێم ببوورن. من پێشەوام وەک بوت دەپەرست، ئێستاش وەک بوت دەیبەرستم. ئەما دەکرێ نەختێک ڕەخنەشی لێ بگرم. من لە پێشەکیی تاریک و ڕووندا نوقاتی زەعفی پێشەوام نووسیبوو، بەڵام داخەکەم ڕەقابەی بنکەی پێشەوا فڕییان دا، بۆچیشیان فڕێ دا؟ لە بەر ئەوەی نا، پێیان وا بوو نەقدەکەم بەجێ نییە. ... با لەتیفتر باسی پێشەوا بکەین: من پێموا بوو زۆر لەوە زیاتر بوو بۆ پێشەوای میللەتێکی دواکەوتووی وەک کوردی ئەو سەردەمە (ببێ). هێندە فاسیلەی هەبوو لەگەڵ میللەتەکەی، هێندە پێشکەوتووتر بوو لە خەڵکەکە، بۆ پێشەوای ئەو میللەتە نەدەبوو. ئەو واقیعەن ئینسان بوو. ئینسانی خۆش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەویست. ... بەڵێ زۆر ناسکتر بوو، زۆر شاعیرتر بوو، زۆر ئینسانتر بوو لە پێشەوای میللەتێک.

ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٨٦ دا، باسی کەسایەتی پێشەوا دەکا و دەنووسێ: ... جاری وایە کە قازییەک زۆر زوو خۆی لێدەگۆڕێ، بەڵام قسەی ئەو یەک بوو... هەرکەسیک دەیدیت بەخۆی نەبوو ڕێزی بۆ دادەنا. ڕێوشوێنی ماڵی وان قەدیمیانە بوو و پەناگا بوو بۆ ئەو کەسانەی کە بەڵایەکیان بەسەردەهات و یا کارێکی خراپیان لە دەست دەقەوما، یان کچ و ژنێکی کە لە تەنگ و چەڵەمە دەکەوتن.

جا هەر بۆیە جارجار شایعە لە شاری دا بڵاو دەبووە کە بەڵێ قازی پیاوێکی زاهید و لە خوداترس نێ بەڵکوو خۆش‌گوزەرانترین پیاوی جیهانە.

ئەڵبەت بە بلاوبوونەوەی ئەو چەشنە وتانە تا ڕادەیەک بۆ مرۆڤایەتی ئایینی وی زەرەری دەبوو. درەنگ ژن هێنانی وی لە ژیاندا کە بێوە ژنێکی مارە کرد، نەیتوانی جێگەی ئەو شایعە پڕ بکاتەوە، بەڵام ئەو وەفاداری خۆی بە نێوی مێردێک، بە بەدیهێنانی ماڵکی پڕ لە مێهر و محیبەت سەلماند.

... کارە ئاینییەکەی، ئەوی لە فێربوونی چەشنە مەسەلەیەکی وەک مەسەلەی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی بێبەش نەکرد بوو. مرۆڤایەتی وی تا ڕادەیەک سەرسەختانە و دیکتاتۆر مانەنند هەڵکەوتبوو. هەرچەند لە ناو کۆمەڵ دا ئەسلەن وا دیاری نەدەکرد و زۆر جیاوازی هەبوو. قازی قسەکەرێکی زۆر باش بوو. عادەتی وابوو کە ڕستەی کورت کورتی دەگوت. لە حاڵێکدا هێزێکی سەیری لەو ڕستانەدا هەبوو و هەر لە بەینی سێ یان چوار وشە دا کەمێک ڕادەوەستا.

قازی هەمیشە لەگەڵ خاریجییەکان کە جاروبار لە مەهاباد دیتنیان دەکرد زۆر بە ئەدەب دەجوڵاوە و بە تایبەت دۆستایەتی و ڕفاقەتی لەگەڵ ئەمریکائیان خۆشبوو. چەند ڕاسپاردی پروتستان و دوکتورێکی ئاڵمانی لە شار دەژیان و لەگەڵ قازی زۆر دۆست بوون...

لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٨٧ دا، بابەتێک بە ناوی "ئیستقلالی کوردستان" کە لە ڕۆژنامەی "ئێکۆنومیست" ی لەندەن دا چاپ و لە ڕۆژنامەی" ئێران ما" دا بڵاو بۆتەوە، ئاوا باسی کەسایەتی پێشەوا دەکا: ... پێشەوای کوردی ئێرانی کە نێوی قازی محەممەدە یەکێ لە شەخسییاتی زور بەرز و موهم بوو کە مانگی نەوامبری ڕابردوو لە کونگرەی کوردانی لە باکۆ شرکەتی کرد. مەلا مستەفا بارزان کە مانگی ئوتی ڕابردوو ڕەئیسی هەراو شەڕی کوردانی عێراق بوو بۆتە فەرماندەی لەشکری کوردی ئێران. وەک زاندراوە ژمارەی لەشکری وی بە ٣٠ هەزار کەس دەگا.

مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی٢٩ی تاریک و ڕوون دا، لەسەر کەسایەتی پێشەوا دەنووسێ:

من پێشەوام لە دڵەوە خۆش دەویست. بە ڕابەرێکی دڵسۆز و ژیرم دەزانی. بە کوردێکی پاک و چاکم دەناسی و بە موسلیحێکی یەکجار گەورە و مەزنم دەزانی. دەمزانی نەتەوەکەی خۆی چەندە خۆش دەوێ و چەندی پێخۆشە خزمەتی بکا. چەند بە ئاواتەوە بوو کورد بگاتە ریزی نەتەوە بەختەوەرەکان. زۆرم هیوا پێبوو گەلەکەمان بە پەلە بەرێتە پێش و وڵاتەکەمان زوو ئاوەدان بکاتەوە. لەوماوە کورتەش دا دەزانیین چەندی خزمەتی بە کەڵک کردن. بە ڕاستی مەرگی پێشەوا نەک هەر بۆ نەتەوەی کورد بەڵکە بۆ جوڵانەوەی ئازادیخوازی و دژی ئیمپریالیستی سەرانسەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیران زیانێکی گەورە بوو. دەریایەک زانست و ئەدەب، دەریایەک فیکر و بیر، بە دەستی زۆردارێکی سەرەڕۆ و نەزان وشک کرا و لە ناوچوو.

سەعیدی هومایون لە لاپەڕەی ١٠٩ی کتێبەکەی دا، لەسەر پێشەوا دەنووسێ، هەڵسوکەوتی ڕێکوپێک و ئاقلانە بوو. لەسەرەخۆ و بە رووخۆشی و کراوەیی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە سەردانیان دەکرد، دەدوا و هەمووکات کەسی بەرانبەری لە ژێر تەئسیر دادەنا . لە وتووێژ لەگەڵ رۆژنامەنیگار و هەواڵدەریان، بە رستەی راستەوخۆ و کورت لە سەر باوەڕ بە ئازادی و دێمۆکڕاسی بۆ ئێران و هەروەها بە بەیان کردنی خەبات و تێکۆشانی میللەتی کورد بۆ ئازادی و مافی چارەنووس و هیواداربوون بە سازش و ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران، توانایی و شارەزایی خۆیی بەسەر پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دا، نیشان دەدا.

بە گوێرەی لاپەڕەی ١٦٧ی کتێبی سەعید هومایون، پێشەوا هەرکات بێوەفایی و پەیمان شکێنی و خراپەی لە دۆستێک دەدی، بە سەبر و لەسەرەخۆیی و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: "ئەی کوردەکەی بێچارەکەی، بی پارەکەی، بێ یارەکەی، بێ کارەکەی، ئاوارەکەی".

بە ئێعدام کردنی پێشەوا، کەسایەتی گەورە و بە توانای ئەو، بووە هێمای نەتەوەیی و ئەو رۆژ لە نێو خەڵکی کوردستان، زیاتر جێی خۆی کردەوە و رەگ و ریشەی داکوتا و دەرسەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئەو، بوو بە بنەمای خوڕاگری و مقاوەمەتی جووڵانەوەی کورد.

قازی محەممەد بێشک لە ژێر کاریگەری رووداوەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و هەڵسوکەوتی مامی(قازی فەتاح) و راپەڕینی شێخ محەممەدی خەیابانی، سمکۆ، زانیاری بابی و دەستەڵاتداری رەزاشا و پەیمان سێوێر و لۆزان و ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥دا، و راپەڕینی ئاڕارات و هتد دابوو.

ئارچی رۆزڤێلت لە لاپەڕەی ٣٥ی کتێبی کۆماری مەهاباددا لە سەر کەسایەتی پێشەوا ئاوا دەنووسێ:

کەسانی کە هەلیان بۆ هەڵکەوتبو، قازی محەممەد ببینن، دەست بەجێ کەوتبوونە ژێر کاریگەری کەسایەتییەکەیەوە و بە ئاسانی تێگەیشتبوون بۆ چی لە لای نیشتمانپەروەرانی هەموو لایەکی کوردستان، ببووە رەمزێک. ئەو، پیاوێکی کورتەباڵا بوو، پاڵتۆیەکی عەسکەری کۆنی دەبەر دابوو، تەنکە ردێنێکی هەبوو، رووی لاواز و رەنگی بە هۆی نارەحەتی گەدەیەوە زەرد هەڵگەڕابوو، نە سیگاری دەکێشا، نە دەیخواردەوە و زۆر کەمخۆریش بوو، هەڵسوکەوتی ئارام و ماقوڵانە بوو. جۆرە ئەنتەرناسیۆنالیک بوو، هەموو میللەتەکانی دنیای خۆش دەویست و چەند زمانێکی دەزانی لەوانە رووسی، کەمی ئینگلیسی و سپرانتۆ. میزی ئیش و کاری پر لە کتێبی ریزمان و خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی بیگانە بوو. وا پێ دەچوو زۆر بە باوەڕ بێ و پاڵپشتی ئەم بیر و باوەڕەشی ئازایەتییەکی کەموێنە و لەخۆبووردوویی بوو.

مامۆستا هێمن لە سەر کەسایەتی پێشەوا لە پارچە شێعرێک دا دەڵێ:

زانا بوو، کوردپەروەر بوو

پێشەوا بوو، رابەر بوو
هەر کورد نەبوو بەشەر بوو
خەمی خەڵکی لەبەر بوو.

لە کوردستانی ژمارە ٥١ دا سەعید ئەدهەمی فەیزوڵابەیگی، دوای ئەوە ئاماژە بە پاشا و گەورەکانی مێژوویی نەتەوەی کورد دەکا، لە سەر کەسایەتی پێشەوا ئاوا دەنووسێ: ... یەکێ لە فەرزەندانی حەساس و نەجیب و خانەوادەی سێ سەد ساڵەی کورد حەزرەتی پێشەوا و رەئیسی موعەزەمی جەمهووری کوردستان لە تەرەف خوداوە لە نێو میلەتی کوردان دا بەرگوزیدە کرا و مولهەم و مەئموور کرا کە خاتیمە و دوایی بە رۆژی بەدبەختی کوردان بدات و پشتی جەماوەری کوردان راست بکاتەوە...

هەر فەردێ لە نەتەوەی ژیری کورد مادامێ کە حیسی کوردیەت و نیشتیمانپەروەری ببێت دەبێ ئەو شەخسە مەحبووبە کە وا حازر بووە ئێمە لە ئەسیری و زگ هەڵدڕین و ماڵوێرانی و بێنیشتیمانی نەجات بدا بە بەرگوزیدەی خودا و نوێنەری وەحی پادشایانی گەورەی کورد بناسێ و حازر بێت روح و ماڵ و ئەولادی خۆی بە قوربانی وەها شەخسێک بکا...

عەبدوڵای قازی لە کتێبی وڵاتی من دا، دەگێڕێتەوە کە لە مەهاباد لە مانگی رەمەزانان دا لە مزگەوتی قازی باسی رەوایاتی ئیسلامی بۆ خەڵک کردووە. رۆژێک یەکێک لێی دەپرسێ کە بۆ لە لایەن خودایەوە بۆ کوردان پیغەمبەر نەناردراوە. ئەو لە جواب دا دەڵێ:

ئەدی قازی محەمەد پێغەمبەر نەبوو چ بوو؟ ئەدی پێغەمبەر چییە؟ بەرێوەڵا قازی پێغەمبەر بوو، خودا بۆی ناردین و قەدرمان نەگرت.

قازی محەممەد هەڵسوکەوتی ئینسانی و مرۆڤانەی لەگەڵ بنەماڵەکەی هەبوو، منیرخانم کچی پێشەوا قازی لە چاوپێکەوتن لەگەڵ تۆفیق رەفیعی لە حەوتەنامەی سیروانی ژمارەی ٣٠٥ی ساڵی ١٣٨٣دا، لە سەر کەسایەتی بابی دەڵێ:

ئەو دەمە زۆر مناڵ بووم باوکم زۆر زۆر ئەرزشی بۆ ئێمە دادەنا. ئێمە شەش خوشک و یەک برا بووین، لە گەڵ ئێمە شۆخی دەکرد و باڵنجی بە ئێمە دادەدا. هەمووجارێ لە خۆشەویستی و بۆ ئێحترامی دایکم کە زۆر خانمێکی بە نەزم بوو باڵنجەکانم لە وەتاغ یا نێوماڵ خڕ دەکردەوە، باوکم لە پەستا دەیکوت: زوو باڵنجەکان خڕکەنەوە دایکتان هاتەوە.

منیرخانم هەر لە درێژەی قسەکانی دا دوای ئەوە دەڵێ کە باوکی زۆر بە حەوسەلە بوو، لە زمانی دایکییەوە دەڵێ:

دایکم تەنانەت دەیفەرموو کە شەهید قازی قەت تووڕە نەبووە. هیچ کاتێکیش جنێوی بە سەر زاردا نەهاتووە. دایکم دەیکوت: هەر وەخت زۆر زۆر تووڕە دەبوو دەیکوت هەی نێوکت کەوێ.

هەر لەو سەرچاوەدا، منیر خانم لە سەر شێوەی لیباس دەبەر کردنی پێشەوا دەڵێ: پێشەوا بە رۆژ لیباسی مەلایەتی لەبەر دەکرد. بەڵام بەشەو لیباسی کوردی لەبەر دەکرد، شاڵی لە کەمەری دەبەست.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١ی ڕێبەندانی ساڵێ ١٣٤٩ لە سەر کەسایەتی پێشەوا دەنووسێ: نەمان و فەوتان باڵی ڕەشی بەسەر هەموو کەسێکدا دەکێشێ و کۆشک و تەلار و دام و دەزگایان هەڵدەتەکێنێ. چیرۆکی ژیانی ئەم و ئەو دەشواتەوە و کار و کردەوەیان دەئاخنێتە هەمبانەی فەرامۆشییەوە. بەڵام لەبەرامبەر ئەو جۆرە کەسانەدا، سەری ڕێز و مەزنی دادەنوێنێ، خۆی لە کۆشک و تەلاری ئەوان گێل دەکا لە حاست چیرۆکی ژیان و کار و کردەوەیان دەستی ڕەق دەبێ. ماوەی ژیانی ئەو جۆرە کەسانە لە باوەشی دایکەوە تا گۆیێ قەبر نییە. ژیانی ئەوانە بە درێژایی ژیانی گەلە، کۆشک و تەلاریان دڵی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیانە، چیرۆکی ژیانی میللەتە و کار و کردەوەیان خزمەتی گەلە.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارەی ٢٥ ی ساڵی ١٣٢٤ دا، زۆر بە وردی باسی کەسایەتی پێشەوا کراوە و هەر لەو سەرچاوەیەدا مەرحومی مەلا مارفی کۆکەیی بە عەرەبی و بە فارسی قەسیدەیەکی بە پێزی لە سەر پێشەوا و سەدری قازی داناوە. لە کۆتایی شێعرەکە لە سەر ئەزموونی ڕێبەریی پێشەوادا، ئاوا هاتووە:

حەزرەتی محەمەد قازی هەرچەند ماوەی ٢٠ ساڵە لە نیو میللەتی خۆیدا سمەتی رەهبەری هەیە دیسان لە دووی ریبەندان ١٣٢٤ دا لە لایەن نوێنەرانی کوردستانەوە رەسمەن بە پێشەوایی کوردستان هەڵبژێردرا و بەیعەتی دەگەڵ کرا.

شاسوڵتانی فەتاحی قازی لە کۆنفرانسی قسەی ژنان خانەی فەرهەنگی کوردستان، لە سەر کارەکانی پێشەوا کە لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٣٨ دا هاتووە، دەنووسێ: ... خوشکانی خۆشەویست لە ساڵی بۆمباردمانیەوە هەتا ئەمڕۆ پێنج ساڵە. ئەڵبەتە هەمووتان ئیتلاع و هەیە کە پێشەوای موعەزەمی کوردستان دە عەرزی ئەو پێنج ساڵەیدا بە شەو و بە ڕۆژ خۆراک لێ هەڵگیرا، بۆ ئێمە خەریکی ئەوەی بوون کە برایان و خوشکانی خۆی لە ژێر دەستی زاڵمان بێنێتە دەرێ...

قازی محەممەد ڕێبەری کۆماری کوردستان، هەڵقوڵاوی دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو هەموو کەس دەیتوانی پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە خودی پێشەواوە بگرێ و ڕازی دڵ و کێشەی خۆی لەگەڵ باس بکا یان نامەی بۆ بنووسێ. ئەوجار قازی بە بڕیارێک، کێشەی تەعاروف و نووسینی لەقەبی سەیر و سەمەرەی وەلانا و بە پێێ ڕۆژنامەی "کوردستانی ژمارە١٤ خەڵک ئاوا ڕێنوێنی کران:

عنوانی نوسراو بۆ ریاست جمهور

بەپێی دەستوری ژمارە ١١٥٩

کومێتەی مەرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان لە کاتێکدا ملت بییەوێ دەردی دڵی خۆیان یا ئێحساساتێک بە نووسین پێشەکشی رەئیسی جمهوری کوردستان بکەن، عنوانی نووسراو تەنیا دەبێ: (رەئیس جمهوری کوردستان) بێت.

ئەیوب ئەیوبزادە لە نووسراوەی ژیان و ڕوانگەی پێشەوا کە لە سایتی ئینتێرنیتی دا لە سەر کەسایەتی کاریزمای پێشەوا دەنووسێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشەوا قازی محەممەد ئەو مرۆڤە دەگمەنە کاریزماییە بوو کە شەوەزەنگی نەزانی و کۆیلەتی شەق کرد. هەتوانێک بوو بۆ برینی هەزاران ساڵەی کورد، بارانێکی رەحمەت بوو بۆ سارای قاقریی کۆیلەتی و بندەستی. ئەو بوو بە پێشەوای گەل و بەو پەیامە کە پێی بوو هێزی نوستووی گەلی کوردی وەخەبەر هێنا، کۆشکی سەربەرزی و سەربەخۆیی کوردی لەسەردەمی بێدەرەتانی دا، دامەزراند.

ئەیوب ئەیوب زادە لە درێژەدا دەنووسێ: ... دانی ناوی پێشەوا لەلایەن گەلەوە هێما بوو بۆ ئەو کاریزمایە، بۆ ئەو لێوەشاوەییە و بۆ ئەو رێبەرییە کە تایبەتی بوو. ئەو بوو کە هیوای لەمێژینەی کوردی کە هەروەک خەون و خەیاڵ وابوو، هێنایە جیهانی وجودەوە. بە بەرەکەتی زانست و ژیری، کارزانی و خۆشەویستییەک کە بۆ گەلی هەبوو، لە نێو گەل دا بووی خۆش درەوشا. هەرچەند ماوەکەی کەم بوو، بەڵام گرینگ ئەوە بوو کە ئەو پەیامی خۆی ناردو کۆشکی ئاواتی خۆی و نەتەوەکەی بونیات نا. ئەو بوو بە رێبەر و سەرقافڵەی کاروانێک کە هەزاران بە دویدا رۆیشتن و دەڕۆن. ئەو قافڵەیەی هەرگیز لە پێوانی رێی ناوەستێ.

ئەگەرچی زۆر نەژیا، بەڵام پەیامەکەی هەر ماوەو بە کیژو لاوانی پاشەڕۆژی ئەسپارد. بۆ نەتەوەی کورد، پێشەوا کەسایەتییەکی دەگمەن بوو. پێشەوا غەمێکی گەورە و هەڵگری فانتازییەکی گەورەی نەتەوەیی بوو ...

لە مێژووی کۆن و نوێ هەر نەتەوەیەک دا، هەڵکەوتنی ئەو جۆرە کەسایەتی‌یانە، دیاردەیەکی بەدەگمەنن. لەگەڵ هاتنیان گەورەترین هەژانی نەتەوەیی لەنێو نەتەوەکەیان جێ دەکەن. لە دوای نەمانیشیان مەزنترین شوێنەوار و ئولگوی فیکری لە دوای خۆیان بەجێ دەهێڵن. لە هەمان کاتدا بەدوای نەمانیشیان گەورەترین کەلەبەر دەخەنە نێو ژیانی نەتەوەوەو پڕکردنەوەی بۆشایی جێگای ئەوان ساڵانێکی دوور و درێژ دەخایەنێ. ژمارە و وێنەی ئەو جۆرە کەسانە لە هەر وڵات و لەنێو هەر نەتەوەیەکدا لە ژمارەی قامکەکانی دەست تێپەڕ نابن.

هەر لە چوارچێوەی بیر و روانگەی پیشەوادا، هاشمۆف سەرکۆنسوولی یەکیەتیی سۆڤیەت لە (ورمێ) لە یەکێک لە یادداشتەکانیدا باسی هاتنی بۆ مەهاباد و چاوپێکەوتنی فەرماندار (سریع‌القلم) و سەردانی ماڵە پێشەوا دەکا و دەڵێ: ... قازی موحەممەد هەموو کاتێک وتووێژەکانی بەرەو سەربەخۆیی کوردستان دەبرد و باسی دواکەوتوویی کوردانی دەکرد و بەگوێرەی قسەکانی، هۆی دواکەوتنەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەموو کاتێک لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێران و تورکیاوە چەوسێندراونەتەوە و ئێستا لە حاڵێکی نیوە برسیدا دەژین...

تەواوی وتار و قسەو نوتقەکانی پێشەوا ئەو راستییە نیشان دەدا کە پێشەوا لە بیری سەربەخۆیی کوردستان، بە هیچ شێوەیەک نەهاتوتە خوار. ئاماژە بە قسەکانی پێشەوا لە مزگەوتی سوور کە رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٢ ی ساڵی ١٣٢٤دا، ئەو راستییە نیشان دەدا:

کورد دوو سەد ساڵە بۆ وەرگرتنەوەی ئازادی هەوڵ دەدا، لە جەنگی بەینولمیلەلی رابردوودا کوردیان پتر لەت لەت کرد، بەشێک بە عێراق و بەشێک بە سورییە و بەشێک بە رووسیە و بەشی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆریشیان بۆ تورکیە و ئێران هێشتەوە و ئەم کارانە هەستی سەربەستی کوردانی نەکوژاندەوە و کوردانی تورکییە و ئێران و سوورییە زۆر لە پێشدا بۆ ئازادی هەڵستان. دوژمنەکانیش دەستیان کرد بە کورد کوشتن، ئەگەر کوردانی بەدرخانی پرش و بڵاو کران بابانەکان و ئەردەڵانەکان واردی مەیدانی کارزاری ئازادی کوردان بوون، شێخ عوبەیدیللا، شێخ سەعید، سمایل ئاغا، کوردانی تورکییە و ئارارات قیامیان کرد و چەند هەزار نەفەر لەو قیامانەدا لەناو چوون و نەتیجە بەدەس نەهات و ئەم رادمەردانە گشتیان لەسەر ئازادی مردن″.

لە سەر بە ئاکام گەیشتنی ئاوات و ئارەزووەکانی پێشەوا ئەیوب ئەیوبزادە لە نووسراوەی ئێنتیرنێتی ژیان و روانگەی پێشەوا دا دەنووسێ:

بەمجۆرە پێشەوا لە ماوەی ژیانی سیاسیی خۆی دا وەڵامی بە سەرەکیترین مەسەلەی کۆمەڵی کوردەواری دایەوە. دامەزراوی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەو مەسەلە سەرەکییە بوو کە پێشەوا توانی لە ئاستی گوتارەوە بۆ مەیدانی کردەوەی بگوێزێتەوە. ئەم بریارە مێژووییە دەسپێکی گەورەترین وەرچەرخان بوو لە کۆیلەتییەوە بۆ سەربەستی و لە داگیرکراوەییەوە بۆ رزگاریی نەتەوەیی. لێرەوە ئێتر خوێندنەوەیەکی لۆژیکی بۆ کورد بوون بە مانای رزگاریی نەتەوەیی و خاک و خۆ جیاکردنەوە لەویتر و خۆ قوتار کردن لە دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی بەرزەفڕی فارس، ئاوێتەی گوتاری سیاسیی بزاڤی رزگاریخوازانەی کورد بوو.

پێشەوا قازی محەممەد لە نوتقی سەفەری ورمێ دا، کە لە رۆژنامەی کوردستانی ٧٢ی ساڵی ١٣٢٥ دا هاتووە، گۆشەیەکی بچووک لە ناوەرۆکی گەورەی کۆماری کوردستان دەخاتە روو و دەڵێ:

ئێستاش لە سایەی هێز و قودرەتی ئازادی ئێمەش چاو و گوێمان کراوەتەوە و جارێکی دیکە ناچینەوە ژێر چنگاڵی بێدادی، کورد جوێ لە حەقی خۆی هیچی لە خەڵکی نەویستووە، دەیەوێ بە زمانی خۆی بخوێنێ، لە پیت و کانگای وڵاتەکەی سوود بەرێ، ببێتە خاوەنی کارخانە و کانگا. کورد نایەوێ دەستدرێژی بۆ خاکی هیچ میللەتێک بکا.

پێشەوا تەنانەت لە لای دوژمنانیش جێگای رێز و حورمەت بوو. بە پێی لاپەرەی ٢٠٥ی کتێبێ رەحیمی قازی، نوێنەرێکی رۆژنامەی ئیتلاعات کە لایەنگری فاشیستەکانی ئێرانی دەکرد، لە ١٨ی مانگی ژوئیەی ساڵی ١٩٤٦ دا، چوو بۆ مەهاباد و لە ژێر سەردێری "راپۆرتی دوورودرێژی ....." دوای ئەوە کە دەڵێ هەژاریی و پاشکەتوویی سەرچاوەی هەموو کێشەکانی کوردستانە دەنووسێ:

لە پاش راگرتنی پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە نوینەرانی چین و پۆلەکانی جیاوازی کوردستان، لێم یەقین بوو کە تەنانەت تاقە کوردێک وەگیرناکەوێت باوەڕی بە قازی محەمەد نەبێت و بە گوێرەی ئەسپاردەی ئەو نەبزوێتەوە.

کاپیتان رۆزڤێلت، ئەتاشەی عەسکەری سەفارەتی ئەمریکا لە تاران، لە مانگی سیپتامبری ١٩٤٦دا، سەردانی مەهابادی کرد و بە دامەزراوە دێموکراتیکەکانی کۆمار سەرسام بوو. پێشەوا پێیگوت بوو کە کوردەکان ئارەزووی ئەمە دەکەن، ناوچەیەکی دێموکراتی لەژێر رێوشوێنێکی دێموکراسی.... بۆخۆیان دابمەزرێنن و ئەگەر ئەمریکا نایەوێ پشتگیری لە داوخوازی کوردەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکات بە لانی کەمەوە پێویستە لە دژیان رانەوەستێ.

پەسیان لە لاپەڕەی ٣٧ی کتێبەکەی دا، لە سەر کەسایەتی پێشەوا قازی محەمەد دەنووسێ: ... قازی محەمەد پیاوێکی ئاگەدار و دنیادیتە و زانا بوو. لەماوەی یەک ساڵەی حوکومڕانی خۆیدا دەستەڵاتێکی بەرفرەی بە دەست هێنابوو. بە پێچەوانەی پیشەوەری و سەرکردەکانی فیرقی دیموکراتی ئازەربایجان، سەبارەت بەوەی لە بنەماڵەیەکی ماڵدار و چاوناس بوو لەو ماوە کەمەی دا کە سەروک کۆمارەتیی بە دەستەوە بوو لە بەرامبەر دانیشتوانی شاردا کارێکی نالەباری نەکرد بوو، بۆیە نەبووبووە جێگەی رکی تیژی خەڵک و لە هەمان کات دا نە ئەو لە مەهاباد چووبووە دەر و نە بۆ دەوڵەتیش کارێکی ژیرانە بوو لەو هەلومەرجە نالەبارەدا قازی محەمەد لەناو ببات کە جگە لە پایەی سیاسی، خاوەن شوێنی ئائینی و مەزهەبیش بوو.

میرزا محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٨٩ ی بەشی دووهەی کتێبەکەی دا لەسەر کەسایەتی پێشەوا دەنووسێ: قازی محەممەد زۆر حەزی بە ژیانی تەمەدوون و نێهزەتی عەسری ئەکرد. لە پێشهاتنی رووسەکان بۆ ئێران، قازی محەممەد لە نەفسی سابڵاغ ئەتڕافیا تەشکیلاتی ئەحزاب و جەمعیەتی ببوو. بەڵام زیاتر لە تێکچوونی ئیستیبدادی ئێران توانی کە خۆی ئاشکرا بکات.

قازی محەممەد شەخسییەتێک بوو سادە و بێ ئارایش. حەزی بە هێندێ عەزەمەت و خۆنیشاندان نە ئەکرد. هەر وەکو دەورەی قازییەتەکەی پاڵتاوێکی هاودامانی لەگەڵ دەرپێیەکی سپی و کراسێکی بێ فەقیانە و سوخمەیەکی دوگمەداری مەلایانە و میزەرێکی سادە و کەوایەکی خاکی شاقەل شۆڕی لەبەر ئەکرد و هیندێ جار پاپاغێکی کوڵکنی لەسەر ئەنا. پیاوێکی باڵابەرزی دەموچا و ئاماڵ سپیکەلانە رووخۆش و دەم بە پێکەنین بوو. بە وەزعییەتی پێشەوایی هیچ خۆی لێنەگۆڕابوو.

مۆبلی لە لاپەڕەی ١٠٠ کتێبەکەی دا، دەنووسێ: ... مەشروعییەتی قازی محەمەد مابووەوە و عەشیرەتە سەرەکییەکان لە دژی وی هەڵنەگەڕانەوە، هەر دەستیان لەوە گێڕایەوە داکۆکی لە کۆمار بکەن. قازی بەو رووتانەوە لە پشتیوانی عەسکەری، تووشی دوودڵی هات.

رەحمانی قازی کە لە نیزیکەوە ئاگاداری هەڵسوکەوت و کارەکانی پێشەوا بووە، لە کتێبی رۆژگار ون بوو دا دەنووسێ:

لێرە دا پێویستە بە خوێنەرانی بەڕێز بڵێم ئەگەر کەسێک لە نزیکەوە چاوی بە قازی محەمەد نەکەوتبێ و ئاگاداری کردەوە و هەڵس و کەوتی نەبوبێ، نەیدیتبێ کە ئەو پیاوە چەند لە سەرخۆ و لێ بوردە و تێگەیشتو بووە وا دەزانێ ئەویش وەک ئێمە کەسێکی ئاسایی بووە. بەڵام لە راستی دا وا نییە و بە دەگمەن مرۆڤی ئاوا بەو شێوازە لە بیر کردنەوە و کردارە دێتە سەر زەوی. بە بڕوای من دایکی نیشتمان کەمتر ڕۆڵەی ئاوا لە داوێنی خۆی دا دەبینێتەوە:

نیشتمان پیر بــووە ئاوس نابـێ
تــازە ڕۆڵێــکی وەکــو تۆی نابــێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قازی محەمەد بۆ کوردستان وەک حەزرەتی عیسا وا بو بۆ مەسیحییەکان. ئەو قسەیەی من وەک پێهەڵاکوتنێکی خزمایەتی مەزانە. تەنیا ئەوەندە بەسە وێنەکانیان لە کن رابگری و بەرواوردیان بکەی. کاتێک عیسا لە خاچ دراوە و کاتێک پێشەوا لە سێدارە دراوە.

میرزا مەنافی کەریمی لە لاپەڕەی ٥٩ی کتێبی پیشوای بیداری دا، لە سەر کەسایەتی پێشەوا ئاوا دەدوێ:

قازی محەمەد لە کاتی حکومەتی کۆماری کوردستان دا ٤٦ ساڵ بوو. بەو کارامە و لێهاتوویە زاتییەی کە هەی بوو، سەرەڕای زبانی فارسی بە زبانەکانی ئینگلیسی، فەرانسەیی، رووسی، هەروەها ترکییش ئاشنایەتی هەبوو. سەبارەت بە فێربوونی عیلم و زانست لە لایەن جەوانانی کورد، زۆر حەساس بوو بۆیە ماوەیەکی زۆر بەرپرسایەتی ئیدارەی فیرکردن و بارهێنانی مەهابادی بە ئەستۆ گرت. ئەو هەیکەلێکی بە هەیبەت و جوان دڵگیر و شیرینی هەبوو. قەد باریکی رەش ئەسمەری چاوگەشی تیژبین و ردێنێکی زۆر کورت کە ئوبووهەتێکی تایبەتی پێدەدا. زۆربەی شەوان دوای سەعاتی یەک و دووی نیوە شەو، بە سەر کیشکی شاری مەهاباد رادەگەیی. لەوی کە لە شاردا ئەمنیەتی تەواو هەبوو، هەستی بە خۆشحالی دەکرد. قەت خۆی لە خەڵک بە جوی نەزانی. لە میوانی و جێژنەکانی ئەوان دا بەشداری دەکرد. هەلسوکەوتی لە گەڵ خەڵک بە تایبەتی لە گەڵ ئەندامانی حیزب وەک دۆست وابوو و قەت نێوی دوژمنی لە سەر زار نەبوو. لە گەڵ ئەوان هەڵسوکەوتی مروڤانە بوو. لیباسی سادە دەبەر دەکرد. زۆر هێدی و لەسەرەخۆ و هاوکات دڵسۆزی هەموو لایەک بوو. بەو تایبەتمەندییانە خەڵکی شاری مەهاباد وەک گلێنەی چاو خۆشیان دەویست و بەپێیە نازناوی "بینایی" یان پێبەخشیبوو، بەڵام لە راستی دا نازناوی شیاوی ئەو دەبوایە "بابی میللەتی کورد" با.

شاعیرێکی کوردی خەڵکی سنە بە ناوی محەممەدیساڵحی بە بۆنەی پێنجەمین ساڵی شەهید بوونی قازی محەممەد شێعرێکی داناوە کە لە کتێبی "سخنوران نامی محاصر" بە قەڵەمی سەید محەممەد باقر بورقعی چاپ بووە، بەمجۆرە:

بانگ آزادی شنو ای خاک کردستان من
مدفن قاضی محمد معبد و بستان من
مظهر آزادگی، ماوای همدستان من
دشتهای سبز و خرم باغ و کوهستان من
مقصد من، مافن من، عمر جاویدان من
ای وطن یاد ار عصر و دوره رخشندەات
آن زمان شادی وعز وفر تابندەات
رادی و آزادگی رهبر داننده‌ات
گر که خواهی باز گویم شوکت پایندەات
پس شنو عرض حقیقت هم، تو از این بندەات



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

توهمان بودی که قاضی خانەات آباد کرد
مردمانت را ز قید اجنبی آزاد کرد
ارتجاع از بن بکند و طرح نو بنیاد کرد
خطه زیبندەات را پر ز عدل و داد کرد
چند میلیون تن ز فرزندان تو دلشاد کرد
کومله بودی که دادت هم زبان مادری
زنده گرانید کردی را بسان آذری
محو گردانید نام بردگی و چاکری
دور کرد از میهن تو دزدی و یغماگری
زندگی مستقلت داد و فخر و برتری
تو همان بودی که دیدی نهضت آزادگان
کرد کوته شر مالك از سر بیچارەگان
رنجبر شد فارغ از ظلم و فشار بیکران
گر که ماندی جنبش مردانەات تا این زمان
شهره میشد نام تو از باختر تا خاوران

ڕۆژنامەی مەردوم لە ڕێکەوتی ٤ی فەورییەی ١٩٤٩ دا، لەسەر شەهید بوونی قازییەکان نووسێ: ... بەتەنیا وەبیرهێنانەوەی ڕۆژی شەهیدکردنی ئەوان بەسە بۆ ئەمەی کە خوێنی دەماری تەواوی کوردان بێنێتە جۆش.

ویلیام دوگلاس ئەندامی مەحکەمەی ژووروی ئەمریکا لە ئاخری ساڵی ١٩٥٠دا، چوو بۆ ئێران و سەردانی مەهاباد و تەورێزی کرد. ئەو دوای گەڕانەوە بۆ ئەمریکا لە کتێبێک دا، بە ناوی: لە ئێران چم دی و چم بیست" لە سەر کۆماری کوردستان دەنووسێ:

لە رۆژێکی گەرمی مانگی ئووت دا گەیشتمە مەهاباد و بۆ شارەزا بوون لەو کارانەی کە قازی محەمەد لە کاتی حکومەتی خۆیدا کرد بووی دەستم کرد بە لیکۆڵینەوە و لێم مەعلووم بوو کە لە کاتی حکومەتی قازی محەمەد دا، کوردەکان توانیبوویان جلوبەرگی نەتەوایەتی خۆیان کە لێیان یاساغ کرا بوو لەبەر بکەن. خوێندن بە زمانی کوردی دەست پێکرا و بۆ پەرەپێدانی مەعاریف زۆر تێدەکۆشی...

حکومەتی قازی لاگری کرێکاران بوو و ئەگەر ئەم حکومەتە مابایەوە بۆ باشتر لێکردنی ژیانی گەلی کورد، گەلێک کاری دەکرد.

نەجەف قولی پەسیان لە لاپەرەی ٣٦ی کتێبی" لە مەهابادەوە ... بۆ ئاراس " دا، لەسەر هەڵسوکەوتی خەڵکی مەهاباد بە دوای کۆمار دا دەنووسێ:

شاری مەهاباد و حاڵی سوپا لەوێ، لەبەر چاوی نووسەردا تەواو بێ پیشینە بوو. لەبەر ئەوەی بە پێچەوانەی تەورێز و ورمێ و مەراغە و خۆی و ئەردەویل و شوێنانیتر، لەم شوێنەدا نە لە لایەن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دانیشتوانەوە ئەو هەستە پڕ لە گەرم و گوڕییە لەبەرامبەر سوپادا دەبینرا، نە سەرباز و ئەفسەران وەک یەکە سەربازییەکانی تر خەیاڵیان هێمن و راحەت بوو. بەڵام بێ زیادەڕۆیی، هەڵسوکەوتی سەرکردایەتی و ئەفسەران لە مەهاباد لەگەڵ دانیشتواندا گەلێک چاکتر بوو لە شوێنانی تری ئازەربایجان. کورد بە سرنجی شاراوە و شێواو لە سەربازانیان دەڕوانی و سەربازانیش بە گومانەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دانیشتواندا دەکرد. لەبەرئەوەی کوردی ناو شارو دەوروپشتی شار بە گشتی چەکدار بوون و لە ٨ فەرسەخی دووری شاریشدا بارزانییەکان سەنگەریان گرتبوو، هەموو دەم باس لە هێرشی بارزانییەکان و راپەڕینی دانیشتوانی دەکرا.

مامۆستا هێدی لە لاپەڕەی ٧١ی کتێبی ئاوێنە شکاو دا، لەسەر لایەنی خووخدە و ئاکار و کردەوەی قازی لە نێو کۆمەڵگا دا دەنووسێ:

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پێشەوا بە هۆشی و بیری تیژ بوو کە زۆربەی خەلکی شار تەنانەت دەوروبەری شاریشی بە ناو دەناسی و کەسێکی جارێک دیبا لە بیری نەدەچوو. هەڵس و کەوتی لەگەڵ خەڵک هەرکەس بە پێی خۆی و لە جێی خوێدا بوو کە لە هەموو حاڵەتێک دا رووی خۆش و ئەدەب و ریز لە چاوپێکەوتنیدا بەدی دەکرا و لەسەر بەڵێنی خۆی سوور بوو.

عەبدوڵلای حەسەن زادە لە لاپەڕەی ١٩ کتیبی "حەقیقەتی میژوو" لەسەر کەسایەتی پێشەوا لە زبانی دوکتور قاسملوو لە یەکێک لە دەورەکانی دەرسی بۆ کومیتەی ناوەندی، دەڵێ: دوکتۆر قاسملوو دوو، سێ دەرسی هەبوون، باسی مێژووی حیزبی دێموکرات یەکێک لە دەرسەکانی بوو، لەوێ دا کە باسی قازی محەممەدی کرد، لەسەر تەختە رەشە لە بەرزایی سەرسەرەوە خاڵێکی گەورەی کێشایەوە، گوتی ئەمە قازی محەممەد بوو، لە پاشان هاتە خوارێ گوتی ئەو بەینە هەموو بەتاڵ بوو، لە داوێنی تەختە رەشەکە چەند خاڵێکی بچووکی کێشان، گوتی لەم شوێنەدا هەندێک کەسی دیکە هەبوون.

مانای وایە قازی محەممەد لە نێو ئەوانەدا کە دەگەڵی بوون بەداخەوە کەسی وای بە دەورەوە نەبوو کە لە رادەی تێگەیشتوویی عیلمی و سیاسی و هتد دا لێشی نیزیک بێ.

پێشەوا رەمزی یەکێتی و برایەتی و هەوێنی یەکگرتوویی نەتەوەیی چین و توێژ و لایەنەکانی وڵات بوو. دەگێڕنەوە کە رۆژێک مینا خانمی خێزانی لە یەکێک لە کاردارەکانی کە ٧ برای هەبوو تووڕە دەبی و دەری دەکا. پێشەوا کە دێتەوە ماڵ تەماشا دەکا کاردارەکە دەرکراوە. لە مینا خانم تووڕە دەبێ و دەڵی حەوت برام لێدەکەیەوە، برۆ هەر ئێستا بیهێنەوە.

قازی محەممەد مەکتەبێکی گەورەی سیاسی ئەدەبی کۆمەڵایەتییە، بە سەدان کتێب لە خۆ دەگرێ. دەرس و وانە و ئەزموونێکی پڕ بەهایە کە هەر وەک دوکتور قاسملوو لە کتێبی "چل ساڵ خەبات" دا دەڵێ کە دەبێ بۆ ئازادی و سەربەستی کەڵکی لێوەرگیرێ:

شەخسییەتی قازی محەمەد پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە، ئەو شەخسیەتە مەزنە لە مێژووی گەلی کورد دا پلەو مەقامێکی تایبەتی و بەرزی هەیە کە پێویستە لاوانی تازە پێگەیشتوو لە گەڵی ئاشنا بن و لە ژیانی دەرس وەربگرن، هەرچەند تەمەنی زۆر درێژ نەبوو. پێشەوا قازی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

محەمەد روناکبیرێکی هەڵکەوتوو بوو کە لەو رۆژگارەدا وێنەی لە نیو نەتەوەی کورد دا زۆر کەم بەدی دەکرا. قازی محەمەد لە شارستانییەت و زانستی تازە و هەروها لە وەزع و رووداوەکانی جیهان دا بە تەواوی شارەزابوو. زمانی تورکی و فارسی و ئینگلیسی و عەرەبی و فەرانسە و رووسی دەزانی، لە زانستەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتی دا دەستێکی باڵای هەبوو. لەگەڵ ئەوە کە رووناکبیرێکی پایەبەرز بوو لە نیو خەڵکێکی ساویلکە بە داخەوە بەشی زۆری نەخوێندەوار دا دەژیا، گوڵێک بوو لە سەحرا رووا بوو بەڵام دیسانەکە لە گەلی خۆی نیزیک بوو، دەرد و ئازار و هیوا و ئاواتەکانی زۆر باش تێگەیشت بوو. لە هێنانەگۆڕ و دەرخستنی ئەو دەرد و ئازار و هیوا و ئاواتانەدا لە هەموو کەس سەرکەوتوتر بوو...

### کتێبخانەیٚ پێشەوا

پێشەوا قازی محەمەد خاوەنی کتێبخانەیەکی گەورەی چەند زمانە بوو. رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٥ی ساڵی ١٣٥١ لە سەر چۆنییەتی کتێبخانەی پێشەوا ئاوا دەنووسێ:

شارەزایی بەسەر چەند زمانی بێگانەدا، دەرگایەکی گەورەی زانست و فێربوونی بەڕووی پێشەوادا دەکاتەوە و هەر بۆیە ″لە کتێبخانەکەی دا کۆنترین وتار و تازەترین کتێب بە زمانەکانی جۆربەجۆر وەگیر دەکەوت و لە تەواوی ژیانی خۆی جگە لە کتێب هیچ دیاریەکی لەکەس نەگێڕاوەتەوە.

ئەیوب ئەیوبزادە لە سایتی ئینترنێتی دا باسی شاعیر جەلال مەلەکشا دەکا کە توانیبووی چاوی بە کتێبخانەی پێشەوای بکەوێ و لە سایتی ئینتێرنێتی دەنووسێ: ... سەرئەنجام دەرکەی کتێبخانەکەیان بە رووماندا کردەوە. هەنیسک بەربینگی لێ گرتبووم، فرمێسک لە ناو گلێنەی چاومدا قەتیس مابوو ... کتێبەکان پەخشو پەرا، لەسەر یەک کەوتبوون، بێ ژمارە و بێ تەبەقەبەندی ... هەر کتێبێک هەزار هاواری لە جەور و بێداد و ستەم لە دڵدا بوو... کتێبەکان کەڵەکە کرابوون... سەدان کتێبی پڕ بایەخی دەست نووس بەسەر یەکدا کەوتبوون و هێندێکیان شیرازە و پەڕاوێزیان لێک پچڕابو ... ئیتر نەمتوانی خۆم بگرم و فرمێسک بە چاومدا هات... هەر یەکە لەم کتێبانە ئاشنای دەستە تامەزرۆیەکانی پێشەوا بوون و هەر یەکە لەم کتێبانە لەژێر تیشکی نیگای پێشەوادا رووناکیان دیوە... جۆرەها جۆر عینوان کتێب لەم کتێبخانە دابوون و ئەوەی دەگەیاند کە پێشەوا قازی محەممەد لە باری ئەندیشە و فیکرەوە چەند کراوە بووە ... لە گۆشەیەک دا، هەر چوار ئینجیلی پیرۆز (عەقیق، لۆقا، جەدید، ومەتی) دەبینران و زۆر رۆمان و کتێبی شیعر و فەلسەفە و ... کتێبی مێژوویی و زانستی.

وەزیری فەرهەنگ میرزا مەنافی کەریمی لە وتووێژ لەگەڵ گۆڤاری روانگە ژمارە ١١ی ساڵی ١٣٨١ لە سەر کەسایەتی فەرهەنگی پێشەوا دەگێڕێتەوە:

لە بیرمە کە لەو سەردەمەی دا کە قازی ئەندامی ژێ - کاف نەبوو، ئێمە پێویستیمان بە کتێبی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردی بوو. داوامان لە قازی کرد، ئەویش سەرەڕای ئەوەیکە ئەندامی ژێ- کاف نەبوو، کتێبەکەی ئەمین زەکی بەگی بە نهێنی داینێ و لە پاشانیش دامانەوە.

بناغەی بەرزی هزر و بیری پێشەوا لە ژێر کاریگەری خوێندنەوەی زۆری کتێب، گۆڕانی قووڵی بە سەر داهات و ئەو گۆڕانکاریەش بوو بە بەردی بناغە، بۆ جێبەجێ کردنی روانگەکانی. حامید گەوهەری بە نەقڵ لە "کوڕی ڕەش" لەسەر کتێبخانەی پێشەوا دەنووسێ:

ڕۆژێک دوای گیرانی بابم، ژمارەیەکی زۆر سەرباز هاتن ماڵی ئێمەیان پشکنی و ژمارەیەکی زۆریان بەڵگەنامە و کتێب لەگەڵ خۆیان برد. هەندێک بەڵگە و کتێبی پێشەوا لە لای کاک سەعید هومایون بوو، کوڕی کاک سەعید ئەوانی لە ئەشکەوتی ماڵی خۆماندا شاردبووەوە کە ئەوانیشیان دۆزییەوە و بردیان. بەو حاڵەش بەشێکی تر لە کتێبەکانی پێشەوا مابوون. ڕۆژێک دوکتۆر کەمال فوئاد لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە داوای لێکردم ئەگەر کتێب و بەڵگەنامەی پێشەوا لامان مابن، بیدەینێ کاریان لەسەر بکات کە من خۆم شەش کارتۆن کتێبم دایە و ئەوانی تریشمان پێشکەش بە جەنابی مەسعود بارزانی کرد بە فەرمانی بەڕێزیان ئەو کتێبانە لە پێشانگایەکی کتێبدا بەبۆنەی ساڵیادی کۆماری کوردستان لە هەولێر پێشاندران. ڕێزدار بارزانی پێیڕاگەیاندم خەریکن مۆزەخانەیەک دروست دەکەن کە بەشێکی مۆزەخانەکە بۆ پێشەوا تەرخان دەکرێت و ئەم کتێبانە لەوێ دادنرێن.

### منداڵەکانی پێشەوا

بە دوای شەهید بوونی پێشەوا، ماڵ و سامانی لەلایەن ڕێژیمەوە مۆر و مۆم کرا و مینا خانم زۆر بە زەحمەت و کوێرەوەری توانی باڵی بەسەر منداڵەکانی دابکێشی. حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٤٠٢ دا لە زمانی سوهەیل خانمی قازی دەنووسێ:

لە بیرمە دوای لە سێدارەدانی باوکم، ڕوکنی دووەمی سوپای ئێران دەوری ماڵی ئێمەی گەمارۆدا و هاتن و هیچ شتێکیان لێ نەهێشتەوە، ئەوەی مابووش بە بیانووی میراتگرانە مۆریان کرد و دایکم ناچار بوو بۆ کەڵک وەرگرتنی لە کەلوپەلی نێو ماڵمان ڕوکنی دووەم ئاگادار بکاتەوە تا ئەوان بێن و پێداویستییەکەی بدەنێ. هەرگیز لەبیرم ناچێت کە دایکم کفنی باوکمی بە قەرز لە ماڵی وەلیزادە کڕی. دایکم و ئێمە منداڵەکانی بە ڕادەیەک توشی دژواریی بووین کە هەتا ئێستاش من خۆم بە هەتیو دەزانم و هەرگیز ناتوانم ئەو ڕۆژە ناخۆشانە لەبیر بکەم کە دایکم و ئێمە منداڵەکان بینیمان، لە هەمان کاتیشدا شانازی بە ژیانی خۆمەوە دەکەم و سەر بڵندم. دایکم لە لایەک ئاگای لە ئێمە بوو کە کچ و بێ باوک بووین کە زیانمان پێ نەگەیەنن و لە لایەکیش هەموو کێشە و گرفتەکانی کەوتبووە سەرشان. لە بیرمە، چونکە هەموو کەلوپەلەکانی ئێمە لەلایەن ڕژێمی شاوە مۆر کرابوو، من پێڵاوم نەبوو، کە چووم بۆ خوێندنگە چەکمەکانی باوکم لەپێ دەکرد.

پێشەوا قازی محەمەد و مینا خانمی کاکاغازادە، خاوەنی ٧ کچ و کوڕێک بوون و منداڵێکیشیان بە ساوایی مردووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٥٥ کتێبی قازی محەمەد... دەنووسێ: پێشەوا قازی هەشت کچ و کوڕێکی بەم ناوانەی خوارەوە لە مینا خانم هەبووە: عیسمەت، عەلی "کوڕی ڕەش"، مریەم، عیفەت، مونیر، فەوزیە، کۆ "سوهەیل"، گەلاوێژ "پەروین" و مریەم. لەو هەشت کچانە، عیسمەت کە ئەندامێکی باڵای حیزبی دیموکرات بووە، دوای ئاشکرا بوونی لەلایەن حکومەتەوە خۆی کوشتوە، مریەمی یەکەم ساوا بووە و لەسەر لانک خنکاوە. پەروین و سوهەیل دوانە بوون، پەروین هاوسەری دوکتۆر عەبدوڵا ئەبریشمی بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردوە و عیفەت کە هاوژینی ئەمیر قازی بوو، ڕۆژی ١٩٩٠/٩/٦ بە بۆمبێکی پاکەتی، لەلایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە شاری ڤێستەرۆسی سوید تیرۆر کرا.

سوهەیل خانم کچی پێشەوا لە وتووێژ لەگەڵ ئەیوب ئەیوبزادە لە سەر منداڵەکانی پێشەوا دەڵێ:

کاتێک پێشەوا لە سێدارە درا، مینا خانم ٢٩ ساڵی تەمەن بوو. مینا خانم لە ڕۆژی ٢٩ ڕێبەندان ساڵی ١٣٧٣ کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی بوداغ سوڵتان بە خاك ئەسپێر درا. لەو کاتەدا گەورەترین منالی پێشەوا ١٤ ساڵە و چکۆلەترین منالیشی ٥ مانگانە دەبێ. بە پێی بڕیاری دەوڵەت دەبوو بە قازانجی دەوڵەت دەست بە سەر ملک و ماڵی قازییەکان دابگیرێ، فەرمانی بەڕێوەبردنی بە ئیدارەی دارایی مەهاباد و مەراغە درا بوو. بەڵام بە پێی لاپەڕەی ١٧١ کتێبی مێژووی بنەماڵەی قازی، سپەهبوود شابەختی پارێزەری ئوستانی ئازەربایجان داوای کرد بوو کە چونکە سەرپەرەستی ئەو بنەماڵانە ئێعدام کراون، ملک وماڵیان زەوت نەکرێ. هەر بە پێی لاپەڕەی ١٧٦ ئەو سەچاوەیە دەوڵەت ڕادەی ١٠٠٠ تمەنی مانگانە یارمەتی بە منداڵەکانی پێشەوا دەکرد.

منیرخانم لە حەوتەنامەی سیروانی ژمارە ٣٠٥ دا، لە بارەی هەڵوێستی کاربەدەستانی ئەرتەش لەگەڵ بنەماڵەکەیان دەڵێ:

ئەرتەش زۆر خراپ لە گەڵمان ڕەفتاری دەکرد، دوو ساڵ پێش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی هەموو ساڵێ ماڵێ ئێمە دەگەڕان. ڕۆژێک هاتبوون بۆ گەڕان ئەمن لە سەر لێواری حەوزی حەوشە فەوزێی خوشکم بە دەستەوە بوو کە چاوم بەوان کەوت لە ترسان فەوزێەم خستە حەوزەکەوە کە دەریان هێناوە ئاوی لە زگی چوو بوو. دایکم بە جل و بەرگی ڕەشەوە دەستی هەڵێنا بۆ عاسمان و دەیکوت خودایە هەڵی نەگری.

ئەیوبزادە لە سەر گیروگرفتەکانی تایفەی قازی بە دوای ڕووخانی کۆمار دا لە سایتی ئینتێرنێتی دا دەنووسێ:

ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان گەورەپیاوانی ئەم تایفە یا شەهید کران یا کەوتنە زیندان و ژێر گوشاری کوشندەی دام و دەزگای پەهلەوی. بەجۆرێک کە ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە تووشی ژیانێکی پڕ لە ترس و نیگەرانی بوون و لە هەموو دەراوێکی روون بێبەش مانەوە و نەیانتوانی لە باری خوێندن و گەشەی ئابووری و ماڵ و سامان پێکەوەنان هەنگاوی پێویست هەڵبگرن و ئەم حاڵەتە نالەبارە تا ڕادەیەک بوو بە هۆی دواکەوتوویی لە باری خوێندن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا.

**کەسایەتی حەمەحوسێن‌خانی سەیفی قازی**

حەمەحوسێن‌خان کوڕی سەیفی قازی و ئامۆزای پێشەوا، یەکی سوورکارەی کەڵەگەتی بە خۆوەی بە هەیبەتی چاو زەلام بوو. فەرماندەری هێزی چەکدار و ئازا و نەترس بوو. مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٨٠ ی چێشتی مجێوردا، لە زمانی روژنامەی "آتش" ئەرتەش دا دەنووسێ: پیاوی وانەترس هەر نابێتەوە، دوو جار پەتی سێدارە پچڕا، بەڵام ئەو بە دەنگی بەرز هەر دەینەڕاند: ”بژی کورد و کوردستان، کوردستان هەر ئازاد دەکرێ...”

رۆژێک لە تەورێز لە خۆنواندنی لەشکریانی پیشەوەری بوو. پیشەوەری لێی پرسی بوو: پێت چۆنە؟

گوتبووی: وەک کۆمەڵە ژنێکی حیزم دێنە پێش چاو کە بەرموریان تفەنگی بڕنویە، بەرگەی دە کەس کوردی چەکدار ناگرن ...

ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٩٠ دا ئاوا باسی کەسایەتی محەممەد حوسێنخانی سەیفی قازی دەکا: لە ساڵی ١٣٤٥ سەیفی قازی دەوروبەری ٤٢ ساڵ بوو. پیاوێکی زۆر قەڵەو و بە هێز بوو و لە نیزیک میاندواوی شەش دیی گەورە و باشی هەبوو. ئەو مەشرووب خۆرێکی توند(قەهار) بوو و دائیمە لەبەر نارەحەتی مەعدەی ژان و عەزابی دەکێشا. ئەو ژان و ئێشە لەتەواوی ژیانی دا درێژەی هەبوو و لەگەڵ قەڵەوی زۆر ببوو هۆی ئەوە کە هەرکاتەی بچێتە لای دوکتورێکی. تا ئەوەی کە دوو بارە چووە باکۆ...

ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ٨٥ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" کە ڕەسووڵی سوڵتانی وەریگێڕاوە، باسی سەفەری محەممەد حوسێنخانی سەیفی قازی بۆ باکۆ، بۆ چارەسەری نەخۆشی دەکا و دەنووسێ: بە پەلەپەل نانی نیوەڕۆم خوارد و بە ماشێنی هاوڕێ نووریەف چوومە هوتێل ئینتۆریست، وەپێشم کەوتن بۆ هۆدەی ژمارە ١٢٠. ئیزنم وەرگرت و وەژوور کەوتم. ژەنەڕاڵ حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی لەوێ بوو. سڵاوم کرد. لەبەرم هەستا، بەو بەژن و باڵا چوارشانە و ڕوخسارە گەشەیەوە لە ئامێزی گرتم. بەخێرهاتنم کرد. پرسیم کەی تەشریفتان هێناوە؟ فەرمووی ئەمڕۆ بەیانی. لە زەنگی دا. گارسۆنێك هاتە ژوورێ. پێی گوتم پێی بڵێم چا بێنێ. هوتێل ئینتۆریست دەیڕوانییە دەریای خەزەر. دیمەنێکی زۆر تایبەتی هەبوو. ئەو هوتێلە جاران تایبەتی خەڵکی بیانی و پایەبەرزەکان بوو. تاقە هوتێلی شاری بادکوبە بوو. پرسیم ئەی بۆچی زووتر تەشریفت نەهێنا بۆ ئەوەی سوودێکی زیاتر لە مەلەی دەریا وەرگری؟ فەرمووی دەرفەت نەبوو. ئێستاش بۆ چارەسەر هاتووم. زۆر قەڵەو بووم، دەڵێن ئارترۆزمە. بەتایبەتی لاقم زۆر دێشێن. لە تەورێزێ چوومە خەستەخانەی سۆڤیەت. ئەوان بەڕێی ئێرەیان کردم. قەول وایە بچمە کیلاڤدۆسکی، شوێنی گەڕاوان. جارێ چەند ڕۆژێك لە بادکوبە دەبم. گوتم قوربان، هاوڕێیانیش بە دیتنت دڵخۆش دەبن. گوتی، نا جارێ هەر خۆت لەگەڵم بە، دوایی ئەوانیش دەبینم. دوو ڕۆژ نەچوومەوە پانسیۆن و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆلێژیش. شەو و ڕۆژ لەگەڵی بووم. هەموو ئەو شوێنانەی شاری کە شیاوی دیتن بوون، وەکوو ئۆپێرا و تیاتر و سێرك و تەنانەت پارکەکانی نێو شار و مۆزەخانە و کۆلێژەکان، پێشانم دا. فراوین و شیویشمان پێکەوە لە ڕستورانتە خۆش و جوانەکەی هوتێلەکە دەخوارد. خواردنەکانیان زۆر خۆش بوو. بەتایبەتی تاوەکەباب. شەوانە ئۆرکێسترایەکی بچووکیش لە ڕستوڕانتی هوتێلەکە مۆسیقای لێ دەدا. سێیەم ڕۆژ لەگەڵی چوومە فرۆکەخانە. بەڕێزیان بەرەو کیلاڤدۆسکی ڕۆیشت. بەڵام ئەوە دوادیدارمان بوو. ئەو ماڵاوایی تاهەتایی کرد و من ئیتر نەمدیتەوە. بەر ڕەحمەتی خوا بکەوێ، مرۆڤێکی چەندە خاکەڕا و دڵپاك بوو.

میرزا محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٩١ ی بەشی دووهەی کتێبەکەی دا لەسەر کەسایەتی حەمە حوسێنخان دەنووسێ: حەمە حوسێن خان پیاوێکی سوور و سپی چوارشانە و هەیکەل بوو. پیاوێکی ئازا و بڕیار دروست بوو. هەتا نیهایەتی حەزی بە ڕێکەوتنی ئێرانییەکان نەئەکرد. هەمیشە وتەی ئێرانییەکانی بە درۆ و تەفرە ئەزانی. حەمەحوسێن خان برازای قازی محەممەد بوو. برازایەکی زۆر بە گوێدێر و بە مشوور بوو. لە فەرمانی حکومەتی قازی محەممەد ئەوەڵ عامیل و ئەندامێکی حەساس و فەعال بوو. لەگەڵ رووسەکان زۆر ئیتیسال و ئیرتیباتی باشی هەبوو. رووسەکان بۆ هێندی ئمووری جەنگی ئەوەیان بە پێشکەوتوو دانابوو. فێعلەن لە ملک و ئەساساتیشا لە قازی محەممەد دەوڵەمەندتر بوو.

**کەسایەتی ئەبولقاسم سەدری قازی**

سەدری قازی برا چووکەی قازی محەممەد بوو. لە هەڵبژاردنی پارلمانی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٢٢ (ئاگۆستی ١٩٤٣) دا، لە ڕێژە ١٤٨١٥ دەنگی مەهاباد و ناوچەکە، ١٣١٣٢ دەنگی خەڵکی هێنایەوە و بوو بە نوێنەری مەهاباد لە پەرلەمانی ئێراندا. بە پێی لاپەڕەی ١٥٧ی بیرەوەرییەکانی دوکتور شیرازی١٠ کەس لە نوێنەرانی مەجلیسی ئێران وەک موسەدیق و ئەڵایاری ساڵح و دوکتور موعەزەمی و سەدری قازی وەک نوێنەری مەجلیس لە لایەن دەوڵەتی شووڕەوی بۆ مەسکۆ دەعوەت کران و ڕێزی زۆریان لێگیرا بوو و بە چەندین شاران دا گێرابوویانن.

ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٨٩ی کتێبەکەی ئەبولقاسمی سەدری قازی بە پیاوێکی زۆر فازل و زانا دەناسێنی و دەنووسێ:

لە تەمەنی لاویدا لە بنەماڵەیەکی موحتەڕەمی سابڵاغ ژنی هێنا. دۆست و ئاشناکانی زۆریان خۆش دەویست و هەروەها خەڵکی شار بێئەندازە ڕێزیان لیدەگرت. لە ساڵی ١٩٤٣ دا کاندیدایەکی ناسراو بوو و بۆ نوێنەری مەجلیس ...

ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٩٠ دا لەسەر تاوانی سەدر دەنووسێ: ... سەهووی پڕ مەترسی سەدری قازی نوتقێک بوو کە لە مەجلیس دا کرد بووی و زۆر بە توندی دژی ئەرتەشی ئێران قسەی کرد بوو و هەروەها پشتیوانی لە حیزبی تودە کرد بوو.

میرزا محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٩٠ ی بەشی دووهەی کتێبەکەی دا لەسەر کەسایەتی سەدری قازی دەنووسێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەدری قازی برای قازی محەممەد بوو. زۆر خوێندەوار و دوورئەندیش بوو. حەزی بە ئاژاوە و ئەو حەڕەکاتانە نەئەکرد. ئەو لە قازی محەممەد باشتر تەقدیری مەوقفی سیاسیانەی ئەکرد. لە دەرورەی ١٤ هەمی مەجلیسی پەڕلەمانی ئێرانا هەتا نیهایەتی ژیان، نائبی سابلاغ بوو زیاتر لەو حەڕەکاتەدا هەر لە تاران دائەنیشت. هەتا ٢٠ رۆژ پێش ئینقلاب هەر لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی خەریکی ئیتیسال و رێکەوتنی بەینی حکومەت و قازی محمد بوو و بیرێکی دوورئەندیشی بێنینی گرتبووە بەر نەزەر. لای وابوو لە رۆژێکا رووسەکان ئەو تەشکیلاتە تێک ئەدەنەوە و ئەویش ئەتوانێ قازی محەممەد و موسەببەبینی ئەو حەڕەکاتە لە وەرتەی فەلاکەت بپارێزێ. جا بۆ ئەو جەهەتە هەمیشە ئیختلاتی شا و هەیئەتی کاربەدەستانی ئێرانی ئەکرد و لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا ئیتیفاقی نەهێنی بۆ ئەو مەوزوعە هێنابووە وجودەوە. بەڵام قازی محەممەد لە فەڕەحەتا فورسەت و قیمەتی ئەو قەراردادەیەی نەهێشتبوو. وەختێک قازی محەممەد بۆ تەنفیزی ئەو قەراردادەیە بەینی شا و سەدری قازی پەشیمان ببۆوە کە کار لە کار ترازابوو.

### ئێعدامی چوار ئەفسەری کوردی خەڵکی مەهاباد لە مەهاباد




یەک حەوتو دوای ئێعدامی قازییەکان لە رۆژی ١٣٢٦/١/١٧(١٩٤٧/٤/٠٧)دا، چوار ئەفسەری کۆماری کوردستان کە خەڵکی مەهاباد بوون و بریتی بوون لە حەمیدی مازوچی، عەبدوڵای رەوشەنفیکر، محەممەدی نازمی، رەسووڵی نەغەدەیان، لە مەهاباد لە سێدارەدران.

حەسەنی قازی لە سایتی ئینتێرنێتی دا، دەقی راگەیندراوی بڕیاری ئێعدامی ئەو چوار ئەفسەرەی بە کوردی هێناوە:

بەرواری ١٣٢٦/١/٢٤

ژمارە ١/٧٥٨/٤٦١

وەزارتی کاروباری ناوخۆ

ئیدارەی پۆلیسی گشتیی وڵات دایرەی پۆلیس

وەزارەتی کار و باری ناوخۆ

بە ئاگاداریتان دەگەیێنین. ئیداری پۆلیسی مەهاباد ڕادەگەیێنێ.

١- حامیدی مازووچی ٢- محەمەدی نازمی ٣- عەبدوڵا ڕەوشەنفکر ٤- ڕەسووڵی نەغەدەیی لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




ئەفسەرانی دێمۆکڕاتەکانی مەهاباد و لە هاوکارانی محەمەدی قازی کە لە جەبهەی سەردەشت و شوێنی دیکە بە دژی هێزی دەوڵەت ڕاپەڕینی چەکدارانەیان کردبوو و لە دادگەی زەمانی شەر دا بە ئیعدام حوکم درابوون و لە تەوریز زیندانی بوون شەوی٢٦/١/١٧ هێنرانە مەهاباد و سەعات ٢٤ (١٢ی شەو) دوای بە جێگەیاندنی ڕێوڕەسمی مەزەبی و قانوونی لە مەیدانی پەهلەوی کە لە خیابان هەڵکەوتووە لە دار دران و بۆ بەیانی سەعات هەشت تەرمەکان هێنرانە خوارێ و دوای بە جێگەیاندنی ڕێوڕەسمی ئیسلامی نێژراون و هێمنی و ئەزمیش بەرقەرار بووەلەلایەن سەرۆکی پۆلیسی گشتیی وڵات- سەرهەنگ حیسام وەزیری ١٣٢٦/١/٢٧

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١١١ بەرگی دووهەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." باسی تاوان و محاکمە و ئازایەتی لە رادەبەدری ئەو ئەفسەرانە دەکا و دەنووسێ:

محاکەمەی محەممەدی نازمی ژمارە (٥)

س- ئاغای کاپیتان محمدی نازمی، نازری تەخشائی لەشکری قازی محەممەد تۆ موتەهەمی بەوەی کە لەسەر تەبلیغاتی خاریجییەکان تۆغیانت کردوە بۆ موجەزای ئێران تێکۆشاوی. چەند غەوغا و حادیسەیەکی غەیرە قانوونیت لە ناوچەی مەهاباد دا هێناوەتە وجود، وڵامت چیە؟

ج- ئاغای تیمسار هومایونی ببەخشە ئەو فەرمودەیەت وەربگرەوە من بەقسەی هیچ خاریجییەک قیامم نەکردوە. مەعزوریەتی قەومی کورد، من و هاورێکانمی ئیجبار کردوە کە بۆ چارەی پاشکەوتنی کورد هەتا ئاخر نەفەس گیانمان لە ژێر پێی رەهبەر و پێشەوای بەرزی کوردستانا بەخت بکەین و تۆش لەوە زیاتر بە چاوی تەحقیر تەماشامان مەکە. چونکە قەزییەی کوردستان تەحقیر هەڵناگرێ.

محەممەد نازمی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیمزا



## محاکەمەی رەسوڵی نەغەدەی ژمارە (٦)

س- ئاغای کاپیتان رەسوڵ نەغەدەیی مەئمووری ئینزیباتی مەهاباد، تۆ موتەهەمی بەو مەسائیلانەی کە لە دەورەی قازی محەممەد دەرحەق بە حکومەتی شاهەنشاهی ئیجرا کراوە ولامت چیە بیلێ؟

ج- ئاغای تیمسار هومایونی و هەیئەتی دادگای خوێنڕێژی و دیکتاتۆری ئێران، ساعیقەی میللەت ئێمەی مەجبور کرد کە داوای موجەزائییەتی ئێران بکەین. حووبی وەتەنیەت ئێمەی هاندا کە لە پێناوی ئازادی کوردا گیانی خۆمان بکەین بە قوربانی. خوایش ئەکەم دوا رۆژی من لە دوا رۆژی ئەو نیشتمانپەرەستانە جیا مەکەوە کە کفنیان بە گوللەی دوژمنانی دیکتاتۆری ئێران سوور کراوە.

رەسوڵ نەغەدەی

ئیمزا

## محاکەمەی کبتان حامیدی مازوچی ژمارە (٧)



س- ئاغای حامیدی مازوچی مەئمووری سوقیاتی زەخایری لەشکری دێمۆکرات. تۆ موتەهەمی بە وەی کە لە جەبهەی سەقزا ئیشتراکی رێبەندان و براکوژی سەربازی دەوڵەتی شاهەنشاهیت کردوە.

ج- قەزییەی پێشکەوتن و سەربەخۆیی ٩،٥٠٠ ملیۆن کورد ئەوەنیە کە هەموو فەردێکی کورد ئیختیاری هەزاران مقازەفە و موخاتەراتی بۆ نەکا. ئەگەر ژیام واجباتی قەومی کوردم پێک هێناوە. ئەگەر شەهیدیش کرام ئەو لاوانەم خۆش بن کە وا من خۆمیانم بۆ کردن بە قوربانی.

حامیدی مازوچی

ئیمزا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## محاکەمەی ڕۆشن بیر عەبدوڵا خدر میرانی ژمارە (٨)

س- ئاغای عەبدوڵا خدر میران پێشکاری ڕەهبەری قازی محەممەد تۆ بەوە موتەهەمی هەموو ئەوامیرێکی غەیرە قانوونی قازی محەممەد بە هۆی تۆوە تەبلیغ و دابەش کراوە و بە هەموو ئیسرارێکی قازی محەممەدت زانیوە لەبەر سەداقەتی یەک ڕووحی.

ج- بەڵێ ئەسلەن من سەداقەتی ڕووحیم لەگەڵ قەومی کوردا هەیە و ڕەهبەر و پێشەوای موعەزەمی کوردیش جەنابی قازی محەممەد ڕووحەنا فیدا، یەکێکە لە ئەفرادی کورد. بەڵام لەبەر ئەوەی کە شعووری ٩،٥٠٠ میلیۆن کورد ئەوی خستۆتە حەرەکەتەوە و مۆقەددەراتی هۆزی کورد لەم مەسئول کراوە، بە واجباتێکی قەومی شەڕافەتمەندانەم زانیوە کە لە ڕێگای پێشکەوتنی ئەم بەرزبونەوەی ئیستقلالی کورد فیداکاری و دڵسۆزی بکەم. وە ئەوەش ئەم بەسەرهاتەی منە بە هەر شتێک کە تەلەقی ئەکەن منەتتان لێنازانەری، چونکە ڕەزمەندانی نیشتمانم لە دڵ ئازوردەگی ئیمپراتوریەتی موڕتەجیعی ئێران بە لاوە موقەدەس و پیرۆزترە.

عەبدوڵا خدر میران

ئیمزا

بە گوێرەی لاپەڕەی ١١٦ی کتێبی "اسرار محاکمه قاضی محمد و یارانش" شارەوانی گشتیی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی ئێران، لەسەر لە سێدارەدانی ئەو چوار کەسە ڕاگەیەندراوی خوارەوەی بڵاو کردەوە:

مێژوو ٢٦/١/٢٤

ژمارە ٧٥٨/٤٦١/ ١ وەزارەتی ناوخۆ

شارەبانی گشتیی ئێران

بە ئاگاداریی بەڕێزتان دەگەیەنین. شارەبانی مهاباد ڕادەگەیەنێ.

١- حامیدی مازوچی ٢- محەمەدی نازمی ٣- عەبدوڵا ڕۆشن فیکر ٤- ڕەسووڵی نەغدە کە ئەفسەری دیموکراتەکانی مهاباد و هاوکاری محەمەدی قازی بوون لە بەرەی شەڕی سەردەشت و شوێنی دیکە دژی هێزەکانی دەوڵەت ڕاپەڕینی چەکدارانەیان بەڕێوەبردوە، لە دادگای سەردەمی شەڕدا بە ئیعدام تاوانبار و لە تەوریز زیندانی بوون، شەوی٢٦/١/١٧ هێنرانەوە بۆ مهاباد و دوای بە جێگەیاندنی ڕێوڕەسمی ئایینی و یاسایی، کاتژمێر ٢٤:٠٠ - ١٢ی نیوە شەو، لە گۆڕەپانی پەهلەوی هەڵکەوتوو لە خەیابان لە سێدارە دران و کاتژمێر هەشتی بەیانی تەرمەکانیان هێنرایە خوارەوە و دوای بە جێگەیاندنی ڕێوڕەسمی ئاینی ئیسلام نێژراون و هێمنی پارێزراوە.

لەلایەن سەرۆکی پۆلیسی گشتیی وڵات - سەرهەنگ حیسام وەزیری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**شەهیدانی نەغەدە**

بە روونی ئاماری ئێعدام و تیرباران کردنی نیشتمانپەروەرانی کورد و ئازەری لە دەست دانییە. بە پێی لاپەڕەی ٣٣٣ ی دوکتور ڕەحیمی قازی و بە نەقڵ لە لاپەڕەی٣٧ی کتێبی "تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی" لە داردراوانی ڕێگای ئازادی لە شاری نەغەدە بریتین لە: ئەحمەدی وەستا حەسەن، وەستا برایمی بەننا، عەوڵای مینە خالّندی، مارف پوور زەریف، هاشم هەمزەوی و ژمارەیەکی تر...

**ئێعدامی سەربازانی بەرەی شەڕ**

لە درێژەی ئیعدامی ڕێبوارانی ئازادی دا، دەوڵەتی ئێران لەو کەسانە خۆش نەبوو کە بەرەی شەڕی کوردستانیان بەجێهێشت و لەکاتی خۆی دا رازی نەبوون کورد بکوژن. بە پێی لاپەڕەی٣٣٣ ی ڕەحیمی قازی و بە نەقڵ لە ڕۆژنامەی "ئێران" چاپی ١٩٤٧ هێندێک لەو سەرباز و دەرەجەدارانەی کە کورد، یان ئازەری بوون و لە بەرەکانی شەڕی کوردستان دا، سەنگەری هێزەکانی ئێرانیان بەجێهێشت و تێکەڵ بە پێشمەرگە بوون، دوای لە سێدارەدانی قازییەکان بە بێ محاکمە لە دار دران. ئەوانە بریتین لە:

عەوڵای ئازەرکەدە، غولام رەزای قادری، ئەحمەد حەسەن سادە، عەبدولای کەریمی، خەیروڵای عەبدی، بویوکی شاتری پور، عەلی ئەکبەری ئولفەتی، محەمەد عەلی نیساری، عەبدوڵای ئامووزدە و ئەشرەفی پەڕتەوی.

**ئێعدامی ئەفسەرانی کوردی باشوور، لە عێراق**

بە دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان دا، لە ڕۆژەکانی ئاخری خاکەلێوەی ١٣٢٦دا، دەوڵەتی نوری سەعید جیا لە مەلا مستەفا، هەموو بارزانییەکانی عەفوو کرد. بەدوای ئەو بڕیارەدا، هەموو ژن و منداڵ عەشیرەتی بارزانی بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەد، گەڕانەوە بۆ عێراق. لە نێوان ئەوانە دا چوار ئەفسەر کورد بە ناوەکانی، سەرهەنگ مستەفا ، سەرهەنگ عیزەت عەبدولعەزیز، سەروان محەممەد خێرۆڵلا عەبدولکەریم و سەروان محەممەد مەحموود قودسی، کە لە سوپای کۆماردا خەباتیان دەکرد، پەنایان بۆ دەوڵەتی عێراق بردەوە. ئەوانە سەرەڕای هەوڵ و تەقەلای کوردەکانی نیشتەجێی بەغدا و سولەیمانییە، بە تاوانی راکردن و خەیانەت بە ئەڕتەش و پەیوەست بوون بە شۆڕشی بارزانی و بەشداری لە کۆماری کوردستاندا، لە ڕۆژی١٣٢٦/٣/٢٩( ١٩٤٧/٠٦/١٩) دا، لە بەغدا ئیعدام کران.

عیزەت عەبدولعەزیز لە کاتی رووخانی کۆماردا فەرماندەری هێزێکی بارزانی بوو لە بەرەی ساین قەڵا. خیروڵا عەبدولکەریم لە کاتی گەڕانەوەی بارزانییەکان بۆ عێراق زۆر نەخۆش بوو. محەمەد قودسی و پێشمەرگەیەک بە ناوی جەلال ئەمین، دوای ٣ ڕۆژ برسێتی و سەرما و سەخڵەتی لە چیای لۆلان، خۆیان تەسلیمی عیراق کردەوە.

محەمەد قودسی کوڕی مەحموود ئەفەندی ڕەسام بوو کە ساڵی ١٩٢١ لە شاری قودس لەدایك بوو. ئەوکات محەموود ئەفەندی ئەفسەری دەوڵەتی عوسمانی بوو، بەڵام لە لەلایەن سوپای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئینگلیزەوە ئەسیر و زیندانی کرا. مەحموود ئەفەندی دوای ئازاد بوون گەڕاوە بۆ سلێمانی و محەمەدی کوڕی لەوێ چۆ بۆ قوتابخانە و دواتر خوێندنی لە بەغدا تەواو کرد. محەممەد هەر لەوێ کۆلیجی سەربازیشی تەواو کرد و بە پلەی ئەفسەری، لەشارەکانی هەولێر و ڕەواندز دەستی بە کار کرد.

قودسی زۆر زوو تێکەڵاوی سیاست بوو و لە ساڵی ١٩٣٨ چووە نێو کۆمەڵی برایەتی و دواتر پەیوەندی بە حزبی هیواوە کرد و لە باڵی سەربازی ئەو حزبە دا دەستی بە تێکۆشان کرد. ئەو لە ساڵی ١٩٤٥ ریزی سوپای عیراقی بەجێهێشت و پەیوەندی بە جوڵانەوەی بارزانەوە کرد و دواتر لە گەڵ بارزانییەکان لە ئەرتەشی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دا دەستی بە خزمەت کرد.

محەمەد قودسی وتاربێژێکی گەورە بوو و شیعری نیشتمانی و نووسراوەی زۆرن، وەک بزووتنەوەکانی بارزان، نیشتمان و نیشتمانپەروەری چیە؟ چیرۆکی "نەسرین".

مستەفا خۆشنا و ئەنوەر دلسۆز، بەرەو ورمی چوون تا بەرەو رووسیە برۆن. لە نیو عەشیرەتی کوێرە سونیان مەترسی ئەوەیان لێ پەیدا بوو کە تەحویلی ئێرانیان بدەنەوە، بۆیە گەڕانەوە و چوونە مەرگەوەڕ بۆ لای سەید عەبدوڵا ئەفەندی. لەوێ سەید عەبدوڵا نامەی بۆ شێخ ئەحمەدی بارزان نووسی کە لەسەر ئەو کارەی کە گوایا کاتی خۆی مستەفا بە دژی بارزانییەکان نووسیبووی، بیانبەخشێ.

مستەفا خۆشاو لە گەورە فەرماندەرانی بەرەی سەقز بوو. لە کاتی خۆی دا لەگەڵ هێزی بارزانی وردە کێشەیەکیان لێ پەیدا. محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٥٢ بەشی دووهەمی کتێبەکەیدا ئاماژە بە کێشەی مەلا مستەفا و مستەفا خۆشناو دەکا و دەنووسێ:

هەتا مستەفا و مەلامستەفا لەسەر مەسەلەی ئیستلامی زەخائیر تێکچوون. مەلامستەفا ئەیەویست لە ئیستیحقاقی نەفەراتی جبهە زیاتر بە قەڵەمی مستەفا زەخیرە وەربگرێ. بۆ ئەوەی کە فەزڵی زەخیرەکە بە نیسبەتێکی عادڵانە بەسەر عائیلەی سەربازەکانا دابەش بکرێ. بە حووجەتی ئەوەی کە مادام مووچەیان نییە، ئەبێ ئەو پێشمەرگەی بارزانیانە بەو فەزلەی زەخیرە قەناعەت بکەن و پێی بژین. مستەفا یش ئەیگووت مادام ڕەسمەن موقەڕەر نییە کە لە موجودی نەفەراتی جەبهە زیاتر خاروبار وەربگری، هەر پێشمەرگەیەک لەوە زیاتر وەربگرێ ئەبێ بە خەیانەت لەگەڵ حکومەتی کوردستان. لەسەر ئەو مەوزووعە قازی محەممەد ئێعتیمادێکی زۆری خستە سەر مستەفا و بردییەوە بۆ سابلاغ. هەتا نیهایەت کرد بووی بە فەرماندەی پولی ٣ ناو نەفەری و عیزەت عەبدولعەزیزیش لە جێگای مستەفا خۆشنا لەسەر سیقەی مەلا مستەفا کرا بە فەرماندەی جبهەی سەقز هەتا نیهایەتی حەڕەکات. هەبوو.

ڕەحیمی قازی لەسەر ئێعدامی ئەو چوار ئەفسەرە لە لاپەڕەی ٣٣٤ی کتێبەکەی دا، دەنووسێ کە لە ڕێکەوتی ١٨ی ژوئەنی ١٩٤٧دا، دەوڵەتی ئێران داوای لە بەغدا کرد کە ئەو چوار ئەفسەرە کە بریتی بوون لە مستەفا ، عیزەت عەبدولعەزیز، محەممەد قودسی و خێروڵا عەبدەولکەریم کە لە ڕێکخستن و دامەزرانی شەڕەکانی کوردستان دا دەستی باڵایان هەبوو، تیرەباران بکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوانە لە بەغدا شەهید کران و لە لایەن خەڵکەوە تەرمەکانیان بە ڕێزەوە هێنراوە بۆ کوردستان و لە شارەکانی خۆیان نێژران. هەواڵی شەهید بوونی ئەو نیشتیمانپەروەرانە لە رادەیەکی بەربڵاو لە رۆژنامەکان دا، بڵاوبووە. تەفرشیان لە لاپەرەی ٣١٩ی کتێبەکەی دا، لەسەر کەسایەتی خەیروڵا عەبدولکەریم لەژێر سەردێڕی "کوڕم خەیری" ئاوا ڕووداوی دڵتەزێنی خەیری و دایکی لە چەند لاپەڕە دا دەگێڕێتەوە: خەیری ئەفسەری سوپای عێراق بوو و لە کۆماری کوردستان دا پلەی سەرهەنگی پێدرا و لە مەهاباد ژنی هێنا. ئەو بە تەمەن لە سەروی ٤٠ ساڵ بوو بەڵام ئازایەتی و گورجوگۆڵی و سوارچاکی، هەر تەمەنی ٢٠ تا ٢٥ ساڵی نیشان دەدا. خەیری ئینسانێکی دڵگەش و گەش بین بوو و لەو دوایانەدا کاری دابین کردنی بژیوی بارزانییەکانی بەدەستەوە بوو. لە کاتی پاشەکشەدا خەیری نەخۆش کەوت و بڕیاری دا خۆی تەسلیمی عیراق بکاتەوە. دوای خۆ تەحویل دانەوە لە شاروچکەی دیانا تێکەڵ بە ئەفسەرانی ئێرانی کرا کە خۆیان تەسلیم بە عێراق دەکرد و بە دوو لۆری و لە ژێر چاوەدێری توندی سەربازانی عێراقی بەڕی کران بۆ بەغدا. هێشتا لە دیانان زۆر دوور نەکەوتبوونەوە کە دایکی کە خەیری لەگەڵ خێزانی لە شنۆ بەجێی هێشت بوون، لەسەر رێی ماشێنی لۆرییەکان چەقی و داوای کورەکەی کرد و هاواری کرد″ کوڕم خەیری! کوڕم خەیری″. سەرباز وڵامی دایکیان نەداوە و هەرچەند بە زۆر خۆی بە سەر ماشێنەکەدا کێشا و بۆ دیتنی کوڕەکەی پاڕاوە و جنەی گرت، بەڵام سەرباز پیلیان گرت و بە رەکێش کردن، فڕێیان دایە ناو جۆگەیەک.

مەترسی لەدەست دانی ئەولاد، دایکی شێت کرد بوو و ئەوە نەبوو کە ئەو دەست هەڵبگرێ و نەیدەویست بە هیچ قیمەتێک کوڕەکەی لەدەست بدا. پاشان سەربازەکان زیندانییەکانیان بردە پادگانێکی ئەرتەشی. سەیر لەوە دابوو ئەگەر تەماشایان کرد، دایکی خەیری بەر لەوان خۆی گەیاند بووە ئەویٚ و لە گۆشەیەک هەڵتروشکابوو و چاوەڕوانی کوڕەکەی بوو. سەربازەکان مۆڵەتیان دا، دایک چەند سەعاتێک کوڕەکەی ببینێ و دایک بێ ئەوە یەک کەلیمە لەگەڵ کوڕەکەی قسە بکا هەر چاوی لە چاوی دەکرد و دەیگوت: کوڕم خەیری! کوڕم خەیری.

بەیانی خەیری و ئەفسەرانی ئێرانییان بردنە کەرکوک و لە واگونی تایبەتی و بە دەستی بەستراوە و کەلەپچە کراو سواری قەتاریان کردن و لە ژێر چاوەدێری کێشکچی دا، بەڕیان کردن بۆ بەغدا. هێندەی پێنەچوو دایک خۆی گەیاندە پشت دەرکەی واگۆنی قەتارەکە و بە ناڵە و زاری و نوزەنوز و پاڕانەوە داوای کرد کە کوڕەکەی ببینێ. بەڵام ئینسانییەت لە ویژدانی ئەو نامروڤانە باری کرد بوو. فەرماندەکە کەسێکی لاوی نائینسان و ناجسن بوو و رازی نەبوو دەرکەی لیٚ بکاتەوە. ئەو بە فەخرەوە لەسەر کەلپچەکردنی زیندانییەکان دەیگوت:

کەلەپچە ئابڕووی حکوومەتی عێراقە. وەزیرەکانی رەشید عالی گەیلانی هەموویان بەم دەستبێنە چوونە بەر پێی دار و دەبێ ئێوە شاناز بن لەم ئابڕووە دا پشکێکتان بەرکەوتووە.

ئەو شەوە دایک تا بەیانی ناڵاندی و پاڕاوە و دەیگوت کوڕم خەیری و خەیریش لەبەر ژانی لەشی هاوری دەکرد ″ لەرێی خودادا بمبەنە دوکتور″.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




ئەوانە بۆ بەیانی گەیشتنە بەغدا و بردیاننە زیندانی مەرکەزی سەرا و لە ژوورێکی پیس و پۆخڵ دا زیندانیان کردن. دایکی خەیری خۆی گەیاندە ئەوێش و لە پشت دەرکی زیندان حازر بوو و دوای نیو سەعات توانی پرێسکەیەک کە کەمێک نانی ویشک و هەشت نۆ دەنک خورمای تێدابوو، بە هۆی پۆلیسێکەوە بگەیەنێتە دەستی کوڕەکەی.

دوای ٣ رۆژ ئەفسەرانی ئێرانی دران بە زیندانی ئەبووغەریب و خەیریش درا بە دادگای ئەرتەش. بەر دەرکی دادگای ئەرتەش بوو بە پاتوق و مۆڵگەی دائیمی چاوەڕوانی دایکی خەیری کە روون نەبوو بە چ وەهمێک دەیتوانی لە هەموو شوێنێک کوڕەکەی ببینێتەوە. کاتێک خەیریان دەبرد بۆ دادگا یان هەر شوێنێک، دایک بە دوای دا دەچوو و کاتێک کە دیانهێناوە ئەویش دەهاتەوە. حاکم و کاربەدەست و ئەفسەرانی دادگا هەموو دایکی خەیرییان دەناسی و ئەو لەبەرانبەر بە هەر بەڵێنێکی ئەوان دا، تەنیا یەک داوای هەبوو"کوڕەکەم بدەنەوە بیبەمەوە بۆ ماڵ".

ئەو وەزعە درێژەی کێشا تا لە بەرەبەیانی رۆژی ١٩ ی حوزەیرانی ١٩٤٧دا، خەیروڵا عەبدولکەریم و ٣ ئەفسەری دیکەی بەشداری کۆماری کوردستان، سەرهەنگ مستەفا ، سەرهەنگ عیزەت عەبدولعەزیز و سەروان محەممەد مەحموود قودسی لە دار دران. خەیروڵا بەر لە ئێعدام دوو رەکەعەتی نوێژ خوێند و لە پای دار دا گوتی: من لاوێکی کوردم و شانازی دەکەم لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان دا دەمرم...

لە ئاخر دا خەیروڵا داوای کرد تەرمەکەی بدەنەوە بە دایکی. هەر ئەو رۆژە هەواڵی لە دار دانی خەیری درا بە دایک، بەڵام ئەو هەر دەیگوت: کوڕەکەم بدەنەوە دەیبەمەوە بۆ ماڵێ.

تەرمی خەیری بە بێگیانی دەراوە بە دایکی. چەند کوردێک هاوکاریان کرد و ماشێنێکیان بۆ گرت و تەرمەکەیان لە پشتەوە دانا و بردیانەوە بۆ هەولێر. لە بەغدا تا هەولێر، دایک بە بێ ئەوەی بگریی و شین بگێڕێ، سەری لە لای سەری کوڕەکەی دانا و دەیگوت: کوڕم خەیری سەخڵەت مەبە، هەر بگەینەوە ماڵی چاک دەبێیەوە.

بەیانی خەیری لە گۆڕستانی شار نێژرا. ئەو شەوە دایک ون بوو. بەیانی دایکی خەیریان لە سەر گۆری کورەکەی دەیتەوە، سەری خست بووە سەر گۆڕەکەی و مرد بوو.

بە پێی رۆژنامەی خەباتی ژمارە ١٤ی ساڵی ١٩٥٩ ئەو ئەفسەرانە لە وەسیەتی خۆیان دا نووسیبوویان:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

برایان ئێستا کە ئەم نامەیە دەنووسین لە ژیانی ژێردەستی ئیستیعمار دا بە هەموویەوە ١٤ سەعاتمان ماوە ...

خۆمان زۆر بەختەوەر دەزانین کە بەرامبەر واجبی نەتەوایەتی هیچ دوا نەکەوتووین. تەنیا نەسیحەتی ئێمە ئەوەیە کە لاوان و نیشتمانپەروەرانی کورد چاوترسێن نەبن و یەکیەتی بکەنە دروشمی خۆیان بۆ شکاندنی تەوقی ئیستیعمار و ڕەزگارکردنی هەموو نەتەوەیەکی زۆر لیکراو بە بی جیاوازی...

بە گشتتی، ژمارە و ئێعدامی ڕێبەر و کاربەدەستانی کۆماری کوردستان، لە پێنج ڕێکەوتی جیاواز دا، بە شێوەی خوارەوە بوو. یەکەم دەستەی ئێعدامی کاربەدەستانی کۆمار لە ڕێکەوتی ١٣٢٥/١١/١٦(١٩٤٧/٢/٦) لە شاری سەقز بوو کە بریتی بوون لە ١١ یازدە کەس لە قارەمانەکانی بەگزادەی سەقز بە ناوەکانی ئەحمەدخانی فاررووقی، عەبدوڵاخانی مەتین، محەممەدخانی دانیشوەر، محەممەدخانی فەیزوڵڵابەگی، حەسەن خانی فەیزوڵڵابەگی، عەلی خانی فاتیح، ئەحمەدخانی شەجیعی، رەسووڵ ئاغای مەحموودی، عەلی ئاغای جەوانمەردی، شێخ سدیقی ئەسعەدی و شێخ ئەمینی کەسنەزانی.

دووهەمین دەستەیی ئێعدام بریتی بوو لە ئێعدام نەمر عەلی بەگی شێرزاد (یەکشەوە) لە ڕۆژی ١٣٢٥/١١/٢٥ (١٩٤٧/٠٢/١٤) لە سەر حەوزە گەورەی بۆکان.

سێهەم دەستەی ڕێبەرانی کورد بریتی بوون لە پێشەوا قازی محەممەد، محەممەد حوسەین خانی سەیفی قازی و میرزا ئەبولقاسمی سەدری قازی(صدر الاسلام)، کە لە ڕۆژی ١٣٢٦/٠١/١٠ (١٩٤٧/٠٣/٣١) لە مەهاباد ئێعدام کران.

چوارەم دەستە بریتی بوون لە ئەفسەرانی کورد کۆماری کوردستان بە ناوەکانی حامید مازووجی، محەممەد نازمی، ڕەسووڵ نەغەدەیی و عەبدوڵڵا رەوشەنفیکر کە لە ڕۆژی١٣٢٦/١/١٧ (١٩٤٧/٠٤/٠٧) لە شاری مەهاباد ئیعدام کران.

پێنجەم دەستەی بریتی بوو لە چوار ئەفسەرە کوردی باشووری کوردستان بە ناوەکانی مستەفا ، محەممەد خەیروڵڵا، محەممەد مەحموود قودسی و عیزەت عەبدولعەزیز. ئەوانە هاتبوونە ناو سوپای کۆماری کوردستان و دوای رووخانی کۆمار گەڕابوونەوە باشووری کوردستان و بە فەرمانی دەولەتی عیراق، لە ڕۆژی١٣٢٦/٣/٢٩( ١٩٤٧/٠٦/١٩ ) لە بەغدا ئیعدام کران.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٤٩

### پاداشی خەیانەتی عەشایر

عەشایر و کەسانی خائین و خۆ فرۆش لە بەرانبەر بەو هەموو خەیانەت و نیشتمان فروشێی کردیان، دەسکەوتێکی وایان نەبوو و غەیرە سەرشۆڕی چیان بۆ نەما. ئەوان لە بڕی کارە دزێوەکەیان چاوەڕوانی پلە و پۆست و مەقام بوون و دەیانەویست پێگەی کۆمەڵایەتیان بەرنەسەر و لە نامە و تێلگرافەکانیان بۆ بەرپرسانی رێژیم، ئەوەیان نە دەشاردەوە و داوای بەسەر کردنەوە و لوتف مەرحەمەتی شاهانەیان دەکرد.

بەڵام ئەو گرینگێی کە دەبوایە لە بری ئەو خەیانەتەی کە بە میللەتەکیان کرد، پێیان نەدرا و نرخێکیان بۆ دانەنان. هێندێک لەوان بە ڕادەیەک نائومێد بوون کە کاربەدەستانی دیکە دەوڵەت بۆیان دەپاڕانەوە کە دەوڵەت چاوێکی بەسەریانەوە بێ. بە پێی کتێبی "اسرار محاکمە قاضی محمد ویارانش" بە رێکەوتی ١٣٢٨/٢/٢٦ لە وەزارەتی شەڕ، را سەرۆکی وەزیران ئاگادار کراوە کە وەزارەتی کشوەر بۆ پۆستی بەخشداری نەغدەدە، بۆ مام عەزیزی ئەمیر عەشایری رازی نەبووە. لەو بەڵگەیەدا دەنووسێ کە ٢ ساڵ بە سەر کێشەی کوردستان تێدەپەڕێ، ئەگەر بۆ دڵدانەوەی ناوبراو هەنگاوێک ناویشترێ، ئەو نائومێد دەبێ و لەسەر ورەی ئەو و خەڵکی ناوچە کاریگەری خراپی دەبێ. خەڵکی ناوچە پێیانخۆشە ئەو لەبەرانبەر بە خائینین دا سەربڵیند بێ، بۆیە گرینگی بدرێ بە خزمەتەکانی لە رابردوودا و بڕیاری پێویست بدرێ.

هەروەها لە حەوتەنامەی "کوهستان"ی ژمارە ٨٢ دا، نامەیک بە واژۆی ٤١٨ کەس بڵاو بووەوە کە داوا لە قەوام دەکا کە رەحمەتی شافعی وەک نوێنەری مەجلیسی شورای میللی ئێران، لە مەجلیسی ١٥ دا بناسرێ. دیارە محەممەد ئاغای عەبباسی دێبۆکری، ئاغای ئاوایی سەرا، کە لە کاتی کۆمار دا ماڵەکەی بەجێهێشت بوو و ببوو بە مەقەڕی حیزب و چوو بوو بۆ تاران، لە دوای کۆمار دا بوو بە نوێنەری پارلەمان لە تاران.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٢٦ ی بەشی دووهەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." لەسەر چارەنووسی عەشائیری خائین لە ناوچەی بانە دەنووسێ: لە دوای ئینقرازی حکومەتی دیمۆکرات ئاغای عەبدوڵابەگی سەرحەدی کرا بە سەرپەرستی نگهبانی حدود و مەعمووڕانی ئەسلەحەچنی عەشایری بانە بەڵام لە دوای چەند رۆژێک لەترسی گرتنی ئێرانییەکان ئەویش فەرارەن هاتە عێراق و چوو بۆ دێی گرمەکێ ناحیەی پێنجوێن هەتا نیهایەتی ساڵی ١٩٥٠ نەوێرا بچێتەوە بۆ سەیرانبەندی ئێران. و عبدالە خانی شەهیدیش کرا بە سەرپەرەستی نیگەهبانی پاسگای رێگای بەینی بانە و سەیرانبەن و کانی مەلائەحمەد و حدودی دەشتی کانی دزان و ٣٠ی نەفەرێک ئەمنیەی مەحەلی بە موقەڕەڕاتی مەخسوس بۆ یەقینی کرا. بەلام لە تەشکیلاتی ئەخیرا ئەو نەفەراتەیان بۆ هێنایە سەر (٥) ئەمنیەی فەخری.

لەدەستەی ئاغای رۆستەمی و قادرخانی ئارمەدە و حەمە رەشیدبەگی بلەکیش، تا ئەندازەیەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو ئووسووله رەعایەت کرا و چەند نەفەرێکی ئەمینەی مەحەلییان بۆ تەعین کردن. بەڵام حقوق و موچەکانیان لە لایەن ئەفسەرانی مەخسوسی ئێرانی دەخورا و بە نەفەراتەکان نەئەگەیشت و بە ناوی سەوابقی شەهریوەری ١٣٢٠ تەنها حەمەبەگە رەقەیان گرت. لە پاش مدەتێک فشار و رووتانەوەی پوڵ و پارەیەکی کە پێیانەوە شک ئەبرد بەرەڵایان کردەوە و بە ٩ هەزار تمەن مەشمولی عەفووی شاهانە کرا. بە تەئسیری فشاری ئاغای حەمەبەگی رەقە، ئاغایانی حەمە سەعیدبەگی بەهرامی و حەمەسەلیم بەگ و حەمەئەمین بەگی بەهرامی ناوان هاتنە عێراق.

حکومەتی عێراق تا نیهایەتی ساڵی ١٩٤٨ لە کەرکوک خانە شاری کردن و مانگێ ٧٥٠٠ دیناری بۆ بریبوونەوە. بەڵام ئەخیرەن لە لایەن عێراقەوە ئازاد کران و تەسلیم نەفسیان بە ئێران کردەوە. بە ئیستێنادی ئەمری عەفووی شاهانەی ژمارە ١٣٢٦/٢/١٨/١٧١٦ و ٢٤/١٧٦٧٢/ ئابان ١٣٢٦ و سابیقەدارانی ئێرانی ئیستناد بەو ئەمری عەفووی شاهانە، لە هەموو لایەکەوە خۆیان بە حکومەتی ئێرانی موعەرەفی کردەوە. بەو پێیە نەهایەت بە قچای ئێرانی درا. هەموو عەتفی حکومەتی ئێران بەرامبەر بەو هەمووە خیانەت و گەردەن کێشێ و هەڵگەرانەوەی بانەیی لە دیمۆکرات تەنها ئەو ٢٧ تۆن شەکرە بوو کە ئەویش هەتا ئێستا بە ئاغایان نەگەیشتوە و بەڵکوو بە سایەی ئەو قەندە شوومەوە نزیکی ٧٠٠ تفەنگێکیان خاریجی حەقایق، بە ناوی سەرهەنگ سڵامتانەوە، تەسلیم بە ئاغای سەرهەنگ ئایرۆم کردەوە بە ئیزافەی تفەنگە حەقیقییەکانی خۆیان.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٢٤ ی بەشی دووهەمی کتێبەکەی دا، باسی سوکایەتی ئەفسەرانی ئێران بەو عەشایرانە دەکا کە ببوون بە پیاوی خۆیان و دەڵێ کە چۆن ئەوان لە پیناوی بەڵێنی شەکر و قەند دا زەلیل کرابوون و بە فێڵ لیستەی چەکداریان لە بری بەشە قەند، پێ زیاد کردوون و دوایەش نەتەنیا قەندیان نەداونێ تەفنگەکانیشیان پێکرِیون و لێ ئەستاندنەوە.

ئەو عەشاییرانە لە چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتی و گیروگرفتەکانی خەڵکیش دا هەر دەستیان نەدەڕۆیی و حیسابیان بۆ نەدەکرا. عەبدوڵای قازی لە لاپەڕی ١٠٩ی وڵاتی من دا، دەنووسێ:

ئەوجار دەوڵەت بە نێوی جۆراوجۆر بەڵام لە راستی دا بە بیانووی پشتیوانی لە کۆمار،ماڵیاتی خستە سەر هێندێك بنەماڵەی سەرەکی پشتیوانی کۆمار. یەکێك لەو بنەماڵانە عەشیرەت و ئاغا و بەگزادەی ئاواییەکانی دەورووبەری یاڵاوە بوو. ئەوانە زۆر نەدار و فەقیر و دەستەنگ بوون. سۆفی مەجید لەو ئاغایانەیە و پیاوێکی کەڵەگەتی باڵا بڵیندی جوان چاکی ردێن سپی درێژ بوو. بە دوای رووخانی کۆمار دا رۆژێك دەچێتە ماڵە میرزا رەحمەتی شافعی کە زۆربەی ئاغا و شێخ و کەسایەتییەکانی ناوچە و هێندێك پیاوی ساواك لەوێ دەعوەت کرابوون. ئەویش دەچێتە ژووری و سڵاو دەکات، بەڵام رێزو قەدرێکی وای لێنانێن و بە هێندی ناگرن. دوایە روو لە عالەمەکەی دەکا و دەڵێ:"ئاغایان ئەورۆ ئێوە دەستتان دەروا، ئێوە دەزانن ئێمە فەقیر و کەسادین و هیچمان نییە و ئەو ماڵیاتەمان پێ نادرێ، ئێستاش پیاوی چاك بن یارمەتیمان پێبکەن تا ئەو بڕیارە هەڵوەشێ".

ئەویش ئەوان پێی پێدەکەنن و گەمەی پێدەکەن.

سۆفی مەجید هەڵدەستێ و بە دەنگێکی بەرز یەك بە خۆی هاوار دەکا:"ئەی بابە ڕۆ ئەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بابە پشتم شکا، ئەی هاوار ئەو کوردستانە بۆ پیاوی تێدا نەما. ئەی هاوار قازی مەحەمەد، ئەی هاوار حەمە حوسێن خان، ئەی هاوار بابە پشتم شکا. ئەی هاوار ئەوە ئەو کوردستانە بۆ پیاوی لێبڕا، جا بە ئێوەش دەڵێن پیاو. بە ئێوەش دەڵێن ئاغاو رەئیس عەشیرەت". ئیدی هەڵدەستێ دەڕوا.

ئەوەی کە عەشایری سەر بە رێژیم بێ دەستەڵات بوون و قسەیان زۆر نەدەڕۆیی، بوو بە هۆی ئەوە کە کەسانی لایەنگری کۆمار، لە کۆمەڵگا دا زیاتر بێ ریزیان بکەن. عەبدوڵای قازی لە لاپەڕی ١٠٩ی وڵاتی من دا دەنووسێ:

ئەمن دەزانم ئەوانەی خەیانەتیان بە کۆمار کرد بە تایبەتی عەشایر، دوای چەند ساڵان چۆن لەبەر دەستی خەڵکی دا زەلیل و داماو ببوون و زۆرجار نەیاندەوێرا بچنەوە و رێگای ماڵە خۆشیان نەبوو. یەك لەوان کە رقی کۆماری بە ماڵە قەرەنیاغای رشت، مەلا ساڵەی پەسوێ بوو. ئەو ئینسانێکی ئازاو نەبەز و گونێڵ بوو و بە تۆڵەی ئەو خیانەتەی، داری لەسەر بەردی نەهێشتن و وێرانی کردن. ئەو تۆڵەی رابردووی لێ دەکردنەوە. دیارە هێندێك خەڵکی خراپ بە هاندانی کەسانی خائین، دەیانگووت کە مەلا ساڵە ئەرمەنییە و سوونەت نەکراوە و شتی خراپیان وەدوو دەخست. بەڵام ئەمن دەزانم کە مەلا ساڵە چی دەویست. ئەو دەیگووت: ئەگەر دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوێ دەزانم چۆن تۆڵەی پێشەوایان لێدەستێنمەوە.

بەگشتی خائینان نە لە لای دەوڵەت رێزیان هەبوو نە لە لای میللەت. سەرەڕای زەبر و زەنگی رێژیم، سوکایەتی بەوان لە نیو خەڵک دا بەردەوام بوو. مەلا عەزیزی ئەحمەدی دەگێڕێتەوە: لە "میراوێ پیاوێکی وەنێوکەوتووی لێ بوو، جارجار دەهاتە حوجرەی فەقێیان و حەکایەخوانی بۆ دەکردین. جارێک گوتی فەقێینە بە دوای رووخانی کۆمار دا نەماندوێرا بە سواری کەری بچین بۆ مەهاباد. منداڵ لێن وەخڕ دەبوون و دەیانگوت ئەوە مەلا خەلیلی لەچی دەگێڕن.

عەشایری سەر بە رێژیم، لە رادەی خراپی و چەوتی کاری خۆیان ئاگادار بوون و دەیانزانی کە ئەو رێژیمەی کە هەموو نیشتمان و وڵات و کەس و کاری خۆیانیان بۆ فیدا کرد، هێچیان بۆ ناکا. ئەوان و تەنانەت کاربەدەستانی سەرووی رێژیمیش دەیانزانی کە لە لای خەڵک چەندە نا خۆشەویستن. ئەرتەشبود فەردووست باسی ساڵی ١٣٢٧ دەکا و دوای ئەوە لە لاپەڕەی ١٥٣ بەشی یەکەمی کتێبی "سەلتەنەتی پەهلەوی" دا دەنووسێ کە شا سەردانی ئازەربایجانی شەڕقی و غەڕبی کرد و لە لایەن عەشایری کورد زۆری رێز لێگیرا، دەڵێ کە پییان گوتبوو کە بە هۆی کوژرانی قازی محەممەد لە مەهاباد خەڵک ئامادە نابێ پێشوازی لە شا بکا و دەنووسێ: رۆژێک شا بە منی گوت سوار بە. لە قەراغی دانیشتم و بێ ئیسکۆڕت و بێ شۆفیر بە مەودایەکی زۆر لێیخوڕی و گەیشتینە مەهاباد. ئێمە بەرگی نیزامیمان دەبەر دا بوو. لە شار لە سەیارە دابەزین و دوو بە دوو کوچە و کۆڵانەکانی شارمان پێوا. هیچ کەس حەتا فەرماندار نەهاتە پێشوازیمان. بەڵام لە ماڵەکان لە پشتی پەردەی چاویان لێدەکردین. دوایە چووینە سەربازخانە کە لە کۆتایی یەکێک لە شەقامەکان هەڵکەوت بوو. هەموو خەریکی ئیستڕاحەت و کایە کردن بوون. سەرئەنجام یەکێک لە ئەفسەرەکان کە لەو دەوروبەرە بوو، محەممەد رەزاشای ناسیوە و فەرمانی نیزامی بە جێهێنا و و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستووری دا ڕێوڕەسمی پێشوازی بۆ شا پێک بێ. شا گوتی پێویست ناکا و ئاوا باشترە. ئەفسەر ویستی بە دوای شا دا بڕوا. شا گوتی نایهەوێ. دوایە شا چوو بۆ ئیدارەی بێهداری کە ئەوێش بە تاڵ بوو. لە گەڕانەوە دا چاومان بە مەیدانێکی خاڵی کەوت کە دارێکیان تێچەقاند بوو. محەممەد رەزاشا بە منی گوتی دیتت لە هاتن دا داری لێ نەبوو بەڵام لە گەڕانەوەدا هەیە کە وایە ئەوە ئەو شوێنەیە کە قازی محەممەدی لێ ئیعدام کراوە. دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە راستەوە و چەند کەس مەهابادی لە چەند خولەک دا ئەو کارەیان کرد بوو. ئەوە وەزعی پێشوازی خەڵکی مەهاباد لە محەممەد رەزا شا بوو. بەڵام لە ئازەربایجانی شەڕقی شێوەی پێشوازی لە شا باش بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٥٠

## وەزعییەتی بارزانییەکان بە دوای رووخانی کۆماردا

مەلا مستەفای بارزانی دوای ئەوەی بەرەی سەقزی بەجێهێشت و گەڕاوە بۆ مەهاباد و ماڵئاوایی لە پێشەوا و هێندێک کەسایەتییەکانی شاری مەهاباد کرد. بە پێی لاپەڕەی ١٥٧ی کتێبی "پیشوای بیداری" لە نووسینی سەعیدی هومایون، بە دەستووری پێشەوا لە عەمبارەکانی پادگانی مەهاباد، رادەی ٣٠٠٠ تفەنگ و سەد دانە تیربار و چەند تۆپ، درا بە هێزکانی بارزانی و دوایە ئەوان بە رێکوپێکی بەرەو شنۆ و نەغەدە پاشەکشەیان کرد.

پەسیان لە لاپەڕەی ٢٩ی کتێبی" لە مەهابادەوە ... بۆ ئاراس" لەسەر رادەی چەکو چۆڵی بارزانیان دەنووسێ: ... بارزانییەکان بە خۆیان و سێ هەزار پارچە چەک و دوو تۆپ و ١٢٠ تەماتیک و بە گشتی چەکدار بە نارنجۆکی دەستییەوە لە نەغەدە بنەجێ و ئامادەی بەرگری لە خۆ کردن بوون.

گرینگترین کاری سەرەکی رێژیمی شا لەو قوناغەدا، یەک لاکردنەوەی وەزعی بارزانییەکان بە شێوەی راگوێزتن، معامله پێکردن لەگەڵ عێراق، دەستبەسەر کردن، یان شەڕ لەگەڵ کردن بوو. رێبەرانی بارزانی بە هۆی گرفتی ژن و منداڵ، پێویست بوو بۆ هەموو ئەو ناخۆشیانە خۆی ئامادە بکا و دژکردەوەی پێویست لە خۆ نیشان بدا. ئەوان دەبوو جێ جێ نەرمی بنوێنن، بەڵێنی بەدرۆ بدەن، بپارێنەوە و لە ئاخر دا شەڕ بکەن. ئەوان نەیاندەتوانی بە بێ بەرنامە و هەروا لە گۆترە، لەگەڵ ئەرتەشی تەیاری شا و هێزی عەشایری سەر بە رێژیم، بەربەرەکانی بکەن. رێژیمی پاشایەتی دوژمنی سەرسەختی بارزانییەکان بوو و لە دەست ئەوان زیانی قورسی وێکەوت بوو.

ئەوجار شەڕی بارزانییەکان و دەوڵەتی عێراق بە لایەک دا نەکەوتبوو، زوربەی فەرماندەکانیان لە لایەن رێژیمی عێراق حوکمی ئێعدامیان بە سەر داسەپا بوو. ئەوان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیش، دوژمنایەتی پێشتریان هەبوو. بە بێ ئەوانەش سێ دەوڵەتی تورک و ئێران و عێراق هەمووکات بۆ سەرکوتی جووڵانەوەی کورد، پەیمانی ستراتیژیکیان هەبوو. لەگەڵ ئەو هەمووە دوژمنە، بەڵای سروستیش لە گۆڕێ دابوو و سەرما و سۆڵ و سەخڵەتی هێرشی هێنا بوو و ئەرزاق و خاروبار و سەرپەنایان نەمابوو.

بەمشێوەیە بەو هەمووە گرفتە، هەر وەک شێخ ئەحمەد گوتبووی، رێبەرانی بارزانی دەبوو بەهەر ئاقارێک دابێ، رادەی ١٥٠٠٠ ژن و پیاو و منداڵ و پەککەوتە عەشیرەتەکەی، لە مەرگ نەجات بدەن.

بە دوای رووخانی کۆمار دا، بە راسپاردەی ئەرتەش، پەسیان وەک هەواڵدەری ئیتلاعات چووە شاری شنۆ و چاوی بە شێخ ئەحمەد کەوت. ناوبراو لە لاپەرەی ٤٣ ی کتێبی" لە مەهابادەوە ... بۆ ئاراس لە پەیوەندی لەگەڵ هەڵسوکەوتی پێشەوا لەگەڵ شێخ ئەحمەد بارزانی، لە زمانی شێخ محەممەد سەدیق و شێخ بابۆ، برایانی شێخ ئەحمەد، دەنووسێ: ... لەو دانیشتنەدا بە راشکاوی گوتیان قازی محەممەد زستانی ساڵی رابردوو، رێزدار شێخ ئەحمەدی لە لای سۆڤییەتەکان وا تاوانبار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرد بوو کە پەیوەندی بە ئینگلیزەوە هەیە. لە ئەنجامدا سۆڤییەتەکان ئەویان لە مەهاباد بەدەر ناوە و لە ″شەیتان‌ئاوای دۆڵ″ یان نیشتەجێ کرد...

ساڵی رابردوو، قازی محەمەد پێداپێدا فەرمانی بە ئێمە دەدا خێڵانی مامەش و قەرەپاپاخ تاڵان بکەین بەڵام ئێمە لەبەر ئەوەی کوردمان خۆش دەوێ کاری ئاوامان نەکردووە.

بەیانی ئەو قسانە فرێ بە راستییەوە نییە و پاساو هێنانەوەی بارزانییەکان، تەنیا بۆ پاراستنی ماڵ و منداڵی بێ گوناهی عەشیرەتی خۆیان بوو. ئەو شێوە ئاخافتنە لە راستی دا یەکەم هەنگاوی راستەوخۆی درۆودەلەسە و کێشەسازکردن و دووبەرەکی نانەوەی رێژیمی ئێران بوو، بە دوای روخانی کۆمار دا.

لەو هەلومەرجەدا بەستێنی ئەو بۆچوونە درۆ و چەوتانە بەرفەراوان بوو. بە گوێرەی لاپەڕەی ٢٩٥ی رەحیمی قازی، بە نەقڵ لە ئاڕشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٧٣ لاپەڕەی ٤٥ لەسەرەتای مانگی ژانوییە ١٩٤٧دا، لە نەغەدە کۆبوونەوەیەکی گەورە بە بەشداری٢٧ کەس لە هێزی پێشمەرگە، بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەد پێکهات. شێوەی خەبات و خۆڕاگری تاوتوێ کرا و چەند بڕیارێک پەسەند کرا. ئەوانە رێکخراوێکیان بە ناوی رێکخراوی "نەجاتدەری کوردستان" دامەزراند و داواکانیان کە بریتی بوو لە لێخۆشبوونی گشتی بۆ هەموو بەشداربووانی رەزگاری کوردستان لە ئێران و عێراق دا، قەرەبوو کردنەوەی زیانی بارزانییەکان، بە رەسمی ناسینی سەربەخۆیی کوردستان و چەک نەکردنی خەڵک، نارد بۆ دەوڵەتی ئێران و عێراق. بە پێی ئەو سەرچاوەیە ئەوان هەروەها داوایان کرد کە لەگەڵ حیزبی تودەی ئێران و پارتی دێموکراتی عێراق پەیوەندی رابگیرێ.

دیارە لە رۆژانی تەنگانەدا بڵاوکردنەوەی ئەو شێوە روانگانە، کارێکی عادی و روتینیە بەڵام زۆر وەڕاست ناچن. لەو هەلومەرجەدا فەرماندەکانی ئەرتەشی ئێران، پەیوەندیان بە مەلا مستەفا گرت کە سەرەڕای پرش و بڵاوی و نائومێد بوون لە چارەنووسی کۆمار، ئێستا ببوو بە ئوستورە و هێوا و هۆمێدی میللەتی کورد. سەرەتا همایونی لە ئاواییەکی نێوان نەغەدە و مەهاباد چاوی بە مەلا مستەفا کەوت. دوایە رەزمئارا لە تاران را هاتە مەهاباد و بە پێی لاپەڕەی ١١٨ی ئیگلتۆن لە چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا مستەفا بڕیار درا:١ - بارزانییەکان دەبێ دەستبەجێ خاکی ئیران بە تاڵ بکەن و بگەڕێنەوە بۆ عێراقی ٢ - دەبێ تەواوی عەشیرەتەکانی تر چەکەکانی خۆیان دابنێن و خۆیان تەسلیمی هوردوی ئیران بکەن ٣- ئەگەر ئەم دوو پیشنیارە قبووڵ نەکریت، هوردوی ئیران دەست دەکا بە پەلامار بردن بۆ سەر نیشتەجێی عەشیرەتەکان و بارزانییەکان.

مەلا مستەفا بۆ ئەوەی ماوەیەک مۆڵەتی پێ بدرێ تا چارەیەک بۆ رزگاری عەشیرەتەکەی ببینێتەوە، بە دەوڵەتی ئێرانی راگەیاند کە ئەو پلانی شەڕی نییە و لە دوای چەند جار وتووێژ لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەت لە مەهاباد و نەغەدە، بە رەزامەندی شیخ ئەحمەد، ساغ بوونەوە کە لەگەڵ هەیئەتێک بۆ درێژەدان بە وتووێژ، بچنە تاران.

مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٠٠ی کتێبی بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، دەڵێ کە همایونی و سەرگورد غەفاری لە ماڵی "قوڵی خان قەرەپەپاخ" ی نەغەدە، چاویان بە شێخ ئەحمەد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و مەلا مستەفا کەوت و شێخ ئەحمەد پێی گوتن:
نامانەوێ لەگەڵ سوپای ئێران دا بە شەڕ بێین، تەنیا ئەوەندەمان دەوێ لێمان گەڕێن تا دەگەینە بەهار، ئەوسا خاکی ئێران بەجێدێڵین، حکومەتی عێراق رازیی بێ یان نەبێ.
هومایونی گوتی:
باشتر وایە ئەو باسە لەگەڵ کاربەدەستانی تاران دا بکرێ ..... و داوای کرد مستەفا بارزانی بۆ ئەو مەبەستە سەردانی تاران بکا.
لەو سەفەرەدا، لە لایەن سەرهەنگ هومایونی، سەرهەنگ عەلی ئەکبەر غەفاری، دیاری کرا تا هاوسەفەری مەلا مستەفا بێ. مەلا مستەفا خۆی بۆ سەفەری تاران ئامادە کرد و ماوەی ١٠ رۆژی بۆ عەشیرەتەکەی دانا کە ئەگەر نەهاتەوە ئامادەی شەڕ بن. لەسەر ئەو سەفەرە، مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٠١ی کتێبی بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ... دەنووسێ:
بارزانیی ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/٢١ (١٣٢٥/٩/٣٠) بەرەو تاران کەوتە رێ. عیزەت عەبدولعەزیز، نوری ئەحمەد تەها، میرحاج ئەحمەد و حەمەدەمین میرخان، جەمیل تۆفیق بامەڕنی و خالید زراریی لەگەڵ خۆی برد و سەرگورد غەفاریشیان لەگەڵدا بوو.
ئەو هەیئەتە نیزیک بە مانگێک لە تاران لە باشگای ئەفسەران و سەربازخانەی باغی شا مانەوە و چاوپێکەوتنی دوور و درێژیان لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت و ئەرتەش دەست پێکرد. لە لایەن شا پێشنیاریان پێکرا کە چەکەکانیان دابنێن و بچن لە نیزیک هەمەدان جێگیر بن. بە پێی لاپەڕەی ٦٩ی کتێبی لە مەهاباد خوێناوی تا قەراغەکانی چۆمی ئاراس ٣ شەرت بۆ مانەوەی بارزانییەکان دیاری کرا کە هەرکامێکی پیان خۆش بوو دەیانتوانی قبووڵ بکەن کە بریتی بوون لە:
١ - ئەگەر بیانەوی لە ئێران بمێنن، دەبێ تەواوی چەکەکانی خۆیان دابنێن و لە ناوچەی کوردنشینەکان بچنە دەر و بچنە جێگایەک کە دەوڵەت بۆیان دیاری دەکا. دەوڵەت بە رادەی پیویست عەرزیان بۆ کاری کشتوکاڵی دەداتێ و تا لە سەر پێی خۆیان رادەوەستن بۆ ماوەی ٦ مانگیش یارمەتیان پێ دەکا.
٢ - دەوڵەتی ئێران پشتی ئەو کەسانەی عەشیرەتی بارزانی کە لە عێراق پێشینەی تاوانباریان هەیە دەگری و رێگا دەدا بە تەسلیم کردنی چەکەکانیان لە ئێران بمێنن و باقیش دەبێ بە خێرایی خاکی ئێران بە جێبێڵن.
٣ - ئەگەر بارزانییەکان بە دوو شەرتی سەرەوە رازی نەبن، دەبێ هەرچی زووتر ئێران بەجێبێڵن و بۆ کوێ دەچن بچن.
مەلا مستەفا بە ڕواڵەت ئەو پێشنیارانەی قبووڵ کرد بەڵام بەڕێوەبردنی ئەوکارانەی بەستەوە بە چاو پێکەوتن و راوێژ کردن لەگەڵ شێخ ئەحمەد و لە مانگی ڕێبەندان دا، گەڕاوە بۆ مەهاباد( بە پێی کتێبی قەواولسەلتەنە، مەلا مستەفا لە ٩ ی مانگی بەفرانبار گەڕاوە بۆ مەهاباد).
بارزانی رۆژی ١٩٤٧/١/٢٩ گەڕاوە و لە شنۆ پێشوازی گەورەی لێکرا. ئەو چاوی بە سەرلەشکر هومایونی کەوت و ئەو داوای لێکرد کە هەرچی زووتر پێشنیارەکانی دەوڵەت بە جێ بگەیەنێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەلا مستەفا دوایە چوو بۆ سڵدوز و چاوی بە شێخ ئەحمەد کەوت و دوای راوێژ کردن بەندی یەک و دوویان پەسەند نەکرد و بە هومایونیان راگەیاند کە شێخ ئەحمەد پێشنیارەکانی تاران قبووڵ ناکا. شێخ ئەحمەد لەمەڕ چوون بۆ هەمەدان وەڵامی رەدی داوە بە ئێران و گوتی:

هەرکاتێ بەفر توایەوە و رێگابان کرانەوە ئێمە ئێران بەجێ دێڵین.

ئەوان تەنیا بەندی سێیان پەسەند کرد کە چوونە دەر لە ئێران بوو. بەڵام داوایان لە رێژیمی شا کرد کە تا کۆتایی وەرزی زستان مۆڵەتیان بدا و بۆ ئەو ماوەیەش ئازوقەشیان بدرێتێ.

دوکتور ئاسۆ لە لاپەڕەی ٢٩٠ کتێبی بیرەوەرییەکانی دا لە زبانی مەلا مستەفا باس لە شتێک لە دوای گەڕانەوە لە تاران دەکا کە تا ئەو جێگایەیی من (نووسەر) بزانم نەبیستراوە و بێشک ئەگەر راستیش بێ، ئەفسەرانی ئێرانی نەیانهێشتووە بە گوێ شا بگاتەوە و دەنووسێ: ... بڕیار درا ئەو بەڵێنییانەی درا بوون بەجێ بگەیەندرێ. بۆیە لەگەڵ نوێنەرانی شا چووینە سەربانی شارەداری. ئەو سێ کەسە و دەرەجەدارێک بە نوینەری سەرلەشکر هومایونی لەوێ ئامادە بوون. چەند چەکداری بارزانیش لەگەڵ ئێمە بوون. کاتێک گەیشتینە سەربانی شارەداری یەکێک لە ئەفسەرانی شا ئاڵای ئێرانی دا بە من و ئەمنیش بە پێی ئەو بەڵێنێی دا بووم بە دەستی خۆم چەقاندم و دوایەش تفەنگێکم لە پێشمەرگەیەکی بارزانی وەرگرت و تەحویلی نوینەری شام دا. دوایە گوتم ئەوە چەک و ئەوەش هەڵکردنی ئاڵا، ئەوەی بەڵێنیم دابوو کردم. کەوابوو ئێمە لەگەڵ شا پاک لەپاکین. دوایە پێشمەرگە بارزانییەکە چەکەکەی وەرگرتەوە و ئەمنیش ئاڵای شاهەنشایم لە سەربانی شارەبانی هێنا خوار. ئەوجار هوشداریم بە نوێنەری شا دا کە تا ئێمە لەو مەلبەندە بین، پێ لە بەرەی خۆیان زیاتر رانەکیشن و تا سنوور دەبڕین ئەرزاقی ئێمە بە رێکوپێکی و بە بەردەوامی بنێرن...

دەوڵەتی ئێران کەمێکی ئەرزاق دا بە بارزانییەکان، بەڵام مۆڵەتی نەدان و پێی راگەیاندن کە هەرچی زووتر ئێران بەجێبێڵن. بە گشتی بڕیاری هەرچی زووتر بەجێهێشتنی ئێران، چەشنێک راگەیاندنی شەڕ بوو لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە و بارزانییەکان بە تەواوی خۆیان بۆ شەڕ و بەربەرەکانی و گەڕانەوەی ژن و منداڵەکانیان بۆ عێراق ئامادە کرد. ئەوان بە بێ ئەوەی چەک دابنێن هەر لە رۆژەکانی ئاخری مانگی سەرماوەز را بە ژن و ماڵ و منداڵەوە ئامادە بوون و وردە وردە بەرەو سنوور پاشە کشەیان کرد. دواتر بە دوای ئەوان دا لەشکری ئێران، بە پشتیوانی عەشایری مامەش و مەنگوڕ و دێبۆکری بە دوایان کەوتن.

لە لایەکی دیکە بە قسەی پەسیان بارزانییەکان راستیان بە دەوڵەتی ئێران نەدەگوت و فێڵیان کرد. پەسیان دەڵێ کە ئێرانییەکان لە شێخ ئەحمەدی پرسیوە کە ئەفسەری ئێرانیان لەگەڵە و شێخ ئەحمەد گوتوویە درۆیە. هەروها پەسیان دەنووسێ لەبڕی دانی گەنم و قەند شەکر، دەبوو بارزانییەکان دوو تۆپیی چیایی ٧٥ بدەنەوە بە ئێران بەڵام بەڕێوەیان نەبرد.

**کوشتنی ئاغایانی مامەش**

بێئاکام بوونی گفتوگۆکان بوو بە هۆی ئەوە کە ڕژێمی ئێران، وردە وردە عەشایر ئامادە بکا و هێرش بۆ سەر بارزانییەکان دەست پێبکا. بارزانییەکان بە قبووڵ نەکردنی شەرتەکانی دەوڵەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێران، ریسکێکی گەورەیان کرد و بڕیاری بوێرانەیان دا. ئەوان بەر لەهەموو شتێک ویستیان کەرەسەی پێویست بۆ راگوێزتنی ماڵ و منداڵیان ئامادە بکەن.

لەسەرەتای مانگی شوباتدا بارزانی رایسپاردە سەرۆک عەشیرەتەکانی مامەش، پیران و مەنگوڕ و داوای لێکردن، کاتی هێرشی سوپای ئێران بۆسەر بارزانییەکان، بێلایەن بن و لە کاتی پاشەکشەدا رێگایان پێنەگرن. ئەوان بەڵێنیان دا بەڵام بەڵێنییەکەیان نەبردە سەر.

بارزانییەکان خەتی بەرگرییان لە نەغەدە بەجێهێشت و بەرەو شنۆ پاشەکشەیان کرد، لە بەرزاییەکانی قەڵاتان" و گوندەکانی حەڵب و کوێکان دامەزران. لەوکاتە دا دەوڵەت عەشیرەتەکانی پڕ چەک کرد بوو. ئاغاکانی مامەش بەڵێنیان دابوو کە چیای "سپیرێز" و دۆڵی "گادەر" بگرن و ئەوە مەترسیەکی گەورە بوو بۆ سەر بارزانییەکان. بۆیە رۆژی ١٩٤٧/٢/٢٣ ژنێراڵ بارزانی دەستەیەک پێشمەرگەی ناردە گوندی "سێڵوێ" کە ئەو ئاغایانە بگرن و بیانبەن بۆ شنۆ و وەک بارمتە رایانگرن.

بە پێی هێندێک سەرچاوەی دیکە بارزانییەکان بۆ راگوێزتنی ماڵ و منداڵ هەوڵیان دا، تا لە ناوچەی ژێر دەستەڵاتی مامەشان، ئەسپ و ئێستر بە زۆر لە خەڵک و لە ئاغاکان وەرگرن و لە ترسی هاوکاریی لەگەڵ هێزەکانی دوژمن، ئاغاکان چەک بکەن. خەلیلی فەتاحی قازی لە لاپەڕەی ١٧٢ی مێژووی "بنەماڵەی قازی" لەو بارەوە دەنووسێ کە پاشەکشە بەرەو کوێستانە سەختەکان، بە بێ ئێستر و ئەسپ ئیمکانی نەبوو. لە لایەکی دیکەوە بارزانییەکان رێگای پاشەکشەیان بە نێو عەشیرەتی مامەشان دا بوو کە نێوانیان لەگەڵیان خۆش نەبوو. بۆیە بڕیاریان دا بە هۆی دەستەی بچووکی بارزانی لە یەک کات دا، ئاغاکانی ئەمیر عەشایری، چەک بکەن و ئێستر و وڵاغەکانیان لێبستێنن. ئەو دەستانە لە کاتی نیوەڕۆ دا، دەوری دێیەکانی "گردک سپیان" و "شاوەلە" و "سێڵوێیان" دا و لە ئاوایی سێڵوێ، لە دیوەخانی ماڵە حوسین محەممەد ئاغای ئەمیر عەشایری، وەژوور کەوتن و لە سەر چەک کردنیان کێشە و مشت و مڕ پەیدا بووە. وەک دەنگۆ، کوڕی حوسێن ئاغا دەستی بۆ دەمانچە برد. بارزانییەکان گشتیان دانە بەر دەستڕێژ و ١٤ کەس، لە برا و برازا و خزم و کەس و کاری ئاغا و نۆکەرەکانیان کوشت و تەنیا کەسێک نەجاتی بوو کە ئەویش پاڕاوە کە بە خاتری مەلا مستەفا نەیکوژن.

خەلیل فەتاحی قازی لە لاپەڕەی١٩٤ی کتێبەکەی دا، لە زمانی باپیرئاغای قادری سۆفیان دەگێڕێتەوە، کە لەو پەلامارەدا ٧ ئاغا و٧ نۆکەر کوژراون. رەحمانی قازی لە کتێبی رۆژگاری ون بوو دا، باسی ئەو رەووداو دەکا و دەنووسێ: ... ئاوایی سێڵوێ موڵکی مام حوسێن و حەمەد ئاغا براکانی قەرەنی ئاغا بو. هەر لەو ڕۆژە دا مام حوسێن، میوانداری دەبێ و چەندین ئاغای ناوچە بانگهێشت دەکا. کاتێک چەکدارەکانی بارزانی دەگەنە بەر دەرگای دیوەخانی مام حوسێن دەبن بە دو دەستە. بەشێک لە دیوەخان وەژور دەکەون و بەشێک لە دەور و سەربان دادەمەزرێن. مامەشەکان نازانن کە ئەو چەکدارانە چ نەخشەیەکیان هەیە. کاتێک دەڕۆنە دیوەخان دەبینن حەوت کەس دانیشتون و هەمو خزم و کەسی یەکن. برایم ئاغا کوڕی گەورەی قەرەنی ئاغا کە پیاوێکی وێچوو بووە دەمانچەیەکی بە قەدەوە دەبێ، یەکێک لە بارزانییەکان پێی دەڵێ ئەو دەمانچەیە بدە بە من. برایم ئاغا چاوێک لە مامی دەکا و مام حوسێن دەڵێ بیدەیە. برایم ئاغا دەست دەبا کە دەمانچەکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە قەدی بکاتەوە و بیدا بەو کەسە لە پڕ تەقەیان لێ دەکەن و هەر حەوت کەس دەکوژن. لە پێش خان و حەوشەش دا هەشت کەس کە نۆکەر و چاپەز بوون دەکوژن. ئەو ئاغایانەی کوژران بریتی بون لە:

١ – مام حوسێن حەمەد ئاغا

٢ – سلەمان کوڕی مام حوسێن

٣ – کاکە سوار کوڕی مام حوسێن

٤ – کاک عەباس کوڕی مام عەزیزی قەرەنی ئاغا

٥ – برایم ئاغا کوڕی قەرەنی ئاغا

٦ – ئەحمەد ئاغای شنۆزەنگ

٧ – هەمزە ئاغا کوڕی عەبدولا ئاغای خورینج

هەشت کەسی پیاوی ئاغاکان بریتی بوون لە :

١ – حەمەدی مام برایم

٢ – عەبدولای بەدیلی

٣ – ئەحمەد خدرەڕەش

٤ – ئەحمەد سەید خدری

٥ – سمایلۆکی برایم خەسار

٦ – خدر مستە

٧ - عەبدولا چاپەز

٨ – ڕەشۆی مامەندی

ئەحمەد مام برایم کە پیاوی برایم ئاغا دەبێ بە خەنجەر بارزانییەک دەکوژێ و چەکدارێکی تر تەقەی لێ دەکا و دەیکوژێتەوە. دوای ئەو روداوە دڵتەزێنە چەکدارەکان هەر چی وەبەر دەستیان دەکەوێ لەگەڵ خۆیان دەیبەن.

ڕەحمانی قازی لە دریژەدا دەنووسێ: ... بارزانییەکان بۆ چەک کردن و بردنی تەقەمەنی رویان لەو شوێنە کردبو نەک بۆ کوشتنی کەس بەڵام بە هۆی دەست کردنەوەی مامەشەکان ئەو کارەساتە روی داوە. بە جۆرێکی تریش باس دەکەن کە پێش شەڕی یەکەمی گەورە دا و کاتێک عێراق بەشێک لە ئیمپڕاتۆری عوسمانی بووە یەکێک لە ئاغاکانی بارزانی بە ناوی وەلەد بەگ بە گژ دەوڵەتی عوسمانی دا دەچێت و بە ناچار رو لە ناوچەی شنۆ دەکا و لە ماڵی محەمەد ئاغا باوکی مام حوسێن دەگیرسێتەوە. دەوڵەتی عوسمانی هەواڵ دەنێرێتە محەمەد ئاغا و داوای وەلەد بەگ دەکا. محەمەد ئاغا وەلەد بەگ دەگرێ و بە دەست و لاقی بەستراوەوە دەینێرێتەوە بۆ عوسمانی و تورکەکان وەلەد بەگ لە سێ دارە دەدەن. گۆیا ئەو بارزانیانە بە تۆڵەی ئەو کارە مامەشەکانیان کوشتبێ.

وەک من بیستومە مام حوسێن کوردێکی زۆر پاک و ئازا بووە و لەگەڵ جەنابی پێشەوا و مەلا مستەفا بەردەوام پەیوەندی هەبووە و جێی متمانەیان بووە. کاتێک هەواڵی کوژرانی مام حوسێن و خزمەکانی بە مەلا مستەفا، دەگا لە چۆکی خۆی دەدا و زۆری پەرۆش دەبێ بەڵام لەو ڕۆژە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنگانەیە دا هیچی بۆ ناکرێ.

حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٣٩١ی کتێبی قازی محەممەد لە زمانی سەعید وەلی یەکێک لە پێشمەرگەکانی ئەو شەرە دەنووسێ: ... کاتێک گەیشتینە گوندی سێڵوێ، من لەگەڵ چەند پێشمەرگە لە دەرەوەی گوندەکە مامەوە و میزاغا رەشۆ و خانۆ شیخ ئومەر و حال باپیر گەلۆکی لەگەڵ پێشمەرگەکانی تر چوون. ئاغاکان دەیانویست پێشمەرگەکان چەک بکەن کە تەقە لە نێوانیاندا پەیدابوو. ئێمە دوو پێشمەرگەمان بەناوەکانی محەمەد میرزا کاکشار و باقی کانی بۆتی شەهید بوون و دوو پێشمەرگەشمان بە ناوەکانی حال باپیر کەلۆکی و دەروێش خانۆ شێخ ئومەر بێدودی بریندار بوون. لە مامەشەکانیش وەک من بزانم دوازدە کەسیان کوژران و دوو کەسیشیان بریندار بوون و ئەوانی تریشمان دەستگیر کرد. گیراوەکانمان بردە شنۆ، بەڵام شێخ ئەحمەد بە قەومانی ئەو رووداوە زۆر توڕە بوو و دیلەکانی ئازادکرد.

پلانی گرتنی ئاغاکان، بەرنامەیەکی گەورە بوو و ئەوانەی مابوونەوە لەگەڵ هێندێک، لە ئاغاکانی ئاوایی شاوەلێ و پەسوێ گیران و بردرانە شنۆ. شیخ ئەحمەد بەو رووداوە زۆر تووڕە بوو و بڕیاری دا دەستبەجێ هەموویان ئازاد بکرێن.

سەرهەنگ بەکر عەبدولکەریم حەوێزی کە یەکێک لە فەرماندەرانی ئەو شەڕە بوو، لە لاپەڕەی ١٢٠ کتێبی "گەشتێک بە کۆماری مەهاباد دا" دەنووسێ کە رۆژیک خەبەریان بۆ هاتووە کە ئاغایانی مامەش لە پەسوێ کۆبوونەوە و نیازی باشیان نییە و دەیانەوی بارزانییەکان لە ناوچەی لاجان و دەوروبەر دەر بکەن. بە پێی بڕیار رۆژێک مەلا مستەفا دەچتە ماڵە قەرەنیاغا. عەزیز قەرەنیا لە ماڵ نوبووە و تەنیا عەلی قەرەنیاغا لە ماڵ بووە. بارزانی ئامۆژگاری و داوای لێدەکا کە خۆ لە کێشەی ئەوان و دەوڵەت نەدەن. بەڵام حەوێزی دەنووسێ کە مامەشەکان فریوی دەوڵەتیان خوارد بوو و بڕیاریان دابوو کە بارزانییەکان لە ناوچەکە دەر بکەن. بۆیە مەلا مستەفا وای بە باش زانێ کە تا لە ناوچە دەردەکەون، چەکدارانی ئاغایانی مامەش لە ٢٢ گووند، لە یەک رۆژ و یەک ساعەت دا چەک بکەن و بۆ ئەو مەبەستە بۆخۆی چوو بۆ سێڵوێ.

بەکر عەبدولکەریم حەوێزی لە درێژەی ئەو رووداوەدا لە زبانی فەتاحە شێت، یەکێک لە پیاوەکانی ئاغاکان کە کەوتبووە ژێر لاشەکان و نەکوژرا بوو دەنووسێ، میرزاغا رەسووڵ نێوێک لەگەڵ ٥ بارزانی پێش نانی نیوەرۆ دەچنە دیوەخانی حوسێن ئاغا. پاش یەک دەقیقە یەکێک لە خزمەتکارەکانی دەچتە ژووری و بە نەهێنی بە گوێ مام حوسێن دا دەچرپێنی کە خواردن ئامادەیە بەڵام بەشی هەموویان ناکا و پرسیار دەکا ئایا خواردنەکە بێنن یان رابوەستن ئیدیکەش لێبنێن. مام حوسێن دەڵێ دەست و برد بکەن و کەمێک خورما و رۆن ساز بکەن و خواردنەکە بهێنن. بارزانییەکان لەو سرت و خورتە وا تێدەگەن کە ئاغاکان مەبەستی خراپیان هەبێ. مام حوسێن روو بە بارزانییەکان خێرا دەڵێ، تفەنگەکان لە خەڵوەتین خێرا وەریان بگرن. بارزانییەکان هاوار دەکەن کە دەمانچەکانیش دابنێن. سولەیمان خان کوڕی مام حوسێن دەپەشۆکی و لە باتی دەمانچەکەی بە قایشەوە دابنی بە رووتی دەیهێنێتە دەر. بارزانییەکان دەست و برد تەقە دەکەن و هەموو ئاغاکان و دوو بارزانی کوژران. کەسیک بە ناوی فەتاحە شێت کە تاقانە بوو کەوتە ژێر کەلاکەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و دەجوڵێتەوە. بارزانییەک بە ناوی"حاڵ" دەیبینێ و دەیهەوێ تەقە لێبکا. فەتاح هاوار دەکا و دەڵێ" خوام خستە بەر بەختی مەلا مستەفا" ئیدی نایکوژێ.

بەکر حەویزی لەو پەیوەندییەدا دەنووسێ کە لە ئاوایی پەسوێ، عەلی قەرەنیاغا و دوو ئاموزای گرت و ١٣ تفەنگ و ٦ دەمانچە و ٤ وڵاغی سواری لێ ئەستاند. عەلیاغا و ئامۆزاکانی لەگەڵ ٣٢ ئەفسەری ئیرانی کە ساکۆکانی لەنجی گرتبوونی، لە شنۆ لەو خانوویەی کە سمایل ئاغای لێکوژرا زیندانی کران. عەلی قەرەنیاغا دوایە داوای کرد کە لەو شوێنە نارەحەتە و تکای کرد کە رایگوێزن. شوێنەکەیان بۆ گۆڕی و دوایە ئازاد کرا.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٨١ بەرگی دووهەمی کتێبەکەیدا بە نەقڵ لە راگەیندراوەکانی ئێرانی دەنووسێ: بارزانیەکان بەناحەق ئیبراهیم ئاغای کوری قەرەنی ئاغای مامەشیان لەگەڵ دوو کوری کاوسێن ئاغای برای قەرەنی ئاغای مامەش، لەگەڵ کاوسێن ئاغای برای قەرەنی ئاغا، لەگەڵ ئاغایەکی تری مامەش بەبێ تاوان کوشت بوو. تەقریبەن بارزانیەکانیان بەرامبەر بەم عەشیرەتە خەیانەتی نمەکیان کرد. چونکە هەرچێکی ئەو عەشیرەتە هەیبوو دەرخواردی بارزانیان دابوو ئەمەشیان پاداشت بوو کە گێرامانەوە.

تەفسیلاتی قەزییەش وەکو خوارەوە حکومەتی ئێران ئێعلانی کردبوو کە عەشایرەکان ئەبێ مدەی ٧ رۆژ چەکەکانیان تەسلیم بە حکومەتی ئێران بکەنەوە.

مەلامستەفا پێش دەستی کردبوو.(...) کە یەکێک بوو لە ئەفسەرە فەراریەکانی عێراقی لەگەڵ تاقمێکا ئەیانێرێ بۆ دێی سیلو(سێڵوێ) کە ئەسلەحەی عەشایری مامەش کۆ بکاتەوە. لە وەختێکا ئەگاتە دیوەخانەی کاوسێن، خەڵکەکە خەریکی نان خواردن ئەبن. هەر بە پێوە داوای کۆکردنەوەی چەکەکانیان لێئەکات. ئەوانیش ئەڵێن فەرموو دابنیشن نان بخۆن ئەو وەختە چیتان بوێ پێکی دێنین. راناوەستێ لەگەڵ پیاوەکانیان بە مسەسەل وەرئەگەڕێتە ئەو جەماعەتەی کە خەریکی نان خواردن ئەبن. قوربانێکی ئاوا فاحیش لەو دیوەخانەیە ئەنێتەوە کە نهائیەن رووی خۆی و مێژووی کورد ناشیرین بکات.

دوای ئەو رووداوە دەوڵەتی ئێران هێرشی کردە سەر بارزانییەکان. زۆربەی عەشیرەتی مامەشی لەگەڵ بوون. بەکر حەویزی دەنووسێ کە عەلی قەرەنیاغا بۆی نووسیوە کە نایانەوێ شەڕی بارزانییان بکەن بەڵام بە زۆری هێناویانن. حەویزی لە درێژەدا دەنووسێ کە لە راستی دا ئەوان شەڕیان نەدەکرد، بەڵام ئاغایانی مەنگوڕ، عەوڵای بایز ئاغا و هەمزەی ئەسڵان کە کوژرا، هێرشیان بردە سەر بارزانییەکان لە دەوروبەری شنۆیە.

دوای رووداوی ئاوایی سێڵوێ، ئەوجار مەلا مستەفا بارزانی سەردانی عەشیرەتەکانی شکاک، هەرکی و بەگزادە و جەلالیی کرد و داوای پشتگیری لێکردن و ئەوان هەموو بەڵێنیان دا، بەڵام تاهیرخان کوڕی سمایل ئاغا، مەلا مستەفای ئاگاداری مەترسی ئەو بەڵێنیانە کردەوە، بۆیە ئەو هەوڵە سەرکەوتوو نەبوو.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٥١

### چارەنووسی ئەندامانی شۆڕشگێری حیزبی دێموکرات

لە کاتی رووخانی کۆماری کوردستان دا، هێندێک لە سەروک عەشیرەت و ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات خۆیان بە دەستەوە نەدا و لەگەڵ بارزانییەکان پاشەکشەیان کرد و بە پاڵپشتی هێزی بارزانی و لە پەنا ئەوان دا درێژەیان بە خەبات دا.

دوای پاشەکشە بارزانی بەرەو شاری شنۆ، زێرۆبەگ بەهادوری، کە تیکۆشەرێکی ئازای حیزبی دێموکرات بوو و بە مارشاڵ زێرۆ بەناوبانگ بوو، بە هاوکاری مەحەممەد حوسێنی هەرکی و سەید فەقێ گەیلانی و قادرئاغای هەرکی، لە لای ورمێ بەرەیەکیان پێکهێنا. رەحیمی قازی لە لاپەڕەی ٢٩٤دا، دەنووسێ کە حەیدەربەگیش کە سەرۆک عەشیرەتێکی کوردی باکور بوو، لەگەڵیان کەوت.

بەڵام بە گوێرەی قسەکانی کاربەدەستانی عێراقی، زێرۆ بەهادوری رۆژی ٣ی مانگی گوڵان، بە ١٢ تفەنگ و ٦ برێن(موسەلسەل) لە ئاوایی "خنێرە" خۆی تەسلیم بە دەوڵەتی عێراق کرد و لە زیندانی ئەبووغەریب زیندانی کرا و پاشان گوێزراوە بۆ شاری سامرە. دواتر بە دەستەبەری و زەمانەتی فەتاح ئاغای هەرکی، نوێنەری ئەنجوومەنی عێراق، ئازاد کرا. تەفرشیان لە کتێبەکەی دا بە خراپی باسی زێرۆ بەگ دەکا و دەڵێ کە نۆکەری یەکێک لە ئاغایانی هەرکی بوو کە ئەندامی ئەنجوومەنی عێراق و لە ئێران و عێراق ملک و ماڵی هەبوو. تەفرشیان دەڵێ کە لە زیندانی ئەبووغەریب چاوی بە زێرۆ کەوتەوە و بۆی دەرکەوتووە کە پیاوێکی ترسنۆک بوو و بۆ ئەوەی زگیان پێی بسووتێ، مەرایی و کلکە سووتەی بۆ سەرباز و ئەفسەرانی عێراقی کردووە. ئەو دوای دوو ساڵ بە هۆی کەسێک کە لە ئەنجوومەنی عێراق دا دەستی باڵای هەبوو ئازاد کرا. دواتر زێرۆ لە کاتی گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت، لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم کەوت و بە دژی ملا مستەفا کەوتە شەڕ و کوژرا.

یەکێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی دیکەی پشتیوانی کۆمار، تەها هەرکی بوو. بە پێی لاپەڕەی ٣١٠ی کتێبی تەفرشیان، پیاوێکی خراپ نەبووە و لە عێراق سامانی هەبوو و هاوکاری زۆری پێشەوای کرد. یەکێک دیکە لەو کەسانەی کە بە دوای رووخانی کۆمار بە دژی رێژیم دەستی بە شەڕی چەکداری کرد، مارفی پوور زەریفە بوو کە دوای ماوەیەک گیرا و لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەست دا. هەورووەها دوکتور ئاسۆ لە لاپەڕەی ١٩٦ی بیرەوەرییەکانی دا باسێ کوڕی مەلامارف کۆکەیی دەکا، کە گۆڕەکەی لە نێوان گوندەکانی "بۆگەبەسێ و پاشبلاغ" هەڵکەوتووە. ئەو لەگەڵ دەستەیەک چەکیان هەڵگرت و بۆ ماوەی ٦ مانگ لە دژی دەوڵەتی ئێران شەڕیان کرد و دوایە بە هاوکاری خۆفرۆشیک لە داو کەوت و دوای شەڕێکی قارەمانانە شەهید بوو.

سەید مستەفای سەیدی و حەمەدی مەولوودی، کەسایەتییەکانی دیکەی کۆمار کوردستان بوون کە بۆ باشووری کوردستان هەڵاتن و لە لای مەحموود ئاغای هێرۆ گیرسانەوە. سەید مستەفا پاش ماوەیەک گەڕاوە بۆ ئێران، بەڵام حەمەدی مەولوودی دوای دەربەدەری زۆر و شەڕ و بەربەرەکانی لەبەرانبەری هێزەکانی ئێران دا، پەنای بۆ رووسان برد. ژیان و بەسەرهاتی حەمەدی مەولوود زۆر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵدەگرێ و سەرنج راکێشە. لە لاپەڕەی ٣٣٦ کتێبی "کورد و کوردستان" ی کەماڵ مەزهەر باسی حەمەدی مولوود کراوە کە چۆن تۆڵەی لە مەلا سەدیق، ئەو کەسەی کە لە شەوی ئێعدامی پێشەوا دا ئەوی تەڵقینی داداوە، کردوتەوە و خۆل و دۆی بەسەر داکردوە و سواری کەر و شاربەدەری کردووە.

عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ١٠٧ی کتێبی وڵاتی من دا، دەنووسێ:

حەمەدی مەولودی چەکی دەست دایە و تەسلیم نەبوو لەو سنوورانە قاچاغ بوو. دیارە حەمەدی مەولودی زۆر بەوە تووڕە بوو کە پێشەوا شەڕی نەکرد. پێشەوا پێیگوت بوو: "حەمەد ئەتۆ بە خۆت و بە چەند کەس سابلاغی دەڵێی چی؟ کوا دەتوانی بە گژی ئەو دەوڵەتەدا بێی، وەزع لە بنەوە خراپە و نازانی هەر چوار دەورمان بە دوژمنی خۆمان گیراوە.

کاپیتان حەمەدی مەولودی لەکاتی شەڕەکانی کۆمار دا فەرماندەی بنکەی مەکڵاوەی سەردەشت بوو. چوونکە سەوادی نەبوو، سەدیقی خاتەمی کە پێشمەرگە بوو، بەرپرسی نووسینەکانی ئەو بوو. رۆژێک دوژمن بە تانک و تۆپ هێرش دەکاتە سەر مەقەڕی مەکڵاوێ. پیرێژنێک پێشمەرگەکان ئاگادار دەکا بەڵام ئەوان لە گەمارۆ دەکەون. بەناچار دیواران کون دەکەن دەست دەکەنەوە. پێشمەرگەیە بە کۆکتێل مولۆتف غار دەداتە سەر تانکێک بەڵام شەهید دەبێ. پێشمەرگەکانی دیکە تا شەو بەربەرەکانی و دوایە خۆ دەرباز دەکەن.

دوکتور ئاسۆ لە لاپەڕەی ٤٧٨دا، لە باسی حەمەدی مەولوودی دەنووسێ کە لە رووسیە وەک ردێن سپی چاوی لێدەکرا و دوو ماڵی هەبوو. بە یادی کاتی شەڕی پارتیزانی، ژووری یەکێک لە ماڵەکانی، لە هەموو لایەک کون کون کرد بوو و لەو کونانەڕا چاوەدێری بە سەر دەوروبەر دا دەکرد. کەسێکی قسە خۆش بوو و بە مەلانەسرەدین بە ناوبانگ بوو. جارجار تووڕە دەبوو بەڵام زوو پەشیمان دەبووە. لە سەردەمی کۆمار دەرەجەی کاپیتانی درایە و دوایە بوو بە سەرهەنگ. لە شەڕەکانی کۆمار دا دوو سەرهەنگان بە ئەسیری دەگرێ. کاتێک کە شتکانیان دەپشکنێ دوو کۆتری نامەبەر دەدۆزێتەوە. کۆترەکان لە قەفەزەکە دەردێنێ و یەکێک لە سەرهەنگەکان هاوار دەکا کە ئەوانە کۆتری نامەبەرن. حەمەدی مەولوودی سەری هەردووکیان هەڵدەقەنێ و دەڵێ ئەوانە دەبرژێنم و دەیانخۆم تا نامەی ئێوە بۆ دەزگای سەڵتەنەتی نەبەن.

حەمەدی مەولوودی بە دوای رووخانی کۆمار لە ناوچەکانی مەهاباد و بۆکان و سەردەشت دا، درێژەی بە خەباتی پارتیزانی دا و پێش ئەوەی پەنا بۆ شووڕەوی بەری لە ساڵی ١٣٢٨ تا ساڵی ١٣٣٠دا، هەر زەبرێکی کە لە هێزەکانی رێژیمی ئێران دەدرا، لەویان دەزانی. دەوڵەت بۆ رادەست کردنی ئەو پارەیەکی زۆری تەرخان کرد بوو. لە ساڵی ١٣٣٠دا، بە رێگای بارزانییەکان دا پەنای بۆ شووڕەوی برد و ماوەی ٣ ساڵ زیندانی و بێگاری پێکرا. حەمەدی مەولوودی لە ساڵی ١٩٧٩دا، لە تەمەنی ٨٠ ساڵی دا لە شاری باکۆ کۆچی دوایی کرد و لەسەر وەسیەتی خۆی، کچەکەی هاتە مەهاباد و لۆچێکی خاک بردەوە و لەسەر گۆڕی بابی دانا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**چارەنووسی ئەفسەرانی ئێرانی (خوڕاسان) و ئازەری(فیرقە)**

وێرایْ پاشەکشەی عەشیرەتی بارزان، هێندێک کەس لە ئەفسەرانی ئێرانی و ئەندامانی فیرقە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات کە مەترسی گیانییان لەسەر بوو، لەگەڵ بارزانییەکان کەوتن. پێشتر ژمارەیەک لە ئەفسەرانی هەڵاتووی سوپای ئێرانی کەوتنەوە بەر دەستی ئەرتەشی ئێران، بەڵام ١٠ ئەفسەری ئێرانی لەگەڵ هێزەکانی بارزانی کەوتن کە ٦ یان ئەفسەر رەسمی ئێران و ٤ کەسیشیان ئەفسەری کۆماری ئازەربایجان بوون. لە نێو ئەوانەدا، ملازم عەلی جوودی و مورتەزا زەڕبەخت، لە رۆژی ٢٦ی خاکەلێوەی ١٣٢٥دا، دوو فڕۆکەی شەڕی "ئاداکس" یان فڕاند و چووبوونە پاڵ کۆماری ئازەربایجان.

ئەوانە هەموویان لەگەڵ بنەماڵەی بارزانییەکان خۆیان تەسلیم بە دەوڵەتی عێراق کرد. خۆ تەسلیم کردنی ئەوانە لە سەر ئەو زەمانەت و دەستەبەر کردنە بوو کە ساڵح جەبر، سەرۆکی وەزیرانی عێراق لە راگەیەندراوێک دا، رایگەیاند بوو کە ئەفسەرانی ئێرانی بە پێی یاسای نێونەتەوەیی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێ و وەک پەنابەری سیاسی بە حیساب دێن.

ئەو ئەفسەرانە دوای قسە کردن لەگەڵ مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەد لە سنووری شاری شنۆیە، سەرەتا رازی بوون کە لەگەڵ مەلا مسەفا بڕۆن و ئەو هەموو بەڵێنییەکی پێدان، بەڵام چوونکە پێیان وابوو لە ئاخرین ساتەکان دا، بە پێی پێویست مەلا مستەفا رێزی لێنەناون و لە چادران دا جێگەیان بۆ دیاری نەکردوون، بڕیاریان دا، خۆ تەسلیم بە دەوڵەتی عێراق بکەن.

ئەوانە شەوێک لە ناو چادرەکان دا جێگایان نەبوو و سەرما لێیدان و تفریشیان نەخۆش کەوت. بۆیە هەستیان کرد کە قەدر و نازی جاران کە تۆپەکانیان دەتەقاند، نەماوە و بۆ ئەو کەسانە بوونە سەربار. ئەوان بەیانی پێکەوە راوێژیان کرد و بڕیاریان دا کە پەنا بۆ عێراق بەرن و رۆژی ٢٦ خاکەلێوە، خۆیان تەسلیم بە پاسگای عێراق کرد.

بیروبۆچوونی ئەو ئەفسەرانە هەڵە بوو و مەلا مستەفا هەر لە سەقزەوە ئەوانەی لە ژێر پەنای خۆی گرت بوو. بەڵام مەلا مستەفا دەیزانی کە ئەوانە توانای ئەو وەزعە سەخت و دژوارەیان نییە. چاوخشاندن بەسەر ئەو رێپێوانە مێژوویە دەری دەخا کە بارزانییەکان تووشی چ زەحمەتێکی سەخت بوون.

کازم شانەدەری لە لاپەڕەی ٣٨١ی کتێبی بارزانی... باسی وەزعی ئەو شەوە دەکا کە ئەو ئەفسەرانە رەنجاون و دەڵێ لە نێو بەفربارین دا، گەیشتنە رەشماڵەکانی تەها هەرکی و بە زۆر ٦٠ کەسێک لەبن رەشماڵان دا جێگایان بووە، باقی پیاوەکان لە دەرەوی چادرەکان شەویان کردە رۆژ.

تەفرشیان لە کتێبەکەی دا، باسی ئەوە دەکا کە شێخ ئەحمەد بە باشی نەزانی کە لە عێراق، چارەنووسی ئەفسەرەکان تێکەڵ بە بارزانییان بێ و پێی باش بوو بۆخۆیان داوای پەنابەری لە عێراق بکەن. ئەو ئەفسەرانە دوای خۆ تەسلیم کردن بە عێراق لە رێی دیانا و کەرکووک بە دەستبەستراوەیی بردرانە زیندانی ئەبووغەریب لە بەغدا. ئەفسەرانی ئازربایجان لەبەغدا، فایلەکانی خۆیان لە ئەفسەرانی ئێرانی جوێ کردەوە، چوونکە دەوڵەتی ئێران یاسای لێبووردنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گشتی راگەیاند بوو و پێیان وابوو ئێران دەیانبەخشی.

سەرجەم ئەو دە کەسە دوای ٣ ساڵ و ٣ مانگ مانەوە لە خراپترین زیندانەکانی بەغدا، تەسلیم بە ئێران کرانەوە. مەحموود تەوەکولی و عەلی ئەسغەری و مەکاریان و دەباغزادە چونکە ئەفسەری فەرمی نەبوون و لە راستی دا غەیرە سوپایی بوون و لە فیرقەدا ببوون بە ئەفسەر، ئازاد کران. ئەوانی دیکە کە ئەفسەری رەسمی بوون، حوکمی ئێعدام و ئەبەد و ماوەی درێژخایەنیان بە سەرداسەپا. بەڵام دوایە هەموویان رەدەیەکیان پێبەخشرا و تەفرشیان کە حوکمی ئێعدامی هەبوو، دوای ١٦ ساڵ ئازاد بوو و دواتر، بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٥٢

### قوناخی یەکەمی پاشەکشەی عەشیرەتی بارزانی

رۆژی١١ی رێبەندانی ١٣٢٥ مۆڵەتی دیاری کراوی سوپای ئێران بۆ بارزانییەکان کۆتایی هات و ئەرتەشی ئێران فەرمانی بە فیرقەی ٤ کوردستان کرد کە بە بارزانییەکان رابگەیەنێ کە هەرچی زووتر خاکێ ئێران بەجێ بێڵن دەنا خۆ بۆ شەڕ ئامادە بکەن.

سەرکەوتنی ئەرتەشی ئێران بەسەر کۆماری ئازەربایجان و کوردستان بە بێ هیچ کێشەیەک، دەوڵەتی ئێرانی غەرە کرد بوو و ئەو دەوڵەتە لە رادەبەدەر هەستی بە توانایی دەکرد و پێیوابوو ئەگەر بارزانییەکان لە فەرمانیان دەربچن، زۆر زوو لە ناویان دەبەن. لە لایەکی دیکە کاربەدەستانی رێژیم هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە  ئیدی پێویستیان بە عەشایری جاش نەماوە و ویستیان بە هێندێک تێبینی چەکیان لێداماڵن. پەسیان لەوبارەوە لە دوو بۆچوونی جیاوازدا دەڵێ، کە لە لایەک سەرکەوتنی دەوڵەت بوو بە هۆی ئەوە بەرپرسانی عەشایر خۆ تەسلیمی رێژیم بکەنەوە و لە لایەکی دیکە بۆ ئەوەی عەشایر تێکەڵ بە پێشمەرگە نەبن، دەوڵەت ئاگادارییەکی بە هۆی فرۆکە لە ناوچەکانی کوردستاندا بڵاو کردەوە. دەقی ئەو بڵاوکراوەیە کە دەبی سەرەتای مانگی رەشمەی ١٣٢٦ بێ، لە لاپەڕەی٨١ ی کتێبی "لە مەهابادی خوێناوی تا... لێوارەکانی ئاراس" تۆمار کراوە. لەو ئاگادارییەدا، عەشایری کوردستان لە شار و لە دێ ئاگادار کراونەوە کە ئەو چەکانی لە دێموکرات وەریانگرتووە، لەماوی ٣ رۆژ لە شارەکان و لە ماوەی حەوتویەک لە دێهات دا، تەسلیم بە سەرۆکی سوپای مەهاباد و ورمێ بکەنەوە. بە پێی ئەو ئاگادارییە عەشایری مەنگوڕ و مامەش و گەورک بۆ پاراستنی سنوور، دەیانتوانی چەک لە لای خۆیان راگرن بەڵام دەبوو پسووڵە لە ئەرکانی هێز لە مەهاباد وەرگرن. بەرپرسی جێبەجێ کردنی لیستەی چەکوچۆڵ و فیشەک، سەرۆکی تایفە یان سەرۆکی عەشایر بوو.

لە پەیوەندی لەگەڵ عەشایری دێبۆکری و فەیزوڵابەیگی، بڕیارەکە بەجۆرێکی دیکە بوو و ئەوانەی لە شار دەژیان، دەبوو چەکەکان لە ماوەی ٣ رۆژ دا تەسلیم بکەنەوە و ئەوانەی لە دێهات دەژیان، ئەگەر پێویست بایە بۆ پاراستنی ماڵی خۆیان لە دز و جەردە، دەبوایە لیستەیەک بە هۆی سەرۆکی عەشیرەت لە ماوەی یەک حەوتوو دا ئامادە بکرێ تا پسووڵەی هەڵگرتنی چەکیان بدرێتی و باقی تفەنگەکانی دیکە تەسلیمی دەوڵەت بکرێنەوە.

سەزای سەرپێچی لەو بڕیارە و وەرنەگرتنی پاسی تفەنگ، دوای تێپەڕ بوونی کاتی دیاری کراو، تەسلیم کردن تاوانبار بە دادگای سەردەمی شەڕ بوو.

بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەو بڕیارە، هێزەکانی زێرۆ زەبرێکی قورسیان لە دەوڵەت وەشاند کە کاریگەری هەبوو لەسەر شێوەی چەک وەرگرتنەوە لە عەشایر. پەسیان لە لاپەڕەی ٧٩ی کتێبی "لە مەهابادەوە تا ... لێوارەکانی ئاراس" باس لە تێکهەڵچوونی هێزەکانی ئەرتەش و جاش بە فەرماندەری عەقید زەنگەنە لە گوندی " کوکێ" لە ناوچەی باڵانش لەگەڵ پێشمەرگەکانی زێرۆ و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەها هەرکی دەکا. هێزی دەوڵەت بە پشتیوانی جاشەکان، لە ٢٨ی ڕێبەندان هیرشێ خۆی بۆ لای دەڕەی قاسملوو دەست پێکرد. بەڵام لە ڕۆژی ٢ی ڕەشمەدا، هێزەکانی دەوڵەت لە گوندی " کووک" لە کەمین کەوتن و ٧ سەرباز و جاش بریندار بوون. پەسیان باسی خۆڕاگری و ئازایەتی پێشمەرگە دەکا و لە دوایی دا ئاماژە بە کوژرانی ١٥ کەس و بریندار بوونی ١٢ کەس دەکا. پەسیان لە بەشی دوایی ئەو شەڕە دا، باس لە کوشتنی پتر لە ٢ سەرباز و ٣ جاش و بریندار بوونی ١٠ کەس دەکا. دیارە پەسیان بۆ ئەوەی زەبری گورچووبڕی پێشمەرگە بەیان نەکا، بە کەمی و پرک پرک باسی کوژراوەکانی ڕێژیم دەکا.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٢٥٨ بیرەوەرییەکنای دا باسی ئەوە دەکا کە شیخ ئەحمەد ئەو و پێشمەرگەکانی ناردبووە تا هاوکاری زێڕۆبەگ بکەین و دەڵی کە شەڕێکی گەورەیان کرد و دەنووسێ کە دوای ئەوە بە شەکەتی گەڕاینەوە بۆ لای زێڕۆ، ئەو خەریکی قاورمە خواردن بوو و هەرچەند ئێمە زۆرمان برسی بوو، بەڵام ئەو بەشی نەداین و بەناچار لە ئاوایی نان و دۆمان وەرگرت.

ئەرتەشی ئێران لە سەر عەشایری بارزان زانیاری زۆر هەبوو و لە پەیوەندی لەگەڵ گەڕانەوەی ئەوان، ئەوەی کە چۆن و کەی و بە کوێ دا، دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ عێراق تووڕە بوو. بۆیە لە ڕێکەوتی ١١ی ڕەشەمەدا نامەیەکیان بۆ مەلا مستەفا نارد و ئاگاداریان کردەوە کە بە پێچەوانەی ڕێکەوتنی تاران دەجوڵێتەوە. ئێران بەجێ ناهێڵی و تۆپەکان تەحویل ناداتەوە و ئەفسەرانی ئێرانی کە لەگەڵ بارزانیان کەوتوون، تەسلیم ناکاتەوە.

ڕۆژی١٣ی ڕەشەمە مەلا مستەفا لە ئاوایی "ماوانە" لە ماڵە ڕەشید بەگ، لەگەڵ سەرۆک عەشایری شکاک و هەرکی کۆبووە و پێیگوتن کە ڕێگای گەڕانەوە بارزانیان بۆ عێراق داپۆشراوە و داوایان لێدەکا کە خواردن و بژیویان بۆ دابین بکەن و تا گەڕانەوەیان میوانی ئەوان بن.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٢٦٠ بیرەوەرییەکانی دا باسی مەلا مستەفا دەکا کە بە دەستەیەکەوە چوو بۆ نیو شکاکان تا یارمەتی ئەوان بۆ لای خۆی راکیشی، یان ڕێگای دەرباز بوون بەرەو شووڕەویان بدۆزێتەوە. بەڵام عەشیرەت لە ناوچەی بەگزادە، بەسەریان دادەدەن و دەستەی پێشمەرگەکانی ساباڵغی بە هانایانەوە دەچن و نەجاتیان دەدەن و چەند کەس یەک لەوان کوڕی سەرلەشکر جەهانبانی بە دیل دەگرن.

لە ١٨ی ڕەشەمە، بۆ ئەوەی ئەرکانی هێزی کوردستانی ئەرتەشی ئێران، باشتر و لە نیزیکەوە شەڕی بارزانیان بکا، لە مەهاباد گوێزراوە بۆ ورمێ. ڕۆژی دوایی لە دۆڵی "باراندێز" هێزی دەوڵەت کەوتنە کەمینی هێزەکانی هەرکی و سەروانێک و دوو جاش بریدار بوون.

لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆژبەڕۆژ هێزەکانی ئێرانی خۆیان بۆ شەڕ ئامادە دەکرد، بۆ سەرکەوتن بە سەر بارزانییەکان دا، بڕیار درا کە فرۆکەخانەیەک لە ورمی دروست بکری و چیدیکە لە فرۆکەخانەی تەورێز کە دوور بوو، کەڵک وەرنەگیرێ.

دوای ئەوە دەوڵەتی ئیران بە ڕێگای وتووێژی سیاسی و هەڕشە و کات دیاری کردن، نەیتوانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێزی بارزان تێکبشکێنێ، لە هەوڵی چەکدار کردنی عەشایر کەوت و چەکوچۆڵ و پارەی زۆری لە ئیختیار نان. دەیان هێز لە چەندین لاوە تەیار کران کە بەشێک لەوان خێڵاتی مەنگور و مامەش و دێبۆکری بوون. هەروەها تیپێکی ئاسمانی بە حەوت تەیارەی "هاینە" و دوو تەیارەی "تایگەرمووس" ئامادەی شەڕ بوون.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٨١ بەرگی دووهەمی کتێبەکەی دا، ئاماژە بە کێشەی عەشیرەتی مامەش و مەنگوڕ لەگەڵ بارزانییەکان دەکا و پێیوایە کە مامەشەکان بۆ تۆڵەئەستاندنەوەی کوژراوەکانیان بەرحەقن کە شەڕ لەگەڵ عەشیرەتی ئاوارە و لێقەوماوی بارزانی دا بکەن و دەنووسێ:

دوژمنایەتی مەنگوور و مامەش لە گەڵ بارزانیدا

ئەسڵەن بە مناسەبەتی ئەوەی کە هەموو خواردەمەنێک و جێگا و مەئوایەکی بارزانیەکان لە لایەن ئەهالی ئەو ناوچانە تەئمین ئەکرا کە لەسەرەوە باسمان کردن. بە یەک کەڕەت میللەتی ئەو ناوە بە دەست بەخێوکردنی ئەو عیلە زۆرەی بارزانی ناڕەحەت ببوون. هەرچی کە هەیانبوو دەرخواردی بارزانیان دابوو. سەرەرای ئەوەش کە بە هۆی بارزانیەکانەوە شەو و رۆژ تۆپ و تەیارەی حکومەتی ئێران ئەو ناوچانەی بوردومان ئەکرد کە بارزانی تیا ئەژیان.

جا عەشایرەکان پڕ بە دڵ ئەیانویست کە حکومەت بە هاواریان بگات و لەچەنگ بارزانی رزگاریان بکات. جا بەم هۆیەوە چارەی بارزانی لەبەر چاوی عەشایرەکان ناشیرین ببوو. بارزانیەکانیش هیچ چارەیان نەمابوو. مەجبوور بوون کە خۆیان بە خەڵک بەخێو بکەن چونکە لە هیچ لایەکەوە یارمەتی زەخیرە و خواردەمەنیان پێ نەئەکرا.

ئەسڵەن عەشایری مەنگوور بە ناحەق بەگژ بارزانیەکانا چوون. لە پێش حادیسەی سینگان هێچ زەرەرێکی ئاوایان لە بارزانیەکان نەدیبوو کە موستەحەقی ئەو لەشکرکەشی و بەگژداچوونەیان بێ. هەر معامەلەیەکی کە دەرحەق بە خێلی مەنگوریان کردبێ لەسەر حەق و حەقایق بۆوە. چونکە مەنگورەکان موتەعەدی و بارزانیەکان مەحاید و مودافیع بوون.

بەڵام لە قەزییەی عەشایری مامەشەوە بەراستی بارزانیەکان تەعەدا و غەدرێکی گەورەیان لە عەشایری مامەش کرد و مامەشەکان حەقیان بوو کە زۆر لەوە زیاتر تەعقیبی بارزانی بکەن و تۆڵەی خۆیانیان لێبکەنەوە.

پەسیان لە لاپەڕەی ٧٧ی کتێبەکەی دا باسی تاکتیک و فێڵی فەرماندەری فیرقەی چوار دەکا کە دەیهەویست نەهێڵی بارزانییەکان بەرەو شیماڵ، بۆ لای هەرکییەکان بڕۆن، بەڵکوو بەرەو باشوور بچن تا بکەونە داوی عەشیرەتەکانی مەنگوڕ و مامەش کە ٣٠٠ کەس دەبوون. هەر لەبارەی کێشەی بارزانییەکان و عەشیرەتی مامەش، پەسیان دەڵی کە لە کاتی پاشەکشەی بارزانییەکان دا، لە ئاوایی پەسوێ لە نێوان ئەوان و ئاغاکانی مامەش دا کێشە پەیدا بوو و بارزانییەکان دوو ئاغای مامەشانیان چەک کرد کە دوایە سەرهەنگ غەفاری وەریگرتنەوە.

رۆژێ ٢١ رەشەمە لە شەڕ لەگەڵ هێزەکانی هەرکی، سەربازێکی دەوڵەتی و جاشێک کوژران.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەڕای ئەوانە هێزی عەشایر لە لایەن دەوڵەتەوە، دڵنەوایی درانەوە و هەر کەسە ٥٠٠ ریاڵ خەڵات کران.

هەر بە دوای ئەو شەڕەدا، رەشید بەگی هەرکی داوای لە دەوڵەت کرد کە ٤٨ سەعاتی مۆڵەت پێبدرێ تا خۆی بەدەستەوە بدا و تەسلیم بێتەوە. دوایە دیسان شەڕ دەستی پێکردەوە و دوژمن کوژراوی دیکەی دا. سەرئەنجام رەشید بەگ لە رۆژی ٢٢ ی رەشەمە، لە ورمی خۆی تەسلیمی دەوڵەت کرد و هێزەکانی ئەو و نووری بەگ، لە رۆژی ٢٣ی رەشمە بە دژی هێزی بارزان دەستیان بە شەڕ کرد. لەوکاتەدا بە هان دانی عومەرخانی شکاک، عەشایری دیکەی شکاک، وەک قوباد کوڕی سمایل ئاغای سمکۆ، بە ٥٠٠ چەکدارەوە چوونە پاڵ دەوڵەت و بە گژ بارزانییەکان دا هاتنەوە.

هەرچەند عەشایر بەو کارەیان، خزمەتی گەورەیان بە هێزەکانی رێژیم کرد، بەڵام دەوڵەت لێیان دڵنیا نەبوو و هوشداری دا بە هێزەکانیان کە عەشایر تێکەڵ بە ریزەکانی سوپا نەکەن و هەروەها داوایان لێدەکردن کە سەرۆک عەشیرەتەکان، لە شارەکان دا لە ژێر چاوەدێری بگیرێن.

بە پێی لاپەڕەی ٩١ی کتێبی پەسیان، سەرۆکی فیرقەی چوار، لە رۆژی ٢٣ رەشەمەدا نامەیەکی بۆ شێخ ئەحمەد نارد کە تێیدا ئاوا هاتووە:

هەرچەندە بڕیار وابوو مەلامستەفا لە ناوچەی مەرگەوەڕوە بۆ وتووێژ بێتە نەغەدە، بەڵام هەتا ئێستە نەهاتووە. بەمەش ئێوە بە پێچەوانەی بەڵێن کارتان کردووە و لە برێتی ئەوەی بەرەبەرە خێزان و ماڵی خۆتان بەرەو سنوور کۆچ پێبکەن، بەرەو لای محاڵ دەشت، تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ هاتوون ..... وا چاکە دەست لە درێژە پێدانی ئەم کارە هەڵبگرن و هەتا زووە بە پێی فەرمانی پێشوومان شنۆ چۆل بکەن.

هەر ئەو رۆژە شێخ ئەحمەد بەمشێوەیە وڵامی فیرقەی چواری داوە:

چۆل کردنی شنۆ هەتا چەند رۆژی تر بە ئەنجام دەگا، هەروەها کارێک بە پێچەوانەی بەڵێن نەکراوە و ئەم بانگەواشەیە نادروستە و بریتییە لە هاندانی خێڵانی ناوچەیی کە لە بارودۆخی ئێستە ناڕازین.

سەرتای پاشەکشە بارزانییەکان بە کوشتاری ئاغای مامەشان دەستی پێ کرد و بارزانییەکان لە ئاخری مانگی رەشمە دا ١٣٢٥ (١٩٤٧) تا ئاخری خاکەلێوەی ١٣٢٦ (١٩٤٧) لە نێو بەفر سەرما و سەخڵەتی دا، بە لێوارەکانی سەر سنووری نێوان سێ دەوڵەتی دوژمن، ئێران و عێراق و تورکیە دا دەستیان بە پاشەکشە کرد.

پەسیان دەنووسێ کە بارزانییەکان دەیانەویست بەرەو باکور هەڵکشێن و لەگەڵ عەشایری جەلالی و میلانی پەیوەندی بگرن و لە بەرامبەر دەوڵەتدا رابوستن. بەکر حەوێزی لە لاپەڕەی ١٠٨ کتێبەکەی دا دەنووسێ کە ئەوکات کە بارزانی لە تاران بوو، بە شێخ ئەحمەدی گوتووە کە لە نەغەدە و شنۆ بارگرانیان لەسەر خەڵک زۆرە و واباشە کارێک بکرێ کە لە عەشیرەتی جەلالیان نیزیک ببنەوە.

شێخ ئەو پێشنیارە قبووڵ دەکا و بەکر حەوێزی ٣ کەس دەنێرێتە لای ئەتاکیشۆڤ لە تەورێز و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەویش پیان دەڵێ کە خۆیان بگەیەننە ناو جەلالیان تا لەوی چوونیان بۆ سووڤییەت رێکبخرێ.

رۆژی ٢٣ی رەشەمە دەوڵەتی ئێران فەرمانی پەلاماری بۆ سەر بارزانییەکاندا و رۆژی ٢٤ی رەشەمە لە چەند قۆڵ، لە نەغەدە شەڕ دەستی پێکرد. دەولەتی ئێران بۆ ئەوە بتوانێ هێزی بارزانی تێک بشکێنێ، بە دەستووری شا، لە عەرز و ئاسمان، هێزەکانی بارزانی دایە بەر هێرشی دڕندانە. ئەگەرچی هێزەکانی ئێرانی بە هاوکاری جاشەکان توانیان بەرزایەکان ئاوایی "وەزنێ"یان لێبگرن بەڵام هێزەکانی بارزانی لێیان وەدەستهاتن و فەرماندەکەیان کوشت و شوێنەکانیان پێ چۆل کردن.

هەورەها هەر ئەو رۆژە لە ئاوایی سینگان، سوارەی مەنگوڕ زۆر بە سەختی شکستیان خوارد و چەند کەسیان لێکوژرا و رایان کرد. راکردنی ئەوان کارگەری زۆری لە سەر هێزەکانی ئێرانی هەبوو و ورەی ئەوانیشیان دابەزاند. رۆژی دوایی هێزێکی گەورەی ئێرانی لە ژێر فەرماندەری سەروان کەلاشی بە تۆپ و خۆمپارە و پشتیوانی ١٥٠ سوارەی مەنگوڕ لە ئاوایی نەڵۆس، لە گەمارۆ کەوت. کەلاشی کوژرا و زوربەی هێزەکەی بەدیل گیرا و نەڵۆس کەوتە دەستی هێزەکانی بارزانی.

پەسیان لە لاپەڕەی ٢٩٩ی کتێبەکەی دا، لە باسی ئەو شەڕەدا دەڵێ کە بەیانی رۆژی بیست و چواری رەشەمە، هێزەکانی ئەرتەش سەنگەری بارزانییەکانیان لە بەرزایەکانی سینگان کە هەر ٦ تا ٧ کەس بوون، وەبەر تۆپان دا و سوارەی عەشیرەتی مەنگوڕ و مامەش تەقڵەکوت هەڵیان کوتایە شوێنی سەنگەرەکان. تۆپی بارزانییەکان لە ژێر فەرمانی تەفرشیان دا، بە یەکەم گولله، تۆپخانەی ئێرانی کپ کرد. پاشان تۆپەکەیان سوڕاند و روویان لە سوارانی عەشایر کرد و کاتێک کە سوارەکان دیانەویست لە ئاوی گادر بپەڕنەوە، بە گولله دایگرتن و ئەوان سەری ئەسپانیان وەر سووڕاند و هەڵاتن.

تەفرشیان لە لاپەڕەی ٣٠١دا، دەڵێ پاش شەڕی سینگان، هێزی دەوڵەت نێو ئاوایی "نەڵۆس"یان چول کرد و بە پێچەوانەی هەموو شەڕێک، دوور لە ئاو، لە گردێکی ئاوایی نەڵۆس کۆبوونەوە. لەوکاتەدا هێزێکی ٢٠ کەسی بارزانییەکان لەبەرانبەر بە ئەڕتەش دا راوەستابوو و شەڕیان دەکرد. فەوجێکی ئێرانی ئەوانی تۆپ باران دەکرد و دەیەویست هەڵێک بڕەخسێنێ و لە داویان باوێ. کەلاشی فەرماندەی فەوجی ئێرانێ، لە تەپۆلکێکی ئاوایی "نەڵۆس" هێزەکەی جێگیر کرد و تۆپخانەی دادمەزراند. ئەوان ٣٠٠ کەس بوون و کەرەسەی شەڕیان بریتی بوو لە دوو تۆپ، چوار برێنی گران(موسەلسەلی قورس)، شەش هاوەن هاوێژ کە هەموویان لەو گردە کۆ ببوونەوە. پێشمەرگەی بارزانی نێو ئاوایی "نەڵۆس" یان گرت و جارجار لە چەند لاوە، بە تەقەی گوولەیەک هەموو توانایەکانی هێزی ئێرانیان بەربەست کرد و تەنانەت هەرچەند بەری پشتەوەیان ئازاد بوو، بەڵام نەیانتوانی پاشەکشە بکەن.

لە وەزعییەتێکی ئەوتۆ دا، تەفرشیان بە تۆپ ناوەندی ئەو هێزە داگرت و بە دووهەمین گولله راست تۆپخانەکە هەڵتەکاند و کەلاشی فەرماندەی هێز بە توندی بریندار بوو کە دوایە خۆی کوشت. بە گوللەکانی دیکەش قەوارە و نەزمی ئەرتەش بە تەواوی تێکدرا. لەوکاتەدا دەستەیەک١٠ کەسی بارزانی لە ژێر فەرمانی مەحموود تەوەکولی خۆیان گەیاندە پشتی هێزی ئێرانی و

تەسلیمیان کردن.

لەم شەڕەدا ٧ ئەفسەر و ١٧ عەریف و نیزیک بە ٣٠٠ کەس لە هێزی ئێران، دەسبەسەر کران کە هێندێک لە فەرماندەرەکان، لە ترسان لیباسی سەربازانیان دەبەر کرد بوو. هەوەها چەند دەستەی دیکەی هێزی ئەرتەش لە تاریکی شەو کەڵکیان وەرگرت و خۆیان دەرباز کرد و هەڵاتن. بارزانییەکان لە شوێنەکانی دیکە، دەستەکانی دیکەی هێرشبەری ئەرتەشی کە بە پاڵپشتی هێزی دێبۆکری هێرشیان برد بوو، تێکشکاند.

هەر لەباسی شەڕی نەڵۆس دا نەجەفقوڵی پەسیان هەواڵدەری ئەرتەشی ئێران، لە لاپەڕەی ١٠٠ی کتێبی "لەمەهابادی خوێناوی تا لێوارەکانی ئاراس" دا، دەنووسێ:

... ساچمەی گوللەیەکی دوژمن راست بە یەکێک لە تۆپەکانی رائید کەڵاشی کەوتبوو و تۆپەکەی لەکار خستبوو. نۆ لە سەربازان، حەوتیان تۆپهاوێژ بوون شەهید بووبوون و شەش سەرباز بریندار و هەشت هێستریش تۆپی بوون. لە بارزانییەکان ٢٠ کەس کوژران ... ئەم پێکدادانە هەتا سەعات چواری پاش نیوەڕۆی رۆژی بیست و پێنجەم دریژە دەکێشێ. هەتا ئەوەی رائید کەڵاشی خۆیشی لە شانییەوە بریندار دەبێ. هەمان کات بە هۆی ئەنگاوتنی ساچمەی گوللەیەکی تۆپخانەی دوژمن هەموو چاو و بەشێکی روومەتی لەناو دەچێ ... بە شێوەیەکی خەمبار دەڵێ: لەبەر ئەوە درێژەدانی ژیان بەم شێوەیە بۆ من دژوار و نالەبارە واچاترە خۆم ئاسوودە بکەم و بە دەمانچەکەی بەرپشتی، خۆی دەکوژێ.

ساچمەی گوولە تۆپەکەی دوایی جگە لەوەی رائید کەڵاشی لەناو برد بوو، هەروەها دوو سەربازی تریش کە لە تەک ئەو دا برینداربووبوون. دوای کوژرانی سەرۆکی کاروان و پاڵەپەستۆی توندی خراپەکاران و بە کۆتا گەیشتنی تەقەمەنی و برسێتی بێڕادە، ئیتر پیاوە بەرگریکەرەکانی گردی نەڵۆس لە سەعات هەژدەی رۆژی بیست و پێنجەم دا ناچاری خۆ بەدەستەوەدان بوون، لە ئەنجام دا ٦٨ سەرباز و ئەم پێنج ئەفسەرەی خوارەوە ... خۆیان بە دەست بارزانییەکانەوە دا.

عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٩٦ی وڵاتی من دا، لەسەر کەڵاشی دەنووسێ:

ئەمن سەرهەنگ کەڵاشیم دیبوو لە گرتنەوەی شاری مەهاباد لە مزگەوتی قازی جێگیر ببوو، ئەگەر قەندو برینج و رۆن زیادی بایە بە ئێمەی دەفرۆشت.

رەحمانی قازی لە کتێبی "رۆژگاری ون بوو" دا، لەسەر شەڕی سینگان دەنووسێ:

... دوای ئەو شەڕە بارزانییەکان بۆ پشو دان و خۆ گەرم کردنەوە دەچن بۆ ئاوایی سینگان. دیدەبان دادەنێن بۆ ئەوەی لە پڕ بە سەریان دا نەدەن. دیدەبان هەواڵ دەدا ئەوە هێزی ئێران بەرەو سینگان دێ و لە ئاوایی نزیک دەبێتەوە. بارزانییەکان بۆ بە فریو بردنی هێزی دوژمن بەشێکی کەم لە چەکدارەکان بە بەر چاوی دوژمن لە ئاوایی دەنێرنە دەر و بەشی زۆریان لە ناو ئاوایی دا بۆسە دادەنێنەوە. لە سوپای دەوڵەت دا چەکداری مەنگوڕ لە ڕیزی پێشەوە دەبن و کاتێک دەبینن چەکدارەکان لە سینگان دەڕۆنە دەر بە پەلە خۆ دەگەیێننە نێو ئاوایی بەڵام لە ناکاو دەستڕێژی چەکدارانی بارزانی بە سەریان دا دەبارێ و لە یەک تەقە دا شەش کەس لە ئاغاکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکوژرێن کە بریتی بون لە:

١ - کاک عەلی ئەحمەدی بایزی
٢ - کاک حەمەدی ئەحمەدی بایزی
٣ - هەمزە ئاغا ئەسڵانێ
٤ - جەوەر ئاغا کوڕی سڵەمانی ڕەسوڵ ئاغای
٥ - کاک عەبدوڵای کوڕی کاک محەمەدی
٦ - چاوشینی کوڕی عەبدوڵا ڕەشی

نەجەفقوڵی پەسیان هەرچەند بێ لایەنی خۆی نەپاراستووە و لایەنگری لە ڕێژیم کردوە، بەڵام نەیتوانی خۆ لە ئازایەتی هێزی پێشمەرگەی بارزان ببوێرێ و باسی شەڕی ڕۆژی ٢٦ی ڕەشمەی سۆفیان نەکا و لەسەر قارمانەتی و خۆڕاگری پێشمەرگەی بارزانی، لە لاپەڕەی ١٠٦ی کتێبەکەیدا، دەنووسێ: ... دیمەنێکی سەرسوڕەێن دوای گرتنی سەنگەرکەی دوژمن کەوتە بەرچاو ئەوە بوو یەک مرۆڤی بارزانی لە سەنگەردا مابووە و تەقەی کرد بوو هەتا ناقیلەکە بە زنجیر بە سەری کەوتبوو. هەر ئاگری ئەم کەسەش بوو هەتا دوا دەقیقە نەپسایەوە و پتر لە دوو سەت گوللە بەو ناقیلە ناوەندییەی کە نەقیب ڕەجەبیوونی تێدا بوو کەوتبوو و هەر دوو لایتەکەی وردوهەڕا چاملغکانی کون‌کون بووبوون، دەوروپشتی برێنە گرانەکەش ئەنگاوترا بوو و لوولە تۆپە ٣٧ کەش بە گوللەیەکی بڕەک هەتا ناو لوولەکەی کون بووبوو و لەکار کەوتبوو. ئەمە بوو ورەی ئەو دوژمنەی سوپای ئێران ڕووبەڕووی بوو بووەوە.

لەو شەڕ و پێکدادانەدا دوژمن دەرسی وەرگرت و هەڵوێستی لەگەڵ جاشە کوردەکان گۆڕا و ئەوجار بە توندی لەگەڵیان دەجوڵاوە. تەنانەت پەسیانیش ئامۆژگاری دەداتە فەرماندەکانی شەڕ و لە لاپەڕەی ١٠٧ دا، لە خاڵی دووی تێبینی و ئاموژگارییەکانی دا بۆ ئەرتەش، دەنووسێ:

بە جارێک و بۆ هەتا هەتایە چەسپا کە وا ناشێ کاری هێزی خێڵان لە سەر شانبەشانی هێزی سوپا دا مەتمانەی پێبکرێ. هەڵسوکەوتی لاسار و نابەجێی سوارانی خێڵان و شکان و ڕەو کردنیان، زللەیەکی گرانی وەشاند کە ئەنجامی یەکڕاستی ئەوە، بەسەرهاتی خوالێخۆش بوو رائید کەڵاشی بوو.

ڕۆژی دوایی هەر لە نیزیک ئاوایی نەڵۆس لە کورتە شەڕێک دا، بارزانییەکان هێرشیان بردە سەر دەستەیەکی دیکەی دوژمن و ١ کەسیان لێکوشتن و ١١ کەسیشیان لێ بەدیل گرتن. لەدرێژەی ئەو شەڕانەدا، ڕۆژی ٢٧ی ڕەشەمە، شاری شنۆ و ئاوایی نەڵۆس بۆمباران کران. ڕۆژی دوای ئەو بۆمبارانە هێزەکانی دەوڵەت، فەرماندەیەک و دوو سەربازیان لێکوژرا و ٤ کەسیشیان لێ بریندار بوو. ئەو شەڕە بوو بە هۆی ئەوە کە وەزاڕەتی شەڕی ئێران، فەرمانێکی گشتی بۆ هێزەکانی دەربکا. بە پێی ئەو فەرمانە هێزی ئەرتەش نەدەبوو چی دیکە خۆ لە ڕووبەڕووبوون لەگەڵ بارزانییەکان بدا و لە لاپەڕەی ١٠٩ی  کتێبی پەسیان دا، لەو بارەوە هاتووە:

لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوە دەری خستووە کە بارزانییەکان پیاوی ئازا و میرخاسن و گیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەردەستن، بە بێ ترس دەکەونە ناو کار و خاڵی لاواز دەکەنە نیشانەی پەلاماری خۆیان، بەمەش رووداوی ناخۆش دەهێننە پێشەوە.

لەوشەڕ و پێکدادانەدا دەوڵەتانی عێراق و تورکیە ئامادەکاری تەواویان پێکهینا کە ئەوانیش پاڵپشتی ئێران بکەن و لە بارزانییەکان بدەن. لەوکاتەدا دەوڵەتی عێراق بۆ داڵدەدانی عەشایر کورد و بۆ دژایەتی ئەوان لەگەڵ عەشایری بارزانی، بە بەراورد لەگەڵ پووڵی ئێران، ساڵانە ٧٠ هەزار تمەنی دا بە شێخ رەشید. ناوبراو بارزانییەکانی بە مەترسییەکی گەورە دەزانی و ئارزووی بوو کە ئەو عەشیرەتە بە تەواوی تێدا بچن. هەر لەو پێیە دا رۆژی ٢٧ی رەشەمە، نووری سەعید سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگری و چەند کاربەدەستی دیکەی عێراق چوونە حاجی عومەران و لەوێ بڕیاریان دا تا بە دژی بارزانییەکان هاوکاری دەوڵەتی ئێران بکەن. هەر لە سەر پێشنیاری دەوڵەتی عێراق رۆژی ٢٩ی رەشەمە، فەزلوڵلا هومایونی فەرماندەی هێزی گەلی کوردستانی سەر بە رێژیم، لە حاجی عومەران چاوی بە حەمید سەید عەلی حیجازی کەوت. بە پێی لاپەڕەی ١٣١ی کتێبی "لە مەهابادی خویناوی تا لێوارەکانی ئاراس" بڕیار درا دوو تیپی نیشتەجێ لە "باپشتیان و مێرگە سوور" کە ٥٥ و ٩٠ کیلومەتر لە "خانێ" دووربوون و لە١٦٠ کەتیبە و ٦ فەوج پێکهاتبوون، لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا لە خانێ ئامادە بن. هەروەها ١٢ فڕۆکەی "ئانسەن"وەک هێزی ئاسمانی کە بنکەکانیان لە نیزیک کەرکووک و موسڵ بوو، بۆ بۆمباران ئامادە بن. دیارە، دەبوو پەیوەندی رۆژانەش بە بێسیم لە نێویان دا پێک بهێندرێ. لەو گەلەکۆمەگێش دا، دەوڵەتی تورکیە، تارانی ئاگادار کرد کە بارزانییەکان لەوانەیە لە دۆڵی بینارەوە دزە بکەنە ناوخاکی تورکیە. دەوڵەتی تورک ٣ بنکەی سەربازی لە دالانپەڕ و دۆڵی بینارە و گوندی "کۆتانا" دانا و ئامادەگی خۆی بۆ هاوکاری دەوڵەتی ئێران راگەیاند. هاوکات هومایونی لە "بازرگان" خاڵی سنووری نێوان تورکیە و ئێران، لەگەڵ چەند ئەفسەری تورک کۆبووەوە و تورکەکان ئامادەگی خۆیان بۆ یارمەتی بە هێزەکانی ئێران راگەیاند.

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا، بە هۆی سەرنەکەوتنی هێزەکانی ئێران و کۆتایی نەهاتنی کێشەی بارزانییەکان، لە ٣٠ رەشەمە، شا بڕیارێکی نیزامی سەبارەت بە هەڵەشە و کەمتەرخەمی و ئابڕووچوونی هێزی لەشکری ئێران دەرکرد. دەقی خاڵەکانی ئە بڕیارە، لە لاپەڕێ ١٣٤ی کتێبی پەسیان دا، هاتووە و گرینگترینیان ئەمانەن:

ب: بە هۆی باڵەفڕەوە هەموو بنکە و رێبازی کۆچ و باری ماڵە بارزانییەکان و هەروەها شوێنی تۆپخانەکانیان بۆمباران بکەن.

د: پێویستە ئۆپەراسیۆن هەتا ١٥ خاکەلێوە ١٣٢٦ ( واتە ٤ نیسان ١٩٤٧) بە کۆتا بێ و بە جورێک جێبەجێ بکرێ بارزانییەکان فریای هەڵاتن نەکەون و دەبێ کۆتایی بەم کاری ئابرووچوونەی سوپا بێ.

ه: خانانی مەنگور، مامەش و دێبوکری زیانی گیانیان پێکەوتووە، دڵیان بدرێتەوە و رێزیان لێبگیرێ و نەهێڵرێ بە هۆی ئەم زیانانەوە دڵسارد بن و دڵهێوری لە دەست بدەن.

هێزەکانی رێژیم لە مانگی خاکەلێوەدا، خۆیان تەیارتر کرد و هێرشی بەربلاویان لە دژی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بارزانییەکان دەست پێکرد و ئەوانیش ئازایانە بەرپەرچیان دانەوە. بە پێی لاپەڕەی ١٤٤ی نەجەفقولی پەسیان، لە رۆژی ٣ی خاکەلێوە لە ئاوایی "هەڵەجە" ملازم سەید محەممەد ئیمامی و ١٣ سەرباز کوژران و ٩ کەسیشیان بریندار بوون. هەروەها مولازم دووهەم حەمید جەهانبانی بە ١٥ کەسەوە بە دیل گیران و لە جاشەکانیش ٢ کەس کوژران و یەک بریندار بوو.

دیارە ئەگەرچی پەسیان رادەی ژمارەی کوژراوەکان ئەوەندە رادەگەیەنێ، بەڵام هەر سەبارەت بەو شەڕە ئاماژە بە شتێکی سەرسووڕەێنەر دەکا و دەنووسێ:

لە راستیشدا چەکداران توانیان هەر دوو تیپێ ناوبراو بە تەواوی لەناو ببەن.

هەر لە شەڕی ئەو رۆژەدا، هێزەکانی بارزانی و زیرۆ بەهادوری، هێرشیان کردە سەر سەنگەری هێزەکانی ئێران و لە شەڕی دەستەویەخە دا، سەربازانی ئێرانیان لە سەنگەرەکان دا دەرپەڕاند و ملازم دووهەم مستەفا هاتفی و ٧ سەربازیان کوشت.

بۆ رۆژی دوایی فروکەکانی ئێران زیاتر لە ٦ جار سەنگەری پێشمەرگەکانیان بۆمباران کرد. سێ فڕۆکە بە گوللەی پێشمەرگە پێکان، بەڵام توانیان خۆ بگەیەننەوە فڕۆکەخانەکانیان.

زور تێکهەڵچوونی دیکە لە نێوان دەستەکانی هێرشکەری سوپای ئێران و بارزانییەکان رووی دا. نووسەری بە رواڵەت رۆژنامەی ئیتلاعات، بەڵام لە راستی دا دەرباری شا، تەنیا باسی شەهید بوونی چەندین پێشمەرگەی بارزانی لە شوێنە جیاوازەکان دەکا، بەڵام لە لاپەڕەی ١٥١ دا، باس لە رۆژانی سەرەتای هەوڵی مانگی خاکەلێوە دەکا کە چ بەڵایەک بەسەر ئەرتەش هاتووە و دەنووسێ:

سوپا دەستپێشکەریی کردەوەی لە دەست دابوو. ئەگەر بمانەوێ رووناکتر بڵێین لە هەمبەر بارزانییەکاندا باری بەرگریی گرتبووە خۆی.

لە وەزعێکی ئەوتۆ دا شا بە هۆی رەزمئارا، سەرۆکی ئەرکانی سوپا، هێزەکانی خەڵات کرد و رادەی ٣٠٠ نیو پەهلەوی زێڕ و ١٩٨ نیشانی ئازەرابادەگان و ٢٠٠ میداڵی بوێری، بۆ هێزەکانی لە بەرەی کوردستان نارد، تا بەمشێوە رێز لە هەوڵ و تێکۆشانی ئەفسەران و پایەبەرزانی ئەرتەش بگرێ و وەرەیان بەرز بکاتەوە.

رۆژی ٣ی خاکەلێوە فڕۆکەخانەی ورمێ ئامادە و تەیارەکانی تەورێز گوێزرانەوە بۆ ورمێ و بۆمبارانی شوێن و پێگەی بارزانییەکان بە توندی دەستی پێکرد و زیانی زۆریان پێگەیاندرا و برینداریان زۆر بوو.

لەوکاتەدا بارازانییەکان لە شنۆ و دەشتەبێڵ و مەرگەوەر جێگیر بوون. فیشەک و تەقەمەنیان لە کەمی دا بوو. بە ناچار هەم محەممەد سەدیق بارزانی و هەم شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا داوایان لە هێزەکانی دەوڵەت کرد کە هێرشی ئاسمانی رابگیری و بەڵێنی چوونەوە ناو خاکێ عێراقیان دوویات کردەوە. پەسیان لە لاپەڕەی ١٦٢دا، ئاماژە بە بەشێک لە نامەی شێخ ئەحمەد دەکا و دەنووسێ: بە هۆی نەمانی بژیوی و مایەی حەوانەوە، من خۆم بڕیارم داوە هەموو سەربازە دیلەکان بدەمەوە...

لەسەر ئەسیرانی بەردەستی پێشمەرگە، تەفرشیان دەنووسێ کە پاش ماوەیەک لەبەر نەبوونی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خواردمەنی سەربازەکانی تەسلیم بوو، ئازاد کران. دواتر ئەفسەرەکانیش ئازاد کران تەنیا ملازم یەکەم جێهانبانی، کوڕێ ئەمانوڵڵا جیهانبانی ئازاد نەکرا کە شێخ ئەحمەد پێیوابوو بە هۆی دەستەڵاتی بابی دەتوانێ بە کەڵک بێ. بۆیە نامەیەکی بۆ سوپای ئێران نارد و گوتی ئەگەر دەست لە ژن و منداڵمان نەپارێزن و بۆمبارانیان بکەن، دەیکوژین. تەفریشیان دەڵێ دوای ئەو هەڕەشەیە، هێرشی فڕۆکەوانەکانی ئێرانی کۆتایی هات.

پەسیان لە لاپەڕەی ١٤١ ی کتێبەکەی دا، لەسەر ئەو ئەسیرانە بە جۆرێکی دیکە دەدوێ و دەڵێ کە دواتر لە بۆمبارانی رێکەوتی ١ی خاکەلێوەی شاری شنۆ دا، ئەسیرەکان توانیان رابکەن و خۆ بگەیەننە نەغەدە. ئەوانە زانیاری زۆریان لەمەڕ وەزعی ئازووقەی بارزانییەکان و ئەو تاکتیکانەی کە ئەوان بە راوەشاندنی دەسرۆکەی تایبەتی، فڕکەوانەکانیان فریو دەدا، دا بە هێزەکانی ئەرتەش.

شەرتی ئەرتەشی ئێران بۆ بارزانییەکان بەجێگەیاندنی هەرچی زووتری گەڕانەوە بۆ عێراق و بەدەستەوە دانی ئەفسەرانی هەڵاتوو و تەحویل دانەوەی تۆپەکان بوو. ئەفسەرە هەڵاتووەکانی ئەرتەشی ئێران واتا رەئیس دانا و تەفریشیان لە لای سوفیان و مەرگەوڕ لە سەر تۆپە ٧٥ میلیمەکان بوون.

لە درێژەی شەڕ و پێکدادان و بۆمبارانەکانی ئێران، هێزەکانی بارزانی زیاتر لە سنوورەکان نیزیک بوونەوە. لە رۆژی ١٤ی خاکەلێوە سوارەکانی موساخانی جاش، چوونە نێو شاری شنۆ و رۆژی دوایی ئەو شارە بە تەواوی گیرا و هێندێک چەک و گوللە و تۆپێکی بێ لوولە، کەوتە دەستی هێزەکانی ئێران. پاش گرتنەوەی شاری شنۆ، بارزانییەکان ١٨ کەس لە ئەفسەرانی ئێرانی، جگە لە ملازمی ٢ ی سوارە و حەمید جیهانبانی، لە رێگەی سەید عەبدوڵای گەیلانی، تەحویلی ئێران داوە.

رۆژی ٢٠ی خاکەلێوە جیهانبانی تەسلیمی ئێران کراوە و پەسیان لە لاپەڕەی ١٧٦ی کتێبەکەی دا لە زمانی ئەو باس دەکا کە بارزانییەکان رادەی ٣٥٠٠ تفەنگی بڕنۆ و ٢٠٠ تفەنگی ئینگلیسی و هەر بە ٣٠ کەس تەماتیک و هەروەها ٤٠ برێنی سووک و ١٧ دانە برێنی گران و بە هەر ٣ کەس نارنجۆکێک و سەرجەم ٧٠٠ دانە نارنجۆک و هەر شەڕکەری بارزانی نیزیک ١٠٠ گوللەی پێیە. جێهانبانی لە درێژەدا دەڵی کە تەقەمەنی تۆپەکان کەم و هەر تۆپەی زیاتر لە ٢٠ گوللەی پێ نییە. لە رووی بژیوی ژیانەوە ئەوان لە تەنگانەدان و زیاتر لە حەوتوویەکە گەنمیان نییە بیکەن بە نان. جیهانبانی لە راپۆرتەکەی دا دەڵی کە ورەی بارزانییەکان باش نییە و لە فڕۆکە دەترسن و سەرماوسۆڵ زۆری زیان پێگەیاندوون و زوربەی ماڵاتەکانیان لە سەرما دا قڕ بوون. ئەو باسی لیستی ئەفسەرانی هەڵاتوویی ئێرانی دەکا هەروەک لە لاپەرەی ١٧٧ی پەسیان دا هاتووە کە بریتین لە:

تەفرشیان، رەئیس دانا، ئیحسانی، زێربەخت، تەوەکولی و ئەرتیشیار. بەگشتی لە هەڵاتنی خۆیان پەژیوانن بە تایبەتیش رەئیس دانا لە هەموویان زیاتر لە کردەوەی خۆی پەژیوانە.

بە هۆی جیهانبانی، شێخ ئەحمەد نامەیەکی بۆ هومایونی نووسی و باسی هۆیەکانی شەڕی کرد و هێزی ئێران و خێل و عشایری ئێرانی، بە هێرش بۆ سەر بارزانییەکان تاوانبار کرد و نووسیبووی کە بارزانییەکان دیفاعیان کردوە. لەبارەی تۆپەکانەوە شێخ ئەحمەد نووسیبووی کە یەکیان لە شاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شنۆ، هێزی ئێرانی دەستیان بەسەر داگرتۆتەوە و ئەوی دیکەش لە لای شێخ عوبەیدولایە.
شێخ لە نامەکەدا نووسیبووی کە ئێران هەموو ڕۆژێ زیانی گیانی پێگەیاندون و نیزیکەی ٢٠ ئافرەت و زارۆکیان لێکوژراوە و ئامۆژگاریان دەکا کە ئەوە دژی مرۆڤایەتییە و داوا دەکا کە دەست هەڵگرن. لە سەر دیلەکان دەڵێ، دراونەوە بە شێخ عەبدوڵا.
لە ڕۆژی ١٩ی خاکەلێوە دەوڵەتی عێراق و شێخ ئەحمەد ڕێککەوتن و شێخ بە نامە دڵنیا کرا کە ئەو و پەیرەوانی، لە هەموو ڕوویەکەوە پارێزراو دەبن و تەنانەت دەوروبەر و خزمانی شێخ ئەحمەد، تا ماوەیەک دەتوانن بە چەکداری بمێننەوە. هەروەها دەولەتی عێراق رایگەیاند کە بۆ دەرباز بوون لە چۆمی گادەر، دار و تەختەیان بداتێ هەتا پردی پێ دروست بکەن و بپەڕنەوە بۆ دیوێ عێراق.
لە کۆتاییەکانی شەڕی هێزەکانی ئێران و بارزانی، هێزی عەشایر بۆ خوش خزمەتی بە دوژمن، لێبڕاوانەتر هاتنە ناو شەڕەکان و بە پێی لاپەڕەی ١٧٩ی کتێبی پەسیان، ڕۆژی ٢٢ی خاکەلێوە١٥٠ چەکداری زەرزا و مامەش و مەنگوڕ، لە دۆڵی "تاڵەجار" بە گژ بارزانییەکان داهاتن. هەر ئەو ڕۆژە تەها هەرکی داوای عەفووی لە دەوڵەتی ئێران کرد.
عەشایر بە هۆیی ناسیاوی و شارەزایی لە ناوچەکان دا، یارمەتی و کارئاسانی گەورەیان بە دەوڵەت کرد. بەڵام لەسەر گرینگی بەشداری عەشایر لە شەڕ بە دژی بارزانییەکان و نرخی ئەوان بەلای دەوڵەت، نەجەف قولی پەسیان لە لاپەرەی ٣٢ی کتێبی" لە مەهابادەوە ... بۆ ئاراس" دەنووسێ: ... خولیای سوارانی عەشایر وەک دواتریش سرنج دەدەین تەنیا بریتی بوو لە زیادکردنی ژمارەی سوپا. وێرای ئەمەش لەبەر ئەوەی هیچ ماف و کرێیەکیان پێنەدەدرا بۆیە لە ڕاستی دا ڕۆڵی نۆکەری بێ کرێیان دەگێڕا و لەم بارەیەشەوە گوتەیەکی کۆن هەیە زور بە دروستی لە سەریان جێبەجێ دەبێ. ئەو شتەی سەرکردایەتی هان دابوو هەتا ئەمانە بە کار بێنن بە پلەی یەکەم بەدەردانەوەی گیانی گوێڕایەڵی بوو تیایاندا و بە پلەی دووهەمیش خەریک کردن و دوورە پارێزکردنیان بوو لە ڕاگەیاندنی هاندەرانەی ناپاکان. ئەگینا ئەم خەڵکانە هیچ بایەخێکیان لە ڕووی سەربازییەوە نەبوو. هەروەها بە درێژایی کاتی ئەو کردەوانەش کە ئەوان تیایدا بەشدار بوون بچووکترین کاری گرینگیان ئەنجام نەدا، نەک هەر ئەمە بگرە بە هەڵاتن و پاشەکشەی نابەجێی خۆیان گورزی گەورەیان بە سوپا دەگەیاند.
لەو پاشەکشەدا کە بارزانییەکان کردیان، ڕیگەیان سەخت و دژوار بوو و لە زۆر جێگا بەفر زیاتر لە یەک مەتر بوو. سەرما لەو شاخانەدا بێدادی دەکرد و زۆر شەو ئەسپ و ئێسترەکان لە سەرمادا ڕەق دەبوون. ژن و منداڵ لە شوێنێک بۆ شوێنێک دەگوێزرانەوە و لە بن چادران دا، بۆ ساتێک نانێکیان ساز دەکرد و دیسان باروبنەیان تێکەوە دەپێچا و بەرەو شوێنی نادیار دەڕۆیشتن. ڕێچکەی ئەوان بە سەر بەفردا نیشانەی چاک بوو بۆ فڕۆکەکان کە بیاندۆزنەوە و بۆمبارانیان بکەن. بەو بۆمبانە ژن و منداڵی زۆر کوژران.
محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٥٩ بەرگی دووهەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کورد..." ئاماژە بە ژیانی سەختی بارزانییەکان لە کاتی پاشەکشە کردن دا بەرەو عێراق دا و دەنووسێ:

حەرەکاتی حکومەتی ئێران بۆ سەر بارزانیەکان

بەهەر وەسیلەیەک کە گونجا عەشیرەتی بارزان هەتا ئەوەڵی ئیسفەند خۆیان بە نان و خواردەمەنی خەڵکی ئەو ناوە ژیان. ئەمجا لەشکری حکومەتی ئێران بە هەیبەتێکی زۆر موجەهەزی تانک و تەیارە و زرێپۆش لەگەڵ هێزی عەشایری شارویران، دێبۆکری، مامەش، مەنگوڕ، پیران، زەرزا، لە ژێر فەرماندەی لەشکر تیمسار همایونی لە جنوبەوە و لە جەهەتی شەرق و شومالیشەوە لە قوڵی دەشتەبێڵ و نەغەدە و سندووس و تەرگەوەر و مەرگەوەر و دۆڵێوە، لە ژێر فەرماندەی لەشکری خرابی و زەنگنە لە ٢ ئیسفەندی ١٣٢٥ پەلاماری هێزی بارزانی درا. چە پەلاماردانێک، پەلاماردانێکی سەروماڵی، پەلامارداریکی بێ رەحمانە، لەهەموو دێهات و ئاوایەکەوە ئەهالی ئەو ناوچەیە لە ترسی گیانی خۆیان پەلاماری ماڵی بارزانیەکانیاندا. عائیلەی بارزانی لە دێهاتەکان دەرکران و خزانە ناو ئەشکەوتەکانی ناوچە شاخاویەکانەوە.

عائیلەی هەژاری بارزانی بەبێ خۆراک لەناو بەفرا ئەتلانەوە. بەفر رێگای نەئەدا کە ئەو عێلە لە مەرزی عێراق نیزیک ببێتەوە و خۆی بخاتەوە باوەشی نیشتمانە رەنجاوەکەی. چونکە لەو سەروبەندەدا لەشکری بەفر هەموو ناوچەیەکی داپۆشیبوو. رێگای سەڵتە و زەلام نەبوو کە بەسەریا بروا چ جای کۆچبار.

بەڵام دەردێ لەهەموو شتێک ناخۆشتر، بێ نانی بوو. ئەو عەشیرەتە هەژارە دەسەڵاتی هیچ خواردەمەنێکی تری نەبوو. تەنها ئەو رەشە وڵاخانە نەبێ کە باریان لێنابوون. هەر ئەو وڵاخانەیان سەر ئەبری و لەناو ئەشکەوتانا بە کاڵ و نەکوڵیوی ئەیان خوارد. هێزی دەوڵەتی و عەشایرەکانی تیر و تەسەلیش بەبێ بە بێ وچان و بەبێ هیچ زەمیر و ویجدانێک، دەریغیان بە پەلاماردانیان نەئەکرد. بارزانیەکانیش بەرامبەر بەو هەموو لەشکرە زۆرە دیفاعی نامووس و جەنگی شەرەفیان ئەکرد (نە جەنگی پێشکەوتن و دوژمن شکان و لە ئێران مانەوە). پیاوەکانیان بەرامبەر بەو زەختە قەهارەی دوژمن سینگیان بۆ گوللەی دوژمن راگرتبوو و ژنەکانیشیان لە ژێر بوردمانی تەیارە و رەشاشا بەرەو عێراق کۆچباریان لێ‌ئەخوری.

ئاخ عیراقی ئازیز بۆچی وا دووری، ئاخ مەرزە رەنگینەکەی نیشتمانی شیرین بۆچی دەرناکەوی. ئای بەفری سارد و سری ئەقتاعی زۆرداری بۆچی دوایت نایە، بۆچی ناهێڵی ئازیزی نیشتمانیمان لێ وەدەرکەوێ. نیشتمانی نازدار ئاخۆ تاکەی باوەشی رەنگینت بۆ ئەو لاوانت ناگرییەوە کەوا بە کۆمەڵ لە ژێر تاوی تۆپ و بۆمبا و رەشاش و ئازاری برسایەتی و تۆف و کرێوی خاکی دوژمنان سەرسام و سر بوون.

دۆڵی گادەر، خانی ئازیز، کێلەشین، زینوێ شیخی، ناوچەی حاجی ئومەران دە زوو دەرکەون. بنەوارتە ئەو برا لێقەوماوانەمان کە بەدەم رەشاشی بێ روحمی ئێرانیانەوە خوێنی سووریان ئاڵای ئیستقلال، ئازادی کوردستان لە لاپەرەی بەفرە سپیەکانی ناو گەلەکان ئەنووسی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جا عەشیرەتی بارزان دوو مانگ بەو تەرزە لەناو کۆڕی جەنگ و بەفرا لەو دەشت و شاخستانی ئێرانا رایانبوارد. بەدەم شەڕەوە بەرەو عێراق ئەکشانەوە. زیاتر عەشایرەکانی ئێران فەرخەی بارزانییەکانیان بڕیبوو. حکومەتی ئێران تفەنگ و فیشەکی بەسەر عەشایرەکان دابەش کردبوو بۆ بارزانی کوشتن. تەفسیلاتی ئەم جەنگەیان بەم پێیەبو کە عەرز ئەکرێ.

هەر لە درێژەی ئەو باسەدا مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٥٧ بەشی دووهەمی کتێبەکەی دا دەنووسێ: ئەمجا ئەو هەمووە عێلاتی بارزانی و غەوارە لەو ناوچەیەدا بەسەر عەشائرانەدا مانەوە. هیچ نەفەرێک و هیچ عەشیرەت و ئاغایەک دارای حورییەت و سەر و ماڵ نەبوو. ئەو دێهات و عەشایرانە موکەلەف کرابوون بە بەخێو کردنی عائیلاتی بارزانی. هەر کەسێک کە لوت چەرچێکی بەرامبەر بە ئەمری بارزانی لێ موشاهیدە کرابایە. هەر خوا ئەیزانی چی پێ ئەکرا. بە ئەندازەیەکی بێ شمار دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بە دەست بەخێوکردنی بارزانیەکان هەراس ببوون و هەرچی زەخیرەیەکی کە هەیانبوو دەخواردی بارزانیەکانیان دابوو. خۆیان وەکو بارزانەیکان دەستەوەستان مابوونەوە. عەشایرەکان چ لە ترس و چ بە خۆشی هەموو سەری ئیتاعەتیان بۆ بارزانی دانوان بۆ ئەو میللەتە هەناسەساردەش لە غەیرەز مردن ڕێگایەکی تریان نەمابووە. بێ خۆراک و سامان وەکوو بارزانیەکانیان لێ هاتبوو. بەفریش ڕۆژ بە ڕۆژ گەزێکیکەی ئەخرایە سەر.ساڵێکی بەمەودا و پڕ لەشۆڕش و دڵتەنگی بوو.

بارزانییەکان تا ئەوکات گوللەیان بە فڕۆکەکانەوە نەدەنا و دەیانگوت گوللەکان بە هەدەر دەڕۆن، بەڵام بە هۆی ئەو بۆمبارانە بێ بەزەیانە، ڕۆژێک شێخ ئەحمەد دەستووری دا کە لە هەموو لایەک را تەیارەکان بدەنە بەر دەسترێژ و لەو تەقەیەدا فڕۆکەیەک بەرکەوت و لە مەرگەوەڕ کەوتە خوارەوە و دوو فڕۆکەوانەکە لەنێو ئاگردا سووتان.

دوای نیزیک بوونەوەی بارزانییەکان لە سنووری عێراق، ئەفسەرانی ئێرانی تۆپچی، لولەی تۆپەکانیان تەقاندەوە و دەرزییەکانیان لە چۆمی گادەر هاویشت. لەو شەڕانەدا ئەفسەر و سەربازی زۆر لە دەوڵەت کوژرا. لە ڕۆژەکانی ئاخری خاکەلێوە، عەشیرەتی بارزانی کە زۆربەی ژن و منداڵ بوون، دوایی ئێعلانی عەفوو لە لایەن دەوڵەتی نوری سەعید، لەگەل شێخ ئەحمەد گەڕانەوە بۆ عێراق و لە ڕۆژی ٢٤ی خاکەلێوە، دوا کەسانی بارزانی لە پردی گادەر پەڕینەوە. فروکەکانی ئێران نەیانتوانی بەسەریان دا بفڕن، چونکە تەپ و تۆز و خۆڵ بوو.

ڕۆژی ٢٥ی خاکەلێوە عەشیرەتی بارزان تەفەنگەکانیان رادەستی دەوڵەتی عێراق کرد. پێشتر ڕاگەیەندرا بوو کە مەلا مستەفا خۆ تەسلیم ناکاتەوە و چەک دانانێ و هەرکەس مەترسی لەسەرە، یان پێیخۆشە با لەگەڵ ئەو بڕوا. هێندێک لە پیاوەکان، ژنەکانیان لە پردی گادەر پەڕاندەوە و گەڕانەوە بۆ لای مەلا مستەفا و ئەوان هەر ئەو ڕۆژە لە گوندی "بێداو" را بەرەو شاخ و بەرزایەکان هەڵکشان. ڕۆژی ١٧ و ١٨ی نیسانی ١٩٤٧ نیزیکەی ١٥٥٠پیاو و ١٦٨٨ ئافرەت و ١٣٢٩ منداڵی بارزانی، چوونەوە ناو کوردستانی عێراق.

پەڕینەوەی هێزی بارزانی بۆ دیوی عێراق، دیسان بووە بە مایەی شەرمساری ئەرتەشی ئێران و


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەرکانی سوپای ئێران لە ئاگادارییەک دا، گلەیی لە فیرقەی هێزی کوردستان کرد کە بۆ خۆیان نەگەیاندە سەرسنوور و بارزانییەکان کە بژیویان نەمابوو لە ناو نەبرد و کارەکەیان تەواو نەکرد؟ ئەو نەچوون و چوار رۆژ راوەستانەتان، مایەی شەرم و ئابڕووچوونی ئەرتەشی ئێرانە.

دوای پەڕینەوەی بنەماڵەکانی بارزانی و تەها هەرکی بۆ ناو عێراق، شێخ ئەحمەد لە "خرێنە" چاوی بە عەمید حیجازی سەرکردەی هێزەکانی عێراقی کەوت و تفەنگەکانی رادەستی دەوڵەت کردەوە. دوایە دەوڵەتی عیراق پردی گادەری تێکداوە و لە ٣٠ خاکەلیوە، پەیوەندی بێسیمیان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران پساند.

شێخ ئەحمەد دوای خۆبەدەستەوەدان، تا ساڵی ١٩٥٨ بە خۆی و ماڵ و منداڵی لە بەغدا و بەسەرە دەستبەسەر بوو. محەممەد سەدیق و محەممەد ئاغای مێرگەسووری، بە ماڵەوە لە موسڵ و کەرکووک، لە ژێر چاوەدێری دابوون.

هەر لەو چوارچێوەیە دا میرزا محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٨٥ ی بەشی ٢ کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." دا باسی چارەنووسێ عەشیرەتی بارزانی و هێندێک لە کەسایەتییەکانی کوردی عێراق کە بەشداری کۆمار بوون دەکا و دەنووسێ:

جا بەو پێیە ئەو لەشکر و عیلاتی بارزانە واریدی عێراق بوونەوە. شێخ ئەحمەد و شێخ سەدیق و شێخ بابۆ و شێخ سلیمان و حەمەئاغای مێرگەسوور و کاک مامەند و محمدی ئەمیرخان ناوان کە زۆر مەتلووبی حکومەتی عێراق بوون، لەگەڵ عیزەت عەزیز و خێروڵلا و محەممەد مەحموود و محەممەد عەبدوڵا و نووری ئەحمەد تەها تەسلیمی نەفس ئەکەن بە حکومەتی عێراق و مستەفا یش لە مەخفەری حاجی ئومەران لە لایەن پۆلیسی عێراقەوە لەگەڵ دوو نەفەری جوندی فەراری ئەگیرێت.

قسمی سەرکۆمارەکانی بارزانی لەگەڵ هیندێ پیاوی ناسراویانا فڕێدرانە بەندیخانەکانی موسڵ و هەولێر و مەعقەل بەسرا و قەراری حوکمی ئیعدامیان کە دەرحەق سادر ببوو تەئجیل کرا بۆ وەختێکی غەیری موعەیەن و زۆر کەڕەت بۆ بەرەڵلاکردنی ئەسیرانی بارزانی لە مەجلیسی پارلەمانا کاک زیاد ئاغای کۆیی داوای لە حکومەت کردوە و قسمی مونتەسەبین تەحەڕوڕ و پارتیش بە چەند تیکڕار و نەدا و نووسین داوای بەربوونی برا بارزانیەکانیان کردوە. بەڵام لە رەغمی ئەو هەموو تەلەبە داواکاریە، حکومەتی عێراق هەتا ئێستا ئەو بێچارە بەندییانەی بەرەڵلا نەکردوە. بەڵام بۆ عەوائیلی بارزانی لە مەنتیقەی بارزانا هێندێ تەرتیباتی خۆراک و پوشاک و تەرزی زراعەت و تەعاونی حاسڵخیزی کردون. ئەوانەی کە تەبعید و نەخراونەتە مەعقەل تا ئەندازەیەک بە وەسایلی ژیان کۆمەگیان پێکراوە و هیندێ نەفەراتی سەڵتە و بێ ژن وماڵیشیان لە بارزان دوور خستۆتەوە و بەسەر لوایەکانا دابەشیان کردوون.  بەڵام لە ١٩٥٠ موتەسەڕفی سلیمانی لە حەمەئاغا و میرزا تۆفیق و شیخ قادر و بابەعەلی حەفیدی داوا کرد کە ١٥٠ نەفەرێکی بارزانی لەو بارزانیە بێ ژن و ماڵانە بێنێتە لوای سلیمانی بۆ ئیشتەغالیان بە ئومووری کەسابەت و کشتوکاڵ لەسەر حیسابی خۆیان. بە شەرتی ئەو ئاغایانە مەسئول بن لە سەرپەرەشتی و فەرار نەکردنیان. بەلام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاغایانی ناوبراو دەستەبەری سەرپەرەشتی و محافەزەیان نەبوون و حکومەتیش بلا قید و شەرت ئەو بارزانیایەی نەهێنایە سلیمانی و بۆ زابیت و جوندییە فەرارییەکانی عێراقی دیوانی عەسکەری تەشکیل کرا. ئاغایانی مستەفا و عیزەت عەزیز و خەیرولا و محەممەد مەحموودیان لەو مەحکەمەی عەسکرییەدا لە تەناف دا لەسەر ئیسراری سالح جوبری رەئیس وزەرا. نووری ئەحمەد تەها مەحکوم کرا بە ١٥ ساڵ زیندانی و جەلالی ئەمین بەگیش لە حکومەتی تارانەوە لە ١٩٥٠دا لەگەڵ چەند ئەسیرێکی‌تری عێراقیدا، لە گەڵ چەند ئەسیرێکی ئێرانی کە لە عێراق گیرا بوون، بە تەئمیناتی حەیات لەگەڵ عێراقا ئاڵوگۆڕیان پێکرا و بە قانوونی ئیسترداد موجرەمین جەلالی ئەمین بەگ و عبدالقادر معلم هاتنەوە عێراق. جەلالی ئەمین بەگ لە پاش چەند مەزابیت و تەشەبوساتێک بە وەسی عێراق و بە رەئیسولوزەرا و مقاماتی بەرزی عێراق، حوکمی جلال بەگ هێنرایە سەر (٥) ساڵ و محەممەد عەبدوڵاش کە عەریفی فەراری بوو، مەحکوم کرا بە ٢٠ ساڵ و عارف ئیسماعیل ناویش بە (٣) ساڵ.

بەکر کەریم حەویزی بە واسیتەی خزمایەتی کە لەگەڵ کاک زیاد ئاغای کۆیە هەیبوو هەر لە وادی فەرارا مایەوە. لە مەنتیقەی کۆیە لەدێ (شیواشان) محافظە و شێرەرایەوە و هەمزە عبدالەش لە ١٩٥٠ دا لە سابونکەرانی سلیمانی لە لایەن کەریمی سۆفی سالّح ناوی پۆلیسی سریەوە گیرا. لە پاش ئیفڕاج بوونی لە ئیتهامەکانی سیاسی، ئیسقاتی جنسییەتی لێکرا و دەرکرا بۆ خاریجی عێراق و لە تورکیا گەڕاوە دەستی دایە تەشکیلی حیزبی بەرەی پێشکەوتنی پارتی کوردی عێراق و میرحاج و ئاوڕەحمان تەیب لەگەڵ مەلا مستەفا دا چوون بۆ رووسیا و باقی عەسکەرە فەرارییەکانی تریش هەر یەکەیان بە حوکمی موختەلیف مەحکوم کران.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٢٦١ کتێبی "کورد بوون" لەسەر وەزعی شپرزەی خۆی و هێزەکانی بارزانی و تەسلیم بوون بە عێراق، دەدوێ و ئاوا دەنووسێ:

ئێرانییەکان دەستبەردار نەبوون. لەولای دەمانشکاندن لە لایەکی دی بۆمان دەهاتنەوە. من و ئەو چەند پێشمەرگەیەی دەگەڵم بوون حاڵمان زۆڕ شڕ بوو. هەموو کاڵە دڕاو و پێخواس، بێبەرگ و لیباس، بەفر و سەرماش لەوێ ڕاوەستێ، لە دۆخێکی زۆر دژواردا بووین. بەو حاڵەشەوە بەڕەوڕووی دووژمن دەبووینەوە تا چاومان لێکرد لە"دۆڵی گادەر"یان پەستاوتووین. لەوێ ڕۆژێکی لەسەر نانخواردن بووین کە تەقەیەک کرا و کوڕێکی باشیان لێ بریندار کردین. کەس نەیزانی کێ تەقەی کرد و لە کوێ ڕا ئەو تەقەیە کرا؟!"بەکر ئاغا" پاشی ئەو تەقەیە خەوفی ڕێکەوت و دەترسا ئەویش بکووژن، بۆیە ئێمە ئەفسەرەکانی هەموو خڕ کردەوە. پاشی قسە و باسێکی زۆر و لێکدانەوەی دۆخەکە، ئەفسەرەکان بڕیاڕیان دا و گوتیان: ئێمە دەڕۆینە لای شێخ لەتیف و تەسلیم نابین.

بەکر ئاغاش گوتی من کاکە زیاد خزممە و دەچمە لای ئەو و تەسلیم نابم.

منیش گوتم دەگەڵ سابڵاغییەکان و ئەفسەرە عێراقییەکان دەچمە لای شێخ لەتیفی، ئەو باشم دەناسێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەولاش ئەفسەرەکانی دیموکراتی، فارسەکان گوتیان ئێمە تەسلیم بە عێراق دەبین و تۆش دەگەڵمان وەرە خۆت تەسلیم بکە، بەڵام قەبوڵم نەکرد.

ئەوان ناردیانە لای "ئەمیر قوا" کە "سەید عەلی حیجازی" بوو. ئەویش وەڵامی ناردبۆوە کە وەرن خۆتان تەسلیم بکەن ناهێڵم کەس لە گوڵ کاڵترتان پێبڵێت و وەک گوڵ ڕاتاندەگرم. لەو بەینەشدا شێخ ئەحمەدی بارزانی لەدووی منی نارد و لێی پرسیم: دەڵێی چی؟ تەسلیم بە عێراق دەبی یان دەگەڵ مەلا مستەفای وەشاخی دەکەوی؟

گوتم ئەزبەنی، نە وەشاخ دەکەوم، نە تەسلیم بە عێراق دەبم، من و هاوڕێکانم دەگەڵ ئەفسەرە عێراقییەکان دەبین و بۆ هەر جێگایەک چوون، ئێمەش دەچین با شین و شادیمان بەیەکەوە بێت.

دۆخەکە تا دەهات دژوارتر دەبوو. جموجۆڵ بە زەحمەت دەکرا. تا دەهات لە هەموو لایەکەوە گەمارۆمان لێ توند دەکرا. هەرکەس دەبوایە خۆی ساغ کاتەوە. یان دەگەڵ مەلا مستەفا ڕۆییشتبا، یان خۆی تەسلیم بە ئێران یا عێراق کردبایە، یان بە قاچاغ ژیابا و لەو گوند بۆ ئەو گوند و لەو شاخ بۆ ئەو شاخی کردبا. ئیتر دانیشتین دەگەڵ "محەممەد مەحموود" و "جەلالی ئامین بەگ"ی و چەند نەفەری دی تەگبیرێکمان لێکردەوە و بڕیارمان دا کە بچین بۆ لای "شێخ لەتیف".

بۆ بەیانی وەڕێگا کەوتین. بارزانییەکان تەسلیم بوون و مەلا مستەفا وەشاخی کەوت. ئێمە سابلاغییەکان و ئەفسەرە عێراقییەکان، بە شاخاندا ڕێگەی عێراقمان گرتە بەر بۆ لای شێخ لەتیف. تازە وەڕێکەوتبووین کە "میرحاج" جانتاکەی لەبیر چووبوو و گەڕایەوە تا بیهێنێت، ئیتر نەهاتەوە لامان. بەفر کڕێوە دەکات چۆن! سەرمایەکە بێئامان، جەرگ دەسووتێنێ چ بگا بە ئێسقان! یەکنوا بەفر دەبارێت و لێیناکاتەوە! نە کاڵەمان کاڵەیە و نە بەرگمان بەرگێکە کە بەرگەی ئەو سەرما و سۆڵە بگرێ. کەسمان نانی پێ نییە، ئێمە نەبێ بڕێکمان نۆک پێبوو. لە ڕێگا هەرکەسە و لەوچێکم دانێ تا لە برسان و لە سەرمان نەمرن. لەو کوێستانە سەختانە هەر دەڕۆین و ناگەینە هیچ شوێنێک. پێموابێت یان دوو شەو و ڕۆژ، یان زیاتر بە ڕێگاوە بووین.

حەمەدی مەولوودی لە درێژەدا لە لاپەڕەی ٢٦٣ دا دەنووسێ کە زۆر شەکەت بوون و لەبەر برسێتی بڕستمان لێبڕا بوو بەڵام بەکراغا کە جەوانێکی بەخۆوەی لەگەڵ بوو و یەک کۆڵی تفەنگ لێ بار کرد بوو، نانی پێ بوو و بە دزی دەیخوارد. حەمەدی مەولوودی لە درێژەدا دەنووسێ کە حەمەدمینی برایی زبانی شکا و داوای لێکردوە کە بەجێی بێڵم و خۆم نەجات بدم. حەمەد دڵنەوایی دەداتەوە و کاتێک وەرسەر شاخی دەکەون تەماشا دەکەن ڕێگایان لێگۆڕاوە و لە خوارەوەیان چادری پۆلیس و عەسکەری عێراقی هەڵیان داوە. لەوێ هەموو سارد دەبنەوە و جیّا لە بەکرئاغا، بە نائۆمیدی هەموویان بڕیار دەدەن کە خۆ تەسلیم بکەن. کاتێک کە تەسلیم دەبن سەید عەلی حیجازی فەرماندەی هێزی عێراقی قەولی شەڕەفیان پێدەدات کە پەنایان بدا و هەموو عەفوو بکرین. بەر لە هەموو شتێک نێوەکانیان دەپرسن. کە دەگەنە لەسەر ناوی حەمەدی مەولوودە چرچی، کاربەدەستانی عێراقی هەموو واق دەمینن و کاریان بە کەس نابی هەر لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەمەدی مەولوودی پرسیاران دەکەن. حەمەدی مەولوودی وەشک دەکەوێ و نیگەران دەبێ و لەوێ حاشا لە نێوەکەی دەکا و دەڵی کە ئەو حەمدی مەولوودییە نە حەمەدی مەولوودە چرچی و دەڵێ ئەوە لە مەرگەوە کوژراوە. سەرئەنجام دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر هەموویان لە چادرێکی دەکەن و کێشکیان لەسەر دادەنێین. لەوکاتەدا محەممەد مەحموود، ئەفسەر گەورەی کوردی عێراقی دەڵێ: تازە ئێمە دەرناچین.

بەیانی بەڕێان دەکەن بۆ دیانان و بە چەند رۆژان دەگەنە ئەوێ و لەوی ئەوانە و بارزانییەکان بە ژن وماڵەوە بە شەو و بە رۆژ، لە دەشتێک لە نێو سیم و تێلدڕوانیان دەکەن. بەیانی ئەفسەرە کوردە عێراقییەکان و حەمەدی مەولوودی دەبەن بۆ هەولێر و ئەوان دەبەن بۆ کەرکووک و حەمەدیش زیندانی دەکەن. دوایە بارزانییەکان و محەممەد وردیش دێنن بۆ ئەو زیندانە و حەمەد زۆر سپاسی عەشیرەتی دزەییەکان دەکا کە زۆریان یارمەتی داوە.

دواتر حەمەدی مەولوودی بەڕێ دەکەن بۆ گرتووخانە رەواندز و لەوێ سەهەنگ شوکری و قوڵیخانی نەغەدە لە لایەن ئیرانەوە بەردەوام دەچنە قائیمەقامی رەواندز تا ئەو بگێڕنەوە بۆ ئێران و ئێعدامی بکەن. بەڵام حەمەدی مەولوودی تەزکەرەی عێراقی پەیدا دەکا و هەمووجاری نەجاتی دەبێ. لە کۆتایی دا بە هاوکاری شێخ عەلائەدینی نەقشبەندی لە تەحویل دانەوە بە ئیران رەزگاری دەبێ. بەڵام رێژیمی ئیران دوایە شیخ هەڵدەپێچن کە دەبێ حەمەدی مەولوودیان کە لە لای ئەو گل دراوەتە، بیانداتەوە. شێخیش بە ناچار کەسێک کە نیوی حەمەدی مەولوودی مەنگوڕە رازی دەکا و تەسلیمیان دەکا. ناوبراو دوای چەند مانگ و دوای ئازاریکی زۆر، پاش ئەوەی کە دەرکەوت ئەوە حەمەدی مەولوودی راستی نییە، ئازاد دەکرێ.

**قۆناخی دووهەمی پاشەکشەی عەشیرەتی بارزانی**

لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٢٦دا، دەوڵەتی عێراق قبووڵی کرد کە بارزانییەکان بە مەرجی تەحویل دانی چەکەکان، بە بێ قەید و شەرت بگەڕێنەوە و شێخ ئەحمەد بە خاوخێزانەوە گەڕاوە بۆ عێراق. دوای رەوانە کردنی ژن و منداڵ و پیر و پەکەوتەکانی بارزانی بۆ عێراق، مەلا مستەفا بڕیاری دا شەڕی پارتیزانی لە عێراق دەست پێبکاتەوە. بە پێی لاپەرەی١٢٢ی کتێبی "ئاوێنە شکاو" لە نووسینی مامۆستا هێدی، مەلا مستەفا لە وتارێک دا بە هەواڵانی چەکداری گوت: من دەچم بۆ مردن هەرکەس ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵی خۆی دەوێ لەگەڵم نەیە بڕوا وەدوای ژیانی خۆی بکەوێ ...

جێی ئاماژەیە کە بەکر عەبدولکەریم حەوێزی لە لاپەڕەی ١٣٦ کتێبی"گەشتێک بە کۆماری مەهاباد دا" دەنووسێ کە مەلامستەفا لە تاران چاوی بە سەفیری ئەمریکا کەوتبووە و ئەو بەڵێنی پێدابوو کە ئەگەر بارزانییەکان بگەڕێنەوە بۆ عێراق و ماوەیەک لە بەرانبەر رێژیمی عێراق دا خۆ راگرن، ئەوکات ئەمریکا داوای شەڕ راگرتن دەکا و داوا دەکا خودموختاری بە کوردان بدرێ. روون نییە کە مەلا مستەفا چەندە باوەڕی بەو قسەیە هەبوو، بەڵام حەوێزی دەنووسێ کە مەلامستەفا پێیوابوو کە ئەمریکایەکان دەیانەوێ جێ پێیان لە عێراق بکرێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە گشتی دوای ئەوەی مەلا مستەفا بڕیاری دا کە دەچێ بۆ مردن، جیا لە پێشمەرگەی سەڵت و رەبەن، هێندێکیش کە ژن و منداڵیان هەبوو، بڕیاریان دا لەگەڵ مەلا مستەفا بکەون. ئەوان خیزانەکانیان بردە سەر پردی گادەر و بەڕیان کردن و بۆخۆیان هاتنەوە لای مەلا مستەفا و وردە وردە هەموویان ئامادە بوون و بەرەو شاخەکان هەڵکشان. سەرەتا لە چادری هەرکییەکان کە هەر جێگای ٥٠ تا ٦٠ کەس دەبوو لایان دا. ئەو رادەیە جێگای خۆیان کردەوە و باقیش تا بەیانی لە دەرێ بوون. ئەفسەرانی ئێرانی جێگایان نەبووە و شەو سەرما بردنی و بەیانی بڕیاریان دا کە مەلامستەفا بەجێبێڵن و خۆیان تەسلیم بە دەوڵەتی عێراق بکەن.

لەوکاتەدا رادیو تورکیە گوتبووی کە ملامستەفا بریندار بووە، بەلام ئەو لەگەڵ پێشمەرگەکان ئامادەی شەڕ و پاشەکشە بوون. ئەو بە دوای هەڵبڕان لە شیخ ئەحمەد، بە دۆڵی "بێنارە" دا چووە ناو عێراق. هەم دەوڵەتی تورکیە و هەم دەوڵەتی عێراق بە دوای دا دەگەڕان و داوای تەسلیم بوونی بێ قەید و شەرتیان لێدەکرد.

میرحاج لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی دا کە دواتر وەدەست هێزەکانی ئێران کەوت، نووسیبووی کە مەلا مستەفا پاش جوێبوونەوە لە شێخ ئەحمەد، چووە بارزان و لەوێ داوای لە دەوڵەتی عێراق کرد کە لە کەمتەرخەمییەکانی خۆش بن و داوای لێبوردنی گشتی کرد. بەڵام دەوڵەتی عێراق خۆبەدەستەوەدانی بێ ئەملا و ئەولای ئەوی دەویست.

لە لایەکی دیکە، سەلەشکر هۆمایونی بۆ ئەوەی پاشماوەی هێزی بارزانی تێکبشکێنێ و لە گەمارۆی باوی، لە سنوور، چاوی بە "عەلی حجازی" ژێنڕاڵی دەوڵەتی عێراق کەوت و دوو دەوڵەت بڕیاریان دا پێکەوە لە هێزەکانی بارزانی بدەن و نەهێڵن مەلا مستەفا بچێتە ناو خاکی عێراق. لە لایەکی دیکەش دەوڵەتی تورک لەو گەلەکۆمەگییەدا بەشداریکرد و ئەویش هێزێکی زۆری لە سنوورەکانی خۆی مۆڵ دا.

لەوکاتەدا مەلامستەفا چووە ناو عێراق و لە ٥ ی جوزردان، راست لەوکاتەدا کە شا لە ٢ی جۆزەردان بۆ بەسەر کردنەوەی هێزەکانی لە مەهاباد و ورمی بوو، گەڕاوە بۆ ئێران. دیسان هێزەکانی ئیران بە خێرایی کۆبوونەوە و بە هێزێکی زۆرەوە کەوتنە شوێنی مەلا مستەفا. مەلا مستەفا بەرەو باکوور هەڵکشا و سنووری تورکانی بڕی و هاتەوە نێو خاکی ئێران و خۆی گەیاندە کێوەکانی ماکۆ و لە کێوی "داش فشل" جێگیر بوو. بە پێی لاپەڕەی ٢١٥ کتێبی پەسیان کە جێگای گومانە، لەو شوێنە دەستەیەکی کەم لە هێزەکانی ئێران لەگەڵ بارزانییەکان تووشی شەڕێکی دەستەویەخەی خوێناوی بوون و ١٩ بارزانی کوژران و ٦ کەسیان بریندار و ٤ تفەنگیش کەوتە دەستی هێزەکانی ئێران.

پێشمەرگەکانی بارزانی لەوێرا بەلایەکی دیکەدا گەڕانەوە و پەڕینەوە بۆ عێراق و دوایە چوونە ناو سنووری تورکیە و دیسان هاتنەوە ناو عێراق. لەوێ پێش قەرەوڵانی پێشمەرگە، لەگەڵ سەربازانی عێراق تووشی شەڕی دەستەویەخە بوون، پۆلیسێک کوژرا و دووکەسشیان لێ بریندار و پێشمەرگەیەکیش شەهید بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ڕۆژی ٦ جۆزەردان، بارزانییەکان دیسان چوونە ناو خاکی ئێران و بە قسەی کاربەدەستانی ئێرانی، لە چەند کاناڵەوە، بە تایبەت لە لایەن جاشەکانەوە ئاگادار کرا بوون کە بارزانییەکان ٣٠ سەریان مەڕ برد بوو. هەر بە گوێرەی سەرچاوەکانی ئێرانی، ڕۆژی حەوتی مانگی جوزەردان، مەلا مستەفا لە ڕێگەی نووری بەگ، نامەیەکی بۆ سەرهەنگ سەردادوەر نووسی و ئامادەگی خۆی بۆ خۆ بەدەستەوەدان دەربڕی. کاربەدەستانی ئێران باوەڕیان بەو قسەیە نەکرد و پێیان وابوو کە ئەوە کەڵکە. بۆیە داوایان کرد، ئەگەر وایە تا ٢٤ ساعەت خۆی بگەیەنێتە ورمێ. بارزانییەکان دیسان گەڕانەو ناو عێراق و لە شەڕێکی دیکە دا، برینداریکیان دا. دوایە لە ئاوایی "دێرێ" کەوتنە بەر هێرشی ١٢ فڕۆکە و بە بۆمب و شێستتیران دایانگرتن. دوو پێشمەرگە شەهید و حەوتیش بریندار بوون.

لەوکاتەدا هێزەکانی بارزانی ١٠ تا ١٥ برینداریان هەبوو کە یەک لەوان حەسۆ میرخان بوو کە لە مانگی خاکەلێوە دا، لە گوندی "ئەنبی" لە کەلەکەوە بریندار بوو و لە ڕێگای پاشەکشە بەرەو سوڤیەت ئازاری زۆری چێشت. لەو پاشەکشەیەدا، پێشمەرگەکان دەبوو لە هەورازان بۆ ئەو بریندارانە، رنۆ بەفری پەستێوتراو وەک پلیکان ببڕن و بە داربەستان، وەسەریان خەن و لە راستە ڕێیانیش دا سواری وەڵاغیان بکەن. لە شوێنێکی حەستم هەرچی کردیان دوو برینداریان بۆ دەرنەچوو، بە ناچار تەحویلی خەڵکی دێیەکیان دان کە بیانشارنەوە و دەرمانیان بکەن. بەڵام دوای ٣ ڕۆژ شاردنەوە، خەڵکەکە ناچار بوون تەسلیمی دەوڵەتی عێراقیان کردن کە دواتر یەکیان لە زیندان دا مرد و ئەویتریش ئازاد کرا.

لەو جموجۆڵانەی ئەوکات دا جارێک ١٧ پێشمەرگە هەڵبڕان و زۆر هەوڵ درا بیانبیننەوە، بەڵام نەبیندرانەوە. ئەوانە دوای ماوەیەکی زۆر چونکە توانای مانەوەیان نەما بوو، خۆیان تەسلیم بە حکومەتی عێراق کردەوە.

هێزەکانی بارزانی لە درێژەی شەر و بەربەرەکانی دا، جارێکی دیکەش کەوتنە ناو خاکی تورکیە. دوو فڕۆکەی تورکی بە بۆمب و شێستیر دایگرتن. دوایە کەوتنە نێو خاکی ئێران و ئەڕتەش و عەشایری هەرکی و شکاک و عەبدۆی و بەگزادە، بە تانک و تۆپ و فڕۆکە پەلاماریان بۆ بردن.

لە درێژەی ئەو ڕووداوانەدا، کازم شانەدەری لە لاپەڕەی ٣٩٤ دا باسی شەڕێکی گەورە لە دەڤەری ماکۆ دەکا کە ٦٠ کەلاکی هێزی ئێرانی لەبەر دەستی پێشمەرگە دابوو و دیلێکی زۆریش گیرا. لەو شەڕەدا کاروانی وشتران کە خواردمەنی و کەرەسەی ئەرتەشیان پێ بوو، وەبەر دەستڕێژان دران و ڕێگای پردی ماکۆ، لە تانک و لۆرییەکانی ئەڕتەشی بەسترا. پێشمەرگە ئەو دەرفەتەیان بە هەل زانی و هێرشی توندیان بۆ هێزی دەوڵەت کرد، و زەبری توندیان لێوەشاندن و دەستیان بە سەر پردەکە داگرت. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٨٩ی کتێبەکەی دا، باسی چۆنییەتی ئەو شەڕە دەکا کە کاتێک هێزەکانی ئێرانی دەستیان لە بە دواداچوونی بارزانییەکان هەڵنەگرت و دەیانەویست تەفروتونایان بکەن و لە سەر عەرز پاکیان بکەنەوە، هێزی بارزانی لە ڕێکەوتی ٩ هەتا ١١ی مانگی ئایار، هێرشیان بردە سەریان و سەدان کەسیان لێ کوشتن و ٢٧١ کەسیان لێ بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیل گرتن و دەستیان بەسەر سەدان پارچە چەک و ٥٠ وڵاغی باری ئەرزاق و تەقەمەنی داگرت. لەوشەڕەدا ٤ پێشمەرگە شەهید و ١٤ کەسیش بریندار بوون کە بە وڵاغان گوێزرانەوە. ئەو زەبرەی کە لە دوژمن وەشێندرا، بە رادەیەک گورچووبڕ بوو کە تا چەند رۆژ دواتر، تا پەڕینەوەی هێزەکانی بارزانی لە چۆمی ئاراس، لەشکری ئێران نەیتوانی خۆ بگرێتەوە.

ئەو شەڕە بە رادەیەکی زۆر، وەزعییەتی نێوخۆی لەشکری ئێرانی شێواند و دیسان، تووشی ئابڕوو چوون بووە. ئەرتەش لۆمە کرا و هێندێک دەرەجەیان لێئەستێندراوە و کەسانێکیش گیران.

پەسیان هەواڵدەری رواڵەتی رۆژنامەی ئیتلاعاتی لایەنگری شا، دەڵێ بۆ ئەوەی چیدیکە ئەرتەشی ئێران لە نێو خەڵک دا تووشی شەرمەزاری نەبێ ئەو هەواڵە دەستکاری کرا و بەدرۆ گێڕدراوە، دەنا راستی هەواڵەکە بۆ ئەرتەشی ئێران زۆر ئابڕووچوونانە و شەرمەزارتر بوو لە جاران.

دوای ئەوە شەڕە گەورەیە، چەند قوونە شەڕی دیکەش رووی دا کە چوار پێشمەرگە شەهید و چاردەش بریندار بوون. ئەو مەڵبەندە سەر بە عەشیرەتی جەلالی بوو. ئەوان هیچ یارمەتێکیان بە بارزانییەکان نەکرد، تەنانەت نانیان نەدانی. ئەوان لە بڕی ئەو کردەوەیە، پاساوی ئەوەیان هێناوە کە لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە هەڕەشەیان لێکراوە.

کازم شانەدەری لە لاپەڕەی ٣٩٧ دا، لە درێژەی ئەو رێپێوانە دا دەنووسێ، بارزانییەکان لەوێڕا بەرەو چۆمی ئاراس چوون. چەند خانووی چولکراوی لێبوو. میرحاج و لاڤکۆی ئاسۆڕی کە پێشتر وەرگێڕی زمان لە کۆنسوولی رووس لە ورمێ بوو، لەگەڵ محێدین بابازادە کە ئەویش ئەفسەری کۆماری ئازربایجان بوو، بە مەشکە پەڕینەوە ئەوبەری چۆمی و بە نوێنەرایەتی هەمووان، داوای پەنابەریان کرد. رووسەکان پێیانگوتن:

ئێمە داوای هەڵوێستمان لە مەسکۆ کردووە و هەتا وەڵام دەگەڕێتەوە ئەگەر هەڤاڵانی ئێوە بپەڕنەوە ئەمبەرەی زێ ئێمە رێتان لێناگرین بەڵام مۆڵەتمان پێنەدراوە بۆ پەڕینەوە لە ئاراس یارمەتیتان بدەین.

پێشمەرگەکان، برسی و شەکەت و کەلەلا، لە نێو خانوو چۆلکراوەکان دا مانەوە. بۆ بەیانی مەلا مستەفا زانی کە ناکرێ بە برسێتی لەوێ زۆرتر بمێننەوە و داوای لە پێشمەرگەکان کرد کە ئەوەی هێزی هەیە، بچی دار بێنێ و کەڵەک بۆ پەڕینەوە دروست بکەن. لەو ماویەدا میرحاج سێ پێستە بزنی لە گەڵ خۆی هەڵگرتبوو و بەوان کەڵەکێکیان دروست کرد و تا رۆژی دوایی، نیزیک ١٠٠ کەس کە مەلەیان دەزانی پەڕینەوە. مەلا مستەفا فەرمانی دابوو تەنیا ئەوانەی مەلە دەزانن سواری کەڵەک بن.

لە رۆژی ٢٧ مانگ دا، یەکێک لە پێشمەرگەکان بوارێکی دۆزییەوە و هەموویان پەڕینەوە. دووکەس ئاوبردنی بەڵام مەلا مستەفا بە پشتێندەکەی خۆی نەجاتی دان و ئاخرین کەس بۆخۆی پەڕیوە.

بەمشێوەیە ئەم هێزە، تەنیا لە مانگی جوزەردان دا، دوای ٥ رۆژ رێگا بڕین بە کێوە سەختەکانی ناو تورکیە، سنووری ئێرانیان بڕی و دوای ٢١ رۆژ، شەڕ و پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی ئێرانی و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەشایری خائین، لە چۆمی ئاراس پەڕیەوە. بە پێی چاوپێکوتنی مەلا مستەفا لەگەڵ هەواڵدەرییەکان، رادەی ئەو پێشمەرگانەی کە لە چۆمی ئاراس پەڕینەوە ٥٣٠ کەس بوون، بەڵام لە کتێبی یوبیلی زێڕینی پێشمەرگەکانی پارتی دا، ناوی ٥١٨ کەس هاتووە.

عەلی مرادی مراغەیی لە لاپەڕەی ٢٢٤ کتێبی "ئینکار و مقاوەمەت" دا دەنووسێ: لە ٢٦ جۆزەردان ١٣٢٦ رادەی ١٢٦ کەس کە بریندار بوون یان برسێتی بڕستی لێ بریبوون لە چۆمی پەڕینەوە. مەلا مستەفا کە زانی تەقەیان لێنەکراوە و پەڕیونەوە رۆژی دوایە باقی هێزەکەی ناردە ئەوبەری چۆمی. لە رێکەوتی ١٩ ژوئەن ٢٨ جۆزەردان وەزارەتی ناوخۆی شووڕەوی لە پەیامێک دا بۆ ستالین هاتنە نێوخۆی ئەوانی راگەیاند و نووسێ کە سەرجەم ٤٩٩ کەسن. هەموو چەکەکانیان لێوەرگیراوە کە بریتین لە ٣٠٣ تفەنگ، ٥ موسەلسەل، ٥٥ دەمانچەی کۆڵت، ٥٤ نارنجۆک، ١٣ دوربینی راوێ و ١٣ هەزار فیشەک. ئەوان بەشێک لە چەکەکانیان لە قامیشەڵانەکانی ئێران قایم کرد بوو.

بەمشێوەیە کۆتایی بە رێپێوانی قارەمانانەی ٢٠ رۆژە و ٥٠٠ کیلومەتری بارزانییەکان هات. غەنی بلوریان لە لاپەڕەی٥٠ ی ئاڵەکۆکدا، دەنووسێ کە بارزانییەکان لەکاتی پەڕینەوەدا پێلاویان دەپێدا نەبوو و ئاغابانوو و پەڕۆوپاڵیان لە لاقی دەبەست. قاچ و قۆڵیان سەرما بردبووی و زامدار بوو.

بەمشێوەیە مەلا مستەفا لە رووی ناچاری پەنای بۆ رووسان برد. تەفرشیان لە لاپەڕەی ٢٨٥ی کتێبەکەی دا باسی روانگەی مەلا مستەفا لە ساڵی ١٩٤٧ دەکا و دەڵێ کە ئەو لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە کورد تەنیا بە هاوکاری رووس دەتوانێ کوردستانی یەکگرتوو و سەرفەڕاز پێکبێنێ. مەلا مستەفا، کوردستانی بە کۆلونی ئینگلیز و ئەمریکا دەزانێ. تەفرشیان لە زبانی مەلا مستەفا لەسەر هەڵوێستی ئەو سەبارەت بە رووسان دەنووسێ:

ئەودەمەی لە عێراق بۆ بەدیهێنانی حکوومەتێکی کوردی تێدەکۆشام، هەوڵم دا لەگەڵ رووسەکان کە لە ورمێ بوون پێوەندی ببەستم، پێوەندیشم بەست. بەڵام رووسەکان پیاوی (رژد- رەزیل)ن بە ئاسانی نەدەتوانرا متمانەی ئەوان بە کێش بکرێ. بۆ بەکێش کردنی متمانەی ئەوان پێویست بوو گەلێک کار بکرین کە من نەمدەتوانی بیانکەم. من خزمەتکار یان دەسکیز نیم. من تەنێ خزمەتکاری خێڵی بارزانم، خزمەتکاری نەتەوەی خۆمم.

تەفرشیان لە لاپەڕەی ٢٨٤ لە زمانی مەلا مستەفا دەنووسێ:

ئەوە هەلومەرجی تایبەتی دنیایە رووسەکان یارمەتی ئێمە دەدەن. ئەوان ئێستە لە ناوچەکەدا پیویستیان بە ئێمە هەیە، بۆیە ئێمەش دەتوانین بۆ سەرفەڕاز بوونی کوردستان سوود لە لێرەبوونی ئەوان وەربگرین. من کمونیست نیم، فیۆداڵیش نیم، من دێموکراتم.

لە لای ئەو دێموکرات واتایەکی تایبەتی هەبوو: لەگەڵ گەلەکەیدا لەسەر یەک سفرە دادەنیشت، لەگەڵ ئەوان دا نانی دەخوارد، لەگەڵ ئەواندا دەچووە شەڕەوە و هەر لەگەڵ ئەوانیشدا لە سەنگەر دەنووست. ئەو بە جورێک بوو پیاوانی بارزانی خۆشیان دەویست. هەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەندە بەس بوو لە ئەسپ سوار ببێ، ئیتر بێوچان پێنسەت سواری چەکدار، بێ ئەوەی بزانن یان بپرسن، بە دوای دەکەوتن. ئەو دەمەی فەرمانی شەڕێکی دەدا دڵنیا بوو لەوێ جێبەجێ دەبێ. بە چاوی خۆم بینیومە چۆن لە سەر چیایەک دەوەستا و فەرمانی بە پیاوەکانی دەدا: پێنج مرۆ بچن بۆ سەر ئەو چیایە، عومەر تۆ و پێنج مرۆی تر بچن بۆ سەر ئەو چیایە، مووسا تۆ لەگەڵ چوار مرۆدا بچن بۆ سەر چیاکەی تر.

ئەو فەرمانانە دەسبەجێ جێبەجێ دەکران. ئەو زەوی دەناسی و زۆر بە چاکی دەیتوانی کەڵک لە لەمپەری زەوی وەربگرێ و بریار بدا ... ورەی سەربازانی دوژمن و ورەی پیاوانی خۆشی بە باشی دەناسی. راستیت دەوێ، هەرچەندە نهێنی سەرکەوتنی شەڕەکانی مەلامستەفا هەتا رادەیەک گرێدراوی ئازایەتی پیاوەکانی خێڵەکەی بوو، بەڵام لە پێشەوەی ئازایەتی پیاوانی بارزانی، ژیری مەلا مستەفا خۆی بوو کە دەبوو بە مایەی سەرکەوتن. تەرازووی هێزی خۆی و پیاوانی خۆی دەزانی و لەو شوێنەی بیزانیایە دەسەڵاتی بەسەردا ناشکێ بە دڵنیاییەوە پاشەکشەی دەکرد. کەس نەیدەتوانی بڵێ ئەوە لە ترسانەیە پاشەکشێ دەکات. ئەو بە باشی دەیتوانی لە کاتی لەباردا پەلامار بدا و لەکاتی لەباردا بکشێتەوە.

ئەو پاشەکشەیە لە توانا بەدەر بوو و هەمووکەس بە تایبەت کارناسانی نیزامی پێی سەرسام بوون. بە پێی لاپەڕەی ٤٩ی کتێبی ئاڵەکۆک، غەنی بلووریان دەنووسێ کە کاتێک کە هێزەکانی ئێران نەیانتوانی هێزی قارەمانی بارزانی تێکبشکێنن، رۆژنامەکانی ئێران دەستیان بە لۆمەو و گاڵتە کردن بە رەزمئارا کرد. یەکێک لەوانە رۆژنامەی "ئاتەش" بوو کە لەسەر بەرگی یەکەمی، وێنەی ئەو تەختە شکاوە "بجنووردی"یەی دانابوو کە بارزانی لەسەری دەنووست و لە بنەوە نووسیبووی" دەسکەوتی ئەرتەشی شاهەنشاهی ئێران لە بارزانییەکان".

رەزمئارا لە بەرانبەر ئەو قەشمەری و سوکایەتیانەدا، لە وتوویژ لەگەڵ رۆژنامەکان دا گوتی: ئەوانەی لە پشت میز دادەنیشن و دیشلەمە هەڵدەلووشن، نازانن ″بارزانی″ چ جانەوەرێکن. هەتا ئەمڕۆ لە تەمەنی ئەرتەشی ئێران دا ئیمە قەت تووشی جەنگاوەری بەمجۆرە دەلیر نەبووین.

کۆتایی بەشی ٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چەند بەڵگە و وێنەیەک[٢]





دایرەی
موضوع

ژمارە . . . . .
بەرواری. . . . .
پەیوند . . .

١٥ ٥١
١٢ / ٩ / ٢٥

ئیدارەی فەرهنگی کوردستان
شاری مهاباد

آقای

بنا بە دەستووری پیشەوای معظمی کوردستان ونظر بەوەی کە آغایانی معلمین و معلمات بتوانن لەزانستی یەکدی استفادە بکەن بوئەوەی ارتباطیکی کامل لەنیوانی کارمەندانی فرهنگ پەیدا بیت وری‌وشوینیکی عموی و مرتب بو طرزی تدریس دابندری ادارەی معارفی کوردستان لەجەنابت دەعوەت دەکگە روژی جمعەی ساتی ٩ ١٥/ ٦/ ٢٥ لەسالونی ادارەی معارف تشریفت حاضر بی و بوتشکیلدانی کنفرانس سەرەوە برنامەییکی مرتب دابنین –

معاون فرهنگ کوردستان دلشاد رسولی

---

[٢] - بەشی زۆری بەڵگە و وێنەکان لە سایتەکانی ئینترنێتی وەرگیراون و جێی ئاماژە و پێزانینە کە کاک حەسەنی قازی زەحمەتی پێوە کێشاون و کۆی کردوونەتەوە و زانیاری لەسەر نووسیون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



سازمان اسناد ملی ایران
IRAN NATIONAL ARCHIVES

اداره
طالرتم
تاریخ ۲۲/۱/۲۶
شماره ۱/۷۵۸/۴۹۱
پیوست
موضوع

وزارت کشور
شهربانی کل کشور

در جواب مراسله مرقوم
اعداد مربوط که منتهی شماره
است با شماره ذکر شود

وزارت کشور

باستحضار میرساند ۰ شهربانی مهاباد گزارش میدهد ۰
۱ـ حمید مازوجی ۲ـ محمد ناظمی ۳ـ عبداله روشنفکر ۴ـ رسول نقده ،
از افسران دمکرات های مهاباد وازهمدستان محمد قاضی که در ـ
جبهه سردشت وغیره برعلیه قوای دولتی قیام مسلحانه کرده ودر ـ
دادگاه زمان جنگ باعدام محکوم ودرتبریززندانی بوده اند شب
۱۷/۱/۲۶ بمهاباد آورده وساعت ۲۴ پس ازاجرای مراسم
مذهبی ومقرراتی درمیدان پهلوی واقعه درخیابان بهلوی بدار ـ
آویخته وصبح ساعت ۸ اجسادرا پائین آورده پس ازاجرای آئین اسلامی
بخاک سپرده اند وانتظامات برقرار بوده است.
ازطرف رئیس شهربانی کل کشور ـ سرهنگ ...

شمارهٔ این سند در آرشیو سازمان اسناد ملی ایران ۲۹۳ / ۱۲/۱۳۳/۸ می‌باشد.

بەڵگە، ڕاپۆرتی لەسێدارەدانی ئەفسەرانی کۆمار حەمید مازوچی، محەممەد نازمی، عەبدولا ڕەوشەنفکر، ڕەسووڵ نەغەدە لە شەوی ۱۷ – ۱ – ۱۳۲٦



ژماره ... ۶۸
بروار ... ۲۷/۱/۲۵

هێزی میللی کوردستان
ستادی ئاوەندی

برای خوشه ویست ... سه‌ر کرده‌ی هێز ناوه‌ندی
له به‌رواری ... ۱۳۲۵ به‌هۆی ...
به‌ده‌ره‌جه‌ی (سه‌روور) ...
ره‌سمی دەوڵەتی جمهوری کوردستانده‌ نا ... ری.
... ته‌ ... واجبا ... دا نی ده‌رجه‌
...
له‌ ... وه‌زیری جمهوریه‌ت کوردستان ... ناته‌وا زاده‌

به‌ڵگه‌یه‌کی سه‌رده‌می کۆماری کوردستان



ژماره
بروار ۳۱/۶/۲۵

هەیئەتی رئیسەی میلی کوردستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



عنوانی نوسراو بو
ریاست جمهور
بەپێی دەستوری ژمارە ١١٥٩
٢٢-١١-١٣٢٤ کومیتەی مەرکەزی
حزبی دیموکراتی کوردستان لە
کاتێکدا منەت بێ بەوی دەردی دلی خویان
بااحساساتێك بەنوسین پێشکەشی رئیسی
جمهوری کوردستان بکەن عنوانی
نوسرا وتە نیادەبێ : (رئیسی جمهوری
کوردستان) بیت





کارتی ئیزنی لێخوڕینی چەرخی پێ (تصدیق) لە سەردەمی کۆماردا





محەممەد حوسێن سەیفی قازی
کەسی سێهەم: وەزیری بەرگری کۆماری کوردستان





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێستاو لە ڕاستەوە: بەکر عەبدولکەریم، ڕەحمان ئووەیسی، نەناسراو، نەناسراو، مستەفا سولتانیان، نەناسراو، عەزیز مەنسوور قازی، میهرەزا وەهاب قازی، عەلی خوسرەوی، محەممەدئەمین شەرەفی، محەممەد (دلشاد) ڕەسوولی، ڕەشید خوسرەوی، مەحموود وەلیزادە، مستەفا خۆشناو.
دانیشتوو لە ڕاستەوە: خەلیل خوسرەوی، عەبدولڕەحمان زەبیعی، شوکری قەدریبەگ، قازی محەممەد، مامە غەنی خوسرەوی، حاجی کاکە ڕەحمانی سەرگیز، مەنافی کەریمی. سالی ١٣٢٤




شەهیدانی قازی




پێشەوا و پیشەوەری ، نوتقی پێشەوا



پێشەوا قازی موحەممەد و ئەندامانی کارگێڕی حکوومی کۆمار ١٩٤٦ ، مەهاباد





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کۆماری کوردستان ١٩٤٦



Qazi Mohammad shares a watermelon with Archie.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org







كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org







کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ناوەکان


ئاسەف, ٢٨٣, ٢٨٥, ٢٨٦

ئاغای قاسم ئێلخانیزادە, ٨٥

ئانالی خانم, ٣٢٥

ئەمەرخان, ١٥٦, ١٥٩, ١٩٩, ٣٣٩, ٣٤٩, ٣٥٠, ٣٥١

ئەمیر ئەسعد, ٣٥٣

ئەنوەر سوڵتانی, ٣٣٩, ٥٢٠

ئیبراهیم سەلاح, ٦٥, ٩٣, ٢٢٠, ٢٢٢, ٣١٦

ئیبراهیمی نادری, ٤٤١

ئەحمەد خانی شەجیعی, ٢٤٧, ٥٠٢

ئەحمەد خانی فاڕوقی, ٥٠٠

ئەحمەدخانی رەشیدخانی شەجیعی, ٥١٣

ئەحمەدخانی فاڕوقی, ١٩٦, ٣٥٨, ٤٣٧, ٥٠٤

ئەمر خانی شەریفی, ١٦٦

بارزانی, ١٣, ٣٨, ٤٩, ٥٨, ٦٥, ٧١, ٧٣, ١٣٥, ١٦٩, ١٧٩, ١٨٣, ١٨٤, ١٩٧, ١٩٨, ٢٠٠, ٢٠٨, ٢١٣, ٢٤٠, ٢٤٤, ٢٥٠, ٢٥١, ٢٥٣, ٢٥٤, ٢٥٥, ٢٥٦, ٢٥٩, ٢٧١, ٢٧٦, ٢٧٧, ٢٨٥, ٣٠٠, ٣٢١, ٣٢٩, ٣٣٠, ٣٣١, ٣٣٢, ٣٤٨, ٣٦٣, ٣٩١, ٣٩٢, ٤٠٢, ٤٠٣, ٤٠٩, ٤١٥, ٤١٦, ٤١٧, ٤٢٠, ٤٢١, ٤٢٢, ٤٢٣, ٤٢٤, ٤٢٦, ٤٦٥, ٤٦٦, ٤٦٧, ٤٦٨, ٤٦٩, ٤٧٠, ٤٧١, ٤٧٦, ٤٧٧, ٤٨٦, ٤٨٨, ٤٩١, ٥٣٧, ٥٤٢, ٥٤٣, ٥٤٤, ٥٤٥, ٥٤٦, ٥٤٧, ٥٧٠, ٥٧١, ٥٧٢, ٥٩٤, ٦٠٢, ٦١١, ٦١٢, ٦١٣, ٦١٤, ٦١٥, ٦١٦, ٦١٧, ٦١٨, ٦١٩, ٦٢١, ٦٢٣, ٦٢٦, ٦٢٧, ٦٢٨, ٦٢٩, ٦٣٠, ٦٣١, ٦٣٢, ٦٣٣, ٦٣٥, ٦٣٦, ٦٣٩, ٦٤٠, ٦٤١, ٦٤٣, ٦٤٤

برایم نادری, ٣٦, ٢٢٧, ٤٤١, ٤٤٢

بەکر عەبدولکەریم, ٢٥٦

بیهزادی خۆشحاڵی, ٢٢٤

پەسیان, ٣٩٠, ٣٩١, ٣٩٩, ٤٢٣, ٤٦٦, ٤٧٠, ٤٧٦, ٤٨٠, ٤٨٥, ٤٩٣, ٥٨٩, ٥٩١, ٦١١, ٦١٤, ٦٢٣, ٦٢٥, ٦٢٦, ٦٢٧, ٦٢٨, ٦٢٩, ٦٣٠, ٦٣١, ٦٣٢, ٦٣٣, ٦٤٠, ٦٤٢

پیرۆت ئاغای ئەمیر عەشایری, ٨٥, ١٣١

پێشەوا, ٩, ١٠, ١٢, ١٣, ٢٠, ٢٣, ٢٦, ٢٧, ٢٩, ٣٠, ٣٣ ٤٠, ٤٣, ٤٥, ٤٩, ٥٠, ٥١, ٦٣, ٦٧, ٦٩, ٧٠, ٨١, ٨٤, ١٠٠, ١٠٣, ١٣١, ١٣٢, ١٣٥, ١٥٢, ١٥٤, ١٥٥, ١٥٧, ١٦٠, ١٦١, ١٦٢, ١٦٣, ١٧٣, ١٧٥, ١٨٥, ١٨٦, ١٩٠, ١٩٦, ٢٢٩, ٢٣٠, ٢٥٠, ٢٥١, ٢٥٢, ٢٥٧, ٢٥٨, ٢٥٩, ٢٦٢, ٢٦٣, ٢٦٦, ٢٧١, ٢٧٣, ٢٧٤, ٢٧٥, ٢٧٦, ٢٧٨, ٢٧٩, ٢٨٧, ٢٨٩, ٢٩١, ٢٩٢, ٢٩٥, ٢٩٦, ٣٢١, ٣٢٢, ٣٢٣, ٣٢٤, ٣٢٥, ٣٣٠, ٣٤٠, ٣٤١, ٣٤٤, ٣٤٩, ٣٥٠, ٣٧٣, ٣٨٣, ٣٨٦, ٣٨٧, ٣٨٩, ٣٩٠, ٣٩١, ٣٩٣, ٤٠١, ٤٠٢, ٤٠٥, ٤٠٦, ٤٠٧, ٤٠٨, ٤٠٩, ٤١١, ٤١٥, ٤١٦, ٤١٧, ٤١٨, ٤٢٠, ٤٢٢, ٤٢٤, ٤٢٥, ٤٢٦, ٤٢٧, ٤٢٩, ٤٣٢, ٤٣٧, ٤٣٩, ٤٤٠, ٤٤٩, ٤٥٠, ٤٥١, ٤٥٢, ٤٦٦, ٤٧٥, ٤٧٧, ٤٨٢, ٤٨٣, ٤٨٨, ٤٩٣, ٥١٧, ٥٢٧, ٥٣٧, ٥٣٨, ٥٤٩, ٥٥٤, ٥٥٦, ٥٦٦, ٥٧٦, ٥٧٧, ٥٨١, ٥٨٢, ٥٨٣, ٥٨٤, ٥٨٥, ٥٨٦, ٥٨٧, ٥٨٨, ٥٨٩, ٥٩٠, ٥٩٢, ٥٩٣, ٥٩٤, ٥٩٥, ٥٩٦, ٦٠٦, ٦١١

تاهیر ئیلخانیزادە, ٢٠٤, ٢٠٥

تاهیرخان, ٢٢٤, ٢٢٥, ٢٢٦, ٢٤٢, ٢٦٠, ٦١٨

تاهیری ئیلخانیزادە, ٢٠٢, ٢٠٣, ٢٠٦, ٤١٣, ٥٣٠, ٥٥٥, ٥٥٦

تەفرشیان, ١٢٢, ١٨٠, ٣٦٨, ٣٧٢, ٣٧٨, ٣٨١, ٣٩١, ٤٠٠, ٤٠٢, ٤٦٩, ٤٧١, ٦٠٤, ٦١٩, ٦٢١, ٦٢٢, ٦٢٧, ٦٣٢, ٦٤٣

جاوید, ١١٨, ١٢٠, ١٥٣, ١٥٦, ١٦٠, ١٦٦, ١٨٢, ٢٢٨, ٢٢٩, ٢٣٠, ٢٣٩, ٢٤٠, ٢٨٣, ٢٨٦, ٢٨٨, ٢٨٩, ٣١٨, ٣١٩, ٣٦٠, ٣٦١, ٣٦٦, ٣٦٨, ٣٧٠, ٣٧١, ٣٧٢, ٣٧٣, ٣٧٥, ٣٧٦, ٣٨٣, ٣٨٨, ٣٨٩

جهانشاهلو, ٢٣٩, ٣٧٥

جەعفەر کەریمی, ٦٥, ١٦٧

جەعفەری کەریمی, ٥١, ١٥٢, ٤٢٤

حاجی بابا شێخ, ١٥٧, ١٨٥, ٢٢٣, ٢٦٤, ٢٧٢, ٣٤٤, ٤١١

حاجی باباشێخ, ٨٥, ٢١٢, ٢٢٣, ٢٥٩, ٢٦١, ٢٦٢, ٣٢١, ٣٢٣, ٣٩٠, ٤٠٦, ٤٢٤

حاجی حەمەئاغای حیسامی, ٤٠٦

حاجی سەید باباشێخ, ١٣, ٩٧, ٩٨

حامیدی مازوچی, ٢٧٠, ٦٠٠, ٦٠١

حکومەتی کوردستان, ١٥٧, ١٥٨, ٢٦٥

حەسەن خانی کانی نیاز, ٤٩٦, ٤٩٩

حەمەخانی دانیشوەر, ٥٠٥

***حەمەدی مەولوودی***, ٥٠, ١٦٩, ١٧٠, ٢١٨, ٢٦٦, ٢٦٧, ٢٦٨, ٢٦٩, ٣٣٤, ٣٥٣, ٣٩٣, ٣٩٤, ٤٠٤, ٤٢٣, ٤٧٦, ٥٥٦, ٦٢٠, ٦٢٤, ٦٣٧, ٦٣٨, ٦٣٩

حەمەرەشیدخان, ٥٩, ٦٠, ٦١, ٦٩, ٨٥, ٨٦, ٢٠٢, ٢٢٦, ٢٤١, ٢٤٨, ٢٥٨, ٢٦٤, ٢٧٧, ٢٩٦, ٢٩٧, ٢٩٨, ٢٩٩, ٣٠١, ٣٠٢, ٣٠٣, ٣٠٤, ٣٠٥, ٣٠٨, ٣١٠, ٣١٢, ٣١٣, ٣٩٨, ٤٩٦, ٥٠٠, ٥٠١, ٥٠٦

حەمەرەشیدخانی بانە, ٦٩

حەمەئەمین بەگی بابەخان, ٥٠٢




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەلیل فەتاحی قازی, ٦٩, ١٠٢, ١٦٣, ٢٤٩, ٢٥٩, ٢٩٦, ٤٧٥, ٤٧٧, ٥٢٣, ٥٢٤, ٥٢٧, ٥٦٥, ٦١٥

خۆشەوی خەلیل, ١٩٦, ١٩٨, ٢٥٠, ٢٥٣

دڵشاد رەسووڵی, ١٣, ٢٦, ٣٧, ١٣١, ١٣٢, ١٦٢

دوکتور شیرازی, ٢٧٩, ٢٨٠, ٢٨٧, ٢٩١, ٢٩٢, ٥٥٠, ٥٥١

دوکتور قاسملوو, ٨٥, ١٥٧, ١٥٨, ٢٦١, ٢٩٠, ٣٥٩, ٤٠٨, ٥٦٢, ٥٩٢

دوکتور ئاسۆ, ٤٢, ٤٦٧, ٤٧٤, ٥٦٣, ٥٧٠, ٦١٤, ٦١٩, ٦٢٠

دوکتور یوناتان, ١٢

رسوڵ ئاغای مەحموودی, ٤٩٧

رشیدبەگی جهانگیری, ١٦٦

رەحیمی قازی, ٨٦, ٨٧, ٩٨, ١٢٤, ١٥٣, ٢٧٤, ٢٨٧, ٢٩١, ٣٨٣, ٣٨٥, ٣٨٧, ٣٨٨, ٤٢٧, ٤٨٠, ٥٣٧, ٥٣٨, ٥٥٤, ٥٥٩, ٥٦٤, ٥٦٥, ٥٦٩, ٥٨٨, ٦٠٢, ٦٠٣, ٦١٢, ٦١٩

رەشید باجەڵانی, ١٧

رۆژنامەی کوردستان, ١٠, ١٥, ١٨, ١٩, ١٤٥, ١٦٣, ١٦٦, ٣٢٧

رۆژنامەی کوردستانی, ٢١, ٨٧, ٨٩, ١٢٥, ١٥٢, ٢١٩, ٢٥٥, ٢٦٣, ٢٧١, ٢٧٥, ٢٩٥, ٣٢٧, ٣٣٠, ٥٨٦

رەحمانی قازی, ٢٩, ٣٠, ٣٩, ٥٥, ٧٣, ٨٢, ٤٠٨, ٤١٨, ٤٣٦, ٤٧٢, ٤٧٣, ٤٧٤, ٤٧٨, ٥١٩, ٥٢٨, ٥٢٩, ٥٥٠, ٥٦٦, ٥٧٠, ٥٧٣, ٥٧٥, ٥٧٦, ٥٨٢, ٥٨٩, ٦١٥, ٦١٦, ٦٢٨

رەزم ئارا, ٢٤٠, ٢٦٣, ٢٦٤, ٣٠٦, ٣٠٧, ٤٤٠, ٤٩٥

رەسوڵی نەغەدەی, ٦٠٠

رەشید بەگی هەرکی, ٢١٠, ٢٢٥, ٣٥٢, ٣٥٣, ٤٨١

زارا مەنگوڕی, ٢٧, ٤٠٧

زیرو بەگ, ١٦٦

زێڕووەشان, ٥١١, ٥١٢

ستالین, ٢٠, ١٠٤, ١٠٥, ١٠٦, ١٠٧, ١١٠, ١١١, ١١٥, ١١٦, ١١٧, ١١٨, ١٢١, ١٥٣, ١٨٣, ٢١٤, ٢١٦, ٢١٧, ٢٣٠, ٢٣٨, ٣١٩, ٣٤٣, ٣٦١, ٣٦٢, ٣٦٦, ٣٦٩, ٣٧١, ٣٧٢, ٣٧٥, ٣٧٦, ٣٧٩, ٣٨٠, ٤٥٤, ٤٦١, ٤٦٢, ٤٧٢, ٤٧٣

سمایل ئاغای ئیلخانی, ٢٠٠

سەدری قازی, ٧٠, ١٥٣, ١٦٦, ١٨٣, ٢٧٤, ٢٧٩, ٢٨٠, ٢٨١, ٢٨٢, ٢٨٣, ٢٨٥, ٢٨٦, ٢٩٠, ٣٩٠, ٤٣٨, ٤٧٧, ٤٨٣, ٤٩٠, ٥٢٤, ٥٤٨, ٥٥٢, ٥٦٥, ٥٧٠, ٥٧٢, ٥٧٧, ٥٨٦, ٥٩٧, ٦٠٦

سەدیقی حەیدەری, ٤٢٨, ٤٢٩

سەرداری ماکۆ, ٣٢٥

سەرهەنگ مستەفا, ٦٠٢, ٦٠٥

سەعیدخانی هومایوون, ٩, ١٧٥

سەعیدی هومایون, ٩, ٣٧, ١٦٢, ٢٠١, ٢٧٠, ٢٨٩, ٤٣٩, ٤٥٢, ٥٥٤

سەید حەمەدەمینی ئیسحاقی, ٤٠٣

سەید محەممەد حەمیدی, ١٦, ١٨, ١٠٠, ١٠٢, ١٣٤, ١٧٣

سەید محەمەد حەمیدی, ١٦, ٥٦, ٢٦٩, ٢٧١

سوهەیل خانم, ٥٩٥

سەرتیپ هومایونی, ٢٧١, ٤٠٦

سەعید زەرگەیی(هومێد), ٢٥

شێخ سەدیق ئەسعەدی, ٥١٥

شێخ سەدیقی ئەسعەدی, ٤٩٥, ٤٩٨

شێخ عەبدوڵای ئەفەندی, ٥٣٦

شێخ ئەحمەد, ٣٠٠, ٤٦٦, ٤٧٠, ٤٧١, ٤٧٧, ٥٢٣, ٥٧١, ٦١١, ٦١٤, ٦١٧, ٦٣٢

شێخ ئەمین ئەسعەدی, ٤٩٨, ٥١٦

شیخ ئەمین ئەسعەدی, ٤٩٦, ٥١٦

عەبدولڕەحمان زەبیحی, ١٣٢

عەبدولڕەحمانی زەبیحی, ٤٢٨, ٤٢٩

عەبدوڵڵا ئەحمەد رەسوڵ پشدەری, ٧٣

عەلی بەگی شێرزاد, ٥١٧

عوسمان دانیش, ٣٨, ٣٩, ١٠١, ٤٣٠

عیزەت عەبدولعەزیز, ٦٥, ٢٢٠, ٢٢١, ٢٥٦, ٢٥٨, ٣١٦, ٣٢٩, ٣٣٠, ٣٩١, ٤٦٦, ٦٠٢, ٦٠٣, ٦٠٥, ٦٠٦, ٦١٣

عەبدوڵا خانی مەتین, ٥٠٥

عەبدوڵا خدر میرانی, ٦٠١

عەبدوڵای قازی, ٥١, ٧٤, ٧٧, ٨٩, ٩٤, ٩٧, ١٢٢, ١٢٦, ١٣١, ٢٠٦, ٣٤٧, ٣٧٤, ٣٧٩, ٣٨٠, ٤٠٤, ٤١٩, ٤٢٥, ٤٢٨, ٤٣٢, ٤٣٨, ٥٢٥, ٥٢٦, ٥٢٧, ٥٢٩, ٥٣٦, ٥٦٧, ٥٦٩, ٥٧٥, ٥٧٨, ٥٨٥, ٦٠٨, ٦٠٩, ٦٢٠, ٦٢٨

عەبدوڵڵا سەمەدی, ٤١

عەبدوڵڵا ئیلخانیزادە, ٢٩١

عەبدوڵڵای موجتەهێدی, ١٦٤

عەلی جەوانمەردی, ٣٩٦, ٤٣٧, ٤٩٥, ٤٩٦, ٤٩٧, ٥٠٣

عەلی خانی فاتیحی, ٤٩٩

عەلی قازی, ٢٥, ٤٥٢, ٥٣٦, ٥٧٦

عەلی مرادی مراغەیی, ٧٣, ٣١٩, ٣٧٠, ٤٧٣, ٥٣٣, ٥٣٤, ٦٤٣

عەلی مرادی مەراغەیی, ٤٩, ١١٨, ١٢٢, ١٢٧, ٢٢٨, ٣٦٧, ٣٧٣, ٤٦١, ٤٦٣, ٤٦٤

عەلیخانی نەوزەری, ٢٣٧

عەوڵای بایزئاغا, ٥٦, ٣٣٦, ٤٣٢

عەوڵای مینە خاڵندی, ٦٠٢




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

غەنی بلوریان, ٧٣, ٣٦٢, ٣٧٣, ٤٠٧, ٤١١, ٦٤٣

غەنی خوسرەوی, ٥٣, ٨٨

***قازی***, ٢

قازی کەریم, ٩٠, ٩٥, ٤٣٢, ٥٣٦, ٥٧٨

قازی محەممەد, ١٠, ٣٥, ٤٥, ٧٠, ٧٣, ٩٨, ١٢٤, ١٣٥, ١٥٣, ١٥٤, ١٧٥, ٢٢٩, ٢٣٠, ٢٥٠, ٢٧٤, ٢٧٨, ٢٨٨, ٢٨٩, ٢٩٠, ٢٩١, ٢٩٢, ٢٩٥, ٣٢٥, ٣٣٣, ٣٣٩, ٣٤٠, ٣٤١, ٣٤٢, ٣٤٩, ٣٨٨, ٤٠٣, ٤١٥, ٤٢٢, ٤٢٤, ٤٣٢, ٤٣٦, ٤٨٣, ٤٨٨, ٥٢٧, ٥٢٩, ٥٣٩, ٥٤٠, ٥٤٧, ٥٤٩, ٥٥٥, ٥٥٩, ٥٨١, ٥٨٢, ٥٨٤, ٥٨٧, ٥٨٨, ٥٩٠, ٥٩٣, ٦٠٦

قازی محەممەد, ١١, ٢٥, ٢٧, ٢٨, ٢٩, ٣٣, ٣٤, ٣٨, ٥٤, ٦٠, ٦١, ٧٨, ٧٩, ٨٠, ٨١, ٨٣, ٨٤, ٨٥, ٩١, ١١٦, ١٢٣, ١٤٣, ١٥٥, ١٦٤, ١٧٦, ١٨٢, ١٨٣, ٢٠٥, ٢٠٩, ٢١٠, ٢٢٦, ٢٢٩, ٢٣٠, ٢٣٩, ٢٤٨, ٢٤٩, ٢٥٢, ٢٥٣, ٢٥٦, ٢٦٣, ٢٦٤, ٢٦٩, ٢٧٤, ٢٧٥, ٢٧٩, ٢٩٠, ٢٩١, ٢٩٥, ٢٩٧, ٣٠٥, ٣٠٦, ٣٠٧, ٣٠٨, ٣٠٩, ٣١٠, ٣١١, ٣١٢, ٣١٣, ٣١٤, ٣١٥, ٣٢١, ٣٢٧, ٣٣٧, ٣٥٤, ٣٥٥, ٣٥٦, ٣٥٧, ٣٥٨, ٣٧٣, ٣٨٣, ٣٨٥, ٣٨٨, ٣٩٠, ٣٩١, ٣٩٨, ٤٠٥, ٤١٠, ٤١٥, ٤٢٧, ٤٣٠, ٤٣٥, ٤٣٧, ٤٣٨, ٤٣٩, ٤٤٠, ٤٤١, ٤٥٤, ٤٥٥, ٤٥٦, ٤٥٧, ٤٦١, ٤٧٤, ٤٧٦, ٤٧٧, ٤٨٣, ٤٨٤, ٤٨٥, ٤٨٦, ٤٨٧, ٤٨٨, ٤٩١, ٤٩٢, ٤٩٤, ٤٩٦, ٤٩٧, ٤٩٨, ٤٩٩, ٥٠٠, ٥٠٦, ٥١٣, ٥٢٢, ٥٢٧, ٥٣١, ٥٣٣, ٥٣٤, ٥٤٠, ٥٤١, ٥٤٢, ٥٤٣, ٥٤٥, ٥٤٦, ٥٤٧, ٥٥١, ٥٥٦, ٥٥٩, ٥٦١, ٥٦٤, ٥٦٥, ٥٧١, ٥٧٦, ٥٨٠, ٥٨٥, ٥٨٦, ٥٨٩, ٥٩٢, ٥٩٧, ٥٩٨, ٥٩٩, ٦٠٠, ٦٠١, ٦٠٣, ٦٠٩, ٦١٧

قاسمی قادری, ١٣١, ١٣٢, ١٣٣, ٤٢٨, ٤٢٩

قەوام, ١٠٤, ١٠٥, ١٠٦, ١٠٧, ١٠٨, ١٠٩, ١١٠, ١١٣, ١١٤, ١١٧, ١١٨, ١١٩, ١٢٠, ١٢٧, ٢١٦, ٢١٧, ٢١٨, ٢٢٤, ٢٢٨, ٢٢٩, ٢٤٠, ٢٧٤, ٢٧٥, ٢٨١, ٢٨٢, ٢٨٣, ٢٨٧, ٢٨٨, ٢٨٩, ٢٩٠, ٢٩٦, ٣١٨, ٣١٩, ٣٢٠, ٣٢٢, ٣٤٠, ٣٤٤, ٣٥٠, ٣٥٩, ٣٦٠, ٣٦٢, ٣٦٥, ٣٦٨, ٣٧٠, ٣٧١, ٣٧٢, ٣٧٦, ٣٧٨, ٥٦٩

قوتابخانەی گەلاوێژ, ١٣, ٣٩

کەریمی حیسامی, ١٥٠, ٣٨٨, ٤٥٨

کۆمار, ١٠, ٢٥, ٢٦, ٤٤, ٥٧, ٥٨, ٨٧, ٩٦, ٩٨, ١٢٣, ١٣٩, ١٤٠, ١٥٦, ١٥٧, ١٦٣, ١٩٨, ١٩٩, ٢٠٠, ٢١٠, ٢١٣, ٢١٨, ٢٢٠, ٢٥٥, ٢٥٧, ٢٦٣, ٢٦٥, ٢٦٦, ٢٧٨, ٢٨٠, ٢٨٧, ٢٩٠, ٢٩٥, ٣٠٠, ٣٢١, ٣٢٩, ٣٣٠, ٣٣١, ٣٣٥, ٣٣٦, ٣٤١, ٣٤٢, ٣٤٤, ٣٤٦, ٣٤٧, ٣٥٢, ٣٨٣, ٣٨٥, ٣٨٧, ٣٨٩, ٣٩١, ٣٩٩, ٤٠٢, ٤٠٤, ٤٠٥, ٤٠٦, ٤٠٧, ٤٠٨, ٤١١, ٤١٧, ٤٢١, ٤٢٢, ٤٢٥, ٤٢٧, ٤٢٩, ٤٣٢, ٤٣٩, ٤٤١, ٤٥٠, ٤٦٥, ٤٨٠, ٤٨٢, ٤٨٤, ٤٨٥, ٤٨٩, ٤٩٤, ٥١٩, ٥٣٠, ٥٣١, ٥٣٢, ٥٤٣, ٥٧١, ٥٧٥, ٥٨٠, ٥٨٢, ٥٨٨, ٥٨٩, ٥٩١, ٥٩٥, ٦٠٦, ٦١١, ٦١٢, ٦١٩, ٦٢٠

کیومەرسی سالح, ٤٩٤, ٥٣٩

مام ئەحمەدی ئیلاهی, ٧٨

مامۆستا قانع, ١٣, ١٠٣, ٢٧١

مامۆستا مەلا حوسین مەجدی, ١٣٥

مامۆستا هەژار, ١١, ١٣, ٤٧, ٦٩, ١٣٢, ١٦١, ١٧٩, ٢٠١, ٢١٩, ٢٢٣, ٢٦٠, ٢٦٤, ٢٧٢, ٣٣١, ٣٣٣, ٣٩٩, ٤٢٨, ٤٢٩, ٤٣٠, ٤٥٣, ٤٥٨

مامۆستا هێدی, ١٥, ٧٠, ١١٧, ١٢٥, ١٤٣, ١٤٤, ١٤٥, ١٦١, ١٦٣, ٢٦٥, ٤١١, ٤١٩, ٤٧١, ٥٣٠, ٥٦٢, ٥٩٢, ٦٣٩

محەممەد خێرۆڵلا عەبدولکەریم, ٦٠٢

محەممەد مەحموود قودسی, ٣٣٠, ٦٠٢, ٦٠٥, ٦٠٦

محەممەد نانەوازادە, ٦٥, ٢٦٥, ٢٦٨

محەممەد ئەمینی شەڕەفی, ٦٥

محەمەد مەحموودی, ٥٣

محەممە ئەمینی مەنگوڕی, ٨١

محەممەد نووری, ٤١١, ٤١٢, ٤١٣, ٤١٤, ٤٢٨, ٤٥١, ٥٢٢

محەممەد ئەمین مەنگوڕی, ٤٤٠, ٤٥٤, ٥١٧, ٥١٨

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی, ١٤, ٢٦, ٢٨, ٣٨, ٥٣, ٥٩, ٦١, ٦٤, ٦٩, ٧٢, ٧٩, ٨٣, ٨٥, ٩٠, ٩١, ٩٢, ١٠١, ١٢٠, ١٢٧, ١٩٦, ٢٠١, ٢٠٢, ٢٠٩, ٢٢٥, ٢٤٠, ٢٤١, ٢٤٥, ٢٤٦, ٢٤٧, ٢٤٨, ٢٥٢, ٢٦٣, ٢٦٩, ٢٧٧, ٢٩٦, ٢٩٧, ٢٩٨, ٢٩٩, ٣٠١, ٣٠٢, ٣٠٣, ٣٠٤, ٣٠٥, ٣٠٧, ٣٠٨, ٣١٢, ٣١٣, ٣١٤, ٣٥٤, ٣٥٦, ٣٨٣, ٣٩١, ٣٩٥, ٣٩٦, ٣٩٧, ٣٩٨, ٤٠٠, ٤١٠, ٤٢٥, ٤٣٠, ٤٣٧, ٤٤٠, ٤٥٥, ٤٥٦, ٤٥٧, ٤٨٦, ٤٨٩, ٤٩١, ٤٩٤, ٥١٢, ٥٢٣, ٥٢٦, ٥٨٩, ٥٩٧, ٥٩٩, ٦٠٣, ٦٠٧, ٦٠٨, ٦١٨, ٦٢٥, ٦٣٣, ٦٣٦

محەممەدبەگی بابەخان, ٥١٤

محەممەدی نازمی, ٥٩٩

محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی, ٥٤

محەمەد مەحموود, ٢٥٥

مزەفەر فیروز, ١٨٢, ٢٢٧, ٢٣٤

مستەفا خۆشنا, ٢٤٩

مستەفا خۆشناو, ٢٤٠, ٢٥٤, ٢٥٨, ٣٠٠, ٣٣٠, ٤٢٢, ٦٠٣

منیرخانم, ٩, ٤٢٠, ٤٣٢, ٤٣٧, ٤٣٩, ٤٤٩, ٤٥١, ٤٧٧, ٥٦٦, ٥٧٦, ٥٨٥, ٥٩٥




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەلای داودی, ١٢
مۆلۆتۆڤ, ١٠٥, ١٠٦, ١٠٧, ١٠٨, ١٠٩, ١٢٠, ٢٢٨, ٣٨٠
میر جەعفەر باقرۆڤ, ٢١٦, ٢٢٨
میرحاج, ٦٠, ٦٢, ٦٩, ١٩٥, ١٩٦, ١٩٧, ١٩٨, ٢٠٢, ٢١٣, ٢٤٠, ٢٤١, ٢٤٧, ٢٤٩, ٢٥١, ٢٥٦, ٢٥٨, ٢٧٠, ٢٧٦, ٢٧٧, ٢٩٨, ٣٠٠, ٣٠٨, ٣١٣, ٣٢٩, ٣٣٠, ٣٣٢, ٤١٦, ٤٥٨, ٤٦٥, ٤٦٦, ٦١٣, ٦٣٧, ٦٤٠, ٦٤٢
مەحموودئاغا, ٢٠٢, ٢٠٣, ٢٠٤, ٢٠٥, ٢٠٦, ٤١٣
مەسعود بارزانی, ٢٤٥, ٣٣١, ٤٧٠, ٥٧١
مەلا خەلیل, ٣٣٥, ٣٣٦, ٤٩٢, ٥٢٣, ٥٢٥, ٥٢٦, ٥٣٣, ٥٥٠
مەلا سەدیق سەدیقی, ٥٣٦
مەلا محەممەد ماوەڕانی, ٥٣٦
مەلاخەلیل, ٥٢٥, ٥٢٦, ٥٣١, ٥٣٦, ٥٥٠
مەمیخان, ٤١٩, ٥٦٧
نەشیروان مستەفا, ١٣
نەوشیروان مستەفا, ٤٨, ١٤٩, ٢٤٣, ٣٢٩
نوسرەتولّای جەهانشاهلو, ١٨٢
نیشتمان, ١٢, ١٤, ٤٨, ١٣٦, ٢٥٥, ٢٧٠, ٢٧٢, ٣١٦, ٣١٧, ٣٢٢, ٥٣٢, ٥٥٠, ٥٥٨, ٥٧٩, ٦٠٧
نەوشیروان مستەفا, ١٥, ١٤٩, ٢٢٩, ٢٣٠, ٢٣٢, ٢٣٣, ٢٨٩, ٢٩٠
هاواری نیشتمان, ٢٣
هێمن, ١١, ٢٠, ٤٠, ٤٣, ٨٤, ١٢٤, ١٣٦, ١٤٢, ١٤٣, ١٦٧, ٢٢٣, ٢٥٥, ٣٤٣, ٣٧٢, ٣٨٤, ٣٨٧, ٣٨٩, ٣٩٣, ٤٠٥, ٤٠٧, ٤١١, ٥٢٥, ٥٤٣, ٥٨٣, ٥٨٤, ٥٩٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# General history of Democratic Party Kurdistan

## Golden age of Nationalism

## Volume 2

**By: Ghasem Ghazi**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org